زنجیرەکتێبی والینامە

(1)

# ئینگلیزینامەی والی

**نزیکەی 2100 بەیتەشیعر بۆ فێربونی ئینگلیزی بە ئاسانترین شێواز**

**لەگەڵ زیاتر لە 4940 رونکردنەوەو رستە بە ئینگلیزی و کوردی**

سەدان کورتەزانیاریی تەندروستی و سەیروسەمەرەی جۆراوجۆرو وتەی ناوداران بەهەردوو زمانەکە لەپاڵ یەکدا، قوڕی فێربونەکەی ئەوەندەی تر خەستکردووەتەوە!

## چاپی PDFی 219هەم

چاپی فریی تایبەت بە مانگی پیرۆزیی رەمەزان

والی عەلی

هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ نوسەر



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

# پێشەکی

مادام چاوی شەریفت خستووەتە سەر ئەم کتێبەو دەیخوێنیتەوە، کەواتە ڕەنگە عاشقێکی زمانی ئینگلیزی یان لانیکەم فێرخوازێکی ئەو زمانە نێودەوڵەتییە بیت. ئینگلیزی لەم سەردەمەی ئەمڕۆماندا وەك ئاوو کارەباو عەنتەرنێتی لێهاتووەو زۆر پێویستە بەتایبەت بۆ کەسانی ڕۆشنبیرو خوێندەوار بەگشتی. بەڵام سەرباری ئەو زەرورەتە، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەس هەن کە ئەم زمانە نازانن، ئەمەش بە بۆچونی بەندەی موخلیست، بۆشاییەکی زەبەلاحە لەو کەسەدا لەڕووی زانیارییەوەو پێویستە هەرچی زووە پڕبکرێتەوە، ئەگینا لەکاروانی پێشکەوتن دوادەکەوێت و ناشبێت بە کارزان!. نوسینی ئەم کتێبە، ناسکەهەوڵێکی بەندەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی خەڵك.

وشەسازی یان وشەکاری کە بە ئینگلیزییەکەی خۆمان، ڤۆکابیولەری پێدەووترێت، بە دڵ و بڕبڕەی پشت، کورە تەنانەت بە جگەرو گون و گورچیلەی جەستەی فێربونی ئینگلیزی دادەنرێت، لەبەرئەوە، بەندە لەم کتێبەدا، عەیب نەبێ زیاتر چاوم خستووەتە سەر ئەو بەشەی جەستەی زمانی ئینگلیزی!

مەعلومە لای جەنابت کە شیعر بە بەراورد بە هەر جۆرێکی تری بەشەکانی ئەدەب، ئاسانترو خێراتر لەبەردەکرێت و دەچەقێتە مێشکەوە، هەر بۆیە لەم کتێبە فێرکارییەدا پەنام بردە بەر ئەو جۆرە.

ئەم کتێبە پێکهاتووە لەنزیکەی 3000 بەیتەشیعری سەربەخۆ، واتە هەر بەیتەو سەربەخۆیەو جیایە لەبەیتەکەی پێش و پاش خۆی. هەر بەیتەشیعرێك وشەیەك تا شەش وشەی ئینگلیزی و ماناکانی ئەو وشانە لەخۆدەگرێت. بە واتەیەکی تر، خوێنەری جددی، لەڕێگەی تەنها یەك بەیتەشیعری ئەم کتێبەوە، بە ئاسانترین شێوەو کورتترین ڕێگا، مانای وشەیەك تا شەش وشە، فێردەبێت. بەگشتی وشەکانی ناو هەر بەیتەشیعرێك یان هەر نیوەبەیتێك، پەیوەندییەکی مانایی یان پێکهاتەیی یان دەنگی، پێکەوەیان دەبەستێتەوە بەشێوەیەك کە بەئاسانی لەیادگادا دەچەسپێن. لەڕووی کێش و سەرواشەوە، هەوڵمداوە ئەوەندەی بتوانم کێشیان یەکسان بێت و سەرواشیان چونیەك بێت. لەپێناو پاراستنی کێشی شیعرەکانیش، هەندێك جار ناچاربوم هەندێك وشە لەبری هەندێکی تر بەکاربهێنم بەبێ ئەوەی ماناکەی ون ببێت، ئەمەش لەهۆنراوەدا حاڵەتێکی ئاساییەو پێیدەووترێت زەروراتی شیعر. بۆ نمونە ڕەنگە ببینیت هەندێجار لەبری "هەروەها" نوسیبێتم "هەروەك" یان "هەروا". ئەمەم لەپەراوێزی هەمان بەیتیشدا ڕونکردووەتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وێڕای بەیتەشیعرەکان، زیاتر لە 4940 ئاسکەپەراوێز، قوڕی فێربونەکەی ئەوەندەی تر خەستکردووەتەوە. لەپەراوێزدا بۆ هەر وشەیەك رستەنمونەیەك یان زیاترم بۆ هێناوەتەوە. ئەگەر پێویستی بە رونکردنەوەی زیاتریش بوبێت، ئەویشم کردووە.

رستەو نمونەکانیش سەدان کورتەزانیاریی سەرنجڕاکێشی جۆراوجۆرو قسەی زلی ناودارانی تێدایە، بۆ ئەوەی پیاو، (هەروەها ژنیش!) وێڕای فێربونی زمانەکە، هەمانەی مەعریفەوانیشی پڕبکات و لەو رووانەشەوە هەتا هێزی تیایە پاڵێك بنێت بەخۆیەوە، (تەبعەن بۆ پێشەوە)!

چۆنیەتی خوێندنەوەی وشەکانی سەرجەم بەیتەشیعرەکانیشم بە کوردی نوسیوە. لەبەشەکانی سەرەتای کتێبەکەدا چۆنیەتی خوێندنەوەکەم لەپەراوێزدا نوسیوە، بەڵام لەبەشەکانی دواتردا هەر لەپاڵ خودی وشەکە نوسیومە.

جاری وا هەیە دەبینیت لەبەیتەشیعرێکدا نوسیومە "بە ناوو فەرمان"، لەو حاڵەتەدا مەبەستم ئەوەیە کە ئەو وشەیە هەم وەك ناو دێت، هەم وەك فەرمان، واتە ئەو وشەیە بەدوولا مەست و حەیرانە!

سەبارەت بە پیتی r ی پاش دەنگی بزوێنیش، لەئینگلیزیی بریتانی، بەپێچەوانەی ئەمەریکییەوە، یان هەر نایخوێننەوە یان ئەوەندە بە کاڵی ئەیخوێننەوە، نەیخوێننەوە باشترە!!، بۆیە من بەگشتی ئەو rانەم لەکاتی نوسینی چۆنیەتی گۆکردن (تلفظ)ی وشەکان بە پیتی کوردی، نەنوسیوە یان خستومەتە نێوان دوو کۆتەوە.

سەبارەت بە دەنگە بزوێنەکانیش، هەر دەنگێك درێژ بوبێت، لەپەراوێزدا لەکاتی نوسینی دەنگەکە بە پیتی کوردی، زۆرجار ئەو پیتەم بە دەبڵ نوسیوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە درێژە نەك کورت (تەبعەن بیلامانێ!). بۆ نمونە بۆ seat نوسیومە سییت نەك سیت.

جاری واش هەیە هەر لەبەیتەشیعرەکەدا ئاماژەم بەوە داوە کە ئەو وشەیە ئاوەڵناوە یان ناوە یان هتد... چونکە زۆرجار تەنها لەڕێگەی زانینی ماناوە نازانرێت ئەو وشەیە ناوە یان ئاوەڵناو، یان کارو ئاوەڵکارو هتد...

جارجارەش دەبینیت لەبەیتەشیعرێکدا نوسراوە "تاك نا کۆ"، لەو حاڵەتەدا مەخسەوی شەریفم ئەوەیە کە ئەو وشەیە تاك نیە، بەڵکو کۆیە. جاری واش هەیە وشەیەك لەبەیتەشیعرێکدا دەبینێت مانایەك نوسراوە، دواتر دەبینیت لەبەیتەشیعرێکی تردا فلێق هەمان وشە قوتبۆتەوەو مانایەکی تری لەگەڵدایە. لەو حاڵەتەدا نەچی بچی وابزانی ئەوە هەڵەیە!. چونکە هەڵە نیە، بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئەو وشەیە چەند مانایەکی جیاوازی هەیە بەڵام لەتەنها لەبەیتێکدا هەموو ماناکانی نەنوسراوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

بۆ دڵنیابونی زیاتر لەمانای هەر وشەیەکیش، پشتم بە زیاتر لەیەك کەڵەسەرچاوە بەستووەو هەر لە دوو توێی کتێبەکەشدا ناوی گرنگترین ئەو سەرچاوانەم نوسیوە کە پشتم پێبەستون. سەربارى هەموو ئەمانەش کەسیش بێ هەڵەو کەموکورتی نیە، بۆیە خوا بەو رۆژێ نەکاو گوێی شەیتان کەڕ بێ و چاویشی کوێر بێ و هەر چوار پەلیشی بشکێ، ئەگەر هەڵەیەکی نائەنقەستت بینی، نەچی بچی بیکەی بەهۆسە، چونکە ئەوە هەر لەئێستاوە داوای لێبوردن دەکەم و ئەگەر لەهەڵەکەش ئاگادارم بکەیتەوە، کۆڵێ مەمنونم!

ماوەتەوە بێژم، هیوادارم ئەم کتێبە جێگای رەزامەندیی خودا، پاشان زۆربەی خوێنەران بێت. ئەڵێم زۆربە نەك هەموو، چونکە بێگومان رەزامەندیی هەموان، ئاواتێکە هەرگیز نایەتە دی.

والی عەلی

2025-2-24

07701393984



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

# چکەو کورتکراوە

| پیت و وشەو دەستەواژە | ماناو مەبەست |
|---|---|
| بەندەی موخلّیست | من |
| بەندەی موخلّیستان | من |
| ع | عەرەبی |
| موخسەوی شەریفم | مەبەستم |
| موراديف | هاوماناا |
| نەچی بچی | مەیکە، ئەنجامی مەدە |



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1 وشەی **tyranny** (تیرەنی) مانای زۆرداری[1]

**like** (لایك) حەزدەكا لە[2]، **love** (لەڤ)یش دڵداری[3]

.2 **mud** (مەد)و **clay** (كلەی) قوڕ[4]، **dust** (دەست)یش تەپوتۆز[5]

**pride** (پرایِد) پۆز[6]، **proud** (پراود) واتە ئەبوپۆز[7]

---

[1] I met some of the people who survived war and escaped tyranny.

هەندێك لەو كەسانەم بینی كە لەجەنگ رزگاریان بوو و لەدەست زۆرداری هەڵهاتن.

[2] بەڵام لای برادەرانی ئەمەریكا بە لایك دەخوێنرێتەوە.

I like all books of Walinama's book series.

من حەزم لەهەموو كتێبەكانی زنجیرەكتێبی والینامەیە.

[3] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا تۆزێك "l"ەكە بەقوڵی گۆدەكەن واتە وەك "ڵ"ی خۆمان بەڵام تۆزێك كاڵتر.

بێگومان ئەم وشەیە سەرباری ئەوەی بەمانای خۆشەویستی دێت، بەمانای دڵداریش دێت.

You could see her love for him in her eyes.

دەتوانیت عەشقی ئەو كچە بۆ ئەو كوڕە لەچاوەكانیدا ببینیت.

[4] The police found some footprints in the mud.

پۆلیس چەند جێپێیەكی لەناو قوڕەكەدا دۆزییەوە.

Actually red clay was used to build it.

لەڕاستیدا قوڕی سور بۆ دروستكردنی بەكارهێنرابوو.

[5] The shelves were covered in a thick layer of dust.

رەفەكان بە توێژێكی ئەستور لەتەپوتۆز داپۆشرابوون.

[6] پۆز=فیز. ئەم وشەیە بەمانای شانازیش دێت.

Pride is a bad behavior.

پۆزو فیز رەفتارێكی خراپە.

[7] ئەبوشوارب واتە كەسێك كە شوارب "سمێڵی هەبێت"، كەواتە كە نوسیومە ئەبوپۆز مەبەستم لەكەسێكە كە پۆزی هەبێت واتە پۆز لێبدات وەك كریستیانۆ رۆناڵدۆ!. ئەم وشەیە بەمانای شانازیكەریش دێت.

She is so proud of her appearance.

ئەو زۆر پۆز بە روخسارییەوە لێدەدات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

3. chicken (چیكین) مریشكه[8]، cock (كۆك) كەڵەشێره[9]

starving (ستاڤینن) زۆر برسی[10]، replete (ریپلییت)یش تێره[11]

4. shorty (شۆۆتی) كەسێكه كورتەباڵایه[12]

palm (پاام) هەم لەپی دەست، هەم دارخورمایه[13]

5. shirt[14] (شێێت) واته كراس pocket[15] (پۆكیت) گیرفانه

July[16] (جولای) تەموزه، April[17] (ئەیپرل) نیسانه

---

8 Three little girls chase a chicken.

سێ كچی بچوك مریشكێك راودەنێن.

9 A cock crowed in the distance.

كەڵەشێرێك لەدورەوه قوقاندی.

10 ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی زیندەوەرێك بەكاردێت كه زۆر برسی بێت. واته هاومانای very hungryه.

I'm starving.

من زۆرم برسییه.

11 I’m replete.

من تێرم .

12 ناوه نەك ئاوەڵناو

That coat reaches your ankles, shorty!

ئەو چاكەته دەگاته قولەپێت، هەی كورتەباڵا. لای خۆمان بۆ گاڵتەپێكردن دەووترێت كورتەبنه یان غازی پیكنیك!!!!

13 In a tent an old gypsy woman was reading palms.

لەخێمەیەكدا ژنێكی بەتەمەنی قەرەج لەپی دەستی دەخوێندەوه.

The island has long golden beaches fringed by palms.

دورگەكه چەندین كەناراوی درێژی زێرینی هەیه كه به دارخورما دەوره دراون.

14 Alan was wearing a jacket with a red shirt underneath.

ئالان چاكەتێكی لەبەردەكرد، لەگەڵ كراسێكی سور لەژێرەوه.

15 He was asked to empty his pockets.

داوای لێكرا گیرفانەكانی خاڵی بكات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێره بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

6. cry[18] (کرای) واتە دەگری، chortle[19] (چۆۆتڵ) پێکەنین

dislike[20] (دیسلایك)و hatred[21] (هەیترید) مانای رق و قین

7. grease (گرییس) گریسە[22]، Greece (گرییس) یۆنانە[23]

هاوخوێندنەوەشن بەخوا ئەو دوانە[24]

---

16 پێویستە هەمیشە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت چونکە ناوی مانگە.

Birthday of the most Kurdish people is first of July.

ڕۆژی لەدایکبونی زۆربەی گەلی کورد یەکی تەموزە.

17 His son will be forty next April.

مانگی نیسانی داهاتوو کوڕەکەی دەبێتە چل ساڵ.

18 My baby brother cries all the time.

برا بچوکەکەم هەمووکاتێك دەگری.

19 I thought I heard a chortle at the back of the room.

وابزانم پێکەنینێکم گوێم لەپێکەنینێك بوو لەپشتی ژورەکە.

20 My religious friend has a strong dislike of communism.

هاوڕێ دیندارەکەم رقێکی زۆری لەکۆمۆنیزمە.

21 قین= رقێکی زۆرتر لە dislike.

He has an intense hatred of all women.

ئەو رقێکی زۆر زۆری بەرامبەر هەموو ژنێك هەیە.

22 بۆ نمونە گریسی ئۆتۆمبێل

You have to put some grease on those ball bearings.

پێویستە هەندێك گریس بکەیت بەو بۆڵبرینانەدا.

23 In Ancient Greece, the normal size of a jury was about 500 people.

لە یۆنانی دێریندا، ژمارەی ئاسایی ئەندامانی دەستەی سوێندخۆرانی دادگا نزیکەی پێنج سەد کەس بووە.

24 هاودین واتە یەك دینیان هەیە، کەواتە کاتێك نوسیومە هاوخوێندنەوە مەبەستم ئەوەیە کە ئەو دوو وشەیە هەرچەندە سپێڵ و مانایان جیایە بەڵام یەك خوێندنەوەیان هەیە کە ئەویش "گرییس"ە. بۆیەش سوێندم خواردووە چونکە هی وا هەیە کاتێك دەڵێت Greece لەئینگلیزیدا بە گرییس دەخوێنرێتەوە بڕواناکات و دەڵێت بە گریك دەخوێنرێتەوە!.

بێگومان وشەی Greece لەهەر شوێنێکی ڕستەدا بێت پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتڵ بنوسرێت چونکە ناوی وڵاتە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.8 wine (واین) واتە شەراب[25]، vinegar (ڤینیگە) سرکە[26]

dirty (دێیتی) واتە پیس، بەبێ y چڵکە[27]

.9 rain (رەین) دەبارێ[28]، flood (فلەد) لافاوە[29]

ruined house (رویند هاوس) مانای خانوی روخاوە[30]

.10 grave[31] (گرەیڤ) گۆڕو سەخت، coffin (کۆفین) تابوتە[32]

---

[25] شەراب= خواردنەوەیەك كە سەرخۆشكەر بێت نەك چاو قاوەو شەربەت.

Germany is the 8th largest producer of wine.

ئەڵمانیا هەشتەم گەورەترین بەرهەمهێنەری شەرابە لەجیهاندا.

[26] Would you like oil and vinegar on your salad?

حەزدەكەی زەڵاتەكەت رۆن و سركەی لەسەر بێت؟

[27] واتە ئەگەر ئەم وشەیە yەكەی لێبكەیتەوە، دەبێت بە dirt كە بەمانای چڵك دێت.

The water was dirty and unsafe to drink.

ئاوەكە پیس و ناسەلامەت بوو بۆ خواردنەوە.

His face and hands were black with dirt.

دەموچاوو دەستەكانی، لەچڵكدا رەش ببون.

[28] لێرەدا مەبەستم لەوشەی "دەبارێ"، "باران دەبارێ"یە.

I think it's starting to rain.

پێموایە دەستیكرد بە بارین.

[29] After the flood it took weeks for the water level to go down.

پاش لافاوەكە چەند هەفتەیەكی ویست تا ئاستی ئاوەكە دابەزی.

[30] I took a selfie with my ruined house.

سێڵفییەكم لەگەڵ خانووە روخاوەكەمدا گرت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

naked[33] (نەیکت) کەسێکە بێجل و روتە

.[11] وشەی side[34] (سایدی) لایە، لەگەڵ لاوەکی

inner[35] (ئینە) ناواخن، foreign[36] (فۆرەن) دەرەکی

---

[31] واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای گۆڕو وەك ئاوەڵناو بەمانای سەخت دێت.

If you die homeless or with no money in New York City, you are buried by prisoners on Hart Island in a mass grave: up to 1000 per grave for children and 50 for adults.

ئەگەر لەشاری نیۆرك کەسێکی بێماڵ و حاڵ یان کەسێکی بێپارە بمرێت، ئەوا تەرمەکەی لەلایەن زیندانییانەوە لەگۆڕێکی بەکۆمەڵ لەدورگەی هارت بەخاك دەسپێردرێت .هەر گۆڕێك لەوانە نزیکەی هەزار منداڵ یان 50 گەورەساڵی تێدا دەنێژرێت.

After the referendum we will pass through a grave situation.

پاش ریفراندۆمەکە، ئێمە بەناو دۆخێکی سەختدا دەڕۆین.

[32] John Lennon sometimes liked to sleep in an old coffin.

جۆن لینۆن هەندێك جار حەزی کردووە لەناو تابوتی کۆندا بخەوێت.

The coffin found in Tutankhamen's tomb contained around 1.5 tonnes (3307 pounds) of Gold.

ئەو تابوتەی لەگۆڕی توت عەنخ ئامون دۆزرایەوە کە یەکێکە لەدیاترین فیرعەونەکانی میسر لەمێژودا، نزیکەی هەزارو پێنج سەد کیلۆگرام ئاڵتونی تێدا بوو.

[33] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە هیچی لەبەردا نەبێت: رووت

80% of all pictures on the internet are of naked women.

لەسەدا 80ی هەموو وێنەکانی سەر ئینتەرنێت، وێنەی ئافرەتی رووتن.

Beware of the naked man who offers you clothes!
African Proverb

پەندێکی ئەفەریقی هەیە ئەفەرمێ: لەو پیاوە روتە بترسە کە جلەکانی خۆیت پێشکەشدەکات!

[34] Right-handed people chew most of their food on the right side of their mouth, whereas left-handed people do so on the left.

راستلەرەکان زۆربەی خواردنەکان لەلای راستی دەمیان دەجون و چەپلەرەکانیش لەلای چەپ.

Please come in from the side door.

تکایە لەدەرگا لاوەکییەکەوە وەرە ژورەوە.

[35] ناواخن وەك ئاوەڵناو نەك ناو

I like shoes with the fleecy inner.

من حەزم لەپێڵاوی ناواخن خورییە. واتە ئەوانەی دیوی ناوەوەیان خورییە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

12. learn[37] (لێێن) فێردەبێ، learnt[38] مانای فێربوو

ran[39] (ران) واتە رایکرد، passed (پاسڵ) تێپەڕبوو[40]

13. swallow (سوۆڵەو) قوتدەدا، هەم پەڕەسێلکە[41]

hen[42] (هێن) یەعنی مریشك، egg (ئێگ) واتە هێلکە[43]

---

[36] I don't like foreign objects.

حەزم لەشتی دەرەکی نیە.

[37] We cannot learn without experiencing pain.

بەبێ ئەزمونکردنی ئازارو ژان، ناتوانین فێربین.

[38] لێێنت. دارِشتەی رابردووی هەمان وشەیە. هەروەها learnedیش پێدەووترێت.

I learned English via Walinama's book series.

من لەرێگەی زنجیرەکتێبی والینامەوە فێری ئینگلیزی بووم.

[39] رابردووە. فەرمانێکی رانەبردووەکەی runە.

He ran very fast.

ئەو زۆر بەخێرایی رایکرد.

[40] فەرمانێکی رابردووەو ئەسڵەکەی passە کە بەمانای تێپەڕدەبێت، دێت.

She passed me this morning in the corridor.

ئەم بەیانییە ئەو لەڕاڕەوەکەدا بەلامدا تێپەڕبوو.

[41] وەك کار بەمانای "قوتدەدا"و وەك ناو بەمانای "پەڕەسێلکە" دێت. قوتدەدا= قوتدەدات.

The snake swallowed the bird.

مارەکە باڵندەکەی قوتدا.

Swallowing a scorpion in a dream means letting an enemy inside one's house.

قوتدانی دوپشك لەخەودا مانای ئەوەیە ئەو کەسە رێدەدات دوژمن لەماڵەکەیدا بێت.

I saw a big swallow.

پەڕەسێلکەیەکی گەورەم بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.14 spit تفدەکا، هەروەها تفە[44]**

**foam کەفدەکات، ماناشی کەفە[45]**

**.15 sieve لەگەڵ riddle دەبێژن**

**بەوەی شتی پێ دەبێژن[46]**

---

[42] واتە هاومانای chickenە.

The fox caught the hen.

ڕێوییەکە مریشکەکەی گرت.

[43] There is a .0005% chance that the egg you are eating could contain salmonella. If you are a regular consumer of eggs, you might encounter a contaminated egg once every 84 years.
لەهەموو دە هەزار هێلکەیەك کە فەخامەتی جەنابت دەیخۆیت، ئەگەری ئەوە هەیە پێنج دانەیان میکرۆبی سالمۆنیلای تێدا بێت کە دەبێتەهۆی ژەهراوییبونی خواردنەکە. بە واتەیەکی تر دەتوانین بێژین کە ئەگەر جەنابت هێلکەخۆرێکی بەبەرنامە بیت، ئەوا ڕەنگە هەموو 84 ساڵێك ڕووبەڕوی یەك هێلکەی پیسبوو بەو میکرۆبە ببیتەوە.
More than 14.8 billion eggs are produced in Iowa yearly. The next state to produce the next number of most eggs is Ohio at 7.9 billion eggs per year.
تەنها لەویلایەتی ئایەوەی ئەمەریکا، ساڵانە 14 ملیارو 800 ملیۆن هێلکە بەرهەمدەهێنرێت، بەمەش لەو ڕووەوە پلەی یەکەمی گرتووە، بەدوای ئەمیشدا ویلایەتی ئۆهایۆ دێت کە ساڵانە حەوت ملیارو 900 ملیۆن هێلکە بەرهەمدەهێنێت.
Teddy Roosevelt often ate a dozen eggs for breakfast.
تێدی ڕوزڤڵت کە یەکێك بووە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، زۆرجار تەنها لەنانی بەیانیدا نزیکەی 12 هێلکەی خواردووە.

[44] سپیت. واتە وەك ناوو فەرمانیش بەکاردەهێنرێت.

I don't like to see people spitting in public.

حەزناکەم خەڵك ببینم لەشوێنی گشتیدا تف بکەن.

Swollowing your spit isn't harmful.

قوتدانی تفی خۆت زیانبەخش نیە.

[45]فەوم. ئەمیش وەك هەمان وشەی پێشوو وەك ناوو فەرمانیش بەکاردێت.

The milk started to foam in the pot.

شیرەکە لەمەنجەڵەکەدا دەستیکرد بە کەفکردن.

The sea was covered in foam.

دەریاکە بە کەف داپۆشرابوو.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

16. **trousers (تراوزەس) پانتۆڵە[47]، belt (بێلْت)یش پشتێنە[48]**

**throw (ثرەو) فڕێدە[49]، give me (گیڤ میی) ها بێنە[50]**

17. **agreed رازییە، کەواتە کۆکە[51]**

**objector ناڕازی، واتە ناکۆکە[52]**

18. **needle (نییدڵ) دەرزییە[53]، thread (ثرێد) مانای دەزوو[54]**

---

46 سیڤ، ریدڵ. ئەم دوو وشەیە بەمانای هێڵەك و بێژنگ دێن. دووەمیان گەورەترە.

Pass the sauce through a sieve (riddle).

ساسەکە بکە بەناو هێڵەکەکەدا.

47 He unzipped his trousers.

ئەو پانتۆڵەکەی کردەوە.

48 He undid his belt.

ئەو پشتێنەکەی کردەوە.

49 Throw your old things.

شتە کۆنەکانت فڕێدە.

50 ها بێنە= بێنە، بمدەرێ

Give me your pen please.

تکایە قەڵەمەکەتم بدەرێ.

51 ئەگریید

Are you agreed?

ئایا رازیت؟

52 ئەبجێکتە"ر"

There are many objectors to the new law.

ژمارەیەکی زۆر کەسانی ناڕازی بۆ یاسا نوێکە هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**desire (دیزایە) حەزە، واتە ئارەزوو**[55]

[19]. **male (مەیڵ) نێر، female (فیمەیڵ) مێ، shemale (شیمەیڵ) نێرەموك**[56]

**beak (بییك)و bill (بیڵ)و nib (نیب) هەرسێکیان دەنوك**[57]

[20]. **busy سەرقاڵە**[58]**، carefree بێباك**[59]

---

53 بەمانای دەرزی درومان و دەرزی پزیشکیش دێت.

The doctor injected the vaccine with a needle.

دکتۆرەکە بە دەرزییەك ڤاکسینەکەی لێدا.

Please bring to me a needle and thread.

تکایە دەرزی و دەزوویەکم بۆ بێنە.

54 I'm looking for a needle and thread.

من بۆ دەرزی و دەزیەك دەگەڕێم.

55 There is a strong desire for peace among the people.

لەناو خەڵکدا حەزێکی زۆر بۆ ئاشتی هەیە.

56 مەبەستمان لەنێرەموك لێرەدا ژنێکە کە رەگەزی خۆی گۆڕیوە.

The Health Service needs more male nurses.

خزمەتگوزاریی تەندروستی پێویستی بە پەرستاری نێری زیاتر هەیە.

Is it male or female?

ئایا ئەوە نێرە یان مێیە.

I think she is shemale.

پێموایە ئەو نێرەموکە.

57 These birds have nice beaks.

ئەم باڵندانە دەنوکی جوانیان هەیە.

The rooster's bill is sharp.

دەنوکی کەڵەشێرەکە تیژە.

The nib of the bird isn't clean.

دەنوکی باڵندەکە پاك نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dangerous، risky هەردوکیان سامناك**[60]

.21 **kiss (کیس) ماچدەکا، هەروەها ماچە**[61]

**dig (دیگ) هەڵدەکەنێ**[62]**، mattock (ماتەك)یش پاچە**[63]

.22 **success (سەکسەس) سەرکەوتن، هەروەها دەرچون**[64]

---

[58] بیزی. سەرقاڵ= مەشغوڵ

My mother was busy in the kitchen.

دایکم لەچێشتخانەکە مەشغوڵ بوو.

[59] کێیەفری. بێباك بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە گوێ بەهیچ نەدات.

He was a carefree student.

ئەو خوێندکارێکی بێباك بوو.

[60] دەینجرەس، ریسکی. ئەم دوو وشەیە بەمانای سامناك واتە ترسناك دێن.

The men are armed and dangerous.

پیاوەکان چەکدارو ترسناك بوون.

Buying a secondhand car is a risky business.

کڕینی ئۆتۆمبێلی دەستی دوو بازرگانییەکی سامناکە.

[61] هەم وەك ناو دێت، هەم وەك فەرمان.

He kissed his wife publicly.

ئەو بەئاشکرا ژنەکەی ماچکرد.

Give your granny a kiss.

ماچێك بدە بە نەنکی خۆت.

[62] رابردووەکەی dug.

We dug a hole and planted the tree.

ئێمە چاڵێکمان هەڵکەندو دەرەختەکەمان رواند.

[63] The mattock was very heavy.

پاچەکە زۆر قورس بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[65]وادەی بەسەرچون **expire date**

23. **orphan (ئۆرفن)** هەتیوە، بێداك و بابە[66]

**sandwich (ساندویچ)** لەفەیە[67]، **kebab (کیباب)** کەبابە[68]

24. **message** پەیامە، هەروەها نامە[69]

**delicious**، **tasty** هەردوو بەتامە[70]

---

[64] واتە بەمانای سەرکەوتن بە گشتی و دەرچون بۆ نمونە دەرچون لەقوتابخانەو تاقیکردنەوەو هتد.... دێت.

She ascribes her success to hard work.

ئەو سەرکەوتنەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ کارکردنی سەخت.

Your success in the final exam made me very happy.

دەرچونت لەتاقیکردنەوەی کۆتایی، زۆر دڵخۆشی کردم.

[65]ئیکسپایە"ر" دەیت.

Please check the expire date of the drug.

تکایە سەیری وادەی بەسەرچونی دەرمانەکە بکە.

[66] Zarya was an orphan, adopted at nine months.

زەریا هەتیو بوو، لەتەمەنی نۆساڵیدا هەڵگیراوەتەوە.

[67] The children love cheese spread in their sandwiches.

منداڵەکان حەزدەکەن پەنیر بە لەفەکانیاندا بکرێت.

[68] لەشێوەزاری ئەمریکیدا بە کەباب دەخوێنرێتەوە.

Don't chat a girl after eating a kebab.

پاش خواردنی کەباب، چات لەگەڵ کچ مەکە.

[69]مێسیج. بەمانای نامەو پەیامیش دێت.

I left her several messages.

چەند نامەیەکم بۆ جێهێشت.

The book conveys a complex message.

کتێبەکە پەیامێکی ئاڵۆز دەگەیەنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.25 **wealthy** دەوڵەمەند[71]، **poor** هەژارە[72]

**study** دەخوێنێت[73]، **student** خوێندکارە[74]

.26 **beggar** (بێگە) سواڵکەرە[75]، **beg** (بێگ) فیعلی سواڵە[76]

**headline** (هێدلاین) سەردێرە[77]، **news** (نیووز) هەواڵە[78]

---

70 دیلیشەس، تەیستی. ئەم دوو وشەیە بەمانای بەتام واتە خۆش و بەلەزەت دێن، بەڵام delicious لە tasty خۆشترە.

This soup is absolutely delicious.

ئەم شۆربەیە زۆر زۆر بەلەزەتە.

They do a really tasty chicken.

ئەوان بەڕاستی گۆشتێکی مریشی بەتام دروستدەکەن.

71 وێلثی. هاومانای rich.

He's a very wealthy man.

ئەو پیاوێکی زۆر دەوڵەمەندە.

72 پۆو"ر"

Most of these people are poor.

زۆربەی ئەم خەڵکە هەژارن.

73 ستەدی. خوێندنی قوتابخانەو زانکۆو هتد... نەك خوێندنی وەك كەوو كەڵەشێر!!!

I studied biology before going into medicine.

پێش ئەوەی بچمەناو بواری پزیشکییەوە، زیندەزانیم خوێندووە.

74 ستیوودنت. سەرنج بدە student لە studyیەوە هاتووە.

Each student has their own dictionary.

هەر خوێندکارێك فەرهەنگی خۆی هەیە.

75 The beggars on the streets aren't poor.

سواڵکەرەکانی سەرشەقامەکان هەژار نین.

76 مەبەستم لە "فیعلی سواڵە" ئەوەیە کە فەرمانی وشەی سواڵە، واتە بەمانای سواڵدەکات دێت.

She had to beg for money and food for her children.

ئەو پێویست بوو سواڵبکات لەپێناو پارەو خواردنەمەنی بۆ منداڵەکانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

27. town (تاون) شارۆچکە هەروەها شارە[79]

ruler (رولە) حاکمە[80]، despot (دێسپۆت) زۆردارە[81]

28. skinny (سکینی)، slim (سلیم) هەردوو لاوازە[82]

---

77 سەردێری هەواڵ و رۆژنامەو هتد...

The newspaper headline was “The president died”.

سەردێری رۆژنامەکە "سەرۆك کۆچی دوایی کرد" بوو.

78 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نووز گۆی دەکەن.

On April 18, 1930, the BBC announced, "There is no news today," and played piano music instead.

لە 18-4-1930 رادیۆی بی بی سی رایگەیاند، ئەمڕۆ هیچ هەواڵێك نیە. لەبری ئەوە موزیکی پیانۆیان لێدا.

79 بەمانای شارو شارۆچکەش دێت بەڵام سیاقی رستەکە رونیدەکاتەوە کە مەخسەوی شەریفی نوسەر کامیانە.

There's a small town in France called "La-mort-aux-Juifs," meaning "Death to Jews."

لە فەرەنسا شارێك هەیە بەناوی "مەرگ بۆ جولە."

لەو رستەیەی پێشودا town بەمانای شار واتە city دێت بەڵام لەبەرئەوەی وشەی smallی لەپێشدا هاتووە کە بەمانای بچوك دێت، دەبێت بە شارۆچکە.

We stayed in the best hotel in town.

ئێمە لەباشترین هۆتێلی شارۆچکەکەدا ماینەوە.

80 مەبەستم لەحاکم لێرەدا فەرمانڕەوایە.

The country was without a ruler after the queen died.

پاش ئەوەی شاژن کۆچی دوایی کرد، وڵات بێفەرمانڕەوا بوو.

81 بەڵام لەئینگلیزی ئەمەریکیدا بە دیسپەت دەخوێنرێتەوە. مەبەستم لە زۆردار حاکمی زۆردارە.

Saddam Hsen was an an evil despot.

سەدام حسێن زۆردارێکی خراپەکار بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**obese (ئەوبییس) زۆر قەڵەو[83]، rare (ڕێیە) ناوازە[84]**

**[29]. bold (بەوڵد) تۆخ و ئازا، هەروەها لێژە[85]**

**giddy (گیدی) هەم dizzy (دیزی) هەردوکیان گێژە[86]**

---

[82] سەرنج: skinny لە slim لاوازترە. وشەی slim ئەڵێی کوردییە، چۆن ئەنوسرێت هەرواش دەخوێنرێتەوە. هەردوو وشەکە ئاوەڵناون.

You should eat more – you're too skinny.

تۆ پێویستە زیاتر بخۆیت، زۆر لاوازیت.

Most of my friends are slim.

زۆربەی هاوڕێکانم لاوازن.

[83] She was obese.

ئەو زۆر قەڵەو بوو.

[84] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "ریَر" دەیخوێننەوە. ناوازە= دەگمەن

Talent like hers is rare in someone so young.

بەهرەی وەك ئەوەی ئەو لەکەسی زۆر منداڵدا ناوازەو دەگمەنە.

[85]واتە بەمانای تۆخ، ئازا، لێژ دێت.

They painted the kitchen in bold colours.

ئەوان چێشتخانە (مەتبەخ)ەکەیان بە رەنگی تۆخ بۆیاخ کرد.

She was a bold and fearless climber.

ئەو هەڵگەڕێکی ئازاو چاونەترس بوو. هەڵگەر= کەسێك کە بە سەر شاخ یا درەخت یان هتد... دا هەڵدەگەڕێت.

The road was very bold.

ڕێگاکە زۆر لێژ بوو.

[86] واتە مورادیفن.

She felt giddy.

هەستیکرد گێژە.

Once I climbed the tree , I felt dizzy .

هەرکە بە درەختەکەدا هەڵگەڕام، هەستمکرد گێژم.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

30. sin (سین) واتە گوناهـ[87]، sinner[88] (سینە) گوناهكار

knight[89] (نایت) ئەسپی شەترەنج، هەروەها شاسوار

31. soul (سەوڵ) مانای ڕۆحە[90]، life (لایف) ژیانە[91]

planet (پلانیت) هەسارە[92]، heaven (هێڤن) ئاسمانە[93]

---

[87] He knew that he had committed a terrible sin.

ئەو زانی كە گوناهێكی ترسناكی ئەنجامداوە.

[88] بەگشتی كاتێك پاشگری er دەچێتە سەر فیعل، دەیكات بە ناوی بكەر.

Their office was to pursue and punish sinners.

نوسینگەكەیان بۆ شوێنكەوتن و سزادانی گوناهكاران بوو.

[89] واتە هەروەك وشەی night "شەو" دەخوێنرێتەوە. بەگشتی ئەو وشانەی بە kn دەستپێدەكەن، kیەكە ناخوێنرێتەوە. knight بەمانای ئەسپی شەترەنج و شاسواریش دێت.

Just move the knight.

تەنها ئەسپەكە بجوڵێنە.

The princess was rescued by a handsome knight.

ژنەشازادەكە لەلایەن سوارچاكێكی قۆزەوە رزگاركرا.

[90] She's one of those people who puts their heart and soul into their work.

ئەو یەكێك بوو لەو كەسانەی كە دڵ و ڕۆحیان خستبووە ناو كارەكانیانەوە.

[91] كۆیەكەی lives.

For the first time in my life I was happy.

بۆ یەكەمین جار لەژیانمدا خۆشحاڵ بوم.

Swifts, spend most of their lives flying in the air and can fly for almost a year, without ever landing.

برِوادەكەی باشە، نایكەی بیكەی باشترە چونكە ڕاستە!

جۆرێك باڵندە هەیە لەپەڕەسێلكە دەچێت، پیپدوتریت سەمامە، ئەم باڵندەیە زۆربەی ژیانی لەفڕیندا بەسەردەبات. تەنانەت دەتوانێت بۆ ماوەی نزیكەی ساڵێكی ناسك لەسەریەك بفڕێت بەبێ هیچ نیشتنەوەیەك.

[92] They launched a rocket to the planet Venus.

ئەوان موشەكێكیان هەڵدا بەرەو هەسارەی ڤینوس.

There's a planet mostly made from diamond. Called 55 Cancri e, it's around twice the size of Earth and some 40 light-years away from us.

شوێنێكم دۆزیتەوە زۆربەی هەرەزۆری نەك ئاڵتون بەڵكو ئەڵماسە! یەكی كیلۆیەكیش بهێنینەوە بەسمانە خۆ دز نین!!!



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

32. **teeth (تییث) ددان بە کۆ[94]، lip (لیپ)یش لچ و لێو[95]**

**curse (کێیس) واتە نەفرەت، هەروەها جنێو[96]**

33. **play (پلەی) یارییەکا، شانۆیی و یاری[97]**

---

ئەویش هەسارەیەکە بەناوی 55 کانسری ئی. قەبارەکەی نزیکەی دوو ئەوەندەی زەوییەو زۆر دوریش نیە لێمانەوە، تەنها نزیکەی 40 ساڵێکی روناکی لێمانەوە دورە!!!

On which planet does the Sun appear larger than on Earth?
(Mercury, Mars, Jupiter, Saturn)

خۆر لەسەر کام لەم هەسارانە، گەورەتر دەردەکەوێت وەك لەسەر زەوی؟
(عەتارد، مەریخ، مشتەری، زوحەل) عەتارد

[93] واتە هاوماناى skyە. ئەم وشەیە لەسەر وەزنی seven "حەوت" دەخوێنرێتەوە.

Galileo used a telescope to observe the heaven.

گالیلۆ تێلیسکۆپی بەکارهێناوە بۆ چاودێریکردنی ئاسمان.

[94] واتە جەمعی وشەی tooth "تووث"ە کە بەمانای ددان دێت.

Minerals make healthy skin and strong bones and teeth.

کانزاکان پێست تەندروست دەکەن و ئێسك و ددانەکان بەهێزدەکەن.

[95] بەمانای لچ و لێویش دێت واتە بەمانای هەردوکیان. بەڵام بەپێی ناوەرۆکی رستەکە دەزانیت کە مەبەستی لچە یان لێو یان هەردوکیان.

He licked his lips.

ئەو لچ و لێوی لێسایەوە.

[96] بەمانای نەفرەت "لەعنەت"و جنێویش دێت.

I don’t use curse in my speaking.

من لەقسەکردنمدا نەفرەت بەکارناهێنم.

He muttered a curse under his breath.

ئەو لەژێر لێوەوە جنێوی بە ورتەورت دا. واتە بەدەنگی نزم جنێوی دا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**unemployment (ئەنئیمپلۆیمەنت) واتە بێکاری**[98]

[34]. **summit (سەمیت) لوتکەیە**[99]، **root (رووت) ڕەگ و ڕیشە**[100]

**ever (ئێڤەر)، forever (فەرێڤە) هەردوو هەمیشە**[101]

[35]. **never mind (نێڤە مایند) قەینا**[102]، **never (نێڤە) "هەرگیز"ە**[103]

---

[97] مانای زۆرترە بەڵام لێرەدا تەنها باسی ئەم سیانەم کردووە.

یارییەکا= یاریدەکات. شانۆیی= شانۆگەری. لەمانای سێیەمیاندا مورادیفی gameە.

Barcelona are playing against Real Madrid tonight.

ئەمشەو بەرشەلۆنە بەرامبەر ریاڵ مەدرید یاریدەکات.

Did you see the play?

شانۆگەرییەکەت بینی؟

Rain stopped the play.

باران یارییەکەی وەستاند.

[98] Unemployment has risen for the third consecutive month.

بۆ سێیەمین مانگ لەسەر یەك، بێکاری بەرزبووەتەوە. واتە زیادیکردووە.

[99] On this day in 1784, they reached the summit of Hamrin Mountain.

لەڕۆژێکی وەك ئەمڕۆی ساڵی 1784، ئەوان گەیشتنە لوتکەی شاخی حەمرین.

[100] The tree's roots go down three metres.

ڕەگەکانی درەختەکە سێ مەتر ڕۆدەچێتە خوارەوە.

[101] لەم مانایەدا ئەم دوو وشەیە مورادیفن و هاومانای alwaysن.

Ever optimistic, I decided to take the exam again.

هەمیشە گەشبینم، بڕیارمدا جارێکی تر تاقیکردنەوەکە بکەمەوە.

I like the house but I don't imagine I'll live there forever.

حەزم لەخانووەکەیە بەڵام تەسەورناکەم هەمیشە تێیدا بژیم.

[102] قەینا= قەیناکا

We haven’t done very well, have we?’ ‘Never mind. At least we tried.

ئێمە بەباشی ئەنجامامان نەداوە، وانیە؟ قەیناکا، لانیکەم هەوڵماندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**darling (دالینن)و dear (دییە) هەردوو ئازیزە[104]**

[36]. **murk تاریکی، هەروەها (تار)ە[105]**

**apparent، obvious هەردوکیان (دیار)ە[106]**

[37]. **trust (ترەست) متمانە[107]، tryst (تریست) ژوانە[108]**

**homely (هەوملی) ناجەذاب[109]، lovely (لەڤلی) جوانە[110]**

---

103 I’m never going back there again, not as long as I live.

من هەرگیز، تا لەژیاندا بم، ناگەڕێمەوە بۆ ئەوێ.

104 Look, darling, there’s Karzan.

سەیرکە ئازیز، ئەوە کارزانە.

Sahand became a dear friend.

سەهەند بووە هاوڕێیەکی ئازیز.

105 مێیك. واتە ناوو ئاوەڵناویشە. تار= تاریك. ئەم وشەیە مورادیفی darkness و darkە.

The terrible murk frightened the baby.

تاریکییە ترسناکەکە منداڵەکەی تۆقاند.

Today is murk.

ئەمڕۆ تاریکە.

106 ئەپارەنت، ئابڤیەس. دیار= ئاشکرا، روون. ئەم دوو وشەیە ئاوەڵناون و مورادیفن.

It was apparent to everyone that he was seriously ill.

دیاربوو بۆ هەموو کەس کە ئەو بەسەختی نەخۆش بوو.

It's obvious that she doesn't like him.

دیارە کە ئەو حەزی لێی نیە.

107 A good relationship is built on trust.

پەیوەندییەکی باش لەسەر متمانە بنیات دەنێرێت.

108 ژوان= مەوعیدی حوبحوبێنە.

We consider this is a tryst with the people.

ئەمە بە ژوانێك لەگەڵ خەڵك دادەنێین.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

38. leaf (لییف) گەڵادەگرێ[111]، leave (لییف) بەجێدێڵێ[112]

وشەی cultivate (کەڵتیڤەیت) واتە ئەکێڵێ[113]

39. cinder (سیندە) پشکۆیە[114]، ash (ئاش)یش خۆڵەمێش[115]

shampoo (شامپوو) شامپۆیە[116]، dandruff (دانجرەەف) کرێش[117]

40. first of all (فێیست ئەڤ ئۆوڵ) چیە؟ مانای یەکەمجار[118]

---

[109] نا جەذاب= "غير جذاب"= ناسەرنجڕاکێش. ئاوەڵناوەو بۆ وەسفکردنی کەسێك بەکارهێنرێت کە جوان و سەرنجڕاکێش نەبێت.

He is a homely person.

ئەو کەسێکی سەرنجڕاکێش نیە.

[110] بەینی خۆمان بێ زۆرجار ئەوانەی ژوان ئەنجامدەدەن و متمانەیان بەیەکە، جوانێك و ناشرینێکن نەك جوانێك و جوانێك یان ناشرینێك و ناشرینێك، بۆیە ئەو چوار وشەیەم لەبەیتێکدا پێکەوە گرێدا!!

She had a lovely face.

ئەو دەموچاوێکی جوانی هەبوو.

[111] The trees leafed late because of the long winter.

بەهۆی زستانە درێژەکەوە، درەختەکان درەنگ گەڵایان گرت.

[112] My baby gets upset when I leave the room.

کاتێك ژورەکە جێدێڵم، منداڵەکەم بێزاردەبێت.

[113] The farmer cultivated the land yesterday.

دوێنێ جوتیارەکە خاکەکەی کێڵا.

[114] The cake became a cinder.

کێکەکە بوو بە پشکۆ. واتە سوتا.

[115] The house burnt to ashes.

خانووەکە سوتاو بوو بە خۆڵەمێش.

[116] What kind of shampoo do you use?

تۆ چ جۆرە شامپۆیەك بەکاردەهێنیت؟

[117] You can buy special shampoo to combat dandruff.

بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کرێش، دەتوانیت شامپۆی تایبەت بکڕیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sink (سینك) نقومدەبێ[119]، shore (شۆق) واتە کەنار[120]

41. lover (لەڤە) دڵدارە[121]، waiter (وەیتە) چاوەڕوان[122]

number (نەمبە) ژمارە[123]، title (تایتڵ) ناونیشان[124]

42. tower (تاوە) تاوەرە[125]، towering (تاوەرینن) بەرزە[126]

---

[118] یەکەم جار= پێش هەموو شت.

First of all check your documents.

پێش هەموو شت سەیری بەڵگەنامەکانت بکە.

[119] فەرمانە، رابردووەکەی sankە.

The Titanic sank after hitting an iceberg.

کەشتی تایتانیك پاش خۆکێشانی بە شاخێکی سەهۆڵین، نقومبوو.

[120] They had to abandon the boat and swim back to shore.

پێویست بوو بەلەمەکە چۆڵ بکەن و بە مەلە بگەڕێنەوە بۆ کەنار.

[121] دڵدار= عاشق

He have several lovers.

ئەو چەند دڵدارێکی هەیە.

[122] چاوەڕوان= چاوەڕوانکەر، کەسێك کە چاوەڕوانی کەسێك یان شتێك دەکات.

Three waiters were waiting him in the airport.

لەفڕۆکەخانەکە سێ چاوەڕوانکەر لەچاوەڕوانی ئەودا بوون.

[123] Karzan's favourite number is seven.

ژمارەی دڵخوازی کارزان، حەوتە.

Arnold Schoenberg suffered from triskaidekaphobia - a fear of the number 13. He also died on Friday July 13th, 1951.

ئارنۆڵد چۆینبێرگ کە ئاوازدانەرو نوسەرو وێنەکێشێکی بەناوبانگی بەرەگەز نەمسایی بوو، جۆرێك فۆبیای لەگەڵدا بوو کە پێیدەووترێت تریسکای دێکەفۆبیا واتە ترسان لەژمارە 13. رەنگە رەحمەتی ناحەقیشی نەبوبێت!، فعلەن لە 13 تەموزی 1951 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

[124] The title of his first movie was Case 37.

ناونیشانی یەکەم فیلمی ئەو، کەیسی ژمارە 37 بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

natural (ناچرەڵ) سروشتی[127]، quake (کوەیك) بومەلەرزە[128]

[43]. copybook (کۆپیبوك) دەفتەر[129]، pen (پێن) واتە خامە[130]

write (رایت) دەنوسێ[131]، missive (میسیڤ)یش نامە[132]

---

125 تاوەر= بورج

Don't go up the tower if you're afraid of heights.

ئەگەر لەبەرزی دەترسیت، بەسەر تاوەرەکەدا سەرمەکەوە.

126 The towering walls of the house are very horrible.

دیوارە بەرزەکانی خانووەکە زۆر ترسناکن.

127 He died from natural causes.

ئەو بەهۆکارگەلی سروشتی مرد.

128 بومەلەرزە= زەمینلەرزە

The quake frightened me.

زەمینلەرزەکە تۆقاندمی.

129 The copybook contained nice poems.

دەفتەرەکە چەندین شیعری جوانی تێدابوو.

130 خامە= قەڵەم. ئەگەر پێتوابێت ئەم وشەیە تەنها بەمانای قەڵەم جاف دێت و بەمانای قەڵەم بەگشتی، نایەت، ئەوا گا بەگونا دەناسیت!!!

Give me the pen.

قەڵەمەکەم بدەرێ.

131 Please write your name in the file.

تکایە ناوی خۆت لەفایلەکەدا بنوسە.

American Steven Pruitt has written over 30,000 articles on Wikipedia and improved over three million articles. This corresponds to about one third of all articles available on Wikipedia in English. In 2017, Time magazine therefore named him one of the 25 most influential people on the Internet, along with Donald Trump, J. K. Rowling and Kim Kardashian.

ئەم خەپەیەی دەیبینن، ئەگەر کورد بوایە ڕەنگە کچ زۆر نەیوێرایە مەرحەبایی بکردایەو ئەگەر کچێك مەرحەبایی بکردایە، ڕەنگە لەیەکەم وەڵامدا بیوتایە: های2، ئای لەڤ یوو سویتی. بەڵام لەبەرئەوەی کورد نیە تەواو جیاوازە. ئەم خەپەیە ستیڤن پروتە کە زیاتر لە 30 هەزار وتاری لەماڵپەری ویکیپیدیادا نوسیوەو زیاتر لە سێ ملیۆن وتاری تری دەوڵەمەندکردووە. ئەم ژمارەیەش دەکاتە نزیکەی یەك لەسەر سێی کۆی هەموو وتارە بەردەستەکانی بەشی ئینگلیزیی ویکیپیدیا کە یەکێکە لە عەشرە ئەوائیلی سایتەکان



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

44. **airway (ئێیەوەی) واتە هێڵی ئاسمانی**[133]

**sleep (سلیپ) دەخەوێ**[134]**، blanket (بلاننکیت) بەتانی**[135]

---

لەسەرتاسەری جیهاندا. ئینجاکونێ قسە هەیەو قسە بەر کەللە ئەیا هەر بەهۆی ئەو لێهاتوییەی خەپەگیانەوە، لەساڵی 2017 گۆڤاری تایم ناوی لەلیستی 25 کاریگەرترین کەسایەتییەکانی جیهان لەسەر عەنتەرنێت هێناوەو ناوی لەپاڵ ترەمپە سەرپەموو و جەی کەی رۆڵینگ و کاردشیاندا هاتووە.

سەرباری لێهاتوییەکەی، خوا هەڵناگرێ چروو چاوو سەرو کەللـەشی بەعەیەب و بەریئـ دیارەو ئەگەر خانمێك هاواربکات لەدڵی خۆیدا (نەك بە سپیکەر)و بڵێ: "ئـــــــــــاخ بۆ یەکـــــێ"و مەبەستی لەو یەکە ئەم برادەرە بێت وەك هاوژینێکی رەسمی، ئەوا حەتمەن نەك هەر زەرەری نیە بەڵکو زۆریش قازانجیەتی.

[132] نامەی رەسمی یان درێژ.

She sent a ten-page missive to the committee.

ئەو نامەیەکی دە لاپەڕەیی نارد بۆ لیژنەکە.

[133] The Iraqi airways aren’t safe.

هێڵە ئاسمانییەکانی عیراق سەلامەت نین.

[134] یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. دەخەوێ= دەخەوێت= دەنوێت.

sleep→ slept→ slept

I don’t sleep early.

زوو ناخەوم.

Sex toys are banned in some US states, such as Alabama. Flirting is banned in San Antonio, Texas. Oral sex is banned in Indiana and sleeping naked is illegal in Minnesota.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

45. soldier (سەوڵجە) سەربازە[136]، fighter (فایتە) جەنگاوەر[137]
army (ئامی) سوپایە[138]، earthwork (ئێیث وۆك)یش سەنگەر[139]
46. inexpensive (ئینیكسپێنسیڤ) بە واتای هەرزان[140]
meditationە (مێدیتەیشن)ە، مانای تێرامان[141]

---

لەهەندێك ویلایەتی ئەو ئەمەریكایەی لای خۆمان، بۆ نمونە لە ئەلاباما، بوكەڵەی سێكسی قەدەغەیە. لەشاری سان ئەنتۆنیۆی ئەلاسكاش موغازەلەكردن قەدەغەیە. لە ئیندیاناش سێكسكردن بە دەم قەدەغەیە، لە مینیسۆتاش خەوتن بەشێوازی فۆڕكەی واتە روتی، قەدەغەیە.

A 2008 documentary claimed that the Cuban leader slept with at least two women a day for about 40 years, and sometimes snuck in a third at dinner. The source behind the leak, is a former Castro official.

فیدڵ كاسترۆ... بێناموصێكی عەیارە 24:

ئەگەر وابزانیت فیدڵ كاسترۆ لەبەر شۆڕش و كاری سیاسی مەجالی قۆرییاتی تایبەتی نەبووە، یان ئەوەندە شەریف بووە كە نەیكردووە، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیتەوە. ئەم برادەرە نەك هەر وا نەبووە، بەڵكو بێناموسێكی عەیارە 24 بووە لەڕوی ژیانی تایبەتەوە. بەڵگەنامەیەك كە لەساڵی 2008 بڵاوكراوەتەوە، دەڵێت، كاسترۆ بۆ ماوەی نزیكەی 40 ساڵی ناسك، هەموو رۆژێك لەگەڵ لانیكەم دوو خانمدا خەوتووە، هەندێ رۆژیش لەكاتی نانی ئێوارەدا دزەیكردووە بۆ سێیەم. سەرچاوەی دزەكرپێكردنی ئەم ناسكەهەواڵەش بەرپرسێكی پێشوی خودی كاسترۆ بووە.

135 She covered him up with a blanket.

بە بەتانییەك ئەوی داپۆشی.

136 At that point, a soldier opened fire on the car.

لەو خاڵەدا سەربازێك تەقەی بەسەر سەیارەكەدا كرد.

137 He had a reputation as a fearless fighter.

ئەو وەك جەنگاوەرێكی نەترس، ناوبانگی هەیە.

138 The army recaptured the town from the rebels.

سوپاس شارۆچكەكەی لەیاخیبووەكان، سەندەوە.

139 The earthworks were built about 2,000 years ago.

سەنگەرەكان نزیكەی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر دروستكراون.

140 موراديفی cheapو پێچەوانەی expensiveە.

It's an inexpensive perfume.

عەترێكی هەرزانە.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.47 truculent چیه؟ واته شەڕانی[142]**

**وشەی heavenly مانای ئاسمانی[143]**

**.48 cellar (سیڵە) ژێرزەمین[144]، terrace (تێرەس) هەیوانە[145]**

**poet (پەویت) شاعیرە[146]، divan (دیڤان) دیوانە[147]**

**.49 sulk (سەڵك) دەتۆرێ، هەروەها تۆران[148]**

---

141 تێرامان= بیرکردنەوەی قوڵ= "تأمل"

Let's spend a few moments in quiet meditation.

با چەند ساتێکی کەم بە تێرامانێکی ئارام بەسەربەرین.

142 ترەکیەلەنت

He was truculent and difficult to deal with.

ئەو شەڕانی بوو و مامەڵەکردن لەگەڵیدا قورس بوو.

143 هێڤنلی. ئەسڵی وشەکە heavenە کە بەمانای ئاسمان دێت.

I saw a heavenly body tonight.

ئەمشەو تەنێکی ئاسمانیم بینی.

144 This house has a large cellar which is excellent for storage.

ئەم خانووە ژێرزەمینێکی گەورەی هەیە کە نایابە بۆ مەخزەن.

145 My house has a large terrace.

خانووەکەم هەیوانێکی گەورەی هەیە.

146 Sherko Bekas is one most famous Kurdish poets.

شێرکۆ بێکەس یەکێکە لەبەناوبانگترین شاعیرە کوردەکان.

147 هەر بەچروچاویدا دیارە کە یەکێکیان لەوی تریانەوە وەرگیراوە.

Piramerd has a large divan.

پیرەمێرد دیوانێکی گەورەی هەیە. دیوانی شیعر.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**address** وتاره، لەگەڵ ناونیشان[149]

[.50] **trap** (تراپ)، **snare** (سنێیە)، هەردوکیان داوە[150]

**pupil** (پیووپڵ) قوتابی و بیلبیلەی چاوە[151]

[.51] **compass** (کەمپەس) قیبلەنوما، هەروەها پرگال[152]

---

148 واتە وەك ناوو فەرمانیش بەکاردێت.

He's sulking in his room because I wouldn't let him have any more chocolate.

ئەو لەژورەکەی خۆیدا، لەسەرەوە، تۆراوە چونکە نەمهێشت چیتر چوکلێت بخوات.

Baby’s sulk is a common situation.

تۆرانی منأڵ حاڵەتێکی باوە.

149 ئەدرێس. واتە بەمانای وتار (زیاتر بەمانای وتاری رەسمی)و ناونیشانیش دێت.

She gave an address to the people.

ئەو وتارێکی پێشکەش بە خەڵکەکە کرد.

Please send the articles to the address given above.

تکایە وتارەکان بۆ ئەو ناونیشانە بنێرە کە لەسەرەوە دراوە.

150 داو= تەڵە

The mouse trap is very large.

تەڵەی مشکەکە زۆر گەورەیە.

The snare wasn’t useful.

داوەکە بەسود نەبوو.

151 واتە ئەم وشەیە بەمانای قوتابی و بیلبیلەی چاویش دێت.

The school has 400 pupils.

قوتابخانەکە چوار سەد قوتابی هەیە.

Your pupil is large.

بیلبیلەی چاوت گەورەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**better (بێتە) باشترە[153]، bitter (بیتە) واتە تاڵ[154]**

**52. cry (کرای) هاوارە[155]، bellman (بێلمەن)یش جارچی[156]**

**plumb (پلەم) کتومت[157]، plumber (پلەمە) تەنەکەچی[158]**

**53. index finger (ئیندێکس فینگە) پەنجەی شایەتومان[159]**

---

152 بەمانای قیبلەنوماو پرگالیش دێت.

We need the compass for the trip.

ئێمە بۆ گەشتەکە پێویستمان بە قیبلەنما دەبێت.

Use the compass to draw a circle.

بۆ کێشانی بازنەکە، پرگالەکە بەکاربهێنە.

153 واتەی سیغەی بەراوردکارییە بۆ وشەی good کە بەمانای باش دێت.

Election is a better way than the coup to change the regime.

هەڵبژاردن ڕێگەیەکی باشترە لەکودەتا بۆ گۆڕینی ڕژێم.

154 ئەم دوو وشەیەم بۆیە خستە پاڵ یەك چونکە: 1. ژمارەی پیتەکانیان یەکسانەو 2. تەنها یەك پیتیشیان لەپێکهاتەی یەك جیاوازەو 3. چۆنیەتی خوێندنەوەشیان لەیەکەوە زۆر نزیکە.

The tea was very bitter.

چاکە زۆر تاڵ بوو.

155 مەبەستم لەهاوار لێرەدا، هات و هاوارو قیژەیە.

You could hear the children's cries as they played.

لەکاتی یاریکردنی منداڵەکاندا، دەتتوانی هاتوهاواریان ببیستیت.

156 The bellman was very tall.

جارچییەکە زۆر درێژبوو.

157 کت و مت بەعەرەبییەکەی خۆمان پێی دەووترێت "بالچبگ"!. واتە ئەم وشەیە موڕادیفی exactlyیە.

The bullet hit him plumb between the eyes.

گوللـەیەك کتومت دای لەنێوان چاوەکانی.

158 The plumber I know is very clever.

ئەو تەنەکەچییەی من دەیناسم، زۆر زیرەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**conspiracy (کەنسپیرەسی) بەمانای پیلان**[160]

[.54] **وشەی tomato (تەماتەو)، هەر تەماتەیە**[161]

**potato (پەتەیتەو) دیارە هەر پەتاتەیە**[162]

[.55] **grind (گرایند) دەهاڕێ**[163]**، mill (میڵ) بەمانای ئاشە**[164]

**spy (سپای) سیخوڕە**[165]**، mercenary (مێیسنری) جاش**[166]

---

[159] The index finger is very important.

پەنجەی شایەتومان زۆر گرنگە.

[160] پیلان واتە موئامەرەو لەگەڵ پلاندا عەرزو عاسمانی فەرقە!!!

They had a conspiracy to assassinate the president.

ئەوان پیلانێکیان هەبوو بۆ تیرۆرکردنی سەرۆك.

[161] Nazaneen sliced some tomatoes.

نازەنین چەند تەماتەیەکی قاشکرد.

[162] I ate several boiled potatoes.

چەند پەتاتەیەکی کوڵاوم خوارد.

[163] رابردووەکەی وشەی groundە کە بەمانای "زەوی" و "زەمینە"ش دێت.

They grind the grain.

ئەوان دانەوێڵەکە دەهاڕن.

[164] There’s a large mill in the village.

گوندەکە ئاشێکی گەورەی تێدایە.

[165] She has worked as a spy for the American government.

ئەو وەك سیخوڕێك بۆ حکومەتی ئەمەریکا، کاریکردووە.

[166] The city is full of mercenaries.

شارەکە پڕە لەجاش.

Notorious mercenary Bob Denard was hired in 1975 to overthrow Ahmed Abdallah, president of Comoros. 3 years later Abdallah hired Denard to kick out his replacement, mad dictator Ali Soilih. 10 years later Soilih’s half-brother paid Denard to remove Abdallah again. All coups succeeded.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

56. **dump (دەمپ) زبڵدانە[167]، dumb دەبەنگ و لاڵ[168]**

**(impossible)ە بەمانای مەحاڵ[169]**

57. **hero (هێرەو) پاڵەوان[170]، stout (ستاوت) ئازایە[171]**

**capital (کاپیتڵ) پایتەخت لەگەڵ (سەرمایە)[172]**

---

لەساڵی 1975 جاشێکی بەدناو بەناوی بۆب دێنارد بەکرێگیرا بۆ لەسەرکارلادانی ئەحمەد عەبدوڵای سەرۆکی دورگەکانی مانگ. سێ ساڵ دواتر عەبدوڵا هەمان جاشی بەکرێگرت بۆ روخاندنی جێگرەوەکەی کە دیکتاتۆرێکی شێت بوو بەناوی عەلی سوەیلیح. 10 ساڵ دواتر زڕبرای سوەیلیح هەمان جاشی بەکرێگرت بۆ دوبارە لەکارلادانەوەی عەبدوڵا. لەهەموو ئەمانەش سەیرتر ئەوەیە کە سەرجەم ئەم کارە پیلانگێڕییانە سەرکەوتوو بون.

[167] Put the rest into a sack to take to the dump.

پاشماوەکە بخەرە ناو کیسێکەوە بۆ ئەوەی ببرێت بۆ زبڵدانەکە.

[168] دەمەم. واتە ئەم وشەیە بەمانای دەبەنگ (گێل) و (لاڵ)یش دێت. بەڵام مانای یەکەمیان واتە گێلەکە مانایەکی ناڕەسمییە.

He's been deaf and dumb since birth.

ئەو لەکاتی لەدایکبونەوە، کەڕو لاڵە.

He looks a dumb boy.

ئەو کوڕێکی گێل دیارە.

[169] ئیمپۆسەبڵ. مەحاڵ= موستەحیل. پێچەوانەی impossibleە.

It seems impossible that I could have walked by without noticing her.

دیارە مەحاڵ بوو کە بتوانم بەلایدا بڕۆم بەبێ ئەوەی سەرنجی بدەم.

[170] He became a national hero for his part in the revolution.

بەهۆی بەشداریکردنی لەشۆڕشەکە، ئەو بووە پاڵەوانێکی نیشتمانی.

[171] واتە موارادیفی braveە.

We have many stout warriors.

ئێمە ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەری ئازامان هەیە.

[172] Paris is the capital of France.

پاریس پایتەختی فەرەنسایە.

What is the capital of Afghanistan?

پایتەختی ئەفغانستان کوێیە؟ کابوڵ



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

58. **seafood (سیفوود) خۆراکە، بەڵام دەریایی**[173]

**وشەی chemical (کێمیکڵ) مانای کیمیایی**[174]

59. **spinach (سپینیج) چیە؟ مانای سپێناخ**[175]

**cup (کەپ) کوپ و "کاس"ە**[176]**، glass (گڵاس) واتە پەرداخ**[177]

60. **cigarette (سیگەرێت) جگەرە**[178]**، ashtray (ئاشترەی) تەپڵەك**[179]

---

The bank lent him the capital to expand his business.

بانکەکە سەرمایەکەی بە قەرز پێدا بۆ ئەوەی بازرگانییەکەی فراوان بکات.

[173] In Japan, seafood is very important.

لەژاپۆن خۆراکی دەریایی زۆر گرنگە.

[174] The chemical industry produces such things as petrochemicals, drugs, and rubber.

پیشەسازیی کیمیایی شتگەلی وەك پێترۆکیمیایی، دەرمان و لاستیك بەرهەمدەهێنێت.

[175] بە "سپینیچ"یش دەخوێنرێتەوە.

Spinach is important for general health.

سپێناخ بۆ تەندروستی گشتی، گرنگە.

[176] بەمانای کوپ و کاس (كأس)ی براوەی وەرزشیش دێت.

My father always has a biscuit and a cup of tea at bedtime.

باوکم هەمیشە لەکاتی خەوتندا پسکیتێك و کوپێك چا دەخوات.

They won the cup twice.

ئەوان دووجار کاسەکەیان بردووەتەوە.

[177] پەرداخی شوشە نەك نایلۆن و ستیل و هتد.... بێگومان هەر لەکوردی و عەرەبییەکەشدا گڵاسەکەش بەکاردەهێنرێت.

I drank a three glasses of water.

سێ پەرداخ ئاوم خواردەوە.

[178] He smokes a packet of cigarettes daily.

ئەو رۆژانە پاکەتێك جگەرە دەکێشێت.

[179] I've broken all the ugly ashtrays.

هەموو تەپڵەکە ناشرینەکانم شکاندووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

round گەڕو خڕ[180]، melon (مێلەن)یش کاڵەك[181]

.61 China (چاینە) واتە چین[182]، Chinese (چاینیز) چینییە[183]

grey (گرەی) خۆڵەمێشی، tray (چرەی) سینییە[184]

---

180 راوند. واتە بەمانای گەڕ "جەولە"و خڕیش دێت.

They lost in the first round of the tournament.

ئەوان لەیەکەم گەڕی موسابەقەکەدا، دۆڕان.

Tennis balls and oranges are round.

تۆپی تێنس و پرتەقاڵ خڕن.

181 لەبەرئەوەی زۆرجار کاڵەك خڕە، بۆیە کردم بە دراوسێی وشەی round کە یەکێك لەماناکانی "خڕ"ە.

Her face is round like a melon.

دەموچاوی وەك کاڵەك خڕە.

182 ناوی وڵاتان یەکێکە لەو وشانەی کە پێویستە هەمیشە پیتی یەکەمیان بە کاپیتڵ بنوسرێت.

China is largest country.

چین گەورەترین وڵاتە.

183 That antique vase is Chinese.

ئەو ئینجانە عەنتیکەیە، چینییە.

People were confused how a Chinese couple managed to run a busy restaurant 21 hours a day without getting tired. Locals named it "robot couple restaurant". Turns out the restaurant is run by two couples... both the men and women are identical twins.

لەشوێنێکی چین خەڵك سەریان لەوە دەرنەدەکرد کە چۆن تەنها ژن و مێردێك رێستورانتێکی قەرەباڵغ، بەشێوەیەکی رۆژانە 21 سەعات بەڕێوەدەبەن بەبێ ئەوەی ماندوو بن. دواتر دەرکەوت کە لەڕاستیدا ئەوانە یەك ژن و مێرد نین بەڵکو دوو ژن و مێردن. هەردوو پیاوەکە هەردوو ژنەکەش دوانەی هاوشێوەن واتە ئەو دوانانەی کە زۆر لەیەك دەچن.

زۆربەی ئەوروپییەکان کاتێك بەمە دەزانن دەڵێن ئۆۆ مای گۆد! یان جێسەس! بەڵام زۆربەی کورد لەم کاتەدا دەڵێن: باشە ئەی چۆن لێیان تێکناچێت!۔(کورد.... تاکە بریکاری شەیتان لەهەموو جیهان!

184 ئەم دوو وشەیە یەك کێشیان هەیە لەخوێندنەوەدا.

He likes grey clothes.

ئەو حەزی لەجلوبەرگی خۆڵەمێشییە.

The waiter brought drinks on a tray.

شاگردەکە خواردنەوەکانی لەسەر سینییەك هێنا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

62. cap و hat هەردوو شەبقەو کڵاوە[185]

toilet (تۆیلیت) تواليّت، واتە سەرئاوە[186]

63. earmuffs چیە؟ واتە گوێپارێز[187]

respect (ریسپێکت) رێزو روو[188]، respectful (ریسپێکتفڵ) بەڕێز[189]

64. collar یەخەیە، یان ملیوانە[190]

---

[185] هات، کاپ. ئەم دوو وشەیە، هەردوکیان بەمانای شەپقەو کڵاویش دێن.

He wore his hat (cap) and went to the office.

شەپقەکەی لەسەر کردو ڕۆیشت بۆ دەوام.

Your new hat (cap) is very nice.

کڵاوە تازەکەت زۆر جوانە.

[186] It was his job to clean the toilet.

پاککردنەوەی تواليّت ئیشی ئەو بوو.

[187] ئیەمەفس. بەڵام بەشێوەزاری دەڤەری ئەمەریکا بە ئیرمەفس دەخوێنرێتەوە. گوێپارێز شتێکی شێوە سەماعەی گوێیەو هەردوو گوێ دادەپۆشێت و دەیانپارێزێت و زیاتر لەکاتی سەرمادا بەکاردەهێنرێت. ئەم وشەیە کۆیە نەك تاك.

Earmuffs are very necessary at the cold conditions.

گوێپارێز لەحاڵەتە ساردەکاندا، زۆر پێویستە.

[188] رێز= احترام. روو= لایەن

The pupils showed a complete respect for their teacher.

قوتابییەکان رێزێکی تەواویان بۆ مامۆستاکەیان پیشاندا.

In most respects, the new film is better than the original.

لەزۆربەی رووەکانەوە، فیلمە تازەکە، لەئەسڵەکە باشترە.

[189] He’s a respectful teacher.

ئەو مامۆستایەکی بەڕێزە. واتە رێز لەخەڵك دەگرێت.

[190] کۆڵە"ر". یەخەو ملیوانەی کراس و هتد..

Your shirt collar is dirty.

ملیوانەی کراسەکەت پیسە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

monthly (مەنذلی) مانگانە[191]، annual (ئانیوەڵ) ساڵانە[192]

65. raincoat (رەینکەوت) چیە؟ پاڵتۆی بارانە[193]

nightdress (نایتدریس) کراسی خەوی ژنانە[194]

66. shave (شەیڤ) دەتاشێ[195]، razor blade (رەیزەبلەید) گوێزان[196]

parliament (پالیمەنت) حەتمەن، مانای پەرلەمان[197]

67. dark (داك) نەناسراوە، تاریك و تۆخە[198]

---

191 The company publishes a monthly magazine.

کۆمپانیاکە گۆڤارێکی مانگانە بڵاودەکاتەوە.

192 مورادیفی yearly یە.

Your starting salary is $10000 per annum and will be reviewed annually.

موچەی سەرەتات دە هەزار دۆلارە بۆ هەر ساڵێك و ساڵانەش پیاچونەوەی پێدادەکرێت.

193 Your new raincoat is very expensive.

پاڵتوبارانە تازەکەت زۆر گرانە.

194 I bought a sexy nightdress.

من کراسێکی خەوی ژنانەی وروژێنەرم کڕی.

195 When my dad shaved his beard, he looked ten years younger.

باوکم کاتێك ریشی تاشی، 10 ساڵ گەنجتر دەرکەوت.

196 I saw a dervish eating razor blades.

دەروێشێکم بینی گوێزانی دەخوارد.

197 On Tuesday the country's parliament voted to punish the old criminals.

رۆژی سێشەممە پەرلەمانی وڵات دەنگیدا بۆ سزادانی تاوانبارە کۆنەکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**state (ستەیت) ویلایەت، وڵات و دۆخە**[199]

[.68] **shop واتە دوکان**[200]**، customer کڕیار**[201]

**checked خانەیی**[202]**، stripped (ستریپت) خەتدار**[203]

---

[198] بەمانای نەناسراوو تاریك و تۆخیش دێت.

A dark stranger came to town.

بێگانەیەکی نەناسراو هات بۆ شارۆچکەکە.

Our bedroom was very dark.

ژوری خەوتنەکەمان زۆر تاریك بوو.

Generally he wears dark colors.

ئەو بەگشتی جلوبەرگی رەنگتوخ لەبەردەکات.

[199] بەمانای ویلایەت و وڵات و دۆخ "رەوش، بارودۆخ"یش دێت.

Alaska is the largest state in the US.

ئەلاسکا گەورەترین ویلایەتی ئەمەریکایە.

Britain is one of the member states of the European Union.

بریتانیا یەکێکە لەوڵاتە ئەندامەکانی یەکێتیی ئەوروپا.

Exercise can make a big difference to your state of health.

وەرزشکردن دەکرێ جیاوازییەکی گەورە لەدۆخی تەندروستیت، دروستبکات.

[200] شۆپ. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە شاپ گۆیدەکەن.

I need to go to the shop.

پێویستە بچم بۆ دوکانەکە.

[201] کەستمە"ر". مورادیفی buyerە.

He is one of our regular customers.

ئەو یەکێکە لەکڕیارە هەمیشەییەکانمان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.69 **foggy (فۆگی) تەماوی**[204]**، sunny (سەنی) ساماڵە**[205]

**suit (سیووت) دەگونجێت، قات و سکاڵا**[206]

.70 **dress (دریس) لەبەردەکا، جل و عەزییە**[207]

**season (سیزن) واتە وەرز**[208]**، seasonal (سیزنڵ) وەرزییە**[209]

---

202 چێکت. خانەیی= خانەدار

I bought a checked shirt for you.

کراسێکی خانەدارم بۆ کڕیت.

203 I don’t like stripped shirts.

حەزم لەکراسی خەتدار نیە.

204 تەماوی= تەمومژاوی

Driving in foggy conditions is dangerous.

لێخوڕین لەدۆخی تەمومژاوی مەترسیدارە.

205 We walks so much on sunny days.

ئێمە لەڕۆژانی ساماڵدا، پیاسەدەکەین.

206 هەروەها بە "سووت"یش دەخوێنرێتەوە. بەمانای دەگونجێت و قات و سکاڵاش دێت.

Yes, that dress suits you well.

بەڵێ، ئەو عەزییە بەباشی بۆ تۆ دەگونجێت.

Did you see my new suit?

تۆ قاتە نوێکەمت بینی؟

She raised a suit against her husband.

ئەو سکاڵایەکی لەدژی مێردەکەی بەرزکردەوە.

207 واتە ئەم وشەیە بەمانای لەبەردەکات "مەبەستم جلوبەرگ لەبەردەکات" و جلوبەرگ بەگشتی و عەزیش دێت.

She dressed quickly and went out of the house.

ئەو بەخێرایی جلوبەرگی لەبەرکردو لەماڵەکە چووەدەرەوە.

I don’t like military dress.

حەزم لەجلوبەرگی سەربازی نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.71 case (کەیس) حاڵەتە[210]، vase (ڤاز)یش ئینجانە[211]

ratio (رەیشیەو) ڕێژەیە[212]، patio (پاتیەو) هەیوانە[213]

.72 drape (جرەیپ)و curtain (کێیتن) هەردوکیان پەردە[214]

rock (ڕۆك) ڕادەژەنێ، هەروەها "بەرد"ە[215]

---

[208] Autumn is my favourite season.

پایز وەرزی دڵخوازی منە.

[209] Seasonal magazines are larger than others.

گۆڤارە وەرزییەکان لەوانی تر گەورەترن.

[210] Over a hundred people were injured, in several cases.

لەچەند حاڵەتێکدا زیاتر لەسەد کەس بریندار بون.

[211] بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە "ڤەیس" دەخوێنرێتەوە.

I bought a beautiful vase for my new room.

ئینجانەیەکی جوانم کڕی بۆ ژورە نوێکەم.

[212] The ratio of men to women at the conference was ten to one/10:1.

ڕێژەی پیاوان بە بەراورد بە ژنان، لەکۆنگرەکەدا دە بە یەك بوو.

[213] Our house has a large patio.

خانووەکەمان هەیوانێکی گەورەی هەیە.

[214] هەردوکیان بەمانای پەردە دێن بەڵام یەکەمیان درێژترو قورسترە، دووەمیان بەمانای پەردە دێت بەگشتی.

The windows were always closed with heavy drapes.

پەنجەرەکان هەمیشە بە پەردەی قورس داخرابون.

He pulled the curtain.

پەردەکەی ڕاکێشا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.73 **temperature (تیمپرەچە) چیە؟ پلەی گەرمایە[216]**

**weather (وێذە) بەمانای کەش و هەوایە[217]**

.74 **scale پولەکە، ئاست لەگەڵ قەپان[218]**

**"پاکدەکاتەوە"ش[219]، toothpaste هی ددان[220]**

---

[215] بەڵام لەئەمەریکا بە رااك دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە بەمانای رادەژنێ و بەردیش دێت.

He picked up the baby and gently rocked her to sleep.

ئەو منداڵەکەی هەڵگرت و بە نەرمی رایژەند بۆ ئەوەی بنوێت.

The demonstrators were hurling rocks at the police.

خۆپیشاندەرەکان بەردیان دەگرتە پۆلیس.

[216] The temperature today reached 45°C.

ئەمرۆ پلەی گەرما گەیشتە 45ی سەدی.

[217] The weather is expected to remain steady for the next few days.

چاوەڕواندەکرێت کەشو هەوا لەچەند رۆژی داهاتودا بە جێگری بمێنێتەوە.

[218] سکەیڵ. واتە وەك ناو بەمەنای پولەکە "ی ماسی و مارو هتد..."و ئاست و قەپانیش دێت.

Most fish are covered in scales.

زۆربەی ماسییەکان بە پولەکە داپۆشراون.

He doesn't seem to comprehend the scale of the problem.

وادیارە ئەو لەئاستی کێشەکە تێناگات.

I put the onions on the scale.

پیازەکانم لەسەر قەپانەکە دانا.

[219]واتە سکەیڵ وەك فەرمان بەمانای "پاکدەکاتەوە"ش دێت. ئەم مانایە پزیشکییەو بەتایبەت بۆ پاککردنەوەی ددان بەشێوەی پزیشکی بەکاردەهێنرێت.

The dentist scaled my teeth last week.

هەفتەی رابردوو پزیشکی ددان ددانی بۆ پاککردمەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.75 tie (تای) دەبەستێ[221]، toe (تەو) پەنجەی پێیە[222]

sling (سلینن) "فڕێدەدا"و قۆچەقانییە[223]

.76 watcher (ۆچە)، observer (ئەبزێیڤە) هەردوکیان چاودێر[224]

cashier (کاشیە) هەروەك خۆی بەمانای کاشێر[225]

.77 brush (برەش) فلچەیە[226]، toothbrush (تووثبرەش) هی دانە[227]

---

[220] تووثپەیست. مەبەستم لە "هی ددان"، هەویری ددان واتە مەعجونی ددانە بێگومان. بەڵام لەبەر پارێزگاریکردن لەکێشی شیعرەکە ناچاربوم بنوسم هی ددان.

You have to wash your teeth with toothpaste daily.

پێویستە رۆژانە ددانەکانت بە هەویری ددان بشۆیت.

[221] I tie my hair back when it's hot.

کاتێك کەشوهەوا گەرم دەبێت، قژم لەدواوە دەبەستم.

[222] These shoes hurt my toes.

ئەم پێڵاوە ئازاری پەنجەکانی پێم دەدات.

[223] بەمانای فڕێدەدا throwو قۆچەقانیش دێت.

Ashti lost his temper and started slinging plates at the wall.

ئاشتی مەزاجی خۆی لەدەستداو دەستیکرد بە فڕیدانی قاپەکان بەڕوی دیوارەکەدا.

I don't know to use your sling.

نازانم قۆچەقانیکەی تۆ بەکاربهێنم.

[224] برادەرانی دەڤەری ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە "ۆۆچە" گۆدەکەن.

According to the related watchers, the situation will be worse.

بەگوێرەی چاودێرە پەیوەندیدارەکان دۆخەکە خراپتر دەبێت.

Few observers believe that the treaty will bring a lasting peace to the region.

ژمارەیەکی کەم لەچاودێران لەو بڕوایەدان کە پەیماننامەکە ئاشتییەکی بەردەوام بۆ ناوچەکە دەهێنێت.

[225] لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە کاشیر دەخوێنرێتەوە.

He works as a cashier in the supermarket.

ئەو وەك کاشێر لەسوپەرمارکێتەکە کاردەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**lad (لاد) کوڕی گەنجە[228]، ladder (لادە) پلیکانە[229]**

**.78 side (ساید) واتە بۆچون[230]، sidewalk (سایدۆوك) شۆستە[231]**

**post (پەوست) هەم عەمودە، هەم پۆست و (پۆستە)[232]**

---

[226] We need a large brush.

پێویستمان بە فڵچەیەکی گەورەیە.

[227] کە ئەڵێم هی دانە مەبەستم ئەوەیە فڵچەی ددانە. واتە toothbrush بەمانای فڵچەی ددانە.

I lost my toothbrush.

فڵچەی دانەکەم ونکرد.

[228] A group of lads were standing outside the shop.

کۆمەڵێك کوڕی گەنج لەدەرەوەی دوکانەکە وەستابون.

[229] "پلیکانە= پەیژە.

That ladder doesn't look safe.

ئەو پەیژەیە سەلامەت دیار نیە. واتە بەکەڵکی ئەوە نایەت پیایدا هەڵگەڕێیت.

[230] لەم مانایەدا ئەم وشەیە مورادیفی opinion.

We haven’t heard Teacher’s side of the story yet.

ئێمە هێشتا بۆچونی مامۆستامان سەبارەت بە چیرۆکەکە نەبیستووە.

[231] Outside there was snow and slush along the streets and sidewalks.

لەدەرەوە، بەدرێژایی شەقامگەل و شۆستەکان، بەفرو بەفراو هەبوون.

[232] واتە ئەم وشەیە بەمانای عەمود (ی نیشانە هەڵواسین و پاڵپشت بۆ نمونە، نەك عەمودی کارەبا)و پۆست (مەنسەب) و پۆستە (بەرید) دێت.

There are many posts in the city.

ژمارەیەکی زۆر عەمود لەشارەکەدا هەیە.

She was offered the post of ambassador to India.

ئەو پێشنیاری پۆستی باڵیۆزی هندستانی خرایە بەردەم.

He opened the post quickly.

ئەو بەخێرایی پۆستەکەی کردەوە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.79 **barrel (بارڵ) بەرمیل و لولەی تفەنگە**[233]

**battle (باتڵ)، combat (کۆمبات)، war (وۆ) هەرسێکیان جەنگە**[234]

.80 **nail clippers واتە نینۆککەر**[235]

**penal جەزائی**[236]**، pedalیش پایدەر**[237]

.81 **pickup (پیکەپ) هەروەك خۆی واتە پیکابە**[238]

---

[233] The country exports two million barrels of oil daily.

وڵاتەکە رۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردەدەکات.

The rifle has a long barrel.

تفەنگەکە لولەیەکی درێژی هەیە.

[234] Her only brother was killed in battle.

تەنها براکەی لەجەنگدا کوژرا.

There was fierce combat between the two sides.

جەنگی توند لەنێوان دوو لایەکە هەبوو.

He died in the First World War.

ئەو لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا مرد.

[235]نەیڵ کلیپەز. ناوێکی کۆیە نەك تاك.

My nail clippers are old.

نینۆککەرەکەم کۆنە.

[236]پیینڵ. جەزائی واتە سزایی.

Many people believe that execution has no place in the penal system of a civilized society.

زۆرێك لەخەڵك پێیانوایە کە ئیعدامکردن لەسیستمی جەزائی کۆمەڵگەی شارستانیدا، جێگای نابێتەوە.

[237] پێدڵ. ئەم وشەیە لەگەڵ وشەکەی پێشوو لەپێکهاتەدا زۆر لەیەك دەچن بەڵام لەڕوی خوێندنەوەوە نەك هەر لەیەك ناچن بەڵکو هێندە دورن لەیەکەوە، نە دانویان پێکەوە دەکوڵێ، نە مەحەڵەبیشیان پێکەوە دەبەستێ.

Put your foot fully on the pedal.

پێت بەتەواوەتی لەسەر پایدەرەکە دابنێ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**tank (تاننك) مانای حەوزو تانكی و دەبابە**[239]

**.82** **morn (مۆۆن) بەیانی**[240]**، corn (كۆۆن) گەنمەشامی**[241]

**horn (هۆۆن) هۆڕین و شاخ**[242]**، bumper (بەمپە) دەعامی**[243]

---

[238] ئەو جۆرە سەیارەیە كە هەومان دەیزانین. كە لەبیتە شیعرەكەدا نوسویمە هەروەك خۆی، واتە هەروەك وشە ئینگلیزییەكەیەو لای خۆمان پیكابی پێدەووترێت. تەنها بزوێنە خرەكەمان گۆڕیوە بە درێژ (تەبعەن بیلامانێ!!!!)

I have to buy a new pickup.

پێویستە پیكابێكی تازە بكڕم.

[239] . واتە ئەم وشەیە بەمانای حەوز poolو تانكی و دەبابەش دێت.

I have to build a new tank to my fish.

پێویستە حەوزێكی تازە بۆ ماسییەكانم دروستبكەم.

We have a huge water tank.

ئێمە تانكییەكی زەبەلاحی ئاومان هەیە.

He was killed when his tank ran over a mine.

ئەو لەكاتی ڕۆشتنی دەبابەكەی بەسەر لوغمێكدا، كوژرا.

[240] He started his morn with kissing her wife.

ئەو بەیانییەكەی بە ماچكردنی ژنەكەی دەستپێكرد.

[241] Do you feed your chickens corn?

ئایا تۆ گەنمەشامی دەدەیت بە مریشكەكانت؟

[242] ئەم وشەو دوو وشەكەی پێشتر، یەك وەزنیان هەیە لەڕوی خوێندنەوەوە: مۆۆن، كۆۆن، هۆۆن. horn بەمانای هۆڕین و شاخ (ی ئاژەڵ) دێت.

My horn doesn’t work.

هۆڕنەكەم كارناكات.

The male deer has a pair of large horns.

ئاسكی نێر جوتێك شاخی گەورەی هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.83 **city (سیتی) واته شار[244]، citified (سیتیفاید) شاری[245]**

**مانای sparrow (سپارەو) چۆلەکە پاساری[246]**

.84 **peafowl، peacock هەردوکیان تاوس[247]**

**graved[248] هەڵکۆڵی، gravid ئاوس[249]**

.85 **key (کیی) زۆر گرنگە، هەروەها کلیل[250]**

---

243 دەعامیی ئۆتۆمبێل

The bumper of his car isn’t iron.

دەعامیی ئۆتۆمبێلەکەی ئاسن نیە.

244 Many of the world's cities have populations of more than five million.

زۆرێك لەشارەکانی جیهان، زیاتر لە پێنج ملیۆن دانیشتوانیان هەیە.

245 Most of the citified habits aren’t cceptable by the villagers.

زۆربەی خووە شارییەکان لەلایەن گوندنشینەکانەوە قبوڵکراو نیە.

246 He seemed more alert than a cat after a sparrow.

ئەو لەپشیلەیەك کە دوای چۆلەکە پاسارییەك کەوتووە، بەحەزەرتر دیارە.

247 پییفاوڵ، پیکۆك. ئەم دوو وشەیە موورادیفن. یەکەمیان وەك fish جەمعەکەشی هەروەك خۆیەتی و ناگۆڕێت.

The peafowl are eatable creatures.

تاوس بونەرگەلێکە کە بۆ خواردن دەشێن.

I have a beautiful peacock.

تاوسێکی جوانم هەیە.

248 گرەیڤد. فەرمانەو رانەبردووەکەی grave.

The artist graved some sad texts on his late friend’s grave.

هونەرمەندەکە هەندێك تێکستی خەماوی لەسەر گۆڕی هاوڕێ تازەکۆچکردووەکەی هەڵکۆڵی واتە نەخشی کرد لەسەری.

249 گرافید. ئەم وشەو هینەکەی پێشتر لەڕوی پێکهاتەو وەزنی دەنگەوە لەیەکەوە نزیکن بۆیە کردمن بە دراوسێی یەك. gravid لەڕوی ماناوە موورادیفی pregnant. ئاوس= حاملە، دوگیان.

The dog was gravid.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**truck (ترەك) بارهەڵگر[251]، trunk (ترەننك) لوتی فیل[252]**

**86. walrus (ۆوڵڕەس) بەمانای ئەسپی دەریایە[253]**

**justice (جەستیس) عەدالەت[254]، just (جەست)یش رەوایە[255]**

**87. faithful، devoted هەردوو دڵسۆزە[256]**

---

[250] واتە ئەم وشەیە وەك ئاوەڵناو بەمانای زۆر گرنگ very important و وەك ناو بەمانای کلیل دێت.

She was a key figure in the international art world.

ئەو کەسایەتییەکی زۆر گرنگ بوو لەجیهانیی نێودەوڵەتی هونەردا.

I heard someone turn a key in the lock.

گوێم لەکەسێك بوو کلیلێکی لەقوفڵەکە بادەدا.

[251] مەبەستم لەبارهەڵگر، ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر واتە لۆرییە. واتە ئەم وشەیە موورادیفی lorryە.

The road was completely blocked by an overturned truck.

بەهۆی بارهەڵگرێکی هەڵگەڕاوەوە، ڕێگاکە تەواو داخرا بوو.

In 2015, Samsung built a Safety Truck that displays the road ahead on a screen on the rear of the truck so drivers behind can safely pass.

لەساڵی 2015، کۆمپانیای سامسۆنگ، بارهەڵگرێکی سەلامەتیی دروستکرد کە لەڕێگەی شاشەیەکەوە لەبەشی دواوەی، ڕێگاکەی پێشەوە پیشاندەدات بۆ ئەوەی شۆفێری دواوە بتوانێت بە سەلامەتی تێپەڕێت.

[252] ئەم وشەیە لەگەڵ هی پێشوودا لەڕوی پێکهاتەوە تەنها یەك پیتیان جیاوازە. trunk بەمانای قەدی درەختیش دێت.

The elephant raised his trunck.

فیلەکە لوتی بەرزکردەوە.

[253] گەورەترین زیندەوەری دەریایی مەمکدارەو لەفەقمە دەچێت بەڵام گەورەترە. فیلی دەریاشی پێدەووترێت.

The walrus is dangerous.

ئەسپی دەریا ترسناکە.

[254] His people came to him demanding justice.

گەلەکەی هاتن بۆلای و داوای عەدالەتیان کرد.

[255] ئەم وشەیە سەرباری رەوا، چەند مانایەکی تری هەیە: تەنها، کتومت، هەرئێستا

I don't really think he had just cause to complain.

لەڕاستیدا پێموانیە هۆکارێکی رەوای هەبوبێت بۆ سکاڵاکردن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**snot واتە چڵم[257]، snout قەپۆزە[258]**

**.88 panda (پاندە) پاندایە، یان ورچی چینی[259]**

**terrestrial (تەڕێستریەڵ)ە مانای زەمینی[260]**

**.89 the solar system (ذ سەوڵە سیستم) کۆمەڵەی خۆرە[261]**

---

[256] فەیثفل، دیڤەوتید. هەردوکیان بەمانای دڵسۆز دێن.

She has been a faithful employee for 30 years.

ئەو ماوەی 30 ساڵە کارمەندێکی دڵسۆزە.

He is a devoted father.

ئەو باوکێکی دڵسۆزە.

[257] سنۆت. بەڵام لای برادەرانی ئەمەریکا بە سنات دەخوێنرێتەوە.

Tears and snot was streaming down her face.

فرمێسك و چڵم بەخوڕ بەدەموچاویدا دەهاتەخوارەوە.

[258] سناوت. زیاتر بەمانای قەپۆزی هەندێك لەگیانداران دێت وەك سەگ و بەرازو هتد... جاری واش هەیە هەروەك لەزمانی کوردیدا هەیە، لەحاڵەتی دەربڕینی جڵفەدا بۆ مرۆڤیش بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە لەکوردیدا کەسێك بەبرادەرێکی دەڵێت: قەپۆزت بەرە بەولاوە!!!.

My dog has a large snout.

سەگەکەم قەپۆزێکی گەورەی هەیە.

ئینجاکونێ بۆ ئەوەی مانای ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتەت هەرگیز لەبیرنەچێتەوە ئەم ناسکەڕستەیە لەبەرکە:

سەگەکەم بینی سنۆت بە سناوتیا دەهاتە خوارەوە!!!

[259] جۆرە ورچێکی ڕەش و سپییەو لەدارستانەکانی چین دەژی. لای خۆمان پانداو ورچی چینیشی پێدەووترێت.

ئەم وشەیە بەدوو شێوە کۆدەکرێتەوە: بەزیادکردنی s واتە pandas، هەروەها دەکرێ هەمان وشە مانای کۆش بدات، واتە بەهەمان سیستەمی fishیش کۆدەکرێتەوە.

There are many panda in China.

چین ژمارەیەکی زۆر پاندای لێیە.

[260] Such terrestrial plants could cause harm the water quality.

ئەو جۆرە ڕووەك زەمینییانە دەکرێ زیان بەکوالیتی ئاو بگەیەنن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**carnivorous (کانیڤەرەس)ە مانای گۆشتخۆرە**[262]

.90 **paw (پۆۆ) واتە چنگی گیانداری چوارپێ**[263]

**goddess خواوەندە، بەڵام نێر نا، مێ**[264]

.91 **headrest (هێدرێست) بەمانای پاڵپشتی سەرە**[265]

**pencil sharpener (پێنسڵ شاپنە) قەڵەمدادەرە**[266]

.92 **وشەی triangle (ترایەننگڵ) مانای سێگۆشە**[267]

**elegance (ئێلەگەنس) شیکپۆشی، elegant (ئێلیگنت) شیکپۆشە**[268]

---

261 The Earth is a part of the solar system.

زەوی بەشێکە لەکۆمەڵەی خۆر.

262 There are several carnivorous plants.

چەند رووەکێکی گۆشتخۆر هەیە.

263 His front paws are white.

چنگەکانی پێشەوەی سپین.

264 گۆدێس. واتە بەمانای خواوەندی مێ دێت.

Aphrodite was the ancient Greek goddess of love.

ئەفرۆدیت خواوەندی مێی عیشق بووە لەلای یۆنانییە دێرینەکان.

265 پاڵپشتی سەر لەسەر کورسی واتە ئەو شوێنەی کورسی کە سەرت پاڵی پێوەدەدات. ئەم وشەیە لەهەردوو وشەی head (سەر)و rest (پشوو) پێکهاتووە.

The headrest of my chair is broken.

پاڵپشتی سەری کورسییەکەم شکاوە.

266 sharpen بەتەنها بەمانای "تیژدەکات" دێت و sharpیش بەمانای تیژ دێت. لەزمانی ئینگلیزیدا زۆرجار پاشگری en ئاوەڵناو دەکات بە فەرمان. جگە لەو وشەیەی پێشوو چەندین نمونەی تر هەیە لەوانە: ligh: lighten, short:shorten, dark:darken, wide: widen

I lost my pencil sharpener.

قەڵەمدادەرەکەم ونکرد.

267 A triangle is a shape with three sides.

سێگۆشە بریتییە لەشێوەیەك کە سێ لای هەیە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.93 optics مانای بینابیزانی[269]

وشەی airline (ئێلاین)ە هێڵی ئاسمانی[270]

.94 rice (رایس) واتە برنج، nice (نایس) جوان و باشە[271]

dice (دایس) بەمانای زار[272] tongs (تۆنگز) مقاشە[273]

---

[268] Her elegance maddened me.

شیکپۆشییەکەی منی شێتکرد.

He's an elegant woman.

ئەو ژنێکی شیکپۆشە.

[269] ئۆپتیکس. زانستی روناکی و بینین

He studies Optics.

ئەو بینابیزانی دەخوێنێت.

[270] Many airline passengers face lengthy delays.

زۆرێك لەسەرنشینەکانی هێڵی ئاسمانی روبەڕوی دواکەوتنی درێژ دەبنەوە.

[271] Do you prefer brown rice or white rice?

تۆ برنجی قاوەییت بەلاوە پەسەندە یان سپی؟

You look nice in that suit.

تۆ بەو قاتەوە جوان دیاری.

He is a really nice guy.

بەڕاستی کوڕێکی باشە.

[272] رایس و نایس و دایس. ئەم سێ وشەیەم بۆیە لەبەیتێکدا کۆکردەوە چونکە لەڕوی خوێندنەوەوە، یەك وەزنیان هەیە لەڕوی پێکهاتەشەوە تەنها حەرفی یەکەمیان جیاوازە.

مەبەستم لەزار لێرەدا ئەو شتە بچوکەی یاری تاوڵەو هاوشێوەکانی پێدەکرێت نەك دەم. dice هەروەك fish تاك و کۆی یەك شێوەیە.

We need two dice to play the game.

بۆ ئەنجامدانی یارییەکە پێویستمان بەدوو زار هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

95. **Europe (یورەپ) ئەوروپا، Asia (ئەیژە) ئاسیایە**[274]

**وشەی jellyfish (جێلیفیش) چرای دەریایە**[275]

96. **centipede (سێنتیپیید) چیە؟ مانای هەزارپێ**[276]

**stand up (ستانددەپ) واتە هەستەرە سەر پێ**[277]

97. **straight line (سترەیت لاین) چیە؟ واتە راستەهێڵ**[278]

**ruse (رووز) لەگەڵ hoax (هەوکس)، دێن بەمانای فێڵ**[279]

---

[273] لە ئینگلیزیدا بەعزە وشەیەك هەیە هەر لەبیلادەوە کۆ واتە جەمعن، ئەمە یەکێکە لەو وشانە. بۆیە لەکاتی بەکارهێناندا پێویستە رەچاوی ئەوە بکرێت لەڕوی رێزمانەوە بۆ نمونە دەبێت لەبری is، are و لەبری has ، have و لەبری does، do بەکاربهێنرێت لەتەکیاندا.

The coal tongs burnt my had.

مقاشی خەڵوزەکە دەستمی سوتاند.

[274] ئەم دوو وشەیە لەهەر شوێنێکی رستەدا بن، پێویستە حەرفی یەکەمیان بە کاپیتەڵ بنوسرێت چونکە ناون.

Europe isn't large.

ئەوروپا گەورە نیە.

Asia is the largest continent.

ئاسیا گەورەترین قارە نیە.

[275] زیندەوەرێکی دەریاییە. ئەم وشەیە هەروەك fish جەمعەکەشی هەروەك خۆیەتی.

In fact, sharks are less dangerous than jellyfish!

لەڕاستیدا قرش مەترسیی کەمترە لەچرای دەریا.

[276] A centipede walks on many small legs, and it can even run if there is danger.

هەزارپێ لەسەر چەندین قاچی بچوك دەڕوات. تەنانەت لەکاتی مەترسیدا، دەشتوانێت رابکات.

[277] Stand up, guys.

کورینە هەستنە سەرپێ.

[278] I can't draw a straight line without using a ruler.

بەبێ بەکارهێنانی راستە، ناتوانم راستەهێڵ بکێشم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

98. **walk (ۆۆك) بەپێ دەڕوا، walker (ۆۆكە) ڕەوڕەوە**[280]

**underside (ئەندەسايد) واتە ديوى ژێرەوە**[281]

99. **right angle (ڕايتەننگڵ) مانای گۆشەی وەستاوە**[282]

**cave (كەيڤ) واتە ئەشكەوت، curve (كێيڤ)يش چەماوە**[283]

100. **quadruped (كۆدرەپێد) واتە گياندارى چوارپێ**[284]

**biped (بايپێد) دووپێيە**[285]**، tendon (تێندەن) مانای ژێ**[286]

---

279 You didn’t fall for my ruse.

تۆ نەكەوتيتە ناو داوى فێڵى منەوە.

The police said the bomb threat was a hoax .

پۆليس ڕايگەياند كە هەڕەشەى بۆمب تەقاندنەوەكە، فێڵ بووە.

280 Doctors said he can’t walk again.

پزيشكان دەڵێن، جارێكى تر ناتوانێت بەپێى بڕوات.

I have to buy a walker to my baby.

پێويستە ڕەوڕەوەيەك بۆ منداڵەكەم بكڕم.

281 There was some damage to the underside of the car .

ديوى ژێرەوەى سەيارەكە هەندێك زيان يان شكاوى پێوە بوو.

282 گۆشەى وەستاو واتە گۆشەى 90 پلە.

A square has four right angles.

چوارگۆشە چوار گۆشەى وەستاوى هەيە.

283 They were trapped in the cave for 19 hours.

ئەوان بۆ ماوەى 19 سەعات لەناو ئەشكەوتەكەدا گيريان خواردبوو.

There are many curves in the roads of Kurdistan.

ڕێگاكانى كوردستان ژمارەيەكى زۆر چەماوەيان تێدايە.

284 Horses, lions and dogs are quadrupeds, but humans are bipeds .

ئەسپ، شێرو سەگ گياندارى چوارپێن بەڵام مرۆڤ دوو پێيە!



بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

[101]. **bride (براید) بوك، ماناى pride (پراید) شانازی**[287]
**metaphorical (مێتەفۆریكڵ) واتە مەجازی**[288]
[102]. **damn (دام) زۆر وەك very**[289] **(ڤێری)، بەبێ n بەنداو**[290]
**famous (فەیمەس) بەناوبانگ، infamous (ئینفەمەس) بەدناو**[291]

---

285 گیانداری دوو پێ وەك مرۆڤ.

You are a biped.

تۆ گیاندارێكی دوپێیت.

286 ژێی ماسولكە

Human body has many tendons.

لەشی مرۆڤ ژمارەیەكی زۆر ژێی هەیە.

287 ئەم دوو وشەیە لەڕوی خوێندنەوەوە یەك وەزنیان هەیەو لەڕوی پێكهاتەشەوە تەنها حەرفی یەكەمیان جیاوازە، بۆیە لەیەك نیوە بەیتدا كردمن بە دراوسێ.

The bride and groom smiled for the cameraman.

بوك و زاواكە زەردەخەنەیان كرد بۆ كامێرامانەكە.

The country's national pride has been damaged by its sporting failures.

شانازیی نیشتمانیی وڵات بەهۆی شكستە وەرزشییەكانییەوە، زیانی بەركەوتووە.

288 He used a metaphorical expression in his speech.

ئەو گوزارشتێكی مەجازی لەوتارەكەیدا بەكارهێنا.

289 پیتی ئێنەكەی كۆتایی ناخوێنرێتەوە. damn زۆر وەك very، مەبەستم ئەوەیە ئەم وشەیە وەك وشەی very بەمانای "زۆر" دێت. بەڵام ئەم مانایە مانایەكی ناڕەسمییەو زیاتر لەكاتی بێزاریدا دەووترێت.

You were damn lucky not to have been killed!

تۆ زۆر بەشانس بویت كە نەكوژراویت.

290 واتە وشەی damn بەبێ ئێن دەكاتە dam كە بەمانای بەنداو دێت. شایانی باسە هەردوو وشەكە وەك یەك بە "دام" دەخوێنرێنەوە واتە ئێنەكەی damn ناخوێنرێتەوە.

The Dukan dam isn’t large.

بەنداوی دوكان گەورە نیە.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

103. **herd (هێیّد) واتە مێگەل[292]، herder (هێیّدە) شوانە[293]**

**retailer (رییتەیلە) فرۆشیار، بەڵام بەدانە[294]**

104. **terrain (تەرەین) بەمانای پەڵەزەوییە[295]**

**dugout (دەەگاوت) پەناگا، هی ژێرزەوییە[296]**

105. **dance (داانس) سەمادەکا، dancer (داانسە) سەماکەر[297]**

---

291 بەدناو واتە بەناوبانگ بەڵام لەخراپیدا. لەزمانی ئینگلیزیدا جگە لەم وشەیە چەندینی تر هەن کە پێشگری in ماناکەی تەواو پێچەوانە دەکاتەوە: visible, action, convenient, possible, definite, etc…

Who's the most famous person you've ever interviewed on TV?

بەناوبانگترین کەس کە تۆ لەتەلەفزیۆندا دیمانەت لەگەڵ ئەنجامداوە، کێیە؟

He is an infamous killer.

ئەو بکوژێکی بەدناوە.

292 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا تۆزێك دەنگی rەکە بەکاڵی گۆدەکەن .

He have a herd of cattle.

ئەو مێگەلێك مەڕو ماڵاتی هەیە.

293 One of my brothers is a herder.

یەکێك لەبراکانم شوانە.

294 فرۆشیار بەدانە واتە پێچەوانەی جوملەفرۆش.

Don’t buy more than five objects from the retailers.

لە پێنج شت زیاتر لەتاکفرۆشەکان مەکڕە.

295 Kurdistan includes many rocky terrains.

کوردستان ژمارەیەکی زۆر پەڵەزەویی بەرداوی تێدایە.

296 پەناگا (حەشارگە)ی ژێرزەوی.

The soldier went into the dugout to protect himself from the shooting.

سەربازەکە چووە ناو پەناگای ژێرزەوییەکە بۆ ئەوەی خۆی لەتەقەکردن بپارێزێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(autodidact)ە مانای خۆفێرکەر[298]

.106 theatre و stage هەردوو شانۆیە[299]

actor (ئاکتە) ئەکتەرە[300]، cello (چێلەو) چێلۆیە[301]

.107 obligatory (ئەبلیگەتری) واتە ناچاری[302]

---

[297] Who was she dancing with at the party last night?

ئەوە کێ بوو کە ئەو لەئاهەنگەکەی شەوی رابردوو، دانسی لەگەڵ دەکرد؟

He's a prime dancer of the hall.

ئەو سەماکارێکی سەرەکیی هۆڵەکەیە.

[298] ئۆتەودایداکت. برادەرانی ئەمەریکا بە ئاتەودایداکت گۆیدەکەن. کەسێك کە خودی خۆی، خۆی فێربکات نەك مامۆستا.

لەم نیوە بەیتەدا دەبوو لەبری وشەی خۆفێرکەر بمنوسیایە خۆفێرکار بەڵام لەبەر هاوسەنگی بەیتەکە، ناچاربوم یەکەمیان بەکاربهێنم.

He's one of the village's autodidacts.

ئەو یەکێکە لەخۆفێرکارەکانی گوندەکە.

[299] ثیەتە، ستەیج. بەنیسبەت وشەی یەکەمیانەوە، سپێڵەکەی لەلای برادەرانی ئەمەریکا جیاوازەو بریتییە لە theatre.

Please exit the theatre by the side doors.

تکایە لەدەرگا لاوەکییەکانەوە، لەشانۆکە بچۆرە دەرەوە.

The stage was very wide.

شانۆکە زۆر فراوان بوو.

[300] Who's your favourite actor?

ئەکتەری دڵخوازت کێیە؟

[301] ئامێرێکی موزیکە. لەکەمان دەچێت.

My friend plays the cello.

هاورێکەم چێلۆ دەژەنێت.

[302] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەبلیگەتۆری گۆیدەکەن.

ناچاری= بەزۆر، ئیجباری، پێچەوانەی ئیختیاری.

Ther is no obligatory military service in Iraq.

لەعیراق خزمەتگوزاریی سەربازیی ناچاری، نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**anatomy (ئەناتەمی)یە مانای توێکاری**[303]

.108 **musician (میووزیشن) چیە؟ واتە موزیکزان**[304]

**مانای drum تەپڵ بە ناوو فەرمان**[305]

.109 **ballet (باڵەی) بەمانای سەمای باڵێیە**[306]

**local (لەوکڵ) ناوخۆیی**[307]**، locale (لەکاڵ)یش جێیە**[308]

.110 **tripod (ترایپۆد) واتە سێپای کامێرا**[309]

---

[303] An understanding of human anatomy is important to a dancer.

بۆ سەماکەر، تێگەیشتن لەتوێکاریی مرۆڤ، گرنگە.

[304] The concert includes dancers and musicians of all countries.

کۆنسێرتەکە سەماکەرو موزیکزانگەلی هەموو وڵاتەکانی تێدایە.

[305] دروەم. بەناوو فەرمان واتە وەك ناو بەمانای "تەپڵ"و وەك فەرمان بەمانای "تەپڵ لێدەدات" دێت.

His drum is very large.

تەپڵەکەی زۆر گەورەیە.

He can drum well.

ئەو دەتوانێت بە باشی تەپڵ لێبدات.

[306] Does she study classical ballet or modern ballet?

ئەو سەمای باڵێی کلاسیکی دەخوێنێت یان باڵێی مۆدێرن؟

[307] ناوخۆیی= محەلی

A local newspaper published the news.

رۆژنامەیەکی ناوخۆیی هەواڵەکەی بڵاوکردەوە.

[308] لەکاڵ. جێ، شوێن. ئەم وشەیەو ئەوەی پێشتر لەڕوی پێکهاتەوە زۆر لەیەك نزیك و تەنها حەرفێکیان فەرقە بۆیە خستمنە تەك یەك. بەڵام وریابە لەڕوی خوێندنەوەوە، زۆر لەیەك جیاوازن.

Dabashan is the perfect locale for the conference.

دەباشان جێیەکی نایابە بۆ کۆنگرەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

speed (سپيید) خێرایی[310]، speedy (سپییدی) خێرا[311]

111. cruise (کرووز) بەمانای گەشتی دەریایی[312]

bridal (برایدڵ) بوکێنی، هەروەها شایی[313]

112. helm لەگەڵ helmet هەردوکیان خودە[314]

---

309 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ترایپاد گۆیدەکەن.

Photographers set up their tripods.

وێنەگرەکان سێپاکانیان جێگیرکرد.

310 We were driving at full speed.

ئێمە بەوپەڕی خێرایی لێمان دەخوری.

311 مورادیفی quick.

He's a very speedy driver.

ئەو شۆفێرێکی زۆر خێرایە.

312 گەشت لەسەر کەشتی گەورە زیاتر بەمەبەستی پشوو نەك بازرگانی و شەڕو هتد...

We returned from our cruise relaxed.

ئێمە بەحەوا وەیی لەگەشتە دەریاییەکەمان گەڕاینەوە.

313 بێگومان لەوشەی brideوە هاتووە کە بەمانای بوك دێت.

شایی= ئاهەنگی هاوسەرگیری

She bought an attractive bridal gown.

ئەو عەزییەکی بوکێنی سەرنجڕاکێشی کڕی.

The bridal was very crowded.

شاییەکە زۆر قەرەباڵغ بوو.

314 هێلم، هێلمەت. خودە= کڵاوی ئاسن یان کڵاوی قورس و زۆر پتەو. وەك خودەی سەربازو ماتۆڕسوارو هتد..

It's very risky to ride your bike without wearing a cycle helmet.

سواربونی پاسکیلەکەت بەبێ لەسەرکردنی خودەی پاسکیل زۆر مەترسیدارە.

His helm was very heavy.

خودەکەی زۆر قورس بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**بەسودە[315] useful ،بێسودە useless**

**[113]. ڕێککەوتننامە[316] agreement ،compact**

**هەردوو ترامە[317] streetcar ،tram**

**[114]. (شوگەکەین) چیە؟ قامیشی شەکرە[318] sugar cane**

**(پووڵ) واتە گۆماو[319] pool ، (سپووڵ)یش بەکرە[320] spool**

---

[315] یووسلەس، یووسفڵ. ئاوەڵناون و پێچەوانەی یەکترن.

This umbrella's useless - there's a big hole in it.

ئەم چەترە بێسودە، کونێکی گەورەی تیایە.

A good knife is one of the most useful things you can have in a kitchen.

چەقۆیەکی باش یەکێکە لەبەسودترین شتەکان کە دەکرێ لەچێشتخانەدا هەتبێت.

[316] کەمپاکت، ئەگریمەنت

All the KDP candidates refused to sign the compact .

هەموو کاندیدەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەکەیان ڕەتکردەوە.

Finally the two sides have reached an agreement.

لەکۆتاییدا دوو لایەنەکە گەیشتنە ڕێکەوتننامەیەك.

[317] ترام، ستریتکا. ترام هۆکارێکی کارەبایی گواستنەوەی گشتیی نەفەرە لەشارەکاندا.

I hopped off the tram near the park.

لەنزیك پارکەکەوە، لەترامەکە بازمدایە خوارەوە. واتە دابەزیم.

The streetcar was very compfortable.

ترامەکە زۆر ئاسودەکەر بوو.

[318] Hawaii is an excellent place for growing sugar cane.

هاوای شوێنێکی نایابە بۆ گەشەکردنی قامیشی شەکر.

[319] She dipped her toe into the pool to see how cold it was.

پەنجەی پێی خستە ناو گۆماوەکەوە بۆ ئەوەی بزانێت چەندەساردە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**115.** **petal (پێتڵ) پەڕە(ی گوڵ[321]، tender (تێندە) ناسکە[322]**

**basketball (باسکتبۆڵ) مانای تۆپی باسکە[323]**

**116.** **hefty گەورەیە، هەم قورس و بەهێز[324]**

**(conservative)ە مانای کۆنپاریز[325]**

---

[320] بەکرەی دوروومان و هتد... ئەم دوو وشەیەم بۆیە لەیەك نیوە بەیتدا کۆکردەوە چونکە یەك پیتیان جیاوازە.

The spool was very huge.

بەکرەکە زۆر گەورە بوو.

[321] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا لەم وشەیەو هەزاران وشەی تریشدا "ت"یەکە تەقریبەن وەك "د" گۆدەکەن.

The flower has seven petals.

گوڵەکە حەوت پەڕەی هەیە.

[322] بێگومان ئەم وشەیە بەمانای تەندرەیش دێت.

Themeat was very tender.

گۆشتەکە زۆر ناسك بوو. (تەبعەن بێ ئێوە ناخۆش!!!)

[323] بەمانای تۆپی باسکە وەك خودی تۆپەکەو یاری تۆپی باسکەش دێت.

Basketball wasn't suitable for the football.

تۆپی باسکە بۆ یاری تۆپی پێ گونجاو نیە.

Do you play any other sports besides football and basketball?

سەرباری یاری تۆپی پێ و تۆپی باسکە، هیچ وەرزشێکی تر دەکەیت؟

[324] هێفتی. واتە موارادیفی large وheavy وstrong.

I bought a hefty book.

کتێبێکی گەورەم کری.

There is a hefty box in front of the table.

لەبەردەم مێزەکەدا سندوقێکی قورس هەیە.

He s a hefty young chap.

ئەو کوڕێکی بەهێزی گەنجە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[117]. **trek (ترێك) گەشتدەكا، بەپێ و هی درێژ**[326]

**pressure (پرێشە) فشارە**[327]**، pleasure (پلێژە) واتە چێژ**[328]

[118]. **shove (شەڤ) پاڵپێوەنان بەناوو فەرمان**[329]

**وشەی downfall (داونفۆڵ) واتە داڕمان**[330]

[119]. **delicate (دێلیكەت) مانای ناسك و بەچێژ**[331]

---

325 كەنسێڤەتیڤ. كۆنپارێز یان كۆنەپارێز پێچەوانەی ریفۆرمخوازە.

We hear a lot about conservative values in the country.

زۆر لەبارەی بەها كۆنەپارێزەكانەوە لەوڵات، دەبیستین.

326 بەمانای "گەشتدەكا" دێت بەڵام گەشتێكی درێژو بەپێ نەك بە سەیارەو هتد...

For five days he trekked across the mountains of central China.

بۆ ماوەی پێنج رۆژ گەشتی بەناو شاخەكانی ناوەڕاستی چیندا كرد.

327 They are putting pressure on people to vote yes.

فشاریان خستە سەر خەڵك بۆ ئەوەی دەنگ بە بەڵێ بدەن.

328 ئەم وشەیەو ئەوەی پێشتر هەرچەندە لەڕوی پێكهاتەو ماناوە زۆر جیاوازن بەڵام لەڕوی خوێندنەوەوە یەك وەزنیان هەیە بۆیە خستمنە تەك یەك.

She seemed to take pleasure in humiliating people.

دیار بوو ئەو چێژ لەڕسواكردنی خەڵك وەردەگرێت.

329 بەمانای "پاڵ" و "پاڵپێوەدەنێت" دێت. بەڵام پاڵپێوەنانی بەهێز نەك ناسكەپاڵپێوەنان.

She gave him a hefty shove and he nearly fell.

پاڵێكی هێندە گەورەی پێوەنا كە خەریك بوو بكەوێت.

Just wait your turn - there's no need to shove.

چاوەڕێی سەرەی خۆت بكەو هیچی تر. پێویست بە پاڵپێوەنان ناكات.

330 . بەڵام برادەرانی ئەمریكا بە داونفاڵ دەیخوێننەوە.

Rampant corruption brought about the downfall of the government.

بەربڵاویی گەندەڵی بووەهۆی داڕمانی حكومەت.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

bench (بێنچ) واتە کورسی، بەڵام هی درێژ[332]

120. heat (هییت) واتە گەرمی[333]، heater (هییتە) گەرمکەر[334]

sedulous (سێجەلەس) واتە کۆڵنەدەر[335] کەسی

121. باشترە ئەمەش زۆر چاك بزانی

trade (ترەید) هەم پیشە، هەم بازرگانی[336]

122. lullaby (لەلەبای) لایلایە[337]، cradle (کرەیدڵ) بێشکە[338]

---

331 I bought a delicate flower for her.

گوڵێکی ناسکم بۆ کڕی.

I bought a kilogram of delicate meat for the guests.

کیلۆیەك گۆشتی بەچێژم کڕی بۆ میوانەکان.

332 بۆ نمونە ئەو کورسییانەی لەپارکەکاندا جێگیردەکرێن و جێگەی چەند کەسێکیان تیا دەبێتەوە.

I sat on the bench waiting her.

لەسەر کورسییە درێژەکە دانیشتم و چاوەڕێم دەکرد.

333 Let the liquid come to the boil and then reduce the heat.

بیهێڵە شلەکە بکوڵێت، پاشان گەرمییەکە کەمبکەرەوە.

334 هەر ئامێرێك یان شتێك یان کەسێك کە هەوا یان ئاو گەرمبکات نەك تەنها هیتەرەکەی لای خۆمان!!!

The heater in this car takes a long time to have any effect.

گەرمکەرەکەی ئەم ئۆتۆمبێلە کاتێکی زۆر دەبات تا کەمترین کاریگەری هەبێت.

335 He was the most sedulous fighter in the Kurdish history.

کۆڵنەدەرترین جەنگاوەر بوو لەمێژووی کورددا.

336 The laws ban the international trade in ivory.

یاساکان بازرگانیی نێودەوڵەتی بە ددانی فیل قەدەغەدەکەن.

Depending on their skills in other trades, we can find right jobs for them.

بینا لەسەر لێهاتوییەکانیان لەپیشەکانی تر، دەتوانین کاری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bunny (بەنی) کەرویشك و بێچووە کەروێشکە**[339]

.123 **worthy (وێیذی) موستەحەق، هەروەها بەڕێز**[340]

**vigorous (ڤیگرەس) بەمانای چالاك و بەهێز**[341]

.124 **trifle شتێکە کەمبەها بێ**[342]

---

337 بەڵام لای برادەرانی ئەمەریکا بە "لَڵەبای" دەخوێرێتەوە. یەکێك لەجیاوازییە دیارەکانی نێوان خوێندنەوەی بریتانی و ئەمەریکی ئەوەیە کە برادەرانی ئەمەریکا زۆرجار ""Lەکان بە قورس واتە بە "ڵ" دەخوێننەوە. جگە لەم نمونەیە هەزاران وشەی تریش هەیە.

My mother used to sing me a lullaby before I went to sleep.

دایکم واڕاهاتبوو کە پێش خەوتن، لایلایەی بۆ دەوتم.

338 The baby was put in her wooden cradle.

منداڵەکە لەناو بێشکە دارینەکەی، دانرابوو.

339 واتە بەمانای کەرویشك بەگشتی و بێچووە کەروێشکیش دێت.

The bunny was very fat.

کەروێشکەکە زۆر قەڵەو بوو.

Sure, it was sad to eat bunnies but we were hungry.

بەدڵنیاییەوە خواردنی بێچووە کەرویشك شتێکی خەمناك بوو بەڵام برسیمان بوو.

340 Such dedication is worthy of our respect.

لێبڕانێك (خۆتەرخانکردنێك)ی ئاوها موستەحەق (شیاو)ی ڕێزی ئێمەیە. واتە شایانی ئەوەیە ئێمە ڕێز لەو لێبڕانە بگرین.

Azad is a worthy member of our organization

ئازاد ئەندامێکی بەڕێزی ڕێکخراوەکەمانە.

341 He is a vigorous young man.

ئەو پیاوێکی گەنجی چالاکە.

He was a vigorous opponent of the government.

ئەو نەیارێکی بەهێزی حکومەت بوو.

342ترایفڵ. شتی کەمبەها

We needn't trouble the headmaster over such trifles

پێویست ناکات بەڕێوەبەر لەسەر شتگەلی کەمبەها، بێزاربکەین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**artery خوێنبەر، هەروەها شاڕێ**[343]

.125 **وشەی core (کۆڕ) ناوك**[344]**، بێ c "کانزای" خاو**[345]

**mash (ماش) هەریسەیە**[346]**، marsh (ماش) واتە زەلکاو**[347]

.126 **soccer (سۆکە) بەمانای یاری فوتبۆڵە**[348]

**sleeveless (سلییڤلەس) بێقۆڵ**[349] **sleeve (سلییڤ)یش قۆڵە**[350]

---

[343]ئاتری. مەبەستم لەخوێنبەر بۆری و دەماری خوێنبەرە لەلەشدا.

Arteries take blood from the heart to the other parts of the body.

خوێنبەرەکان خوێن لەدڵەوە دەبەن بۆ بەشەکانی تری جەستە.

Traffic is heavy on the central artery.

هاتوچۆ لەسەر شاڕێی ناوەندی، قورسە.

[344].Don't throw your apple core on the floor!

ناوکی سێوەکەت فڕێمەدەرە سەرئەرزەکە.

[345] واتە ئەگەر ئەو وشەیە cیەکەی لێبکەیتەوە، دەبێتە ore کە بەمانای "کانزای" خاو دێت. تەبعەن ئەم وشەیە ناوە نەك ئاوەڵناو.

Iron ores have been found in most of the states.

ئاسنی خاو لەزۆربەی ویلایەتەکاندا دۆزراوەتەوە.

[346] The mash was vey tasty.

هەریسەکە زۆر بەتام بوو.

[347] The marsh water isn’t drinkable.

ئاوی زەلکاوەکە بۆ خواردنەوە ناشێت.

[348] یاری فوتبۆڵ= یاری تۆ پی پێ.

Did you play soccer at school?

ئایا هەرگیز لەقوتابخانە یاری فوتبۆڵت کردووە؟

[349] I bought a sleeveless dress for my girlfriend.

عەزییەکی بێقۆڵم بۆ گێڵفرێندەکەم کڕی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.127 **prophet (پرۆفیت) پێغەمبەر، profit (پرۆفیت)یش قازانج**[351]

**aim (ئەیم) ئامانجە، aimless (ئەیملەس) بێئامانج**[352]

.128 **lighthouse، minaret هەردوو منارە**[353]

**source (سۆوس) سەرچاوە، لەگەڵ هۆکارە**[354]

.129 **کەسی slipshod واتە بێباکە**[355]

---

350 . قۆڵی کراس و جلوبەرگ و هتد.

She rolled up his sleeves to do the dishes.

بۆ شۆردنی قاپەکان، قۆڵی هەڵکرد.

351 . ئەم دوو وشەیە هەرچەندە لەڕوی ماناو فۆرمەوە جیاوازن بەڵام لەخوێندنەوەدا هیچ جیاوازییەکیان نیە.

The prophet has many profits .

پێغەمبەر ژمارەیەکی زۆر سودو قازانجی هەیە. مادام هەموو پێغەمبەرێك سودی هەبووە کەواتە لەمەودوا هەر عەیبیشە مانای ئەم دوو وشەیەت بیرچێتەوە!!!

352 The aim of the film was to make people laugh.

ئامانجی فیلمەکە ئەوە بوو کە خەڵك بخاتە پێکەنین.

Hitler had an aimless life .

هیتلەر ژیانێکی بێئامانجی هەبوو.

353 لایتهاوس، مینەرێت

In Bethlehem, there are about as many church steeples as there are mosque minarets.

لەشاری بەیتلەحم ژمارەی تاوەرەکانی کڵێسەکان بەقەدەر نزیکەی ژمارەی منارەی مزگەوتەکان دەبن.

Our lighthouses are as diverse as our towns.

منارەکانی ئێمە وەك شارۆچکەکانی ئێوە جیاوازن.

354 Oranges are a good source of vitamin C.

پرتەقاڵ سەرچاوەیەکی باشە بۆ ڤیتامین سی.

We’ve found the source of the trouble.

هۆکاری کێشەکەمان دۆزیوەتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**live** دەژی و زیندوو[356]، **lively** (لایڤلی) چالاکە[357]

[130]. وشەی **worth** (وۆث) مانای نرخ و بەهایە[358]

**swift** (سویفت) پەرەسێلکە، لەگەڵ خێرایە[359]

---

[355] سلیپشۆد. واتە مورادیفی careless.

His slipshod manager made many problems.

بەڕێوەبەرە بێباك (ئیهمال)ەکەی چەندین کێشەی دروستکرد.

[356] لیڤ. بەمانای: "دەژی" و "زیندوو (بەمانای پێچەوانەی مردوو و هەروەها زیندوو بەمانای ڕاستەوخۆ)ش دێت. بەڵام ئەگەر بەمانای زیندوو بەکاربهێنرێت ئەوا بە لایڤ دەخوێنرێتەوە نەك لیڤ.

He only lived a few days after the accident.

ئەو پاش ڕوداوەکە، تەنها چەند ڕۆژێکی کەم ژیا.

Millions of live animals are shipped around the world each year.

هەموو ساڵێك ملیۆنەها گیانداری زیندوو لەشوێنە جیاکانی جیهانەوە بە کەشتی دەگوازرێنەوە.

I like live broadcasts vey much.

زۆر حەزم لەبەرنامەی ڕاستەوخۆیە.

[357] He is a lively child

ئەو منداڵێکی چالاکە.

[358] بەمانای نرخی ماددی و مەعنەویش دێت.

نرخ= "سعر"

بەها= قیمەت، گرنگی

The estimated worth of the car is about $10000.

نرخی خەمڵێنراوی ئۆتۆمبێلەکە نزیکەی 10 هەزار دۆلارە.

She has proved her worth on numerous occasions.

ئەو لەچەندین بۆنەدا بەهای خۆی سەلماندووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.131 huntsman (هەنتسمەن) راوچی واتە راوکەر[360]

drummer بەمانای تەپڵێدەر[361]

.132 mad (ماد) شێت و تورە، هەروەها زۆرە[362]

لەگەڵ شێتدەکا[363]، grid (گرید)یش تۆڕە[364]

---

[359] واتە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Thank you for your swift reply.

سوپاس بۆ وەڵامە خێراکەت.

I saw a black swift.

پەڕەسێلکەیەکی رەشم بینی.

[360] Three illegal huntsmen were arrested.

سێ راوکەری نایاسایی دەستگیرکران.

[361]دەرەمەر"

The drummer is very skillful.

تەپڵێدەرەکە زۆر لێهاتووە.

[362] واتە وەك خۆی دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە بەمانای شێت و تورەو زۆریش دێت.

Don't be silly - you're not mad, you're just over-stressed and need a break.

ساویلکە مەبە، تۆ شێت نیت، تۆ تەنها فشاری دەروونیت زۆر لەسەرەو پێویست بە پشوییەکە.

All people are mad at man that killed his wife and children brutally.

هەموو خەڵك تورەن لەو پیاوەی کە هاوسەرو منالەکانی بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت.

This winter is mad cold.

ئەم زستانە زۆر ساردە.

[363] واتە یەکێکی تر لەماناکانی ئەم وشەیە "شێت دەکا"یە.

Her eyes madded many people

چاوەکانی زۆر کەسیان شێتکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

133. کەسێ saucy (سۆوسی)یە، زمانی پیس بێ[365]

stag (ستاگ) واتە ئاسك بەڵام نێر نەك مێ[366]

134. gaudy هەم showy واتە بریقەدار[367]

وشەی kin مانای خزم و کەسوکار[368]

135. Crusade (کروسەید) جەنگە، هی خاچپەرستان[369]

---

364 واتە موراديفی net.

A metal grid had been placed over the hole to prevent people from falling in.

تۆڕێکی کانزایی لەسەر چاڵەکە دانرا بۆ ئەوەی خەڵك تێی نەکەوێت.

365 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ساسی گۆیدەکەن. ئاوەڵناوە بەمانای زمانپیس دێت.

He is a saucy manager.

ئەو بەڕێوەبەرێکی زمانپیسە.

366 بەمانای ئاسکی نێر دێت.

I saw a fat stag on the mountain.

ئاسکێکی نێری قەڵەوم لەسەر شاخەکە بینی.

367. گۆدی بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گاادی گۆیدەکەن. وشەی showy بە شەوی دەخوێنرێتەوە. ئەم دوو وشەیە موراديفن بەڵام یەکەمیان بریقەکەی زیاترە.

She was wearing a gaudy Kurdish shirt.

ئەو کراسێکی کوردی بریقەداری لەبەردەکرد.

Her dress was too showy.

عەزییەکەی زۆر بریقەدار بوو.

368. کین. واتە چۆن دەنوسرێت هەرواش گۆدەکرێت.

We can't release his name until we have informed his kin.

تا لەلایەن خزم و کەسوکارییەوە ئاگادارنەکرێینەوە، ناتوانین ناوی بڵاوبکەینەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**peel (پییڵ) واتە توێکڵ، بەناوو فەرمان**[370]

.136 **lefty (لێفتی) چەپلەرە**[371]، **leftist (لێفتیست) چەپڕەوە**[372]

**rightist (رایتیست) راسترەوە**[373]، **course (کۆرس)یش رارەوە**[374]

.137 **stable (ستەیبل) جێگیر لەگەڵ تەویلە**[375]

**atom (ئاتم) تۆزقاڵێك، هەمیش گەردیلە**[376]

---

369 جەنگ و هەڵمەتی خاچپەرستان کە جەنگێکی فراوانی بەناوبانگی مێژوویی مەسیحییەکانە لەدژی موسڵمانان. ئەم وشەیە لەم مانایەدا هەمیشە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ دەنوسرێت و زۆربەی جاریش بە کۆ دێت لەرِستەدا نەك تاك.

The Crusades took place over a period of about 400 years.

جەنگەکانی خاچپەرستان لەماوەی زیاتر لە 400 ساڵدا رویانداوە.

370 واتە وەك ناو بەمانای توێکڵ و وەك فەرمان بەمانای "توێکڵ لێدەکاتەوە" دێت.

Apple peel is eatable.

توێکڵی سێو بۆ خواردن دەشێت.

Peel and chop the carrots.

گێزەرەکان پاکبکە (توێکڵەکانیان لێبکەرەوە)و قاشقاشیان بکە.

371 In general lefties are smarter than others.

بەگشتی چەپلەرەکان لەوانی تر زیرەکترن.

372 The leftist parties aren’t agreed.

پارتە چەپڕەوەکان رازی نین.

373 The rightist parties have the worst record in history.

پارتە راسترەوەکان خراپترین تۆماریان هەیە لەمێژودا.

374.The pilot avoided a collision by changing course.

فرۆکەوانەکە لەرێگەی گۆرینی رارەوەکەوە، خۆی لەپێکدادان لادا.

375 If the foundations of the house aren't stable, collapse is possible.

ئەگەر بنچینەکانی خانووەکە جێگیر نەبن، ئەگەری دارمان لەئارادایە.

The horses in the stable are hungry.

ئەسپەکانی ناو تەیلەکە برسییانە.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[138]. **bounce (باونس) بەمانای هەڵبەزو دابەز**[377]

**verse (ڤێیس) بەیت و ئایەت**[378]**، averse (ئەڤێیس)یش ناحەز**[379]

[139]. **violin (ڤایەلین)، fiddle (فیدڵ) هەردوو کەمانە**[380]

**poetry (پەویتری) شیعرە**[381]**، prose (پرەوز) پەخشانە**[382]

---

376 بەمانای گەردیلەو تۆزقاڵێك "بڕێکی زۆر زۆر کەم"یش دێت.

A molecule of carbon dioxide ($CO_2$) has one carbon atom and two oxygen atoms.

گەردێك لەدووەم ئۆکسیدی کاربۆن، گەردیلەیەك کاربۆن و دوو گەردیلە ئۆکسجین لەخۆدەگرێت.

There isn't an atom of truth in his words.

قسەکانی تۆزقاڵێك راستییان تێدا نیە. واتە هەمووی درۆیە.

377.Try to catch the ball on the second bounce.

هەوڵبدە لەدووەم هەڵبەزو دابەزدا، تۆپەکە بگریت.

378. بەمانای بەیتی شیعرو ئایەت(ی قورئان و هتد)یش دێت.

I know the first verse of the poem, but I don't know what comes next.

یەکەم بەیتی قەسیدەکە دەزانم، بەڵام نازانم دوای ئەوە چی دێت.

She recited a verse from the Koran.

ئەو ئایەتێکی لەقورئان وەك بەڵگە هێنایەوە.

379.ئەم دوو وشەیەم بۆیە لەیەك نیوە بەیتدا کۆکردەوە چونکە لەڕوی پێکهاتەو گۆکردنیشەوە تەنها یەك پیت و دەنگیان جیاوازە.

I am not averse to be a friend of a jew.

ناحەزنیم بەبون بە هاوڕێی جولەکەیەك. واتە رقم لەو هاوڕێیەتییە نیە.

380 هەردوکیان بەمانای کەمان دێن. کەمان= کەمانچە.

She practises the violin every day.

ئەو هەموو رۆژێك مومارەسەی کەمانچە دەکات.

Can you play the fiddle?

دەتوانیت کەمانچە لێبدەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.140 windy رۆژێك (ویندی) بێ واتە بای هەیە**[383]

**bundle (بەندڵ) لەگەڵ bale (بەیڵ) مانای گورزەیە**[384]

**.141 popsicle (پەپسیکڵ) چیە؟ واتە چلورە**[385]

**border (بۆؤدە"ر")و limit (لیمیت) هەردوو سنورە**[386]

**.142 clothespin چیە؟ واتە جلگرە**[387]

---

381 شیعر= هۆنراوە.

She started writing poetry at a young age.

ئەو لەتەمەنێکی منالییەوە دەستیکردووە بە شیعر نوسین.

382 I've always preferred reading prose to poetry.

من هەمیشە خوێندنەوەی پەخشانم لەشیعر بەباشتر داناوە.

383 ئاوەڵناوە بۆ وەسفی رۆژ یان شەو یان دۆخێك بەکاردێت کە بای هەبێت.

It was a windy night.

شەوێك بوو کە بای هەبوو. پێموایە "شەوێکی بایاوی بوو" زۆر زەعیفە بۆیە بەو شێوەیە نەمتەرجەماند.

384 I saw him carrying a bundle of newspapers.

بینیم گورزەیەك رۆژنامەی هەڵگرتبوو.

The fire destroyed 500 bales of grass.

ئاگرەکە 500 گورزە گژوگیای لەناوبرد.

385 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پاپسیکڵ گۆیدەکەن. مەبەستم لەچلورە برابچوکی مۆتەیە!!!

He ate the popsicle fast.

ئەو چلورەکەی بەخێرایی خوارد.

386 یەکەمیان زیاتر بۆ سنوری نێوان وڵاتان و شوێنەکان بەکاردەهێنرێت بەڵام دووەمیان زیاتر بۆ سنوری مەعنەوی بەکاردەهێنرێت.

The train crosses the border between France and Spain.

شەمەندۆفێرەکە سنوری نێوان فەرەنساو ئیسپانیا تێدەپەڕێنێت.

I won't have any more - I know my limit!

زیاتر ناوێت. سنوری خۆم دەزانم.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**affix پێشگر لەگەڵ پاشگرە**[388]

[.143] **pigeon (پیجن) کۆترە، لەگەڵ خۆشباوەڕ**[389]

**peacenick (پیسنیك) ئاشتیخواز، کەواتە لاشەڕ**[390]

[.144] **jealous (جێڵەس) حەسودە، هەروەها دڵپیس**[391]

**screwdriver (سکرووودرایڤە) واتە دەرنەفیس**[392]

[.145] **earner (ئێینە) کاسبە**[393]**، learner (لێینە) فێرخوازە**[394]

---

[387] . کلەوزپین. ئەم وشە ئەمەریکییە.

The clothespin isn't usable anymore.

جلگرەکە چیتر بەکەڵکی بەکارهێنان نایەت.

[388] ئافیکس. پێشگرو پاشگر لەزمانەوانیدا. واتە زیادە بۆ سەر وشە.

The affixes un- and -less are often used to make negative words, such as "unhappy" and "careless".

پێشگرو پاشگرەکانی -un و less– زۆرجار بەکاردەهێنرێن بۆ دروستکردنی وشەی پێچەوانە، بۆ نمونە وەك: unhappyو careless.

[389] خۆشباوەڕ بەمانای ساویلکە.

I sold my special pigeon for about $10000.

کۆترە تایبەتەکەم بەنزیکەی 10 هەزار دۆلار فرۆشت.

There are several pigeons in the office.

لەنوسینگەکە چەند ساویلکەیەکی لێیە.

[390] He was a peacenik in his youth but later he changed.

لەکاتی گەنجیدا کەسێکی ئاشتیخوازو لاشەڕ بوو بەڵام دواتر گۆڕا.

[391] Why are you so jealous of his success?

بۆ ئەوەندە حەسودی بە سەرکەوتنەکەی؟

He was a jealous husband.

ئەو مێردێکی دڵپیس بوو.

[392] The screwdriver isn't sharp.

دەرنەفیسەکە تیژ نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dove (دەڤ) هەم کۆترە، هەم ئاشتیخوازە**[395]

.146 **lory (لۆڕی) توتییە، لەجۆری لۆری**[396]

**Korea (کەرییە) کۆریایە**[397]**، Korean (کەرییەن) کۆری**[398]

.147 **lord (لۆڎ) بەمانای خوا، هەمیش پاشایە**[399]

---

393 مەبەستم لەکاسب ئەو کەسەیە پارە پەیدادەکات. ئەسڵی وشەکە earnە کە بەمانای دەستیدەکەوێت دێت.

In most of these cases, the woman is the sole earner in the family.

لەزۆربەی ئەم حاڵەتانەدا، ژن تەنها کاسبی خێزانەکەیە.

394 He is a fast learner.

ئەو فێرخوازێکی خێرایە. واتە خێرا فێری شت دەبێت.

395 I sold my white dove.

کۆترە سپییەکەم فرۆشت.

He is one of the doves of the party.

ئەو یەکێکە لەئاشتیخوازەکانی حزب.

396 جۆرە توتییەکە کە بە درەختدا هەڵدەگەڕێت.

I bought an attractive lorry for my baby.

لۆرییەکی سەرنجڕاکێشم کڕی بۆ مناڵەکەم.

397 Octopuses are eaten alive in Korea.

لە کۆریا، هەشتپێ بەزیندویی دەخورێت.

398 Over 99% of Koreans have a mutated gene called ABCC11 which alters the composition of sweat so that they do not produce body odor. Only 2% of Europeans have this same mutation.

زیاتر لە 99 لەسەدی کۆرییەکان، لادانێکی جینییان تێدایە کە پێی دەووترێت ABCC11. ئەم لادانە شازی مواسەفاتی پێداون چونکە پێکهاتەی عراقی لەشیانی بەشێوەیەك گۆڕیوە کە بۆنی نیە.. ئینجاکونێ ئەم مواسەفاتە زۆر دەگمەنە لەو ئەورووپاو مەورووپایە، ئەمان تەنها لەسەدا دویان ئەم مواسەفاتەیان هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**cowherd (کەوهێیْد) بە واتای شوانی مانگایە**[400]

[148]. **juice (جووس) شەربەتە، واتە خۆشاوە**[401]

**juice کارەباشە**[402]، **cocoa (کەوکەو) کاکاوە**[403]

[149]. **forefinger (فۆرفینگە) پەنجەی شایەتومانە**[404]

**lordly (لۆردلی)، arrogant (ئارەگنت) خۆبەزلزانە**[405]

---

399 بەمانای خوداو پادشاش دێت.

J. R. R. Tolkien typed the entire 1,200-page manuscript of The Lord of the Rings trilogy with two fingers.

جەی ئارِ ئارِ تۆلْکین هەموو دەسخەتی سیناریۆی زنجیرەفیلمی "پادشای ئەڵقەکان" کە لەسێ فیلم پێکهاتووەو هەزارو 200 لاپەڕەیە، بە تەنها دوو پەنجە تایپکردووە.

The priest talked about the power of the Lord.

قەشەکە قسەی لەسەر توانای خودا کرد.

400 The cowherd found an ill dog and took it to his house.

شوانی مانگاکان سەگێکی نەخۆشی دۆزییەوەو بردییەوە بۆ ماڵی خۆی.

401 Gum diseases, can be treated effectively with cucumber juice.

نەخۆشییەکانی پوك دەکرێ بەشێوەیەکی کاریگەر بە شەربەتی خەیار چارەسەربکرێن.

402 بەمانای کارەباش دێت و موراديفی electricityیە. بەڵام ئەم مانایە informal واتە ناڕەسمییە.

I’ve fixed the cut, so you can turn the juice back on.

برینەکەم چارەسەرکرد، بۆیە دەتوانیت کارەباکە هەڵکەیتەوە.

403 To make a new food nobody know what's it, mix together the flour, cocoa , salt, icing sugar, rice and grilled meat.

بۆ دروستکردنی خواردنێکی تازە کە کەس نەزانێ چیە، ئاردو کاکاوو خوێ و شەکری بەستوو و برنج و گۆشتی برژاو تێکەڵ بکە!!!

404 Sometimes we use our forefinger to frighten our kids.

هەندێك جار پەنجەی شایەتومانمان (سەبابە) بۆ ترساندنی منداڵەکانمان بەکاردێنین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.150 sixth شەشیەکە، هەروەها شەشەم[406]

seven (سێڤن) حەوت، seventh (سێڤنث) حەوتیەك و حەوتەم[407]

.151 twenty بیست، twentieth بیستیەك و بیستەم[408]

---

[405] خۆبەزلزان= موتەکەبیر

The lordly people don’t enter the Paradise.

کەسانی خۆبەزلزان ناچنە بەهەشت.

I never saw an arrogant person like you.

هەرگیز کەسێکی خۆبەزلزانی وەك تۆم نەبینیوە.

[406]سکیسث. بەمانای شەشەم و شەشیەك "یەك لەسەر شەش" دێت.

Just a sixth of the soldiers survived.

تەنها شەشیەکی سەربازەکان رزگاریان بوو.

WW1 was the sixth deadliest conflict in world history.

جەنگی جیهانی یەکەم شەشەم کوشندەترین ناکۆکییە لەمێژوی جیهاندا.

[407] We're open seven days a week.

حەوت رۆژ لەهەفتەیەکدا کراوەین. واتە هەموو رۆژێك.

This is the seventh year in succession that they've won the cup.

ئەمە حەوتەم ساڵە لەسەر یەك کە ئەوان کاسەکەیان بردووەتەوە.

A seventh of the participants arrived late.

حەوتیەکی بەشداربووەکان درەنگ گەیشتن.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**tenth (تێنث) یەك لەسەر دە، هەروەها دەیەم**[409]

**.152** **eighth (ئەیتث) هەشتیەکە، هەروەها هەشتەم**[410]

**ninth (نواینث) واتە نۆیەم**[411]**، fourthly (فۆوثلي) چوارەم**[412]

**.153** **colorful (کەڵەفڵ) چیە؟ واتە رەنگاوڕەنگ**[413]

---

[408] توێنتی، توێنتیەث

The best time to plant a tree is twenty years ago. The second best time is today.

باشترین کات بۆ رواندنی درەختێك بیست ساڵ پێش ئێستایە. دووەم باشترین کاتیش ئێستایە.

This is our twentieth wedding anniversary.

ئەمە بیستەمین ساڵیادی هاوسەرگیریمان.

A twentieth of the people voted in the last elections.

یەك لەسەر بیستی خەڵك لەهەڵبژاردنەکەی رابردوو دەنگیاندا.

[409] He receives a tenth of the profits.

ئەو یەك لەسەر دەی قازانجەکان وەردەگرێت.

The tenth century wasn't full of wars.

سەدەی دەیەم پڕ نەبوو لەجەنگ. واتە جەنگی زۆر تیا نەبوو.

[410] In 1900, only about half of American children between five and 19-years-old were enrolled in school. Ending formal education after eighth grade was typical.

لەساڵی 1900، تەنها نیوەی منداڵە ئەمەریکییەکانی تەمەن پێنج بۆ 19 ساڵ، لەخوێندنگە تۆمارکراون. تەواوکردنی خوێندن پاش پۆلی هەشتەم، شتێکی نمونەیی بووە.

An eighth of 32 is 4.

هەشتەیەکی 32 چوارە.

[411] The ninth letter of the English alphabet is I.

نۆیەم پیتی ئەبجەدی ئینگلیزی، Iیە.

[412] Fourthly, and last you have to wash your teeth twice a day.

چوارەم و کۆتایی، پێویستە رۆژانە دوجار ددانەکانت بشۆیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**volume (ڤۆلیووم) قەبارە لەگەڵ ئاستی دەنگ**[414]

.154 **outsider چیە؟ واتە بێگانە**[415]

**outside (ئاوتساید) دەرەوە**[416]**، twinیش دوانە**[417]

.155 **bitch سکاڵایە، قەحبەو سەگی مێ**[418]

---

[413] I bought a colorful dress for my partner.

عەزییەکی رەنگاوڕەنگم بۆ هاوژینەکەم کڕی.

[414] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڤاالیووم گۆیدەکەن.

Which of these bottles do you think has the greater volume?

پێتوایە کام لەم بوتڵانە قەبارەی گەورەترە (لەوانی تر)؟.

Could you turn the volume down, please, I'm trying to sleep.

تکایە دەتوانیت ئاستی دەنگەکە نزم بکەیت (کزی بکەیت)، من دەمەوێت بخەوم.

[415]ئاوتسایدە"ر"

I'm an outsider, the only foreign woman in the group.

من بێگانەیەکم. تەنها خانمی بیانیم لەناو گرووپەکە.

[416] "When there is love in your heart, everything outside of you also becomes lovable." — Veeresh

کاتێك دڵت خۆشەویستی تێدا بوو، هەموو شتێکی دەرەوەت خۆشەویست دەبن لەلات.

[417]توین. واتە چۆن دەنوسرێت ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

In China, identical twin sisters who married identical twin brothers are getting plastic surgery so no one gets confused.

لە چین ئەو خوشکە دوانە زۆر لێکچووانەی شوو بە برا دوانە زۆر لێکچووەکان دەکەن، نەشتەرگەری جوانکاری ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی هیچ یەکێکیان لێیان تێك نەچێت و کافرسانی رونەدات!!!



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**carry هەیەتی لەگەڵ هەڵدەگرێ**[419]

[.156] **thirtieth (ثێیتیەث) سییەم و یەك لەسەر سییە**[420]

**coconut (کەوکنەەت) بەمانای گوێزی هندییە**[421]

[.157] **tour (توە) مانای گەشت**[422]**، tourist (توەریست) گەشتیارە**[423]

---

[418]بیچ. بەمانای سکاڵاو قەحبەو سەگی مێ دێت. سەگی مێ= دەڵەسەگ

The residents are always having a bitch about their landlord.

دانیشتوانەکە هەمیشە سکاڵایان هەیە سەبارەت بە خاوەنی شوێنەکە.

The brutal man called his wife a bitch.

پیاوە دڕندەکە ژنەکەی بە قەحبە ناوبرد.

The bitch loves her owner so much.

دەڵەسەگەکە خاوەنەکەی زۆر خۆشدەوێت.

[419] کاری. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کێری گۆیدەکەن. فەرمانەو بەمانای هەیەتی "have"و هەڵدەگرێش دێت.

Our cars carry a twelve-month guarantee.

ئۆتۆمبێلەکانمان گەرەنتییەکی دوانزە مانگییان هەیە.

Lincoln suffered depression and avoided carrying knives, fearing he would use it on himself.

ئەبراهام لینکۆڵن، نەخۆشی خەمۆکی هەبووەو نەیوێراوە چەقۆ هەڵبگرێت چونکە ترسی ئەوەی هەبووە بیدا لەخۆی.

[420] He obtained thirtieth place of the school.

ئەو پلەی سییەمی فوتابخانەکەی بەدەستهێنا.

A thirtieth of 30 is one.

یەك لەسەر سیی 30 دەکاتە یەك.

[421] Falling coconuts kill 150 people every year – 10 times the number of people killed by sharks.

هەموو ساڵێك کەوتنەخوارەوەی گوێزی هندی 150 کەس دەکوژێت، ئەمەش 10 ئەوەندەی ئەو کەسانەیە کە لەلایەن قرشەوە دەکوژرێن.

[422] بە "تۆو"ر""یش دەخوێنرێتەوە.

A bus took us on a sightseeing tour of the city.

پاسێك ئێمەی برد بۆ گەشتێکی دیمەنبینینی شارەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**happy (هەپی) بەختەوەر[424]، sad (ساد) خەفەتبارە[425]**

[158]. **T-shirt كراسە بەڵام شێوە تی[426]**

**former پێشووە[427]، formalیش رەسمی[428]**

[159]. **story (ستۆری) چیرۆك[429]، storey (ستۆری) نهۆم[430]**

---

[423] به "تۆوریست"یش گۆدەکرێت.

In 2013, more than 800000 international tourists visited ira despite the fact that it was a war zone.

لەساڵی 2013، سەرباری ئەوەی عیراق ناوچەیەکی شەڕ بووە، زیاتر لە 800 هەزار گەشتیاری نێودەوڵەتی سەردانی ئەم وڵاتەیان کردووە.

[424] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاپی گۆیدەکەن.

She looks so happy.

ئەو زۆر بەختەوەر دیارە.

[425] I'm so sad.

من زۆر خەفەتبارم.

[426] تیشێێت. کراسی شێوە پیتی T واتە تیشێرت.

Wearing a white T-shirt with a large letter "T" on the front is scientifically proven to make you 10% more attractive to women.

زانست سەلماندویەتی لەبەرکردنی تیشێرتی سپی کە دیوی پێشەوەی حەرفی T لەسەر بێت، لەلایەن پیاوانەوە، پیاوەکە بەڕێژەی لەسەدا 10 زیاتر سەرنجڕاکێش دەکات لەلای خانمان.

[427]فۆرمە"ر"

Half of all women who die from homicide are killed by their current or former husbands or partners.

نیوەی هەموو ئەو ژنانەی بەهۆی تاوانی کوشتنەوە، گیان لەدەست دەدەن، بەدەستی مێرد یان هاوژینی ئێستا یان پێشویانەوە، دەکوژرێن.

[428] فۆوٚمڵ

George Washington had no formal education.

جۆرج واشنتن، یەکەم سەرۆکی ئەمەریکا، هیچ خوێندنێکی رەسمی نەخوێندووە.

[429] Every love story is beautiful but ours is my favorite.

هەموو چیرۆکێکی خۆشەویستی جوانە بەڵام ئەوەی خۆمان دڵخوازی منە!!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**floor (فلۆۆ) هەر نهۆم[431]، ass (ئاس) بەمانای کۆم[432]**

**[160]. animal (ئانیمڵ) گیاندار[433]، human (هیوومەن) ئینسانە[434]**

**novel (نۆۆڤڵ) بەمانای تازەو رۆمانە[435]**

---

430 هەردوو وشەکەی ئەم نیوە بەیتە هەمان خوێندنەوەیان هەیە. بەینی خۆمان بێ لەئینگلیزیی ئەمەریکیدا، story بەبێ بونی پیتی ئییەکەش بەمانای نهۆمیش دێت.

Their new house has four storeys.

خانووە تازەکەیان چوار نهۆمی هەیە. واتە چوار قاتە.

431 The Burj Khalifa is so tall that residents above the 80th floor have to wait 2 to 3 minutes longer to end Ramadan.

تاوەری خەلیفە کە لەشاری دوبەی ئیماراتە، هێندە بەرزە کە دانیشتوانی سەروو نهۆمی 80هەم پێویستە دوو تا سێ خولەك لەوانی تر زیاتر چاوەڕێ بکەن بۆ کۆتاییهێنان بە رەمەزان (واتە شکاندنی رۆژووەکەیان).

432 لەڕاستیدا ئەم وشەیە بازاڕییەو بەمانای قون دێت بەڵام من لەبەیتە شیعرەکەدا لەبەر تێکنەچونی زەوقی عام، تۆزێك ماکیاجم بۆ کردووەو زانستاندومەو کردم بە کۆم.

Remove your ass on my book.

قونت لابە لەسەر کتێبەکەم.

433 گیاندار بەمانای زیندەوەر (جگە لەمرۆڤ).

The Blue-ringed octopus is one of the world's most venomous marine animals: it can kill you in one bite, there is no antivenom.

جۆرێك هەشت پێ هەیە پێی دەووترێت هەشتپێی ئەڵقەشین. ئەمە یەکێکە لەژەهراوترین زیندەوەرە دەریاییەکان لەجیهانداو دەکرێ تەنها بە یەك پێوەدان بتکوژێت!. ئەم ژەهرە دەرمانی دژەژەهریشی نیە.

434 ئینسان= مرۆڤ

A kiss may ruin a human life.

ماچێك رەنگە ژیانی مرۆڤێك بڕوخێنێت.

Only female mosquitoes bite animals and humans.

مێشولە تەنها مێیینەکانیان بە گیاندارو مرۆڤەوە دەدەن نەك نێرەکانیان.

کەواتە رەنگە بتوانین بڵێین کە دەیناسوری راستەقینە مێینەی مێشولەیە نەك هی مرۆڤ!

What country did send the first human to outer space?

یەکەم مرۆڤ کە نێردراوە بۆ بۆشایی ئاسمان لەلایەن چ وڵاتێکەوە نێردراوە؟

(ئەمەریکا، یەکێتیی سۆڤیەت، چین، هندستان) یەکێتیی سۆڤیەت



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

161. **safe پارێزراوە، save رزگاردەکا**[436]

**مانای وشەی yet "تائێستا" و "هێشتا"**[437]

162. **lie (لای) درۆدەکا، هەمیش درۆیە**[438]

**coal (کەوڵ) خەڵوزە**[439]**، ember (ئێمبە) پشکۆیە**[440]

---

435 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ناڤل گۆیدەکەن.

I have a novel idea for the work.

بیرۆکەیەکی تازەم هەیە بۆ کارەکە.

French author Michel Thaler published a 233 page novel which has no verbs.

نوسەری فەرەنسی، میشێل زالەر، ڕۆمانێکی 233 لاپەڕەیی بڵاوکردووەتەوە کە هیچ فەرمانێکی تێدا نیە.

436 سەیڤ و سەیف. دیارە کە ئەم دوو وشەیە لەیەکەوە وەرگیراون. پارێزراو بەمانای سەلامەت.

“A ship in harbor is safe, but that is not what ships are for.” –John A. Shedd

کەشتی لەبەندەردا سەلامەتە بەڵام بۆ ئەوە دروستنەکراوە. واتە بۆ مانەوە لەبەندەر دروستنەکراوە.

A stray dog named Rufus in Afghanistan saved 50 American soldiers. A Facebook group raised $21,000 to bring the dogs back to the US and reunite them with the soldiers.

سەگێکی پەرتەوازە بەناوی روفوس لەئەفغانستان ژیانی پەنجا سەربازی ئەمەریکی رزگارکرد. لەبەرامبەردا گروپێك لەفەیسبوك 21 هەزار دۆلاریان کۆکردوە بۆ گێڕانەوەی ئەو سەگە بۆ ئەمەریکا بۆ ئەوەی بەو سەربازە رزگارکراوانە شادبێتەوە.

437یت. بەمانای تائێستاو هێشتا دێت. هێشتا بەمانای "لەگەڵ ئەوەشدا، سەرباری ئەوەش".

I haven't spoken to her yet.

تائێستا قسەم بۆ نەکردووە.

Each of us is a lake of love, yet strangely enough, we are all thirsty.

هەر یەکێك لەئێمە دەریاچەیەکە لەخۆشەویستی، بەڵام سەیرە هێشتا بەشمان ناکات، هەمومان تینوین.

438 The closer you are to someone, the harder it is to lie to them.

تا زیاتر لەکەسێك نزیکبیتەوە، درۆکردن لەگەڵیا، قورستر دەبێت.

Telling the truth and making someone cry is better than telling a lie and making someone laugh.

بە وتنی راستی کەسێك بخەیتە گریان لەوە باشترە بەوتنی درۆیەك بیخەیتە پێکەنین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.163 hawk (هۆۆك) واته هەڵۆ[441]، sparrowhawk (سپارەوهۆوك) واشه[442]

grind (گرایند) هاڕینه[443]، millstone (میڵستەون) بەرداشه[444]

.164 grandpa باپیر[445]، grandma نەنه[446]

---

439 Wood, coal, oil, petrol and gas are all different kinds of fuel.

دار، خەڵوز، ڕۆن، نەوت و گاز، هەمویان جۆری جیاوازی سوتەمەنین.

440 ناوێکی بڕێردراوەو زۆربەی جار لەشێوەی کۆدا بەکاردەهێنرێت لەڕستەدا.

We sat by the embers of the fire.

لەتەنیشت پشکۆکانی ئاگرەکەوە دانیشتین.

441 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاك گۆیدەکەن.

Wild rabbits have a lot of predators: hawks, eagles, raccoons, foxes, etc…

کەروێشکی کێوی نێچیری ژمارەیەکی زۆر زیندەوەری دڕندەیە لەوانە: هەڵۆ، شاهۆ، ڕاکۆن، ڕێوی، هتد...

442 Most Sparrowhawks live for around four years.

زۆربەی واشەکان، نزیکەی چوار ساڵ دەژین.

443 The grind of wheat is an easy work.

هاڕینی گەنم کارێکی ئاسانه.

444 The millstone is very heavy, I can’t carry it.

بەرداشەکە زۆر قورشە، ناتوانم هەڵیبگرم.

445گرانپا. بە "گرامپا"ش دەخوێنرێتەوە. بەمانای باپیر دێت.

I love you, Grandpa.

باپیرە، من تۆم خۆشئەوێ.

Once a boy asked his grandpa a question while on the way back from school.

What is the difference between Wife and Girlfriend?

Grandpa thought for a minute and simplified the explanation like this:

Listen son, Wife is like a TV and Girlfriend is like a MOBILE.

At home you watch TV, but when you go out you take your MOBILE with you.

Sometimes you enjoy TV, but most of the time, you play with your MOBILE.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

TV is (as good as) free for life, but for the MOBILE, if you don't pay, the services will be terminated. You also cannot always rely on them because you always have to keep them charged.

TV is big, bulky and most of the time old and boring, but the MOBILE is cute, fashionable, portable and replaceable but can be *very expensive too!

Operational costs for TV is usually acceptable*but for the MOBILE, it is often *high and demanding and you can go broke.

They also waste a lot of your time and distract you from progress and beneficial matters and can land you into trouble.

TV has a remote but MOBILE doesn't.

Most importantly, MOBILE is a two-way communication (you talk and listen), but with the TV is one-way as you MUST only listen (whether you want to or not)!

Also MOBILES can be easily *hacked, broken, stolen or misplaced.

Last but not least!!! Yet TVs are superior because TVs don't have viruses and are reliable, but MOBILES often carry viruses and you can never trust them completely!

So be very careful son and better stick to TV only, if you want peace of mind and a good life.

جارێك كورێك لەكاتی گەڕانەوەیدا لەخوێندنگە، لەباپیری دەپرسێت: بابەگەورە، جیاوازی چیە لەنێوان ژن و كەپڵدا؟

باپیری بۆ ماوەیەك بیر دەكاتەوە بەمشێوەیە وەڵامەكەی بۆ ئاساندەكات:

گوێگرە رۆڵە، ژن وەك تەلەفزیۆن وایە، بەڵام كەپڵ وەك مۆبایل وایە.

كاتێك لەماڵەوەیت، سەیری تەلەفزیۆن دەكەیت، بەڵام كاتێك دەچیتە دەرەوە، مۆبایلەكەت لەگەڵ خۆت دەبەیت.

هەندێجار چێژ لەتەلەفزیۆن دەبینیت، بەڵام زۆربەی كات یاری بە مۆبایلەكەت دەكەیت.

باشییەكی تەلەفزیۆن ئەوەیە كە هەمیشە بێبەرامبەرە، بەڵام مۆبایل ئەگەر پارە نەدەیت، خزمەتگوزارییەكانی كۆتاییدێت. ناشتوانیت هەمیشە پشت بە مۆبایل ببەستیت چونكە پێویستی بە شەحنكردنەوە هەیە.

تیڤی گەورەو زلەو زۆربەی كات كۆن وماندوكەرە، بەڵام مۆبایل رۆحسوك و شیكەو دەتوانیت هەڵیبگریت و شوێنی بگۆڕیت بەڵام هاوكات دەكرێ زۆر گرانیش بێت.

بەگشتی تێچوی كاركردنی تیڤی زۆر نیە بەڵام هی مۆبایل زۆر جار گرانەو داوای زۆردەكات و دەكرێ توشی ئیفلاسبونت بكات و كاتێكی زۆریشت بەفیرۆدەدات و دورتدەخاتەوە لەپێشكەوتن و مەسەلەی بەسودو دەكرێ توشی كێشەشت بكات.

تیڤی تایبەتمەندی لەدورەوە كۆنترۆڵكردنی هەیە بەڵام مۆبایل نیەتی.

لەهەموی گرنگتر ئەوەیە كە مۆبایل ئامێرێكی دووڕێگە پەیوەندیكردنە (دەتوانیت قسە بكەیت و گوێبگریت) بەڵام تیڤی تەنها یەكرێگەیە. پێویستە تەنها گوێبگریت، جا بتەوێت یان نا.

مۆبایل دەتوانرێت بە ئاسانی هاكبكرێت، بشكێنرێت، بدزرێت یان لەشوێنی خۆی لا ببرێت.



بۆ كرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**udder (ئەدە) واتە گوان[447]، وشەی tick گەنە[448]**

**[165]. shrine (شراین) مەزارگە[449]، ماناى tomb (toom) گۆڕە[450]**

**corpse (کۆرپس) واتە تەرم[451]، francolin (فرانکەلین) پۆرە[452]**

---

سەرەنجام هێشتا تەلەفزیۆن  باشترە لە مۆبایل چونکە تەلەفزیۆن ڤایرۆس لێنادات و دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت. بەڵام مۆبایل زۆرجار ڤایرۆس لێیدەدات هەرگیز ناتوانیت بەتەواوەتی پشتی پێببەستیت.

لەبەرئەوە رۆڵە زۆر وریابە، ئەگەر ئارامیی مێشك و ژیانێکی باشت دەوێت، باشترە تەلەفزیۆنەکە بگریت و بەری نەدەیت.

[446]گرانما. بەماناى نەنە "داپیرە" دێت.

I'm going to visit my grandma on Sunday.

بەنیازم رۆژی یەکشەممە سەردانی داپیرەم بکەم.

I miss you, Grandma.

نەنە، بیرت دەکەم.

[447] Do mares have udders?

ئایا مایین گوانی هەیە؟

[448]تیك. مێرویەکی بچوکە دەلکێت بە پێستی زیندەوەرانی ترەوەو خوێنی دەمژێت.

5There about 850 tick species, some of which are capable of transmitting diseases.

850 جۆر گەنە هەیە، هەندێکیان دەتوانن نەخۆشی بگوازنەوە.

[449] Islam's most sacred shrine is at Mecca in Saudi Arabia.

پیرۆزترین مەزارگەی ئیسلام لەشاری مەککەیە لەسعودیە.

[450] ئەم وشەیە زیاتر بەماناى گۆڕی ناوداران دێت، بەڵام grave بەماناى گۆڕ دێت بە گشتی.

In 1981, a Turkish man shot Pope John Paul II four times but didn't kill him. After the Pope recovered, he visited the assassin in prison forgave him. The assassin was pardoned at the Pope's request and 33 years after his crime, he visited Vatican City and laid flowers on the Pope's tomb.

لەساڵی 1981 پیاوێکی تورك چوار گوللەی نا بە پاپا جۆن پاوڵی دووەم بەڵام پاپا نەمرد. پاش چاکبونەوەی، پاپا سەردانی بکوژەکەی کرد لەزیندان و لێیخۆش بوو و بەو شێوەیە لەسەر داوای پاپا ئازادکرا. پاش 33 ساڵ لەدوای ئەو تاوانە، پیاوەکە سەردانی ڤاتیکانی کردو چەپکەگوڵی لەسەر گۆڕی پاپا دانا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.166 **music (میووزیك) مۆسیقا[453]، مانای saz (ساز) سازه[454]**

**cute (کیووت) سەرنجڕاکێش[455]، coquetry (کۆکەتری) نازە[456]**

.167 **syrup (سیرەپ) شروبە، لەگەڵ شیلەیە[457]**

---

[451] زیاتر بەمانای تەرمی مرۆڤ دێت نەك هی زیندەوەرانی تر.

In 2005, A Chinese company used skin harvested from the corpses of executed convicts to develop beauty products for sale in Europe.

لەساڵی 2005، کۆمپانیایەکی چین، پێستی داماڵراو لەتەرمی کەسانی لەسێدارەدراوی بۆ دروستکردنی ماددەی جوانکاری بەکارهێنا تا لە ئەورووپا بیفرۆشێت.

[452] جۆرە پەلەوەرێکە.

I saw a pretty francolin.

پۆڕێکی جوانم بینی.

[453] When you're happy, you enjoy the music. But, when you're sad, you understand the lyrics.

کاتێك خۆشحاڵیت چێژ لەمۆسیقا دەبینیت بەڵام کاتێك خەمناکیت، لەهۆنراوەی گۆرانییەکە تێدەگەیت.

[454] واتە وەك خۆی دەخوێنرێتەوە. ساز ئامێرێکی مۆسیقایە.

I can’t play your saz.

ناتوانم سازەکەی تۆ لێبدەم.

[455] واتە مورادیفی attractiveە.

His baby is really cute.

مناڵەکەی زۆر سەرنجڕاکێشە.

[456] I like the way you laugh,” he said with a coquetry.

بە نازێکەوە وتی: حەزم لەشێوازی پێکەنینەکەتە.

[457] ئەگەر مولاحەزە بکەین شروبیش وەك شیلە لینجە بۆیە ئەمەت لەبیربێت بۆ ئەوەی لەبیرت نەچێتەوە کە ئەم وشەیە مانای شیلەش دەدات.

Don’t forget to buy cough syrup to my small brother.

کرینی شروبی کۆکەت بیرنەچێت بۆ برا بچوکەکەم.

Make the syrup by boiling 100 grams sugar in 300 ml water.

لەڕێگەی کوڵاندنی سەد گرام شەکر لەناو 300 میللیلیتر ئاو، شیلە دروستبکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**vodka (ڤۆدکە) ڤۆدگایە[458]، beer (بیە) بیرەیە[459]**

.168 **eggplant، aubergine واتە باینجان[460]**

**مانای camisole (کامیسەوڵ) ژێرکراسی ژنان[461]**

.169 **sprinkler چیە؟ واتە ئاوپرژێن[462]**

**waist کەمەرە[463]، waistband (وەیستباند) پش پشتێن[464]**

---

[458] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڤادکە گۆیدەکەن. ڤۆدکا خواردنەوەیەکی کھولی باوە لەڕوسیا.

last night I drank three glasses of vodka.

شەوی رابردوو سێ پەرداخ ڤۆدکام خواردەوە.

[459] Beer cans in Japan have braille on them so blind people don't confuse alcoholic drinks with soft drinks.

لە یابان، قوتوی بیرە بەشێوازی برایڵ لەسەریان نوسراوە بۆ ئەوەی کەسانی نابینا لەخواردنەوە نەرمەکانی تر، جیایان بکەنەوە.

[460] ئێگپلانت، ئەوبەژین. وشەی یەکەمیان لەهەردوو وشەی egg "هێلکە"و plant "رووەك" پێکدێت واتە مانای حەرفییەکەی رووەکی هێلکەیە. بۆیە ئەم ناوەی لێنراوە چونکە باینجانی ساوا لەهێلکە دەچێت.

Eggplant has been cultivated in southern and eastern Asia since prehistory.

لەسەردەمی پێش تۆمارکردنی مێژووەوە، باینجان لەباشورو خۆرهەڵاتی ئاسیادا چێنراوە.

Aubergines like heat; an average temperature of 20-25 degrees is ideal.

باینجان حەزی لەگەرمییە. تێکڕا پلەی گەرمی 20 تا 25 پلەیەکی نمونەییە (بۆ ئەم رووەکە).

[461] Men don’t know to buy camisoles for their wives.

پیاوان نازانن ژێرکراسی ژنان بۆ ژنەکانیان بکڕن.

[462] سپرینکڵە"ر". ئاوپرژێن واتە ئەو ئامێرەی کە لەناو باخ و هاوشێوەکانیدا دەسوڕێتەوەو ئاو دەپرژێنێت.

I have to buy a sprinkler to my garden.

پێویستە ئاوپرژێنێك بۆ باخچەکەم بکڕم.

[463] وەیست. کەمەر = ناوقەد

She has an attractive waist.

ئەو کەمەرێکی سەرنجڕاکێشی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.170** **optician** **چیە؟ چاویلکەسازە**[465]

**homosexual** **(هەومەسێکشوەڵ) هاوڕەگەزبازە**[466]

**.171** **appliance** **(ئەپلایەنس)، gadget (گاجیت) هەردوو ئامێرە**[467]

**telescope** **دوربین، هینی ئەستێرە**[468]

**.172** **garden** **(گاادن) باخچەیە، gardener (گاادنە) باخەوان**[469]

---

[464] Your waistband is loose.

پشتێنەکەت شلە.

[465]ئۆپتیشن. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاپتیشن گۆیدەکەن.

Her youngest daughter is an optician.

کچە بچوکەکەی چاویلکەسازە.

[466] In Aztec cities, chewing gum in public identified a married or widowed woman as a prostitute and a man as a homosexual.

لەشارەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەزتیکدا، جوینی بنێشت لەشوێنی گشتی بۆ ژن و بێوەژن نیشانەی ئەوە بوو کە ئەو کەسە سۆزانییە، بۆ پیاویش نیشانەی ئەوە بوو کە هاوڕەگەزبازە.

[467] هەردوکیان بەمانای ئامێر دێن، بەڵام گاجیت زیاتر بەمانای ئامێرێك دێت کە بچوك بێت نەك گەورە.

Don't plug in an electrical appliance with wet hands.

بە دەستی تەڕ ئامێری کارەبایی مەکە بە پلاکی کارەباوە.

Have you seen this handy little gadget? It's for separating egg yolks from whites.

تۆ ئەم ئامێرە بچوکە دەستییەت بینیوە؟. ئەوە زەردێنەی هێلکە لەسپێنەکەی جیادەکاتەوە.

[468] تێلیسکەوپ. دوربینی ئەستێرە نەك هی زەوی و جەنگ. دوربینی ئەستێرە ناوەکەی وایە، ئەگینا بۆ هەسارەو تەنە ئاسمانییەکانی تریش دەبێت.

The scientist bought a new telescope.

زاناکە تەلیسکۆپێکی نوێی کڕی.

[469] The children were playing in the garden.

مناڵەکان لەباخچەکەدا یارییان دەکرد.

My father is a gardener.

باوکم باخەوانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**door (دۆ) واتە دەرگا**[470]**، doorman (دۆمەن) دەرگاوان**[471]

[.173] **وشەی reporter (ریپۆتە) واتە پەیامنێر**[472]

**supervisor (سووپەڤایزە"ر")ە بەمانای چاودێر**[473]

[.174] **officer (ئۆفیسە) کارمەند، هەمیش ئەفسەرە**[474]

**وشەی forecaster (فۆکاستە) پێشبینیکەرە**[475]

[.175] **yarmulke (یامولکە) واتە کڵاوی جولەکە**[476]

---

470 The average citizen of Liechtenstein doesn't even lock its door because crime in the country is so low.

بەگشتی هاولاتیانی لیخنشتاین، دەرگای ماڵەکانیان قوفڵ ناکەن چونکە ریژەی تاوان لەم وڵاتەدا ئێجگار نزمە.

471 A doorman stopped him and asked him what he wanted.

دەرگاوانێك وەستاندی و پرسیاری لێکرد کە چی دەوێ.

472 TV and newspaper reporters camped outside the hospital.

پەیامنێرانی تەلەفزیۆن و رۆژنامەکان، لەدەرەوەی نەخۆشخانەکە خێمەیان هەڵدا.

473 I am a supervisor of a company security department.

من چاودێری بەشی ئاسایسی کۆمپیانیایەکم.

474 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئافیسە"ر" گۆیدەکەن.

He is a main officer pf the company.

ئەو کارمەندێکی سەرەکیی کۆمپانیاکەیە.

When Picasso was interrogated by an SS officer about his painting Guernica, “Did you do that?” Picasso replied, “No, you did.”

کاتێك پیکاسۆ لەسەر تابلۆی گەرنیکا لەلایەن ئەفسەرێکی هێزەکانی ئەڵمانیاوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کراو پرسیاری لێکرا: ئەمە تۆ کردوتە؟ پیکاسۆ لەوەڵامدا وتی: نەخێر، تۆ کردووتە.

475 She is an attractive weather forecaster.

ئەو پێشبینیکەرێکی سەرنجراکێشی کەشو هەوایە.

476 جۆرە کڵاوێکی تایبەتە کە جولەکەکان لەسەری دەکەن.

He wore his yarmulke and went to the temple.

کڵاوەکەی لەسەر کردو رۆشت بۆ پەرستگاکە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**jack (جاك) پیاوو پارە، دەدزێ، هەم جەكە**[477]

176. **fountain (فاونتین) كانی، لەگەڵ فوارە**[478]

**bridle path (برایدڵ پاث) مانای، ڕێچكەی سوارە**[479]

177. **hike (هایك) گەشتدەكا**[480]**، ئاری خەیتە سەر**

**دەبێتە گەشتیار بەبێ دەردی سەر**[481]

---

477 واتە چوار لەماناكانی ئەو وشەیە پیاوو پارەو دەدزێ و جەكن.

Hi jack, what are you doing here?

سڵاو ئەی پیاو، چی دەكەیت لێرە؟

Jack is important for happiness.

پارە بۆ بەختەوەری گرنگە.

Somebody have jacked my bike.

كەسێك پاسكیلەكەمی دزیوە.

The mechanic uses the jack to raise the car.

فیتەر جەك بەكاردەهێنێت بۆ بەرزكردنەوەی ئۆتۆمبێل.

478 There are many fountains in the village.

گوندەكە ژمارەیەكی زۆر كانی تێدایە.

About 3,000 Euros are thrown into the Trevi fountain, in Italy, each day.

لە ئیتاڵیا فوارەیەكی بەناوبانگ هەیە بەناوی تریڤی. ڕۆژانە نزیكەی سێ هەزار یۆرۆ هەڵدەدرێتە ناویەوە.

479 ئەو ڕێگە باریكەی ئەسپسوارو هاوشێوەكانی پێدا دەڕوات.

The bridle path is very horrible.

ڕێچكەی سوارەكە زۆر ترسناكە.

480 گەشتی درێژو بەپێ لەگوندو شاخ و هتد....

We plan to hike to the mountain.

پلان دادەنێین كە گەشت بكەین بۆ شاخەكە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.178 curdle (کێیدڵ) مەیینە، بەڵام بە فەرمان[482]

premier (پرێمیە) بێست و سەرۆك وەزیران[483]

.179 angler ماسیگر بەڵام بە قولاپ[484]

bid واتە هەوڵ[485]، lid پێڵوو و سەرقاپ[486]

---

[481]واتە ئەو شەیە ئەگەر پیتی r ی بخەیتە سەر، دەبێتە hiker کە بەمانای گەشتیار دێت.

On the top, we saw three other hikers.

لەسەر لوتکەکە، سێ گەشتیاری ترمان بینی.

[482] واتە ئەو وشەیە بەمانای "دەمەێت" دێت کە فەرمانە نەك بەمانای "مەیین" کە ناوە.

Milk may curdle in warm weather.

دەکرێ شیر لەکەشوهەوای گەرمدا، بمەیەت.

[483] دوان لەماناکانی ئەم وشەیە بسێت "best= باشترین"و سەرۆك وەزیرانن. واتە موورادیفی prime ministerو best.

He's one of the school's premier teachers.

ئەو یەکێکە لەباشترین مامۆستاکانی قوتابخانەکە.

Former premier of Vietnam Nguyen Cao Ty moved to Orange County, California after the war, where he opened and ran a liquor store.

سەرۆك وەزیرانی پێشوتری ڤێتنام، نگوین کاو تای، پاش کۆتاییهاتنی جەنگی ڤێتنام باریکرد بۆ هەرێمی ئۆرینج لەویلایەتی کالیفۆرنیاو لەوێ دوکانێکی خواردنەوە کحولییەکانی کردەوە.

[484] ئانگلە"ر". کەسێك کە بە قولاپ ماسی دەگرێت بەڵام fisherman "فیشەمەن" ماسیگرە بەگشتی.

My young brother is a skillful angler.

برا بچوکەکەم ماسیگرێکی "بە قولاپ"ی لێهاتووە.

[485]بید. واتە موورادیفی attemptە.

In a bid to encourage Pandas to mate, Chinese scientists have experimented with "panda porn", explicit videos of pandas mating.

لەهەوڵێکدا بۆ هاندانی پاندا (ورچی چینی) بۆ جوتبون، زانایانی چین پۆرنی پاندایان تاقیکردووەتەوە کە بریتییە لەدیمەنی ڤیدۆی سێسکردنی روتی پاندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.180** **reform ریفۆرمە واتە چاکسازی**[487]

**philanthropic (فیلەنثرۆپیك) مانای خێرخوازی**[488]

**.181** **effort، endeavor، attempt هەوڵە**[489]

---

486 لید. بەمانای پێڵووی چاو "eyelid"و سەرقاپی دەفرو مەنجەڵ و هتد... دێت. سەرنج بدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە لەسەر یەك وەزنن، هەم لەڕوی دەنگەوە، هەم لەڕوی پێکهاتەی پیتەکانیانەوە.

Camels have three lids to protect their eyes from sand.

حوشتر سێ پێڵووی چاوی هەیە بۆ پاراستنی چاوەکانی لەلم.

Where is the lid of this saucepan.

سەرقاپی ئەم مەنجەڵە دەسکدارە لەکوێیە؟

487 ریفۆرم. وەك ناو بەدولا مەست و حەیرانە واتە دەتوانرێت وەك بژێردراوو نەبژێردراویش لەڕستەدا بەکاربهێنرێت.

Some reforms of the system are necessary.

هەندێك چاکسازی لەسیستمەکەدا پێویستە.

The education system is thirsty for reform.

سیستمی پەروەردە تینوی چاکسازییە.

488 They receive financial support from philanthropic bodies

ئەوان کۆمەکی دارایی کۆمەڵە خێرخوازییەکان وەردەگرن.

489 ئێفەت، ئیندێڤە"ر"، ئەتێمپت. هەرسێکیان بەمانای هەوڵ واتە محاوەلە دێن.

“The only thing in life achieved without effort is failure.”- Unknown

تەنها شتێك لەژیاندا کە بەبێ هەوڵ بەدەستدێت، شکستە.

Despite our best endeavours, we couldn’t start the car.

سەرباری باشترین هەوڵەکانمان، نەمانتوانی ئۆتۆمبێلەکە کار پێبێکەین.

In 2015 it was reported that a Nigerian woman had filed for divorce after only one week of marriage because she couldn’t handle the size of her husband’s penis. After their first unsuccessful attempt to consummate the marriage, she took medication given to her by her mother. It didn’t work, and “the experience was a nightmare,” the woman said.

لەساڵی 2015 ژنێك لە نایجیریا، پاش تەنها هەفتەیەك لەهاوسەرگیرییەکەی، داوای یاسایی بۆ جیابونەوەی لەمێردەکەی بەرزکردەوە، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە نەیتوانی بەرگەی چوکە گەورەکەی مێردەکەی بگرێت. ئەم ژن و مێردە پاش یەکەم هەوڵی



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

soar بەرزەبێتۆ[490]، بەبێ "ئێس" سەوڵە[491]

.182 stroll (سترِۆوڵ) پیاسەیە بەناوو فەرمان[492]

unmistakably (ئەنمیستەیکەبڵی) واتە بێگومان[493]

.183 clod (کلۆد) کڵۆ قوڕ، هەروەها گێلە[494]

hotel (هەوتێل) ئوتێل[495] و motel (مەوتێل) مۆتێلە[496]

---

سەرنەکەوتویان بۆ بون بە بوك و زاوا، ژنەکە لەلایەن دایکییەوە دەرمانی وەرگرت، بەڵام ئەوش سودی نەبوو و ژنەکە دەڵێت ئەزمونەکەی وەك مۆتەکە ترسناك بووە.

[490] سۆو"ر". بەرزەبێتۆ= بەرزدەبێتەوە. راستە وشەی "بەرزەبێتۆ" زیاتر شێوە قسەکردنی جلفیە نەك ئەدەبی بەڵام لەبەر هاوسەنگڕاگرتنی کێشی بەیتە شیعرەکە ناچاربوم وا بنوسم.

Car prices have soared.

نرخی سەیارە بەرزبووەتەوە.

[491] واتە ئەگەر پیتی s لە soar بکەینەوە، دەبێتە oar "ئۆو" کە بەمانای سەوڵ دێت.

The oars is very heavy, I can’t move them.

کەوڵەکان زۆر قورسن، ناتوانم بیانجوڵێنم.

[492] پیاسە بەناوو فەرمان واتە وەك ناو بەمانای "پیاسە"و وەك فەرمان بەمانای "پیاسەدەکات" دێت.

After dinner, we went for a short stroll.

پاش نانی ئێوارە، رۆشتین بۆ پیاسەیەکی کورت.

They strolled along the beach .

ئەوان بەدرێژایی کەنار دەریاکە، پیاسەیان کرد.

[493] His continuous advances to her unmistakably, represent love.

نزیکبونەوە بەردەوامەکانی لەو، بێگومان بەڵگەی خۆشەویستییە.

[494] لەشێوەزاری ئەمریکیدا بە کلاد دەخوێنرێتەوە.

A large clod made a problem to our walking.

کڵۆقوڕێکی گەورە، کێشەی دروستکرد بۆ بەپێ رۆیشتنمان.

You're an insensitive clod and I hope you fall and break your neck

تۆ گێلێکی بێهەستیت و هیوادارم بکەویت و ملت بشکێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.184 umpire، referee هەردوو حەکەمە[497]

little بچوکە، هەروەها کەمە[498]

.185 goal (گەوڵ) مانای گۆڵ[499]، goalie (گەوڵی) گۆڵپارێز[500]

---

495 ئوتێل= میوانخانە.

The Durian fruit, known as the world's smelliest fruit, is so stinky that in parts of Asia is not allowed to be taken on buses or into hotels.

میوەیەك هەیە پێی دەووترێت دوریان. بۆگەنترین میوەیە لەجیهاندا، بۆنی ئەم میوەیە هێندە ناخۆشە کە لەهەندێك بەشی قارەی ئاسیا، رێنادرێت ببرێتە ناو پاس یان ئۆتێلەوە.

496 مۆتێل= میوانخانەی سادەو سەرەڕێ. ئەم وشەیە لەئەمەریکا motor innو motor lodge یشی پێدەووێترێت.

Karzan then took me to a motel.

کارزان، دواتر بردمی بۆ مۆتێلێك.

497 ئەمپایە"ر"، ریفەری. مەبەستم لەحەکەم ناوبژیوانی یارییە.

The umpire gave the player a warning.

ناوبژیوانەکە ئاگادارکردنەوەیەکی دا بە یاریزانەکە.

We only lost the game because the referee was biased.

ئێمە تەنها لەبەرئەوەی ناوبژیوانەکە لایەندار بوو، یارییەکەمان دۆڕاند.

498 لیتڵ. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا پیتی tیەکە وەك مەیلەو "د" گۆدەکەن و دەفەرمون: لیدڵ.

Her little boy isn't well.

کوڕە بچوکەکەی باش نیە.

Death can not stop true love, it can only delay it for a little while.

مەرگ ناتوانێت عیشقی ڕاستەقینە ڕابگرێت، بەڵکو دەتوانێت تەنها بۆ ماوەیەکی کەم دوایبخات.

499 He scored two goals in the second half .

لەنیوەی دووەمی یارییەکەدا دوو گۆڵی کرد.

A total of over 2,700 goals have been scored in games at the Men's 22 final tournaments of the FIFA World Cup, not counting penalties scored during shoot-outs.

کۆی سەرجەم ئەو گۆڵانەی لەگشت مۆندیالەکان تومارکراون کە تا ئێستا ٢٢ مۆندیالە، زیاتر لەدوو هەزارو ٧٠٠ گۆڵی ناسکە، بەڵام ئەم ژمارەیە گۆڵەکانی لێدانی یەکلاکەرەوە ناگرێتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**goal (گەوڵ) ئامانجیش[501]، regard (ریگاد) واتە ڕێز[502]**

[.186] **uproot (ئەپرووت) بەمانای لەڕەگدەرهێنان**

**بەڵام بەناو نا، بەڵکو بە فەرمان[503]**

[.187] **وشەی whit و jot واتە تۆزقاڵێ[504]**

**yearly ساڵانەو یەکجار لەساڵێ[505]**

---

[500] ئەم وشەیە نارەسمییەو رەسمییەکەی goalkeeperە. گۆڵپارێز= گۆڵچی.

For a goalkeeper, it's a great advantage to have big hands.

بەنیسبەت گۆڵچییەوە، بونی دەستی گەورە، تایبەتمەندییەکی نایابە.

[501] Hamafaraj's goal is to change his name to Pavel.

ئامانجی حەمەفەرەج بریتییە لەگۆڕینی ناوەکەی بۆ پاڤێل "سەیری ئەو ئامانجە رۆمانسییە!!!".

[502] He has no regard for other people's feelings.

ئەو هیچ ڕێزێکی نیە بۆ هەستەکانی خەڵك.

[503] واتە فەرمانەو بەمانای "لەڕەگ دەردەهێنێت" دێت نەك بەمانای "لەڕەگ دەرهێنان".

The elephant's trunk is powerful enough to uproot trees

لوتی فیل هێندە بەهێزە کە درەخت لەڕەگ دەردەهێنێت.

[504] ویت، جۆت. بەنیسبەت وشەی jotەوە، برادەرانی ئەمەریکا بە جات گۆیدەکەن.

تۆزقاڵێ= برێکی زۆر کەم.

I care not a whit for your inane excuses.

من تۆزقاڵێك گوێنادەم بە بیانووە پڕوپوچەکانت. واتە هیچ گوێی پێنادەم.

Don't listen to her! There's not a jot of truth.

گوێی بۆ مەگرە، تۆزقاڵێك ڕاستی تیا نیە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.188 trick (تريك) واته فێڵ[506]، track (تراك) ڕێگایه[507]**

**tricky (تریکی) فێڵبازه[508]، court (کۆوت) یاریگایه[509]**

**.189 کەسێك green (گریین) بێ، نەشارەزایە[510]**

**fortification (فۆوتیفیکەیشن) مانای قەڵایە[511]**

**.190 talk (تۆوك) قسەدەکا، chalk (چۆوك)یش تەباشیر[512]**

---

505 ییەلی. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە یرلی گۆیدەکەن. ئەم وشەیە دوو مانای هەیە. 1. ساڵانە بەمانای هەموو ساڵێك. 2.یەکجار لەساڵێ= ساڵی یەکجار، ساڵانە.

Americans spend more money on pets yearly than Germany spends on its entire defense budget.

ئەو پارەیەی ئەمەریکییەکان ساڵانە (هەموو ساڵێك) لەزیندەوەری ماڵیدا خەرجیدەکەن، لەکۆی تەواوی بودجەی وەزارەتی بەرگری ئەڵمانیا زیاترە.

The money is distributed yearly.

پارەکە ساڵانە (ساڵی یەکجار) دابەشدەکرێت.

506 .I wasn't really ill - it was just a trick .

بەڕاستی نەخۆش نەبوم، تەنها فێڵێك بوو.

507 زیاتر بەمانای ڕێگای ناسەرەکی دێت.

Follow the track to the farm .

بەو ڕێگایەدا بڕۆ کە دەڕوات بۆ کێڵگەکە.

508 He is  a tricky dealer.

ئەو بازرگانێکی فێڵبازە.

509 I'll meet you at the court.

لەیاریگاکە دەتبینم.

510  I was green when I joined the company .

کاتێك پەیوەندیم کرد بە کۆمپانیاکەوە نەشارەزا بوم. بەکوردییەکەی خۆمان واتە باڕ یان قاز بووم!!!

511  Some of the old fortifications still exist.

تائێستاش هەندێ قەڵای کۆن، ماون.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

minister (مینیستە) قەشە، هەروەها وەزیر[513]

.191 illumination مانای روناکی[514]

وشەی carelessness واتە بێباکی[515]

.192 recess پشووە، تاقی ناو دیوار[516]

---

[512] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا ئەم دوو وشەیە بە تاڵ و چاك گۆدەکەن.

ئەم دوو وشەیە لەڕوی خوێندنەوەوە یەك وەزنیان هەیە بۆیە خستمنە تەنیشت یەکەوە.

We were just talking about the salary's new system.

ئێمە تەنها قسەمان دەربارەی سیستەمە نوێکەی موچە دەکرد..

He picked up a piece of chalk and wrote the answer on the blackboard.

ئەو پارچەیەك تەباشیری هەڵگرت و وەڵامەکەی لەسەر تەختەڕەشەکە نوسی.

[513] I asked the minister to pray with me.

داوام لەقەشەکە کرد، دوعام بۆ بکات.

The minister dodged questions about his relationship with the actress.

وەزیر خۆی لەپرسیارەکانی پەیوەند بە بونی پەیوەندی لەگەڵ خانمەئەکتەرەکە، لادا.

[514]ئیلوومینەیشن. هاومانای light.

The only illumination was from a skylight.

تەنها روناکی کە هەبوو هی کلاورۆژنەیەك بوو.

[515]کێیەلەسنێس. بێباکی بەمانای ئیهمالی و گوێپێنەدان.

His careless in the work has bothered me so much.

بێباکییەکەی لەکاردا، منی زۆر بێزارکردووە.

[516] ریسێس. بەمانای پشوو "ی پەرلەمان و خوێندن و کارە سەرمییەکانی تر"و تاقی ناو دیوار دێت. تاقی ناو دیوار ئاگری تێدا دەکرێتەوە یان کتێب و شتی تێدا دادەنرێت یان دەشاردرێتەوە.

Congress returns from its August recess next week.

هەفتەی داهاتوو کۆنگرێس لەپشووی مانگی ئابی دەگەڕێتەوە.

He pointed his flashlight into the dark recesses of the cave.

لایتە دەستییەکەی گرتە حەشارگە تاریکەکانی ئەشکەوتەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

**accountant (ئەکاونتنت)ە مانای ژمێریار**[517]

[.193] **slump (سلەمپ) دابەزین، بەڵام هی نرخە**[518]

**gem (جێم)و gemstone (جێمستەون) بەردی بەنرخە**[519]

[.194] **hound (هاوند) سەگ بە عام، هەم سەگی راوە**[520]

**archaic (ئاکەییك) نەعتە، باوی نەماوە**[521]

[.195] **spice (سپایس) بەهارات**[522]**، spicy (سپایسی) واتە تون**[523]

---

517 ژمێریار = موحاسیب

My sister is a skillful accountant.

خوشکەکەم ژمێریارێکی لێهاتووە.

518 دابەزینی نرخی کەلوپەل و هتد..

There's a slump in the price of old cars.

دابەزینێك هەیە لەنرخی ئۆتۆمبێلی کۆن.

519 بێگومان لەڕوی ڕێزمانی کوردییەوە دەبوو کۆتایی ئەم نیوە بەیتە "بەردی بەنرخن" بوایە نەك "بەردی بەنرخە"، بەڵام لەبەر لاسەنگ نەبونی وەزنی شیعرەکە وام نەنوسی.

The necklace was studded with diamonds, rubies, and other gems.

ملوانکەکە بە ئەڵماس، یاقوت و بەردی بەنرخی تر رازێنرابویەوە.

The gemstone is very expensive.

بەردی بەنرخ زۆر گرانە.

520 ئەم وشەیە هەم بەمانای سەگ بەگشتی دێت "dog"، هەم بەمانای سەگی راو.

The hound is more faithful than the human.

سەگ لەمرۆڤ بەوەفاترە.

The hound caught the rabbit.

سەگی راوەکە کەروێشکەکەی گرت.

521 نەعت (ئاوەڵناو)ە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە باوی نەمابێت واتە زۆر کۆن بێت.

It’s an archaic law.

ئەوە یاسایەکی باونەماوە واتە زۆر کۆنە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**vanity (ڤانەتی)و conceit (کەنسییت) لەخۆباییبون**[524]

[196] **merry (مێری)، هەم happy (هاپی) هەردوو دڵخۆشە**[525]

**neat (نییت) لەگەڵ natty (ناتی) مانای شیکپۆشە**[526]

[197] **wing (وینگ) بەمانای باڵ**[527]**، بێ ئێن باڕۆکە**[528]

---

[522] Ginger is a kind of spices.

زەنجەبیل جۆرێکە لەبەهارات.

[523] Do you like spicy food?

ئایا تۆ حەزت لەخواردنی تون هەیە؟

[524] لەخۆباییبون= غرور

I hate your vanity so much.

من زۆر رقم لە لەخۆباییبونەکەتە.

The conceit of that man is incredible!

لەخۆباییبونی ئەو پیاوە نامەعقولە.

[525] لەم مانایەدا هاومانان.

She's a merry boy.

ئەو کوڕێکی دڵخۆشە.

If there's anything you don't understand, I'll be happy to explain.

ئەگەر شتێك هەیە تێیناگەیت، دڵخۆش دەبم رونیبکەمەوە.

[526] He always looks very neat and tidy.

ئەو هەمیشە شیکپۆش و رێکوپێك دەردەکەوێت.

She’s a natty employee.

ئەو کارمەندێکی شیکپۆشە.

[527] An albatross can fly over 600 miles without flapping it's wings.

ئەلبەترۆس دەتوانێت بۆ ماوەی زیاتر لە 965 کیلۆمەتر بفڕێت بەبێ ئەوەی باڵەکانی بشەکێنێ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**chief (چییف) سەرەکییە، هەمیش سەرۆکە**[529]

**[198]. ajar (ئەجا) بەمانای نیمچەکراوە**[530]

**blue (بلوو) دەریاو قۆڕ**[531]**، bluish (بلووش) شینباوە**[532]

**[199]. word (وێید) دادەڕێژێ، هەواڵ، بەڵێنە**[533]

---

[528]واتە ئەگەر وشەی wing پیتی nەکەی لێبکەیتەوە، دەبێتە wig کە بەمانای باڕۆکە دێت. مەبەستم لەباڕۆکە لێرەدا قژی باڕۆکەیە نەك کەپڵی کەڵەشێر!!!

In Britain, judges wear white wigs in court.

لەکاتی دادگاییکردندا لەبریتانیا، دادوەرەکان باڕۆکەی سپی لەسەردەکەن.

[529] وەك ئاوەڵناو بەمانای سەرەکی و وەك ناو بەمانای سەرۆك، دێت.

Coffee and rice are the country's chief exports.

قاوەو برنج هەناردەی سەرەکیی وڵاتەکەن.

A new chief of the group has been appointed.

سەرۆکێکی نوێ بۆ گرووپەکە دامەزرێنراوە.

[530] We left the door ajar so that we could hear what they were saying.

دەرگاکەمان بە نیمچەکراوەیی جێهێشت بۆ ئەوەی بتوانین ئەوە ببیستین کە ئەوان دەیانوت.

[531] لێرەدا مەبەستم لەوشەی قۆڕ ئاوەڵناوە بۆ وەسفکردنی شتێك بەشێوەیەکی سێکسیی ناشرین دەووترێت.

The blue isn't blue.

دەریا شین نیە.

I don't like blue jokes.

حەزم لەنوکتەی قۆڕ نیە.

[532] بە سپێڵی blueishیش هەر راستە. شینباو= مەیلەو شین.

Her face had a bluish spot.

دەموچاوی پەڵەیەکی شینباوی پێوەبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**firehouse (فایەهاوس) وێستگەی ئاگرکوژێنە**[534]

.200 **damp لەگەڵ humid هەردوو شێدارە**[535]

**upside down سەر بەرەو خوارە**[536]

.201 **zest توێکڵی "لیمۆ" یان "هی پرتەقاڵ"**[537]

---

533 دادەڕێژێ سیاغەدەکات.

He worded the reply in such a way that he did not admit making the original error.

ئەو وەڵامەکەی بەشێوازێك دارشت کە دانینەنا بەوەی هەڵەی بنەڕەتی کردبێت.

Has there been any word from your brother since he went to London?

ئایا هیچ هەواڵێك هەیە لەبراکەتەوە، لەوەی رۆشتووە بۆ لەندەن.

He gave his word that he would fix the problem by Friday.

ئەو بەڵێنی دا کە بەهاتنی رۆژی هەینی، کێشەکە چارەسەردەکات.

534 وێستگەی ئاگرکوژێن= وێستگەی ئاگرکوژێنەوە. مورادیفی fire station.

The town contains three firehouses.

شارۆچکەکە سێ وێستگەی ئاگرکوژێنەوەی تێدایە.

535 دامپ، هیومد

It was a damp, misty morning.

بەیانییەکی شێداری تەماوی بوو.

New York is very hot and humid in the summer.

نیۆرك لەهاویندا زۆر گەرم و شێدارە.

536 ئەپسایدداون

The plane was flying upside down at high speed.

فرۆکەکە لەخێرایی زۆردا سەربەرەوخوار دەفڕی.

537 زێست. واتە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای توێکڵ (ی لیمۆ یان پرتەقاڵ) دێت و بۆ یەکلاییکردنەوەی لەڕاستدا، دەبێت ناوی میوەکە بنوسرێت.

Can you eat lemon zest?

دەتوانیت توێکڵی لیمۆ بخۆیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**وشەی cardinal واتە کاردینالْ[538]**

.202 **vertebrae (ڤێیتیبرەی) چیە؟ بڕبڕە بە کۆ[539]**

**kneel (نییڵ) چۆکدادەدا[540]، بەبێ ئێن ئەژنۆ[541]**

.203 **fortuity (فۆرتیوویتی) سودفە، بەکوردی ڕێکەوت[542]**

**found دۆزییەوە، لەگەڵ بۆیدەرکەوت[543]**

.204 **weird (وایەد) چارەنوس، هەمیش نامۆیە[544]**

---

[538] کادینڵ. کاردینالْ: قەشەی پلەباڵا لەئاینزای کاتۆلیکیدا.

Cardinals elect and advise the Pope.

کاردیناڵەکان پاپا هەڵدەبژێرن و ئامۆژگاری دەکەن.

[539] واتە وشەکە کۆیە نەك تاك. تاکەکەی vertebraیە واتە تەنها پیتی کۆتاییان حیاوازە.

How many vertebrae do we have?

ئێمە چەند بڕبڕەمان هەیە؟

[540] نییڵ. ئەم وشەیە یەکێکە لە irregular verbکان واتە ئەو فەرمانانەی سیغەی ڕابردوو ڕابردوی تەواویان بەزیادبونی ed نیە بەڵکو بەشێوەیەکی نائاساییەو هەر فەرمانەو بەشێوەیەکە. بە نیسبەت ئەم وشەیەوە ڕابردوو و ڕابردووە تەواوەکەی knelt.

They knelt and prayed.

ئەوان چۆکیان داداو پاڕانەوە..

[541]واتە وشەی kneel بەبێ پیتی n، دەبێتە knee کە بەمانای ئەژنۆ دێت.

There are four major bones in the knee.

ئەژنۆ چوار ئێسکی سەرەکی تێدایە.

[542] Sometimes a fortuity is more useful than an arranged appointment.

هەندێجار سودفەیەك لەمەوعیدێکی ڕێکخراو بەسودترە.

[543]ڕابردووی وشەی findە کە یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان واتە ئەوانەی لەکاتی گۆڕینی سیغەکانیاندا ed وەرناگرن.

I didn’t fail the test. I just found 100 ways to do it wrong.

لەتاقیکردنەوەکەدا شکستم نەهێنا. بەڵکو تەنها 100 ڕێگەی هەڵەم بۆ دەرکەوت.

I found a nail on the floor.

بزمارێکم لەسەر عەرزەکە دۆزییەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

کەسێ awkward (ئۆوکوەد) بێ، واتە گەلحۆیە[545]

.205 kinswoman (کینزومەن) خزمە، بەڵام نێر نا، مێ[546]

uncle (ئەننکڵ) خاڵ یا مام[547]، ankle (ئاننکڵ) قولەپێ[548]

.206 library (لایبرەری) واتە مەکتەبەی عامە[549]

---

[544] بەمانای نامۆ "غریب" و چارەنوس "fate" دێت.

Be weird. Be happy. Be grateful. Be open minded.

نامۆبە، بەختەوەربە، سوپاسگوزاربە، مێشککراوە بە.

His weird is now in the hands of the jury.

ئێستا چارەنوسی لەدەستی دەستەی سوێندخۆرانی دادگادایە.

[545] گەلحۆ = گێل

She is an awkward dancer.

ئەو سەماکەرێکی گێلە.

[546] خزمی مێ بۆ نمونە پور، نەنك، کچی پور، کچی مام و هتد... جەمعەکەی kinswomen.

The woman went to the mosque with her kinswomen.

ژنەکە لەگەڵ ژنەکانی خزمی چوو بۆ مزگەوت.

[547] بەمانای خاڵ یان مام دێت. بۆ یەکلاییکردنەوەی ماناکەی پێویستت سەیری سیاقی ناوەرۆکەکە بکرێت.

Adolf Hitler's nephew wrote an article called "Why I Hate My Uncle."

هیتلەر برازایەکی هەبوو رقی لێی بوو. ئەم برازایە لەساڵی 1939 وتارێکی نوسی لەژێر ناونیشانی "بۆ رقم لەماممە؟.

Often babies look alike their uncles.

زۆرجار منداڵان لەخاڵیان دەچن.

[548] سەرنج بدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە لەڕوی خوێندەوەوە زۆر لەیەك نزیکن، بەشێوەیەك کە لەکاتی گۆکردندا بەشێوەیەکی سەریع، جیاکردنەوەیان ئاسان نیە.

The ankle is composed of just three main bones.

قولەپێ لەتەنها سێ ئێسکی سەرەکی پێکدێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

identity (ئایدێنتتی)یە مانای ناسنامە[550]

.207 exit (ئێکسیت) بەمانای شوێنی چونەدەر[551]

contractor (کەنتراکتەر)ە مانای بەڵێندەر[552]

.208 hot (هۆت) گەرم و سێکسی، تون لەگەڵ پەرۆش[553]

---

549 مەکتەبەی عامە= کتێبخانەی گشتی.

The Main Library at Indiana University sinks over an inch every year because when it was built, engineers failed to take into account the weight of all the books that would occupy the building.

کتێبخانەی گشتیی سەرەکی زانکۆی ئیندیانا، ساڵانە زیاتر لەئینجێك نقوم دەبێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندازیاران لەکاتی بنیاتنانیدا حسابی کێشی هەموو ئەو کتێبەیان نەکردووە کە تێیدا دادەنرێت.

550 They promised to keep her identity secret.

بەڵێنیاندا ناسنامەکەی بەنهێنی بپارێزن.

551 بە ئێگسیتیش دەخوێنرێتەوە. شوێنی چونەدەر واتە دەروازە.

Most of the Kurdistan regions's hotels don't have suitable exits for emergency situations.

زۆربەی هۆتێلەکانی کوردستان دەروازەی گونجاویان نیە بۆ حاڵەتی کتوپڕ.

552 The Government is handing over public works to private contractors.

حکومەت کارە گشتییەکان تەسلیمی بەڵێندەری کەرتی تایبەت دەکات.

553 برادەرانی ئەمەریکا بە هات گۆیدەکەن. بەمانای گەرم، سێکسی، تون، بەپەرۆش دێت.

سێکسی: سەرنجڕاکێش لەڕوی سێکسییەوە.

British researchers have found that taking a hot bath can actually burn as many calories as a 30-minute walk.

لێکۆڵەرانی بریتانیا گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە دەکرێ خۆشتن بە ئاوی گەرم، بەقەدەر 30 دەقە بەپێ ڕۆیشتن، کالۆری بسوتێنێت.

Tea and love taste best when hot.

خۆشەویستی و چا بە گەرمی خۆشترین تامیان هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dapper ‌وjaunty هەردوکیان شیکپۆش**[554]

**[209]. seek (سییك) دەگەڕێ بۆ**[555]**، sick ناياب، نەخۆش**[556]

**careless بێباك**[557]**، wishful (ویشفڵ) بەپەرۆش**[558]

---

Haifa Wahbi is very hot by most of the people.

هەیفا وەهبی بەلای زۆربەی خەڵکەوە، زۆر سێکسییە.

I don’t like hot food.

حەزم لەخواردنی تون نیە.

I'm very hot for your seeing.

من زۆر پەرۆشم بۆ بینینت.

[554]جۆونیتی، داپەر"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە جاانیتی گۆدەکەن. هەردوکیان ئاوەڵناون.

Brad pitt is an American jaunty actor.

براد پیت ئەکتەرێکی ئەمەریکی شیکپۆشە.

He’s a dapper manager.

ئەو بەڕێوەبەرێکی شیکپۆشە.

[555] Many animals seek prey at night.

زۆرێك لەگیانداران لەشەودا بۆ نێچیر دەگەڕێن.

[556]سیك. بەمانای نەخۆش و ناياب "=زۆرباش" دێت.

It was a sick party, I was very happy.

ئاهەنگێکی ناياب بوو، من زۆر خۆشحاڵ بوم.

Let us pray for all the sick children.

با بپاڕێینەوە بۆ هەموو منداڵە نەخۆشەکان.

[557]کێیەلەس. بێباك واتە گوێی پێنادا.

He's a very careless person.

ئەو کەسێکی زۆر بێباکە.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.210 **mere، simply هەردوو "تەنها"یە**[559]

**present ئامادەو دیاری و ئێستایە**[560]

.211 **turban (تیێبن) جامانە**[561]**، urban (ئێیبەن) شارییە**[562]

**souvenir (سووڤەنیە) مانای یادگارییە**[563]

---

[558] He is so wishful for obtaining a high position.

ئەو زۆر بەپەرۆشە بۆ بەدەستهێنانی پۆستێکی باڵا.

[559]میە"ر"، سیمپڵی

It costs a mere twenty dollars.

تەنها بیست دۆلاری تێدەچێت..

Some people hate Nawal Alsaadawy simply because she has an ungly face.

هەندێك كەس رقیان لە نەوال سەعداوییە، تەنها لەبەرئەوەی دەموچاوێكی ناشرینی هەیە.

[560] پریزنت. بەڵام لەو حاڵەتانەی بەمانای "دیاری" دێت، بە پریزنت دەخوێنرێتەوە. لەزمانی ئینگلیزیدا چەند وشەیەك هەن كە یەك سپێڵ و چەند مانایەكیان هەیە، بەڵام بەپێی ماناكانیان خوێندنەوەكەشیان دەگۆڕێت لەوانە present وread و هتد..

The whole family was present.

تەواوی خێزانەكە ئامادە بوون

Soccer player Cristiano Ronaldo gave his agent a Greek island as a wedding present.

ئەبو پۆز (كریستیانۆ رۆناڵدۆ) لەئاهەنگی هاوسەرگیری بریكاری كارەكانیدا، دورگەیەكی یۆنانی وەك دیاری پێشكەشكرد.

At present, Apple is the largest publicly traded company in the United States.

لەئێستادا ئەپڵ گەورەترین كۆمپانیای بازرگانی ئاشكرایە لە ئەمەریكا.

[561] جامانەی پیاوانی ئاینی.

Most of the religious men wear turbans, not all of them.

زۆربەی پیاوانی ئاینی جامانە لەسەردەكەن نەك هەموویان.

[562] سەرنج بدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە، هەم لەڕوی پێكهاتەوە، هەم لەڕوی خوێندنەوەوە تەنها پیت و دەنگی یەكەمیان جیاوازە.

In 1910, less than half of the US population lived in urban areas. (Today, it's 80%.)

لەساڵی 1910، كەمتر لەنیوەی دانیشتوانی ئەمەریكا، لەناوچە شارییەكاندا دەژیان. بەڵام لەئێستادا ئەو رێژەیە لەسەدا هەشتایە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.212 east شەرق[564]، south (ساوث) باشور[565]، west خۆرئاوا[566]
north (نۆوث) واتە باکور[567]، sure (شۆو"ر")یش دڵنیا[568]

.213 train (ترەین) مەشقەکا، هەروەها قیتار[569]

---

563 I kept the ticket as a souvenir of my trip.

بلیتەکەم وەك یادگارییەکی گەشتەکەم پاراستووە.

564 ئیيست. شەرق= خۆرهەڵات

Her home is in the east of France.

ماڵەکەی لەخۆرهەڵاتی فرەنسادایە.

565 We spent our holiday in the south of France.

پشووەکەمان لەباشوری فرەنسا بەسەربرد.

566 وێست. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

When Germany won the 2014 World Cup in Brazil, it was the first time as a united country. The three previous times, the soccer World Cup was won by West Germany.

کاتێك ئەڵمانیا مۆندیالی 2014ی بردەوە، ئەوە یەکەمین جار بوو وەك وڵاتێکی یەکگرتوو نازناوەکە بباتەوە. سێ جارەکەی پێشووتر کە نازناوەکەی بردووەتەوە، ئەڵمانیای خۆرئاوا بووە.

567 Over a million Europeans were captured and sold as slaves to North Africa between 1530 and 1780.

لەنێوان ساڵی 1530 تا 1780، زیاتر لەیەك ملیۆن هاوڵاتی ئەورووپی دەستگیرکراون و وەك کۆیلە بە ئەفەریقای باکور، فرۆشراون.

568 I'm sure that I left my keys on the table.

دڵنیام کە کلیلەکانم لەسەر مێزەکە جێهشت.


بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## راهیبەو گەورەپەرستار sister[570]

### [214]. got (گۆت) گەشت و وەرگرت، گرت و دەستیکەوت[571]

---

[569] ڤیتار= شەمەندۆفیر. مەشقەکا= مەشقدەکات= راهێناندەکات.

She trained hard for the race, sometimes running as much as 60 miles a week.

بۆ پێشبڕکێکە شێلگیرانە "بەجددی" مەشقیکرد، هەندێجار هەفتانە تا 60 میل رایدەکرد.

If you commit suicide in Japan by jumping in front of a train, Your family will be charged a disruption fee.

ئەگەر لەژاپۆن لەرێگەی خۆهەڵدانە بەردەم شەمەندۆفیرێکەوە خۆت بکوژیت، خێزانەکەت غەرامەیەك دەکرێت کە پێی دەووترێ غەرامەی پشێویدروستکردن.

In Japan, it is an extremely rare event for the train to arrive late. But when it happens, they take it very seriously. The train conductors will walk around and personally apologize to everyone on the train instead of just announcing it on the Mic, but that's not the best part!
Even the delay is just over 5 minutes, they actually hand each passenger a printed "Proof of Lateness" slip so that you could show it to your boss or school to know it was not your fault of being late, saving you the embarrassment of excuses.
لەیابانە حەیاتەکە زۆر بەدەگمەن روودەدات شەمەندۆفیر درەنگ بگاتە شوێنی مەبەست. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك درەنگکەوتنێك روودەدات ستافی شەمەندەفەرەکە بەکێشەیەکی زۆر جددی وەردەیگرن .
رێبەرانەی شەمەندۆفیرەکە دانە دانە خاڵ دانە دانە دەچنە لای سەرجەم سەرنشینەکان و داوای لێبوردنیان لێدەکەن، نەك بە مایکرۆفۆن بڵێن شەمەندەفەرەکە دواکەوتووە .
کورە جا هێشتا چیت دیوە!!! تەنانەت ئەگەر دواکەوتنەکە تەنها پێنج دەقەش بێت، رێبەرانی شەمەندۆفیرەکە بەڵگەیەکی نوسراوی تایبەت بە دواکەوتنەکە تەسلیم سەرجەم سەرنشینەکان دەکەن کە دەتوانیت پیشانی بەرێوەبەر یان خوێندنگەکەتی بدەیت بۆ ئەوەی بزانن کە دواکەوتنەکە تاوانی تۆ نیەو بەمەش لەئیحراجیی بیانوهێنانەوە دەتپارێزێت.

[570] سستە"ر". راهیبە= "راهبة"= خانمی دیندارو پابەندی گاور "مەسیحی".

Sisters don’t marry.

راهیبەکان شوناکەن.

گەورەپەرستار: خانمەپەرستارێکی سەرەکی یان بەرپرس لەبەشێکی نەخۆشخانە.

Services that are presented by sisters in the hospitals can’t be estimated by money.

ئەو خزمەتانەی لەلایەن گەورەپەرستارانی نەخۆشخانەکانەوە پێشکەشدەکرێت، ناتوانرێت بە پارە بخەمڵێنرێت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی haphazard (هاپهازەد) واتە بەڕێکەوت[572]

.215 dining room (داینینڕووم) چیە؟ ژوری نانخواردن[573]

getaway (گێتەوەی) فیرار، واتە راکردن[574]

.216 hanger (هانگە) عەلاگەی جل هەڵواسینە[575]

---

[571] واتە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. فەرمانێکی رابردووەو رانەبردووەکەی get. وشەی get یەکێکە لەو وشە عەنتیکە ئینگلیزییانەی کە زۆرترین مانایان هەیەو بێگومان سەرجەم ماناکانی نەك لەتەنها نیوەبەیتێکدا بەڵکو لەچەند بەیتێکیشدا جێگایان نابێتەوە. زۆرجار لەباسی ئەم وشەیەدا دەووترێت: ئەگەر مانای وشەیەکی زمانەکەی خۆتت نەزانی کە بە ئینگلیزی چی پێدەڵێن، ئەوا get بەکاربهێنە، رەنگە بۆی ببێت چونکە مانای ئێجگار زۆرە.

وشەی گەشت لەم نیوەبەیتەدا بەمانای گەیشت. واتە لەم مانایەدا موراديفی reached.

When did you get home?

کەی گەیشتیتە ماڵەوە؟

What did you get for your birthday?

بۆ جەژنی لەدایکبونت، چیت وەرگرت؟

Your cat got a bird this morning!

ئەم بەیانییە پشیلەکەت، چۆلەکەیەکی گرت.

Great shoes, Where did you get them?

پێلاوێکی نایابە، لەکوێ دەستت کەوتون؟

[572] بەڕێکەوت: بێپلان

The whole examination process seemed completely haphazard.

دیاربوو تەواوی پرۆسەی تاقیکردنەوەکە بەتەواوەتی بەڕێکەوت بوو.

[573] ئەمە لەوشەی dine "نانی ئێوارە دەخوات"و room "ژوور" پێکهاتووە بەڵام پێکەوە لەگەڵ زیادکردنی ing بۆ dineەکە، ماناکەی دەبێت بە ژوری نانخواردن.

My new house consists of three bedrooms, a drawing room, a dining room , a kitchen and a bathroom.

خانووە تازەکەم لە سێ ژوری خەوتن، ژورێکی پێشوازی، ژورێکی نانخواردن، چێشتخانەیەك و حەمام و توالێتێك پێکهاتووە.

[574] The men made their getaway in a car parked outside the bank.

پیاوەکان راکردنەکەیان بەئۆتۆمبێلێك ئەنجامدا کە لەدەرەوەی بانکەکە پارككرابوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**snowfall (سنەوفۆڵ) مانای بەفربارینە**[576]

[.217] **purse (پێیس) لەگەڵ wallet (واڵیت) هەردوکیان جزدان**[577]

**cane (کەین) واتە قامیش، هەروەها گۆچان**[578]

[.218] **pig (پیگ) بەراز**[579]**، piglet (پیگلەت) بێچووە بەرازە**[580]

**swine (سواین)یش بەراز**[581]**، hot (هۆت) واتە تازە**[582]

---

575 Buy a new hanger, and hang all your clothes.

عەلاگەیەکی نوێی جلهەڵواسین بکڕەو هەموو جلەکانتی پیا هەڵواسە..

576 A heavy snowfall made travel absolutely impossible.

بەفربارینێکی قورس گەشتکردنی بەتەواوەتی کردە مەحاڵ.

577 یەکەمیان زیاتر بەمانای جزدانی ژنانەو دووەمیان بەمانای پیاوانە دێت.

My mother always carries a purse but my father doesn't like carrying wallet so much.

دایکم هەمیشە جزدان هەڵدەگرێت بەڵام باوکم زۆر حەزی لەهەڵگرتنی نیە.

578 This sugar is made from organic sugar cane.

ئەم شەکرە لەقامیشی شەکری ئۆرگانی دروستدەکرێت.

My grandpa uses a cane when he walks long distances.

باپیرم لەکاتێکدا بۆ ماوەیەکی زۆر دەڕوات، گۆچان بەکاردەهێنێت.

579 وەك خۆی دەخوێنرێتەوە.

If you starve pigs for more than three days, they'll be more than happy to eat you.

ئەگەر بۆ ماوەی زیاتر لە 3 رۆژ بەراز برسی بکەیت، ئەوا شەیدای خواردنت دەبن.  ناحەقیشیان نیە، کورد وتەنی برسێتی، رەگی هاری پێوەیە!!!

In France, it's illegal to name a pig "Napoleon" because it's seen as a slight to the great French leader.
لەو فەرەنسایەی لای خۆمان، ناونانی بەراز بە ناپلیۆن، کارێکی نایاساییە، چونکە وەك سوکایەتی بە ناپلیۆن سەیردەکرێت کە سەرکردەیەکی گەورەی فەرەنسا بووە.

580 Many piglets die from having mommy pig accidentally crush them.

زۆرێك لەبێچووەبەرازەکان بەهۆی پێپیانانی بەرێکەوتی دایکیانەوە، دەمرن.

581 Swine flu is one of the dangerous diseases.

ئەنفلۆنزای بەراز یەکێکە لەنەخۆشییە مەترسیدارەکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.219 outsider چیە؟ کەسی بێگانە[583]**

**outside (ئاوتساید) دەرەوە[584]، twinیش دوانە[585]**

**.220 those ئەوانەیە[586]، hose گۆرەوییە[587]**

**underground (ئەندگراوند) لەژێر زەوییە[588]**

**.221 omnivore (ئۆمنیڤۆ) چیە؟ هەمەجۆرخۆرە[589]**

---

[582] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاات گۆیدەکەن.

The hot fashions of fall are expensive.

مۆدە تازەکانی پایز گرانن.

[583] ئاوتسایدە"ر". پێچەوانەی insiderە.

The villagers are very suspicious of outsiders.

گوندنشییەکان زۆر گومان لەکەسی بێگانە دەکەن. واتە لەخەڵکی دەرەوەی خۆیان.

[584] When we got up, it was still dark outside.

کاتێك لەخەو هەستاین، دەرەوە هێشتا تاریك بوو.

[585] توین. واتە وەك خۆی دەخوێنرێتەوە.

The twins are now eight months old.

دوانەکە (واتە هەردوکیان) ئێستا تەمەنیان هەشت مانگە.

[586] ذەوز. کۆی وشەی thatە.

Intelligent people are more forgetful than those with average intelligence.

کەسانی زیرەك لەوانە لێبوردەترن کە زیرەکییەکی ئاساییان هەیە.

[587] هەوز. مورادیفی sockە بەڵام hose بژێردراو نیەو sock ناوێکی بژێردراوە. بێگومان hose بەمانای سۆندەی ئاویش دێت.

Shvan bought a new pair of hose.

شڤان جوێتك گۆرەویی تازەی کڕی.

[588] The office's parking garage is underground.

گەراجی پارککردنی نوسینگەکە لەژێر زەویدایە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**jolly (جۆلی) دڵخۆشە، هەروەها زۆره**[590]

.222 **daylight (دەی لایت) بەمانای روناكیی رۆژە**[591]

**وشەی sunflower (سەنفلاوە) گوڵەبەڕۆژە**[592]

.223 **basket (باسكیت) زەمیلە، لەگەڵ سەبەتە**[593]

**courageous (کەرەیجەس) بوێر**[594]**، courage (کەریج) جورئەتە**[595]

---

589 بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە ئامنیڤۆو"ر" گۆیدەکەن.

مەبەست لەهەمەجۆرخۆر، ئەو زیندەوەرانەیە كە رووەك و گۆشتیش بخوات بۆ نمونە وەك مرۆڤ.لەبەرامبەردا وشەی carnivore "زیندەوەری گۆشتخۆر"و herbivore "زیندەوەری رووەکخۆر"مان هەیە.

Flying squirrels are omnivores.

سمۆرەی فڕیو هەمەجۆرخۆره.

590 برادەرانی ئەمەریكا بە جاڵی گۆیدەکەن. ئەم وشەیە هاومانای happy وmany ە.

He was a jolly man full of jokes.

ئەو پیاوێكی دڵخۆشی پڕ لەنوكتە بوو.

That's a jolly nice scarf you're wearing.

ئەو ملپێچەی خەریکە لەملی دەکەیت، زۆر جوانە.

591 روناكیی رۆژ واتە روناكیی خۆر نەك هی گڵۆپ و چراو هتد...

This room does not receive much daylight.

ئەم ژوره زۆر روناكیی خۆری تێناكەوێت.

592 There were fields of sunflowers on either side of the road.

لەهەردوو لای رێگاكە چەند كێڵگەیەکی گوڵەبەڕۆژە هەبون.

593 In one hand he carries a briefcase and in the other a basket for his fruits.

بە دەستێكی جانتاكەی و بەدەستەكەی تری زەمیلەیەکی هەڵگرتووە كە میوەكانی تێدایە.

Most of the houses have at least a laundry basket, but not all of them.

زۆربەی ماڵەكان، لانیكەم یەك سەبەتەی جلشتنیان هەیە بەڵام هەمویان نا.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێره بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.224 وشەی lash (لاش)و whip (ویپ) مانای قامچییە[596]

electrician (ئیلێکتریشن) کارەباچییە[597]

.225 at (ئات) حەرفی جەرە، "لە" بۆ کات و شوێن[598]

وشەی investor (ئینڤێستە) واتە وەبەرهێن[599]

.226 filly (فیلّی) هەم کیژە، هەم ماینی گەنجە[600]

---

[594] بوێر= بەجورئەت، ئازا. واتە مورادیفی brave.

He was a courageous teacher.

ئەو مامۆستایەکی بوێر بوو.

[595] Hitler's First Love was a Jewish girl. Lacking courage, he never spoke to her.

یەکەم خۆشەویستیی هیتلەر کچێکی جولەکەدا بووە. بەڵام بەهۆی ئەوەی جورئەتی نەبووە پێی بڵێت، هەرگیز پێی نەوتووە.

[596] He received 30 lashes for the crime.

ئەو بەهۆی تاوانەوە، 30 قامچی لێدرا.

She lashed the horses mercilessly with her long whip.

ئەو بە قامچییە درێژەکەی، بێرەحمانە لەئەسپەکانی دا.

[597] In Victoria, Australia, only a licensed electrician is allowed to change a light bulb.

لەهەرێمی ڤیکتۆریای ئوسترالیا، تەنها کارەباچیی خاوەن مۆڵەت، رێی پێدەدرێت گڵۆپ بگۆڕێت.

[598] مەخسەوی شەریفم لەحەرفی جەر ئامرازی پەیوەندییە. at ئامرازێکی پەیوەندییەو دوان لەماناکانی برتیین لە "بۆ کات و شوێن"

My husband often works at night.

مێردەکەم زۆرجار لەشەودا کاردەکات.

We met at the station.

ئێمە لەوێستگەکە یەکترمان بینی.

[599] Warren Buffett, the most successful investor of the 20th century, doesn't carry a mobile phone or have a computer on his desk, and drives his own car.

وارین بوفێت کە سەرکەوتووترین وەبەرهێنی سەدەی 20ەمە، نە مۆبایل هەیەو نە مێزەکەشی کۆمپیوتەری لەسەرە. خودی خۆشی سەیارەکەی خۆی لێدەخوڕێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**digit (دیجیت) ژمارە، هەروەها پەنجە**[601]

[.227] **skulk (سکەڵك) چیە؟ گەلەڕێوی**[602]

**mallard (مالاد) بەمانای مراویی کێوی**[603]

[.228] **cockerel کەڵەشێر، بچوك نەوەك پیر**[604]

**chick واتە جوچك**[605] **mat (مات) مانای حەسیر**[606]

---

[600] کیژ = کچ. زیاتر بەمانای کچێکی چالاك دێت نەك تەممەڵ و ئەوانە.

A filly like her doesn't agree with that small salary.

کچێکی (چالاکی) وەك ئەو بەو موچە کەمە رازی نابێت.

A filly chased the tiny child.

ماینێکی گەنج منداڵە بچوکەکەی راونا.

[601] بەمانای ژمارەو پەنجە دێت. مەبەستم لەژمارە لێرەدا ژمارەیەکە لە سفرەوە تا 9.

مەبەست لەپەنجەش لێدا پەنجە بەگشتییە، هی دەست یان پێ.

The number 345 contains three digits.

ژمارە 345 لە سێ ژمارە پێکهاتووە.

He lost two digits on his left hand (or foot).

ئەو دوو پەنجەی دەستی (یان قاچی) چەپی لەدەستدا.

[602] گەلەڕێوی: کۆمەڵێك ڕێوی، واتە A group of foxes. ئەم وشەیە تاکە.

I hear a skulk howling.

گوێم لەگەلەڕێوییەکە کە دەلورێنن

[603] ئەم وشەیەش وەك fish، sheep وایە، جەمعەکەشی هەمان سپێلی هەیە. بەڵام هاوکات بە زیادکردنی پاشگری s یش کۆدەکرێتەوە.

The male mallard has a green head and reddish-brown chest.

مراویی کێویی نێر سەرێکی سەوزو سنگێکی قاوەیی مەیلەو سوری هەیە.

[604] کۆکەڕەڵ. کەڵەشێری بچوك لەتەمەن واتە a young cock. سەرنج بدە ئەم وشەیە بە وشەی cock دەستپێدەکات کە یەکێك لەماناکانی کەڵەشێرە.

I have a brave cockerel.

کەڵەشێرێکی بچوکی ئازام هەیە.



بۆ كرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.229 tanker (تانكه) تانكەرو سایەق دەبابە[607]**

**braw (برۆۆ)، splendid (سپلێندید) هەردوو نایابە[608]**

**.230 وشەی fourth مانای چوارەم و چواریەك[609]**

**fifth خومس و پێنجەم[610]، skunk (سكەەننك)یش دەڵەك[611]**

---

605 بێچوی پەلەوەرو باڵندە. سەرنج بدە وشەی chicken كە یەكێك لەماناكانی مریشكە، هەر chickكەیە بەڵام دوو پیتی زیاترە.

A mother hen with her chicks went over the bridge.

مریشكێكی دایك و بێچووەكانی بەسەر پردەكەدا رۆشتن.

606 There's a mat by the door for you to wipe your feet on.

حەسیرێك لەنزیك دەرگاكە هەیە بۆ ئەوەی قاچەكانتی لەسەر بسڕیت.

607 بەمانای تانكەرو شۆفێری دەبابە دێت.

The largest oil tankers can carry 500,000 tons of oil.

گەورەترین تانكەرەكانی نەوت دەكرێ 500 هەزار تۆن نەوت هەڵبگرێت.

He was a skillful tanker in the army.

ئەو سایەق دەبابەیەكی لێهاتوو بوو لەسوپادا.

608 نایاب= زۆر باش. واتە ئەم دوو وشەیە مورادیفی excellentن.

It was a braw day.

رۆژێكی نایاب بوو.

I have a splendid idea for you.

بیرۆكەیەكی نایابم پێیە بۆ تۆ.

609 فۆۆث. بەمانای چوارەم و چواریەك "چارەك، یەك لەسەر چوار" دێت.

The human heart pumps blood at such pressure that it would be able to raise blood up to the fourth floor of a building.

دڵی مرۆڤ بە فشارێكی هێندە بەهێز خوێن هەڵدەدات كە دەتوانرێت بەو فشارە، خوێن بۆ بەرزی تا نهۆمی چوارەمی بینایەك هەڵبدرێت.

Only a fourth of the students are males.

تەنها چواریەكی خوێندكارەكان نێرن.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**231. وشەی lioness (لایەنێس) مانای دەڵەشێر**[612]

**full (فوڵ) راستەوخۆیە، لەگەڵ پڕو تێر**[613]

**232. weary (ویەری) ئاوەڵناو، مانای زۆر ماندوو**[614]

**wear (وێیە) لەبەردەکا**[615]**، vacation (ڤەیکەیشن) پشوو**[616]

---

610. فیفث. بەمانای پێنجیەك و پێنجەم دێت. خومس= "خُمس". راستە وشەی خومس عەرەبییەو کوردییەکەی پێنجیەکە، بەڵام لەبەر پاراستنی کێشی شیعرەکە ناچاربوم خومس بەکاربهێنم لەبری پێنجیەك.

A fifth is the same as 20 percent.

پێنجیەك هەر لەسەدا بیستەکەیە.

Germany is the fifth largest country in Europe after Ukraine, France, Sweden and Spain.

ئەڵمانیا پێنجەم گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەوروپایەو دوای ئۆکرانیا، فەرەنسا، سویدو ئیسپانیا دێت.

611 The smell of a skunk can be detected by a human a mile away.

دەکرێ بۆنی دەڵەك لەدوری یەك میلەوە، لەلایەن مرۆڤەوە هەستی پێبکرێت.

612 دەڵەشێر= شێری مێ واتە female lion.

Lioness gives birth to 1-3 cubs each 2 years. Cubs have spots at birth, but they disappear in time.

دەڵەشێر هەموو دوو ساڵ جارێك یەك تا سێ بێچوی دەبێت. بێچووەکان لەکاتی لەدایکبوندا پەڵە لەسەر لاشەیان هەیە، بەڵام بە تێپەڕبونی کات نامێنن.

613 واتە بەمانای راستەوخۆو پڕو تێریش دێت.

She looked full into his face.

ئەو راستەوخۆ سەیری دەموچاوی کرد. لێرەدا full مورادیفی directly و exactly یە.

Love is a thing that is full of cares and fears.

خۆشەویستی شتێکە کە پڕە لەگرنگیپێدان و ترس.

I’m full, not hungry.

من تێرم نەك برسی.

614 واتە ئاوەڵناوە بەمانای زۆر ماندوو very tired دێت.

Here, sit down and rest your weary legs.

لێرە دانیشەو پشوو بە قاچە زۆر ماندووەکانت بدە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[233]. element (ئێلیمەنت) کەمە، هەروەها توخم[617]

leader (لیدە) سەرکردە[618]، lead (لیید)یش قورقوشم[619]

[234]. mouse مشك و ماوسە[620]، keyboard کیبۆردە[621]

---

[615] Over 80% of women wear the wrong bra size.

زیاتر لە 80 لەسەدی خانمان ستیانی قەبارە هەڵە لەبەردەکەن.

[616] مورادیفی holidayە.

They went to Europe on vacation.

ئەوان بۆ پشوو چون بۆ ئەوروپا.

[617] بەمانای کەم "بڕێکی کەم"و توخمیش دێت.

There is an element of sarcasm in her voice.

کەمێك گاڵتەکردن لەدەنگیدا هەیە.

Iron is an important element for the human body

ئاسن توخمێکی گرنگە بۆ لەشی مرۆڤ.

[618] “Innovation distinguishes between a leader and a follower.” Steve Jobs

ئەوەی سەرکردەو شوێنکەوتوو لەیەك جیادەکاتەوە، داهێنانە.

[619] The pipes were made of lead.

بۆرییەکان لەقورقوشم دروستکرابوون.

[620] ماوس. بەمانای مشك و ماوسی کۆمپیوتەر دێت. بۆیەش ماوسی کۆمپیوتەر ئەم ناوەی لێنراوە چونکە لەمشك دەچێت.

In Ohio, it's illegal to catch a mouse without a hunting license.

لەویلایەتی ئۆهایۆ، ڕاوکردنی مشك بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی قەدەغەیە.

You would have to click a mouse ten million times to burn a single calorie.

بۆ سوتاندنی تەنها یەك کالۆری، پێویستە دە ملیۆن جار کلیك لەسەر ماوس بکەیت.

Interestingly, mice can get pregnant again within 48 hours of giving birth which is why it is important to have same-sex mice as pets. Also, a female mouse can have babies at 2 months of age.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە مشك دەکرێ تەنها لەماوەی 48 سەعات لەزاینیی، جارێکی تر دوگیان ببێتەوە. لەبەر ئەمەیە کە ئەگەر بتەوێت وەك زیندەوەری ماڵی ڕایبگریت، باشترە یەك ڕەگەز بێت. هەروەها مێینەی مشك دەتوانێت لەتەمەنی تەنها دوو مانگییەوە بێچوی ببێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**onslaught (ئۆنسلۆۆت) بەمانای هێرشی توندە**[622]

.235 **policy (پۆڵەسی) سیاسەت، واتە رامیاری**[623]

**modification مانای دەسکاری**[624]

.236 **moo (موو) بۆڕەی مانگا**[625]**، bray (برەی) زەڕینی کەر**[626]

---

[621] کیبۆرد. بەمانای کیبۆرد(تەختەکلیل)ی کۆمپیوتەرو ئامێرە هاوشێوەکانی دێت.

Your keyboard is very dirty.

کیبۆردەکەت زۆر پیسە.

[622] In December they launched an onslaught on the capital.

لەمانگی کانونی یەکەم، ئەوان هێرشێکی توندیان کردە سەر پایتەخت.

[623] Every year, about a million girl fetuses are aborted and tens of thousands of girl babies are abandoned in China because of the country's one-child policy.

بەهۆی سیاسەتی یەك منداڵی حکومەتی چینەوە، ساڵانە نزیکەی یەك ملیۆن کۆرپەی کچ لەباردەبرێن و دەیان هەزار منداڵی کچی تریش، فرێدەدرێن.

[624] مۆدیفیکەیشن. ئەگەر بتەوێت خۆو موسەقەف بکەیت دەتوانیت بە دەسکاری بفەرمویت هەموارکردن. ئەگەر بشتەوێت سادە بێت وەك برنج و شلە دوو هەزارییەکە ئەوا هیچ خۆت تێك مەدەو بڵێ دەسکاری!!!.

We've made a few modifications to the system.

هەندێك هەموارکردنمان لەسیستەمەکەدا کردووە.

[625] وەك فەرمان و ناو بەکاردەهێنرێت واتە وەك ناو بەمانای بۆڕە "ی مانگا"و وەك فەرمان بەمانای دەبۆڕێنێت، دێت.

The small child mooed whenever he saw a cow.

منداڵە بچوکەکە هەرکاتێك مانگایەکی دەبینی، دەیبۆڕاند.

The pregnant cow made a long and strange moo.

مانگا ئاوسەکە بۆڕەیەکی درێژو سەیری کرد.

[626] ئەمیش وەك ناوو فەرمانیش بەکاردێت. واتە بەمانای زەڕین و دەزەڕێتیش دێت.

The donkey emitted a laugh-like bray.

کەرەکە زەڕینێکی پێکەنینئاسای کرد.

The donkey brayed loudly.

کەرەکە بە دەنگی بەرز زەڕاندی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**washer (واشه) شۆردەرە، هەروەها واشەر**[627]

.237 **serve (سێیڤ) پێشکەشدەکا**[628]**، plateیش قاپە**[629]

**editor (ئێدیتە) سەرنوسەر**[630]**، edition چاپە**[631]

.238 **average (ئاڤریج) ئاسایی**[632]**، beverage (بێڤریج) شەراب**[633]

**lying (لایینگ) درۆزن**[634]**، mirage (میرااج)یش سەراب**[635]

---

627 شۆردەر: کەسێك یان ئامێرێك کە شت دەشوات وەك غەسالەو هتد... فەرمانەکەی wash. هەمان وشە بەمانای واشەریش دێت، بۆ نمونە واشەری بەلوعەو هتد...

I put the dishes in the washer.

قاپەکانم لەناو غەسالەکە دانا.

I replaced the washers.

واشەرەکانم گۆری.

628 We're not allowed to serve alcohol to anyone under 18.

ئێمە رێگەمان پێنادرێت خواردنەوەی کهولی پێشکەش بە هیچ کەسێکی خوار تەمەن 18 ساڵ بکەین.

629 پلەیت

I gave her a plate of food but she didn't eat it.

قاپێك خواردمەنیم پێدا بەڵام نەیخوارد.

630 Who is the current editor of the Times?

سەرنوسەری ئێستای رۆژنامەی تایمز کێیە؟

631 . ئیدیشن

There is a big difference between the first and latest edition of my book.

جیاوازییەکی زۆر لەنێوان چاپی یەکەم و تازەترین چاپی کتێبەکەمدا هەیە.

632 The average American spends 38.5 total days brushing their teeth over a lifetime.

هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەمەریکی، 38 رۆژو نیوی تەواوی کۆی ژیانی بە شتنی ددانی بە فڵچە، بەسەردەبات.

633 شەراب= خواردنەوە. مەبەست لەشەراب لێرەدا هەموو جۆرە خواردنەوەیەکە جگە لەئاو. واتە ئەم وشەیە بەمانای هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی سارد یان گەرم دێت جگە لەئاو.

Non-alcoholic beverages are useful for life.

خواردنەوە ناکهولییەکان بەسودن بۆ ژیان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.239 **traction (تراکشن) راکێشان**[636]**، tractor (تراکته) تراکتۆر**[637]

**carnivore (کانیڤۆ) مانای گیانداری گۆشتخۆر**[638]

.240 **preposition چیە؟ واتە حەرفی جەر**[639]

**transitive verb فەرمانی تێپەڕ**[640]

.241 **vowel (ڤاوڵ) بزوێنە**[641]**، consonant نەبزوێن**[642]

---

634 Lying children should be punished.

منداڵانی درۆزن پێویستە سزابدرێن.

635 بە "مەراج"یش دەخوێنرێتەوە. سەراب ئەو حاڵەتەیە کە بەهۆی کەشوهەوای زۆرگەرمەوە ئاو دەبینیت، بەڵام کاتێك نزیکدەبیتەوە، دەبینیت نە ئاوەو نە تەڕەماش!

When I neared, I found it was just a mirage.

کاتێك نزیکبومەوە، بۆم دەرکەوت کە تەنها سەرابێکە.

636 Farmers used to depend on horses and donkeys for traction.

جوتیاران عادەتیان وابوو کە بۆ راکێشان، پشتیان بە ئەسپ و کەر دەبەست.

637 مەکینەی تراکتۆر

My father uses his tractor in many things.

باوکم تراکتۆرەکەی لەزۆر شتدا بەکاردەهێنێت.

638 Snakes are carnivores, which means they only eat animals, often small ones such as insects, birds, frogs and other small mammals.

مار گیاندارێکی گۆشتخۆرە، ئەمەش مانای وایە کە تەنها گیاندار دەخوات. زۆرجار گیاندارە بچوکەکانی وەك مێرووەکان، باڵندە، بۆق و زیندەوەرە بچوکە مەمکدارەکان دەخوات.

639 پرێپەزیشن. حەرفی جەر= ئامرازی پەیوەندی.

In the sentence 'The dog jumped over the wall', the word 'over' is a preposition.

لەڕستەی "سەگەکە بەسەر دیوارەکەدا بازیدا"، وشەی (بەسەر) ئامرازی پەیوەندییە.

640 ترانستیڤ ڤێێب. فەرمانی تێپەڕ ئەو فەرمانانەن کە پێویستیان بە بەرکار "مفعول بە" هەیە بۆ تەواوکردنی ماناکانیان لەڕستەدا. پێچەوانەکەشی فەرمانی تێنەپەڕە کە پێویستی بەو بەزم و رەزمە نیە بۆ تەواوکردنی ماناکانیان.

The verbs “kill, kiss, bring” are transitive verbs.

فەرمانەکانی "دەکوژێت، ماچدەکاتن دەهێنێت" فەرمانی تێپەڕن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

بەرزەفشاری خوێن[643] high blood pressure

.242 sea (سیی) واتە دەریا[644]، wave (وەیف)یش شەپۆلە[645]

(تراش کان) trash can مانای سەبەتەی خۆڵە[646]

.243 always (ئۆڵوەیز) هەمیشە[647]، sometimes (سەمتایمز) جارجار[648]

---

[641] بێگومان مەبەستم لەبزوێن پیتی بزوێنە. پێچەوانەی نەبزوێنە.

The vowels in English are a, e, i, o, and u.

پیتە بزوێنەکان لەزمانی ئینگلیزیدا بریتین لە: a, e, I, o, u.

[642]کۆنسەنەنت. بێگومان مەبەستم لەنەبزوێن پیتی نەبزوێنە.

B, c and d are consonants.

بی، سی و دی پیتی نەبزوێنن.

[643]های بلەد پرێشە"ر". بەرزەفشاری خوێن واتە ئەو نەخۆشی زەختەی هەموو دنیا گیری خواردووە بەدەستییەوە.

In addition to sugar, soft drinks contain phosphoric acid, which can cause bone disease, and caffeine, which can lead to high blood pressure and heart problems.

سەرباری شەکر، خواردنەوە گازییەکان ئەمانەشی تێدایە: ترشی فۆسفۆریك کە دەکرێ نەخۆشی ئێسك دروستبکات و کافین کە دەکرێ ببێتەهۆی بەرزەفشاری خوێن و کێشەی دڵ.

[644] هەروەك وشەی see دەخوێنرێتەوە کە بەمانای "دەبینێ" دێت.

I can see the sea from my window.

دەتوانم لەپەنجەرەکەمەوە دەریاکە ببینم.

[645] At night, I listened to the sound of the waves.

لەشەودا گوێم لەدەنگی شەپۆلەکان گرت.

[646] سەبەتەی خۆڵ واتە سەڵـەی موهمەلات

Most of the houses have trash cans.

زۆربەی ماڵەکان سەبەتەی خۆڵیان هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**infant (ئینفەنت) شیرەخۆر**[649]**، teenage (تیینەیج) هەرزەکار**[650]

[244]. **give (گیڤ) دەبەخشێ**[651]**، gift (گیفت) واتە دیاری**[652]

**life preserver (لایف پریزێیڤە) چوپی رزگاری**[653]

[245]. **varied (ڤێیەرید) هەمەجۆر**[654]**، salad (ساڵەد) زەڵاتە**[655]

---

[647] I always walk to work.

من هەمیشە دەڕۆم بۆ ئیش.

My heart always follows you.

هەمیشە دڵم بەدواتەوەیە.

[648] جارجار= هەندێجار

Sometimes I feel like no one understands me.

هەندێجار هەستدەکەم کە هیچ کەس لێم تێناگات.

[649] مەبەستم لەشیرەخۆر منداڵی شیرەخۆرە.

The infant laid in the crib.

منداڵە شیرەخۆرەکە لەبێشکەکەدا راکشا.

[650] She is a teenage daughter.

ئەو کچێکی هەرزەکارە.

[651] What did Zana give you for your birthday.

بۆ جەژنی لەدیکبونت، زانا چی پێ بەخشیت؟

[652] Love the giver more than the gift. - Brigham Young

بەخشەرەکەت لەدیارییەکەی، زیاتر خۆش بوێت .

[653] چوپی رزگاری: ئەو چوپەیە لەحەوزو مەلەوانگەدا مەلەکەری ناپیشگەر (ناپرۆفیشناڵ) پشتی پێدەبەستێت بۆ ئەوەی نەخنکێت.

That life preserver by itself wasn't enough to save him.

ئەو چوپی رزگارییە خۆی لەخۆیدا بەس نەبوو بۆ رزگارکردنی.

[654] I spent a long and varied life.

ژیانێکی درێژو هەمەجۆرم بەسەربرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**punishment سزا[656]، reward خەڵاتە[657]**

**.246 embryo (ئێمبریەو) کۆرپە[658]، navel (نەیڤڵ) ناوکە[659]**

**mother (مەذە"ر") واتە دایك، father (فاذە) باوکە[660]**

**.247 wheat (وییت) گەنم[661]، barley (باڵی) بەمانای جۆیە[662]**

**singular (سینگیەلە) تاکە[663]، plural (پلوەڕڵ) کۆیە[664]**

---

655 I made a delicious salad for lunch.

زەڵاتەیەکی بەلەزتم بۆ ژەمی نیوەڕۆ دروستکرد.

656 پەنیشمەنت

He had to stay in his bedroom as a punishment for fighting.

وەك سزایەك لەسەر شەڕکردن، ئەو پێویست بوو لەسەر لەجێگەی خەوتنەکەی بمێنێتەوە. واتە نەیەتە دەرەوە.

657 ریۆۆد

There'll be a reward for whoever finishes first.

یەکەم کەس کە تەواودەبێت، خەڵاتی پێدەدرێت.

658 When first formed, the embryo is only half a millimetre long.

کاتێك یەکەمجار دروستدەبێت، درێژی کۆرپە تەنها نیو میللیمەترە.

659 مەبەستم لەناو لێرەدا ناوکی مرۆڤە.

67 types of Bacteria live in the human navel.

ناوکی مرۆڤ 67 جۆر بەکتریای تێدا دەژی.

660 My mother and father are divorced.

دایك و باوکم جیابونەتەوە.

661 A company in Taiwan makes dinnerware out of wheat, so you can eat your plate.

لە تایوان کۆمپانیایەك هەیە قاپ و قاچاخی خواردن لەگەنم دروستدەکات. بۆیە دەتوانیت پاش بەکارهێنان بشیانخۆیت.

662 Donkeys like barley so much.

کەر زۆر حەزی لەجۆیە.

663 Pen is a singular word.

pen وشەیەکی تاکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**248. lolly (لۆلی)و lollipop (لۆلیپۆپ) هەردوو مەساسە[665]**

**reaped (ریپت) دورییەوە[666]، reaper (ریپە) دەرِاسە[667]**

**249. museum (میووزییەم) مەتحەف یا مۆزەخانە[668]**

**later، then دواتر[669]، soon (سوون) بەمزوانە[670]**

---

664 کۆ واتە جەمع.

'Cattle' and 'trousers' are plural nouns.

cattle وtrousers ناوی کۆن.

665 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە لاالی و دووەمیان بە لاالیپۆپ گۆدەکەن.

The driver paid 500 dinars for a lollipop .

شۆفێرەکە پێنج سەد دیناری دا بە مەساسەیەك.

The children like lolly so much.

منداڵان زۆر حەزیان لەمەساسەیە.

666. رابردووە. رانەبردووەکەی reapە کە بەمانای دەدورێتەوە دێت.

Reaping wheat by men is a hard work.

دورینەوەی گەنم لەلایەن مرۆڤەوە کارێکی سەختە.

667 A green driver drives the reaper.

شۆفێرێکی نەشارەزا دەرِاسەکە لێدەخورێت.

668 بێگومان مەحتەف و مۆزەخانە یەك شتن بەڵام یەکەمیان عەرەبییەو دووەمیان کوردییە.

Hitler planned to collect thousands of Jewish artifacts to build a "Museum of An Extinct Race" after the war.

هیتلەر پلانی دانا بوو کە هەزاران کەرەستەی جولەکەکان کۆبکاتەوە بۆ ئەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، مۆزەخانەیەك بەناوی "مۆزەخانەی رەگەزێکی قرکراو"یان پێ دروستبکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.250 **roof (ڕوف) واتە سەربان[671]، p خەیتە بانی**

**دەبێتە بەڵگە زۆر بەئاسانی[672]**

.251 **fisher (فیشە)، fisherman (فیشەمەن) هەردوو ماسیگر[673]**

**skyscraper (سکایسکرەیپە) واتە هەوربڕ[674]**

---

669 واتە ئەو دوو وشەیە لەو مانایەدا موراديفن و هەردوکیان بەمانای "دواتر" دێن.

Do it now, sometimes later becomes never.

ئێستا بیکە (تەبعەن بیلامانێ!). هەندێجار "دواتر" دەبێتە "هەرگیز.".

“I smiled today for no reason. Then I realized I was thinking of you, and smiled again.”

ئەمڕۆ بەبێ هۆ زەردەخەنەیەکم کرد، دواتر بۆم دەرکەوت کە هۆکارەکەی بیرکردنەوە بوو لەتۆ، بۆیە جارێکی تر زەردەخەنەم کردەوە.

670 Everyone will soon know the truth.

بەمزوانە هەموو کەسێك ڕاستییەکە دەزانێت.

671 The house has a flat roof.

خانووەکە سەربانێکی تەختی هەیە.

672 خەیتە بانی= بخەیتە بانی= بخەیتە سەر. واتە ئەگەر حەرفی p بخەیتە سەر وشەی roof، زۆر بەئاسانی و بێ هیچ گۆڕانکارییەك دەبێت بە proof "پرووف" کە بەمانای بەڵگە دێت.

Loving someone you don't see everyday is not a bad thing. It's just a proof that love is not in sight but in the heart.

خۆشویستنی کەسێك کە هەموو ڕۆژێك نایبینیت، شتێکی خراپ نیە، کتومت بەڵگەی ئەوەیە کە خۆشەویستی لەچاودا نیە، بەڵکو لەدڵدایە.

673 My brother is a skillful fisher.

براکەم ماسیگرێکی لێهاتووە.

The police arrested an illegal fisherman.

پۆلیس ماسیگرێکی نایاسیی دەستگیرکرد.

674 مەخسەوی شەریفم لەهەوربڕ باڵەخانەی زۆر زۆر بەرزە.

A new skyscraper is built in China every five days.

لە چین هەموو پێنج ڕۆژێك، هەوربڕێکی نوێ دروستدەکرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**252.** **merchant (مێیچنت) بازرگان**[675]**، goods (گودز) کاڵایە**[676]

**calamity (کەلامەتی) حەتمەن مانای بەڵایە**[677]

**253.** **kill، murder دەکوژێ**[678]**، slaughter سەربڕین**[679]

**sale (سەیڵ) فرۆشتنە**[680]**، purchase پێش کڕین**[681]

---

[675] The are many merchants in Kurdistan.

کوردستان ژمارەیەکی زۆر بازرگانی تێدایە.

[676] They sell leather goods such as wallets and purses.

ئەوان کاڵای چەرم وەك جزدان و جانتا دەفرۆشن.

[677] A series of calamities hit them.

زنجیرەیەك بەڵا لێیدان.

[678] کیڵ، مێیدە"ر". هەردوکیان فەرمانن و بەمانای دەکوژێ، دێن. دەکوژێ= دەکوژێت.

Velma Barfield confessed to killing six people, including her mother, with poison. She was executed in North Carolina on Nov. 2, 1984, becoming the first woman executed in the United States after the resumption of capital punishment in 1976.

ژنێك بەناوی ڤێلما بارفایڵد دانیناوە بە کوشتنی شەش کەس بە ژەهراویکردن کە یەکێکیان دایکی خودی خۆی بووە. بەهۆی ئەم تاوانانەوە لە 2-11-1984 لەویلایەتی کارۆلاینای باکور بە دەرزیلێدانی ژەهراوی عومری درێژی بۆ تو جێهێڵراو بەوش بووە یەکەم ژن کە لەسێدارە بدرێت لەسەر ئاستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، پاش دەستپێکردنەوەی ئەو سزایە لەو وڵاتەدا لەساڵی 1976ەوە.

Doctors' sloppy handwriting kills more than 7,000 people annually.

ساڵانە تەنها دەستخەتی ناخۆشی پزیشکەکان، زیاتر لەحەوت هەزار کەس دەکوژێت.

He murdered his friend.

ئەو هاورێکەی کوشت.

[679] سلۆتە"ر"

The journalist was shocked by the slaughter she witnessed during the war.

رۆژنامەنوسەکە بەو سەربڕینە توشی شۆك بوو کە لەکاتی جەنگەکەدا بەچاوی خۆی بینی.

[680] The government has to restrict the sale of cigarettes.

حکومەت پێویستە فرۆشتنی جگەرە، سنورداربکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.254 chest (چێست) سنگ و باوڵ[682]، shoulder (شەوڵدە) "شان"ە[683]**

**muscle (مەسڵ) ماسولکە[684]، bone (بەون) ئێسقانە[685]**

**.255 very much (ڤێری مەچ) زۆر زۆر[686]، few (فیوو) واتە کەم[687]**

**joy (جۆی) خۆشحاڵییە[688]، sadness (سادنەس) یەعنی خەم[689]**

---

[681] پێیچەس. واتە هاوماناى buy و buying.

The new product of Apple is currently available for purchase.

ئێستا بەرهەمە نوێکەی ئەپڵ بەردەستە بۆ کڕین.

[682] بەمانای سنگ و باوڵیش دێت. ئەگەر نازانیت باوڵ چیە، پرسیار لەنەنکت بکە بۆت باسدەکات بە حیکایەتیشەوە!!!

Chest pain is the most common symptom of heart disease.

ئازاى سنگ باوترین نیشانەی نەخۆشی دڵە.

She hid her money in an old chest.

ئەو پارەکەی لەباوڵێکی کۆندا شاردەوە.

[683] She leaned her head on his shoulder.

کچەکە سەری خستەسەر شانی کوڕەکە.

[684] Exercise Improves your body shape, Burns up extra calories, firms up muscle.

وەرزشکردن شێوەی جیسمت جوان دەکات و کالۆرییە زیادەکان دەسوتێنێت و ماسولکە بەهێزدەکات.

[685] ئێسقان= ئێسك

He broke a bone in his hand.

ئێسکێکی دەستی شکاند.

How many bones does a shark have? 0

قرش چەند ئێسکی هەیە؟ 0

[686] Thank you very much.

زۆر زۆر سوپاست دەکەم

[687] I met a few of the other employees at my interview.

لەدیمانەکەمدا کەمێك کارمەندی ترم بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

256. **mortarboard (مۆوتەبۆود) چیە؟ کڵاوی دەرچون**[690]

**olive (ئۆلیڤ) زەیتونی، هەروەها زەیتون**[691]

257. **run (ڕەن) ڕادەکات**[692]**، runny (ڕەنی) واتە شل**[693]

**slip (سلیپ) دەخزێ**[694]**، slipper (سلیپە"ر")یش نەعل**[695]

---

[688] Don’t sleep on the joy of winning.

لەسەر خۆشحاڵیی بردنەوە، مەخەوە.

[689] خەم= خەفەت

We saw the sadness in their faces.

خەفەتمان لەدەموچاویاندا بینی.

[690] کڵاوی دەرچون= کڵاوی تەخەروج: ئەو کڵاوەی دەرچوانی زانکۆو هاوشێوەکانی لەکاتی بۆنەی تەواوکردنی خوێندن دەیکەنە سەریان.

He has several pictures with the mortarboard.

ئەو چەند وێنەیەکی هەیە بە کڵاوی دەرچونەوە.

[691] بەمانای خودی زەیتون و ڕەنگی زەیتونیش دێت.

In ancient Greece, children of wealthy families were dipped in olive oil at birth to keep them hairless throughout their lives.

لە یۆنانی دێریندا، منداڵانی خێزانە دەوڵەمەندەکان، لەکاتی لەدایکبوندا لەناو ڕۆنی زەیتوندا نوقمدەکران بۆ ئەوەی بەدرێژایی ژیانیان بێموو بن.

I don’t like olive clothes.

حەزم لەجلوبەرگی زەیتونی نیە

[692] I can run fast.

دەتوانم بە خێرایی ڕابکەم.

[693] The sauce is very runny.

ساسەکە زۆر شلە.

[694] دەخزێ بەمانای هەڵدەخلیسکێ

She slipped on the ice.

ئەو لەسەر بەفرەکە خزا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.258 **change (چەینج) باقیی پارە، دەگۆڕێ و گۆڕان**[696]

**stroke (سچرەوك) زەربەیە، بەکوردی لێدان**[697]

.259 **tricycle (ترایسیکڵ) پاسکیل، بەڵام سێتایە**[698]

**cube (کیووب) شەشپاڵوو، هەمیش سێجایە**[699]

.260 **peanut (پینەت) بەمانای عەلی بابایە**[700]

---

695 I have to buy a new pair of slippers.

پێویستە جوتێك نەعلی تازە بکرم.

696 بەمانای باقی پارەو دەگۆڕێ (یتغیر) و گۆڕان (تغیر)یش دێت. واتە هەم ناوە، هەم فەرمان.

Meeting you has changed my life.

بینینی تۆ ژیانمی گۆڕیوە.

Scientists worried about climatic change.

زانایان سەبارەت بە گۆڕانی کەش و هەوا نیگەران بوون.

Here's your change, Sir.

ئەوە باقییەکەتە، گەورەم.

697 بەمانای زەربە (ضربة) دێت کە وشەیەکی عەرەبییەو بە کوردی لێدانە.

He received three strokes of the cane.

ئەو سێ لێدانی بەگۆچانەکە بەرکەوت.

698 پاسکیلی سێتایە. بەگشتی پێشگری tri کە لەسێ پیت پێکهاتووەو پێدەچێت لەگەڵ وشەی three کە هەر بەمانای سێ دێت یەك بنەڕەتیان هەبێت، بچێتە سەر هەر وشەیە مانای "سێ" یا "سیانە"ی بۆ زیاددەکات.

Our three-year-old loves her red tricycle.

منداڵە سێ ساڵەکەمان پاسکیلە سێتایە سورەکەی خۆشدەوێت.

699 شەشپاڵوو شێوەیەکی ئەندازەییە.

It was a rough shape, neither a cube nor a sphere.

شێوەیەکی قورس بوو، نە شەشپاڵوو بوو، نە خڕ.

The cube of 2 is 8.

سێجای دوو یەکسانە بە هەشت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**pork (پۆۆك) گۆشتی بەراز[701]، beef (بییف) هی مانگایە[702]**

.261 **author (ئۆۆثە"ر")و writer (رایتە) بەمانای نوسەر[703]**

**حاشا حازری burro (بورەو) جاشەکەر[704]**

.262 **louse (لاوس) ئەسپێیە[705]، leech (لییچ) واتە زەروو[706]**

**mushroom (مەشڕوم) قارچکە[707]، fungus (فەننگەس)یش کەڕوو[708]**

---

[700] Use peanut butter and avocado as healthy fat sources.

ئەڤۆکادۆو کەرەی عەلی بابا وەك سەرچاوەیەکی چەوریی تەندروست بەکاربهێنە.

[701] Germans consumed more pork than any other meat.

ئەڵمانەکان گۆشتی بەراز لەهەموو جۆرە گۆشتێکی تر، زیاتر دەخۆن.

[702] هی مانگا لێرەدا واتە گۆشتی مانگا.

Per calorie, broccoli has more protein than beef

لەڕوی کالۆرییەوە، میوەی برۆکلی لەگۆشتی مانگا، پرۆتینی زیاتر تێدایە.

[703] He is the author of two books on Kurdish history.

ئەو نوسەری دوو کتێبە لەسەر مێژوی کورد.

She is a well-known writer of children's books.

ئەو نوسەرێکی بەناوبانگی کتێبی منالانە.

[704] My little brother loves the burro very much.

برا بچوکەکەم جاشەکەرەکەی زۆر خۆشدەوێت.

[705] کۆکەی alice.

The louse I saw in your head, was very  big.

ئەو ئەسپێیەی لەسەری تۆدا بینیم زۆر گەورە بوو.

[706] تەسەورکە لییچێ بە لچتەوە با!!!. ئەم جوملەیە لەبەرکە بۆ ئەوەی مانای ئەم وشەیە بۆ هەمیشە لەیادگاتدا بمێنێتەوە.

A leech can take up to 200 days to digest a meal.

دەکرێ زەروو بۆ هەرسکردنی یەك ژەمەخۆراك، تا 200 رۆژی پێبچێت.

[707] Mushrooms control blood pressure.

قارچك کۆنترۆڵی فشاری خوێن دەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.263 **traffic (ترافیك) هاتوچۆ**[709]**، sign (ساین)یش نیشانە**[710]

**laughter (لافتە) پێكەنین**[711]**، weeping (وییپینگ) گریانە**[712]

.264 **diamond (دایەمەند) ئەڵماس، هەروەها مەعین**[713]

**at least (ئەت لییست) لانیكەم**[714]**، least (لییست)یش كەمترین**[715]

---

708 جەمعەكەی fungiیە.

This fungus attacks roses and causes black spots on their leaves.

ئەم كەڕووە هێرشدەكاتە سەر گوڵ و خاڵی رەش لەسەر گەڵاكانی دروستدەكات.

709 Traffic accidents kill 1.25 million poeple per year.

هەموو ساڵێك رووداوی هاتوچۆو ملیۆنێك و 250 هەزار كەس دەكوژێت.

710 Flowers are the first sign of Spring.

گوڵ یەكەم نیشانەی بەهارە.

Sarcasm is a sign of a healthy brain.

سوعبەتكردن یەكێكە لەنیشانەكانی تەندروستیی دەماخی شەریفت.

711 She waited for the laughter to die down before she spoke.

پێش ئەوەی قسەبكات، چاوەڕێی كرد كە پێكەنینەكە هێوربێتەوە.

712 Weeping is useful for health.

گریان بۆ تەندروستی بەسودە.

713 مەعین: شێوەیەكی ئەندازەیی چوارلایە.

He had worked in the diamond mines of South Africa.

ئەو لەكانە ئەڵماسەكانی ئەفەریقای باشور، كاری كردبوو.

Banaz drew a diamond on her piece of paper.

بەناز وێنەی مەعینێكی لەسەر پارچەكاغەزەكەی كێشا.

714 By walking at a fast pace for three hours or more at least one time a week, you can reduce your risk of heart disease by up to 65%.

دەتوانیت لەڕێگەی رۆیشتن بە هەنگاوی خێرا، بۆ ماوەی سێ سەعات یان زیاتر، لانیكەم یەكجار لەهەفتەیەكدا، مەترسیی توشبونت بە نەخۆشیی دڵ بەڕێژەی تا لەسەدا 65، كەمبكەیت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

265. **midnight (میدنایت) نیوەشەو**[716]**، evening (ئیڤنینگ) ئێوارە**[717]
**middle (میدڵ) ناوەڕاست**[718]**، brink (برینك) لێوارە**[719]

266. **offence (ئەفێنس) تاوانە**[720]**، witness (ویتنەس) شایەتحاڵ**[721]
**homeless (هەوملەس) کەسێکە نەیبێ ماڵ و حاڵ**[722]

267. **onion (ئەنیەن) پیازە**[723]**، garlic (گالیك) واتە سیر**[724]

---

[715] Of the three brothers, Karzan spends the least money on clothes.

لە سێ براکە، کارزان کەمترین پارە لەجلوبەرگدا سەرفدەکات.

[716] He died shortly after midnight.

ئەو کەمێك پاش نیوەشەو، گیانی لەدەستدا.

[717] We usually eat our main meal in the evening.

عادەتەن ئێمە ژەمی سەرەکیمان لەئێوارەدا دەخۆین.

[718] Here is the middle of the town.

ئێرە ناوەڕاستی شارۆچکەکەیە.

[719] The brink of the mountain is very attractive.

لێواری شاخەکە زۆر سەرنجڕاکێشە.

[720] He committed several serious offences.

ئەو چەند تاوانێکی مەترسیداری ئەنجامداوە.

[721] The witness was accused of committing perjury.

شایەتحاڵەکە بە ئەنجامدانی شایەتی درۆ تۆمەتبارکرا.

[722] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە ماڵ و حاڵی خۆی نەبێت.

This town always has a lot of homeless people in the streets.

ئەم شارۆچکەیە هەمیشە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی بێماڵ و حاڵی هەیە لەشەقامەکاندا.

[723] Onion juice is used for toothaches and tooth decaying.

شەربەتی پیاز بۆ ئازاری ددان و کلۆربونی، بەکاردەهێنرێت.

[724] Garlic kills bacteria.

سیر بەکتریا دەکوژێت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**hunter (هەنتە) راوچییە[725]، prey (پرەی)یش نێچیر[726]**

.268 **defence (دیفێنس) بەرگری[727]، attack (ئەتاك) شاڵاوە[728]**

**hi (های) نارەسمییە، مانای سڵاوە[729]**

.269 **I (ئای) من[730]، you (یوو) ئێوە، دێش بەمانای تۆ[731]**

---

725 The police arrested some illegal hunters.

پۆلیس چەند راوچییەكی نایاسایی دەستگیركرد.

726 The lioness is closing in her prey.

دەڵەشێرەكە لەنێچیرەكەی نزیك دەبێتەوە.

727 The government's policy on defence has been strongly criticized.

سیاسەتی حكومەت سەبارەت بە بەرگری، روبەڕوی رەخنەی توند بووەتەوە.

728 شاڵاو بەمانای هێرش و پەلامار.

94% of terrorist attacks carried out in the United States from 1980 to 2005 have been by non-Muslims, according to the FBI.

بەگوێرەی نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریكا، لەسەدا 94ی ئەو هێرشە تیرۆریستییانەی لەنێوان 1980 بۆ 2005 لەو وڵاتە رویانداوە، ئەنجامدەرەكانیان موسڵمان نەبوون.

729 وەك وشەی high دەخوێنرێتەوە كە بەمانای بەرز دێت. وشەی hi نارەسمییەو بەمانای سڵاو دێت و لەنێوان كەسانی هاوتاو برادەران و هتد. بەكاردەهێنرێت. رەسمییەكە hello.

Hi Hama.

سڵاو حەمە .

730 عەینەن وشەی eye دەخوێنرێتەوە كە بەمانای چاو دێت. ئەم وشەیە هەمیشەو لەهەر شوێنێكی رستەدا بێت بە كاپیتاڵ دەنوسرێت.

I live in Slemani.

من لەسلێمانی دەژیم.

731 هەروەها بە "یە"ش دەخوێنرێتەوە. بەمانای تۆو ئێوەش دێت.

Are you teachers or doctors?

ئێوە مامۆستان یان دكتۆر؟

I love you.

من تۆم خۆش دەوێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**right (رایت) ماف و "راست"ە[732]، false (فۆڵس) هەڵەو درۆ[733]**

**.270 mosque (مۆسك) واتە مزگەوت[734]، school (سكوڵ) قوتابخانە[735]**

**drug (درەگ) هۆشبەرە، هەمیش دەرمانە[736]**

---

[732] هەروەك وشەی write دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە بەمانای ماف و راستیش دێت. مەبەستم لە راست لێرەدا راستە بەمانای پێچەوانەی درۆو هەڵە، هەروەها راست بەمانای پێچەوانەی چەپ.

You have right to consider yourself smart but don't have right to consider others stupid.

مافی ئەوەت هەیە خۆت بە زیرەك دابنێیت بەڵام مافی ئەوەت نیە كەسانی تر بە گێل دابنێیت.

Your left lung is smaller than your right lung.

سیی چەپت لە سی راستت بچوكترە.

All of your answers are right.

هەموو وەڵامەكانت راستن.

[733] فاڵس. بەمانای هەڵەو درۆش دێت.

She was charged with giving false evidence in court.

ئەو بە پێدانی بەڵگەی درۆ لەدادگا، تۆمەتباركرا.

[734] The Imams in our mosques give sermons on so many issues.

ئیمامەكانی مزگەوتەكانمان ئامۆژگاری لەسەر ژمارەیەكی زۆر پرس، پێشكەش دەكەن.

[735] قوتابخانە= خوێندنگە.

From 1989 to 2009, about 2,000 schools were closed in Germany because of a scarcity of children.

لەساڵی 1989 بۆ 2009، بەهۆی كەمی قوتابییەوە، نزیكەی دوو هەزار قوتابخانە لەئەڵمانیا داخراون.

Beethoven never knew how to multiply or divide. The renowned pianist went to a Latin school called Tirocinium, where he was taught some math but never learned multiplication or division—only addition. Once, when he needed to multiply 62 by 50, he wrote 62 down a line 50 times and added it all up.

ئەگەر تەنانەت هەر زۆر زۆریش لەبیركاریدا تەمەڵیت، نەچی بچی خەفەتی لێبخۆیت، چونكێكوم لێت عاجزەوم، سەرباری ئەوەش بەدوری مەزانە دواجار ئەو تەمەڵییە بوێتە رەحمەت بۆت وەك ئەم ناودارە.

پیانۆژەنی بەناوبانگ، بیتهۆڤن، هەرگیز فێری لێكدان و دابەشكردن نەبووە. ئەم برادەرە چووە بۆ خوێندنگەیەكی لاتینیش بەناوی تیرۆسینیوم كە تێیدا هەندێك بیركاری فێركراوە بەڵام هەرگیز فێری لێكدان و دابەشكردن نەبووە، تەنها فێری كۆكردنەوە بووە.

كورە جا هێشتا چت دیوە؟!

بیتهۆڤن جارێك پێویستی بەوە بووە 62 زەربی 50 بكات، ئەم داماوە لەبەرئەوەی هەرگیز فێری لێكدان نەبووە، چووە 50 جار ژمارە 62ی ریزكردووەو پاشان كۆیكردونەتەوە!!!



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[271]. exert (ئیگزێیت) بەمانای بەکارهێنانە

بەڵام ناو نیە، بەڵکو فەرمانە[737]

[272]. rub (ڕەب) دەخورێنێ[738]، ruby (ڕوبی) یاقوتە[739]

even number (ئیڤن نەمبە"ر")ە ژمارەی جوتە[740]

[273]. minus ناقسە، دێش بەمانای کەم[741]

plus زائید، کۆ[742]، ointment (ئۆینتمەنت) مەڵهەم[743]

---

[736] بەمانای هۆشبەرو دەرمانیش دێت. مەبەستم لەهۆشبەر لێرەدا ماددەی هۆشبەرە.

31% of rock star deaths are related to drugs or alcohol.

لەسەدا 31ی حاڵەتەکانی مردنی ئەستێرەکانی بواری موزیکی ڕۆك پەیوەندییان بە ئەلکهول یان ماددە هۆشبەرەکانەوە هەیە.

Hitler suffered chronic flatulence and took 28 different drugs to fight it.

هیتلەر باوێژەی درێژخایەنی ناوسکی هەبووەو 28 دەرمانی جیاوازی بەکارهێناوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی.

[737] بەمانای "بەکاردەهێنێت" دێت کە فەرمانە نەك بەمانای "بەکارهێنان" کە ناوە.

My parents exerted a lot of pressure on me to do well at school.

دایك و باوکم فشارێکی زۆریان لەسەر بەکارهێنام بۆ ئەوەی بەباشی هەوڵبدەم لەقوتابخانە.

[738] She yawned and rubbed her eyes.

باوێشکی داو چاوەکانی خوراند.

[739] یاقوت: جۆرە بەردێکی بەنرخە.

There weren't any rubies of large size in that period.

لەو سەردەمەدا هیچ یاقوتێکی قەبارە گەورە نەبووە.

[740] Two is the smallest even number.

بچوکترین ژمارەی جوت، دووە.

[741] ماینەس. بەمانای ناقس (سالب، پێچەوانەی موجەب)و کەم (نیشانەی لێدەرکردن "-") دێت.

Minus five is smaller minus 4.

ناقس پێنج لەناقس چوار بچوکترە.

Five minus one is four. (5-1=4).

پێنج کەم یەك دەکاتە چوار. (5-1=4).



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[274]. **hear** دەبیستێ، **here** واتە لێرە[744]

**hair** موو و قژە[745]، **brine** (براین) ئاوی سوێرە[746]

[275]. **difficult** (دیفیکەڵت) گران[747]، **easy** (ئیزی) ئاسانە[748]

---

[742]پڵەس. بەمانای زائید (موجەب)و کۆ (نیشانەی کۆکردنەوە "+") دێت.

Plus 8 is greater than plus 6.

زائید هەشت لەزائید شەش گەورەترە.

Three plus three is seven. True or false?

سێ کۆ سێ دەکاتە حەوت. راستە یان هەڵەیە؟

[743] I have to use the eye ointment daily.

پێویستە رۆژانە مەڵهەمی چاو بەکاربهێنم.

[744] هیە. هەردوو وشەکە هەمان خوێندنەویان هەیە.

The world's quietest room is -9 decibels, quiet enough to hear your blood flowing.

هێمنترین ژور لەجیهاندا، پلەی توندی دەنگەکەی 9ی ژێر سفر دێسیبێڵە. ئەم ژورە هێندە هێمنە کە تێیدا دەنگی رۆشتنی خوێنی خۆت بەناو بۆرییەکانی خوێندا، دەبیستیت.

It’s hard to sit here and be close to you and not kiss you.

سەختە لێرە دانیشم و لەنزیك تۆ بم وماچت نەکەم.

[745]هێیە. بەمانای موو و قژیش دێت.

I found a hair in my soup.

مویەکم لەشۆربەکەمدا دۆزییەوە.

Use onion juice on the hair or the scalp to get rid of lice and hair fall. This is one of the most prominent of onion benefits for hair.

شەربەتی پیاز بدە لە قژ یان فەروی سەر بۆ ئەوەی رزگارت بێت لەئەسپێ و هەڵوەرینی قژ. ئەمە یەکێکە لە باشترین سودەکانی پیاز بۆ قژ.

[746] The sardines were soaked in brine.

ماسییە ساردینەکان لەناو ئاوی سوێردا نقومکران.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**comb (کەوم) دادەهێنێ، پۆپنە، هەم "شانە"**[749]

[276]. **cheerleader (چیەلییدە) چیە؟ واتە هوتافکێش**[750]

**mitt (میت)و handwear (هاندوێیە) هەردوکیان دەسکێش**[751]

[277]. **divorce (دەڤۆوس) تەڵاقە**[752]**، parting (پاتینگ) داپڕان**[753]

---

[747] گران بەمانای پێچەوانەی ئاسان.

This game is too difficult for me.

ئەم یارییە بۆ من زۆر گرانە.

[748] He thought the exam was very easy.

ئەو پێیوابوو تاقیکردنەوەکە زۆر ئاسانە.

[749] پیتی بییەکە بێدەنگە واتە ناخوێنرێتەوە. وەك کار بەمانای دادەهێنێت و وەك ناو بەمانای پۆپنە (ی کەڵەشێرو مریشك و هتد..)و شانە دێت.

She combed her hair.

ئەو قژی داهێنا.

The rooster had a bright red comb.

کەڵەشێرەکە پۆپنەیەکی سوری گەشی هەبوو.

Don’t use your sister’s comb, It’s an unhealthy work.

شانەی خوشکەکەت بەکارمەهێنە، ئەوە کارێکی ناتەندروستە.

[750] ئەو هاندەرەی لەکاتی موتابەعەکردنی وەرزشدا هوتاف بۆ یانە یان تیپ یان هەڵبژاردە دڵخوازەکەی دەکێشێت و بە دەنگ و هات و هاواری بەرز، خۆشی دەردەبڕێت.

She is a cheerleader for Real Madrid.

ئەو هوتافکێشێکی ریاڵ مەدریدە.

[751] هەردوکیان بەمانای دەسکێش دێن، بەڵام یەکەمیان بە مانای دەسکێش بەگشتی و دووەمیان زیاتر بەمانای دەسکێشی پاراستنی دەست لەپێکان و برینداری لەدۆخی تایبەت، دێت.

Wearing the handwear is necessary in some situations.

لەدەستکردنی دەسێکش لەهەندێك دۆخدا، پێویستە.

The baseball mitt is used for protecting the player’s hands from injuries.

دەسکێشی یاری بەیسبۆڵ بەکاردەهێنرێت بۆ پاراستنی دەستی یاریزان لەپێکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**volcano (ڤۆڵکەینەو) بورکان، بەکوردی گڕکان**[754]

[278.] **scalene (سکەیلیین) چیە؟ سێلاجیاوازە**[755]

**hog (هۆگ) بەراز**[756]**، bacon (بەیکن) گۆشتی بەرازە**[757]

[279.] **equal (ئییکوڵ) یەکسانە، unequal (ئەنئییکوڵ) نایەکسان**[758]

**multiplication پێیدەڵێین لێکدان**[759]

---

752 تەڵاق= (ع: طلاق): جیابونەوەی نێوان دوو هاوژین.

One in three marriages ends in divorce.

لەهەموو سێ هاوسەرگیرییەك، یەكێكیان بە تەڵاق كۆتایی دێت.

753 The moment of parting is very painful.

ساتی دابڕان، زۆر ئازاربەخشە.

754 بورکان عەرەبییە، کوردییەکەی گڕکانە.

No other country in Europe has as many volcanoes as Italy.

ئیتاڵیا لەهەموو وڵاتەکانی تری ئەوروپا، گڕکانی زیاتر تێدایە.

755 ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەكاردەهێنرێت كە سێ لاكەی جیاواز بن نەك لەیەكچوو.

Can you draw a scalene triangle?

ئەتوانیت وێنەی سێگۆشەیەکی سێلاجیاواز بکێشیت؟

756 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاگ گۆیدەکەن. ئەم وشەیە زیاتر بەمانای ئەو بەرازە دێت کە بۆ گۆشتەکەی بەخێودەکرێت.

The hog frightened the baby.

بەرازەکە مناڵەکەی تۆقاند.

757 بەمانای گۆشتی بەراز دێت بەتایبەت هی پشت یان ئەملاو لای جەستەی، زۆرجار بەشێوازی جیاواز ئامادەدەکرێت بۆ خواردن (خوا پەنامان با!!!).

Muslims don't eat bacon.

موسڵمانان گۆشتی بەراز ناخۆن.

758 "One person with a belief is equal to a force of 99 who have only interests." – John Stuart Mill.

هێزی یەك كەس كە بڕوای هەیە یەكسانە بە هێزی 99 كەس كە تەنها حەزیان هەیە .

The slices were unequal in size.

قەبارەی قاشەکان نایەکسان بون. واتە یەکسان نەبون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

280. bill پرۆژەیاسا، پسولەو دراو[760]

woman خانمە[761]، man مرۆڤ و پیاو[762]

281. many (مێنی) زۆر[763]، money بەمانای پارە[764]

---

[759]مەڵتەپلیکەیشن. لێکدانی بیرکاری= ضرب

Multiplication is difficult for tiny children.

لێکدان بۆ منالّی بچوك، قورسە.

[760]بیڵ. بەمانای پرۆژەیاسا (مشروع قانون)و پسولە (ی ئاوو کارەباو هتد...)و دراو (ی کاغەز نەك ئاسن) دێت.

Parliament will vote today on the reform bill.

ئەمڕۆ پەرلەمان دەنگ لەسەر پرۆژەیاسای چاكسازی دەدات.

Have you paid the electricity bill?

پارەی پسولەی كارەباكەت داوە؟

I lost a five dollar bill yesterday.

دوێنێ دراوێكی پێنج دۆلاریم ونكرد.

[761]ومەن. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە ومن گۆیدەكەن. جەمعەكەی womenە. مەبەستم لەخانم هەموو مرۆڤێكی مێینەی پێگەیشتووە جا شووی كردبێت یان بوخچەی نەكراوە بێت. پێموایە خانم دەقیقترە لە ژن.

To a woman the first kiss is just the end of the beginning, but to a man it's the beginning of the end. Helen Rowland

بەنیسبەت خانمەوە، یەكەم ماچ تەنها كۆتایی سەرەتایە، بەڵام بەنیسبەت پیاوەوە یەكەم ماچ سەرەتای كۆتاییە.

[762]مان. بەمانای مرۆڤ و پیاویش دێت. پیاو بەمانای هەموو كەسێكی نێرینەی پێگەیشتوو جا ژنی هێنا بێت یان نا. جەمعەكەی menە.

A village named Marottichal in India is addicted to chess after one man taught everyone how to play 50 years ago to stop excessive alcohol use and gambling which has now all declined to almost nothing.

لەهندستان گوندێك هەیە بەناوی مارۆتیچاڵ كە خەڵكەكەی ئاڵودەبوی یاری شەترەنجن. پەنجا ساڵ لەمەوبەر پاش ئەوەی پیاوێك بەمەبەستی نەهێشتنی بەكاربردنی زۆری ئەلكهول و قوماركردنی بێشومار، كە لەو گوندەدا باو بوو، فێری شەترەنجی كردن. لەئەنجامدا خویان بە شەترەنجەوە گرت و ئێستا ڕێژەی خواردنەوەو قوماركردن لەو گوندە هێندە پاشەكشەی كردووە كە لەسفرەوە نزیكە .

Man is still more intelligent than the cleverest robot.

هێشتا مرۆڤ لەزیرەكترین ڕۆبۆت، زیرەكترە. واتە تائێستا ڕۆبۆتێكی وەها دروستنەكراوە كە لەمرۆڤ زیرەكتر بێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

765ملیارە billion ملیۆنەو million

.282 whistle (ویسڵ) فیکەیەو لێدەدا فیکە766

---

[763] We don't have many options.

بژاردەی زۆرمان لەبەردەمدا نیە.

764مەنی. سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە لەڕوی پێکهاتەو گۆکردنەوە لەیەکەوە نزیکن.

Kissing you is just like money, even too much isn’t enough.

ماچکردنی تۆ کت و مت وەك پارە وایە، تەنانەت زۆر زۆریش بێت، هێشتا بەس نیە.

Betty Lou Beets was convicted of killing her husband for insurance money and was dubbed “The Black Widow.” The Texas woman murdered her fifth husband in 1983, but said it was because he beat her. She was also charged with killing her fourth husband, and shooting and wounding her second husband. The bodies of her two previous husbands were found buried outside her mobile home, CBS News reported. Beets’ own children testified against her, and she was finally executed Feb. 24, 2000 at the age of 62.

بێتی لەو بیتس بەکوشتنی مێردەکەی لەسەر پارەی زەمان ئیدانەکراوەو نازناوی بێوەژنە ڕەشەکەی لێنراوە. ئەم بەرازە کە خەڵکی ویلایەتی تەکساسە، لەساڵی 1983ش مێردی پێنجەمی کوشتووە، بەڵام خۆی دەڵێت هۆکارەکەی ئەوە بووە کە مێردەکەی لێیدەدا. هەروەها بە کوشتنی مێردی چوارەمیشی و تەقەکردن لەمێردی دووەم و بریندارکردنی، تۆمەتبارکراوە. تەرمی دوان لەمێردەکانی پێشوی لەژێر خاکی دەرەوەی ماڵە گەڕۆکەکەیدا دۆزراونەتەوە. لەدادگا خودی منداڵەکانی ئەم گورگە مرۆییە، شایەتییان لەدژی داوە. دواجار لە 24-2-2000، لەتەمەنی 62 ساڵیدا، لەسێدارەدراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێڵرا.

765میلیەن، بیلیەن. سەرنج بدە ئەم دوو وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی خوێندنەوەشەوە، یەك کێشیان هەیە.

Despite Americans owning more than 78 million dogs as pets, only about 30 deaths per year are attributed to dog attacks, fewer than bees.

هەرچەندە ئەمەریکییەکان زیاتر لە 78 ملیۆن سەگیماڵییان هەیە، بەڵام ساڵانە تەنها لەسەدا 30ی کۆی حاڵەتەکانی مردن پەیوەندییان بەهێرشی سەگەوە هەیە، واتە کەمتر لەقوربانیانی دەستی هەنگ.

When Facebook acquired Instagram for about $1 billion, the company had just 13 employees.

کاتێك فەیسبوك ئینستاگرامی بە یەك ملیار دۆلار واتە سەد هەزار دەفتەری صەیی کڕی، کۆمپانیای ئینستاگرام تەنها 13 کارمەندی هەبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

close (کلەوز) دادەخات، هەمیش نزیکە[767]

.283 suggestion (سەجێسچن) چیە؟ مانای پێنشیاز [768]

pacifist (پاسەفیست) لاشەڕ واتە ئاشتیخواز [769]

.284 sabotage تێکدەدا[770]، saboteur (سابەتە) تێکدەر [771]

single تەنها یەك، لەگەڵ بێهاوسەر [772]

---

[766] وەك ناو بەمانای فیکەو وەك فەرمان بەمانای لێدەدا فیکە (= فیکە لێدەدات) دێت. سەرنج بدە ئەم وشەیە پیتی t ایەکەی بێدەنگە.

I bought a small whistle for my tiny kid.

فیکەیەکی بچوکم بۆ منالە بچوکەکەم کری.

I whistled to my dog and she came running back.

فیکەم بۆ سەگەکەم لێداو ئەویش بە راکردن گەڕایەوە.

[767] وەك فەرمان بەمانای دادەخات و وەك ئاوەڵناو بەمانای نزیك دێت. لەحاڵەتێکدا بەمانای نزیك بێت، بە کلەوس دەخوێنرێتەوە نەك کلەوز.

Please close your eyes. How dark is it? This is my life without you.

بێزەحمەت چاوەکانت داخە. ئاوها چەندە تاریکە؟! ئەوە ژیانی منە بەبێ تۆ!

He is one of my close friends.

ئەو یەکێکە لەهاوڕێ نزیکەکانم.

[768] I don't know what to wear tonight, do you have any suggestions?

نازانم ئەمشەو چی لەبەربکەم، هیچ پێشنیازێکت هەیە لەو بارەیەوە؟

[769]ناوە نەك ئاوەڵناو. زۆربەی ئەو وشانەی بە istکۆتاییان دێت ناون. ئەم وشەیە بەمانای کەسێك دێت کە دژی توندوتیژییەو دەیەوێت کێشەکان بە ئاشتی و بێشەڕ یەکلایی بکرێنەوە.

She was a committed pacifist all her life.

ئەو بەدرێژایی ژیانی، ئاشتیخوازێکی لێبڕاو بوو.

[770]سابەتاژ. تێکدەدا= تێکدەدات.

The rebels had tried to sabotage the oil pipeline.

یاخیبووەکان هەوڵیاندا بۆرییە نەوتەکە تێکبدەن.

[771] Some saboteurs attacked on the mosque.

هەندێك تێکدەر هێرشیانکردە سەر مزگەوتەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.285 **consent (کەنسێنت) چیە؟ ڕەزامەندی[773]**

**tie (تای)و relation (ڕیلەیشن) هەردوو پەیوەندی[774]**

.286 **ceasefire هودنە، واتە ئاگربەست[775]**

**inadvertently مانای بێمەبەست[776]**

---

[772]سینگڵ. بەمانای تەنها یەك (One only)و بێهاوسەر دێت.

Love is composed of a single soul inhabiting two bodies.

عیشق پێکدێت لە تەنها یەك ڕۆح کە لەدوو جەستەدا نیشتەجێبووە.

Are you single?

تۆ بێهاوسەریت؟ واتە هاوسەرت نیە؟

[773] ڕەزامەندی= موافەقەت.

Remember no one can make you feel inferior without your consent.

ئەوت لەبیر بێت کە هیچ کەسێك ناتوانێت بەبێ ڕەزامەندی خۆت، وات لێبکات هەست بە کەمی بکەیت.

[774] هەردوکیان بەمانای پەیوەندی دێن.

He has a strong family tie.

ئەو پەیوەندییەکی خێزانی بەهێزی هەیە.

A multipart study found that beautiful people are more likely to be involved in unstable relationships.

لێکۆڵینەوەیەکی فرەڕەهەند دەریخستووە کە کەسانی جوان ئەگەری توشبونیان بە پەیوەندیی ناجێگیر، لەکەسانی تر زیاترە.

The relation between couples contain three main stages:
Romantic relation: She’s talking, he’s listening.
Engagement stage: He's talking, she's listening.
Marriage stage: The both talking, all the neighbors are listening.

پەیوەندیی نێوان ژن و مێرد سێ قۆناغی ناسك لەخۆدەگرێت:
قۆناغی حوبحوبێنە: خانم قسەدەکاو ئەو گوێ دەگرێ
قۆناغی دەزگیرانداری: کابرا قسەدەکاو خانم گوێ دەگرێ
قۆناغی هاوسەرگیری: هەردوکیان قسەدەکەن و سەرجەم دەرودراوسێ گوێدەگرن!

[775]سیيسفایە"ر". هودنە عەرەبییە، کوردییەکەی ئاگربەستە.

The both fighting sides declares a ceasefire.

هەردوو لایەنە شەڕکەرەکە ئاگربەستێکیان ڕاگەیاند.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.287 **military سەربازی، لەگەڵ سوپایە**[777]

**meaningless بێمانا**[778]، **meaning (میینین) مانایە**[779]

.288 **dressmaker چیە؟ خەیاتی ژنان**[780]

**negotiation مانای دانوستان**[781]

.289 **offspring (ئۆفسپرینگ) نەوە، هەروەها ئەنجام**[782]

---

[776] ئینەدڤێتنتڵی. بێمەبەست= بەبێ مەبەست، واتە پێچەوانەی بە ئەنقەست.

He inadvertently deleted the file.

ئەو بێمەبەست فایلەکەی سڕییەوە.

[777]میلیتری. بەمانای سەربازی و سوپاس دێت. واتە لەمانای دووەمیاندا موورادیفی armyیە.

Spain was an important military power in the 16th century.

لەسەدەی شانزەهەمدا، ئیسپانیا هێزێکی سەربازیی گرنگ بووە.

American flags made in China are banned in the U.S. Military.

ئاڵای ئەمەریکای دروستکراو لە چین، لەناو سوپای ئەمەریکادا قەدەغەیە.

[778]میینینلس. بێمانا بەمانای بێنرخ و بێسود.

His artickle was full of meaningless words.

وتارەکەی پڕبوو لەوشەی بێمانا.

[779] The meaning of life is to give life meaning.

مانای ژیان بریتییە لەپێدانی مانا بە ژیان.

[780]درێسمەیکە"ر". خەیاتی ژنان= بەرگدروی ژنان. وشەکە لێکدراوە لە dress (جلوبەرگ، عەزی)و maker (دروستکەر) پێکهاتووە.

My mother isn’t a skillful dressmaker.

دایکم بەرگدرویەکی لێهاتوو نیە. لەڕستەکەدا پێویست ناکات بنوسین بەرگدرویەکی ژنان، بۆ؟ چونکە وشەی دایکەکە رونیکردووەتەوە.

[781]نەگەوشیەیشن. دانوستان= "مفاوضات"

After a series of difficult negotiations, they reached an agreement.

پاش زنجیرەیەك دانوستانی سەخت گەیشتنە ڕێکەوتنێك.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[783]سیستم) system) شێوازە، لەگەڵ کۆئەندام

.290 paradise (پارەدایس)، heaven (هێڤن) هەردوو بەهەشتە[784]

hell (هێڵ) واتە دۆزەخ[785]، مانای eight (ئەیت) هەشتە[786]

.291 gesture (گێسچە) ئاماژە، بەناوو فەرمان[787]

---

782 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاافسپرینگ گۆیدەکەن. بەمانای نەوەو ئەنجامیش دێت. ئەم وشەیە بژێردراوەو تاك و کۆکەی هەمان فۆرمە.

This photograph contains my grandmother and all her offspring.

ئەم وێنەیە داپیرەم و هەموو نەوەکانی تێدایە.

That painting is the offspring of Banaz's creative mind.

ئەو تابلۆیە ئەنجامی عەقڵە داهێنەرەکەی بەنازە.

783 بەمانای شێوازو کۆئەندامیش دێت.

Via this system, many people were prevented from voting.

بەهۆی ئەم شێوەزە، زۆر کەس رێی دەنگدانیان لێگیرا.

At least once a day your immune system destroys a cell that would have become cancer if it lived.

رۆژانە لانیکەم کۆئەندامی بەرگریت، خانەیەك دەکوژێت کە ئەگەر لەناو نەچێت، دەبێتە شێرپەنجە.

784 هەردوکیان بەمانای بەهەشت دێن.

Paradise is always where love dwells.

هەمیشە بەهەشت لەشوێنێکدایە کە خۆشەویستی تێدایە.

Love is like heaven, but it can hurt like hell.

عیشق وەك بەهەشت وایە بەڵام دەکرێ وەك دۆزەخ ئازاربدات.

785 دۆزەخ= جەهەننەم

Does hell really exist?

ئایا بەڕاستی دۆزەخ بونی هەیە؟

786 Five plus three equals eight.

پێنج کۆ سێ یەکسانە بە هەشت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

even (ئیيڤن) تەنانەت، ئارام و یەکسان[788]

.292 of cource، for sure هەردوو بێگومان[789]

unscrupulous مانای بێویژدان[790]

.293 brothel مەلهایە یا قەحبەخانە[791]

---

787 بەناوو فەرمان واتە وەك ناو بەمانای ئاماژە "ئیشارەت"و وەك فەرمان بەمانای ئاماژەدەکات، دێت..

He made a rude gesture at the crowd.

ئەو لەقەرەباڵغییەکەدا ئاماژەیەکی ناشرینی کرد.

Karzan gestured towards the door saying get out.

کارزان ئاماژەی کرد بەرەو دەرگاکەو وتی بڕۆ دەرەوە.

788 بەمانای تەنانەت و ئارام (هێمن) و یەکسانیش دێت.

It was so easy, even a child could do it.

زۆر ئاسان بوو. تەنانەت منداڵێکیش دەیتوانی بیکات.

He read most of the speech in an even tone.

زۆربەی وتارەکەی بە تونێکی هێمن خوێندەوە.

There is an even chance for the whole people to vote.

هەلێکی یەکسان هەیە بۆ هەموو خەڵك کە دەنگبدات. لەم مانایەدا وشەی even موڕادیفی equalە.

789ئەهڤ کۆوس، فۆوشۆو. موڕادیفن. بێگومان= بەدڵنییایەوە.

May I look at your newspaper?" "Of course you can.

ئەتوانم سەیری رۆژنامەکەت بکەم؟ بێگومان دەتوانیت.

I’ve tasted your lips in my dreams and when I woke up, I knew for sure what I wanted for breakfast.

لەخەوما تامی لێوەکانتم کرد، بۆیە کاتێك خەبەرم بووەوە، بێگومان زانیم بۆ نانی بەیانی چیم دەوێ.

790ئەنسکروپیەلەس

He is an unscrupulous salesman.

ئەو فرۆشیارێکی بێویژدانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**utilization بەکارهێنانە**[792]

[.294] **firm (فێیم) مانای جێگیر، ڕەق، کۆمپانیایە**[793]

**cold (کۆوڵد) هەڵامەت و ساردو سەرمایە**[794]

---

[791]بروثڵ. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە براالڵ گۆیدەکەن. موورادیفی whorehouseە. بێگومان مەلهاو قەحبەخانە یەك شتن بەڵام یەکەمیان عەرەبییەو دووەمیان کوردییە.

Picasso began visiting brothels with his father in southern Spain at the age of 13

پیکاسۆ لەتەمەنی 13 ساڵییەوە، لەگەڵ باوکیدا سەردانی قەحبەخانەکانی باشوری ئیسپانیای کردووە.

[792]یوتلەزەیشن. ئەم وشەیە ناوە. لەڕوی ماناوە موورادیفی usageە. بەڵام لەڕوی ڕێزمانەوە ناسکەجیاوازییەکیان هەیە. usage دەکرێ وەك بژێردراوو نەبژێردراو بەکاربهێنرێت بەڵام ئەم وشەیە تەنها نەبژێردراوە.

The earliest recorded utilization of the word is in the twelfth century.

کۆنترین بەکارهێنانی تۆمارکراوی وشەکە لەسەدەی دوانزەهەمدایە.

[793] بەمانای جێگیرو ڕەق (بەڵام ڕەقی مامناوەند نەك هی وەك ئاسن و هتد...)و کۆمپانیاش دێت.

The bridge provided a firm platform for the jumpers.

پردەکە سەکۆیەکی جێگیری بۆ بازدەرەکان جێگیرکرد.

I'd rather sleep on a firm mattress than a soft one.

من خەوتن لەسەر دۆشەکی ڕەق بە باشتر دەزانم وەك لەسەر هی نەرم.

She works for a local firm that makes medical equipment.

ئەو کار بۆ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی دەکات کە پێداویستی پزیشکی دروستدەکات.

[794] بەمانای هەڵامەت و ساردو سەرماش دێت.

She caught a cold at school.

ئەو لەقوتابخانە هەڵامەتی گرت. واتە توشی هەڵامەت بوو.

She splashed her face with cold water.

ئاوی ساردی پرژاند بە دەموچاویدا.

The Russian town Oymyakon is the coldest inhabited place on Earth with a recorded minimum temperature of -71 degrees Celsius (-96.2 degrees Fahrenheit) in 1924. Schools are only closed if the temperature drops below -55 degrees Celsius (-67 degrees Fahrenheit.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[295]. **ask دەپرسێ[795]، question (کوێسچەن)یش پرسیار[796]**

**fiber (فایبە) ریشاڵە[797]، nerve جورئەت، دەمار[798]**

[296]. **snap (وێنە) دەگرێ، هەم شتی ئاسان[799]**

**scrupulous نەعتە، مانای بەویژدان[800]**

---

لەو روسیایەی لای خۆمان، شارۆچکەیەك هەیە بەناوی ئۆیمیاکۆن کە ساردترین شوێنی ئاوەدانە لەسەرتاسەری جیهاندا. ئەم شارۆچکەیە لەساڵی 1924 نزمترین پلەی گەرمای تێدا تۆمارکراوە کە 71ی خوار سفری سەدی بووە. سەرباری ئەو ساردییە بێونەیە، خوێندنگە لەم شارۆچکەیە تەنها لەو کاتەدا دادەخرێت کە پلەی گەرما کەمتر بێت لە 55ی ژێر سفر.

My feet were numb with cold.

قاچەکانم سڕببون بە سەرما.

[795]ئاسك. دەپرسێ= پرسیاردەکات.

I asked him about his hobbies.

سەبارەت بە ئارەزووەکانی، پرسیارم لێکرد.

[796] Let me answer that question directly.

رێم بدە راستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە.

[797] Man-made fibers like nylon are easy to wash.

شۆردنی ریشاڵگەلی دەستکردی وەك نایلۆن، ئاسانە.

[798] نێیڤ. بەمانای جورئەت و دەماریش دێت. جورئەت= بوێری.

It takes a lot of nerve to be a bomb expert.

بون بە پسپۆڕی بواری بۆمب، جورئەتێکی زۆری دەوێت.

Repairing damaged nerves is a very delicate operation.

چاککردنەوەی دەمارە زیانلێکەوتووەکان، نەشتەرگەرییەکی زۆر هەستیارە.

[799]سناپ. بەمانای وێنەدەگرێ و شتی ئاسان دێت.

He was arrested for snapping photos of a military centre.

ئەو بەتۆمەتی گرتنی چەند وێنەیەکی ناوەندێکی سەربازی، دەستگیرکرا.

Talking to girls is a snap for him.

قسەکردن بۆ کچان، شتێکی ئاسانە بۆ ئەو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.297** **physician (فیزشن) طەبیب[801]، oculist (ئۆکیەلست) هی چاو[802]**

**chap (چاپ) لەگەڵ bloke (بلەوك) دێن بەمانای پیاو[803]**

**.298** **seen (سیین) واتە بینراو[804]، unseen (ئەنسیین) نەبینراو[805]**

**emissary (ئێمیسری)، envoy (ئێنڤۆی) هەردوکیان نێردراو[806]**

---

[800]سکروپیەلەس. نەعت= ئاوەڵناو. واتە ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بەمانای بەویژدان دێت.

He is a scrupulous salesman.

ئەو فرۆشیارێکی بەویژدانە.

[801]. طەبیب= پزیشك

1 in 14 doctors faces a malpractice suit in the U.S. every year, and almost every physician will face a malpractice suit during his career.

لەئەمەریکا، هەموو ساڵێك، لەهەموو 14 پزیشکێك یەکێکیان بەتۆمەتی رەفتاری خراپ سکاڵایان لەسەر تۆماردەکرێت. زۆربەی هەرەزۆری پزیشکانی ئەم وڵاتە، بەدرێژایی ژیانی پیشەییان جارێك ئەم جۆرە سکاڵایانەیان لەسەر تۆماردەکرێت.

[802] کە دەڵێم هی چاو مەبەستم ئەوەیە ئەم وشەیە بەمانای پزیشکی چاو دێت.

I have to visit an oculist next month.

پێویستە هەفتەی داهاتوو سەردانی پزیشکێکی چاو بکەم.

[803] مورادیفی man.

He is a kind chap.

ئەو پیاوێکی باشە.

He was on of the best blokes of the city.

ئەو یەکێك بوو لەباشترین پیاوەکانی شارەکە.

[804] Your seen photo isn’t nice.

وێنە بینراوەکەت جوان نیە.

[805] When will you publish your previously unseen texts.

کەی دەقە پێشتر نەبینراوەکانت بڵاودەکەیتەوە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.299 **melody (مێلەدی) ئاواز[807]، song (سۆنن)یش گۆرانی[808]**

**zoology (زوالەجی) مانای گیانەوەرزانی[809]**

.300 **ease (ئیز) ئاساندەکا، لەگەڵ ئاسانی[810]**

**gestation (جێستەیشن) حەملە، واتە دوگیانی[811]**

.301 **spacecraft (سپەیسکراافت) چیە؟ کەشتیی ئاسمانی[812]**

---

806 موراديفن. نێردراو= "مبعوث".

He went to China as the personal emissary of the President.

ئەو وەك نێردراوی تایبەتی سەرۆك، رۆشت بۆ چین.

His special envoy was killed by the enemy.

نێردراوە تایبەتەکەی لەلایەن دوژمنەوە، کوژرا.

807 love is a sweet melody sung by two.

خۆشەویستی ئاوازێکی شیرینە کە لەلایەن دوو کەسەوە دەووترێت.

808 You don't like the original version of a song because it's better. You like it because it's the one you heard first.

لەبەرئەوە حەزت لەنوسخەی بنەڕەتی گۆرانی نیە کە باشترە بەڵکو لەبەرئەوەیە کە یەکەمجار ئەوەیانت بیستووە (نەك تەقلیدەکە).

809 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە زەوالەجی گۆیدەکەن. گیانەوەرزانی= "علم الحیوان".

Zoology is one of the main branches of Biology.

گیانەوەرزانی یەکێکە لەلقە سەرەکییەکانی زیندەزانی.

810ئیز. وەك ناو بەمانای ئاسانی و وەك فەرمان بەمانای ئاساندەکا دێت. ئاساندەکا= ئاساندەکات.

The exam's difficulty or ease isn't really the point. The important thing is the participation.

گرانی یان ئاسانیی تاقیکردنەوەکە زۆر گرنگ نیە. شتە گرنگەکە بەشداریکردنە.

811 The period of gestation of rats is 21 days.

ماوەی دوگیانیی جرج 21 رۆژە.

812 ئەم وشەیەش وەك fish، sheepو هاوشێوەکانیان، جەمعەکەشی هەر خۆیەتی.

Flying with a spacecraft is dangerous.

فڕین (گەشتی ئاسمانی کردن) بە کەشتی ئاسمانی، مەترسیدارە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**so secretly (سەو سییکرەتلی) زۆر بەپەنهانی**[813]

[.302] **tribute (ترییبیوت) ڕێزلێنان لەگەڵ سەرانە**[814]

**credit card (کرێدیت کاڵد) واتە کارتی متمانە**[815]

[.303] **ally (ئاڵای) هاوپەیمان، ناوو فەرمانە**[816]

**astronaut (ئاسچرەنۆت) مانای ئاسمانەوانە**[817]

[.304] **off (ئۆف) لە، نزیك لە، کوژاوەو هەڵە**[818]

---

[813] زۆر بەپەنهانی= زۆر بەنهێنی.

He married his second wife so secretly.

زۆر بەپەنهانی ژنی دووەمی هێنا.

[814] بەمانای ڕێزلێنان و سەرانەش دێت.

The players wore black T-shirts as a tribute to their late teammate.

وەك ڕێزلێنانێك بۆ هاوتییە کۆچکردووەکەیان، یاریزانەکان تیشێرتی ڕەشیان لەبەرکرد.

The king was taking tribute from all of his citizens.

پاشا سەرانەی لەهەموو هاوڵاتییەکانی دەسەند.

[815] کارتی متمانە= "بطاقة إئتمان": ئەو کارتەیە کە لێیەوە پارە ڕادەستدەکەیت یان ڕادەکێشیت، وەك ماستەر کارت و ڤیزا کارت و هتد...

Would you prefer to pay by cash, cheque or credit card?

پێتباشە پارەکە بە کاش، چەك یان کارتی متمانە بدەیت؟

[816] ناوو فەرمانە واتە وەك ناو بەمانای "هاوپەیمان"و "دەکاتە هاوپەیمان"یش دێت.

Japan is our strongest ally in Asia at the moment.

لەئێستادا ژاپۆن بەهێزترین هاوپەیمانمانە لەئاسیا.

He allied himself with the forces of Change.

ئەو خۆیکردە هاوپەیمان لەگەڵ هێزەکانی گۆڕان.

[817] He is one of the most famous astronauts of NASA.

ئەو یەکێکە لەبەناوبانگترین ئاسمانەوانەکانی ناسا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

treatment (چرییتمەنت) عیلاج، لەگەڵ مامەڵە[819]

[305]. date (دەیت) خورماو بەروار[820]، banana (بەنانە) مۆزە[821]

date (دەیت) کەپڵ و ژوان[822]، thermos (ثێیمۆس) تەرمۆزە[823]

---

[818] بەمانای لە، نزیك لە، كوژاوە (بەپێچەوانەی هەڵكراو)، هەڵە (پێچەوانەی راست) دێت.

My brother once borrowed some money off him.

براكەم جارێك هەندێك پارەی لەو قەرزكرد.

He visited an island off the east coast of Spain.

ئەو سەردانی دورگەیەكی نزیك لەكەناری خۆرهەڵاتی ئیسپانیای كرد.

Make sure all the lights are off.

دڵنیابە كە هەموو گڵۆپەكان كوژاوەن.

Our calculations were off.

حساباتەكانمان هەڵە بوون.

[819] بەمانای عیلاج (چارەسەر)و مامەڵە (رەفتار)یش دێت.

Being rich in vitamins C and A, apricot oil is great for sensitive skin. Its anti-inflammatory properties are effective for treatment of some skin disorders.

بەهۆی ئەوەی بە ڤیتامین سی و ئەی دەوڵەمەندە، رۆنی قەیسی بۆ ئەو پێستانەی هەستیارن، شتێكی زۆر نایابە. تایبەتمەندییە دژەهەوكردنەكانی كاریگەرن لەچارەسەری هەندێك لەتێكچونەكانی پێست.

I don't expect special treatment - I just want to be treated fairly.

چاوەڕێی مامەڵەیەكی تایبەت ناكەم، تەنها دەمەوێت بە ئینسافەوە مامەڵەم لەگەڵ بكرێت.

[820] Fresh and dried dates have a similar appearance, except that dried dates are a little wrinkly.

خورمای وشككراوو تازە شێوەیان لەیەك دەچێت، بەڵام وشككراوەكە كەمێك چرچە.

Please give your name, address and date of birth.

تكایە ناوو ناونیشان و بەرواری لەدایكبونتم پێبدە.

[821] Eating bananas is a natural cure to reduce the effects of stress and anxiety.

خواردنی مۆز چارەسەرێكی سروشتییە بۆ كەمكردنەوەی كاریگەرییەكانی فشاری دەرونی و نیگەرانی.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

306. manatee (مانەتی) مانای مەڕی دەریایە[824]

sentence (سێنتنس) ڕستەیە، هەمیش سزایە[825]

307. medicine (مێدیسن) نۆژداری، هەمیش دەرمانە[826]

---

[822] واتە date وێڕای ئەوەی بەمانای خورماو بەروار دێت، مانای تریشی هەیە وەك كەپڵ (خۆشەویستی ڕۆمانسی، دەنك)و ژوان (دیداری حوبحوبێنە).

Can I bring my date to the party?

ئەتوانم كەپڵەكەم لەگەڵ خۆم بهێنم بۆ ئاهەنگەكە؟

I felt like a teenager going out on a first date.

هەستمكرد وەك ئەو هەرزەكارە وام كە دەچێتە یەكەم ژوان.

[823] بەكوردییەكەی خۆمان تەرمۆزو تەرمۆزەشی پێدەووێترێت.

I have to buy a new thermos to the kitchen.

پێویستە تەرمۆزێكی نوێ بۆ چێشتخانەكە بكڕم.

[824] گیاندارێكی گەورەی دەریاییە. مانگای دەریاشی پێدەووترێت.

Christopher Columbus thought he saw mermaids in 1493, but from his description, they were probably manatees.

كریستۆفەر كۆلۆمبوس پێیوابووە كە لەساڵی 1493 بوكی دەریای بینیوە. بەڵام بەوردبونەوە لەو وەسفەی ئەو بۆی كردووە، (زانایان دەڵێن) ئەگەری زۆرە مەڕی دەریا بوبێت.

دایكی كوێر بێ ڕۆڵە ئەوەندە گەڕاوە عەقڵەكەشی لەدەستداوە ئەگینا بوكی دەریاو مەڕی دەریا كوجا مەرحەبا!!!

[825] بەمانای ڕستە (جوملە)و سزاش دێت.

The shortest complete sentence in the English language is "Go".

كورتترین ڕستە لەزمانی ئینگلیزیدا Go ە كە بەمانای "بڕۆ" دێت.

In the sentence "The dog chased the cat." what is the part of speech of "cat"?

لەڕستەی "The dog chased the cat." ، وشەی cat چ بەشێكی قسەكردنە؟ ئۆبجێكت واتە بەركار

She completed her eight-year prison sentence.

ئەو سزای هەشت ساڵ زیندانییەكەی تەواوكرد.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**مانای changeable (چەینجەبڵ) یارای گۆڕانە**[827]

.308 **jug (جەگ) سوراحییە، هەروەها زیندان**[828]

**ignorance (ئیگنەرەنس) جەهلە**[829]**، ignorant (ئیگنەرەنت) نەزان**[830]

.309 **psyche (سایکی) واتە هۆش، هەروەها گیانە**[831]

---

826 بەمانای نۆژداری (پزیشکی)و دەرمانیش دێت.

My brother studied medicine.

براکەم نۆژداری خوێندووە. واتە بەشی پزیشکی خوێندووە.

Have you taken your medicine today?

ئەمڕۆ دەرمانەکەت خواردووە.

827 یارای گۆڕان=قابیلی گۆڕان.

The human behavior is changeable.

ڕەفتاری مرۆڤ یارای گۆڕانە.

828 بەمانای سوراحی و زیندانیش دێت.

I bought a new jug for the kitchen.

سوراحییەکی تازەم بۆ چێشتخانەکە کڕی.

He spent three months in the jug.

سێ مانگی لەزینداندا بەسەربرد.

829 جەهل= نەزانی.

There is still widespread ignorance about the disease.

تائێستاش نەزانییەکی بەربڵاو سەبارەت بە نەخۆشییەکە هەیە.

830 He was told frankly that he was ignorant and stupid.

بەڕاشکاوی پێیوترا کە نەزان و دەبەنگە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

pretty (پریتی) بەمانای زۆر لەگەڵ جوانە[832]

.310 way دۆخ و شێواز[833]، approach (ئەپرەوچ) ڕێبازە[834]

وشەی mode مانای مۆدەو شێوازە[835]

.311 mice (مایس) مشك و ماوسە، بەڵام تاك نا كۆ[836]

---

[831] وشەیەكی زۆر ڕەسمییە. هۆش= عەقڵ، گیان= ڕۆح. واتە لەمانای دووەمیاندا مورادیفی soul.

The fragile psyche of a teenager isn’t enough for understanding that science.

هۆشە لاوازەكەی هەرزەكارێك بەس نیە بۆ تێگەیشتن لەو زانستە.

His psyche is among us.

ڕۆحی لەناوماندایە.

[832] He is pretty kind to me.

ئەو زۆر باشە بۆ من.

He has a pretty little girl.

ئەو كچێكی بچوكی جوانی هەیە.

[833] وەی. دوان لەماناكانی ئەم وشەیە دۆخ (وەزع، حاڵەت)و شێواز (تەریقە)ن.

My family was in a bad way financially.

خێزانەكەم لەدۆخێكی خراپدا بوو لەڕووی داراییەوە.

There are several different ways we can tackle this problem.

چەند شێوازێك هەیە كە دەتوانین ئەم كێشەیەی پێ چارەسەربكەین.

[834] I have a new approach to teaching languages.

من ڕێبازێكی نوێم پێیە بۆ فێركردنی زمان.

[835] مەود. بەمانای مۆدەو شێوازیش دێت.

What’s the most efficient mode of transport?

كاریگەرترین شێوازی گواستنەوە چیە؟

In the Seventies, the mode of skirt wasn’t very common.

لەساڵەكانی حەفتاكان، مۆدەی تەنورە، زۆر باو نەبوو.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**lemonade (لیمەنەید) واتە شەربەتی لیمۆ**[837]

.312 **contract killer (کۆنتراکت کیڵە) قاتڵی مەئجور**[838]

**constitution (کۆنستیتیوشن)ە بەمانای دەستور**[839]

.313 **aunt ، auntie, aunty خاڵۆژن، پورە**[840]

**ئامۆژنیشە**[841]**، kiltیش تەنورە**[842]

---

[836] بەمانای مشك و ماوس (ی کۆمپیوتەر)یش دێت. بەڵام وشەیە کۆیە نەك تاك. تاکەکەی mouseە.

The mice you saw in the room yesterday, weren't deadly.

ئەو مشکانەی دوێنی لەژورەکەدا بینیتن، کوشندە نەبوون.

I sold all mice that I bought them last month.

هەموو ئەو ماوسانەم فرۆشت کە مانگی رابردوو کڕیبوم.

[837] Lemonade from fresh lemons is a treatment for several diseases.

شەربەتی لیمۆی دروستکراو لەلیمۆی تازە، چارەسەرێکە بۆ چەند نەخۆشییەك.

[838] قاتڵی مەئجور= "ع: قاتل مأجور"= بکوژی بەکرێگیراو: کەسێك کە خەڵك بە پارە بکوژێت.

His contract killer was a black man.

بکوژە بەکرێگیراوەکەی، پیاوێکی رەشپێست بوو.

[839] The constitutions of 7 U.S. states (Arkansas, Maryland, Mississippi, North Carolina, South Carolina, Tennessee, Texas) ban atheists from holding public office.

دەستوری حەوت ویلایەتی ئەمەریکا (ئەرکەنساس، ماریلاند، میسیسیپی، کارۆلاینای باکور، کارۆلاینای باشور، تێنیسی، تەکساس)، رێگانادات هیچ کەسێکی مولحید پۆستی گشتی وەربگرێت.

[840]ئانت، ئانتی، ئانتی. هەرسێکیان بەمانای خاڵۆژن و پوریش دێن. بەپێی سیاقی رستەکە ماناکانیان یەکلایی دەکەیتەوە.

His aunt (auntie, aunty) left him a lot of money.

پوری (یان خاڵۆژنی) پارەیەکی زۆری بۆ جێهێشت.

[841]واتە هەمان سێ وشە بەمانای ئامۆژن (ژنی مام)یش دێت.

He was brought up by his aunt (auntie, aunty).

ئەو لەلایەن ئامۆژنییەوە بەخێوکرا.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.314 **jurist (جوريست) فەقیهی کایەی یاسایە**[843]

**Ukraine (یووکرەین) ئۆکرانیا**[844]**، Russia (رەەشە) روسیایە**[845]

.315 **sudden (سەدن)، suddenly (سەدنلی) هەردوو کتوپڕ**[846]

**numbness (نەمنس) سڕییە**[847]**، numb (نەم) بەمانای سڕ**[848]

---

[842]کیلْت. بەمانای هەموو جۆرە تەنورەیەك نایەت، بەڵکو تەنورەییەکی کلتوری کلاسیکییە کە لەلایەن پیاوانی سکۆتلەنداوە لەبەردەکرێت، جارجارش لەلاین خانمانیشەوە لەبەردەکرێت.

His kilt was very nice.

تەنورەکەی زۆر جوان بوو.

[843] فەقیهی کایەی یاسا= پسپۆڕو قاڵبوی بواری یاسا= فەقیهی یاسایی= پسپۆڕی یاسایی.

We haven’t many jurists.

فەقیهی یاسایی زۆرمان نیە.

[844] بێگومان ئەم وشەیە لەبەرئەوەی ناوی وڵاتانە، پێویستە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پیتی یەکەمی بە کاپیتڵ بنوسرێت.

Germany is the fifth largest country in Europe after Ukraine, France, Sweden and Spain.

ئەڵمانیا پێنجەم گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەوروپایەو دوای ئۆکرانیا، فەرەنسا، سویدو ئیسپانیا دێت.

[845] In the first world war, kings of England, Russia and Germany were cousins.. Once the German king said jokingly: If our grandmother was alive, she wouldn't let this war to happen.

لەجەنگی جیهانی یەکەمدا پادشای ئینگلتەراو روسیاو ئەڵمانیا خاڵۆزای یەکتر بوون. جارێك پادشای ئەڵمانیا بە گاڵتەوە وتویەتی: ئەگەر نەنکمان بمایە نەیدەهێشت ئەم شەڕە روبدات.

[846] هەردوکیان بەمانای کتوپڕ دێن بەڵام لەڕوی رێزمانەوە جیاوازن. یەکەمیان ئاوەڵناوەو دووەمیان ئاوەڵفەرمانە.

While sudden heart attacks during sex are rare, 75% of them happen to men who are cheating on their wives.

هەرچەندە رودانی جەڵتەی دڵی کتوپڕ لەکاتی سێکسدا دەگمەنە، بەڵام 75 لەسەدی ئەو حاڵەتانە، بەسەر ئەو کەسانەدا دێت کە ناپاکی لەهاوسەرەکانیان دەکەن.

My uncle wasn’t sick, he died suddenly.

مامم نەخۆش نەبوو، کتوپڕ مرد.

[847]. سەرنج بدە پیتی bییەکە ناخوێنرێتەوە.

It caused some numbness in my hand.

ئەوە بووەهۆی دروستبونی هەندێك سڕی لەدەستمدا. واتە کەمێك دەستمی سڕکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

316. rocket (رۆكيت) موشەكە، واتە سارۆخە[849]

circumstance (سێیکەمستانس) زەرفە، بە کوردی دۆخە[850]

317. chase (چەیس) راودەنێت[851]، chaste (چەیست) داوێنپاك[852]

وشەی eerie (ئیەری) سەیرو ترسناك[853]

318. email (ئیمەیڵ) ئیمەیڵە[854]، website (وێبسایت) ماڵپەڕە[855]

---

[848] سەرنج بدە پیتی bییەکە ناخوێنرێتەوە.

My fingers were so numb I could hardly write.

پەنجەکانم هێندە سڕ بوون کە بەزەحمەت دەمتوانی بنوسم.

[849] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە راکیت گۆیدەکەن. موشەك= سارۆخ= "صاروخ".

The rebels have many anti-tank rockets.

یاخیبووەکان ژمارەیەکی زۆر موشەکی دژەتانکیان هەیە.

[850] زەرف= (ظرف)= دۆخ. ئەم وشەیە زۆربەی جار لەڕستەدا بە دارشتەی کۆ دێت نەك تاك.

She died in suspicious circumstances.

ئەو لەدۆخگەلێکی گوماناویدا گیانی لەدەستدا.

[851] She chased the man who had snatched her bag.

ئەو پیاوەی راونا کە جانتاکەی رفاندبوو.

[852] ئەم دوو وشەیەم بۆیە لەیەك نیوە بەیتدا کۆکردەوە، چونکە لەڕوی پێکهاتەوە، یەك پیتیان جیاوازە.

He is a chaste man.

ئەو پیاوێکی داوێنپاکە.

[853] بەمانای "سەیرو ترسناك" دێت.

An eerie silence covered the meeting.

بێدەنگییەکی سەیرو ترسناك کۆبونەوەکەی داپۆشی.

[854] ئیمەیڵ= نامەی ئەلیکترۆنی.

I sent it by email.

بە ئیمەیڵ ناردم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**link (لینك) پەیوەندییە، ئەڵقەو بەستەرە**[856]

.319 **celestial (سەلێستیەڵ) چیە؟ مانای ئاسمانی**[857]

**land (لاند) دەنیشێتۆ، زەوی و وشکانی**[858]

.320 **population (پۆپیەلەیشن) چیە؟ واتە دانیشتوان**[859]

---

855 ماڵپەڕ = پێگەی ئەلیکترۆنی.

30,000 websites are hacked every day.

ڕۆژانە 30 هەزار ماڵپەڕ هاکدەکرێن.

856 بەمانای پەیوەندی و ئەڵقە(ی زنجیر)و بەستەر (لینکی ماڵپەڕ) دێت.

There's a direct link between diet and heart disease.

پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ژەمەخواردن و نەخۆشی دڵدا هەیە.

One of the chains' links is rusty.

یەکێکە لەئەڵقەکانی زنجیرەکە ژەنگاوییە.

Click on this link to visit our website.

بۆ سەردانی ماڵپەڕەکەمان، کرتە (کلیك) لەسەر ئەم بەستەرە بکە.

857 The moon is a celestial body.

مانگ تەنێکی ئاسمانییە.

858 بەمانای دەنیشێتوو زەوی و وشکانیش دێت. بێگومان وشەی دەنیشێتۆ شێوەزاری نارەسمییەو ڕەسمییەکەی "دەنیشێتەوە"یە، بەڵام من لەبەیتەسیعرەکەدا لەبەر هاوسەنگراگرتنی کێشی بەیتەکە، نارەسمییەکەم نوسی، ئەمەش لەدنیای شیعردا ئاساییەو پێیدەووترێت زەروراتی شیعری.

The plane landed five minutes ago.

فڕۆکەکە پێنج خولەك لەمەوبەر نیشتەوە.

He bought a piece of land.

ئەو پارچەیەك زەوی کڕی.

After 21 days at sea, we sighted land.

پاش 21 ڕۆژ لەدەریا، وشکانیمان بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی doorkeeper (دۆرکیپە) مانای دەرگاوان[860]

[321]. apart from (ئەپاات فرەەم) جگە لە، لەگەڵ سەرباری[861]

مانای memory (مێمەری) یادگاو یادگاری[862]

[322]. during (جیورینن) لەکاتی[863]، instead (ئینستێد) لەجیاتی[864]

---

[859] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پاپیەلەیشن گۆیدەکەن.

85% of the of the Chinese population share only 100 surnames.

لەسەدا 85ی دانیشتوانی چین هەمان 100 نازناویان هەیە.

What is the largest city in the world by population?

گەورەترین شار لەجیهاندا لەڕوی ژمارەی دانیشتوانەوە کوێیە؟ تۆکیۆ (37 ملیۆن و 400 هەزار کەس)

[860] The committee chairman told the doorkeeper not to let in any more people because the meeting room was full.

سەرۆکی لیژنەکە بە دەرگاوانەکەی وت رێگە بە هیچ کەسێکی تر نەدات کە بێتەژورەوە، لەبەرئەوەی ژوری کۆبونەوەکە پڕ بوو.

[861] بەمانای "جگەلە"و "سەرباری"یش دێت کە دوو مانای تەواو جیاوازن. لەئینگلیزییەکەی خۆمان چەند وشەو دەستەواژەیەکمان هەیە لەڕوی ماناوە بەدوولای پێچەوانەی یەکتر مەست و حەیرانن واتە دوو مانای پێچەوانەیان هەیە. ئەمە یەکێکە لەو دەستەواژانە.

We didn’t see anyone all day, apart from a couple of kids on the beach.

بەدرێژایی رۆژەکە هیچ کەسێکم نەبینی، جگە لە دوو منداڵ لەکەنار دەریاکە.

Apart from his earnings as a football coach, he also owns and runs a chain of sports shops.

سەرباری داهاتەکانی وەك راهێنەرێکی یاری تۆپی پێ، زنجیرەیەك دوکانی تایبەت بە وەرزشیشی هەیەو بەڕێوەشیان دەبات.

[862] بەمانای یادگا "زاکیرە"و یادگاریش دێت.

Did you know donkeys have excellent memory? They are capable of remembering a place they have been to or other donkeys they met 25 years ago!

ئایا دەزانیت کە کەر یادگایەکی نایابی هەیە؟ کەر لەتوانایدایە ئەو شوێنە یان ئەو کەسەی 25 ساڵ پێشتر بینیویەتی، لەبیر بمێنێت.

Perhaps there are some memories so painful that you have to blot them out.

رەنگە هەندێك یادگاری هەبێت هێندە بەسوێ بن کە پێویست بکات بیانسڕیتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**caprice (کەپرییس) لەگەڵ whim (ویم) ئارەزوی کاتی**[865]

[.323] **any (ئێنی) هیچ، هەموو، هەروەها (هەر)ە**[866]

**pastime (پاستایم) بەمانای کات بەسەربەرە**[867]

---

[863] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دورینن گۆیدەکەن.

There are no reported cases of runners dying of dehydration during marathons, but there are plenty of cases of runners dying from water intoxication.

تائێستا هیچ حاڵەتێکی مردنی راکەر بەهۆی وشکبونەوە لەکاتی ماراسۆن تۆمارنەکراوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر حاڵەتی مردنی راکەر بەهۆی ژەهراویبون بە ئاو، تۆمارکراوە.

On 26-2-1991 during the Gulf War, Coalition planes bomb Iraqi forces retreating from Kuwait, killing hundreds and creating the so-called 'Highway of Death'.

لە 26-2-1991 لەکاتی جەنگی کەنداودا، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆمبارانی هێزەکانی عیراقیان کرد لەکاتی گەڕانەوەیاندا لە کووەیت، لەئەنجامدا سەدان کەس کوژران و دروستبونی ئەوەی لێکەوتەوە کە پێیدەووترێت رێگای خێرای مەرگ.

[864] لەجیاتی= لەبری

If Karzan can’t attend the meeting, I could go instead.

ئەگەر کارزان ناتوانێت ئامادەی کۆبونەوەکەی بێت، من ئەتوانم لەجیاتی بڕۆم.

[865] The $300 million palace was built to satisfy the caprice of one man.

کۆشکە 300 ملیۆن دۆلارییەکە بۆ رازیکردنی ئارەزوی کاتی یەك پیاو دروستکرا.

Buying an expensive cellphone was one of my whims.

کڕینی مۆبایلێکی گرانبەها یەکێك بوو لەئارەزووە کاتییەکانم.

[866] بەمانای هیچ و هەموو و هەر دێت.

A donkey’s milk is more like human milk than the milk of any other species.

شیری کەر ئەوەندەی لەشیری مرۆڤ دەچێت، لەشیری هیچ زیندەوەرێکی تر ناچێت.

Our love can overcome any obstacle; withstand any storm.

عیشقەکەمان دەتوانێت بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ بێ و بەرامبەر هەموو گەردەلولێك خۆڕاگر بێت.

Any child who breaks the rules will be punished.

هەر منداڵێك کە یاساکان بشکێنێت، سزادەدرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**324.** **list (ليست) بەمانای ليست[868]، payroll (پەيرەوڵ) هی مەعاش[869]**
**kind (كايند)، kindly (كايندڵی) هەردوو واتە باش[870]**
**325.** **game (گەيم) گەمەو بوار[871]، gamble (گامبڵ) قومارە[872]**
**countless (كاونتلەس) زۆر زۆر، يا بێشومارە[873]**

---

[867] شتێك كە بۆ كات بەسەربردن ئەنجامدەدرێت.

Shopping is one of her favourite pastimes .

بازاڕكردن يەكێكە لە كاتبەسەربەرە دڵخوازەكانی.

[868] واتە وەك خۆی دەخوێنرێتەوە.

Is your name on the list?

ئايا ناوت لەليستەكەدا هەيە؟

[869] مەبەستم لە "هی مەعاش"ە. ليستی مەعاش= ليستی مووچە.

The company is growing fast, adding another 100 employees to its payroll over the last year.

كۆمپانياكە بەخێرايی گەشەدەكات و ساڵی پێشوو 100 كارمەندی بۆ ليستی مووچەكەی زيادكردووە.

[870] هەردوكيان بەمانای باش دێن واتە لەم مانايەدا موراديفن.

She's a very kind person.

ئەو كەسێكی زۆر باشە.

He was a quiet, kindly man.

ئەو كەسێكی هێمن و باش بوو.

[871] بەمانای گەمە (ياری)و بواريش دێت. پێدەچێت وشەی گەمەكە هەر لەئينگليزييەكەوە هاتبێت.

Did you see the game on TV last night?

ئايا تۆ شەوی رابردوو يارييەكەت لەتەلەفزيۆن بينی؟

I've been in this game for over ten years.

ماوەی زياتر لە 10 ساڵە، لەناو ئەم بوارەدام.

[872] According to Islam gamble is haram.

بەگوێرەی ئيسلام، قومار حەرامە.


بۆ كڕينی تازەترين چاپی PDFی ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپی فريی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەری نوسەر 07701393984

326. poacher (پەوچە) راوکەری نایاساییە[874]

farewell (فێیەوێڵ)، goodbye (گودبای) ماڵئاواییە[875]

327. harbored پەنادا[876]، هەروەها بەندەر[877]

course ئاڕاستەیە[878]، usher، guide ڕێبەر[879]

---

[873] The song has been played countless times on the radio.

گۆرانییەکە ژمارەیەکی زۆر زۆر جار لەڕادیۆ لێدراوە.

[874] Police arrested three poachers.

پۆلیس سێ ڕاوکەری نایاسایی دەستگیرکرد.

[875] هەردوکیان بەمانای ماڵئاوایی دێن. ماڵئاوایی: وەداع، خواحافیزی.

We said our sad farewells and got on the bus.

ماڵئاواییە (خواحافیزییە) خەمناکەکانمان وت و سوار پاسەکە بوین.

We said our goodbyes, and left.

ماڵئاواییە (خواحافیزییە)کانمان وت و ڕۆشتین. واتە وتمان خواحافیز و پاشان ڕۆشتین.

[876] هاربەرد. فەرمانی ڕابردووە، ڕانەبردووەکەی harborە کە بەمانای پەنادەدات دێت.

They were accused of harboring a fugitive.

ئەوان بە پانادانی هەڵاتویەك، تۆمەتبارکران.

[877] واتە هەمان وشە بەمانای بەندەریش دێت.

No ships are allowed to enter the harbor after midnight.

لەدوای نیوەشەو، هیچ کەشتییەك ڕێی پێنادرێت بچێتەناو بەندەرەکەوە.

[878] کۆ"ر"س. ئەم وشەیە لەم مانایەدا موراديفی directionە.

The plane changed course to avoid the storm.

بۆ خۆلادان لەگەردەلولەکە، فڕۆکەکە ئاڕاستەی گۆڕی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**328. bulldozer (بوڵدەوزە) چیە؟ مانای بیلدۆزەر[880]**

**director مدیر لەگەڵ دەرهێنەر[881]**

**329. teacher (تییچە) مامۆستا[882]، headmaster (هێدماستە) مودیر[883]**

**tar (تا) کەشتیەوانە[884]، دێش بەمانای قیر[885]**

---

879 ئەشە"ر"، گاید. هەردوکیان بەمانای رێبەر (رێنوێنکەر، مورشید) دێن. دووەمیان بە مانای رێبەر بەگشتی دێت، بەڵام یەکەمیان زیاتر بەمانای ئەو رێبەرە دێت کە لەهۆڵی نمایشدا پێش کەسەکان دەکەوێت بۆ ئەوەی شوێنی دیاریکراوی دانیشتنیان پێبڵێت.

The usher of the theatre was really handsome.

رێبەری شانۆکە زۆر قۆز بوو.

She was worked as a guide in the museum.

ئەو لەمۆزەخانەکەدا وەك رێبەرێك کاریدەکرد.

880 We need a bulldozer to prepare a road to the hill.

بۆ ئامادەکردنی رێگایەك بۆ گردەکە، پێویستمان بە بیلدۆزەرێکە.

881دایرکێتە. هەروەها بە "دیرێکتە"ش دەخوێرێتەوە. مدیر= بەڕێوەبەر.

Some American officials, like FBI director J. Edgar Hoover, thought Albert Einstein was a soviet spy.

هەندێك لەبەرپرسانی ئەمەریکا لەوانە جەی ئێدگار هوڤەر، بەڕێوەبەری ئێف بی ئای، پێیان وایە ئەنیشتاین، سیخوڕی یەکێتی سۆڤیەت بووە.

James Cameeron is a famous director.

جەیمس کامیرۆن دەرهێنەرێکی بەناوبانگە.

882 There is a shortage of teachers, especially in music and science.

کەمیی لەژمارەی مامۆستادا هەیە، بەتایبەت هی موزیك و زانست.

883 بێگومان لێرەدا مەبەستم لەمودیر، بەڕێوەبەری قوتابخانەیە.

The headmaster is very angry.

بەڕێوەبەر (ی قوتابخانەکە) زۆر تورەیە.

884واتە لەم مانایەدا مورادیفی sailorە بەڵام مانایەکی نارەسمییە.

The tar is very clever.

کەشتیەوانەکە زۆر زیرەکە


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

330. **radiator (ڕەیدیەیتە) چیە؟ ؟ واتە ڕادێتەر**[886]

**lab (لاب)، laboratory (لەبۆرەچری) هەردوو موختەبەر**[887]

331. **example (ئیگزامپڵ)، instance (ئینستنس) هەردوو نمونە**[888]

**app (ئاپ) بەرنامەیە**[889]**، ape (ئەیپ)یش مەیمونە**[890]

---

[885] هەمان وشە بەمانای قیریش دێت.

A person who smokes a pack of cigarettes a day is doing the equivalent of drinking half a cup of tar a year.

ئەو کەسەی ڕۆژانە پاکەتێك جگەرە دەکێشێت، وەك ئەوە وایە ساڵانە نیو کوپ قیر بخواتەوە.

[886] بەمانای ڕادێتەری ئۆتۆمبێل و ئامێرە هاوشێوەکانی دێت. خۆمان زیاتر پێی دەفەرموین ڕایتەر!!!

When we installed the central heating, we put a radiator in every room.

کاتێك گەرمی ناوەندی "مەرکەزی"یمان جێگیرکرد، لەهەموو ژورێکدا ڕادێتەرێکمان دانا.

[887] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە لابرەتۆری گۆیدەکەن. هەردوو وشەکەش یەك شتن، یەکەمیان کورتکراوەیە، دووەمیان فولە. موختەبەر= تاقیگە.

We always wear white coats in the lab.

ئێمە لەتاقیگە هەمیشە چاکەتی سپی لەبەردەکەین.

Laboratory tests suggest that the new drug may be used to treat cancer.

تاقیکردنەوەکانی تاقیگە ئاماژە بەوە دەدەن کە دەرمانە نوێکە، دەکرێ بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە بەکاربهێنرێت.

[888] هەردوکیان بەمانای نمونە دێن واتە لەم مانایەدا مورادیفن.

This painting is a marvellous example of her work.

ئەم تابلۆیە نمونەیەکی نایابی کارەکانیەتی.

Can you show me several instances of your translations?

ئەتوانیت چەند نمونەیەك لەوەرگێرانەکانتم پیشان بدەیت؟

[889] هەرچەندە ئەم وشەیە لەبنەڕەتدا کورتەی وشەی applicationە، بەڵام وەك وشەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێت و بەمانای بەرنامەی کۆمپیوتەرو مۆبایل دێت.

Did you download the app I told you?

ئەو بەرنامەیەت دابەزاند کە پێموتیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[332]. **yesterday (یەستەدەی) دوێنێ[891]، today (تدەی) ئەمڕۆیە[892]**

**result (ریزەوڵت) ئەنجامە[893]، reason (رییزن) یش هۆیە[894]**

[333]. **asylum (ئەسایلم) مافی پەنابەرییە[895]**

**surgery (سێیجری) واتای نەشتەرگەرییە[896]**

[334]. **flutterby (فلەتەبای) چیە؟ واتە پەپولە[897]**

**paraplegic (پارەپلیجیك) کەسی مەشلولە[898]**

---

[890] Chimpanzees and gorillas are both apes.

شامپانزی و گوێریللا، هەردوکیان مەیمونن.

[891] The graveyards are full of people who yesterday believed to live today.

گۆڕستانەکان پڕن لەکەسانێك کە دوێنێ لەو بڕوایەدا بوون ئەمڕۆ دەژین.

[892] Any day spent with you is my favorite day. So, today is my new favorite day.

هەر ڕۆژێك کە لەگەڵ تۆدا بەسەریدەبەم، ڕۆژی دڵخوازی منە، بۆیە ئەمڕۆ ڕۆژێکی تازەی دڵخوازی منە.

[893] His broken leg is the direct result of his own carelessness.

قاچە شکاوەکەی ئەنجامی راستەوخۆی کەمتەرخەمیی خودی خۆیەتی.

[894] هۆ= سەبەب

The reason for the disaster was engine failure, not human error.

هۆی کارەساتەکە لەکارکەوتنی مەکینە بوو نەك هەڵەی مرۆڤ.

[895] The refugees have asked for political asylum.

پەناخوازەکان داوای مافی پەنابەریی سیاسییان کردووە.

[896] نەشتەرگەری= عەمەلیات.

The first breast augmentation surgery took place in 1962.

یەکەم نەشتەرگەریی گەورەکردنی مەمك لەساڵی 1962 ئەنجامدراوە.

[897] مورادیفی butterflyیە. سەرنج بدە پێکهاتەی هەردوو وشەکە هەمان پیتن بەڵام ریزبەندییەکەیان جیاوازە.

There is a flutterby in Africa with enough poison in its body to kill six cats.

لەئەفریقا، جۆرە پەپولەیەکی ژەهراوی هەیە کە جەستەی هەر یەکێکیان هێندە ژەهری تێدایە کە بەشی کوشتنی شەش پشیلە دەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.335 **وشەی outdoor (ئاوتدۆۆ) واتە دەرەوە**[899]

**bleach (بلیچ) بەمانای سپیکەرەوە**[900]

.336 **puss (پوس) پشیلەو کچ، دەم، دەموچاوە**[901]

**gillie (گیلی) بەمانای ڕێبەری ڕاوە**[902]

.337 **nightclub (نایتکڵەب) چیە؟ یانەی شەوانە**[903]

---

898 مەشلول= "مشلول"= ئیفلیج. ئەم وشەیە بەمانای کەسێك دێت کە پەلەکانی خوارەوەی توشی ئیفلیجی بووە نەك هەموو جەستەی یان هەموو پەلەکانی.

After the accident he became a paraplegic.

پاش ڕوداوەکە بووە کەسێکی ئیفلیج.

899 Your outdoor clothes are very expensive.

جلوبەرگەکانی دەرەوەت زۆر گرانە.

900 سپیکەرەوە: شلە یان تۆزێك کە شتێك سپیدەکاتەوە.

Your bleach wasn’t useful for me.

سپیکەرەوەکەت بۆ من بەسود نەبوو.

901. بەمانای پشیلە (زیاتر لەکاتی بانگکردندا)و کچ و دەم و دەموچاو(ی مرۆڤ) دێت.

Come here, puss.

پشیلە وەرە ئێرە. لای خۆمان زیاتر دەووترێت پشە وەرە ئێرە.

Who’s that puss you drank with?

کێ بوو ئەو کچەی لەگەڵیا خواردتەوە؟

Her puss is very large.

دەمی زۆر گەورەیە.

Your puss isn’t nice.

دەموچاوت جوان نیە.

902 The gillie was my uncle.

ڕێبەری ڕاوەکە مامم بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی urn (ئیێن) مانای گەورەئینجانە[904]

338. inventor (ئینڤێنتە) چیە؟ واتە داهێنەر[905]

joey (جەوی) بێچووە، بەڵام هی کەنگەر[906]

339. Supreme Court (سوپریم کۆت) چیە؟ دادگای باڵایە[907]

coffee (کۆفیی) قاوەیە[908]، مانای tea (تیی) چایە[909]

340. deposed (دیپەوزد) چیە؟ لەکارلادراو[910]

---

[903] Saddam Hussein told guards he once burned hundreds of his son Uday's luxury cars as punishment for killing several people at a nightclub.

سەدام حسێن بە پاسەوانەکانی وتووە کە جارێکیان سەدان سەیارەی گرانبەهای عودەی کوڕی سوتاندووە وەك سزایەك لەبەرئەوەی ئەو هەتیوەی لەیانەیەکی شەوانەدا چەند کەسێکی کوشتووە.

[904] گەورەئینجانە= ئینجانەی گەورە. دەفرێکی گەورەیە لەشێوەی ئینجانەداو زۆرجار لەباخدا دادەنرێت و گوڵی تێدەکرێت.

I put the flowers in an urn.

گوڵەکانم لەئینجانەیەکی گەورە دانا.

[905] The inventor of the television would not let his own children watch TV.

داهێنەری تەلەفزیۆن نەیدەهێشت منداڵەکانی خۆی سەیری تەلەفزیۆن بکەن.

[906] بەمانای بێچووەکەنگەر دێت.

The joey was very lovely.

بێچووە کەنگەرەکە زۆر مەحبوب بوو.

[907] دادگای باڵا: گەورەترین دادگا لەوڵات یان ویلایەت. ئەم دوو وشەیە پێویستە وشەی theی لەپێشدا بنوسرێت و پیتی یەکەمی هەردوو وشەکەش بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

Since 1976, when the death penalty was reinstated by the U.S. Supreme Court, 1,394 people have been executed (as of December 2014).

لەساڵی 1976وە کە تییدا سزای لەسێدارەدان لەلایەن دادگای باڵای ئەمەریکاوە خراوەتەوە بواری جێبەجێکردن، تا مانگی دیسەمبەری 2014، هەزارو 394 کەس لەو وڵاتە، لەسێدارەدراون.

[908] Don’t drink coffee twice a day.

ڕۆژی دووجار قاوە مەخۆرەوە.

[909] Green tea has 50% more vitamin C than black tea.

چای سەوز بەڕێژەی لەسەدا 50 لەچای ڕەش، ڤیتامین سی زیاتر تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**وشەی widower (ویدەوە) مانای بێوەپیاو**[911]

341. **across from (ئەکرۆس فرەم) چیە؟ واتە بەرامبەر**[912]

**conductor (کەندەکتە) ڕێبەر لەگەڵ گەیەنەر**[913]

342. **hardliner ناوە، مانای توندڕەوە**[914]

**recurrence واتە سەرهەڵدانەوە**[915]

343. **Monday دوشەممە**[916]**، Tuesdayیە سێشەم**[917]

---

910 لەکارلادراو= مەخلوع.

The deposed president died in the prison.

سەرۆکە لەکارلادراوەکە لەزیندان کۆچیدوایی کرد.

911 بێوەپیاو: پیاوێك کە هاوسەرەکەی مردووەو ژنی نەهێناوەتەوە.

He is a sad widower.

ئەو بێوەپیاوێکی خەفەتبارە.

912 She sat across from me.

ئەو بەرامبەر من دانیشت.

913 بەمانای ڕێبەر (ی گرووپی موزیکی ئۆرکێسترا)و گەیەنەر (ماددەی گەیەنەری کارەبا یان گەرمی) دێت.

He is working as a conductor of a Kurdish music froup.

ئەو وەك ڕێبەری گرووپێکی موزیکی کورد، کاردەکات.

Wood is a poor conductor of heat.

دار گەیەنەرێکی لاوازی گەرمییە.

914 هاردلاینە"ر". ناوە نەك ئاوەڵناوو بەمانای توندڕەو دێت.

Some hardliners oppose formal talks.

هەندێك لەتوندڕەوەکان دژایەتی گفتوگۆگەلی ڕەسمی دەکەن.

915ریکەڕنس. سەرهەڵدانەوە= دوبارەبونەوە.

Measures must be taken to stop a recurrence of last night’s violence.

پێویستە ڕێکارگەل بگیرێتەبەر بۆ ڕێگرتن لەسەرهەڵدانەوەی توندوتیژییەکەی شەوی ڕابردوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

mastectomy برینەوەی مەم[918]

.344 atheist مولحید، کەواتە بێدین[919]

crown prince واتە جێنشین[920]

.345 mosquito (مەسکیتەو) چیە؟ ماناى مێشولە[921]

---

[916] مەندەی. بێگومان رۆژەکانی هەفتە لەهەر شوێنێکی رستەدا بن، پێویستە پیتی یەکەمیان بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

According to German researchers, the risk of having heart attack is higher on Monday than on any other day of the week.

بەگوێرەی لێکۆڵەرانی ئەڵمانیا، مەترسی توشبون بە جەڵدەی دڵ لەڕۆژانی دوشەممە، لەڕۆژەکانی تر زیاترە.

[917] چووزدەی. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە تووزدەی گۆیدەکەن. سێشەم= سێشەممە.

Where were you last Tuesday?

سێشەممەی رابردوو لەکوێ بویت؟

[918] ماستێکتمی. برینەوەی مەم= برینەوەی مەمك.

There are bras designed to take prosthetic breasts for ill women who have undergone mastectomies .

ستیان هەیە کە بۆ مەمکی دەستکرد دروستکراوە بۆ ئەو خانمە نەخۆشانەی برینەوەی مەمکیان بۆ کراوە.

[919] ئەیثیت. مەبەستم لەوشەی بێدین (بێئایین) کەسێکە کە بڕوای بەخوا نیە، نەك تەنها بڕوای ئاین نەبێت بەڵام بڕوای بەخوا هەبێت.

The constitutions of 7 U.S. states (Arkansas, Maryland, Mississippi, North Carolina, South Carolina, Tennessee, Texas) ban atheists from holding public office.

دەستوری حەوت ویلایەتی ئەمەریکا (ئەرکەنساس، ماریلاند، میسیسیپی، کارۆلاینای باکور، کارۆلاینای باشور، تێنیسی، تەکساس)، رێگانادات هیچ مولحیدێك پۆستی گشتی وەربگرێت.

[920] کراون پرینس. جێنشین= وەلی عەهد: جێگری پادشا.

The Crown Prince of Saudi Arabia is a young man.

جێنشینی شانشینی عەرەبیی سعودیە، پیاوێکی گەنجە.

[921] Mosquitoes have over 3,500 species.
زیاتر لە سێ هەزارو پێنج سەد جۆر مێشولە هەیە. ئەگەر بڕواش ناکەیت، بیژمێرە!

Mosquitoes have teeth.

مێشولە ددانی هەیە.

In 2008, Finnish police found a dead mosquito while searching the inside of a stolen car. They tested the blood from the mosquito's last meal and successfully used it to identify the thief.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**mass shooting (ماسشووتینن) واتە دەسرێژی گوللـە**[922]

.346 **envy (ئێنڤی) حەسودی**[923]، **envious (ئێنڤیەس) حەسودە**[924]

**immortality (ئیمۆڕتاڵەتی) مانای خولودە**[925]

.347 **over (ئەوڤە) بەواتای (زیاتر لە)و بەسەر**[926]

**mammal (مامڵ) بەمانای گیانداری شیردەر**[927]

---

لەساڵی 2008، لەو فینلەندایەی لای خۆمان، پۆلیس لەکاتی گەڕان بەناو ئۆتۆمبێلێکی دزراودا، مێشولەیەکی مردوی دۆزییەوە. لەڕێگەی کۆتا ژەمەخواردنی مێشولەکەوە، پشکنینی بۆ خوێنی ژەمەخواردنەکە کردو لەڕێگەی ئەمەشەوە توانی ناسنامەی دزەکە ئاشکرابکات.

922 His son ws involved in a mass shooting in Virginia two years ago.

کوڕەکەی لەدەسرێژێکی گوللـە تێوەگلابوو، کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەویلایەتی ڤیرجینیا ئەنجامدرابوو.

923 Envy is a bad thing.

حەسودی شتێکی خراپە.

924 I'm very envious of your new coat - it's beautiful.

زۆر حەسودم بەو چاکەتە تازەیەت، زۆر جوانە.

925 خولود= (ع: خلود)= نەمری.

Eating the fruit gave the gods immortality.

خواردنی میوە نەمری بەخشیوە بە خواوەندەکان.

926 دەتوانین بڵێین مورادیفی more than وabove.

Over 1000 birds a year die from smashing into windows.

ساڵانە زیاتر لەهەزار باڵندە، بەهۆی خۆکێشان بە پەنجەرە، دەمرن.

She placed the quilt over the bed.

ئەو لێفەکەی دا بەسەر جێگەی خەوتنەکەدا.

927 گیانداری شیردەر: زیندەوەری مەمکدار: ئەو زیندەوەرانەی مێیینەکانیان بە گوان یان مەمکی خۆیان شیردەدەن بە بێچووەکانیان وەك: مرۆڤ، مانگا، شێر، هتد...

Honey bee will only die after stinging mammals with thick skin, but can freely sting insects such a spiders.

هەنگی هەنگوین پاش هەموو پێوەدانێك نامرێت، بەڵکو تەنها پاش پێوەدانی ئەو گیاندارە شیردەرانە دەمرێت کە پێستیان ئەستورە. دەتوانێت بەبێ ترس بە مێرووەکانی وەك جاڵجاڵۆك بدات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

348. basic (بەیسك) ئەساسی[928]، basil (بازڵ) رێحانە[929]

drone (جرەون) فڕۆکەی بێفڕۆکەوانە[930]

349. funnel (فەنڵ) رەحەتی[931]، fennel (فێنڵ) رازیانە[932]

lockjaw (لۆکجۆو)، tetanus (تێتنەس) دەردەکۆپانە[933]

350. widespread (وایدسپرێد) چیە؟ واتە بەربڵاو[934]

count noun (کاونت ناون) مانای ناوی بژێردراو[935]

---

928 ئەساسی= بنچینەیی.

In Germany, there is no punishment for someone who escapes from jail because it is considered a basic human instinct to be free.

لە ئەڵمانیا ئەگەر کەسێك لەزیندان هەڵبێت، سزا نادرێت چونکە ئەو راکردنە بە غەریزەیەکی بنچینەیی مرۆڤ بۆ ئازادبون، دادەنرێت .

929 Basil is rich source of vitamins A, B6, C and K and minerals such as iron, manganese and magnesium.

رێحانە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندە بە ڤیتامین ئەی، بی 6، سی و کەی و کانزاکانی وەك ئاسن، مەنگەنیزو مەگنیسیۆم.

930 In 1898, Nikola Tesla predicted drone warfare.

لەساڵی 1898 نیکۆلا تیسلا پێشبینی جەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کردووە.

931 The funnel is very old.

رەحەتییەکە زۆر کۆنە.

932 Fennel has a sweet smell.

رازیانە بۆنێکی خۆشی هەیە.

933 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەم بە لاکجۆو گۆیدەکەن. وشەی یەکەم نارەسمییەو دووەمیان رەسمییە. هەردوکیان موورادیفن و بەمانای دەردەکۆپان دێن کە نەخۆشییەکە.

Tetanus (lockjaw) isn't a deadly disease.

دەردەکۆپان نەخۆشییەکی کوشندە نیە.

934 لەهەردوو وشەی wide (فراوان)و spread (بڵاودەبێتەوە) دێت.

There was widespread support for the war.

پشتگرییەکی بەربڵاو هەبوو بۆ جەنگەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

351. **behest، command، orderیش فەرمان**[936]

**equilateral مانای لا یەکسان**[937]

352. **prevalent (پریڤڵەنت) چیە؟ واتە بەربلاو**[938]

**strand لەگەڵ coast هەردوو کەناراو**[939]

353. **parking lot چیە؟ مۆڵگەی سەیارە**[940]

---

[935] بەمانای ناوی بژێردراو دێت لەرێزماندا. موردیفی countable noun.

In English the word money isn’t a count noun.

لەزمانی ئینگلیزیدا، وشەی money ناوێکی بژێردراو نیە.

[936]بهێست، کەماند، ئۆوەدەر". هەرسێکیان بەمانای فەرمان دێن. فەرمان بەمانای ئەمر.

Administration officials have said he was given the job at the behest of the White House.

بەرپرسانی ئیدارەکە وتویانە کە ئەو بەپێی فەرمانی کۆشکی سپی، کارەکەی پێدراوە.

When I give the command, fire!

کاتێك فەرمان دەدەم، تەقە بکە.

Soldiers must obey orders.

پێویستە سەربازەکان گوێرایەڵی فەرمانەکان بن.

[937]ئیکویلاترڵ. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە درێژیی سەرجەم لاکانی یەکسان بن.

Can you draw an equilateral triangle.

ئەتوانیت وێنەی سێگۆشەیەکی لایەکسان بکێشیت؟

[938] These diseases are more prevalent among young children.

ئەم نەخۆشییە زیاتر لەناو منالی بچوك، بەربلاوە.

[939]ستراند، کەوست. هەردوکیان بەمانای کەناراو دێن. کەناراو راستترە لەکەنار.

The strand is very wonderful.

کەناراوەکە زۆر دلرفێنە.

They live on the east coast of Scotland.

ئەوان لەکەناراوی خۆرئاوای سکۆتلەندا، دەژین.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**cavalry جنود، بەس ئەسپسوارە**[941]

[354]. **aside from (ئەسایدفرەم) جگە لە، لەگەڵ سەرباری**[942]

**dissection (دایسێکشن) تەشریح، واتە توێکاری**[943]

[355]. **instruction (ئینسترەکشن) چیە؟ ماناى رێنمایی**[944]

**flattery (فلاتری) ماستاو، واتە مەرایی**[945]

---

[940] پاکینگ لۆت. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پاکینگ لات گۆی دەکەن. مۆڵگەی سەیارە= مۆڵگەی ئۆتۆمبێل: شوێنی پارککردنی کاتیی ئۆتۆمبێل.

ئەم وشەیە زیاتر ئەمەریکییە، بەڵام لەبریتانیا زیاتر car park "کا پاك"بەکاردەهێنن.

I left my car in the mall parking lot.

ئۆتۆمبێلەکەم لەمۆڵگەی ئۆتۆمبێلەکانی مۆڵەکە جێهێشت.

[941]کاڤلری. بەمانای سەربازگەلی ئەسپسوار واتە ئەوەی عەرەب پێیدەڵێت فورسان، دێت. ئەم وشەیە هەرچەندە نەبژێردراوە بەڵام وەك وشەیەکی کۆ بەکاردەهێنرێت لەڕستەدا.

His army's main power was his brave cavalry

هێزی سەرەکیی سوپاکەی بریتی بوو لەسەربازە ئەسپسوارە ئازاکانی.

[942] بەمانای "جگە لە"و "سەرباری"یش دێت کە دوو ماناى پێچەوانەی یەکترن. لەزمانی ئینگلیزیدا ژمارەیەك وشەو دەستەواژەمان هەیە کە دوو ماناى پێچەوانەی یەکتریان هەیە.

We didn’t see anyone all day,aside from a couple of kids on the beach.

ئێمە بەدرێژایی رۆژەکە هیچ کەسێکمان نەبینی، جگە لە دوو مناڵ لەسەر کەناراوەکە.

Apart from his earnings as a football coach, he also owns and runs a chain of sports shops.

سەرباری داهاتەکانی وەك راهێنەرێکی تۆپی پێ، زنجیرەیەك دوکانی کەلوپەلی وەرزشی هەیەو بەڕێوەشی دەبات.

[943] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دیسێکشن گۆیدەکەن.

The dissection of animals for scientific research is necessary.

توێکاریی گیانداران بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی، پێویستە.

[944] رێنمایی= تەعلیمات

A man in Washington State was jailed in 2017 after mistakenly texting instructions to kill his wife and daughter to his former boss rather than the hitman.

لەساڵی 2017 لەو ویلایەتی واشنتۆن، پاش ئەوەی پیاوێك بەهەڵە رێنمایی پەیوەست بە کوشتنی ژن و کچەکەی بەنامە نارد بۆ بەڕێوەبەرەکەی نەك پیاوکوژە بەکرێگیراوەکەی، دەستگیرکرا.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

356. boss (بۆس) هەم نایابە، هەم بەڕێوەبەر[946]

possibility (پۆسەبیلیتی)و prospect (پرۆسپێکت) ئەگەر[947]

357. widow (ویدەو) بێوەژن[948]، window (ویندەو) پەنجەرە[949]

---

[945] I hate flattery so much.

زۆر رقم لەمەراییە.

[946] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە باس گۆیدەکەن.

I sold my boss car.

ئۆتۆمبێلە نایابەکەم فرۆشت.

If you want to take a break, ask the boss.

ئەگەر دەتەوێت پشویەك وەربگریت، داوا لەبەڕێوەبەر بکە.

[947] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پاسەبیلیتی و پرااسپێکت گۆیدەکەن. هەردوکیان بەمانای ئەگەر دێن. مەبەستم لەوشەی "ئەگەر" لێرەدا "ئیحتمالیەت"ە.

There are so many possibilities in every new day.

هەموو رۆژێکی نوێ ژمارەیەکی زۆر ئەگەر لەخۆدەگرێت.

Is there any prospect of the weather improving?

ئایا هیچ ئەگەرێکی چاکبونی کەشوهەوا هەیە؟

[948] A man received the heart of a suicide victim, married his widow, and years later killed himself on the same way his donor did.

جارێك پیاوێك دڵی پیاوێکی تریان تێدا چاند کە خۆی کوشتبوو. دواتر ئەم پیاوە، بێوەژنی پیاوە خۆکوشتووەکەی مارەکرد. چەند ساڵێك دواتر، بەهەمان شێوەی خۆکوشتنی پیاوە بەخشەرەکە، خۆی کوشت.

Judy Buenoano, known as the "Black Widow," was executed in Florida on March 30, 1998, for the 1971 murder of a husband. She also was convicted in the 1980 murder of a son and attempted murder in 1983 of a boyfriend and is believed to have been involved in several other deaths.

جودی بوێنوانۆ بەهۆی تاوانەکانییەوە بە بێوەژنە رەشەکە بەناوبانگە. ئەم ژنە لە 30-3-1998 لە فلۆریدا بەهۆی تاوانی کوشتنی مێردەکەی لەساڵی 1971، لەسێدارەدرا. هەروەها بە تاوانی کوشتنی کوڕێکی خۆی لەساڵی 1980 و هەوڵدان بۆ کوشتنی کەپڵەکەی لەساڵی 1983 ئیدانەکراوە. لایەنە پەیوەندیدارەکان لەو بڕوایەدان کە ئەم گورگە مرۆییە تێوەگلاوە لەچەند تاوانێکی تری کوشتندا.

[949] سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەکەی پێشوو تەنها یەك پیتیان جیاوازە. هەر بۆیەش کردمن بە دراوسێ لەیەك نیوە بەیتدا.

Over 1000 birds a year die from smashing into windows.

ساڵانە زیاتر لەهەزار باڵندە، بەهۆی خۆکێشان بە پەنجەرە، دەمرن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**foreman (فۆرمەن) بەمانای سەرکاریگەرە**[950]

[.358] **enticing (ئنتایسینن) موغری، واتە فریودەر**[951]

**skill (سکیڵ) مەهارە**[952]**، skull (سکەڵ) کاسەی سەر**[953]

[.359] **aggressor (ئەگرێسە) چیە؟ دەستدرێژیکار**[954]

**serious (سیریەس) هەم شێلگیر، هەم مەترسیدار**[955]

[.360] **actress (ئاکترەس) ئەکتەرە، بەڵام ژن نەك پیاو**[956]

---

[950] سەرکاریگەر: سەرۆك یان چاودێر یان بەرپرسی کۆمەڵێك کرێکار کە لەشوێنێکدا کاردەکەن.

After four years on the job, he was promoted to foreman.

پاش چوار ساڵ لەکارەکە، پلەکەی بۆ سەرکاریگەر بەرزکرایەوە.

[951] She made an enticing smile for the man.

ئەو (کچەکە یان ژنەکە) زەردەخەنەیەکی فریودەری بۆ پیاوەکە کرد.

[952] مەهارە= لێهاتویی

I have no skill at/in sewing.

هیچ لێهاتووییەکەم لەبەرگدوریندا نیە. واتە لێینازانم.

[953] سەرنجبدە ئەم دوو وشەیە تەنها پیتی ناوەڕاستیان جیاوازە.

Your skull is made up of 29 different bones.

کاسەی سەرت لە 29 ئێسکی جیاواز پێکهاتووە.

[954] دەستدرێژیکار= موعتەدی.

He is a brutal aggressor.

ئەو دەستدرێژیکارێکی دڕندەیە.

[955] شێلگیر= جددی.

He is a very serious teacher.

ئەو مامۆستایەکی زۆر جددییە.

Foamy pee indicates there is protein in the urine and could be a sign of a serious kidney problem.

میزی کەفاوی لەمرۆڤدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە میزەکە پرۆتینی تێدایەو دەکرێ نیشانەیەکی نەخۆشییەکی مەترسیداری گورچیلە بێت .



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**usual (یوژوەڵ) واتە باو[957]، unusual (ئەنیوژوەڵ) ناباو[958]**

[.361] **beginning (بیگینینن) سەرەتا[959]، end (ئێند)یش کۆتایی[960]**

**eternal (ئیتێینڵ) مانای هەتاهەتایی[961]**

[.362] **trooper (ترووپە) سەربازە، بەڵام ئەسپسوار[962]**

---

956 بەمانای ئەکتەری ژن دێت. ئەکتەری ژن= خانمەئەکتەر.

The first movie made about the sinking of the Titanic was released only 29 days after the event. The lead actress was an actual survivor, and suffered a mental breakdown after filming.

یەکەم فیلم کە سەبارەت بە نقومبونی کەشتیی تایتانیك، بەرهەمهێنراوە، تەنها 29 رۆژ پاش رووداوەکە نمایشکراوەو خانمەئەکتەری سەرەکی ئەو فیلمە، رزگاربویەکی راستەقینەی رووداوەکە بوو و پاش وێنەگرتنی فیلمەکە توشی دارمانی عەقڵی بووە.

957 Make a cheese sauce in the usual way.

ساسێکی پەنیر بە رێگا باوەکە دروستبکە.

958 پێچەوانەی وشەکەی پێشووە. لەزمانی ئینگلیزیدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر وشە هەن کە بە پێشگری un ماناکەیان پێچەوانە دەبێتەوە، بۆ نمونە:

unable, unacknowledged, unaffected (not affected at all; disaffected means affected badly), unafraid, unaided, unaltered or unalterable, unambiguous, unanticipated, unapproachable, unassigned, unattainable, unavailable, unaware, unceasing, uncertain, unclear, unconventional, uncooperative, uncoordinated, unenforced, unexposed, unfocused, unfriendly, unhelpful, uninformed, unknown, unmodified, unnatural, unpleasant, unpredictable, unprofessional, unrealistic, unrefined, unresolved, unrestricted, unscheduled, unstable, untouched, unwilling, unwise, etc.

Did you notice any unusual behaviour?

سەرنجی رەفتارە ناباوەکەی منت دا؟

959 Zimbabwe's total bank balance was just $217 at the beginning of 2013.

لەسەرەتای ساڵی 2013 بەهای کۆی هەموو ئەو پارەیەی لەسەرجەم بانکەکانی زیمبابۆیدا هەبووە، تەنها 217 دۆلار بووە.

There is a woman at the beginning of all great things. Alphonse de Lamartine

لەسەرەتای هەموو شتە مەزنەکاندا، ژنێك هەیە.

960 واتە چۆن دەنوسرێت، ئاواش دەخوێنرێتەوە.

There was loud applause at the end of her speech.

لەکۆتایی وتارەکەیدا چەپڵەیەکی زۆر لێدرا.

961 Love is something eternal. - Vincent Van Gogh

عیشق شتێکی هەتاهەتاییە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**timber (تیمبە) درەختە، دێش بەمانای دار**[963]

[.363] **rich (ریچ) دەوڵەمەندە، هەروەها بەپیت**[964]

**cauliflower (کۆلیفلاوە) واتە قەرنابیت**[965]

[.364] **ripe (رایپ) واتە گەییو، unripe (ئەنرایپ)یش کاڵە**[966]

**butcher (بوچە) گۆشتفرۆش**[967]**، grocer (گرەوسە) بەقاڵە**[968]

---

962 بەمانای سەربازی ئەسپسوار دێت.

My grandfather was a brave trooper.

باپیرەم سەربازێکی ئەسپسواری ئازا بوو.

963 بەمانای درەخت و دار(تەختە)یش دێت. درەخت و دارێك کە بۆ دروستکردنی بیناو شتومەك بەکاردەهێنرێن نەك هەموو جۆرە درەخت و دارێك.

The timber trade isn’t widespread here.

بازرگانیی درەخت لێرە بەربڵاو نیە.

We sat on a bench made of timber.

لەسەر کورسییەك دروستکراو لەدار، دانیشتین.

964 بەمانای دەوڵەمەندو بەپیتیش دێت.

The poorest Americans are still richer than 80% of the world.

هەژارترین ئەمەریکییەکان، هێشتا بەو حاڵشەوە، لە 80 لەسەدی دانیشتوانی جیهان دەوڵەمەندترن.

Kurdistan has a rich land.

کوردستان خاکێکی بەپیتی هەیە.

965 The flower head of the cauliflower plant eaten as a vegetable.

سەری گوڵی رووەکی قەرنابیت وەك سەوزەیەك دەخورێت.

966 دوو وشەی پێچەوانەی یەکترن.

I like ripe bananas so much.

زۆر حەزم لەمۆزی گەییوە.

Unripe fruits aren’t tasty.

میوەی نەگەییو بەتام نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.365 **lemon (لێمن) لیمۆیی، لەگەڵ لیمۆیە**[969]

**leaf (لیف) گەڵا بەتاك**[970] **leaves (لیڤز)یش كۆیە**[971]

.366 **solution (سەلوشن) حەلە، هەمیش "گیراوە"**[972]

---

967 Her father is a butcher.

باوكی، گۆشتفرۆشە.

968 بەمانای بەقاڵ دێت. بەڵام بەپێچەوانەی لای خۆمانەوە، بەقاڵ لای ئەوان تەنها میوەو سەوزە نافرۆشێت، بەڵكو خواردەمەنی تریش دەفرۆشێت.

The grocer is my older brother.

بەقاڵەكە برا گەورەكەمە.

969 Lemons smoothen skin.

لیمۆ پێست سافدەكات.

Lemon yellow is one of my favourite colors.

زەردی لیمۆیی یەكێكە لەڕەنگە دڵخوازەكانم.

970 بەمانای گەڵا دێت. وشەكە تاكە.

He wrote a love quote on a leaf to his girlfriend.

ئەو وتەیەكی خۆشەویستی لەسەر گەڵایەك بۆ گێڵفرێندەكەی نوسی.

971 كۆی وشەی leaf. هەر ئەم وشەیە (واتە leaves) بەهەمان سپێڵ و خوێندنەوەوە، فەرمانی leaveە لەسیغە "دارِشتەی" كەسی سێیەمی تاكدا كە بەمانای جێدەهێڵێت دێت. بەوردی سەرنجی ئەم دوو رستەیەی خوارەوە بدە:

Chronic bronchitis, coughs and gastritis are relieved with the medicinal tea of the leaves and bark of peach trees.

دەتوانرێت هەوكردنی درێژخایەنی بۆرییەكانی هەناسە، كۆكەو هەوكردنی گەدە بە چای پزیشكیی دروستكراو لەگەڵاو توێكڵی داری قۆخ، سوكبكرێت.

When the mother leaves the room, her baby gets upset.

كاتێك دایكەكە ژورەكە جێدەهێڵێت، منداڵەكەی بێزاردەبێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**open (ئەوپن) دەکاتۆ، لەگەڵ "کراوە"**[973]

[.367] **armchair (ئامچێیە) چیە؟ کورسیی قۆڵدارە**[974]

**dinner (دینە) بەمانای ژەمی ئێوارە**[975]

[.368] **pancreas (پانکریەس) چیە؟ واتە پەنکریاس**[976]

**astronomer (ئەسترۆنەمە) زانای گەردونناس**[977]

---

[972] ئەم وشەیە بەمانای حەل (چارسەر)و گیراوەش دێت.

We must find a practical solution.

پێویستە چارەسەرێکی عەمەلی بدۆزینەوە.

The chemist mixed the solution.

کیمیاگەرەکە گیراوەکەی تێکهەڵدا.

[973] وەك فەرمان بەمانای دەکاتۆ (دەکاتەوە)و وەك ئاوەڵناو بەمانای (کراوە) دێت. بێگومان وشەی "دەکاتۆ" شێوەزاری ناڕەسمییە، بەڵام من لەبەر کێشی شیعرەکە ناچاربوم بەکاریبهێنم، ئەگینا مەعلومە کە دەبوو بمنوسیایە: دەکاتەوە.

In 2013, soccer player Cristiano Ronaldo opened a museum dedicated to himself.

لەساڵی 2013، کریستیانۆ رۆناڵدۆ، مۆزەخانەیەکی کردەوە کە تایبەت بۆ خۆی دروستکراوە.

The window was open.

پەنجەرەکە کراوە بوو.

[974] He sits in a leather Armchair.

ئەو لەسەر کورسییەکی قۆڵداری چەرم دادەنیشێت

[975] People who regularly eat dinner or breakfast in restaurants double their risk of becoming obese.

ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی مونتەزەم ژەمی ئێوارە یان بەیانی لەڕێستۆرانتەکان دەخۆن، مەترسی قەڵەوبونیان دوو ئەوەندەی کەسانی ترە.

[976] پەنکریاس: ئەندامێکی گرنگی جەستەیە.

Diabetes is the result of damage to pancreatic cells.

نەخۆشیی شەکرە دەرەنجامی زیانگەیشتنە بە خانەکانی پەنکریاس.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

369. **citrus چیە؟ مزرەمیوە**[978]

**silver زیو، زیوی**[979]**، quicksilver جیوە**[980]

370. **eighteen (ئەیتیین) هەژدەیە، eighty (ئەیتی) هەشتایە**[981]

**greedy (گریدی) هەڵپەکار**[982]**، gritty (گریتی) ئازایە**[983]

---

977 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (ئەستراانەمە"ر") گۆیدەکەن.

She is also an astronomer of NASA.

ئەو زانایەکی گەردونناسی ناساشە.

978 سیترس. مزرەمیوە: میوەی مزر وەك لیمۆو پرتەقاڵ و هتد...

Citrus adds a special flavor to salad.

مزرەمیوە تامێکی تایبەت بۆ زەڵاتە سەربارردەکات. واتە تامێکی تایبەتی پێدەداتز

979سیڵڤە"ر". بەمانای زیوو زیویش دێت.

Mexico, Peru, and China are currently the world's top producers of silver.

ئێستا مەکسیك، پیرۆو چین گەورەترین بەرهەمهێنەری زیون لەجیهاندا.

I bought a new silver teapot.

قۆرییەکی چای زیویم کری.

980 کویکسیڵڤە"ر". موورادیفی mercuryیە.

Quicksilver is the only metal that is a liquid at standard temperature and pressure.

جیوە تەنها کانزایە کە لەپلەی گەرماو ژێر فشاری ئاساییدا، شلە.

981 At least eighteen bullets were fired.

لانیکەم هەژدە گوللـە تەقێنرا.

They'd invited over eighty people.

ئەوان زیاتر لەهەشتا کەسیان بانگهێشتکردبوو.

982 ئاوەڵناوە بەمانای هەڵپەکار "بەتەماح" دێت.

Don't be greedy!

هەڵپەکار مەبە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

371. **orca (ئۆۆکە) بەمانای حوتی کوشندە**[984]

**brute (برووت)، brutish (بروتیش) هەردوو دڕندە**[985]

372. **fifteen (فیفتین) پازدەیە**[986]**، fifty (فیفتی) پەنجایە**[987]

**five (فایڤ) پێنج**[988]**، seventy (سێڤنتی) مانای حەفتایە**[989]

---

983 ئەم دوو وشەیەم بۆیە خستە پاڵ یەك چونكە هەردوكیان ئاوەڵناون و لەڕوێ پێكهاتەی پیت و خوێندنەوەشەوە، لەیەكەوە نزیكن.

She is a gritty pioneer woman.

ژنێکی ئازای پێشەنگە.

984 حوتی كوشندە= نەهەنگی كوشندە: جۆرە نەهەنگێکی رەش و سپیی راوكەرەو رۆژانە سەدان پاوەند ماسی و گیانداری تری ئاوی دەخوات. بەئینگلیزییەکەی خۆمان killer whaleیشی پێدەوترێت.

The area is home to orcas, dolphins, and a wealth of other marine mammals and birds.

ناوچەکە نیشتمانی نەهەنگی کوشندە، دۆلفین و ژمارەیەکی زۆر باڵندەو زیندەوەرە مەمکدارە دەریاییەکانە.

985 هەردوكیان بەمانای كەسێك دێن كە وەك دڕندە رەفتاربكات نەك وەك مرۆڤ. یەكەمیان ناوە بەڵام دووەمیان ئاوەڵناوە.

He was a cold-blooded brute.

ئەو دڕندەیەکی خوێنسارد بوو.

He is a brutish man, don’t near from him.

پیاوێکی دڕندەیە، لێی نزیك مەبەرەوە.

986 پازدە= پانزە.

Before she was famous, Nicki Minaj was fired from approximately fifteen jobs for discourtesy to customers.

نیکی میناج کە خانمەڕاپەرێکی بەناوبانگی ئەمەریکییە، پێش ئەوەی بەناوبانگ بێت، بەهۆی چەقاوەسویی و بێڕێزیکردن بە کڕیارانەوە، لەنزیکەی 15 کار، دەرکراوە.

ئێمە پانزە میوان بوین کە بانگهێشتکرابوین

987 There were over fifty applicants for the job.

زیاتر لەپەنجا داواكار هەبوون بۆ كارەكە.

988 A new skyscraper is built in China every five days.

لە چین هەموو پێنج رۆژێك باڵەخانەیەکی هەوربڕی نوێ دروستدەکرێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

373. fingerprint (فینگەپرینت) چیە؟ واتە پەنجەمۆر[990]

filthy (فیڵثی) زۆر پیسە، دێش بەمانای قۆڕ[991]

374. hide (هاید) دەشارێتۆ[992]، hideout (هایداوت) حەشارگە[993]

campfire (کامپفایە) واتە ئاگری هەوارگە[994]

375. miscarriage (میسکاریج) چیە؟ واتە لەبارچون[995]

---

[989] The speed limit is seventy miles per hour.

سنوری خێراییەکە بریتییە لە حەفتا میل لەسەعاتێکدا

[990] The probability of two whole fingerprints matching is around 1 in 64 billion.

ئەگەری لێکچونی تەواوەتی پەنجەمۆری دوو کەس، بریتییە لەنزیکەی یەك لەسەر 64 ملیار.

[991] بەمانای زۆرپیس و قۆڕیش دێت. مەبەستم لەوشەی قوڕ لێرەدا، گوزارشتی سێکسیی قێزەونە.

Wash your hands - they're filthy!

دەستەکانت بشۆ، زۆر پیسن.

Most of his jokes are filthy.

زۆربەی نوکتەکانی قۆڕن. واتە سێکسی و قێزەونن.

[992] دەشارێتۆ= دەشارێتەوە. بێگومان وشەی "دەشارێتۆ" نارەسمییە، بەڵام من لەبەر هاوسەنگی بەیتەشیعرەکە بەکارمهێناوە، ئەگینا خۆ هینیش دەزانێت رەسمییەکەی "دەشارێتەوە"یە!!!

She hides the pictures in her desk drawer.

ئەو وێنەکان لەچەکمەجەی مێزەکەیدا دەشارێتەوە.

[993] We made our hideout under the bushes.

ئێمە حەشارگەکەمان لەژێر نەمامەکاندا دروستکرد.

[994] ئاگری هەوارگە: ئاگرێکە لەکاتی سەیران و مەیران و شتی لەو بابەتەدا دەکرێتەوە بۆ چێشتلێنان و خۆگەرمکردنەوە و هتد.. بەکاردەهێنرێت.

That night we sat around the campfire telling stories.

ئەو شەوە، بەدەوری ئاگری هەوارگەکە دانیشتین و چیرۆکمان دەگێڕایەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**psychology (سایکۆڵەجی) یە زانستی دەرون**[996]

.376 **eardrum (ئیەدرەم) چیە؟ واتە پەردەی گوێ**[997]

**recluse (ریکلوس) کەسێکە دورەپەرێز بێ**[998]

.377 **hawkish (هۆکیش) بەمانای هەڵۆئاسایە**[999]

---

995 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مێسکاریج گۆیدەکەن.

There about 208 million pregnancies each year globally. Of these, 31 million end in miscarriage or fetal death from natural causes. About 41 million (20%) end in abortion. About half of these abortions are illegal.

تۆش وەك برام وایت!!!! هەموو ساڵێك لەسەرتاسەری جیهاندا 208 ملیۆن حاڵەتی دوگیانبون رودەدات. لەم ژمارەیە، 31 ملیۆنیان بە لەبارچون یان مردنی کۆرپە بەهۆکاری سروشتی، کۆتاییان دێت. نزیکەی 41 ملیۆنیشیان کە دەکاتە لەسەدا 20، بە لەباربردن کۆتاییان دێت. نیوەی ئەم لەباربردنانەش نایاساییین.

996 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سایکاڵەجی گۆیدەکەن. بێگومان مەخسەوی شەریفم لەزانستی دەرون، دەرونزانی واتە "علم النفس"ە.

1476. Psychology says, attempting to convince yourself that you don't care about someone is a clear indicator that you really do.

دەروناسی دەڵێت، هەوڵدان بۆ ئەوەی کە قەناعەت بەخۆت بکەیت کە گرنگی بە کەسێك نادەیت، ئاماژەیەکی رونە کە لەڕاستیدا گرنگی پێدەدەیت.

997 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "ئیردرەم" گۆیدەکەن.

Excessive ear wax can impair hearing, especially if it is pressed hard against the eardrum.

بونی زۆری مۆمی گوێ دەکرێ زیان بە بیستن بگەیەنێت، بەتایبەت ئەگەر فشاری توند بخاتەسەر پەردەی گوێ.

998 ناوە نەك ئاوەڵناو. بەمانای کەسی دورەپەرێز دێت.

He is a millionaire recluse who refuses to give interviews.

ئەو کەسێکی دورەپەرێزی ملیۆنەرە کە چاوپێکەوتن رەتدەکاتەوە.

999 ئەم وشەیە لای برادەرانی زۆنی زەرد بە "هاکیش" دەخوێنرێتەوە. هەڵۆئاسا=وەك هەڵۆ. هەروەها لەڕوی مەجازیشەوە بۆ وەسفی سیاسەتمەدارو حکومەتێك بەکاردەهێنرێت کە ئەوەندەی حەزی لەکونەلوت سوتاندن و لێدان بە چەك هەیە، ئەوەندە حەزی لەموناقەشەو دانوستان نیە.

The bird's shape is hawkish, but it's actually an eagle.

شێوەی باڵندەکە هەڵۆئاسایە، بەڵام لەڕاستیدا شاهۆیە.

The president is hawkish on foreign policy .

سەرۆك لەسیاسەتی دەرەوەدا هەڵۆئاسایە. واتە زۆر تاقەتی موناقەشەو شتی نیە بەڵکو کوتەکەکەی هەمیشە حازرە!!!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

spoon (سپوون) کەوچکە[1000]، teaspoon (تیسپوون) هی چایە[1001]

.378 point (پۆینت) نوك، ئامانج، دێش بەمانای خاڵ[1002]

rickets (ریکیتس) واتای کیساحی ئەتفال[1003]

.379 breakfast (برێکفەست) چیە؟ نانی بەیانی[1004]

---

[1000] Where do these spoons belong?

ئەم کەوچکانە هی کوێن؟

[1001] مەبەستم لە "هی چایە"، بریتییە لەکەوچکی چا.

Botulinum is considered the number one most toxic poison in the entire world. It is generally used in cosmetic products, but a single teaspoon is said to kill up to 1.2 billion people. When it comes into contact with the body, it may cause blurred vision, slurred speech, muscle weakness, and death.

بۆتولینیوم بە کوشندەترین ژەهر لەسەرتاسەری جیهان دادەنرێت. ئەم ماددەیە بەگشتی لەبەرهەمەکانی جوانکاری بەکاردەهێنرێت. دەووترێت تەنها یەك کەوچکەچا لەم ماددەیە، تا 12 ملیار کەس دەکوژێت. ئەگەر ئەم ماددەیە بچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە، توانای بینین و قسەکردنی تێکدەدات و ماسولکەکان لاوازدەکات و دواتریش دەبێتەهۆی مردن.

[1002] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای نوك (ی شتگەلی وەك چەقۆو دەرزی و هتد...)و ئامانج و خاڵیش دێت.

Be careful with that needle - it has a very sharp point.

وریای ئەو دەرزییە بە، نوکێکی زۆر تیژی هەیە.

What’s the point of this meeting?

ئامانجی ئەم کۆبونەوەیە چیە؟

The highest point in Pennsylvania is lower than the lowest point in Colorado.

بەرزترین خاڵی پنسلڤانیا، لەنزمترین خاڵی کۆلۆرادۆ، نزمترە.

[1003] کیساحی ئەتفال= "کساح الأطفال"= ئێسکەنەرمەی منالان: نەخۆشییەکە کە زیاتر بەهۆی کەمی ڤیتامین دییەوە توشی منال دەبێت و ئێسکی لاوازدەکات.

There are several different types of rickets.

چەند جۆرێك ئێسکەنەرمەی منداڵان هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**hustler (هەسلە) قۆڵبڕە، لەگەڵ سۆزانی**[1005]

**.380 counter عەداد لەگەڵ کەوانتەر**[1006]

**audience جمهورە، واتە جەماوەر**[1007]

**.381 December (دیسێمبە) مانگی کانونی یەکەم**[1008]

---

1004 بەچاوەی مشتەرییەوە لەم وشەیە وردبیتەوە دەبینیت لەبنەڕەتدا لەوشەی break "شکان"و fast "رۆژوو" واتە شکاندنی رۆژوو پێکهاتووە. دیارە بۆیە لەو دوو وشەیەوە دروستکراوە چونکە نانی بەیانی پاش ماوەیەکی زۆر لەنان نەخواردن بەبەراورد بە ژەمەکانی تر، دەخورێت.

People who regularly eat dinner or breakfast in restaurants double their risk of becoming obese.

ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی مونتەزەم نانی ئێوارە یان نانی بەیانی لەڕێستورانت دەخۆن، مەترسی قەڵەوبونیان دوو ئەوەندەی کەسانی ترە.

1005 سەرنج بدە پیتی tیەکە ناخوێنرێتەوە.بەمانای قۆڵبڕو سۆزانیش دێت.

قۆڵبڕ: کەسێك کە بە فرتوفێڵ پارە لەخەڵك دەسێنێت.

سۆزانی: کەسێك کە لەپێناو پارەدا سێکس دەکات.

The boy isn't just homeless; he's also a hustler.

کوڕەکە تەنها کەسێکی بێماڵ و حاڵ نیە، بەڵکو قۆڵبڕیشە.

There are many hustlers in the main street.

لەشەقامە سەرەکییەکە چەندین سۆزانی لێیە.

1006کاونتە"ر"

Set the game counter to zero before you press play.

پێش ئەوەی دەست بنێیت بە کلیلی "یاری بکە"، عەدادی یارییەکە بکە بە سفر.

I sale my house with the counter.

خانووکەم بە کەوانتەرەکەوە دەفرۆشم.

1007 ئۆدیەنس. جەماوەری بینین یان بیستنی کاری شانۆیی و فیلم و هتد..

The audience applauded loudly.

جەماوەر بەدەنگی بەرز چەپڵەیان لێدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**Saturday (ساتەدەی) شەممە[1009]، Sunday (سەندەی)یش یەکشەم[1010]**

[382]. **dentist (دێنتیست) بەمانای پزیشکی ددان[1011]**

**surgeon (سێیجن) نەشتەرگەر[1012]، trader (ترەیدە) بازرگان[1013]**

[383]. **combustible (کەمبەستەبڵ) چیە؟ واتە سوتەبار[1014]**

**biker (بایکە) ماتۆڕسوار لەگەڵ پاسکیلسوار[1015]**

---

[1008] مانگی کانونی یەکەم= مانگی 12. مادام مانگە کەواتە دەبێت لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

It's the start of December tomorrow.

سبەینێ سەرەتای مانگی کانونی یەکەمە.

[1009] ڕۆژەکانی هەفتەش لەزمانی ئینگلیزیدا پێویستە پیتی یەکەمیان بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

It's my birthday next Saturday.

شەممەی داهاتوو جەژنی لەدایکبونمە.

[1010] یەکشەم= یەکشەممە.

18 U.S. states ban or restrict car sales on Sundays.

ڕۆژانی یەکشەممان، لە 18 ویلایەتی ئەمەریکا فرۆشتنی ئۆتۆمبێل قەدەغە یان سنوردارە.

[1011] The electric chair was invented by a dentist.

کورسی کارەبایی لەلایەن پزیشکێکی ددانەوە، داهێنراوە.

[1012] بێگومان مەبەستم لەنەشتەرگەر پزیشکی نەشتەرگەرە.

In order to perform some brain surgeries, surgeons actually peel the patients face off.

لەپێناو ئەنجامدانی هەندێك نەشتەرگەری مێشك، پزیشکانی نەشتەرگەر، دەموچاوی نەخۆشەکان دادەماڵن.

[1013] His father is a trader, selling fruit and vegetables.

باوکی بازرگانە، میوەو سەوزە دەفرۆشێت.

[1014] سوتەبار: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە بە ئاسانی بسوتێت.

Wood and coal are both combustible substances.

دارو خەڵوز ماددەگەلی سوتەبارن.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

384. **skip (سکیپ) هەم حاویە، هەم دەپەڕێنێ**[1016]

**esteem (ئیستیم) بەمانای بەرزەنرخێنێ**[1017]

385. **ascension (ئەسێنشن) چیە؟ بەرزبونەوە**[1018]

**وشەی gate (گەیت) مانای دەرگا(ی دەرەوە)**[1019]

386. **drifter سەرگەردان، واتە کەسی وێڵ**[1020]

---

[1015] بەمانای ماتۆڕسوارو پاسکیلسواریش دێت. بەگوێرەی سیای رستە یان پارەگرافەکە یەکلایی دەکرێتەوە.

We were passed by a crowd of bikers doing over 90 mph.

بەلای کۆمەڵێکی زۆر ماتۆڕسواردا تێپەڕین کە بە خێرایی زیاتر لە 90 میل لەسەعاتێکدا، لێیان دەخوڕی.

The biker was so tired.

پاسکیلسوارەکە زۆر ماندوو بوو.

[1016] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. وەك ناو بەمانای حاویە (ی گەورەی کانزایی)و وەك فەرمان بەمانای "دەپەڕێنێ" دێت. دەپەڕێنێ= دەپەڕێنێت= وازی لێدەهێنێت، بازی بەسەردادەدات..

The skip was put in an suitable place.

حاویەکە لەشوێنێکی نەگونجاو دانرا.

I skipped lunch today.

ئەمڕۆ ژەمی نیوەڕۆم پەڕاند.

[1017] بەرزەنرخێنێ= بەرزدەنرخێنێت.

Her work is esteemed by all her colleagues.

کارەکەی لەلایەن هەموو هاوکارەکانییەوە، بەرزدەنرخێنرێت.

[1018] His ascension to the rank of minister made me happy so much.

بەرزبونەوەی بۆ پلەی وەزیر، زۆر خۆشحاڵی کردم.

[1019] بەمانای دەرگای دەرەوە (نەك ناوەوە) دێت.

Please shut the gate.

تکایە دەرگاکەی دەرەوە دابخە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**epitaph** **مانای نوسراو (ی سەر کێل)**[1021]

.387 **set on، set upon هێرشی کردە سەر**[1022]

**raptor بەمانای باڵندەی ڕاوکەر**[1023]

.388 **arena (ئەڕیینە) ساحە، واتە گۆڕەپان**[1024]

**trigger finger (تریگە فینگە) پەنجەی شایەتومان**[1025]

---

1020 دریفتە"ر". ناوە نەك ئاوەڵناو. سەرگەردان، کەسی وێڵ: کەسێك کە خانویەکی هەمیشەیی یان ئیشێکی بەردەوامی نیەو بەردەوام لەسەر ئیشێك نامێنێتەوەو زوو زوو دەیگۆڕێت.

He is a poor drifter.

ئەو سەرگەردانێکی هەژارە.

1021ئێپیتاف. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئێپیتەف گۆیدەکەن.

His epitaph is very effective.

نوسراوی سەر کێلەکەی زۆر کاریگەرە.

1022سێت ۆن، سێت ئەپۆن. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا ئەم دوو وشەیە بە "سێت ئاان" و "سێت ئەپان" گۆدەکەن.

ناسکەتیبینی: لەبەرئەوەی وشەی set یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان، بۆیە داڕاشتەی ڕابردوو و ڕانەبردووەکەشی هەمان شتە. واتە ئەو دوو فەرمانە لێکدراوە بەمانای هێرشی کردە سەرو هێرشدەکاتەسەریش دێت. هێرش بەتوندی نەك ناسکەهێرش!!!

Three thugs set upon him.

سێ شەقاوە هێرشیان کردە سەر.

He was set upon by a vicious dog.

ئەو لەلایەن سەگێکی شەڕەنگێزەوە، هێرشیکرایە سەر.

1023 ڕاپتە"ر". باڵندەی ڕاوکەر وەك هەڵۆو کوندەپەپوو و هتد... موڕادیفی bird of preyە.

Hawk is one of the raptors.

هەڵۆ یەکێکە لەباڵندە ڕاوکەرەکان.

1024 بەمانای گۆڕەپانی یاری وەرزشی دێت.

Whole Kurdistan doesn't have an international sports arena.

هەموو کوردستان گۆڕەپانێکی وەرزشیی نێودەوڵەتی، نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.389 **entrance (ئینچرەنس) بەمانای شوێنی چونەناو**[1026]

**وشەی waterproof (ۆوتەپرووف) واتە دژەئاو**[1027]

.390 **sculpture (سکەڵپچە) تیمثال، بەکوردی پەیکەر**[1028]

**lay judge (لەی جەج) دادوەرە، بەڵام یارمەتدەر**[1029]

.391 **skeleton (سکێڵەتن) چیە؟ ئێسکەپەیکەرە**[1030]

---

1025 Please don’t raise your trigger finger towards me.

تکایە پەنجەی شایەتومانت بەڕومدا بەرزمەکەرەوە.

Sometimes we use our trigger finger to frighten our kids. هەندێك جار پەنجەی شایتەمومانمان (سەبابە) بۆ ترساندنی مندالەکانمان بەکاردێنین.

1026 شوێنی چونەناو= مەدخەل.

Soldier ants protect their nests by plugging the entrances with their heads.

سەربازە مێرولەکان لەرێگەی داخستنی مەدخەلی هێلانەکانیان بە سەریان، هێلانەکانیان دەپارێزن.

1027 برادەرانی ئەمریکا بە (واادەپرووف) گۆیدەکەن. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردێت کە ئاو کاری تێناکات.

This coat isn't waterproof.

ئەم چاکەتە دژەئاو نیە.

1028 تیمثال= " ع: تمثال"= پەیکەر.

Michael Richards, died in his art studio on 9/11, floor 92 WTC North, whose art focused on planes; including sculptures of airplanes piercing his own body.

هونەرمەندی ئەمەریکی میکایل ریچاردز لەئەنجامی هێرشەکانی 11ی سێپتەمبەری 2001ی ئەمەریکا، بەدیاریکراوی لەستودیۆی کارە هونەرییەکانی خۆی لەقاتی ژمارە 92ی سەنتەری بازرگانی جیهانی تیاچوو و عومری درێژی بۆ ئێوە جێهێشت. ئەم برادەرە لەکارە هونەرییەکانیدا زیاتر گرنگی بە فڕۆکە داوە و لەناو کارەکانیشدا چەند پەیکەرێکی جەستەی خۆی دروستکردووە کە تێیدا تەیارە کونیدەکات.

1029 بەمانای دادوەری یارمەتدەر دێت نەك دادوەری سەرەکی. دادوەری یارمەتدەر= دادوەری یارمەتیدەر= دادوەری یاریدەدەر= "ع: قاض مساعد".

The lay judge is very calm.

دادوەرە یاریدەدەرەکە زۆر هێمنە.

1030 Doctors have to know all the different bones in the human skeleton.

پێویستە دکتۆرەکان هەموو ئێسکە جیاوازەکانی ئێسکەپەیکەری مرۆڤ، بناسن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**magistrate (ماجیسترەیت) قاضی، واتە دادوەرە**[1031]

[.392] **special (سپێشڵ) تایبەت**[1032]**، specialist (سپێشلیست) پسپۆڕ**[1033]

**dork (دۆك) بەمانای گەوج**[1034]**، cork (كۆك)یش تەپەدۆر**[1035]

[.393] **stark (ستااك) چیە؟ بەتەواوی**[1036]

**duckling (دەكلینن) بەمانای بێچووە مراوی**[1037]

[.394] **letter (لێتە) نامەو پیت**[1038]**، litter (لیتە) پاشماوە**[1039]

---

[1031] بەمانای دادوەرێك دێت كە مامەڵە لەگەڵ ئەو كەیسانە دەكات كە زۆر مەترسیدار نین.

He will appear before the magistrates tomorrow.

سبەینێ لەبەردەم دادوەراندا دەردەكەوێت.

[1032] Our brains have special neurons that help us find each other's lips in the dark.

دەماخی مرۆڤ دەمارەخانەگەلێكی تایبەتی هەیە كە یارمەتی دەدات لەتاریكیدا لێوی یەكتر بدۆزنەوە.

[1033] She's a specialist in modern French literature.

ئەو پسپۆڕێكی بواری وێژەی فەرەنسیی هاوچەرخە.

[1034] گەوج= گێل. تەبعەن وشەی dork ناوە نەك ئاوەڵناو، بەڵام foolish و dull و stupid كە هەمان مانایان هەیە، ئاوەڵناون.

Unfortunately some of the yesterday dorks are officials of today.

بەداخەوە هەندێك لەگەوجەكانی دوێنێ، كاربەستگەلی ئەمڕۆن.

[1035] بەچاو سەیركەو بەدڵ ڕەحم بكە، بۆت دەردەكەوێت كە ئەم وشەیەو وشەكەی پێشووتر لەڕوی پێكهاتەوە تەنها حەرفی یەكەمیان جیاوازەو لەڕوی خوێندنەوەشەوە، یەك وەزنیان هەیە.

You can make several children things with cork.

دەتوانیت چەند شتێكی مناڵان بە تەپەدۆر دروست بكەیت.

[1036] موراديفی completelyیە.

The children were splashing in the river, stark naked.

منداڵەكان لەڕووبارەكەدا شەڕەئاویان دەكرد، بەتەواوی ڕووت بوون.

[1037] She passed the large pond with ducks and their little ducklings.

ئەو بەلای گۆماوێكدا تێپەڕی كە چەند مراوییەك و بێچووەكانیانی تێدابوون.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

hot (هۆت) لەلای پۆلیس داواکراوە[1040]

[395]. شتێك كە rich (ریچ) بێ، گرانبەهایە[1041]

چەوریش هەر rich[1042]، hot زۆر خێرایە[1043]

---

[1038] بەمانای نامەو پیت (حەرف)یش دێت.

Every year, 1,000 letters arrive in Jerusalem, Israel, addressed to God.

هەموو ساڵێك هەزار نامە دەگاتە شاری قودس لە ئیسرائیل و لەسەری نوسراوە: بۆ خوا.

The word "queue" is pronounced the same way when the last 4 letters are removed.

وشەی queue كە بەمانای ریز دێت، ئەگەر چوار پیتی كۆتاییشی لێبكەیتەوە، هەر بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە.

The letter "r" is a big difference between British English and the American. Americans tend to pronounce it after vowels, while Britons often drop it.

یەكێك لەجیاوازییە گەورەكانی نێوان ئینگلیزیی بریتانی و ئەمەریكی لەپیتی ئاڕدایە. برادەرانی ئەمەریكا پیتی ئاڕی پاش پیتی بزوێن گۆدەكەن، بەڵام بریتانییەكان زۆرجار گۆیناكەن. بۆ نمونە بریتانییەكان وشەیswordی (شمشێر) بە سۆوْد گۆدەكەن، بەڵام ئەمەریكییەكان بە سۆوْرد گۆیدەكەن.

[1039] سەرنجبدە كە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە، لەڕوی پێكهاتەوە تەنها پیتی دووەمیان جیاوازەو لەڕوی گۆكردنیشەوە، لەیەكەوە نزیكن.

Put your litter in that bin .

پاشماوەكەت بخەرە ناو ئەو تەنەكەی خۆڵەوە.

[1040] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە هاات گۆیدەكەن. ئاوەڵناوە لەشێوەئاخاوتنی سلانگ واتە جلْفەدا بۆ وەسفكردنی كەسێك بەكاردێت كە لەلایەن پۆلیسەوە داواكراو بێت.

He is a hot suspect.

ئەو گومانلێكراوێكی داواكراوە "لەلایەن پۆلیسەوە"

[1041] The family has a collection of rich paintings.

خێزانەكە كۆمەڵێك تابلۆی گرانبەهایان هەیە.

[1042] واتە ئەو وشەیە بەمانای چەوریش دێت كە ئاوەڵناوە.

I don’t like the rich foods.

حەزم لەخواردنە چەورەكان نیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.396 tiddler (تیدڵە) هەم منداڵ، هەم وردەماسی[1044]

astrology (ئەسترۆلەجی) ئەستێرەناسی[1045]

.397 bag (باگ) کیس و جانتا، هەروەها جزدان [1046]

stall (ستۆڵ) تەویلە، هەم ناسکەدوکان[1047]

---

[1043]هۆت. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاات گۆیدەکەن.

New drivers don’t have to drive hot cars.

شۆفێری نوێ پێویستە ئۆتۆمبێلی زۆر خێرا لێنەخورێت.

[1044]"ر". بەمانای منداڵ و وردەماسی (ماسی زۆر بچوك)یش دێت. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە زۆر لەوشەی toddlerەوە نزیکە کە بەمانای منداڵی تەمەن گروگاڵ دێت، تەنها پیتی دووەمیان جیاوازە. بەڵام لەڕوی ماناوە جیاوازن، tiddler بەمانای منداڵێك دێت کە گەورەتر بێت.

She was only a little tiddler, ten years old.

ئەو تەنها منداڵێکی بچوکی تەمەن 10 ساڵ بوو.

I saw many tiddlers in the river.

ژمارەیەکی زۆر وردەماسیم لەڕووبارەکەدا بینی.

[1045] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەسترالەجی گۆیدەکەن.

31% of Americans believe in astrology.

لەسەدا 31ی ئەمەریکییەکان بڕوایان بە ئەستێرەناسی هەیە.

[1046] بەمانای کیس و جانتاو جزدانیش دێت.

My lost bag didn’t contain much money.

جزدانە ونبووەکەم پارەی زۆری تێدا نەبوو.

She suddenly remembered (that) her keys were in her other bag.

کتوپڕ بیریکەوتەوە کە کلیلەکانی لەجانتاکەی تریدایە.

The cashier put the purchases in bags.

کاشێرەکە کەرەستە کڕاوەکانی خستە چەند کیسێکەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**398.** **headway (هێدوەی) چیە؟ بەرەوپێشچون**[1048]

**scrotum مانای کیسی هێلەگون**[1049]

**399.** **perimeter موحیط، بەکوردی چێوە**[1050]

**cider بەمانای خۆشاوی سێوە**[1051]

**400.** **impromptu چیە؟ ئیرتیجالییە**[1052]

---

[1047] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ستاڵ گۆیدەکەن. بەمانای تەویلەو ناسکەدوکانیش دێت. مەبەستم لەناسکەدوکان: دوکانێکی بچوك کە زۆرجار مێزیشی لەبەردەمدایەو شتی وەك رۆژنامەو میوەو سەوزەو هتد..ی لەسەر دانراوە بۆ فرۆشتن. کۆشکیشی پێدەووترێت.

The farmer built a new stall for the horses.

جوتیارەکە تەویلەیەکی تازەی بۆ ئەسپەکان دروستکرد.

He runs a fruit and vegetable stall in the market.

ئەو لەبازاڕ، کۆشکێکی میوەو سەوزە بەڕێوەدەبات.

[1048] Little headway has been made so far in the negotiations.

تائێستا بەرەوپێشچونی کەم لەدانوستانەکان بەدیهاتووە..

[1049]سکرەوتم. بەمانای ئەو کیسە دێت کە هێلەگونی مرۆڤ و گیاندارە نێرینەکانی تری تێدایە. جەمعی ئەم وشەیە scrota یە. هەروەها بەشێوەی ئاساییش واتە بەزیادکردنی یش کۆدەکرێتەوە.

There is a black spot in my scrotum, but I neglected it.

کیسی هێلکەگونم پەڵەیەکی رەشی تێدایە، بەڵام پشتگوێم خستووە.

[1050]پەریمیتە"ر". موحیط= "محیط"= چێوە= چواردەور.

Can you find the perimeter of the rectangle without using a ruler?

دەتوانیت بەبێ بەکارهێنانی راستە، چێوەی لاکێشەکە بدۆزیتەوە؟

[1051]سایدە"ر". خۆشاوی سێو= شەربەتی سێو.

I don’t like cider.

حەزم لەخۆشاوی سێو نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

blight نەخۆشیی "كشتوكاڵییە"[1053]

.401 take (تەیك) لەبەردەكات، دەبات، دەپێوێ[1054]

their (ذێیە) هی ئەوان[1055]، there (ذێیە"ر")یش ئەوێ[1056]

.402 put to death (پوت تدێث) چیە؟ لەسێدارەدا[1057]

---

[1052]ئیمپرۆمپتیو. ئیرتیجالی= "إرتجالي"= سەرپێیی، پێشتر پلانبۆدانەنراو، پێشترئامادەنەكراو.

We finished the day with an impromptu game of football in a nearby field.

رۆژەكەمان بە یارییەكی سەرپێیی تۆپی پێ لەكێڵگەیەكی نزیك، كۆتایی پێهێنا.

[1053]بلاَیت. نەخۆشیی كشتوكاڵی: ئەو ئافەت و نەخۆشییانەی دەدەن لەڕووەك و كێڵگە كشتوكاڵییەكان.

The blight took these tomatoes.

نەخۆشیی كشتوكاڵی ئەم تەماتانەی لەناوبرد.

[1054] ئەم وشەیە یەكێكە لەو وشە ئینگلیزییانەی مانایەكی زۆری هەیە. سیان لەماناكانیان ئەوەن كە لەم نیوەبەیتەدا باسكردون.

I take a size 12 in trousers.

پاڵنتۆڵی قەبارە 12 لەبەردەكەم.

I always take my mobile phone with me.

هەمیشە مۆبایلەكەم لەگەڵ خۆمدا دەبەم.

Have you taken her temperature?

پلەی گەرمای ئەوت پێواوە؟

[1055] The average American spends 38.5 total days brushing their teeth over a lifetime.

بەگشتی هەر هاوڵاتییەكی ئەمەریكی، 38 رۆژو نیوی تەواوی كۆی ژیانیان بە شتنی ددانیان (هی ئەوان، ددانی ئەوان) بە فڵچە، بەسەردەبات.

[1056] واتە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە عەینەنە یەك گۆدەكرێن. جارجارەش their بە "ذێر"یش گۆدەكرێت، بەڵام زیاتر بە ذێیە"ر" گۆدەكرێت.

Scotland? I’ve always wanted to go there.

سكۆتلەندا؟ من هەمیشە ویستومە بڕۆم بۆ ئەوێ.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

ripple (ریپڵ) هەم شەپۆل، هەم شەپۆلدا[1058]

.403 cast،hurl و throw هەرسێ هەڵدەدا[1059]

allow، let، permit واتە رێدەدا[1060]

---

[1057] لەسێدارەدا= ئیعدامکرد. لەبەرئەوەی فەرمانی put یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان و دارِشتەی رابردوو و رانەبردوی یەکێکە، بۆیە هەمان فەرمانی لێکدراو بەمانای "لەسێدارەدەدا"ش دێت. ئەم فەرمانە لێکدراوە موورادیفی execute.ە

She was put to death for her beliefs.

ئەو بەهۆی بیروباوەرِەکانییەوە، لەسێدارەدرا.

[1058] وەك ناو بەمانای شەپۆل و وەك فەرمان بەمانای "شەپۆلەدا" دێت. شەپۆلەدا= شەپۆل ئەدا= شەپۆل دەدات.

A field of wheat rippled in the breeze.

کێڵگەیەك گەنم لەناو شەماڵدا شەپۆلدەدات.

She make a nice ripple in the pool.

ئەو شەپۆلێکی جوانی لەناو مەلەوانگەکەدا دروستکرد.

[1059] کاست، هێڵ، ثرەو. هەرسێکیان بەمانای "هەڵدەدا" دێن. هەڵدەدا= هەڵدەدات. سەبارەت بە وشەی hurl فەرمانێکی ئاساییە، واتە بە زیادکردنی ed دەبێتە رابردوو و هتد...، بەڵام دوو وشەکەی تریان فەرمانی نائاساییین. cast رابردوو و تەسریفی سێیەمشی هەروەك خۆیەتی و ناگۆرِێت. throw رابردووەکەی threwو تەسریفی سێیەمەکەی thrown.ە

He cast the net over a large area.

تۆرِەکەی بەسەر روبەرێکی فراواندا هەڵدا.

The demonstrators hurled stones at police.

خۆپیشاندەرەکان بەردیان بەرِوی پۆلیسدا هەڵدا.

Saya threw the ball to the dog.

سایە تۆپەکەی بۆ سەگەکە هەڵدا.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

404. fireman چیه؟ ئاگرکوژێنه[1061]

blood transfusion گواستنەوەی خوێنە[1062]

405. watery (وۆتری) نەعتە، بەمانای ئاوی[1063]

rocky (رۆکی) شلۆقە، لەگەڵ بەرداوی[1064]

---

[1060] ئەلاو (واتە لەسەر وەزنی حەلاو دەخوێنرێتەوە)، لێت (واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە)، پەمیت. رێدەدا= رێدەدات، رێگەدەدات= "یسمح".

وشەی let فەرمانێکی نائاساییەو دارشتەی رانەبردوو و رابروو و تەسریفی سێیەمیشی وەك یەکەو ناگۆڕێت.

My parents wouldn’t allow me to go to the party.

دایك و باوکم رێگەیان پێنەدەدام بچم بۆ ئاهەنگەکە.

I tried to help her, but she wouldn't let me.

هەوڵمدا یارمەتی بدەم، بەڵام رێینەدام. واتە نەیهێشت.

He permitted them to leave.

ئەو رێگەیدان کە برۆن. واتە هێشتی برۆن.

[1061] فایەمەن. ئاگرکوژێن: پیاوێك کە ئاگری زیانبەخش و نەویستراو دەکوژێنێتەوە.

I wanted to be a fireman when I was a child.

کە منداڵ بوم ویستم ببم بە ئاگرکوژێن.

[1062] بلەد ترانسفیوژن

She suffered kidney failure and needed a blood transfusion.

ئەو توشی لەکارکەوتنی گورچیلە بوو و پێویستی بە گواستنەوەی خوێن هەبوو.

[1063] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "واادری" گۆیدەکەن. نەعت= "نعت"= ئاوەڵناو. واتە ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بەمانای ئاوی دێت.

Saliva is a watery fluid.

لیك شلەیەکی ئاوییە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

406. brush off (برەشۆف) بەمانای ڕەتدەکاتەوە[1065]

bridle (برایدڵ) لیجام، واتە جڵەوە[1066]

407. seasick (سییسیك) موصابی گێژیی دەریایە[1067]

trumpet (ترەمپت) بوقە، واتە زوڕنایە[1068]

408. radio میذیاعە، پێیدەڵێین رادیۆ[1069]

---

[1064] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڕاکی گۆیدەکەن. بەمانای شلۆق "ناجێگیر"و بەرداویش دێت. مانای یەکەمیان نارەسمییە.

They've had a rocky relationship for years, but they stay together.

ئەوان بۆ ماوەی چەند ساڵێك پەیوەندییەکی شلۆقیان هەبوو، بەڵام پێکەوە دەمێننەوە.

They ran over the rocky ground.

ئەوان بەسەر خاکێکی بەرداویدا ڕایانکرد.

[1065] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە برەشاف گۆیدەکەن. ڕەتدەکاتەوە= رەفزدەکات.

I haven't heard back from that company, so I guess they're brushing my complaint off.

وەڵامم لەو کۆمپانیایەوە نەبیستووە، بۆیە پێموایە سکاڵاکەم ڕەتدەکەنەوە.

[1066] لیجام عەرەبییە، کوردییەکەی جڵەوە.

First, they brush feed the horses, and then they clean the saddles and bridles.

سەرەتا خواردن دەدەن بە ئەسپەکان، دواتر زین و جڵەوەکان پاکدەکەنەوە.

[1067] موصابی گێژیی دەریا= "مصاب بدوار البحر"= توشبوی گێژی دەریا= توشبوی نەخۆشیی گێژیی دەریا.

گێژیی دەریا: نەخۆشییەکە کاتێك توشی کەسێك دەبێت، ئەو کەسە لەکاتی گەشتی ئاوی، بۆ نمونە سواربونی بەلەم و کەشتی، سەری گێژدەخوات یان نەخۆشدەکەوێت.

I can’t ride the boat, I’m seasick.

ناتوانم سوار بەلەم بم، توشبوی گێژیی دەریام.

[1068] بوق عەرەبییە، کوردییەکەی زوڕنایە.

The sound of violins, clarinets and trumpets filled the hall.

دەنگی کەمانچەو کلارنێت و زوڕناکان، هۆڵەکەی پڕکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

revoke بەمانای ئیلغادەکاتۆ[1070]

.409 adverb (ئەدڤێیب) ئاوەڵکار[1071]، adjective (ئاجێکتیڤ) هی ناو[1072]

countable noun (کاونتبڵ ناون) ناوی بژێردراو[1073]

.410 girl (گێێڵ) کچ بزانی، ئەمەش ئاسانە[1074]

---

[1069] رەیدیەو. مذیاع عەرەبییە، بەڵام ئێمەی کورد پێیدەڵێین رادیۆ واتە هەر ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنین بەڵام تۆزێك سەروگوێلاکمان شکاندووە.

The first time the Japanese people heard their Emperor's voice was when he announced Japan's surrender on the radio during WW2.

بۆ یەکەمین جار کە گەلی ژاپۆن گوێیان لەدەنگی ئیمپراتۆرەکەیان بوو، لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بووە، بەدیاریکراوی لەکاتێکدا بوو کە تەسلیمبونی وڵاتەکەی لەرێگەی رادیۆوە راگەیاند.

[1070] ریڤەوك. بێگومان وشەی "ئیلغادەکاتۆ" شێوەزاری نارەسمیی قسەکردنەو لەبەر سەروای بەیتە شیعرەکە لەناچاریدا لەبری "ئیلغادەکاتەوە" بەکارمهێناوە. ئیلغادەکاتەوە= هەڵدەوەشێنێتەوە.

His work permit was revoked after six months.

پاش شەش مانگ، مۆڵەتی کارەکەی هەڵوەشێنرایەوە.

[1071] ئاوەڵکار= ئاوەڵفەرمان.

In the sentence “She runs fast”, the word fast is adverb.

لەرستەی She runs fast، وشەی fast ئاوەڵکارە.

[1072] کە دەڵێم هی ناو مەبەستی ئاوەڵی ناوە واتە ئاوەڵناو.

In the sentence 'She is happy', 'happy' is a adjective.

لەرستەی "ئەو خۆشحاڵە"، "خۆشحاڵ" ئاوەڵناوە.

[1073] ناوی بژێردراو واتە ئەو ناوانەی دەبژێردرێن، بەمانایەکی تر ئەو ناوانەی دەتوانرێت بەشێوازی تاك و کۆ بەکاربهێنرێن.

In English the word money isn’t a countable noun.

لەزمانی ئینگلیزیدا، وشەی money (پارە) ناوی بژێردراو نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**girly (گێیلی) هەم girlie (گێیلی) هەردوو کچانە**[1075]

**.411 forward (فۆووەد) بۆ پێشۆ، هەم هێرشبەرە**[1076]

**fussy (فەسی) وەك picky (پیکی) نازونوزکەرە**[1077]

**.412 frugal (فروگڵ) بەمانای دەستپێوەگرە**[1078]

---

[1074]مەبەستم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: ئەگەر وشەی girl "گێیڵ" کە بەمانای کچ دێت بزانیت، ئەوا زانینی مانای وشەکانی نیوەبەیتەکەی تر ئاسانە، چونکە ئەو دوو وشەیەی لەنیوەبەیتی دووەمدا هاتووە، هەر لەوشەی girlەوە دارِێژراون.

In 2009, a 13-year old Chinese girl tried to commit suicide so that she could donate her liver to her dying father.

لەساڵی 2009، کچێکی چینیی تەمەن 13 ساڵ هەوڵیدا خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە بتوانێت جگەری ببەخشێت بە باوکی کە لەسەرەمەرگدا بوو.

[1075] ئەم دوو شەیە تەنها لەرِوی سپێڵەوە جیاوازن، ئەگینا لەرِوی ماناو گۆکردنیشەوە هیچ جیاوازییەکیان نیەو عەینەن یەك وان و مەگەر درۆزن لێکیان جیابکاتەوە.

I have to buy a girlie (girly) cellphone for my daughter.

پێویستە مۆبایلێکی کچانە بۆ کچەکەم بکرِم.

[1076] بێگومان دەستەواژەی "بۆ پێشۆ" شێوەقسەکردنی نارِەسمییەو مەبەستم لێی "بۆ پێشەوە"یە، بەڵام لەبەر پێویستیی کێشی شیعرەکە ناچاربوم نارِەسمییەکە بەکاربهێنم.

مەبەستم لەوشەی "هێرشبەر"یش لێرەدا، یاریزانی هێرشبەرە.

She leaned forward to whisper something in my ear.

ئەو بۆ پێشەوە چەمایەوە بۆ ئەوەی شتێك بچرپێنێت بە گوێمدا.

Ronaldo is a famous forward.

رۆناڵدۆ هێرشبەرێکی بەناوبانگە.

[1077] هەردوکیان بەمانای نازونوزکەر دێن. نازونوزکەر ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە حەزی لەتەنها هەندێك شتی دیاریکراوەو ئەوانە نەبێت نایەوێت و رازیکردنی زۆر سەختە.

You are too fussy.

تۆ زۆر نازونوزکەری.

I don’t like picky children.

حەزم لەمناڵی نازونوزکەر نیە.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**squab (سکواب) بەواتای بێچووەکۆترە**[1079]

.413 **import (ئیمپۆڕت) گرنگی، لەگەڵ هاوردە**[1080]

**couple (کەپڵ) واتە دوو، هەم ژن و مێردە**[1081]

.414 **electrocution چیە؟ خوا پەنامان با**

**ئیعدامکردنە بەس بە کارەبا**[1082]

---

1078 دەستپێوەگر: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە زۆر بەوریاییەوە پارەو خواردن بەکاردەبات واتە ئیقتیسادی تێدادەکات. واتە خەرجی زۆر ناکات.

He is very frugal in his life style.

ئەو لەشێوازی ژیانیدا زۆر دەسپێوەگرە.

1079 100 grams of squab meat contain 294 calories, the 15% of your total daily needs.

سەد گرام لەگۆشتی بێچووەکۆتر، 294 کالۆری تێدایە کە دەکاتە لەسەدا 15ی ئەو بڕەکالۆرییەی رۆژانە پێویستتە.

1080 بەمانای گرنگی (ئەهمیەت) و هاوردەش دێت. لەمانای یەکەمیاندا موورادیفی وشەی importanceو لەمانای دووەمیاندا پێچەوانەی وشەی exportە کە بەمانای هەناردە دێت.

هاوردە: شمەکێك کە لەدەرەوەی وڵاتەوە بهێنرێتە ناوەوە.

It is still too early to judge the political import of his speech.

هێشتا زۆر زووە بۆ بڕیاردان لەسەر گرنگیی سیاسیی وتارەکەی.

They have put an embargo on imports of clothing.

ئەوان ئابلۆقەیان لەسەر هەناردەی جلوبەرگ داناوە.

1081 . بەمانای دوو و ژن و مێردیش دێت.

We'll have to wait another couple of hours for the paint to dry.

پێویستە دوو سەعاتی تر چاوەڕێ بکەین تا بۆیاخەکە وشکبێتەوە.

A 2015 survey found that more than 40% of couples didn't know each other's annual earnings.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2015 ئەنجامدراوە، دەریخستووە کە زیاتر لە 40 لەسەدی ژن و مێردەکان، نەیانزانیوە داهاتی ساڵانەی هاوژینەکانیان چەندە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.415** **stay مانەوەو دەمێنێتەوە**[1083]

**evasion (ئیڤەیژن) واتە خۆدزینەوە**[1084]

**.416** **front (فرەەنت) پێشەوە، هەروەها "بەرە"**[1085]

**artistic (ئاتیستیك) فەننی**[1086]**، art (ئاات)یش هونەرە**[1087]

---

[1082]ئیلێکترەکیوشن. بەمانای "ئیعدامکردن بە کارەبا" دێت. ئیعدامکردن بەکارەبا: لەسێدارەدان بەلێدانی تەزوی کارەبا.

ناحەقم مەگرن کە دوعام خستووەتە ناو ئەم بەیتەشیعرەوە، چونکە مرۆڤ لەناسکەلێدانێکی کارەبا دەترسێت، جا وەرە بە لێدانی کارەبا ئیعدامت بکەن!!

I think electrocution is an inhuman act.

پێموایە ئیعدامکردن بە کارەبا کارێکی نامرۆڤانەیە.

[1083]ستەی. وەك ناو بەمانای "مانەوە"و وەك فەرمان بەمانای "دەمێنێتەوە" دێت.

During his long stay in the south, he painted only one portrait.

لەماوەی مانەوە درێژخایەنەکەیدا لەباشور، تەنها یەك دەموچاوەوێنەی کێشا.

An iguana can stay under water for 28 minutes.

ئیگوانا (زیندەوەرێکی خشۆکە)، دەتوانێت بۆ ماوەی 28 خولەك، لەژێر ئاودا بمێنێتەوە.

[1084] This was a clear evasion of responsibility.

ئەمە خۆدزینەوەیەکی ئاشکرا بوو لەبەرپرسیارێتی.

[1085] بەمانای پێشەوەو بەرەش دێت.

Ants conduct war in ways similar to humans, they even use more advanced strategies like reconnaissance and sending expendable ants to the front line to preserve the stronger ones.

مێرولە شێوازگەلی هاوشێوەی هی مرۆڤ بەکاردەهێنێت لەکاتی جەنگدا. تەنانەت ستراتیژی پێشکەوتوتر لەمرۆڤ بەکاردەهێنێت، بۆ نمونە سیستمی چاودێریکردنی شوێنەکان و ناردنی مێرولەگەلێك کە توانای هەلاوسانیان هەیە بۆ هێڵەکانی پێشەوەی جەنگەکە بەکاردەهێنن، وەك ئاماژەیەك بۆ نیشاندانی مێرولە بەهێزترەکان.

He was a soldier on the Western front in World War I.

ئەو سەربازێکی بەرەی خۆرئاوا بوو لەجەنگی جیهانیی یەکەمدا.

[1086] فەننی= "ع: فنَي": هونەری.

He is the artistic director of the movie.

ئەو دەرهێنەری هونەریی فیلمەکەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.417 parricide (پاریساید) قەتڵە، هی باب یان داکە[1088]**

**odd number (ئۆد نەمبە) مانای ژمارەی تاکە[1089]**

**.418 abundant (ئەبەندنت)، so (سەو)، too (توو) هەرسێکیان زۆرە[1090]**

**plentiful (پلێنتیفڵ) هەروا[1091]، purple (پێپڵ)یش مۆرە[1092]**

---

[1087] Art and English were my favorite subjects at school.

هونەرو زمانی ئینگلیزی بابەتە دڵخوازەکانم بوون لەخوێندنگەدا.

[1088] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پێریساید گۆیدەکەن. قەتڵی باب یان داك= کوشتنی باوك یان دایك. واتە ئەم وشەیە بەمانای کوشتنی باوك یان دایك دێت. بەگوێرەی ناوەرۆکی رستە یان پارەگرافەکە یەکلاییدەکرێتەوە کە ئاخۆ مەبەست لێی کامیانە.

He was accused of parricide.

ئەو بە کوشتنی باوکی (یان دایکی) تۆمەتبارکرا .

[1089] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (ئاد نەمبە"ر") گۆیدەکەن.

3, 5, and 7 are all odd numbers.

سێ، پێنج و حەوت، هەمویان ژمارەی تاکن.

[1090] هەرسێکیان بەمانای "زۆر" دێن.

Cheap goods are abundant in Kurdistan Region.

کاڵای هەرزان لە هەرێمی کوردستان زۆرە.

You're so special to me and I can't even explain why.

تۆ زۆر تایبەتیت بەلای منەوەو ناشتوانم هۆکاری ئەوە رونبکەمەوە.

According to research published in the International Journal of Sexual Health 70 per cent of women are always unhappy with their breasts. Either they feel they are too small or they think its too big.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك کە لەگۆڤاری نێودەوڵەتی "تەندروستی سێکسی"دا بڵاوکراوەتەوە، لەسەدا 70ی خانمان هەمیشە نائاسودەن بە مەمکیان. چونکە یان هەستدەکەن کە زۆر بچوکە، یان هەستدەکەن کە زۆر گەورەیە. بەرەئی من زۆر گوێی پێنەدەن باشەو هەرکاتێك سەیریان کرد بڵێن ئەخلاق شەرتە!!!

[1091] ئەمیش هەر بەمانای زۆر دێت.

During the summer tomatoes are plentiful and cheap.

لەکاتی هاویندا، تەماتە زۆرو هەرزانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.419 conventional (کەنڤێنشنەڵ) عادی، واتە ئاسایی[1093]

marine (مەریین) بەحرییە، یەعنی دەریایی[1094]

.420 bird (بێێد) چۆلەکەو طەیر[1095]، tweet (توییت) جریوە[1096]

mercury (مێێکیەری) عەتارد، هەروەها جیوە[1097]

.421 mouthpiece (ماوثپییس) چیە؟ واتە زمانحاڵ[1098]

---

[1092] Purple is my favorite color.

رەنگی دڵخوازم مۆرە.

[1093] I wear conventional clothes not for the party.

بۆ ئاهەنگەکە جلوبەرگی ئاسایی لەبەردەکەم.

[1094] The Blue-ringed octopus is one of the world's most venomous marine animals: it can kill you in one bite, there is no antivenom.

جۆرێك هەشتپێ هەیە پێی دەووترێت هەشتپێی ئەڵقەشین. یەکێکە لەژەهراوترین گیاندارە دەریاییەکان لەجیهانداو دەکرێ تەنها بە یەك پێوەدان بتکوژێت!. ئەم ژەهرە دەرمانی دژەژەهریشی نیە.

[1095] بەمانای چۆلەکەو طەیریش دێت. طەیر= "ع: طير"= باڵندە.

The poor bird couldn't fly because it had a broken wing.

چۆلەکە داماوەکە نەیتوانی بفڕێت چونکە باڵێکی شکاو بوو.

The kiwi , a flightless nocturnal bird unique to New Zealand, is the symbol for everything from New Zealand.

کیوی کە باڵندەیەکی شەوگەڕەو ناتوانێت بفڕێت، بەنیسبەت نیوزلەنداوە شتێکی نایابە. بە سیمبولی هەموو شتێکی ئەو وڵاتە دادەنرێت .

[1096] A sudden tweet from a nearby bird waked me up.

جریوەی کتوپڕی چۆلەکەیەکی نزیك، خەبەریکردمەوە.

[1097] بەمانای هەسارەی عەتاردو جیوەش دێت. ئەگەر بەمانای عەتارد بەکاربهێنرێت، لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتڵ بنوسرێت.

Temperatures on Mercury is very high.

پلەی گەرما لەسەر عەتارد زۆر بەرزە.

Mercury is used in batteries, pesticides, and thermometers.

جیوە لەباتری، قڕکەری مێروو و گەرمپێودا بەکاردەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**month (مەنث) مانگ**[1099]**، year (ییە"ر")یش دێت بەمانای ساڵ**[1100]

[422]. **nick (نیك) دەدزێ و دەگرێ، هەمیش زیندانە**[1101]

**doubtful (داوتفەڵ) مانای جێگای گومانە**[1102]

---

[1098] The newspaper was the mouthpiece of the National Democratic Party.

رۆژنامەکە زمانحاڵی پارتی نیشتمانی دیموکراتی بوو.

[1099] A person can live without food for about a month, but only about a week without water.If the amount of water in your body is reduced by just 1%, you'll feel thirsty.If it's reduced by 10%, you'll die.

مرۆڤ دەتوانێت بۆ ماوەی نزیکەی مانگێك بەبێ خواردن بژی، بەڵام تەنها حەفتەیەك بەبێ ئاوخواردنەوە دەتوانێت بژی. ئەگەر بڕی ئاو لەجیسمی شەریفت بەڕێژەی تەنها لەسەدا یەك کەمبکات، ئەوا هەست بە تینوێتی دەکەیت، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێژەیە بگاتە لەسەدا 10، ئەوا عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵیت .

بۆیە هەوڵبدە هەمیشە پێکێك لەبەردەمتا بێت (پێکی ئاو یان ماستاو تەبعەن نەك بیرەو ویسکی و ڤۆدگا!!!).

[1100] Diabetes causes 6 deaths every minute and 1 in 20 deaths in the world. Every year 3.2 million people in the world die from diabetes or related causes.

لەسەرتاسەری جیهاندا، هەموو خولەکێك، شەش کەس بەهۆی نەخۆشیی شەکرەوە گیان لەدەست دەدەن. یەك لە 20ی هەموو مردنەکانی جیهان بەهۆی ئەم نەخۆشییەوەیە. ساڵانە لەجیهاندا سێ ملیۆن و دوو سەد هەزار کەس بەهۆی شەکرە یان هۆکارەکانی پەیوەست بەم نەخۆشییە، گیان لەدەست دەدەن.

[1101] وەك فەرمان بەمانای "دەدزێ "وsteal "دەگرێ "capture و وەك ناو بەمانای "زیندان "prison دێت. مەبەستم لەوشەی "دەگرێ" لێرەدا "دەستگیردەکات"ە.

Someone's nicked my wallet.

کەسێك جزدانەکەی دزیوم.

The police nicked the thief.

پۆلیس دزەکەی گرت.

The night before his execution, a man in Georgia escaped from the nick and, later that night, was beaten to death in a bar fight.

جارێك پیاوێك لە جۆرجیا، شەوێك پێش لەسێدارەدانی، لەزیندان هەڵات. بەڵام دواتر هەر ئەو شەوە، لەمیانەی شەڕێکدا لەبارێك، کوژرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[423]. dimple (دیمپڵ) بەمانای چاڵی روومەتە[1103]

department (دیپاتمەنت) هەم بەش، هەم وەزارەتە[1104]

[424]. scarcity کەمی[1105]، scarce (سکێیەس) واتە کەم[1106]

canoe کەنووە، جۆرێك لەبەلەم[1107]

[425]. vital (ڤایتڵ) ئەساسی، هەمیش چالاکە[1108]

---

[1102] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردێت کە جێگای گومان بێت: گوماناوی. سەرنجبدە کە پیتی b ئەم وشەیە ناخوێنرێتەوە.

It's doubtful that anyone survived the fire.

ئەوەی کە دەووترێت هیچ کەسێك لەئاگرەکە رزگاری نەبووە، جێگای گومانە.

[1103] People with dimples look attractive and everyone loves their smile.

ئەو کەسانەی چاڵی روومەتیان هەیە سەرنجراکێش دیارن و هەموو کەسێك حەز لەزەردەخەنەیان دەکات.

[1104] بەمانای بەش و وەزارەتیش دێت. واتە لەمانای دووەمیاندا موورادیفی ministryیە.

The Department of Anesthesiology is a vital part of the healthcare team, and its work is essential to the success of any surgery.
بەشی سڕکردن بەشێکی گرنگی تیمی چاودێری تەندروستییەو کارەکەی خاڵێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هەر نەشتەرگەرییەك.

He is the head of the English department.

ئەو سەرۆکی بەشی ئینگلیزییە.

He is an official of the Department of Environment

ئەو بەرپرسێکی وەزارەتی ژینگەیە.

[1105] سکێیەستی. کەمی= (ع: نقص).

From 1989 to 2009, about 2,000 schools were closed in Germany because of the scarcity of children.

لەساڵی 1989 بۆ 2009، بەهۆی کەمیي قوتابییەوە، نزیکەی دوو هەزار قوتابخانە لەئەڵمانیا داخراون.

[1106] During the war, things like clothes and shoes were scarce.

لەکاتی جەنگەکەدا شتگەلی وەك جلوبەرگ و پێڵاو کەم بوون.

[1107] بە کەنوو دەخوێنرێتەوەو هەر پێشی دەووترێت کەنوو. کەنوو: جۆرە بەلەمێکی باریکی تەسکی دوو کۆتایی باریکە.

Of course, the canoe was too heavy.

بێگومان کەنووەکە زۆر قورس بوو.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

لویەك benign (بینایِن) بێ کەواتە پاکە[1109]

.426 so far، until now هەردوو تائێستا[1110]

Finnish (فینلند) فینلەندی[1111]، Finland فینلەندا[1112]

.427 helipad مەهبەت، هی هێلیکۆپتەر[1113]

---

1108 بەمانای ئەساسی و چالاکیش دێت.

مەبەستم لەئەساسی (بنچینەیی) لێرەدا "زۆر پێویست"ە.

Apricots are rich in calcium which is vital for the formation and development of bones.

قەیسی دەوڵەمەندە بە توخمی کالسیۆم کە بۆ دروستبون و گەشەکردنی ئێسك، بنچینەییە (زۆر پێویستە).

She is a vital student.

ئەو خوێندکارێکی چالاکە.

1109 ئاوەڵناوە زیاتر بۆ وەسفی لویەك (وەرەمێك) بەکاردێت کە پاك بێت واتە شێرپەنجەیی نەبێت.

Don't fear from that tumor, It's benign.

لەو لووە مەترسە، پاکە.

1110 سەو فاا، ئەنتڵ ناو. هەردوکیان بەمانای "تائێستا" دێن.

$28 billion dollars were donated by Bill Gates so far.

بیڵ گەیتس تا ئێستا 28 ملیار دۆلار واتە دوو ملیۆن و هەشت صەد هەزار دەفتەری صەیی، بەخشیوە.

Selman has sold off two-thirds of his herd until now.

سڵێمان تائێستا دوو لەسەر سێی مێگەلەکەی فرۆشتووە.

1111 فینیش. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی finish (کۆتایی، کۆتایی پێدەهێنێت، کۆتایی دێت) لەڕوی پێکهاتەوە تەنها یەك پیتیان جیاوازە، بەڵام لەڕوی گۆکردنەوە هیچ جیاوازییەکیان نیە.

The finnish passport is one of the best.

پاسپۆرتی فینلەندی یەکێکە لەباشترینەکان.

1112 There are 2 million saunas in Finland for a population of 5 million.

ژمارەی دانیشتوانی فینلەندا پێنج ملیۆنە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو ملیۆن ساونای تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

annoying، pesky هەردوو بێزارکەر[1114]

428. nest (نێست) لانەدەکات، هەروەها لانە[1115]

reprieve دواخستن، ناوو فەرمانە[1116]

429. hospital (هۆسپیتڵ) چیە؟ نەخۆشخانەیە[1117]

---

[1113] هێلیپاد. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "هێڵەپاد" گۆیدەکەن. مەهبەت= (مهبط)= نشینگە. واتە شوێنی نیشتنەوەی هێلیکۆپتەر. جیاوازی هەیە لەگەڵ فڕۆکەخانە.

The hotel has a helipad on the roof.

هۆتێلەکە نشینگەیەکی هێلیکۆپتەری هەیە لەسەربان.

[1114] ئەنۆینن، پێسکی. هەردوکیان بەمانای بێزارکەر دێن، بەڵام وشەی دووەمیان نارەسمییە. بێزارکەر= "مزعج".

There's an annoying sound on this car.

ئەم ئۆتۆمبێلە دەنگێکی بێزارکەری تێدایە.

He has two pesky kids.

دوو منالّی بێزارکەری هەیە.

[1115] بەمانای لانەدەکات و لانەش دێت. مەبەستم لە لانە لێرەدا هێلانەی باڵندەو ئەو جۆرە زیندەوەرانەیە. لانەدەکات= هێلانە دروستدەکات.

Eagles haven't nested on this island for over 50 years.

ماوەی زیاتر لە پەنجا ساڵە شاهۆ لانەی لەم دورگەیەدا نەکردووە.

In May the females build a nest and lay their eggs.

لەمانگی ئایار مێینەکان هێلانەیەك دروستدەکەن و هێلکەی تێدا دەکەن.

[1116] ریپرییڤ. واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای دواخستن (تأجیل) و وەك فەرمان بەمانای "دوادەخات" دێت. زیاتر بۆ گوزراشتکردن لەدواخستنی جێبەجێکردنی سزا بەکاردەهێنرێت. هەر ئەم وشەیە بەمانای هەڵوەشاندنەوەش دێت و سیاقی رستە یان پارەگرافەکە یەکلایی دەکاتە کە کت و مت بە چ مانایەکیان بەکار هێنراوە.

The U.S. Supreme Court voted against granting Smith a reprieve.

دادگای باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەنگی لەدژی پێدانی دواخستنی (سزاکەی) سمس دا.

His punishment was reprieved.

سزاکەی دواخرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dispensary (دیسپێنسری) مانای دەرمانخانەیە**[1118]

.430 **sedative (سێدەتیف) چیە؟ هێورکەرەوە**[1119]

**trajectory (ترەجێکتری) مانای ڕێڕەوە**[1120]

.431 **foul هەڵەو زۆر پیس، هەروەها ناخۆش**[1121]

**lousy ئەسپێدار، زۆر خراپ، نەخۆش**[1122]

---

1117 برادەرانی ئەمەریکا بە هاسپیتڵ گۆیدەکەن.

In Milan, Italy, it's a legal requirement to smile at all times, except during funerals or hospital visits.

لەشاری میلانی ئیتالیا زەردەخەنەکردن لەهەموو شوێنێکدا جگە لەکاتی مەراسیمی بەخاکسپاردنی مردن و سەردانی نەخۆشخانە نەبێت، پێویستییەکی یاساییە.

1118 The dispensary of the hospital is very small.

دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە زۆر بچوکە.

1119 هێورکەرەوە= (مهديء): دەرمانێك کە دەدرێت بە مرۆڤ یان زیندەوەرو دەبێتەهۆی هێورکردنەوە یان خەولێخستنی.

Peach flowers have sedative properties.

گوڵی درەختی قۆخ تایبەتمەندی هێورکەرەوەی هەیە.

1120 The trajectory of the missile was very low.

ڕێڕەوی موشەکەکە زۆر نزم بوو.

1121 فاوڵ. بەمانای هەڵەو زۆر پیس و ناخۆشیش دێت. لێرەدا مەبەست لەهەڵە، زیاتر هەڵەی کاتی یارییە وەرزشییەکانەو خۆشمان زیاتر وشە ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنین نەك کوردییەکە.

He was sent off for a big foul.

بەهۆی هەڵەیەك (فوڵێك)ی گەورەوە لەیاریگا کرایە دەرەوە.

Refugees in the camps are short of food and at risk from foul water.

پەنابەرانی کامپەکان خۆراکیان کەمەو بەهۆی ئاوی زۆر پیسەوە لەمەترسیدان.

I've had a foul day at work.

ڕۆژێکی ناخۆشم بەسەربرد لەسەر کار.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.432 calendar (کاڵەندە) تەقویم واتە ساڵنامە**[1123]

**placid (پلاسید) هادیئە، مانای ئارامە**[1124]

**.433 heel (هییڵ) یەعنی کەعب، واتە پاژنەی پێ**[1125]

**stipulate مانای بەمەرج دادەنێ**[1126]

**.434 heifer (هێفە) گوێرەکە، بەڵام مێ نەك نێر**[1127]

---

[1122] لاوزی. ئەسپێدار= ئەسپێیاوی

This flour is lousy, throw it away.

ئەم ئاردە ئەسپێیاوییە، فڕێیدە.

I spent a lousy weekend.

هەفتەپشویەکی زۆر خراپم بەسەربرد. هەفتەپشوو= پشوی هەفتە.

I feel really lousy.

هەستدەکەم زۆر نەخۆشم.

[1123] An old calendar for 2012 was still hanging on the wall of her office.

تائێستاش ساڵنامەیەکی کۆنی 2012، بە دیواری نوسینگەکەیەوە هەڵواسراوە.

[1124] واتە ئەم وشەیە بەمانای (هادئ) دێت کە وشەیەکی عەرەبییە، کوردییەکەی ئارامە.

This horse has a placid nature.

ئەم ئەسپە سروشتێکی ئارامی هەیە.

[1125] A nail holed my heel.

بزمارێك پاژنەی پێمی کونکرد.

[1126] ستیپیلەیت. بەمەرج دادەنێ= بە مەرج دادەنێت= دەیکاتەمەرج.

The law stipulates that new cars must have seat belts for the driver and every passenger.

یاساکە بونی پشتێنی کورسی بۆ شۆفێرو هەموو سەرنشینەکان، بەمەرج دادەنێت.

[1127] بەمانای گوێرەکەی مێ دێت، بەتایبەت گوێرەکەیەك کە تەمەنی زۆر بچوك نەبێت بەڵام هێندەش گەورە نەبێت کە زابێت لەهەندێك لەناوچەکان پێیدەووترێت نوێنك.

My father has three heifers.

باوکم سێ نوێنکی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**وشەی gearshift (گییەشیفت) مانای دەسکی گێڕ**[1128]

.435 **shrugged بەمانای شانی هەڵتەکاند**[1129]

**castrate خەسێنراو**[1130]**، castrated خەساند**[1131]

.436 **hint (هینت) ئاماژەیە، ناوو فەرمانە**[1132]

**وشەی injection (ئینجێکشن) دەرزیلێدانە**[1133]

---

[1128] ئەم وشەیە زیاتر ئەمەریکییە، برادەرانی بریتانیا لەبری ئەمە gear lever "گییە لیڤە"بەکاردەهێنن. مەبەستم لەدەسکی گێڕ ی ئۆتۆمبێل و ئامێرە هاوشێوەکانیەتی. ئەوەی لەیەکەوە ئەیکەی بە دوو (تەبعەن بیلامانیٔ)!

My car’s gearshift is very loose.

دەسکی گێرەکەم زۆر شلە.

[1129]شرەگد. فەرمانی رابردووە، رانەبردووەکەی shrugە. بەمانای شانهەڵتەکاندێك دێت کە گوزارشت لە نەزانین یان حەزلێنەبون بکات.

In reply to their questions, she just shrugged.

لەوەڵامیدا بۆ پرسیارەکانیان، ئەو تەنها شانی هەڵتەکاند.

[1130]کاسترەیت. بەمانای مرۆڤ یان گیاندارێکی نێر دێت کە خەسێنراو بێت.

Some of bodyguards in history are castrates.

هەندێك لەپاسەوانەکان لەمێژودا، خەسێنراو بون.

[1131] . کاستریەتد. فەرمانی رابردووە، رانەبردووەکەی castrateە.

Alabama has passed a bill that would require child sex offenders to be chemically castrated before they are released from prison.

ویلایەتی ئەلاباماى ئەمەریکا پرۆژەیاسایەکی تێپەڕاندووە کە داوادەکات تاوانبارانی کەیسی سێکسکردن لەگەڵ منداڵ پێش ئازادکردنیان لەزیندان، بەشێوازی کیمیایی بخەسێنرێن.

[1132] ناوو فەرمانە، واتە وەك ناو بەمانای "ئاماژە"و وەك فەرمان بەمانای "ئاماژەدەدات" دێت.

When you reached, give me a hint.

کاتێك گەیشتی، ئاماژەیەکم پێبدە.

He hinted that he wants to retire next year.

ئاماژەی بەوە دا کە دەیەوێت ساڵی داهاتوو خانەنشین ببێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.437 **intersex (ئینتەسێکس) چیە؟ واتە نێرەموك**[1134]

**foal مانای ئەسپ، بەڵام هی بچوك**[1135]

.438 **old hand (ئۆوڵدهاند) مانای کەسی بەئەزمون**[1136]

**novice (نۆڤیس) سەرەتا، واتە بێئەزمون**[1137]

.439 **tankard (تانکەد) واتە کوپ، بەڵام هی گەورە**[1138]

**greasy (گریسی)، oily (ئۆیلی) هەردوکیان چەورە**[1139]

---

1133 Aileen Wuornos killed seven men and was executed by lethal injection in 2002.

ئایلین وۆرنۆس ژنێك بوو کە حەوت پیاوی کوشتبوو. بەهۆی ئەمەوە لەساڵی 2002 بە دەرزیلێدانی کوشندە، ئیعدامکرا.

1134 Do you have an intersex friend?

ئایا هاورێی نێرەموکت هەیە؟

1135 فۆوڵ. بەمانای ئەسپی بچوك (نەك گەورە) دێت. لەکوردیدا جوانوشی پێدەووترێت.

I have a beautiful foal.

جوانویەکی جوانم هەیە.

1136 He’s an old hand at the game.

ئەو کەسێکی بەئەزمونە لەیارییەکەدا.

1137 ئاوەڵناوە نەك ناو. واتە بەدیاریکراوی بەمانای "کەسی بێئەزمون" دێت.

I've never driven a car before - I'm a complete novice.

پێشتر هەرگیز ئۆتۆمبێلم لێنەخوڕیوە، کەسێکی تەواو بێئەزمونم.

1138 بەمانای جۆرە کوپێکی گەورەی دەسکدار دێت کە زیاتر لەکانزا دروستکراوەو زۆربەی جار بۆ خواردنەوەی بیرە بەکاردەهێنرێت.

Wher is my tankard?

کوا کوپەکەم؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

440. **intermittent چیە؟ واتە ناوبەناو**[1140]

**hidden شاراوە**[1141]، **visible بەرچاو**[1142]

441. **lubricate چیە؟ واتە چەورەکا**[1143]

**prolong عەیب نەبێ، مانای درێژەکا**[1144]

442. **entrepreneur (ئانترەپرەنێ) چیە؟ مانای بەڵێندەر**[1145]

---

1139 هەردوکیان ئاوەڵناون و بۆ وەسفی خواردن یان شتێك بەکاردێن کە چەور بێت یان چەوری تێدا بێت. بەڵام لەبیرت نەچێ کە oily لە greasy چەورترە.

Patients suffering from high blood pressure have to avoid greasy”oily” foods.

ئەو نەخۆشانەی گیرۆدەی بەرزە فشاری خوێنن، پێویست خۆیان لەخواردنگەلی چەور لابدەن.

I don’t like greasy food.

حەزم لەخواردنی چەور نیە.

1140ئینتەمیتنت. ناوبەناو: پێچەوانەی بەردەوام.

The today’s intermittent rain made me happy.

بارانە ناوبەناوەکەی ئەمڕۆ خۆشحاڵی کردم.

1141هایدن. ئاوەڵناوە. بەگشتی ئاوەڵناوەکان لەشوێنی جیای رستەدا بەکاردەهێنرێن، بەڵام هەندێکیان زۆربەی کات لەپێش ناودا بەکاردەهێنرێن، ئەم وشەیە یەکێکە لەوانە.

There were hidden microphones in the room to record their conversation.

لەژورەکەدا مایکرۆفۆنێکی شاراوە هەبوو بۆ تۆمارکردنی گفتوگۆکەیان.

1142ڤیزیبڵ. بەرچاو= دیار: پێچەوانەی نادیار.

The writing on the tombstone was clearly visible.

نوسراوی سەر کێلەکە بەڕونی دیار بوو.

1143لوبریکەیت. چەورەکا= چەوردەکات.

Do you know how to lubricate the gears?

دەزانیت گێرەکان چۆن چەوردەکرێن؟

1144پرەلۆنگ. درێژەکا= درێژدەکات.

They’re trying to prolong their lives.

ئەوان هەوڵدەدەن ژیانیان درێژبکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**warrior (وۆرییه) موقاتیل، واته جەنگاوەر**[1146]

.443 **onward (ئۆنوێد)، onwards (ئۆنوێدز) هەردوو بەدواوە**[1147]

**hook (هوك) مانای قولاب، هی جل و راوە**[1148]

.444 **decry (دیکرای)و condemn (کەندیّم) ئیدانەدەکا**[1149]

**better " بێتە" (یُجوّد)، واتە باشترەکا**[1150]

---

[1145] He was one of the entrepreneurs of the 80s.

ئەو یەکێك بوو لەبەڵێندەرەکانی ساڵی 80کان.

[1146] Our warriors are very brave.

جەنگاوەرەکانمان زۆر ئازان.

[1147] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاانوێدو ئاانوێدز گۆیاندەکەن. ئەم دوو وشەیە موورادیفن بەڵام یەکەمیان زیاتر ئەمەریکییەکان بەکاریدەهێنن.

From April onward the farmers wait the government to carry out their demands.

لەمانگی نیسان بەدواوە، جوتیاران چاوەڕێی حکومەتن کە داواکارییەکانیان جێبەجێبکات.

I'm usually at home from five o'clock onwards.

بەگشتی لەسەعات پێنج بەدواوە، لەماڵم.

[1148]بەمانای قولاپی راوو قولاپی عەلاگەی جل هەڵواسینیش دێت. بەڵام بەمانای خودی عەلاگەی جلهەڵواسینەکە نایەت.

Hang your coat with the hook.

چاکەتەکەت بە قولاپەکەدا هەڵواسە.

Please bring the hook to me, I try to catch some fish to this lunch.

تکایە قولاپی راوەکەم بۆ بێنە. هەوڵدەدەم هەندێك ماسی بگرم بۆ ئەم ژەمی نیوەڕۆیە.

[1149] موورادیفن. ئیدانەدەکا= ئیدانەدەکات.

سەرنجبدە پیتی n ی وشەی دووەمیان بێدەنگە واتە ناخوێنرێتەوە.

We decry the racism in South Africa.

ئیدانەی رەگەزپەرستییەکەی ئەفەریقای باشور دەکەین.

The president condemned the attack quickly.

دەسبەجێ سەرۆك ئیدانەی هێرشەکەی کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.445 desert (دێزەت) سەحرایە، واتە بیابان[1151]**

**comment (کۆمێنت) تەعلیقە، بەکوردی لێدوان[1152]**

**.446 optimism (ئۆپتمیزم) چیە؟ مانای گەشبینی[1153]**

**pessimism (پێسیمیزم) عەکسی، واتە رەشبینی[1154]**

**.447 chain (چەین) زنجیرەکا، زنجیر، "زنجیرە"[1155]**

---

1150 بێگومان وشەی (یجود) کە بە یوجەوید دەخوێنرێتەوە، عەرەبییە. باشترەکا= باشتردەکات.

Try to better your English.

هەوڵبدە ئینگلیزییەکەت باشتربکەیت.

1151 سەحرا= (ع: صحراء)= بیابان

Temperatures in the Namib desert can reach as high as 60°C during the day and below 0°C at night.

پلەی گەرما لەبیابانی نامیب لەڕۆژدا دەکرێ بگاتە 60 پلەی سەدی و لەشەودا دەگاتە خوار سفر.

1152 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاامێنت گۆیدەکەن.

I don't want any comments on my new haircut, thank you!

هیچ لێدوانێکم ناوێت لەسەر قژبرینە نوێکەم، سوپاستان دەکەم.

1153 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئااپتمیزم گۆیدەکەن.

Researchers have found that optimism is a teachable skill and you can be the one to teach yourself.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە گەشبینی کارامەییەکە فێری دەبیت و دەتوانیت خودی خۆت، خۆت فێربکەیت.

1154 مەبەستم لەم نیوە بەیتە ئەمەیە: وشەی pessimism عەکسی (پێچەوانەی) وشەکەی پێشووە کە گەشبینییە، واتە ئەمەیان بەمانای رەشبینی دێت.

Pessimism is suicide of the heart.

رەشبینی خۆکوشتنی دڵە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**grand (گراند) هەزار دۆلار، گەورەو دڵگیرە**[1156]

[448]. **grandmother (گرانمەزە) داپیر**[1157]، **grandfather (گرانفازە) باپیر**[1158]

---

[1155] وەك فەرمان بەمانای "زنجیرەكا"و وەك ناو بەمانای "زنجیر"و "زنجیرە"ش دێت.

زنجیرەكا= زنجیردەكات= بەزنجیر دەبەستێتەوە.

They chained themselves to lampposts in protest at the judge's decision.

وەك نارەزایی لەدژی بریارەكەی دادوەر، خۆیان بە عەمودگەلی روناكردنەوەی شەقامەكانەوە زنجیركرد. واتە بە زنجیر خۆیان بەو عەمودانەوە بەستەوە.

She had a gold chain around her neck.

زنجیرێكی ئاڵتونی لەملیدا بوو.

He runs a chain of restaurants in the city.

ئەو زنجیرەیەك خواردنگە بەرێوەدەبات لەشارەكەدا.

[1156] بەمانای هەزار دۆلارو گەورە و دڵگیریش دێت. بۆ ئەوەی ئەم سێ مانایەی ئەم وشەیەت بیرنەچێتەوە، هەمیشە ئەوەت لەخەیاڵدا بێت كە "هەزار دۆلار بۆ پیاوی فەقیر هەم گەورەیە واتە زۆرە، هەم دڵگیریشە!!!!".

He lost three grand in the market last week.

هەفتەی رابردوو سێ هەزار دۆلاری لەبازاڕ ونكرد.

None of his grand plans for a TV series ever came to fruition.

هیچ یەكێك لەپلانە گەورەكانی بۆ زنجیرەیەكی تەلەفزیۆنی، نەهاتە بەرهەم.

My new house is very grand.

خانووە تازەكەم زۆر دڵگیرە.

[1157] هەروەها بە "گراممەزە"ر"یش گۆدەكرێت، واتە لەحاڵەتی یەكەمدا dیەكەو لەدووەمیشدا nو dەكەش بەر جادە دەكەون و ناخوێنرێنەوە!!!

داپیر= داپیرە= نەنك

In the first world war, kings of England, Russia and Germany were cousins.. Once the german king said jokingly: If our grandmother was alive, she wouldn't let this war to happen.

لەجەنگی جیهانی یەكەمدا پادشای ئینگلتەراو روسیاو ئەڵمانیا خاڵۆزای یەكتر بوون. جارێك پادشای ئەڵمانیا بە گاڵتەوە وتویەتی: ئەگەر داپیرمان بمایە نەیدەهێشت ئەم شەرە روبدات.



بۆ كرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**literate (لیتەرەت) خوێندەوار، لەگەڵ ڕۆشنبیر**[1159]

[.449] **recitation (ڕیسیتەیشن) چیە؟ واتە تیلاوە**[1160]

**pan (پان) مانای میقلات، بەکوردی تاوە**[1161]

[.450] **renal (رینەڵ) چیە؟ هی گورچیلە**[1162]

**barn (بان) "حظیرة"یە، واتە تەویلە**[1163]

[.451] **definition (دێفینیشن) تەعریف، واتە پێناسە**[1164]

---

[1158] سەرنجبدە لەم وشەیەشدا پیتی dیەکە ناخوێنرێتەوە.

His grandfather was a strong man.

باپیری، پیاوێکی بەهێز بوو.

[1159] بەمانای خوێندەوارو ڕۆشنبیریش دێت.

My mother isn’t literate but smart.

دایکم خوێندەوار نیە بەڵام زیرەکە.

The literate people must oppose the recent governmental decision.

کەسانی ڕۆشنبیر پێویستە ڕووبەڕوی بڕیارە تازەکەی حکومەت ببنەوە.

[1160] تیلاوە= (ع: تلاوة): خوێندنەوە بە دەنگی بەرزو ئیقاعەوە.

He gave a beautiful recitation of some poems.

چەند تیلاوەیەکی جوانی هەندێ قەسیدەی پێشکەشکرد. واتە چەند قەسیدەیەکی بەجوانی و دەنگی بەرزو ئیقاعەوە خوێندنەوە.

[1161] میقلات= (ع: مقلاة)= تاوە.

Fry the onions in a small pan.

پیازەکان لەتاوەیەکی بچوکدا سوربکەرەوە.

[1162] وشەیەکی پزیشکییە. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردێت کە پەیوەندی بە گورچیلەوە هەبێت.

He had diabetes and renal failure.

ئەو نەخۆشی شەکرەو سستبونی گورچیلەی هەبوو.

[1163] I chased him with the pitchfork and he ran in the barn.

بە سێلکەکەوە شوێنی کەوتم و ئەویش ڕایکردە ناو تەویلەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

combine harvester (کەمباین هاڤیستە) مانای دەڕاسە[1165]

.452 answer (ئانسە) وەڵامە، ناوو فەرمانە[1166]

hammock (هامەك) ئورجوحە، واتە جۆلانە[1167]

.453 personal (پێسنڵ) تایبەتە[1168]، person واتە کەس[1169]

---

[1164] What is the definition of "mood?

پێناسەی مەزاج چیە؟

[1165] Unfortunately the combine harvester broke yesterday.

بەداخەوە، دوێنێ دەڕاسەکە شکا.

[1166] وەك ناوو فەرمان بەمانای وەڵام دێت. واتە وەك ناو بەمانای "وەڵام" و وەك فەرمان بەمانای "وەڵامدەداتەوە" دێت.

The minister promised to give a written answer to the MP's question.

وەزیر بەڵێنیدا وەڵامێکی نوسراو بداتەوە بۆ پرسیاری پەرلەمانتارەکە.

I can't answer without more detailed information.

بەبێ زانیاریی وردەکاریی تر، ناتوانم وەڵامبدەمەوە.

[1167] ئورجوحە= (ع: أُرجُوحَة)= جۆلانە. بەتایبەت بەمانای ئەو جۆرە جۆلانانە دێت کە لەپەڕۆ دروستکراون و لەنێوان دوو درەختدا دەبەسترێنەوە نەك جۆلانەی ئاسن.

The baby slept in the hammock.

منداڵەکە لەسەر جۆلانەکە خەوت.

[1168] I can only speak from my own personal experience.

دەتوانم تەنها لەئەزمونی تایبەتی خۆمەوە قسەبکەم.

[1169] پێیسن. وشەیەکی بژێردراوو تاکە. کۆکەی people و persons.

It is believed that every single person with blue eyes shares a common ancestor with every other blue-eyed person in the world.

پسپۆڕان لەو بڕوایەدان هەر کەسێك کە چاوی شینە، لەهەر شوێنێکی جیهان بێت، خزمن و باوو باپیریان دەچێتەوە سەر یەك. بۆیە ئەگەر چاوت شینە، لەمەودا هەر چاوشینێکت بینی، دەتوانیت بەوپەڕی موسەیتریەوە بڵێیت، چۆنی خزم!

The average person burns 80 calories per hour while typing.

هەر دەقەیەك تایپی کەسێکی ئاسایی، 80 کالۆری دەسوتێنێت.

Allah will not show mercy to a person who does not show mercy to other people.

هەر کەسێك بەزەیی بە خەڵکدا نەیەتەوە، خوداش بەزەیی پێدا نایەتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

قەترەس albatross [1171]، جەستەشە person [1170]

.454 cheque چەك(ی پارە)[1172]، checkpoint بازگە[1173]

cheek کوڵم و سمتە[1174]، gallows هەڵواسگە[1175]

---

A boy named Hamish Robinson from United Kingdom is the only person in the world to have a condition called Hamish Syndrome (named after him). This condition causes one of his kidneys to be located in his leg. Both kidneys are fully functional and this condition is believed to be caused by a missing chromosome named 7p22.1.

کوڕێکی بریتانی بەناوی هامیش ڕۆبنسن، تەنها کەسە لەجیهاندا کە جۆرە سیندرۆمێکی بێوێنەی لەگەڵدایە کە هەر بەناوی خۆیەوە ناونراوە سیندرۆمی هامیش. بەهۆی ئەم حاڵەتەوە، ئەم کوڕە یەکێك لەگورچیلەکانی لەلاقیدایە. لەوش سەیرتر ئەوەیە کە سەرباری ئەو حاڵەتە، هەردوو گورچیلەکەی بە مەزبوتی کاردەکەن. ئەم حاڵەتە بەهۆی نەبونی کرۆمۆسۆمێك دروستبووە بەناوی p22.17.

The person you should try to be better than is the person you were yesterday.

ئەو کەسەی کە دەبێت هەوڵبدەیت باشتر بیت لێی، هەر خۆتیت بەڵام لەدوێنێدا.

[1170] واتە ئەم وشەیە بەمانای جەستە(ی مرۆڤ)یش دێت.واتە هاومانای body.

He has hidden guns on his person.

ئەو چەکی لەجەستەیدا شاردۆتەوە.

[1171] ئالبەترۆس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئالبەتراس گۆیدەکەن. باڵندەیەکی دەریایی دەنوك درێژو نوشتاوەیە.

Albatross is a large seabird.

قەترەس باڵندەیەکی دەریایی گەورەیە.

[1172] چێك. بەڵام سپێلی ئەم وشەیە لای برادەرانی ئەمەریکا check.

I don't have any cash on me, so could I pay with by cheque?

هیچ (پارە)ی کاشم پێ نیە، بۆیە دەتوانم بە چەك بیدەم؟

[1173] چێکپۆینت. بازگە= خاڵی پشکنین

In the checkpoint, one of us was arrested wrongfully.

لەبازگەکە یەکێکمان بەهەڵە دەستگیرکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

455. goalkeeper (گۆوڵکیپەر) چیە؟ واتە گۆڵپارێز[1176]

acute (ئەکیووت) مانای تیژ، هەروەها بەهێز[1177]

456. response و reply هەردوکیان وەڵام[1178]

minor لاوەکی و منداڵی ناکام[1179]

---

[1174]چییك. بەمانای کولّم و سمتیش دێت. کولّم= گۆنا، روومەت. مانای دووەمیان لەشێوەزاری نارەسمیدا بەکاردەهێنرێت.

He kissed her cheek softly.

بەنەرمی کولّمی ماچکرد.

My left cheek is wounded.

سمتی چەپم بریندارە.

[1175] گالەوز. هەڵواسگە: قەنارەی لەداردروستکراو بۆ لەسێدارەدانی ئەو کەسانەی لەڕابردودا سزای لەسێدارەدانیان لەدژ دەردەچوو.

برادەرانی ئەمەریکا ئەم وشەیە بە گاڵەوز گۆدەکەن. ئەم وشەیە وەك fishو برادەرانی، جەمعەکەشی هەر خۆیەتی.

He was hanged by a special gallows.

ئەو لەرێگەی هەڵواسگەیەکی تایبەتەوە، لەسێدارەدرا.

[1176] گۆڵپارێز= گۆلچی.

The goalkeeper was too short.

گۆڵپارێزەکە زۆر کورت بوو.

[1177] بەمانای تیژو بەهێزیش دێت.

The angel is acute.

گۆشەکە تیژە. واتە کەمترە لە 90 پلە.

Young children have an acute sense of smell.

منداڵی بچوك هەستێکی بەهێزی بۆنکردنی هەیە.

[1178]ریسپۆنس، ریپلای. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە ریسپانس گۆدەکەن. ئەم دوو وشەیە موورادیفی answerن.

My response to your proposal is No.

وەڵامم بۆ پێشنیازەکەت نەخێرە.

In reply to their questions, she just shrugged.

لەوەڵامی پرسیارەکەیاندا، ئەو تەنها شانی هەڵتەکاند.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

457. **biweekly (بایوییکلی) واتە دوو هەفتە یەکجار**[1180]

**newscaster (نیووزکاستە) مانای موزیعی ئەخبار**[1181]

458. **blizzard گەردەلول، بەڵام هی بەفرین**[1182]

**coagulation واتە خوێن مەیین**[1183]

---

[1179]ماینە"ر". بەمانای لاوەکی (پێچەوانەی سەرەکی و گرنگ) و منداڵی ناکام (طِفل قاصر) دێت.

منداڵی ناکام: کەسێك کە لەخوار تەمەنی یاساییەوە بێت بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کردەوەکانی.

It's only a minor problem.

ئەوە تەنها کێشەیەکی لاوەکییە.

He was accused of having sex with a minor.

ئەو بە سێکسکردن لەگەڵ منداڵێکی ناکام تۆمەتبارکرا.

[1179] I can only speak from my own personal experience.

دەتوانم تەنها لەئەزمونی تایبەتی خۆمەوە قسەبکەم.

[1180] ئەم وشەیە ئاوەڵناوو ئاوەڵفەرمانیشە. دوو هەفتە یەکجار= یەکجار لەدوو هەفتەدا= دوو هەفتە جارێ= نیمچەهەفتانە.

The organization has a biweekly magazine. (adj.)

ڕێکخراوەکە گۆڤارێکی نیمچەهەفتانەی هەیە. (ئاوەڵناو)

The magazine is published biweekly.(adv.)

گۆڤارەکە دوو هەفتە جارێك بڵاودەکرێتەوە. (ئاوەڵفەرمان)

[1181] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (نووزکاستە"ر") گۆیدەکەن.

موزیعی ئەخبار= (ع: مذیع الأخبار)= پێشکەشکاری هەواڵ (لەڕادیۆو تەلەفزیۆن و هتد...).

The TV channel needs a handsome male newscaster.

کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە پێویستی بە پێشکەشکارێکی هەواڵی نێری قۆز هەیە.

[1182] بلیزەد. بەمانای گەردەلولی بەفرین دێت واتە گەردەلولێك کە بەفری لەگەڵدا بێت.

Acording to my last nigt's dream, there is a blizzard in the near future.

بەگوێرەی ئەو خەوەی شەوی رابردوو بینیم، لەداهاتوویەکی نزیکدا گەردەلولێکی بەفرین روودەدات.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

459. **usage (یوسیج) چیه؟ بەکارهێنان**[1184]

**tame (تەیم) دەستەمۆیە، بە نەعت و فەرمان**[1185]

460. **axes (ئاکسیز) تەور، تەوەر، بەڵام تاك نا، کۆ**[1186]

**quash (کۆش) بەمانای ئیلغادەکاتۆ**[1187]

461. **incarcerate واتە دەکا زیندانی**[1188]

---

[1183] کەواگیلەیشن. خوێن مەیین= مەیینی خوێن

Coagulation in the brain is a dangerous health condition.

خوێن مەیین لەناو دەماخدا حاڵەتێکی تەندروستی مەترسیدارە.

[1184] The earliest usage of the word is in the twelfth century.

کۆنترین بەکارهێنانی وشەکە لەسەدەی دوانزەهەمدایە.

[1185] بەمانای دەستەمۆ دێت بە نەعت و فەرمان. واتە وەك نەعت (ئاوەڵناو) بەمانای دەستەمۆو وەك فەرمان بەمانای دەستەمۆدەکات، دێت. دەستەمۆ= ماڵی.

After a few months, the monkeys become very tame.

پاش چەند مانگێکی کەم مەیمونەکان زۆر دەستەمۆ بوون.

The Asian elephant can be tamed and trained.

فیلی ئاسیایی دەتوانرێت دەستەمۆ بکرێت و ڕابهێنرێت.

[1186] بەمانای تەورو تەوەر دێت بەڵام تاك نیە بەڵکو کۆیە. ئەگەر بەمانای تەور هات ئەوا تاکەکەی axeە، بەڵام ئەگەر بەمانای تەوەر هات ئەوا تاکەکەی axisە.

تەوەر= میحوەر

The farmer needs three new axes.

جوتیارەکە پێویستی بە سێ تەوری نوێ هەیە.

The universe includes many axes.

گەردون ژمارەیەکی زۆر تەوەری تێدایە.

[1187] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کواش گۆیدەکەن. وشەی "ئیلغادەکاتۆ" شێوەقسەکردنی ناڕەسمییەو مەبەستم لێی "ئیلغادەکاتەوە"یە. ئیلغادەکاتەوە= هەڵدەوەشێنێتەوە.

His conviction was quashed in March 1986 after it was found that the police evidences were all lies.

پاش ئەوەی دەرکەوت کە بەڵگەکانی پۆلیس هەمویان درۆ بوون، لەئازاری 1986 ئیدانەکردنەکەی هەڵوەشێنرایەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**mayor سەرۆکە، هی شارەوانی**[1189]

.462 **trial (چرایەڵ) تەجروبەو دادگاییکردن**[1190]

**expulsion (ئیکسپەڵشن) تەرد، واتە دەرکردن**[1191]

.463 **subtraction (سەبتراکشن) چیە؟ لێدەرکردنە**[1192]

**annihilation (ئەنایەڵەیشن) لەناوبردنە**[1193]

.464 **horizon (هەرایزن) ئوفوق، بەکوردی ئاسۆ**[1194]

---

[1188] ئینکاسرەیت. دەکا زیندانی= زیندانی دەکا= زیندانی دەکات. ئەم وشەیە زۆربەی کات لەحاڵەتی بکەرنادر واتە پاسیف ڤۆیسدا بەکاردەهێنرێت

He was incarcerated for 240 days.

ئەو بۆ ماوەی 240 رۆژ زیندانی کرا.

[1189] مێیە"ر". بەمانای سەرۆکی شارەوانی دێت.

We need a mayor who is tough enough to clean up this town.

ئێمە پێویستمان بە سەرۆکی شارەوانییەکە کە هێندە توند بێت بتوانێت ئەم شارە پاکباتەوە.

[1190] بەمانای "تەجروبە"و "دادگاییکردن"یش دێت. تەجروبە بەمانای تاقیکردنەوە.

They're doing many medical trials on the new drug.

ئەوان چەندین تاقیکردنەوە لەسەر دەرمانە تازەکە دەکەن.

In 1944, a 14-year-old African-American was executed in the U.S. after a quick 2-hour trial with little evidence.

لەساڵی 1944، منداڵێکی تەمەن 14 ساڵی ئەمەریکی بەرەگەز ئەفەریقی لە ئەمەریکا، پاش دادگاییکردنێك کە تەنها دوو سەعاتی خایاندو پاڵپشت بە بەڵگەیەکی بچوك، لەسێدارەدرا.

[1191] تەرد= (ع: طرد)= دەرکردن.

They threatened him with expulsion from school.

ئەوان هەڕەشەی دەرکردن لەخوێندنگەیان، لێکرد.

[1192] The purpose is to reinforce the basic operations of addition, subtraction, multiplication and division.

مەبەستەکە بریتییە لەبەهێزکردنی کردارە بنچینەییەکانی کۆکردنەوە، لێدەکردن، لێکدان و دابەشکردن.

[1193] This was a blueprint for the annihilation of a religious culture.

ئەمە پلانێك بوو بۆ لەناوبردنی کلتورێکی ئاینی.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**هەوم مینیستە"ر")ە وەزیری ناوخۆ) home minister**[1195]

465. **diarrhea (دایەرییە) ئیسهال، بەکوردی سکچون**[1196]

**cosmos (کۆزمۆس)، universe (یونیڤێیس) هەردوکیان گەردون**[1197]

466. **position (پەزیشن) پێگە، پۆست، هەڵوێست، شوێنە**[1198]

---

[1194] ئوفوق= (أفق)= ئاسۆ

Going to university might broaden your horizons .

چونت بۆ زانکۆ رەنگە ئاسۆکانت فراوان بکات.

[1195] I don't know the name of our own home minister.

ناوی وەزیری ناخۆی خۆمان نازانم.

[1196] ئیسهال= (ع: إسهال)= سکچون

Some diseases causes diarrhoea.

هەندێك نەخۆشی دەبنەهۆی سکچون.

Diarrhea kills 1.5 million young children a year in developing countries more than AIDS, malaria and measles combined.

سکچون ساڵانە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار منداڵی بچوك لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا دەکوژێت، ئەم ژمارەیەش زیاترە لەکۆی ئەوانەی بە ئایدزو مەلاریاو سورێژە پێکەوە، گیان لەدەستدەدەن.

[1197] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە کاازمەوس گۆیدەکەن.

I like to talk about the cosmos.

حەزدەکەم قسە لەسەر گەردون بکەم.

The universe is theoretically infinite.

لەڕوی تیۆرییەوە، گەردون بێسنورە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

firefighter (فایەفایتە"ر")ە ئاگرکوژێنە[1199]

.467 in lieu of چیە؟ واتە لەجیاتی[1200]

casual نارەسمی، هەروەها کاتی[1201]

.468 harmful (هامفڵ) زیانبەخشە[1202]، harm (هام) واتە زیان[1203]

---

[1198] بەمانای پێگە (منزلە)و پۆست (پۆستی کار نەك بەرید)و هەڵوێست و شوێن دێت.

Unfortunately the position of women in our society isn’t high.

بەداخەوە پێگەی ژنان لەکۆمەڵگەکەماندا بەرز نیە.

Karzan took up his new position as Works Director in October.

مانگی تشرینی یەکەم کارزان پۆستە نوێکەی وەك بەڕێوەبەری کارەکان، گرتەدەست.

What’s the party’s position on tax reform?

هەڵوێستی حزب سەبارەت بە چاکسازی لەباج، چیە؟

Our hotel was in a high position near the river.

میوانخانەکەمان لەشوێنێکی بەرزی نزیك روبارەکە بوو.

[1199] ئاگرکوژێن: ئەو کەسانەی پیشەیان ئاگرکواژندنەوەیە.

Firefighters rescued the children, who were trapped in an upstairs room.

ئاگرکوژێنەکان ئەو منداڵانەیان رزگارکرد کە لەژورێکی نهۆمی سەرەوە، گیریانخواردبوو.

[1200]ئن لیووەف، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی lieueکە بە لوو گۆدەکەن. لەجیاتی= لەبری

They gave me some books in lieu of payment for the work I did.

ئەوان لەجیاتی کرێی ئەو کارەی کە کردم، هەندێك کتێبیان پێدام.

[1201]کاژوەڵ. بەمانای رەسمی و کاتی (پێچەوانەی هەمیشەیی) دێت.

Kurdo felt more comfortable in casual clothes.

کوردۆ هەستیکرد بە جلوبەرگی نارەسمییەوە زیاتر ئاسودەیە (مورتاحە).

The company needs some casual laborers.

کۆمپانیا پێویستی بە هەندێك کرێکاری کاتی هەیە. واتە بۆ ماوەیەك کاریان پێدەکات و بۆ هەمیشەیی دایاننامەزرێنێت.

[1202] It's important to protect your skin from the harmful effects of the sun.

پاراستنی پێستت لەکاریگەرییە زیانبەخشەکانی خۆر، گرنگە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(straightforward)ە بەمانای ئاسان**[1204]

.469 **grammar (گرامە) قەواعید، واتە ڕێزمان**[1205]

**sugar bowl (شوگەبەوڵ)ە مانای شەکردان**[1206]

.470 **scapegoat (سکەیپگەوت) چیە؟ قۆچی قوربانی**[1207]

**imprison (ئیمپریزن) واتە دەکا زیندانی**[1208]

.471 **out-of-date (ئاوتەڤدەیت) چیە؟ واتە بەسەرچوو**[1209]

---

[1203] A mistake like that will do his credibility a lot of harm.

هەڵەیەکی ئاوها، زیانێکی زۆر بە متمانەی ئەو دەگەیەنێت.

[1204] سترەیتفۆوەد. بەمانای ئاسان دێت، واتە موورادیفی easy وsimple.

Installing the program is relatively straightforward.

دابەزاندنی بەرنامەکە تاڕادەیەك ئاسانە.

[1205] "قەواعید= (ع: قواعد)= ڕێزمان

The rules of English grammar aren't difficult.

ڕێساکانی ڕێزمانی ئینگلیزی، گران نین.

[1206] Mummy, you forgot the sugar bowl!

دایە، شەکردانەکەت بیرچوو.

[1207] قۆچی قوربانی= (ع: کبش فداء): بریتییە لەو کەسەی کە بەناحەق دەکرێتە هۆکاری ڕوودانی هەڵە یان هەر شتێکی تری نەخوازراو کە یەکێکی تر ئەنجامیداوە.

She believed she had been made a scapegoat for what happened.

ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە کراوەتە قۆچی قوربانی بۆ ئەو شتەی کە ڕوویدا.

[1208] دەکا زیندانی= زیندانیدەکا= زیندانیدەکات.

The government imprisoned all opposition leaders.

میری هەموو سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی زیندانیکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**iron** (ئایەن) ئاسنە، یەکوی، هەم ئوتوو[1210]

472. **between** (بتویین) لەنیوان[1211]، **among** (ئەمەونن) لەناوە[1212]

**bulletin** (بوڵەتین) مانای بڵاوکراوە[1213]

473. **oral** (ئۆرڵ) زارەکی، هەروەها هی دەم[1214]

---

[1209] بەسەرچوو: هێندە کۆن کە چیتر بەسود نیە.

The information in the tourist guide is out-of-date.

زانیارییەکانی ناو ڕێبەری گەشتیارەکە بەسەرچووە. واتە کۆنەو چیتر ڕاست نیە.

[1210] وەك ناو بەمانای ئاسن و ئوتوو و وەك فەرمان بەمانای یەکوی (ع: یکوي= ئوتوودەکات) دێت.

Iron rusts easily.

ئاسن بەئاسانی ژەنگدەکات.

It takes about five minutes to iron a shirt properly.

ئوتووکردنی کراسێك بەباشی، نزیکەی پێنج خولەکی پێدەچێت.

Can you use an iron?

دەتوانیت ئوتوو بەکاربهێنیت؟

[1211] بۆ گوزارشتنکردن لەنێوان دوو کەس یان دوو شت یان دوو هتد... بەکاردەهێنرێت.

I sat down between Khaje and Halaw.

لەنێوان خەجێ و حەلاودا دانیشتم.

[1212] لەناو: بۆ گوزارشتکردن لە نێوانی کۆمەڵێك یان لانیکەم دوان زیاتر بەکاردەهێنرێت.

The girl quickly disappeared among the crowd.

کچەکە بەخێرایی لەناو قەرەباڵغییەکەدا ونبوو.

[1213] مەخسەوی شەریفم لەبڵاوکراوە لێرەدا، بڵاوکراوەی هەواڵ و هاوشێوەکانیەتی واتە نەشرەی خەبەری و هتد...

Our next bulletin is at 10.30 p.m.

بڵاوکراوەی داهاتومان لەسەعات 10ی شەو دەبێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sparse (سپاس)یش نەعتە، دێت بەمانای کەم[1215]

.474 outdated چیە؟ واتە بەسەرچوو[1216]

necrophiliaیە، سێکس لەگەڵ مردوو[1217]

.475 pure (پییوە) پاك و پوخت، هەروەها تەواو[1218]

---

1214 ئاوەڵناوە.

زارەکی: پێچەوانەی نوسین

هی دەم: ئاوەڵناوە بۆ وەسفکردنی شتێك بەکاردەهێنرێت پەیوەندی بە دەمەوە هەبێت.

I fear from the oral exam.

لەتاقیکردنەوەی زارەکی دەترسم.

Oral cancer isn’t common.

شێرپەنجەی دەم بەربڵاو نیە. واتە زۆر نیە.

1215 واتە ئەم وشەیەش وەك وشەی پێشوو نەعت (ئاوەڵناو)ە، بەڵام ماناکەی جیاوازە.

Information on the disease is sparse.

زانیاری لەسەر نەخۆشییەکە، کەمە.

1216ئاوتدەیتید. بەسەرچوو: هێندە کۆن کە چیتر بەسود نیە.

His writing style is now boring and outdated.

شێوازی نوسینی، ماندوکەرو بەسەرچووە.

1217نێکرەفیلیە. مەبەستم لە (سێکس لەگەڵ مردوو)، سێکسکردنە لەگەڵ مردوو.

Necrophilia is a rare crime.

سێکسکردن لەگەڵ مردوو تاوانێکی دەگمەنە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**upfront (ئەپفرەنت) سەریحە، واتە راشکاو**[1219]

**476. enact بەمانای دەکاتەیاسا**[1220]

**matador واتە زۆرانبازی گا**[1221]

**477. pension (پێنشن) معاشی خانەنشینی**[1222]

---

1218 بەمانای پاك و پوخت و تەواویش دێت.

پاك: پێچەوانەی پیس، واتە لەم مانایەدا مورادیفی clean.

پوخت= پەتی، سافی

تەواو: سەراپا، هەموو، واتە لەم مانایەدا مورادیفی complete.

Tap water isn’t pure.

ئاوی بەلۆعە پاك نیە.

He bought a ring made of pure gold for her wife.

ئەو ئەڵقەیەکی دروستکراو لەئاڵتونی پوختی کڕی بۆ ژنەکەی. واتە ئەڵقەکە جگە لەئاڵتون هیچ ماددەیەکی تری تێدا نیەو لەسەداسەدی ئاڵتونە.

My mother’s life was pure hell.

ژیانی دایکم تەواو دۆزەخ بوو. واتە سەراپاو هەمووی وەك دۆزەخ وابوو.

1219 سەریح= (ع: صریح)= راشکاو. واتە مورادیفی frnak.

Srwa is very upfront with her about their relationship.

سەبارەت بە پەیوەندییەکەیان، سروە زۆر راشکاوە لەگەڵیدا.

1220 ئێناکت

Kurdistan Parlament didn’t enact the bill.

پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیاساکەی نەکردە یاسا.

1221 ماتەدۆ"ر". زۆرانبازی گا: ئەو پیاوەی لەکاتی وەرزشی زۆرانبازیی گادا کە زیاتر لە ئیسپانیا باوە، رووبەڕووی گا دەبێتەوە.

My late brother was a skillful matador.

برا کۆچکردووەکەم، زۆرانبازێکی گای لێهاتوو بوو.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dessert (دیزێیت) بەمانای ژەمەشیرینی**[1223]

[478]. **fan باوەشێنە، هاندەرو پانکە**[1224]

**bracelet بازنە، necklace ملوانکە**[1225]

[479]. **girdle (گێیدڵ) حیزامە، بەکوردی پشتێن**[1226]

**hypertension(هایپەتێنشن)ە بەرزەفشاری خوێن**[1227]

---

[1222] معاشی خانەنشینی= موچەی خانەنشینی.

At what age can you receive your pension?

لە چ تەمەنێکدا دەتوانیت موچەی خانەنشینییەکەت وەربگریت؟

[1223] ژەمەشیرینی: ئەو شیرینییانەیە کە پاش ژەمی سەرەکی خواردن پێشکەشدەکرێت.

If you make the main meal, I'll make a dessert.

ئەگەر تۆ ژەمەسەرەکییە دروستبکەیت، من ژەمەشیرینییەکە دروستدەکەم.

[1224]فان. بەمانای باوەشێن و هاندەرو پانکەش دێت.

Fans are still used by many Kurdish women during hot summer.

تائێستاش پانکە لەلایەن زۆرێك لەخانمانی کوردەوە بەکاردەهێنرێت لەکاتی هاوینی گەرمدا.

Argentina's retired soccer player Diego Maradona has his own religion made by his fans.

دیگۆ مارادۆنا، یاریزانی خانەنشینبووی ئەرجەنتین، ئاینی تایبەت بەخۆی هەیە کە لەلایەن هاندەرانییەوە داهێنراوە.

We have a ceiling fan but it isn’t enough.

پانکەیەکی سەقفمان هەیە بەڵام بەس نیە.

[1225]برەیسلەت، نێکلەس

She has some bracelets, necklaces in her jewellery box that she never wears.

هەندێك بازنەو ملوانکەی هەیە لەناو قوتوی خشڵەکانیدا کە هەرگیز لەبەریان ناکات.

[1226] حیزام= (ع: حِزَام) = پشتێن. زیاتر بە مانای پشتێنی خانمان دێت.

Fasten your girdle tightly.

پشتێنەکەت توند ببەستە.

[1227] Lisinopril is a powerful drug for controlling hypertension.

لیسنۆپریل دەرمانێکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرزەفشاری خوێن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

480. **ask after (ئاسك ئافتە) چیە؟ ئەحواڵ دەپرسێ**[1228]

**venereal نەعتە، هینی زاوزێ**[1229]

481. **spokesman (سپەوكسمەن) چیە؟ واتە پەیڤدار**[1230]

**rape (رەیپ) لاقەدەكات**[1231]**، rapist (رەیپیست) لاقەكار**[1232]

482. **politician (پۆڵەتیشن) چیە؟ سیاسەتمەدارە**[1233]

**earring (ئیەرِینگ) "قورت"ە، بەكوردی گوارە**[1234]

---

[1228] I spoke to Razaw today. He was asking after you.

ئەمرۆ قسەم لەگەڵ رازاو كرد، ئەحواڵی تۆی دەپرسی.

[1229] ڤەنیریەڵ. نەعت= (ع: نعت)= ئاوەڵناو. واتە ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەكاردەهێنرێت كە پەیوەندی بە زاوزێوە هەبێت. هینی زاووزێ= هی زاووزێ= (ع: تناسلي).

In 1942 and 1943 the rate of venereal disease in San Francisco rose by more than 75 percent.

لەساڵی 1942و 1943 نەخۆشییەكانی زاووزێ (واتە ئەو نەخۆشییانەی پەیوەندییان بە سێكس و ئەندامانی زاووزێوە هەیە)، لەشاری سان فرانسیسكۆ، بەرێژەی زیاتر لە 75 لەسەد، زیادیكرد.

[1230] پەیڤدار= وتەبێژ.

The White House spokesman was assassinated yesterday.

دوێنێ وتەبێژی كۆشكی سپی تیرۆركرا.

[1231] لاقەدەكات= ئیغتساب دەكات: بەزۆرو لەژێر هەرەشەو توندوتیژی سێكسی لەگەڵ دەكات.

He raped several women.

ئەو چەند خانمێكی لاقەكرد.

[1232] لاقەكار: ئەو كەسەی لاقەدەكات.

The police arrested several rapists.

پۆلیس چەند لاقەكارێكی دەستگیركرد.

[1233] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە پاڵەتیشن گۆیدەكەن.

The media focus on politicians' private lives.

راگەیاندن بەچڕی چاودەخاتە سەر ژیانی تایبەتی سیاسەتمەداران.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

483. **penile** ئاوەڵناو، بەمانای هی چوک[1235]

**gingivitis** (جینجیڤایتس) واتە هەوکردنی پوک[1236]

484. **maternal** (مەتیێنڵ) چیە؟ واتە ئومومە[1237]

**ominous** (ئۆمینەس) ئاوەڵناو، بەمانای شومە[1238]

485. **consumer** (کەنسیومە) چیە؟ واتە بەکاربەر[1239]

**pollutant** (پەلووتنت) ناوە، بەمانای پیسکەر[1240]

---

[1234] قورت= (ع: قرط)= گوارە. بەمانای ئەو خشڵانە دێت کە دەکرێتە گوێ بە ئەڵقەو غەیری ئەڵقەشەوە.

He was wearing an earring in his left ear.

ئەو گوارەیەکی دەکردە گوێی چەپی.

I can't wear these earrings because my ears aren't pierced.

ناتوانم ئەم گوارانە لەگوێ بکەم، چونکە گوێکانم کونەکراون.

[1235]پینایڵ. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە چوکەوە هەبێت. چوك= کێر.

Penile cancer isn’t very common.

شێرپەنجەی چوك زۆر بەربڵاو نیە.

[1236] But if it remains on the teeth, it damages the gums and causes gingivitis.

بەڵام ئەگەر لەسەر ددان بمێنێتەوە، ئەوا زیان بە پوك دەگەیەنێت و دەبێتەهۆی هەوکردنی پوك.

[1237] ئومومە = (ع: أمومة)= دایکایەتی

There is a relationship between maternal age and infant mortality.

پەیوەندی لەنێوان تەمەنی دایکایەتی و ڕێژەی مردنی ساواردا هەیە.

[1238] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئامینەس گۆیدەکەن.

There was an ominous silence when I asked whether my contract was going to be renewed.

کاتێك پرسیارم کرد کە ئاخۆ گرێبەستەکەم نوێدەکرێتەوە، بێدەنگییەکی شوم ڕوویدا.

[1239] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (کەنسومە"ر") گۆیدەکەن. بەکاربەر: کەسێك کە بەرهەم یان خزمەتگوزارییەك دەکڕێت و بەکاریدەهێنێت.

Only 25% of the price a consumer pays for vegetables goes to the farmer.

تەنها لەسەدا 25ی ئەو نرخەی بەکاربەر دەیدات بە سەوزەوات، دەڕوات بۆ جوتیارەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.486 **airlift چیه؟ نەقلی ئاسمانی**[1241]

**courtesan، harlot هەردوو سۆزانی**[1242]

.487 **bullfighter چیه؟ زۆرانبازی گا**[1243]

**screen شاشەیە، واتە رونما**[1244]

.488 **backside (باکساید)و bottom (بۆتم)، هەروەك bum (بەم) قونە**[1245]

---

1240 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پەڵوتن گۆیدەکەن.

وشەی پیسکەر ناوە نەك ئاوەڵناو. لێرەدا مەبەست لەوشەی پیسکەر هەر شتێکە کە ژینگەی وەك ئاوو هەواو هتد.. پیسدەکات.

New regulations will reduce hazardous air pollutants.

ڕێسا نوێکان پیسکەرە مەترسیدارەکانی هەوا کەمدەکات.

1241ئێیەلیفت. نەقلی ئاسمانی= گواستنەوەی ئاسمانی: گواستنەوە لەڕێگەی ئاسمانەوە نەك وشکانی و ئاوو هتد..

The first planes of this airlift arrived in the city on the same day.

هەمان ڕۆژ یەکەم فڕۆکەی ئەم گواستنەوە ئاسمانییە گەیشتە شارەکە.

1242کۆوتیزان، هالەت. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە کۆوتیزن گۆدەکەن. هەردوکیان بەمانای سۆزانی دێن بەڵام یەکەمیان زیاتر بەمانای سۆزانییەك دێت کە لەپێناو پارەدا سێکس لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەندو باڵادا دەکات نەك لەگەڵ هەموو کەسێکدا.

Dancing women and courtesans were forced to marry.

خانمانی سەماکەرو سۆزانییەکان ناچارکران کە هاوسەرگیری بکەن.

The harlot who lured Azad to her room, finally found dead.

ئەو سۆزانییەی ئازادی فریودا بۆ ژورەکەی، دواجار بە مردویی دۆزرایەوە.

1243بوڵفایتەر". زۆرانبازی گا: ئەو پیاوەی لەکاتی وەرزشی زۆرانبازیی گادا کە زیاتر لە ئیسپانیا باوە، ڕوبەڕوی گا دەبێتەوە.

I met one of the top bullfighters in Spain.

لە ئیسپانیا چاوم بە یەکێك لەلێهاتوترین زۆرنبازی گاکان کەوت.

1244سکرین. بێگومان وشەی شاشە عەرەبییە، کوردییەکەی ڕونمایە.

Our television has a 42-inch screen.

تەلەفزیۆنەکەمان شاشەیەکی 42 ئینجی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**specimen عەیینە، واتە نمونە**[1246]

[489]. **image، pic، picture، photoش هەر وێنە**[1247]

---

[1245] هەرسێکیان لەم مانایەدا مورادیفن و عەیب نەبێ بەمانای قون دێن. سەرنجبدە هەرسێکیان بە پیتی b دەستپێدەکەن.

قون: ئەو بەشەی جیسمی شەریفت کە لەسەری دادەنیشیت.

My backside is wet but I don’t know the reason.

قونم تەڕە، بەڵام هۆکارەکەی نازانم.

I’m very sleepy, Even I can’t sit on my bottom.

زۆر خەواڵوم، تەنانەت ناتوانم لەسەر قونم دانیشم.

Sometimes an ache in the bum didn’t let you to sleep.

هەندێجار ئازار لەقوندا نایەڵێت بخەویت.

[1246] سپێسمن. عەیینە= (ع:عَیِّنَة)= نمونە.

He has a collection of rare insect specimens.

ئەو کۆمەڵێك نمونەی مێروی دەگمەنی هەیە.

[1247] ئیمیج، پیك، پیکچە"ر"، فەوتەو. هەرچواریان بەمانای وێنە دێن. هەرچەندە زاهیرەن وشەی pic وەك کورتکراوەی picture دەبینرێت، بەڵام وەك وشەیەکی سەربەخۆ نەك کورتکراوەش بەکاردەهێنرێت.

You can use the device to scan the image.

دەتوانیت ئامێرەکە بۆ سکانکردنی وێنەکە بەکاربهێنیت.

The Mapo Bridge in Seoul, South Korea, has a high suicide rate and it is even nicknamed as "The Bridge of Death" and "Suicide Bridge." In an effort to deter suicides, the bridge was revamped with technologies that display positive messages and images to potential jumpers, and it was even renamed as the "Bridge of Life." Just a year later, the suicide rate had increased by six times.

زۆرجار وڵاتە پێشکەوتووەکانیش ئیشێکی قۆڕی ئاوها دەکەن کە سوبحانەڵڵا یەکسەر بیری خۆمانمان دەکەوێتەوە وەك کوردی ئیشقۆڕ. لەشاری سیئۆلی پایتەختی ئەو کۆریای باشورەی بە شاکارەکانی سامسۆنگ و ئێلجی، دنیای تەنیوە، پردێك هەیە بەناوی پردی ماپۆ. بەهۆی زۆری حاڵەتەکانی خۆکوشتنی لەسەر ئەم پردە، تەنانەت نازناوی پردی مەرگ یان پردی خۆکوشتنی لێنراوە. دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە، لەهەوڵێکدا بۆ بەرگرتن لەخۆکوشتن، پردەکەیان نوێکردەوەو چەندین تەکنەلۆجیایان پێوەکرد کە پەیامی ئەرێنی و وێنەی بازدەری موحتەمەلیان پیشاندەدا، تەنانەت ناوەکەشیان گۆڕی بۆ پردی ژیان. بەڵام ئاخ گونی قومری!، تەنها ساڵێك دوای ئەم نوێکردنەوەیە، ڕێژەی خۆکوشتن لەسەر ئەو پردە، نەك هەر کەمی نەکرد، بەڵکو شەش ئەوەندە زیادیکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

I have some exclusive pics of him.

هەندێ وێنەی تایبەتی ئەوم هەیە.

Even Looking At A Picture Of A Loved One Relieves The Pain.

تەنانەت سەیرکردنی وێنەی کەسێك کە خۆشت دەوێت، ئازار هێوردەکاتەوە.

People who are frown in photos, are 5 times more likely to get a divorce than those who smile, research says.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، ئەو کەسانەی لەوێنەدا روگرژن، بەرێژەی پێنج ئەوەندە لەوانی تر ئەگەری جیابونەوەیان زیاترە.

This is a colorized photo of an emaciated 18 year old Russian girl during the liberation of Dachau concentration camp in 1945. Dachau was the first German concentration camp, opened in 1933. More than 200,000 people were detained between 1933 and 1945, and 31,591 deaths were declared, most from disease, malnutrition and suicide. Unlike Auschwitz, Dachau was not explicitly an extermination camp, but conditions were so horrific that hundreds died every week.

رەنگە تەنها ئەم وێنە ناخهەژێنە کافی بێت بۆ رسواکردنی شەڕو جیاکاریی رەگەزپەرستی.

ئەمە وێنەیەکی رەنگکراوی کچێکی تەمەن 18 ساڵی روسییە لەکاتی ئازادکردنی کامپی زیندانیکردنی داخاوی ئەڵمانیای نازی لەساڵی 1945. ئەم کچە بەهۆی رەوشە سەخت و نامرۆڤانەکەی ئەو کامپەوە، بەو شێوەیە لاواز بووە. داخاو یەکەم کامپی دەستگیرکردنی ئەڵمانیای نازی بووە کە لەساڵی 1933 کراوەتەوە. لەو ساڵەوە تا 1945 زیاتر لە 200 هەزار کەسی تێدا زیندانیکراوە، لەو ژمارەیەش بەڕەسمی مردنی 31 هەزارو 591 کەسیان راگەیەنراوە کە زۆربەیان بەهۆی نەخۆشی و کەمخۆراکی و خۆکوشتنەوە گیانیان سپاردووە. هەرچەندە ئەم کامپە بەپێچەوانەی کامپی ئۆشفیتز بەئاشکرا کامپێکی لەناوبردن نەبوو و لەچاو ئەودا زەلاتە بووە، بەڵام سەرباری ئەوەش دۆخی ناو کامپەکە هێندە ترسناك بوو کە هەموو هەفتەیەك سەدان زیندانی تێیدا گیانیان لەدەست دەدا.

بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**blank (بلانك) بۆشایی[1248]، gap (گاپ)یش کەلێنە[1249]**

490. **attractive (ئەتراکتڤ) چییە؟ سەرنجڕاکێشە[1250]**

**وشەی rectangle (ڕێکتانگڵ) مانای لاکێشە[1251]**

491. **lush (لەش) هەم شەرابخۆر، هەم سەرنجڕاکێش[1252]**

**painter (پەینتە) سەبباغ، لەگەڵ نیگارکێش[1253]**

492. **avalanche (ئاڤەلانچ) چییە؟ هەرەسی بەفر[1254]**

---

[1248] When you’ve filled in the blanks, hand the form back to me.

کاتێك بۆشاییەکانت پڕکردەوە، فۆرمەکەم تەسلیم بکەرەوە.

[1249] She has a small gap between her front teeth.

کەلێنێکی بچوك لەنێوان ددانەکانی پێشەوەیدا هەیە.

[1250] It’s not too hard to avoid looking at an attractive young woman by a brave man.

سەیرنەکردنی خانمێکی گەنجی سەرنجڕاکێش، بۆ پیاوی ئازا زۆر سەخت نیە.

[1251] The rectangle is 5 cm long and 2 cm wide.

لاکێشەکە پێنج سم درێژو دوو سم پانە.

[1252] بەمانای شەرابخۆرو سەرنجڕاکێشیش دێت. مەبەستم لەشەرابخۆر لێرەدا ئەو کەسەیە کە زۆرو وەك خوو دەخواتەوە نەك کەم و جارجارە.

Her husband was a very lush, so she filed for divorce.

مێردەکەی شەرابخۆرێکی قورس بوو، بۆیە داوای جیابونەوەی بەرزکردەوە.

He looks so lush in this pic!

ئەو لەم وێنەیەدا زۆر سەرنجڕاکێش دیارە.

[1253] بەمانای نیگارکێش و سەبباغیش دێت.

سەبباغ= (ع: صَبَّاغ)= بۆیاخچی. painter بەدیاریکراوی بەمانای بۆیاخچیی خانوو و هاوشێوەکانی دێت نەك هی قونەرەو هتد...).

The painter didn’t paint the house well, so I won’t pay him.

بۆیاخچییەکە خانووەکەی باش بۆیاخ نەکردووە، بۆیە پارەی پێنادەم.

Banaz’s ambition was to become a famous painter.

تموحی بەناز ئەوە بوو کە ببێتە نیگارکێشێکی بەناوبانگ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**heir (ئێیە) وەریسە، واتە میراتگر**[1255]

.493 **obstacle (ئۆبستکڵ) کۆسپ، هەروەها بەربەست**[1256]

**destination (دێستنەیشن)ە مەکانی مەبەست**[1257]

.494 **red cell (رێد سێڵ) چیە؟ خڕۆکەی سور**[1258]

**rectum (رێکتم) ریخۆڵە، بەڵام هی ئەستور**[1259]

---

[1254] هەرەسی بەفر: دارمانی برێکی زۆرو زەبەلاحی بەفرو تاوێر لەشاخەوە بۆ خوارەوە.

Two tourists were killed in the avalanche.

دوو گەشتیار لەئەنجامی هەرەسی بەفرەکەدا گیانیان لەدەستدا.

[1255] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئێر گۆیدەکەن. وەریس= (ع: وريث)= میراتگر

Rasheed died a year ago, and his heirs sold his house.

رەشید ساڵێك لەمەوبەر کۆچی دوایی کردو میراتگرەکانی خانووەکەیان فرۆشت.

[1256] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئابستکڵ گۆیدەکەن. بەمانای کۆسپ و بەربەستیش دێت. باش سەرنجی رستەکان بدە بۆ زانینی جیاوازییەکەیان.

Women have to overcome many obstacles to gain equality.

خانمان هێشتا پێویستە زاڵ بن بەسەر زۆرێك لەکۆسپەکاندا بۆ ئەوەی یەکسانی بەدەست بهێنن.

An obstacle in the road forced us to change our direction.

بەربەستێك لەرێگەکە ناچاریکردین ئاراستەکەمان بگۆڕین.

[1257] مەکانی مەبەست= (ع: مكان مقصود)= شوێنی مەبەست: ئەو شوێنەی بۆی دەچیت.

We arrived at our destination tired and hungry.

بە ماندویی و برسێتی گەیشتینە شوێنی مەبەستمان.

[1258] هەروەها red blood cellیشی پێدەووترێت. بەمانای خڕۆکەی سور (ی خوێن) دێت.

Red cells live for about 120 days, and then they die.

خڕۆکە سورەکان بۆ ماوەی نزیکەی 120 رۆژ دەژین و دوای ئەوە دەمرن.

[1259] بەمانای ریخۆڵە ئەستورە دێت واتە بەشی خواری خوارەوەی ریخۆڵەی شەریفت.

An examination has revealed a tumor in his rectum.

پشکنین دەریخستووە کە لویەك لەریخۆڵە ئەستورەیدا هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.495** **wife و wifey ژن[1260]، fiancée (فیانسەی) دەزگیران[1261]**

**Bible (بایبڵ) ئینجیلە[1262]، Koran (کۆڕان)یش قورئان[1263]**

**.496** **harrowing (هارەوینن) چیە؟ ناخهەژێنە[1264]**

**mirror (میرە) میرئاتە، واتە ئاوێنە[1265]**

---

[1260] وایف، وەیفی. یەکەمیان بەمانای ژن بە گشتی (هاوسەری پیاو) بەگشتی دێت، بەڵام دووەمیان زیاتر بەمانای ژنی پیر یان نەخوێندەوار دێت.

She's his third wife.

ئەو، سێیەم ژنیەتی.

When actor Liam Neeson's wife, Natasha Richardson, died in 2009, he donated her organs. Her heart, kidneys, and liver are keeping three people alive.

نەچی بچی بە فیلمی takenدا تێبکەویت و وابزانیت لیام نیسن شەقاوەو خوێرییەو حساب بۆ یاسا ناکات و لێبوردەو بەخشندە نیە، چونکە وانیە. ئەم لیام نیسنە، حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتا، پیاوێکی زۆر پیاوانەو خێرخوازە. لەساڵی 2009 کاتێك هاوسەرەکەی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت، لیام ئەندامەکانی جەستەی هاوسەرەکەی بەخشی. بەهۆی دڵ و گورچیلەو جگەری خێزانی ئەم برادەرەی هۆڵیوودەوە، ئێستا سێ کەس لەژیاندان.

There are three wifeies in the village that remember the first world war.

لەگوندەکەدا سێ ژنی لێیە کە جەنگی یەکەمی جیهانییان لەبیرە.

[1261] It was the letter he had received from his fiancée a year ago.

ئەوە ئەو نامەیە بوو کە ساڵێك لەمەوبەر لەدەزگیرانەکەی وەرگرتبوو.

[1262] Her parents gave her a bible when she was a young child.

کاتێك منداڵێکی بچوك بوو، دایك و باوکی ئینجیلێکیان پێدا.

[1263] Koran is the holy book of the Muslims.

قورئان، کتێبی پیرۆزی موسڵمانانە.

[1264] The film contained harrowing scenes of starving children.

فیلمەکە دیمەنگەلی ناخهەژێنی سەبارەت بە مناڵانی زۆر برسی، تێدا بوو.

[1265] میرئات= (ع: مرآة)= ئاوێنە.

She spends several hours in front of the mirror everyday!

ئەو هەموو ڕۆژێك چەند سەعاتێك لەبەردەم ئاوێنەدا بەسەردەبات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.497 **retreat (ريتريیت) ئینسیحاب، ناوو فەرمانە**[1266]

**وشەی valve (ڤاڵڤ) سەمام، واتە "زمانە"**[1267]

.498 **revitalize ئیحیائـ، بەس فەرمان نەك ناو**[1268]

**prodigal موسریف، واتە دەسبڵاو**[1269]

.499 **professional (پرەفێشنەڵ) چیە؟ مانای پیشەگەر**[1270]

**gross (گرەوس) فازیحە، واتە ئابڕووبەر**[1271]

---

[1266] بەمانای ئینسیحاب دێت وەك ناوو فەرمانیش. ئینسیحاب= (ع: انسحاب)= كشانەوە. واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای كشانەوەو وەك فەرمان بەمانای ئینسیحاب دەكات (دەكشێتەوە) دێت.

Napoleon’s retreat from Moscow is an important event in history.

كشانەوەی ناپلیۆن لە مۆسكۆ رووداوێكی گرنگە لەمێژوودا.

The rebels retreated to the mountains.

یاخیبووەكان كشانەوە بۆ شاخەكان.

[1267] سەمام= (ع: صمام)= زمانە.

His heart valves are weak.

زمانەكانی دڵی، لاوازن.

[1268] ریڤایتەڵایز. ئەم وشەیە بە سپێڵی revitaliseیش دەنوسرێت. مەبەستم لەم نیوە بەیتە ئەمەیە: ئەم وشەیە بەمانای ئیحیائـ دێت بەڵام فەرمانە نەك ناو. ئیحیائـ= (ع: احیاء)= بوژاندنەوە). واتە وشە ئینگلیزییەكە بەمانای دەبوژێنێتەوە دێت نەك بوژانەوە چونكە فەرمانە نەك ناو.

They hope to revitalize the neighborhood by providing better electricity.

هیواخوازن گەڕەكەكە ببوژێننەوە لەڕێگەی دابینكردنی كارەبای باشترەوە.

[1269] پرۆدیگڵ. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە پرااِدیگڵ گۆیدەكەن. موسریف= (ع: مسرف)= دەسبڵاو: كەسێك پارەو كاتی زۆر بەشێوازی بێپاكانەو زۆر سەرفدەكات.

I learned in only one day, that she is a prodigal man.

لەماوەی تەنها رۆژێكدا زانیم كە ئەو پیاوێكی دەسبڵاوە.

[1270] پیشەگەر= (ع: محترف)

He is a professional player of the city.

ئەو یاریزانێكی پیشەگەری شارەكەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.500 **article (ئاتیكڵ) وتار[1272]، particle (پاتیكڵ) گەردە[1273]**

**boulder (بەوڵدە) تاوێر، واتە گابەردە[1274]**

.501 **prerogative چیە؟ مانای ئیمتیاز[1275]**

**wrestler موساریع، واتە زۆرانباز[1276]**

.502 **faculty كۆلێژ، هەروەها توانا[1277]**

---

1271 بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە گرۆوس گۆیدەكەن. فازیح= (ع: فاضح)= ئابڕووبەر. ئابڕووبەر بەمانای زۆر خراپ و بەتوندی رەفزكراو.

The soldiers are accused of gross violations of human rights.

سەربازەكان بە پێشێلكاری ئابڕووبەری مافەكانی مرۆڤ، تۆمەتبارن.

1272 If you spot any mistakes in the article just mark them with a pencil.

ئەگەر هەر هەڵەیەكت لەوتارەكەدا بینی، تەنها بە قەڵەم رەساسێك، ئاماژەیەكی لێبدە.

1273 مەبەستم لەگەرد براگەورەی گەردیلەیە!. سەرنجی ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە بدە، هەردوكیان هەم لەڕوی پێكهاتەوە، هەم لەڕوی دەنگەوە، تەنها پیتی یەكەمیان جیاوازە. هەردوكیشیان ناوی بژێردراون. هەربۆیەش كردمن بە دراوسێ!

A particle consists of several atoms.

گەردێك لەچەند گەردیلەیەك پێكدێت.

1274 بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە بۆوڵدە"ر"، گۆیدەكەن. تاوێر= گابەرد= بەردی زۆر گەورە.

Two huge boulders had to be moved out of the way before the trucks could pass.

پێش ئەوەی بارهەڵگرەكان بتوانن تێپەڕن، پێویست بوو دوو تاوێری گەورە لەڕێگاكەدا لاببرێن.

1275 پیرڕۆگەتیڤ. ئیمتیاز= (ع: امتیاز)= ماف

Faruq makes all the big decisions, that's his prerogative as company director.

فاروق هەموو بڕیارە گەورەكان دەدات، ئەوش مافی خۆیەتی وەك بەڕێوەبەری كۆمپانیا.

1276 رێسڵە. موساریع= (ع: مصارع)= زۆرانباز: ئەو كەسەی زۆرانبازی دەكات وەك وەرزش. سەرنج بدە پیتی t ی وشەكە بێدەنگە واتە بۆ خۆی كزۆڵەی لێكردووەو ناخوێنرێتەوە!!!

The wrestler wounded hard.

زۆرانبازەكە بەسەختی بریندار‌بوو.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**nonsense، poppycock قسەی بێمانا**[1278]

[.503] **onset (ئۆنسێت) دەسپێکە، واتە سەرەتا**[1279]

**roadway (رەودوەی) "تەریق"ە، بەکوردی رێگا**[1280]

[.504] **prime (پرایم) خۆبەش و ژمارەی خۆبەش**[1281]

---

[1277]فاکڵتی. بەمانای کۆلێژو تواناش دێت.

There is no Faculty of Law in Penjwen.

پێنجوێن کۆلێژی یاسای تێدا نیە.

Even at the age of 100, she still had all her faculties.

تەنانەت لەتەمەنی سەد ساڵیشدا، هەموو تواناکانی مابون.

[1278]نەنسنس، پۆپیکۆك. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا ئەم دوو وشەیە بە نانسنس و پاپیکاك گۆدەکەن.هەردوکیان بەمانای قسەی بێمانا دێن.

This report is nonsense and nothing but a waste of paper.

ئەم راپۆرتە قسەی بێمانایەو جگە لەبەفیڕۆدانی کاغەز، هیچی تر نیە.

Much of what he said was pure poppycock.

زۆربەی ئەوانەی ئەو وتی، تەنها قسەی بێمانا بون.

[1279] The onset of winter isn’t very cold.

سەرەتای زستان زۆر سارد نیە.

[1280] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە رۆودوەی گۆیدەکەن. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەهەردوو وشەی road، way پێکهاتووە کە هەر یەکێکیان بەجیاش هەر بەمانای رێگا دێن.

تەریق= (ع: طریق)= رێگا. roadway بەتایبەتی بەمانای ئەو بەشەی رێگا دێت کە ئۆتۆمبێلی پێدا دەڕوات وەك رێگای قیرتاوو هاوشێوەکانی.

An overturned bus blocked the roadway.

پاسێکی وەرگەڕاو رێگاکەی گرت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

lap (لاپ) واتە "حُضن"، بەكوردی باوەش[1282]

505. adventure (ئەدڤێنچە) چیە؟ واتە سەركەشی[1283]

وشەی deck (دێك) مانای سەرپشت(ی كەشتی)[1284]

506. anteater (ئانتیتە) چیە؟ مێرولەخۆرە[1285]

copious (كەوپیەس) كەسیرە، بەكوردی زۆرە[1286]

---

[1281] وەك ناو بەمانای ژمارەی خۆبەش و وەك ئاوەڵناو بەمانای خۆبەش دێت.

ژمارەی خۆبەخش ئەو ژمارە سروشتیانەن كە لەیەك گەورەترن و تەنها بەسەر خۆیان و یەكدا دابەش دەبن وەك: 2، 3، 5، 7، 11، هتد...

1, 3 and 5 are prime numbers.

یەك، سێ و پێنج ژمارەی خۆبەشن.

In the following text, can you find the primes as soon as possible?

لەم دەقەی خوارەوەدا، دەتوانیت بەزوترین كات ژمارە خۆبەشەكان بدۆزیتەوە؟

[1282] چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Lawa sat on her mother’s lap.

لاوە لەباوەشی دایكیدا دانیشت.

[1283] سەركەشی= موغامەرە= (ع: مغامرة)

My grandfather used to tell us about his adventures as a sea captain during the war.

باپیرم وا راهاتبوو كە سەرەكشییەكانی خۆی وەك كاپتنی دەریا لەكاتی جەنگدا، بۆ دەگێڕاینەوە.

[1284] We sat on deck until it was dark.

ئێمە لەسەر پشتی كەشتییەكە دانیشتین تا ئەو كاتەی تاریك بوو.

[1285] مێرولەخۆر: گیاندارێكی مەمكدارە كە بە خواردنی مێرولە دەژی.

The anteater is an ugly animal.

مێرولەخۆر گیاندارێكی ناشرینە.

[1286] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە كۆوپیەس گۆیدەكەن. كەسیر= (ع: كثير)= زۆر.

They drank copious amounts of wine.

ئەوان برێكی زۆر شەرابیان خواردەوە.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.507 **themselves (ذەمسێڵڤز) جێناو، بەمانای خۆیان**[1287]

**menace (مێنیس) هەڕەشە بەناوو فەرمان**[1288]

.508 **biology (بایەڵۆجی) چیە؟ زیندەزانییە**[1289]

**readily (ریدڵی) بەمانای "بەئاسانی"یە**[1290]

.509 **Italian (ئیتالیەن) چیە؟ واتە ئیتالی**[1291]

**bitterness مەرارە، بەکوردی تاڵی**[1292]

---

1287 ئەم وشەیە جێناو (راناو)ە و بەمانای "خۆیان" دێت.

Doctors themselves are the first to admit the treatment has side effects.

پزیشکان خۆیان یەکەم کەسن کە دان بەوەدا دەنێن کە چارەسەرەکە کاریگەری لاوەکی هەیە.

1288 واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای "هەڕەشە"و وەك فەرمان بەمانای "هەڕەشەدەکات لە" دێت.

Drunk drivers are a menace to everyone.

شۆفێری سەرخۆش هەڕەشەیە بۆ هەموو کەسێك.

The pollution is menacing the crops.

پیسبون هەڕەشە لەدەغڵ و دان دەکات.

1289 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بایەلاجی گۆیدەکەن. زیندەزانی= زیندەوەرزانی= بایۆلۆجی= (ع: علم الاحياء).

زیندەزانی: زانستی لێکۆڵینەوە لەزیندەوەران بە هەموو جۆرەکانییەوە.

She studied biology at university.

ئەو لەزانکۆ، زیندەزانی خوێندووە.

1290 ئاوەڵفەرمانەو بەمانای "بەئاسانی" دێت. بەئاسانییەك کە خێراییشی لەتەکدا بێت.

He readily agreed to all our suggestions.

ئەو بەئاسانی بە هەموو پێشنیازەکانمان رازی بوو.

1291 I don’t like Italian food.

حەزم لەخواردنی ئیتالی نیە.

1292 بیتەنەس. مەرارە= (ع: مرارة)= تاڵی.

The juice has a slight bitterness.

شەربەتەکە کەمێك تاڵی هەبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.510 **interview (ئینتەڤیوو) چیە؟ مانای دیمانە**[1293]

**caterpillar (کاتەپیلە"ر")ە، تەتەڵەمیرانە**[1294]

.511 **cliff (کلیف) مانای جورف، واتە کەندەڵان**[1295]

**dolphin (دۆڵفن) دۆلفینە**[1296]، **shrimp (شریمپ)یش رۆبیان**[1297]

.512 **wily (وایلی) ئاوەڵناو، مانای زۆرزانە**[1298]

---

[1293] دیمانە= موقابەلە.

In a television interview last night she denied she had any intention of resigning.

شەوی رابردوو لەدیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا، رەتیکردەوە کە هیچ نیازێکی دەستلەکارکێشانەوەی هەبێت.

[1294] تەتەڵەمیران: زیندەوەرێکی بچوکی هاوشێوەی کرمەو چەندین پێی هەیە.

Caterpillars have 12 eyes.

تەتەڵەمیران دوانزە چاوی هەیە.

[1295] جورف= (ع: جرف)= کەندەڵان.

Keep away from the edge of the cliff, you might fall.

دوربە لەلێواری کەندەڵانەکە، رەنگە بکەویت.

[1296] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە داڵفن گۆیدەکەن.

دۆلفین: زیندەوەرێکی زیرەك زەبەلاحی دەریاییە.

Dolphins are very social, living in groups that hunt and even play together.

دۆلفین زۆر کۆمەڵایەتییە، بە کۆمەڵ دەژین و پێکەوە راوو تەنانەت یاریش دەکەن.

[1297] ئەم وشەیە ناوێکی تاکی بژێردراوەو بە دوو شێوەش کۆدەکرێتەوە: هەروەك خۆی واتە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك، هەروەها بە زیادکردنی sیش کۆدەکرێتەوە.

رۆبیان: زیندەوەرێکی ئاویی بچوکەو دەخورێت.

Shrimp are excellent swimmers.

رۆبیان مەلەوانێکی لێهاتووە.

[1298] ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بەمانای زۆرزان دێت.

Donald Trump is a wily politician.

دۆناڵد ترەمپ سیاسەتمەدارێکی زۆرزانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sheath (شییث) "قیراب"ە، واتە (کێلان)ە**[1299]

.513 **historiography (هستۆریۆگرەفی) مێژوزانییە**[1300]

**easily (ئیزلی) بەمانای (بەئاسانی)یە**[1301]

.514 **effectual چیە؟ واتە کاریگەر**[1302]

**innovator (ئینەفەیتە"ر")ە مانای داهێنەر**[1303]

.515 **factor (فاکتە) بریکار، هەروەها هۆکار**[1304]

**house (هاوس) خانوو، خێزان، گازینۆی قومار**[1305]

---

1299 قیراب= (ع: قراب)= کێلان: ئەو بەرگەی شمشێرو خەنجەرو چەقۆو هاوشێوەکانی تێدەکرێت. کۆی ئەم وشەیە sheathsە.

Don't take your sword out from the sheath, we can treat the problem peacefully.

شمشێرەکەت لەکێلان دەرمەهێنە، دەتوانین کێشەکە بە ئاشتی چارەسەربکەین.

1300 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هستۆریاگرەفی گۆیدەکەن. مێژوزانی= مێژوناسی= (ع: علم التأریخ).

He studies historiography.

ئەو مێژوناسی دەخوێنێت.

1301 They won the match easily.

یارییەکەیان بەئاسانی بردەوە.

1302 ئیفێکچوەڵ. سەرنجبدە ئەم وشەیە لە effectەوە داڕێژراوە کە بەمانای "کاریگەری" دێت.

Unfortunately, efforts to stop the fighting have not been effectual.

بەداخاوە، هەوڵەکان بۆ وەستاندنی شەڕەکە کاریگەر نەبون.

1303 He was an innovator. He wasn't afraid to try something new.

ئەو داهێنەر بوو. لەتاقیکردنەوەی شتی نوێ، نەدەترسا.

1304 بەمانای بریکارو هۆکاریش دێت.

He went to the car factors to buy a new one.

ئەو ڕۆشت بۆ لای بریکارەکانی ئۆتۆمبێل بۆ کڕینی یەکێکی تازە.

Money was an important factor in their decision to move.

پارە هۆکارێکی گرنگ بوو لەبڕیاردان لەسەر هەنگاوەکەیان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

516. **designate** (دێزیگنەیت) چیە؟ دیاریکراوە[1306]

**thug** (ثەگ) بەڵتەجییە، واتە شەقاوە[1307]

517. **nine** (ناین) تیسعەیە، بەکوردییەکەی نۆ[1308]

**gossip**، **hearsay** وەك **rumor** دەنگۆ[1309]

---

[1305] واتە بەمانای خانوو و خێزان (عائیلە)و گازینۆیەکیش کە قوماری تێدا بکرێت، دێت.

Germany has more than 2.5 million half-timbered houses.

ئەڵمانیا زیاتر لە دوو ملیۆن و 500 هەزار ماڵی نیمچەدارینی تێدایە.

There are many houses in USA.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندین گازینۆی قومار هەن

He gets up at six and disturbs the whole house.

ئەو سەعات شەش لەخەو هەڵدەسێت و تەواوی خێزانەکە بێزاردەکات.

[1306] لەکاتێکدا وەك ئاوەڵناو، بەمانای دیاریکراو دێت کە بکەوێتە دوای ناوەوە.

The director designate of the company is a very nice person.

بەڕێوەبەری دیاریکراوی کۆمپانیاکە کەسێکی زۆر باشە.

[1307] Several thugs smashed his windows.

چەند شەقاوەیەك پەنجەرەکەیان وردوخاشکرد.

[1308] Babies who are not crawling by the time they reach nine months are more likely to suffer from learning and behavioural problems.

ئەو منداڵانەی دەگەنە تەمەنی نۆ مانگی و هێشتا بە سنگەخشێ نارۆن، ئەگەری توشبونیان بە کێشەی پەیوەست بە فێربون و هەڵسوکەوت، زیاترە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.518 loaf کولێرەیە[1310]، bread (برێد)یش نانە[1311]**

**exquisite ماناکەی (جوان)ە[1312]**

**.519 oil well (ئۆیلوێڵ) چیە؟ واتە بیرە نەوت[1313]**

**by coincidence مانای بەڕێکەوت[1314]**

---

1309 گۆسپ، هیسەی، رومە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە گاسپ گۆدەکەن. هەرسێکیان بەمانای دەنگۆ دێن. دەنگۆ= شائیعە (ع: شائعة).

Don't believe the gossip that you hear.

بڕوا بەو دەنگۆیە مەکە کە دەیبیستیت.

Hearsay is not allowed as evidence in court.

دەنگۆ لەدادگا وەك بەڵگەی ڕێگەی پێنادرێت.

I’ve heard all sorts of rumours about him and his secretary.

هەموو جۆرە دەنگۆیەکم سەبارەت بەوو سکرتێرەکەی بیستووە.

1310لەوف، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە لۆوف گۆیدەکەن.

بەگشتی زۆربەی ئەو وشانەی بە f یان fe کۆتاییان دێت، لەکاتی کۆکردنەوەیاندا fەکە دەکرێت بە v پاشان esی دەخرێتە سەر. ئەم وشەیە یەکێکە لەو وشانە واتە کۆکەی loavesە. هەندێکیشان هەن fەکانیان هیچ خۆیان تێکنادەن و بەشێوەی ئاسایی کۆدەکرێنەوە وەك chef, proof, ref. هەندێك وشەش هەن بەدوولا مەست و حەیران واتە بەهەردوو شێوەکە کۆدەکرێنەوە وەك dwarf، hoof، scarf.

To make loaves, follow the directions on page 18.

بۆ دروستکردنی کولێرە، ڕێنماییەکانی لاپەڕە 8 جێبەجێبکە.

1311 This bread isn’t fresh.

ئەم نانە تازە نیە.

1312ئێکسکویزت. ئاوەڵناوە بەمانای جوان دێت، جوانییەك لە beautiful زیاتر بێت.

Look at this exquisite painting.

سەیری ئەم تابلۆ جوانە بکە.

1313 There are many oil wells in Kurdistan Region.

هەرێمی کوردستان چەندین بیرەنەوتی تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.520 **arduous (شاق)ە، بەكوردی سەختە**[1315]

**crate سندوق(ی پلاستيك يا تەختە)**[1316]

.521 **fortune (فۆرچن) واتە شانس، هەروەها سامان**[1317]

**combustion (كەمبەسچن) ناوە، بەمانای سوتان**[1318]

.522 **motive دافیعە، بەكوردی پاڵنەر**[1319]

---

[1314]بای كەوینسیدنس. بەرێكەوت= بەسودفە.

By coincidence, I met my old schoolmate again 20 years later.

بيست ساڵ دواتر، بەرێكەوت، هاورێ دێرینەكەی قوتابخانەم بينييەوە.

[1315] ئاجيوەس. شاق عەرەبيیە بێگومان، كوردييەكەی سەختە. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەكاردەهێنرێت كە هێزو هەوڵ و ماندوبونێكی زۆری بوێت.

In those days, long-distance travel was slow and arduous.

لەو رۆژانەدا، گەشتی درێژمەودا خاوو سەخت بوو.

[1316]كرەيت. بەمانای ئەو سندوقە لەدار يان پلاستيك دروستكراوانە دێت كە زياتر بۆ هەڵگرتنی ميوەو بوتڵ و هتد... بەكاردەهێنرێت. بۆ نمونە ئەوانەی عەلوەكە.

Can you buy a create of tomato for me tomorrow?

دەتوانيت سبەينێ سندوقێك تەماتەم بۆ بكڕيت؟

[1317] بەمانای شانس و سامانيش دێت. شانس= بەخت.

The family's fortune changed overnight.

شانسی خێزانەكە لەماوەی تەنها شەوێكدا گۆڕا.

She inherited a large fortune from her grandmother.

ئەو سامانێكی زۆری لەنەنكييەوە بۆ مايەوە.

[1318] وەك لەنيوە بەيتەكەشدا ئاماژەم پێداوە ئەم وشەيە ناوە (نەك ئاوەڵناوو ئاوەڵفەرمان و هتد..)و بەمانای سوتان دێت.

Fuel combustion produces energy to run machines.

سوتانی سوتەمەنی، وزە بۆ ئیشپێكردنی مەكينە بەرهەمدەهێنێت.



بۆ كڕينی تازەترين چاپی PDFی ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپی فريی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەری نوسەر 07701393984

**depilatory ماناى مووڵابەر**[1320]

.523 **age-old (ئەیجەوڵد) عەتیقە، بەکوردی زۆر کۆن**[1321]

**phone (فەون)و telephone (تیلەفەون) هەردوو تەلەفۆن**[1322]

.524 **lavatory میرحاز، بەکوردی ئاودەست**[1323]

**barricade حاجیز، کەواتە بەربەست**[1324]

---

[1319]مەوتیف. دافیع= (ع: دافع)= پاڵنەر.

Does she have a motive for lying about her age?

ئایا ئەو هیچ پاڵنەرێکی هەیە بۆ درۆکردن سەبارەت بە تەمەنی؟

[1320]دیپیلەتری، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دیپیلەتۆری گۆیدەکەن.

I use a depilatory cream under my arms.

من کرێمی مولابەر لەژێر باڵم بەکاردەهێنم.

[1321] عەتیق= (ع: عتیق)= زۆر کۆن= دێرین.

Read this book carefully, It's an age-old story of love and betrayal.

ئەم کتێبە بەوردی بخوێنەرەوە، چیرۆکێکی زۆر کۆنی خۆشەویستی و ناپاکییە.

[1322] هەردوکیان بەماناى تەلەفۆن دێن، بەڵام وشەی دووەمیان ڕەسمیترە.

According to a study, 9% of Americans have used their phones during sex and 12% in the shower.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لەسەدا نۆی ئەمەریکییەکان لەکاتی سێکسدا تەلەفۆنەکانیان بەکارهێناوە و لەسەدا 12شیان لەگەرماودا (حەمام).

In a survey, 33% of dog owners admitted to chatting over the telephone to their dogs, while some even stated that they left voicemail messaged for their pets while they were away.

بەگوێرەی ڕاپرسییەك، لەسەدا 33ی ئەوانەی سەگیان هەیە، دانیان بەوەدا ناوە کە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە قسەیان بۆ سەگەکیانیان کردووە. تەنانەت هەندێکیان وتویانە کاتێك دوربون لێیان، دەنگەنامەیان بۆ جێهێشتون.

[1323]لاڤەتری، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە لاڤەتۆری گۆیدەکەن. میرحاز= (ع: مِرْحَاض)= ئاودەست= تواليت.

20% of the people don't wash their hands after going to the lavatory.

لەسەدا بیستی خەڵك پاش چون بۆ توالێت، دەستیان ناشۆن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.525 **ulterior سڕی واتە نهێنی**[1325]

**hygiene بەمانای پاکوخاوێنی**[1326]

.526 **inside (ئینسایدِ) ناو، هەناو، هەروەها لەناو**[1327]

**explicit (ئیکسپلیسیت) واتە راشکاو**[1328]

.527 **anarchy (ئانەکی) فەوزا، واتە پشێوی**[1329]

---

[1324]باریکەید، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بارەکەید گۆیدەکەن. حاجیز= (ع: حاجز)= بەربەست.

Inmates erected a barricade between themselves and the prison guards.

زیندانییان بەربەستێکیان لەنێوان خۆیان و پاسەوانەکاندا، دروستکرد.

[1325]ئەهڵتیریە"ر". سڕی= (ع: سري)= نهێنی= شاراوە.

He claims he just wants to help Srwa but I suspect he has an ulterior motive.

ئەو دەڵێت، تەنها دەیەوێت یارمەتی سروە بدات، بەڵام من گومانی ئەوە دەکەم کە پاڵنەرێکی شاراوەی هەیە.

[1326]هایجیین. پاکوخاوێنی= نەزافە= (ع: نظافة).

To prevent the spread of harmful bacteria, everyone should understand the basics of good food and hygiene.

بۆ رێگرتن لەبڵاوبونەوەی بەکتریای زیانبەخش، پێویستە هەموو کەسێك لەبنچینەکانی خواردەمەنی باش و پاکوخاوێنی، تێبگات.

[1327] بەمانای (ناو)و هەناو (ناواخن)و (لەناو) یش دێت. باش سەرنجی رستەکان بدە.

Did you clean the inside of the car?

ناو ئۆتۆمبێلەکەت پاککردەوە؟

The dead whale's insides were spread all over the snow.

هەموو هەناوی نەهەنگە مردووەکە بەسەر بەفرەکەدا بڵاوبووەوە. واتە هەموو ئەندامەکانی ناوەوەی لەشی.

[1328]ئیکسپلیسیت. راشکاو= سەریح= (ع: صریح)

Be explicit when you talk about money with your family.

لەکاتی قسەکردنت لەگەڵ خێزانەکەت سەبارەت بە پارە، راشکاو بە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**cub (کەب) بێچووی (شێرو پڵنگ و ڕێوی)**[1330]

528. **difference (دیفرنس) مانای فەرق، واتە جیاوازی**[1331]

**military action کاری سەربازی**[1332]

529. **proxy وەکیل، واتە بریکار**[1333]

**aspect (ئەسپێکت) لایەنە، هەروەها روخسار**[1334]

530. **photograph و shot هەردوکیان وێنە**[1335]

---

1329 فەوزا= (ع: فوضی)= پشێوی= ئاژاوە. زیاتر بەمانای پشێوییەك دێت کە بەهۆی بێسەروبەری حکومەت و هۆکاری سیاسیەوە دروستبوبێت.

Civil war has led to anarchy.

جەنگی ناوخۆ پشێوی لێکەوتووەتەوە.

1330 بەمانای بێچووی شێرو پڵنگ و ڕێوی و ورچ و گیاندارە مەمکدارە گۆشتخۆرەکانی تریش دێت. بەپێی ناوەرۆکی رستە یان پارەگرافەکە دەزانرێت مەخسەوی شەریفی نوسەر کامیانە.

I saw a tiger and her cubs but didn’t near from them.

پڵنگێك و بێچووەکانیم بینی بەڵام لێیان نزیك نەبومەوە.

1331 Do children know the difference between right and wrong?

ئایا مناڵان جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە دەزانن؟

1332 میلیتری ئاکشن

The military action that killed Qasim Sulaimany made Iran angry.

ئەو کارە سەربازییەی قاسم سولەیمانی کوشت، ئێرانی تورەکرد.

1333 پرۆکسی، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پرااکسی گۆیدەکەن.

The proxy need not be a member of the Company.

بریکارەکە پێویستە ئەنجامی کۆمپانیاکە نەبێت.

1334 His illness affects almost every aspect of his life.

نەخۆشییەکەی کاردەکاتە سەر زۆربەی هەرزۆری لایەنەکانی ژیانی .

Today your aspect is nicer.

ئەمڕۆ روخسارت جوانترە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**burp** لێدەدات، بەڵام قرقینە[1336]

.531 **eclipse** واتە (خۆر یان مانگ) گیران[1337]

**unpiloted** (ئەنپایلەتد)ە بێفرۆکەوان[1338]

.532 **ground** (گراوند) یاریگا، هەروەها زەوی[1339]

**insomnia** ئەرەق، واتە بێخەوی[1340]

---

[1335]فەوتگراف، شۆت. هەردوکیان بەمانای وێنە دێن، واتە لەم مانایەدا مورادیفن.

The first color photograph was taken in 1861.

یەکەم وێنەی رەنگاوڕەنگ، لەساڵی 1861 گیراوە.

I've taken some of my best shots with this camera.

هەندێك لەباشترین وێنەکانم بەم کامێرایە گرتووە.

[1336]بێیپ. وەك فەرمان بەمانای "قرقینەلێدەدات" دێت.

Suddenly, she burped loudly three times.

کتوێر، سێجار بەدەنگی بەرز قرێنەی لێدا.

[1337] ئیکلیپس. بەمانای گیران دێت. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەوەی کە ئاخۆ خۆرگیرانە یان مانگگیرانە، پێویستە وشەی sun (خۆر)و moon (مانگ) یان دارێژراوو مورادیفەکانیانی، لەگەڵدا بەکاربهێنرێت.

On Wednesday there will be a total eclipse of the sun.

رۆژی چوارشەممە خۆرگیرانێکی تەواوەتی رودەدات.

Occasionally a lunar eclipse happens.

هەندێجار مانگگیران رودەدات.

[1338] An unpiloted plane killed several innocent people.

فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان چەند کەسێکی بێتاوانی کوشت.

[1339] The government built a new football ground last year.

ساڵی رابردوو حکومەت یاریگایەکی تازەی تۆپی پێی دروستکرد.

These workers work 70 metres below ground level.

ئەم کرێکارانە حەفتا مەتر لەژێر ئاستی زەوییەوە کاردەکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

533. penitentiary بەمانای زیندان[1341]

(sewing machine)ە مەکینەی درومان[1342]

534. hack هاکدەکات، هەم کۆلکەنوسەر[1343]

axis میحوەرە، بەکوردی تەوەر[1344]

535. athlete ریازی، واتە وەرزشکار[1345]

---

[1340]ئینسۆمنیە، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئینسامنیە گۆیدەکەن. ئەرەق= (ع: أرق)= بێخەوی= خەوزڕان: حاڵەتی خەولێنەکەوتن.

Content of Tryptophan in figs, induces good sleep and helps get rid of sleep disorders such as insomnia.

بەهۆی ئەوەی هەنجیر ترشی ئەمینی تراپیتوفانی تێدایە، خەوتنێکی باش دابیندەکات و یارمەتی رزگاربون دەدات لەتێچونەکانی پەیوەست بە خەوتن، وەك بێخەوی، دەدات.

[1341]پێنیتێنشری، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پێنەتێنشری گۆیدەکەن.

When I arrived back from the penitentiary, Sakar was in my room asleep.

کاتێك لەزیندان گەرامەوە، ساکار لەژورکەمدا خەوی لێکەوتبوو.

[1342]سەوین مەشیینز مەکینەی درومان: مەکینەی دورینی جلوبەرگ.

When it was invented, the sewing machine was controversial, feared to be too sexually stimulating to women.

کاتێك مەکینەی درومان داهێنرا، مشتومڕی نایەوە ترسی ئەوە هەبوو کە ئەم ئامێرە ببێتە وروژێنەرێکی سێکسیی توندی خانمان.

[1343]هاك. وەك فەرمان بەمانای "هاکدەکات"و وەك ناو بەمانای "کۆلکەنوسەر" دێت. مەبەستم لەکۆلکەنوسەر لێرەدا ئەو نوسەرانەیە کە شتی لاوازو بێپێز دەنوسن= نوسەری لاواز.

30,000 websites are hacked every day.

هەموو رۆژێك 30 هەزار ماڵپەڕ هاکدەکرێن.

Kurdistan is full of hacks.

کوردستان پڕە لەکۆلکەنوسەر.

[1344]ئاکسس. میحوەر= (ع: محور)= تەوەر. ناوێکی بژێدراوە، کۆکەی axesە.

The earth revolves around the axis that joins the North and South Poles.

زەوی بەدەوری ئەو تەوەرەدا دەسوڕێتەوە کە هەردوو جەمسەری باکورو باشور بە یەك دەگەیەنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

hockey هۆكییە[1346]، jockey ئەسپسوار[1347]

536. defendant چیە؟ شەكوالێكراو[1348]

bin تەنەكەی خۆڵ[1349]، dinیش ژاوەژاو[1350]

537. culture هەم كلتور، هەم رۆشنبیری[1351]

---

[1345]ئاتلیت. ریازی= (ع: ریاضي)= وەرزشكار.

He became a professional athlete at the age of 16.

ئەو لەتەمەنی 16 ساڵیدا بووە وەرزشكارێكی پیشەگەر.

[1346] هۆكی. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە هاكی گۆیدەكەن. هۆكی: جۆرە وەرزشێكە.

Football, cricket and hockey are all team sports.

تۆپی پێ، كریكیت و هۆكی هەمویان وەرزشی تیمن (نەك تاكەكەسی).

[1347] جۆكی. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە جاكی گۆیدەكەن. ئەم وشەیەو ئەوەی پێشتر لەڕوی خوێندنەوەوە لەسەر یەك وەزنن و لەڕوی پێكهاتەی حەرفیشەوە تەنها پیتی یەكەمیان جیاوازە، بۆیەك لەنیوە بەیتێكدا كۆمكردنەوە.

Not many other jockeys are so lucky.

زۆرێك لەئەسپسوارەكانی تر، ئەوەندە بەختباش نین.

[1348]دیفێندنت. شەكوالێكراو= سكاڵالێكراو= (ع: مدعي علیه).

The jury concluded from the evidence that the defendant was innocent.

دەستەی سوێندخۆران لەبەڵگەكەوە، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی كە سكاڵالێكراوەكە بێتاوانە.

[1349]بین. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Do you want this or shall I throw it in the bin?

ئەمەت دەوێت؟ یان فڕێیبدەمە ناو تەنەكەی خۆڵەكەوە.

[1350] دین. ئەمیش هەروەك خۆی دەخوێنرێتەوە.

The din of the children upstairs disturbed me so much.

ژاوەژاوی منداڵەكان لەقاتی سەرەوە زۆر بێزاریان كردم.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

gerontologist (جێرەنتۆلەجیست) پسپۆڕی پیری[1352]

[538]. buck ئاسك و کەروێشك، هەمیش دۆلارە[1353]

unlettered (ئەنلێتەد) مانای نەخوێندەوارە[1354]

[539]. hump هەڵدەگرێ، لەگەڵ کۆپارە[1355]

---

[1351] کەڵچە"ر". بەمانای کلتورو رۆشنبیریش دێت کە دوو شتی جیان.

We are born afraid of only two things; falling and loud noises. All our other fears are learned an influenced by our environments and cultures.

کاتێك لەدایك دەبین، تەنها لەدوو شت دەترسین: کەوتنەخوارەوەو ژاوەژاوی بەرز. سەرجەم ترسەکانی تر بەهۆی ژینگەو کلتورەوە فێردەبین و کاریگەری لەسەرمان دروستدەکەن.

Who Is Russia's New Culture Minister?

وەزیری رۆشنبیریی نوێی روسیا، کێیە؟

[1352] پسپۆڕی پیری: ئەو زانا یان لێکۆڵەرەی لەپیری و کاریگەرییەکانی لەسەر جەستە، دەکۆڵێتەوە.

A Cambridge gerontologist believes that if technology continues to advance at its current rate, the first person who will live to 1,000 years old is alive today.

پسپۆڕێکی پیری لە زانکۆی کامبریج، لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر تەکنۆلۆجیا بەم ڕیتمەی ئێستا لەپێشکەوتن بەردەوام بێت، ئەوا یەکەم کەس کە بەهۆی ئەو پێشکەوتنەوە تەمەنی دەگاتە هەزار ساڵ، ئێستا لەژیاندایە.

[1353] بەك. بەمانای ئاسك و کەروێشك (ئاسك و کەروێشکی نێر نەك هی مێ) و دۆلاریش دێت. ئەم وشەیە جەمعەکەی هەروەك خۆیەتی. دەشتوانرێت بەزیادکردنی s یش کۆبکرێتەوە.

We rarely see the buck here.

بەدەگمەن ئاسکی نێر لێرە دەبینین.

Some people say that the buck meat is delicious.

هەندێك کەس دەڵێن گۆشتی کەروێشکی نێر بەلەزەتە.

He owes me ten bucks.

ئەو 10 دۆلاری من قەرزارە.

[1354] He is an unlettered employee.

ئەو کارمەندێکی نەخوێندەوارە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**hippopotamus ماینی روباره**[1356]

.540 **unwell مەریزە، بەکوردی نەخۆش**[1357]

**senseless، unconscious هەردوکیان بێهۆش**[1358]

.541 **mailbox واتە سندوقی پۆستە**[1359]

**type جۆر، تایپەکا**[1360]**، typist تایپێستە**[1361]

---

[1355] هەمپ. وەك فەرمان بەمانای هەڵدەگرێت و وەك ناو بەمانای کۆپارە (بۆ نمونە کۆپارەی حوشترو هتد...) دێت.

I managed to hump the suitcases upstairs.

توانیم جانتاکان هەڵبگرم بۆ نهۆمی سەرەوە.

A camel's hump does not hold water at all, it actually stores fat.

کۆپارەی حوشتر بەهیچ شێوەیەك ئاوی تێدا نیە. لەڕاستیدا چەوری خەزندەکات.

[1356] هیپەپۆتەمەس. ماینی روبار: گیاندارێکی زەبەلاحە.

Hippopotamuses are mammals, just like elephants, lions, humans, and many other animals.

ماینی روبار هەروەك فیل، شێر، مرۆڤ و زۆرێك لەگیاندارانی تر، یەکێکە لەگیاندارە مەمکدارەکان.

[1357] ئەنوێل. مەریز= (ع: مريض)= نەخۆش، ناساغ. لەڕوی ماناوە پێچەوانەی well وhealthy و موڕادیفی sick وill وpatient.

When Menelik II, emperor of Ethiopia, felt unwell, he would eat a few pages of the Bible.

مێنیلیکی دووەم کە ئیمپراتوری ئەسیوپیا بووە، هەرکاتێك هەستی بکردایە نەخۆشە، چەند لاپەڕەیەك ئینجیلی دەخوارد.

[1358] سێنسلس، ئەنکۆنشس. لەم مانایەدا موڕادیفن. بێهۆش: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی مرۆڤ یان هەر زیندەوەرێکی تر بەکاردەهێنرێت کە هۆشی نەبێت واتە ئاگای لەخۆی نەبێت لەبەر هۆکاری جیای وەك نەخۆشی و بورانەوە هتد...

I tried to escape but was kicked until I was senseless .

هەوڵمدا رابکەم، بەڵام هێندەم تێهەڵدرا تا بێهۆش بوم.

She was found alive but unconscious.

بەزیندویی دۆزرایەوە، بەڵام بێهۆش بوو.

[1359] مەیڵبۆکس. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مەیڵباکس گۆیدەکەن.

The mailbox is full of letters.

سندوقی پۆستەکە پڕە لەنامە.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## [.542] Algeria چیه؟ واته جەزائیر[1362]

## (counterpart)ە بەمانای نەزیر[1363]

---

[1360] تایپ. وەك ناو بەمانای جۆرو وەك فەرمان بەمانای "تایپەکا" دێت.

تایپەکا= تایپدەکات: بە کۆمپیوتەرو ئامێرە هاوشێوەکانی، دەنوسێت.

Dates are rich in various types of vitamins. It contains vitamins like B1, B2, B3, and B5, as well as A1 and C.

خورما بە جۆرە جیاوازەکانی ڤیتامین، دەوڵەمەندە. ڤیتامین بی 1، بی2، بی3 و بی5 تێدایە. هەروەها ڤیتامین ئەی1و سیشی تێدایە.

Aside from being attracted to humans with Type O blood, mosquitoes also prefer larger persons and pregnant women. According to a study, pregnant women and larger persons exhale more carbon dioxide and have higher body temperatures, which allows mosquitoes to detect them more quickly.

راستییەکی ناخۆش بۆ خانمانی دوگیان و کەسانی کەتەو زل.
مێشولە سەرباری ئەوەی کە حەزی لەخوێنی جۆری ئۆیە، هەروەها حەزی بۆ کەسانی کەتەو خانمانی دوگیان زیاترە وەك لەکەسانی تر. بەگوێرەی ناسکەلێکۆڵینەوەیەك، خانمانی دوگیان و کەسانی کەتە، لەکاتی هەناسەدانەوەدا برێکی زیاتر دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەردەدەن و پلەی گەرمیی لەشیان بەرزترە، ئەمەش وا دەکات مێشولە خێراتر ئەم جۆرە کەسانە بدۆزێتەوە.

He can type very quickly.

ئەو دەتوانێت زۆر بەخێرایی تایپبکات.

[1361]لەئینگلیزیدا بە تایپیست دەخوێنرێتەوە.

تایپیست: ئەو کەسەی لەسەر کۆمپیوتەرو ئامێرە هاوشێوەکانی تایپ دەکات. بەڵام بەهەڵەی باو لای خۆمان پێی دەووترێت تایپێست ئەگینا خوا هەڵناگرێ "ی"یەکە حەوتی لەسەر نیە!. بەنیسبەت فەخامەتی جەنابمەوە لەبەر زەروراتی شیعری نوسیم تایپێست نەك تایپیست.

He is a fast typist.

ئەو تایپیستێکی خێرایە.

[1362]ئالجیریا. جەزائیر: وڵاتێکی عەرەبییە لەکیشوەری ئەفەریقا. لەبەرئەوەی ناوی وڵاتە، بۆیە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

Algeria is the largest country by area in Africa. Before 2011, when South Sudan became independent, Sudan was the largest.

جەزائیر گەورەترین وڵاتی کیشوەری ئەفەریقایە لەڕوی روبەرەوە. پێش ساڵی 2011 کە تێیدا باشوری سودان بووە وڵاتێکی سەربەخۆ، سودان گەورەترین بووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.543 **stronghold قەلعە، واتە قەڵایە**[1364]

**just لەگەڵ only هەردوو (تەنها)یە**[1365]

.544 **manual دەستی، لەگەڵ کوراسە**[1366]

**breathe فەرمانە، دەدات هەناسە**[1367]

---

[1363]کاونتەپاات. نەزیر= (ع: نظير)= هاوتا.

The Kurdistan region prime minister held many talks with his Iraqi counterpart but in spite of that, Baghdad didn't agree to send the budget.

سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان چەندین گفتوگۆی لەگەڵ هاوتا عیراقییەکەی ئەنجامدا، بەڵام سەرباری ئەوەش بەغدا رازی نەبوو کە بودجە بنێرێت.

[1364]سترۆنهەوڵد. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سترانهۆوڵد گۆیدەکەن. قەلعە= (ع: قلعة)= قەڵا.

They captured the last stronghold of the presidential guard.

ئەوان کۆتا قەڵای پاسەوانی سەرۆکایەتییان، گرت.

[1365]جەست، ئەونلی. لەم مانایەدا موڕادیفن.

I don’t need the whole world; I just need you.

پێویستم بە هەموو دنیا نیە. تەنها پێویستم بە تۆیە.

There is only one thing in the world that’s more delicious than morning sleeping. It’s your morning kiss.

لەسەرتاسەری جیهاندا تەنها یەك شت هەیە بەلەزەتتر بێت لەخەوی بەیانیان، ئەویش ماچی بەیانیانی تۆیە.

[1366] مانیوەڵ. بەمانای دەستی و کوراسە دێت.

کوراسە= نامیلکە: لێرەدا مەخسەوی ئەریفم لەنامیلکە، نامیلکەی رێبەری فێربونی بەکارهێنان و ئیشپێکردنی ئامێرو هاوشێوەکانی.

She doesn't like doing manual work.

ئەو حەزی لەئەنجامدانی کاری دەستی نیە.

The car manual contains very useful instructions.

نامیلکەی ئۆتومبێلەکە رێنامییگەلی زۆر بەسودی تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**545. messenger چیە؟ واتە پەیامبەر**[1368]

**breadwinner (برێدوینە"ر")ە مانای بەخێوکەر**[1369]

**546. summary (سەمەری) خولاسە، بەکوردی پوختە**[1370]

**precipitous لەناکاو، سەختە**[1371]

**547. linger (لینگە"ر")و remain (ریمەین) دەمێنێتەوە**[1372]

---

[1367] برییث. دەدات هەناسە= هەناسەدەدات.

A newborn child can breathe and swallow at the same time for up to seven months.

منداڵی تازەلەدایکبوو، تا تەمەنی حەوت مانگی، دەتوانێت لەیەك کاتدا هەناسەش بدات و شتیش قوتبدات. واتە بەدووڵا مەست و حەیرانە!

[1368] مێسینجە"ر". پەیامبەر: ئەو کەسەی ئیشی گەیاندنی نامەو بەڵگەنامەیە، یان ئەو کەسەی پەیامێك دەبات بۆ کەسێکی تر.

The king's messenger stayed in Rome for further talks.

بەمەبەستی گفتوگۆی زیاتر، پەیامبەری پادشا لە رۆما مایەوە.

[1369] She is now the family’s main breadwinner.

لەئێستادا ئەو (خانمەکە) بەخێوکەری سەرەکی خێزانەکەیە.

[1370] خولاسە= (ع: خلاصة)= پوختە.

Our teacher asked us to write a summary of the story.

مامۆستاکەمان داوای لێکردین پوختەیەکی چیرۆکەکە بنوسین.

[1371] پریسیپیتس. ئاوەڵناوە بەمانای لەناکاوو سەختیش دێت. لەناکاو= کتوپڕ.

لەمانای یەکەمیاندا تەقریبەن موڕادیفی sudden، بەڵام ئاستی لەناکاوییەکەی بەهێزترە لە sudden.

A precipitous decline in house prices shaked the city.

دابەزینێکی کتوپڕ لەنرخی خانوو، شارەکەی هەژاند.

Can you walik in a precipitous mountain path?

دەتوانیت بە رێگایەکی شاخاویی سەختدا بڕۆیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**generation (جێنەرەیشن) جیلە، بەکوردی نەوە**[1373]

.548 **decade (دێکەید) دەیەیە**[1374]**، century (سێنچری) سەدە**[1375]

**sixty (سکستی) شەستە**[1376]**، ninety (nainty) نەوەدە**[1377]

.549 **bargain ئیتیفاق، واتە ڕێکەوتن**[1378]

---

1372 The smell of the fish lingered for several days.

بۆنی ماسییەکە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك مایەوە.

Better to remain silent and be thought a fool than to speak out and remove the doubt.

باشترە بە بێدەنگی بمێنیتەوە و خەڵك گومانی ئەوە بکەن کە دەبەنگیت، وەك لەوەی قسە بکەیت و گومانەکە نەهێڵیت.

1373 وشەی جیل عەرەبییە بێگومان، کوردییەکەی نەوەیە.

The new generation smokes less than their fathers did.

نەوەی نوێ کەمتر لەباوکیان جگەرەدەکێشن.

1374 دەیە: دە ساڵ.

The city of Dallas, Texas has lost every single one of 82 court cases against the same man named Robert Groden, over several decades.

لەماوەی چەند دەیەیەکدا، شاری داڵاس لەویلایەتی تەکساس، 82 سکاڵای یاسایی لەدژی یەك پیاو بەزکردووەتەوە کە ناوی ڕۆبەرت گرۆدنە، بەڵام هەر 82 سکاڵاکەی دۆڕاندووە!

1375 سەدە: سەد ساڵ. ناوێکی بژێردراوە و کۆکەی centuries.

“The reading of all good books is like conversation with the finest people of the past centuries.” – Descartes

"خوێندنەوەی هەموو کتێبە باشەکان، وەك گفتوگۆکردن وایە لەگەڵ باشترین کەسەکانی سەدەکانی ڕابردوو". دیکارت.

1376 A herd of sixty cows is capable of producing a ton of milk in less than a day.

مێگەلێکی پێکهاتوو لە 60 مانگا دەتوانێت یەك تۆن شیر لەماوەی کەمتر لەڕۆژێکدا، بەرهەم بهێنێت.

1377 The female lion does ninety percent of the hunting.

لەسەدا نەوەدی ڕاوکردنەکانی شێر، لەلایەن مێینەکانیانەوە ئەنجامدەدرێت.

1378 باگین. ئیتیفاق= (ع: إتفاق)= ڕێکەوتن.

Management and unions have made a bargain over wage increases.

ئیدارەو یەکێتییەکان ڕێکەوتنێکیان لەسەر زیادکردنی کرێ، ئەنجامداوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bury دەنێژێ[1379]، burial (بێریەڵ)یش ناشتن[1380]**

**.550** **shoelace (شوولەیس) قەیتانە[1381]، مانای shoe (شوو) کەوشە[1382]**

**violent (ڤایەلنت) توندڕەو[1383]، بێ N وەنەوشە[1384]**

**.551** **real (رییەڵ) واتە راست، وەك really (رییلی)ش (زۆر)ە[1385]**

---

[1379] بێری. دەنێژێ= دەنێژێت. رابردووەکەی buried.

They buried his father in the cemetery on the hill.

ئەوان باوکیان لەگۆڕستانی سەرگردەکە ناشت.

[1380] We went back to Penjwen for my uncle's burial.

بەمەبەستی ناشتنی مامم، گەڕاینەوە بۆ پێنجوێن.

[1381] بەمانای قەیتان دێت، بێگومان مەخسەوی شەریفم قەیتانی پێڵاوە.

Your shoelaces are undone.

قەیتانەکانت کراوەن. واتە نەبەستراون.

[1382] کەوش= پێڵاو

He put on his new pair of shoes.

جوتەپێڵاوە تازەکەی لەپێکرد.

[1383] My father was a violent and dangerous man.

باوکم پیاوێکی توندەڕەوو مەترسیدار بوو.

[1384] ڤایەلێت. واتە ئەگەر وشەی Violent پیتی nەکەی لێبکەیتەوە، دەبێت بە وشەی violet کە بەمانای وەنەوشە دێت کە گوڵێکی باوە.

Violet is one of my favourite flowers.

وەنەوشە یەکێکە لەگوڵە دڵخوازەکانم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sunscreen (سەنسکریین) کرێم، ی دژەخۆرە**[1386]

.552 **triumph، victory هەدوو سەرکەوتن**[1387]

**(misdemeanor)ە بەمانای کەتن**[1388]

.553 **ostrich (ئۆستریچ) حوشترمل، واتە نەعامە**[1389]

---

[1385] بەمانای راست دێت، هەروەها وەك وشەی reallyش کە بەمانای "زۆر" دێت، ئەمیش بەمانای "زۆر"یش دێت. واتە لەم مانایەدا هاومانای veryیە.

مانای دووەمی وشەی real زیاتر ئەمەریکییەو لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت.

You can't be real with others if you're not real with yourself.

ئەگەر لەتەك خۆتدا راست نەبیت، ناتوانیت لەگەڵ کەسانی تردا راست بیت.

She’s real cute.

ئەو زۆر سەرنجڕاکێشە.

[1386] بەمانای کرێمی دژەخۆر دێت.

Melanoma is the deadliest form of skin cancer, and using sunscreen daily is your best defense against it.

مێلانۆما کوشندەترین جۆری شێرپەنجەی پێستەو بەکارهێنانی کرێمی دژەخۆر بەشێوەیەکی رۆژانە، باشترین بەرگری تۆیە لەدژی ئەو نەخۆشییە.

[1387] ترایەمف، ڤیکتری

Winning the championship is a great personal triumph.

بردنەوەی پاڵەوانێتییەکە سەرکەوتنێکی گەورەی کەسییە (شەخسییە). واتە سەرکەوتنێکی گەورەی تاکەکەسییە نەك جەماعی.

This result is a victory for democracy.

ئەم ئەنجامە سەرکەوتنێکە بۆ دیموکراسی.

[1388] میسدەمینە"ر". کەتن= (ع: جنحة): تاوانی بچوك.

Yaseen beats his children for even the smallest misdemeanor.

یاسین تەنانەت لەسەر بچوکترین کەتن، لەمنداڵەکانی دەدات.

[1389] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاستریچ گۆیدەکەن.

Ostriches can run faster than horses, and the males can roar like lions.

نەعامە دەتوانێت لەئەسپ خێراتر رابکات. نێرەکانیشیان دەتوانن وەك شێر بنەڕێنن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**Pacific Ocean (پەسیفیك ئەوشن) زەریای ئارامە**[1390]

.554 **fine (فاین) باریك و باش و غەرامە**[1391]

**calm (کالم)و tranquil (ترانکویڵ) هەردوو ئارامە**[1392]

.555 **explain (ئیکسپلەین) چیە؟ روندەکاتەوە**[1393]

**investigation (ئینڤێستیگەیشن) لێکۆڵینەوە**[1394]

.556 **measure ڕێکارە، لەگەڵ دەپێوێ**[1395]

---

[1390] زەریای ئارام= زەریای هێمن= ئۆقیانوسی ئارام.

The largest volcano on Earth is named Tamu Massif, It locates at the bottom of the Pacific Ocean.

گەورەترین گڕکان لەسەر زەوی ناوی تامو مەسیفەو دەکەوێتە بنی زەریای ئارامەوە.

[1391] .سیان لەدیارترین ماناکانی ئەم وشەیە باریك، باش، غەرامەن.

A fine needle  holed my arm.

دەرزییەکی باریك قۆڵمی کونکرد.

He’s a very fine player.

ئەو یاریزانێکی زۆر باشە.

Traffic police has complete powers to impose fines on drivers who park illegally.

پۆلیسی هاتوچۆ دەسەڵاتی تەواوی هەیە بۆ سەپاندنی غەرامە بەسەر ئەو شۆفێرانەی بەنایاسایی ئۆتۆمبێل رادەگرن.

[1392] هەروکیان بەمانای ئارام دێن.

After a night of fighting, the streets are now calm.

پاش شەوێك شەڕکردن، لەئێستادا شەقامەکان ئارامن.

I live in a tranquil village of Penjwen town.

من لەگوندێکی ئارامی شارۆچکەی پێنجوێن دەژیم.

[1393] Crying is how your body speaks when your mouth can't explain the pain you feel.

گریان بریتییە لەچۆنیەتی قسەکردنی جەستەت لەکاتێکدا دەمت ناتوانێت ئەو ئازارە رونبکاتەوە کە هەستی پێدەکەیت.

[1394] The investigation continued for nearly three years.

لێکۆڵینەوەکە بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ بەردەوامبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sow دەچێنێ، هەم بەرازی مێ**[1396]

.557 **by proxy چیە؟ (بەوەکالەت)ە**[1397]

**tie، necktie ریبات**[1398]**، jacket (جاکیت) چاکەتە**[1399]

---

[1395]مێژە"ر". وەك ناو بەمانای رێکار (اجراء)و وەك فەرمان بەمانای دەپێوێ (دەپێوێت) دێت.

Measures are being taken to reduce crime in the city.

چەندین رێکار دەگیرێنەبەر بۆ کەمکردنەوەی تاوان لەشارەکە.

“Will the table fit in here?" "I don't know - let's measure it."

"ئایا مێزەکە بۆ ئێرە گونجاوە؟" ، "نازانم، با بیپێوین".

[1396]سەو. وەك فەرمان بەمانای دەچێنێ (دەچێنێت) و وەك ناو بەمانای بەرازی مێ دێت. ئەم وشەیە عەینەن وشەی so دەخوێنرێتەوە کە بەمانای (کەواتە، زۆر) دێت.

We sow carrots in between the onions.

لەنێوان پیازەکاندا گێزەر دەچێنین.

He has a nice sow.

ئەو بەرازێکی مێی جوانی هەیە.

[1397]بای پرۆکسی، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بای پراکسی گۆیدەکەن.

My brother's voting for me by proxy in the club elections.

لەهەڵبژاردنەکانی یانەکەدا، براکەم بەوەکالەت دەنگم بۆ دەدات.

[1398]تای، نێکتای. هەردوکیان لەم مانایەدا موورادیفن و بەمانای ریبات دێن. ریبات= (ع: رباط)= بۆینباخ.

According to research, if you tie a tie too tightly, it can increase the risk of glaucoma in men. Too tight of a knot can increase the pressure in the eye which is the leading risk of obtaining this disease.

وریابە !

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك بەستنی بۆینباخ بە شێوەی توند، مەترسیی توشبون بە نەخۆشیی گلوکۆما واتە ئاوی شین لەپیاواندا زیاددەکات کە یەکێکە لەنەخۆشییە مەترسیدارەکانی چاو. چونکە ئەو جۆرە بەستنە فشار لەسەر چاو دروستدەکات، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبونی ئەم نەخۆشییە.

I wear a shirt and tie for the occasion.

بۆ بۆنەکە کراس و بۆینابخێك لەبەردەکەم.

His necktie is very nice.

بۆینباخەکەی زۆر جوانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.558 **remnant بەقییە، واتە پاشماوە**[1400]

**wether بەرانە، بەس خەسێنراوە**[1401]

.559 **angina چیە؟ سنگەکوژێیە**[1402]

**masculine (ماسکیەلن) نێرە**[1403]**، feminine (فێمینن) مێیە**[1404]

.560 **increase (ئینکرییس) زیاددەکا، زیاددەبێ، زیادبون**[1405]

---

1399 He wears expensive jackets.

ئەو چاکەتگەلی گران لەبەردەکات.

1400 ڕێمنەنت. بەقییە= (ع: بقية)= پاشماوە.

The remnants of his meal were on the table.

پاشماوەی ژەمەخواردنەکەی لەسەر مێزەکە بوو.

1401 وێدە"ر". بەمانای بەرانی خەسێنراو دێت.

The wether was vey powerful.

بەرانە خەسێنراوەکە زۆر بەهێز بوو.

1402 ئانجاینە. سنگەکوژێ= (ع: الذبحة الصدرية): جۆرە کێشەیەکی تەندروستییە کە تێیدا ئازارێکی توند لەسنگدا دروستدەبێت.

If you experience angina while exercising, stop.

ئەگەر لەکاتی وەرزشکردندا توشی سنگەکوژ دەبیت، بووەستە.

1403 The French word for "sun'" is masculine but the German word is feminine.

لەزمانی فەرەنسیدا وشەی خۆر نێرە بەڵام لەئەڵمانیدا مێیە.

1404 In Arabic "trip" is feminine.

لەزمانی عەرەبیدا "گەشت" مێیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**plane (پلەین) فڕۆکە، plain (پلەین) سادەو روون**[1406]

**.561 orbit (ئۆربیت) خولگەیە، لەگەڵ چاڵی چاو**[1407]

**predictable (پریدیکتبڵ) چاوەڕوانکراو**[1408]

---

[1405] وەك فەرمان بەمانای "زیاددەکات" و "زیاددەبێت" و وەك ناو بەمانای "زیادبون" دێت.

Multivitamins increase the risk of cancer and heart disease, according to recent studies.

بەگوێرەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی نوێ، فرەڤیتامینەکان مەترسیی توشبون بە شێرپەنجەو نەخۆشییەکانی دڵ، زیاددەکەن.

Researchers found that every two hours spent watching television was associated with a 14% increase in diabetes risk.

لێکۆڵەران بۆیان دەرکەوتووە کە هەموو دوو سەعات سەیرکردنێکی تەلەفزیۆن، پەیوەندی هەیە بە زیادبونی مەترسیی نەخۆشی شەکرە بەڕێژەی لەسەدا 14.

Cases of tuberculosis are on the increase.

حاڵەتەکانی نەخۆشی سیل لەزیادبوندان.

[1406] . سەرنجبدە ئەم دوو وشەیە بەیەك شێوە گۆدەکرێن بەڵام پێکهاتە پیتەکان و ماناکانیان جیاوازە.

The chances of dying in a plane crash are 1 in 11 million.

ئەگەری مردن بەهۆی تێکشکانی فڕۆکە، یەك لەسەر 11 ملیۆنە.

She wore a plain black dress for the party.

ئەو عەزییەکی رەشی سادەی لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

The reason of the murder is perfectly plain.

هۆکاری کوشتنەکە تەواو روونە.

[1407] وەك ناو بەمانای خولگەو چاڵی چاویش دێت.

The satellite is now in a stable orbit.

لەئێستادا مانگە دەستکردەکە لەسەر خولگەیەکی جێگیردایە.

Because the orbit is made of bone it cannot expand.

چاڵی چاو لەبەرئەوەی لەئێسك دروستبووە، ناتوانێت فراوانبێت.

[1408] The snow had a predictable effect on traffic.

بەفر کاریگەرییەکی چاوەڕوانکراوی هەیە لەسەر هاتوچۆ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.562 **boiling point خاڵی کوڵانە**[1409]

**suffrage (سەفریج) بەمانای مافی دەنگدانە**[1410]

.563 **swell (سوێڵ) دەئاوسێ، هەروەها نایاب**[1411]

**mom (مۆم) واتە دایك**[1412]**، dad (داد) بەمانای باب** [1413]

.564 **vomit ئەڕشێتۆ**[1414]**، nausea هێڵنجدان**[1415]

---

[1409]بۆیلینن پۆینت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بۆیڵینن پۆینت گۆیدەکەن. خاڵی کوڵان: ئەو پلە گەرمییەیە کە تێیدا شلە دەبێت گاز.

The boiling point of water is 100°C.

خاڵی کوڵانی ئاو، سەد پلەی سیلیزییە.

[1410] She wrote a book about the women’s suffrage in America.

ئەو کتێبێکی سەبارەت بە مافی دەنگدانی خانمان لە ئەمەریکا، نوسی.

[1411]وەك کار بەمانای دەئاوسێ (هەڵدەئاوسێ) و وەك ئاوەڵناو بەمانای نایاب (زۆر باش) دێت.وەك فەرمان رابردووەکەی swelled، بەڵام تەسریفی سێیەمی بەم شێوەیە دەکرێت: swollen و swelled .

During sex, the inner nose swells, in addition to the breasts and genitals.

لەکاتی سێکسکردندا ئەندامەکانی زاوزێ و مەمك و ناوەوەی لوت هەڵدەئاوسێن.

That's a swell idea.

ئەوە بیرۆکەیەکی نایابە.

[1412] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مام گۆیدەکەن.

I miss my mom and dad a lot.

زۆر بیری دایك و باوکم دەکەم.

[1413]باب= باوك.

My dad taught me to drive.

باوکم فێری لێخورینی کردم.

[1414]ڤومیت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڤامیت گۆیدەکەن. وەك فەرمان بەمانای "ئەڕشێتۆ" دێت. بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "ئەڕشێتۆ"، "دەرشێتەوە"یە، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعری و هاوسەنگراگرتنی کێشی بەیتەکە ناچاربوم بنوسم "ئەڕشێتۆ".

Suddenly I vomited.

کتوپڕ رشامەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**compliment ئیترائـ، واتە پیاهەڵدان**[1416]

.565 **massacre چیە؟ کۆمەڵکوژییە**[1417]

**warship بەمانای کەشتی جەنگییە**[1418]

.566 **allergy (ئالەجی) چیە؟ هەستیارییە**[1419]

**detail (دیتەیڵ) بەمانای وردەکارییە**[1420]

.567 **dental (دینتڵ) ئاوەڵناو، مانای هی ددان**[1421]

---

[1415]نۆزییە، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نازییە گۆیدەکەن.

Instead of chest pains, heart attacks in women have nausea, indigestion, and shoulder aches.

جەڵتەی دڵ کاتێك لەپیاو دەدات، ئازار لەسنگیدا پەیدادەبێت. بەڵام لەخانماندا لەبری ئەو ئازاری سنگە، هێڵنجدان و بەدهەرسی و ئازاری شانی لەگەڵدایە.

[1416]کۆمپلیمنت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کامپلەمەنت گۆیدەکەن.

A compliment is like a kiss through a veil. - Victor Hugo

پیاهەڵدان وەك ماچ وایە لەڕێگەی نیقابەوە.

[1417]ماسەکە"ر". کۆمەڵکوژی: قەسابخانەی مرۆیی، واتە هێرشێك یان ڕوداوێك کە تییدا ژمارەیەکی زۆر خەڵك بکوژرێت.

My grandfather was the only survivor of the massacre.

تەنها ڕزگاربوی کۆمەڵکوژییەکە باپیرەم بوو.

[1418]ۆرشیپ. سەرنجبدە ئەم وشەیە لێکدراوەو لەهەردوو وشەی war (جەنگ) و ship (کەشتی) پێکهاتووە.

In 2009, when a Canadian man named John Wilson opened the shipping container he had bought for $400 and used it as a bridge for 10 years, inside it he found a $2,000,000 Canadian warship engine.

لەساڵی 2009، پاش ئەوەی پیاوێکی کەنەدی بەناوی جۆن ویڵسن ئەو سندوقی گواستنەوە بە کەشتییەی بە چوار سەد دۆلار کڕیبوو کردەوە کە بۆ ماوەی 10 ساڵ وەك پرد بەکاریهێنابوو، سەیریکرد مەکینەیەکی کەشتیی جەنگیی کەنەدی لەناودایە کە بەهاکەی دوو ملیۆن دۆلارە.

[1419] هەستیاری= حەساسیەت.

Symptoms of a food allergy usually develop within about an hour after eating the food.

نیشانەکانی هەستیاری بە خواردمەنی، بەگشتی لەماوەی یەك سەعاتی پاش خواردنی خواردمەنییەکە، سەرهەڵدەدەن.

[1420] وردەکاری= تەفاسیل= (ع: تفاصیل).

We don't know the details of the accident yet.

تائێستا وردەکارییەکانی ڕوداوەکە نازانین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

obstruction (ئەبسترەكشن)ە بەواتای گیران[1422]

568. itch وەكو فەرمان، بەواتای دەخورێ[1423]

(palpitation)ە مانای دڵەكوتێ[1424]

569. meeting چیە؟ كۆبونەوە[1425]

rain واتە باران، reinیش جڵەوە[1426]

---

[1421] Dental decay is a common disease.

كلۆربونی ددان نەخۆشییەكی باوە.

[1422] They found an obstruction in one of the major arteries leading to the brain.

ئەوان گیرانێكیان لەو خوێنبەرە سەرەكییانەدا دۆزییەوە دەڕۆن بۆ دەماخ.

[1423]ئیچ. وەك فەرمان (نەك ناو) بەمانای دەخورێ دێت. دەخورێ= دەخورێت.

What's that big red lump on your arm? Does it itch?

ئەو لووە سورە گەورەیە چیە لەسەر قۆڵت؟ دەخورێ؟

[1424] پاڵپیتەیشن. ئەم وشەیە ناوێكی بژێردراوەو هەمیشەش لەشێوەی كۆدا بەكاردەهێنرێت.

دڵەكوتێ: لێدانی دڵ بەخێرایی یان نارێكوپێكی.

I have gotten bad palpitations.

دڵەكوتێیەكی خراپم گرتووە.

[1425] میتینگ. كۆبونەوە= (ع: اجتماع).

The company that owned the WTC had scheduled a meeting for 9/11/2001 on Tower 1 to discuss what to do in the event of a terrorist attack, but rescheduled the night before because someone couldn't attend.

بڕیاربوو ئەو كۆمپانیایەی خاوەنی سەنتەری بازرگانی جیهانی بوو، لە 11-9-2001، كۆبونەوەیەك لەتاوەری ژمارە یەكی سەنتەرەكە ئەنجامبدات و تێیدا باس لەوە بكرێت كە لەكاتی هێرشی تیرۆریستیدا چی بكرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی كەسێكیان نەیتوانی لەكۆبونەوەكە ئامادەبێت، شەوی پێشتر، وادەی كۆبونەوەكە دواخرا.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.570 وشەی zoo (زوو) مانای باخچەی ئاژەڵان[1427]

medicament (میدیکەمەنت)ە بەواتای دەرمان[1428]

.571 consumption (کەنسەمپشن) چیە؟ بەکاربردنە[1429]

classification (کلاسیفیکەیشن) پۆلێنکردنە[1430]

.572 method (تەریقە)، بەکوردی شێواز[1431]

draftee، conscript هەردوکیان سەرباز[1432]

---

[1426] رەین. واتە هەردوکیان وەك یەك دەخوێنرێتەوە. وەك ناو، وشەی یەکەمیان نەبژێردراوە، بەڵام دووەمیان بژێردراوەو عادەتەن بەشێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت.

I like rain very much.

زۆر حەزم لەبارانە.

Smko tied the reins of his horse to the tree.

سمکۆ جڵەوی ئەسپەکەی بە درەختەکەوە بەستەوە.

[1427] Germany has more zoos than any other country in the world.

ئەڵمانیا لەهەر وڵاتێکی تری جیهان، زیاتر باخچەی ئاژەڵانی تێدایە.

[1428] They sent us out-of-date medicaments.

ئەوان دەرمانگەلی بەسەرچویان بۆ ناردین.

[1429] Daily consumption of figs is an effective drug for the treatment of hemorrhoids cure.

بەکاربردنی رۆژانەی هەنجیر دەرمانێکی کاریگەرە بۆ چارەسەرکردنی مایەسیری.

[1430] Do you understand the system of classification used in ornithology?

ئایا تۆ لەو سیستەمی پۆلێنکردنە تێدەگەیت کە لەباڵندەزانیدا بەکارهێنراوە؟

[1431] مێثەد. تەریقە= (ع: طريقة)= شێواز.

Change the methods not the goal.

شێوازەکان بگۆڕە نەك ئامانجەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

573. **pretext (پریتێکست) چیە؟ مانای بەهانە**[1433]

**might قودرەتە، بەکوردی توانا**[1434]

574. **whatsoever بەهیچ شێوەیەك**[1435]

**habitat ژینگە(ی گیاندار یا رووەك)**[1436]

575. **soothe مانای چیە؟ هێوردەکاتۆ**[1437]

---

[1432]درافتیی، کەنسکرییت. هەردوکیان بەمانای سەرباز دێن بەڵام وشەی یەکەمیان زیاتر لەئینگلیزیی ئەمەریکیدا بەکاردەهێنرێت و دووەمیان بریتانییە.

My young brother is a draftee in US army.

برا بچوکەکەم سەربازێکی سوپای ئەمەریکایە.

He is a young army conscript.

ئەو سەربازێکی گەنجی سوپایە.

[1433] The border dispute was used as a pretext for military intervention.

کێشە لەسەر سنور وەك بەهانەیەك بەکارهێنرا بۆ دەستوەردانی سەربازی.

[1434]مایت. قودرەت= (ع: قدرة)= توانا.

She tried with all her might to escape.

بەهەموو توانایەکییەوە هەوڵیدا رابکات.

[1435]وتسئەویڤە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە واتسۆویڤە"ر" گۆیدەکەن.

He’s had no luck whatsoever.

ئەو بەهیچ شێوەیەك بەختی نیە.

[1436]هابەتات. ژینگەی گیاندار یا رووەك: شوێنی ژیانی گیاندار یان رووەك.

Do you like watching monkeys in their natural habitat?

حەزت لەسەیرکردنی مەیمون هەیە لەژینگەی سروشتیی خۆیدا؟

The grassland is an important habitat for many wild flowers.

لەوەرگا ژینگەیەکی گرنگە بۆ زۆرێك لەگوڵە کێوییەکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**refute بەواتای پوچەڵەکاتۆ**[1438]

.576 **lava (لاڤە) بەمانای گڕاو(ی گڕکان)**[1439]

**geld خەساندنە بەس ناو نا، فەرمان**[1440]

.577 **flour تەحینە، بەکوردی ئاردە**[1441]

**molecule جوزەیئـ، کەواتە گەردە**[1442]

.578 **cook (کوك) لێدەنێ، تەباخ**[1443]**، tea (تی) چایە**[1444]

---

[1437]سوود. هێوردەکاتۆ= هێوردەکاتەوە= هێمندەکاتەوە.

Bakhan soothed the baby by rocking it in her arms.

باخان لەرێگەی راژەندنی منالّەکە لەباوەشیدا، هێوری کردەوە.

[1438]ریفیووت. پوچەڵەکاتۆ= پوچەڵدەکاتەوە.

Can you refute the evidence?

دەتوانیت بەڵگەکە پوچەڵبکەیتەوە؟

[1439] Millions of years ago, volcanic eruptions spilled lava over the land.

ملیۆنان ساڵ لەمەوبەر تەقینە گڕکانییەکان گڕاویان دەرداوەتە سەر زەوی.

[1440]گێلْد. مەبەستم لەم نیوە بەیتە ئەمەیە: ئەم وشەیە ناو نیە، بەڵکو فەرمانە واتە بەمانای "دەخەسێنێت" دێت کە فەرمانە نەك خەساندن کە ناوە. .

The vet gelded the young horse.

پزیشکە ڤێتێرنەرییەکە بێچووە ئەسپەکەی خەساند

[1441]فلاوە"ر". تەحین= (ع: طَحِین)= ئارد.

Wheat flour isn’t ery good for health.

ئاردی گەنم زۆر باش نیە بۆ تەندروستی.

[1442]مۆلیکیول. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مالیکیول گۆیدەکەن. جوزەیئـ= (ع: جزيء)= گەرد.

An average water molecule will spend 9 days in the atmosphere, 2 weeks in a river, 10 years in a large lake, 3,000 to 5,000 years in an ocean, 10,000-100,000+ years underground, and 10,000 to 1,000,000+ years in an Antarctic ice cap.

تێکرا هەر گەردێك ئاو نۆ رۆژ لەناو بەرگەهەوای زەوی و دوو هەفتە لەرووبارێك و 10 ساڵ لەدەریاچەیەکی گەورەو سێ هەزار تا پێنج هەزار ساڵ لەزەریایەك و دە هەزار تا سەد هەزار ساڵ لەژێرزەوی و دە هەزار ساڵ تا یەك ملیۆن ساڵ لەکڵاوەی سەهۆڵی جەمسەری باشوری گۆی زەوی بەسەردەبات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sense (سێنس) هەستدەکاو هەست، هەمیش "مانا"یە**[1445]

[579.] **impudent چیە؟ چەقاوەسووە**[1446]

**lettuce مانای خەس، واتە کاهووە**[1447]

---

[1443] وەك فەرمان بەمانای لێدەنێ و وەك ناو بەمانای تەباخ دێت.

لێدەنێ= لێدەنێت.

تەباخ= (ع: طباخ)= چێشتلێنەر.

I don't cook meat very often.

من زۆر گۆشت لێنانێم

She's a wonderful cook.

ئەو چێشتلێنەرێکی نایابە.

[1444] Green tea has 50% more vitamin C than black tea.

چای سەوز بەرێژەی لەسەدا 50 لەچای رەش، ڤیتامین سی زیاتر تێدایە.

[1445] بەمانای هەستدەکا، هەست، مانا دێت.

هەستدەکا= هەستدەکات.

Perhaps he sensed your distrust.

لەوانەیە هەستی بە بێمتمانەیی تۆ کردبێت.

Cows have an acute sense of smell and can detect odors up to six miles away.

مانگا هەستێکی تیژی بۆنکردنی هەیەو دەتوانێت تا دوریی شەش میل، بۆن کەشفبکات.

The word set has many senses.

وشەی set ژمارەیەکی زۆر مانای هەیە.

[1446] ئیمپیەدنت

Does this impudent, dishonourable journalist think he is the equal of Tolstoy, physically, intellectually, artistically, or morally?

ئایا ئەم رۆژنامەنوسە چەقاوەسووە سوکە پێیوایە کە لەڕوی زیرەکی و هونەری یان ئەخلاقییەوە، هاوتای تۆلستۆیە؟!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

580. owl (ئاوڵ) چیە؟ کوندەپەپوو[1448]

bedridden (بێدریدن) مانای لەجێداکەوتوو[1449]

581. eyeball (ئایبۆڵ) چیە؟ گلێنەی چاوە[1450]

puddle بیرکەیە، واتە گۆماوە[1451]

582. gaffe و goof، mistake، slip-up هەڵە[1452]

---

[1447] لێتیس. خەس (ع: خس)= کاهوو.

Eat lettuce if you have a sleep problem.

ئەگەر کێشەت لەخەوتندا هەیە، کاهوو بخۆ.

[1448] Main predators of flying squirrels are raccoons, coyotes, owls, foxes, snakes, birds, cats and dogs.

زیندەوەرە راوکەرە سەرەکییەکانی سمۆرەی فڕیو ئەمانەن: راکۆن، گورگی کێوی، کوندەپەپوو، رێوی، مار، باڵندە، پشیلە، سەگ.

[1449] ئاوەڵناوە زیاتر بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە بەهۆی نەخۆشی یان برینداربون لەجێدا کەوتبێت.

His aunt was 93 and bedridden.

پوری تەمەنی 93 ساڵ بوو و لەجێداکەوتوو بوو.

[1450] Soon after death, a person’s eyeballs flatten due to the loss of blood pressure.

راستەوخۆ پاش مردنی مرۆڤ، گلێنەی چاوی تەخت دەبێت، هۆکاری ئەمەش نەمانی فشاری خوێنە.

[1451] پەدڵ. بەمانای گۆماو دێت، بەڵام هی بچوك نەك گەورە.

بیرکە= (ع: برکة)= گۆماو.

The children are playing in the puddle.

منداڵەکان لەناو گۆماوەکەدا یاریدەکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## goof کەسی گێلیش[1453]، idle (ئایدڵ) تەمبەڵە[1454]

## 583. headlong و hotfoot (بەخێرایی)یە[1455]

## وشەی unlawful نایاساییە[1456]

---

1452. گاف، گووف، میستەیك. سلیپەپ. یەكەمیان بەمانای هەڵەی ئیحراجكەر دێت، بەڵام دووەم و سێیەم و چوارەم بەمانای هەڵە بەگشتی دێت.

He made an unforgivable social gaffe.

ئەو هەڵەیەكی كۆمەڵایەتی كرد كە لێبوردنی نیە.

My only goof was making you my closest friend.

تەنها هەڵەی من ئەوە بوو كە تۆم كردە نزیكترین هاوڕێم.

I'm not blaming you - we all make mistakes.

سەرزەنشتت ناكەم، هەمومان هەڵەدەكەین.

We cannot afford another slip-up.

بەرگەی هەڵەیەكی تر ناگرین.

1453. واتە ئەم وشەیە بەمانای كەسی گێلیش دێت.

You are a goof.

تۆ كەسێكی گێلیت.

1454 He is an idle worker.

ئەو كرێكارێكی تەمبەڵە.

1455هێدلۆنگ، هۆتفوت. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا وشەی یەكەمیان بە هێدلانگ و دووەمیان بە هاتفوت گۆدەكەن. ئەم دوو وشەیە ئاوەڵفەرمانن و مورادیفی quickly.

The plane plunged headlong into the sea.

فڕۆكەكە بەخێراییە لەناو دەریاكادا نقومبوو.

She came hotfoot from the palace with the latest news.

ئەو بەخێرایی لەكۆشكەكەوە هات بە تازەترین هەواڵەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.584 accomplice چیە؟ شەریکەتاوان[1457]**

**winner (وینە) براوە[1458]، champion پاڵەوان[1459]**

**.585 butchery (بوچری) چیە؟ قەسابخانەیە[1460]**

**embassy (ئێمبەسی) مانای باڵیۆزخانەیە[1461]**

**.586 think پێوایە، هەم بیرەکاتۆ[1462]**

---

[1456]ئەنلۆفل، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەنلافل گۆیدەکەن. ئاوەڵناوەو موورادیفی illegalە.

Chalak was charged by the police with unlawful possession of a firearm.

چالاك لەلایەن پۆلیسەوە بە هەبونی نایاسایی چەك، تۆمەتبارکرا.

[1457] ئەکەمپڵیس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەکامپڵیس گۆیدەکەن.

Stolen kisses require an accomplice!

ماچی دزراو شەریکەتاوانی پێویستە!

Karla Tucker and an accomplice killed two people with a pickaxe. Fifteen years later, in 1998, she became the first woman executed in Texas since the Civil War.

کارلا توکەر لەگەڵ شەریکەتاوانێکی لەخۆی شەریفتردا دوو کەسی بە پاچ کوشتووە. 15 ساڵی ناسك دوای ئەم تاوانە، لەساڵی 1998، بووە یەکەم ژنی ویلایەتی تەکساس کە لەسەردەمی جەنگی ناوخۆی ئەو وڵاتەوە لەسێدارە بدرێت.

[1458] The winner of this match will receive a valuable prize.

براوەی ئەم یارییە، خەلاتێکی بەنرخ وەردەگرێت.

[1459]چامپیەن. زیاتر بەمانای پاڵەوانی وەرزش دێت نەك پاڵەوانی شەڕو شتی تر.

Roger Federer is the most famous tennis champion.

ڕۆجەر فێدرەر بەناوبانگترین پاڵەوانی یاریی تێنسە.

[1460] The butchery wasn’t clean.

قەسابخانەکە پاك نەبوو.

[1461] A fake U.S. Embassy operated in Ghana for about a decade, issuing false visas and other documents until it was discovered in 2016.

لە غانا، باڵیۆزخانەیەکی درۆینەی ئەمەریکی بۆ ماوەی نزیکەی دەیەیەك، کاریکردووەو ڤیزاو بەڵگەنامەی تری ساختەی بڵاودەکردەوە تاکو لەساڵی 2016دا ئاشکرابوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## [1463]زیندودەكاتۆ(resuscitate)ه

## .587 about دەربارەی لەگەڵ نزیكەی[1464]

---

[1462]ثینك. بەمانای پێوایەو بیرەكاتۆش دێت. بێگومان وشەی (بیرەكاتۆ) شێوەقسەكردنی نارەسمییەو مەبەستم لێی (بیردەكاتەوە)یە، بەڵام لەبەر قافیەی شیعرەكە ناچاربوم بنوسم بیرەكاتۆ.

وشەی think یەكێكە لەفەرمانە نائاساییەكان و رابردوو و تەسریفی سێیەمی thought.

He didn’t think anyone would believe him.

ئەو پێیوانەبوو هیچ كەسێك بڕوای پێدەكات.

She thought very carefully before answering.

ئەو پێش وەڵامدانەوە، زۆر بەوریاییەوە بیریكردەوە.

People say things they don’t mean when they are angry.

خەڵك لەكاتی توڕەبوندا، شتگەلێك دەڵێن كە مەبەستیان نیە.

[1463]ریسەسیتەیت. زیندودەكاتۆ= زیندودەكاتەوە.

Her heart had stopped, but the doctors successfully resuscitated her.

دڵی وەستابوو، بەڵام پزیشكەكان توانییان بەسەركەوتویی زیندوی بكەنەوە.

[1464] ئەباوت. بەمانای "دەربارەی" و "نزیكەی" دێت.

دەربارەی= سەبارەت بە.

The saddest thing about betrayal is that it never comes from your enemies.

خەمناكترین شت سەبارەت بە ناپاكی ئەوەیە كە هەرگیز لەدوژمنەكەتەوە نایەت.

About 20 million Americans live in mobile homes.

نزیكەی 20 ملیۆن ئەمەریكی، لەخانوی گەڕۆكدا دەژین.

In a single day, the blood in your body travels a distance of about 120 miles– that's the equivalent of driving from Sulaymaniyah to Baghdad and back several times!

هەموو رۆژێك خوێن لە جیسمی شەریفتا نزیكەی 120 میل دەبڕێت، ئەم مەسافەیەش وەك ئەوە وایە بە ئۆتۆمبێل چەند جارێك لەم سلێمانییە حەیاتەوە بچیت بۆ ئەو بەغدایەی گیرمانخواردووە بەدەستییەوەو بشگەڕێیتەوە!!!

If you lose more than 40 percent of your blood, you will die. This is about 2,000 mL, or 0.53 gallons of blood in the average adult.

گوێی شەیتان كەڕبێ و چاویشی كوێر بێ، ئەگەر زیاتر لە 40 لەسەدی خوێنی جەستەت لەدەست بدەیت، ئەو عومری درێژت بۆ جەماعەت جێدەهێڵیت. ئەو رێژە خوێنەش دەكاتە نزیكەی دوو لیتری ناسك یان زیاتر لە نیو گاڵۆن لەكۆی خوێنی كەسێكی پێگەیشتودا.

It takes about 66 days for an average individual to make something a daily habit.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(overmorrow)ە مانای دوو سبەی**[1465]

**588. fat چەوری، ئەستور، لەگەڵ قەڵەوە**[1466]

**blush وflush سوردەبێتەوە**[1467]

**589. in full چیە؟ بەتەواوی**[1468]

**bloody هەم gory هەردوو خوێناوی**[1469]

---

بەگشتی هەر کەسێك نزیکەی 66 رۆژی پێویستە بۆ ئەوەی شتێك بکاتە خویەکی رۆژانە.

[1465]ئەوڤەمۆڕەو. دوو سبەی: رۆژی پاش سبەینێ.

leave it till overmorrow.

وازی لێبێنە تا دوو سبەی.

[1466]فات. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Chicken contains 266% more fat than it did 40 years ago.

مریشکی ئەم سەردەمە بەرێژەی لەسەدا 266، لەهی 40 ساڵ لەمەوبەر، چەوری زیاتر تێدایە.

I read a big fat book in a week.

لەماوەی هەفتەیەکدا کتێبێکی گەورەی ئەستورم خوێندەوە.

He looks much fatter than in his photo.

ئەو زۆر قەڵەوتر دەردەکەوێت بە بەراورد بە وێنەکەی.

[1467]بلەش، فلەش. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بڵەش و فڵەش گۆیاندەکەن.

سەرنجبدە ئەم دوو وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی گۆکردنیشەوە یەك کێشیان هەیە. یەکەمیان زیاتر بەمانای سوربونەوە لەکاتی تەریقبونەوەدا دێت، بەڵام دووەمیان بەمانای سوربونەوەی کاتی تەریقبونەوە یان توڕەبونیش دێت.

[1468]ئین فوڵ. موراديفی completelyیە.

The bill must be paid in full by the end of the month.

پێویستە لەکۆتایی مانگدا پارەی پسولەکە بەتەواوەتی بدرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.590 **bat میزرەب و شەمشەمەکوێرە**[1470]

**implement ئەدات، واتە ئامێرە**[1471]

.591 **stupid گەمژە**[1472]**، fool، foolish گێلە**[1473]

---

[1469]بلەدی، گۆری. لەم مانایەدا هاومانان. تەبعەن هەردوکیشیان بەمانای حەقیقی و مەجازیش بەکاردەهێنرێن.

Wash your bloody hands.

دەستە خوێناوییەکانت بشۆ.

The hitman took the victim’s gory head to his boss.

بکوژە بەکرێگیراوەکە سەرە خوێناوییەکەی قوربانییەکەی برد بۆ سەرۆکەکەی.

[1470]بات. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

میزرەب= (ع: مِضْرَب): ئەو تێلایەی لەهەندێك وەرزشدا بەکاردەهێنرێت و پێیدەدرێت لەتۆپەکە.

The baseball bat isn’t heavy.

میزرەبی یاریی بەیسبۆڵ قورس نیە.

During World War II, Americans tried to train bats to drop bombs.

لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەمەریکییەکان هەوڵیاندا راهێنان بە شەمشەمەکوێرە بکەن بۆ ئەوەی بۆمب هەڵبداتە خوارەوە.

[1471]ئیمپلیمێنت. ئەدات= (ع: أدَاة)= ئامێر.

بەمانای ئامێری بچوك و سادە دێت نەك گەورەو ئاڵۆز.

Shopkeepers are not supposed to sell knives and other sharp implements to children.

دوکاندارەکان نابێت چەقۆو ئامێرە تیژەکانی تر بە منداڵ بفرۆشن.

[1472]ستیووپید، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ستیووپید گۆیدەکەن.

Only the wisest and the stupidest of men never change.- Confucius

تەنها داناترین و گەمژەترین کەسەکان، هەرگیز ناگۆڕێن.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sly** **فێڵبازە**[1474]**،** **slyness** **فێڵە**[1475]

[592]. **implementation** **جێبەجێکردن**[1476]

**preparation** **(پرێپرەیشن) ئامادەکردن**[1477]

[593]. **bathtub** **بە واتای حەوزی خۆشتن**[1478]

---

[1473]فوول، فوولیش. هەردوکیان بەمانای گێل دێن، بەڵام یەکەمیان ناوەو دووەمیان ئاوەڵناوە. برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە فووڵیش گۆدەکەن.

Many fools think that there is no God.

چەندین گێل پێیانوایە خوا نیە.

I was foolish to buy such an expensive piece of equipment without checking that we really needed it.

من زۆر گێل بووم کە ئەو پارچە کەلوپەلە گرانەم کڕی بەبێ ئەوەی وردبمەوە تا بزانم کە زۆر پێویستم پێیەتی.

[1474]سلای، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سڵای گۆیدەکەن.

Be careful!, He is a sly trader.

وریابە!، ئەو بازرگانێکی فێڵبازە.

[1475]سلاینەس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سڵاینەس گۆیدەکەن.

He uses all his slyness to earn money.

هەموو فێڵێکی بەکاردەهێنێت بۆ دەستکەوتنی پارە.

[1476]ئیمپلیمێنتەیشن

Implementation of the law isn’t easy.

جێبەجێکردنی یاساکە ئاسان نیە.

[1477] Sawsan assisted me in the preparation of this article.

سەوسەن یارمەتیدام لەئامادەکردنی ئەم وتارەدا.

[1478]باتتەب. حەوزی خۆشتن: ئەو دەفرە پلاستیکی یان کانزایی یان سیرامیکییە درێژەیە کە لەگەرماودا دادەنرێت و خۆتی تێدا دەشۆریت.

You are more likely to die slipping in the bathtub, getting struck by lightning, or drowning in the bathtub, than from Terrorism.

ئەگەری مردنت بەهۆی هەڵخزان لەناو حەوزی خۆشتن یان بەرکەوتنی هەورەبروسکە یان نوقومبون لەحەوزی خۆشتن، لە ئەگەری مردنت بەهۆی کاری تیرۆریستی، زیاترە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**delay، postponement هەردوو دواخستن**[1479]

[594]. **new تازەیە**[1480]**، ancient دێرین**[1481]

**(optimistic)ە بەمانای گەشبین**[1482]

[595]. **barmaid و barman، bartender ساقی**[1483]

---

[1479]دیلەی، پەوستپەومنت. لەم مانایەدا مورادیفن.

Any further delay would threaten the entire project.

هەر دواخستنێکی تر، هەڕەشە لەسەر تەواوی پرۆژەکە دروستدەکات.

His lawyers requested another postponement of his trial.

پارێزەرەکانیان داوای دواخستنێکی تری دادگاییکردنەکەیان کرد.

[1480]نیوو، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نوو گۆیدەکەن. تازە= نوێ.

A person who never made a mistake never tried anything new. – Albert Einstein

ئەو کەسەی هەرگیز هەڵەی نەکردووە، هەرگیز شتێکی تازەی تاقی نەکردووەتەوە.

[1481]ئەینشنت. دێرین= زۆر کۆن.

Tutankhamun was the only ancient Egyptian who was mummified with an erect penis.

تەنها کەسایەتیی میسریی دێرین کە بە چوکی ڕەپەوە مۆمیاکراوە، توت غەنج ئامونە.

In Ancient Rome, if people wished to commit suicide, they applied to the Senate and, if their petitions were approved, were given free hemlock.

لە ڕۆمای دێریندا ئەگەر کەسێك حەزی لەخۆکوشتن بوایە، ناسکەعەریزەیەکی پێشکەش بە ئەنجومەنی پیران دەکرد. ئەگەر عەریزەکەی پەسەندکرایە، ژەهری هێملۆکیان بەخۆڕایی پێدەدا بۆ ئەوەی خۆی پێبکوژێت.

تۆش وەك برام وایت، هێملۆك ڕووەکێکی زۆر ژەهراوییە.

[1482]ئۆپتیمیستیك، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئۆپتمیستیك گۆیدەکەن.

The doctor said she was optimistic about the outcome of the operation.

پزیشکەکە وتی، گەشبینە سەبارەت بە ئەنجامی نەشتەرگەرییەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

swan بەمانای قازی عیراقی[1484]

[596]. outfit چیە؟ واتە جلوبەرگ[1485]

silence (سایلەنس) بێدەنگی[1486]، silent (سایلەنت)یش بێدەنگ[1487]

[597]. righty ڕاستلەرە[1488]، (southpaw)یە چەپلەر[1489]

---

[1483] بالمەید، بالمن. بالتێندە"ر". ساقی= مەیگێڕ: ئەو کەسەی لەمەیخانە خواردنەوە ئامادەو پێشکەش دەکات.

وشەی یەکەم و دووەمیان زیاتر بریتانییە، بەڵام سێیەمیان ئەمەریکییە.

وشەی یەکەمیان بەمانای مەیگێڕێك دێت کە ژن بێت. دووەمیان بەمانای مەیگێڕی پیاو دێت و سێیەمیان بەمانای مەیگێڕ بەگشتی دێت.

The barmaid was very attractive.

مەیگێڕەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو.

The president was a former barman.

سەرۆك کۆنە مەیگێڕ بوو.

The bartender left a glass of wine in front of him.

مەیگێڕەکە پەرداخێك شەرابی لەبەردەم ئەودا دانا.

[1484] سوان. قازی عیراقی: جۆرە قازێکی گەورەی ملدرێژە. ڕەنگی سپییەو دەنوکی پرتەقاڵییە.

We know that swans are strong and violent and can attack you.

ئێمە دەزانین کە قازی عیراقی بەهێزو شەڕانییەو دەکرێ هێرشت بکاتە سەر.

[1485]ئاوتفت. بەدیاریکراوی بەمانای ئەو جلوبەرگە دێت کە بۆ بۆنە یان چالاکییەکی تایبەت لەبەردەکرێت نەك بەمانای هەموو جلوبەرگێك.

She went out and spent $200 on a new outfit for the party.

ئەو چووە دەرەوەو دوو سەد دۆلاری لەکڕینی جلوبەرگێکی تازە بۆ ئاهەنگەکە، سەرفکرد.

[1486] The most eloquent silence  is of two mouths meeting in a kiss.

ڕاقیترین بێدەنگی بریتییە لە هی ئەو دوو دەمەی لەکاتی ماچدا بە یەك دەگەن.

[1487] The first ever 3D movie was "The Power Of Love," a silent film released in 1922.

یەکەم فیلمی سێ دووری ناوی "The power of love" بووە کە فیلمێکی بێدەنگەو لەساڵی 1922 نمایشکراوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**brewer مانای بیرەدروستکەر**[1490]

[.598] **deep (دیپ) بە واتای قوڵ، هەم نزم و تیرە**[1491]

**denominator (دینۆمینەیتە) بەمانای "ژێرە"**[1492]

---

[1488]رایتی. راستلەر: کەسێك کە دەستی زاڵی راست بێت: پێچەوانەی چەپلەر. ئەم وشەیە نارەسمییە.

Are you a righty?

ئایا تۆ راستلەریت؟

[1489]ساوثپۆو، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ساثپا گۆیدەکەن. بەمانای کەسی چەپلەر دێت بەتایبەت لەوەرزشی وەك بۆکسینگ و بەیسبۆڵدا نەك چەپلەر بەگشتی.

He is a tall southpaw.

ئەو چەپلەرێکی درێژە.

[1490]بروەوە. بەمانای بیرەدروستکەر دێت، جا مرۆڤ بێت یان کارگەو کۆمپانیا.

Ancient Babylonians took their beer so seriously that if a brewer was found to be watering down his beer, he'd either be drowned in the barrel or forced to keep drinking it till he died.

بابلییە دێرینەکان سەبارەت بە بیرە زۆر شێلگیرو توند بون. ئەگەر بۆیان دەربکەوتایە کە بیرەدروستکەرێك ئاوی کردووەتە بیرەکەیەوە، ئەوا یان لەناو بەرمیلێك بیرەدا نوقمیان دەکرد، یان ناچاریان دەکرد بەردەوام و لەسەریەك بیرەکەی بخواتەوە تا دەیکوژێت.

There are over 1,000 commercial brewers in Germany.

ئەڵمانیا زیاتر لەهەزار بیرەدروستکەری بازرگانی تێدایە.

[1491]مانای زۆرە لەوانە: قوڵ، نزم (بۆ دەنگ)، تیر (بۆ رەنگ).

Your dreams don't have an expiration date. Take a deep breath and try again.

خەونەکانت وادەی بەسەرچونیان نیە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشەو هەوڵبدەرەوە.

I like her deep voice vey much.

زۆر حەزم لەدەنگە نزمەکەیەتی.

Do you like deep red colour.

حەزت لەرەنگی سوری تیر هەیە؟


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.599 **showcase (شەوکەیس) سندوقی نمایشکردن**[1493]

**inflammation (ئینفلەمەیشن) واتە هەوکردن**[1494]

.600 **excuse (ئیکسکیوز) عوزر، واتە بەهانە**[1495]

**uterine مانای (هی مندالّدان)ە**[1496]

.601 **dorsal ئاوەڵناو، مانای (هی پشت)ە**[1497]

---

[1492]بەمانای ژێرەی کەرتی بیرکاری دێت.

In the fraction ¾, 4 is the denominator.

لەکەرتی 3 لەسەر 4دا، چوار ژێرەکەیە.

[1493] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە شۆوکەیس گۆیدەکەن.

سندوقی نمایشکردن= سندوقی پیشاندان= سندوقی عەرزکردن: دەفرێکی شوشەیی داخراوە کە لە بازاڕگەو شوێنە هاوشێوەکانی دادەنرێت و تییدا شتی گرانبەها یان گرنگی تێدا نمایشدەکرێت بۆ سەیرکردن یان فرۆشتن.

The goldsmith’s showcase was full of valuable rings.

سندوقی نمایشکردنی زەرەنگەرەکە پڕ بوو لەئەڵقەی گرانبەها.

[1494] هەوکردن= ئیلتیهاب= (ع: التهاب).

Many individuals take aspirin to reduce blood clotting, but this causes many side effects including inflammation and intestinal bleeding.

زۆر کەس ئەسپرین بەکاردەبات بۆ کەمکردنەوەی ئەگەری مەینی خوێن بەڵام ئەم دەرمانە چەندین کاریگەریی لاوەکی هەیە لەوانە هەوکردن و خوێنبەربونی ناو ریخۆڵەکان.

[1495] عوزر= (ع: عذر)= بەهانە.

If you really want to do something, you'll find a way. If you don't, you'll find an excuse.

ئەگەر بەڕاستی بتەوێت شتێك بکەیت، هەرچۆنێك بێت ڕێگەیەك دەدۆزیتەوە. ئەگەر نەشتەوێت بیکەت، هەرچۆنێك بێت بەهانەیەك دەدۆزیتەوە.

[1496]یووتراین، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە یووررین گۆیدەکەن. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە منداڵدانەوە هەبێت.

Uterine cancer is deadly.

شێرپەنجەی منداڵدان کوشندەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bod بەواتای کەس هەروەها جەستە**[1498]

[.602] **swerve (سویێڤ) لادەدات، هەروەها لادان**[1499]

**gynaecologist (گاینەکۆلەجیست) پزیشکی ژنان**[1500]

[.603] **dramatic (درەماتیك) چیە؟ گەورەو کتوپڕ**[1501]

**photographer (فەتۆگرەفە"ر")ە، مانای وێنەگر**[1502]

---

[1497]دۆرسڵ. ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە پشتەوە هەبێت.

The shark’s dorsal fin is attractive.

پولەکەی پشتی قرش سەرنجڕاکێشە.

[1498]بۆد، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە باد گۆیدەکەن. لەمانای یەکەمیاندا موڕادیفی personەو لەدووەمیاندا موڕادیفی bodyیە.

He’s a clever bod.

ئەو کەسێکی زیرەکە.

She has an attractive bod.

ئەو جەستەیەکی سەرنجڕاکێشی هەیە.

[1499] وەك فەرمان بەمانای "لادەدات"و وەك ناو بەمانای "لادان" دێت. لادان بەمانای ئاڕاستەگۆڕین.

The bus swerved to avoid hitting a cyclist.

پاسەکە لایدا، بۆ ئەوەی خۆی لەپاسکیلسوارەکە نەدات.

After several swerves, the car reached the village.

پاش چەند لادانێك، ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە گوندەکە.

[1500] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گاینەکالەجیست گۆیدەکەن. سپێڵی ئەم وشەیە لەئینگلیزیی ئەمەریکیدا بەم شێوەیە: gynecologist.

مەخسەوی شەریفم لەپزیشکی ژنان پزیشکی پسپۆڕو تایبەتە بە نەخۆشییەکانی خانمان بەتایبەت نەخۆشییەکانی مەکتەبی سیاسی واتە ناوچەی زاووزێ، جا ئیتر پزیشکەکە پیاو بێت یان ژن.

His wife is a gynaecologist.

ژنەکەی پزیشکی ژنانە.

[1501] Coronavirus made a dramatic change in the world.

ڤایرۆسی کۆرۆنا گۆڕانکارییەکی گەورەو کتوپڕی لەجیهاندا دروستکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.604 sassy وەك cheeky چەقاوەسووە[1503]

thirst (ثێیست) تینوێتی[1504]، thirsty (ثێیستی) تینووە[1505]

.605 where (وێیە) "لەکوێ؟"یە[1506] which (ویچ) بەمانای کام؟[1507]

death penalty (دێث پینڵتی)یە، عوقوبەی ئیعدام[1508]

---

1502 She's a professional photographer.

ئەو وێنەگرێکی پیشەگەرە.

1503 ساسی، چییکی. هەردوکیان ئاوەڵناون و بەمانای چەقاوەسوو دێن.

He has a sassy child.

ئەو منداڵێکی چەقاوەسوی هەیە.

Respect people, Don't be so cheeky!

ڕێز لەخەڵك بگرە، هێندە چەقاوەسوو مەبە.

1504 Feeling of thirst occurs when water loss is equal to 1% of your body weight. The loss of more than 5% can cause fainting, and more than 10% causes death from dehydration.

هەستکردن بە تینوێتی کاتێك ڕوودەدات کە بەقەدەر لەسەدا یەکی کێشی جەستەت ئاو لەدەست بدەیت. لەدەستدانی زیاتر لەپێنج لەسەدیش، دەکرێ ببێتەهۆی بورانەوە ئەگەر ڕێژەکەش بگاتە زیاتر لەسەدا 10، ئەوا مردن بەهۆی وشکبونەوەی، لێدەکەوێتەوە.

1505 I'm too thirsty.

زۆر تینومە.

1506 وشەی پرسیارە بەمانای (لەکوێ) دێت.

Where does he live?

ئەو لەکوێ دەژی؟

1507 Which book are you looking for?

بەدوای کام کتێبدا دەگەڕێیت؟

In which year was the first FIFA World Cup held?

لە کام ساڵدا یەکەم پاڵەوانێتی جامی جیهانیی تۆپی پێ ئەنجامدرا؟ 1930



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.606 satisfied (ساتسفاید) رازی[1509]، disgruntled (دیسگرەنتڵد) بێزار[1510]**

**agent هۆکارو عەمیل، بریکار[1511]**

---

[1508] عوقوبەی ئیعدام= (ع: عقوبة الإعدام)= سزای لەسێدارەدان.

84% of people surveyed in Egypt are in favor of the death penalty as a punishment for abandoning Islam.

لەسەدا 84ی ئەو کەسانەی لە میسر راپرسییەکیان لەسەر کراوە، پشتگیری سزای لەسێدارەدان دەکەن بۆ ئەو کەسانەی واز لەئاینی ئیسلام، دەهێنن.

Terry Nichols was convicted of the Oklahoma City Bombing. He was sentenced to 161 consecutive sentences. One life sentence without the possibility of parole for every person killed in his attack. This happened after the death penalty was lifted.

تێری نیکۆڵس کە برادەرێکی ئەمەریکییە، پاش ئیدانەکردنی بە تەقینەوەکەی ساڵی 1995ی شاری ئۆکلاهۆما کە نزیکەی 850 قوربانی لێکەوتەوە، سزای 161 زیندانی هەتاهەتایی یەك لەدوای یەکی بەسەردا سەپێنرا. یەك زیندانی هەتاهەتایی بێئەگەری بەربون بە کەفالەت، بۆ هەر کوژراوێکی روداوەکە. ئەم سزایەش پاش ئەوە هات کە سزای لەسێدارەدان لەویلایەتی ئۆکلاهۆما هەڵگیرا.

ئێستا بۆ خۆی لەسجندا پاڵی لێداوەتەوەو گۆرانیی "بە جارێ ماڵی وێرانم، ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو" دەڵێت، بەڵام بە ئینگلیزی تەبعەن!!!

[1509] The shop has plenty of satisfied customers.

دوکانەکە ژمارەیەکی زۆر کڕیاری رازییان هەیە. واتە زۆربەی کڕیارەکانی رازین لەبەرهەمەکانی.

[1510] Disgruntled employees are leaving the company.

کارمەندە بێزارەکان واز لەکۆمپانیاکە دەهێنن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.607 gravel حەسا، بەکوردی چەوە**[1512]

**shot down واتە خستەخوارەوە**[1513]

**.608 leadership (لیدەشیپ) چیە؟ مانای قیادە**[1514]

**read (ریِّد) خویِّندەوە**[1515]**، ready (ریِّدی) ئامادە**[1516]

---

[1511]ئەیجنت. سیان لەدیارترین ماناکانی ئەم وشەیە هۆکارو عەمیل و بریکارن. عەمیل (ع: عمیل)= بەکریِّگیراو.

Soap is a cleaning agent.

سابون هۆکاریِّکی پاککردنەوەیە.

He is a secret agent of CIA.

ئەو بەکریِّگیراویِّکی نهیِّنیی ئاژانسی ناوەندیی هەواڵگرییە.

Please contact our agent in Slemany for further information.

تکایە بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەندی بکە بە بریکارەکەمان لە سلیِّمانی.

[1512]گراڤڵ. حەسا= (ع: حصی)= چەو.

Making a modern road needs cement, stones, gravel, and water.

دروستکردنی ریِّگایەکی سەردەمیانە پیِّویستی بە چیمەنتۆ، بەرد، چەوو ئاو هەیە.

[1513]شۆتداون، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە شات داون گۆیدەکەن. فەرمانیِّکی لیِّکدراوی رابردووە، رانەبردووەکەی shoot down.

The fighters shot down three planes of the enemy.

جەنگاوەرەکان سیِّ فرِۆکەی دوژمنیان خستەخوارەوە.

[1514] قیادە= (ع: قیادة)= سەرکردایەتی.

The party's leadership is in crisis.

سەرکردایەتیی حزب لەقەیراندایە.

[1515] ئەم وشەیە یەکیِّکە لەفەرمانە نائاساییەکان. لەرِوی سپیِّلینگەوە دارِشتەی رانەبردوو و رابردوو و تەسریفی سیِّیەمیشی وەك یەکە، بەڵام لەرِوی خویِّندنەوەوە جیاوازە. لەکاتیِّکدا بە رابردوو و تەسریفی سیِّیەم بەکاربهیِّنریِّت ئەوا بە "ریِّد" دەخویِّنریِّتەوە، بەڵام ئەگەر وەك رانەبردوو بەکاربهیِّنریِّت، ئەوا بە "رییِد" دەخویِّنریِّتەوە.

I read three books last week.

هەفتەی رابردوو سیِّ کتیِّبم خویِّندەوە.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتیِّبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنیِّرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.609** **wedlock (وێدلۆك)و marriage (ماریج) هەردوکیان زەواج**[1517]

**unruly (ئەنڕووڵی) نەعتە، مانای هاروهاج**[1518]

**.610** **go on رودەدا، دێش بەمانای دەی**[1519]

**round about (راوند ئەباوت)ە مانای نزیکەی**[1520]

**.611** **macaw مەکاوە، جۆرێك لەتوتی**[1521]

---

[1516] Dinner's ready.

نانی ئێوارە ئامادەیە.

[1517] برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە وێدلاك و دووەمیان بە مێریج گۆیدەکەن. زەواج= (ع: زواج)= هاوسەرگیری.

A sexual relation out of wedlock is a great sin.

پەیوەندیی سێکسی لەدەرەوەی هاوسەرگیری، گوناهێکی گەورەیە.

Marriage is like going to a restaurant. You order what you want, then when you see what the other person has, you wish you had ordered that!

هاوسەرگیری وەك رۆیشتن وایە بۆ رێستورانت. داوای ئەوە دەکەیت کە دەتەوێت، بەڵام دواتر کاتێك ئەوە دەبینیت کە کەسێکی تر داوایکردووە، خۆزگەدەخوازیت کە تۆ پێشتر داوای ئەوەت بکردایە!

Love is a temporary insanity, curable by marriage.

خۆشەویستی شێتییەکی کاتییە، دەکرێ بە هاوسەرگیری چارەسەربکرێت.

[1518] مەبەستم لەم نیوە بەیتە ئەمەیە: ئەم وشەیە نەعتە واتە ئاوەڵناوە بەمانای هاروهاج دێت.

نەعت= (ع: نعت، صفة)= ئاوەڵناو.

My uncle has several unruly children.

خاڵم چەند منداڵێکی هاروهاجی هەیە.

[1519]گەو ئۆن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گۆو ئان گۆیدەکەن. دوان لەماناکانی "رودەدا"و "دەی"ن. رودەدا= رودەدات. واتە لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی happenە. رابردووەکەی went onە.

He likes to know what's going on.

ئەو حەزدەکات بزانێت چی رودەدات.

Go on, tell me more.

دەی، شتی زیاترم پێ بڵێ.

[1520] We got there round about half past nine.

نزیکەی سەعات نۆو نیو گەیشتینە ئەوێ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(watermelon)ە بەمانای شوتی[1522]

.612 target، objective هەردوکیان هەدەف[1523]

bassoon باسونە[1524] tambourine (تامبەریین)یش دەف[1525]

.613 whatever چیە؟ بەهیچ شێوەیەك[1526]

---

[1521]مەکۆو، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مەکا گۆیدەکەن. لای خۆمان پێیدەووترێت مەکاو. جۆرە توتییەکی کلکداری درێژە. نیشتمانیی سەرەکی ئەمەریکای ناوەڕاست و باشورە.

Macaws are the largest parrots among the 370 different species of parrots on earth.

لەکۆی ئەو 370 جۆرە توتییە جیاوازەی لەسەر زەوی هەن، مەکاو گەورەترینیانە.

[1522] وۆتە"ر" مێلەن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە واتەمێلەن گۆیدەکەن.

A 100 gram serving of watermelon provides 30,000 calories.

تەنها سەد گرام لەشوتیی ئامادەکراو 30 هەزار کالۆری تێدایە.

Watermelons only have trace amounts of fat.

شوتیش چەوری تێدایە، بەڵام برێکی زۆر زۆر کەم، بەشی هێلکەو رۆن ناکات!.

More than 1000 kinds of watermelon exist around the world.

زیاتر لەهەزار جۆر شوتی هەیە لەسەرتاسەری جیهاندا.

Watermelons contain an ingredient called citrulline that can trigger production of a compound that helps relax the body's blood vessels, just like Viagra.

شوتی پێکهاتەیەکی تێدایە بەناوی سیترولین. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەك بوروژێنێت کە یارمەتی خاوکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن دەدات، واتە هەمان کاری ڤیاگرا دەکات.

[1523] تاگت، ئەبجێکتیڤ. هەدەف= ئامانج.

The group continued its attacks on civilian targets.

گروپەکە لەهێرشەکانی بۆ سەر ئامانجە مەدەنییەکان بەردەوام بوو.

Our main objective is to improve the company's productivity.

ئامانجی سەرەکیمان باشکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی کۆمپانیاکەمانە.

[1524] لەزمانی ئینگلیزیدا بە "بەسوون" دەخوێنرێتەوە. ئامێرێکی گەورەی موزیکە، لەزورنا دەچێت.

Can you play bassoon?

دەتوانیت باسون لێبدەیت؟

[1525] My tambourine has a loud sound.

دەفەکەم دەنگێکی بەرزی هەیە.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**billy سابرێن، هەروەها کوتەك**[1527]

.614 **request (تەڵەب)ە**[1528]**، query (کویەری) پرسیار**[1529]

**(ultimatum)ە بەمانای ئینزار**[1530]

.615 **prime number چیە؟، ژمارەی خۆبەش**[1531]

---

[1526] وۆتێڤە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە وادێڤە"ر"، گۆیدەکەن. لەم مانایەدا موورادیفی whatsoever.

I have no reason whatever to doubt what he says.

بە هیچ شێوەیەك هیچ هۆکارێکم نیە بۆ گومانکردن لەقسەکانی.

[1527] بیلی. بەمانای سابرێن (بزنی نێر) و کوتەکیش دێت. کوتەك: ئەو کوتەکەی لەلایەن پۆلیسەوە وەك چەك بەکاردەهێرنێت. billy یشی پێدەووترێت.club

I bought a fat billy for the party.

سابرێنێکی قەڵەوم کڕی بۆ ئاهەنگەکە.

The billy used by the police was very large.

ئەو کوتەکەی لەلایەن پۆلیسەوە بەکارهێنرا زۆر گەورە بوو.

[1528] ریکوێست. تەڵەب= (ع: طلب)= داواکاری.

The boss refused our request.

بەڕێوەبەر داواکارییەکەی ئێمەی ڕەتکردەوە.

[1529] If you have any queries about your treatment, the doctor will answer them.

ئەگەر هەر پرسیارێکت هەیە سەبارەت بە چارەسەرەکەت، دکتۆرەکە ئامادەیە وەڵامی بداتەوە.

[1530] ئەڵتیمەیتم. ئینزار= (ع: إنذار)= ئاگادارکردنەوە.

جەمعەکەی (ultimata)یە. هەروەها بە خستنەسەری sیش کۆدەکرێتەوە.

The workers got an ultimatum, go back to work or face dismissal.

کرێکارەکان ئاگاداکردنەوەیەکیان پێدرا، یان بگەڕێنەوە بۆ سەر کار یان ڕووبەڕووی دەرکردن دەبنەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**enterprising (ئێنتەپرایزینن) بەمانای سەرکەش**[1532]

.616 **assess (ئەسێس) چیە؟ دەخەملێنێ**[1533]

**establish، set up دادەمەزرێنێ**[1534]

.617 **plaintiff (پلەینتیف) چیە؟ سکاڵاکارە**[1535]

**trunk، boot سندوق، بەس هی سەیارە**[1536]

---

1531 پرایم نەمبە"ر". ژمارەی خۆبەخش ئەو ژمارە سروشتیانەن کە لەیەك گەورەترن و تەنها بەسەر خۆیان و یەکدا دابەش دەبن وەك: 2، 3، 5، 7، 11، هتد...

2, 3, and 7 are prime numbers.

دوو، سێ و حەوت ژمارەی خۆبەشن.

73939133 is the largest known prime number that, if you keep removing digits from the right, will always leave a prime number.
بەینی خۆمان بێ گەورەترین ژمارەی خۆبەش کە ئەگەر لەلای راستەوە یەك لەدوای یەك ژمارەکانی لێبکەیتەوە ئەوەندە مەبدەئییە هەر بەخوبەشی دەمێنێتەوە، بریتییە لە 73939133.

1532 The business was started by a couple of enterprising young women.

بازرگانییەکە لەلایەن دوو خانمی سەرکەشی گەنجەوە دەستپێکرا.

1533 Exams are not the only means of assessing a student's ability.

تاقیکردنەوە تەنها هۆکار نیە بۆ خەملاندنی توانای فێرخواز.

1534 ئێستابلیش، سێتەپ. هەردوکیان لەم مانایەدا موورادیفن.

دادەمەزرێنێ= دادەمەزرێنێت.

Our goal is to establish a research centre.

ئامانجمان دامەزراندنی ناوەندێکی لێکۆڵینەوەیە.

The new regulations for setting up political parties in Kurdistan are very hard.

رێکارە نوێکان بۆ دامەزراندنی حزبی نوێ لە کوردستان، زۆر قورسن.

1535 The laintiff is his own son.

سکاڵاکارەکە کوڕی خۆیەتی.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

618. clinic عیادە[1537]، clinician دکتۆر[1538]

carious tooth مانای ددانی کلۆر[1539]

619. snowplough چیە؟ واتە بەفرماڵ[1540]

antenna شاخە، هەروەها ئاریاڵ[1541]

---

[1536] ترەننك، بووت. هەردوكیان بەمانای سندوقی سەیارە دێن. سندوقی سەیارە= سندوقی ئۆتۆمبێل.

I always keep a blanket in the trunk for emergencies.

هەمیشە بەتانییەك لەناو سندوقی ئۆتۆمبێلەكە هەڵدەگرم بۆ حاڵەتگەلی كتوپڕ.

Stolen goods were found in the boot of her car.

كاڵای دزراو لەسندوقی ئۆتۆمبێلەكەیدا دۆزرایەوە.

[1537] كلینیك. عیادە= (ع: عِیَادَة)= نۆرینگە.

Bring your baby to the clinic and we'll take a look at her.

منداڵەكەت بهێنە بۆ نۆرینگەكە، پاشان سەیرێكی دەكەین.

[1538] كلینشن. بەمانای دكتۆر (پزیشك) دێت.

Some clinicians don’t use modern devices.

هەندێك لەپزیشكان ئامێری سەردەمیانە بەكارناهێنن.

[1539] كاریەس تییث

I have one carious tooth.

یەك ددانی كلۆرم هەیە.

[1540] سنەوپلاو. سپێڵی ئەم وشەیە لەئینگلیزیی ئەمەریكیدا بەم شێوەیە: snowplow.

بەفرماڵ: ئەو ئۆتۆمبێل یان ئامێرەی بەفر لەسەر ڕێگا لادەبات.

One of my brothers is a snowplough driver.

یەكێك لەبراكانم شۆفێری بەفرماڵە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

620. back-to-back چیە؟ یەك بەدوای یەکە[1542]

wrist لەگەڵ carpus هەردوو مەچەکە[1543]

621. bookcase چیە؟ کتێبخانە[1544]

reflex مانای خۆنەویستانە[1545]

622. nurture چیە؟ بەخێودەکات[1546]

---

[1541]ئانتێنە. بەمانای شاخ و ئاریاڵیش دێت. مەبەستم لەشاخ لێرەدا شاخی هەستەوەری مێرووەکانە. کۆکەی antennaeیە.

Insects have two antennae.

مێروو دوو شاخی هەیە.

My television antenna isn't powerful.

ئاریاڵی تەلەفزیۆنەکەم بەهێز نیە.

[1542]باکتباك

The soccer team got three back-to-back victories last week.

هەفتەی رابردوو، تیپی تۆپی پێکە، سێ سەرکەوتنی یەك لەدوای یەکی بەدەستهێنا.

[1543]ریست، کاپەس. وشەی دووەمیان زیاتر لەیواری پسپۆڕیدا بەکاردەهێنرێت و کۆکەی carpiیە.

بەگشتی ئەو وشانەی بە wr دەستپێدەکەن، دەبلیووەکەیان لەجێی نەبوانە واتە ناخوێنرێتەوە!. جگە لە wrest چەندین وشەی ترمان هەیە لەم شێوەیە. بۆ نمونە: write، wreck، wrathهتد....

There are 8 bones in the human wrist.

مەچەکی مرۆڤ هەشت ئێسکی تێدایە.

There's a sharp pain in my left carpus.

مەچەکی چەپم ئازارێکی توندی تێدایە.

[1544]بوککەیس. مەخسەوی شەریفم لەوشەی کتێبخانە لێرەدا دۆلابی کتێبە، ئەو دۆڵابەی لەچەند رەفەیەك پێکهاتووەو لەماڵ یان ئۆفیس و هاوشێوەکانی دادەنرێت و کتێبی تێدا دادەنرێت.

I bought a wonderful bookcase for my office.

کتێبخانەیەکی نایابم بۆ نوسینگەکەم کڕی.

[1545]ریفلێکس. خۆنەویستانە= (ع: لاإرادي).

Sneezing is a reflex action.

پژمین کارێکی خۆنەویستانەیە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bronchitis واته هەوی قەسەبات**[1547]

.623 **stumpy (ستەمپی) بەمانای کورت و لاوازە**[1548]

**(philandererە)، واتای مێبازە**[1549]

.624 **plunge وەکو ناو، واتای دابەزین**[1550]

**(shantytownە) مانای کوخنشین**[1551]

---

[1546]نێیچە"ر". سەرنجبدە ئەم وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە زۆر وشەی nature (سروشت)ەوە نزیکە.

She wants to stay at home and nurture her children.

ئەو دەیەوێت لەماڵەوە بمێنێتەوەو منداڵەکانی بەخێوبکات.

[1547]برۆناکیتیس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە برانکایدەس گۆیدەکەن.

مەبەستم لە (هەوی قەسەبات)، (هەوکردنی قەسەبات)ە بەڵام لەبەر کێشی بەیتە شیعرەکە ناچاربوم کورتیبکەمەوە.

هەوکردنی قەسەبات= (ع: التهاب القصبات)= هەوکردنی بۆرییەکانی هەوا: جۆرە نەخۆشییەکی باوی کۆئەندامی هەناسەیە.

Chronic bronchitis, coughs and gastritis are relieved with the medicinal tea of the leaves and bark of peach trees.

هەوکردنی درێژخایەنی بۆرییەکانی هەناسە، کۆکەو هەوکردنی گەدە بە چای پزیشکیی دروستکراو لەگەڵاو توێکڵی داری قوخ، سوکدەکرێن.

[1548] There was a large ring on each of her stumpy fingers.

هەریەکێك لەپەنجە کورت و لاوازەکانی، ئەڵقەیەکی گەورەی تێدا بوو.

[1549]فیلاندەرە"ر"

Her husband was a dirty philanderer, so she filed for divorce.

مێردەکەی مێبازێکی پیس بوو، بۆیە داواکاری جیابونەوەی پێشکەشکرد (بە دادگا).

[1550]پلەنج. وەك ناو نەك فەرمان بەمانای دابەزین دێت، دابەزینێکی کاریگەر لەبڕ یان نرخی شتێك.

We are expecting a plunge in profits this year.

ئەمساڵ پشبینی دابەزین دەکەین لەقازانجدا. واتە کەمبونەوەیەکی بەرچاو لەقازانجدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

625. rainy چیە؟ باراناوی[1552]

(enigmatic)ە تەمومژاوی[1553]

626. intestine و gut، bowels ریخۆڵە[1554]

مانای cluster هێشوو یان (بۆڵ)ە[1555]

627. instinct چیە؟ مانای غەریزە[1556]

---

[1551]شانتیتاون. کوخنشین: ناوچە یان قەراخشارێك کە تێیدا خەڵکی هەژار لەماڵی بچوك و هەرزان دەژین، ئەو ماڵانە زیاتر لەدارو کانزا دروستکراون وەك لەچیمەنتۆو هتد...

Many of these migrants live in shantytowns.

زۆرێك لەم کۆچبەرانە لەکوخنشیندا دەژین.

[1552] رەینی. ئەسڵی وشەکە rian کە بەمانای باران دێت. هەرکاتێك پاشگری y تەشریفی چووە سەر ناو یان فەرمان، ئەوا دەیکات بە ئاوەڵناو.

We had three rainy days on holiday, but otherwise it was sunny.

سێ ڕۆژی پشووەکەمان باراناوی بوو. ئەوانی تر ساماڵ بون.

[1553]ئێنیگماتیك. تەمومژاوی: بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە ناڕون بێت و تێگەیشتنی تەواوەتی مەحاڵ بێت.

The Mona Lisa has a enigmatic smile.

مۆنا لیزا زەردەخەنەیەکی تەمومژاوی هەیە. واتە بەتەواوەتی نازانرێت هۆکارەکەی چیە.

[1554]ئینتێستین، گەت، باوڵ. هەرسێکیان بەمانای ریخۆڵە دێن. وشەی یەکەم و دووەمیان تاکە، سێیەمیان کۆیە.

Each day, 7-10 litres of water enter the small intestine.

هەموو ڕۆژێك حەوت تا 10 لیتر ئاو دەچێتەناو ریخۆڵەباریکەوە.

My guts hurt.

ریخۆڵەکانم ئازاریان تێدایە.

There's a clean tumor in your bowels.

ریخۆڵەکانت لویەکی پاکیان تێدایە.

[1555]کلەستە"ر"

I ate a cluster of white grapes before the main meal.

پێش ژەمە سەرەکییەکە هێشویەك (بۆڵێك) ترێسپیکەم خوارد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**pee میزدەکات، وەك urine میزە**[1557]

[628]. **cache دەشارێتو، لەگەڵ حەشارگە**[1558]

**refineryیە، مانای پاڵاوگە**[1559]

[629]. **reptile خشۆك**[1560]**، gecko شەوگەردە**[1561]

---

[1556]ئینستینکت. غەریزە: ئەو شێوازی کارکردن یان رەفتارەی مرۆڤ یان گیاندارانی تر بەشێوەیەکی سروشتی ئەنجامیدەدەن بەبێ بیرکردنەوە یان فێربون.

It is instinct that tells the birds when to begin their migration.

ئەوە غەریزەیە کە کاتی دەستپێکی کۆچکردن بە باڵندەکان دەڵێت.

[1557]پیی، یورین. واتە وشەی یەکەمیان وەك فەرمان بەمانای میزدەکات دێت، وەك ناویش مورادیفی urineە کە بەمانای میز دێت. وشەی urine رەسمییەو دووەمیان نارەسمییە.

I pee frequently.

من زوزوو میزدەکەم.

If your pee smells sweet, take note. It's usually an indicator of diabetes.

ئەگەر میزەکەت بۆنی خۆش بێت، وریابە. ئەوە بەگشتی نیشاندەرێکی نەخۆشی شەکرەیە.

Urea, the main ingredient in urine, is added to cigarettes to enhance their flavor.

یۆریا کە پێکهاتەی سەرەکی میزە، دەکرێتە ناو جگەرەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی تامەکەی.

[1558]کاش. وەك فەرمان بەمانای دەشارێتوو وەك ناو بەمانای حەشارگە دێت. بێگومان وشەی (دەشارێتو) شێوە قسەکردنی نارەسمییەو مەبەستم لێی (دەشارێتەوە)یە.

I wonder: does the squirrel remember where it has cached all of these walnuts?

من پرسیاری ئەوەم لا دروستبووە کە ئاخۆ سمۆرە ئەو شوێنەی بیردێتەوە کە تێیدا ئەم هەموو گوێزەی شاردووەتەوە؟

Police have found a cache of automatic weapons in a house in the city centre.

پۆلیس حەشارگەیەکی چەکی ئۆتۆماتیکی لەناوماڵێکدا لەناوەندی شار دۆزیوەتەوە.

[1559]ریفاینەری

There are many oil refineries in Kurdistan.

کوردستان چەندین پاڵاوگەی نەوتی تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**item ماددەیە، هەروەها بەندە**[1562]

[.630] **need (نیید) پێویستە**[1563]**، needy موحتاجە**[1564]

**refrigerator مانای سەلاجە**[1565]

[.631] **glow (گلەو) بەمانای دەدرەوشێتەوە**[1566]

---

[1560]رێپتایڵ. خشۆك: کۆمەڵێکە لەزیندەوەران وەك مارو مارمێلك و شەوگەردو هتد...

Humans, insects, reptiles, birds and mammals are all animals.

مرۆڤ، مێرووەکان، خشۆکەکان و باڵندەکان، هەمویان زیندەوەرن.

[1561]گێکەو. شەوگەرد: زیندەوەرێکی خشۆکە، لەقۆڕیی بچوك دەچێت زیاتر لەوڵاتە گەرمەکاندا دەژی. ئەم وشەیە بە زیادکردنی es ویش کۆدەکرێتەوە.

Geckos' eyes are 350 times more sensitive to light than human eyes.

چاوی شەوگەرد 350 ئەوەندە زیاتر لە هی مرۆڤ هەستیارترە بە روناکی.

[1562]ئایتم. بەمانای ماددەو بەندیش دێت.

Basic food items such as butter are useful for health.

ماددە خۆراکییە بنچینەییەکانی وەك رۆنەکەرە بەسودن بۆ تەندروستی.

There are three items on the agenda.

کارنامەکە سێ بەندی تێدایە.

[1563] I need to go to the toilet.

پێویستە بچم بۆ توالێت.

[1564]نییدی. موحتاج= (ع: محتاج): هەژار، نەبوو، نەدار. واتە مورادیفی poorە.

There are many needy people in our area.

ناوچەکە چەندین خەڵکی هەژاری تێدایەز

[1565]ریفریجرەیتە"ر". سەلاجە= (ع: ثلاجة)= بەفرگرە.

Store fruit juice in the refrigerator.

خۆشاوی میوەکە لەناو بەفرگرەکەدا هەڵگرە.

[1566] This substance is so radioactive that it glows in the dark.

ئەم ماددەیە هێندە تیشکاوەرییە کە لەتاریکیدا دەدرەوشێتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**swaddle (سوۆدڵ) بەواتای دەپێچێتەوە**[1567]

.632 **henna حینائە، بەکوردی خەنە**[1568]

**circumcise مانای دەکات خەتەنە**[1569]

.633 **coyote چیە؟ گورگی کێوییە**[1570]

**silvery فیزی، واتە زیوییە**[1571]

.634 **residence مەقەڕ، نیشتەجێبونە**[1572]

**evidence (ئێڤیدنس) بەڵگە**[1573]**، evident ڕوونە**[1574]

---

[1567] Swaddling a baby tightly in a blanket can be a good way to stop it crying.

پێچانەوەی منداڵ لەناو بەتانیدا بەتوندی، دەکرێ ڕێگایەکی باش بێت بۆ نەهشێتنی گریانی.

[1568]هێنە. حینائـ= (ع: حِنّاء)= خەنە.

Ancient Egyptians used ointment made of henna to protect their skin from the sun.

میسرییە دێرینەکان مەڵهەمی دروستکراو لەخەنەیان بەکارهێناوە بەمەبەستی پاراستنی پێستیان لەخۆر.

[1569]سێکمسایز. دەکات خەتەنە= خەتەنەدەکات.

In parts of Africa, some girls are circumcised when they are a week old.

لە چەند شوێنێکی ئەفەریقا، هەندێك لەکچان لەتەمەنی یەك هەفتەییدا خەتەنەدەکرێن.

[1570]کایەوتی. گورگی کێوی: جۆرە گورگێکی بچوکەو لەکیشوەری ئەمەریکای باکور دەژی.

There were a lot of coyotes, I remember that.

لەوێ ژمارەیەکی زۆر گورگی کێوی لێبوو، ئەوەم لەبیرە.

[1571]سیلْڤری. فیزی= (ع: فضي)= زیوی= زیوین: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە لەزیو بچێت.

Her silvery hair isn’t beautiful.

قژە زیوییەکەی جوان نیە.

[1572]ڕێزیدنس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڕێزەدنس گۆیدەکەن. بەمانای مەقەڕو نیشتەجێبونیش دێت. مەقەڕ= (ع: مقرّ)= بارەگا.

The president's official residence isn’t far.

بارەگای ڕەسمی سەرۆك دور نیە.

Do you have a residence permit in the UK?

ئایا مۆڵەتی نیشتەجێبونت هەیە لەشانشینی یەکگرتوو؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## coerce، وەکو force هەر ناچارەکا[1575]

[1573] There is no scientific evidence to suggest that underwater births are dangerous.

هیچ بەڵگەیەکی زانستی نیە ئاماژە بەوە بدات کە مناڵبونەکانی ژێرئاو مەترسیدارن.

In 2009, despite having DNA evidence of the suspect, German police could not prosecute the perpetrator of a $6.8 million jewel heist because the DNA belonged to identical twins (Abbas and Hassan O), and there was no evidence to prove which one of them was the culprit.

ئەم دوو برادەرەی دەیبینن شانسێکیان هەیە کابرا نیەتی لەئینتیخاباتا. لەساڵی 2009، پۆلیسی ئەڵمانیا هەرچەندە بەڵگەی دی ئێن ئەی لا بوو سەبارەت بە تاوانبارێك کە بە بەهای 680 دەفتەر دۆلار، خشڵ و زێڕو زیوی دزیبوو، بەڵام نەیتوانی سکاڵا لەسەر خاوەنی ئەو دی ئێن ئەیە تۆماربکات چونکە ئەو دی ئێن ئەیە هی دوانەیەکی هاوشێوە بوون و دوانەی هاوشێوەش هەمان دی ئێن ئەیان هەیەو مەگەر درۆزن یان کورد لەیەکیان جیابکاتەوە.!!!

[1574]ئێفیدنت. واتە هاومانای clear.

Bakhtiyar's courage during his terminal illness was evident to everyone.

ئازایەتیی بەختیار لەکاتی نەخۆشییە کوشندەکەیدا، روون بوو بۆ هەموان. واتە هەمویان هەستیان بە بوێری و ئازایەتییەکەی کرد.

[1575]کەوێس، فۆس. وەك فەرمان هەردومیان بەمانای "ناچارەکا" دێن. ناچارەکا= ناچاردەکات.

The rebels coerced the villagers into hiding them from the army.

یاخیبووەکان گوندنشینەکانیان ناچارکرد کە لە سوپا بیانشارنەوە.

You can't force her to love you.

ناتوانیت ناچاری بکەیت کە خۆشی بوێیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

مەرعایە، واتە لەوەڕگا[1576] **pasture**

.636 **fanatic (فەناتیك) چیە؟ واتە دەمارگیر**[1577]

**zip (زیپ) لەگەڵ zipper (زیپە) هەردوکیان زنجیر**[1578]

.637 **accessory چیە؟ شەریکەتاوان**[1579]

**torso واتە قەد، بەڵام هی ئینسان**[1580]

.638 **claimant (کلەیمنت) مودەعی، واتە داواکار**[1581]

---

[1576] پاسچە"ر". مەرعا= (ع: مرعی)= لەوەڕگا.

Some fields are planted with crops for several years, and then returned to pasture for the cattle.

هەندێك لەکێڵگەکان بۆ ماوەی چەندساڵێك دەغڵودانیان تێدا دەچێنرێت، پاشان دەکرێن بە لەوەڕگا بۆ مەڕومالاَت.

[1577] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فەنادیك گۆیدەکەن.

Several religious fanatics attacked him.

چەند دەمارگیرێکی ئاینی پەلاماریاندا.

[1578] هەردوکیان بەمانای زنجیر دێن بەڵام یەکەمیان وشەیەکی بریتانییەو دووەمیان ئەمەرکییە. مەخسەوی شەریفم لەزنجیر لێرەدا، زنجیری پانتۆڵ و و بلوس و جانتاو هتد...ە

I can't open my bag - the zip has stuck.

ناتوانم جانتاکەم بکەمەوە، زنجیرەکە گیربووە.

Unfasten the zipper quickly.

خێرا زنجیرەکە بکەرەوە.

[1579] ئەکسێسری

He was an accessory to murder.

ئەو شەریکەتاوانێکی کوشتن بوو.

[1580] تۆرسەو. بەمانای قەدی ئینسان دێت. قەدی ئینسان= قەدی مرۆڤ: جەستەی مرۆڤ بەبێ سەرو پەلەکانی.

The airbag will protect the head and torso.

ئێرباگ سەرو قەدی مرۆڤ دەپارێزێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**stamp (ستامپ) مانای پول[1582]، stump بنەدار[1583]**

[.639] **pertussis (پەتەسیس) چیە؟ کۆکەڕەشەیە[1584]**

**rabbi (رابای) حاخامە[1585]، priest (پرییست) قەشەیە[1586]**

[.640] **barren بێپیتە، هەروەها نەزۆك[1587]**

---

1581 مودەعی= (ع: مدعي)= داواکار= بانگەشەکار: ئەو کەسەی داوای شتێك دەکات (زیاتر پارە) کە گوایە هی ئەوە یان مافی ئەوی بەسەرەوەیە.

Under the new system, claimants will receive their benefit checks three weeks earlier than before.

بەگوێرەی سیستەمە تازەکە، داواکاران چەکی قازانجەکانیان سێ هەفتە زوتر لەجاران، وەردەگرن.

1582 She affixed a stamp to the envelope.

پولێکی لکاند بە زەرفی نامەکەوە.

1583ستەمپ. بنەدار= بنی دار= بنی درەخت. لەم مانایەدا پێویستە لەڕستەدا وشەی دەرختەکەی لەگەڵ بەکارهێنرێت.

سەرنجبدە ئەم وشەیەو وشەکەی تری ئەم نیوەبەیتە، لەڕوی پێکهاتەوە تەنها یەك پیتیان جیاوازە، بۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆمکردنەوە.

We sat near an old tree stump.

لەنزیك بنەدارێکی کۆن، دانیشتین.

1584 زاراوەیەکی پزیشکییە.

کۆکەڕەشە: نەخۆشییەکە کە زیاتر لەناو منداڵدا باوە.

Approximately half of babies less than 1 year old who get pertussis need treatment in the hospital.

نزیکەی نیوەی ئەو منداڵە خوار تەمەن یەك ساڵانەی کۆکەڕەشە دەگرن، پێویستیان بە چارەسەر لەنەخۆشخانە هەیە. واتە بەپێچەوانەی چەند نەخۆشییەکی تری وەك هەڵامەت، هەر لەخۆوە چاك نابنەوە.

1585 حاخام: نازناوێکی گەورەزانای ئاینی جولەکەیە. وەك شێخ و سۆفی و مەلاو هتد...ی لای خۆمان.

One of my relatives is a rabbi.

یەکێك لەخزمەکانم حاخامە.

1586 قەشە: پیاوی ئاینیی مەسیحی.

Is he a priest?

ئایا ئەو قەشەیە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**timid وcoward هەردوو ترسنۆك**[1588]

.641 **sneeze دەپژمێ، وەك ناویش پژمە**[1589]

**boot (بووت) تیهەڵدەدا، هەروەها جزمە**[1590]

.642 **thou (ذاو) ئەنتەو ئەنتی، بەكوردی تۆیە**[1591]

---

[1587]بارن. بەمانای بێپیت و نەزۆكیش بەكاردەهێنرێت، بەڵام مانای دووەمیان زیاتر لەكۆندا بەكارهێنراوە.

The land was barren.

خاكەكە بێپیت بوو.

His first wife is barren.

ژنی یەكەمی نەزۆكە.

[1588]كاوەد، تیمید. واتە وشەی دووەمیان چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Try it. Don’t be such a coward.

تاقیبكەرەوە، ئەوەندە ترسنۆك مەبە.

I was a timid child.

من منداڵێكی ترسنۆك بوم.

[1589]سنییز. وەك فەرمان بەمانای دەپژمێ و وەك ناو بەمانای پژمە دێت. دەپژمێ= دەپژمێت.

I keep sneezing - I hope I'm not getting a cold.

بەردەوام دەپژم، هیوادارم هەڵامەتم نەبێت.

He has all the symptoms of a cold - the coughs and sneezes and the sore throat.

هەموو نیشانەكانی هەڵامەتی تێدایە: كۆكەو پژمەو سوتانەوەی قورگ.

[1590] They booted him violently.

ئەوان بەتوندی تێیانهەڵدا.

I bough a new pair of boots.

جوتێك جزمەی نوێم كڕی.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی hence (هێنس) واتە "لەبەر ئەم هۆیە"[1592]

643. normal عادییە، واتە ئاسایی[1593]

final و finish، closing کۆتایی[1594]

644. stain بوقعەیە، بەکوردی پەڵە[1595]

---

[1591] ئەنتەو ئەنتی= (ع: أنتَ و أنتِ)= تۆ.

Thou can’t believe everyone.

تۆ ناتوانیت باوەڕ بە هەموو کەسێك بکەیت.

[1592] لەبەر ئەم هۆیە= لەبەرئەوە= بۆیە.

You are going to be late, hence, run!

درەنگ دەکەویت، لەبەر ئەم هۆیە، راکە.

[1593] نۆرمڵ. عادی= (ع: عادي)= ئاسایی.

Jealousy is normal in a relationship; it shows someone doesn’t want to lose you.

ئیرەیی لەکاتی پەیوەندیدا، ئاساییەو دەریدەخات کە کەسێك نایەوێت لەدەستت بدات.

Under normal conditions, there are no bacteria in the …
(gut, throat, vagina, blood)

لەحاڵەتی ئاساییدا، کام لەمانە بەکتریای تێدا نیە؟
(ڕێڕەوی هەرسکردن، قورگ، زێ، خوێن) خوێن

[1594] فاینڵ، فینیش، کلەوزین. هەرسێکیان لەم مانایەدا موورادیفن و بەمانای کۆتایی دێن.

“I believe that unarmed truth and unconditional love will have the final word in reality.” Dr. Martin Luther King Jr.

پێموایە قسەی کۆتایی لەواقیعدا بۆ ڕاستیی بێچەك و خۆشەویستی بێمەرج دەبێت.

They replayed the finish of the match in slow motion.

کۆتایی یارییەکەیان بەخاوی، لێدایەوە.

In his closing remarks, the chairman thanked everyone who had helped.

لەقسەکانی کۆتاییدا، سەرۆك سوپاسی هەموو ئەوانەی کرد کە یارمەتییان پێشکەشکردبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**opportunity (ئۆپەچیوونیتی) بەمانای هەلە**[1596]

[645]. **preface، prelude هەردوو پێشەکی**[1597]

**prime نایابە، لەگەڵ سەرەکی**[1598]

[646]. **grass (گراس) گژوگیا**[1599]**، herb (هێیب) مانای گیایە**[1600]

**merchandise شمەك، واتە کاڵایە**[1601]

---

[1595]ستەین. بوقعە= (ع: بقعة)= پەڵە.

The tomato sauce left a stain on the table.

مەعجونی تەماتەکە پەڵەیەکی لەسەر مێزەکە جێهێشت.

[1596] The exhibition is a unique opportunity to see her latest work.

پیشانگاکە هەلێکی نایابە بۆ بینینی نوێترین کاری.

[1597] پریفیس، پرێلیوود. سەرنجبدە هەردوکیان بە pre دەستپێدەکەن.

In his preface, the author says that he took eight years to write the book.

لەپێشەکییەکەیدا، نوسەر دەڵێت، نوسینی کتێبەکە هەشت ساڵی خایاندووە.

The changes are seen as a prelude to wide-ranging reforms.

گۆڕانکارییەکان وەك پێشەکییەك بۆ چاکسازیگەلی مەودافراوان سەیردەکرێن.

[1598]پرایم. بەمانای نایاب "زۆرباش" و سەرەکی "main"یش دێت.

The hotel is in a prime location in the city centre.

هۆتێلەکە لەشوێنێکی نایابی ناوەڕاستی شاردایە.

The prime suspect was arrested.

گومانلێکراوە سەرەکییەکە دەستگیرکرا.

[1599] He sat on the grass, waiting his girlfriend.

لەسەر گژوگیاکە دانیشت، چاوەڕێی کەپلەکەی دەکرد.

[1600] Can you eat raw herbs?

دەتوانیت گیای کاڵ بخۆیت؟ واتە گیای لێنەنراو یان پێنەگەییو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.647 **jam هەم جامدەبێ، هەم مرەبایە**[1602]

**(unrequited)ە مانای تاكلایە**[1603]

.648 **spectrum تەیفە، بەكوردی شەبەنگ**[1604]

**unanimously (یونانیمەسلی) واتە بەكۆی دەنگ**[1605]

.649 **bilingual چیە؟ واتە دوزمان**[1606]

---

[1601]مێیچندایس. ئەم وشەیە ئەوەندە رەسمییە ناخۆشیكردووە!!!

Japan exported $117 billion in merchandise to the US in 1999.

لەساڵی 1999 ژاپۆن 117 ملیار دۆلاری بە كاڵا بۆ ئەمەریكا هەناردەكردووە.

[1602]جام. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. وەك كار بەمانای جامدەبێ و وەك ناو بەمانای مرەبا دێت. جامدەبێ= جامدەبێت.

The door jammed and I couldn't get out.

دەرگاكە جامبوو و نەمتوانی بچمەدەرەوە.

[1603]ئەنریكوایتید. تاكلا= تاكلایەنە= یەكلایەنە.

It's another poem on the pain of unrequited love.

ئەوە قەسیدەیەكی ترە سەبارەت ئازاری عیشقی یەكلایەنە. واتە بۆ نمونە عاشقی یەكێك بیت بەڵام ئەو هیچ هەستێكی بۆ تۆ نەبێت.

[1604]سپێكترەم. تەیف= (ع: طيف)= شەبەنگ. كۆكەی spectraیە. هەروەها بە زیادكردنی ێش كۆدەكرێتەوە.

The colours of the spectrum - red, orange, yellow, green, blue, indigo, and violet - can be seen in a rainbow.

لەپەلكەزێڕینەدا رەنگەكانی شەبەنگەكە كە پێكهاتون لە سور، زەرد، سەوز، شین، نیلی و وەنەوشەیی، دەتوانرێت ببینرێن.

[1605] The committee's recommendations were accepted unanimously.

راسپاردەكانی لیژنەكە بەكۆی دەنگ پەسەندكران.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**repeal ئیلغایه، بەناوو فەرمان**[1607]

[650]. **repeat، reiterate تیکرارەکاتۆ**[1608]

**confute و disprove پوچەڵەکاتۆ**[1609]

---

[1606]بایلینگوڵ. ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت کە بە دوو زمان قسەبکات یان نوسرابێت.

Their kids are bilingual.

منالّەکانیان دوزمانن. واتە بەدوو زمان قسەدەکەن.

I have several a bilingual dictionaries.

چەند فەرهەنگێکی دوزمانم هەیە. واتە فەرهەنگەکان دوو زمانی جیاوازیان تێدایە نەك زیاتر یان کەمتر.

[1607]ریپییڵ. ئیلغا= (ع: إلغاء)= هەڵوەشاندنەوە. وەك ناو بەمانای (هەڵوەشاندنەوە)و وەك فەرمان بەمانای (هەڵدەوەشێنێتەوە) دێت.

سەرنجبدە ئەم وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی کۆتایی لەگەڵ repeat جیاوازە کە بەمانای (دوبارەدەکاتەوە) دێت. لەڕوی گۆکردنیشەوە یەك کێشیان هەیە.

Twenty nine senators said they opposed repeal of the death penalty.

بیست و نۆ سیناتۆر (ئەندامی ئەنجومەنی پیران) وتیان، دژی هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانن.

Legislators repealed the sales tax.

یاسادانەران باجی سەر فرۆشەمەنییان هەڵوەشاندنەوە.

[1608]ریپییت، ریئیتەرەیت. بێگومان وشەی (تیکرارەکاتۆ) شێوەزاری ناڕەسمییەو مەخسەوی شەریفم لێی (تیکراردەکاتەوە)یە. تیکراردەکاتەوە= دوبارەدەکاتەوە، دوپاتدەکاتەوە.

سەرنجبدە هەردوو وشەکە بە re دەستپێدەکەن.

Some historians think that history repeats itself.

هەندێك لەمێژونوسان پێیانوایە مێژوو خۆی دوبارەدەکاتەوە.

She reiterated that she had never seen him before.

ئەو دوپاتیکردەوە کە پێشتر هەرگیز نەیبینیوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.651 literacy (ليترەسى) چيه؟ خوێندەوارییه[1610]

transgression پێشێلکارییه[1611]

.652 penal code چيه؟ ياساى عقوبات[1612]

come in وەره ژوور[1613]، (income)ە داهات[1614]

.653 lackey هەم valet هەردوو خزمەتکار[1615]

---

[1609]کەنفیووت، دیسپرووڤ. پوچەڵەکاتۆ= پوچەڵدەکاتەوە.

سەرنجبدە وشەی دووەمیان پێکهاتووە لەوشەی prove (دەسەلمێنێت)و بە پێشگری dis پێچەوانەکراوەتەوە.

Galileo was able to confute the theory that the Sun moved around the Earth.

گالیلۆ توانی ئەو بیردۆزە پوچەڵبکاتەوە کە دەڵێت، خۆر بە دەوری زەویدا دەسورێتەوە.

Only the government has information which can disprove these claims.

تەنها حکومەت زانیاری لایە کە دەتوانێت ئەم بانگەشانە پوچەڵبکاتەوە.

[1610] The country has a literacy rate of almost 98%.

ڕێژەی خوێندەواری لەوڵاتەکەدا نزیکەی لەسەدا 98ە.

[1611]ترانسگرێشن. مەبەستم لەپێشێلکاری لێرەدا: شکاندنی یاسا یان ڕێنمایی ئەخلاقی و شتی لەو بابەتە.

Who did commit these transgressions?

کێ ئەم پێشێلکارییانەی ئەنجامدا؟

[1612]پینڵ کەود. یاسای عقوبات= یاسای سزادان: ئەو یاسایانەی سزای تاوانە جیاکانیان دیاریکردووە.

What needs to be changed is the penal code.

ئەوەی پێویستە بگۆڕدرێت، یاسای سزادانە.

[1613]کەمین. وەرە ژوور= وەرە ژوورەوە= بێرە ژوورەوە.

Hi, come in.

سڵاو، وەرە ژوورەوە.

[1614]ئینکەم. لەزمانی ئینگلیزیدا کەم نین ئەو وشانەی لەڕوی ژماردنەوە بەدولا مەست و حەیرانن، واتە هەم بژێردراون، هەم نەبژێردراو. ئەم وشەیە یەکێکە لەوانە.

The company's income has greatly improved.

داهاتی کۆمپانیا بەشێوەیەکی زۆر باشبووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**frustrated، وەك upset بێزار**[1616]

[.654] **Jupiter چیە؟ واتە موشتەری**[1617]

**nomad، nomadic  هەردوو کۆچەری**[1618]

[.655] **flex بەمانای دەچەمێتەوە**[1619]

---

[1615]لاکی، ڤالەت. برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە لاکی دەخوێننەوە.

سەبارەت بە وشەی دووەمیش، سەرباری ڤالەت، بە (ڤالەی)یش دەخوێنرێتەوە.

He treats us all like his lackeys.

ئەو وەك خزمەتکارەکانی، رەفتار لەگەڵ هەمومان دەکات.

The minister has a smart valet.

وەزیر خزمەتکارێکی زیرەکی هەیە.

[1616]فرەستریتید، ئەپسێت. هەردوکیان بەمانای بێزار دێن.

Among frustrated people, violence sparks easily.

توندوتیژی لەناو خەڵکی بێزاردا بەئاسانی هەڵدەگرسێت.

She is very upset.

ئەو زۆر بێزارە.

[1617]جوپیتە"ر". موشتەری: یەکێکە لەهەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر. ئەم وشەیە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتاڵ بنوسرێت.

Jupiter is the fifth planet from the Sun and the biggest planet of our Solar System.

موشتەری پێنجەم دورترین هەسارەیە لەخۆرەوەو گەورەترینە لەناو کۆمەڵەی خۆردا.

[1618]نەوماد، نەومادیك. هەردوکیان بەمانای کۆچەری دێن، بەڵام یەکەمیان ناوەو دووەمیان ئاوەڵناوە.

کۆچەری: ئەو کەسانەن کە شوێنێکی جێگیریان نیە بۆ نیشتەجێبون بەڵکو بەردەوام لەشوێنێکەوە دەڕۆن بۆ شوێنی ترو زۆرجار مەڕوماڵاتیشیان پێیە.

It is difficult for nomads to gather at one place.

کۆبونەوەی کۆچەرییەکان لەیەك شوێندا کارێکی قورسە.

I think the nomadic people are healthier than the constant.

پێموایە خەڵکی کۆچەری لەجێگیرەکان، تەندروستترن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**get back به واتای دەگەڕێتەوە**[1620]

.656 **succumb (سەکەم) چیە؟ تەسلیم دەبێ**[1621]

**blue (بلوو) شیندەکا، شین و شیندەبێ**[1622]

.657 **whooping cough چیە؟ کۆکەڕەشەیە**[1623]

---

[1619]فلێکس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فلێکس گۆیدەکەن.

Wood breaks, but steel flexes.

دار دەشکێت بەڵام پۆڵا دەچەمێتەوە.

[1620]گێت باك. رابردوو و تەسریفی سێیەمی got backە. بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا تەسریفی سێیەمی زیاتر gotten back بەکاردەهێنرێت.

If you get back in time, you can come with us.

ئەگەر لەکاتی خۆیدا بگەڕێیتەوە، دەتوانیت لەگەڵماندا بێیت.

[1621] تەسلی مدەبێ= تەسلیم دەبێت= ملکەچ دەبێت.

After a hard fight ,the town finally succumbed last week.

پاش جەنگێکی سەخت، دواجار هەفتەی رابردوو شارۆچکەکە تەسلیم بوو.

[1622] وەك کار بەمانای شین دەکاو شین دەبێ دێت، بەڵام وەك ئاوەڵناو بەمانای شین دێت.

شیندەکا= شیندەکات. شیندەبێ= شیندەبێت.

The light blued the screen.

روناکییەکە شاشەکەی شینکرد.

She bought a nice blue shirt to me.

کراسێکی شینی جوانی بۆ کڕیم.

After disappearing the clouds, the sky blued.

پاش دیارنەمانی هەورەکان، ئاسمان شینبوو.

[1623]هووپینن کۆف. واتە موراديفی pertussisە.

Worldwide, there are an estimated 24.1 million cases of whooping cough and about 160,700 deaths per year.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکان ساڵانە لەجیهاندا 24 ملیۆن و سەد هەزار حاڵەتی توشبون بە کۆکەڕەشەو نزیکەی 160 هەزار حاڵەتی مردن بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە، روودەدات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**chaplain (چاپلن)و pastor (پاستە) هەردوو قەشەیە**[1624]

.658 **chaos و mayhem هەردوو پشێوی**[1625]

**nature (نەیچە) سروشتە**[1626]**، wild (وایڵد)یش کێوی**[1627]

.659 **accident ،mishap ،event روداوە**[1628]

**shut (شەت) هەم دادەخا، هەم داخراوە**[1629]

---

[1624] The hospital chaplain is my uncle.

قەشەی نەخۆشخانەکە مامی منە.

The pastor of the church is very sick.

قەشەی کڵێسەکە زۆر نەخۆشە.

[1625]کەیۆس، مەیهێم. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە کەیاس گۆیدەکەن. پشێوی= فەوزا.

Snow and ice have caused chaos on the roads.

بەفرو سەهۆڵ پشێوی لەسەر رێگاکان دروستکردووە.

There was complete mayhem after the explosion.

پاش تەقینەوەکە، پشێوییەکی تەواو رویدا.

[1626] All these materials are found in nature.

هەموو ئەم ماددانە لەسروشتدا دەبینرێن.

[1627] Wild animals are dangerous.

گیاندارانی کێوی مەترسیدارن.

[1628]ئاکسیدنت، میسهاپ، ئیڤێنت.

She was injured in a car accident

ئەو لەرِوداوێکی ئۆتۆمبێلدا برینداربوو.

A series of mishaps led to the nuclear plant blowing up.

زنجیرەیەك روداو بووەهۆی تەقینەوەی کانە ئەتۆمییەکە.

Assassination of Lincoln is one of the most important historian events.

تیرۆرکردنی لینکۆڵن یەکێکە لەگرنگترین روداوە مێژوییەکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

660. **dementia خەرەف، واتە خەڵەفان**[1630]

**reproach گلەیی، بەناوو فەرمان**[1631]

661. **dement خەڵەفاو**[1632]**، cement چیمەنتۆ**[1633]

---

[1629] وەك كار بەمانای دادەخا "close" و وەك ئاوەڵناو بەمانای داخراو"closed" دێت. ئەم وشەیە یەكێكە لەفەرمانە ئیرریگیولەرەكان و رابردوو و تەسریفی سێیەمیشی هەر shutەو ناگۆڕێت.

دادەخا= دادەخات.

Please shut the door.

تكایە دەرگاكە داخە.

The windows were shut.

پەنجەرەكان داخراو بون.

[1630]دیمێنشە. خەرەف= (ع: خرف)= خەڵەفان: جۆرە نەخۆشییەكە كە لەمێشك دەدات و زیانێكی گەورە بە عەقڵ دەگەیەنێت.

The number of people living with dementia worldwide is currently estimated at 50 million and will almost triple by 2050.

ژمارەی ئەو كەسانەی لەئێستادا خەڵەفانیان هەیە، بە پەنجا ملیۆن كەس دەخەمڵێنرێن لەجیهانداو پێشبینی دەكرێت ئەم ژمارەیە بەهاتنی ساڵی 2050، بگاتە سێ ئەوەندە.

[1631]ریپرەوچ. وەك ناو بەمانای "گلەیی"و وەك فەرمان بەمانای "گلەییدەكات لە" دێت.

There was a hint of reproach in his voice.

دەنگی، ئاماژەیەكی گلەیی تێدابوو.

They reproached each other.

ئەوان گلەییان لەیەكتركرد.

[1632]دیمێنت. خەڵەفاو: كەسێك كە نەخۆشی خەڵەفانی هەبێت.

There are many dements in the world.

لەجیهاندا ژمارەیەكی زۆر خەڵەفاو هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**flex بەمانای دەچەمێنێتو**[1634]

**.662** **landlord چیە؟ خاوەنعەقار**[1635]

**(downtown)ە لەناوەندی شار**[1636]

**.663** **forcefull وstrong ،beefy بەهێزە**[1637]

**force (فۆرس)و power (پاوە) هێز**[1638]**، prism (پریزم) ئاویزە**[1639]

---

1633 سیمێنت. سەرنجبدە ئەم وشەیەو وشەکەی تری ئەم نیوە بەیتە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازە، لەڕوی گۆکردنیشەوە یەك کێشیان هەیە. هەربۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆمکردنەوە.

My brother works in a cement factory.

براکەم لەکارگەیەکی چیمەنتۆدا کاردەکات.

1634فلێکس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فلێکس گۆیدەکەن. دەچەمێنێتو= دەچەمێنێتەوە.

Can you flex your feet?

دەتوانیت پێکانت بچەمێنیتەوە؟

1635لاندلۆد. خاوەنعەقار: : خاوەن باڵەخانە یان زەوی کە داویەتی بەکرێ.

Our landlord is very rich.

خاوەنعەقارەکەمان زۆر دەوڵەمەندە.

1636داونتاون. لەناوەندی شار= لەناوەڕاستی شار: پێچەوانەی لەدەوروبەرو دەرەوەی شار.

I work downtown, but I live in the suburbs.

لەناوەندی شار کاردەکەم، بەڵام لەدەوروبەرەکانی دەژیم.

1637فۆوسفڵ، سترۆنگ، بییفی. هەرسێکیان بەمانای بەهێز دێن.

She was a forceful personality.

ئەو کەسایەتییەکی بەهێز بوو.

My grandmother had a strong effect on my early childhood.

نەنکم کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر سەرەتای منداڵیم هەبوو.

He is a beefy player.

ئەو یاریزانێکی بەهێزە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.664 aloof، standoffish دورەپەرێزە**[1640]

**husky (هەسکی) بەمانای گەورەو بەهێزە**[1641]

**.665 sleazy (سلییزی) پیسە، هەروەها سوکە**[1642]

**twister (تویستە) هەم فێڵباز، هەم گێژەڵوکە**[1643]

---

1638 Teachers aren't allowed to use force in the classroom.

مامۆستایان ڕێگەیان پێنادرێت هێز لەپۆلدا بەکاربهێنن.

The power of her religious faith is clear for all to see.

بینینی هێزی باوەڕە ئاینییەکەی لەلایەن هەموو کەسێکەوە، ڕونە.

1639 The prism was very nice.

ئاوێزەکە زۆر جوان بوو.

1640 ئەلوف، ستاندۆفیش. هەردوکیان بەمانای دورەپەرێز دێن. دورەپەرێز: بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت خۆی لەخەڵك بەدوربگرێت و حەزی لەتێکەڵاوی نەبێت.

She seemed rather aloof but in fact she was just shy.

ئەو تاڕادەیەك درووپەرێز دەرکەوت، بەڵام لەڕاستیدا تەنها شەرمن بوو نەك درووپەرێز.)

His wife is cold and stand-offish.

ژنەکەی ساردو دورەپەرێزە.

1641 Sudenly, several husky men attacked me.

کتوپڕ چەند پیاوێکی گەورەو بەهێز، هێرشیانکردە سەرم.

1642 بەمانای پیس و سوکیش دێت. سوك لێرەدا: بۆ وەسفی کەسێکی ڕسوا بەکاردەهێنرێت، بەتایبەت لەڕوی ئەخلاقی و سێکسییەوە.

The  restaurant is cheap and sleazy.

خواردنگەکە هەرزان و پیسە.

Her exh-husband was a sleazy man.

کۆنەمێردەکەی پیاوێکی سوك بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.666 **spot، speck پەڵە**[1644]**، spotless پاکە**[1645]

**last رابردووە**[1646]**، just now ئێستاکە**[1647]

.667 **before long چیە؟ (بەمزوانە)یە**[1648]

**carnage بەمانای قەسابخانەیە**[1649]

---

[1643] وشەیەکی نارەسمییە.

Several twisters stole her car.

چەند فێڵبازێك ئۆتومبێلەکەیان دزی.

Can you avoid a sudden twister?

دەتوانیت خۆت لەگێژەڵوکەی کتوپڕ لابدەیت؟

[1644] سپۆت، سپیك. هەردوکیان بەمانای پەڵە دێن.

He had a spot of grease on his tie.

بۆیانباخەکەی پەڵەیەك گریسی پێوەبوو.

There's not a speck of dirt in their house.

هیچ پەڵەیەك پیسی لەخانووەکەیدا نیەز

[1645]سپۆتلەس. مانای حەرفیی ئەم وشەیە بێپەڵەیە، بەڵام وەك زاراوە بەمانای پاك دێت، واتە هاومانای clean.

Her home is spotless.

ماڵەکەی پاکە.

[1646] لاست

They got married last November.

تشرینی دووەمی رابردوو هاوسەرگیرییان کرد.

[1647]جەست ناو. واتە مورادیفی now.

Karzan's in the bath just now - can he call you back?

کارزان ئێستاکە لەحەمامە، دەتوانێت دواتر تەلەفۆنت بۆ بکاتەوە؟

[1648] بیفۆ"ر" لۆنن. واتە لەم مانایەدا مورادیفی soon.

It’s likely that the law will be abolished before long.

ئەگەری هەیە بەمزوانە یاساکە هەڵبووەشێنرێتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**668. sex** رەگەز، سێکس[1650]، six (سیکس) مانای شەشە[1651]

**sexy** سێکسییە[1652]، threat (ثرێت) هەڕەشە[1653]

**669. large** و big، huge، ginormous گەورە[1654]

---

1649 كالنیج. قەسابخانە بەمانا مەجازییەکەی واتە بەمانای کۆمەڵکوژی نەك کوشتارگەی ئاژەڵ.

My father was on of the victims of the Halabja's carnage.

باوکم یەکێك بوو لەقوربانیانی قەسابخانەکەی هەڵەبجە.

1650 سێکس. بەمانای رەگەزو سێکس (سێکسکردن) دێت.

What sex is your cat?

رەگەزی پشیلەکەت چیە؟ واتە نێرە یان مێیە؟

In Jamaica, sex between men is punishable with up to 10 years' imprisonment, but lesbian action is allowed.

لەجامایکا سێکس لەنێوان پیاواندا تاوانەو سزاکەی دەگاتە 10 ساڵ زیندانی بەڵام لەنێوان ژنان خۆیاندا واتە هاورەگەزبازیی مێیینە، ڕێپێدراوە.

1651 In his lifetime, a man spends almost six months shaving.

پیاوان نزیکەی شەش مانگی کۆی ژیانیان بە ریشتاشین بەسەردەبەن.

1652 سێکسی. سێکسی: وروژێنەرو سەرنجڕاکێش لەڕوی سێکسییەوە.

She's very sexy.

ئەو زۆر سێکسییە.

1653 Your threats don't scare me.

هەڕەشەکانت نامترسێنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**shovel (شەوڵ) خاكەناز[1655]، axe (ئاكس)یش تەورە[1656]**

[670]. **feast خوان و جەژن[1657]، fist مستەكۆڵە[1658]**

---

[1654]لاج، بیگ، هیووج. جاینۆمەس. هەرچواریان بەمانای گەورە دێن بەڵام سێیەم و چوارەمیان لەدوانەكەی تر ئاستی گەورەییەكەیان زیاترە. واتە دەشتوانین بۆ مانای ئەم دوانە بەپێی ناوەرۆكی رستەكە بڵێین، زەبەلاح، فیلەتەن، زۆر گەورە، هتد...

A 2013 study found that men who prefer large breasts are less financially secure.

لێكۆڵینەوەیەك كە لەساڵی 2013 ئەنجامدراوە، گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی كە ئەو پیاوانەی مەمكی گەورەیان بەلاوە پەسەندترە، لەڕووی داراییەوە، كەمتر جێگیرن.

The largest cave in the world is Hang Sơn Đoòng in Vietnam and it's so big that it has its own river, jungle, and climate.

گەورەترین ئەشكەوت لەجیهاندا ئەشكەوتی هانگ سۆن دونگەو دەكەوێتە ڤێتنامەوە. ئەم ئەشكەوتە هێندە گەورەیە كە رووبارو دارستان و كەشوهەوای تایبەت بەخۆی هەیە.

"Speak softly and carry a big stick." (American proverb) - This proverb advises using diplomacy and strength together to achieve your goals.

بەنەرمی قسەبكەو با كوتەكێكی گەورەشت پێبێت.
ئەم پەندە ئەمەریكییە ئامۆژگاریمان دەكات كە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانمان دەبێت دیپلۆماسی و هێز پێكەوە بەكاربهێنین.

They live in a huge house.

ئەوان لەخانویەكی گەورەدا دەژین.

An elephant is a ginormous animal.

فیل گیاندارێكی گەورەیە.

[1655] I bought a new shovel to my farm.

خاكەنازێكی نوێم بۆ كێڵگەكەم كڕی.

[1656] The farmer used an axe to cut the old tree.

جوتیارەكە تەوری بەكارهێنا بۆ بڕینی درەختە پیرەكە.

[1657] فییست. بەمانای خوان و جەژنیش دێت. خوان لێرەدا: ژەمەخواردنێكی زەخم.

The prince prepared a great feast to his friends.

شازادە خوانێكی گەورەی بۆ هاوڕێكانی ئامادەكرد.

Muslims have two feasts.

موسڵمانان دوو جەژنیان هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**reprisal، revenge سەندنەوەی تۆڵە**[1659]

[.671] **childhood (چایڵدهود) چیە؟ مانای تفولە**[1660]

**quadriplegic واتای مەشلولە**[1661]

[.672] **fable حیکایەت، واتە بەسەرهات**[1662]

---

[1658] فیست. واتە چۆن دەنوسرێت هەرواش دەخوێنرێتەوە. مستەکۆڵە= مشتەکۆڵە= بۆکس.

Her husband slammed his fist down onto the table so hard the dishes jumped.

مێردەکەی هێندە بە توندی مستەکۆڵەی کێشا بە مێزەکەدا کە قاپەکانی ختستە هەڵبەزو دابەز.

[1659] ریپرایزڵ، ریڤێنج. سەندنەوەی تۆڵە= تۆڵەسەندنەوە= تۆڵەکردنەوە.

They didn’t tell the police for fear of reprisal.

لەترسی تۆڵەسەندنەوە بە پۆلیسیان نەوت.

The new prime minister doesn’t carry out any politics of revenge.

سەرۆك وەزیرانی نوێ، هیچ سیاسەتێکی تۆڵەسەندنەوە جێبەجێ ناکات.

[1660]. تفولە= (ع: طفولة)= منداڵی.

Childhood is not always a happy time.

منداڵی هەمیشە کاتێکی خۆش نیە.

Tom Cruise had a rough childhood. He had an abusive father who died while he was still young. Even when his father was alive, his parents had marital issues. They lived in near poverty and they constantly moved. He attended 15 schools in 14 years.

تۆم کروز منداڵییەکی زۆر سەختی بەرێکردووە، هێندە گوناح بووە، جولەکە بەزەیی پێدا هاتووەتەوە. ئەم قوزەدینە باوکێکی توندوتیژی هەبووەو کاتێك ئەم تازەلاو بووە، باوکی عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە. دایك و باوکی چەندین کێشەی خێزانییان هەبووە. سەباری ئەوەش وەزعی ماددیان باش نەبووەو بەردەوام خەریکی ماڵگواستنەوە بون. ئەم تۆم کروزە قوڕبەسەرە، لەماوەی 14 ساڵدا، 15 خوێندنگەی جیاوازی بەخۆیەوە بینیوە.

[1661]کۆدرەپلیجیك. مەشلول= (ع: مشلول)= ئیفلیج. ناوەو ئاوەڵناویشە. بۆ باسکردنی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە هەر چوارپەلی ئیفلیج ببێت نەك کەمتر.

Her husband is a quadriplegic.

مێردەکەی ئیفلیجە.

His quadriplegic son died, yesterday.

دوێنێ کوڕە ئیفلیجەکەی گیانی لەدەستدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**struggle نیزاڵ، بەکوردی خەبات**[1663]

**.673 as (ئاز) بەمانای "وەك"، لەگەڵ "هەرچەندە"**[1664]

**gulf (گەڵف) واتە کەنداو**[1665]**، island (ئایلەند)، isle (ئایل) دورگە**[1666]

**.674 crippled عاجیزە، واتە پەککەوتە**[1667]

---

1662 فەیبڵ. حیکایەت= (ع: حكاية)= بەسەرهات.

Did you hear the fable of the tortoise and the hare?

ئایا تۆ بەسەرهاتی کیسەڵ و کەروێشکەکەت بیستووە؟

1663 سترەگڵ. نیزاڵ= (ع: نضال)= خەبات.

The Kurdish struggle for freedom has left thousands of martyrs.

خەباتی کورد بۆ ئازادی، هەزاران شەهیدی لێکەوتووەتەوە.

1664 هەروەها بە "ئەز"یش دەخوێنرێتەوە.

This year, as in previous years, tickets were sold very quickly.

ئەمساڵ وەك ساڵانی پێشوو، بلیتەکان زۆر بەخێرایی فرۆشران.

Tired as I was, I carried on working till the sun came up.

هەرچەندە ماندو بوم، بەڵام تا رۆژ هەڵاتن بەردەوام بووم لەکارکردن.

1665 In the Gulf of Alaska there is a section where 2 oceans meet, but their waters do not mix.

لەکەنداوی ئەلاسکا، شوێنێك هەیە کە دوو زەریای تێدا بەیەك دەگات بەبێ ئەوەی تێکەڵ بن.

1666 هەردوکیان بەمانای دورگە دێن. سەرنج بدە sەکانیان لەبری نەبوانە، واتە ناخوێنرێنەوە.

There are no mosquitoes in New Caledonia, the Central Pacific Islands, Iceland and Seychelles.

ئەگەر هەر زۆر رقت لە مێشولەیە، ئەوا دەتوانیت بارگەو بنەت بپێچیتەوەو بچیت بۆ یەکێك لەم شوێنانە کە مێشولەیان لێ نیە: کالێدۆنیای نوێ، دورگەکانی ناوەراستی زەریای ئارام، ئایسلەندا، کۆماری سیشڵ.

There's an Island in Brazil where civilians are forbidden to go: it has up to 5 snakes per square meter.

لە برازیل دورگەیەك هەیە کە دەسەڵاتداران نایەڵن خەڵکی سڤیل بچنەناوییەوە چونکە لەهەر مەترێك چوارگۆشەیدا پێنج ماری تێدایە.

The Philippines consists of 7,641 islands.

فلیپین لە حەوت هەزارو 641 دورگە پێکهاتووە. ئەگەر بڕواش ناکەیت، بیژمێرە!

Last summer we visited a beautiful isle.

هاوینی رابردوو سەردانی دورگەیەکی جوانمان کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**repercussion (ریپەکەشن)ە مانای لێکەوتە**[1668]

[675]. **prisoner، inmate هەردوو (سەجین)ە**[1669]

**fresh water مانای ئاوی شیرینە**[1670]

[676]. **work (وێێك) کاردەکات، وەك labour (لەیبە"ر")یش کار**[1671]

**worker (وێیکە) کارمەندە، لەگەڵ کرێکار**[1672]

---

[1667]کرپڵد. عاجیز= (ع: عاجز)= پەککەوتە. مەبەست لەپەککەوتە لێرەدا: ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە بەهۆی برینداربونی سەختەوە کاریگەری زۆری لەسەر جەستەی دروستکردووە بەشێوەیەك کە ناتوانێت بە باشی بجوڵێت یان بڕوات. لێرەدا ئەم وشەیەم پێ بەهێزتر بوو لەکەمئەندام.

Crippled beggars have filled the streets.

سواڵکەری پەککەوتە شەقامەکانیان پڕکردووە.

[1668] President Kennedy's assassination had many repercussions.

تیرۆکردنی سەرۆك کێنێدی، چەندین لێکەوتەی هەبوو.

[1669]پریزنە"ر"، ئینمەیت. سەجین= (ع: سجین)= زیندانی.

Relationships between the staff and the prisoners are good.

پەیوەندیی نێوان کارمەندان و زیندانیەکان باشە.

Women make up about 6 percent of all inmates in the U.S.

ژنان نزیکەی لەسەدا شەشی کۆی زیندانیانی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێکدەهێنن.

[1670]فرێش وۆتە"ر". ئاوی شیرین= ئاوی سازگار: پێچەوانەی ئاوی سوێرو دەریاو زەریا.

Only 3% of the Earth's Water is Fresh Water.

تەنها لەسەدا سێی ئاوی سەر زەوی، ئاوی شیرینە.

[1671] واتە وشەی work بەمانای "کاردەکات" دێت، سەرباری ئەوەش موردایفی وشەی labourیشە کە بەمانای کار دێت.

Vladimir Putin's grandfather worked as a chef for Stalin and Lenin, and Rasputin.

باپیرەی ڤلادمیر پۆتین، وەك شێف کاریکردووە بۆ ستالین و لێنین و راسپوتین.

Most jobs these days aren't exhausting manual labour.

زۆربەی ئیشەکانی ئەم سەردەمە کاری دەستیی شەتەککەر نین

What time do you finish the work?

چ کاتێك کارەکە تەواودەکەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.677 lift (لیفت)، elevator (ئێلەڤەیتە) هەردوو ئاسانسوار[1673]**

**sensation (سێنسەیشن) هەستە[1674]، sensitive (سێنسیتیڤ) هەستیار[1675]**

**.678 introvert چیە؟ واتە داخراو[1676]**

**clue لەگەڵ lead هەردوو سەرەداو[1677]**

---

[1672] The company has 25 workers.

کۆمپانیاکە 25 کارمەندی هەیە.

I need some other workers.

پێویستم بە چەند کرێکارێکی ترە.

[1673] ئاسانسوار= مەسعەد= (ع: مصعد).

It's on the 3rd floor. Let's use the lift.

لەنهۆمی سێیەمە. با ئاسانسوار بەکاربهێنین.

Rome holds the world record for the city with most elevators.

خاوەنی ژمارەی پێوانەیی جیهانی لەڕوی بونی زۆرترین ئاسانسوارەوە، رۆمایە.

In 2018, an elevator with six people fell 84 floors in a Chicago skyscraper. Miraculously, every single person survived, and no one required hospitalization.

ئەم ناسکەبابەتە تایبەتە بەو فەخامەتانەی زۆر لە مەسعەد دەترسن.

لەساڵی 2018، لەشاری شیکاگۆی ئەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، مەسعەدێك بە شەش سەرنشینەوە، لەنهۆمی 84هەمی باڵەخانەیەکی هەوربڕەوە کەوتەخوارەوە، بەڵام موعجیزەئاسا سەرجەم سەرنشینەکان رزگاریان بوو، تەنانەت هیچ یەکێکیشیان پێویستی بەوە نەکرد ببرێتە نەخۆشخانە.

[1674] The disease causes a loss of sensation in the fingers.

نەخۆشییەکە دەبێتەهۆی نەمانی هەست لەپەنجەدا.

[1675]. هەستیار= (ع: حسّاس).

Her reply showed that she was very sensitive to criticism.

وەڵامەکەی دەریخست کە زۆر هەستیارە بە رەخنەگرتن. واتە زۆر رقی لە رەخنەیەو پێی تورەو بێزار دەبێت.

[1676] ئینترەڤێیت. پێچەوانەی extrovertە. ناوەو بەمانای داخراو دێت. داخراوی مەعنەوی نەك ماددی.

I don't like him, he's an introvert.

حەزم لێی نیە. داخراوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.679 **meal ژەم و ئاردە[1678]، yeast (ترشێن)ە[1679]**

**eructation (ئیرەکتەیشن)ە مانای قڕقێنە[1680]**

.680 **belch قڕقێنە، بەناوو فەرمان[1681]**

**contemplation مانای تێڕامان[1682]**

---

1677 کلوو، لیید. هەردوکیان بەمانای سەرەداو دێن.

The police found a vital clue to the girl's disappearance in a wooded area near her home.

پۆلیس سەرەداوێکی گرنگی دۆزییەوە سەبارەت ونبونی کچەکە لەناوچەیەکی دارستانیی نزیك ماڵەکەی.

The police have checked out dozens of leads, but have yet to find the killer.

پۆلیس سەیری دەیان سەرەداوی کردووە، بەڵام هێشتا بکوژەکەی نەدۆزیوەتەوە.

1678میڵ. واتە ئەم وشەیە بەمانای ژەم (ژەمەخۆراك)و ئاردیش دێت.

Wolves can eat 20 pounds of meat per meal which is equivalent to a man eating 100 hamburgers at once.

گورگ هەر ژەمێك دەتوانێت زیاتر لەنۆ کیلۆگرام گۆشت بخوات. ئەگەر ئەمە بەراورد بکرێت بە مرۆڤ، وەك ئەوە وایە مرۆڤێك 100 هەمبەرگر بە یەکجار بخوات.

Some times my mother makes loaves from the corn meal.

هەندێ جار دایکم کولێرە لەئاردی گەنمەشامی دروستدەکات.

1679. ییست. ترشێن= خەمیرە.

Sakar mixed the yeast with the water, before adding it to the flour and salt.

ساکار خەمیرەکەی تێکەڵ بەئاوکرد، پاشان کردییەناو ئاردو خوێوە.

1680 I heard a far eructation in the class.

گوێم لەقرقێنەیەکی دور بوو لەپۆلەکەدا.

1681بێلچ. وەك ناو بەمانای "قڕقێنە"و وەك فەرمان بەمانای "قرقێنەلێدەدات" دێت.

The baby let out a loud belch.

منداڵەکە قڕقێنەیەکی بەرزی دەرکرد.

After drinking a soft drink, he belched.

پاش خواردنەوەی خواردنەوەیەکی گازی، قرقێنەی لێداز



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.681 promise، vow، pledge هەرسێکیان بەڵێن**[1683]

**lever نوێڵ**[1684]**، crane قوڵنگ و کرێن**[1685]

**.682 hazardous (هازەدەس) چیە؟ مەترسیدارە**[1686]

**hazard (هازەد) مەترسی**[1687]**، status (بار)ە**[1688]

---

[1682]کۆنتمپلەیشن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کانتمپلەیشن گۆیدەکەن. تێرامان: بیرکردنەوەی قوڵ.

ئەم وشەیە هاومانای meditationە.

The monks spend an hour in contemplation each morning.

ڕەبەنەکان هەموو بەیانییەك سەعاتێك بە تێڕامان بەسەردەبەن.

[1683]پرۆمیس، ڤەو، پلێج. بەڵێن= پەیمان= وەعد

We received promises of support from several MPs.

ئێمە چەند بەڵێنێکی پشتگیریمان لەچەند پەرلەمانتارێك، وەرگرتووە.

I don't break my vow to marry you.

من بەڵێنەکەم ناشکێنم کە ئەویش هاوسەرگیریکردنە لەگەڵ تۆ.

I give you this red rose as a pledge of my everlasting love for you.

من ئەم گوڵە سورەت وەك بەڵێنی خۆشەویستی هەمیشەیی، پێدەدەم.

[1684]لیڤە"ر"

Can you carry that heavy lever?

دەتوانیت ئەو نوێڵە قورسە هەڵبگریت؟

[1685] بە کرەین دەخوێنرێتەوە. بەمانای قوڵنگ و کرێنیش دێت. قوڵنگ: جۆرە پەلەوەرێکی ملدرێژە. کرێنیش واتە رافیعە.

Cranes have long necks and straight beaks.

قوڵنگ ملیان درێژو دەنوکیان ڕاستە.

The crane lifted the container off the ship.

کرێنەکە سندوقەکەی لەسەر کەشتییەکە لابرد.

[1686] Smoking is hazardous to health.

جگەرەکێشان بۆ تەندروستی مەترسیدارە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.683 **patron** زەبونە، واتە مەعمیلە[1689]

**murderer، killer** هەردوو قاتیلە[1690]

.684 **canine** (کەیناین) ی سەگە، کەڵبە، هەم سەگە[1691]

**molar** (مەولە) خرێیە[1692]، **hybrid** (هایبرید) دوڕەگە[1693]

---

[1687] Smoking is an environmental hazard too.

جگەرەکێشان مەترسییەکی ژینگەییشە.

[1688]ستەیتەس. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ستاتەس گۆیدەکەن. بار بەمانای حاڵەت= (ع: حالة).

What is your marital status?

باری خێزانیت چیە؟ (واتە هاوسەرگیریت کردووە یان نا).

[1689] پەیترەن. زەبون= )ع: زبون(= مەعمیل= هەمیشەکڕیار.

The shop has made some important facilities for the disabled patrons.

دوکانەکە هەندێك ئاسانکاری گرنگی کردووە بۆ مەعیمیلە کەمئەندامەکان.

[1690]مێدەرە"ر"، کیلە"ر". قاتیل= (ع: قاتل)= بکوژ.

A convicted murderer was executed in Iraq yesterday.

دوێنێ بکوژێکی ئیدانەکراو لە عیراق ئیعدامکرا.

His killer fleed.

بکوژەکەی هەڵات.

[1691] واتە وەك k9 دەخوێنرێتەوە. بەمانای ی سەگ و کەڵبەو سەگ (dog) دێت. ی سەگ= سەگی: ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بەو گیاندارەوە هەبێت.

Some canine diseases are dangerous for men.

هەندێك لەنەخۆشییەکانی سەگ مەترسیدارن بۆ مرۆڤ.

There's an ache in my left canine.

کەڵبەی لای چەپم ئازارێکی تێدایە.

Some hungry canines attack humans.

هەندێك سەگی برسی پەلاماری مرۆڤ دەدەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**685. youngster حەدەس، هەروەها (لاو)ە[1694]**

**extravert مانای کراوە[1695]**

---

[1692] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مۆوڵە"ر" گۆیدەکەن. خرێ: ددانی بەشی دواوەی دەمی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر.

Humans have 12 molars.

مرۆڤ دوانزە خرێی هەیە.

[1693] دورەگ: زیندەوەر یان رووەکێك کە بەرهەمی دوو زیندەوەر یان دوو رووەکی جیاواز بێت. وەك ناوو ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێت.

وەك ناو:

The animal looks like a hybrid of a zebra and a horse.

گیاندارەکە لەدورەگێکی زێبرا و ئەسپ دەچێت. واتە وەك ئەوە وایە بێچوی هاوبەشی ئەو دوو گیاندارە بێت.

وەك ئاوەڵناو:

A mule is a hybrid animal.

هێستر گیاندارێکی دورەگە.

[1694]یەنگستە"ر". بەمانای حەدەس و لاویش دێت. حەدەس= (ع: حدث)= مێردمنداڵ، نەوجەوان.

لاو= گەنج.

He talked to the youngsters about the dangers of drugs.

ئەو سەبارەت بە مەترسییەکانی ماددە هۆشبەرەکان قسەی بۆ مێردمنداڵەکان کرد.

The youngsters are very angry.

گەنجەکان زۆرتورەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.686 poem قەصیدە[1696]، quatrain چوارینە[1697]**

**dune، sand dune گردی لمینە[1698]**

**.687 nourishment غیزائـ، بەکوردی خۆراك[1699]**

---

1695 ئێکسترەڤێیت. بە سپێلی extrovertیش دەنوسرێت. بەمانای کراوەی مەعنەوی دێت، نەك ماددی. وەك ناوو ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێت.

وەك ناو:

The extraverts have many friends.

کراوەکان ژمارەیەکی زۆر هاوڕێیان هەیە.

وەك ئاوەڵناو:

He doesn’t like her wife’s extrovert personality.

ئەو حەزی لەکەسایەتییە کراوەکەی ژنەکەی نیە.

1696 پەویم، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پۆوم گۆیدەکەن.

His collected poems were published in 1928.

قەسیدە کۆکراوەکانی لەساڵی 1928 بڵاوکرانەوە.

1697 کوۆترەین، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کواترەین گۆیدەکەن.

The quatrains of Khiyam is vary famous.

چوارینەکانی خیام زۆر بەناوبانگن.

1698 دیوون، ساندیوون. هەردوکیان بەمانای گردی لمین دێن.

Srwa and I climbed back to the top of the dune and sat down to-gether.

سروەو من هەڵگەڕاینەوە بۆ سەر لوتکەی گردە لمینەکەو دانیشتین پێکەوە.

Participants will also visit the sand dunes of the region.

بەشداربوان سەردانی گردە لمینەکانی ناوچەکەش دەکەن.

1699 نەریشمەنت. غیزائـ= (ع: غذاء)= خۆراك.

Young babies obtain all the nourishment they need from their mother's milk.

منداڵی بچوك هەموو ئەو خۆراکەی پێویستی پێیەتی، لەشیری دایکەوە وەردەگرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**drear (درییە)، dreary (درییەری) هەردوكیان خەمناك**[1700]

688. **farmer**[1701] **(فامە) جوتیارە، spade**[1702] **(سپەید)یش بێڵە**

**muddy قوڕاوی، وەك fuzzy**ش **لێڵە**[1703]

689. **typhoon ئیعسارە، بەكوردی زریان**[1704]

**arthritis هەوە، بەس هی جومگەكان**[1705]

---

[1700] He was killed in a dreary winter's day.

ئەو لەڕۆژێكی خەمناكی زستاندا كوژرا.

She spent another dreary day in the office.

ئەو رۆژێكی خەمناكی تری لەنوسینگەكە بەسەربرد.

[1701] Fathers of most of us are farmers.

باوكی زۆربەمان جوتیارە.

[1702] The farmer put his spade on the ground.

جوتیارەكە بێڵەكەی لەسەر زەوییەكە دانا.

[1703] مەدی. فەزی. واتە muddy بەمانای قوڕاوی دێت، هەروەها وەك وشەی fuzzyش، بەمانای لێڵیش دێت. لێڵ= ناڕوون.

Take your boots off outside if they're muddy.

پوتەكانت لەدەرەوە داكەنە ئەگەر قوڕاوین.

On the issue of education, the difference between the two parties is muddy.

لەسەر پرسی پەروەردە، جیاوازیی نێوان دوو پارتەكە لێڵە. واتە روون نیە.

My old pictures are fuzzy.

وێنە كۆنەكانم لێڵن.

[1704] تایفوون. ئیعسار= (ع: إعصار)= زریان. زیاتر بەمانای ئەو زریانانە دێت كە لە ناوچەكانی خۆرئاوای زەریای ئارامەوە هەڵدەكەن.

I didn't go out during the typhoon.

لەكاتی زریانەكەدا نەچومە دەرەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.690 polka dot خاڵدار[1706]، dot بەمانای خاڵ[1707]**

**playground (پلەیگراوند) یاریگا(ی منداڵ)[1708]**

**.691 grad، graduate هەردوکیان دەرچوو[1709]**

**fly مێش و دەفڕێ[1710]، insect (ئینسێکت)ە مێروو[1711]**

---

1705 ئاثرایتس. بەمانای هەوی جومگەکان دێت واتە هەوکردنی جومگەکان. بێگومان لەبەر کێشی بەیتەشیعرەکە لەبری وشەی "هەوکردن" وشەی "هەو"م بەکارهێناوە.

There is no cure for arthritis.

هەوکردنی جومگەکان چارەسەری نیە.

1706 پۆڵکەدۆت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پۆوڵکەداات گۆیدەکەن.

She wore an atrractive polka-dot dress for the party.

ئەو عەزییەکی سەرنجڕاکێشی خاڵداری لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

1707 دۆت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دات گۆیدەکەن. خاڵ= نوقتە= (ع: نقطة).

The full stop at the end of this sentence is a dot.

وەستانی تەواوەتی لەکۆتایی ئەم رستەیەدا خاڵێکە.

1708 The children were shouting and running in the playground.

منداڵەکان لەیاریگاکە هاواریاندەکردو رایاندەکرد.

1709 گراد، گراجوەت. واتە وشەی یەکەمیان چۆن دەنوسرێت، هەرئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

هەردوکیان بەمانای دەرچوو دێن بەڵام وشەی یەکەمیان نارەسمییە. دەرچوو= خریج.

One of my relatives is a Harvard grad.

یەکێك لەخزمەکانم دەرچووی زانکۆی هارڤاردە.

We prefer to fill the post with a recent graduate.

بەباشی دەزانین پۆستەکە بە دەرچوویەکی تازە پڕبکەینەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

692. **firewood** داره، بەڵام بۆ سوتان[1712]

**yelp** قوروسکاندن بەناوو فەرمان[1713]

693. **statute** (ستاچیووت) وەك **law** (لۆو) مانای یاسایە[1714]

---

[1710] فلای، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فلای، گۆیدەکەن. وەك ناو بەمانای مێش و وەك کار بەمانای دەفڕێ دێت. دەفڕێ= دەفڕێت. کۆکەی flies.

ئەم وشەیە وەك کار یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. رابردووەکەی flewو تەسریفی سێیەمی flown.

Flies are able to see behind them.

مێش دەتوانێت پشتەوەی خۆی ببینێت.

The poor bird couldn't fly because it had a broken wing.

چۆلەکە داماوەکە نەیتوانی بفڕێت، لەبەرئەوەی باڵێکی شکاو بوو.

[1711] There are 1.4 billion insects for every human on Earth.

لەبەرامبەر هەر مرۆڤێکدا لەسەر زەوی، یەك ملیارو 400 ملیۆن مێروو هەیە.

[1712] فایەود. بەمانای دار دێت، بەڵام هەموو جۆرە دارێك نا، بەڵکو دارێك کە بۆ سوتاندن ئامادەکرابێت و بەکاربهێنرێت. ناوێکی نەبژێردراوە.

We can use those old shelves as firewood.

دەتوانین ئەو رەفە کۆنانە وەك داری سوتان بەکاربهێنین.

[1713] یێلپ. مەبەستم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وەك ناو بەمانای (قوروسوکە) و وەك فەرمان بەمانای (دەقوروسکێنێت) دێت.

She heard her pet's yelps of pain and rushed to his side.

ئەو قوروسکەی زیندەوەرەماڵییەکەی بیست لەئازارداو بەپەلە چووە لای.

I accidentally stepped on the dog's foot and it yelped.

بەڕێکەوت قاچم نا بە قاچی سەگەکەداو ئەویش قوروسکاندی.

[1714] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە "لا" گۆدەکەن. هەردوکیان بەمانای یاسا دێن.

University statutes are clear.

یاساکانی زانکۆ رونن.

There are several laws against drinking in the street.

چەندین یاسا هەن لەدژی خواردنەوە لەسەر شەقامدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**fleet (فلييت) کەشتیگەل، لەگەڵ خێرایە**[1715]

.694 **club (کڵەب) کوتەکە، هەروەها یانە**[1716] **یانەی شەوانەش**[1717]**، broad (برۆود) ژن و پانە**[1718]

.695 **mutiny عیصیان، ناوە، هەم کارە**[1719]

---

1715 وەك ناو بەمانای کەشتیگەل و وەك ئاوەڵناو بەمانای خێرا دێت.

The entire Spanish fleet was defeated within 6 hours.

تەواوی کەشتیگەلە ئیسپانییەکە لەماوەی شەش سەعاتدا بەزێنرا.

She was slight and fleet of foot.

ئەو لاوازو خێرا بوو بەپێ. واتە هەم لاواز بوو، هەم خێرا بوو لە بەپێ رۆیشتندا.

1716 بەمانای کوتەك و یانە "نادی"ش دێت.

Three policemen hit me with their clubs.

سێ پۆلیس بە کوتەکەکانیان لێیاندام.

Karzan and Chalak belong to the same chess club.

کارزان و چالاك سەربە هەمان یانەی شەترەنجن.

1717 واتە وشەی club بەمانای یانەی شەوانەش دێت. واتە یەکێك لەماناکانی ئەم وشەیە، nightclubە.

I went to that new club that's just opened.

رۆشتم بۆ ئەو یانە شەوانە نوێیەی تازە کراوەتەوە.

1718 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە براد گۆیدەکەن.

وشەی broad بەمانای ژن "woman"و پان "wide"یش دێت. بەڵام لەکاتێکدا بەمانای ژن بەکاردەهێنرێت کە مەبەست لێی سوکایەتیکردن بێت.

She saw his spouse with a broad.

ئەو هاوسەرەکەی لەگەڵ ژنێکدا بینی.

We walked along a broad passage.

ئێمە بەدرێژایی ڕاڕەوێکی پان، بەپێ ڕۆیشتین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(لەژێر فشار)ە(under duress)ە**[1720]

.696 **ornament (زینە)و دەڕازێنێتو**[1721]

**dialogue حیوار، واتە گفتوگۆ**[1722]

.697 **peculiar غەریب، بەکوردی نامۆ**[1723]

**constrict بەمانای تەسکدەکاتۆ**[1724]

---

1719 میووتنی. بەمانای عیسیان دێت و ناویشەو کاریشە. عیسیان= (ع: عصیان)= یاخیبون. واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای یاخیبون و وەك كار بەمانای "یاخیدەبێت" دێت.

There were rumours of mutiny among the troops.

دەنگۆی یاخیبون لەناو سەربازەکاندا هەبوو.

The troops mutinied against their officers.

سەربازەکان یاخیبون لەدژی ئەفسەرەکانیان.

1720 ئەندەە جورێس. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دورێس گۆیدەکەن.

He claimed that he signed the confession under duress.

ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە دانپێدانانەکەی لەژێر فشاردا ئیمزاکردووە.

1721 ئۆونەمەنت. وەك ناو بەمانای زینەو وەك كار بەمانای "دەڕازێنێتو" دێت. زینە: شتێکی جوان کە بۆ رازاندنەوە بەکاردەهێنرێت. دەڕازێنێتو= دەرازێنێتەوە.

They spent decades collecting these colorful ornaments.

ئەو دەیان ساڵی لەکۆکردنەوەی ئەم زینە رەنگاوڕەنگانەدا بەسەربرد.

She ornamented her letters with little drawings.

نامەکانی بە رەسمیی بچوك رازاندەوە.

1722 دایەلۆگ. بە سپێلی dialogیش واتە بەبێ دوو پیتی کۆتاییش، دەنوسرێت.

Students were asked to read simple dialogues out loud.

خوێندکارەکان داوایانلێکرا کە گفتوگۆ سادەکان بەدەنگی بەرز بخوێننەوە.

1723 پیکیولییە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پیکیوڵیە"ر" گۆیدەکەن. نامۆ= غەریب=سەیر.

This type of building is peculiar to the south of the country.

ئەم جۆرە بینایە نامۆیە لەباشوری وڵاتدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.698 lawmaker چیە؟ یاسادانەرە[1725]

eventuality مانای ئەگەرە[1726]

.699 coroner چیە؟ واتە لێکۆڵەر[1727]

retain بەمانای دەگرێ (پارێزەر)[1728]

.700 arraign بانگدەکات لەبۆ مەحکەمە[1729]

product مونتەجە، واتە بەرهەمە[1730]

---

[1724]کەنستریکت. تەسکدەکاتۆ= تەسکدەکاتەوە.

Don't wear anything that constricts your movements.

هیچ شتێك لەبەرمەکە کە جوڵەکانت تەسکدەکاتەوە.

[1725]لۆمەیکە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "ڵامەیکە"ر" گۆیدەکەن.

He is a skilled lawmaker.

ئەو یاسادانەرێکی کارامەیە.

[1726] ئیڤینچوالەتی. بەمانای ئەگەر دێت. ئەگەر بەمانای ئیحتیمالیەت.

It's impossible to be prepared for all eventualities.

ئامادەبون بۆ هەموو ئەگەرەکان، شتێکی مەحاڵە.

[1727]کۆرەنە"ر". بەتایبەت بەمانای ئەو لێکۆڵەرە دێت کە لێکۆڵینەوە لەهۆکاری مردنی کەسێك دەکات کە بەهۆی توندوتیژییەوە مردووە یان بەشێوەیەیەکی چاوەڕوواننکراو گیانی لەدەستداوە.

The coroner investigated the death of the young boy.

لێکۆڵەرەکە لێکۆڵینەوەی لەمردنی کورە بچوکەکە کرد.

[1728] ریتەین. دەگرێ (پارێزەر)= (پارێزەر) دەگرێت.

He has retained a lawyer to challenge the court’s decision.

ئەو پارێزەرێکی گرت بۆ بەرەوداچونەوەی بڕیارەکەی دادگا.

[1729] ئەرەین. بانگدەکات لەبۆ مەحکەمە= بانگهێشتدەکات بۆ دادگا. ئەم کارە زیاتر لەدارِشتەی بکەرنادیاردا بەکاردەهێنرێت.

He was arraigned on charges of aiding and abetting terrorists.

ئەو بەتۆمەتگەلی یارمەتیدان و هاندانی تیرۆریستان، بانگهێشتی دادگا کرا.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.701 **stride (سترايد) لەگەڵ pace (پەیس) هەردوکیان هەنگاو**[1731]

**(falling star)ە، ئەستێرەی کشاو**[1732]

.702 **amend تەعدیلە، بەڵام ناو نا، کار**[1733]

**culprit، criminal، felon تاوانکار**[1734]

.703 **finale چیە؟ واتە کۆتایی**[1735]

---

1730 پرۆدەکت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پراادەکت گۆیدەکەن. مونتەج= (ع: منتج)= بەرهەم.

The product is so good it sells itself.

بەرهەمەکە هێندە باشە کە خۆی خۆی دەفرۆشێت.

1731 یەکەمیان بەمانای هەنگاوی رۆیشتن دێت بەگشتی، بەڵام دووەمیان بەمانای هەنگاوی فراوان دێت، نەك بچوك.

Saya walked a few paces behind her mum.

سایە چەند هەنگاوێکی کەم لەدوای دایکییەوە، رۆشت.

Karzan reached the door in only three strides.

کارزان بەتەنها سێ هەنگاو (ی گەورە) گەیشتە دەرگاکە.

1732فۆڵینن ستاا"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (فاڵینن ستاا"ر") گۆیدەکەن.

Did you see the falling star, last night?

شەوی رابردوو ئەستێرە کشاوەکەت بینی؟

1733ئەمێند. بەمانای تەعدیل (هەموارکردن) دێت، بەڵام ناو نیە، بەڵکو کارە. واتە بەمانای "هەمواردەکات" دێت نەك هەمواركردن.

In line 20, "men" should be amended and changed to "people".

لەدێری بیستدا وشەی (پیاوان) پێویستە هەموواربکرێت و بگۆڕدرێت بۆ (خەڵك).

1734 کەڵپریت، کریمنڵ، فێلەن. هەرسێکیان بەمانای تاوانکار دێن. تاوانکار= تاوانبار.

Police hope the public will help them to find the culprits.

پۆلیس هیواخوازە خەڵك یارمەتییان بدات لەدۆزینەوەی تاوانکارەکاندا.

The police officer told the criminal that he had the right to remain silent.

ئەفسەرەکەی پۆلیس بە تاوانکارەکەی وت کە مافی ئەوەی هەیە بە بێدەنگی بمێنێتەوە. واتە قسەنەکات.

There are many dangerous felons in the big cities.

شارە گەورەکان ژمارەیەکی زۆر تاوانکاری گەورەیان تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[1736] پیسایی هەردوو faeces ،dejection

.704 [1737] دزی robbery ،heist ،steal ،theft

[1738] لەگەڵ بەمانای گزی deceit cheat

---

1735 فینالی، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فنالی گۆیدەکەن. کۆتایی= (ع: خاتمة). وشەیەکی بژێردراوە بەڵام زۆربەی کات بەشێوەی تاك بەکاردەهێنرێت.

The movie has a strange finale.

فیلمەکە کۆتاییەکی سەیری هەیە.

1736 دیجێکشن، فیسیز. پیسایی: پاشەڕۆی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر دێن. یەکەمیان نەبژێردراوەو دووەمیان کۆیە. وشەی دووەمیان بەبێ پیتی aیەکەش دەنوسرێت.

Human dejection is used by some insects.

پیسایی مرۆڤ لەلایەن هەندێك مێرووەوە بەکاردەهێنرێت.

It smelled of urine, faeces and rotting food.

بۆنی میزو پیسایی و خواردەمەنی بۆگەنکردووی لێهات.

1737 ثێفت، ستیڵ، هایست، رۆبری. لێرەدا مەبەستم لەدزی وەك ناوە نەك کار. دزی= دزین. وشەی یەکەم و دووەم بەمانای دزی دێت بەشێوەیەکی گشتی، بەڵام سێیەم و چوارەم زیاتر بەمانای دزینی شتی گرانبەها یان بەناوبانگ دێت.

There have been several thefts in the area recently.

بەمدواییانە چەند دزییەك لەناوچەکە رویداوە.

Steal is a world wide crime.

دزی تاوانێکی جیهانییە.

He stole $ 8 million in his big heist.

ئەو لەدزییە گەورەکەیدا هەشت ملیۆن دۆلاری دزی.

Mobile phones are a common target in street robberies.

لەدزییەکانی سەرشەقامدا مۆبایل ئامانجێکی باوە. واتە زیاتر مۆبایل دەدزرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.705 **circumcision (سێکەمسیژن)ە خەتەنەکردن**[1739]

**(estimation)ە مانای خەمڵاندن**[1740]

.706 **assessment (ئەسێسمنت) تەخمین، واتە خەمڵاندن**[1741]

**introduction (ئینترەدەکشن)ە مانای ناساندن**[1742]

.707 **miserable بائیس، واتە بێنەوا**[1743]

**repository (ریپۆزیتری) بەمانای کۆگا**[1744]

.708 **raisin (رەیزن) مێوژە**[1745]**، cherry (چێری)گێلاسە**[1746]

---

[1738] چییت. دیسییت. گزی= فێڵ، غەش

Guys, cheat in the game is forbidden.

کورینە، گزی لەیارییەکەدا قەدەغەیە.

All we hear from them are lies and deceit.

هەموو ئەوەی ئێمە لەوانەوە دەیبیستین، درۆو گزین.

[1739] Circumcision is good or bad?

خەتەنەکردن باشە یان خراپ؟

[1740] ئێستمەیشن

Can you tell me an estimation of the cost.

دەتوانیت خەمڵاندنێکی تێچووەکەم پێ بڵێیت؟

[1741] Your assessment isn't clear.

خەمڵاندنەکەت روون نیە.

[1742] Our first contestant needs no introduction

یەکەم کێبەرکارمان پێویستی بە ناساندن نیە.

[1743] میزربڵ. بائیس= )ع: بائس(= بێنەوا= نەگبەت.

He's a miserable old man.

ئەو پیاوێکی پیری بێنەوایە.

[1744] There is a deep repository for nuclear waste.

لەوێ کۆگایەکی قوڵی لێیە بۆ پاشەڕۆی ئەتۆمی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

foundation (فاوندەیشن)ە دەزگاو ئەساسە[1747]

[.709] voluptuous (فەلەبچوەس) چیە؟ وروژێنەرە[1748]

legislator (لێجیسلەیتە"ر")ە یاسادانەرە[1749]

[.710] nappy وەك diaper هەردوو داییبیە[1750]

---

[1745] It takes more than 4 tons of grapes to produce 1 ton of raisins.

بەرهەمێهانی یەك تۆن مێوژ، زیاتر لەچوار تۆن ترێی پێویستە.

[1746] There are more than 1,000 varieties of cherries in the United States, but fewer than 10 are produced commercially.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا زیاتر لەهەزار جۆر گێلاس هەیە، بەڵام کەمتر لە 10 جۆریان بەمەبەستی بازرگانی بەرهەم دەهێنرێن.

[1747] دوان لەماناکانی دەزگاو ئەساسن.

دەزگا= دامەزراوە.

ئەساس= (ع: أساس): بنچینە. بەمانای ئەساسی بیناو ئەساسی ماکیاجیش دێت.

The governmental foundations aren’t active.

دەزگا حکومییەکان چالاك نین.

The earthquake shook the foundations of the house.

زەمینلەرزەکە بنچینەکانی خانووەکەی هەژاند.

Your foundation is very thick.

ئەساسەکەت زۆر ئەستورە.

[1748] She has a voluptuous body.

ئەو جەستەیەکی وروژێنەری هەیە.

[1749] Her husband is a skilled legislator.

مێردەکەی یاسادانەرێکی کارامەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(بەغیابی)یە[1751] in absentia**

[.711] **forenoon چیە؟ پێشنیوەڕۆ[1752]**

**dustbin سندوقە، بەس هی پاشەڕۆ[1753]**

[.712] **woodpecker چیە؟ واتە دارکونکەر[1754]**

**liner، ship کەشتی[1755]، مانای sheepیش مەڕ[1756]**

---

[1750] ناپی، داپیە"ر". هەردوکیان بەمانای دایبی دێن بەڵام یەکەمیان بریتانییەو دووەمیان ئەمەریکییە. ئەگەر بەچاوی مشتەرییەوە لەئەمەریکییەکە وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە رەنگە وشەی داییبیە کوردییەکە، لەوەوە وەرگیرابێت.

Did you know that nappies make up around 4% of household waste!

ئایا زانیوتە کە دایبی نزیکەی لەسەدا چواری پاشەڕۆی ماڵ پێکدەهێنێت!

She is changing the baby's diaper.

ئەو داییبی منداڵەکە دەگۆڕێت.

[1751] ئینابسێتیە، هەروەها بە "ئینابسێنشیە"ش گۆدەکرێت. بە غیابی: بەبێ ئامادەبونی کەسی مەبەست.

An Italian court convicted him in absentia for his terrorist activities.

دادگایەکی ئیتالیا بە غیابی، ئەوی بەئەنجامدانی چالاکیگەلی تیرۆریستی، ئیدانەکرد.

[1752] فۆرنوون. پێچەوانەی afternoon.

The crime occurred in the forenoon of Monday.

تاوانەکە لەپێشنیوەڕۆی دوو شەممەدا رویدا.

[1753] دەستبین. بەمانای سندوقی پاشەڕۆ دێت. سندوقی پاشەڕۆ: ئەو دەفرە گەورە نایلۆنەی لەبەردەم ماڵان یان بیناکاندا دادەنرێت و پاشەڕۆی تێدەکرێت، بەکورتی واتە براگەورەی سەبەتەی خۆڵ.

The baby was found in a dustbin.

منداڵەکە لەسندوقێکی پاشەڕۆدا دۆزرایەوە.

[1754] ودپێکە"ر". مەبەستم لەدارکونکەر "دارکونکەرە"یە، بەڵام لەبەر قافیەی بەیتەکە ناچاربوم بزوێنەکەی لێبکەمەوە. دارکونکەرە جۆرە باڵندەیەکە کە بەشێوەیەکی زۆر خێرا دەنوك لەقەدی درەخت دەدات و کونی دەکات. وشە ئینگلیزییەکە لە wood و pecker پێکهاتووە. یەکەمیان بەمانای دار دێت و دووەمیان ناوی بکەری pecke کە بەمانای "بە دەنوك لێدەدات" دێت.

A woodpecker is able to peck 20 times per a second.

دارکونکەرە دەتوانێت لەهەر چرکەیەکدا 20 دەنوك لێبدات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

**.713** **homemaker، housewife کابانی ماڵە**[1757]

**stevedore، docker هەردوو حەماڵە**[1758]

**.714** **longshoreman حەماڵ، بەڵام هی بەندەر**[1759]

---

[1755]لاینە"ر"، شیپ. دووەمیان بەمانای کەشتی دێت بەگشتی، بەڵام یەکەمیان بەمانای کەشتی گەورەی نەفەر هەڵگر دێت.

The liner sank yesterday.

کەشتییەکە دوێنێ نقومبوو.

We spent two months aboard ship .

دوو مانگمان لەسەر کەشتی بەسەربرد.

[1756] شییپ. ئەم وشەیە یەکێکە لەو وشانەی تاك و کۆکەی یەك دارِشتەیە.

The sheep were grazing in the fields.

مەرِەکان لەکێڵگەکاندا دەلەوەران.

[1757]هەوم مەیکە"ر"، هاوس وایف. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە هۆوم مەیکە"ر"، گۆدەکەن. کابانی ماڵ= ژنی ماڵ.

For years she was a homemaker raising three children.

بۆ ماوەی چەند ساڵێك کابانی ماڵ بوو و سێ منداڵی بەخێودەکرد.

She's not the type of person to stay at home and be a housewife.

ئەو لەو جۆرە کەسانە نیە کە لەماڵدا بمێنێتەوەو ببێت بە کابانی ماڵ.

[1758]ستییڤەدۆ"ر"، دۆکە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە (داکە"ر") گۆدەکەن. هەردوکیان بەمانای حەماڵ دێن، بەڵام هەموو حەماڵێك نا بەڵکو حەماڵی بەندەر، بەتایبەت ئەوانەی باری کەشتی باردەکەن و دادەگرن.

At twenty-three she married a man who worked as a stevedore in a port.

لەتەمەنی 23 ساڵیدا، شویکرد بە پیاوێك کە وەك حەماڵ لەبەندەرێك کاریدەکرد.

1,000 London dockers marched in support of the speech.

هەزار حەماڵی لەندەن بەمەبەستی پشتگیریکردنی وتارەکە، رێپێوانێکیان ئەنجامدا.

[1759]لۆنگشۆرمەن، بەمانای حەماڵی بەندەر دێت واتە مورادیفی stevedore و docker، بەڵام ئەم وشەیەکی ئەمەریکییە نەك بریتانی. بێگومان کۆکەی longshoremen.

But the longshoremen are unable to load or unload any cargo.

بەڵام حەماڵەکان ناتوانن هیچ بارێك باربکەن یان دابگرن.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(confiscate)، مانای دەستدەگری بەسەر[1760]

.715 imp (ئیمپ) واتە مندالْ، بەڵام هاروهاج[1761]

crown (کراون) لوتکەیە، دێش بەمانای تاج[1762]

.716 plan پلانە[1763]، plot پیلانە[1764]

project پرۆژە[1765]، grenade رومانە[1766]

---

1760 کۆنفیسکەیت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاانفیسکەیت گۆیدەکەن. دەستدەگرێ بەسەر: موسادەرە دەکات.

His passport was confiscated by the police to prevent him from leaving the country.

بەمەبەستی رێگریکردن لەجێهێشتنی وڵات، گوزەرنامەکەی دەستی بەسەردا گیرا.

1761 بەمانای مندالْی هاروهاج دێت.

One day, she is asked to train an imp.

رۆژێك داوای لێدەکرێت راهێنان بە منداڵێکی هاروهاج بکات.

1762 Below the crown of the hill, there are some people reading books.

لەخوار لوتکەی گردەکە، چەند کەسێکی لێیە کە کتێب دەخوێننەوە.

Shaho wore a paper crown and pretended that he was King Arthur.

شاهۆ تاجێکی کاغەزی کردەسەری و خۆی وا نیشاندا کە شا ئارتەرە.

1763پلان. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوها دەخوێنرێتەوە. پلان= (خطة).

If plan A fails, remember there are 25 more letters.

ئەگەر پلانی ئەی شکستیهێنا، لەبیرتبێت کە هێشتا 25 پیتت لەبەردەمدایە.

1764.پلۆت. واتە ئەمیش چۆن دەنوسرێت، ئاوها دەخوێنرێتەوە.  پیلان= (مؤامرة): پلان بۆ شتێکی خراپ.

I don't like movies with complicated plots.

حەزلەو فیلمانە نیە کە پیلانی ئاڵۆزیان تێدایە.

1765 پرۆجێکت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پراجێکت گۆیدەکەن.

My next project is decorating the kitchen.

پرۆژەی داهاتوم رازاندنەوەی چێشتخانەکەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.717 nasty ناخۆش و خەتەر، قێزەون**[1767]

**bleeding، haemorrhage هەردوو خوێنبەربون**[1768]

**.718 upright (ئەپرایت)، vertical (ڤێیتیکڵ) هەردوو ستونی**[1769]

**plainly بیوضوح، واتە بەڕونی**[1770]

---

[1766]گرەنەید. رومانە= (ع: رمّانة)= نارنجۆك.

A man in Shaanxi, China, recently realized that the long-handled, blunt-ended object he'd been using for 25 years to crack walnuts was actually a live hand grenade.

لەهەرێمی شانشیی چین، بەمدواییانە پیاوێك پاش 25 ساڵ لەبەکارهێنانی ئەو شتە دەسکدرێژە کۆتاکولەی بۆ شکاندنی گوێز بەکاریدەهێنا، بۆی دەرکەوت کە لەڕاستیدا نارنجۆکێکی دەستیی نەتەقیوە.

[1767] نااستی. سیان لەماناکانی ناخۆش و خەتەرو قێزەونن. خەتەر= )خطِر(= مەترسیدار.

What's that nasty smell?

ئەو بۆنە ناخۆشە چیە؟

Protect yourself from nasty chemicals.

خۆت لەماددەی کیمیایی مەترسیدار بپارێزە.

The nasty things that were being written about her, made her very angry.

ئەو شتە قێزەونانەی سەبارەت بەو دەنوسران، زۆر تورەیان کرد.

[1768] بلییدین، هێمەریج. وشەی دووەمیان بە بێ پیتی a یەکەمی وشەکەش واتە بە hemorrhageیش دەنوسرێت.

He died of internal bleeding.

ئەو بەهۆی خوێنبەربونی هەناوەوە، گیانی لەدەستدا.

Zana's demise was certainly caused by a massive haemorrhage of the brain.

هۆکاری مردنی زانا، بەدڵنیاییەوە خوێنبەربونی سەختی دەماخ بوو.

[1769] Your seat should be in the upright position when the plane is landing.

لەکاتی نیشتنەوەی فڕۆکەکە، پێویستە کورسییەکەت بەشێوازی ستونی بێت.

Draw a vertical line.

هێڵێکی ستونی بکێشە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.719 **press (دەستدەنێ بە)و رۆژنامەگەری**[1771]

**migratory (مایگرەیتەری) مانای کۆچەری**[1772]

.720 **stench وstink هەردوکیان بۆگەن**[1773]

**dozen دەزینە، بەکوردی دەرزەن**[1774]

.721 **fledgling، nestling بێچووەباڵندە**[1775]

---

1770 پلەینلی. مورادیفی clearlyە.

I remember the accident plainly

رووداوەکەم بەڕونی لەبیرە.

1771 پرێس. دوان لەدیارترین ماناکانی (دەستدەنێ بە)و (رۆژنامەگەری)ن.

Press the button to start the machine.

بۆ کارپێکردنی مەکینەکە، دەستبنێ بە دوگمەکەدا.

Some press reports mentionend the crime clearly.

هەندێك راپۆرتی رۆژنامەگەری بەڕونی باسی تاوانەکەیان کرد.

1772 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مایگرەتۆری گۆیدەکەن.

Migratory birds are very active.

باڵندە کۆچەرییەکان زۆر چالاکن.

1773 ستینچ، ستینك

The stench of burning rubber is very disturbing.

بۆگەنی تایەی سوتاو زۆر بێزارکەرە.

I can’t stand the stink of expired meat.

تەحەمولی بۆگەنی گۆشتی بەسەرچوو ناکەم.

1774 دەزن. دەزینە= (دزينة)= دەرزەن.

I bout a dozen eggs with three thousand dinars.

دەرزەنێك هێلکەم بە سێ هەزار دینار کڕی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**membrane غیشائە، بەکوردی پەردە**[1776]

[.722] **server شاگردە، بەبێ r دەبڕێ**[1777]

**disappear، vanish وندەبێ**[1778]

[.723] **rival موونافیس**[1779]**، litigant نەیارە**[1780]

---

[1775]فلێجلینن، نێستلینن. هەردوکیان بەمانای بێچووە باڵندە دێن، بەڵام یەکەمیان تۆزێك تەمەنی گەورەترە. وشەی یەکەمیان بە سپێڵی fledgelingیش دەنوسرێت.

The hungry fledglings are waiting their mother.

بێچووەباڵندە برسییەکان چاوەڕێی دایکیان دەکەن.

The baby found a weak nestling.

منداڵەکە بێچووەباڵندەیەکی بێهێزی دۆزییەوە.

[1776] مێمبرەین. غیشاء= )ع: غشاء(= پەردە.

The injury caused bleeding beneath the membrane of the brain.

پێکانەکە بووەهۆی خوێنبەربون لەژێر پەردەی دەماخ.

[1777]سێێڤە"ر". بەمانای شاگرد دێت، بەڵام ئەگەر پیتی rەکەی ناوەڕاستی لێبکەیتەوە، دەبێت بە sever (سێڤە"ر") کە بەمانای دەبڕێ دێت. دەبڕێ= دەبڕێت.

مەبەستم لەشاگرد لێرەدا ئەو خزمەتکارانەی خواردنگەو ڕێستۆانتەکانە کە خواردنی داواکراو بۆ کڕیارو میوانەکان دادەنێن واتە لەم مانایەدا موڕادیفی waiterە.

The servers of the restaurant are very active.

شاگردەکانی ڕێستورانتەکە زۆر چالاکن.

The knife severed an artery and he bled to death.

چەقۆکە خوێنبەرێکی بڕی، بۆیە خوێنی لێڕۆشت تا مرد.

[1778]دیسەپیە"ر"، ڤانیش. واتە وشەی دووەمیان چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. هەردوکیان بەمانای "وندەبێ" دێن. وندەبێ= وندەبێت.

My keys have disappeared again.

کلیلەکانم دیسان ونبوون.

The bird vanished from sight.

باڵندەکە لەچاو ونبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dire، perilous مەترسیدارە**[1781]

**724.** **bystander چیە؟ واتە سەیرکەر**[1782]

**dockworker حەماڵ، بەڵام هی بەندەر**[1783]

**725.** **cheat فێڵدەکا، هەروەها فێڵباز**[1784]

---

[1779] رایڤڵ. موناڤیس= رکەبەر.

He beat his closest rival by 20 marks.

نزیکترین رکەبەری بە 20 خاڵ بەزاند.

[1780]لیتیگنت. نەیار بەمانای یەکێك لەو دوو کەس یان لایەنەی کێشەکەیان لەدادگایە.

These cases are too risky for most lawyers and most litigants.

ئەم کێشانە زۆر مەترسیدارن بۆ پارێزەران و زۆربەی نەیارەکان.

[1781]دایە"ر"، پێرەڵەس. هەردوکیان بەمانای مەترسیدار دێن. dangerousیش بەمانای مەترسیدار دێت، بەڵام ئاستی مەترسییەکەی perilous و dire زیاترە.

The situation looked dire.

دۆخەکە مەترسیدار دیارە.

The country roads are perilous.

رێگاکانی وڵاتەکە مەترسیدارن.

[1782]بایستاندە"ر". سەیرکەر= موتەفەریج= (متفرج). مەبەست سەیرکەر لێرەدا: کەسێك کە سەیری شتێك یان بۆنەیەك دەکات، بەبێ ئەوەی بەشداری تێدابکات.

Several innocent bystanders were killed by the blast.

چەند سەیرکەرێکی بێتاوان بە تەقینەوەکە کوژران.

[1783]دۆکوێیکە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە داکوێکە"ر" گۆیدەکەن. بەمانای حەماڵ(ی بەندەر) دێت، ئەوانەی باری کەشتی باردەکەن و دادەگرن.

The dockworkers unloaded the goods quickly.

حەماڵەکان کاڵاکانیان بەخێرایی داگرت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**pattern نمونە، قاڵب و شێواز**[1785]

[.726] **street (ستریێت) شەقامە**[1786]**، alley (ئاڵی) کۆڵانە**[1787]

**groovy (گرووڤی) نایابە، هەروەها جوانە**[1788]

[.727] **corporal جەسەدی، هەروەها عەریف**[1789]

---

[1784] چییت. بەمانای فێڵبازو (فێڵدەکا)ش دێت. فێڵدەکا= فێڵدەکات.

His addiction has turned him into a cheat and a liar.

ئاڵودەبونەکەی کردی بە کەسێکی فێڵبازو درۆزن.

He had cheated in the test by using a calculator.

ئەو لەتاقیکردنەوەکەدا فێڵی کردبوو لەڕێگەی بەکارهێنانی ساڵنامە "تەقویم"ەوە.

[1785] پاتن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پادن گۆیدەکەن. سیان لەماناکانی نمونەو قاڵب و شێوازن.

Can you show me a pattern of the shirts.

دەتوانیت نمونەیەکی کراسەکانم پیشانبدەیت؟

That dress pattern is very nice.

قاڵبی ئەو عەزییە زۆر جوانە.

The pattern of family life has changed.

شێوازی ژیانی خێزان گۆڕاوە.

[1786] Srwa's house is on Salim Street.

ماڵی سروە لەسەر شەقامی سالمە.

[1787] Your alley is very wide.

کۆڵانەکەتان زۆر پانە.

[1788] بەمانای جوان و نایابیش دێت. نایاب= رائع

I have a groovy idea.

بیرۆکەیەکی نایابم پێیە.

I wear groovy clothes.

من جلوبەرگی جوان لەبەردەکەم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**absurd (ئەبسێرد) پرووپوچ، کەواتە سەخیف**[1790]

.728 **headwind چیە؟ بای ڕوبەڕووبوو**[1791]

**box لەگەڵ can هەردوکیان قوتوو**[1792]

.729 **find (فایند) بەمانای دەدۆزێتەوە**[1793]

**roam بەواتای دەسوڕێتەوە**[1794]

---

1789 کۆپرەڵ. بەمانای جەسەدی و عەریفیش دێت. جەسەدی= )ع: جسدي(= جەستەیی= هی جەستە.

عەریف: پلەیەکی نزمی سەربازییە.

School corporal punishment is currently legal in 19 states.

لەئێستادا سزادانی جەستەیی قوتابخانە لە 19 ویلایەت کارێکی یاساییە.

Hitler was a corporal.

هیتلەر عەریف بوو.

1790 It seems an absurd idea.

بیرۆکەیەکی سەخیف دیارە.

1791 هێدویند. بای ڕوبەڕوو: بایەك کە بە ئاڕاستەی پێچەوانەی ڕۆشتنی تۆ دێت.

A strong headwind disturbed the runners.

بایەکی توندی ڕوبەڕوو ڕاکەرەکانی بێزارکرد.

1792بۆکس، کان. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە باکس گۆدەکەن.

Bring the cigar box to my grandfather, please.

تکایە قوتووە جگەرەکە بۆ باپیرم بهێنە.

You'll need a can of tuna for this recipe.

بۆ ئەم جۆرە خواردنە، پێویستت بە قوتویەك ماسیی تونە دەبێت.

1793 I can’t find the car keys.

ناتوانم کلیلەکانی ئۆتۆمبێلەکە بدۆزمەوە.

1794 ڕەوم، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڕۆوم گۆیدەکەن.

After the bars close, gangs of youths roam the city streets.

پاش ئەوەی بارەکان دادەخرێن، کۆمەڵە گەنجەکان لەشەقامەکانی شارەکەدا دەسوڕێنەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**730. cerumen، earwax هەردوو مۆمی گوێ**[1795]

**candle (کاندڵ) واتە مۆم**[1796]**، (fare)ە کرێ**[1797]

**731. gullible، naive، sapیش ساویلکە**[1798]

**ape (ئەیپ) مەیمونە**[1799]**، apex لوتکە**[1800]

---

[1795] سیرومن، ئیە"ر"واکس. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە ئیرواکس گۆدەکەن. هەردوو وشەکە یەك مانایان هەیە بەڵام یەکەمیان گشتییەو دووەمیان زانستییە.

مۆمی گوێ: ئەو ماددە لینجە زەردەی لەبەشی دەرەوەی گوێی شەریفت دروستدەبێت.

There is a popular and false belief that cerumen, is dirty.

باوەڕێکی باوو هەڵە هەیە کە دەڵێت مۆمی گوێ پیسە.

Earwax isn't unique to us! All mammals have it in their ear canals.

مۆمی گوێ تایبەت نیە بە ئێمەی مرۆڤ، هەموو زیندەوەرە مەمکدارەکان ئەم ماددەیە لەجۆگەی گوێیاندا هەیە.

[1796] To heat a room, you need 20 candles.

بۆ گەرمکردنی ژورێك، پێویستت بە 20 مۆم هەیە.

[1797] فێیە"ر". بەمانای کرێی گەشتکردن بە پاس یان شەمەندۆفێرو هاوشێوەکانی دێت.

Train fares are going up again.

جارێکی تر کرێی شەمەندۆفێر بەرزدەبێتەوە.

[1798] گەلەبڵ، نایێف، ساپ. هەرسێکیان بەمانای ساویلکە دێن، بەڵام لەڕوی ڕێزمانەوە یەکەم و دووەم ئاوەڵناون و سێیەم ناوەو وشەیەکی نارەسمیشە.

He could steal much money from a group of gullible tourists, easily.

ئەو توانی بەئاسانی پارەیەکی زۆر لەکۆمەڵێك گەشتیاری ساویلکە بدزێت.

She was very naive to believe that he’d stay with her.

ئەو (ژنەکە یان کچەکە) زۆر ساویلکە بوو کە بڕوایکرد ئەو (پیاوەکە یان کوڕەکە) لەگەڵیدا دەمێنێتەوە.

He is a poor sap. Even a child can cheat him easily.

ئەو ساویلکەیەکی داماوە، تەنانەت منداڵێك دەتوانێت بە ئاسانی فێڵی لێبکات.

[1799] Can an ape talk?

ئایا مەیمون دەتوانێت قسەبکات؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## 732. scent، odour، odor،  aroma (بۆن)ە[1801]

## France فەرەنسا[1802]، Japan ژاپۆنە[1803]

---

[1800]ئەپێکس. ناوێکی ژمێردراوەو کۆکەی apexes وapices، واتە بەهەردوو شێوەی ئاسایی و نائاساییش کۆدەکرێتەوە. سەرنجبدە ئەم وشەیە تەنها پیتی x لەوشەکەی پێشوو زیاترە.

The apex of the pyramid is very high.

لوتکەی هەرەمەکە زۆر بەرزە.

[1801] سێنت، ئەودە"ر"، ئەودە"ر"، ئەرەوما. هەرچواریان بەمانای بۆن دێن، بەڵام یەکەم و چوارەمیان زیاتر بۆ گوزارشت کردن لەبۆنی خۆش بەکاردەهێنرێن، دووەم و سێیەمیش بۆ گوزراشتکردن لەبۆنی ناخۆش بەکاردەهێنرێن. دووەم و سێیەم هەمان وشەن بە سپێلی جیاواز، دووەم سپێلی ئینگلیزیی بریتانییەو سێیەم هی ئەمەریکییە. وشەی smellیش بۆ گوزارشتکردن لەهەموو جۆرە بۆنێك بەکاردەهێنرێت.

سەرنجبدە وشەی scent هەروەك وشەی sent (نارد) دەخوێنرێتەوە.

The scent of roses has filled the house.

بۆنی گوڵ، ماڵەکەی پڕکردووە.

Inside the room there is the odour of sweaty feet.

ناو ژورەکە بۆنی پێی عارەقاوی لێدێت.

What’s the best thing to remove body odor.

باشترین شت بۆ نەهێشتنی بۆنی جەستە، چیە؟

I like the aroma of fresh coffee so much.

زۆر حەزم لەبۆنی قاوەی تازەیە.

[1802] فرانس. لەبەرئەوەی ناوی وڵاتە، بۆیە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

France is the largest country in the EU.

فەرەنسا گەورەترین وڵاتە لەیەکێتیی ئەورووپادا.

Germany invaded Poland on September 1, 1939, prompting Britain and France to declare war on Germany, officially starting WWII.

لە 1-9-1939 ئەڵمانیای ئیشقۆڕ پەلاماری پۆڵەندای دا، ئەمەش بریتانیاو فەرەنسای دەفعکرد کە جەنگ لەدژی ئەڵمانیا رابگەیەنن و بەڕەسمی جەنگی دووەمی جیهانیان دەستپێکرد.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.733 stillbirth (ستیلبێیث) چیە؟ واتە لەبارچون[1804]

insubordination مانای یاخیبوون[1805]

.734 adult پێگەیشتوو[1806]، adultery (ئەدەڵتری) زینا[1807]

grownیش هەر بالغ[1808]، pizza (پیتسە)یە پیتزا[1809]

---

[1803] جەپان. ژاپۆن= یابان.

The highest mountain in Japan is Mount Fuji.

بەرزترین شاخ لە ژاپۆن، شاخی فوجییە.

There are 81 centenarians for every 100,000 people in Okinawa, Japan. It is one of the five healthiest parts of the world, which are known as "Blue Zones."

لەهەرێمی ئۆکیناوای ژاپۆن، لەهەموو سەد هەزار کەسێك، 81یان تەمەنیان لانیکەم سەد ساڵی ناسکە. ئەم هەرێمە یەکێکە لەتەندروستترین شوێنەکانی جیهان و بە ناوچە شینەکان ناسراوە.

[1804] How can I avoid stillbirth?

چۆن دەتوانم خۆ لە لەبارچون بپارێزم؟

[1805] ئینسەبۆدینەیشن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئینسەبۆردنەیشن گۆیدەکەن.

Several officers were arrested for insubordination.

چەند ئەفسەرێك بەتۆمەتی یاخیبوون دەستگیرکران.

[1806]ئەدەڵت. پێگەیشتوو= گەورەساڵ= "بالغ": کەسێك یان زیدەوەرێك کە گەشەکردنی تەواوکردووەو چیتر منداڵ یان بێچوو نیە. ئەم وشەیە وەك ناوو ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێت.

Adults only laugh 15 to 100 times a day.

پێگەیشتوان رۆژانە 15 بۆ 100 جار، پێدەکەن.

An adult person performs around 23,000 inhalations and exhalations a day.

کەسێکی پێگەیشتوو رۆژانە نزیکەی 23 هەزار هەناسەدان و هەناسەدانەوە ئەنجامدەدات.

[1807] She had committed adultery on several occasions.

ئەو لەچەند بۆنەیەکدا زینای ئەنجامداوە.

[1808]گرۆون. واتە ئەمیش هەر بەمانای پێگەیشتوو "بالغ" دێت، بەڵام ئەم تەنها ئاوەڵناوە ناو نیە.

I don't like to see a grown man in tears.

حەزناکەم پیاوی پێشگەیشتوو بە فرمێسکەوە ببینم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.735 **lick دەبەزێنێ، دەلێسێتەوە**[1810]

**faint کەم و ئیغما، دەبورێتەوە**[1811]

.736 **incubate واتە کڕدەکەوێ لەسەر**[1812]

**fearsome، horrific مانای تۆقێنەر**[1813]

---

[1809] Eating pizza regularly reduced the risk of developing oesophageal cancer by 59%.

خواردنی پیتزا بەشێوەیەکی مونتەزەم، مەترسیی دروستبونی شێرپەنجەی زراو بەرێژەی لەسەدا 59 کەمدەکات.

[1810]لیك، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە لَیك گۆیدەکەن. وەك کار بەمانای "دەبەزێنێ" و "دەلێسێتەوە"ش دێت. لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی defeat. دەبەزێنێ= دەبەزێنێت.

We licked the other club easily.

بە ئاسانی یانەکەی ترمان بەزاند.

The dog licked her owner’s face eagerly.

سەگەکە بەپەرۆشەوە دەموچاوی خاوەنەکەی لێسایەوە.

[1811]فەینت. وەك ئاوەڵناو بەمانای کەم و وەك ناو بەمانای ئیغماو وەك کار بەمانای دەبورێتەوە، دێت. ئیغما= "إغماء"=بورانەوە.

The faint light of dawn is attractive.

روناکییە کەمەکەی بەرەبەیان سەرنجڕاکێشە.

Faint occurs when the blood pressure gets too low.

بورانەوە کاتێك روودەدات کە فشاری خوێن زۆر نزم بێت.

Can you hear when you faint?

کاتێك دەبورێیتەوە، گوێت لەشت دەبێت؟

[1812] ئینکیبەیت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئینکیوبەیت گۆیدەکەن. کڕدەکەوێ لەسەر=کڕدەکەوێت لەسەر.

The female bird incubates the eggs for about 16 days.

مێینەی باڵندەکە بۆ ماوەی نزیکەی 16 رۆژ لەسەر هێلکەکان کڕدەکەوێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.737 incubation period ماوەی حەزانە[1814]

family منداڵان لەگەڵ خێزانە[1815]

.738 tailor خەیاتە[1816]، sailor کەشتییەوان[1817]

---

[1813]فیەسەم، هەریفیك. هەردوکیان بەمانای تۆقێنەر دێن.

US army uses fearsome weapons against the enemy.

سوپای ئەمەریکا چەکی تۆقێنەر لەدژی دوژمن بەکاردەهێنێت.

He lost his legs in a horrific car accident.

لەڕوداوێکی تۆقێنەری ئۆتومبێلدا قاچەکانی لەدەستدا.

[1814]ئینکیەبەیشن پیەریەد. ماوەی حەزانە= (ع: فترة الحضانة) = ماوەی هەڵگری: ماوەی نێوان چونی بەکتریا یان ڤایرۆسی زیانبەخش بۆ ناو جەستەی زیندەوەر تا کاتی دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشیی پەیوەندیدار.

The incubation period of COVID-19, which is the time between exposure to the virus and symptom onset, is on average 5-6 days, but can be as long as 14 days.

ماوەی هەڵگریی کۆڤید 19 کە بریتییە لەکاتی نێوان بەرکەوتن بە ڤایرۆسەکەو دەرکەوتنی نیشانەکان، بەگشتی پێنج تا شەش ڕۆژە، بەڵام دەکرێ 14 ڕۆژیش بخایەنێت.

[1815]فاملی. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە فامڵی گۆیدەکەن. بەمانای منداڵان و خێزانیش دێت.

My dad died when we were small so my mum raised the family.

کاتێك ئێمە بچوك بوین، باوکم مرد، بۆیە دایکم منداڵەکانی بەخێوکرد.

This house isn't big enough for a family of seven.

ئەم خانووە هێندە گەورە نیە کە بەشی خێزانێکی حەوت کەسی بکات.

[1816] تەیلە"ر". خەیات= (ع: خَیَّاط)= بەرگدروو. ئەم وشەیە زیاتر بەمانای خەیاتی پیاوان دێت. خەیاتی ژنان dressmakerی پێدەووترێت.

His father was a tailor.

باوکی بەگدروو بوو.

As a teenager, Andrew Johnson was sold as a servant to a tailor with his brother, and ran away 2 years later.

ئەندرۆ جۆنسن کە یەکێك بووە لەسەرۆکەکانی ئەمەریکا، لەسەردەمی هەرزەکاریدا لەگەڵ براکەیدا وەك خزمەتکار فرۆشراوە بە بەرگدرویەك، بەڵام دوو ساڵ دواتر هەڵاتووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**فڕۆکەوان[1818] pilot ،aviator ،airman**

.739 **quell چیە؟ سەرکوتدەکا[1819]**

**shadow ظیلل، پەڵە، چاودێریدەکا[1820]**

.740 **pair واتە جوت[1821]، peer (پییە"ر")یش هاوتا[1822]**

---

1817 سەیلە"ر". سەرنج بدە ئەم وشەو وشەکەی پێشوی لەسەر یەك وەزنن لەڕووی خوێندنەوەو پێکهاتەی پیتەکانیشەوە. تەنها جیاوازیشیان پیتی یەکەمە. هەردوکیشیان پیشەن.

He was a young sailor.

ئەو کەشتییەوانێکی گەنج بوو.

1818 ئێیەمەن، ئەیڤیەیتە"ر"، پایڵەت. هەرسێکیان بەمانای فڕۆکەوان دێن.

My late father was an airman.

باوکی کۆچکردوم، فڕۆکەوان بوو.

Our country has no many aviators.

وڵاتەکەمان فڕۆکەوانی زۆری نیە.

The pilot and several passengers were held prisoner by the gunmen for 52 hours.

فڕۆکەوان و چەند سەرنشینێك بۆ ماوەی 52 سەعات لەلایەن چەکدرانەوە بەدیل گیران.

1819 کوێل. سەرکوتدەکا= سەرکوتدەکات.

The police quelled the riot.

پۆلیس ئاژاوەگێرییەکەی سەرکوتکرد.

1820 شادەو. وەك ناو بەمانای زیڵ و پەڵەو وەك کار بەمانای چاودێریدەکا (بەنهێنی) دێت. ظیلل= (ع: ظِلّ)= سێبەر. چاودێریدەکا= چاودێریدەکات: شوێنی دەکەوێت بەنهێنی تا بزانێت چی دەکات.

The tree had made a long shadow.

درەختەکە سێبەرێکی گەورەی دروستکرد.

She put on some make-up to cover the dark shadows under her eyes.

بەمەبەستی شاردنەوەی پەڵە تاریکەکانی ژێر چاوی، هەندێك ئارایشتی کرد.

The police think that the robbers shadowed their victims for days before the crime.

پۆلیس پێیوایە کە دزەکان بۆ ماوەی چەند رۆژێك چاودێری قوربانییەکانیان کردووە، پێش تاوانەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**سزا[1823] penalty ،retribution**

**[741]. ginger (جینجه) زەنجەفیل[1824]، peppermint (پێپەمینت) نەعنا[1825]**

**wise حەکیمە[1826]، (savant)ە زانا[1827]**

**[742]. badger چالگە[1828]، beaver سەگلاوە[1829]**

---

[1821]. پێیە"ر". جوت: دوان.

I bought a new pair of shoes.

جوتێك پێڵاوی تازەم كڕی.

[1822] Do you think it's true that teenage girls are less self-confident than their male peers?

پێتوایە ئەوە ڕاستە کە گوایە کچانی هەرزەکار لەهاوتا نێرەکانیان کەمتر متمانەیان بەخۆیان هەیە.

[1823] ڕێتریبیوشن، پینەڵتی. هەردوكیان بەمانای سزا دێن.

Many saw her death as divine retribution for her crimes.

هەندێك پێیانوابوو مردنەکەی سزایەکی خودایی بوو بۆ تاوانەکانی.

The maximum penalty is up to 7 years' imprisonment.

ئەوپەڕی سزاکەی بریتییە لەزیندانیکردن بۆ ماوەی تا حەوت ساڵ.

The penalty of killing an elephant in Sri Lanka is death.

سزای کوشتنی فیل لە سریلانکا، لەسێدارەدانە.

[1824] Ginger is not good for children under the age of 2.

زەنجەفیل بۆ منداڵانی خوار تەمەن دوو ساڵ باش نیە.

[1825] What are the benefits of peppermint?

سودەکانی نەعنا چین؟

[1826] وایز. حەکیم= دانا. ئەم وشەیە ئاوەڵناوە نەك ناو.

I like to see the wise old man again.

حەزدەکەم جارێکی تر پیاوە پیرە داناکە ببینمەوە.

[1827] ساڤەنت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ساڤانت گۆیدەکەن.

There are many savants in the world.

جیهان چەندین زانای تێدایە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**obtuse angle گۆشەی کراوە**[1830]

[.743] **drake (درەیك) سۆنەی نێر**[1831]**، duck (دەەك) یش مراوی**[1832]

**aquatic plant (ئەکواتیك پلانت) رووەکی ئاوی**[1833]

[.744] **blind کوێردەکا، کوێر**[1834]**، sightless کۆرە**[1835]

---

[1828] باجە"ر". چالگ: گیاندارێکە کە هەم گۆشتخۆرە، هەم رووەکخۆر. (چالەکە)شی پێدەووترێت.

Are hadgers hangerous to humans?

ئایا چالگ مەترسیدارە بۆ مرۆڤ؟

[1829]بییڤە"ر". سەگی ئاویشی پێدەووترێت. دەتوانرێت بە زیادکردنی s و هەروەها بەبێ هیچ زیادەیەکیش کۆبکرێتەوە.

Beavers are the second largest rodent in the world.

سەگلاو دووەم گەورەترین گیانداری قرتێنەرە لەجیهاندا.

[1830]ئەبچیووس ئانگڵ. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە ئابتووس گۆدەکەن.

گۆشەی کراوە: ئەو گۆشەیەی لە 90 پلە زیاترەو لە 180 کەمترە.

One of the three angles is an obtuse angle. Can you find it easily?

یەکێك لە سێ گۆشەکە کراوەیە. دەتوانیت بەئاسانی بیدۆزیتەوە؟

[1831] سۆنەی نێر= مراویی نێر= نێرەمراوی. واتە موراویفی male duckە.

The drake is covered with plumage of extraordinary beauty.

نێرەمراوییەکە بە پەڕێکی بانئاسایی جوان داپۆشراوە.

[1832] Most bird species don't have penises, but ducks do.

زۆربەی جۆرەکانی باڵندە چوکیان نیە، بەڵام مراوی هەیەتی.

[1833] Aquatic plants have different type of structure that makes them resistant from decaying even though they are in the water.

رووەکە ئاوییەکان پێکهاتەیان جۆرێکی جیاوازە کە وادەکات رێگربێت لەبۆگەنکردنیان هەرچەندە لەناو ئاویشدان.

[1834] بلایند، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بلاَیند گۆدەکەن. وەك کار بەمانای "کوێردەکا"و وەك ئاوەڵناو بەمانای (کوێر) دێت. کوێردەکا= کوێردەکات. کوێر= نابینا.

Bach And Handel Were Both Blinded By The Same Ocular Surgeon, John Taylor.
هەریەکە لە باخ و هاندیڵ کە دوو کەڵەگای جیهانی بون لەبواری موزیکدا، لەلایەن یەك پزیشکی ئیشقۆڕی چاوەوە کوێرکراون کە ناوی جۆن تایلەر بووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sing گۆرانییەڵێ[1836]، sinkیش دەسشۆرە[1837]**

**.745 symptom وmark هەردوو نیشانە[1838]**

**caries کلۆربون، هی ئێسك یا دانە[1839]**

---

In the United Kingdom, the blind people receive a 50% discount on TV licenses.

لەشانشینی یەکگرتوو، کەسانی نابینا بەڕێژەی لەسەدا 50 داشکاندنیان لەکرێی مۆڵەتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن، پێدەدرێت.

[1835] سایتلەس. کۆر= کوێر= نابینا.

The sightless beggar collected much money.

سواڵکەرە نابیناکە پارەی زۆری کۆکردەوە.

[1836] سینگ. گۆرانییەڵێ= گۆرانی دەڵێ. رابردووەکەی sangو تەسریفی سێیەمی sung.

He sings very well.

ئەو زۆر بەباشی گۆرانی دەڵێت.

[1837] سینك. دەسشۆر= دەستشۆر= مەغسەلی دەستشتن. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ sing، هەم لەڕوی پێکهاتەوە، هەم لەڕوی دەنگەوە لەیەکەوە نزیکن. هەربۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆمکردنەوە.

Clean the sink quickly.

خێرا دەسشۆرەکە پاکبکەرەوە.

[1838] سیمپتم، ماك. هەردوکیان بەمانای نیشانە دێن، بەڵام یەکەمیان زیاتر بەمانای نیشانەی نەخۆشی دێت نەك نیشانەی شتی تر.

The chest pain is the most common symptom of heart disease.

ئازاری سنگ، باوترین نیشانەی نەخۆشیی دڵە.

What do those marks in the middle of the road mean?

ئەو نیشانانەی ناوەڕاستی جادەکە مانای چی دەدەن؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

746. **capital punishment عقوبەی ئیعدام**[1840]

**use-by date واتە ماوەی ئیستخدام**[1841]

747. **banner (بانە"ر")و flag (فلاگ) هەردوکیان ئاڵا**[1842]

**complaint (کەمپلەینت) نەخۆشی، لەگەڵ سکاڵا**[1843]

748. **knifepoint تەهدید، بەڵام بە چەقۆ**[1844]

---

[1839]کێرییز. بەمانای کلۆربونی (ئێسك یان ددان) دێت و بەگوێرەی ناوەرۆکی رستەکە یان وشەکانی دەوروبەری دەزانرێت کە مەبەست لێی کامیانە.

My mother suffers from bone caries.

دایکم بەدەست کلۆربونی ئێسکەوە دەناڵێنێت.

Dental caries is a common health problem.

کلۆربونی ددان، کێشەیەکی باوی تەندروستییە.

[1840]کاپیتڵ پەنیشمەنت. عقوبەی ئیعدام= (ع: عقوبة الإعدام)= سزای لەسێدارەدان.

More than 140 countries have abolished the capital punishment.

زیاتر لە 140 وڵات سزای لەسێدارەدانیان هەڵوەشاندووەتەوە.

[1841]یوسبای دەیت. ماوەی ئیستیخدام= (ع: فترة الإستخدام)= ماوەی بەکارهێنان: ئەو بەروارەی لەسەر قوتوو یان پاکەتی خۆراك و دەرمان و هتد... نوسراوەو پاش ئەو بەروارە بۆ بەکاربردن ناشێت.

Check the use-by date on the packet.

سەرنجی ماوەی بەکارهێنانەکە بدە کە لەسەر پاکەتەکە نوسراوە.

[1842] The Kurdistan banner contains several colors.

ئاڵای کوردستان چەند رەنگێك لەخۆدەگرێت.

It's a crime to desecrate the country's flag.

سوکایەتیکردن بە ئاڵای وڵات، تاوانە.

[1843]. واتە بەمانای سکاڵاو نەخۆشیش "illness" دێت.

I intend to make an official complaint.

ئەمەوێت سکاڵایەکی رەسمی بکەم.

She is receiving treatment for her skin complaint.

ئەو چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەی پێستی وەردەگرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**professor (پرەفێسە) واتە مامۆستا(ی زانکۆ)**[1845]

749. **adjacent (ئەجەیسنت) چیە؟ واتە لەپاڵیەك**[1846]

**strike لێدەدا**[1847]، **cudgel (کەجڵ)یش کوتەك**[1848]

750. **pseudonym و alias ناوی خوازراوە**[1849]

**extrovert واتە کراوە**[1850]

---

[1844] نایفپۆینت، بەمانای تەهدید بە چەقۆ دێت. تەهدید بە چەقۆ= هەڕەشە بە چەقۆ.

Another family was robbed at knifepoint.

خێزانێکی تر لەژێر کاریگەری هەڕەشە بەچەقۆ، تاڵانکرا.

[1845] Her husband is a university professor.

مێردەکەی مامۆستای زانکۆیە.

[1846] They work in adjacent buildings.

ئەوان لەچەند بینایەکی لەپاڵیەکدا کاردەکەن.

[1847] سترایك. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان، رابردوو و تەسریفی سێیەمەکەشی strikeە.

The autopsy revealed that his murderer had struck him on the head with an iron bar.

توێکارییەکە دەریخست کە بکوژەکەی بە توڵێکی ئاسنین لەسەری داوە.

[1848] The policeman struck the demonstrator with a big cudgel.

پۆلیسەکە بە کوتەکێکی گەورە لەخۆپیشاندەرەکەی دا.

[1849] سوودنیم، ئەیلیەس بەڵام برادەرانی ئەمەریکا یەکەمیان بە سودەنیم گۆدەکەن. سەرنجبدە پیتی Pیەکەی ئەم وشەیە ناخوێنرێتەوە. هەردوکیان بەمانای ناوی خوازراو دێن.

She writes under a pseudonym.

ئەو لەژێر ناوێکی خوازراودا دەنوسێت.

The criminal admitted that the name Jwamer was an alias.

تاوانبارەکە دانی بەوەدا کە کە ناوی جوامێر، ناوی خوازراوە (نەك راستی).



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.751 **spot** فەوری و شوێن[1851]، **lens** هاوێنە[1852]

**peregrine** شاهین، واتە (شەهێن)ە[1853]

.752 **college** کۆلێژە[1854]، **tilt** لاردەکاتۆ[1855]

---

[1850] ئێکسترەڤێیت. بەمانای کراوەی مەعنەوی دێت نەك ماددی. وەك ناوو ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێت.

Most market's people are extroverts.

زۆربەی خەڵکی بازاڕ، کراوەن.

She has an extrovert personality.

ئەو کەسایەتییەکی کراوەی هەیە.

[1851] سپۆت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سپات گۆیدەکەن. دوان لەگرنگترین ماناکانی ئەم وشەیە فەوری و شوێنن. فەوری: زۆر خێرا، دەسبەجێ.

I don't like spot sale.

حەزم لەفرۆشتنی زۆر خێرا نیە.

Why do they want to build a house on this spot?

بۆچی دەیانەوێت خانویەك لەم شوێنەدا دروستبکەن؟

[1852] لێنز. هاوێنە= عەدەسە.

My brother Ahmaw, bought a new lens for his camera before his trip.

ئەحمەوی برام پێش گەشتەکەی، هاوێنەیەکی نوێی بۆ کامێراکەی کڕی.

[1853] پێرەگرین. شاهین عەرەبییە، کوردییەکەی شەهێنە. شەهێن: جۆرە هەڵۆیەکە. هەروەها peregrine falcon یشی پێدەووترێت.

Peregrines are the fastest creatures on the planet, reaching speeds of over 321 kph as they dive to catch their prey.

شەهێن خێراترین زیندەوەرە لەسەر هەسارەی زەوی، خێراییەکەی لەکاتی ڕۆیشتنی بەئاڕاستەی نێچیرەکەی بەمەبەستی گرتنی، دەگاتە زیاتر لە 321 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا.

[1854] کۆلێج، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاڵیج گۆیدەکەن.

I met my husband when we were in college.

کاتێك لەکۆلێژ بوین، مێردەکەمم ناسی.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**university بەمانای زانكۆ**[1856]

753. **deodorant چیە؟ واتای بۆنبڕە**[1857]

**Saturn زوحەل**[1858]**، Venusیش زوهرە**[1859]

754. **last week بەمانای هەفتەی رابردوو**[1860]

**got on (لەبەركرد)، (سەركەوت)و (پیربوو)**[1861]

---

[1855]تیلْت. لاردەكاتۆ= لاردەكاتەوە.

He tilted his chair backwards and put his feet up on his desk.

كورسییەكەی بۆ دواوە لاركردەوەو قاچی خستە سەر مێزەكەی.

[1856]یوونیڤێسەتی

Stanford University conducted a study, according to which, other factors being equal, men are as much as 50% more proficient than women in solving complicated problems.

بەگوێرەی لێكۆڵینەوەیەك كە زانكۆی ستانفۆرد ئەنجامیداوە، ئەگەر پیاوان و خانمان لەهۆكارەكانی تردا یەكسان بن، ئەوا پیاوان لەشیكاركردنی پرسیارە قورسەكاندا، بەڕێژەی لەسەدا 50 لەخانمان لێهاتوترن.

[1857]دیەودرەنت. بۆبنبڕە: ماددەیەك كە دەیدەیت لەجەستەی شەریفت بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆش. ناوێكی بژێردراوو نەبژێردراویشە.

Someone should tell him to use (a) deodorant.

پێویستە كەسێك پێی بڵێت كە بۆنبڕە بەكاربهێنێت.

[1858] ساتن. ئەم وشەیە لەهەر شوێنێكی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەكەمی بە كاپیتەڵ بنوسرێت چونكە ناوی هەسارەیە.

Saturn is the flattest planet.

زوحەل روتەختترین هەسارەیە.

How many Saturn rings are there?

ژمارەی ئەڵقەكانی هەسارەی زوحەل چەندە؟ حەوت ئەڵقەی سەرەكی هەیە.

[1859]ڤینەس. ئەمیش لەهەر شوێنێكی رستەدا بێت، پێویستە پیتی یەكەمی بە كاپیتەڵ بنوسرێت.

Venus is the second brightest natural object in the sky.

زوهرە دووەم گەشترین شتە لەئاسماندا.

[1860]لاست وییك. وشەی week عەینەن وشەی weak گۆدەكرێت.

I visited my parents last week.

هەفتەی رابردوو سەردانی دایك و باوكم كرد.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

755. in sum (ئین سەم) بەکورتی[1862]، sum مەجموع، بڕە[1863]

logger، lumberjack، feller داربڕە[1864]

756. warrant (ۆرنت) یاداشتە[1865]، warranty زەمان[1866]

---

[1861] گۆت ئۆن. کاری لێکدراوەو سیان لەگرنگترین ماناکانی (لەبەرکرد، سەرکەوت، پیربوو)ن. ڕانەبردووەکەی get on.

Get your shirt on quickly.

خێرا کراسەکەت لەبەرکە.

You'll have to work hard if you want to get on.

ئەگەر دەتەوێت سەربکەویت، پێویستە بەجددی کاربکەیت.

The manager is getting on and will retire soon.

بەڕێوەبەر پیردەبێت و بەمزوانە خانەنشین دەبێت.

[1862] In sum, the people don't believe them anymore.

بەکورتی، خەڵك چیتر بڕوایان پێناکات.

[1863] سەم. بەمانای مەجموع و بڕیش دێت. مەجموع: کۆ.

The sum of the loans was nearly 360 billion dinars.

کۆی قەرزەکان نزیکەی 360 ملیۆن دینار بوو.

He owes me a large sum of money.

ئەو بڕێکی زۆر پارەم قەرزارە.

[1864] لۆگە"ر"، لەمبەجاك، فێلە"ر". هەرسێکیان بەمانای داربڕ دێن.

The logger was a tall man.

داربڕەکە پیاوێکی درێژ بوو.

My young brother is a lumberjack.

برا بچوکەکەم داربڕە.

The feller cut the tree easily.

داربڕەکە دارەکەی بە ئاسانی بڕییەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**guaranteeیش هەروا[1867]، bamboo حەیزەران[1868]**

[.757] **pineapple (پایناپڵ) چیە؟ واتە ئەناناس[1869]**

**gundelia (گەندیلیە) کنگر[1870]، rhubarb (رووباب)ە ریواس[1871]**

[.758] **robe (رەوب) رۆبە[1872]، bathrobe رۆبی حەمامە[1873]**

---

[1865] The judge issued a warrant for his arrest.

دادوەر یاداشتێکی دەرکرد بۆ دەستگیرکردنی.

[1866] ۆرەنتی. زەمان= (ع: ضمان)= گەرەنتی.

The car has a three-year warranty.

ئۆتۆمبێلەکە گەرەنتییەکی سێ ساڵی لەگەڵدایە.

[1867]گارەنتی واتە ئەم وشەیش هەروەك warranty بەمانای زەمان دێت کە لای خۆمان پێیی دەووترێت گەرەنتی واتە هەر ئینگلیزییەکەیە بەڵام کەمێك دەمکاری تێدا کراوە.

I can't give you any guarantees.

ناتوانم هیچ گەرەنتییەکت پێبدەم.

[1868]بامبوو. حەیزەران: جۆرە رووەکێکە.

Bamboo is the fastest growing plant on the planet.

حەیزەران خێراترین رووەکی سەر هەسارەی زەوییە لەڕوی گەورەبونەوە.

[1869] I don’t like pineapple juice.

حەزم لەشەربەتی ئەناناس نیە.

[1870] Gundelia is a delicious plant.

کنگر رووەکێکی چێژبەخشە.

[1871] Rhubarb was used as a medicine in earlier centuries.

لەسەدەکانی پێشوتردا ریواس وەك دەرمان بەکارهێنراوە.

[1872] Judges wear black robes when they are in court.

دادوەران لەکاتێکدا لەناو دادگادان، رۆبی رەش لەبەردەکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(application)ە، تەڵەب، بەرنامە**[1874]

.759 **fingernail زیفر، واتە نینۆکە**[1875]

**ovum بوەیزە، مانای هێلکۆکە**[1876]

.760 **lentil واتە نیسک**[1877]**، chickpea (چیکپیی) مانای نۆک**[1878]

**stepladder پەیژە، بەڵام هی گەڕۆک**[1879]

---

[1873]باترەوب. رۆبی حەمام= رۆبی گەرماو.

He wrapped a bathrobe around himself before opening the door.

پێش کردنەوەی دەرگاکە، رۆبێکی حەمامی لەخۆوەپێچا.

[1874]ئاپلیکەیشن. بەمانای تەڵەب و بەرنامە دێت. مەخسەوی شەریفم لەبەرنامە لێرەدا بەرنامەی مۆبایل و کۆمپیوتەرو ئامێرە هاوشێوەکانیەتی نەك بەرنامەی تر. تەڵەب= (ع: طلب)= داواکاری.

I've sent applications for four different jobs.

داواکاریم ناردووە بۆ چوار ئیشی جیاواز.

How many application do you have in your cellphone?

چەند بەرنامەت هەیە لەناو مۆبایلەکەت؟

[1875]فینگە"ر"نەیڵ. زیفر= (ع: ظِفْر)= نینۆك. مەبەستم لێرەدا نینۆکی پەنجەی دەستە نەك هی قاچ.

Fingernails grow an average of 3.5 millimeters per month.

بەگشتی نینۆکی دەست مانگانە، سێ میللیمەترو نیو زیاددەکات.

[1876]ئەوڤەم. بوەیزە= (ع: بويضة)= هێلکۆکە. کۆیەکەی ovaیە.

If two ova are fertilized at the same time, the mother will have twins.

ئەگەر دوو هێلکۆکە لەیەك کاتدا بپیتێنرێن، ئەوا دایکەکە دوانەی دەبێت.

[1877]لێنتڵ

Lentils are cholesterol-free and sodium-free, and loaded with potassium, folate, iron and fiber.

نیسك کۆلیسترۆڵ و سۆدیۆمی تێدا نیە، بەڵام پڕە لەپۆتاسیۆم و ترشی فولیك و ئاسن و ریشاڵ.

[1878] The most popular place for chickpeas to grow is in Pakistan. In 2008, nearly 6 million tonnes of chickpeas were produced there.

باوترین شوێن لەجیهاندا لەڕوی گەشەکردنی نۆکەوە، پاکستانە. لەساڵی 2008 نزیکەی شەش ملیۆن تۆن نۆك لەو وڵاتە بەرهەمهێنراوە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**.761 aircraft (ئێیەکرافت) چیە؟ مانای فڕۆکە**[1880]

**cough (کۆف) دەکۆکێت، هەروەها کۆکە**[1881]

**.762 ham مانای گۆشتی رانی بەرازە**[1882]

**trotter قاچەکەی**[1883]**، leap و jump بازە**[1884]

---

[1879] ستێپلادە"ر". بەمانای پەیژەی گەڕۆك دێت. پەیژەی گەڕۆك: ئەو جۆرە پەیژەیەی کە تاڕادەیەك دەتوانرێت بچوکبکرێتەوەو گواستنەوەی لەشوێنێکەوە بۆ شێوێنێکی تر ئاسانە.

I can't reach the top shelf unless I use the stepladder.

تاکو پەیژە گەڕۆکەکە بەکارنەهێنم، ناتوانم بگەمە رەفەکەی سەرەوە.

[1880] سەرباری فڕۆکە بەمانای هەر ئامێرێکی تریش دێت کە دەفڕێت. ئەم وشەیە جەمعەکەشی هەروەك خۆیەتی واتە وەك fish وایە.

The U.S. has 19 aircraft carriers, compared to the rest of the world's 12 aircraft carriers combined.

ئەمەریکا، 19 کەشتی فڕۆکەهەڵگری هەیە. بەڵام هەموو وڵاتانی تری جیهان پێکەوە، تەنها 12یان هەیە.

[1881] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاف گۆیدەکەن. ئەم وشەیە وەك کار بەمانای دەکۆکێ و وەك ناو بەمانای کۆکە دێت. دەکۆکێ= دەکۆکێت.

I coughed all night long.

بەدرێژایی شەوەکە کۆکیم.

The dry cough is a sign of Covid19 disease.

کۆکەی وشك یەکێکە لەنیشانەکانی نەخۆشیی کۆڤید 19.

[1882] هام

I don’t like ham sandwich.

حەزم لەلەفەی گۆشتی رانی بەراز نیە.

[1883] ترۆتە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ترادە"ر" گۆیدەکەن. بەمانای قاچی بەراز دێت کە ئامادەکراوە بۆ خواردن. ئەم وشەیە بژێردراوە بەڵام زیاتر لەشێوازی کۆدا بەکاردەهێنرێت نەك تا.

Do you like pigs' trotters?

حەز لەقاچی بەراز دەکەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

763. **haemorrhoids، piles مایەسیرییە**[1885]

**government حوکمەت، واتە میرییە**[1886]

764. **patient (پەیشنت) ئارامگر، وەك ill (ئیڵ)یش نەخۆش**[1887]

---

[1884] لیپ، جەمپ. باز بەمانای بازدان نەك باڵندەکە.ئەم دوو وشەیە لەڕوی ماناوە یەك ناسکەجیاوازییان هەیە: بازی لیپ لەبازی جەمپ گەورەترە.

With one leap he crossed the stream.

ئەو بە یەك باز لەجۆگەکە پەڕییەوە.

Several horses fell at the last jump.

چەند ئەسپێك لەکۆتابازدا کەوتن.

[1885] هێمرۆیدز، پایلز. هەردوکیان بەمانای مایەسیری دێن بەڵام وشەی دووەمیان وشەیەکی ناڕەسمییە. هەردوکیشیان ناوێکی کۆن نەك تاك. سەبارەت بە وشەی یەکەمیان دەتوانرێت بەبێ پیتی aیەکەش بنوسرێت.

Some tribes in the Himalayas use the smoke from burning millipedes to treat hemorrhoids.

هەندێك لەهۆزەکانی ناوچەکانی هیمالایا، دوکەڵی هەزارپێی سوتاو بۆ چارەسەری مایەسیری بەکاردەهێنن.

You can most often treat your piles at home by eating foods that are high in fiber.

زۆربەی جار دەتوانیت لەڕێگەی خواردنی ئەو خۆراکانەی دەوڵەمەندن بە ریشاڵ، چارەسەری مایەسیرییەکەت بکەیت لەماڵەوە.

[1886] گەڤنمەنت. بێگومان وشەی "حوکمەت" لەشێوەزاری جڵفەدا بەکاردەهێنرێت و مەبەستم لێی حکومەتە واتە میری.

The minister has announced that there will be no change in government policy.

وەزیر رایگەیاندووە کە هیچ گۆڕانکارییەك لەسیاسەتی میریدا نابێت.

Just a day before the German government surrendered in 1945, the British Royal Air Force mistakenly believed that the ocean liner SS Cap Arcona was a war ship and sank it. The ship was carrying 7,000 women, children and prisoners who were Holocaust survivors.

بۆ ئەم ناسکەبابەتە دەتوانین دوو چت بێژین :

" + ئاخخخخخ گونی قومری" لەدوو شتی ئاواوە هاتووە!!!!!!

+کە ئەجەڵت هات هۆلۆکۆستیش نەبێت رۆژەبێتەوە!!!!!!

لەساڵی 1945، بەدیاریکراوی تەنها یەك رۆژ پێش ئەوەی حکومەتی ئەڵمانیای ئیشقۆڕ تەسلیمی هێزەکانی هاوپەیمانان ببێت، هێزە ئاسمانییەکانی شاهانەی بریتانیا کەشتییەکی زەریابڕیان بینی و بەهەڵە وایانزانی کەشتی جەنگییە، بۆیە پەلاماریانداو نقومیانکرد. ئەو کەشتییە لەڕاستیدا حەوت هەزار ژن و منداڵ و زیندانی لەخۆگرتبوو کە رزگاربوی کۆمەڵکوژییەکەی هۆلۆکۆست بوون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

gay (گەی) هاوڕەگەزخواز، لەگەڵ کەیفخۆش[1888]

[765]. set ئامێر، تاقم[1889]، all set (ئۆڕڵسێت) ئامادە[1890]

procurer مانای گەوادە[1891]

---

[1887] ئەم وشەیە یەکێك لەماناکانی ئارامگرەو یەکێکی تر لەماناکانی وەك وشەی ill (ئیڵ)ە کە بەمانای نەخۆش دێت. بەڵام لەڕوی ڕێزمانەوە جیاوازن چونکە patient ناوەو ill ئاوەڵناوە.

Be strong enough to let go, and patient enough to wait for what you deserve.

هێندە بەهێز بە کە بیەڵێیت بڕوات. هێندەش ئارامگربە کە چاوەڕێی هاتنی ئەوە بکەیت کە شایانی تۆیە.

Cucumber juice is known to help improve the health of patients with diabetes.

شەربەتی خەیار بەوە ناسراوە کە یارمەتی باشکردنی تەندروستی ئەو نەخۆشانە، دەدات کە شەکرەیان هەیە.

Stupidity is the only disease that doesn't tire the patient, but rather tires everyone around him.

گێلی تەنها نەخۆشییە کە نەخوشەکە ماندوناکات، بەڵکو دەوروبەرەکەی ماندودەکات.

Her mother was ill.

دایکی نەخۆش بوو.

[1888] بەمانای هاوڕەگەزخوازو کەیفخۆش دێت.

کەیخۆش: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە جەوی فول بێت!.

Mark knew he was gay by the time he was fourteen.

مارك لەتەمەنی 14 ساڵییەوە بۆی دەرکەوت کە هاوڕەگەزبازە.

He is a gay pupil.

ئەو خوێندکارێکی کەیفخۆشە.

[1889] سێت. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. دوان لەدیارترین ماناکانی وەك ناو، ئامێر (ی تەلەفزیۆن یان رادیۆ)و تاقمن.

I bought a television set.

ئامێرێکی تەلەفزیۆنم کری.

You can see a set of false teeth in the mouth of my mother.

دەتوانیت لەناو دەمی دایکمدا، تاقمێك ددانی دەستکرد ببینیت.

[1890] I'm all set to leave the country.

ئامادەم بۆ جێهێشتنی وڵات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.766 joint (جۆینت) هاوبەشە، هەروەها جومگە[1892]

knuckle هی پەنجە[1893]، waterfall تاڤگە[1894]

.767 distraught، overwrought هەردوو شلەژاو[1895]

(affidavit)ە گەواهیی نوسراو[1896]

---

[1891]پرەکیورەر. گەواد: کەسێك سۆزانی بۆ ئەو کەسانە دەدۆزێتەوە کە سێکسیان لەگەڵ دەکەن.

The police arrested the procurer.

پۆلیس گەوادەکەی دەستگیرکرد.

[1892] The two ministers issued a joint statement.

دوو وەزیرەکە بەیاننامەیەکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.

As you become older, your joints get stiffer.

تا پیرتر بیت، جومگەکانت رەقتر دەبن.

[1893]نەکڵ. بەمانای جومگەی پەنجە دێت. جومگەی پەنجەی دەست نەك هی قاچ.

"Cracking your knuckles gives you arthritis" False - no evidence to support this.

"تەقاندنی جومگەی پەنجەی دەست دەبێتەهۆی هەوکردنی جومگەکان" هەڵەیە. هیچ بەڵگەیەك نیە پشتگیری ئەمە بکات.

[1894] وۆتەفۆڵ، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە وادەفاڵ گۆیدەکەن.

Did you see the wonderful waterfall in the city?

ئایا تاڤگە جوانەکەت بینی لەشارەکە.

[1895]دیسترۆت، ئەوڤەرۆت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا یەکەمیان بە دیستراات و دووەمیان ئۆوڤەراات گۆدەکەن. بەمانای شڵەژاو دێن، شڵەژانێك کە هۆکارەکەی نیگەرانی و بێزاری بێت.

The missing child's distraught parents made an emotional appeal for information on TV.

دایکوباوکی منداڵە ونبووەکە، بانگەوازێکی عاتفییان لەسەر تەلەفزیۆن کرد بۆ زانینی زانیاری سەبارەت بە منداڵەکەیان.

She was so tired and overwrought that she burst into tears.

هێندە ماندوو و شڵەژاو بوو، کە دایە پرمەی گریان.

[1896]ئافەدەیڤیت. گەواهیی نوسراو= ئیفادەی نوسراو= شایەتیدانی نوسراو (نەك دەنگی).

In his affidavit, he accused his wife.

لەگەواهییە نوسراوەکەیدا، ژنەکەی تومەتبارکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

768. **outgoing چیە؟ مانای کراوە**[1897]

**molten مەسهور، واتە تواوە**[1898]

769. **amended چیە؟ هەموارکراوە**[1899]

**forthcoming موقبیل، لەگەڵ کراوە**[1900]

770. **epilogue چیە؟ واتە کۆتایی**[1901]

**sprint رادەکات، زۆر بەخێرایی**[1902]

---

[1897] ئاوتگەوینن. بەمانای کراوە دێت. کراوەی مەعنەوی نەك ماددی.

We’re looking for someone with an outgoing personality.

بۆ کەسێك دەگەڕێین کە کەسایەتییەکی کراوەی هەبێت.

[1898] مەوڵتن. مەسهور= (ع: مصهور)= تواوە.

Molten lead is very dangerous.

قوڕقوشمی تواوە زۆر مەترسیدارە.

[1899] ئەمێندید

The amended constitution isn’t acceptable by us.

دەستورە هەموارکراوەکە لەلایەن ئێمەوە قبوڵکراو نیە.

[1900] فۆوثکەمینن. ئاوەڵناوەو بەمانای موقبیل و کراوە (ی مەعنەوی نەك ماددی) دێت. موقبیل= (ع: مقبل)= داهاتوو. لێرەدا مەبەست لەوشەی داهاتوو، داهاتویەکی زۆر نزیکە نەك هی مامناوەند یان دور.

He is expected to win by a large majority in the forthcoming elections.

پێشبینی دەکرێت کە لەهەڵبژاردنەکانی داهاتودا بە زۆرینەیەکی زۆر، بیباتەوە.

His wife wasn't very forthcoming.

ژنەکەی زۆر کراوە نەبوو.

[1901] ئێپیلۆگ، بەڵام لەشێوەزاری ئەمریکیدا بە ئێپەلاگ گۆدەکرێت. ئەم وشەیە لەئەمەریکیدا بە سپێڵی epilogیش دەنوسرێت.

Bruce Lee had a disastrous epilogue.

بروس لی کۆتاییەکی کارەساتباری هەبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.771 **spine (سپاین) بڕبڕه، وهك thorn (ثۆڕن)یش دڕكه**[1903]

**Spain (سپهین) ئیسپانیا**[1904]**، cricket (كریكیت) سیسركه**[1905]

.772 **fresh تازهیه**[1906]**، stale (ستهیڵ)یش كۆنه**[1907]

**binge، party ئاههنگ**[1908]**، occasion (بۆنه)**[1909]

---

[1902]سپرینت، واته چۆن دهنوسرێت، ئاوهاش دهخوێنرێتهوه.

We had to sprint to catch the bus.

پێویستبوو زۆر بهخێرایی رابكهین، بۆ ئهوهی پاسهكه بگرین.

[1903] واته spine بهمانای بڕبڕه(ی پشت) دێت، ههروهها مورادیفی thornیشه كه بهمانای دڕك دێت.

Age deforms the spine.

تهمهن بڕبڕه(ی پشت) تێكدهدات.

The spines of the plant scratched my hand.

دڕكهكانی سهر ڕووهكهكه دهستمی ڕوشاند.

The plant carries many thorns.

ڕووهكهكه دڕكی زۆر پێوهیه.

[1904] لهبهرئهوهی ناوی وڵاته، پێویسته پیتی یهكهمی به كاپیتاڵ بنوسرێت لهههر شوێنێكی ڕستهدا بێت.

Spain isn’t a nice country.

ئیسپانیا وڵاتێكی خۆش نیه.

[1905] بێگومان جگه لهمانای سیسرك، بهمانای یاریی كریكیتیش دێت كه وهرزشێكی بهربڵاوه.

I heard cricket sound.

گوێم لهدهنگی سیسرك بوو.

[1906]فرێش

Your coffee is cold - let me make you a fresh cup.

قاوهكهت سارده، با كوپێكی تازهت بۆ بكهم.

[1907] The cake is stale, I can’t eat it.

كێكهكه كۆنه، ناتوانم بیخۆم.



بۆ كڕینی تازهترین چاپی PDFی ئهم كتێبهو ریكلامكردن لهسهر چاپی فریی داهاتوو، نامهبنێره بۆ ڤایبهری نوسهر 07701393984

.773 **cobra کۆبرایە، جۆرێکە لە مار**[1910]

**editorial و leader سەروتار**[1911]

.774 **plumage بەمانای پەڕ(ی باڵندە)**[1912]

---

[1908]بینج، پاتی. وشەی یەکەمیان بەمانای ئاهەنگێك دێت کە خواردنەوەو بەزم و ڕەزمی تیابێت، بەڵام دووەمیان بەمانای ئاهەنگ دێت بەگشتی. بێگومان وشەی دووەمیان بەمانای حزب (پارت)یش دێت.

I saw her in a binge for the first time.

بۆ یەکەمین جار ئەوم لەئاهەنگێکدا بینی.

Who was she dancing with at the party last night?

ئەو کەسە کێ بوو کە لەئاهەنگەکەی شەوی ڕابردوو، ئەو سەمای لەگەڵ دەکرد؟

He was elected as party leader in 2011.

ئەو لەساڵی 2011، وەك سەرکردەی حزب هەڵبژێردرا.

[1909] ئەکەیژن. بۆنە= موناسەبە.

We met on several occasions to discuss the issue.

ئێمە لەچەند بۆنەیەکدا یەکترمان بینی بۆ تاووتوێکردنی پرسەکە.

[1910] کەوبرە.

In Vietnam, it is possible to order a cobra blood wine from restaurant menus.

لەلیستی خواردنەکانی ڕێستورانتەکانی ڤێتنام دەتوانیت داوای شەرابی خوێنی کۆبرا بکەیت.

[1911]ئێدیتۆریەڵ، لییدە"ر" بەڵام برادەرانی ئەمریکا وشەی یەکەمیان بە ئێدەتۆریەڵ گۆدەکەن. وشەی یەکەمیان زیاتر ئەمەریکییەو دووەمیان بریتانییە.

Its editorials always criticize the government.

سەروتارەکانی هەمیشە ڕەخنە لەحکومەت دەگرن.

Did you read the newspaper’s leader?

سەروتاری ڕۆژنامەکەت خوێندەوە؟

[1912]پلوومیج. وشەیەکی نەبژێرداوە.

Male peacocks have beautiful plumage.

تاوسی نێر پەڕی جوانی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**employee، clerk، staffer کارمەندە**[1913]

.775 **downside لایەن بەڵام نەرێنی**[1914]

**clandestine (کلاندێستین) سڕی، واتە نهێنی**[1915]

.776 **money box چیە؟ واتە دەخیلە**[1916]

---

[1913] ئیمپلۆیی، کلاك، ستافە"ر". هەرسێکیان بەمانای کارمەند دێن. وشەی سێیەمیان زیاتر ئەمەریکییە.

Once an armed robber breaks into a bank. Before leaving the bank, he asks an employee inside: Did you see my face while stealing the money?

“Yes I saw it”, he replied.

The robber shots him fatally. Then direct the same question to a couple there. The husband replies quickly: I didn’t see but my wife saw your face!

جارێك دزێکی چەکدار هەڵدەکوتێتە سەر بانکێك. پێش ئەوەی بانکەکە جێبهێڵێت، لەکارمەندێکی ناوەوە دەپرسێت: کاتێك پارەکەم دزی دەموچاوت بینیم؟

کارمەندەکە دەڵێت: بەڵێ بینیم.

دزەکە یەکسەر تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت.

پاش هەمان پرسیار لەژن و مێردێکی ناو بانکەکە دەکات. پیاوەکە خێرا وەڵامدەداتەوەو دەڵێت: من نەمبینی بەڵام ژنەکەم بینی!!!

An employee spends an average of 1.5 to 3 hours a day on private activities at work.

بەگشتی هەر کارمەندێك، لەسەر کار، ڕۆژانە سەعات و نیوێك تا سێ سەعات بە ئیشی تایبەتی خۆیەوە، بەسەردەبات.

Azad works as a clerk at the bank.

ئازاد وەك کارمەندێك لەبانکەکە کاردەکات.

White House fired three staffers.

کۆشکی سپی سێ کارمەندی دەرکرد.

[1914] داونساید. بەمانای لایەنی نەرێنی دێت.

The downside of the book is that it is written in a rather boring style.

لایەنی نەرێنیی کتێبەکە ئەوەیە کە بە شێوازێکی تاڕادیەك ماندوکەر نوسراوە.

[1915] He has been having a clandestine affair with his secretary for three years.

ماوەی سێ ساڵە پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ سکرتێرەکەیدا هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## [1917]cat، moggy، moggie، tomیش پشیله

## .777 fishery (فیشەری) چیە؟ کێڵگەی ماسییە[1918]

## graphology دەستخەتناسییە[1919]

---

[1916]مەنی بۆکس. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی boxەکە بە بااکس گۆدەکەن.

I have to buy a new money box for my little son.

پێویستە دەخیلەیەکی نوێ بۆ کوڕە بچکۆلانەکەم بکڕم.

[1917] کات، مۆگی، مۆگی، تام. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەم و سێیەم بە ماگ گۆدەکەن.

هەرچواریان بەمانای پشیلە دێن بەڵام: cat بەمانای پشیلە بەگشتی دێت. moggieو moggy دوو وشەی نارەسمین و زیاتر بەمانای پشیلەیەك دێن کە ئاسایی و نامورەتەب و نارەسەن بن. tomیش بەمانای پشیلەی نێر (گوربە) دێت نەك مێ. tom وشەیەکی نارەسمییە، رەسمییەکەی tomcatە.

Cats are believed to be the only mammals who don’t taste sweetness.

زانایان لەو بڕوایەدان کە پشیلە تەنها گیانداری مەمکدارە کە تامی شیرینی ناکات.

Statistics show that every year around 40,000 people are bitten by a cat across the United States. According to Briarcliff Animal Hospital, cat bites are very dangerous and can lead to serious bacterial infection. It can be treated with penicillin, however if left unchecked, it can spread throughout your lymph system and in rare cases may lead to death.

بە گوێرەی ئامارەکان، هەموو ساڵێك تەنها لە ئەمەریکا نزیکەی چوار سەد هەزار کەس، پشیلە گازیان لێدەگرێت. گازگرتنی پشیلە زۆر ترسناکەو دەکرێ نەخوشیی بەکتریایی مەترسیدار دروستبکات. ئەمەش دەکرێت بە پەنسلین چارەسەربکرێت بەڵام ئەگەر پشتگوێ بخرێت رەنگە بەناو کوئەندامی لیمفی شەریفت کە بەشێکە لەکۆئەندامی سوڕان، بڵاوببێتەوەو لەهەندێك حاڵەتی دەگمەندا مردنی لێدەکەوێتەوەو توشبوو عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت.

There are over 500 million domestic cats in the world.

لەسەرتاسەری جیهاندا زیاتر لە پێنج سەد ملیۆن پشیلەی ماڵی هەیە.

The moggie attacked the baby.

پشیلەکە پەلاماری منداڵەکەی دا.

Did you wash rhe moggy?

پشیلەکەت شۆرد؟

The tom likes the tiger.

گوربە لەپڵنگ دەچێت.

[1918] He has a large fishery.

کێڵگەیەکی گەورەی ماسی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.778 (thermometer)ە مانای گەرمیپێو[1920]

(seismograph)ە زەمینلەرزەپێو[1921]

.779 earthquake (ئیێثکوەیك) چیە؟ زەمینلەرزە[1922]

evergreen (ئێڤەگریین) مانای هەمیشە سەوزە[1923]

.780 apparatus دەزگا، هەروەها ئامێر[1924]

---

[1919]گرەفۆلەجی. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گرەفاڵەجی گۆیدەکەن. دەسخەتناسی= (ع: علم الخط).

Employers sometimes use graphology tests.

خاوەنکارەکان هەندێجار تاقیکردنەوەی دەسخەتناسی بەکاردەهێنن.

[1920]ثەمۆمیتە"ر"

Your thermometer is very old.

گەرمیپێوەکەت زۆر کۆنە.

[1921] سایزمەگراف

Did you see a seismograph ever?

ئایا هەرگیز زەمینلەرزەپێوت بینیوە؟

[1922] The largest earthquake ever recorded in the world was in Chile in 1960.

گەورەترین زەمینلەرزەی تۆمارکراو لەسەر ئاستی جیهان، زەمینلەرزەکەی ساڵی 1960ی چیلییە.

Around 10,000 earthquakes are recorded each year in California. Luckily, only around 15 or 20 have a magnitude that's greater than level four on the Richter scale.

لەو کالیفۆرنیایەی لای خۆمان، هەموو ساڵێك نزیکەی 10 هەزار زەمینلەرزە روودەدات، بەڵام خۆشبەختانە تەنها نزیکەی 15 بۆ 20یان توندییەکەی سەروو چوار پلەی ڕێختەرە.

On 29-2-1960, the deadliest earthquake in Moroccan history struck the city of Agadir, killing at least 12,000 people.

لە 29-2-1960، کوشندەترین زەمینلەرزە لەمێژوی مەغریبدا رویدا کە لەشاری ئەکادیری دا کە یەکێکە لەشارە کەناراوییەکانی ئەو وڵاتە. لەئەنجامدا لانیکەم 12 هەزار کەس عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشت!

[1923] Pine is an evergreen tree.

سنۆبەر درەختێکی هەمیشەسەوزە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**superintendent (سوپەرئینتێندەنت) بەواتای چاودێر**[1925]

.781 **smart خێراو ئازار، شیکپۆش و زیرەك**[1926]

**bullet (بوڵیت) گوللـەیە**[1927]**، cartridge (کاتریج)ە فیشەك**[1928]

.782 **box (بۆکس) هەم سندوق، هەم مشتەکۆڵە**[1929]

---

1924 ئاپەرەیتەس. کۆیەکەی apparatusesە.

The state apparatus has become corrupt.

دەزگاکانی حکومەت گەندەڵ بوون.

The astronauts have special breathing apparatus.

ئاسمانەوانەکان ئامێری تایبەتی هەناسەدان هەڵدەگرن.

1925 In the US, a school superintendent is in charge of the schools in a particular area.

لەویلایەتە یەکگرتووەکان، چاودێری خوێندنگە بەرپرسە لەبوارێکی دیاریکراوی خوێندنگەکە.

1926 سمات. ئەم وشەیە مانای زۆرە، چوار لەدیاترین ماناکانی خێرا (quick)و ئازار(ی توند sharp pain نەك ناسکەئازار)و شیکپۆش (sharp) و زیرەك(intelligent)ن.

The movie contains some smart talkers.

فیلمەکە چەند قسەکەرێکی خێرای تێدایە. واتە چەند کەسێکی تێدایە کە بە خێرایی قسەدەکەن.

You can’t feel the smart I have.

ناتوانیت هەست بەو ئازارە بکەیت کە من هەمە.

She’s very smart.

زۆر شیکپۆشە.

I have some smart friends.

چەند هاورێیەکی زیرەکم هەیە.

1927 Bullets fired into the air usually fall back at terminal velocity.

بەگشتی ئەو گوللانەی بەئاسماندا دەتەقێنرێن، بەخێراییەکی کوشندەوە دەکەونە خوارەوە.

1928 My gun contains 14 cartridges.

دەمانچەکەم 14 فیشەك دەگرێت.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**sledge (سلێج) گالیسکە، هی سەر سەهۆڵە**[1930]

[783]. **dragonfly یەعسوب**[1931]، **dragon ئەژدەر**[1932]

**bather، swimmer هەردوو مەلەکەر**[1933]

---

[1929] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە باکس گۆیدەکەن. دوان لەدیارترین ماناکانی سندوق و مشتەکۆڵەن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو وشەی بۆکسەی خۆمان بەکاری دەهێنین، ئینگلیزییە نەك کوردی.

A Malaysian woman spent over a month in a box full of over 6000 scorpions. She only got stung seven times.

ژنێکی مالیزی زیاتر لەمانگێکی لەناو سندوقێکدا بەسەربرد کە زیاتر لە شەش هەزار دوپشکی تێدا بوو. لەو هەموو ماوەیەدا، دوپشك تەنها حەوت جار پێوەیدا.

She gave him a box on the ear.

کچەکە مشتەکۆڵەیەکی گەیاندە گوێی. واتە بۆکسێکی دا لەگوێی. حەتمەن کابرا بێئەدەبییەکی کردووە!!!

[1930] لەشێوەزاری ئەمەریکیدا زیاتر sled بەکاردەهێنن لەبری sledge. بەمانای گالیسکەی سەرسەهۆڵ دێت.

گالیسکەی سەرسەهۆڵ: گالیسکەیەکی بێتایەیە کە لەدار یان کانزا دروستدەکرێت بۆ گەشتکردن لەسەر سەهۆڵ و بەفر بەکاردەهێنرێت و جاری واش هەیە لەلایەن سەگ یان ئەسپەوە رادەکێشرێت.

Did you use a sledge ever?

هەرگیز گالیسکەی سەرسەهۆڵت بەکارهێناوە؟

[1931] دراگنفلای. یەعسوب= (ع: یعسوب)= پوشکەبەقنگە: جۆرە مێروویەکی باڵدارە.

Dragonflies generally don't bite people.

پوشکەبەقنگە بەگشتی گاز لەمرۆڤ ناگرێت.

[1932] دراگن. ئەژدەر= ئەژدیها.

A dragon can fly.

ئەژدیها دەتوانێت بفڕێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.784 residue چیە؟ واتە پاشماوە[1934]**

**overt (ئەوڤێیت) ئاشکرا[1935]، covert شاراوە[1936]**

**.785 historian (هیستۆرییەن) چیە؟ مانای مێژونوس[1937]**

**fake (فەیك) ساختەیە[1938]، fate (فەیت) چارەنوس[1939]**

---

[1933] بەیذە"ر"، سویمە"ر". بۆیە نەمنوسی مەلەوان چونکە وشەی مەلەوان پرۆفیشناڵی پێوە دیارە بەڵام مەلەکەر هەر کەسێکە لەناو روبار یان دەریا یان هەر ئاوێك مەلەبکات و مەرج نیە پرۆفیشناڵ واتە پیشەگەر بێت. bather بەمانای یەکەم دێت نەك دووەم، بەڵام swimmer بەهەردوو ماناکە دێت واتە مەلەکەرو مەلەوانیش.

The bather can't swim well.

مەلەکەرەکە ناتوانێت بەباشی مەلەبکات.

We heard the swimmers shouting.

گوێمان لەمەلەکەرەکان بوو کە هاواریاندەکرد.

Karzan's a very skilled swimmer.

کارزان مەلەوانێکی زۆر لێهاتووە.

[1934] رێزیدیو. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە رێزەدو گۆیدەکەن.

The residue of the house was sold.

پاشماوەی خانووەکە فرۆشرا.

[1935] He did an overt attempt to get her heart again.

هەوڵێکی ئاشکرای دا بۆ بەدەستهێنانەوەی دڵی.

[1936] کەوڤێیت. ئەم وشەیە پێچەوانەی وشەکەی تری هەمان نیوەبەیتە. لەم وشەیەدا سەرنجبدە کە تەنها پیتی c جیاوازە لەوشەکەی تر کە خراوەتە بەردەمی. هەروەها ئەم وشەیە، وشەی cover لەپێکهاتەیدایە کە بەمانای "بەرگ" و "دادەپۆشێت" دێت. بینا لەسەر ئەم دوو ناسکەسەرنجە، دەبێت هەرگیز مانای ئەم وشەیەت بیرنەچێتەوە.

شاراوە= نهێنی.

A covert investigation was conducted to catch the drug-smuggling ring.

لێکۆڵینەوەیەکی شاراوە (نهێنی) ئەنجامدرا بۆ گرتنی باندەکەی قاچاخچیکردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە.

[1937] Your book needs to be reviewed by historians.

پێویستە کتێبەکەت لەلایەن مێژونوسانەوە پێداچونەوەی بۆ بکرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.786 **sky blue چیە؟ شینی ئاسمانی**[1940]

**Germany ئەڵمانیا**[1941]**، German ئەڵمانی**[1942]

.787 **miller ئاشگێڕە، واتە ئاشەوان**[1943]

**hitch بەستنەوەیە، بەناوو فەرمان**[1944]

---

1938 ساختە= ناڕاست.

I gave a fake name to the thieves.

ناوێکی ساختەم دا بە دزەکان.

1939 It was her fate to marry an arrogant man.

شوکردن بە پیاوێکی خۆبەزلزان، چارەنوسی ئەو بوو.

1940 سکای بلوو

She wore a sky blue dress for the party.

عەزییەکی شینی ئاسمانیی لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

1941 جێیمەنی

In Germany, university is free for everyone (even non-Germans).

لەئەڵمانیا خوێندنی زانکۆ بۆ هەموو کەسێك بێبەرامبەرە (تەنانەت بۆ کەسانی بیانیش).

1942 جێیمەن

The German language has three genders.

زمانی ئەڵمانی سێ رەگەزی تێدایە.

1943 میلە"ر"، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە (میڵە"ر") گۆدەکرێت.

The miller was a heavily built man.

ئاشەوانەکە پیاوێکی کەتە بوو.

1944 هیچ. واتە ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای "بەستنەوە"و وەك فەرمانیش بەمانای "دەبەستێتەوە" دێت.

Child hitch with a pole is a bad punishment.

بەستنەوەی منداڵ بە کۆڵەکەوە سزایەکی خراپە.

He returned to where he had hitched his horse .

گەڕایەوە بۆ ئەو شوێنەی ئەسپەکەی تێدا بەستبووەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.788 syncope چیه؟ بورانەوەیە[1945]

solvation (سۆڵڤەیشن) مانای توانەوەیە[1946]

.789 solvent تویێنەر[1947]، solute تواوە[1948]

coffee mill ئاشە، بەڵام هی قاوە[1949]

.790 spring بەهارو ئیسپرینگ و کانی[1950]

---

[1945] سینکەپی. زاراوەیەکی پزیشکییە. موورادیفی fainting.

Syncope occurs when the blood pressure gets too low.

بورانەوە کاتێك روودەدات کە فشاری خوێن زۆر دابەزێت.

[1946] The solvation creates a new solution.

توانەوە گیراوەیەکی نوێ دروستدەکات.

[1947] سۆڵڤنت. لەم مانایەدا ناوە نەك ئاوەڵناو. توێنەر= توێنەرەوە: ماددەیەك کە ماددەی تر دەتوێنێتەوە.

Water is a forceful solvent.

ئاو توێنەرێکی بەهێزە.

[1948] سۆلیوت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سالیوت گۆیدەکەن. ناوە نەك ئاوەڵناو.

In the seawater solution, salt is a solute.

لەگیراوەی ئاوی دەریادا، خوێ تواوەیەکە.

[1949] کۆفی میڵ. بەمانای ئاشی قاوە دێت. ئاشی قاوە: ئامێرێکی بچوکە، بەکاردەهێنرێت بۆ هاڕینی قاوەو کردنی بە تۆز. coffee grinderیشی پێدەووترێت.

Did you see my recent coffee mill?

ئاشی قاوە تازەکەمت بینی؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**midday، noon زوهر[1951]، morning (مۆۆنین) بەیانی[1952]**

**.791 watermill چیە؟ واتە ئاشی ئاو[1953]**

**emergencyیە باری لەناکاو[1954]**

---

1950 سپرینگ. سیان لەدیارترین ماناکانی وەك ناو، بەهارو ئیسپرینگ و کانین.

Spring weather is very nice.

کەشوهەوای بەهار زۆر خۆشە.

The children broke the springs of the chair.

منداڵەکان ئیسپرینگەکانی کورسییەکەیان شکاند.

Water of the spring is colder than the river.

ئاوی کانییەکە لە هی روبارەکە ساردترە.

1951میددەی، نوون. هەردوکیان بەمانای زوهر دێن. زوهر= (ع: ظهر)= نیوەڕۆ.

The bomb went off at midday.

بۆمبەکە لەنیوەڕۆدا تەقییەوە.

The swimming pool doesn't get busy until noon.

حەوزی مەلەکردنەکە تا نیوەڕۆ قەرەباڵغ نابێت.

1952 When I woke up this morning, I was hoping that it was still night time, and I could hold you in my arms a little longer.

ئەم بەیانییە کاتێك خەبەرم بووەوە، خۆزگەم دەخواست کە هێشتا هەر شەو بوایەو بمتوانیایە کەمێك زیاتر لەئامێزت بگرم.

Should I take amlodipine in the morning or at night?
It does not matter what time of day you take amlodipine (morning or evening) but it is best to take it at the same time every day.

پێویستە حەبی ئەملۆدیپین لەبەیانیاندا بخۆم یان لەشەودا؟
گرنگ نیە لەچ کاتێکدا بیخۆیت (بەیانیان بێت یان ئێواران)، بەڵام باشترین شێوازی خواردن ئەوەیە کە هەموو رۆژێك لەهەمان کاتی ئەو رۆژەدا بیخۆیت.

1953وۆتەمیڵ، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە وادەمیڵ گۆیدەکەن. ئاشی ئاو: ئاشێك کە بە ئاو کاربکات.

Did you see that watermill?

ئەو ئاشی ئاوەت بینی؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.792 cop و officer، policeman پۆلیس[1955]

wilt وەکو فەرمان، مانای دەبێ سیس[1956]

.793 restaurateur چیە؟ ساحێب چێشتخانە[1957]

copy کۆپییەکا، هەروەها دانە[1958]

---

[1954] ئیمێ"ر"جنسی. باری لەناکاو= باری کتوپڕ= حاڵەتی کتوپڕ.

In an emergency, dial 911 for an ambulance.

لەهەر بارێکی لەناکاودا، ژمارە 911 لێبدە بۆ ئۆتۆمبێلی فریاگوزاریی خێرا.

[1955] کۆپ، ئۆفیسە"ر"، پەلیسمەن. بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا وشەی یەکەمیان بە کاپ و دووەمیان بە (ئافیسە"ر") گۆدەکرێت. هەرسێکیان بەمانای پۆلیس دێن، یەکەمیان وشەیەکی نافەرمییە. سێیەمیان بەتایبەت بەمانای پۆلیسی پیاو دێت نەك ژن. بێگومان لێرەدا مەخسەوی شەریفم لەوشەی پۆلیس، کارمەندی پۆلیسە نەك دەزگاکە بەگشتی.

One of her brothers is a cop.

یەکێك لەبراکانی، پۆلیسە.

The minister demanded 400 more officers to face the demonstrations.

وەزیر داوای 400 پۆلیسی تری کرد بۆ ڕووبەڕووبونەوەی خۆپیشاندانەکان.

A policeman was injured in the accident.

لەڕوداوەکەدا پۆلیسێك بریندارکرا.

[1956] وێلت. دەبێ سیس= سیسدەبێ= سیسدەبێت.

My flowers wilted.

گوڵەکانم سیسبون.

[1957] ڕێستەرەتە"ر". ساحێب چێشتخانە= خاوەن چێشتخانە= خاوەن ڕێستۆرانت.

The restaurateur was an angry man.

خاوەن چێشتخانەکە پیاوێکی تورە بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.794 crafty لێهاتوو لەگەڵ فێڵباز[1959]

invert وەك queer هاوڕەگەزخوازە[1960]

.795 health (هێڵث) تەندروستی[1961]، hearthیش ئاگردان[1962]

---

[1958]کۆپی، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە کاپی گۆدەکرێت.

کۆپییەکا= کۆپیدەکات= لەبەریدەگرێتەوە.

دانە= نوسخە.

Can you copy this identity to me please?

تکایە دەتوانیت ئەم ناسنامەیەم بۆ کۆپی بکەیت؟

He sold 24,000 copies of his book in the first three months.

لەماوەی سێ مانگی سەرەتادا 24 هەزار دانەی لەکتێبەکەی فرۆشت.

[1959]کراافتی. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کرافتی گۆیدەکەن.

She is a crafty tailor.

ئەو بەرگدرویەکی لێهاتووە.

She was a crafty old woman.

ئەو پیرەژنێکی فێڵباز بوو.

[1960] ئینڤێیت، کوییە"ر". هەردوکیان بەمانای هاوڕەگەزخواز دێن، بەڵام هی نێر. وشەی دووەمیان زیاتر لەکاتی زەمکردندا بەکاردەهێنرێت.

There are many inverts in Europe.

ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر هاوڕەگەزبازی لێیە.

Don’t support queers.

پشتگیریی هاوڕەگەزخوازان مەکە.

[1961] Regular exercise is good for your health.

وەرزشکردنی ڕێکوپێك باشە بۆ تەندروستیت.

The World Health Organization recommends that paracetamol be used to treat fever in children only if their temperature is higher than 38.5 °C (101.3 °F).

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانیی ئامۆژگاریی خەڵکی ئیشقۆڕ دەکات کە بەمەبەستی دابەزاندنی تای منداڵ، تەنها لەو کاتەدا ئەم دەرمانەی پێبدەن کە پلەی گەرمییەکەی زیاتر بێت لە 38 پلەو نیوی ناسك.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**nasal congestion (نەیزڵ کەنجێسچن) مانای لوتگیران**[1963]

.796 **ague (ئەیگیو) لەرزوتا**[1964]**، vague واتە نارۆن**[1965]

**prenatal مانای هی پێش منالبون**[1966]

.797 **buttock مانای سمت**[1967]**، waist (وەیست) کەلەکە**[1968]

**intelligent زەکی، واتە زیرەکە**[1969]

---

[1962]هاات. سەرنجبدە ئەم وشەیە هەرچەندە تەنها یەك پیتی لەگەڵ وشەکەی پێشودا جیاوازە، بەڵام لەڕوی خوێندنەوەو ماناوە تەواو جیاوازن.

A bright fire was going up in the hearth.

ئاگرێکی گەش لەئاگردانەکەوە بەرزدەبووەوە.

[1963] Drinking lots of fluids is a good way to treat nasal congestion.

خواردنەوەی بڕێکی زۆر شلەمەنی ڕێگایەکی باشە بۆ چارەسەرکردنی لوتگیران.

[1964] Ague is a disturbing health condition.

لەرزوتا حاڵەتێکی تەندروستیی بێزارکەرە.

[1965]ڤەیگ. سەرنجبدە ئەم وشەیە هەرچەندە تەنها یەك پیتی لەگەڵ وشەکەی پێشودا جیاوازە، بەڵام لەڕوی خوێندنەوەو ماناوە تەواو جیاوازن.

The rules are vague and open to interpretation.

ڕێساکان نارونن و کراوەن بۆ راڤەکردن.

[1966]پرینەیتڵ. ئاوەڵناوە. هی پێش منالبون= هی پێش منداڵبون.

Is it safe to take prenatal vitamins if your not pregnant?

ئایا ئەگەر دوگیان نەبیت، بەکاربردنی ڤیتامینی تایبەت بە هی پێش منداڵبون، سەلامەتە؟

[1967]بەتەك. بەڵام لەئینگلیزیی ئەمەریکیدا زۆرجار برادەرانی ئەو دەڤەرە واتە ئەمەریکا دەنگی tیەکان بەشێوەیەك دەخوێننەوە کە تەقریبەن لەدەنگی "د"ی کاڵەوە نزیکە. واتە بۆ نمونە ئەم وشەیە بە "بەدەك" دەخوێننەوە بەڵام "د"ی تەواو نا بەڵکو تێکەڵەی "د"و "ت".

Large buttocks aren’t nice.

سمتی گەورە جوان نیە.

[1968] My grandmother is paralysed from the waist down.

نەنکم لەکەلەکە بەرەوخوار، ئیفلیجە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[798]. **mare (مێیە) ماینە**[1970]**، saddle (ساڵد) واتە زین**[1971]

**mule (میوڵ) هێسترە**[1972]**، spouse (سپاوس)یش هاوژین**[1973]

[799]. **euthanasia کوشتنی بەسۆز**[1974]

**(mercy killing)یش**[1975]**، complex ئاڵۆز**[1976]

---

[1969] ئینتێلیجەنت. زەکی= (ع: ذكي)= زیرەك.

His wife is a highly intelligent woman.

ژنەکەی، ئافرەتێکی زۆر زیرەکە.

[1970] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مێر گۆیدەکەن.

The mare was very fat.

ماینەکە زۆر قەڵەو بوو.

[1971] بەمانای زینی ئەسپ و ماین و ئەو گیاندارانەی تر دێت کە بۆ سواربون دەشێن. تەبعەن مەبەستم سواربونی بیلامانییە!!!

The saddle is too heavy.

زینەکە زۆر قورسە.

[1972] A mule is the offspring of a male donkey (a jack) and a female horse (a mare).

هێستر وەچەی نێرەکەرو ماینە.

[1973] جارجارەش بە "سپاوز"یش دەخوێنرێتەوە. هاوژین= هاوسەر.

My spouse isn't old.

هاوژینەکەم پیر نیە.

[1974] یوثەنیزیە، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە یوثەنەیژە گۆیدەکەن. کوشتنی بەسۆز: کوشتنی کەسێك کە زۆر نەخۆشە یان زۆر پیرە بۆ ئەوەی زیاتر لەئازاردا نەژی. لەهەندێك لەوڵاتە ئەوروپییەکاندا جێبەجێدەکرێت بەڵام لەزۆربەی ئاینەکاندا حەرامە.

Out of the 196 countries in the world, only 9 countries have legalised euthanasia or assisted death.

لەکۆی 196 وڵات لەجیهاندا، تەنها نۆیان کوشتنی بەسۆز یان مردنی یارمەتیدراویان بە یاسایی ناساندووە.

[1975] مێیسی کیلِّینن. واتە ئەمیش وەك euthanasia بەمانای کوشتنی بەسۆز دێت.

There are five types of mercy killing.

پێنج جۆر کوشتنی بەسۆز هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

800. **tonsil لەوزەیە، بەکوردی ئاڵوو**[1977]

**bereaved مەفجوعە، واتە کۆستکەوتوو**[1978]

801. **presence (پرێزنس) واتای چی؟ ئامادەبونە**[1979]

**subscription ناوە، مانای ئابونە**[1980]

802. **column و pillar هەردوکیان پایە**[1981]

**cyclone باهۆز**[1982]**، wind غازات، بایە**[1983]

---

[1976] کۆمپلێکس، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە کۆمپڵێکس گۆدەکرێت.

Can you drive in a complex network of roads?

ئایا دەتوانیت لەتۆرێکی ئاڵۆزی رێگادا، ئۆتومبێل لێبخورێت؟

[1977]تۆنسڵ، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە تانسڵ گۆدەکرێت. لەوزە= (ع: لوزة)= ئاڵوو. ئەم وشەیە زیاتر بەشێوەی کۆبەکاردەهێنرێت نەك تاك.

There are actually four kinds of tonsils.

لەڕاستیدا چوار جۆر ئاڵوو هەیە.

[1978]بیریڤد. مەفجوع= (ع: مفجوع)= کۆستکەوتوو.

The bereaved parents wept openly for their child.

دایك و باوکە کۆستکەوتووەکە بەئاشکرا گریان بۆ منداڵەکەیان.

[1979] The document was signed in the presence of two witnesses.

بەڵگەنامەکە بە ئامادەبونی دوو شایەتحاڵ واژۆکرا.

[1980]سەبکسریپشن

Did you pay your annual subscription to the organization?

ئایا ئابونەی ساڵانەکەت دا بە رێکخراوەکە؟

[1981]کۆڵەم، پیلە"ر". پایە= کۆڵەکە.

Several stone columns has held the roof of the temple.

ریزێك پایەی ئەستوری بەردین، بنمیچی پەرستگاکەیان راگرتووە.

A row of concrete pillars is necessary for the bridge.

ریزێك پایەی کۆنکرێتی پێویستە بۆ پردەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.803 **bestie** بەواتای باشترین هاوڕێ[1984]

**host**، **hostess** هەردوو خانەخوێ[1985]

.804 **boast** (بەوست) لەگەڵ **brag** (براگ) خۆهەڵدەکێشێ[1986]

---

[1982]سایکلەون. بەڵام ئەمەریکییەکان بە سایکلۆون گۆیدەکەن. باهۆز= گێژەڵوکەی زۆر بەهێز.

A cyclone can destroy shops.

باهۆز دەتوانێت دوکان وێرانبکات.

[1983] ویند. وەك ناو بەمانای غازات و باش دێت. مەبەستم لەغازات، غازاتی ناوسکە.

The weather forecast said there would be strong winds and rain.

پێشبینی کەشوهەوا وتی، بایەکی توندو باران دەبێت.

I like garlic but it gives me terrible wind.

حەزم لەسیرە بەڵام غازاتێکی ترسناکم پێیەیدا دەکات.

[1984]بێستی. لەڕوی ماناوە مورادیفی best friend. ئەگەر سەرنجیش بدەین، ئەم وشەیە داڕێژراوەو وشەی bestی تێدایە کە بەمانای باشترین دێت.

One of my besties bought me this hat.

یەکێك لەباشترین هاوڕێکانم ئەم شەپقەیەی بۆ کڕیم.

[1985]هەوست، هەوستێس. هەردوکیان بەمانای خانەخوێ دێن، بەڵام یەکەمیان بەمانای خانەخوێ دێت بەگشتی و دووەمیان بەتایبەت بەمانای خانەخوێی ژن دێت. خانەخوێ: ئەو کەسەی کەسێك یان زیاتر بانگهێشت دەکات بۆ ماڵەوە یان بۆ بەرنامەی ڕاگەیاندن و هاوشێوەکانی.

Our host was very respectful.

خانەخوێکەمان زۆر بەڕێز بوو.

Iman, you were a great hostess - thank you.

ئیمان تۆ خانەخوێیەکی ناباب بویت، سوپاس.

[1986] ئەم دوو وشەیە لەم مانایەدا مورادیفن. خۆهەڵدەکێشێ= خۆهەڵدەکێشێت.

They boasted that they had never lost a single game.

ئەوان خۆیان هەڵکێشا بەوەی کە هەرگیز تەنها یەك یاریشیان نەدۆڕاندووە.

She's always bragging about how much money she earns.

ئەو هەمیشە خۆیهەڵدەکێشێت بەوەی کە چۆن پارەی زۆر پەیدادەکات.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**draw (جرۆۆ) تەعادول، وێنەدەكێشێ**[1987]

.805 **coffee grinder ئاش، بەس هی قاوە**[1988]

**reference (ڕێفرەنس) ئاماژە لەگەڵ سەرچاوە**[1989]

.806 **unclean پیسە**[1990]**، clean (كلیین) واتە پاك**[1991]

**squalid زۆر پیس**[1992]**، dynamic (داینامیك) چالاك**[1993]

---

[1987] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە درا گۆیدەکەن. وەك كار یەكێكە لەكارە نائاساییەكان، رابردووەکەی drewو تەسریفی سێیەمی drownە. دوان لەدیارترین ماناکانی ئەم وشەیە (تەعادول) و (وێندەكێشێ)یە. تەعادول= (ع: تعادل)= یەکسانبون.

The match ended in a draw.

یارییەكە بە یەكسانبون كۆتاییهات.

Srwa can draw very well.

سروە دەتوانێت زۆر بەباشی وێنەبكێشێت.

[1988]كۆفی گرایندە"ر"، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریكیدا بە كافی گرایندە"ر" دەخوێنرێتەوە. بەمانای ئاشی قاوە دێت. ئاشی قاوە: ئامێرێكی بچوكە، بەكاردەهێنرێت بۆ هاڕینی قاوەو كردنی بە تۆز. coffee millیشی پێدەووترێت.

I bought a new coffee grinder.

ئاشێكی تازەی قاوەم كڕی.

[1989] There is no direct reference to her own childhood in the novel.

لەڕۆمانەكەدا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ منداڵی خۆی.

In the end of the book I have written the list of the references.

لەكۆتایی كتێبەكەدا لیستی سەرچاوەكانم نوسیوە.

[1990]ئەنكلیین، بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە ئەنكڵیین گۆیدەكەن.

The health risk from drinking unclean water isn't tiny.

مەترسیی خواردنەوەی ئاوی پیس، كەم نیە.

[1991] Make sure your hands are clean before you have your dinner.

پێش ئەوەی نانی ئێوارە بخۆیت، دڵنیابە لەوەی كە دەستەكانت پاكن.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.807** **compose (کەمپەوز) بەواتای دادەنێ ئاواز**[1994]

**pacific (پەسیفیك) نەعتە، مانای ئاشتیخواز**[1995]

**.808** **filter میسفاتە، بەکوردی پاڵێو**[1996]

**seismometer (سایزمۆمیتە) زەمینلەرزەپێو**[1997]

**.809** **excellent، top-notch مانای زۆر زۆر باش**[1998]

---

[1992] سکۆلید، بەڵام ئەمەریکییەکان بە سکواڵید گۆیدەکەن. زیاتر بۆ وەسفی شتێك زۆر پیس بەکاردەهێنرێت کە هۆکارەکەی کەمتەرخەمی و نەبونی پارە بێت.

How can you live in such squalid apartment?

چۆن دەتوانیت لەشوقەیەکی ئاوها زۆر پیسدا بژیت؟

[1993] Karzan is a dynamic pupil.

کارزان خوێندکارێکی چالاکە.

[1994] دادەنێ ئاواز= ئاوازدادەنێ= ئاوازدادەنێت.

Prokofiev started composing at the age of five.

پرۆکۆفیف لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە، دەستیکرد بە ئاوازدانان.

[1995] نەعت= ئاوەڵناو. واتە ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بەمانای ئاشتخیواز دێت.

Iraq isn't a pacific community.

عیراق کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز نیە.

[1996] فیلتە"ر". میسفات= (ع: مِصْفاة)= پاڵێو. پاڵێو: هەرشتێك کە ئاو، هەوا، هتد...ی پێدا تێپەڕدەکەیت بۆ ئەوەی ماددەی نەویستراوی لێ لاببرێت و پاکبکرێتەوە یان گونجاو بکرێت بۆ بەکارهێنان. زۆرجار لەناو خۆماندا هەر فیلتەری پێدەووترێت کە ئینگلیزییە نەك کوردی.

My car's filters are very old.

پاڵێوەکانی ئۆتومبێلەکەم زۆر کۆنن.

[1997] A seismometer is an important device.

زەمینلەرزەپێو ئامێرێکی گرنگە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.810** **flashy (فلاشی) بریقەدار[1999]، flashیش فلاش[2000]**
**silk (سیلْك) ئاوریشم[2001]، nylon نایلۆنە[2002]**
**bison بەیسۆن[2003]و gibbon گیبۆنە[2004]**

---

[1998]ئێکسلنت، تۆپنۆچ، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە ئێکسڵنت و دووەمیان بە تاپناچ گۆدەکەن. زۆر زۆر باش= نایاب.

The food was excellent.

خوارنەکە نایاب بوو.

The state school system don't offer a top-notch education.

سیستەمی خوێندنی حکومی پەروەردەیەکی نایاب پێشکەشناکات.

[1999] I don't like flashy clothes.

حەزم لەجلوبەرگی بریقەدار نیە.

[2000] فلاش. بۆ نمونە فلاشی کامێرا.

It's dark in here, I have to use the flash.

ئێرە تاریکە. پێویستە فلاش بەکاربهێنم.

[2001] It takes more than 25 mulberry trees to obtain 6 pounds of silk.

دەسکەوتنی شەش پاوەند (نزیکەی دوو کلیۆو 750 گرام) ئاوریشم، زیاتر لە 25 درەختی تووی پێویستە.

[2002] نایلۆن. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نایلان گۆیدەکەن.

Nylon was first invented in the USA.

نایلۆن بۆ یەکەمین جار لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، داهێنرا.

[2003]بە بایسن گۆدەکرێت. بەیسۆن: گیاندارێکی مەمکداری زەبەلاحەو لەمانگا دەچێت بەڵام گەورەترە، دوو جۆری هەیە، ئەورووپی و ئەمەریکی، ئەمەریکییەکەی گای ئەمەریکیشی پێدەووترێت. کۆیەکەشی هەر bisonە.

Bison are the largest mammal in North America.

بەیسۆن گەورەترین گیانداری مەمکدارە لەئەمەریکای باکور.

[2004] گیبن. گیبۆن جۆرە مەیمونێکی باریکەڵەی بچوکە.

Gibbons are highly intelligent animals. They can recognize themselves in the mirror.

گیبۆن گیاندارێکی زۆر زیرەکە. دەتوانێت لەئاوێنەدا خۆی بناسێتەوە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.811** **bogeyman بوبوع، بەکوردی خێوە**[2005]

**frame وەکو ناو، هەیکەڵ، چوارچێوە**[2006]

**.812** **gang rape، group rape لاقەی بەکۆمەڵ**[2007]

**boil دەکوڵێنێ، دەکوڵێ، هەم دومەڵ**[2008]

**.813** **olfaction (ئۆڵفاکشن) چیە؟ واتە بۆنکردن**[2009]

---

[2005]بەوگیمان. هەروەها بەسپێلی bogymanیش (واتە بەبێ eیەکەش) دەنوسرێت. بوعبوع= (ع: بعبع)= خێو.

Be good, or the bogeyman will come and eat you!

باشبە، ئەگینا خێوەکە دێت و دەتخوات!

[2006]فرەیم. وەك ناو، دوان لەدیارترین ماناکانی هەیکەل (ی مرۆڤ)و چوارچێوەن.

My sister has a much bigger frame than me.

خوشکەکەم هەیکەلێکی زۆر گەورەتر لە هی منی هەیە.

They removed the picture from its wooden frame.

وێنەکەیان لەچوارچێوە دارینەکەی دەرهێنا.

[2007]گانگ رەیپ، گروپ رەیپ. لاقەی بەکۆمەڵ= لاقەکردنی بەکۆمەڵ: دەستدرێژیی سێکسیی بەکۆمەڵ بۆ سەر کەسێك.

The gang rape is an international crime.

لاقەکردنی بەکۆمەڵ تاوانێکی نێودەوڵەتییە.

Between 5000 and 7000 group rapes are reported in France every year.

هەموو ساڵێك پێنج هەزار تا حەوت هەزار لاقەکردنی بەکۆمەڵ لە فەرەنسا رودەدات.

[2008]بۆیل. دەکوڵێنێ= دەکوڵێنێت. دەکوڵێ= دەکوڵێت.

If you give water to a small baby to drink, you have to boil it first.

ئەگەر ئاو بدەیتە منداڵی بچوك بۆ خواردنەوە، پێویستە سەرە بیکوڵێنیت.

Liquid nitrogen boils at a very low temperature.

نایترۆجینی شل لەپلەیەکی گەرمیی زۆر نزمدا دەکوڵێت.

You can usually treat small boils at home.

زۆربەی جار دەتوانیت دومەڵی بچوك لەماڵەوە چارەسەربکەیت (واتە بەبێ ئەوەی پێویست بکات بچیت بۆ نەخۆشخانە).



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**appetite (ئاپەتایت) مانای ئارەزوی خواردن**[2010]

**[814]. emancipation (ئیمانسیپەیشن) ئازادکردنە**[2011]

**(implantation)ە مانای چاندنە**[2012]

**[815]. smother چیە؟ دەخنکێنێ**[2013]

**chokeیش هەروەها**[2014]**، implant دەچێنێ**[2015]

**[816]. (a stack of) چیە؟ مەبلەغێکی زۆر**[2016]

---

[2009] The nurse shark relies on its sense of olfaction, touch and electrical reception.

قرشی شیردەر پشت بە هەستی بۆنکردن و بەرکەوتن و وەرگرتنی کارەبایی دەکات.

[2010] Symptoms of the disease include tiredness and loss of appetite.

نیشانەکانی نەخۆشییەکە بێتاقەتی و نەمانی ئارەزوی خواردنیان تێدایە.

[2011] Emancipation of the world from slavery was a great action.

ئازادکردنی جیهان لەکۆیلایەتی، کارێکی نایاب بوو.

[2012]ئیمپڵانتەیشن. چاندن= زەرع= (ع: زرع).

The implantation of an artificial heart is a hard surgery.

چاندنی دڵی دەستکرد نەشتەرگەرییەکی قورسە.

[2013]سمەزە"ر". دەخنکێنێ= دەخنکێنێت. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمی لەوشەی mother جیاوازەو لەڕوی گۆکردنیشەوە دەنگی یەکەمی زیاترە لەگۆکردنی هەمان وشەوە.

She smothered her husband with plastic bags.

مێردەکەی بە کیسی پلاستیکی خنکاند.

[2014]چەوک. ئەم وشەیەش هەروەك smother بەمانای دەخنکێنێت.

Children can choke small birds.

مندالٚ دەتوانێت، باڵندەی بچوك بخنکێنێت.

[2015]ئیمپلانت. دەچێنێ= دەچێنێت= (ع: یزرع)= زەرعدەکات.

Surgeons successfully implanted an artificial kidney in his body.

پزیشکە نەشتەرگەرەکان بە سەرکەوتویی گورچیلەیەکی دەستکردیان لەجەستەیدا چاند.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**sundry** وەك نەعت، ماناى جۆراوجۆر[2017]

[.817] **doctrine** (دۆكترين) مەزهەبە، بەماناى رێباز[2018]

**locksmith** ماناى قوفڵ و كليلساز[2019]

[.818] **festival** جەژنە، هەم فێستيڤاڵە[2020]

**shout** (شاوت) دەقيژێنى[2021]، **moan** (مەون) ناڵەناڵە[2022]

[.819] **shady** (شەيدى) چيە؟ گوماناوى[2023]

---

[2016]ئە ستاك ئەڤ. مەبلەغێكى زۆر= برێكى زۆر.

I have a stack of old newspapers.

برێكى زۆر رۆژنامەى كۆنم هەيە.

[2017]سەندراى. وەك نەعت (ئاوەڵناو) بەماناى جۆراوجۆر دێت.

He makes films about animals, plants and sundry other subjects.

ئەو فيلم سەبارەت بە گياندار، رووەك و بابەتى جۆراوجۆرى تر دروستدەكات.

[2018] The government hasn't its special political doctrine.

حكومەت رێبازى سياسيى تايبەت بەخۆى نيە.

[2019]لۆك سميث. قوفڵ و كليلساز: ئەو كەسەى قوفڵ و كليل چاكدەكاتەوە يان دروستيان دەكات.

The locksmith was a skilled man.

قوفڵ و كليلسازەكە پياوێكى لێهاتوو بوو.

[2020]فێستيڤڵ. بەماناى جەژن و فێستيڤاڵيش دێت كە بێگومان دوو شتى جياوازن.

Christmas is one of the main festivals in the Christian calendar.

جەژنى لەدايكبونى مەسيح يەكێكە لەجەژنە سەرەكييەكان لەرۆژژمێرى مەسيحيدا.

Did you participate in the film festival?

ئايا بەشداريتكرد لەفێستيڤاڵى فيلمەكەدا؟

[2021] Don't shout! I hear you!

مەقيژێنە! گوێم لێتە!

[2022] Moans of agony saddened me.

ناڵەناڵى ئازار خەفەتبارى كردم.



بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

spiny، thorny هەردوو دڕکاوی[2024]

[820]. mistrust (میسترەست) نەبونە، هینی متمانە[2025]

legend (لێجند) لەگەڵ myth (میث) هەردوو ئەفسانە[2026]

[821]. black magic جادوو، بەڵام هی رەشە[2027]

sorcery هەروا[2028]، clergyman (کلێجیمەن) قەشە[2029]

---

[2023] She’s been involved in some shady trades.

لەهەندێك بازرگانیی گوماناوی تێوەگلاوە.

[2024] سپاینی، ثۆرنی. واتە ئەم دوو وشەیە کە ئاوەڵناون، بەمانای دڕکاوی دێن. ئەسڵی ئەم دوو وشەیە spineو thorn کە ناون و بەمانای دڕك دێن، زیادکردنی پاشگری y تەقلەیەکی ڕێزمانەوانی پێلێدوان و کردونی بە ئاوەڵناو.

Madagascar’s most unusual forests are the spiny forests.

زۆربەی دارستانە دەگمەنەکانی مەدەغەشقەر، دارستانە دڕکاوییەکانن.

The thorny devil lizard drinks water through its skin and has a false head on the back of its neck to confuse predators.

جۆرێك قۆری هەیە پێیدەووترێت قۆریی شەیتانی دڕکاوی. ئەم جۆرە ئاو لەڕێگەی پێستەوە دەخواتەوەو سەرێکی ساختەی هەیە لەدواوەو بۆ سەرلێشێواندنی زیندەوەرە ڕاوکەرەکان، بەکاریدەهێنێت.

[2025] بەمانای "نەبونی متمانە" دێت.

The mistrust is an illness killing everything nice.

نەبونی متمانە نەخۆشییەکە هەموو شتێکی جوان لەناودەبات.

[2026] She is writing a thesis on Kurdish legend.

ئەو تێزێك لەسەر ئەفسانەی کوردی دەنوسێت.

Most societies have their own myths.

زۆربەی کۆمەڵگەکان ئەفسانەی تایبەت بەخۆیان هەیە.

[2027] بلاك ماجیك. بەمانای جادووی ڕەش دێت. جادووی ڕەش: جۆرێکە لەجادوو (سیحر) کە دەووترێت تێیدا رۆحی خراپەکار بەکاردەهێنرێت بۆ ئەنجامدانی کاری خراپە.

Do you believe in black magic?

بڕوات بە جادووی ڕەش هەیە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.822** **pitch-dark ،pitch-black ئەموستەچاو**[2030]

**hermit ،recluse ناون، دابڕاو**[2031]

**.823** **intelligence زەکاو موخابەراتە**[2032]

---

[2028]سۆسەری. ئەمیش بەمانای جادووی رەش دێت.

It seems that some people still fear from sorcery.

وادیارە تائێستاش هەندێك كەس هەن لەجادووی رەش دەترسن.

[2029] In 1867 she married a clergyman.

لەساڵی 1867، شویکرد بە قەشەیەك.

[2030]پیچ داك، پیچ بلاك. ئەموستەچاو: زۆر زۆر تاریك.

He moved slowly and cautiously across the pitch-dark room until his knees touched the edge of the bed.

بەهێواشی و وریاییەوە بەژورە ئەموستەچاوەكەدا رۆیشت تا ئەژنۆی بەر لێواری تەختی خەوتنەكە كەوت.

He was killed in a pitch-black night.

لەشەوێكی ئەموستەچاودا كوژرا.

[2031]هێمیت، ریكلووس. هەردوكیان ناون (نەك ئاوەڵناو)و بەمانای دابڕاو دێن. دابڕاو: كەسێك كە بەتەنها دەژی و خۆی لەچوونەدەر یان قسەكردن بۆ كەسانی تر، بەدوردەگرێت. دووەمیان بەمانای دابڕاو بەگشتی دێت، بەڵام hermit زیاتر بەمانای دابڕوایك دێت كە پاڵنەرەكەی ئایین بێت (ناسك).

His father is an eccentric hermit.

باوكی دابڕاوێكی سەیرە.

He is a millionaire recluse who refuses to give interviews.

ئەو دابڕاوێكی ملیۆنەرەو دیمانە (چاوپێكەوتن) ناكات.

[2032]ئینتێلیجنس. بەمانای زەكاو موخابەرات دێت. زەكا= (ع: ذكاء)= زیرەكی.

موخابەرات= (ع: مخابرات)= هەواڵگری.

He couldn’t pass the intelligence test.

نەیتوانی لەتاقیكردنەوەی زیرەكییەكە دەرچێت.

The Central Intelligence Agency does secret operations.

ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی پرۆسەگەلی نهێنی ئەنجامدەدات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**assembly (ئەسێمبڵی)، وەك board (بۆۆد) مانای جڤاتە**[2033]

[824]. **court واتە کۆشك، حەوشەو دادگایە**[2034]

**seaweed بەمانای قەوزەی دەریایە**[2035]

[825]. **وشەی web (وێب)و net (نێت) هەردوکیان تۆڕە**[2036]

**council ئەنجومەن**[2037]**، seminar کۆڕە**[2038]

---

[2033] جڤات= ئەنجومەن.

The assembly refused the proposal.

ئەنجومەنەکە پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە.

Every decision has to be approved by the board.

هەموو بڕیارێك پێویستە لەلایەن ئەنجومەنەکەوە پەسەندبکرێت.

[2034] کۆ"ر"ت. سیان لەماناکانی وەك ناو، کۆشك(ی پادشا)و حەوشەو دادگایە. لەمانای دووەمیاندا موراديفی courtyardە.

Court officials denied the rumours.

بەرپرسانی کۆشك دەنگۆکانیان ڕەتکردەوە.

The castle court is full of beautiful flowers.

حەوشەی کۆشکەکە پڕە لەگوڵی جوان.

The court case lasted six weeks.

کەیسەکەی دادگا شەش هەفتەی خایاند.

[2035] سییوييد. قەوزەی دەریا: جۆرە قەوزەیەکی گەورەیە کە لەناو دەریا یان لەسەر بەردی ژێرئاو گەشەدەکات.

Seaweed has over 12,000 species.

قەوزەی دەریا زیاتر لەدوانزە هەزار جۆری هەیە.

I tasted seaweed for the first time and liked it. من بۆ یەکەمین جار تامی قەوزەی دەریام کردو حەزم لێکرد.

[2036] He watched a spider spinning its web.

جاڵجاڵۆکەیەکی بینی کە تۆڕەکەی دەچنی.

The police are tightening the net around the smugglers.

پۆلیس تۆڕەکەی لەدەوروبەری قاچاخچییەکان توندکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**826.** **Senate مەجلیسە، بەڵام هی پیران**[2039]

**nasal blockage واتە لوتگیران**[2040]

**827.** **church کڵێسەیە**[2041]**، dome واتە گومەز**[2042]

**intent، intention، purposeیش غەرەز**[2043]

---

[2037]کاونسڵ. بەڵام دەنگی "و"ەکە هێندە بە تەنکی دەخوێنرێتەوە کە بە زەحمەت هەستی پێدەکرێت واتە تەقریبەن وەك کانسڵ دەخوێنرێتەوە.

Saudi Arabia, a member of the U.N. Human Rights Council, punished 2,000 people with the death penalty since 1985.

سعودیە کە ئەندامێکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەساڵی 1985وە، زیاتر لەدوو هەزار کەسی لەسێدارەداوە.

[2038]سێمینا"ر"

I attended practically every lecture and seminar when I was a student.

کاتێك خوێندکار بوم، بەشێوەیەکی کردەیی لەهەموو موحازەرەو کۆڕەکاندا ئامادەبوم.

[2039]سێنەت. بەمانای ئەنجومەنی پیران دێت. ئەنجومەنی پیران: جۆرە ئەنجومەنێکی یاسادانانە لەهەندێك سیستەمی سیاسیی وەك هی ئەمەریکاو ئوسترالیاو فەرەنسا. پێویستە پیتی یەکەمی ئەم وشەیە بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

The US Senate has 100 members.

ئەنجومەنی پیرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 100 ئەندامی هەیە.

[2040]نەیزڵ بلۆکیج

Nasal blockage isn't a common situation.

لوتگیران حاڵەتێکی باو نیە.

[2041]چێرچ

The city has four churches.

شارەکە چوار کڵێسەی تێدایە.

[2042]دەوم

The dome of the church is very large.

گومەزی کڵێسەکە زۆر گەورەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

828. infantry جنود، بەڵام پیادەڕەو[2044]

extremist (ئیکستریمیست) بەمانای توندڕەو[2045]

829. terrible (تیرەبڵ) مورعیب[2046]، terribly (تیرەبلی) زۆرە[2047]

rat (رات) جرج[2048]، squirrel (سکویڕڵ) مانای سمۆرە[2049]

---

[2043]ئینتێنت، ئینتێنشن، پێپەس. هەرسێکیان بەمانای غەرەز دێن. غەرەز= (ع: غرض)= مەبەست.

She behaved foolishly but with good intent.

گێلانە رەفتاری کرد، بەڵام بەمەبەستێکی باش.

It wasn't my intention to exclude her from the list - I just forgot her.

مەبەستم نەبوو ئەو لەلیستەکە دەربکەم، تەنها بیرمچوو.

The purpose of the research is to try to find out more about the causes of the disease.

مەبەستی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەهەوڵدان بۆ دەرکەوتنی زانیاریی زیاتر سەبارەت بە هۆکارەکانی نەخۆشییەکە.

[2044]ئینفەنتری. بەمانای جنودی پیادەڕەو (نەك دەریایی و ئاسمانی و هتد...)دێت. جنودی پیادەڕەو= سەربازی پیادەڕەو. وشەیەکی نەبژێردراوە کاری تاك یان کۆشی لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت.

The infantry was/were sent into battle.

سەربازانی پیادەڕەو نێدران بۆ جەنگ.

[2045] A group of extremists assassinated the prime minister.

کۆمەڵێك توندڕەو سەرۆك وەزیرانیان تیرۆرکرد.

[2046] مورعیب= (ع: مرعب)= تۆقێنەر.

She wept when she heard the terrible news.

کاتێك هەواڵە تۆقێنەرەکەی بیست، گریا.

[2047] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە تێرەبلی گۆیدەکەن. زیاتر بۆ گوازرشتکردن لە"زۆری"ی شتی خراپ و نێگەتیڤ بەکاردێت نەك باش و پۆزەتیڤ.

I’m terribly sick.

من زۆر نەخۆشم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

830. thin (ثین) یانی باریك[2050]، thick (ثیك)یش ئەستورە[2051]

wolf (ولْف) بەمانای گورگ[2052]، howl (هاوڵ) واتە لورە[2053]

831. petrol، gas بەنزین[2054]، oil رۆن، نەوتە[2055]

---

2048 واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Rats can have as many as 20 babies at a time.

دەکرێ جرج لەیەك کاتدا 20 بێچوی ببێت.

In 1954, the rat problem in Bombay, India was so bad they began accepting dead rats in place of taxes. People quickly exploited the system with mass breeding and killing projects causing the program to be terminated.

لەساڵی 1954، لەو هندستانەی لای خۆمان کێشەی جرج هێندە گەورە بوو، کە دەسەڵاتداران بەرنامەیەکیان دانا، بەگوێرەی ئەو بەرنامەیە جرجی مردویان لەخەڵك وەردەگرت لەبەرامبەر باج. خەڵکەکەش بەپەلە ئەم بەرنامەیەن قۆستەوەو دەستیانکرد بە بەخێوکردنی بەلێشاوی جرج و کوشتنیان بۆ ئەوەی دواتر بیدەن بە دەسەڵاتداران و لەبەرامبەردا باجیان لەسەر نەمێنێت، لەبەرامبەردا حکومەت درکی بە ئیشە قۆڕەکەی خۆی کردو بەرنامەکەی هەڵوەشاندەوە.

2049 Squirrels are actually very kind to each other and will adopt abandoned baby squirrels.

لەڕاستیدا سمۆرە لەناوخۆیاندا زۆر چاکن بۆ یەکتر، ئەگەر بێچویەکی فڕێدراو ببینن، دەیکەنە بێچوی خۆیان.

2050 یانی= یەعنی= واتە.

The walls of the hotel room were very thin.

دیوارەکانی ژوری هۆتێلەکە زۆر باریك بوون.

2051 He was wearing thick glasses.

ئەو چاویلکەی ئەستوری لەچاودەکرد.

2052 جەمعەکەی wolvesە.

The wolf wasn't large.

گورگەکە گەورە نەبوو.

2053 بۆ نمونە لورەی گورگ و چەقەڵ و هتد...

Howl of the wolf is recognizable.

لورەی گورگ دەناسرێتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

ramification مانای لێکەوتە[2056]

.832 another (ئەنەذە) مانای (یەکێکی تر)ە[2057]

inflammable واتای گڕگرە[2058]

.833 alas (ئەلاس) چیە؟ بەداخەوە[2059]

---

[2054]پێترۆڵ، گاس، واتە وشەی دووەمیان چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. ئەم دوو وشەیە لەم مانایەدا موراديفن.

تێبینی: ئەگەر وابزانیت وشەی gas تەنها بەمانای گاز دێت و بەمانای بەنزین نایەت، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیتەوە، لەکاتێکدا مرۆڤی زیرەك دەبێت گا تەنها بەسەیرکردنێکی کەللـەشیدا بناسێتەوە، بەبێ سەیرکردنی ناوچەی حوکمی زاتی! کابرا وتەنی لەگەڵ ئەوپەڕی رێزو حورمەتما!!

A big old car like that eats up petrol.

ئۆتۆمبێلێکی گەورەی کۆنی وەك ئەوە، بەنزین زۆر دەخوات.

The mechanic found a hole in the gas tank.

فیتەرەکە کونێکی لەتانکی بەنزینەکەدا دۆزییەوە.

[2055]ئۆیڵ. بەمانای رۆن و نەوتیش دێت.

Check the oil level in your car every week.

هەموو هەفتەیەك پشکنین بۆ ئاستی رۆنی ئۆتۆمبێلەکەت بکە.

One liter of oil can contaminate one million liters of water.

تەنها یەك لیتر نەوت دەکرێ یەك ملیۆن لیتر ئاو پیسبکات. ئەها چەندە خەتەرە!، بۆیە تەنانەت ئەگەر ترومپاکەشت لەکارکەوتبوو، هەرگیز مەیمژە (سۆندەی نەوت بەمەبەستی دەرهێنانی نەوت لەبەرمیل!).

[2056]رامیفیکەیشن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە رامەفەکەیشن گۆیدەکەن. ئەم وشەیە ناوێکی بژێردراوەو زۆربەی کات لەڕستەدا بە شێوەی کۆ دێت نەك تاك.

Have you considered all the ramifications of your suggestion?

ئایا بیرت لەهەموو لێکەوتەکانی پێشنیازەکەت کردووەتەوە؟

[2057] Is this another of your schemes to make money?

ئایا ئەمە یەکێکی ترە لەفێڵەکانت بۆ پێکەوەنانی پارە؟

[2058]ئینفلامەبڵ. گڕگر= ئاگرگر: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە بە ئاسانی گڕبگرێت.

Don’t carry a inflammable liquid such as petrol in your room.

شلەی گڕگری وەك بەنزین لەژورەکەتدا هەڵمەگرە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**thin روون و تەنك، روندەكاتەوە**[2060]

[.834] **price (پرایس)، value (ڤاليو) نرخ**[2061]**، prize خەڵاتە**[2062]

**therefore و ergo هەردوو كەواتە**[2063]

[.835] **rude (روود) چەقاوەسوو**[2064]**، boorish رەقە**[2065]

---

[2059] I love football but, alas, I have no talent as a player.

حەزم لەياريى تۆپى پێيە، بەڵام بەداخەوە هيچ بەهرەيەكم نيە وەك ياريزان.

[2060] ثين. سيان لەماناكانى "روون (پێچەوانەى خەست) و تەنك و روندەكاتەوە (پێچەوانەى خەستدەكاتەوە)"يە.

The paint was very thin.

بۆيەكە زۆر روون بوو.

He has a thin beard.

ريشێكى تەنكى هەيە.

Thin the milk by adding water.

بە زيادكردنى ئاو، شيرەكە رونبكەرەوە.

[2061] The price of cars is high.

نرخى ئۆتۆمبێل بەرزە.

What is the value of the prize?

نرخى خەڵاتەكە چەندە؟

[2062] پرايز. ئەم دوو وشەيەى ئەم نيوە بەيتە يەك وەزنيان هەيە لەروى پێكهاتەى پيت و خوێندنەوەشەوە.

Gandhi never won the Nobel Peace Prize, despite being nominated five times.

هەرچەندە گاندى پێنج جار بۆ بردنەوەى خەڵاتى نۆبڵ، كانديدكراوە بەڵام هيچ جارێك نەيبردووەتەوە.

[2063] زێفۆ"ر"، ئێێگەو. هەردوكيان بەماناى "كەواتە" دێن و لەم مانايەدا موراديفن.

He was sick, therefore unable to play.

نەخۆش بوو، كەواتە ناتوانێت يارى بكات.

Ergo, you believe that what is behind affects what is in front?

كەواتە تۆ لەو بروايەدايت كە ئەوەى لەپشتەوەيە كاردەكاتە سەر ئەوەى لەپێشەوەيە. واتە ئەوەى نهێنييە كاريگەرى لەسەر ئەوە هەيە كە ديارە.



بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

gavel و mallet هەردوو میترەقە[2066]

[.836] mammalian چیە؟ واتە مەمکدار[2067]

labourer، workman هەردوو کرێکار[2068]

[.837] composer (کەمپەوزە) چیە؟ ئاوازدانەرە[2069]

---

[2064] His husband is a very rude man.

مێردەکەی پیاوێکی زۆر چەقاوەسووە.

[2065]بوەریش، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بوریش گۆیدەکەن.  ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە چەقاوەسوو بێت و حساب بۆ هەستی خەڵك نەکات، واتە ماناکەی لە هی rudeەوە نزیکە.

My young boorish brother is embarrassing.

برا بچوکە رەقەکەم تەریقکەرەوەیە.

[2066]مالیت، گاڤڵ. میترەقە= (ع: مطرقة)= چەکوش. هەردوکیان بەمانای چەکوش دێن، بەڵام یەکەمیان بەمانای جۆرە چەکوشێکی سەردار دێت کە لەهەندێك جۆری وەرزشدا بەکاردەهێنرێت و دووەمیان بەمانای ئەو چەکوشە دێت کە سەرۆکی دادگا یان هەر کۆبونەوەیەکی تر بەکاریدەهێنێت بۆ بێدەنگکردنی ئامادەبوان.

Use a mallet to beat the ball.

بۆ لێدانی تۆپەکە، چەکوشێك بەکاربهێنە.

The judge banged her gavel and said, "Quiet, please!"

دادوەر چەکوشەکەی بەتوندی لێداو وتی: "تکایە هێمنی!"

[2067]مەمەیلیەن. مەمکدار: ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی ئەو زیندەوەرانە بەکاردەهێنرێت کە مێینەکانیان شیری جەستەی خۆیان دەدەن بە بێچووەکانیان وەك مرۆڤ، سەگ، هتد...

He is an expert on mammalian animals.

ئەو پسپۆڕێکی بواری گیاندارە مەمکدارەکانە.

[2068] لەیبرە، وێیکمن. عامیل= (ع: عامل)= کرێکار. سپێلی وشەی یەکەمیان لەئینگلیزیی ئەمەریکیدا laborerە. وشەی دووەمیان وەك سەرجەم ئەو وشانەی تر کە کۆتاییەکەیان manە، بە گۆڕینی manەکە بۆ men کۆدەکرێتەوە.

My father is a farm labourer.

باوکم کرێکارێکی کێڵگەیە.

He is a very powerful workman.

ئەو کرێکارێکی زۆر بەهێزە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**poll مەسح و توتی، هەروەها (سەر)ە**[2070]

[838]. **out of wedlock (ئاوت ئەڤ ویدلۆك) لەدەرۆی زەواج**[2071]

**tax collector کۆکەرەوەی باج**[2072]

[839]. **cornerstone چیە؟ بەردی بناغە**[2073]

**orchard (ئۆۆچەد)و grove (گرەوڤ) هەردوکیان (باغ)ە**[2074]

---

[2069] Halkawt Zahir is a famous composer.

هەڵکەوت زاهیر ئاوازدانەرێکی بەناوبانگە.

[2070]پەوڵ. سیان لەماناکانی وەك ناو مەسح و توتی (ی ماڵی)و سەرە، بەتایبەتی ئەوبەشەی سەر کە قژی لەسەرە. مەسح= (ع: مسح): روپێوی، راپرسی.

A recent poll indicated that 70 percent of Americans supported the president.

راپرسییەکی تازە ئاماژەی بەوەداوە کە لەسەدا 70ی ئەمەریکییەکان پشتگیری سەرۆك دەکەن.

My new poll is very funny.

توتییە ماڵییە نوێکەم زۆر پێکەنیناوییە.

He rubbed his pool and didn't answer the question.

سەری خوراندو وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە.

[2071] لەدەرۆی زەواج= لەدەرەوەی هاوسەرگیری.

In this conservative country, having a child out of wedlock is shocking.

لەم کۆمەڵگە کۆنەپارێزەدا، بونی منداڵ لەدەرەوەی هاوسەرگیری شتێکی شۆکهێنەرە.

[2072]تاکس کەلێکتە"ر". کۆکەرەوەی باج= باجکۆکەرەوە.

The tax collector visited all the new houses.

باجکۆکەرەوەکە سەردانی هەموو خانووە تازەکانی کرد.

[2073]کۆرنەستەون، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە کۆ"ر"نەستۆون دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە هەروەك چەندین وشەی تر، بەمانای حەقیقی و مەجازیش بەکاردەهێنرێت.

A large group of officials attended a cornerstone laying at that new plant.

کۆمەڵێکی زۆر لەبەرپرسان ئامادەی دانانی بەردی بناغەی کانە نوێیەکە بوون.

In most countries, the family is still the cornerstone of society.

لەزۆربەی وڵاتاندا، تائێستاش خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.840 in front of (ئن فرەنت ئەڤ) چیە؟ واتە لەبەردەم[2075]

بۆزەم bosom حەمیمە، هەم باوەش و مەم[2076]

.841 pistachio فستق[2077]، almond ئالمەندیش بادەم[2078]

Wednesday چوارشەم[2079]، Thursday پێنجشەم[2080]

---

[2074] وشەی orchard بەمانای باخێك دێت کە درەختی میوەی تێدا بێت. باخ و بێستانیشی پێدەووترێت. groveیش بەمانای باغ دێت بەڵام بچوکترە.

My father has a large apple orchard.

باوکم باخێکی گەورەی سێوی هەیە.

He owns an orange grove near Dabashan.

باخێکی پرتەقاڵی لەنزیك دەباشان هەیە.

[2075] Why did you embarrass me in front of all those people?

بۆچی لەبەردەم ئەو هەموو خەڵکە، تەریقتکردمەوە؟

[2076] بوزەم. بەمانای باوەش (ی ژن)و حەمیم و مەم (ی ژن) دێت. حەمیم= (ع: حميم)= گیانی بەگیانی. مەم= مەك.

She cradled the child to her bosom.

منداڵەکەی گرت بە باوەشییەوە.

The two girls had become bosom friends.

دوو کچەکە ببونە هاوڕێی گیانی بەگیانی.

A large bosom is a sign of women's beauty.

مەمکی گەورە یەکێکە لەنیشانەکانی جوانیی خانمان.

[2077] پیستاشیەو

Making nuts such as pistachios a part of your everyday eating is associated with decreased risk of death from cancer, heart disease and respiratory disease.

کردنی چەرەساتی وەك فستق بە بەشێك لەخواردنی رۆژانە، پەیوەندی هەیە بە کەمبونەوەی مەترسیی مردن بە شێرپەنجەو نەخۆشیی دڵ و نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەناسە.

[2078] ئالمەند، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاالمەند گۆیدەکەن. سەرنج بدە پیتی Lەکە لەئینگلیزیی بریتانیدا بێدەنگە واتە ناخوێنرێتەوە.

Almonds are very useful for health.

بادەم بۆ تەندروستی زۆر بەسودە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

842. **headlight گڵۆپە، بەس هی پێشەوە**[2081]

**bend (چەماوە)یەو دەچەمێتەوە**[2082]

843. **rain gauge چیە؟ پێوەری مەتەر**[2083]

**constituent دەنگدەر، پێکهێنەر**[2084]

---

[2079]وێنزدەی. سەرنجبدە یەکەم پیتی d ئەم وشەیە ناخوێنرێتەوە. چوارشەم= چوارشەممە.

I didn't go to school last Wednesday.

چوارشەممەی رابردوو نەچوم بۆ خوێندنگە.

[2080]ثێیزدەی. پێنجشەم= پێنج شەممە.

He'll be here on Thursday.

ئەو پێنجشەممە لێرە دەبێت.

[2081]هێدلایت. بەمانای گڵۆپی گەورەی پێشەوەی سوارڕەو (مرکبة) دێت. headlampیش پێدەووترێت.

My car headlights are old, I have to change them.

گڵۆپەکانی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەم کۆنن، پێویستە بیانگۆڕم.

[2082]بێند، واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. وەك كار یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

bend→bent→bent

There's a bend in the pipe so you can't see from one end to the other.

چەماوەیەك لەبۆرییەکەدا هەیە، بۆیە ناتوانیت لەکۆتایی یەکەمیانەوە، ئەوی تریان ببینیت.

The road bends to the left after the traffic lights.

پاش گڵۆپەکانی هاتوچۆ، ڕێگاکە بەرەو لای چەپ دەچەمێتەوە.

[2083]ڕەین گەیج. مەتەر= (ع: مطر)= باران. پێوەری مەتەر= پێوەری باران= بارانپێو: ئامێرێکە بۆ پێوانی ڕێژەی بارانبارین بەکاردەهێنرێت.

Have you seen a rain gauge?

بارانپێوت بینیوە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.844** **store، storehouse، warehouse كۆگا**[2085]

**berth لەگەڵ mooring هەردوو لەنگەرگا**[2086]

**.845** **count دەژمێرێ، وەك chargeیش تۆمەت**[2087]

---

[2084]کەنستیچیوەنت. لەمانای یەکەمیاندا موراديفی voterە.

What are the basic constituents of the mixture?

پێکهێنەرە بنچینەییەکانی تێکەڵەکە چین؟

The candidate worked hard, always talking to his constituents and listening to their problems.

بەربژێرەکە شێلگیرانە کاریکردو هەمیشە قسەی بۆ دەنگدەرەکانی دەکردو گوێی لەکێشەکانیان دەگرت.

[2085] ستۆر"ر"، ستۆرهاوس، وێیەهاوس. کۆگا= گەنجینە= مەخزەن= بارخانە. هەرسێکیان بەمانای کۆگا دێن.

There are many nicer computers in our store.

لەکۆگاکەماندا ژمارەیەکی زۆر کۆمپیوتەری جوانتری لێیە.

The goods have been sitting in a storehouse for months because a strike has prevented distribution.

کاڵاکان بۆ ماوەی چەند مانگێك لەکۆگاکەدا هێڵراونەتەوە، لەبەرئەوەی مانگرتنێك رێگربووە لەدابەشکردنیان.

Three thieves looted the warehouse.

سێ دز کۆگاکەیان تاڵانکرد.

[2086] بێث، مۆرینن. وشەی یەکەمیان عەینەن birth دەخوێنرێتەوە کە بەمانای لەدایکبون دێت.

لەنگەرگا: شوێنی لەنگەرگرتنی بەلەم و کەشتی و برادەرەکانیان!

There are 34 large berths.

34 لەنگەرگای گەورەی لێیە.

We rented a mooring.

لەنگەرگایەکمان بەکرێگرت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**charge (چاج) نرخیشە**[2088]**، genius (جینیەس) بلیمەت**[2089]

[.846] **defender، fullback بەرگریکارە**[2090]

**load باردەکاو بار**[2091]**، cargoیش بارە**[2092]

---

[2087]کاونت، چاج. مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی count بەمانای دەژمێرێ (دەژمێرێت) دێت، سەرباری ئەوەش، وەك وشەی chargeیش بەمانای "تۆمەت"یش دێت.

I counted the money on the table.

پارەی سەر مێزەکەم ژمارد.

He declined all counts.

ئەو هەموو تۆمەتەکانی رەتکردەوە.

She was arrested on charges of theft and forgery.

بەتۆمەتی دزی و ساختەکردن، دەستگیرکرا.

[2088] What's the charge for a new tire?

نرخی تایەیەکی تازە چەندە؟

[2089] Einstein was a genius.

ئەنیشتاین بلیمەت بوو.

[2090] دیفێندە"ر". فولْباك. یەکەمیان بەمانای بەرگریکار بەگشتی و یاریزانی بەرگریکاری وەرزشیش دێت، بەڵام دووەمیان تەنها بەمانای بەرگریکاری وەرزشی وەك تۆپی پێ و هۆکی دێت.

Iraq national football team hasn’t great defenders.

هەڵبژاردەی تۆپی پێی نیشتمانیی عیراق بەرگریکاری نایابی نیە.

He presented himself as a defender of democracy.

ئەو وەك بەرگریکارێکی دیموکراسی خۆی پێشکەشکرد.

[2091]لەود. وەك کار بەمانای باردەکاو وەك ناو بەمانای بار دێت. باردەکا= باردەکات.

How long will it take to load this sand onto the lorry?

بارکردنی ئەم لمە بۆ ناو لۆرییەکە چەندی پێدەچێت؟

One truck involved in the accident was carrying a heavy load of coal.

ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بەشدار لەڕوداوەکە، بارێکی قورسی خەڵوزی هەڵگرتبوو



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

[847]. bleat بارەبار، هەم دەبارێنێ[2093]

bust سنگ(ی ژنە)، شکاند، دەشکێنێ[2094]

[848]. listen (لیسن) گوێدەگرێ[2095]، listener گوێگرە[2096]

(bar) بار، چگەلە، کۆسپ و ڕێگرە[2097]

---

[2092]کاگەو. ئەم وشەیە دەتوانرێت وەك ناوێکی بژێردراو یان نەبژێردراویش بەکاربهێنرێت. لەحاڵەتی بژێردراودا بەزیادکردنی s و زیادکردنی esیش کۆدەکرێتەوە.

In autumn and winter the cargoes were tomatoes, cucumbers and apples.

لەپایزو زستاندا بارەکان تەماتە، خەیارو سێو بوون.

[2093] بلیت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بلێت گوێدەکەن.

We hear the bleat of sheep in the meadow.

بارەباری مەڕ لەمێرگەکەوە، دەبیستین.

The sheep bleated loudly.

مەڕەکە بە دەنگی بەرز باراندی.

[2094]بەست. وەك ناو بەمانای سنگ"ی ژن"و وەك کاریش بەمانای دەشکێنێ دێت، واتە لەمانای سێیەمیاندا موورادیفی break.ە دەشکێنێ= دەشکێنێت. شێوگی رابردوو و تەسریفی سێیەمی ئەم کارە هەر وەك خۆیەتی لەئینگلیزیی بریتانیدا واتە هەر bust،ە بەڵام لە هی ئەمەریکیدا بە زیادکردنی ed دەگۆڕێت.

She couldn’t find any blouses in her bust size.

نەیتوانی هیچ بلوزێك بدۆزێتەوە کە بۆ قەبارەی سنگی بشێت.

I bust my watch this morning.

ئەم بەیانییە سەعاتەکەی خۆمم شکاند.

Small stones bust large glasses.

بەردی بچوك شوشەی گەورە دەشکێنێت.

[2095] Listen to me.

گوێم بۆ بگرە.

[2096]لیسنە"ر"

I have prepared a new programme for young listeners.

بەرنامەیەکی نوێم بۆ گوێگرە گەنجەکان ئامادەکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[849]. burden (بێیدن) بار"ی قورس"، هەم بارگرانی[2098]

tomorrow (تمۆڕەو) سبەینێ، واتە بەیانی[2099]

[850]. powder تۆز، باروت[2100] بێ d دەسەڵات[2101]

nation (نەیشن) نەتەوە[2102]، وەك countryیش وڵات[2103]

---

[2097] باا"ر". سیان لەماناكانی "باڕ"و "جگەلە"و "كۆسپ و ڕێگر"ن.

The hotel has a licensed bar.

میوانخانەكە باڕێكی مۆڵەتپێدراوی هەیە.

We have recorded the whole album, bar one track.

جگە لەیەك تراك، سەرجەم ئەلبومەكەمان تۆماركردووە.

lack of formal education is no bar for becoming rich.

نەبونی خوێندنی ڕەسمی، كۆسپ و ڕێگر نیە بۆ دەوڵەمەندبون.

[2098] The little donkey fall under its heavy burden.

كەرە بچوكەكە لەژێر بارە قورسەكەیدا كەوت.

My elderly mother worries that she's a burden to me.

دایكە بەساڵاچووەكەم نیگەرانی ئەوەیە كە بارگرانییە بۆ من.

[2099] Is Karzan coming to tomorrow's meeting.

ئایا كارزان دێت بۆ كۆبونەوەكەی سبەینێ؟

[2100] پاودە"ر". بەمانای تۆزو باروتیش دێت، تۆزی دەرمان و پاككەرەوەو هاوشێوەكانی نەك تۆزی سەر كومبارو ڕێگاوبان و هتد.. لەمانای دووەمیاندا موراديفی gunpowderە.

Dissolve two spoons of the powder in warm water.

دوو كەوچك لەتۆزەكە لەئاوی گەرمدا بتوێنەرەوە.

Until the mid-19th Century, powder was the only known chemical explosive.

تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، تەنها ماددەی تەقەمەنیی ناسراو، باروت بوو.

[2101] واتە وشەی powder بەبێ پیتی d، دبێتە وشەی power (پاوە"ر") كە بەمانای دەسەڵات دێت.

Does the president have more power than the prime minister?

ئایا سەرۆك لەسەرۆك وەزیران دەسەڵاتی زیاترە؟



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**851.** **tempest و storm هەردوو گەردەلول**[2104]

**gent و gentleman مانای پیاوماقوڵ**[2105]

---

[2102] The Arab nation has more than 20 countries.

نەتەوەی عەرەب زیاتر لە بیست وڵاتی هەیە.

[2103] واتە وشەی nation سەرباری ئەوەی بەمانای نەتەوە دێت، مانای وشەی country (کەنتری)یش دەدات واتە بەمانای وڵاتیش دێت.

Japan is one of the world's leading industrial nations.

ژاپۆن یەکێکە لەوڵاتە سەرەکییە پشەسازییەکانی جیهان.

The Philippines, Australia, Indonesia, Thailand, and Brazil are the countries with most mosquitoes.
ئەو وڵاتانەی زۆرترین مێشولەیان تێدایە بریتین لە فلیپین، ئوسترالیا، ئیندۆنوسیا، تایلاند، برازیل.

China has more donkeys than any other country in the world.

ژمارەی ئەو کەرانەی لە چین هەن، لەو کەرانە زیاترە کە لەهەر وڵاتێکی تری جیهاندا هەن.

Which 3 countries will host the 2026 World Cup?
a.USA, Canada & Mexico
b.USA, Russia & China
c.Iraq, Jordon & Iran

کام سێ وڵات میوانداریی مۆندیالی 2026 دەکەن؟
(ئەمەریکاو کەنەداو مەکسیك، ئەمەریکاو روسیاو چین، عیراق و ئوردون و ئێران) بژاردەی یەکەم

[2104] تیمپیست، ستو"ر"م. هەردوکیان بەمانای گەردول دێن، بەڵام tempest توندترە.

The tempest ruined hundreds of old houses.

گەردەلولەکە سەدان خانوی کۆنی روخاند.

Twenty people were killed when the storm struck the region.

کاتێك کە گەردەلولەکە دای لەناوچەکە، بیست کەس گیانیان لەدەستدا.

[2105] جێنت، جێنتڵمەن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە جێنڵمەن گۆدەکەن. gentleman وەك هەر وشەیەکی تری کۆتاهاتوو بە man، بەگۆڕینی aیەکە بۆ e کۆدەکرێتەوە.

The gents of the town met the president.

پیاوماقوڵانی شارۆچکەکە چاویان کەوت بە سەرۆك.

My father is one of the city's gentlemen.

باوکم یەکێکە لەپیاوماقوڵەکانی شارەکە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.852 queen شاژنە، هەم پشیلەی مێ[2106]

yeah واتە ئا[2107]، yes (یەس) مانای بەڵێ[2108]

.853 village (ڤیلیج) واتە گوند[2109]، herdsmanیش شوان[2110]

rook غوداف[2111]، crook قۆڵبڕو گۆچان[2112]

---

2106 کویین. بەمانای شاژن و پشیلەی پێگەیشتوی مێ واتە adult female cat دێت.

How long did Queen Victoria reign?

شاژنە ڤیکتۆریا بۆ ماوەی چەند حوکمی کرد؟

The queen chased the child.

پشیلە مێیەکە منداڵەکەی راونا.

2107یێ. هەروەها بە سپێلی بێ hیش دەنوسرێت.

The child was told to say "yes" not "yeah".

منداڵەکە پێیوترابوو بڵێ بەڵێ نەك ئا.

2108 "Do you like Kurdish food?" "Yes, I love it."

ئایا حەزت لەخواردنی کوردەواری هەیە؟ بەڵێ حەزم لێیەتی.

2109 Many people come from the surrounding villages to work in the city.

زۆرێك لەخەڵك لەگوندەکانی دەوروبەرەوە دێن بەمەبەستی کارکردن لەشارەکە.

2110هێیدزمەن. ئەو وشانەی بە man کۆتاییان دێت، بەگۆڕینی manەکە بۆ men کۆدەکرێنەوە. بۆ نمونە کۆی ئەم وشەیە herdsmenە.

The herdsman can't protect the sheep well.

شوانەکە ناتوانێت مەڕەکان بەباشی بپارێزێت.

2111ڕوك. غوداف= (ع: غداف): باڵندەیەکی گەورەی رەشە، لەقەڵەڕەش دەچێت.

A rook may live for 20 years or more.

دەکرێ غوداف بۆ ماوەی 20 ساڵ یان زیاتریش بژی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.854** **gum بنێشت، چەسپ، هەروەها پوکە[2113]**

**penis، cock، pecker هەرسێکیان چوکە[2114]**

---

[2112]کروك. بەمانای قۆڵبڕو گۆچان (زیاتر گۆچانی شوان) دێت. سەرنج بدە ئەم وشەیە تەنها پیتی یەکەمی لە rook زیاترە.

These politicians are just a bunch of crooks.

ئەم سیاسەتمەدارانە تەنها کۆمەڵێك قۆڵبڕن و هیچی تر.

The herder lost his crook.

شوانەکە گۆچانەکەی ونکرد.

[2113]گەم. چەسپ= کەتیرە.

Multiple studies have shown that chewing gum boosts mental performance.

چەندین لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە بنێشت جوین توانای مێشك زیاددەکات.

Use gum to stick the papers together.

چەسپ بەکاربهێنە بۆ پێکەوەلکاندنی لاپەڕەکان.

Gum diseases, can be treated with cucumber juice.

نەخۆشییەکانی پوك دەکرێ بە شەربەتی خەیار چارەسەربکرێن.

[2114]پینیس، کۆك، پێکە"ر". هەرسێکیان بەمانای چوك دێن. چوك= کێر.

وشەی دووەمیان، ماناکەی نارەسمییەو برادەرانی ئەمەریکا بە کاك گۆیدەکەن.

Tutankhamun was the only ancient Egyptian who was mummified with an erect penis.

تەنها کەسایەتیی میسریی دێرین کە بە چوکی رەپەوە مۆمیاکراوە، توت غەنج ئامونە.

There are at least 100 men that have been medically diagnosed with two penises. The medical condition known as Diphallia occurs in 1 in ~5.5 million baby boys.

ئێوەش وەك برام وان، لەسەرتاسەری جیهاندا لانیکەم سەد پیاو هەن کە پشکنینی پزیشکی دەریخستووە هەریەکێکیان جوتێ چوکی هەیە. ئەم حاڵەتە تەندروستییە پێیدەووترێت دایفالیا واتە جوتەچوك و بەنزیکەیی لەهەر پێنج ملیۆن و پێنج سەد هەزار مناڵێکی کوڕ، یەکێکیان تیایدا روودەدات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

855. **caw** دەقیرێنێ، هەروەها قیرە[2115]

**sticky** (ستیکی) لینجە[2116]، **glue** کەتیرە[2117]

856. **soil** پیسدەکا، هەروەها خاکە[2118]

---

Cock length is not linked to foot size.

درێژیی چوك پەیوەندی بە قەبارەی لوتەوە نیە.

American Jonah Falcon has the world's largest pecker at 9.5 inches when flaccid and 13.5 inches when erect.

جۆنا فاڵکۆن کە پیاوێکی ئەمەریکییە، خاوەنی گەورەترین چوکە لەجیهاندا. درێژییەکەی لەکاتی شلیدا زیاترە لە 24 سانتیمەترو لەکاتی ڕەپبوندا نزیکەی 34 سانتیمەترو نیوە.

[2115] کۆ، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاا گۆیدەکەن. وەك کار بەمانای دەقیرێنێ و وەك ناو بەمانای قیرە دێت. لێرەدا مەخسەوی شەریفم لەقیرەی قەلەڕەش و باڵندە هاوشێوەکانیەتی.

دەقیرێنێ= دەقیرێنێت.

The rooks cawed in the dark trees.

قەلەڕەشەکان لەناو درەختە تاریکەکانەوە قیراندیان.

The crow's caw is much more harsh than that of the rook.

قیرەی قەلەڕەش زۆر لە هی غوداف ناخۆشترە.

[2116] There’s a sticky thing in your hair.

شتێکی لینج لەقژتدایە.

[2117] گلو. کەتیرە= چەسپ. واتە لەم مانایەدا مورادیفی gum.

Glue is used in most man-made items.

کەتیرە لەزۆربەی شتە دەستکردەکاندا بەکاردەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

virtuous تاهیره، بەکوردی پاکە[2119]

857. tornado چیە؟ گێژەڵوکە[2120]

acne (ئاکنی) زیپکەیە[2121]، wartیش بالوکە[2122]

858. complicated بەواتای ئاڵۆز[2123]

ambassador (ئامباسەدە"ر")ە بەمانای باڵیۆز[2124]

---

[2118]سۆیڵ. پیسدەکا= پیسدەکات.

The baby soiled his hands.

منداڵەکە دەستەکانی پیسکرد.

Sharazoor region has a fertile soil.

ناوچەی شارەزور خاکێکی بەپیتی هەیە.

It was the first time we had set foot on foreign soil.

ئەوە یەکەمین جار بوو کە پێمان خستەناو خاکێکی بیانییەوە.

[2119]ڤێێچوەس. تاهیر= (ع:طاهر)= پاك. مەخسەوی شەریم لەوشەی پاك لێرەدا، پاکە لەڕوی ڕەفتارو ئەخلاقەوە.

She's a very virtuous woman.

ژنێکی زۆر پاکە.

[2120]تۆرنەیدەو. ئەم وشەیە بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە، بە زیادکردنی esو بەزیادکردنی یش.

The deadliest tornado ever recorded was in Bangladesh in 1989.

کوشندەترین گێژەڵوکە کە تائێستا تۆمارکرابێت، لە بەنگلادیش بووە کە لەساڵی 1989 ڕوویداوە.

[2121] Despite popular belief, diet isn't actually proven to be a cause of acne.

سەرباری باوەڕی باو، بەڵام لەڕاستیدا نەسەلمێنراوە کە خواردن هۆکارێك بێت بۆ زیپکە.

[2122]وۆت

There are more than five different types of warts.

زیاتر لەپێنج جۆر بالوکە هەن.

[2123]کۆمپلیکەیتد، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کامپڵەکەیتد گۆیدەکەن.

I have to fill in this really complicated form.

پێویستە ئەم فۆرمە زۆر ئاڵۆزە پڕبکەمەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

859. **siren بەمانای سەفارەی ئینزار**[2125]

**contingent مەشروت، واتە مەرجدار**[2126]

860. **mate هاوڕێ و هاوکار، کش شا هەم هاوژین**[2127]

**ice (ئایس) سەهۆڵە،icy (ئایسی) سەهۆڵین**[2128]

---

[2124] She's a former ambassador to the United States.

ئەو پێشتر باڵیۆز بووە لەویلایەتە یەکگرتووەکان.

[2125]سایرەن. سەفارەی ئینزار= (ع: صفارة إنذار)= ئامێری فیکەلێدانی ئاگادارکردنەوە: ئەو ئامێرەی دەنگی بەرزی وریاکردنەوە دەردەکات وەك لەئۆتۆمبێلی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوەو فریاکەوتنی خێرادا هەیە.

The police siren has a loud sound.

ئامێری فیکەلێدانی وریاکردنەوەی پۆلیس دەنگێکی بەرزی هەیە.

[2126] کەنتینجنت. مەشروت= (ع: مشروط).

Arms sales contingent on the approval of Congress.

فرۆشتنی چەك مەرجدارە بە پەسەندکردنی کۆنگرێسەوە.

[2127] مەیت. واتە ئەم وشەیە بەمانای هاوڕێ "friend"و هاوکار "زمیل" و کش شا "کش مەلیك لەیاری شەترەنج"و هاوژین یش دێت.

She's my best mate .

ئەو باشترین هاوڕێمە.

I have several mates in the office.

لەئۆفیسەکە چەند هاوکارێکم هەیە.

It was not a checkmate move.

ئەوە جوڵەیەکی کش شا نەبوو. واتە بەو جوڵەیە نەتوانی مەلیك وا لێبکەیت کە نەتوانێت بجوڵێت.

I love my mate so much.

من هاوژینەکەم زۆر خۆشدەوێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.861 **call تێلدەکا بۆ[2129]، decision (دسیژن) بڕیار[2130]**

**هەر call ناودەنێ، بانگدەکاو هاوار[2131]**

.862 **faithful (فەیثفڵ) وەفادار[2132]، faith باوەڕ، بڕوا[2133]**

---

[2128] Snow and ice have caused chaos on the roads.

بەفرو سەهۆڵ پشێوی لەڕێگاکاندا دروستکرد.

I can’t drive in the icy roads.

لەڕێگا سەهۆڵینەکان ناتوانم ئۆتۆمبێل لێبخورم.

[2129]کۆڵ. تێلدەکا بۆ= تێلدەکات بۆ= تەلەفۆندەکات بۆ.

She calls her father every couple of days.

هەموو دوو رۆژێك تەلەفۆندەکات بۆ باوکی.

[2130] The hardest decision is deciding whether to "walk away" or "try harder."

سەختترین بڕیار ئەوەیە کە بڕیاربدەیت ئاخۆ وازبهێنییت یان زیاتر هەوڵبدەیت.

[2131] واتە هەر هەمان وشەی call، ئەم سێ مانایەی تریشی هەیە.

ناودەنێ= ناودەنێت. بانگدەکا= بانگدەکات. سەبارەت بە مانای هاواریش، بەمانای هاوارێك دێت کە نزیك بێت لەهاواری شێوە قیژە.

I want to call my baby Muhammed.

دەمەوێت مناڵەکەم ناوبنێم محەمەد.

A man called me.

پیاوێك بانگی کردم.

I heard a call of a woman outside.

هاواری ژنێکم بیست لەدەرەوە.

[2132] She’s a very faithful for her husband.

زۆر وەفادارە بۆ مێردەکەی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**863.** **youth لاوو لاوی[2136]، elderly (ئێڵدەلی) پیرە[2137]**

**belief باوەڕیش[2134]، wash، launder دەشوا[2135]**

**radius نیوتیرە[2138]، diameter (دایامیتە) تیرە[2139]**

---

[2133]فەیث. بەمانای باوەڕ (ئیمان) و بڕوا (متمانەو سیقە) دێت.

She has no faith in modern medicine.

ئەو بڕوای بە دەرمانی هاوچەرخ نیە.

He was forced to practice his faith in secret.

ئەو ناچارکرا باوەڕەکەی (ئایینەکەی) بە نهێنی پیادەبکات.

[2134]بیلیف. ئەم وشەیە دەتوانرێت وەك بڕێردراوو نەبڕێردراویش بەکاربهێنرێت.

His belief in God gives him hope during difficult times.

باوەڕی بەخودا هیوای پێدەدات لەکاتە سەختەکاندا.

[2135] وۆش، لۆوندەر"ر". بەمانای دەشوا، دەشۆرێت دێن. بەڵام وشەی launder رەسمییە.

Wash cucumbers thoroughly and do not peel the cucumber skin because the skin contains about 10 percent of the vitamin C daily requirements.

خەیار بەباشی بشۆرەوەو توێکڵەکەی پاکمەکە چونکە توێکڵەکەی نزیکەی لەسەدا 30 ئەو بڕەڤیتامین سییەی تێدایە کە ڕۆژانە بۆ لەش پێویستە.

He laundered his clothes.

جلوبەرگەکانی خۆی شۆرد.

[2136] یووث. لاوی= لاوێتی

Several groups of youths were throwing stones and bottles at the police.

چەند کۆمەڵە لاوێك بەردو بوتڵیان دەگرتە پۆلیس.

My youth was full of sufferings.

لاوێتیم پڕبوو لەکۆزان.

[2137] There is a village in China that publishes the names of those who neglect their elderly parents as a means of shaming those people.

لە چین گوندێك هەیە کە بە ئاشکرا ناوی ئەو کەسانە بڵاودەکاتەوە کە دایك و باوکە پیرەکانیان پشتگوێدەخەن وەك هۆکارێك بۆ شەرمەزارکردنی ئەو کەسانە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**.864 friend (فرێند) هاوڕێیه[2140]، friendly دۆستانه[2141]**

**weekly هەفتانه[2142]، daily ڕۆژانه[2143]**

**.865 shortcoming چیه؟ کەموکورتییه[2144]**

**friendship (فرێندشیپ) بەمانای هاوڕێیەتییه[2145]**

---

[2138] ڕەیدیەس. کۆیەکەی radii "ڕەیدیەی"یە. بێگومان مەخسەوی شەریفم لە نیوتیرە، نیوەتیرەیە. بزوێنەکە بەر جادەی زەروراتی شیعری کەوتووە.

The area of a circle is equal to half of the product of the radius and the circumference.

ڕوبەری بازنە یەکسانە بە نیوەی ئەنجامی کۆکردنەوەی نیوەتیرەو چێوەی بازنەکە.

[2139] The cake was about 30 centimetres in diameter.

کێکەکە، تیرەکەی نزیکەی 30سم بوو.

[2140] A true friend accepts who you are, but also helps you become who you should be.

هاوڕێی ڕاستەقینە قبوڵتدەکات وەك ئەوەی هەیت، بەڵام یارمەتیشتدەدات کە ببیت بەوەی کە پێویستە.

[2141] فرێندلی

The first soccer game televised was a friendly match between Arsenal's first and second team in 1937.

یەکەم یاریی تۆپی پێ کە لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە پەخشکرا، یارییەکی دۆستانە بوو لەنێوان یانەی یەکەم و دووەمی شاری ئەرسناڵ لەساڵی 1937دا.

[2142]ویکلی

I have a weekly TV program.

بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی هەفتانەم هەیە.

[2143]دەیلی

12 Newborns will be given to the wrong parents daily.

ڕۆژانە 12 منداڵی تازەلەدایکبوو، دەدرێنەوە بە داك و بابی هەڵە. واتە نادرێتەوە بە دایك و باوکی ڕاستەقینەی خۆیان.

[2144]شۆۆتکەمینن. ئەم وشەیە زۆربەی جار بەشێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت.

Whatever his shortcomings as a husband, he was a good father to his children.

کەموکورتییەکانی هەرچییەك بوبێت وەك مێرد، بەڵام باوکێکی باش بوو بۆ منداڵەکانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.866 paternal (پەتینەڵ) چیە؟ باوکایەتییە[2146]**

**brotherhood (برەذەهود) مانای برایەتییە[2147]**

**.867 attire چیە؟ واتە جلوبەرگ[2148]**

**cloth قوماشە[2149]، pioneer پێشەنگ[2150]**

**.868 candid وەك frank مانای راشکاو[2151]**

**apt، fit، suitable، هەروەك meet گونجاو[2152]**

---

[2145] Friendship is another word for love.

هاوڕێیەتی بریتییە لەوشەیەکی تر بۆ خۆشەویستی.

[2146] He used his paternal authority to determine the problem.

ئەو دەسەڵاتی باوکایەتییەکەی بەکارهێنا بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکە.

[2147] The spirit of brotherhood between them is very powerful.

گیانی برایەتی لەنێوانیاندا زۆر بەهێزە.

[2148]ئەتایە"ر"

I don't think that the T-shirt isn't appropriate attire for a wedding.

پێموانیە کراسی شێوەتی (تی شێرت) جلوبەرگێکی گونجاو بێت بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری.

[2149]کلۆث

She wore a dress of the finest silk cloth for the party.

ئەو عەزییەکی دروستکراو لەنایابترین قوماشی ئاوریشم، لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

[2150]پایەنیە"ر"

He was a pioneer in modern science.

ئەو پێشەنگ بوو لەزانستی سەردەمدا.

[2151]کاندید، فراننك.

He was really candid with me.

ئەو زۆر راشکاو بوو لەگەڵمدا.

He was completely frank with her about what happened.

سەبارەت بەوەی کە رویدا، تەواو راشکاو بوو لەگەڵیدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.869** lunch (لەنچ) لەگەڵ luncheon (لەنچن) نانی نیوەڕۆ[2153]

nightingale (نایتینگەیڵ) بولبول[2154]، eagle (ئییگڵ)یش هەڵۆ[2155]

---

[2152] ئاپت، فیت، سوتەبڵ، مییت. هەر چواریان بەمانای گونجاو دێن. وشەی meet بەم مانایە لەم سەردەمەدا زۆر کەم بەکاردەهێنرێت و زیاتر لەکۆندا بەم مانایە بەکارهێنراوە، بەڵام سەرباری ئەوەش بۆیە باسمکردووە، نەوەك فەخامەتی جەنابت خوا بەو رۆژێ نەکا، رۆژێك لەڕۆژان تێکستێکی ئەدەبی کۆن بخوێنیتەوەو ئەم وشەیە تێیدا رێگەت پێبگرێت!

'Love at first sight' is a very apt description of how he felt when he saw her.

"عیشق لەیەکەم بینینەوە" وەسفێکی زۆر گونجاوە بۆ چۆنیەتی ئەو هەستەی لەکاتی بینینی ئەودا، هەیبوو.

She's not fit for the level of responsibility she's been given.

ئەو بۆ ئەو ئاستی بەرپرسیارێتییە گونجاو نیە کە پێیدراوە.

The film is not suitable for children.

فیلمەکە بۆ منداڵ گونجاو نیە.

Amlodipine is not suitable for some people.
To make sure amlodipine is safe for you, tell your doctor if you:
• have had an allergic reaction to amlodipine or any other medicines in the past
• are trying to get pregnant, are already pregnant or you're breastfeeding
• have liver or kidney disease
• have heart failure or you have recently had a heart attack.

دەرمانی ئەملۆدیپین بۆ هەندێك کەس گونجاو نیە. بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی کە سەلامەتە بۆت، لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا پێش بەکارهێنانی، پزیشکەکەتی لێ ئاگاداربکەرەوە:
• ئەگەر لەڕابردودا کاردانەوەی حەساسیەتت هەبووە بەرامبەر بەم دەرمانە یان هەر دەرمانێکی تر.
. ئەگەر بەنیازیت خۆت فولکەیتەوە (دوگیان بیت) یان ئێستا دوگیانیت یان شیردەدەیت.
• ئەگەر نەخۆشیی جگەر یان گورچیلەت هەیە.
• ئەگەر سستبونی دڵت هەیە یان تازەکی توشی جەڵتەی دڵ بویت.

It is a theater meet for great events

ئەوە شانۆیەکە کە بۆ بۆنەی مەزن گونجاوە.

[2153] هەردوکیان بەمانای نانی نیوەڕۆ دێن، بەڵام وشەی دووەمیان رەسمییە.

نانی نیوەڕۆ= ژەمی نیوەڕۆ= نیوەڕۆخوان.

Why don't we have lunch together on Friday?

بۆچی هەینی نانی نیوەڕۆ پێکەوە نەخۆین؟

Can I heat up some soup for luncheon?

دەتوانم هەندێك شۆربا بۆ نانی نیوەڕۆ گەرمبکەمەوە؟


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.870 **brotherly (برەذە"ر"لی) چیە؟ برایانە**[2156]

**form (فۆۆم)و shape (شەیپ) شێوە**[2157]**، shapely جوانە**[2158]

.871 **scholar زانایە**[2159]**، hunger برسێتی**[2160]

**missionary بانگخواز، بەس هی مەسیحی**[2161]

---

[2154] The nightingale is the national bird of Ukraine.

باڵندەی نیشتمانیی ئۆکرانیا بولبولە.

[2155] Eagle eye is very strong.

چاوی هەڵۆ زۆر بەهێزە.

[2156] Can I give you some brotherly advice?

دەتوانم هەندێك ئامۆژگاریی برایانەت پێشکەش بکەم؟

[2157] The dining room was square in shape.

ژوری نانخواردنەکە شێوەی چوارگۆشە بوو.

You can recognize a tree by the shape of its leaves.

دەتوانیت درەخت لەڕێگەی شێوەی گەڵاکانییەوە بناسیتەوە.

[2158]شەیپلی. زیاتر بۆ وەسفی جوانی جەستەی خانمان بەکاردەهێنرێت.

She has a shapely body.

جەستەیەکی جوانی هەیە.

[2159]سکۆڵە"ر"

Her husband was a minister and scholar.

مێردەکەی وەزیرو زانا بوو.

[2160] هەنگە"ر"

I can't believe that that enormous meal wasn't enough to kill your hunger.

ناتوانم بڕوابکەم کە ئەو ژەمە زەبەلاحە بەس نەبووە بۆ کوشتنی برسێتییەکەت.

Around 720 million people worldwide still suffer from hunger according to the World Food Programme.

تائێستاش نزیکەی 720 ملیۆن کەس لەجیهاندا بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن. ئەمە فەرمایشتی من نیە، بەڵکو هی بەرنامەی جیهانیی خۆراکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

872. saucepan مەنجەڵ[2162]، ladleیش کەوگیر[2163]
justification بەمانای تەبریر[2164]
873. stepfather چیە؟ باوەپیارە[2165]
resolution بەڵێن، لەگەڵ بڕیارە[2166]
874. statement بەیان[2167]، declaration ئیعلان[2168]

---

[2161] میشنری، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە میشنێری گۆیدەکەن. بەمانای بانگخوازی مەسیحی دێت، واتە موبەشیر.

Several young muslims expelled the missionary from the town.

چەند گەنجێکی موسڵمان بانگخوازەکەیان لەشارۆچکەکە دەرکرد.

[2162] سۆسپەن. بەمانای مەنجەڵی دەسکدار دێت نەك بێدەسك.

Put a stone on the saucepan.

بەردێك بخەرەسەر مەنجەڵەکە.

[2163] لەیدڵ. لێرەدا مەخسەوی شەریفم لەوشەی کەوگیر، کەوچکی گەورەی ناوقوڵی شێوەکوپە نەك کەوگیری برنج. بەکاردەهێنرێت بۆ تێکردنی شلە.

Give me a soup ladle please.

تکایە کەوگیرێك شلەم بدەرێ.

[2164] جەستیفیکەیشن. تەبریر= (ع: تبریر)= بیانو هێنانەوە.

There is no justification for having an affair.

بونی پەیوەندی خۆشەویستی، بیانو هێنانەوەی نیە.

[2165] ستێپفاذە"ر"

His stepfather was an brutal man.

باوەپیارەکەی پیاوێکی دڕندە بوو.

[2166] ڕێزەلوشن. بەمانای بەڵێن و بڕیاریش دێت، بەڵام بڕیاری ڕەسمی و زەخم و یەکلاکەرەوە نەك ناسکەبڕیار!

Srwa made a resolution to work harder at school.

سروە بەڵێنێکی دا کە لەقوتابخانە شلێگیرانەتر هەوڵبدات.

The resolution was passed by a two-thirds majority.

بڕیارەکە بە زۆرینەی دوو لەسەر سێ تێپەڕێنرا.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**nasal obstruction (نەیزڵ ئەبسترەکشن) واتە لوتگیران**[2169]

.875 **miracle (میرەکڵ) پەرچو، واتە موعجیزە**[2170]

**compensation (کۆمپێنسەیشن)ە مانای تەعویزە**[2171]

.876 **plight بەمانای تەنگوچەڵەمە**[2172]

**dwarf، pigmy، pygmy هەرسێ قەزمە**[2173]

---

[2167] ستەیتمەنت. بەیان= (ع: بیان)= بەیاننامە.

The government is expected to issue a statement about the investigation to the press.

چاوەڕواندەکرێت حکومەت سەبارەت بە لێکۆڵینەوەکە، بەیاننامەیەك بۆ میدیاکان بڵاوبکاتەوە

[2168] دێکلەرەیشن. ئیعلان= (ع: إعلان)= راگەیاندن.

the American Declaration of Independence was a great turn.

راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا، وەرچەرخانێکی مەزن بوو.

[2169] Nasal obstruction is not a disease, but it's a symptom of several diseases.

لوتگیران نەخۆشی نیە، بەڵام نیشانەیەکە بۆ چەند نەخۆشییەك.

[2170] To love someone is to see a miracle invisible to others.

عاشقبون بە کەسێك بریتییە لەبینینی موعجیزەیەك کە نەبینراوە بەلای کەسانی ترەوە.

[2171] تەعویز= (ع: تعویض)= قەرەبوکردنەوە، پێبژاردن.

You should seek compensation.

دەبێت داوای قەرەبوکردنەوە بکەیت.

[2172] پلایت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پڵایت گۆیدەکەن. تەنگوچەڵەمە= تەنگژە.

My problems aren't compared with the plight of the explosion victims.

کێشەکانم بەراورد ناکرێن بە تەنگوچەڵەمەی قوربانیانی تەقینەوەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.877 **fish farm بەمانای كێڵگەی ماسییە**[2174]

**dendrology درەختناسییە**[2175]

.878 **completely وەك cold (بەتەواوی)ییە**[2176]

**hydroelectric (هایدرەوئیلێكتریك) كارۆئاوییە**[2177]

---

[2173] دۆۆ"رف"، پیگمی، پیگمی. وشەی دووەم و سێیەم تەنها سپێلیان جیاوازە، ئەگینا لەهەموو روویەكەوە موراديفن.

قەزەم: زۆر بچوك، كورتەبنە.

There are some dwarf trees in front of his house.

هەندێك درەختی قەزەم لەبەردەم ماڵەكەیدایە.

A pigmy elephant chased the child.

فیلێكی قەزەم منداڵەكەی راونا.

I bought a pygmy horse for my brother.

ئەسپێكی قەزەمم بۆ براكەم كڕی.

[2174] فیش فام

Fish farms have a bad effect on the surrounding habitat.

كێڵگەی ماسی كاریگەرییەكی خراپی لەسەر ژینگەی دەورووبەر هەیە.

[2175] دێندرۆلەجی. درەختناسی= درەختزانی: زانستی لێكۆڵینەوە لەدرەخت.

Dendrology is a branch of botany.

درەختناسی لقێكە لەرووەكناسی.

[2176] كەمپلیتلی، كۆولْد. لەم مانایەدا موراديفن.

بەتەواوی= بەتەواوەتی.

He'd completely changed - I didn't recognize him.

ئەو بەتەواوەتی گۆڕابوو، نەمناسییەوە.

She knew world capitals cold by age nine.

لەتەمەنی نۆ ساڵییەوە، پایتەختەكانی جیهانی بەتەواوی دەزانی.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

879. **siege (سییج) ئابڵوقەدان، کەواتە حیسار**[2178]

**deport (دیپۆرت) دەردەکات**[2179]**، deportment (دیپۆرتمەنت) ڕەفتار**[2180]

880. **driver (درایڤە) شۆفێرە**[2181]**، cabbie هی تاکسی**[2182]

**shortness of breath تەنگەنەفەسی**[2183]

881. **action (ئاکشن) عەمەلە، بەکوردی ئیشە**[2184]

---

[2177] There's a huge hydroelectric power station in the region.

وێستگەیەکی زەبەلاحی وزەی کارۆئاوی لەناوچەکەدا هەیە.

[2178] حیسار= (ع: حصار).

The siege of Baghdad lasted for eight months.

ئابڵوقەدانی بەغدا هەشت مانگی خایاند.

[2179] بەتایبەتی دەرکردن لەوڵات واتە سنورداشکردنەوە.

Thousands of illegal immigrants are caught and deported every year.

هەموو ساڵێك هەزاران کۆچبەری نایاسایی دەستگیردەکرێن و دەردەکرێن (سنورداشدەکرێنەوە).

[2180] You have to take speech and deportment lessons.

پێویستە وانەگەلی قسەکردن و ڕەفتار وەربگریت.

[2181] The driver of the bus was killed in the accident.

شۆفێری پاسەکە لەڕوداوەکەدا کوژرا.

[2182]کابی. ئەم وشەیە لەشێوەزاری نارەسمیدا بە سپێڵی cabbyیش دەنوسرێت.

کە دەڵێم "هی تاکسی"، مەبەستم "شۆفێری تاکسی"یە.

The cabbie was talkative.

شۆفێری تاکسییەکە زۆربڵێ بوو.

[2183]شۆرتنەس ئەڤ برێث

A large amount of fluid around the lungs may cause pain and shortness of breath.

بونی بڕێکی زۆر لەشلەمەنی لەدەوروبەری سییەکان دەکرێ ببێتەهۆی ئازارو تەنگەنەفەسی.

[2184] The action of the heart is pumpimg blood.

ئیشی دڵ هەڵدانی خوێنە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**hashish لەگەڵ hash هەردوو حەشیشە**[2185]

**.882** **super واتە زۆر، هەروەها نایاب**[2186]

**closet وەکو ناو، بەمانای دۆڵاب**[2187]

**.883** **August ئاب**[2188]**، march یش مەسیرەو ئادار**[2189]

---

[2185] هاشیش، هاش. هەردوکیان بەمانای حەشیش دێن، بەڵام دووەمیان وشەیەکی نافەرمییە.

حەشیش: ماددەیەکی هۆشبەرە.

Hashish is more expensive than marijuana.

حەشیش لەماریجوانا گرانترە.

Many people smoke hash to escape from problems like stress and pain.

زۆر کەس حەشیش دەکێشن بەمەبەستی هەڵاتن لەکێشەگەلی وەك فشاری دەرونی و ئازار.

[2186] سووپە"ر"

Sorry, I’m super tired, I have to sleep.

ببورە، زۆر ماندوم، پێویستە بخەوم.

I have a super idea.

بیرۆکەیەکی نایابم پێیە.

[2187] کلۆزیت

My closet is full of beautiful clothes.

دۆڵابەکەم پڕە لەجلوبەرگی جوان.

[2188] ئۆگەست، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاگەست گۆیدەکەن. ئەم وشەیە بەم مانایە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت، چونکە ناوی مانگە. ئاب: مانگی ئاب، مانگی 8.

They got married last August.

ئەوان مانگی ئابی رابردوو هاوسەرگیرییان کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

"may" واتە دەکرێ، هەروەها ئایار[2190]

.884 mustache (موستاش) سمێڵە[2191]، beard (بیەد)یش ریشە[2192]

unemployed (ئەنیمپلۆید) بێکار، واتە بێئیشە[2193]

.885 dream خەوەبینێ، خەوو ئاواتە[2194]

---

[2189]ماچ. بەمانای مەسیرەو ئاداریش دێت. ئادار= ئازار: مانگی 3. مەسیرە= (ع: مسيرة)= رێپێوان.

They are planning a large anti-racism march.

ئەوان پلاندادەنێن بۆ رێپێوانێکی گەورەی دژەڕەگەزپەرستی.

She is retiring next March.

ئاداری داهاتوو، خانەنشین دەبێت.

[2190] مەی. وەك كار بەمانای "دەکرێ"و وەك ناو بەمانای "ئایار" دێت کە پێنجەم مانگی زاینییە. لەحاڵەتێکدا ئەگەر بەمانای ئایار بەکاربهێنرێت، پێویستە لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت، پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

Some chemicals may cause environmental damage.

هەندێك ماددەی کیمیایی دەکرێ زیانی ژینگەیی دروستبکەن.

Both Adolf Hitler and Osama Bin Laden were announced dead on May.

هەریەکە لە هیتلەرو ئوسامە بن لادن، مردنیان لە ئایاردا، راگەیەنرا .

[2191] I know a kurdish singer who has a huge mustache.

گۆرانیبێژێکی کورد دەناسم کە سمێڵێکی گەورەی هەیە.

[2192] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بیرد گۆیدەکەن.

Every U.S president with a beard has been a Republican.

سەرجەم ئەو سەرۆکانەی ئەمەریکا کە ریشیان هەبووە، کۆماری بوون. واتە سەربە پارتی کۆماری بوون نەك پارتی دیموکرات.

[2193] The government publishes figures every six months showing how many people are unemployed.

حکومەت هەموو شەش مانگێك داتای ژمارەیی بڵاودەکاتەوەو پیشانی دەدات کە چەند کەس بێکارن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sapling** نەمامە[2195]، **arbor** ساباتە[2196]

[.886] **infrared** (ئینفرێد) چیە؟ واتە هی ژێرسوور[2197]

**rough** زبرو سەختە[2198]، **trough**، **manger** ئاخوڕ[2199]

---

[2194] دریم. وەك كار بەمانای (خەوبینێ) و وەك ناو بەمانای خەوو ئاواتیش دێت. خەوبینێ= خەوئەبینێ= خەودەبینێت.

I often dream about flying.

زۆرجار خەودەبینم سەبارەت بە فڕین.

I had lots of dreams last night.

شەوی رابردوو ژمارەیەكی زۆر خەوم بینی.

Seeing a colony of ants entering a city in a dream means that an army will occupy that city.

ئەگەر كەسێك لەخەودا بینی مێرولەگەلی شارە مێرولەیەك چووەناو شارێكەوە، ئەوە دوژمن ئەو شارە داگیردەكات.

She had dream of university.

ئەو ئاواتی زانكۆی هەبوو، واتە ئاواتی تەواوكردن یان چونە زانكۆی هەبوو.

[2195]ساپلین. نەمام: درەختی بچوك.

Can you buy a nice sapling for my garden?

دەتوانیت نەمامێكی جوان بۆ باخچەكەم بكڕیت؟

[2196]ئابە"ر". سابات: كەپری دروستكراو لەدرەخت و نەمام بۆ پشودان تێیدا.

My father’s arbour in the village is large.

ساباتەكەی باوكم لەگوندەكە، گەورەیە.

[2197] We can’t see infrared light.

ناتوانین روناكیی ژێرسوور ببینین.

[2198]رەف

Her hands were rough from hard work.

بەهۆی كاری سەختەوە، دەستەكانی زبر بون.

The first year was rough, but now things have gotten better.

یەكەم ساڵ سەخت بوو، بەڵام ئێستا شتەكان باشتر بون.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.887 rate ،proportion ،percentage ڕێژە[2200]

measles ،rubella مانای سورێژە[2201]

.888 neuter بێلایەن، هەم دەخەسێنی[2202]

---

[2199]ترۆف، مەینجەر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە تراف گۆدەکەن. سەرنجبدە وشەی manger تەنها یەك پیتی لەگەڵ manager جیاوازە کە بەمانای بەڕێوەبەر دێت.

ئاخوڕ: ئەو دەفرە درێژە بێسەرەیە کە ئاو یان کاو گیاو هتد..ی تێدەکرێت بۆ ئاژەڵ.

بۆ ئەوەی هەرگیز مانای ئەم دوو وشەیەت (rough, trough) بیرنەچێتەوە، دەڵێم: شتێك هەیە rough "سەخت"و trough "ئاخوڕ" پێکەوە دەبەستێتەوە، ئەویش ژیانی جوتیارە کە مەڕو ماڵاتی هەیە. بەڕاستی ژیانیان سەختە. واتە ئەوەی ترۆف بەکاردەهێنێت ژیانی ڕەفە!!!

Prepare the trough for the sheep.

ئاخوڕەکە بۆ مەڕەکان ئامادەبکە.

The manger is empty.

ئاخوڕەکە خاڵییە.

[2200]ڕەیت، پرەپۆرشن، پەسێنتیج

About 65% of blind Americans live with a partner or are married and their divorce rate is just 16.5%.

نزیکەی لەسەدا 65ی ئەمەریکییە نابیناکان لەگەڵ هاوژینیاندا دەژین یان هاوسەردارن و ڕێژەی جیابونەوە لەناو نابیناکانیشدا تەنها لەسەدا 16و نیوە. ڕێژەکە کەمە، لەمەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین کە چاو ڕۆڵێکی بەرچاوی هەس لەتەڵاقدا!

Children make up a large proportion of the world's population.

منداڵان ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن.

Police only recover a very small percentage of stolen goods.

پۆلیس تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەمی کاڵا دزراوەکان دەهێنێتەوە.

[2201]میزڵز. روبێلا. هەردوکیان بەمانای سورێژە دێن، بەڵام یەکەمیان سورێژەی ئاسایی، دووەمیان سورێژەی ئەڵمانی.

A German biologist named Stefan Lanka claimed measles is psychosomatic and offered 100,000 Euros to anyone who proved measles is a virus.

جارێك زەیندزانێك بەناوی ستیفان لانکا بانگەشەی ئەوەی کرد کە سورێژە نەخۆشییەکی دەروونییە نەك ڤایرۆسی و لەتەحەدایەکیشدا وتی 100 هەزار یۆرۆ دەدات بەو کەسەی بیسەلمێنێت کە ئەو نەخۆشییە، ڤایرۆسییە.

There is no specific treatment for rubella but the disease is preventable by vaccination.

چارەسەرێکی تایبەت نیە بۆ سورێژەی ئەڵمانی، بەڵام ئەم نەخۆشییە دەکرێت لەڕێگەی کوتانەوە بەری پێبگیرێت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

rent بەکرێدەگرێ، هەروەها کرێ[2203]

[.889] duress هەڕەشە، هەروەها فشار[2204]

explosion، blast ئینفیجار[2205]

[.890] lifespan (لایفسپان) چیە؟ سوڕی ژیانە[2206]

---

[2202]نیوتە"ر". دەخەسێنێ= دەخەسێنێت.

The word “book” in Kurdish is neuter.

وشەی "کتێب" لەزمانی کوردیدا بێلایەنە. واتە نە نێرە، نە مێ.

Has your dog been neutered?

ئایا سەگەکەت خەسێنراوە؟

[2203]رێنت، واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Most students rent rooms in their second year.

زۆربەی فێرخوازان لەساڵی دووەمیاندا ژور بەکرێدەگرن.

Come live in my heart, and pay no rent.

وەرە لەناو دڵمدا بژی و کرێش مەدە.

[2204] جورێس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە دورێس گۆیدەکەن.

Duress doesn’t frighten brave men.

هەڕەشە پیاوی ئازا ناتۆقێنێت.

The criminal confessed voluntary. there was no duress.

تاوانبارەکە خۆویستانە ئیعترافیکرد، هیچ فشارێك نەبوو.

[2205] ئیکسپلەوژن، بلاست. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە "ئیکسپڵەوژن" گۆدەکەن. هەردوکیان بەمانای ئینفیجار دێن. ئینفیجار= (ع: انفجار) تەقینەوە.

Several people were injured in a bomb explosion.

چەند کەسێك لەتەقینەوەی بۆمبێکدا برینداربون.

Yesterday's blast killed at least two people and injured 11 others.

تەقینەوەکەی دوێنێ لانیکەم دوو کەسی کوشت و 11ی تری بریندارکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**سیقە، واتە متمانە[2207] confidence**

.891 **civilian چیە؟ واتە مەدەنی[2208]**

**goldfish (گەوڵدفیش) مانای ماسی ئاڵتونی[2209]**

.892 **continent (کۆنتینەنت) کیشوەر، کەواتە قارە[2210]**

**bayonet (بەیەنەت) حەربە[2211]، canteen (کانتیین) مەتارە[2212]**

---

[2206] The average human lifespan in the developed countries has increased over the last hundred years.

لەماوەی سەد ساڵی رابردودا، سوڕی ژیانی مرۆڤ لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا زیادبووە.

Indoor mosquitoes only have a lifespan of 4 days – 1 month.

سوڕی ژیانی مێشولەی ناوماڵ تەنها چوار رۆژ بۆ یەك مانگە. واتە بە جوانەمەرگی سەردەنێتەوە!

[2207] کۆنفیدنس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کانفیدنس گۆیدەکەن.

سیقە= (ع: ثقة)= متمانە.

I have complete confidence in her. She'll be perfect for the job.

متمانەی تەواو پێی هەیە. دەبێتە کەسێکی بێهەڵە بۆ کارەکە.

[2208] سیڤیلیەن. هەم ناوە، هەم ئاوەڵناو. وەك ناو بەمانای هاوڵاتی مەدەنی دێت، وەك ئاوەڵناویش بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە مەدەنی بێت. مەدەنی: پێچەوانەی سەربازی.

The bomb killed four soldiers and three civilians.

بۆمبەکە چوار سەربازو سێ هاوڵاتیی مەدەنی کوشت.

It is difficult to return to civilian life after ten years in the military.

گەڕانەوە بۆ ژیانی مەدەنی پاش 10 ساڵ لەسوپا، کارێکی قورسە.

[2209] Goldfish sleep with their eyes open.

ماسی ئاڵتونی کاتێك دەخەوێت، چاوکی کراوەیە.

[2210] برادرانی ئەمەریکا بە کانتینەنت گۆیدەکەن.

The only continent with no active volcanoes is Australia.

تەنها کیشوەر کە گڕکانی چالاکی تێدا نیە، ئوستڕالیایە.

Antarctica is the only continent without mosquitoes.

تەنها کیشوەر کە مێشولەی تێدا نیە، کیشوەری جەمسەری باشورە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[893]. invent چیه؟ داده‌هێنێ[2213]

benefactress خێرخواز بەڵام مێ[2214]

[894]. butterfly (بەتەفلای)چیه؟ یەعنی پەپولە[2215]

move (مووڤ) دەجولێنێ، وەك motion (مەوشن) جوڵە[2216]

---

[2211] حەربە: جۆرە ئامێرێکی تارادەیەك درێژی لێوارو نوکتیژەو بۆ شەڕی تێکڕژان بەکاردەهێنرێت لەلایەن سەربازو هاوشێوەکانییەوە. بەگشتی لەچەقۆ گەورەترەو لەشمشێر کورتترە.

He was killed by an enemy bayonet.

بە حەربەیەکی دوژمن کوژرا.

[2212] بەمانای مەتارە دێت، زیاتر بەمانای ئەو مەتارەیە دێت کە سەرباز لەکاتی خزمەتی سەربازیدا بەکاریدەهێنێت و ئاوی خواردنەوەی تێدەکات.

The thirsty soldier drank the canteen’s water once.

سەربازە تینووەکە ئاوی مەتارەکەی بە یەکجار خواردەوە.

[2213]ئینڤێنت. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. داده‌هێنێ= داده‌هێنێت.

The electric chair was invented by a dentist.

کورسی کارەبایی لەلایەن پزیشکێکی ددانەوە داهێنراوە.

[2214]بێنیفاکترەس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بێنەفاکترەس گۆیدەکەن. بەمانای خێرخوازی مێ دێت نەك نێر.

My grandmother was a famous benefactress.

نەنکم خێرخوازێکی بەناوبانگ بوو.

[2215] There are almost 20,000 butterfly species.

نزیکەی 20 هەزار جۆر پەپولە هەیە.

[2216] واتە وشەی move وەك کار بەمانای "دەجولێنێ" دێت. وەك ناویش هاومانای motion کە بەمانای جوڵە دێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[895]. master (ماستە) ماستەرە[2217]، masterpiece (ماستەپییس) شاکار[2218]

wood (ود) غابەو (تەختە)[2219]، redwood (رێدود) سورەدار[2220]

[896]. chance هەل و بەختە[2221]، luck (لەك)یش هەر بەختە[2222]

---

دەجوڵێنێ= دەجوڵێنێت.

Ever wondered why a dog can move its ears so freely? There are at least 18 muscles in a dog's ear which all work separately, making movement in this area very easy.

هەرگیز پرسیاری ئەوەت لا دروستبووە کە سەگ چۆن دەتوانێت گوێچکەکانی وا بە ئازادی بجوڵێنێت؟ لەبەرئەوەی لانیکەم لەهەر گوێیەکی ئەو زیندەوەرەدا 18 ماسولکە هەیە کە بەشێوەی سەربەخۆ کاردەکەن. بەهۆی ئەمەوە جوڵە لەو شوێنەدا زۆر ئاسانە.

Srwa made a move towards the door.

سروە جوڵەیەکی کرد بەرەو دەرگاکە.

With a sudden motion, he grabbed the thief.

بە جوڵەیەکی کتوپڕ، دزەکەی گرت.

[2217] He obtained a master's degree successfully.

ئەو بڕوانامەی ماستەری بەسەرکەوتویی بەدەستهێنا.

[2218] Titanic is one of the James Cameron's masterpieces.

تایتانیك یەکێکە لەشاکارەکانی جەیمس کامیرۆن.

[2219] غابە= (ع: غابة)= دارستان.

The wood lies on the southern part of the country.

دارستانەکە دەکەوێتە بەشی باشوری وڵاتەکەوە.

The wood contracts in dry weather.

لەکەشوهەوای گەرمدا تەختە دەچێتەوە یەك.

[2220] سورەدار: جۆرە درەختێکە.

Redwood is large.

سورەدار گەورەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**lunatic مەجنون، بەکوردی شێتە**[2223]

**.897** **cushion پشتییە**[2224]**، pillow (پیلەو)یش سەرین**[2225]

**pelican کەڵکە**[2226]**، penguin (پەننگوین)یش پەنگوین**[2227]

---

[2221]چانس. وشەی شانسەکەی لای خۆمان هەر ئەم چانسە ئینگلیزییەیە بەڵام سەروگوێلاکیان شکاندووە.

She has little chance of passing the exam.

ئەو هەلێکی کەمی دەرچونی هەیە لەتاقیکردنەوەکەدا.

I got this job completely by chance.

ئەم ئیشەم تەواو بە بەخت دەسکەوت.

ناسکەسەرنج: by chance بەمانای بەرێکەوت "بە سودفە"ش دێت بەڵام لەم رستەیەدا بەمانای "بە بەخت" دێت.

[2222] Then I met this gorgeous woman and I couldn't believe my luck.

دواتر من چاوم بەم خانمە زۆر سەرنجڕاکێشە کەوت و نەمتوانی بڕوا بە بەختی خۆم بکەم. واتە زۆر سەرم سوڕما. (نەدی و بدی!!!)

[2223]لونەتیك. ناوو ئاوەڵناویشە.

وەك ناو:

He drives like a lunatic.

وەك شێت (ئۆتۆمبێل) لێدەخوڕێت.

وەك ئاوەڵناو:

The president was killed by a lunatic man.

سەرۆك لەلایەن پیاوێکی شێتەوە کوژرا.

[2224]کوشن

Your new cushions are very attractive.

کوشنە تازەکانت زۆر سەرنجڕاکێشن.

[2225] I'll be asleep as soon as my head hits the pillow.

هەر کە سەرم بەر سەرینەکە کەوت، خەوم لێدەکەوێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**898.** **mortal** و **fatal**، **deadly** **کوشندە**[2228]

**beneficiary (بێنەفیشری) مانای سودمەندە**[2229]

**899.** **passport** **چیە؟ گوزەرنامە**[2230]

**will دەیەوێ، ویست، هەم وەسیەتنامە**[2231]

---

[2226]پێلیکن. کەڵك: باڵندەیەکی ماسیخۆرە.

I saw a pelican catching fish.

کەڵکێکم بینی ماسی دەگرت.

[2227] Like penguins, ostriches cannot fly, but they can walk and run fast.

حوشترملیش هەروەك پەنگوین، ناتوانێت بفڕێت، بەڵام دەتوانێت بڕوات و بەخێرایی رابکات.

[2228]مۆرتڵ، فەیتڵ، دێدلی

He died because of a mortal disease.

بەهۆی نەخۆشییەکی کوشندەوە گیانی لەدەستدا.

One-third of first heart attacks are fatal, and another third result in permanent damage to the heart.

سێیەکی جەڵتەکانی دڵ کوشندەن و سێیەکی تریان زیانێکی هەمیشەیی لەدڵ دەدەن.

Common cold isn't a deadly disease.

هەڵامەت نەخۆشییەکی کوشندە نیە.

[2229] His wife was the chief beneficiary of his will.

ژنەکەی سودمەندی سەرەکی وەسیەتنامەکەی بوو.

[2230]پاسپۆ"ر"ت. گوزەرنامە= پاسپۆرت.

US citizens can have two passports.

هاولاتیانی ئەمەریکا بۆیان هەیە دوو گوزەرنامەیان هەبێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.900 **tin** مانای قەسدیر، واتە تەنەکە[2232]

**consecutively** (کەنسێکیتیڤلی) "یەك لەدوای یەك"ە[2233]

.901 **pipe** (پایپ) شمشاڵە[2234]، **flute** (فلووت) فلوتە[2235]

**sinus** گیرفانە، بەڵام هی لوتە[2236]

---

[2231]ویل. دەیەوێ= دەیەوێت.

He wills to go.

دەوێت بڕوات.

It was God's will.

ئەوە ویستی خوا بوو.

She left me some money in her will.

لەوسیەتنامەکەیدا هەندێك پارەی بۆ جێهێشتم.

On September 26th, 2011 Mikey Welsh posted on Twitter, “Dreamt I died in Chicago next weekend (heart attack in my sleep). Need to write my will today” followed by, “Correction – the weekend after next.” He died October 8th, 2011 from a heart attack in his sleep in a hotel room in Chicago.

ڕەنگە ئەم زانیارییە کەڵـەتەزێنە، ناسکەزلـەیەك بێت بۆ ئەو مولحیدە چاوگەشانەی بڕوایان بە غەیبییات و خودا نیە.

مایکی وێڵش هونەرمەندێکی دیاری ئەمەریکی بوو. لە 26-9-2011 ئەم برادەرە لەپۆستێکدا لەسەر تویتەر نوسی: "خەوم بینی کە لەپشوی کۆتایی هەفتەی داهاتوو بە جەڵتەی دڵ لەکاتی خەوتندا مردم. بۆیە پێویستە ئەمڕۆ وسیەتنامەکەم بنوسم"، پاش ئەم تویتە، لەتویتێکی تردا نوسی: "ڕاستکردنەوە، پشوی کۆتایی هەفتەی داهاتوو نا، ئەوەی دوای ئەو". فعلەن ئەوە بوو قسەو خەوەکەی ڕاست بوو و لە 8-10-2011 بەهۆی جەڵتەی دڵەوە لەکاتی خەوتندا لەژوری میوانخانەیەك لەشاری شیکاگۆ، عومری درێژو قۆزییەکەشی بۆ تۆ جێهێشت.

[2232]تین. واتە چۆن دەنوسرێ، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. قەسدیر= (ع: قصدیر)= تەنەکە.

Tin has been in use by ancient civilizations for thousands of years.

هەزاران ساڵە تەنەکە لەلایەن شارستانییە دێرینەکانەوە بەکاردەهێنرێت.

[2233] Tickets are numbered consecutively.

بلیتەکان یەك لەدوای یەك ژمارەیان لێدراوە.

[2234] Do you know play the pipe well?

ئایا دەزانیت شمشاڵ بە باشی لێبدەیت؟

[2235] Karzan wanted to learn to play the flute, so he started taking lessons.

کارزان ویستی فێری لێدانی فلوت ببێت، بۆیە دەستیکرد بە وانە خوێندن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[902]. saw واته بینی، هەروەها مشار[2237]

engineer (ئێنجینیه"ر")ە مانای ئەندازیار[2238]

[903]. say واته دەڵێ، هەروەها بێژە[2239]

knee sock جەورەبە، بەڵام درێژە[2240]

[904]. ambush کەمینە، بەکوردی بۆسە[2241]

---

[2236]ساینەس. بەمانای گیرفانی لوت دێت نەك هی چاکەت و بیجامە!

The sinuses main function is to produce a mucus that moisturizes the inside of the nose.

ئیشی سەرەکیی گیرفانەکانی لوت بریتییە لەبەرهەمهێنانی چڵم کە ئەمیش ناو لوت شێداردەکات.

[2237]سۆ. واته بەمانای "بینی"و "مشار"یش دێت. لەمانای یەکەمیاندا داڕشتەی رابردووی کاری seeیە.

I saw him in the hospital.

من ئەوم لەنەخۆشخانەکە بینی.

Your saw is blunt.

مشارەکەت کولە.

[2238] The engineer is coming to repair our phone tomorrow morning.

سبەی بەیانی ئەندازیارەکە دێت بۆ چاککردنەوەی تەلەفۆنەکەمان.

[2239]سەی. دەڵێ= دەڵێت. بێژە= بڵێ. لەکاتێکدا بەمانای دووەمیان بەکاربهێنرێت، پێویستە هەمیشە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت.

Small children  don't say long words.

منداڵی بچوك وشەی درێژ ناڵێن.

Say your feelings towards me frankly.

بەڕاشکاوی هەستت بەرامبەرم بڵێ.

[2240]نیی سۆك. بەمانای جەورەبی درێژ دێت نەك ئاسایی. جەورەبی درێژ= گۆرەویی درێژ.

I bought a new pair of knee socks.

جوتێك گۆرەویی درێژی نوێم کڕی.

[2241]ئامبوش

Several passers-by were killed in the ambush.

لەبۆسەکەدا چەند رێبوارێك کوژران.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**lamp (لامپ) چرا، گڵۆپ[2242]، lantern فانۆسە[2243]**

.905 **janitor چیە؟ واتە کارگوزار[2244]**

**field کێڵگەیە، گۆڕەپان، بوار[2245]**

.906 **abroad چیە؟ لەدەرەوە[2246]**

**soothsayer (سوشسەیە) عەراف، واتە فاڵگرەوە[2247]**

---

[2242] I have an ancient oil lamp.

چرایەکی نەوتیی دێرینم هەیە.

I bought a new table lamp for the new room.

گڵۆپێکی تازەی سەرمێزم کڕی بۆ ژورە تازەکە.

[2243] لانتن. فانۆس: چرای فانۆس.

I kept my grandfather's lantern for almost 20 years.

بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ فانۆسەکەی باپیرم هەڵگرت.

[2244] جانیتە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە جانەتە گۆیدەکەن.

The janitor of the school is very angry.

کارگوزاری قوتابخانەکە زۆر تورەیە.

[2245] فییڵد. بەمانای کێڵگەو گۆڕەپان (ی یاری)و بواریش دێت.

The cows were all standing in one corner of the field.

هەموو مانگاکان لەسوچێکی کێڵگەکەوە وەستابون.

The soccer field was very small.

گۆڕەپانی تۆپپێیەکە زۆر بچوك بوو.

He's working in the field of human rights.

ئەو لەبواری مافەکانی مرۆڤدا کاردەکات.

[2246] ئەبرۆود

He's currently abroad on business.

ئەو لەئێستادا لەدەرەوەیە بۆ بازرگانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.907 **tip ئامۆژگاری، هەم سەر، هەم بەخشیش**[2248]

**showcase وەکو کار، دەکا نمایش**[2249]

.908 **swear سوێندەخوا**[2250]**، oath مانای سوێندە**[2251]

**advice نەسیحەت**[2252]**، sermon یش پەندە**[2253]

---

[2247] Don’t believe the soothsayer.

بڕوا بە فاڵگرەوە مەکە.

[2248]تیپ. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. لەمانای یەکەمیاندا هاومانای advice.

My mother was giving me some tips on how to grow tomatoes.

دایکم هەندێك ئامۆژگاری پێدەدام لەسەر چۆنیەتی گەشەکردنی تەماتە.

He kissed the tip of her nose.

ئەو سەری لێوی ماچکرد.

I gave the guy a big tip.

بەخشیشێکی گەورەم دا بە کوڕەکە.

[2249]شەوکەیس. دەکا نمایش= نمایشدەکات.

The artist showcased his latest drwaings.

هونەرمەندەکە تازەترین وێنەکانی نمایشکرد.

[2250] سوێیە"ر". سوێندەخوا= سوێنددەخوات.

swear→swore→sworn

He swore on live television.

ئەو لەپەخشی ڕاستەوخۆی تەلەفزیۆندا سوێندیخوارد.

[2251]ئەوث

The evidence was given under oath.

بەڵگەکە بینا لەسەر سوێند، درابوو. واتە پاش سوێندخواردن دراوە.

[2252]ئەدڤایس. نەسیحەت= (ع: نصيحة)= ئامۆژگاری.

I need some advice on which computer to buy.

پێویستم بە هەندێك ئامۆژگاری هەیە سەبارەت بەوەی چ کۆمپیوتەرێك بکڕم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

909. repentant نادیم، واتە پەشیمان[2254]

evildoer بەدکار[2255]، misdeed (میسدیید)یش تاوان[2256]

910. artist (ئاتیست) هونەرمەند[2257]، magic (ماجیك) جادووە[2258]

holiday (هۆڵەدەی) عوتلە، واتە پشووە[2259]

911. vagrant ،bum هەردوو سەرگەردان[2260]

---

[2253]سێیمەن. پەندیش ماناکەی هەر لەئامۆژگارییەوە نزیکە بەڵام کتومت یەك شت نین.

I don't need to hear a sermon about it.

پێویستم بەوە نیە کە پەندێك لەبارەی ئەوەوە ببیستم.

[2254]ریپێنتنت. نادیم= (ع: نادم)= پەشیمان.

I am not repentant that we decided on that programme.

پەشیمان نیم کە بڕیارمان لەسەر ئەو بەرنامەیە دا.

[2255]ئیڤڵدووە"ر". بەدکار= خراپەکار.

Evildoers enter the hell.

بەدکاران دەچنە دۆزەخەوە.

[2256] Now he is repentant of his past misdeeds.

ئەو ئێستا پەشیمانە لەتاوانەکانی رابردوی.

[2257] Abasi Kamandi was a great artist.

عەباسی کەمەندی هونەرمەندێکی مەزن بوو.

[2258] جادوو= سیحر.

She used magic to cure illnesses.

جادوی بەکارهێنا بۆ چارەسەری نەخۆشی.

[2259] عوتڵە= (عطلة)= پشوو.

The school holidays start tomorrow.

سبەینێ پشووەکانی قوتابخانە دەستپێدەکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

noun (ناون) واتە ناو[2261]، verb مانای فەرمان[2262]

[912]. upper هی سەرۆ[2263]، upper arm بازوو[2264]

last دەخایەنێ[2265]، next (نێکست) داهاتوو[2266]

[913]. candlestick مۆمدان[2267]، soapdish سابوندان[2268]

---

[2260]بەم، ڤەیگرنت. سەرگەردان: کەسێك کە هەژارەو ماڵ یان ئیشی نیەو هەر ڕۆژەو لەشوێنێکدایە.

He is an old bum.

ئەو سەرگەردانێکی پیرە.

The city is full of beggars and vagrants.

شارەکە پڕە لەسواڵکەرو سەرگەردان.

[2261] 'Doctor', 'coal', and 'beauty' are all nouns.

دکتۆر، خەڵوز، جوانی، هەمویان ناون.

[2262]ڤێیب. فەرمان= کار.

The words "run", "keep", and "feel" are all verbs.

وشەکانی run، keep و feel هەمویان فەرمانن.

[2263]ئەپە"ر". هی سەرۆ= هی سەرەوە. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە لەسەرەوە بێت.

Cows don't have upper front teeth.

مانگا ددانی سەرەوەی پێشەوەی نیە.

[2264]ئەپە"ر" ئام.

I think your upper arm is very long.

پێموایە بازووت زۆر درێژە.

[2265]لاست. دەخایەنێ= دەخایەنێت. دەخایەنێت بەمانای بەردەوامدەبێت.

The average woman's friendship lasts 3 years while man's lasts 5 years.

بەگشتی هاوڕێیەتیی نێوان خانمان سێ ساڵ دەخایەنێت بەڵام هی نێوان پیاوان پێنج ساڵ دەخایەنێت.

[2266] You can't start the next chapter of your life if you keep re-reading the last one.

ناتوانیت بەشی داهاتووی ژیانت دەستپێبکەیت، ئەگەر بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی بەشی ڕابردوو بیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**jailer سەجانە[2269]، jailhouse زیندان[2270]**

914. **degree هەم پلە، هەم بڕوانامە[2271]**

**poisonous، toxic، venomous (سام)ە[2272]**

---

[2267]کاندڵستیك. مۆمدان: ئەو شتەی مۆمی لەسەر رادەگیرێت.

I bought a beautiful candlestick for the living room.

مۆمدانێکی جوانم بۆ ژوری میوانەکە کڕی.

[2268] سەوپدیش. سابوندان: ئەو دەفرەیە کە لەگەرماوو شوێنەکانی تر دادەنرێت و سابونی تێدا دادەنرێت.

The soapdish is very dirty, Please clean it.

سابوندانەکە زۆر پیسە، تکایە پاکیبکەرەوە.

[2269]جەیلە"ر". سەجان= (ع: سجان): بەندیوان: پاسەوانی زیندانی.

Some prisoners killed the jailer and escaped.

هەندێك زیندانی بەندیوانەکەیان کوشت و هەڵاتن.

[2270]جەیڵهاوس. سجن= زیندان. مورادیفی prison.

The jailhouse includes more than 1000 inmates.

زیندانەکە زیاتر لەهەزار زیندانی لەخۆدەگرێت.

[2271]دیگریی

The temperature dropped to five degrees.

پلەی گەرما بۆ پێنج پلە دابەزی.

Applicants must have a degree in Engineering.

داواکارەکان پێویستە بڕوانامەیەکیان هەبێت لەئەندازیاریدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.915 **depression (دیپریشن) چیه؟ خەمۆکییە**[2273]

**malnutrition (ماڵنوچریشن)ە، بەدخۆراکییە**[2274]

.916 **paper ڕۆژنامەو وتارو پەڕە**[2275]

---

[2272]پۆیزەنەس، تۆکسیك، ڤینەمەس. هەرسێکیان ئاوەڵناون و بەمانای سام دێن. سام= ژەهراوی.

The mushrooms they picked were poisonous.

ئەو قارچکانەی ئەوان هەڵیانگرتبووەوە، ژەهراوی بوون.

Don’t touch toxic waste.

دەست لەپاشەڕۆی ژەهراوی مەدە.

There are around 700 different species of venomous snakes.

نزیکەی حەوت سەد جۆر ماری ژەهراوی هەیە.

[2273] Did you know that the most common mental illnesses are anxiety and depression?!

ئایا زانیوتە کە بەربڵاوترین نەخۆشیی دەرونی دودڵی و خەمۆکییە؟!

Arkansas woman Christine Riggs was put to death in 2000 for the killing of her two young children in 1997. The 28-year-old former nurse said her depression was what caused her to smother her son and daughter, ages 5 and 2, with a pillow. The New York Times reported that Riggs then tried to kill herself with potassium chloride. Oddly enough, it was potassium chloride that ended up being one of three drugs the state used in her lethal injection execution.

ژنێکی ئەمەریکیی خەڵکی ویلایەتی ئەرکەنساس بەناوی کریستین ریگس، لەساڵی 2000 بەهۆی تاوانی کوشتنی دوو منداڵی بچوکی خودی خۆی، لەسێدارەدرا. ئەم ژنە تەمەن 28 ساڵە کە بە ناخێری گیانی پەرستاریش بووە، دەڵێت ئەو خەمۆکییەی لەگەڵیدا بووە، بووەتەهۆی ئەوەی کوڕە تەمەن پێنج ساڵەکەی و کچە تەمەن دوو ساڵەکەی بە سەرین لەجێگەی خەوتنەکەیاندا بخنکێنێت. پاش کوشتنی دوو منداڵەکەشی، ئەم ژنە هەوڵیداوە خۆشی بە ئاوێتەی کلۆریدی پۆتاسیۆم بکوژێت. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە دواتر ئەم ئاوێتەیە بووە یەکێك لەو سێ دەرمانەی ویلایەتەکە بەکاریهێنا بۆ ئیعدامکردنی بە دەرزیلێدانی کوشندە.

[2274] 1 in 3 people worldwide suffer from some type of malnutrition.

لەهەموو سێ کەسێك لەجیهاندا، یەکێکیان بەدەست هەندێك جۆری بەدخۆراکییەوە دەناڵێنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**page (پەیج) لاپەڕەیە[2276]، marble (مابڵ) مەڕمەڕە[2277]**

**.917 general (جێنرەڵ) گشتییە[2278]، broadly بەگشتی**

**barrow، wheelbarrow گالیسکەی دەستی[2279]**

**.918 antling (ئانتلین) بەمانای بەچکەمێروولە[2280]**

---

[2275] پەیپە"ر". وەك ناو بەمانای ڕۆژنامە (newspaper)و وتارو پەڕەش دێت.

I buy a paper every morning.

هەموو بەیانییەك ڕۆژنامەیەك دەكڕم.

Did you read my latest paper on the elections?

ئایا تازەترین وتاری منت سەبارەت بە هەڵبژاردنەكان خوێندەوە؟

I saw a piece of paper on the desk.

پارچە پەڕەیەكم لەسەر مێزەكە بینی.

[2276] The article is on page 36.

وتارەكە لەلاپەڕە 36دایە.

[2277] The columns were of white marble.

ستونەكان (كۆڵەكەكان) لەمەرمەڕی سپی بوون. واتە لەمەڕمەڕی سپی دروستكرابوون.

[2278] He has several books about general interest.

ئەو چەند كتێبێكی سەبارەت بە بەرژەوەندیی گشتی هەیە.

[2279]بارەو، ویلبارەو. گالیسكەی دەستی= عەرەبانەی دەستی: ئەو عەرەبانەی دەستییە بچوكەی لەبەشی پێشەوەی تایەیەكی پێوەیەو لەبەشی دوایەوەی دوو دەسكی پێوەیەو زۆرێك لەماڵان هەیانە.

Our barrow is very old, so I have to buy a new one.

گالیسكە دەستییەكەمان زۆر كۆنە، بۆیە پێویستە دانەیەكی نوێ بكڕم.

Do you know that the wheelbarrow is invented in China?!

ئایا دەزانیت كە گالیسكەی دەستی لە چین داهێنراوە؟!

[2280] I saw an antling on my bed.

بەچكەمێرولەیەكم لەسەر جێگەی خەوتنەكەم بینی.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

locust و grasshopperیش کوللـه[2281]

.919 nutty و crazy ،insane ،nuts شێت[2282]

sane عاقڵە[2283]، loo (لوو) واتە توالێت[2284]

.920 spoil تێکدەچێ، لەگەڵ تێکدەدا[2285]

_______________________

[2281]گرااسهۆپە"ر"، لەوکەست

Grasshoppers have white blood.

کوللـە رەنگی خوێنی سپییە.

A desert locust swarm can be 460 square miles in size and pack between 40 and 80 million locusts into less than half a square mile.

دەکرێ روبەری پۆلە کوللـەی بیابان بگاتە 460 میل دوجاو لەڕووبەری کەمتر لە هەر نیو میل دوجایەکیدا 40 تا 80 ملیۆن کوللـە لەخۆبگرێت. ئیتر خۆت حسێبی بکە بزانە هەمووی دەکاتە چەند کوللـە!

[2282]نەتی، کرەیزی، ئینسەین، نەتس هەرچواریان بەمانای شێت دێن. nuttyو nuts وشەی نارِەسمین.

سەرنجبدە وشەی insane بە زیادکردنی پێشگری in بۆ سەر وشەی sane دروستکراوە. هەروەها نەچی بچی ئەوشت لەبیربچێت کە هەردوو وشەی nutty و nuts ئەسڵیان یەك وشەیە کە ئەویش nutە.

Sometimes he sounds nutty.

هەندێجار وەك شێت دەردەکەوێت.

They stared at me as if I was crazy.

ئەوان چاویان تێبڕیم وەك ئەوەی بڵێی شێتم.

The killer was declared insane.

بکوژەکە بە شێت ڕاگەیەنرا.

Are you nuts?!

ئەرێ تۆ شێتیێ؟!

[2283] سەین. عاقڵ= ژیر: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە کێشەی عەقڵی نەبێت.

No sane person would want to kill a baby.

هیچ کەسێکی عاقڵ نایەوێت منداڵ بکوژێت.

[2284] I'll go to the loo.

دەڕۆم بۆ توالێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**equator مانای هێڵی ئیستیوا**[2286]

.921 **stop دەوەستێ، هەم دەوەستێنێ**[2287]

**see تێدەگا، لەگەڵ دەبینێ**[2288]

.922 **interest مەسڵەحەت**[2289]**، mutual هاوبەش**[2290]

---

[2285]سپۆیل. ئەم کارە بە دوو شێوە دەکرێت بە رابردوو و تەسریفی سێیەم. بە زیادکردنی ed، هەروەها بە گۆڕینیشی بۆ spoilt. تێکدەچێ= تێکدەچێت. تێکدەدا= تێکدەکات.

Honey is the only natural food which never spoils.

هەنگوین تەنها خۆراکی سروشتییە کە هەرگیز تێکناچێت.

He tried not to let the bad news spoil his evening.

هەوڵیدا نەیەڵێت هەواڵە ناخۆشەکان ئێوارەکەی تێکبدەن.

[2286]ئیکوەیتە"ر". هێڵی ئیستیوا= هیێڵی ئیستیوائـ= (ع: خط الإستواء)= هێڵی ناوەڕاست: ئەو هێڵە خەیاڵییەی گۆی زەوییە کە گۆی زەوی دەکات بە دوو بەشی یەکسانەوە.

Indonesia lies on the equator.

ئیندۆنوسیا دەکەوێتە سەر هێڵی ناوەڕاستەوە.

[2287]ستۆپ. دەوەستێ= دەوەستێت. دەوەستێنێ= دەوەستێنێت.

My watch have stopped.

سەعاتەکەم وەستاوە.

The referee stopped the fight.

ناوبژیوانەکە شەڕەکەی وەستاند.

[2288]سیی. هەروەك پیتی c دەخوێنرێتەوە. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. لەمانای یەکەمیاندا موورادیفی understandە.

see→saw→seen

I see what you mean.

تێدەگەم مەبەستت چیە.

Can I see your ticket, please?

زەحمەت نەبێ دەتوانم بلیتەکەت ببینم؟


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**crow قوقه(ی دیك)، عەجوز، قەلەڕەش**[2291]

[923]. **risk (ڕیسك) مەترسییە**[2292]، **risk taker سەركەش**[2293]

**part، .Chap وchapter، section مانای بەش**[2294]

---

[2289]ئینترەست، بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە ئینتریست گۆیدەكەن. مەسڵەحەت= (ع: مَصْلَحَة)= بەرژەوەندی.

I I have no interest in this work.

هیچ بەرژەوەندییەكم نیە لەم ئیشەدا.

[2290]میوچڵ، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریكیدا بە میوچیوەڵ گۆدەكرێت.

Both countries are acting to their mutual advantage.

هەردوو وڵات كار بۆ قازانجی هاوبەش دەكەن.

[2291]كرەو. بەمانای قوقه(ی دیك)و عەجوزو قەلەڕەش دێت. قوقه(ی دیك)= قوقه(ی كەڵەشێر). عەجوز= (ع: عجوز)= پیرێژن.

مانای دووەمیان زیاتر لەكاتی سوكایەتیپێكردن بەكاردەهێنرێت و مەجازییە.

Banaz can imitate a rooster's crow perfectly.

بەناز دەتوانێت بەتەواوی لاسایی قوقەی كەڵەشێر بكاتەوە.

The crow shouted loudly.

پیرەژنەكە بە دەنگی بەرز قیژاندی.

The crows scare the other birds.

قەلەڕەشەكان باڵندەكانی تر دەتۆقێنن.

[2292] Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third, researchers found.

چەند لێكۆڵەرێك دەریانخستووە كە هەبونی پشیلە مەترسیی جەڵدەی دڵ و دەماغ بەرێژەی زیاتر لەیەك لەسەر سێ، كەمدەكات.

[2293]ڕیسكتەیكە"ر". سەركەش= موغامیر= (ع: مغامر).

He was a risk taker who wanted to try new things.

ئەو سەركەشێك بوو كە دەیویست شتی تازە تاقیبكاتەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.924 The Dead Sea (ذە دێد سیی) چیە؟ دەریای مردووە[2295]

Jewish هی جووە[2296]، Jew ماناى جووە[2297]

.925 ignition (ئیگنیشن) ماناى سولفی سەیارە[2298]

play لێدەدا[2299]، guitar گیتارە[2300]

---

[2294]پاات، چاپ، چاپتە"ر"، سێکشن. هەرچواریان بەمانای بەش دێن. دووەمیان کورتکراوەی سێیەمیانە.

There are more than 100 types of cancers; any part of the body can be affected.

زیاتر لەسەد جۆر شێرپەنجە هەیە. هەموو بەشێکی جەستە، قابیلی ئەوەیە توشی ئەم نەخۆشییە ببێت.

Read Chap. 10 before sleeping.

پێش خەوتن، بەشی 10، بخوێنەرەوە.

You can't start the next chapter of your life if you keep re-reading the last one.

ناتوانیت دەستبکەیت بە بەشی داهاتووی ژیانت ئەگەر بەردەوام خەریکی خوێندنەوەی بەشی رابردوو بیت.

Each chapter is subdivided into smaller sections.

هەر بەشێك دابەشبووە بۆ بەشگەلی بچوکتر.

[2295] It's very hard to swim in The Dead Sea.

مەلەکردن لەدەریای مردوودا زۆر قورسە.

[2296]جوویش. هی جوو= هی جولەکە. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت پەیوەندی بە جولەکەوە هەبێت.

New York has one of the largest Jewish communities in the world.

نیۆرك یەکێك لەگەورەترین کۆمەڵگەکانی جولەکەی تێدایە.

[2297] جوو. جوو=جولەکە

During WW2, the Japanese killed more Chinese than the Nazis killed Jews.

لەجەنگی جیهانی دووەمدا، ژمارەی ئەو چینییانەی لەو جەنگەدا بەدەستی یابانییەکان کوژران، لەو جولەکانە زیاتر بوون کە بەدەستی نازییەکان کوژران.

[2298] The ignition of my car doesn’t work well.

سولفی ئۆتۆمبێلەکەم بەباشی کارناکات.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

926. know (نەو) دەزانێ[2301]، knowledge (نۆلیج) زانیاری[2302]

cosmetics (کۆزمێتیکس) مانای ماددەی جوانکاری[2303]

927. gun، handgun، pistol هەرسێ دەمانچە[2304]

---

[2299] پلەی. لێدەدا= لێدەدات. لێدەدات بەمانای دەژەنێت نەك بەمانای تر.

He plays the piano very well.

ئەو پیانۆ زۆر بەباشی لێدەدات.

[2300] گیتاا"ر". ئامێرێکی موزیکە.

I bought an electric guitar for my son.

گیتارێکی کارەباییم بۆ کوڕەکەم کڕی.

[2301] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نۆو گۆیدەکەن. عەینەن وشەی no دەخوێنرێتەوە.یەکێکە لەکارە نائاسییەکان. دەزانێ= دەزانێت.

know→knew→known

"Where did he go?" "I don't know."

"بۆ کوێ دەڕوات؟ من نازانم."

[2302] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە نالِیج گۆیدەکەن.

In 1900, all the world's mathematical knowledge could be written in about 80 books; today it would fill more than 100,000.

لەساڵی 1900، هەموو زانیارییە ماتماتیکییەکانی جیهان لەنزیکەی 80 کتێبدا جێگەیان دەبووەوە، بەڵام ئێستا زیاتر لەسەد هەزار کتێب پڕدەکەن.

[2303] ناوێکی کۆیە. ماددەی جوانکاری وەك سوراوو سپیاوو هتد...

People with acne problems should look for oil-free cosmetics.

ئەو کەسانەی کێشەی زیپکەیان هەیە، پێویستە بەدوای ماددەی جوانکاریی بێچەوریدا بگەڕێن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**peace (پییس) ئاشتییە**[2305]**، piece دانەو پارچە**[2306]

[928] **(manometer)ە میقیاس زەختی دەم**[2307]

**pyramid قوچەك، کەواتە هەڕەم**[2308]

---

[2304]گەن، هاندگەن، پیستڵ. هەرسێکیان بەمانای دەمانچەدێن.

The fighter threw the gun.

جەنگاوەرەکە دەمانچەکەی فڕێدا.

Don't give your handgun to children.

دەمانچەکەت مەدە بە منداڵ.

The pistol is a dangerous object.

دەمانچە شتێکی مەترسیدارە.

[2305] Peace lasted in Europe for just 20 years after 1918 before war broke out again.

پاش ساڵی 1918، ئاشتی لەئەوروپا تەنها ماوەی 20 ساڵ بەردەوام بوو. دوای ئەوە جەنگ هەڵگیرسایەوە.

[2306] پییس. سەرنجبدە ێ ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە بەهەمان شێوە دەخوێنرێنەوە. لەو رووەوە مەگەر درۆزن لەیەکیان جیابکاتەوە!. لەڕوی پێکهاتەی پیتەکانیشەوە جیاوازییەکی کەمیان هەیە لەناوەڕاستدا.

He cut the cake into six pieces.

ئەو کێکەکەی بڕی و کردی بە شەش پارچەوە.

You should eat three pieces of fruit a day.

دەبێت ڕۆژانە سێ دانە میوە بخۆیت.

[2307]مانۆمیتە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مەنامەدە"ر" گۆیدەکەن.

دەبوو بمنوسیایە "میقیاسی زەختی دەم" نەك " میقیاس زەختی دەم " بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە "ی"ەکە بەر جاددە کەوتووە.

میقیاسی زەختی دەم= (ع: مقیاس ضغط الدم)= پێوەری فشاری خوێن: ئامێری پێوانی فشاری خوێن.

Everyone has to own a manometer in his house.

هەموو کەسێك پێویستە پێوەرێکی فشاری خوێن لەماڵەکەیدا هەبێت.

[2308]پیرەمید. هەڕەم= قوچەك.

Peru has more pyramids than Egypt.

ژمارەی هەرەمەکانی وڵاتی پیرۆ لە هی میسر زیاترە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**929.** **exactly** چیە؟ واتە کتومت[2309]

**held** دەسگیرکرد، (هەڵگرت)یش و گرت[2310]

**930.** **checkers**، **draughts** هەردوکیان دامە[2311]

**identification** (ئایدێنتیفیکەیشن) مانای ناسنامە[2312]

**931.** **tool** ئامرازە[2313]، **device** (دیڤایس) یش ئامێر[2314]

---

[2309]ئیگزاکتلی. کتومت= (ع: بالضبط)= دەقاودەق= بێزیادو کەم.

The journey took exactly three hours.

گەشتەکە کتومت سێ سەعاتی خایاند.

[2310]هەوڵد. دارِشتەی رابردووی hold. سیان لەدیارترین ماناکانی دەسگیرکردو هەڵگرت و گرتە. دەسگیرکرد= دەستگیرکرد.

Police are holding two men in connection with the theft.

پۆلیس دوو پیاوی دەسگیرکرد کە پەیوەندییان بە دزییەکەوە هەیە.

Further copies of the book are held in the library.

نوسخە زیادەکانی کتێبەکە لەکتێبخانەکە هەڵدەگیرێن.

Could you hold my bag for me?

دەتوانیت ئەو جزدانەم بۆ بگریت؟

[2311]چێکە"ر"ز، درافتس. هەردوکیان بەمانای دامە دێن بەڵام checkers شێوەزاری بریتانییەو ئەوی تریان ئەمەریکییە.

دامە: یارییەکی بەناوبانگە، خزمی نزیکی شەترەنجە!

Chess can be played on the same game board as checkers.

شەترەنج دەتوانرێت لەسەر هەمان تەختەی دامە، بکرێت.

Historians believe that Checkers dates back to 3000 BC.

مێژونوسان لەو بروایەدان کە مێژوی دامە بۆ سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەرِێتەوە.

[2312] Do you have any identification?

ئایا هیچ ناسنامەیەکت پێیە؟

[2313]تووڵ. ئامراز: ئامێری بچوك یان نائاڵۆز.

He’s working in a shop selling garden tools.

ئەو لەدوکانێکی فرۆشتنی ئامرازەکانی باخچە کاردەکات.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**conspirator و plotter پیلانگێڕ**[2315]

[932]. **lawyer (لۆیە) پارێزەر**[2316]، **plaint واتە شەکوا**[2317]

**straw قەسەب، پوش**[2318]، **hay (هەی) بەمانای کا**[2319]

[933]. **moisture (مۆیسچە) شێیە**[2320]، **dew واتە شەونم**[2321]

---

[2314] Rescuers used a special device for finding people trapped in collapsed buildings.

لێکۆڵەران ئامێرێکی تایبەتیان بەکارهێنا بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانەی لەباڵەخانە روخاوەکاندا گیریانخواردبوو.

[2315]کەنسپیرەتە"ر"، پلۆتە"ر".

The conspirator was killed secretly.

پیلانگێڕەکە بەنهێنی کوژرا.

One of the plotters was caught.

یەکێك لەپیلانگێڕەکان دەستگیرکرا.

[2316] I want to see my lawyer before I say anything.

پێش ئەوەی هیچ شتێك بڵێم، دەمەوێت پارێزەرەکەم ببینم.

[2317]پلەینت. شەکوا= (ع: شکوی)= سکاڵا. مورادیفی (complaint)ە.

There was only one plaint in the court against him.

لەدادگا تەنها یەك سکاڵا هەبوو لەدژی ئەو.

[2318]ستڕۆ. قەسەب: ئەو شتەی بیبسی و خواردنەوە هاوشێوەکانی پێدەخورێتەوە.

She sipped her lemonade through a straw.

شەربەتی لیمۆکەی بە قەسەب نۆشکرد.

She had little pieces of straw in her hair.

چەند پوشێکی بچوك لەقژیدا بوو.

[2319] He loves the odors of the animals, the odor of the hay.

ئەو حەزی لەبۆنی ئاژەڵ و بۆنی کایە.

[2320] Plants use their roots to absorb moisture from the soil.

رووەك رەگەکانی بەکاردەهێنێت بۆ مژینی شێ لەخاکەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**smoke دوکەڵە[2322]، steamیش هەڵم[2323]**

[934]. **fortieth هەم چلەم، هەم یەك لەسەر چل[2324]**

**thirty مانای سی[2325]، liquid (شلە)و (شل)[2326]**

---

[2321]جوو، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە دوو گۆدەکرێت.

Drops of dew stayed on the flowers.

تنۆکی شەونم لەسەر گوڵەکان مایەوە.

[2322]سمەوك

Cigarette smoke is poisonous.

دوکەڵی جگەرە ژەهراوییە.

[2323]ستییم

If water is heated to 100°C it turns to steam.

ئەگەر ئاو تا پلەی 100ی سیلیزی گەرمبکرێت، دەگۆڕێت بۆ هەڵم.

[2324]فۆ"ر"تیەث. بەمانای چلەم و یەك لەسەر چلیش دێت.

Fortieth point of the problem is related to us.

چلەم خاڵی کێشەکە پەیوەندی بەئێمەوە هەیە.

A fortieth of the pupils is mute.

یەك لەسەر چلی قوتابییەکان ناگۆن واتە لاڵن.

[2325]ثێیتی

The water is some twenty to thirty metres beneath the ground.

ئاوەکە نزیکەی بیست بۆ سی مەتر لەژێر زەویدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.935 backward، backwards هەردوو (بۆ دواوە)[2327]

bed بن، جێی خەوتن[2328]، bathیش گەرماوە[2329]

.936 skylight چیە؟ کلاورۆژنە[2330]

violation (ڤایەلەیشن)ە پێشێلکردنە[2331]

---

[2326] لیکوید. واتە وەك ناو بەمانای (شلە)و وەك ئاوەڵناو بەمانای شل (پێچەوانەی رەق) دێت.

شلە: شلەمەنی.

Drink plenty of liquids.

شلەمەنی زۆر بخۆرەوە.

I use liquid soap to wash my hands.

من سابونی شل بەکاردەهێنم بۆ شتنی دەستم.

[2327]باکوە"ر"د، باکوە"ر"دز. هەردوکیان بەمانای بۆ دواوە دێن، بەڵام یەکەمیان زیاتر بریتانییەو دووەمیان زیاتر ئەمەریکییە.

He took a step backward to allow her to pass.

ئەو هەنگاوێکی نا بۆ دواوە بۆ ئەوەی رێیپێبدات بڕوات.

He began counting backwards: "Ten, nine, eight..."

دەستیکرد بە ژاردن بۆ دواوە: "دە، نۆ، هەشت....."

[2328]بێد. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێندرێتەوە. جێی خەوتن= جێگای خەوتن.

Many strange plants and fish live on the sea bed.

ژمارەیەکی زۆر رووەك و ماسیی نامۆ لەبنی دەریادا دەژین.

Eat a handful of walnuts before bed.

پێش چونە سەر جێگای خەوتن مستێك گوێز بخۆ.

[2329]باث. گەرماو= حەمام

Before the guests arrive, please  clean the bath.

پێش ئەوەی میوانەکان بگەن، تکایە حەمامەکە پاکبکەرەوە.

[2330]سکایلایت. کلاورۆژنە: ئەو پەنجەرەیەی دەکرێتە بنمیچی بینا بەمەبەستی هاتنەناوەوەی روناکی.

There's any skylight in the house.

خانووەکە هیچ کلاورۆژنەیەکی تێدا نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.937 slander چیە؟ ناوزڕاندنە[2332]**

**circle (کۆمەڵ)ە، لەگەڵ بازنە[2333]**

**.938 passage ڕاڕەوو بڕگەو تێپەڕبوون[2334]**

**detestable (دیتێستبڵ)ە مانای قێزەون[2335]**

**.939 backlash چیە؟ کاردانەوە[2336]**

---

[2331] The verdict was a gross violation of human rights.

بڕیارکەی دادگا پێشێلکردنێکی گەورەی مافەکانی مرۆڤ بوو.

[2332]سلاندە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سڵاندە"ر" گۆیدەکەن. ناوزڕاندن= "ع: تشهیر".

He is suing the TV network for slander.

بەتۆمەتی ناوزڕاندن سکاڵا لەدژی تۆڕە تەلەفزیۆنییەکە تۆماردەکات.

[2333]سێیکڵ. وەك ناو بەمانای کۆمەڵ و بازنە دێت.

The teacher asked us to form a circle and join hands.

مامۆستاکە داوای لێکردین بازنەیەك دروستبکەین و دەستی یەك بگرین.

He has a wide circle of friends.

کۆمەڵێکی فراوان هاوڕێی هەیە.

[2334] پاسیج. سیان لەدیارترین ماناکانی ڕاڕەو(ممر)و بڕگەو تێپەڕبونن. بڕگە بەمانای فەقەرەو مەقتەع.

My office is just in front of the passage.

نوسینگەکەم کتومت لەبەردەم ڕاڕەوەکەدایە.

Several passages from the book were printed in a newspaper before it was published.

چەند بڕگەیەکی کتێبەکە، پێش چاپکردنی، لەرۆژنامەیەکدا بڵاوکرانەوە.

Memories fade with the passage of time.

یادگارییەکان بەتێپەڕبونی کات دەپوکێنەوە.

[2335] The people who do this thing are detestable.

ئەو کەسانەی ئەم شتە دەکەن، قێزەونن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

aisle مەمەرە، واتە ڕاڕەوە[2337]

940. go up زیاددەبێ و دەتەقێتەوە[2338]

convey (کەنڤەی) بەمانای دەگوازێتەوە[2339]

941. ass کەرو گێلە[2340]، jackass (جاکاس) نێرەکەر[2341]

jenny (جێنی) ماکەرە[2342]، milch (میڵچ) مانای شیردەر[2343]

---

[2336]باکلاش. بەمانای کاردانەوەی توند دێت، نەك ناسکەکاردانەوە!!!

The 1970s saw the first backlash against the women’s movement.

ساڵەکانی 1970کان  یەکەم کاردانەوەی دژی بزوتنەوەی ژنانیان بەخۆوە بینی.

[2337]ئایڵ. سەرنجبدە پیتی s ەکە بێدەنگە.

The bride’s father escorted her down the aisle.

باوکی بوکەکە لەگەڵیدا ڕۆیشت بۆ خوار ڕاڕەوەکە.

[2338]گەو ئەپ. دوان لەدیاترین ماناکانی "زیاددەبێ" و "دەتەقێتەوە"ن. زیاددەبێ= زیاددەکات. ڕابردووەکەی went up ە.

Blood-sugar levels go up as you digest food.

کاتێك خواردن هەرسدەکەیت، ئاستی شەکر لەخوێندا زیاددەبێت.

He had left the gas on and the whole kitchen went up.

غازەکەی بەکراوەیی جێهێشتبوو وتەواوی چێشتخانەکە تەقییەوە.

[2339] Your luggage will be conveyed to the hotel by taxi.

جانتای گەشتەکەت بە تاکسی بۆ  هۆتێلەکە دەگوازرێتەوە.

[2340]ئاس. دوان لەماناکانی کەر (donkey) و گێل (stupid)ن.

There are many asses in our village.

گوندەکەمان ژمارەیەکی زۆر کەری تێدایە.

He’s an old ass.

ئەو گێلێکی پیرە.

[2341] My father has a large jackass.

باوکم نێرەکەرێکی گەورەی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.942 **butter (بەەتە) کەرەیە[2344]، cheese (چییز)یش پەنیرە[2345]**

**yogurt (یۆگەت) واتە ماست[2346]، milk (میلْك) مانای شیرە[2347]**

.943 **earnest (ئێێنیست) جددییە، واتە شێلگیرە[2348]**

**well (وێڵ) باش و زۆرە، هەروەها (بیر)ە[2349]**

---

[2342] The jenny is very smart.

ماکەرەکە زۆر زیرەکە.

[2343] My father has several milch goats.

باوکم چەند بزنێکی شیردەری هەیە.

[2344] کەرە= رۆنەکەرە.

Fry the onions in a little butter.

پیازەکان لەناو کەمێك کەرەدا سوربکەرەوە.

[2345] They sell over 20 different types of cheese.

ئەوان زیاتر لە بیست جۆری جیاواز پەنیر دەفرۆشن.

[2346] Yogurt protects against ulcers and helps us digest food better.

ماست لەش لەتوشبون بە قورحەی گەدە دەپارێزێت و یارمەتی باشتر هەرسکردنی خواردن دەدات.

[2347] Don't use up all the milk, we need some for breakfast.

هەموو شیرەکە تەواومەکە. بۆ نانی بەیانی پێویستمان بەهەندێك دەبێت.

Compared to human breast milk which has 70 calories per 100 ml, and vitamin D-fortified cow's milk that has 61 calories, donkey milk only has 49 calories.

سەد میللیلتر (سیسی) لەشیری مرۆڤ حەفتا کالۆری تێدایە، هەمان بڕ لەشیری مانگای فول لەڤیتامین دی، 61 کالۆری تێدایە، سەد سیسیش لەشیری کەر 49 کالۆری تێدایە.

[2348] ئاوەڵناوە موراديفی serious.

He was an earnest young man.

ئەو پیاوێکی گەنجی شێلگیر بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.944 ladybug چیە؟ خاڵخاڵۆکە[2350]**

**thought پێیوابوو، لەگەڵ بیرۆکە[2351]**

**.945 white سپێنەیە[2352]، yolkیش زەردێنە[2353]**

---

[2349] سیان لەدیارترین ماناکانی باش و زۆر (very)و بیرن. پەیوەند بەمانای "باش" وەك ئاوەڵناوو ئاوەڵکاریش بەکاردێت. سەبارەت بەمانای "زۆر"یش، مانایەکی فول بریتانی و نافەرمییە.

‘How are you?’ ‘Very well, thanks.’

چۆنیت؟ زۆر باشم، سوپاس. (ئاوەڵناو).

All the team played very well today.

ئەمرۆ هەموو تیپەکە زۆر باش یاریان کرد. (ئاوەڵکار).

The child was well funny!

منداڵەکە زۆر پێکەنیناوی بوو!

She lowered her bucket into the well.

دۆلچەکەی بۆ ناو بیرەکە شۆڕکردەوە.

[2350]لەیدیبەگ. وشەیەکی ئەمەریکییە، لەو بریتانیایەی لای خۆمان ladybirdی پێدەووترێت.

There are almost 400 different kinds of ladybugs in North America.

لەئەمەریکای باکور، نزیکەی چوار هەزار جۆر خاڵخاڵۆکە هەیە.

[2351] ثۆوت. لەمانای یەکەمیاندا رابردووی thinkە.

I thought I heard something.

پێموابوو گوێم لەشتێك بوو.

It’s an interesting thought.

بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێشە.

[2352] وایت. یەکێك لەماناکانی سپێنە(ی هێلکە)یە.

I don’t eat the whole egg, I eat its white only.

هەموو هێلکەکە ناخۆم، تەنها سپێنەکەی دەخۆم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bloodstream مانای ڕێڕەوی خوێنە**[2354]

.946 **pliers پلایس**[2355]**، wrench (ڕێنچ)یش ئیسپانە**[2356]

**bone marrow، marrow مۆخی ئێسقانە**[2357]

.947 **stuffy nose چیە؟ مانای لوتگیران**[2358]

**jack نێرەکەرە، لەگەڵ کەشتییەوان**[2359]

---

[2353]یەوك. سەرنجبدە کە پیتی [ەکە بێدەنگە.

The youk contains high levels of cholesterol.

زەردێنە بڕێکی زۆر کۆلێسترۆلی تێدایە.

[2354]بلەدستریم

The drug works more quickly if it is injected directly into the bloodstream.

دەرمانەکە خێراتر کاردەکات ئەگەر ڕاستەوخۆ بدرێت لەڕێڕەوی خوێن.

[2355]پلایەز. ناوێکی کۆیە نەك تاك.

You can’t open large screws with pliers.

ناتوانیت بە پلایس برغۆی گەورە بکەیتەوە.

[2356] Please bring the large wrench to me.

تکایە ئیسپانە گەورەکەم بۆ بهێنە.

[2357]بەون مارەو، مارەو. مۆخی ئێسقان. مۆخی ئێسقان= مۆخی ئێسك

Bone Marrow transplants are used to treat patients suffering from some forms of leukemia and other diseases affecting the function of the bone marrow.

چاندنی مۆخی ئێسك بۆ ئەو نەخۆشانە بەکاردەهێنرێت کە توشی چەند جۆرێك نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن و ئەو نەخۆشییانە بون کە کاردەکەنە سەر مۆخی ئێسك.

70% of patients in need of a marrow transplant do not have a matching donor in their family.

لەسەدا 70ی ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە چاندنی مۆخی ئێسکە، بەخشەرێکی هاوتایان نیە لەناو خێزانەکانیاندا.

[2358]ستەفی نەوز

A stuffy nose is a condition that can be caused by several things.

لوتگیران حاڵەتێکە کە دەکرێ بەهۆی چەند شتێکەوە ڕوبدات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.948** **tourism (توریزم) چیە؟ مانای گەشتیاری**[2360]

**pearl (پێیڵ) "لوئلوئە"، واتە مرواری**[2361]

**.949** **clap (کلاپ) چەپڵەیە**[2362]**، slap (سلاپ) زللـەیە**[2363]

**football (فوتبۆڵ) تۆپی پێ**[2364]**، header (هێدە) کەللـەیە**[2365]

---

2359 جاك. دوان لەماناکانی نێرەکەرو کەشتییەوانن. واتە لەمانای دووەمیاندا مورادیفی star وsailorە.

The jack isn't foolish as some people think.

نێرەکەر گێل نیە وەك ئەوەی هەندێك كەس پێیان وایە.

The real jack doesn't fear from the sea.

کەشتییەوانی راستەقینە لەدەریا ناترسێت.

2360 Spain's largest source of income is from tourism.

گەورەترین سەرچاوەی داهاتی ئیسپانیا گەشتیارییە.

2361 لوئلوئە= (ع: لؤلؤة)= مرواری: ماددەیەکی بەنرخ و گرانبەهایە.

Recently, a two thousand year old pearl was found in an Australia.

بەم دواییانە مروارییەکی تەمەن دوو هەزار ساڵ، لە ئوسترالیا دۆزرایەوە.

2362 وەك ناوو فەرمانیش بەکاردەهێنرێت. واتە بەمانای چەپڵەو چەپڵە لێدەداتیش دێت.

Each song was greeted with an enthusiastic clap.

هەر گۆرانییەکیان بە چەپڵەیەکی حەماسی پێشوازی لێکرا.

The crowd clapped for me.

خەڵکەکە چەپڵەیان بۆ من لێدا.

2363 ئەمیش بەمانای زللـەو زللـە لێدەداتیش دێت. سەرنج بدە clap وslap لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازە، لەڕوی دەنگیشەوە یەك وەزنیان هەیە. لەڕوی ماناشاوە لەیەکەوە نزیکن چونکە چەپڵەو زللـەش بەدەست لێدەدرێن.

She slapped him.

ئەو زللـەی لێدا.

His request was responded by a hard slap.

داواکارییەکەی بە زللـەیەکی توند وەڵامدرایەوە. ئیمانم نەچێ دیارە داوای شتی قۆڕی لێکردووە، ئەگینا خۆ شێت نەبووە زللـەی لێ بدات!!!!



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

950. beat لێدەدا، هەم دەبەزێنێ[2366]

found بەمانای دادەمەزرێنێ[2367]

951. vote دەنگدەدات، دەنگ و دەنگدانە[2368]

---

[2364] بەمانای تۆپی پێ وەك یارییە مەشهورەکەو تۆپی پێ وەك خودی تۆپەکەش دێت.

Football Is the Most Popular Game in the United States.

تۆپی پێ پرجەماوەرترین یارییە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

Please give me the football.

تکایە تۆپی پێیەکەم بدەرێ.

[2365] He scored three goals by header.

ئەو سێ گۆڵی بە کەللە تۆمارکرد.

[2366]بییت. بەمانای لێدەدا(ی تێهەڵدان) و لێدەدای دڵیش دێت، سەرباری "دەبەزێنێ". رابردووەکەی بەهەمان شێوە هەر beat، بەڵام تەسریفی سێیەمی beatenە.

لێدەدا= لێدەدات. دەبەزێنێ= دەبەزێنێت.

Your heart beats over 100,000 times per day.

دڵت رۆژانە زیاتر لەسەد هەزار جار لێدەدات. تەنانەت لەپشووە رەسمییەکانیشدا!!!

Please don't beat that innocent child.

تکایە لەو منداڵە بێتاوانە مەدە.

Karzan always beats me at tennis.

کارزان هەمیشە دەمبەزێنێت لەتێنسدا.

[2367]فاوند. لەم مانایەدا موورادیفی establishە.

He founded the organization in 1978.

ئەو رێکخراوەکەی لەساڵی 1978 دامەزراند.

When was United Nations founded?

نەتەوە یەکگرتووەکان کەی دامەزرێنراوە؟ 1945



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**سوڕی مانگانه[2369] menstruation**

**[952] survey (سێیڤەی) مانای مەسح، واتە ڕاپرسی[2370]**

**(mythology)یە ئەفسانەناسی[2371]**

**[953] fish (فیش) واتە ماسی[2372]، y خەیتە بانی**

---

[2368]ڤەوت. وەك كار بەمانای دەنگدەدات و وەك ناو بەمانای دەنگ و دەنگدانیش دێت.

Did you vote for the motion?

دەنگتدا بە بزوتنەوەکە؟

The proposal was rejected by 19 votes to 7.

پێشنیازەکە بە 19 دەنگ بەرامبەر بە 7 ڕەتکرایەوە.

We called a meeting in order to hold a vote on the issue.

داوای کۆبونەوەیەکمان کرد بۆ ئەنجامدانی دەنگدان لەسەر پرسەکە.

[2369] مێنسترۆوەیشن. سوڕی مانگانە= عادە.

Topics will include menstruation, sexuality, pregnancy and childbirth.

بابەتەکان سوڕی مانگانە، چالاکی سێکسی، دوگیانی و منداڵبون لەخۆدەگرن.

[2370] A recent survey found that 58 percent of people did not know where their heart is.

ڕاپرسییەکی تازە دەریخستووە کە لەسەدا 58ی خەڵك نازانن دڵیان لەکوێدایە.

[2371]میثۆلەجی. ئەفسانەناسی= ئەفسانەزانی.

This field includes mythology and folklore.

ئەم بوارە ئەفسانەناسی و فۆلکلۆر لەخۆدەگرێت.

[2372] ناسکەسەرنج: لەزمانی ئینگلیزیدا چەندین وشە هەن کە تاك و كۆیان یەك دارِشتە (سیغەیە). fish یەکێکە لەو وشانە. سەرباری ئەوەش بەشێوەی ئاسایی (زیادکردنی es)یش کۆدەکرێتەوە بۆیە ئەگەر fishesت لەڕستەیەکدا بینی، نەچی بچی بیکەی بە هۆسەو بڵێی هەڵەیە!

Fish boosts memory.

ماسی یادگا (زاکیرە) بەهێزدەکات.

I caught three fish in the river.

سێ ماسیم لەڕووبارەکەدا گرت.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

دەبێتە موریب زۆر بە ئاسانی[2373]

[954]. river (ریڤە) روبارە[2374]، ocean (ئەوشن) زەریایە[2375]

expectancy (ئیکسپێکتنسی) مانای هیوایە[2376]

[955]. meteoroid چیە؟ بەردی ئاسمانی[2377]

ornithology (ئۆرنیثۆلەجی) باڵندەزانی[2378]

[956]. production (پرەدەکشن) چیە؟ بەرهەمهێنانە[2379]

---

[2373] واتە وشەی fish ئەگەر پیتی y بخەیتەسەر، دەبێتە fishy (فیشی) کە بەمانای موریب دێت. موریب= (ع: مریب)= گوماناوی. سەرباری ئەوەش بۆ وەسفی شتێکیش بەکاردەهێنرێت کە تام یان بۆنی وەك ماسی لێ بێت. a fishy smell بۆنێکی وەك ماسی.

لەزمانی ئینگلیزیدا کەم نین ئەو ناوانەی کە پاشگری y دەیان کات بە ئاوەڵناو: sun-sunny, cloud-cloudy, luck-lucky

There’s something very fishy about him.

شتێکی زۆر گوماناوی لەبارەیەوە هەیە.

[2374] There are no rivers in Saudi Arabia.

سعودیە روباری تێدا نیە.

Spanning 2,340 miles, the Mississippi River is the third-largest watershed in the world. That’s one long stretch of water. So long, in fact, that it takes one drop of water approximately 90 days to travel its entire length.

روباری میسیسیپی کە درێژییەکەی نزیکەی سێ هەزارو 770 کیلۆمەترە، سێیەم درێژترین روبارە لەجیهاندا. ئینجاکونێ بۆیە هەر دڵۆپەئاوێك نزیکەی 90 رۆژ رۆیشتنی پێویستە بۆ ئەوەی تەواوی روبارەکە تێپەڕێنێت.

[2375] The oceans cover more than 70 percent of the Earth's surface.

زەریاکان زیاتر لە 70 لەسەدی رووی زەوی دادەپۆشن.

[2376] I saw the look of expectancy in the children’s eyes.

تێروانینی هیوام لەچاوی منداڵەکاندا بینی.

[2377] میتیەرۆید. بەردی ئاسمانی= نەیزەك.

Of the 500 estimated meteorites that reach the ground every year, only five or six are recovered for scientists to study.

لەکۆی ئەو 500 نەیزەکە خەمڵێنراوەی هەموو ساڵێك دەگاتە سەر زەوی، تەنها پێنج یان شەش دانەیان هەڵدەگیرێنەوە بۆ ئەوەی زاناکان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.

[2378] Ornithology is a branch of zoology.

باڵندەزانی لقێکە لەگیانەوەرزانی.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

hit (هیت) لێدەدا، دەگات، سەردانە[2380]

[957]. vacuum میکنەسەو پاکیدەکاتۆ[2381]

women واتە ژن، بەڵام تاك نا کۆ[2382]

[958]. plenum چیە؟ کۆبونەوە[2383]

---

[2379] We watched a video showing the various stages in the production of glass.

سەیری ڤیدیۆیەکمان کرد کە قۆناغە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی شوشەی پێیشاندەدا.

[2380] سیان لەدیارترین ماناکانی (لێدەدا، دەگات، سەردان "ی ماڵپەڕ")ن. لێدەدا= لێدەدات.

وەك کار، یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. رابردوو و تەسریفی سێیەمیشی هەر hit.

Teachers are not allowed to hit their pupils.

مامۆستایان ڕێگەیان پێنادرێت لەقوتابییەکانیان بدەن.

We will hit the main road after five miles.

پاش پێنج میل دەگەینە ڕێگا سەرەکییەکە.

The website had 2,000 hits in the first week.

ماڵپەڕەکە لەیەکەم هەفتەدا دوو هەزار سەردانی هەبوو.

[2381] ڤاکیووم. وەك ناو بەمانای میکنەسە(ی کارەبایی)و وەك کار بەمانای (پاکیدەکاتۆ"بە گسکی کارەبایی") دێت.

میکنەسە= گسك. پاکیدەکاتۆ= پاکیدەکاتەوە.

Our vacuum has a disturbing sound.

گسکە (کارەباییەکە)مان دەنگێکی بێزارکەری هەیە.

Please vacuum the room while I'm out.

تکایە کاتێك لەدەرەوەم، ژورەکە پاکبکەرەوە.

[2382] ویمین. واتە ئەم وشەیە بەمانای ژن دێت، بەڵام تاك نیە، بەڵکو کۆیە. واتە بەمانای ژنان دێت.

As many as 1 in 4 women experience physical or sexual violence during pregnancy.

لەهەموو چوار ژنێك، یەکێکیان ڕوبەڕوی توندوتیژی جەستەیی یان سێکسی دەبێتەوە لەکاتی دوگیانیدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

evasiveness (ئیڤەیسیڤنەس)ە خۆدزینەوە[2384]

.959 texture (تێکسچە) چیە؟ واتە پێکهاتە[2385]

(eavesdrop) مانای (گوێهەڵدەخات)ە[2386]

.960 under (ئەندە) لەژێرە[2387]، on (ئۆن) واتە لەسەر[2388]

sport (سپۆوت) وەرزشە[2389]، بەبێ s بەندەر[2390]

.961 make دروستدەکا، دەکا، لێدەنێ[2391]

---

[2383] پلینەم. بەمانای کۆبونەوەیەکی ڕێکخراوێك یان گروپێك دێت کە سەرجەم ئەندامەکانی ئامادەبن. لای خۆمان پلینیۆمیشی پێدەووترێت کە هەر ئینگلیزییەکەیەو گێروگەوێرکراوە!

Did you attend the party's plenum?

ئایا تۆ ئامادەی کۆبونەوەی پارتەکە بویت؟

[2384] People intentionally use evasiveness to avoid answering hard questions.

خەڵك بەمەبەست، خۆدزینەوە بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی خۆیان لەوەڵامدانەوەی پرسیارگەلی قورس لابدەن.

[2385] Children like to experiment with a variety of textures and colours.

منداڵان حەز لەتاقیکردنەوەی پێکهاتەو ڕەنگی جیاواز دەکەن.

[2386] ئیڤزدرۆپ. گوێهەڵدەخات: بەدزییەوە گوێدەگرێت.

There was Soma eavesdropping outside the door.

سۆما لەدەرەوەی دەرگاکە گوێی هەڵخستبوو.

[2387] Saya had hidden the box under her bed.

سایە سندوقەکەی لەژێر جێگەی خەوتنەکەی شاردبووەوە.

[2388] Leave your things on the table over there.

شتەکانت، لەوێ، لەسەر مێزەکە جێبێڵە.

[2389] Wrestling is considered to be the oldest sport in the world.

زۆرانبازی بە کۆنترین وەرزش دادەنرێت لەجیهاندا.

[2390] واتە وشەی sport، پیتی sەکەی لێبکەیتەوە، دەبێتە port "پۆوت" کە بەمانای بەندەر دێت.

Over 30 ships are waiting at the port to load and unload goods.

زیاتر لە 30 کەشتی لەبەندەرەکە، لەچاوەڕواندیان بۆ داگرتن و بارکردنی کاڵا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

knot وەك ناو نەك كار، كۆمەڵ و گرێ[2392]

.962 oyster چيە؟ گوێچكەماسى[2393]

(ontology)ە ماناى بوونناسى[2394]

.963 paddy حەقلى روز[2395]، weed (وييد) ماناى بژار[2396]

---

[2391]مەيك. سيان لەدياترين ماناكانى وەك كار، "دروستدەكا، لێدەنێ، دەكا"ن. دروستدەكا= دروستدەكات. لێدەنێ= لێدەنێت. دەكا= دەكات. يەكێكە لەكارە نائاساييەكان.

make→made→made

Either I will find a way, or I will make one.
Philip Sidney

يان رێگايەك دەدۆزمەوە، يان دروستيدەكەم.

She made her own wedding dress.

خودى خۆى عەزيى بوكێنييەكەى دروستكرد.

Who did make that tasty tea?

كێ ئەو چايە بەچێژەى لێنا؟

Anyone can make a mistake.

هەموو كەسێك دەكرێ هەڵە بكات.

[2392]نۆت. عەينەن وشەى not دەخوێنرێتەوە. سەرنجبدە پيتى kيەكە بێدەنگە. وەك ناو (نەك كا) دوان لەماناكانى كۆمەڵ (ى بچوك) و گرێن.

Knots of delegates stood outside the conference centre.

چەند كۆمەڵێك نوێنەر لەدەرەوەى ناوەندى كۆنگرەكە وەستان.

I can't untie the knot - it's too tight.

ناتوانم گرێيەكە بكەمەوە، زۆر توندە.

[2393]ئۆيستە"ر". گوێچكەماسى: گياندارێكى ئاوييە.

An oyster becomes an adult when it turns one year old and can live as long as 20 years.

گوێچكەماسى لەتەمەنى يەك ساڵيدا پێدەگات و دەكرێ بۆ ماوەى 20 ساڵ بژى.

[2394]ئۆنتۆلەجى. بوونناسى= بونزانى= (ع: علم الوجود): زانستى لێكۆڵينەوە لە بون.

But this is not a comment on ontology.

بەڵام ئەمە لێدوان نيە لەسەر بوونناسى.



بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

**proposition** واتە پێشنیار[2397]

.964 **liaison (لیەیزۆن) چیە؟ واتە پەیوەندی**[2398]

**slam دادەخا، بەڵام بە توندی**[2399]

.965 **warthog بەرازی ئەفریقیی کێوی**[2400]

**platypus مانای دەنوکەمراوی**[2401]

.966 **raindrop (رەیندرۆپ) مانای دڵۆپەی باران**[2402]

---

[2395]پادی. حەقلی روز= (ع: حقل الرز)= کێڵگەی برنج= کێڵگەی چەڵتوك.

There’s a large paddy in our village.

گوندەکەمان کێڵگەیەکی گەورەی چەڵتوکی تێدایە.

[2396] Weeds weaked the tree.

بژارەکان درەختەکەیان لاوازکرد.

[2397]پرۆپەزیشن. پێشنیار= پێشنیاز. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەڕوی پێکهاتەوە، تەنها یەك پیتی لەوشەی preposition جیاوازە کە بەمانای ئامرازی پەیوەندی دێت.

Your proposition isn’t accepted.

پێشنیازەکەت قبوڵناکرێت.

[2398] He blamed the lack of liaison between the various government departments.

سەرزەنشتی نەبونی پەیوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی حکومەتی کرد.

[2399]سلام، واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. یەکێك لەدیارترین ماناکانی "دادەخا بەتوندی"یە. دادەخا بەتوندی= بەتوندی دادەخات.

He slammed the door.

دەرگاکەی بەتوندی داخست.

[2400]وۆتهۆگ. بەمانای بەرازی ئەفریقیی کێوی دێت. بەرازی ئەفریقیی کێوی= بەرازی کێویی ئەفریقی.

Warthogs can run at speeds of up to 30 miles an hour.

بەرازی کێویی ئەفریقی دەتوانێت بە خێرایی تا 30 میل لەسەعاتێکدا رابکات.

[2401]پلاتەپەس. دەنوکەمراوی: گیاندارێکی مەمکدارە.

Platypuses don't have stomachs.

دەنوکەمراوی گەدەی نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**fetus کۆرپەیە**[2403]**، pregnant (پرێگنەنت) دوگیان**[2404]

[.967] **gargle بەمانای دەکات غەرغەرە**[2405]

**free بێکارو بێبەرامبەرە**[2406]

[.968] **chilli بیبەرە، بەس توون نەك شیرین**[2407]

**absorb دەمژێت**[2408]**، absorption (ئەبزۆرپشن) مژین**[2409]

---

[2402] Very small raindrops can take as long as seven minutes to reach the ground.

دڵۆپەی بارانی زۆر بچکوك دەکرێ حەوت خولەکی پێبچێت تا دەگاتە سەر زەوی.

[2403]فیتەس، هەروەها بە سپێلی foetusیش دەنوسرێت.

We know how fetuses grow.

دەزانین چۆن کۆرپە گەشەدەکات.

[2404] My mother stopped smoking when she became pregnant.

دایکم کاتێك بوو بە دوگیان، وازی لەجگەرەکێشان هێنا.

[2405]گاگڵ. وەك کار بەمانای "دەکات غەرغەرە" دێت. دەکات غەرغەرە= غەرغەرەدەکات.

غەرغەرە: تێراداان لەناو دەم.

Gargle with warm salt water.

غەرغەرە بە خوێیاوی گەرم بکە.

[2406]فریی. وەك ئاوەڵناو دوان لەدیارترین ماناکانی بێکارو بێبەرامبەرن. بێکار بەو مانایەی سەرقاڵ نیەو کاتی زۆرە.

بێبەرامبەر= خۆڕایی.

I’m free next week.

هەفتەی داهاتوو بێکارم.

Admission is free for children under 9.

چونەژوورەوە بۆ منداڵانی خوار تەمەن نۆ ساڵ بێبەرامبەرە.

[2407]چیلی. بەمانای بیبەری توون دێت. کۆیەکەی chilliesە. ئەم وشەیە لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە سپێلی chili دەنوسرێت کە بەمانای وڵاتی چیلیش دێت.

There are 140 varieties of chillies grown in Mexico alone.

تەنها لەوڵاتی مەکسیك 140 جۆر بیبەری توون بەرهەمدەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**969.** almost، close on، nearly تەقریبەن[2410]

approximately ئەپرۆکسیمەتلی[2411]، infrequent دەگمەن[2412]

---

[2408]ئەبسۆوب، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەبزۆوب گۆیدەکەن.

Plants absorb nutrients from the soil.

رووەك ماددەی خۆراکی لەخاکەوە دەمژێت.

[2409] Some poisonous gases can enter the body by absorption through the skin.

هەندێك گازی ژەهراوی دەکرێ بەهۆی مژین لەڕێگەی پێستەوە، بچێتە ناو جەستەوە.

[2410]ئۆڵمەوست، کلەوزۆن، نیەلی. هەرسێکیان بەمانای تەقریبەن دێن. تەقریبەن= (ع: تقریباً)= نزیکەی، دەوروبەری.

It was almost six o'clock when he left.

کاتێك رۆیشت، سەعات نزیکەی شەش بوو.

I think there are close on three million unemployed at present.

پێموایە لەئێستادا نزیکەی سێ ملیۆن بێکار هەیە.

Bana’s nearly twenty.

بانە نزیکەی بیست ساڵە. واتە تەمەنی نزیکەی بیست ساڵە.

[2411] ئەپرۆکسیمەتلی. واتە ئەمیش هەر بەمانای "نزیکەی" دێت.

If a child’s entire circulatory system, we’re talking veins, arteries, and capillaries, were laid out flat, it would stretch for more than 60,000 miles, according to the Franklin Institute. By the time we reach adulthood, our bodies have become home to approximately 100,000 miles of blood vessels.

ڕەنگە ئەم زانیارییە سەرسوڕهێنە، هێنی مولحیدە چاوگەشەکان بگۆڕێت (بیروباوەڕیان)!

بەپێی خۆمان بێ ئەگەر خوێنهێنەرو خوێنبەرو مولولەکانی خوێنی منداڵێك بخەینە سەر یەك، ئەوا درێژییەکەی دەکرێ بگاتە نزیکەی 97 هەزار کیلۆمەتر. کاتێکیش ئەم منداڵە دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو، درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی 161 هەزار کیلۆمەتر.

The plane will be landing in approximately 20 minutes.

فڕۆکەکە لەماوەی نزیکەی 20 خولەکدا دەنیشێتەوە.

Adults have approximately 1.2-1.5 gallons (or 10 units) of blood in their body. Blood is approximately 10% of an adult's weight.

هەر مرۆڤێکی پێگەیشتوو نزیکەی چوار لیترو نیو بۆ زیاتر لە پێنج لیترو نیو خوێن لەجەستەی شەریفیدایە. لەڕوی کێشیشەوە، خوێن نزیکەی لەسەدا 10ی کێشی لەشی پێکدەهێنێت.

The United States approximately has 175 species of mosquitos.

تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، نزیکەی 175 جۆر مێشولە هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

970. complete یوکەممیل، هەروەها تەواو[2413]

hurricane زریان، بەڵام لەسەر ئاو[2414]

971. tennis تێنسە[2415]، Ping-Pong هی سەرمێز[2416]

week هەفتە، weakیش لاوازو بێهێز[2417]

---

[2412] ئینفریکوەنت. واتە موورادیفی rareە.

Rain is infrequent in this hot, dry region of the world.

باران لەم ناوچە گەرم و وشکەی جیهاندا، دەگمەنە.

[2413]کەمپلیت، وەك کار بەمانای یوکەممیل و وەك ئاوەڵناو بەمانای تەواو دێت. یوکەممیل= (ع: یکمّل)= تەواودەکات.

All she needed to complete her happiness was a baby.

هەموو ئەوەی کە پێویستیبوو بۆ تەواوکردنی بەختەوەرییەکەی منداڵێك بوو.

I have complete confidence in her.

متمانەی تەواوم پێی هەیە.

[2414]هەریکەن، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هەریکەین گۆیدەکەن. بەمانای زریانێك دێت کە لەسەر ئاو روودەدات نەك هی وشکانی.

The hurricane is predicted to reach the coast tomorrow morning.

پێشبینیدەکرێت زریانەکە سبەی بەیانی بگاتە کەناراوەکە.

[2415]تێنیس. بەمانای یاریی تێنسی سەرزەوی دێت.

Approximately 87 million people play tennis around the world.

نزیکەی 87 ملیۆن کەس لەجیهاندا تێنس دەکەن.

[2416] پینگپۆنگ. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پینگ پانگ گۆیدەکەن. بەمانای یاریی تێنسی سەرمێز دێت نەك هی سەر زەوی.ئەم وشە لێکدراوە دەبێت سەرەتای هەردوو وشەکەی بە کاپیتڵ بنوسرێت. table tennisیشی پێدەووترێت.

I’m not a fan of Ping-Pong.

هەواداری تێنسی سەرمێز نیم.

[2417] وییك. ئەم دوو وشەیە بیلزەبت وەك یەك دەخوێنرێنەوەو لەڕوی پێکهاتەی حەرفەکانیشەوە تەنها پیتی سێیەمیان جیاوازە.

How many minutes are in a full week?

هەفتەیەکی تەواو لەچەند خولەك پێکدێت؟ 10080



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.972 **crest عورف، لوتکە[2418]، crust (کرەست)یش توێکڵ[2419]**

**seedling شەتلەیە، کەواتە شەتڵ[2420]**

.973 **starvation مردن، بەڵام لەبرسا[2421]**

---

Walking at a fast pace for three hours or more at least one time a week, can reduce your risk of heart disease by up to 65%.

ڕۆیشتن بە هەنگاوی خێرا، بۆ ماوەی سێ سەعات یان زیاتر، لانیکەم یەکجار لەهەفتەیەکدا، مەترسیی توشبونت بە نەخۆشیی دڵ بەڕێژەی نزیکەی لەسەدا 65، کەمدەکات.

He was a weak king.

ئەو پادشایەکی لاواز بوو.

Mosquitoes have a weak vision and they see better if their targets are wearing dark-colored clothes. It's harder for them to spot a person that wearing light-colored clothes.

ئەگەر جلوبەرگێکی ڕەنگتیرت لەبەردابوو و کتوپڕ مێشولەیەك هات و چزەی لێ هەستاندیت و دای بەسەری هینتەوە (قۆڵتەوە)، ئەو بەشێکی تاوانەکە خۆتی. چونکە مێشولە توانای بینینی لاوازە ئەگەر ئامانجەکەی جلوبەرگی ڕەنگتێری لەبەردابێت، باشتر دەیبینێت وەك لەڕەنگەکانی تر. بینینی کەسانێك کە جلی ڕەنگکراوەیان لەبەردابێت، کارێکی قورسە بۆ مێشولە.

The children were weak with hunger .

منداڵەکان بە برسێتی بێهێز بوون.

[2418]کرێست. وەك ناو بەمانای عورف و لوتکە دێت. عورف= (ع: عرف)= پۆپنە.

There, I saw some exotic birds with colourful crests

لەوێ هەندێك باڵندەی سەیری پۆپنەڕەنگاوڕەنگم بینی.

It took us over an hour to reach the crest of the hill.

گەیشتن بە لوتکەی گردەکە، زیاتر لەسەعاتێکمان دەبات.

[2419] The most abundant metal in the Earth's crust is aluminum.

زۆرترین کانزا لەتوێکڵی زەویدا ئەلەمنیۆمە.

[2420]سییدلینن. شەتلە= (ع: شَتْلَة)= شەتڵ.

Raise the seedlings in the garden.

شەتڵەکان لەباخچەکەدا گەورەبکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**equivalent (ئیکویڤەلەنت) هەڤتا، کەواتە هاوتا**[2422]

.974 **dinosaur (داینەسۆڕ) چیە؟ واتە دەیناسور**[2423]

**arctic زۆر ساردو هی قوتبی باکور**[2424]

.975 **vessel بۆرییە، گۆزەو سەفینە**[2425]

---

[2421]ستاڤەیشن. بەمانای "مردن لەبرسا" دێت.

20 million people face starvation unless a vast emergency aid programme is launched.

بیست ملیۆن کەس ڕووبەڕوی مردن لەبرسا دەبنەوە ئەگەر بەرنامەیەکی فراوانی کۆمەککردنی خێرا دەستپێنەکرێت.

[2422] Is $50 equivalent to about £30?

ئایا پەنجا دۆلار هاوتای نزیکەی 30 پاوەندە؟

Laughing 100 times is equivalent to 15 minutes of exercise on a stationary bicycle.

سەد جار پێکەنین هاوتای 15 خولەك وەرزشکردنی سەر پاسکیلی جێگیرە.

[2423] There are roughly 700 known species of extinct dinosaurs.

نزیکەی حەوت سەد جۆری ناسراوی دەیناسوری قڕکردوو هەیە.

[2424]ئارکتیك. ئاوەڵناوە بەمانای "زۆر سارد"و "هی قوتبی باکور" دێت. هی قوتبی باکور= هی جەمسەری باکور.

I don't bear arctic conditions.

من بەرگەی دۆخگەلی زۆر سارد ناگرم.

The arctic bear is a dangerous animal.

ورچی جەمسەری باکور گیاندارێکی مەترسیدارە.

[2425] ڤیسڵ. بەمانای بۆری و گۆزەو سەفینەش دێت. سەفینە= (ع: سفينة)= کەشتی.

Watermelons contain an ingredient called citrulline that can trigger production of a compound that helps relax the body's blood vessels, just like Viagra.

شوتی پێکهاتەیەکی تێدایە بەناوی سیترولین. ئەم پێکهاتەیە دەکرێ هانی بەرهەمهێنانی پێکهاتەیەك بدات کە یارمەتی خاوکردنەوەی بۆرییەکانی خوێن دەدات، واتە هەمان کاری ڤیاگرا دەکات.

The child broke the vessel.

منداڵەکە گۆزەکەی شکاند.

The corrupt businessman has several gigantic vessels.

خاوەنکارە گەندەڵەکە چەند کەشتییەکی زەبەلاحی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**kidnap** دەڕفێنێ[2426]، **hostage** ڕەهینە[2427]

[976]. **frail** (فرەیڵ) لەگەڵ **lean** (لیین) هەردوکیان لاواز[2428]

**(benefactor)**ە بەمانای خێرخواز[2429]

[977]. **powerful** (پاوەفڵ) بەهێز[2430]، **potent** کاریگەر[2431]

**diligent** ئاوەڵناو، مانای کۆشکەر[2432]

---

[2426]کیدناپ. دەڕفێنێ= دەڕفێنێت.

The wife of a businessman was kidnapped from her home in Slemani last night.

شەوی رابردوو ژنی خاوەنکارێك لەماڵەکەی خۆی لە سلێمانی، رفێنرا.

[2427]هۆستیج. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاستیج گۆیدەکەن. رەهینە= (ع: رهينة)= بارمتە.

While filming the movie "Entebbe," about a plane being hijacked, a plane was actually hijacked and landed at the airport. They filmed the real hostages being released and edited it into the movie.

لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی Entebbe کە باس لەڕفاندنی فڕۆکەیەك دەکات، هەر بەڕاستی فڕۆکەیەك رفێنراو لەهەمان ئەو فڕۆکەخانەیە نیشتەوە کە فیلمەکەی تێدا تەسویر دەکرا. هەر بۆیە ستافی فیلمەکە بارمتە راستەقینەکانیان لەکاتی ئازدکردندا وێنەگرت و مۆنتاژیان کرد بۆ فیلمەکە.

[2428] The country’s frail economy needs a powerful government.

ئابورییە لاوازەکەی وڵات، پێویستی بە حکومەتێکی بەهێز هەیە.

Her body is lean.

جەستەی لاوازە.

[2429]بێنیفاکتە"ر"، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بێنەفاکتە"ر"، گۆیدەکەن.

An anonymous benefactor donated $2 million to the project.

خێرخوازێکی نەناسراو دوو ملیۆن دۆلاری بەخشی بە پڕۆژەکە.

[2430] The president is more powerful than the prime minister.

سەرۆك زۆر لەسەرۆك وەزیران بەهێزترە.

[2431]پەوتنت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پەوتن گۆیدەکەن، واتە tیەکەی کۆتایی گۆناکەن.

This is a very potent drug against the disease.

ئەمە دەرمانێکی زۆر کاریگەرە لەدژی نەخۆشییەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.978 **introduce چیە؟ دەناسێنێ**[2433]

**(manufacture)ە بەرهەمدەهێنێ**[2434]

.979 **rage تووڕەییە**[2435]، **range زنجیرە**[2436]

**range تەباخیشە**[2437]، **resilient جیرە**[2438]

.980 **rocket هەم موشەك، هەم بەرزەبێتۆ**[2439]

---

[2432]دیلیجنت. ئاوەڵناوە بەمانای کۆشکەر دێت.

Soma is a very diligent student.

سۆما فێرخوازێکی زۆر کۆشکەرە.

[2433]ئینترەجووس، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئینترەدووس گۆیدەکەن.

She introduced me to some of her students.

منی بە هەندێك لەفێرخوازەکانی ناساند.

[2434]مانیەفاکچە"ر". بەرهەمدەهێنێ= بەرهەمدەهێنێت.

California manufactures a lot of grapes.

کالیفۆرنیا بڕێکی زۆر تری بەرهەمدەهێنێت.

[2435]ڕەیج

I was frightened because I had never seen him in such a rage before.

تۆقیم، لەبەرئەوەی پێشتر هەرگیز لەتووڕەییەکی لەو ئاستەدا نەمبینیوە.

[2436]ڕەینج

The drug is effective against a range of bacteria.

دەرمانەکە کاریگەرە لەدژی زنجیرەیەك بەکتریا.

[2437]واتە بەمانای تەباخیش دێت.

I bought a new range for the kitchen.

تەباخێکی نوێم بۆ چێشتخانەکە کڕی.

[2438]ریزیلیەنت

This rubber ball is very resilient.

ئەم تۆپە لاستیکییە زۆر جیرە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**institute مەعهەد[2440]، varsity زانکۆ[2441]**

**.981 dyspnea مانای هەناسەتوندی[2442]**

**association (ئەسەوسیەیشن) کۆمەڵەو پەیوەندی[2443]**

**.982 milestone چیە؟ واتە رێنیشان[2444]**

---

[2439]رۆکیت. موشەك= سارۆخ= رۆکێت. بەرزەبێتو= بەرزدەبێتەوە.

They launched a rocket to the planet Venus.

موشەکێکیان هەڵدا بۆ هەسارەی زوهرە.

Car sales rocketed from 180 to 2000 a year.

فرۆشەمەنیی ئۆتومبێل لە 180وە بۆ 2000 ئۆتومبێل بەرزبووەتەوە لەساڵێکدا.

[2440] ئینستیچووت، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئینستەتووت گۆیدەکەن. مەعهەد= پەیمانگا.

She has graduated from the Institute of Slemany.

ئەو لەپەیمانگای سلێمانی تەخەروجی کردووە.

[2441]ڤاسەتی. مواردیفی universityیە.

He is a member of the varsity soccer team.

ئەندامی تیپی تۆپی پێی زانکۆیە.

[2442]دیسپنیە. هەناسەتوندی= هەناسەتەنگی.

Some of the most common causes of acute dyspnea are: Heart attack, Heart failure, Pregnancy.

هەندێك لەباوترین هۆکارەکانی هەناسەتوندیی قورس بریتین لە: جەڵتەی دڵ، سستبونی دڵ، دوگیانی.

[2443] As chairman of the association, he held office for over 20 years.

وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە، بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ ئەو پۆستەی بەدەستەوە بوو.

His close association with PUK made a lot of problems for him.

پەیوەندیی نزیکی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە ژمارەیەکی زۆر کێشەی بۆ دروستکرد.

[2444]مایڵستەون. رێنیشان= نیشانی رێ: ئەو بەردەی لەنزیك رێگاکان دادەنرێت و تێیدا دوریی نێوان ئەو شوێنەو شوێنەکانی تری تێدا نوسراوە. هەر لەبریتانیا milepostیشی پێدەووترێت.

We found the village via the milestone easily.

لەرێگەی رێنیشانەکەوە گوندەکەمان بە ئاسانی دۆزییەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

criterion مانای پێودان[2445]

.983 minimal (مینیمڵ) چیە؟ کەمترینە[2446]

basin (بەیسن) واتە تەشت[2447]، ewer (یووە) مەسینە[2448]

.984 adopt چیە؟ دەگرێتەبەر[2449]

claw نینۆکە، بەس هی زیندەوەر[2450]

.985 conduct هەم رەفتار، هەم ئەنجامدەدا[2451]

---

[2445] کرایتیریەن. بێگومان مەخسەوی شەریفم لە (پێودان)، (پێودانگ)ە، بەڵام بەهۆی قافیەی شیعرەکەوە ناچاربوم پیتی کۆتاییەکەی لابەرم.جەمعەکەی criteriaیە.

The Health Service should not be judged by financial criteria alone.

نابێت خزمەتگوزاریی تەندروستی تەنها لەرێگەی پێودانگە داراییەکانەوە بریاری لەسەر بدرێت.

[2446] The chances of losing money are minimal.

هەلی لەدەستدانی پارەکە کەمترینە.

[2447] I need  a water basin.

پێویستم بە تەشتێکی ئاو هەیە.

[2448] I bought a large ewer.

مەسینەیەکی گەورەم کری.

[2449] ئەدۆپت. دەگرێتەبەر: جێبەجێدەکات.

I think it's time to adopt a different strategy in my dealings with him.

پێموایە کاتی ئەوە هاتووە کە لەمامەڵەکردنمدا لەگەڵی، ستراتیژێکی جیاواز بگرمەبەر.

[2450] کلۆو. بەمانای نینۆکی هەندێك زیندەوەر (گیاندارو باڵندەو مێروو) دێت.

House cats have 18 claws.

پشیلەی ماڵی 18 نینۆکی هەیە.


بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

penetrate دەبڕێ، لەگەڵ تێدەگا[2452]

[986]. must (مەست) پێویستە، لەگەڵ پێویستی[2453]

victor فائیزە، واتە سەرکەتی[2454]

[987]. fortnight دوو هەفتە، واتە ئوسبوعان[2455]

---

[2451]کەندەکت. دوان لەدیاترین ماناکانی "ڕەفتار"و "ئەنجامەدداا"ن. ئەنجامدەدا= ئەنجامدەدات. لەمانای دووەمیاندا موڕادیفی behaviourە.

Your conduct today was unacceptable.

ڕەفتاری ئەمڕۆت قابیلی قبوڵکردن نەبوو.

Is it really necessary to conduct experiments on animals?

ئایا بەڕاستی پێویستە تاقیکردنەوە لەسەر گیانداران ئەنجامبدرێت؟

[2452]پێنیترەیت. دەبڕێت: دەچێتەناوەوە، بەناویدا تێپەڕدەبێت. تێدەگا= تێدەگات.

Sunlight barely penetrates the dirty windows.

ڕوناکیی خۆر بەزەحمەت پەنجەرەی پیس دەبڕێت.

It's hard to penetrate her mind.

تێگەیاندنی مێشکی زۆر قورسە.

[2453] It's getting late. I must go.

درەنگدەبێت. پێویستە بڕۆم.

If you live in the country a car is a must.

ئەگەر لەشاردا بژیت، ئەوا ئۆتۆمبێل پێویستییەکە.

[2454]ڤیکتە"ر". فائیز= (ع: فائز)= سەرکەتی (بادینییە)= سەرکەوتوو= براوە.

The victor of the 1960 US presidential election was John F. Kennedy.

براوەی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی 1960ی ویلایەتە یەکگرتووەکان، جۆن ئێف کێنێدی بوو.

[2455]فۆرتنایت. دیارە لەدەستەواژەی fourteen nights (چواردە شەو)ەوە وەرگیراوە. ناوێکی بژێردراوە.

How much would it cost to hire a car for a fortnight?

بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێلێك بۆ ماوەی دوو هەفتە چەندی تێدەچێت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**player** ئەکتەرو لێدەر، یاریزان[2456]

[988]. **sock** لێدەدا، لەگەڵ گۆرەوی[2457]

**dialysis** غەسیل بەڵام کولوی[2458]

[989]. **frock** عەبا(ی قەشە)، لەگەڵ (عەزی)یە[2459]

---

[2456] پلەیە"ر". سیان لەدیارترین ماناکانی ئەکتەرو لێدەر (ئامێری لێدانی سی دی و کاسێت و هتد...)و یاریزانن. لەمانای یەکەمیاندا موراديفی actorە.

Her husband is a prominent player.

مێردەکەی ئەکتەرێکی دیارە.

My baby broke the new CD player.

منداڵەکەم سیدیلێدەرەکەی شکاند.

Would you rather be the worst player on a team that always wins or the best player on a team that always loses?

پێتباشە خراپترین یاریزانی تیپێك بیت کە هەمیشە دەباتەوە یان باشترین یاریزانی تیپێك بیت کە هەمیشە دەدۆڕێنێت؟

[2457]سۆك. وەك کار بەمانای (لێدەدا "بە بۆکس و بەتوندی نەك بە هێواشی")و وەك ناو بەمانای "گۆرەوی" دێت. لێدەدا= لێدەدات.

He socked her in the face.

بە توندی دای لەدەموچاوی.

Put on your shoes and socks.

پێڵاوو گۆرەوییەکانت لەپێبکە.

[2458] دایەلەسیس. بەمانای غەسیل کولوی دێت. غەسیل کولوی= (ع: الغسيل الكلوي)= غەسلی گورچیلە= شتنی گورچیلە= دەیلەزە.

Dialysis takes about four hours.

شتنی گورچیلە نزیکەی چوار سەعات دەخایەنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

واتە گرنگ نیە[2460] **It doesn’t matter**

.990 **disturbing** موزعیج[2461]، **naughty** (نۆتی)یە لاسار[2462]

**rosy** ئاوەڵناو، ئاڵ و پرشنگدار[2463]

.991 **pessimistic** سیفە، واتای رەشبینە[2464]

**majority** (مەجۆرەتی)یە مانای زۆرینە[2465]

---

[2459]فرۆك. عەبا(ی قەشە): جۆرە عەبایەکە کە هەندێك لە پیاوانی ئاینی مەسیحی لەبەریدەکەن.

The monk’s frock was very long.

عەبای راهیبەکە زۆر درێژ بوو.

She wore an attractive frock for the party.

عەزییەکی سەرنجڕاکێشی لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

[2460] ئت دەزنت ماتە"ر"

It doesn’t matter where you came from. All that matters is where you are going.

گرنگ نیە لەکوێوە هاتویت، هەموو ئەوەی کە گرنگە ئەوەیە کە بۆ کوێ دەڕۆیت.

[2461]دیستێبینن. موزعیج= (ع: مزعج)= بێزارکەر.

The programme contains scenes that may be disturbing to some viewers.

بەرنامەکە چەند دیمەنێك لەخۆدەگرێت کە رەنگە بەلای هەندێك بینەرەوە بێزارکەر بن.

[2462] Our boss treats us all like naughty children.

بەڕێوەبەرەکەمان وەك منداڵگەلی لاسار مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات.

[2463]رەوزی

Your rosy cheeks have maddened me.

کوڵمە ئاڵەکانت منی شێتکردووە.

Our future looks rosy.

داهاتومان پرشنگدار دیارە.

[2464]پێسیمیستیك. ئاوەڵناوە بەمانای رەشبین دێت.

The doctors are pessimistic about his chances of recovery.

پزیشکەکان سەبارەت بە هەلی چاکبونەوەی، رەشبینن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

992. melt توانەوە، ناوو فەرمانە[2466]

selflessly خۆنەویستانە[2467]

993. Let’s go (لێتس گەو) چیە؟ واتە باڕۆین[2468]

twig تێدەگا، وەك ناویش غوسەین[2469]

994. gown مانای رۆبە، لەگەڵ (عەزی)یە[2470]

---

[2465] The majority of the employees have university degrees.

زۆرینەی کارمەندەکان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە.

[2466] مێلْت. چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. مەبەستم لەم نیوە بەیتە ئەمەیە: وشەی melt بەمانای توانەوە دێت وەك ناو، وەك فەرمانیش بەکاردەهێنرێت کە بەمانای "دەتوێتەوە" دێت. بێگومان بەمانای "تواندنەوە"و "دەتوێنێتەوە"ش دێت.

The earth becomes black during the spring melt.

لەکاتی توانەوەی بەهاردا زەوی رەشدەبێت.

The ice cream will melt if we don't put it in the freezer soon.

ئەگەر خێرا ئایسکرێمەکە نەخەینە بەستەرەکەوە، دەتوێتەوە.

[2467] سێلْفلسلی. خۆنەویستانە: پێچەوانەی خۆپەرستانە.

Parrots will selflessly help each other.

توتی خۆنەویشتان یارمەتی یەکتر دەدەن.

[2468] Let’s go to the cinema.

با بڕۆین بۆ سینەما.

[2469] تویگ. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. وەك کار بەمانای "تێدەگا"و وەك ناو بەمانای "غوسەین" دێت.

تێدەگا= تێدەگات. غوسەین= (ع: غُصَیْن)= چیلکە.

It took ages before he twigged.

کاتێکی زۆری ویست تا تێگەیشت.

Puffins use twigs to scratch their bodies.

پەفن (جۆرە باڵندەیەکی کەناراوییە) چیلکە بەکاردەهێنێت بۆ خوراندنی جەستەی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**quite تاڕادەیەك، (بەتەواوی)یە[2471]**

[995]. **advantage (ئەدڤانتیج) سودە[2472]، dis خەیتە بانی دەبێتە عەکسی، زۆر بە ئاسانی[2473]**

[996]. **ticker سەعاتە، هەروەك heartیش دڵ[2474]**

---

[2470] گاون. بەمانای رۆب (ی مامۆستاو دادوەرو پارێزەرو نەخۆشخانە نەك هی حەمام)و عەزی دێت. لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی robe.

She wore a hospital gown and entered the room.

رۆبێکی نەخۆشخانەی لەبەرکردو چووە ژورەکە.

She gave her white silk gown to her sister.

عەزییە سپییە ئاوریشمییەکەی دا بە خوشکەکەی.

[2471] کوایت. لەمانای دووەمیاندا مورادیفی completelyیە.

The food in the cafeteria is quite good.

خواردنی کافتریاکە تاڕادەیەك باشە.

Are you quite sure you want to go?

ئایا بەتەواوی دڵنیایت کە دەتەوێت بڕۆیت؟

[2472] One of the many advantages of living in Slemany is that you can eat out at almost any time of day.

یەکێك لەسودەکانی ژیان لە سلێمانی ئەوەیە کە دەتوانیت لەزۆربەی هەرزۆری کاتەکاندا، خواردن لەدەرەوە بخۆیت.

[2473] واتە ئەگەر پێشگری dis بخەیتە سەر وشەی advantage دەبێتە disadvantage (دیسەدڤانتیج)و ماناکەشی دەبێتە عەکس (پێچەوانە)ی، واتە ماناکەی دەبێتە "زیان".

There are some disadvantages to marriage, you lose a lot of your freedom.

هاوسەرگیری هەندێك زیانی هەیە، زۆرێك لەئازادییەکانت لەدەست دەدەیت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**armpit، underarm هەردوو بنهەنگڵ**[2475]

[997]. **willow داربییە**[2476]، **beetیش چەوەندەر**[2477]

**poplar چنارە**[2478]، **pine (پاین)یش سنۆبەر**[2479]

---

[2474]تیکە"ر"، هاات. وشەی ticker بەمانای سەعات (ی دەستی نەك هی دیوار)و دڵیش دێت، بەڵام مانای دووەمیان نارِەسمییە. لەمانای یەکەمیاندا مورادیفی watchە.

He bought a nice ticker for his wife.

سەعاتێکی جوانی بۆ ژنەکەی کڕی.

You have an important place in my ticker.

تۆ جێگایەکی تایبەتت هەیە لەدڵمدا.

Your heart will beat about 115,000 times each day.

دڵت رۆژانە نزیکەی 115 هەزار جار لێدەدات.

[2475]ئامپیت، ئەندەرِاام. لەم مانایەدا مورادیفن. بنهەنگڵ= بنباڵ.

Armpit hair grows faster during the day than at night.

مووی بنباڵ لەرِۆژدا زیاتر گەشەدەکات وەك لەشەو.

There are more than 20 million bacteria in your underarms.

بنباڵەکانت زیاتر لە 20 ملیۆن بەکتریایان تێدایە.

[2476]ویلەو. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ویلەو گۆیدەکەن.

Rare types of willow can grow to the height of 70 feet.

جۆرە دەگمەنەکانی داربی دەکرێ هێندە گەورە ببن کە بەرزییەکەیان بگاتە 70 پێ (زیاتر لە 21 مەتر).

[2477]بییت، واتە عەینەن وشەی beat "لێدەدات" دەخوێنرێتەوە لەرِوی خوێندنەوەوە درۆزنیش لەیەکیان جیاناکاتەوە.

The biggest beet in the world was grown by a Dutchman. It weighed over 156 pounds.

گەورەترین چەوەندەر لەجیهاندا، لەلایەن پیاوێکی هۆڵەندییەوە گەورەکراوە. کێشەکەی 156 پاوەندی تێپەرِاندووە، واتە نزیکەی 71 کیلۆگرام.



بۆ کرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

998. ongoing (ئۆنگەوینن) چیە؟ واتە بەردەوام[2480]

butt قون[2481]، but (جگە لە)، هەم (تەنها)و (بەڵام)[2482]

999. contain بەمانای دەگرێ و تێدایە[2483]

---

[2478]پۆپلە"ر". بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پاپلە"ر" گۆیدەکەن. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی popular (جەماوەری)، تەنها پیتێکیان جیاوازە.

Size of poplar tree depends on the species. It can grow from 50 to 165 feet in height and reach 8 feet in diameter.

قەبارەی درەختی چنار بەپێی جۆرەکان جیاوازە. دەکرێ لەڕوی بەرزییەوە 50 تا 165 پێ گەورە ببێت و تیرەکەی بگاتە هەشت پێ (نزیکەی دوو مەترو نیو).

[2479] Kani Panka town contains many pines.

شارۆچکەی کانی پانکە ژمارەیەکی زۆر سنۆبەری لێیە.

[2480] No agreement has yet been reached and the negotiations are still ongoing.

گەیشتن بە هیچ رێکەوتنێك روینەداوەو هێشتا دانوستانەکان بەردەوامن.

[2481]بەت. لەڕاستیدا بۆیە لەبری قون نەمنوسی کۆم چونکە زانستیش وەك شەرع شەرمی بریوەو هەستیشمکرد قونەکە مانای پر بەپێستییەتی نەك کۆم. قون یەکێکە لەماناکانی butt نەك هەموویان.

You could see his butt through the hole in his trousers.

دەتتوانی لەڕێگەی ئەو کونەی لەپانتۆڵەکەیدا بوو، قونی ببینیت.

[2482]ئەمیش هەر بە "بەت" دەخوێنرێتەوە واتە هەردوو وشەی butt وbut هەرچەندە لەڕوی فۆرم و ماناوە جیاوازن، بەڵام وەك یەك دەخوێنرێنەوە. وەك لەم نیوەبەیتەکەشدا ئاماژەم پێداوە، but بەمانای "جگەلە"و "تەنها"و "بەڵام"یش دێت.

I had no choice but to accept the challenge.

جگە لە قبوڵکردنی ئالەنگاری (تەحەدی)یەکە، هیچ بژاردەیەکم نەبوو.

This is but one example of what can happen when things go badly wrong.

ئەمە تەنها یەك نمونەیە لەوەی دەکرێ روبدات لەکاتی زۆر خراپبونی شتەکان.

You stole my heart, but I'll let you keep it.

تۆ دڵت دزیوم، بەڵام دەیەڵم بۆ خۆت هەڵیگریت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

عەبائە، واتە عەبایە[2484] cloak

.1000 minute (مینیت) خولەکە[2485]، hour (ئاوە"ر")یش کاژێر[2486]

clock (کلۆك) لەگەڵ watch (ۆچ) هەردوو کاتژمێر[2487]

---

[2483]کەنتەین. بەمانای "دەگرێ" و "تێدایە" دێت.

دەگرێ= دەگرێت: جێگای تێدا دەبێتەوە.

How much liquid do you think this bottle contains?

پێتوایە ئەم بوتڵە، شلە چەند دەگرێت؟

Try to avoid foods which contain a lot of fat.

هەوڵبدە لەو خواردەمەنییانە دوربکەویتەوە کە چەوریيان زۆر تێدایە.

[2484]کلەوك، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کلۆوك گۆیدەکەن. سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی clock کە بەمانای کاتژمێر دێت، لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی پێشکۆتاییان جیاوازە. عەبائە= (ع: عَبَاءَة)= عەبا.

Most of the Kurdish women wear cloaks outside.

زۆربەی خانمانی کورد لەدەرەوە عەبا لەبەردەکەن.

[2485] خولەك= دەقیقە.

In the U.S. alone, someone is killed by a drunk driver every 45 minutes.

تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، هەموو 45 خولەکێك، کەسێك لەلایەن شۆفێری سەرخۆشەوە دەکوژرێت.

The world record for breath-holding underwater was achieved by Croatian Budimir Šobat on 27 March 2021, who held his breath for a total of 24 minutes and 37 seconds. On average, a human can hold their breath between 30-90 seconds.

تا ئێستا خاوەنی زۆرترین ماوەی هەناسەگرتن لەژێر ئاودا، ریکۆردی برادەرێکی کرواتییە بەناوی بودیمیر شۆبات کە لە 27-2-2021 توانی بۆ ماوەی 24 خولەك و 37 چرکەی ناسك، لەژێر ئاودا هەناسەی رابگرێت. ئەمە لەکاتێکدایە کە بە گشتی مرۆڤی ئیشقۆڕ دەتوانێت تەنها بۆ ماوەی 30 بۆ 90 خولەك هەناسەی رابگرێت.

[2486] سەرنجبدە کە پیتی hەکە بێدەنگە، واتە ناخوێنرێتەوە. کاژێر= سەعات.

To lose 1100 calories, which is about 1 kg of weight, you need to kiss for 9 hours 16 minutes straight.

بۆ ئەوەی هەزارو سەد کالۆری بسوتێنیت کە یەکسانە بە یەك کیلۆگرام کێش، پێویستە نۆ کاژێرو 16 خولەك لەسەر یەك، ماچبکەیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1001 **vagina و vulva و pussy واتە زێ**[2488]

**bear هەڵدەگرێ، ورچ، منالّی ئەبێ**[2489]

.1002 **he (هی) ئەوە بۆ (نێر)**[2490]**، she (شی) "ئەو"ە بۆ مێ**[2491]

---

[2487] هەردوکیان بەمانای کاتژمێر (سەعات) دێن، بەڵام یەکەمیان بەمانای کاتژمێری دیوارو دووەمیان بەمانای کاتژمێری دەستی دێت.

We need a clock for the kitchen.

پێویستمان بە کاتژمێرێکە بۆ چێشتخانەکە.

My watch seems to have stopped.

وا دیارە کاتژمێرەکەم وەستاوە.

[2488] ڤەجاینا، ڤەڵڤە، پوسی. هەرسێکیان بەمانای زێ دێن. زێ= قوز. ئەگەر قەزییەکە تۆزێك قوڵکەینەوە، ناسکەجیاوازییەك لەنێوان مانای ئەم سێ وشەیەدا هەیە. یەکەمیان زیاتر بەمانای بەشی ناوەوەی زێ دێت. دووەمیان زیاتر بەمانای بەشی دەرەوەی دێت. سێیەمیان وشەیەکی بازاڕییەو زیاتر لەکاتی جوێن و هێرشکردن و ئەو شتە خراپانەدا بەکاردەهێنرێت.

The vagina averages a 4.5 on the PH scale, similar to the acidity of a tomato.

پلەی ترشیی زێی ئاسایی خانمان بەپێودانگی پی ئێچ، چوار پلەو نیوە. واتە پلەی ترشییەکەی وەك هی تەماتە وایە.

Your vulva actually change in size and shape during arousal.

لەڕاستیدا، زێت لەکاتی وروژاندندا، قەبارەو شێوەی دەگۆڕێت.

The prostitutes showed their pussies to the customers publicly.

سۆزانییەکان بەئاشکرا زێیان پیشانی کڕیارەکان دا.

[2489] بێ"ر". وەك ناو بەمانای ورچ و وەك کار بەمانای (هەڵدەگرێ carry) و (منالّی ئەبێ) دێت. ئەم وشەیە وەك کار یەکێکە لەفەرمانە ناقیاسییەکان و ڕابردووەکەی bore.

هەڵدەگرێ= هەڵدەگرێت. منالّی ئەبێ= منداڵی دەبێت.

There's a shark in Greenland that eats polar bears and can live up to 200 years.

لە گرینلاند جۆرە قرشێك هەیە کە ورچی جەمسەری دەخوات و دەکرێ تەمەنی بگاتە 200 ساڵ.

Can you carry this gift to me?

دەتوانیت ئەم دیارییەم بۆ هەڵبگریت؟

She bore six daughters.

ئەو شەش منداڵی بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

without دەرەوە، هەروەها بەبێ[2492]

[1003.] larynx، voice box هەردوكیان گەروو[2493]

walnut واتە گوێز[2494]، acorn (ئەیكۆڕن)یش بەڕوو[2495]

---

[2490] Don't ask Zana, he won't know.

پرسیار لەزانا مەكە، ئەو نازانێت.

[2491] She used to say: “I kill everyone making you crying”, Now can she kill herself?!!!

ئەو هەمیشە دەیوت، هەركەسێك بتگریەنێت دەیكوژم. تۆ بڵێی ئێستا بتوانێت خۆی بكوژێت؟

[2492]وذاوت. بەمانای "دەرەوە" و "بەبێ"ش دێت. واتە لەمانای یەكەمیاندا، موڕادیفی outsideە.

The threat to security that came from without is very serious.

ئەو هەڕەشەیەی لەئاسایش كراوە كە لەدەرەوە هاتووە، زۆر مەترسیدارە.

Without you I am nothing, with you I am something, together we are everything.

بەبێ تۆ من هیچ نیم، لەگەڵ تۆدا من شتێكم، بەڵام هەردوكمان پێكەوە هەموو شتێكین.

[2493]لارینكس، ڤۆیس بۆكس. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا وشەی دووەمیان بە ڤۆیس باكس گۆدەكەن. هەردوكیان بەمانای گەردوو دێن.

گەروو: ئەو بەشەی قوڕگی شەریفت كە دەنگی تێدا بەرهەمدەهێنرێت.

وشەی larynx ناوی بژێردراوەو بەم دوو شێوەیە كۆدەكرێتەوە: larynges, larynxes.

Abdulla died of cancer of the larynx at Hiwa Hospital.

عەبدوڵا بەهۆی شێرپەنجەی گەرووەوە لەنەخۆشخانەی هیوا، گیانی لەدەستدا.

The voice box, is an organ in the neck of humans and animals.

گەروو ئەندامێكە دەكەوێتە گەردنی مرۆڤ گیاندارانەوە.

[2494]وۆلنەت. بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە واڵنەت گۆیدەكەن.

A man in Shaanxi, China, recently realized that the long-handled, blunt-ended object he'd been using for 25 years to crack walnuts was actually a live hand grenade.

لەهەرێمی شانشیی چین، بەدواییانە پیاوێك پاش 25 ساڵ لەبەكارهێنانی ئەو شتە دەسكدرێژە كۆتاكولەی بۆ شكاندنی گوێز بەكاریدەهێنا، بۆی دەركەوت كە لەڕاستیدا نارنجۆكێكی دەستیی نەتەقیوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1004 **way (وەی)و road (ڕەود)و route (ڕووت) هەرسێکیان ڕێیە**[2496]

**boar بەراز، بەڵام، نێرە نەك مێیە**[2497]

.1005 **baby منداڵ، شت، هەروەها بێچوو**[2498]

**quince (کوینس) بەهێیە**[2499]**، mulberry واتە توو**[2500]

---

[2495] Acorns have an impressive number of health benefits, including their ability to protect the heart, boost energy, improve digestion, and regulate blood sugar levels.

بەڕوو ژمارەیەکی بەرچاو سودی تەندروستی هەیە، لەوانە توانای پاراستنی دڵی هەیە، وزە زیاددەکات، هەرسکردن باشدەکات و ڕێژەی شەکر لەخوێندا، ڕێکدەخات.

[2496] وشەی سێیەمیان بە "راوت"یش دەخوێنرێتەوە. ڕێ= ڕێگا

Do you know the way to the restaurant?

تۆ ڕێگای چێشتخانەکە دەزانیت؟

Be careful when you cross a main road.

کاتێك ڕێگایەکی سەرەکی تێدەپەڕێنیت، وریابە.

The route is downhill.

ڕێگەکە لێژە.

[2497] بۆ"ر". بەمانای بەرازی نێر دێت. بەکوردی یەکانەشی پێدەووترێت.

The boar is a large animal.

بەرازی نێر ئاژەڵێکی گەورەیە.

[2498]بەیبی. سیان لەدیارترین ماناکانی منداڵ و شت و بێچوون. مانای دووەمیان نافەرمییە.

A female can give birth to about 35 babies in a lifetime.

بەگشتی ژن دەتوانێت بەدرێژایی ژیانی نزیکەی 35 منداڵی ببێت.

Babies are born with 300 bones.

منداڵ بە سێسەد ئێسکەوە لەدایکدەبن. واتە کاتێك لەدایکدەبێت، جەستەی سێسەد ئێسکی تێدایە.

This baby can reach speeds of 130 miles per hour.

ئەم شتە، خێراییەکەی دەگاتە 130 میل لەکاژێرێکدا.

The elephant carried its baby on the back.

فیلەکە بێچووەکەی لەسەر پشتی هەڵگرت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1006 duodenum (جووەدینەم) چیە؟ مانای دوانزەگرێ[2501]

scratch (سکڕاچ) دەخورێنێ، هەم دەڕوشێنێ[2502]

.1007 oak (ئەوك) داربەڕووە[2503]، gallnut (گۆڵنەت)یش مازوو[2504]

costa (کۆستە) لەگەڵ rib (ریب) هەردوو پەراسوو[2505]

---

[2499] The cooked fruit of the quince tree is delicious.

میوەی لێنراوی درەختی بەهێ بەچێژە.

[2500] مەڵبری، بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مەڵبێری گۆیدەکەن. مەخسەوی شەریفم لە توو لێرەدا ئەو میوە بەلەزەتەیە کە بە منالّی بەردمان دەگرتە درختەکەی یان لقەکانی درەختەکەمان دەلەراندەوە بۆ ئەوەی تووەکەی لێبکەوێتەوە خوارەوە.

There is a large mulberry tree in front of her house.

درەختێکی گەورەی توو لەبەردەم ماڵەکەیدایە.

[2501] برادەرانی ئەمەریکا بە دووەدینەم گۆیدەکەن. بەزیادکردنی s و هەروەها بەگۆرینی وشەکە duodenaش کۆدەکرێتەوە. دوانزەگرێ: یەکەم بەشی ریخۆڵەباریکەیە.

The duodenum is the shortest segment of the intestine and is about 23 to 28 cm long.

دوانزەگرێ کورتترین بەشی ریخۆڵەیەو درێژییەکەی نزیکەی 23 بۆ 28 سانتیمەتر دەبێت.

[2502] Azad yawned and scratched his leg.

ئازاد باوێشکیداو لاقی خوراند.

She ran at him and scratched his face.

بەدوایدا رایکردو دەموچاوی روشاند.

[2503] An oak lifespan can be up to 1,000 years.

سوری ژیانی داربەڕوو دەکرێ بگاتە نزیکەی هەزار ساڵ.

[2504] Gallnuts are used in the treatment of dental caries, and wound healing.

مازوو لەچارەسەرکردنی کلۆربونی ددان و چاکبونەوەی برینیدا بەکاردەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1008 **bare (بێیە) واتە زۆر، هەروەها رووتە**[2506]

**little finger (لیتڵ فینگە"ر")ە پەنجە، هی تونە**[2507]

.1009 **rapier شمشێرە، هی دوو لێوارە**[2508]

**illiterate (ئیلیترەت) مانای نەخوێندەوارە**[2509]

.1010 **tear دەدڕێ، دەمعەش**[2510]**، tore دڕی**[2511]

---

[2505] وشەی دووەمیان چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. وشەی یەکەمیان بە زیادکردنی e کۆدەکرێتەوە: costae

The animal has many costae.

گیاندارەکە چەندین پەراسووی هەیە.

Your body has 12 pairs of ribs.

جەستەت 12 جوت پەراسووی تێدایە.

[2506] وەك ئاوەڵفەرمان بەمانای زۆرو وەك ئاوەڵناو بەمانای رووت دێت.

His dad’s got bare money.

باوکی، پارەی زۆری دەسکەوتووە.

He was bare from the waist up.

ئەو لەسەروو کەلەکەیەوە روت بوو.

[2507] بەمانای پەنجەتوتەی دەست دێت.

Without your little finger, you lose about 50% of your hand strength.

بەبێ پەنجەتوتەت، نزیکەی لەسەدا 50ی هێزی دەستت لەدەستدەدەیت.

[2508] رەپییە"ر". شمشێری دوو لێوار واتە ئەو شمشێرەی هەردوو لێوارەکەی تیژە.

Using the rapier isn’t easy.

بەکارهێنانی شمشێری دوولێوار ئاسان نیە.

[2509] In 1910, 7.7% of Americans said that they couldn't read or write, a sharp decline from 1870, when 20% said they were illiterate.

لەساڵی 1910، لەسەدا 7.7ی ئەمەریکییەکان دەیانوت خوێندەوارییان نیە. ئەمەش پاشەکشەیەکی زۆر بووە لەساڵی 1870ەوە، کە تێیدا لەسەدا 20یان وتویانە نەخوێندەوارن.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**knife واتە چەقۆ**[2512]**، cut دەبڕێ و بڕی**[2513]

[1011]. **blade (بلەید) واتە دەم، هەروەها شیرە**[2514]

**archer (ئاچە) تیرهاوێژ**[2515]**، مانای dart (دات) تیرە**[2516]

---

[2510]وەك كار بەمانای دەدڕێ دێت و بە (تێیە"ر") دەخوێنرێتەوە، بەڵام وەك ناو بەمانای دەمعە دێت و (تیە"ر") دەخوێنرێتەوە. دەدڕێ= دەدڕێت. دەمعە= (دمعة)= فرمێسك.

The knife tears shirts.

چەقۆ كراس دەدڕێت.

Did you notice the tears in his eyes when he talked about her late mother?

ئایا سەرنجی فرمێسكت دا لەچاوەكانیدا كاتێك سەبارەت بە دایكە تازەكۆچكردووەكەی قسەی كرد؟

[2511] تۆو"ر". واتە رابردوی tear.

The child tore my shirt.

منداڵەكە كراسەكەمی دڕی.

[2512] نایف. پیتی k یەكە ناخوێنرێتەوە.كۆكەی knives.

The knife is a dangerous tool.

چەقۆ ئامێرێكی مەترسیدارە.

[2513] كەت. بەمانای بڕی و دەبڕێ و براویش دێت. واتە یەكێكە لەكارە نائاساییەكان لەڕوی شێوگی رابردوو و رانەبردووەوە. دەبڕێ= دەبڕێت.

This knife doesn't cut very well.

ئەم چەقۆیە باش نابڕێت.

The sharp knife cut my hand.

چەقۆ تیژەكە دەستمی بڕی.

[2514]بەمانای دەم (ی شمشێرو چەقۆو هتد..)و شیریش. شیر= شمشێر.

The blade of the knife was very sharp.

دەمی چەقۆكە زۆر تیژ بوو.

I can’t fight with your blade.

ناتوانم بە شمشێرەكەی تۆ شەڕبكەم.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## .1012 wound (ووند) و injury (ئینجری) هەردوکیان برین[2517]

## sky (سکای) ئاسمانە[2518]، earth (ئێیث) واتە زەمین[2519]

---

2515 My grandfather was a skilled archer.

باپیرم تیرهاوێژێکی کارامە بوو.

2516 Karzan threw his dart and hit the bull's-eye.

کارزان تیرەکەی هاویشت و دای لەچاوی گایەکە.

2517 Her death made a deep wound in my heart.

مردنی ئەو، برینێکی قوڵی لەدڵمدا دروستکرد.

His injury wasn't serious.

برینەکەی زۆر مەترسیدار نەبوو.

2518 We all live under the same sky, but we don't all have the same horizon.

هەموومان لەژێر هەمان ئاسماندا دەژین بەڵام هەموومان هەمان ئاسۆمان نیە.

Father builds touching tombstone in memory of his disabled 11-year-old son.
Ernest and Anneke Robinson gave birth to their disabled son Matthew in 1988 and he died 10 years later.
A beautiful tombstone built in 2000 in his memory shows Matthew in a wheelchair standing up and reaching for the sky.
The Robinsons also established a non-profit organization called Ability Found to help disabled people get the equipment they need to function.

باوکێك لەساڵیادی مەرگی منداڵە تەمەن 11 ساڵە کەمئەندامەکەیدا ئەم کێلە ناخهەژێنەی بۆ دروستدەکات.
ئەم منداڵە کە ناوی ماسیۆیە، لەساڵی 1988 بە کەمئەندامی لەدایك بووەو دە ساڵ دواتر گیانی لەدەستداوە.
باوکی لەساڵی 2000، وەك یادەوەرییەك بۆ ئەو کورەی کە هەموو تەمەنی لەسەر کورسی گەڕۆك بەسەربردووە، ئەم کێلە کاریگەرەی بۆ دروستکردووە کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی دواجار لەکورسییەکەی رزگاری بووەو رۆشتووە بەرەو ئاسمان .
لەمەش زیاتر ئەوەیە کە ئەم تراژیدیایە وای لەدایك و باوکی ئەم جوانەمەرگە کردووە رێکخراوێکی قازانجنەویست بەناوی "توانا"وە دابمەزرێنن کە یارمەتی کەسانی کەمئەندام دەدات ئەو کەلوپەلانەیان دەستبکەوێت کە پێویستیانە بۆ ژیان.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[2519]زەمین=زەوی

The spaceship returned to earth.

کەشتییە ئاسمانییەکە گەڕایەوە بۆ زەوی.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1013** **blood (بلەد) مانای دەم، بەکوردی خوێنە**[2520]

**eye (ئای) بە واتای چاو**[2521]**، iris (ئایرس) رەنگینە**[2522]

---

[2520] There are 2.5 trillion (give or take) of red blood cells in your body at any moment.

لەهەر کاتێکدا بیگری (تەبعەن بیلامانێ!) ژمارەی خڕۆکە سورەکانی جەستەی شەریفت نزیکەی دوو ترلیۆن و 500 ملیار خڕۆکە دەبن .

ئەگەر سیقەش کزە سەبارەت بە ژمارەکە ئەوا دەتوانیت بیژمێریت لۆ دڵنیابون!

Bananas strengthen bones, lowers blood pressure.

مۆز ئێسك بەهێزدەکات و فشاری خوێن دادەبەزێنێت.

On average, a man has 6.5 litres of blood in their bodies, while women have 5 litres.

بەگشتی جەستەی پیاوی ئیشقوڕ شەش لیترو نیو خوێنی تێدایە، بەڵام هی ژن پێنج لیتری تێدایە.

Our blood is on a 60000 mile per day.

خوێن لەجەستەماندا رۆژانە نزیکەی سەد هەزار کیلۆمەتر دەبڕێت.

[2521] عەینەن وشەی I دەخوێنرێتەوە کە بەمانای "من" دێت.

The cornea is the clear part of the eye that covers the pupil and other parts of the eye. Cartilage and the cornea are the only types tissue in the human body that do not contain blood vessels, according to scientists at the Harvard Department of Ophthalmology's Schepens Eye Research Institute.

تۆش وەك برام وای، کۆرنیە بریتییە لەو بەشە رونەی چاو کە بیلبیلەو چەند بەشێکی تری چاو دادەپۆشێت. کرکراگەی گوێ و کۆرنیە تەنها دوو بەشی جەستەی مرۆڤن کە بۆریی خوێنیان تێدا نیە. سەرجەم بەشەکانی تر تێیاندایە.

A fingerprint has 40 unique characteristics, our eyes have 256. This is why retina scans are being used more for security purposes.

جێپەنجەی شەریفت 40 تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە، لەکاتێکدا چاوت 256ی هەیە. هەر بۆیە بۆ مەبەستی ئەمنی، سکانی تۆرنیەی چاو لەپەنجەمۆر زیاتر بەکاردەهێنرێت.

Eyes were believed to have first formed 550 million years ago in animals.

پسپۆڕان لەو بڕوایەدان کە چاو لەگیانداراندا، بۆ یەکەمینجار نزیکەی 550 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر دروستبووە.

Sakar has black hair and brown eyes.

ساکار قژی رەش و چاوی قاوەییە.

On average, your eyes blink around 20 times per minute, which adds up to over ten million blinks in a year.

بەگشتی هەموو خولەکێك نزیکەی 20 جار چاو دەتروکێنیت، ئەمەش دەکاتە زیاتر لە 10 ملیۆن چاوتروکاندن لەهەر ساڵێکدا. ئەگەر بڕواش ناکەیت بیژمێرە!

[2522]بەمانای رەنگینەی چاو دێت.

When you say someone is blue-eyed, you are referring to the color of their irises.

کاتێك دەڵێیت کەسێك چاوی شینە، ئاماژە بۆ رەنگی رەنگینەکانی دەکەیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1014. **grain (گرەین) هەم دەنك، هەم دانەوێڵە**[2523]

**deaf (دێف) بەمانای کەڕ**[2524]**، cross-eyed (کرۆسساید) خێلە**[2525]

1015. **saliva (سەلایڤە) لیکە**[2526]**، tooth (تووث) مانای ددان**[2527]

**pointer finger (پۆینتە فینگە) پەنجەی شایەتومان**[2528]

1016. **prayer (پرێیە) واتە نوێژ، هەروەها نوێژکەر**[2529]

---

[2523] A grain of sand entered my left ear.

دەنکێك لم چووە گوێچکەی چەپمەوە.

Last year's grain harvest was the biggest ever.

بەرهەمی دانەوێڵەی ساڵی رابردوو زۆرترین بوو بە بەراورد بە هەر کاتێکی تر.

[2524] تەبعەن وشەی نابیست جوانترە لەبری کەڕ بەڵام لەبەر زەروراتی شیعری واتە لەبەر قافیەی شیعرەکە کەڕم بەکارهێنا.

Many deaf people learn to lip read.

زۆر کەسی نابیست فێری خوێندنەوەی لێو دەبن. واتە بە سەرنجدانی لێوی شەریفت دەزانن چ دەفەرمویت!!!

[2525] One of my friends is cross-eyed.

یەکێك لەهاوڕێکانم خێلە.

[2526] During your lifetime, you will produce enough saliva to fill two swimming pools.

بەدرێژایی ژیانت، هێندە لیك دروستدەکەیت کە بەشی پڕکردنی دوو حەوزی مەلەکردن دەکات.

[2527].A single elephant tooth can weigh as much as 9 pounds.

کێشی تەنها یەك ددانی فیل، دەکرێ نۆ پاوەند (زیاتر لەچوار کیلۆگرام) بێت.

[2528]پەنجەی شایەتومان= (ع: سبابة).

The muslims move their right pointer fingers while praying.

موسڵمانان لەکاتی نوێژکردندا پەنجەی شایەتومانیان دەجوڵێنن.

[2529] نوێژکەر= نوێژخوێن.

Did you do evening prayer?

نوێژی ئێوارەت کرد؟

An old prayer died during praying.

نوێژخوێنێکی بەتەمەن لەکاتی نوێژکردندا گیانی لەدەستدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**asleep (ئەسلیپ) خەوتووە[2530]، awake (ئەوەیك) بەخەبەر[2531]**

[1017] **lash (لاش)، eyelash (ئایلاش) برژانگ، واتە (مژۆڵ)ە[2532]**

**epiglottis (ئێپیگلۆتیس)ە زمانبچکۆلە[2533]**

[1018] **yours (یۆوز) {هی ئێوە}یە، هەروەها {هی تۆ}[2534]**

**external (ئیکستێینڵ)و outer (ئاوتە) هی دەرۆ[2535]**

---

[2530] I didn’t hear the phone, I was asleep.

گوێم لەتەلەفۆنەکە نەبوو، خەوتوو بوم. واتە خەوتبوم.

[2531] I drink a lot of coffee to keep me awake.

قاوە زۆر دەخۆمەوە، بۆ ئەوەی بە بەخەبەری بمهێڵێتەوە. واتە بۆ ئەوەی خەوم لێنەکەوێت.

[2532] هەردوکیان لەم مانایەدا موراديفن و بەمانای برژانگ دێن.

Eyelashes have many benifits.

برژانگ چەندین سودی هەیە.

There's a big difference between your upper and lower lashes.

جیاوازییەکی گەورە لەنێوان برژانگی سەرەوەو خوارەوەتدا هەیە.

[2533] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئێپەگلادیس گۆیدەکەن. بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "زمان بچکۆلە"، زمانەبچۆکەلەیە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە بزوێنی نێوان "زمان" و "بچکۆلە"کە بەر جادە کەوتووە.

The epiglottis is a small organ.

زمانەبچکۆلە ئەندامێکی بچوکە.

[2534] بەمانای "هی ئێوە"و "هی تۆ"ش دێت بەپێی سیاقی رستەکە.

Our tent's smaller than yours

چادرەکەی ئێمە لە هی ئێوە بچوکترە.

Is this pen yours?

ئەم قەڵەمە هی تۆیە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1019** **optic nerve (ئۆپتیك نێیڤ) مانای چاوەدەمارە**[2536]

**proper (پرۆپە) گونجاوە، واتە لەبارە**[2537]

**.1020** **aorta (ئەیۆۆتە) چیە؟ مانای شاخوێنبەر**[2538]

**kidney (کیدنی) گورچیلە**[2539]**، liver (لیڤە"ر")یش جگەر**[2540]

**.1021** **auricle (ئۆۆریکڵ) چیە؟ گوێچکەڵە(ی دڵ)ە**[2541]

---

[2535] لەم مانایەدا موراديفن. هی دەرۆ= هی دەرەوە.

The external walls of the house are very attractive.

دیوارەکانی دەرەوەی خانووەکە زۆر سەرنجڕاکێشن.

They live on the outer edge of the city.

ئەوان لەدیوی دەرەوەی شارەکەدا دەژین.

[2536] چاوەدەمار= دەرماری چاو= بینینەدەمار= دەماری بینین.

There are many optic nerves in the eye.

چاو ژمارەیەکی زۆر دەمارەبینینی تێدایە.

[2537]بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پرااپە گۆیدەکەن. لەم مانایەدا موراديفی suitableە.

A donkey is capable of hearing another donkey bray from a distance of 60 miles in proper desert conditions. This is possible because of their large ears.

کەر لەبارودۆخی گونجاوی بیاباندا، دەتوانێت سەرەی کەرێکی تر لەدوریی نزیکەی سەد کیلۆمەترەوە ببیستێت. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە گوێیان زۆر گەورەیە.

[2538] شاخوێنبەر: گەورەترین بۆریی سەرەکیی خوێنبەر لەجەستەدا کە خوێن لەدڵەوە دەبات بۆ بەشەکانی تری جەستە.

The aorta is the largest artery in the body.

شاخوێنبەر گەورەترین خوێنبەرە لەجەستەدا.

[2539] The kidney plays a vital role in the removal of waste products from the blood.

گورچیلە رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لەلابردنی بەرهەمە پاشەڕۆییەکان لەناو خوێندا.

[2540] If you eat a polar bears liver you will probably die. It contains more vitamin A than the human body can tolerate.

ئەگەر جگەری ورچی جەمسەری بخۆیت، ئەوا ئەگەری زۆرە بمریت، چونکێکوم هێندە ڤیتامین ئەی زۆر تێدایە کە لەشی مرۆڤ ناتوانێت بەرگەی بگرێت.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

ventricle (ڤێنتریکڵ) بوتەین[2542]، spleen (سپلیین)یش (سپڵ)ە[2543]

.1022 urethra (یوریثرە)چیە؟ واتە میزەڕۆ[2544]

brow (براو)، eyebrow (ئايبراو) هەردوکیان برۆ[2545]

.1023 break (برەیك) ناوبڕە، دەشكێ و دەشكێنێ[2546]

---

[2541] There's a problem in his auricle.

گوێچکەڵەی کێشەیەکی تێدایە.

[2542] بوتەین= (ع: بُطَيْن)= سکۆڵە. مەخسەوی شەریفم لە سکۆڵە، سکۆڵەی دڵە بێگومان.

His left ventricle doesn't work well.

سکۆڵەی چەپی، بەباشی کارناکات.

[2543]سپڵ: ئەندامێکی گرنگی جەستەیە.

The spleen cleans the blood.

سپڵ خوێن پاکدەکاتەوە.

[2544]بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: زیادکردنی s، هەروەها بەزیادکردنی e.

The female urethra is only about 1.5 inches long, while male urethras are 7 to 8 inches long.

درێژیی میزەڕۆی ژن تەنها نزیکەی یەك ئینج و نیوە، بەڵام هی پیاو حەوت بۆ هەشت ئینج دەبێت.

[2545] The average person has about 250 hairs per brow.

بەگشتی هەر برۆیەکی مرۆڤ نزیکەی 250 تاڵەمووی پێوەیە.

Eyebrows are crucial for facial recognition.

برۆ بۆ ناسینەوەی دەموچاو گرنگە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

marry (ماری) شودەکا، یا ژندەهێنێ[2547]

[1024.] cerebrum (سەریبرەم) مۆخە[2548]، brain (برەین)یش دەماخ[2549]

photocopier (فەوتەوکۆپیە) جیازی ئیستنساخ[2550]

---

[2546] برەیك. وەك ناو بەمانای ناوبڕو وەك فەرمان بەمانای دەشکێ و دەشکێنێتیش دێت. رابردووەکەی broke.

ناوبڕ= پشوی کورت: بۆ نمونە ناوبڕی ناو بەرنامەی کەناڵەکان هتد...

I'll make us a cup of tea in the next break.

لەناوبڕی داهاتودا کوپێك چا بۆ خۆمان دروستدەکەین.

The vase fell on the floor and broke.

ئینجانەکە کەوتە سەر زەوی و شکا.

Boys will break your heart. Men will pick up the pieces.

کوڕان دڵت دەشکێنن و پیاوان پارچەکانی کۆدەکەنەوە.

[2547]ماری. بەڵام لای برادەرانی زۆنی زەرد بە "مێری" دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە بەمانای شودەکات و ژندەهێنێت دێت واتە فەرمانەو بەمانای "هاوسەرگیری دەکات" دێت.

بەوردی سەرنجی بەکارهێنانی ئەم وشەیە بدە لەم رستانەی خوارەوەدا:

If you are afraid of loneliness, don’t marry.”- Chekov

ئەگەر لەتەنیایی دەترسیت، هاوسەرگیری مەکە.

Is it better for a woman to marry a man who loves her than a man she loves.

بۆ ژن باشتر وایە کە شوو بە پیاوێك بکات کە خۆشی دەوێ نەك ئەو پیاوەی ئەم خۆش دەوێ .

He never married.

ئەو، هەرگیز ژنی نەهێنا.

[2548]بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: زیادکردنی ئێس و گۆڕینی وشەکەش بۆ cerebra کۆدەکرێتەوە.

The biggest part of the brain is the cerebrum, which makes up 85% of the brain's weight.

گەورەترین بەشی دەماخ مۆخە کە لەسەدا 85ی کێشی دەماخ پێکدەهێنێت.

[2549] A woman's brain shrinks during pregnancy.

دەماخی ژن لەکاتی دوگیانیدا، دەچێتەوەیەك.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1025. **nerve cell (نێیڤ سێڵ)، neuron (نیەرۆن) دەمارەخانە**[2551]

**gall bladder (گۆڵبلادە) زراو**[2552]**، bladder (بلادە) مەسانە**[2553]

1026. **clitoris (کلیتەریس) بەزر، واتە قیتکەی ژن**[2554]

**sole (سەوڵ) تەنهایە، لەگەڵ بنی پێ**[2555]

---

[2550] جیازی ئیستنساخ= (ع: جهاز الاستنساخ)= ئامێری فۆتۆکۆپیکردن= ئامێری لەبەرگرتنەوە.

I have a photocopier in my office.

لەنوسینگەکەم ئامێرێکی لەبەرگرتنەوەم هەیە.

[2551] هەردوکیان بەمانای دەمارەخانە دێن. وشەی دووەمیان لەشێوەزاری برتانیدا بە neuroneیش دەنوسرێت.

There are about 13.5 million nerve cells in the human spinal cord.

درکەپەتکی مرۆڤ نزیکەی 13 ملیۆن و 500 هەزار دەمارەخانەی تێدایە.

Average number of neurons in the human brain is 100 billion.

بەگشتی ژمارەی دەمارەخانەکان لەدەماخی مرۆڤدا سەد ملیارە.

[2552] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گاڵبلادە گۆیدەکەن.

She had an operation to remove a stone from her gall bladder.

ئەو نەشتەرگەرییەکی کرد بۆ لابردنی بەردێك لە زراویدا.

[2553] . مەسانە= (ع: مثانة)= میزەڵدان.

Air pollution causes lung cancer and is also linked to an increased risk for bladder cancer.

پیسبونی هەوا دەبێتەهۆی شێرپەنجەی سی، هەروەها پەیوەندی بە زیادبونی مەترسیی توشبون بە شێرپەنجەی میزەڵدانیشەوە، هەیە.

[2554] . بەزر= (ع: بظر)= قیتکەی ژن: ئەو بەشەی زێی خانمانە کە بە دەستلێدانی دەورووژێت.

A woman’s clitoris grows throughout her lifetime. This means that many women in their forties and fifties have stronger orgasms than they did during their teens and twenties.

قیتکەی زێی خانمان بەدرێژایی ژیانی، لەگەشەکردن ناوەستێت. ئەمەش مانای وایە کە زۆرێك لەخانمان لەتەمەنی چل و پەنجا ساڵیدا ئۆرگازمێکی بەهێزتریان دەبێت وەك لەتەمەنی هەرزەکاری و بیست ساڵیدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1027** **sclera (سكليەرە) مانای سپێنەی چاوە**[2556]

**cholecystitis (كۆلەسستایتەس) هەوی زراوە**[2557]

**.1028** **tortoise (تۆۆتەس)و turtle (تێتڵ) هەردوكیان كیسەڵ**[2558]

**hyena (هایینە) كەمتیار**[2559]**، jackal (جاكڵ)یش چەقەڵ**[2560]

---

[2555] دوان لەدیارترین ماناكانی "تەنها"و "بنی پێ"ن.

The sole survivor of the accident was found in the water after six hours.

تەنها رزگاربوی روداوەكە، پاش شەش سەعات، لەناو ئاودا دۆزرایەوە.

Your soles contain more sweat glands and sensory nerve endings than any other part of the body.

بنی پێیەكانت لەهەر بەشێكی تری جەستە، رژێنی عارەق و كۆتایی هەستەدەماری زیاتر تێدایە.

One could say that mosquitoes take a hedonistic approach in life: their sole purpose is to feed and mate. As soon as mosquitoes emerge from their pupa, they can mate within the first few days. Females lay their eggs at night and have sex every 3 nights, up to 3 times. Female mosquitoes can deliver up to 500 eggs in their lifetime.

ئیمانم نەچێ رەنگە ئەگەر بڵێین ژیانی مێشولە وەك ژیانی كورێكی خوێری وایە، ئەوا بە هەڵەدا نەچوبین. بۆ؟ چونكێكوم وا دیارە تەنها ئامانجی ئەم جۆرە مێرووە، خواردن و سێكسە. مێشولە هەر كە لەقازوخەكەی دێتە دەرەوە، لەماوەی چەند رۆژێكی كەمدا دەتوانێت سێكس بكات. مێیینەكانیان لەشەودا هێلكە دادەنێن و هەموو سێ شەوێك نزیكەی سێ جار سێكسدەكەن. مێیینە لەماوەی ژیانیدا نزیكەی پێنج سەد هێلكە دادەنێت.

[2556] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە سكلێرە گۆیدەكەن.

The sclera functions as the supporting wall of the eyeball.

سپێنەی چاو وەك دیوارێكی پاڵپشت بۆ گلێنەی چاو، كاردەكات.

[2557] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە هەوی زراو، هەوكردنی زراوە.

Doctors treat cholecystitis by doing surgery to take out your gallbladder.

پزیشكان لەرێگەی ئەنجامدانی نەشتەرگەریی لابردنی زراوەوە چارەسەری هەوكردنی زراو دەكەن.

[2558] Baby tortoises are a favorite food for many other species.

بێچوی كیسەڵ خۆراكێكی دڵخوازە بۆ زۆرێك لەجۆرەكانی تری زیندەوەران.

Turtles have existed for around 215 million years.

نزیكەی 215 ملیۆن ساڵە، كیسەڵ هەیە.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**.1029** **enigma (ئینیگما)و riddle (ریدڵ) هەردوو مەتەڵە[2561]**

**stream (ستریم) جۆگەیە[2562]، rivulet (ریڤیەلەت) جۆگەلە[2563]**

**.1030** **smallpox (سمۆڵپۆکس) ئاوڵە[2564]، jaundice (جۆندیس)یش یەرقان[2565]**

**abdomen (ئابدەمن) سکە[2566]، ovary (ئەوڤری) هێلکەدان[2567]**

---

[2559] It was as easy as killing a hyena.

وەك کوشتنی کەمتیار ئاسان بوو.

Theodore Roosevelt had a pet hyena, Its name was Bill, and it was a present from the Ethiopian emperor. Roosevelt was famous for his many pets, including a one-legged rooster, a badger, a pony, and a small bear.

دیارە تیۆدۆر روزڤڵت کە یەکێکە لەدیارترین سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆر بەتاڵ بووە. ئەم برادەرە کەمتیارێکی ماڵی هەبوو کە ناوی بیڵ بوو. ئیمپراتۆری ئەسیوپیا بە دیاری پێشکەشی کردبوو.

رەحمەتی بەوە بەناوبانگ بوو کە ژمارەیەکی زۆر زیندەوەری ماڵی هەبوو، لەوانە کەڵەشێرێکی یەکقاچ، چاڵگێك، ماینێکی قەزەم و ورچێکی بچوك.

[2560] On his journey, he was accompanied by a jackal.

لەگەشتەکەیدا چەقەڵێك یاوەری بوو.

[2561] He is an enigma to most people.

ئەو بۆ زۆربەی خەڵك مەتەڵێکە. واتە رون نیە.

Scientists may have solved the riddle of Saturn's rings.

زانایان رەنگە مەتەڵی ئەڵقەکانی زوحەلیان حەلکردبێت.

[2562] With one leap he crossed the stream.

بە یەك باز، لەجۆگەکە پەڕییەوە.

[2563] The snow began to melt and made several small rivulets.

بەفرەکە دەستیکرد بە توانەوە و چەند جۆگەلەیەکی بچوکی دروستکرد.

[2564] Smallpox was the first disease to be eliminated from the world through public health efforts and vaccination.

ئاوڵە یەکەم نەخۆشییە کە لەڕێگەی هەوڵگەلی گشتیی تەندروستی و کوتانەوە، لەجیهاندا لەناوبراوە.

[2565] یەرقان= (ع: یرقان)= زەردویی.

In breastfed babies, it is common for jaundice to last 1 month or occasionally longer.

بەگشتی زەردویی لەو منداڵە شیرەخۆرانەی شیری دایکیان پێدەدرێت، تا یەك مانگ، هەندێ جاریش زیاتر، بەردەوام دەبێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1031. **head (هێد) مانای سەرۆك، دێش بەمانای سەر**[2568]

**liver failure (لیڤە فەیلیە) سستبونی جگەر**[2569]

1032. **kidney stone (کیدنی ستەون) واتە بەردی گورچیلە**[2570]

**tuberculosis (چوبێێکیەلەوسیس) نەخۆشیی سیلە**[2571]

1033. **undershirt (ئەندەشێێت) چیە؟ واتە فانیلە**[2572]

---

[2566] The abdomen contains all the digestive organs, including the stomach, small and large intestines, pancreas, liver, and gallbladder.

سك پێکدێت لەسەرجەم ئەندامە هەرسییەکان کە گەدە، ریخۆڵەباریکە، ریخۆڵەئەستورە، پەنکریاس، جگەرو زراو لەخۆدەگرێت.

[2567] Your ovaries are affected by stress.

دەکرێ هێلکەدانەکانت بکەونە ژێر کاریگەریی فشاری دەروونییەوە. واتە فشاری دەرونی کاریگەری هەیە لەسەر هێلکەدان.

[2568] دوان لەدیارترین ماناکانی وەك ناو، سەرۆك و سەرن.

He is the head of the library association.

ئەو سەرۆکی یەکێتیی کتێبخانەکانە.

She leaned her head on his shoulder.

ئەو سەری بەسەر شانیدا چەماندەوە

[2569] Taking too much acetaminophen is the most common cause of liver failure in the United States.

زۆر زۆر بەکاربردنی دەرمانی ئەسیتامینۆفین باوترین هۆکاری سستبونی جگەرە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا.

[2570] What foods do make kidney stones?

چ خواردنێك بەردی گورچیلە دروستدەکات؟

[2571] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە تیووبێێکیەلەوسیس گۆی دەکەن.

We discovered that he had contracted tuberculosis, and so he was brought here.

بۆمان دەرکەوت کە ئەو نەخۆشی سیلی گرتووە، بۆیە هێنراوە بۆ ئێرە.

Rats have such good sense of smell, they have been used to detect landmines and diagnose diseases such as tuberculosis.

جرج هەستێکی هێندە بەهێزی بۆنکردنی هەیە کە بەهۆیەوە بەکارهێنراوە بۆ دۆزینەوەی مینی زەمینی و دیاریکردنی نەخۆشیگەلی وەك سیل.

[2572] He always wears a long-sleeved undershirt in the winter.

ئەو هەمیشە لەزستاندا فانیلەیەکی قۆڵدرێژ لەبەردەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

kitten (کیتن) بەمانای بێچووە پشیلە[2573]

.1034 rhinitis (راینایتس)هەوە، بەڵام هی لوتە[2574]

ring finger (رینگ فینگە) پەنجە، هی برای توتە[2575]

.1035 blacksmith (بڵاکسمث) حەداد، واتە ئاسنگەر[2576]

counselor (کانسڵە) راوێژکار لەگەڵ پارێزەر[2577]

.1036 jeweler (جیووڵە)، goldsmith (گەوڵدسمث) واتە زەڕەنگەر[2578]

---

[2573] Dogs sometimes look after other kinds of animals, like kittens, baby chickens, or even baby tigers.

هەندێجار سەگ چاودێری جۆرە گیاندارەکانی تری وەك بێچووە پشیلە، جوجکە، تەنانەت بێچووە پڵنگ، دەکات.

[2574] بەمانای هەوکردنی لوت دێت

Rhinitis is usually caused by a cold. It's one of the most common illnesses people get.

بەگشتی هەوکرنی لوت بەهۆی سەرماوە رودەدات و یەکێکە لەباوترین ئەو نەخۆشییانەی مرۆڤ توشیان دەبێت.

[2575] بەمانای پەنجەی برای توتە دێت. ئەڵقەپەنجەشی پێدەووترێت چونکە زۆرجار ئەڵقەی هاوسەرگیری تێدەکرێت.

Your ring finger is very tall.

پەنجەی برای توتەت زۆر درێژە.

[2576] حەداد= (ع: حدّاد)= ئاسنگەر.

My young brother is a skilled blacksmith.

برا بچوکەکەم ئاسنگەرێکی کارامەیە.

[2577] ئەم سپێڵە زیاتر ئەمەریکییە، بریتانییەکەی counsellorە. لەمانای دووەمیاندا موراديفی lawyerە.

The college now has a counselor to help students with both personal and work problems.

ئێستا کۆلێجەکە راوێژکارێکی هەیە بۆ یارمەتیدانی فێرخوازان لەهەردوو بواری کێشەی تایبەت و کارەوە.

I don't think that question is relevant, counselor.

پارێزەر! پێموانیە ئەو پرسیارە پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەبێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**counsellor (کانسله) راوێژکار، لەگەڵ پارێزەر**[2579]

.1037 **oust (ئاوست) چیه؟ دەکاتەدەر**[2580]

**pole (پەوڵ) پۆڵەندییه، عەمودو جەمسەر**[2581]

.1038 **divisive (دیڤایسیڤ) چیه؟ مشتومڕئامێز**[2582]

---

2578 هەردوكیان بەمانای زەرەنگەر دێن.

He is a jeweler.

ئەو زەڕەنگەرە.

I bought the ring from my neighbouring goldsmith.

من ئەڵقەكەم لەزەڕەنگەرەكەی دراوسێم كڕی.

2579 ئەم سپێلە زیاتر بریتانییه، ئەمەریكییەكەی counselorە. واته لەسپێلی ئەمەریكییەكەدا تەنها یەك ئێل هەیە. لەمانای دووەمیاندا مورادیفی lawyerە.

Do you have a special counsellor?

ئاسا راوێژكارێكی تایبەتت هەیە؟

The counsellor won the issue easily.

پارێزەرەكە كەیسەكەی بە ئاسانی بردەوە.

2580 دەكاتەدەر= دەردەكات= دەكاتەدەرەوە.

Police are trying to oust drug dealers from the city.

پۆلیس هەوڵدەدات بازرگانانی مادده هۆشبەرەكان لەشارەكە دەربكات.

2581. بەمانای عەمودو جەمسەرو پۆڵەندی"كەسی پۆڵەندی" دێت. بەڵام كاتێك بەمانای كەسی پۆڵەندی بەكاردەهێنرێت پێویستە پیتی یەكەمی بە كاپیتەڵ بنوسرێت لەهەر شوێنێكی رستەدا بێت.

In the second world war a german soldier killed more than 10 Poles.

لەجەنگی جیهانیی دووەمدا سەربازێكی ئەڵمانی زیاتر لە 10 پۆڵەندی كوشت.

These poles will be easier to carry if we lash them together with a rope.

ئەم عەمودانە هەڵگرتنیان ئاسانتردەبێت ئەگەر بە گوریسێك پێكەوەیان ببەستینەوە.

The Earth has two poles.

زەوی دوو جەمسەری هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**recliner (ریکلاینە) کورسی[2583]، desk (دێسك) ئۆفیس و مێز[2584]**

[1039]. **rule (روول) مانای یاسا[2585]، ruler (روولە"ر")یش راستە[2586]**

**direction (دایرێکشن) ئیخراج، ئیرشاد، ئاڕاستە[2587]**

---

[2582]. ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە مشتومڕ دروستبکات و خەڵك لەبارەیەوە دابەشبکات بۆ لایەنگرو دژو بێلایەن. لەوشەی divideەوە هاتووە کە بەمانای "دابەشدەکات" دێت.

The Vietnam war was an extremely divisive issue in the US.

جەنگی ڤێتنام پرسێکی زۆر مشتومڕئامێز بوو لەویلایەتە یەکگرتووەکان.

[2583]بەمانای هەموو جۆرە کورسییەك نایەت، بەڵکو ئەو جۆرە کورسییەی دەتوانێت بەپشتدا لاریبکەیتەوە.

Your recliner is very expensive.

کورسییەکەت زۆر گرانە.

[2584]واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. لەمانای یەکەمیاندا موورادیفی officeە.

The news desk of the newspaper is very important.

نوسینگەی هەواڵی رۆژنامەکە زۆر گرنگە.

The desks in the room are dusty.

مێزەکانی ژورەکە تەپوتۆزاوین.

[2585] If the Ancient Persians decided something while drunk, they had a rule to reconsider it when sober. If they made a decision sober, they would reconsider it while drunk.

فارسە کۆنەکان یاسایەکیان هەبوو کە بەپێی ئەو یاسایە ئەگەر لەکاتی سەرخۆشیدا بڕیارێکیان دەربکردایە، دەبوایە لەکاتێکدا کە لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا نەبونایە پیاچونەوەی بۆ بکەن. بەپێچەوانەشەوە، واتە ئەگەر لەکاتی ئاساییشدا بڕیارێکیان دەربکردایە، لەکاتی سەرخۆشیدا پیاچونەویان بۆ دەکرد.

[2586] بەمانای راستەی خەتکێشان دێت.

Tody, I forgot my ruler, can you help me?

ئەمڕۆ راستەکەم بیرچووە، دەتوانیت یارمەتیم بدەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## .1040 textbook (تێکستبوك) کتێب، بەس هی خوێندنە[2588]

## study (ستەدی) دیراسەو سەعیکردنە[2589]

---

[2587]. بە "دیریکشن"یش گۆدەکرێت. بەمانای ئیخراج و ئیرشادو ئاڕاستەش دێت. ئیخراج= دەرهێنان. ئیرشاد= ڕێنوێنی، ڕێنمایی.

Direction of the movie is carried out by James Cameeron.

دەرهێنانی فیلمەکە لەلایەن جەیمس کامیرۆنەوە ئەنجامدەدرێت.

The project was under the direction of a well-known scientist.

پرۆژەکە لەژێر ڕێنمایی زانایەکی بەناوبانگدا بوو.

Love does not consist in gazing at each other but in looking together in the same direction.

عیشق بریتی نیە لەچاوبڕینە یەکتر، بەڵکو بریتییە لەوەی هەردوو کەسەکە، سەیری هەمان ئاڕاستە بکەن.

[2588]بەمانای کتێبێك دێت کە لەخوێندنگە یان کۆلێژو هاوشێوەکانی بخوێندرێت، نەك هەموو کتێبێك.

Did you read your biology textbook?

کتێبی زیندەزانییەکەت خوێندەوە؟

[2589] وەك ناو بەمانای دیراسەو سەعیکردنیش دێت. دیراسە= (ع: دراسة)= خوێندن، لێکۆڵینەوە.

Recent studies show that women still get paid a lot less than men.

لێکۆڵینەوە نوێکان دەریدەخەن کە تائێستاش خانمان زۆر کەمتر لەپیاوان، کرێی کارکردنیان پێدەدرێت.

According to a 2011 study published in the International Journal of Impotence Research, eating 100 grams of pistachios at lunch every day for three weeks led to increased blood flow to “the problem area,” leading to a significant decrease in erectile dysfunction.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەساڵی 2011 لەبڵاوکراوەیەکی نێودەوڵەتی بەناوی Impotence Research بڵاوکراوەتەوە، دەریخستووە کە ئەگەر بۆ ماوەی سێ هەفتەی ناسك، هەموو ڕۆژێك سەد گرامی ناسك فستق بخۆیت، ئەوا دەبێتەهۆی ڕۆشتنی بڕێکی زیاتر لەخوێن بۆ ناوچەی کێشەلەسەر! و کەمکردنەوەیەکی بەرچاوی لاوازیی هەستان لەپیاواندا.

A study in 2018 found that wearing a necktie can reduce the blood flow to your brain by up to 7.5 per cent, which can make you feel dizzy, nauseous, and cause headaches. Neckties can also increase the pressure in your eyes if on too tight and are great at carrying germs.

ئەگەر بۆینباخلەملێکی گێژت بینی ڕەنگە ئەمە هۆکارەکەی بێت!

لێکۆڵینەوەیەکی ساڵی 2018 دەریخستووە کە پۆشینی بۆینباخ دەکرێ ببێتەهۆی کەمکردنەوەی ڕۆیشتنی خوێن بۆ مێشك بەڕێژەی لەسەدا حەوت و نیوی ناسك، کە ئەمەش وات لێدەکات هەست بە گێژبون و خەوبردنەوە بکەیت و توشی ژانەسەر ببیت .

هەر سەبارەت بە بۆینباخ، دەکرێ فشاری چاو زیادبکات ئەگەر زۆر توند ببەسترێت، هەروەها شوێنێکی نایابە بۆ هەڵگرتنی میکرۆب.

کەواتە سڵاو لەوانەی کە تائێستا لەهەموو ژیانیاندا سێ جار بۆینابخیان لە مل نەکردووە کە یەکێکیان خۆمگیانە!

کورە چش لەبۆینباخەکە، هیچ منی نەکوشتووە ئەو دەستەسرە نەبێت کە هەندێك لەبۆینباخچییەکان دەیکەنە گیرفانی چاکەتەکەو تەنها لچێکی بە دەرەوەیە!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1041** **bubble (بەبڵ) واتە بڵق، لەگەڵ بڵقەکا[2590]**

**fill (فیل) لەگەڵ fill up (فیڵەپ) پڕدەبێ و دەکا[2591]**

**.1042** **beauty (بیووتی) جوانییە[2592]، beautiful (بیووتیفڵ) جوانە[2593]**

---

The study of English literature isn’t hard.

خوێندنی ئەدەبی ئینگلیزی قورس نیە.

Certain an hour daily for study at home.

ڕۆژانە سەعاتێك بۆ سەعیکردن لەماڵەوە، دیاریبکە.

[2590] وەك ناو بەمانای بڵق و وەك کار بەمانای بڵقەکا دێت. بڵقەکا= بڵقدەکات.

As water begins to boil, bubbles rise to the ceiling.

هەرکە ئاوەکە دەستیکرد بە کوڵان، بڵق بۆ بنمیچەکە بەرزبووەوە.

Heat the cheese until it bubbles.

پەنیرەکە گەرمبکە تا ئەو کاتەی بڵقدەکات.

[2591] هەردوکیان بەمانای "پڕدەبێ"و "پڕدەکا"ش دێن. پڕدەبێ= پڕدەبێت. پڕدەکا= پڕدەکات.

The small tank filled (filled up) fast.

تانکییە بچوکەکە خێرا پڕبوو.

I filled (filled up) the bucket with water.

دۆلچەکەم پڕکرد لەئاو.

[2592] Beauty catches the eye, personality captures the heart.

جوانی سەرنجی چاو رادەکێشێت بەڵام کەسایەتی سەرنجی دڵ ڕادەکێشێت.

[2593] What a beautiful thing when you’re attendant in the heart while your absence!

چەندە شتێکی جوانە لەکاتی غیابتدا، لەدڵدا ئامادەبیت!

Actress Hedy Lamarr was once dubbed 'the most beautiful woman in the world.' She was also a mathematician and inventor of frequency hopping spread spectrum, a technology used for Bluetooth and WiFi. Her idea was brushed off, others took credit for it, and she spent her life wishing people would notice her brains instead of just her beauty.

ڕەنگە هەندێك ئەم فەرمایشتەیان بەدڵ نەبێت، بەڵام پێموایە تاڕادەیەکی زۆر ڕاستە. بەگشتی خانمە بانئاساییە لێهاتووەکان چڕوچاویان جوان نیە. ئەم خانمەی خوارەوە یەکێکە لەو خانمە دەگمەنانەی ئەو ناسکەیاسایە نایگرێتەوە. ئەمە خانمەئەکتەر هێدی لامارە، حەددی نەبێت لەڕوی جەنابتانا هێندە جوانە تەنانەت جارێك نازناوی "جوانترین خانم لەجیهان" ی لێنراوە. ئەم خوشکەدەرە سەرباری ئەو



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**expensive (ئیکسپێنسیڤ)و costly (کۆستلی) گرانە**[2594]

**.1043** **disquiet (دیسکوایەت)، worry (وەری) نیگەرانییە**[2595]

**astronomy (ئەسترۆنەمی) گەردونزانییە**[2596]

---

ناسك و نازداری و جوانییە، بیرکاریزان بووەو داهێنەری تەکنۆلۆجیای بازدانی لەرەلەرئامێز بووە کە بۆ بلوتوس و وای فای بەکاردەهێنرێت. بەڵام بیرۆکەکەی رەتکرایەوەو خەڵکی تر سودیان لێ بینی. ئەم خانمە بەدرێژایی ژیانی بەو ئاواتەوە بوو کە خەڵك لەبری سەنجدانی لەش و لارە جوانەکەی، سەرنجی مێشکی بدەن. بەڵام ئاخـــــــــخخخخخ!




[2594] هەردوکیان بەمانای گران دێن، بەڵام ئاستی گرانیی costly زیاترە.

The restaurants in town are a bit expensive.

خواردنگەکانی شارۆچکەکە کەمێك گرانن.

He bought a costly car.

ئۆتومبێلێکی گرانی کڕی.

[2595] هەردوکیان بەمانای نیگەرانی دێن و لەم مانایەدا موراديفن.

The organization has voiced its disquiet about the way the protest was handled.

ڕێکخراوەکە نیگەرانی خۆی دەربڕی سەبارەت بەو شێوازی مامەڵەکردنەی بەرامبەر ناڕەزاییدەربڕینەکە، ئەنجامدرا.

Unemployment, bad health - all sorts of things can be a cause of worry.

بێکاری، تەندروستیی خراپ، هەموو ئەمانە جۆرە شتێکن کە دەکرێ نیگەرانی دروستبکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1044** likeable (لایکەبڵ) مەحبوب، واتە خوێنشیرین[2597]

unsightly (ئەنسایتلی)، ugly (ئەگلی)، hideous (هیدیەس) ناشرین[2598]

**.1045** darkness (داکنەس) تاریکی[2599]، ماناى ray (رەی) تیشکە[2600]

trickle (تریکڵ) دڵۆپە[2601]، prickle (پریکڵ)یش درکە[2602]

---

[2596] برادەرانی ئەمەریکا بە ئەسترانەمی گۆیدەکەن. گەردونزانی= گەردونناسی= زانستی گەردون.

I don’t like Astronomy.

حەزم لەگەردونزانی نیە.

[2597] ئەو سپێڵە زیاتر بریتانییە،لەشێوەزاری ئەمەریکیدا eیەکەی ناوەڕاستی تێدا نیە.

He is a likeable child.

منداڵێکی خوێنشیرینە.

[2598] هەرسێکیان بەماناى ناشرین دێن، بەڵام ئاستی ناشرینیی hideous لەوانی تر زیاترە.

The garage has an unsightly room.

گەراجەکە ژورێکی ناشرینی تێدایە.

Actually her husband is very ugly.

لەڕاستیدا مێردەکەی زۆر ناشرینە.

More than 95% of Russians consider themselves ugly.

زیاتر لە 95 لەسەدی روسەکان، خۆیان بە ناشرین دادەنێن.

سەرنجبدە روسەکان بەو هەموو ناسك و نازدارییەوە، هێندە سادەو خاکین، 95 لەسەدیان خۆیان بە ناشرین دادەنێن، کەچی لای خۆمان کابرا ئەڵێی قەڵەو لوت و دەنوکی کورتکراوەتەوە کەچی بە پۆزەوە ئەڵێ، جوانییەکەم کێشەی زۆری بۆ دروستکردوم.

She wore a hideous dress for the party.

عەزییەکی ناشرینی لەبەرکرد بۆ ئاهەنگەکە.

[2599] I’m afraid of the darkness.

من لەتاریکی دەترسم.

[2600] The room darkened as a cloud hid the sun’s rays.

کە هەورەکە تیشکگەلی خۆری شاردەوە، ژورەکە تاریك بوو.

[2601] There’s a trickle of blood on your shirt.

کراسەکەت دڵۆپەیەك خوێنی پێوەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1046. **heron (هێرەن) شاوەیە[2603]، hunt (هەنت) ڕاوەدەکا، ڕاو[2604]**

**rifle (ڕایفڵ) تفەنگە، بەبێ Lیش باو[2605]**

1047. **cicada (سیکاادە) "زیز"ە، واتە زیکزیکە[2606]**

**company (کەمپەنی) میوان، تیم و شەریکە[2607]**

---

[2602] سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی خوێندنەوەشەوە یەك کێشیان هەیە.

The fruit can be eaten once the prickles have been removed.

میوەکە، هەرکە دڕکەکانی لێکرایەوە، دەتوانرێت بخورێت.

[2603] شاوە= شینەشاهۆ: باڵندەیەکە لەخێزانی لەقلەقەکان، گەردن و ملی درێژە.

Herons live near the ocean as well as near lakes and wetlands.

شاوە لەنزیك زەریاکاندا دەژی. هەروەها لەنزیك دەریاچەو خاکەتەڕەکانیشدا دەژی.

[2604] وەك کار بەمانای ڕاودەکاو وەك ناو بەمانای ڕاو دێت. ڕاودەکا= ڕاودەکات.

Some animals hunt at night.

هەندێك گیاندا لەشەودا ڕاودەکەن.

Lion hunt is a hard operation.

ڕاوی شێر کارێکی قورسە.

[2605] واتە وشەی rifle ئەگەر پیتی Lەکەی لێبکەیتەوە، دەبێتە rife (ڕایف) کە بە مانای باو دێت. باو= بەربڵاو.

My late father had a big rifle.

باوکی کۆچکردوم، تفەنگێکی گەورەی هەبوو.

Dysentery and malaria are rife in the refugee camps.

سکچون و مەلاریا لەکامپەکانی پەنابەران، بەربڵاو بوو.

[2606] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە سیکەیدە گۆیدەکەن. زیز= (ع: زیز)= زیکزیکە= زیکزیککەرە= سیسرکی دەنگدار: جۆرە مێرویەکی باڵدارەو لەسەر درەخت و گژوگیا دەنیشێتەوەو دەنگێك دەردەکات وەك ئەوەی بڵێت زیز، هەربۆیەش لەزمانی عەرەبیدا ئەو ناوەی لێنراوە.

Male cicadas die after mating.

نێرینەی زیکزیکە پاش جوتبون دەمرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1048. **quail (کوەیل) کەڕەواڵە[2608]، herbivore (هێیبیڤۆو) گیاخۆر[2609]**

**kind (کایند) لەگەڵ sort (سۆوت) هەردوو مانای جۆر[2610]**

1049. **incorrect (ئینکەڕێکت) ناڕاست[2611]، correct (کەڕێکت) مانای ڕاست[2612]**

---

[2607]وەك ناو بەمانای میوان و تیم (بەمانای کۆمەڵ و دەستە)و شەریکە دێت.

شەریکە= (ع: شركة)= کۆمپانیا.

We’re expecting company this evening.

ئەم ئێوارەیە پێشبینی میوان دەکەین.

I'd like to thank the director and the other members of the company for being so supportive.

دەمەوێت سوپاسی دەرهێنەرو ئەندامانی تری تیمەکە بکەم کە زۆر پشتگیریکار بون.

In 2013, Google founded Calico, an anti-aging company designed to ultimately "cure" death.

لەساڵی 2013 گوگڵ، کالیکۆی دامەزراند کە کۆمپانیایەکی دژەپیربونەو بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەواوەتی بۆ مردن، دروستکراوە.

[2608]کەڕەواڵە= هەوێردە: باڵندەیەکی بچوك و خڕینەو لەخێزانی مریشکە.

Quails eat seeds and insects.

کەڕەواڵە دانەوێڵەو مێروو دەخوات.

[2609] گیاخۆر: ئەو زیندەوەرانەی تەنها ڕووەك دەخۆن نەك گۆشت.

Cows and sheep are herbivores.

مانگاو مەڕ گیاخۆرن.

[2610]لەم مانایەدا موورادیفن و هەردوکیان بەمانای جۆر دێن.

Your love is the kind of love that inspires poets to pick up a pen.

عیشقی تۆ لەو جۆرە عیشقەیە کە سروش بۆ شاعیران دەهێنێت و قەڵەمیان پێهەڵدەگرێت.

We both like the same sort of music.

هەردوکمان حەزمان لەهەمان جۆر موزیکە.

[2611] ناڕاست= هەڵە.

Your answer is incorrect, try again.

وەڵامەکەت ناڕاستە، هەوڵبدەرەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

wrong (رۆنن) واته هەڵە[2613]، level (لێڤڵ) تەخت و ئاست[2614]

.1050 porcine (پۆوسایِن) هی بەراز، بەرازئاسایە[2615]

starfish (ستاافیش) نەجم، بەس هی دەریایە[2616]

.1051 spider (سپایدە) چیە؟ جاڵجاڵۆکە[2617]

---

[2612] "Is that the correct spelling?" "I don't know - look it up in a dictionary."

ئەوە سپێلە راستەکەیە؟ نازانم، لەفەرهەنگدا بۆی بگەڕێ.

[2613]بەمانای هەڵە دێت وەك ئاوەڵناوو ناویش.

Three of your answers were wrong.

سیان لەوەڵامەکانت هەڵە بون.

Those who do wrong should be punished.

ئەوانەی هەڵەدەکەن دەبێت سزابدرێن.

[2614] دوان لەگرنگترین ماناکانی تەخت و ئاستن.

The floors in the old house were not completely level.

ئەرزی خانووە کۆنەکە تەواو تەخت نەبون.

Inflation is going to rise two percent from its present level.

هەڵاوسان بەرێژەی لەسەدا دووی ئاستی ئێستای، بەرزدەبێتەوە.

[2615]ئاوەڵناوەو بەمانای هی بەرازو بەرازئاسا دێت. هی بەراز= بەرازی. بەرازئاسا= وەك بەراز.

Porcine viruses transmit diseases.

ڤایرۆسی بەراز نەخۆشی دەگوێزێتەوە.

I don’t like his porcine features.

حەزم لەتایبەتمەندییە بەرازئاساکانی نیە.

[2616]بەمانای نەجمی دەریا دێت. نەجمی دەریا= ئەستێرەی دەریا: زیندەوەرێکی دەریایی بەناوبانگە.

بەدوو شێواز کۆدەکرێتەوە. بە زیادکردنی es، هەروەها بە شێوازی ناڕێگیولەریش کە تێیدا وەك خۆی دەمێنێتەوە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نایەت، هەروەك وشەی fish.

Starfish have no brain and no blood.

ئەستێرەی دەریا نە دەماخی هەیە، نە خوێن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**theory (ثیەری) بیردۆز[2618]، idea (ئایدیە) بیرۆکە[2619]**

[.1052] **green (گریین) سەوزەکا، هەم سەوزو (سەوزە)[2620]**

**alga (ئاڵگە) لەگەڵ moss (مۆس) هەردوکیان قەوزە[2621]**

---

[2617] Spiders have blue blood.

جاڵجاڵۆکە خوێنی شینە.

[2618] Darwin's theory of evolution isn’t right.

بیردۆزی پەرەسەندنی داروین راست نیە.

[2619]بیرۆکە= فیکرە.

It was Srwa's idea to hire bikes.

بەکرێگرتنی پاسکیل بیرۆکەی سروە بوو.

[2620] وەك كار بەمانای سەوزەكاو وەك ئاوەڵناو بەمانای سەوزو وەك ناو بەمانای (سەوزە) دێت بەتایبەت ئەو سەوزانەی گەڵای سەوزی گەورەیان هەیە. لەمانای سێیەمیاندا زیاتر بەشێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت نەك تاك.

سەوزەکا= سەوزدەکات.

Greening the desert is a very hard work.

سەوزکردنی بیابان کارێکی زۆر قورسە.

Eating greens is useful for health.

خواردنی سەوزەوات بەسودە بۆ تەندروستی.

I wore that skirt with the green spots.

من ئەو تەنورەیەم لەبەرکرد کە خاڵی سەوزی تێدایە.

[2621] هەردوکیان بەمانای مۆز دێن.

وشەی alga کۆیەکەی algaeیە. واتە تەنها پیتی e بۆ زیاددەکرێت.

وشەی moss لەسەر کێشی وشەی مۆز دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە لای برادەرانی ئەمەریکا بە" ماس" دەخوێنرێتەوە.

There are over 400,000 known varieties of algae.

زیاتر لە 400 هەزار جۆر قەوزەی ناسراو هەن.

The rocks near the river were covered with moss.

بەردەکانی نزیك روبارەکە بە قەوزە داپۆشرابون.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1053** **vault (ڤۆوڵت) بازدەدا، مەدفەن، ژێرزەمین**[2622]

**occupant (ئۆكیەپنت) موقیم لەگەڵ سەرنشین**[2623]

**.1054** **settee (سێتیی)، couch (كاوچ)، sofa (سەوفە) هەرسێ قەنەفە**[2624]

**duvet (دووڤەی) لێفەیە**[2625]**، sheet (شییت)یش چەرچەفە**[2626]

---

[2622]. برادەرانی ئەمەریكا بە ڤاڵت گۆیدەكەن. مەبەستم لە مەدفەن"مدفن" ئەو ژورەی ژێر كڵێسەیە كە مردوی تێدا دەنێژرێت.

He vaulted over the gate.

بەسەر دەرگای حەوشەكەدا بازیدا.

Three of my close friends were buried in that vault.

سیان لەهاوڕێ نزیكەكانم لەو مەدفەنەدا نێژراون.

Our new house has a big vault.

خانووە تازەكەمان ژێرزەمینێكی گەورەی هەیە.

[2623]. موقیم= (ع: مقیم)= نیشتەجێ: دانیشتوو.

The TV had been left by the house’s previous occupants.

تەلەفزیۆنەكە لەلایەن نیشتەجێ پێشووەكانی خانووەكەوە، بەجێهێڵرابوو.

Neither of the car’s two occupants was injured.

هیچ یەكێك لەدوو سەرنشینەكەی ئۆتۆمبێلەكە بریندار نەبون.

[2624]هەرسێكیان بەمانای قەنەفە دێن. settee وcouch زیاتر لەشێوەزاری بریتانیدا بەكاردەهێنرێن، بەڵام sofa لەهەردوو شێوەزارەكەدا بەكاردەهێنرێت.

He went behind the settee and pretended to go to sleep.

چووە پشت قەنەفەكەوە وا خۆی پیشاندا كە دەچێت دەخەوێت.

My mother slept on the couch.

دایكم لەسەر قەنەفەكە خەوت.

[2625]سەرنجبدە كە پیتی tیەكە ناخوێنرێتەوە.

My friend disappeared for a couple of minutes and then reappeared with some pillows and a duvet.

هاوڕێكەم بۆ ماوەی دوو خولەك ونبوو، پاشان بە هەندێك سەرین و لێفەیەكەوە دەركەوتەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1055 **polar bear (پەولە بێیە) ورچ، بەڵام هی قوتبی**[2627]

**tarantula (تەرانچیەلە)یە عەنکەبوت زیئبی**[2628]

.1056 **green snake (گریین سنەیك) چیە؟ واتە سەوزەمار**[2629]

**demeanour (دمیینە) سلوك، بەکوردی رەفتار**[2630]

.1057 **inept (ئینێپت) چیە؟ لێنەهاتوو**[2631]

**striking (سترایکینن) مودهیش، لەگەڵ مانگرتوو**[2632]

---

[2626]یەکێك لەدیارترین ماناکانی چەرچەفە.

I’ll go and find you some clean sheets and blankets.

دەڕۆم و هەندێك چەرچەف و بەتانیی پاکتان بۆ دەدۆزمەوە.

[2627]بەمانای ورچی قوتبی دێت. ورچی قوتبی= ورچی جەمسەری.

Polar bears can swim constantly for days at a time.

ورچی جەمسەری دەتوانێت لەیەك کاتدا بۆ ماوەی چەند رۆژێك بەبەردەوامی مەلەبکات.

[2628]دەبێت لەبری عەنکەبوت زیئبی بنوسم عەنکەبوتی زیئبی بەڵام بۆ پارێزگاریکردن لەکێشی شیعرەکە ناچاربوم (ی)یەکە لابەرم.

عەنکەبوتی زیئبی= گورگەجاڵجاڵۆکە: جۆرە جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاحەو چەندین جۆری هەیەو هەندێك جۆریان ژەهراوییە.

Female tarantulas can live up to 30 years old.

مێینەی گورگەجاڵجاڵۆکە دەکرێ بۆ ماوەی 30 ساڵ بژی.

[2629]سەوزەمار: جۆرە مارێکی بێزیانی ئەمەریکییە. پشتی سەوزەو ژێرسکی سپی یان زەردباوە.

Green snakes are harmless.

سەوزەمار بێزیانە.

[2630]لەشێوەزاری ئەمەریکیدا سپێڵەکەی پیتی u ی تێدا نیە.

Her quiet demeanour attracted my attention.

رەفتارە هێمنانەکەی سەرنجی راکێشام.

[2631] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

She was totally inept at telling jokes.

ئەو لەگێرانەوەی نوکتەدا زۆر لێنەهاتوو بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1058 **breath (برێث) هەناسە**[2633]، **breeze (بریز) شەماڵە**[2634]

**fair (فێیە) ڕەوایە، جوان، خۆش و کاڵە**[2635]

.1059 **farm (فام) دەکێڵێ**[2636]، **farm (فام)و ranch (رانچ) کێڵگە**[2637]

---

[2632]مودهیش= (ع: مدهش)= سەرسوڕهێن.

There's a striking contrast between what he does and what he says.

جیاوازییەکی سەرسوڕهێن هەیە لەنێوان ئەوەی دەیکات و ئەوەی کە دەیڵێت.

The striking workers gathered in front of the company.

کرێکارە مانگرتووەکان لەبەردەم کۆمپانیاکەدا کۆبونەوە.

[2633] Your dreams don't have an expiration date. Take a deep breath and try again.

خەونەکانت وادەی بەسەرچونیان نیە، هەناسەیەکی قوڵ هەڵکێشەو هەوڵبدەرەوە.

[2634]بریز. شەماڵ= نەسیم: ناسکەبا، بای هێواش و نەرم نەك توند.

A breeze ruffled her hair.

شەماڵێك قژی تێکدا.

[2635] چوار لەدیارترین ماناکانی وەك ئاوەڵناو، ڕەواو جوان و خۆش و کاڵە.

Why should I have to do all the cleaning? It's not fair!

بۆ پێویستە من ئەم هەموو پاککردنەوەیە بکەم؟ ڕەوا نیە. واتە شتێکی ناڕەوایە.

She’s a very fair student.

خوێندکارێکی زۆر جوانە.

The next few days weather will be fair.

کەشوهەوای چەند ڕۆژی داهاتوو خۆش دەبێت.

She has a fair skin.

ئەو پێستێکی کاڵی هەیە.

[2636] The farmer farmed his land.

جوتیارەکە زەوییەکەی کێڵا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**rancher (رانچە) خاوەنی**[2638]**، fame (فەیم)یش ناوبانگە**[2639]

[.1060] **salt خوێدەکا بە، هەم سوێرو خوێیە**[2640]

**fainted (فەینتید) بوراوە**[2641]**، epilepsy (ئێپیلەپسی) فێیە**[2642]

[.1061] **plow (پڵاو) دەکێڵێ، هەروەها گاسن**[2643]

---

[2637] یەکەمیان بەمانای کێڵگە بەگشتی دێت، بەڵام دووەمیان بەمانای کێڵگەیەك دێت کە مەڕومالاَتی تێدا بەخێوبکرێت.

She spent the summer working on a farm.

هاوینەکەی بە کارکردن لەکێڵگەیەك بەسەربرد.

My father has a large cattle ranch.

باوکم کێڵگەیەکی گەورەی مەڕومالاَتی هەیە.

[2638] کە نوسیومە خاوەنی، مەبەستم خاوەنی کێڵگەیە واتە ئەو وشەیە بەمانای خاوەنکێڵگە دێت.

The cattle rancher is an old nice person.

خاوەنکێڵگەی مەڕومالاتەکە پیاوێکی بەساڵاچوی باشە.

[2639] She has spent her life running after fame and fortune.

ژیانی لەڕاکردن بەدوای ناوبانگ و ساماندا بەسەربردووە.

[2640] سۆڵت. وەك کار بەمانای "خوێدەکا بە"وەك ئاوەڵناو بەمانای سوێرو وەك ناو بەمانای خوێ دێت.

خوێدەکا بە= خوێدەکات بە.

Don't forget to salt the potatoes.

لەبیرت نەچێ کە خوێ بکەیت بە پەتاتەکەدا.

Salt water isn’t drinkable.

ئاوی سوێر بۆ خواردنەوە ناشێت.

This soup wants more salt.

ئەم شۆربەیە خوێی زیاتری دەوێت.

[2641] The health teams took the fainted man to the hospital.

تیمە تەندروستییەکان پیاوەکەیان برد بۆ نەخۆشخانە.

[2642] She can't drive because she has epilepsy.

ئەو ناتوانێت ئۆتومبێل لێبخوڕێت چونکە فێی لەگەڵدیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**debut (دەیبیو) بەمانای یەکەم دەرکەوتن**[2644]

1062. **first aid (فێیست ئەید) بەمانای ئیسعاف ئەوەلی**[2645]

**disorder (دیسۆۆدە) تێکچون**[2646]، **leprosy (لێپرەسی) گولی**[2647]

1063. **instructor (ئینسترەکتە) چیە؟ واتە مامۆستا**[2648]

**composition (کۆمپەزیشن)ە پێکهاتەو ئینشا**[2649]

---

[2643] سپیڵی ئەمەریکییە، بریتانییەکەی plough. دەکێڵێ= دەکێڵێت.

Uncle Faraj plowed his garden.

مامە فەرەج باخچەکەی خۆی کێڵا.

Most of the villagers have plows.

زۆربەی گوندنشینەکان گاسنیان هەیە.

[2644] بەمانای یەکەم دەرکەوتنی گشتیی هونەرمەندو یاریزان و هتد... دێت. سەرنجبدە پیتی tیەکە ناخوێنرێتەوە.

The player scored twice on his debut for the club.

یاریزانەکە لەیەکەم دەرکەوتنیدا لەیانەکە دوو گۆڵی تۆمارکرد.

[2645] ئیسعاف ئەوەلی= فریاگوزاریی سەرەتایی.

Did you learn any first aid at school?

ئایا لەخوێندنگە فێری هیچ فریاگوزارییەکی سەرەتایی بویت؟

[2646] He suffers from a rare disorder of the liver.

ئەو بەدەست تێکچونێکی دەگمەنی جگەرەوە دەناڵێنێت.

[2647] گولی: نەخۆشییەکی درمییە. پێست و دەماری مرۆڤ تێکدەدات.

Leprosy is no longer something to fear.

چیتر گولی شتێك نیە لێی بترسیت.

[2648] Who is your chemistry instructor?

مامۆستای کیمیات کێیە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**book (بوك) یەحجیز، کتێب[2650]، index (ئیندێکس) پێڕست[2651]** .1064

**on purpose (ئۆن پێپەس) عەن قەسد، واتە بەمەبەست[2652]**

**in turn (ئین تێێن) سەرەنجام، لەگەڵ (بە نۆرە)[2653]** .1065

---

[2649]دوان لەدیارترین ماناکانی پێکهاتەو ئینشان. ئینشا= (ع: إنشاء)= دارشتن.

What’s the composition of that device?

پێکهاتەی ئەو ئامێرە چیە؟

I have to write a composition about the flag.

پێویستە دارشتنێك لەسەر ئاڵا بنوسم.

[2650] دوان لەدیاترین ماناکانی "یەحجیز"و کتێبن. یەحجیز= (ع: یحجز)= حیجزدەکات.

I've booked two tickets to see the new movie.

دوو بلیتم حیجزکردووە بۆ بینینی فیلمە تازەکە.

Have you read any good books recently?

بەمدواییانە هیچ کتێبێکی باشت خوێندووەتەوە؟

If you deprive a room of books, it is like depriving someone of their soul.
PAUL KALANITHI

بێبەشکردنی ژور لەکتێب، وەك بێبەشکردنی مرۆڤ وایە لەڕۆح.

[2651] Find "heart disease" in the index of the book.

نەخۆشیی دڵ لەپێرستی کتێبەکەدا بدۆزەرەوە.

[2652]. عەن قەسد= (ع: عن قصد)= بەمەبەست.

I didn't do it on purpose - it was an accident.

ئەوەم بەمەبەست نەکرد، ڕێکەوت بوو.

[2653]سەرنجام= لەئەنجامدا. بەنۆرە= بەسەرە.

Interest rates increased and, in turn, share prices rose.

ڕێژەی قازانج زیادیکرد، سەرەنجام نرخی پشکەکان بەرزبووەوە.

She spoke to each of the guests in turn.

ئەو بەسەرە قسەی بۆ هەر یەکێك لەمیوانەکان کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**washing machine (وًشینن مەشیین)ە مانای جلشۆرە**[2654]

.1066 **return (ریتێین) عەودەیە، وەڵامدەداتۆ**[2655]

**piano (پیانەو) بە نەرمی، هەروەها پیانۆ**[2656]

.1067 **block (بلۆك) سەر مرۆڤ**[2657]**، بەبێ k، بەرە**[2658]

**go (گەو) دەڕوا، نۆرە**[2659]**، come (کەەم) دێت و وەرە**[2660]

---

[2654] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی washing بە واشینن گۆدەکەن. جلشۆر=غسالە.

The plumber is coming tomorrow to install the new washing machine.

سبەینێ تەنەکەچییەکە دێت بۆ جێگیرکردنی جلشۆرە نوێیەکە.

[2655] عەودە= (ع: عودة)= گەڕانەوە. "وەڵامدەداتۆ" شێوەزاری قسەکردنی نارەسمییە. وەڵامدەداتۆ= وەڵامدەداتەوە.

We’re all looking forward to your return!

ئێمە چاوەڕوانی گەڕانەوەتین.

‘Yes, ’ he returned. ‘I’m a lucky man.’

ئەو وەڵامیدایەوە: "بەڵێ، من پیاوێکی بەختیارم".

[2656] وەك ناو بەمانای پیانۆو وەك ئاوەڵفەرمان بەمانای "بەنەرمی" دێت.

Can you play it piano?

دەتوانیت بەنەرمی بیژەنیت؟

He is a clever piano player.

پیانۆژەنێکی زیرەکە.

[2657] دەبوو لەبری "سەر مرۆڤ" بنوسم "سەری مرۆڤ"، بەڵام "ی"ەکەی بووەتە قوربانیی کێشی شیعرەکە.

He threatened to beat my block.

هەڕەشەی لێدانی سەرمی کرد.

[2658] واتە وشەی block پیتی کەیەکەی لێبکەیتەوە دەکاتە bloc کە بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە بەڵام بەمانای بەرە دێت. جا بیلمونلسەبە بەرە بە عەرەبییەکەی خۆمان پێیدەووترێت جەبهە.

The former Soviet bloc was weak.

بەرەی سۆڤیەتی پێشوو لاواز بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## .1068 platform (پلاتفۆرم) سەکۆیە، بەرنامەو مینبەر[2661]

---

[2659] گەو. ئەم فەرمانە یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان واتە ئیرێگولەر ڤێربە. دەڕوا= دەڕوات.

go→went→gone

لەزمانی ئینگلیزیدا دارشتەی فەرمانی رانەبردوو و داخوازی وەك یەکە. بۆ نمونە:

go= دەڕوات، بڕۆ.

come= دێت، وەرە.

die: دەمرێ، بمرە.

kill= دەکوژێ، بکوژە.

eat= دەخوا، بخۆ.

Does this train go to Baghdad?

ئەم شەمەندۆفێرە دەڕوات بۆ بەغدا؟

Spread love everywhere you go.

بۆ هەرکوێ دەڕۆیت، خۆشەویستی تێدا بڵاوبکەرەوە.

[2660] ئەمیش یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

come→came→come

We came by car.

بە ئۆتۆمبێل هاتین.

Come in.

وەرە ژورەوە.

[2661]بەمانای سەکۆو بەرنامە(ی سیاسیی حزب)و سەکۆ دێت. سەکۆ= شۆستە. مینبەر= دوانگە.

The guests were waiting on the platform.

میوانەکان لەسەر سەکۆکە چاوەڕوانییان دەکرد.

The Labour party platform is staying in the EU.

بەرنامەی پارتی کار مانەوەیە لەیەکێتیی ئەوروپا.

Muhammed got up onto the platform and began to speak.

محەمەد چووەسەر مینبەرەکەو دەستیکرد بە قسەکردن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**machine (مەشیین) مەکینە**[2662]**، mechanic (مەکانیك) فیتەر**[2663]

[.1069] **pepper (پێپە) بیبەرە**[2664]**، turnip (تێینیپ)یش شێلم**[2665]

**stand (ستاند) دەوەستێ، وێستگە**[2666]**، sand (ساند)یش لم**[2667]

[.1070] **print (پرینت) چاپدەکا، بڵاودەکاتۆ**[2668]

---

[2662]بەمانای مەکینەی هەموو جۆرە ئامێرێك دێت نەك تەنها مەکینەی ئۆتۆمبێل.

This sewing machine is operated by a foot pedal.

ئەم مەکینەی درومانە بە پایدەری قاچ ئیشدەکات.

[2663]ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتەم بۆیە خستە پاڵ یەك چونکە لەیەکەوە وەرگیراون. بێگومان مەعلومە لای فەخامەتی جەنابیشت کە یەکێك لەکارە سەرەکییەکانی فیتەر کارکردنە لەسەر مەکینەی ئۆتۆمبێل.

"Don't worry, your car will be ready tomorrow" the mechanic assured him.

فیتەرەکە دڵنیایکردەوە: "نیگەران مەبە، ئۆتۆمبێلەکەت سبەینێ ئامادە دەبێت".

[2664] I don’t like hot pepper.

حەزم لەبیبەری تون نیە.

[2665]  I like boiled turnip so much.

زۆر حەزم لەشێلمی کوڵاوە.

[2666]ستاند. دوان لەماناکانی وێستگەو دەستێیە. وەك کار یەکێکە لەفەرمانە ئیرریگیولەرەکان، رابردوو و تەسریفی سێیەمەکەی stood. دەوەستێ= دەوەستێت.

If he stood on tiptoe, he could reach the shelf.

ئەگەر لەسەر نوکی پەنجە بووەستایە، دەیتوانی دەستی بگاتە رەفەکە.

There’s a taxi stand near the city’s gate.

لەنزیك دەرگای سەرەکیی شارەکە وێستگەیەکی تاکسی هەیە.

[2667] سەرنج بدە ئەم وشەو stand تەنها یەك پیتیان جیاوازە بۆیە خستمنە پاڵ یەك.

The children played all day on the sand.

منداڵەکان هەموو رۆژەکە لەسەر لم یارییان کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**underground (ئەندەگراوند)و subway (سەبوەی)یش میترۆ**[2669]

.1071 **ring زەنگلێدەدا**[2670]**، مانای bell (بێڵ)یش زەنگ**[2671]

**ring ئەنگوستیلەش**[2672]**، leopard (لێپەد)ە پڵنگ**[2673]

.1072 **put away (پوت ئەوەی) چیە؟ پاشەکەوت دەکا**[2674]

---

[2668]واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. چاپدەکا= چاپدەکات. بڵاودەکاتو= بڵاودەکاتەوە.

I need to make a few changes before I print the document.

پێش ئەوەی بەڵگەنامەکە چاپبکەم، پێویستە چەند گۆڕانکارییەکی کەم ئەنجامبدەم.

Kurdistani New was the first paper to print the news.

کوردستانی نوێ یەکەم ڕۆژنامە بوو کە هەواڵەکەی بڵاوکردەوە.

[2669]لەم مانایەدا موراديفن بەڵام وشەی یەکەمیان زیاتر بریتانییەو دووەمیان ئەمەریکییە. میترۆ: شەمەندۆفێری کارەبایی.

The London Underground is very crowded.

میترۆی لەندەن زۆر قەرەباڵغە.

Boston has the oldest subway system in the US.

شاری بۆستن خاوەنی کۆنترین سیستەمی میترۆیە لەویلایەتە یەکگرتووەکاندا.

[2670]وەك کار، یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

ring→rang→rung

I rang the doorbell but no one came.

زەنگم لەجەرەسی دەرگاکە دا بەڵام کەس نەهات.

[2671] The bell is very lage.

زەنگەکە زۆر گەورەیە.

[2672]واتە بەمانای ئەنگوستیلەش دێت.

He bought an expensive diamond ring.

ئەنگوستیلەیەکی ئەڵماسیی گرانبەهای کڕی.

[2673] Leopards can run at up to 58km/h.

پڵنگ دەتوانێت بە خێرایی تا 58 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا ڕابکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

set (سێت) دادەنێ، هەم دیاریدەکا[2675]

.1073 pencil (پێنسڵ) قەڵەمە، بەس هی ڕەساسە[2676]

workbook (وێیکبوک) کتێبە[2677]، booklet (بوکلەت) کوڕاسە[2678]

.1074 survivor (سەڤایڤە) چیە؟ مانای ڕزگاربوو[2679]

each (ئییچ) هەریەکێك[2680]، every (ئێڤری)یش هەموو[2681]

---

[2674]پاشەکەوت دەکا= پاشەکەوت دەکات.

We’re putting some money away for emergency cases.

هەندێك پارە بۆ باری کتوپڕ پاشەکەوت دەکەین.

[2675]چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان و ڕابردوو و تەسریفی سێیەمەکەشی هەر set.

دادەنێ= دادەنێت. دیاریدەکا= دیاریدەکات.

She set the tray on a table next to his bed.

سینییەکەی لەسەر مێزەکەی تەنیشت جێگەی خەوتنەکەی دانا.

The government has still not set a date for the election.

حکومەت هێشتا هیچ بەروارێکی دیارینەکردووە بۆ هەڵبژاردن.

[2676]بەمانای قەڵەم ڕەساس دێت نەك قەڵەم جاف و هتد...

He wrote the letter with a sharp pencil.

نامەکەی بە قەڵەم ڕەساسێکی تیژ نوسی.

[2677]بەمانای کتێبی ڕاهێنانی خوێندکار دێت کە پرسیارو وەڵام لەخۆدەگرێت نەك هەموو جۆرە کتێبێك.

Read the workbook carefully.

کتێبی ڕاهێنانەکە بەوردی بخوێنەرەوە.

[2678] کوڕاسە= (ع: کراسة)= نامیلکە

The organization published a free booklet on general health.

ڕێکخراوەکە نامیلکەیەکی بێبەرامبەری لەسەر تەندروستیی گشتی بڵاوکردەوە.

[2679] He was the sole survivor of the plane crash.

تەنها ڕزگاربوی تێکشکانی فڕۆکەکە، ئەو بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1075 **publish (پەبلیش) بەمانای بڵاودەکاتۆ**[2682]

**decline (دیکلاین) دابەزین، هەم ڕەتدەکاتۆ**[2683]

.1076 **dust storm (دەست ستۆڕم) گەردەلول، بەس بەخۆڵەوە**[2684]

**night (نایت) مانای شەوە**[2685]**، tonight (تنایت) ئەمشەوە**[2686]

.1077 **handset (هاندسێت) بەمانای دەسکی تەلەفۆن**[2687]

**telly (تیلی)وەك TV (تیڤی) مانای تەلەفزیۆن**[2688]

---

[2680] When the children arrive, you give them each a balloon.

کاتێك منداڵەکان دەگەن، تۆ میزەڵدانێك دەدەیت بە هەریەکێکیان.

[2681] We're open every day except Sunday.

هەموو ڕۆژێك کراوەین جگە لە یەکشەممە.

[2682] The names of the winners of the competition will be published in June.

ناوی براوەکانی کێبەرکێیەکە لەمانگی حوزەیراندا بڵاودەکرێتەوە.

[2683]دابەزین بەمانای کەمبونەوە.

There is a decline in the size of families.

دابەزینێك هەیە لەقەبارەی خێزانەکاندا.

Srwa declined Karzan’s invitation to dinner.

سروە دەعوەتەکەی کارزانی بۆ نانی ئێوارە، ڕەتکردەوە.

[2684] بەمانای گەردەلولی خۆڵین دێت، واتە گەردەلولێك کە خۆڵی لەگەڵدا بێت.

The dust storm is the third most dangerous weather condition.

گەردەلولی خۆڵین سێیەم مەترسیدارترین حاڵەتی کەشناسییە.

[2685] My night has become a sunny dawn because of you.- Ibn Abbad

بەهۆی تۆوە، شەوم بووەتە بەرەبەیانێکی پرشنگدار.

[2686] Tonight's meeting will take place in the school hall.

کۆبونەوەکەی ئەمشەو لەهۆڵی خوێندنگەکە ئەنجامدەدرێت.

[2687] He picked up the handset and called him.

دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و تەلەفۆنی بۆ کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1078 **liar (لایە) درۆزن**[2689]، **grimy (گرایمی) واتە پیس**[2690]

**cord (کۆرد) وایەرە، هەروەها گوریس**[2691]

.1079 **put away (پوت ئەوەی) چیە؟ زیندانیدەکا**[2692]

**paddle (پادڵ) واتە سەوڵ، سەوڵلێدەدا**[2693]

---

[2688] هەردوکیان کورتەی وشەی Televisionن کە بەمانای تەلەفزیۆن دێن. یەکەمیان زیاتر لەئینگلیزیی بریتانی و دووەمیان زیاتر لەهی ئەمەریکیدا، بەکاردەهێنرێت.

Is there anything good on telly tonight?

ئەرێ ئەمشەو تەلەفزیۆن هیچ شتێکی باشی تێدایە؟

You can watch TV after you've done your homework.

پاش ئەنجامدانی ئەرکی ماڵەوەت، دەتوانیت سەیری تەلەفزیۆن بکەیت.

[2689] He's such a liar - you can't trust a word he says.

ئەو درۆزنێکی وەهایە کە ناتوانیت بڕوا بە هیچ قسەیەکی بکەیت.

[2690] گرایمی. هاومانای dirtyیە.

The child's face was grimy.

دەموچاوی منداڵەکە پیس بوو.

[2691] کۆرد. بەمانای وایەرو گوریسیش دێت.

The phone cord is very thin.

وایەری تەلەفۆنەکە زۆر باریکە.

Where's the cord?

کوا گوریسەکە.

There's too much slack in these ropes.

ئەم گوریسانە شلییان زۆر تێدایە.

[2692] زیندانیدەکا= زیندانیدەکات.

He deserves to be put away for life.

ئەو شایانی ئەوەیە کە بۆ هەتاهەتایە زیندانی بکرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1080 **pad (پاد) مانای زۆره، یەکێکیان ژوره**[2694]

**ئاویك running (ڕەنینن) بێ، واتە بەخوڕە**[2695]

.1081 **picnic (پیکنیك) نوزهەیە، واتە سەیرانە**[2696]

**everyday (ئێڤریدەی) نەعتە، مانای ڕۆژانە**[2697]

.1082 **convene (کەنڤیین) لەگەڵ meet (مییت) کۆدەبێتەوە**[2698]

---

[2693] وەك ناو بەمانای سەوڵ و وەك کار بەمانای "سەوڵلێدەدا" دێت. سەوڵلێدەدا= سەوڵلێدەدات.

The paddle is very heavy.

سەوڵەکە زۆر قورسە.

He paddled along the coast.

بەدرێژایی کەناراوەکە سەوڵی لێدا.

[2694] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای ژورێك دێت کە مرۆڤی تێدا بژی نەك ژوری تر.

Where's your room?

ژورەکەت لەکوێیە؟

[2695] The sound of running water removes sadness.

دەنگی ئاوی بەخوڕ خەفەت لادەبات.

[2696] نوزهە= (ع: نزهة)= سەیران.

This looks like a nice spot for a picnic.

ئەمە شوێنێکی جوان دیارە بۆ سەیران.

[2697] واتە ئەم وشەیە نەعت (ئاوەڵناو)ەو بەمانای ڕۆژانە دێت.

The problems of everyday life aren't small.

کێشەکانی ژیانی ڕۆژانە بچوك نین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**adopt (ئەدۆپت) بەمانای هەڵدەگرێتەوە**[2699]

.1083 **tomboy (تۆمبۆی) بەمانای کچ(ی کوڕانی)**[2700]

**seismology (سایزمۆلەجی) بومەلەرزەزانی**[2701]

.1084 **heat wave (هێت وەیڤ) شەپۆلە، بەس هی گەرمایە**[2702]

**commodity (کەمۆدەتی)یە مانای کاڵایە**[2703]

---

[2698]لەم مانایەدا موراديفن. وشەی meet یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

meet→met→met

The council will be convening on the morning of the 25th.

ئەنجومەنەکە لەبەیانیی 25ی مانگ کۆدەبێتەوە.

The committee meets once a month.

لیژنەکە مانگی جارێك کۆدەبێتەوە.

[2699]مەبەست لێرەدا هەڵگرتنەوەی منداڵە.

Karzan was adopted when she was four.

کارزان لەتەمەنی چوار ساڵیدا هەڵگیراوەتەوە. (تەبەنی کراوە).

[2700] بەمانای کچێك دێت کە وەك کوڕ رەفتاربکات و جلوبەرگ لەبەربکات.

She was a joking, funny tomboy.

ئەو کچێکی کورانیی نوکتەبازو پێکەنیناوی بوو.

[2701]بومەلەرزەزانی= زەمینلەرزەزانی: زانستی پەیوەست بە زەمینلەرزە.

سەرنجبدە برگەی یەکەمی وشەکە بە سایز دەخوێنرێتەوە واتە وەك وشەی size.

Do you know anything about seismology?

ئایا هیچ شتێك سەبارەت بە بومەلەرزەزانی دەزانیت؟

[2702]بەمانای شەپۆلی گەرما دێت.

People were saying that a cold spring meant an early heat wave in summer.

خەڵك دەیانوت بەهاری سارد واتە شەپۆلی گەرما لەسەرەتای هاویندا دێت.

[2703] The country's most valuable commodities include tin and diamonds.

دوان لەبەنرخترین کاڵاکانی وڵات تەنەکەو ئەڵماسن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1085 **operator (ئۆپەرەیتە) چیە؟ واتە کارپێکەر**[2704]

**directory (دایرێکتری) دەلیل، بەکوردی رێبەر**[2705]

.1086 **state (ستەیت)، express (ئیکسپرێس) هەردوو دەردەبڕی**[2706]

**masticate (ماستیکەیت)و chew (چوو) بەمانای دەجوێ**[2707]

.1087 **cardinal (کادینڵ) چیە؟ مانای ئەساسی**[2708]

---

[2704] Computers can be used by untrained operators.

کۆمپیوتەر دەتوانرێت لەلایەن کارپێکەری رانەهێنراوەوە بەکاربهێنرێت.

[2705] رێبەر لێرەدا: ئەو کتێبەی ناوو ژمارە مۆبایل و هتد...ی تێدایەو بەشێوازی ریزبەندیی ئەبجەدی رێکخراوە.

I couldn’t find your number in the telephone directory.

نەمتوانی ژمارەکەت لەناو رێبەری تەلەفۆنەکەدا بدۆزمەوە.

[2706] دەردەبڕی= دەردەبڕێت.

State your opinion about the current situation.

بۆچونی خۆت سەبارەت بە دۆخی ئێستا دەرببڕە.

Words can't express how happy I am.

وشە ناتوانێت چۆنیەتیی خۆشحاڵیم دەرببڕێت.

Tom Cruise had expressed an interest in playing the character of Jack in Titanic (1997). However, because of his very high asking price, he was never taken seriously.

تۆم کروز حەزی خۆی بۆ بینینی رۆڵی جاك لەفیلمی تایتانیکدا دەربڕیبوو کە بەرهەمی ساڵی 1997ە، بەڵام بەهۆی ئەوەی داوای پارەی زۆری دەکرد، ستافی فیلمەکە حەزەکەیان بە هەند وەرنەگرت و پشتگوێیان خست.

[2707] دەجوێ= دەجوێت.

Masticate the food well before swallowing it.

پێش قوتدان، خواردنەکە بەباشی بجوو.

You don't chew your food enough - that's why you get indigestion.

خواردنەکەت وەك پێویست ناجویت، بۆیە توشی بەدهەرسی دەبیت.

[2708] ئەساسی= بنچینەیی.

Having clean hands is one of the cardinal rules when preparing food.

بونی دەستی پاك یەکێکە لەرێنماییە بنچینەییەکان لەکاتی ئامادەکردنی خواردندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dyspepsia (دیسپێپسیە)یە مانای بەدهەرسی**[2709]

.1088 **decimal (دێسیمڵ) نەعتە، مانای (دەیی)یە**[2710]

**cabstand (کابستاند) واتای وێستگەی تاکسییە**[2711]

.1089 **daylight saving time (دەیلایت سەیڤینن تایم) کاتی هاوینە**[2712]

**solar panel (سەولە پانڵ)ە لەوحەی خۆرینە**[2713]

.1090 **legal (لیبگڵ)و lawful (لۆوفڵ) هەردوو یاسایی**[2714]

---

[2709]موراديفی indigestionە.

Dyspesia is often related to eating.

بەدهەرسی زۆرجار پەیوەندی بە خواردنەوە هەیە.

[2710] واتە وەك نەعت (ئاوەڵناو) بەمانای دەیی دێت.

Can you change the number to the decimal system.

دەتوانیت ژمارەکە بۆ سیستەمی دەیی بگۆڕیت؟

[2711] ئەو شوێنەی تاکسی تێدا دەوەستێت لەچاوەڕوانی نەفەردا.

The cabstand was very small.

وێستگەی تاکسییەکە زۆر بچوك بوو.

[2712]کاتی هاوینە= (ع: التوقيت الصيفي): ئەو تەوقیتەی کە لەهەندێك وڵاتدا پەیڕەودەکرێت و تێیدا سەعاتێك دەخرێتە پێشەوە، واتە بۆ نمونە سەعات 8ی پێشوتر دەبێت بە 9.

I don’t support using of daylight saving time.

پشتگیریی بەکارهێنانی کاتی هاوینە ناکەم.

[2713]لەوحەی خۆرین= لەوحەی شەمسی.

Solar panels take a wide space on the roof.

لەوحەی خۆرین ڕووبەرێکی فراوانی سەقف دەگرێت.

[2714] Defend your legal rights.

بەرگری لەمافە یاساییەکانت بکە.

The police don’t interfere in lawful demonstrations.

پۆلیس دەستوەرناداتە خۆپیشاندانی یاسایی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**ordinary (ئۆۆدنەری)یە مانای ئاسایی**[2715]

.1091 **penchant (پۆنشۆن) واتە حەز**[2716]**، hobby (هۆبی) خولیایە**[2717]

**veteran (ڤێتەرن) جەنگاوەر، زۆر شارەزایە**[2718]

.1092 **same (سەیم) مانای نەفس، بەکوردی هەمان**[2719]

**jury panel (جوەری پانڵ)ە دەستەی سوێندخۆران**[2720]

.1093 **voice (ڤۆیس) دەردەبڕی و دەنگ**[2721]**، color (کەڵە)، hue (هیوو) رەنگ**[2722]

---

[2715] I live in an ordinary neighbourhood.

لەگەڕەکێکی ئاساییدا دەژیم.

[2716] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پێنچەنت گۆیدەکەن. حەز = مەیل.

She has a large penchant for shopping.

ئەو حەزێکی زۆری هەیە بۆ بازاڕکردن.

[2717]بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هاابی گۆیدەکەن. خولیا= ئارەزوو= هیوایەت.

Karzan's hobby is looking at beautiful girls!

هیوایەتی کارزان سەیرکردنی کچی جوانە!

[2718]. بەمانای جەنگاوەر (جەنگاوەری دێرین نەك تازەو کەمئەزمون)و زۆر شارەزا دێت. زۆر شارەزا= قاڵبوو.

His grandfather was a veteran of the Second World War.

باپیری جەنگاوەرێکی جەنگی دووەمی جیهانی بوو.

He is one of the veterans of the company.

ئەو یەکێکە لەقاڵبووەکانی کۆمپانیاکە.

[2719] He sits in the same chair every night.

ئەو هەموو شەوێك لەسەر هەمان کورسی دادەنیشێت.

[2720] The jury panel determined the case yesterday.

دوێنێ دەستەی سوێندخۆران کەیسەکەی یەکلاییکردەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sound (ساوند) ساخ و دەنگ[2723]، silent (سایلەنت)یش بێدەنگ[2724]**

[.1094] **good (گود) زۆرو بەسود، گونجاو، خۆش و باش[2725]**

---

[2721]وەك كار بەمانای دەردەبڕیٚ و وەك ناو بەمانای دەنگ دیٚت. دەردەبڕیٚ= دەردەبڕێت.

She angrily voiced her objections.

بەتوڕەییەوە نارەزاییەكانی دەربڕی.

She has a soft voice.

دەنگێكی نەرمی هەیە.

[2722] سپێلی وشەی یەكەمیان ئەمەریكییە، بریتانییەكەی بەم شێوەیە: colour.

Red color opens your appetite.

رەنگی سوور ئارەزووی خواردنت دەكاتەوە.

In the waters of the Caribbean there are fish of every hue.

ئاوەكانی ناوچەی دەریای كاریبی، ماسی لەهەموو رەنگێك، تێدایە.

[2723] It's an old building but it's still sound.

بینایەكی كۆنە بەڵام هێشتا ساخە. واتە بۆ نمونە نەتەپیوە پێكهاتەكانی نەرزیون و هتد...

A person can recognize a sound in as little as 0.05 seconds.

مرۆڤ دەتوانێت لەماوەی پێنج لەسەر هەزاری چركەیەكدا، دەنگ بناسێتەوە.

[2724] The valley was silent.

شیوەكە بێدەنگ بوو.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bad (باد)و poor (پۆڕ) خراپ[2726]، وشەی slow (سلەو) هێواش[2727]**

**[.1095] quad (کوۆد) حەوشەیە، بەس هی چوارگۆشە[2728]**

**unsound (ئەنساوند) مەریز، واتە نەخۆشە[2729]**

---

[2725] Our team has a good chance of winning

تیپەکەمان هەلێکی زۆری هەیە بۆ بردنەوە.

Do you want some good advice?

هەندێك ئامۆژگاریی بەسودت دەوێت؟

It was a good place to rest.

شوێنێکی گونجاو بوو بۆ پشودان.

Did you spend a good vacation?

پشویەکی خۆشت بەسەربرد؟

Read this book carefully, It's very good.

ئەم کتێبە بەوردی بخوێنەرەوە، زۆر باشە.

[2726] واتە وشەی یەکەمیان وەك خۆی دەخوێنرێتەوە. وشەی دووەمیشیان برادەرانی ئەمەریکا بە "پوەر" گۆیدەکەن.

His health situation is very bad.

باری تەندروستیی، زۆر خراپە.

Last year's exam results were fairly poor.

ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی ساڵی رابردوو تاڕادەیەك خراپ بون.

[2727] هێواش= خاو، پێچەوانەی خێرا.

He is a slow driver.

ئەو شۆفێرێکی هێواشە.

[2728] بەمانای حەوشەی شێوە چوارگۆشە دێت.

The university has an attractive quad.

زانکۆکە حەوشەیەکی چوارگۆشەی سەرنجڕاکێشی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1096 taxi rank (تاكسی رانك) مانای وێستگەی تاكسییە[2730]

spinal cord (سپاینەڵ كۆوْد) واتای حەبلی شەوكییە[2731]

.1097 turnstile (تێینستایڵ) واتای (دەرگای سوڕاو)ە[2732]

شوێنێك noisy (نۆیزی) بێ پرژاوەژاوە[2733]

.1098 violet (ڤایەلێت) واتای وەنەوشەییە[2734]

turquoise (تێیكۆیز) ماناكەی پیرۆزەییە[2735]

---

[2729] He's very unsound.

ئەو زۆر نەخۆشە.

[2730] I waited for an hour in the taxi rank.

بۆ ماوەی سەعاتێك لەوێستگەی تاكسییەكەدا چاوەڕێمكرد.

[2731] حەبلی شەوكی= دڕكەپەتك.

There are over one billion neurons in the spinal cord.

دڕكەپەتك زیاتر لەیەك ملیار دەمارەخانەی تێدایە. (ئەگەر بڕواناكەیت بیژمێرە!).

[2732] دەرگای سوڕاو: ئەو دەرگا بچوكەی لەهەندێك شوێنی گشتیدا بەكاردەهێنرێت بۆ رێدان بە چونەژورەوەی خەڵك لەڕێگەی سوڕانەوەوە.

About 3000 people entered the mall through the turnstiles.

نزیكەی سێ هەزار كەس لەڕێگەی دەرگا سوڕاوەكانەوە چونەناو مۆڵەكەوە.

[2733] I don't like that noisy cafeteria.

حەزم لەو كافتریا پرژاوەژاوە نیە.

[2734] وەنەوشەیی= مۆری شینباو

Violet eyes are rare.

چاوی وەنەوشەیی دەگمەنە.

[2735] پیرۆزەیی= سەوزی شینباو

I don't like turquoise shirt.

حەزم لەكراسی پیرۆزەیی نیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1099 beige (بەیج) قاوەیی کاڵ، واتە بێجییە[2736]

orange (ئۆرینج) پرتەقاڵ، پرتەقاڵییە[2737]

.1100 cucumber (کیووکەمبە) ئاروو، کەواتە خەیار[2738]

pomegranate (پۆمیگرانیت)ە بەمانای هەنار[2739]

.1101 dollar (دۆلە) دۆلارە[2740]، dime (دایم) دە سەنتی[2741]

buy (بای)و get (گێت) دەکڕێ[2742]، bought (بۆۆت)و got (گۆت) کڕی[2743]

---

[2736] My favourite color for shirts is beige.

ڕەنگی دڵخوازم بۆ کراس، بێجییە.

[2737] Oranges are rich in carotenoid compounds, which are converted to vitamin A and help prevent macular degeneration.

پرتەقاڵ بە پێکهاتەکانی کارۆتینۆید دەوڵەمەندە کە دەگۆڕێن بۆ ڤیتامین ئەی و یارمەتی ڕێگرتن لە لەناوچونی ماسولکەکان دەدەن.

He bought an orange shirt for his son.

کراسێکی پرتەقاڵی بۆ کوڕەکەی کڕی.

[2738] Peel the cucumber.

خەیارەکە پاك بکە. واتە توێکڵەکەی لێ بکەرەوە.

[2739] Pomegranates can be stored up to 2 months in the refrigerator.

هەنار دەتوانرێت بۆ ماوەی دوو مانگ لەبەفرگرەدا هەڵبگیرێت.

[2740] You can pay in euros or in US dollars.

دەتوانیت پارە بە یۆرۆ یان دۆلاری ئەمەریکی بدەیت.

[2741] I gave the boy two dimes to buy himself some candy.

دوو دە سەنتیم دا بە کوڕەکە بۆ ئەوەی شیرینی بۆ خۆی پێبکڕێت.

[2742] لەم مانایەدا موڕادیفن. دەکڕێ= دەکڕێت.

Let me buy you a drink

با خواردنەوەیەکت بۆ بکڕم.

I usually get vegetables from the supermarket.

هەمیشە سەوزەوات لە سوپەرمارکێت دەکڕم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1102. purchase (پێیچیس) دەکڕێ[2744]، دەفرۆشێ sell (سێڵ)ە[2745]
buyer (بایە) کڕیارە[2746]، forehead (فۆرید) (تەوێڵ)ە[2747]
1103. nickel (نیکڵ) نیکڵە، لەگەڵ پێنجسەنتی[2748]
in place of (ئین پلەیس ئەڤ) لەبری، واتە لەجیاتی[2749]

---

[2743] لەم مانایەدا موڕادیفن.

He bought some flowers for his mother.

هەندێك گوڵی بۆ دایكی كڕی.

I got that shirt from the shop.

ئەو كراسەم لەدوكانەكە كڕی.

[2744]دەكڕێ= دەكڕێت.

Where did you purchase the car?

لەكوێ ئۆتۆمبێلەكەت كڕی؟

[2745]سێڵ. دەفرۆشێ= دەفرۆشێت. یەكێكە لەكارە نائاساییەكان.

sell→sold→sold.

If you offer him another hundred, I think he’ll sell it.

ئەگەر سەدی تری بخەیتەبەردەم، پێموایە دەیفرۆشێت.

[2746] He's still looking for a buyer for his house.

هێشتا هەر لەگەڕاندایە بۆ كڕیارێك بۆ خانووەكەی.

[2747]هەروەها بە (فۆرهێد)یش گۆدەكرێت. تەوێڵ: تەختایی دەموچاو لەخوار قژو سەرووی چاو.

A doctor or nurse will often touch someone's forehead to check whether or not they have a fever.

زۆرجار پزیشك یان پەرستار دەستدەدات لەتەوێڵی كەسێك بۆ ئەوەی بزانێت كە ئاخۆ تای هەیە یان نا.

[2748] بەمانای نیكڵ و پێنجسەنتیش دێت. نیكڵ: توخمێكی كانزاییە.

Nickel is the fifth most abundant element on Earth.

نیكڵ پێنجەم زۆرترین توخمە لەسەر زەوی.

20 nickels equals one dollar.

بیست پێنجسەنتی یەكسانەبە یەك دۆلار.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1104 **sculptor (سکەڵپتە) نەحات، واتە پەیکەرتاش**[2750]

**cash (کاش) پارەی نەخت، دەگۆڕێ بە کاش**[2751]

.1105 **cross out (کرۆس ئاوت) بەمانای خەت دەهێنێ بە**[2752]

**surname (سێینەیم)، epithet (ئێپیثێت)هەردوو لەقەبە**[2753]

.1106 **indeed (ئیندید) چیە؟ لەڕاستیدا**[2754]

---

[2749] You can use mobile phones in place of computers.

دەتوانیت مۆبایل لەبری کۆمپیوتەر بەکاربهێنیت.

[2750]نەحات عەرەبییە، کوردییەکەی پەیکەرتاشە.

Henry Moore, who died in 1986, is one of Britain's famous sculptors.

هێنری مور کە لەساڵی 1986 کۆچیدوایی کردووە، یەکێکە لەپەیکەرتاشە بەناوبانگەکانی بریتانیا.

[2751]وەك ناو بەمانای پارەی نەخت و وەك کار بەمانای (دەگۆڕێ بەکاش) دێت.

پارەی نەخت= پارەی نقد: ئەو پارەیەی بەدەستەوەیە، پێچەوانەی پارەی چەك و کارتی ئەلیکترۆنی و هتد...

دەگۆڕێ بەکاش= دەگۆڕێ بە پارەی نەخت.

Will you pay by credit card or in cash?

ئایا پارەکە بە کارتی متمانە دەدەیت یان بە پارەی نەخت؟ واتە بە کارت دەیدەیت، یان بەدەستی پارەکە دەدەیت؟

Would you cash a cheque for me?

ئایا چەکێکم بۆ دەگۆڕیت بە کاش؟

[2752]خەت دەهێنێ بە= هێڵ دەهێنێت بە.

I crossed out ‘Miss’ and wrote ‘Ms’.

هێڵێم هێنا بە Missو نوسیم Ms.

[2753] لەقەب= (ع: لقب)= نازناو.

Her first name is Sarah but I don't know her surname.

ناوی یەکەمی سارەیە، بەڵام نازناوەکەی نازانم.

He has a racial epithet.

نازناوێکی ڕەگەزپەرستی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**navvy (ناڤی) کرێکار بەس نەشارەزا**[2755]

.1107 **senior (سینیەر) باڵا، هەم بەساڵاچوو**[2756]

**weaken (ویکن) لاوازکرد، لەگەڵ لاوازبوو**[2757]

.1108 **mole (مەوڵ) هەم سیخوڕە، خاڵ، مشکەکوێرە**[2758]

**brave (برەیڤ)، plucky (پلەکی) ئازاو دلێرە**[2759]

---

[2754] Many people are poor indeed.

لەڕاستیدا زۆر کەسێك هەژارن.

[2755] بەمانای کرێکاری نەشارەزا دێت.

Five navvies are working in that great project.

پێنج کرێکاری نەشارەزا لەو پرۆژە گەورەیەدا کاردەکەن.

[2756] Her husband is a senior government minister.

مێردەکەی وەزیرێکی باڵای حکومەتە.

Seniors are pioneer of the community.

بەساڵاچوان پێشەنگی کۆمەڵگان.

[2757] Changes in policy have weakened the power of the trade unions.

گۆڕانکاری لەسیاسەتدا دەسەڵاتی سەندیکا بازرگانییەکانی لاوازکردووە.

The roof timbers weakened and needed to be replaced.

داری بنمیچەکان لاوازبون و پێویستبوو بگۆڕدرێن.

[2758] بەمانای سیخوڕو خاڵ و مشکەکوێرە دێن.

The government suspects there is a mole who is leaking information to the press.

حکومەت گومانی ئەوە دەکات کە سیخوڕێك هەبێت زانیارییەکان دزەپێدەکات بۆ میدیا.

Karzan has a mole on his face.

کارزان خاڵێك لەسەر دەموچاوی هەیە.

The only mammals with a venomous bite are certain moles and shrews.

تەنها زیندەوەری مەمکدار کە پێوەدانیان ژەهراوییە، چەند جۆرێکی دیاریکراوی مشکەکوێرەو شروون.

شروو: زیندەوەرێکی بچوکە، لەمشکەکوێرە دەچێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1109 receipt (ڕیسییت)، sales slip (سەیڵسلیپ) هەردوو پسوڵە[2760]

قژێك curly (کێیلی) بێ، کەواتە لولە[2761]

.1110 blow (بلەو) لێدانە، لەگەڵ هەڵدەکا[2762]

sank (سانك) نقومبوو[2763]، thank (ثانك) سوپاسەکا[2764]

---

[2759] هەردوکیان ئاوەڵناون و موورادیفن و بەمانای ئازاو دلێر دێن، بەڵام وشەی دووەمیان نارەسمییە.

Be strong enough to stand alone, smart enough to know when you need help, and brave enough to ask for it.

هێندە بەهێز بە کە تەنها خۆت بەپێوە بووەستیت، هێندە زیرەك بە کە بزانیت چ کاتێك پێویستت بە یارمەتییە، هێندەش ئازا بە کە بوێریی ئەوەت هەبێت داوای ئەو یارمەتییە پێویستە بکەیت.

She's a plucky lady.

ئەو خانمێکی دلێرە.

[2760] هەردوکیان بەمانای پسوڵە (ی کڕینی کاڵا) دێن. وشەی دووەمیان زیاتر ئەمەریکییە نەك بریتانی.

سەرنجبدە کە پیتی p یەکەی receipt ناخوێنرێتەوە.

Make sure you are given a receipt for everything you buy.

دڵنیابەرەوە لەوەی کە پسوڵەی سەرجەم ئەو شتانەت پێدەدرێت کە دەیانکڕیت.

Keep your sale slip as proof of purchase.

پسوڵەکەت وەك بەڵگەیەکی کڕین هەڵبگرە.

[2761] واتە بەمانای لول دێت.

He has blond, curly hair.

قژێکی زەردی لولی هەیە.

[2762] وەك کار یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

blow→blew→blown

She died from a heavy blow to the head.

بەهۆی لێدانێکی قورس بۆ سەری، کۆچیدواییکرد.

A cold breeze blew.

شەماڵێکی سارد هەڵیکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1111 habit (هابیت) واته خوو[2765]، custom (کەستم)ە نەریت[2766]**

**movie (مووڤی) فلیمە[2767]، ticket (تیکیت)یش بلیت[2768]**

**.1112 worst (وێیست) خراپترین[2769]، worse (وێیس) خراپترە[2770]**

---

[2763] رابردووی sink کە یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

The Titanic was a passenger ship which sank in 1912.

تایتانیك کەشتییەکی نەفەر هەڵگر بوو کە لەساڵی 1912 نقومبوو.

[2764] سوپاسەکا= سوپاسدەکات.

سەرنجبدە کە ئەم دوو وشەیە لەڕوی خوێندنەوەوە یەك کێشیان هەیە، هەربۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆمکردنەوە.

He thanked me for taking him home.

سوپاسیکردم لەسەرئەوەی کە بردمەوە بۆ ماڵەوە.

[2765] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. خوو= عادەت.

She has a habit of playing with her hair when she’s sad.

ئەو خووی یاریکردن بە قژی، هەیە لەکاتێکدا خەفەتبارە.

[2766] The women gathered around the coffin and began to cry, as was the custom in the region.

ژنان لەدەوروبەری تابوتەکە کۆبونەوەو دەستیانکرد بە گریان، وەك ئەو نەریتەی لەناوچەکەدا هەیە.

[2767] فلیم= فیلم. نەچی بچی وابزانی وشەی فلیم هەڵەیەو فیلم ڕاستە، چونکە هەردوکیان ڕاستن.

My favourite movie is " Drunken Master ".

فلیمی دڵخوازی من (مامۆستای سەرخۆش)ە.

Ole Bentzen, a Danish audiologist, reportedly died in 1970 while watching the movie "A Fish Called Wanda." His heart rate and blood pressure rose dramatically during a laughing fit, leading to a fatal heart attack.

بنیایەم عەینەن بەشەر وایە، زۆر پێنەکەنێت باشە، ئەگینا دور نیە چارەنوسی وەك ئەم برادەرە بێت:
لەساڵی 1970، برادەرێکی دانیمارکی بەناوی ئۆلێ بێنسن کە پسپۆڕی بواری بیستن بوو، لەکاتی سەیرکردنی فیلمێك بەناوی "ماسییەك بەناوی واندا" عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. بەهۆی پرمەیەکی پێکەنینەوە لەوکاتەدا، لێدانی دڵ و فشاری خوێنی بەشێوەیەکی زۆر بەرزبووەو ئەمەش جەڵتەیەکی کوشندەی دڵی دروستکردو دوربێ لەگیانتان مرد.

[2768] How much is a one-way ticket to New York?

نرخی بلێتێکی یەکسەرە بۆ نیۆرك چەندە؟



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**supermarket (سووپەماکیت)ە دوکانی گەورە**[2771]

[.1113] **ancestor (ئانسێستە) چیە؟ باوو باپیرە**[2772]

**potency (پەوتنسی)، impact (ئیمپاکت)، effect (ئیفێکت) تەئسیرە**[2773]

[.1114] **sacrifice (ساکریفایس) واتە دەکاتەقوربانی**[2774]

**orology (ئۆرەلۆجی)یە مانای شاخزانی**[2775]

---

[2769]پلەی باڵای bad کە بەمانای خراپ دێت.

He is my worst enemy.

ئەو خراپترین دوژمنمە.

[2770] پلەی بەراوردی وشەی bad.

The conditions they're living in are worse than we thought.

ئەو بارودۆخەی ئەوانی تێدا دەژین، خراپترە لەوەی ئێمە پێمانوابوو.

[2771]دوکانی گەورە= سوپەرمارکێت.

She works at a supermarket.

ئەو لەدوکانێکی گەورەدا کاردەکات.

[2772] باووباپیر= (ع: أجداد).

My ancestors were Arabs.

باووباپیرم عەرەب بون.

[2773] تەئسیر= (ع: تأثير)= کاریگەری.

This new drug's potency is not yet known.

کاریگەریی ئەم دەرمانە تازەیە تائێستا نەزانراوە.

This decision will have a disastrous impact on foreign policy.

ئەم بڕیارە کاریگەرییەکی کارەساتباری لەسەر سیاسەتی دەرەوە دەبێت.

The radiation leak has had a disastrous effect on the environment.

دزەکردنی تیشکدانەوەکە، کاریگەرییەکی کارەساتباری لەسەر ژینگە هەبوو.

[2774] He sacrificed a great job to look after his kids.

ئیشێکی گەورەی کردەقوربانی بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1115. view (ڤیوو) بۆچون و مەنزەرو بینین[2776]

wooden (ودن) دارینە[2777]، snowy (سنەوی) بەفرین[2778]

1116. plum (پڵەم) هەڵوژە[2779]، apricot (ئەپریکۆت) قەیسی[2780]

indigestion (ئیندیجێسچن)ە مانای بەدهەرسی[2781]

1117. testicle (تێستیکڵ)، testis (تێستیس) هەردوو هێلکەگون[2782]

---

[2775]شاخزانی: زانستی لێکۆڵینەوە لەشاخ.

Orology is an interesting science.

شاخزانی زانستێکی سەرنجڕاکێشە.

[2776]مەنزەر = (ع: منظر)= دیمەن.

In my view, her criticisms were completely justified.

بە بۆچونی من، سەرجەم رەخنەکانی، بیانویان هەیە.

From the top you see an attractive view of the city.

لەسەرەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی شارەکە دەبینیت.

That Youtube video has 10,000 views.

ئەو ڤیدیۆیەی یوتیوب دە هەزار بینینی هەیە. واتە دە هەزار جار بینراوە.

[2777] The house was surrounded by a tall, wooden fence.

خانووەکە بە دیوارێکی درێژی دارین دەورەدراوە.

[2778] The snowy mountains look beautiful at sunrise.

شاخە بەفرینەکان (ئەو شاخانەی بەفر داپۆشیون) لەکاتی خۆرهەڵاتندا جوان دەردەکەون.

[2779] I ate a juicy ripe plum.

هەڵوژەیەکی ئاوداری گەییوم خوارد.

[2780] Apricot is a rich source of iron that plays an important role in the formation of blood.

قەیسی سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی توخمی ئاسنە کە رۆڵێکی گرنگ لەدروستبونی خوێندا دەگێڕێت.

[2781] Indigestion is not a disease but may be a sign of certain digestive tract diseases.

بەدهەرسی نەخۆشی نیە، بەڵام دەکرێ نیشانەیەك بێت بۆ چەند نەخۆشییەکی دیاریکراو لەڕاڕەوی هەرسدا.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**opinion (ئەپینیەن) رەئی، بەکوردی بۆچون**[2783]

[.1118] **God forbid (گۆد فەبید) چیە؟ واتە خوانەکا**[2784]

**forbid (فەبید) بەمانای قەدەغەدەکا**[2785]

[.1119] **revelation (رێڤەلەیشن) وەحی، واتە (سروش)ە**[2786]

**carafe (کەراف) سوراحی، بەڵام هی شوشە**[2787]

[.1120] **stringent (سترینجنت) توندە**[2788]**، callous (کالەس) واتە رەق**[2789]

---

[2782]وشەی دووەمیان بە testes کۆدەکرێتەوە.

Hitler only had one testicle.

هیتلەر تەنها یەك هێلکەگونی هەبوو.

Each testis weighs 10 to 15 grams.

هەر یەکێك لەهێلکەگونەکان کێشی 10 بۆ 15 گرامە.

[2783]رەئی= (ع: رأي)= بۆچون.

What's your opinion about/on the matter?

بۆچونت چیە سەبارەت بە مەسەلەکە؟

[2784] If there was a fire, God forbid, we'd be able to respond to the disaster.

خوانەکا ئەگەر ئاگرێك هەبوایە، دەمانتوانی وەڵامی کارەساتەکە بدەینەوە.

[2785]یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

forbid→forbade→forbidden

The law forbids the sale of cigarettes to people under the age of 16.

یاسا فرۆشتنی جگەرە بە کەسانی خوار تەمەن 16 ساڵ قەدەغەدەکات.

[2786] The prophets was receiving orders from God via revelation.

پێغەمبەران لەرێگەی سروشەوە فەرمانیان لەخوداوە وەردەگرت.

[2787]بەمانای سوراحیی شوشە دێت هی هی پلاستیك و کانزا.

Twenty minutes later the fat lady gave him a carafe of red wine.

بیست خولەك دواتر، خانمێکی قەڵەو سوراحییەك شەرابی سوری پێدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sweat (سویّت) عارەقەو دەكاتۆعارەق[2790]

1121. ruminant (ڕومنەنت) كاوێژكەر، ناو، ئاوەڵناوە[2791]

crude (كروود) نەوتی خاو، سادە، هەم خاوە[2792]

1122. string (سترینگ) زنجیرە، هەروەها ژێیە[2793]

---

[2788] The most stringent laws in the world are useless unless there is the will to enforce them.

توندترین یاساكان لەجیهاندا بێسودن تا ئەو كاتەی ویستێك دەبێت بۆ سەپاندنیان.

[2789] His callous comments about the murder made me mad.

لێدوانە توندەكانی سەبارەت بە كوشتنەكە شێتیكردم.

[2790]وەك ناو بەمانای عارەق و وەك كار بەمانای "دەكاتۆعارەق" دێت. دەكاتۆعارەق= عارەقدەكاتەوە.

The human body’s sweat is cold.

عارەقی لەشی مرۆڤ ساردە.

I sweat a lot.

عارەق زۆر دەكەمەوە.

[2791]واتە ئەم وشەیە ناوەو ئاوەڵناویشەو لەهەردوو حاڵەتەكەشدا بەمانای كاوێژكەر دێت.

Cows and sheep are ruminants.

مانگاو مەڕ كاوێژكەرن.

The disease is spread by infected insects to ruminant animals, such as cows and sheep.

نەخۆشییەكە لەڕێگەی مێرووی توشبووەوە بڵاودەبێتەوە بۆ گیاندارە كاوێژكەرەكانی وەك مانگاو مەڕ.

[2792]وەك ناو بەمانای نەوتی خاوو وەك ئاوەڵناو بەمانای سادەو خاویش دێت.

The small country exports 1,000 barrels of crude every day.

وڵاتە بچكۆلەكە هەموو ڕۆژێك هەزار بەرمیل نەوتی خاو هەناردەدەكات.

The government uses crude weapons against the demonstrations.

حكومەت چەكی سادە لەدژی خۆپیشاندەران بەكاردەهێنێت.

Crude oil is a national wealth.

نەوتی خاو سامانێكی نیشتمانییە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**angina pectoris (ئانجاینە پێکتریس) سنگەکوژێیە**[2794]

[.1123] **den (دێن) واتە لانە**[2795]**، dean (دیین) مانای راگر**[2796]

**swindler (سویندڵە)، impostor (ئیمپۆستە) هەردوکیان قۆڵبڕ**[2797]

[.1124] **major (مەیجە) سەرەکی و رائید، تەخەصوص**[2798]

---

[2793] ژێی ئامێرە موزیکییە ژێدارەکان.

She owns a string of great movies.

زنجیرەیەك فیلمی نایابی هەیە.

This instrument has several strings.

ئەم ئامێرە موزیکییە چەند ژێیەکی هەیە.

[2794]سنگەکوژێ: حاڵەتێکی تەندروستیی توندە کە تێیدا ئازارێکی توند لەسنگدا دروستدەبێت.

If you experience angina while exercising, stop it.

ئەگەر لەکاتی وەرزشکردندا توشی سنگەکوژێ دەبێت، بیوەستێنە.

[2795]چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای لانەی هەندێك گیانداری وەك شێرو رێوی دێت.

Don’t near from the den of the lion.

لەلانەی شێرەکە نزیك مەبەرەوە.

[2796]بێگومان مەخسەوی شەریفم لە راگر، راگری کۆلێژە. سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی eیەکەیان جیاوازە.

She is the new dean of the Faculty of Social Sciences.

ئەو راگری نوێی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە.

[2797] وشەی impostor بە سپێڵی imposterیش دەنوسرێت.

The man was a swindler.

پیاوەکە قۆڵبڕ بوو.

The police arrested the impostor.

پۆلیس قۆڵبڕەکەی دەستگیرکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sweater (سوێتە)، jumper (جەمپە)هەردوکیان بلوس[2799]

.1125 side effect (سایدیفێکت) تەئثیر، بەڵام لاوەکی[2800]

staple (ستەیپڵ)و main (مەین) هەردوو سەرەکی[2801]

.1126 explosive (ئیکسپلەوسیڤ) تەقەمەنییە[2802]

---

[2798]تەخەصوص= (ع: تخصص)= پسپۆری.

Miami is the only major U.S. city that was founded by a woman.

تەنها شاری سەرەکیی ئەمەریکا کە لەلایەن ژنەوە دامەزرێنرابێت، میامییە.

One of my brothers is a major in the Iraqi army.

یەکێك لەبراکانم رائیدە لەسوپای عیراق.

Her major is history.

پسپۆرییەکەی مێژووە.

[2799]وشەی دووەمیان زیاتر بریتانییە.

He bought a nice sweater for his young brother.

بلوسێکی جوانی بۆ برا بچوکەکەی کڕی.

I don’t like red jumpers.

حەزم لەبلوسی سور نیە.

[2800]. بەمانای تەئثیری لاوەکی دێت. تەئثیری لاوەکی= (ع: تأثیر جانبي)= کاریگەریی لاوەکی.

A small piece of onion can work against side effects of fever if it is kept on the forehead.

پارچەیەکی بچوك لەپیاز دەکرێ روبەڕوی کاریگەرییە لاوەکییەکانی تا ببێتەوە، ئەگەر لەسەر ناوچەوان دابنرێت.

[2801]هەردوکیان بەمانای سەرەکی دێن واتە لەم مانایەدا موورادیفن.

Oil is Nigeria’s staple export.

نەوت هەناردەی سەرەکیی نایجیریایە.

Urea, the main ingredient in urine, is added to cigarettes to enhance their flavor.

یۆریا کە پێکهاتەی سەرەکیی میزە، دەکرێتە ناو جگەرەوە بەمەبەستی بەهێزکردنی تامەکەی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**fine by me (فاین بای می) ماناى، (من لاریم نیه)**[2803]

[.1127] **pretest (پرییتێست) ئیختیبار، بەڵام ئەووەلی**[2804]

**chile (چیلی) بیبەری توون، لەگەڵ چیلی**[2805]

[.1128] **substitute (سەبستیچووت) بەدیل، ناوو ئاوەڵناو**[2806]

**took place (توك پلەیس) رویدا**[2807]**، incident (ئنسیدنت) روداو**[2808]

---

[2802] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئیکسپلۆوسیڤ گۆیدەکەن.

Don’t near from explosives.

لەتەقەمەنی نزیکمەبەرەوە.

[2803]بۆ رەزامەندی بەکاردەهێنرێت. هەروەها okay by meیشی پێدەووترێت.

Whatever you want to do is fine by me.

هەرشتێك کە تۆ دەتەوێت بیکەت من لاریم نیە.

[2804]بەمانای ئیختیباری ئەووەلی دێت. ئیختیباری ئەووەلی= تاقیکردنەوەی سەرەتایی پێش بەکارهێنان. بەسپێلی pre-testیش دەنوسرێت.

The company was advised to carry out pretests on all electrical goods.

کۆمپانیاکە ئامۆژگاریکرا کە تاقیکردنەوەی سەرەتایی لەسەر هەموو کاڵا ئەلیکترۆنییەکان ئەنجامبدات.

[2805]بەمانای بیبەری تون و وڵاتی چیلیش دێت. بێگومان ئەگەر بەمانای وڵاتەکە بەکاربهێنرێت، پێویستە هەمیشە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت. لەمانای یەکەمیاندا بە هەردوو سپێلی chilliو chili یش دەنوسرێت.

Chili Has Lots of Vitamin C.

چیلی برێکی زۆر ڤیتامین سی تێدایە.

Approximately 1/3 of Chile's population lives in Santiago.

نزیکەی سێیەکی دانیشتوانی چیلی لە سانتیاگۆ دەژین.

[2806]واتە بەمانای بەدیل دێت و لەهەمان مانادا ناوو ئاوەڵناویشە. بەدیل= جێگرەوە.

Vitamins should not be used as a substitute for the healthy food.

نابێت ڤیتامینەکان وەك بەدیلێك بۆ خۆراکیی تەندروست بەکاربهێنرێن.

Plastic is sometimes used as a substitute material.

هەندێجار پلاستیك وەك ماددەیەکی جێگرەوە بەکاردەهێنرێت.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[.1129] **freedom** (فریبدەم)، **liberty** (لیبەتی) هەردوو ئازادی[2809]

**commoner** (کۆمنە) مانای کەس بەڵام هی عادی[2810]

[.1130] **dentistry** (دێنتستری) چیە؟ توببی ئەسنانە[2811]

**pot** (پۆت) ماریوانا، مەنجەڵ، ئینجانە[2812]

---

[2807]موراديفی happended. ڕانەبردووەکەی take place.

Major changes took place in the society.

گۆڕانکاریی سەرەکی لەکۆمەڵگەکەدا ڕوویدا.

[2808]موراديفی event.

A youth was seriously injured in a shooting incident.

لەڕووداوێکی تەقەکردندا گەنجێك بەسەختی بریندداربوو.

[2809] The history of freedom is the history of resistance.

مێژوی ئازادی بریتییە لەمێژوی بەرگری.

Life without liberty is like a body without spirit.

ژیان بەبێ ئازادی وەك جەستە وایە بەبێ ڕۆح.

[2810]بەمانای کەسی عادی دێت. کەسی عادی= کەسی ئاسایی: کەسێك کە ناودارو خانەدان و لەبنەماڵەی پادشاو هاوشێوەکانی نەبێت.

Now, a member of the royal family can marry a commoner.

ئێستا ئەندامێکی خێزانی شاهانە دەتوانێت هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا بکات.

[2811]توببی ئەسنان= (ع: طبّ الأسنان)= پزیشکیی ددان.

Some of them were studying medicine, dentistry, law and engineering.

هەندێك لەوان پزیشکی، پزیشکیی ددان، یاساو ئەندازیارییان دەخوێند.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1131 cast-iron (كاستايەن) چيە؟ واتە زۆربەهێز[2813]**

**upstanding (ئەپستاندین) ماناى شەریف و بەڕێز[2814]**

**.1132 alibi (ئالەباى) چیە؟ یانى بەهانە[2815]**

**taken (تەیكن) (براو)[2816]ە، token (تەوكن) نیشانە[2817]**

---

[2812]بەڵام برادەرانى ئەمەریكا بە پاات گۆیدەكەن.ماناى یەكەمیان نارەسمییە. ماریوانا: جۆرە ماددەیەكى هۆشبەرە.

Sarwar was smoking pot with some friends.

سەروەر لەگەڵ هەندێك هاوڕێدا ماریواناى دەكێشا.

Fill a large pot with salted water and boil it.

مەنجەڵێكى گەورە پڕبكە لەخوێیاوو بیكوڵێنە.

Most roses grow well in pots.

زۆربەى گوڵەكان لەئینجانەدا بەباشى گەشەدەكەن.

[2813]موراديفى very strongە.

He has a cast-iron stomach - he can eat anything.

ئەو گەدەیەكى زۆر بەهێزى هەیە، دەتوانێت هەموو شتێك بخوات.

[2814]شەریف= بەئابڕوو

He’s an upstanding young man, don’t fear from him.

ئەو پیاوێكى گەنجى شەریف و بەڕێزە، لێى مەترسە.

[2815]بە (ئالیباى)یش دەخوێنرێتەوە.

He has a cast-iron alibi, he was in hospital the day of the murder.

بەهانەیەكى زۆر بەهێزى هەبوو، ڕۆژى كوشتنەكە لەنەخۆشخانە بوو.

[2816]تەسریفى سێیەمى takeە.

My pen is taken.

قەڵەمجافەكەم براوە.

[2817]سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەى ئەم نیوەبەیتە لەڕوى پێكهاتەوە تەنها یەك پیتیان جیاوازە.

Please accept this gift as a small token of our appreciation.

تكایە ئەم دیارییە قبوڵبكە وەك نیشانەیەكى بچوكى پێزانینمان.



بۆ كڕینى تازەترین چاپى PDFى ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپى فریى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەرى نوسەر 07701393984

1133. asparagus (ئەسپارەگەس)ە بەواتای هیلیۆن[2818]

television (تێلەڤیژن)ە مانای تەلەفزیۆن[2819]

1134. navy blue (نەیڤی بلوو) نیلی، واتە شینی تێر[2820]

evangelist (ئیڤانجیلیست)ە مانای پەیامنێر[2821]

1135. inn (ئن) مانای باڕو ئوتێل(ی بچوك[2822]

stingy (ستینجی)، tight-fisted (تایتفیستد)، هەردوکیان چروك[2823]

---

[2818]هیلیۆن: جۆرە سەوزەیەکە.

Eating asparagus is good for hangovers.

خواردنی هیلیۆن بۆ سەرەسوڕێی پاش سەرخۆشبون، بەسودە.

[2819] بەکورتکراوەیی TVیشی پێدەووترێت.

Sakar turned on the television to watch the evening news.

ساکار تەلەفزیۆنەکەی کردەوە بۆ ئەوەی سەیری هەواڵەکانی ئێوارە بکات.

[2820] هەروەها navyیشی پێدەووترێ.

You look very handsome with that navy blue sweater.

بەو چاکەتە نیلییەوە زۆر قوز دەردەکەویت.

[2821]مەخسەوی شەریفم لەوشەی پەیامنێر لێرەدا موبەشیری مەسیحییە، واتە بانگخوازی مەسیحی، ئەوانەیان کە شارەو شار دەگەڕێن بەمەبەستی قایلکردنی خەڵك بۆ بون بە مەسیحی.

He was a famous evangelist.

ئەو موبەشیرێکی بەناوبانگ بوو.

[2822]بەمانای باڕو ئوتێلی بچوك دێت، بەتایبەت هی ناوچە گوندنشینەکان. ئەم وشەیە عەینەن وشەی in دەخوێنرێتەوە.

The inn was very untidy.

باڕەکە زۆر پیس و چەپەڵ بوو.

We stayed at the inn for three days.

بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لەئوتێلە بچوکەکەدا ماینەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1136 fast (فاست)، quick (كويك)، rapid (راپيد)، brisk (بريسك)، خێرایە[2824]**

**fast {بەخێرایی}ش[2825]، I think (ئای ثینك) پێموایە[2826]**

---

[2823] هەردوكیان بەمانای چروك دێن. چروك: رەزیل، (ع: بخیل)، دەستقونجاو.

He's really stingy and never buys anyone a drink when we go out.

ئەو زۆر چروكەو كاتێك دەچینەدەرەوە، هەرگیز هیچ خواردنەوەیەك بۆ هیچ كەسێك ناكڕێت.

Once a stingy man says to his sons: Who of you can obtain top ten of the university's graduates, I will show him an expensive nice new model car.

جارێك رەزیلێك بە كوڕەكانی دەڵێت، هەركەستان بتوانێت عەشرە ئەوائیلی زانكۆ بێت، سەیارەیەكی مودێل تازەی جوانی گرانبەهای پیشاندەدەم!!!

Don't wait for Shaho to buy you a cup of tea, He's too tight-fisted.

چاوەڕێی شاهۆ مەبە كوپێك چات بۆ بكڕێت، ئەو زۆر چروكە.

[2824] هەرچواریان ئاوەڵناون و بەمانای خێرا دێن.

He's one of the fastest swimmers in the world.

ئەو یەكێكە لەخێراترین مەلەوانەكان لەجیهاندا.

It was a quick journey.

ئەوە گەشتێكی خێرا بوو.

His response to the accusation was rapid.

وەڵامدانەوەی بۆ تۆمەتباركردنەكە خێرا بوو.

Her tone of voice is brisk.

تۆنی قسەكردنی خێرایە.

[2825] واتە fast بەمانای "بەخێرایی"ش دێت. بێگومان لەم حاڵەتەدا ئاوەڵفەرمانە.

He drove so fast that I really felt my life was in danger.

ئەو ئەوەندە بەخێرایی ئۆتۆمبێلەكەی لێخوڕی كە بەڕاستی هەستمكرد ژیانم لەمەترسیدایە.

[2826] وشەی think یەكێكە لەكارە نائاساییەكان.

think→thought→thought

I think it is important to learn English.

پێموایە فێربونی ئینگلیزی گرنگە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1137 **decide (دسايد) چيه؟ بڕياردەدا**[2827]

**pretend (پريتيند) بەمانای واخۆی دەردەخا**[2828]

.1138 **the die is cast (ذە دای ئز کاست)ە کار لەکارترازا**[2829]

**metallurgy (مەتالەجی)یە زانستی کانزا**[2830]

.1139 **anger (ئاننگە) تورەيی**[2831]**، malice (ماليس)يش قينە**[2832]

**time is money (تايم ئز مەنی)، وەقت سەمينە**[2833]

---

[2827] بڕياردەدا= بڕياردەدات.

It was decided that four hospitals should close.

بڕياردرا چوار نەخۆشخانە دابخرێن.

[2828]واخۆی دەردەخا= واخۆی دەردەخات.

He’s not asleep – he’s just pretending.

خەوی لێنەکەوتووە، تەنها واخۆی دەردەخات.

[2829]مانای حەرفی ئەم رستەيە "زارەکە هەڵدراوە"يە.

Don’t discuss the matter again, the die is cast.

جارێکی تر گفتوگۆ لەسەر پرسەکە مەکە، کار لەکارترازا.

[2830]زانستی کانزا= کانزازانی= کانزاناسی: زانستی لێکۆڵينەوە لەکانزاکان.

Why is the metallurgy important?

بۆچی کانزازانی گرنگە؟

[2831]ناوە، بەزيادکردنی y بۆ کۆتاييەکەی دەبێتە ئاوەڵناو. angry تورە.

His face was full of anger.

دەموچاوی پڕ بوو لەتورەيی.

[2832]ناوێکی نەبژێردراوە. سەرنجبدە eيەکە ناخوێنرێتەوە.

There certainly wasn't any malice in her comments.

بەدڵنياييەوە هيچ قينێك لەلێدوانەکانيدا نەبوو.



بۆ کڕينی تازەترين چاپی PDFی ئەم کتێبەو ريکلامکردن لەسەر چاپی فريی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەری نوسەر 07701393984

.1140 **mock (مۆك) بەمانای لاسایەکاتۆ**[2834]

**went over (وێنت ئەوڤە) واتە دوبارەکردۆ**[2835]

.1141 **tonsillectomy (تانسەلێکتەمی) هینی ئاڵووەکان**[2836]

**illustrious (ئیلەستریەس)و famed (فەیمد) بەناوبان**[2837]

.1142 **forbade (فەباد) چیە؟ (قەدەغەکرد)ە**[2838]

---

[2833] وەقت= کات. سەمین= (ع: ثمین) = بەنرخ. وەقت سەمینە= کات بەنرخە.

For the muslims, time is money.

بەلای موسڵمانەکانەوە کات بەنرخە.

[2834]لاساییەکاتۆ = لاساییدەکاتەوە. بەمانای لاساییکردنەوەیەك دێت کە زیاتر ئامانج لێی گاڵتەپێکردن بێت.

The children mocked their handicapped classmate.

منداڵەکان لاسایی هاوپۆلە کەمئەندامەکەیان کردەوە.

[2835]رابردوی go over.ە. دوبارەکردۆ = دوبارەکردەوە.

Once again I went over exactly what I needed to say.

جارێکی تر کتومت ئەوەم دوبارەکردەوە کە پێویستبوو بیڵێم.

[2836]بێگومان مەخسەوی شەریفم لە هینی ئاڵووەکان، نەشتەرگەریی دەرهێنانی ئاڵووەکانە کە لای خۆمان بە عەمەلیاتی لەوزەتێن ناسراوە.

Tonsillectomy takes about 30 minutes to an hour.

نەشتەرگەریی دەرهێنانی ئاڵووەکان نزیکەی 30 خولەك بۆ کاژێرێك دەخایەنێت.

[2837]بێگومان مەخسەوی شەریفم لەوشەی "بەناوبان"، بەناوبانگە، بەڵام لەبەر قافیەی بەیتەکە پیتی "گ"ەکەم نەنوسیوە.

She comes from an illustrious political family.

ئەو لەخێزانێکی سیاسیی بەناوبانگەوە هاتووە.

Piramerd is a famed Kurdish poet.

پیرەمێرد شاعیرێکی بەناوبانگی کوردە.

[2838] کارێکی رابردووەو یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. رانەبردووەکەی forbid.ە.

The new law strictly forbade racial and sexual discrimination.

یاسا نوێیەکە بەتوندی جیاکاریی رەگەزی و سێکسی قەدەغەکرد.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**fierce (فیەس)و strict (ستریکت) هەردوکیان توندە**[2839]

.1143 **rattlesnake (ڕاتڵسنەیك) چیە؟ زەنگەمارە**[2840]

**tag (تاگ) مانای كارت و تابلۆی سەیارە**[2841]

.1144 **account (ئەکاونت)و tab (تاب) هەردوو ئەژمارە**[2842]

**license plate (لایسنس پلەیت) مانای تابلۆی سەیارە**[2843]

---

[2839] هەردوکیان بەمانای توند دێن.

Two men were wounded during fierce fighting last Monday.

دوشەممەی ڕابردوو دوو پیاو لەکاتی شەڕێکی توندا بریندار بون.

This company is very strict about punctuality.

ئەم کۆمپانیایە سەبارەت بە خاڵبەندی زۆر توندە.

[2840] زەنگەمار: جۆرە مارێکی ژەهراوییە کە لەکاتی ڕۆیشتندا بەتوڕەیی کلکی بەشێوەیەك دەلەرزێنێت کە دەنگ دەردەکات.

Rattlesnakes' favorite food are small mammals, especially rodents.

خۆراکی دڵخوازی زەنگەمار زیندەوەرە مەمکدارەکانە، بەتایبەتی قرتێنەرەکان.

[2841] دوان لەماناکانی کارت و تابلۆی سەیارەن. تابلۆی سەیارە= تابلۆی ئۆتۆمبێل. مانای دووەمیان نافەرمییە.

Don’t forgot to remove the price tag from the shirt.

لەبیرت نەچێت. کارتی نرخەکە لەکراسەکە بکەیتەوە.

Please wash your tag.

تکایە تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەت بشۆ.

[2842] . ئەژمار= حیساب. سەرنجبدە وشەی tab چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Someone has hacked my Facebook account.

کەسێك ئەژماری فەیسبوکەکەمی هاککردووە.

I’ll put it on your tab and you can pay tomorrow.

دەیخەمە سەر ئەژمارەکەت و دەتوانیت سبەینێ بیدەیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1145. **conclusion (کەنکلوژن) چیە؟ ماناى كۆتایى**[2844]

**navy (نەیڤی) شینی تیر، هێزی دەریایی**[2845]

1146. **stage (ستەیج) قۆناغە**[2846]**، بەبێ t (دانا)**[2847]

**put (پوت) دادەنێت، هەروەها دانا**[2848]

1147. **commerce (کۆمێیس) چیە؟ بازرگانییە**[2849]

---

[2843]تابلۆی سەیارە= تابلۆی ئۆتۆمبێل.

Your license plate is very old, you must replace it.

تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەت زۆر کۆنە، پێویستە بیگۆڕیت.

[2844] Be careful not to mention secret things in the conclusion of your article.

وریابە، لەکۆتایی وتارەکەتدا شتی نهێنیی باسمەکە.

[2845] شینی تیر= نیلی

He was wearing a navy sweater.

ئەو چاکەتێکی نیلی لەبەردابوو.

The navy's largest ship was destroyed in the attack.

لەهێرشەکەدا گەورەترین کەشتیی هێزە دەریاییەکە تێکشکێنرا.

[2846] The project is in its final stages and should be completed by August.

پرۆژەکە لەقۆناغەکانی کۆتاییدایەو دەبێت لەمانگی ئابدا تەواوببێت.

[2847]مەبەستم ئەمەیە: وشەی stage بەمانای قۆناغ دێت، بەڵام ئەگەر پیتی tیەکەی لێبکەیتەوە، ئەوا دەبێتە sage (سەیج) کە بەمانای دانا (حەکیم) دێت.

My sage grandfather died last week.

هەفتەی رابردوو باپیرە داناکەم کۆچیدوایی کرد.

[2848]فەرمانەو بەمانای دادەنێت دێت، بەڵام لەبەرئەوەی یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان و داڕشتە (سیغە)ی رابردوشی وەك خۆیەتی واتە هەر put، کەواتە بەمانای "دانا"ش دێت کە فەرمانێکی رابردووە.

They put flowers on his grave.

ئەوان گوڵ لەسەر گۆڕەکەی دادەنێن.

He put the coffee on the table.

قاوەکەی لەسەر مێزەکە دانا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**municipality (میوونیسەپالەتی) شارەوانییە**[2850]

[.1148] **writhe (ڕایذ) (لەئازاردا) دەتلێتەوە**[2851]

**conceal (کەنسییڵ) بەمانای دەشارێتەوە**[2852]

[.1149] **labor (لەیبەر) کاردەکات، هەروەها کارە**[2853]

**tycoon (تایکوون) بەمانای سەرمایەدارە**[2854]

[.1150] **infancy (ئینفنسی) چیە؟ واتە تفولە**[2855]

---

[2849] مورادیفی trade.

The world of commerce and industry is very busy.

جیهانی بازرگانی و پیشەسازی زۆر جەنجاڵە.

[2850] The municipality provides services such as water and rubbish collection.

شارەوانیی خزمەتگوزاریگەلی وەك ئاوو كۆكردنەوەی پاشەڕۆ دابیندەكات.

[2851] (لەئازاردا) دەتلێتەوە= دەتلێتەوە (لەئازاردا).

The pain was so sharp that he was writhing in agony.

ئازارەكە ئەوەندە توند بوو كە ئەو لەئازاردا دەتلایەوە.

[2852] The listening device was concealed in a pen.

ئامێری گوێلێگرتنەكە لەناو قەڵەمجافێكدا شاردرابووەوە.

[2853] وشەیەكی ئەمەریكییە، بریتانییەكەی labour. وەك ناو بەمانای كارو وەك كار بەمانای كاردەكات دێت، بەڵام كاركردنی قورس نەك ئاسان.

They laboured all day in the mills.

تەواوی ڕۆژەكە لەئاشەكاندا كاریكرد.

Many women do hard manual labour.

زۆرێك لەژنان كاری دەستیی قورس ئەنجامدەدەن.

[2854] بەمانای سەرمایەداری گەورەو دەستڕۆیشتوو دێت نەك هی سادە: گەورەسەرمایەدار.

Faruq is a Kurdish tycoon.

فاروق گەورەسەرمارمایەدارێكی كوردە.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

profound (پرەفاوند) تەواو، هەروەها قوڵە[2856]

[.1151] disheartened (دیسهاڵتند) چیە؟ بێهیوایە[2857]

hoover (هووڤە) میکنەسە، هی کارەبایە[2858]

[.1152] fitness (فیتنەس) گونجاوی، واتە لەباری[2859]

information (ئینفەمەیشن)و info (ئینفە) زانیاری[2860]

---

[2855]تفولە= (ع: طفولة)= منداڵی. منداڵیی بچوك واتە پێش ئەوەی پێبگرێت. بەڵام childhood كە هەر بەمانای منداڵی دێت، تەمەنەكەی گەورەترە. وشەی infantیش كە بەمانای منداڵی شیرەخۆر دێت، هەر لەم وشەیە وەرگیراوە.

Her youngest son died in infancy.

بچوكترین كوڕی بە منداڵی مرد. واتە پێش ئەوەی گەورە بێت، مرد.

[2856] بەمانای تەواو (complete)و قوڵ دێت. لەمانای دووەمیاندا زیاتر بەمانای قوڵی مەعنەوی دێت نەك ماددی.

Profound deafness has no treatment.

كەڕیی تەواو چارسەری نیە.

His mother's death when he was aged six had a very profound effect on him.

مردنی دایكی كاتێك ئەم تەمەنی شەش ساڵ بوو، كاریگەرییەكی زۆر قوڵی لەسەر هەبوو.

[2857] Don't be disheartened. It will be fine.

بێهیوا مەبە، باش دەبێت.

[2858]بەمانای میكنەسەی كارەبا دێت. مەبەستم لەمیكنەسەی كارەبا، میكنەسەی كارەبابیە تەبعەن. میكنەسەی كارەبایی= (ع: مكنسة كهربائیة)= گسكی كارەبایی.

I have to buy a new hoover.

پێویستە گسكێكی كارەبایی نوێ بكڕم.

[2859] He questioned Karzan’s fitness for high office.

ئەو سەبارەت بە گونجاویی كارزان بۆ پۆستی باڵا، پرسیاریكرد.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1153** **akin to (ئەكین تو) چیە؟ واتە هاوشێوەی**[2861]

**(per) (پێێ) واتە (بۆ هەر)**[2862]**، as per (ئەز پێێ) بەگوێرەی**[2863]

**.1154** **(top) (تۆپ) واتە لوتكەو دەگاتەلوتكە**[2864]

**half-sister (هافسیستە)، stepsister (ستێپسیستە) زڕخوشكە**[2865]

**.1155** **arrest (ئەرێست)، catch (كاچ)و (nab) (ناب)، apprehend (ئەپریهێند) دەگرێ**[2866]

---

[2860]هەردوكیان بەمانای زانیاری دێن، بەڵام دووەمیان وشەیەكی نافەرمییە.

Do you have any information about the accident?

ئایا هیچ زانیارییەكت هەیە سەبارەت بە رووداوەكە؟

For further info, please contact your local library.

بۆ زانیاریی زیاتر، تكایە پەیوەندی بكە بە كتێبخانەی گشتیی شوێنەكەتەوە.

[2861] They speak a language akin to French.

بە زمانێكی هاوشێوەی فەرەنسی قسەیان دەكرد.

[2862] The meal cost $25 per head.

ژەمەخواردنەكە 25 دۆلاری تێدەچێت بۆ هەر سەرێك. واتە بۆ هەر كەسێك.

[2863]موراديفی according to.

The work was carried out as per your instructions.

كارەكە بەگوێرەی ڕێنماییەكانی تۆ جێبەجێكرا.

[2864]وەك ناو بەمانای لوتكەو وەك كار بەمانای "دەگاتەلوتكە" دێت.

The tops of the mountains were still covered with snow.

لوتكەی شاخەكان هێشتا بە بەفر داپۆشرابون.

We topped the hill and looked down towards the valley below us.

گەیشتینە لوتكەی گردەكەو سەیری شیوەكەی خوارەوەمان كرد.

[2865] Do you have any half-sisters?

ئایا هیچ زڕخوشكێكت هەیە؟

His stepsister was very kind.

زڕخوشكەكەی زۆر باش بوو.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**burn (بێێن) دەسوتێنێ، دەسوتێ، دەگڕێ**[2867]

[.1156] **score (سکۆڕ) گۆڵدەکا، سێکسەکا، ئەنجام**[2868]

---

[2866] هەرچواریان لەم مانایەدا مورادیفن. دەگرێ= دەگرێت= دەستگیردەکات.

وشەی catch یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. رابردوو و تەسریفی سێیەمی caught (کۆت)ە.

He was arrested when officers found drugs in his bag.

کاتێك ئەفسەرەکان ماددەی هۆشبەریان لەجانتاکەیدا دۆزییەوە، گیرا.

Police have launched a massive operation to catch the murderer.

پۆلیس پرۆسەیەکی گەورەی دەستپێکرد بۆ گرتنی بکوژەکە.

Undercover police officers nabbed the men at the airport.

ئەفسەرانی پۆلیسی نهێنی پیاوەکانیان لەفرۆکەخانەکە گرت.

The police have finally apprehended the killer.

دواجار پۆلیس بکوژەکەی گرت.

[2867] ئەم فەرمانە بەزیادکردنی ed هەروەها بەگۆڕینیشی بۆ burnt دەکرێتە رابردوو. واتە لەڕوی رێزمانییەوە دەتوانرێت وەك کارێکی ئاسایی و نائاساییش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. دەسوتێنێ= دەسوتێنێت. دەسوتێ= دەسوتێت. دەگڕێ= دەگڕێت.

I will burn all his old letters.

هەموو نامە کۆنەکانی دەسوتێنم.

He was badly burned in the blaze.

ئەو بەسەختی سوتا لەناو ئاگرەکەدا.

The hall light is still burning.

گڵۆپی هۆڵەکە تائێستا دەگڕێ. واتە کاردەکات و نەکوژاوەتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**uninterrupted (ئەنینترەپتد)، lingering (لینگرینن) بەردەوام**[2869]

[.1157] **note (نەوت) سەرنجدەدا، نۆتە، هەم نامە**[2870]

**text message (تێکستمێسیج)ە تێکستەنامە**[2871]

---

[2868] وەك فەرمان بەمانای (گۆڵدەکا)و (سێکسەکا)و وەك ناو بەمانای ئەنجام "بەتایبەتی ئەنجامی یاری وەرزشی" دێت. گۆڵدەکا= گۆڵدەکات. سێکسەکا= سێکسدەکات.

Messi scored in the last minute of the game.

مێسی لەکۆتاخولەکی یارییەکەدا گۆڵیکرد.

Did you score last night?

شەوی رابردوو سێکستکرد؟

The final score was 25–16 in favor of Washington

ئەنجامی کۆتایی 25×16 بوو لەبەرژەوەندی واشنتۆن.

[2869] مورادیفی continuous.

I want a radio station that offers uninterrupted music .

کەناڵێکی رادیۆییم دەوێ کە موزیکی بەردەوام پێشکەش بکات.

She has lingering doubts about his ability to do the job.

سەبارەت بە توانای بۆ کردنی ئەو کارە، گومانی بەردەوامی هەیە.

[2870] وەك کار بەمانای سەرنجدەداو وەك ناو بەمانای نۆتە(ی مۆسیقا)و نامە دێت. نامەی کورت و نافەرمی. سەرنجدەدا= سەرنجدەدات.

He carefully noted the time when they left the building.

ئەو بەوردی سەرنجی کاتەکەی دا کاتێك ئەوان باڵەخانەکەیان جێهێشت.

Do you recognize first notes of the song.

ئایا نۆتە سەرەتاکانی گۆرانییەکە دەناسیتەوە؟

I was going to write Karzan a note, but I decided to call him instead.

بەنیازبوم نامەیەك بۆ کارزان بنوسم بەڵام بریارمدا لەبری ئەوە تەلەفۆنی بۆ بکەم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1158 goodbye (گودبای) ماڵاوا[2872]، hello (هێلەو) سڵاوە[2873]

defiantly (دیفایەنتلی) بە تەحەدداوە[2874]

.1159 add (ئاد) واتە دەشڵێت، لەگەڵ زیاددەکا[2875]

Heaven forbid (هێڤین فەبید)ە مانای خوانەکا[2876]

.1160 nuclear (نیووکلیە) چیە؟ مانای ناوکی[2877]

activity (ئاکتیڤەتی)و pursuit (پەسیووت) چالاکی[2878]

---

[2871]بەمانای تێکستنامە دێت نەك دەنگنامە. textیشی پێدەوترێت.

He sent me a text message to say he would be late.

تێکستنامەیەکی بۆ ناردم و تێیدا دەڵێت دوا دەکەوێت.

[2872]ماڵاوا بەمانای خواحافیزیکردن. ماڵاوا= ماڵئاوا.

She said goodbye to everyone.

ئەو بە هەمویانی وت ماڵئاوا. واتە خواحافیزی لێکردن.

[2873] Hello Ahmed, How are you?

سڵاو ئەحمەد، چۆنی؟

[2874] They defiantly refused to identify themselves in court.

لەدادگاییکردنەکەدا بە تەحەدداوە رەتیانکردەوە کە خۆیان بناسێنن.

[2875]زیاددەکا= زیاددەکات.

'I don't care what you think.' she added defiantly.

ئەو بە تەحەدداوە وتیشی: گوێنادەم بەوەی تۆ چۆن بیردەکەیتەوە.

He added your name to the list.

ناوی تۆی بۆ لیستەکە زیادکرد.

[2876]ئەم دەستەواژەیە God forbidیشی پێدەووترێت.

What would you do financially if, heaven forbid, your husband died?

لەڕوی داراییەوە چی دەکەیت ئەگەر، خوانەکا، مێردەکەت مرد؟

[2877] Iran has a nuclear power station.

ئێران وێستگەیەکی وزەی ناوکی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1161 death adder (دێث ئادە) چیە؟ واتە مەرگەمار[2879]**

**bane (بەین)، poison (پۆیزن)، venom (ڤێنەم)،  toxin (تۆکسین) مانای ژار[2880]**

**.1162 painless (پەینلەس) بێئازار[2881]، painful (پەینفڵ) بەئازار[2882]**

---

[2878] Everyone is free to engage in peaceful political activity.

هەموو كەسێك ئازادە بچێتەناو چالاكیی سیاسیی ئاشتیخوازانە.

I enjoy outdoor pursuits, like riding.

چێژ لەچالاكیگەلی دەرەوەی ماڵ دەبینم، بۆ نمونە وەك سواربونی وڵاخ.

[2879]مەرگەمار= ماری مەرگ: یەكێكە لەژەهراویترین جۆرەكانی مارو نیشتمانیی بنەڕەتی ئوسترالیاو گینیای نوێ و دورگە نزیكەكانی ئەو ناوچانەیە.

The death adder can reach a maximum body length of 70–100 centimetres.

ئەوپەڕی درێژیی جەستەی مەرگەمار دەگاتە 70 بۆ 100 سانتیمەتر.

[2880] ژار= ژەهر.

bane زیاتر بەمانای ژەهرێك دێت كە كوشندە بێت نەك ناسكەژەهر!.

poison بەمانای ژەهر بەگشتی دێت.

venomیش زیاتر بەمانای ژەهری زیندەوەرانی وەك خشۆك و مێرووەكان دێت.

toxin زیاتر بەمانای ژەهرێك دێت كە بەرهەمی بەكتریا بێت و ببێتەهۆی نەخۆشی.

There is no treatment for the bane he consumed mistakenly.

ئەو ژەهرەی ئەو بەهەڵە بەكاریبردووە، چارەسەری نیە.

Someone had put poison in her drink.

كەسێك ژەهری كردبووە خواردنەوەكەی.

Snake venom is deadly.

ژەهری مار كوشندەیە.

Avoid toxins and unhealthy environments.

خۆت لەژەهرو ژینگە ناتەندروستەكان بەدوربگرە.

2881 The most common symptom of testicular cancer is a painless, hard lump in one testicle.

باوترین نیشانەی شێرپەنجەی گون، بریتییە لەلویەكی رەقی بێئازار لەیەكێك لەهێلكەگونەكاندا .



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**option (ئۆپشن) بژاردە، کەواتە خیار**[2883]

.1163 **spray (سپرەی) چیە؟ دەپرژێنێ**[2884]

**dupe (جیووپ) خۆشباوەڕ، هەڵدەخڵەتێنێ**[2885]

.1164 **specific (سپەسیفیك) چیە؟ دیاریکراو**[2886]

**unsolicited (ئەنسەلیسیتد) واتە نەخوازراو**[2887]

.1165 **aid (ئەید)و help (هێڵپ)، assist (ئەسیست) یارمەتیدەدا**[2888]

---

2882 بەئازار= ئازاربەخش

Recovery from the operation is a slow and painful process.

چاکبونەوە بە نەشتەرگەری پرۆسەیەکی هێواش و ئازاربەخشە.

2883 Thanks to its high carbohydrate, fiber, vitamin C and mineral content, eating apples are the perfect (and healthy) option to help you stay energised all day.

بەهۆی بونی بڕێکی زۆر لەکاربۆهیدرات، ریشاڵ، ڤیتامین سی و پێکهاتەی کانزایی، خواردنی سێو بژاردەیەکی تەواو تەندروستە بۆ یارمەتیدانت لەوەی بەدرێژایی رۆژ بە چالاکی بمێنیتەوە.

2884 دەپرژێنێ= دەپرژێنێت.

She sprayed herself with perfume.

ئەو عەترەکەی پرژاند بەخۆیدا.

2885 لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە دووپ دەخوێنرێتەوە. وەك ناو بەمانای خۆشباوەڕو وەك کار بەمانای هەڵدەخڵەتێنێ دێت. خۆشباوەڕ= ساویلکە. هەڵدەخڵەتێنێ= هەڵدەخڵەتێنێت.

He was an innocent dupe.

ئەو ساویلکەیەکی بێتاوان بوو.

They duped me into giving them money by saying it would go to charity.

ئەوان هەڵیانخڵەتاندم کە پارەیان بدەمێ بەوەی کە پارەکە دەڕوات بۆ کاری خێرخوازی.

2886 The virus attacks some specific cells in the brain.

ڤایرۆسەکە هێرشدەکاتە سەر هەندێك خانەی دیاریکراو لەدەماخدا.

2887 Unsolicited calls disturbed the president.

تەلەفۆنی نەخوازراو سەرۆکی بێزارکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**enthusiast (ئینثوزیاست) ناوە، بەمانای شەیدا**[2889]

[.1166] **bump (بەەمپ) مانای گرێ**[2890]**، lump (لەەمپ) واتە لوو**[2891]

**وشەی newborn (نیووبۆۆن) تازلەدایکبوو**[2892]

[.1167] **behind the wheel (بیهایند ذە وییڵ) واتە لێدەخوڕێ**[2893]

---

[2888] هەرسێکیان بەمانای "یارمەتیدەدا" دێن. یارمەتیدەدا= یارمەتیدەدات.

The projects aids poor countries.

پرۆژەکان یارمەتی وڵاتە هەژارەکان دەدەن.

How can I help you?

چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

We want to assist people to stay in their own homes.

دەمانەوێت یارمەتیی خەڵك بدەین کە لەماڵەکانی خۆیاندا بمێننەوە.

[2889] ناوە نەك ئاوەڵناو.

At least five billion football fans and enthusiasts around the world are expected to stay glued to their TV screens to watch live matches.

چاوەڕواندەکرێت لانیکەم پێنج ملیار هەوادارو شەیدای تۆپی پێ لەجیهاندا بلکێن بە شاشەی تیڤییەکانیانەوە بۆ سەیکردنی یارییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ.

[2890] She has a bump on the back of her head.

گرێیەك لەپشتی سەریدا هەیە .

[2891] The most common symptom of testicular cancer is a painless, hard lump in one testicle.

باوترین نیشانەی شێرپەنجەی گون بریتییە لەبونی لویەکی بێئازاری ڕەق لەیەکێك لە هێلکەگونەکاندا.

[2892] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "تازلەدایکبوو"، "تازەلەدایکبوو"ە، بەڵام بۆ پاراستی کێشی بەیتەکە بزوێنەکەم لابردووە.

Parents of newborn babies lose 6 months worth of sleep in the first 2 years of their child’s life.

دایکوباوکانی منداڵانی تازەلەدایکبوو، لەدوو ساڵی یەکەمی ژیانی منداڵەکانیاندا، بەشی شەش مانگ خەوتن، لەدەستدەدەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

completion (کۆمپەتیشن)ە مانای کێبەرکێ[2894]

[.1168] energy (ئێنەجی) وزە، کەواتە تاقە[2895]

card (کاد) مانای کارتە، واتە بیتاقە[2896]

[.1169] grievous (گرییڤەس) موئیلیمە، واتە بە ئازار[2897]

frequently (فرییکووەنتلی) وەك often (ئۆفن) زۆرجار[2898]

---

2893 ئیدیۆمە، بەڵام وەك كاریك كە دارِشتەكەی ناگۆرِێت لەگەڵ تێنسی جیاوازدا، بەكاردەهێنرێت.

I'm a different person when I'm behind the wheel.

من كاتێك كە لێدەخورِم، كەسێكی جیاوازم.

[2894] كێبەركێ= كێبركێ= بۆربۆرِێن.

Qatar is the smallest country by area to ever host the biggest football competition in the history of the FIFA. Qatar's total area is 11, 571 square meters.

قەتەر بچوكترین وڵاتە لەروی روبەرەوە كە بەدرێژایی مێژوی فیفا، میواندارى گەورەترین كێبەركێی توپی پێی بكات، كۆی روبەری ئەم وڵاتە 11 هەزارو 571 مەترەدوجایە .

[2895] تاقە= (ع: طاقة)= وزە.

Recycling just one tin can saves enough energy to watch television for 3 hours.

بەكارهێنانەوەی تەنها یەك تەنەكە هێندە وزە پاشەكەوت دەكات كە بەشی ئەوە بكات بۆ ماوەی سێ سەعات سەیری تەلەفزیۆنی پێبكەیت.

[2896] بیتاقە= (ع: بطاقة)= كارت.

Employees must show their identity cards at the gate.

كارمەندان پێویستە كارتی ناسنامەكانیان لەدەرگای دەرەوە پیشانبدەن .

[2897] موئلیم= (ع: مؤلم)= بە ئازار= ئازاربەخش.

Her death is a grievous loss to the whole of the community.

مردنی، لەدەستدانێكی بەئازار بوو بۆ تەواوی كۆمەڵگاكە.



بۆ كرِینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1170. bring about (برینن ئەباوت) چیە؟ دەبێتەهۆی[2899]

prematurely (پرێمەچووەلی) پێش کاتی خۆی[2900]

1171. fall asleep (فۆڵ ئەسلییپ) چیە؟ خەودەیباتەوە[2901]

hidden (هیدن) شاراوە[2902]، hid (هید)یش شاردەوە[2903]

1172. fell asleep (فێل ئەسلییپ) چیە؟ خەوبردییەوە[2904]

---

[2898] لەم مانایەدا موراديفن. سەرنجبدە پیتی t یەکەی often مکە ناخوێنرێتەوە.

Anger, if not restrained, is frequently more hurtful to us than the injury that provokes it.

تورەیی، ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، زۆرجار زیانی لەو ئازارە زیاترە کە تورەییەکەی دروستکردووە.

Revenge is often like biting a dog because the dog bit you.

زۆرجار تۆڵەسەندنەوە وەك ئەوە وایە گاز لەسەگێك بگریت لەبەرئەوەی سەگەکە گازی لێگرتویت.

[2899] رابردووەکەی brought about ە.

He brought about his company's collapse by his reckless spending.

بە خەرجکردنە بێباکانەکەی، بووەهۆی دارمانی کۆمپانیاکەی.

[2900] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پریمەتورلی گۆیدەکەن.

Their baby was born prematurely and weighed only one kilogram.

منداڵەکەیان پێش کاتی خۆی لەدایکبوو و کێشی تەنها یەك کیلۆگرام بوو.

[2901] خەودەیباتەوە: خەوی لێدەکەوێت.

Sleeping next to someone you love can help you fall asleep faster.

خەوتن لەنزیك کەسێك کە خۆشتدەوێت، دەکرێ یارمەتیتبدات کە خێراتر خەوت لێبکەوێت.

[2902] There were several hidden microphones in the room to record their conversation.

چەند مایکرۆفۆنێکی شارەوە لەژورەکەدا هەبوو بۆ تۆمارکردنی گفتوگۆکەیان.

[2903] واتە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاواش دەخوێنرێتەوە. رابردوی hide ە.

Sara hid the pictures in her desk drawer.

سارا وێنەکانی لەناو چەکمەجەی مێزەکەیدا شاردەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**annulled (ئەنەڵد) بەمانای هەڵوەشاندەوە**[2905]

.1173 **seller (سێڵە) فرۆشیار**[2906]**، dealer (دیلە) بازرگان**[2907]

**tumor (تیوومە) واتە لوو**[2908]**، cancer (کانسە) سەرەتان**[2909]

.1174 **English (ئینگلیش) ئینگلیزی**[2910]**، French (فرێنچ) فەرەنسی**[2911]

**hereditary (هەرێدەتری) مانای ویراسی**[2912]

.1175 **researcher (ریسێیچە) چیە؟ مانای لێکۆڵەر**[2913]

---

[2904] رابردوی fall asleep ە. خەوبردییەوە= خەویلێکەوت.

I fell asleep as soon as my head hit the pillow.

هەر کە سەرم بەر سەرینەکە کەوت، خەوبردمییەوە .

[2905]رابردوی annul ە.

His second marriage was annulled because he never divorced his first wife.

هاوسەرگیریی دووەمی هەڵوەشێنرایەوە، لەبەرئەوەی بە هیچ شێوەیەك ژنی یەکەمی تەڵاقنەدابوو.

[2906] The seller was an angry man.

فرۆشیارەکە پیاوێکی تورە بوو.

[2907] She bought the painting from a Swiss dealer.

تابلۆکەی لەبازرگانێکی سویسری کری.

[2908] Approximately 71% of all brain tumors are benign.

نزیکەی لەسەدا 71ی هەموو لووەکانی دەماخ پاکن.

[2909] Regular mammograms actually increase the risk of dying of Cancer' breast cancer.

ئەنجامدانی مەمۆگرافی واتە تیشکەپشکنین بۆ دەرکەوتنی لوو لەمەمك بەشێوەیەکی دەوری، مەترسی مردن بە نەخۆشی شێرپەنجەی مەمك، زیاتردەکات.

[2910] وەك ناو بەمانای زمانی ئینگلیزی و وەك هاوەڵناو بۆ وەسفی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە ئینگلیزەوە هەبێت.

Do you speak English?

ئایا بە زمانی ئینگلیزی قسەدەکەیت؟

Do you like English foods?

حەزت لەخواردنی ئینگلیزی هەیە؟

How do you ask for directions in French?

بە فەرەنسی چۆن پرسیار سەبارەت بە ئاراستەکان دەکەیت؟

[2911] How do you ask for directions in French?

بە فەرەنسی چۆن پرسیار سەبارەت بە ئاراستەکان دەکەیت؟

She bought an excellent French wine for her French husband.

شەرابێکی نایابی فەرەنسی بۆ مێردە فەرەنسییەکەی کری.

[2912] Only 5-10% of cancers are entirely hereditary.

تەنها لەسەدا پێنج بۆ دەی شێرپەنجەکان بەتەواوەتی بۆماوەیین.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

lubricant (لووبریکەنت)و lube (لووب) هەردوو چەورکەر[2914]

1176. however (هاویڤە) چیە؟ واتە هەرچەندە[2915]

official (ئەفیشڵ) فەرمی، هەمیش کارمەندە[2916]

1177. outward (ئاوتوەد) چیە؟ رواڵەتی[2917]

indigenous (ئیندیجنەس) ئەسڵی، واتە بنەڕەتی[2918]

1178. voice message (ڤۆیس مێسیج) چیە؟ دەنگەنامە[2919]

shrub (شرەب) لەگەڵ bush (بوش) هەردوو نەمامە[2920]

1179. blood pressure (بلەد پرێشە) فشاری خوێنە[2921]

---

[2913] Researchers believe that over half of all cancer cases and up to half of all cancer deaths are preventable.
لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان کە زیاتر لەنیوەی حاڵەتەکانی شێرپەنجەو نزیکەی نیوەی حاڵەتەکانی مردن بەم نەخۆشییە، دەتوانرێت بەریان پێبگیرێت.

[2914] Use a lubricant to treat the wound.
چەورکەرێك بەکاربهێنە بۆ چارەسەرکردنی برینەکە.

There are many types of lubes.
چەندین جۆر چەورکەر هەن.

[2915] This is a cheap and simple process. However, there are dangers.
ئەمە پرۆسەیەکی هەرزان و ئاسانە، هەرچەندە مەترسی هەیە.

[2916] English is the Nigeria's official language.
ئینگلیزی زمانی فەرمیی نایجیریایە.

My brother is a government official.
براکەم کارمەندێکی میرییە.

[2917] His clenched fist was the only outward sign of his anger.
تەنها نیشانەی رواڵەتیی بۆ توڕەییەکەی، مشتە قونجاوەکەی بوو.

[2918] There are over 500 indigenous languages spoken in Nigeria.
لە نایجیریا زیاتر لە 500 زمانی بنەڕەتی قسەیان پێدەکرێت.

[2919] I sent him three voice messages but he didn't reply.
سێ دەنگەنامەم بۆ نارد بەڵام ئەو وەڵامی نەدایەوە.

[2920] She planted some roses and other flowering shrubs.
ئەو چەند گوڵ و نەمامێکی گوڵداری تری رواند.

The child was hiding in the bushes.
منداڵەکە خۆی لەناو نەمامەکاندا دەشاردەوە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**introduce yourself (ئینترەدیووس یۆوسێڵف) خۆت بناسێنە**[2922]

**.1180 predict (پریدیکت) چیە؟ پێشبینیدەکات**[2923]

**reduce (ریدیووس) یوقەلیل واتە کەمدەکات**[2924]

**.1181 insure (ئینشۆوە) چیە؟ زەماندەکا**[2925]

**divert (دایڤێیت) بەمانای حەواڵەدەکا**[2926]

**.1182 most (مەوست) واتە زۆر، نزیکەی، زۆربەی**[2927]

---

[2921] Blood pressure normally rises and falls throughout the day.

بەدرێژایی رۆژ، فشاری خوێن بەشێوەیەکی ئاسایی بەرزدەبێتەوەو دادەبەزێت.

[2922] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[2923] Snakes can predict earthquakes.

مار دەتوانێت پێشبینی زەمینلەرزە بکات.

[2924] یوقەلیل= (ع: یقلل)= کەمدەکات.

Did you know that eating garlic or taking its supplements can reduce your chances of catching a cold by 70%?

ئایا دەزانیت خواردنی سیر یان بەکاربردنی تەواوکەرە خۆراکییەکانی، دەتوانن هەلی توشبونت بە هەڵامەت بەڕێژەی لەسەدا 70 کەمبکات.

[2925] زەماندەکا= زەماندەکات.

Costa Coffee employs Gennaro Pelliccia as a coffee taster, who has had his tongue insured for £10 million since 2009.

کۆمپانیای کۆستا کۆفی کارمەندێکی هەیە بەناوی گینارۆ پێلیسیا کە تامکەری قاوەیە. زمانی ئەم برادەرە لەساڵی 2009ەوە بە بەهای 10 ملیۆن پاوەند، قاوەی زەمانکردووە. واتە لەو ساڵەوە ئەو برە پارەیەی وەك موچەی زەمانکردنی قاوە وەرگرتووە.

[2926] حەواڵەدەکا= حەواڵەدەکات.

He secretly diverted 1 million euros to his girlfriend.

ئەو بەنهێنی یەك ملیۆن یۆرۆی بۆ هاوڕێکچەکەی حەواڵەکرد .



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

(ئەکۆدینن تو)ە مانای بەگوێرەی[2928] according to

.1183 envelope (ئێنڤەلەوپ) مانای زەرفی نامەیە[2929]

this (ذس) ئەم[2930]، them (ذەم) ئەوان[2931]، these (ذییس) ئەمانەیە[2932]

---

[2927] لەمانای یەکەمیاندا موورادیفیvery یە. لەمانای دووەمیاندا کە زیاتر ئەمەریکییە، موورادیفیalmost ە.

نزیکەی= تەقریبەن.

I was most happy to hear of your marriage.

زۆر خۆشحاڵ بوم کە هەواڵی هاوسەرگیرییەکەتم بیست.

He plays chess most every evening.

ئەو تەقریبەن هەموو ئێوارەیەك (واتە زۆربەی ئێوارەکان) یاریی شەترەنج دەکات.

Nowadays, millionaires with just $1 million aren't considered wealthy by most Americans.

لەم سەردەمەدا ئەو ملیۆنەرانەی تەنها یەك ملیۆن دۆلاریان هەیە لەلایەن زۆربەی ئەمەریکییەکانەوە بە دەوڵەمەند ئەژمارناکرێن.

[2928] According to Srwa, it was the first time they had met.

بەگوێرەی سروە، ئەوە یەکەمین جار بوو یەکتر ببینن .

According to a Johns Hopkins research team, 250,000 deaths in the United States are caused by medical error each year. This makes medical error the third leading cause of death in the country.

ئەگەر وابزانی روودانی هەڵەی پزیشکی حاڵەتێکی دەگمەنە، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیت، لەکاتێك مەفروزە گا تەنها بەسەیرکردنی کەڵلەیدا بناسیتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەیری ناوچەی حوکمی زاتیی گایەکە بکەیت!

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، هەموو ساڵێك 250 هەزار حاڵەتی مردن بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە روودەدات! ئەمەش وایکردووە کە هەڵەی پزیشکی ببێتە سێیەم هۆکاری سەرەکیی مردن لەو وڵاتە زلهێزەدا. باشە کاکە؟!

Do you know that according to astronomers, it is believed that your birthday coincides with the day you were born?!

ئایا دەزانیت کە بەگوێرەی زانایانی گەردوونناسی، لەو بڕوایەدان کە جەژنی لەدایکبونت رێکەوتی ئەو رۆژەیە کە تێیدا لەدایکبویت؟!

[2929] My boss handed me the envelope containing the necessary papers.

بەڕێوەبەرەکەم زەرفەکەی دایەدەستم کە چەند پەڕەیەکی پێویستی تێدا بوو.

[2930] Can you sign this form here for me?

دەتوانیت ئەم فۆرمەم بۆ ئیمزابکەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1184 **oligarch (ئۆڵەگاك) واتای گەورەبازرگان**[2933]

**irrigation (ئیرەگەیشن)ە ماناکەی ئاودان**[2934]

.1185 **release (ریلییس) نەشرەکا، هەم ئازاددەکا**[2935]

**mineral (مینرەڵ) کانزایی، وەك metal (میّتڵ) کانزا**[2936]

---

2931 هەروەها بە (ذیم)یش دەخوێنرێتەوە.

The police were very helpful when I spoke to them.

پۆلیس زۆر یارمەتدەر بون کاتێك قسەم بۆ کردن، واتە کاتێك قسەم بۆ ئەوان کرد.

2932 جەمعی this ە.

Water these plants twice a week.

ئەم رووەکانە (ئەمانە) هەفتەی دوو جار ئاو بدە.

2933 The football club was bought by a Russian oligarch in 2003.

یانە فوتبۆڵەکە لەلایەن گەورەبازرگانێکی روسییەوە کڕدرا.

2934 Kurdistan needs several major irrigation projects.

کوردستان پێویستی بە چەند پرۆژەیەکی سەرەکیی ئاودان هەیە.

2935 دوان لەدیارترین ماناکانی وەك کار، "نەشرەکا"و "ئازاددەکا"یە.

نەشرەکا= نەشردەکات= بڵاودەکاتەوە. ئازاددەکا= ئازاددەکات.

He released the last issue of his magazine last week.

هەفتەی رابردوو دوازمارەی گۆڤارەکەی بڵاوکردەوە.

Police arrested several men, who were later released.

پۆلیس چەند پیاوێکی دەستگیرکرد، بەڵام دواتر ئازادکران.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[1186]. drip (دریپ) دڵۆپەو دەكات دڵۆپە[2937]

bulb (بەڵب) مانای سەلك، هەمیش گڵۆپە[2938]

[1187]. drop (دڕۆپ) بەواتای كەمدەكاتەوە[2939]

banish (بانیش) بەمانای دوردەخاتەوە[2940]

---

[2936] واتە وشەی minereal بەمانای كانزایی دێت، سەرباری ئەوەش موراديفی metalە كە بە مانای كانزا دێت.

Mineral elements are necessary for general health.

توخمە كانزاییەكان پێویستن بۆ تەندروستیی گشتی.

The area is very rich in minerals.

ناوچەكە زۆر دەوڵەمەندە بە كانزاكان.

Metals are used for making different tools.

كانزاكان بەكاردەهێنرێن بۆ دروستكردنی ئامێرگەلی جیاواز.

[2937]. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە وەك ناو بەمانای (دڵۆپە)و وەك كار بەمانای (دڵۆپەدەكات) دێت. بێگومان مەبەستم لە (دەكات دڵۆپە) بریتییە لە (دڵۆپەدەكات)ە، بەڵام لەبەر پاراستنی قافیەی شیعرەكە ناچاربوم بنوسم (دەكات دڵۆپە)، ئەمەش لەشیعردا شتێكی ئاساییە. سەرنج بدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی drop كە ئەمیش بەمانای دڵۆپە دێت، تەنها پیتی پێشكۆتاییان جیاوازە، بۆیە هەرچەند سەردێنم و دەبەم، پێموایە یەكێكیان لەوی تریانەوە وەرگیرابێت.

There are some drips of paint on your shirt.

كراسەكەت چەند دڵۆپەیەك بۆیاخی پێوەیە.

The tap’s dripping.

بەلۆعەكە دڵۆپەدەكات.

[2938] Put an onion bulb in the pot.

سەلكێك پیاز بكەرە ناو مەنجەڵەكەوە.

The kitchen’s bulb burned out.

گڵۆپی چێشتخانەكە سوتا.

[2939] As soon as she saw the police car she dropped her speed.

هەر كە ئۆتومبێلەكەی پۆلیسی بینی، خێراییەكەی كەمكردەوە.

[2940] He was banished to an uninhabited island for a year.

بۆ ماوەی ساڵێك دورخرایەوە بۆ دورگەیەكی چۆڵ.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1188 **bang on (بانگ ئۆن) لێدەدا، بێ on پەرچەمە**[2941]

**World Cup (وێیڵد کەپ) بەمانای کاسی عالەمە**[2942]

.1189 **viewership (ڤیووەشیپ) بینین**[2943]**، viewer (ڤیووە) بینەرە**[2944]

**paperback (پەیپەباك) کتێب، بەرگلاپەڕە**[2945]

.1190 **tournament (تونەمەنت) چیە؟ واتە موبارات**[2946]

---

[2941] واتە فرەیزەڵ ڤێربی bang on بەمانای "لێدەدا" دێت، بەڵام ئەگەر onەکەی لێبکەیتەوە، دەبێتە bangو بەمانای پەرچەم دێت، لەم حاڵەتەدا زیاتر بە شێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت.

لێدەدا= لێدەدات.

Stop banging on the door!

چیتر لەدەرگاکە مەدە.

Your bangs are attractive.

پەرچەمت سەرنجڕاکێشە.

[2942] کاسی عالەم= جامی جیهانی.

Ronaldo is the first man to score at 5 different World Cups.

رۆناڵدۆ یەکەم کەسە کە لە پێنج جامی جیهانیی جیاوازدا گۆڵیکردووە.

What is the USA's highest finishing position at a World Cup?

بەرزترین پلە کە هەڵبژاردەی ئەمەریکا لە مۆندیالدا بەدەستی هێناوە، چ پلەیەکە؟ پلەی سێیەم/ 1930

[2943] The network developed new programs to increase viewership among the young audience.

تۆڕەکە بەرنامەیەکی نوێی پەرەپێداوە بۆ زیادکردنی بینین لەناو جەماوەری گەنجدا.

[2944] Millions of viewers will be glued to their sets for this match.

بۆ ئەم یارییە، ملیۆنان بینەر دەنوسێن بە ئامێرەکانیانەوە (تەلەفزیۆن و رادیۆ). واتە بۆ سەیرکردن.

[2945] بەمانای کتێبی بەرگلاپەڕە دێت کە هی بەرگڕەق.

I Have a shelf full of paperbacks.

رەفەیەکی پڕ لەکتێبی بەرگلاپەڕەم هەیە.

[2946] موبارات: کێبەرکێ، پێشبڕکێ

I feel I can win this tournament.

هەستدەکەم دەتوانم ئەم کێبەرکێیە ببیەنم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bulletin board (بوڵەتین بۆرد) مانای لەوحەی مەنشورات**[2947]

.1191 **goalless (گەوڵلەس) ئاوەڵناو، مانای بێگۆڵە**[2948]

**hall (هۆڵ) لەگەڵ hallway (هۆڵوەی) هەردوکیان هۆڵە**[2949]

.1192 **net (نێت) تۆڕو پەتی، راودەکات بە تۆڕ**[2950]

**vast (ڤاست)و vastly (ڤاستلی) بەمانای زۆر زۆر**[2951]

---

2947 لەوحەی مەنشورات: تابلۆی بڵاوکراوەو ئاگادارییەکان. ئەمە زیاتر ئەمەریکییە. بریتانییەکەی noticeboard.

I've put the list of players up on the bulletin board.

لیستی یاریزانەکانم بە تابلۆی بڵاوکراوەکاندا هەڵواسی.

2948 The match ended in a goalless draw.

یارییەکە بە یەکسانبونێکی بێگۆڵ کۆتاییهات.

2949 I left my bag in the hall.

جانتاکەم لەهۆڵەکەدا جێهێشت.

My new house hasn't a hallway.

خانووە تازەکەم هۆڵی نیە.

2950 سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

راودەکات بە تۆڕ= بە تۆڕ راودەکات. پەتی= (ع: صافي).

I bought a fishing net to the river.

تۆڕێکی ماسیگرتنم کری بۆ روبارەکە.

The net weight of something excludes the weight of the material that it is packed in.

کێشیی پەتیی شت کێشی ئەو ماددەیەی لێدەردەکرێت کە تێیدا پێچراوەتەوە.

How many fish did you net this afternoon?

ئەم پاشنیوەڕۆیە چەند ماسیت بە تۆڕ راوکرد؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1193. knockout (نۆکاوت) بەمانای زەربەی قازییە[2952]

okay by me (ئۆکەی بای می)یە من لاریم نیە[2953]

1194. strain (سترەین) (تیرە)یە، هەم دەپاڵێوێ[2954]

follow (فۆڵەو) لەگەڵ tail (تەیل) شوێنیدەکەوێ[2955]

1195. leading (لیدینن) سەرەکی[2956]، lead (لیید) دەباتەوە[2957]

---

[2951] هەردوکیان بەمانای "زۆر زۆر" دێن، بەڵام یەکەمیان ئاوەڵناوە و دووەمیان ئاوەڵکار.

The government has to borrow vast amounts of money.

پێویستە حکومەت بڕێکی زۆر زۆر پارە قەرزبکات.

Our opinions are vastly different.

بۆچونمان زۆر زۆر جیاوازە.

[2952] زەربەی قازییە= (ع: ضربة قاضية): لێدانی لەناوبەرو کوشندە لەیاریی وەك بۆکسینگ و هاوشێوەکانیدا بەشێوەیەك کە لێدراوەکە دەدۆڕێت.

The fight ended in a knockout.

شەڕەکە بە لێدانێکی کوشندە کۆتاییهات.

[2953] "So I'll meet you here tomorrow at 3, yeah?", "Okay by me."

"کەواتە سەعات سێی سبەینێ لێرە دەتبینم، باش؟ "من لاریم نیە". واتە رازیم.

[2954] دەپاڵێوێ= دەپاڵێوێت.

A new strain of the flu virus ppeared.

تیرەیەکی نوێی ڤایرۆسی ئینفلۆنزا دەرکەوت.

Could you strain the oil, please?

تکایە دەتوانیت رۆنەکە بپاڵێویت؟

[2955] A dog followed us home.

سەگێك شوێنمان کەوت بۆ ماڵەوە.

That car has been tailing me for the last ten minutes.

ئەو ئۆتۆمبێلە لەماوەی 10 خولەکی رابردودا شوێنم کەوتووە (بەدوامەوەیە).



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبە و ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**drank (درانك) شەربیە، واتە خواردەوە**[2958]

.1196 **Switzerland (سویتسەلاند) چیە؟ واتە سویسرا**[2959]

**The Netherlands (ذە نێزەلەندز)، Holland (هۆڵەند) هۆڵەندا**[2960]

.1197 **stadium (ستەیدیەم) مەلعەب**[2961]**، scorer (سکۆرەر) گۆڵکەر**[2962]

---

[2956] According to a Johns Hopkins research team, 250,000 deaths in the United States are caused by medical error each year. This makes medical error the third leading cause of death in the country.

بەگوێرەی تیمی توێژینەوەی جۆنس هۆپکینس، هەموو ساڵێك بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە، 250 هەزار حاڵەتی مردن لەویلایەتە یەکگرتووەکان روودەدات. بەمەش هەڵەی پزیشکی دەبێتە سێیەم هۆکاری سەرەکیی مردن لەو وڵاتەدا.

[2957] یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

lead→led→led

Tell me the events that led to the start of the First World War.

ئەو رووداوانەم پێبڵێ کە بونەهۆی

Brazil led the match.

بەرازیل یارییەکەی بردەوە.

[2958] رابردوی drinkە.

شەربیە= (ع: شَرِبَ)= خواردەوە.

She filled the glass and drank.

پەرداخەکەی پڕکردو خواردییەوە.

[2959] Switzerland has 7000 lakes.

سویسرا حەوت هەزار دەریاچەی هەیە.

In Switzerland, one of the most neutral countries in the world, when you turn 20, you are required to undergo 18 weeks of mandatory military training.

سویسرا کە یەکێکە لەبێلایەنترین وڵاتەکان لەجیهاندا، بەڵام هەر هاوڵاتییەکی ئەو وڵاتە تەمەنی گەیشتە بیست ساڵ پێویستە بۆ ماوەی 18 هەفتە راهێنانی سەربازیی ناچاری بکات و خۆمانەو خۆتانەی تێدا نیە!

[2960] The Netherlands was the first country to legalize same-sex marriage.

هۆڵەندا یەکەم وڵات بوو کە هاوسەرگیریی هاورەگەزی بەیاسایی کردووە.

Holland is the world's biggest flower exporter.

هۆڵەندا گەورەترین هەناردەکار گوڵە لەجیهاندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**manager (مانیجه) مودیره، لەگەڵ ڕاهێنەر**[2963]

.1198 **estimate (ئێستەمەت) چیه؟ دەخەمڵێنێ**[2964]

**surpass (سەپاس) بەواتای تێدەپەڕێنێ**[2965]

.1199 **outright (ئاوتڕایت) بەمانای ڕاستەوخۆو ڕوونه**[2966]

---

[2961] ئەم وشەیە بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: بەزیادکردنی s و بەگۆڕینی تەواوی وشەکەش بۆ stadia.

Qatar banned sale of alcohol at stadiums during FIFA world cup 2022.

لەکاتی جامی جیهانیی 2022ی تۆپی پێ، قەتەر فرۆشتنی خواردنەوە کهولییەکانی لەناو یاریگادا قەدەغەکرد.

[2962] Ronaldo is his team's leading scorer.

ڕۆناڵدۆ گۆڵکەری سەرەکیی تیپەکەیەتی.

[2963] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "مانەجە"ر"" گۆیدەکەن.

مدیر= بەڕێوەبەر

My father is a bank manager.

باوکم بەڕێوەبەری بانکێکە.

He was a skilled football manager.

ئەو ڕاهێنەرێکی کارامەی تۆپی پێ بوو.

[2964] دەخەمڵێنێ= دەخەمڵێنێت.

Indonesia is home to the world's largest gold mine. The Grasberg Mine in West Papua has the largest gold reserve in the world and is estimated to be worth around $40 billion.

ئیندۆنوسیا نیشتمانی گەورەترین کانی ئاڵتونە لەجیهاندا. کانی گراسبێرگ لەپاپوای خۆرئاوا، گەورەترین یەدەگی ئاڵتونی تێدایە لەجیهانداو بەهاکەی بە نزیکەی 40 ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت.

Around the world, it's estimated that between 81,000 to 138,000 people die each year due to snakebites.

ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە لەجیهاندا بەهۆی پێوەدانی مارەوە عومری درێژیان بۆ تو جێدەهێڵن بە 81 هەزار بۆ 138 هەزار کەس دەخەمڵێنرێن.

[2965] تێدەپەڕێنێ= تێدەپەڕێنێت.

He had surpassed all our expectations.

هەموو پێشبینییەکانی ئێمەی تێپەڕاند.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**mast (ماست) عەمودە، واتە ستونە**[2967]

[1200]. **spend (سپێند) خەرجەکا**[2968]**، spent (سپێنت) خەرجکرد**[2969]

**send off (سێندۆف) دەردەکا**[2970]**، sent off (سێنتۆف)یش دەرکرد**[2971]

[1201]. **rainforest (ڕەینفۆریست) غابە، بەس هی موتیرە**[2972]

---

[2966] She gave him an outright refusal.

ڕەفزێکی ڕاستەوخۆو ڕوونی پێدا.

[2967] There are many masts in the ship.

کەشتییەکە ژمارەیەکی زۆر ستونی تێدایە.

[2968] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

خەرجەکا= خەرجدەکات

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

spend→spent→spent

I want to spend about $20.

دەمەوێت نزیکەی 20 دۆلار خەرجبکەم.

[2969] ڕابردوی spendە.

سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

I spent 1000 dollars in the journey.

هەزار دۆلارم لەگەشتەکەدا خەجکرد.

[2970] دەردەکا= دەردەکات.

The referee sends off every annoying plauers.

ناوبژیوانەکە هەموو یاریزانێکی بێزارکەر دەردەکات.

[2971] بێگومان ڕابردوی send offە.

One of Brzil's players was sent off for beating another player.

بەهۆی لێدانی لەیاریزانێکی تر، یەکێك لەیاریزانەکانی بەرازیل دەرکرا.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

narrow (نارەو) واتە تەسك، بەبێ n (تیر)ە[2973]

[.1202] smelly (سمێڵی) بۆگەنە[2974]، odorous (ئەودرەس) بۆندارە[2975]

participating (پاتیسیپەیتینن) واتای بەشدارە[2976]

[.1203] ranger (رەینجە) حاریس، واتە پاسەوان[2977]

وشەی June (جوون) مانای مانگی حوزیران[2978]

---

[2972] بەمانای غابەی موتیرە دێت. غابەی موتیرە= (ع: غابة مطيرة)= دارستانی باراناوی.

Corpse flower, the world's largest flower, is found in Indonesian rainforests, especially on Sumatra Island. Its name is very accurate due to the unpleasant odor it gives off.

گوڵی تەرم، کە گەورەترین گوڵە لەجیهاندا، لەدارستانە باراناوییەکانی ئیندۆنوسیادا هەیە، بەتایبەتی لەدورگەی سۆمەترە. بەهۆی ئەو بۆنە ناخۆشەی دەریدەدات، ناوەکەی پڕبەپێستییەتی.

[2973] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە "نێرەو" گۆیدەکەن. مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی narrow بەمانای تەسك دێت، بەڵام بەبێ پیتی n دەبێتە arrow (ئارەو) کە بەمانای تیر دێت. وشەی arrow برادەرانی ئەمەریکا بە "ئێرەو" گۆیدەکەن.

It's ironic that some people with the most narrow and closed minds also have the widest and open mouths.

شتێکی گاڵتەجاڕییە کە هەندێك کەس هەن بە تەسکترین و داخراوترین مێشکەوە، فراوانترین و کراوەترین دەمیان هەیە.

I shot him in the chest with an arrow.

تیرێکم نا بە سنگییەوە.

[2974] بۆگەن: بۆنناخۆش

The basement is damp and smelly.

ژێرزەمینەکە شێدارو بۆگەن بوو.

[2975] Odorous gases are sensitive.

گازی بۆندار هەستیارە.

[2976] From the next edition of the World Cup in 2026, the number of participating teams will increase to 48.

لەنوسخەی داهاتوی جامی جیهانییەوە لەساڵی 2026، ژمارەی تیپە بەشدارەکان بۆ 48 تیپ زیاددەبێت.

[2977] حاریس= (ع: حارث)= پاسەوان. زیاتر بەمانای پاسەوانی دارستان و پارك دێت نەك هی تر.

One of my brothers is a forest ranger.

یەکێك لەبراکانم پاسەوانی دارستانە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1204. **oil (ئۆیڵ) چەورەکا، لەگەڵ ڕۆن و نەوت**[2979]

**by accident (بای ئاکسدنت)ە مانای بەڕێکەوت**[2980]

1205. **separate (سێپرەت) سیفەیە، مانای جیاوازە**[2981]

**doorway (دۆووەی) مەدخەلە، واتە دەروازە**[2982]

1206. **mild (مایڵد) فێنکە، لەگەڵ لەسەرخۆ**[2983]

---

[2978] I finished school last June.

مانگی حوزەیرانی ڕابردوو خوێندنگەم تەواوکرد.

[2979] چەورەکا= چەوردەکات.

I asked Karzan to oil my back.

داوام لەکارزان کرد پشتم چەوربکات.

Check the oil level in your car every week.

هەفتانە پشکنین بۆ ئاستی ڕۆنی ئۆتۆمبێلەکەت بکە.

The US consumes more oil than any other country: 1.85 billion barrels per day.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەهەموو وڵاتێکی تر زیاتر نەوت بەکاردەبات: یەك ملیارو 850 ملیۆن بەرمیل بۆ هەر ڕۆژێك.

[2980] بەڕێکەوت: بەسودفە، بەبێ پلاندانان.

I deleted the file by accident.

بە سودفە فایلەکەم سڕییەوە.

[2981] Use separate knives for raw and cooked meat.

چەقۆی جیاواز بەکاربهێنە بۆ گۆشتی کاڵ و کوڵاو.

[2982] بەمانای دەروازەی ماڵ یان ژوور دێت، واتە ئەو شوێنەی ناوەوە دەرەوەی ماڵ یان ژوور بە دەرگا لێکجیادەکاتەوە.

There was Srwa, standing in the doorway.

سروە لەوێ بوو، لەدەروازەکەدا وەستابوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**feet (فییت) واته پێ، بەڵام تاك نا، كۆ**[2984]

1207. **dispatched (دیسپاچت) واته كوشت**[2985]**، وەك sent (سێنت) مانای نارد**[2986]

**frigid (فریجید)، frosty (فرۆستی)، glacial (گلەیشڵ) زۆر سارد**[2987]

---

[2983] لەسەرخۆ=هێمن.

We spent a mild summer.

هاوینێكی فێنكمان بەسەربرد.

Her new husband is a mild, well-mannered man.

مێردە تازەكەی پیاوێكی لەسەرخۆی رەفتارجوانە.

He has a very mild manner. رەفتارێكی زۆر هێمنی هەیە.

[2984] واته ئەم وشەیە بەمانای پێ دێت، بەڵام تاك نیه، بەڵكو كۆیە.

Your feet contain 250,000 sweat glands which can produce ½ a pint of perspiration each day.

پێیەكانت 250 هەزار رژێنی عارەقیان تێدایە كە دەتوانن هەموو رۆژێك نزیكەی 285 میللیلیتر عارەق بەرهەمبهێنن.

[2985] بە سپێلی despatchedیش دەنوسرێت. رابردووە. edیەكەی لێبكەیتەوە دەبێتە رانەبردوو. لەم مانایەدا مورادیفی kill.

Our handsome hero manages to dispatch another five criminals.

پاڵەوانە قوزەكەمان توانی پێنج تاوانباری تر بكوژێت.

[2986] واته وشەی dispatched مورادیفی وشەی sentیشە كە بەمانای "نارد" دێت.

Two loads of cloth were dispatched to the factory on 12 December.

لە 12-12 دوو بار جلوبەرگ نێردران بۆ كارگەكە.

She sent a message with Srwa to say that she couldn’t come.

نامەیەكی بە سروەدا نارد تا بڵێت ناتوانێت بێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1208 **flora** (فلۆرە) رووەکە[2988]، **plant** (پلانت) کارگە، نەبات[2989]

**gave off** (گەیڤ ئۆف) (دەردا)یە[2990]، **give off** (گیڤ ئۆف) دەردەدات[2991]

.1209 **execute** (ئێکسەکیووت) چییە؟ ئیعدامدەکا[2992]

---

2987 Few plants can grow in such a frigid environment.

کەم رووەك هەیە بتوانێت لەژینگەیەکی هێندە زۆر سارددا گەشەبکات.

He died in a frosty morning.

ئەو لەبەیانییەکی زۆر سارددا مرد.

A glacial wind blew.

بایەکی زۆر سارد هەڵیکرد.

2988 Tourism is damaging the flora and fauna of the island.

گەشتیاری زیان بە رووەك و گیانداری دورگەکە دەگەیەنێت.

2989 نەبات= رووەك

Two more car plants were closed by the strike.

دوو کارگەی تری ئۆتۆمبێل بەهۆی مانگرتنەکەوە داخران.

70,000 plant species are utilized for medicine.

حەفتا هەزار جۆر رووەك بۆ بواری پزیشکی بەکاردەهێنرێن.

2990 رابردوی give offە.

The wood gave off a sweet smell as it burned.

دارەکە کە سوتا بۆنێکی خۆشی دەردا.

2991 That tiny radiator doesn't give off much heat.

ئەو رایتەرە بچوکە گەرمیی زۆر دەرنادات.

2992 ئیعدامدەکا= ئیعدامدەکات= لەسێدارەدەدات.

Indonesia is one of 55 countries that still cary out the death penalty, but no one has been executed since 2016.

ئیندۆنوسیا یەکێکە لەو 55 وڵاتەی تائێستا سزای لەسێدارەدان جێبەجێدەکەن، بەڵام سەرباری ئەوەش لە 2016وە هیچ کەسێکی تێدا لەسێدارە نەدراوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**جێبەجێشدەکا**[2993]**، score (سکۆڕ) تۆماردەکا**[2994]

[.1210] **path (پاث)، pathway (پاثوەی) ڕێڕەو**[2995]**، patch (پاچ) پینەو پەڵە**[2996]

**group (گرووپ)، posse (پۆسی)، panel (پانڵ)، team (تیم)یش (کۆمەڵ)ە**[2997]

---

[2993] واتە execute بەمانای "جێبەجێدەکا"ش دێت.

جێبەجێدەکا= جێبەجێدەکات.

The company executed a series of financial reforms.

کۆمپانیاکە زنجیرەیەك چاکسازیی داراییی ئەنجامدا.

[2994] تۆماردەکا= تۆماردەکات.

He scored 12 goals in the match.

دوانزە گۆڵی لەیارییەکەدا تۆمارکرد.

[2995] هەردوکیان بەمانای ڕێڕەو دێن.

Police blocked the path.

پۆلیس ڕێڕەوەکەی داخست.

The garden's pathway isn't wide.

ڕێڕەوی باخچەکە فراوان نیە.

[2996] سەرنجبدە ئەم وشەیە تەنها پیتی cیەکەی لەوشەی path زیاترە.

I have to sew a patch onto my trousers.

پێویستە پینەیەك بدورم بەسەر پانتۆڵەکەمدا.

Our dog has a black patch on his back.

سەگەکەمان پەڵەیەکی ڕەش لەسەر پشتیدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1211** **camel (کامەڵ) حوشترە، کەواتە جەمەل**[2998]

**occupied (ئۆکیەپاید) سەرقاڵ، گیراوو موحتەل**[2999]

**.1212** **exchange (ئیکسچەینج) ناو، کار، مانای ئاڵوگۆڕ**[3000]

---

[2997] هەرچواریان بەمانای کۆمەڵ دێن.

A small group of children waited outside the door.

کۆمەڵێکی بچوك لەمنداڵ لەدەرەوەی دەرگاکە چاوەڕێیان کرد.

The president was surrounded by a posse of photographers.

سەرۆك بە کۆمەڵێك وێنەگر دەورەدرا.

A panel of experts has looked at the proposal.

کۆمەڵێك پسپۆڕ سەیری پێشنیازەکەیان کردووە.

A team of teachers went to the capital.

کۆمەڵێك مامۆستا ڕۆشتن بۆ پایتەخت.

[2998] Camels store water in their blood.

حوشتر ئاو لەناو خوێنیدا خەزندەکات.

[2999] موحتەل= (ع: محتل)= داگیرکراو.

She’s fully occupied with work.

ئەو تەواو سەرقاڵە بە کارەوە. واتە فول مەشغوڵە.

Sorry, this seat is occupied.

ببورە، ئەم کورسییە گیراوە.

She spent two years in occupied Paris during the war.

لەکاتی جەنگەکەدا، دوو ساڵی لە شاری پاریسی داگیرکراو بەسەربرد.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**a lot (ئەلۆت)، lots (لۆتس) زۆر[3001]، a whole lot (ئە هەوڵلۆت) زۆر زۆر[3002]**

[.1213] **lament (لەمێنت) چیە؟ لاوانەوە[3003]**

**rubber (ڕەبە) لاستیك و خەتكوژێنەوە[3004]**

[.1214] **anyone (ئێنیوەن) چیە؟ واتە هەر كەسێك[3005]**

---

[3000] واتە ئەم وشەیە ناوو كاریشە. وەك ناو بەمانای ئاڵوگۆڕ دێت و وەك كاریش بەمانای "ئاڵوگۆڕدەكات" دێت.

Several people left the meeting during the exchange of ideas.

لەكاتی ئاڵوگۆڕی بیرۆكەدا، چەند كەسێك كۆبونەوەكەیان جێهێشت.

We exchange gifts at Christmas.

لەجەژنی لەدایكبونی مەسیحدا، ئێمە دیاری ئاڵوگۆڕدەكەین.

[3001] لەشێوەزاری ئەمەریكیدا وشەی یەكەمیان بە ئەڵات و دووەمیان بە لاتس دەخوێنرێتەوە. هەردوكیان بەمانای زۆر دێن بەڵام دووەمیان وشەیەكی ناڕەسمییە.

A friend who understands your tears is much more valuable than a lot of friends who only know your smile.

یەك هاوڕێ كە لەفرمێسكەكانت تێدەگات زۆر لەو هاوڕێیانەت بەنرخترە كە تەنها بە زەردەخەنەكانت دەزانن.

We've spent lots on the children's education.

زۆرمان لەپەروەردەكردنی منداڵەكاندا خەرجكرد.

[3002] دەستەواژەیەكی ناڕەسمییە.

I'm feeling a whole lot better.

هەستدەكەم زۆر زۆر باشترم.

[3003] He presented a lament for the dead.

لاوانەوەیەكی بۆ مردووەكان پێشكەشكرد.

[3004] Indonesia is known for exporting palm oil, steel, copper, rubber, and gold. But you might not know that it's the world's leading exporter of frog legs.

ئیندۆنوسیا بە هەناردەكردنی زەیتی خورما، مس، لاستیك و ئاڵتون ناسراوە. بەڵام ڕەنگە نەتزانیبێت كە هەناردەكاری سەرەكیی قاچی بۆقیشە.

I forgot my rubber.

خەتكوژێنەوەكەم بیرچوو.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**slightly (سلایتلی)، a bit (ئەبیت)، a little (ئەلیتڵ) کەمێك**[3006]

[.1215] **abode (ئەبەود)، dwelling (دویڵینن) هەردوکیان ماڵە**[3007]

**pit (پیت) ناوك و كان و بنباڵ و چاڵە**[3008]

[.1216] **excrement (ئێکسکرەمەنت)، poop (پووپ)یش پیسایی**[3009]

---

[3005] If anyone sees Lisa, ask her to call me.

ئەگەر هەرکەسێك لیزای بینی، داوای لێبکات کە تەلەفۆنم بۆ بکات.

[3006] She's slightly taller than her sister.

ئەو کەمێك لەخوشکەکەی درێژترە.

Could you turn the TV up a bit?

دەتوانیت دەنگی تەلەفزیۆنەکە کەمێك زیادبکەیت؟

"Do you speak French?" "Just a little."

ئایا بە ئینگلیزی قسەدەکەیت؟ تەنها کەمێك.

[3007] Welcome to my abode.

بەخێربێیت بۆ ماڵەکەم.

He was arrested in his own dwelling.

لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکرا.

[3008] چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. چوار لەدیاترین ماناکانی وەك ناو ناوك (ی هەندێك میوەی وەك قۆخ و خورماو هتد...)و کان (زیاتر کانی خەڵوز)و بنباڵ و چاڵن. مانای سێیەمیان نافەرمییەو لە armpitەوە وەرگیراوە.

Peaches and olives contain pits.

قۆخ و زەیتون ناوکیان هەیە.

One of my brothers is working in a coal pit.

یەکێك لەبراکانم لەکانێکی خەڵوزدا کاردەکات.

Women's pits smell like onions and men's like cheese.

بنباڵی ژنان بۆنی پیازی لێدێت، بەڵام هی پیاوان بۆنی پەنیری لێدێت.

They'd dug a big pit and left the bodies in it.

چاڵێکی گەورەیان هەڵکەندو تەرمەکانیان تێدا جێهێشت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**semi-final (سێمیفاینڵ)ە نیمچەکۆتایی[3010]**

**.1217 ritual (ریچووەڵ) سروتە، کەواتە تەقسە[3011]**

**digestive system (دایجێستیڤ سیستم) جیهازی هەرسە[3012]**

**.1218 diagnose (دایەگنەوز) چیە؟ دیاریدەکا[3013]**

**eliminate (ئیلیمەنەیت)ە مانای دەردەکا[3014]**

**.1219 noticeboard (نەوتیس بۆرد) لەوحە، هینی مەنشورات[3015]**

---

[3009] هەردوکیان بەمانای پیسایی دێن. پیسایی= گوو= پاشەڕۆ.

There are a lot of bacteria in the excrement.

پیسایی بڕێکی زۆر بەکتریای تێدایە.

Normal poop is brown.

پیسایی ئاسایی قاوەییە.

[3010] هەروەها بەبێ داشەکەش دەنوسرێت: semifinal. بێگومان مەخسەوی شەریفم لە نیمچەکۆتایی قۆناغی نیمچەکۆتاییە.

لەقۆناغی نیمچەکۆتاییدا ئینگلتەرا 3 بە سفر بەرامبەر بە فەرەنسا دۆڕا.

[3011] تەقس= (ع: طقس)= سروت.

What's the importance of religion and ritual in our lives?

گرنگیی ئایین و سروت لەژیانماندا چیە؟

[3012] جیهازی هەرس= کۆئەندامی هەرس.

Many different organs make up your digestive system.

ژمارەیەکی زۆر ئەندامی جیاواز کۆئەندامی هەرست پێکدەهێنن.

[3013] دیاریدەکا= دیاریدەکات= دەستنیشاندەکات. زیاتر بۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی بەکاردەهێنرێت.

Despite undergoing several tests, doctors were unable to diagnose her condition.

سەرباری ئەنجامدانی چەند پشکنینێك بۆی، پزیشکەکان نەیانتوانی حاڵەتەکەی دەستنیشانبکەن.

[3014] دەردەکا= دەردەکات.

Our team was eliminated in the first round.

تیپەکەمان لەگەڕ (جەولە)ی یەکەمدا دەرکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**seedless (سیدلەس) بێناوك[3016]، nucleus (نیوکلیەس) نەوات[3017]**

[.1220] **producer (پرەدیوسە) چیە؟ بەرهەمهێنەر[3018]**

**inflammatory (ئینفلامەتری)یە مانای وروژێنەر[3019]**

[.1221] **exit (ئێکسیت) دەرچونە[3020]، entry (ئێنتری) چونەناو[3021]**

---

[3015] بەمانای لەوحەی مەنشورات دێت. لەوحەی مەنشورات= تەختەی بڵاوکراوەکان: ئەو تەختەیەی هەڵدەواسرێت و ئاگاداری و سەرنج و نوسراوی هاوشێوەی پێدا هەڵدەواسرێت. لەشێوەزاری ئەمەریکیدا bulletin boardی پێدەووترێت.

Details of these sessions will be published on noticeboards.

وردەکاریی ئەم دانیشتنانە لەتەختەی بڵاوکراوەکاندا، بڵاودەکرێتەوە.

[3016] The Japanese developed the seedless watermelon in 1939.

یابانییەکان لەساڵی 1939 شوتیی بێناوکیان داهێناوە.

Seedless watermelons are preferred, accounting for the vast majority of US watermelon sales.

شوتیی بێناوك بەباشتر دادەنرێت، زۆربەی هەرەزۆری فرۆشەمەنییەکانی شوتیی ئەمەریکی پێکدەهێنێت.

Up to 85% of watermelons sold in the USA belong to seedless varieties.

نزیکەی لەسەدا 85ی ئەو شوتییانەی لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەفرۆشرێن، لەجۆرە بێناوکەکانن.

[3017] نەوات= (ع: نواة)= ناوك. کۆیەکەی nucleiیە.

Every atom has a nucleus.

هەموو گەردیلەیەك یەك ناوکی هەیە.

[3018] China is the largest watermelon producer.

چین گەورەترین بەرهەمهێنەری شوتییە.

[3019] وروژێنەر بەمانای تورەکەرو رقدروستکەر.

He used inflammatory words against his manager.

وشەی وروژێنەری لەدژی بەڕێوەبەرەکەی بەکار هێنا.

[3020] بە ئێگزیتیش دەخوێنرێتەوە.

دەرچون= چونەدەر

They believed his exit from the hall was a mistake.

لەو بروایەدابون کە دەرچونی لەهۆڵەکە هەڵە بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**edible (ئێدەبڵ) نەعتە، بۆخواردنشیاو**[3022]

1222. **whisker (ویسکە) شارییە، واتە سمێڵە**[3023]

**jerk (جێیك)و nerd (نێید)و oaf (ئەوف) هەرسێکیان گێلە**[3024]

1223. **besides (بیسادز) چیە؟ مانای سەرباری**[3025]

**mandatory (ماندەتری) سیفە، واتە ناچاری**[3026]

---

[3021] In the 1950s, it took an average of 35 years for a word, once coined, to qualify for entry in the Merriam-Webster dictionary. Today, it is just 11 — or fewer.

لەساڵەکانی 1950کاندا هەر وشەیەکی تازەداهێنراو تێکڕا 35 ساڵی دەخایاند تاوەکو موئەهەل بێت بۆ چوونەناو فەرهەنگی مێریەم وێبستەر، بەڵام ئەمڕۆ تەنها 11 ساڵ یان کەمتر دەخایەنێت.

[3022] نەعتە، واتە ئاوەڵناوەو وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە بۆ خواردن بشێت.

Every part of a watermelon is edible (rinds, seeds, flesh).

هەموو بەشێکی شوتی بۆخواردنشیاوە (توێکڵ، ناوك، گۆشت).

[3023] زیاتر بەمانای سمێڵی گیانداران دێت.

It doesn't hurt dogs to cut the whiskers.

بڕینی سمێڵی سەگ ئازاری پێناگەیەنێت.

[3024] ناون نەك ئاوەڵناو

Ignore him. He's just a jerk.

پێشتگوێی بخە، ئەو جگە لەگێلێك هیچی تر نیە.

one of those nerds stole my pen.

یەکێك لەو گێلانە قەڵەمجافەکەمی دزی.

Only an oaf remain longer.

تەنها گێل زیاتر دەمێنێتەوە.

[3025] Besides Indonesia and Monaco, there are 16 other countries with only red and white on their flags.

سەرباری ئیندۆنوسیاو مەغریب، 16 وڵاتی تر هەن کە ئاڵاکانیان تەنها ڕەنگی سوورو سپییان تێدایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1224 dialect (دایەلێکت) چیە؟ شێوەزارە[3027]

thermostat (ثێیمەستات) ئامێر، تەنزیم حەرارە[3028]

.1225 lifetime (لایفتایم) حەیات، کەواتە ژیان[3029]

intervention (ئینتەفێنشن)ە مانای دەستوەردان[3030]

---

[3026] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ماندەتۆری گۆیدەکەن.

ئاوەڵناوە بەمانای ناچاری دێت.

Amongst industrialized nations, Switzerland has one of the highest rates of gun ownership. It's important to be noted that the reason for this great amount of people owning guns in Switzerland is since this country has mandatory military service.

لەناو وڵاتە پیشەسازییەکاندا، سویسرا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زۆرترین ڕێژەی هەبونی چەکی تێدایە لەلایەن هاوڵاتییانەوە. گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە هۆکاری ئەم برە زۆرەی خەڵك کە چەکیان هەیە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سویسرا خزمەتگوزاریی سەربازیی ناچاری تێدایە.

[3027] شێوەزار= لەهجە= دیالێکت.

Indonesia is a very diverse country with 700 different languages and dialects.

ئیندۆنوسیا وڵاتێکی زۆر هەمەچەشنە، زیاتر لە 700 زمان و شێوەزاری جیاوازی تێدایە.

[3028] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "ئامێر تەنزیم حەرارە" بریتییە لە "ئامێری تەنزیمی حەرارە"یە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، دوو پیتی (ی)ەکە بەرجادە کەوتووە.

ئامێری تەنزیمی حەرارە= ئامێری ڕێکخستنی پلەی گەرما.

Every house needs a thermostat.

هەموو خانویەك پێویستی بە ئامێرێکی ڕێکخستنی پلەی گەرم هەیە.

[3029] The National Cancer Institute estimates that nearly 40 percent of men and women will be diagnosed with some type of cancer at some point during their lifetimes.

بەگوێرەی خەمڵاندنی سەنتەری نیشتمانیی بۆ شێرپەنجە، نزیکەی لەسەدا 40ی پیاوان و ژنان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانیاندا توشبونیان بە جۆرێك لەجۆرەکانی شێرپەنجە، دیاریدەکرێت.

[3030] دەستوەردان= دەستتێوەردان= (ع: تدخل).

The Clock of the Long Now, a huge mechanical clock being constructed inside a 6,000-foot mountain in southern Texas, is designed to keep time without human intervention for 10,000 years.

سەعاتی لۆنگ ناو کە سەعاتێکی میکانیکی زەبەلاحەو لەناو شاخێکی شەش هەزار پێ (نزیکەی هەزارو 830 مەتر)ی لەباشوری تەکساس دروستکراوە، بەشێوەیەك دانراوە کە بۆ ماوەی دە هەزار ساڵ پارێزگاری لەکات بکات بەبێ دەستوەردانی مرۆڤ.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1226 **construct (کەنسترەکت) چیە؟ دروستدەکا**[3031]

**made (مەید) دروستکرد**[3032]، **spent (سپێنت)ە ئەمزا**[3033]

.1227 **make up (مەیکئەپ) چیە؟ پێکدەهێنێ**[3034]

**produce (پرەدیووس) بەمانای بەرهەمدەهێنێ**[3035]

.1228 **pundit (پەندیت) پسپۆڕە، یانی خەبیرە**[3036]

---

3031 دروستدەکا= دروستدەکات.

The walls are constructed of concrete.

دیوارەکان لەکۆنکرێت دروستدەکرێن.

3032 رابردوی make.

He works for a company that makes furniture.

ئەو کار بۆ کۆمپانیایەك دەکات کە مۆبیلیات دروستدەکات.

3033 سەرنجبدە کە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. رابردوی spend.

ئەمزا= (ع: أمضى)= بەسەربرد.

In the history of American prisons, no one has been held in solitary confinement longer than three Black men, known as the Angola Three, who spent over four decades in solitary at Angola penitentiary in Louisiana.

لەمێژوی زیندانەکانی ئەمەریکادا، هیچ کەسێك زیاتر لەو ماوەیەی کە سێ پیاوی رەشپێست کە بە سیانەکەی ئەنگۆلا ناسراون لەزیندانی تاکەکەسیدا ماونەتەوە، لەو جۆرە زیندانەدا نەماونەتەوە. ئەم سیانە زیاتر لە چوار دەیەیان لەزیندانی تاکەکەسی لە زیندانی ئەنگۆلا، لەویلایەتی لویزیانا، بەسەربردووە.

3034 پێکدەهێنێ= پێکدەهێنێت.

Women make up only a small proportion of the prison population.

ژنان تەنها رێژەیەکی کەمی دانیشتوانی زیندانەکە پێکدەهێنن.

3035 بەرهەمدەهێنێ= بەرهەمدەهێنێت.

Indonesia produces more palm oil than any other country. Along with Malaysia, they produce almost 90% of the world’s palm oil.

ئیندۆنوسیا لەهەر وڵاتێکی تر زیاتر، رۆنی خورما بەرهەمدەهێنێت. لەگەڵ مالیزیدا پێکەوە نزیکەی لەسەدا 90ی رۆنی خورمای جیهان بەرهەمدەهێنن.

Over 80 million cars are produced worldwide every year.

هەموو ساڵێك زیاتر لە هەشتا ملیۆن ئۆتۆمبێل لەجیهاندا بەرهەمدەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(سەپڵای) ئازوقە، واتە زەخیرە[3037] supply

1229. sparkle (سپاڵكڵ)، glitter (گلیتە) دەدرەوشێتەوە[3038]

bet (بێت) گرەودەكات، وەك ناو (گرەو)ە[3039]

1230. spin (سپین) دەڕێسێت، دەسوڕێتەوە[3040]

---

[3036] He is a foreign-policy pundit.

ئەو پسپۆڕێكی سیاسەتی دەرەوەیە.

[3037] The refugees are urgently in need of different supplies.

پەناخوازەكان پێویستی بەپەلەیان بە ئازوقەی جیاواز هەیە.

[3038] ئەمەریكییەكان glitter بە "گلێدە" گۆدەكەن.

The snow sparkled in the sunlight.

بەفرەكە لەناو روناكیی خۆردا درەوشایەوە.

All that glitters is not gold.

هەموو ئەوەی دەدرەوشێتەوە ئاڵتون نیە.

[3039] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. ئەم وشەیە وەك كار یەكێكە لەكارە نائاساییەكان و لەو رووەوە وەك cut وایە:

bet→bet→bet

Srwa bet on a horse at the race.

لەپێشبڕكێیەكەدا سروە گرەوی لەسەر ئەسپێك كرد.

I don’t like that bet.

حەزم لەو گرەوە نیە.

[3040] چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. یەكێكە لەكارە ناساییەكان:

Spiders spin webs.

جاڵجاڵۆكە تۆڕ دەڕێسێت.

spin→spun→span

The earth spins on its axis.

زەوی لەسەر تەوەری خۆی دەسوڕێتەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

full moon (فول موون) واتە مانگ، هی چواردەشەوە[3041]

1231. hypothesis (هایپۆثەسیس) چیە؟ مانای گریمانە[3042]

felony (فێلەنی) کەتن[3043]، crime (کرایم) تاوانە[3044]

1232. ladybird (لەیدیبێد) چیە؟ خاڵخاڵۆکە[3045]

craft (کڕاڤت) دروستدەکا، پیشە، فڕۆکە[3046]

---

3041 بەمانای مانگی چواردەشەو دێت. مانگی چواردەشەو= مانگی چواردە.

People experience better sleep during the new moon and worse sleep during a full moon, a study found.

لێکۆڵینەوەیەك دەریخستووە کە خەڵك لەسەرەتای مانگی عەرەبیدا خەوێکی باشتر دەکەن و لەکاتی مانگی چواردەدا خراپترین خەویان دەبێت.

3042 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە هایپاثەسیس گۆیدەکەن. گریمانە= (ع: فرضية). کۆکەی hypotheses.

One hypothesis is that the victim fell asleep while driving.

یەکێك لەگریمانەکان بریتییە لەوەی کە قوربانییەکە لەکاتی لێخوڕیندا خەوی لێکەوتووە.

3043 برادەرانی ئەمەریکا بە فێڵەنی گۆیدەکەن.

کەتن= (ع: جنح): تاوانی بچوك بە پێودانگی یاسا.

She denied that she had committed any kind of felony.

ئەو رەتیکردەوە کە هیچ جۆرە کەتنێکی ئەنجامدابێت.

3044 He has admitted committing several crimes, including fraud.

دانی بە ئەنجامدانی چەند تاوانێکدا نا، لەوانە فێڵکردن.

There was a Macedonian journalist, crime reporter named Vlado Taneski who was also a serial killer. He reported on his own crimes and eventually got caught because he wrote articles on the murders with information that had not yet been released and only the killer would have known.
رۆژنامەنوسێکی مەسەدۆنی هەبوو کە هاوکات فرەبکوژیش بوو. ئەم برادەرە تاوانەکانی خۆی لەچوارچێوەی ماددەی رۆژنامەوانیدا بڵاودەکردەوە، بەڵام دواجار دەسەکەی کەشفبوو و دەستگیرکرا چونکە چەند وتارێکی لەسەر کوشتنەکان نوسی بە زانیاریگەلێکەوە کە پێش ئەو کەس بڵاوی نەکردبونەوەو دەبوو تەنها بکوژەکە بیزانیایە کە ئەویش خودی خۆی بوو.

3045 ئەم وشەیە لەئەمەریکا پێی دەڵێن ladybug لەیدیبەگ.

The ladybird was very cute.

خاڵخاڵۆکەکە زۆر جوان بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1233 hole (هەوڵ) کوندەکا، کون، چاڵ[3047]، valley (ڤالی) شیوە[3048]**
**ravine (ڕەڤیین)، canyon (کانیەن) شیو[3049]، half (هاڤ) مانای (نیو)ە[3050]**

---

3046 دروستدەکا= دروستدەکات. زیاتر بەمانای دروستکردنی شتێك دێت کە دەستڕەنگینی و داهێنانی تێدابێت.

These bracelets were crafted by skilled women.

ئەم بازنانە لەلایەن ژنگەلی کارامەوە دروستکرابون.

They learned the craft of weaving.

ئەوان فێری پیشەی رستن و چنین بون.

The craft I saw wasn't very large.

ئەو فرۆکەیەی من بینیم، زۆر گەورە نەبوو.

3047 وەك کار بەمانای کوندەکاو وەك ناو بەمانای کون و چاڵ دێت.

کوندەکا= کوندەکات.

The bullet holed the boat.

گوللـەکە بەلەمەکەی کونکرد.

They climbed through a hole in the fence.

ئەوان لەڕێگەی کونێك لەدیوارەکەوە، هەڵگەڕان.

We dug a hole and planted the tree.

چاڵێکمان هەڵکەندو رووەکەکەمان تێدا ناشت.

3048 شیوە= دۆڵ.

There was snow on the hill tops but not in the valley.

لەبەرزاییەکانی گردەکەدا بەفر هەبوو، بەڵام لەشیوەکەدا نەبوو.

3049 ئەمانیش بەمانای شیو دێن.

The ravine is a suitable place to hide yourself from your friends during kidding.

شیوەکە شوێنێکی گونجاوە بۆ خۆشاردنەوەت لەهاوڕێکانت لەکاتی گاڵتەکردندا.

The canyon is horrible at night.

شیوەکە لەشەودا تۆقێنەرە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**1234.** **shaky (شەیکی) لاوازە، هەروەها لەرزۆك**[3051]

**content (کەنتێنت) قەناعەت، قایل، ناوەرۆك**[3052]

**1235.** **start (ستات) سەرەتا، واتە دەسپێکە**[3053]

**(دەستپێدەکات)یش**[3054]**، bun (بەن)و cake (کەیك) کێکە**[3055]

---

[3050] کۆکەی halves.

She was born in the latter half of the 18th century.

ئەو لەنیوەی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم، لەدایکبووە.

[3051] ئاوەڵناوە بەمانای لاوازو لەرزۆکیش دێت.

The building's foundations are rather shaky, and it could collapse at any time.

بنچینەکانی باڵەخانەکە تاڕادەیەك لاوازن و لەهەر کاتێکدا دەکرێ دارمێت.

Soon after it was born, the calf got up and tried to stand on its shaky legs.

هەر کە لەدایکبوو، گوێرەکەکە هەستاو هەوڵیدا لەسەر قاچە لەرزۆکەکانی بووەستێت. واتە قاچەکانی دەلەرزین.

[3052] قایل= رازی.

The time of content passed.

سەردەمی قەناعەت تێپەڕی.

He seems fairly content with his life.

وا دیارە ئەو تاڕادەیەکی زۆر لەژیانی خۆی رازییە.

He didn't need to open the letter because he already knew the contents.

پێویستینەکرد نامەکە بکاتەوە، چونکە تازە ناوەرۆکەکانی زانیوە.

[3053] سەرەتا= دەسپێك= دەستپێك: دەستپێکردن.

They announced the start of a new commercial venture.

ئەوان دەسپێکی سەرکەشییەکی بازرگانیی نوێیان راگەیاند.

[3054] واتە start بەمانای (دەستپێدەکات)یش دێت.

A friendship that can be ended didn't ever start.

هاوڕێیەتییەك کە دەکرێ کۆتاییبێت، هەرگیز دەستی پێنەکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1236. lift (لیفت) لەگەڵ lift up (لیفت ئەپ) بەرزدەکاتەوە[3056]

accumulate (ئەکیومەلەیت)، gather (گاذە) کۆدەکاتەوە[3057]

1237. table salt (تەیبڵ سۆڵت) خوێیە، بەڵام هی چێشتە[3058]

backbone (باکبەون) بڕبڕە، حەتمەن هی پشتە[3059]

1238. adroitness (ئەدرۆتنس) چیە؟ واتە مەهارە[3060]

paint (پەینت) بۆیاخە[3061]، painting (پەینتین) نیگارە[3062]

1239. birthday (بێێثدەی) بەمانای عیدی میلادە[3063]

---

[3055] وشەی bun زیاتر بەمانای کێکی بچوکی خڕ بەکاردێت، بەڵام cake ماناکەی گشتگیرترە.

Can you give me an iced bun please?

تکایە دەتوانیت کێکێکی بەستوم پێبدەیت؟

She made a delicious cake.

ئەو کێکێکی بەلەزەتی دروستکرد.

[3056]Lift your hand if you have a question, please.

تکایە ئەگەر پرسیارێکت هەبوو، دەستت بەرزبکەرەوە.

I can't lift you up – you're a big boy now!

ناتوانم بەرزتبکەمەوە، ئێستا تۆ کورێکی گەورەیت!

[3057] During a successful business career, she accumulated a great amount of wealth.

لەماوەی پیشەیەکی بازرگانیی سەرکەوتودا، ئەو بڕێکی زۆر سامانی کۆکردەوە.

During the air raids, we gathered the children around us and sang songs.

لەکاتی هێرشە ئاسمانییەکاندا، منداڵەکانمان لەدەوروبەری خۆمان کۆکردەوەو گۆرانیمان وت.

[3058] بەمانای خوێی چێشت دێت.

Our body needs about 100 grams of table salt for every 40 kilos of weight.

هەر کیلۆگرامێکی جەستەمان پێویستی بە نزیکەی سەد گرام خوێی چێشت هەیە.

[3059] بەمانای بڕبڕەی پشت دێت.

Which animal has the longest backbone?

چ گیاندارێك درێژترین بڕبڕەی پشتی هەیە؟

[3060] مەهارە= لێهاتویی.

He lacks social adroitness.

ئەو لێهاتویی کۆمەڵایەتی نیە.

[3061] I need a can of blue paint for the door.

پێویستم بە قوتویەك بۆیاخی شین هەیە بۆ دەرگاکە.

[3062] نیگار= تابلۆ.

Can you help me hang this painting?

دەتوانیت یارمەتیم بدەیت لەهەڵواسینی ئەم تابلۆیە؟

[3063] عیدی میلاد= جەژنی لەدایکبون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**anniversary (ئانیڤێرسری) واتای ساڵیاده**[3064]

1240. **dull (دەڵ) کول و دەبەنگ، دێش بەمانای کەم**[3065]

**foremost (فۆرمەوست) بەمانای سەرەکی و یەکەم**[3066]

1241. **weapon (وێپەن) مانای چەك، کەواتە سیلاح**[3067]

**mass (ماس) بارستایی**[3068]**، massive (ماسیڤ) زەبەلاح**[3069]

1242. **sear (سیە) چیە؟ دەسوتێنێ**[3070]

---

Her birthday was getting nearer and I still hadn't bought her a present.

جەژنی لەدایکبونی نزیکدەبووەوە منیش هێشتا دیاریم بۆ نەکڕیبوو.

3064 Tomorrow is the 30th anniversary of the revolution.

سبەینێ 30هەمین ساڵیادی شۆڕشەکەیە.

3065 Most of us have dull friends.

زۆربەمان هاوڕێی دەبەنگمان هەیە.

He fought so fiercely that his sword became dull.

هێندە بەتوندی شەڕیکرد، کە شمشێرەکەی کول بوو.

She felt a dull ache at the back of her head.

هەستی بە ئازارێکی کەم کرد لەپشتی سەریدا.

3066 واتە مورادیفی main و first ە. ئەم وشەیە ئاوەڵناوو ئاوەڵفەرمانیشە. بەمانای گرنگترینیش واتە most important یش دێت.

Azad was foremost among the protesters.

ئازاد لەناو خۆپیشاندەرانەکاندا سەرەکی بوو.

The foremost runner lapped several other competitors.

یەکەم ڕاکەر پێش چەند ڕکەبەرێك کەوت.

3067 The government has authorized the army to sell its surplus weapons.

میری دەسەڵاتیداوە بە سوپا کە چەکە زیادەکانی بفرۆشێت.

3068 The students learned how to measure the mass of celestial bodies.

فێرخوازەکان فێربون کە چۆن بارستایی تەنە ئاسمانییەکان بپێون.

3069 زەبەلاح= زۆر گەورە.

They have a massive house.

ئەوان خانویەکی زەبەلاحیان هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**announce (ئەناونس)، declare (دیکلێیە) رادەگەیەنێ**[3071]

.1243 **mantis (مانتیس) بەواتای کوللـەحاجییە**[3072]

**viscosity (ڤیسکۆسەتی) مانای لینجییە**[3073]

.1244 **hive (هایڤ) لەگەڵ beehive (بییهایڤ) هەردوو شانەی هەنگ**[3074]

**dictionary (دیکشنەری)یە بەمانای فەرهەنگ**[3075]

.1245 **collect (کەلێکت) بەمانای کۆدەکاتەوە**[3076]

**nap (ناپ) قەیلولە، یا کورتەخەوە**[3077]

.1246 **hepatitis (هێپەتایتس)ە هەوکردنی جگەر**[3078]

**organism (ئۆرگەنیزم)ە مانای زیندەوەر**[3079]

---

[3070] دەسوتێنێ= دەسوتێنێت.

The heat seared their skin.

گەرمییەکە پێستی سوتاند.

[3071] رادەگەیەنێ= رادەگەیەنێت.

They announced the death of their mother in the local paper.

ئەوان مردنی دایکیان لەرۆژنامەیەکی ناوخۆییدا راگەیاند.

America declared war on Japan in 1941.

ئەمەریکا لەساڵی 1941، جەنگی دژی ژاپۆن راگەیاند.

[3072] A mantis has 5 eyes.

کوللەحاجی پێنج چاوی هەیە.

[3073] The increase in the number of red blood cells produced increases the viscosity of the blood.

زیادبون لەژمارەی خڕۆکە سورەکانی خوێن بووەهۆی زیادبونی لینجی خوێنەکە.

[3074] Bees naturally attack anything entering their hives.

لەحاڵەتی سروشتیدا هەنگ پەلاماری هەموو ئەو شتانە دەدات کە دەچێتەناو شانەکەیەوە.

A beehive in summer can have as many as 50,000 to 80,000 bees, but most are around 10,000-15,000 honey bees.

شانەیەکی هەنگ لەهاویندا دەکرێ تا 50 هەزار بۆ 80 هەزار هەنگی تێدابێت، بەڵام زۆربەی شانەکان لە 10 هەزار بۆ 15 هەزار هەنگی هەنگوین پێکدێن.

[3075] فەرهەنگ= قاموس.

To check how a word is spelled, look it up in a dictionary.

بۆ ئەوەی بزانیت وشەیەك چۆن حونجەدەکرێت، سەیری ئەو وشەیە بکە لەفەرهەنگێکدا.

[3076] The company collects information about its employees.

کۆمپانیاکە زانیاری سەبارەت بە کارمەندەکانی کۆدەکاتەوە.

[3077] Grandpa usually takes a nap after lunch.

باپیرە هەمیشە پاش نانی نیوەڕۆ، کورتەخەوێك دەکات.

[3078] جۆرە نەخۆشییەکە لەجگەر دەدات.

Hepatitis B contributes to an estimated 820,000 deaths every year.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکان، هەموو ساڵێك هەوکردنی جگەر لەجۆری بی، دەبێتەهۆکارێکی یاریدەدەر بۆ 820 هەزار حاڵەتی مردن.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.1247 avoid (ئەڤۆید) چیە؟ خۆلادەدات[3080]

shelter (شێڵتە) پەناگا، هەم پەنادەدات[3081]

.1248 brilliant (بریلیەنت) پرشنگدار[3082]، bright (برایت) گەش و روناك[3083]

hairdresser (هێیەدرێسە)، barber (بالبە"ر")یش دەلاك[3084]

.1249 corrosion (کەرۆوژن) چیە؟ واتە داخوران[3085]

by all means (بای ئۆڵ مینس) حەتمەن مانای بێگومان[3086]

---

3079 زیندەوەر: بونەوەری زیندوو وەك گیاندارو رووەك و میکرۆب و هتد..

The largest living organism in the world is a fungus. It is in Oregon, covering 2,200 acres and is still growing.

گەورەترین زیندەوەری زیندوو لەجیهاندا کەڕوویەکە لەویلایەتی ئۆریگن لە ئەمەریکا. ئەم کەڕووە روبەری نزیکەی نۆ کیلۆمەتر دوجا داپۆشیوەو هێشتاش لەگەشەکردن بەردەوامە.

3080 Pregnant women should avoid certain foods such as raw eggs.

ژنانی دوگیان دەبێت خۆیان لەچەند خۆراکێکی دیاریکراوی وەك هێلکەی کاڵ، لابدەن.

3081 پەناگا= پەناگە.

They opened a shelter to provide temporary housing for the city's homeless.

ئەوان پەناگایەکیان کردەوە بۆ دابینکردنی نیشتەجێبونی کاتی بۆ بێماڵ و حاڵەکانی شارەکە.

Karzan was arrested for sheltering enemy soldiers.

کارزان بەتۆمەتی پەنادانی سەربازی دوژمن، دەستگیرکرا.

3082 “My most brilliant achievement was my ability to be able to persuade my wife to marry me.” – Winston Churchill

پرشنگدارترین دەسکەوتم ئەوە بوو کە توانیم ژنەکەم قایلبکەم شوم پێبکات.

3083 ئاوەڵناوە بەمانای گەش و روناك دێت.

Then a bright light appeared in the sky.

پاشان روناکییەکی گەش لەئاسمانەوە دەرکەوت.

The room is small but bright.

ژورەکە بچوکە، بەڵام روناکە.

3084 My hairdresser is ill.

دەلاکەکەم نەخۆشە.

Do you have a special barber?

ئایا دەلاکێکی تایبەتت هەیە؟

3085 There was a lot of corrosion on the bottom of the car.

بڕێکی زۆر داخوران هەبوو لەبنی ئۆتۆمبێلەکەدا.

3086 بەمانای بێگومان دێت، واتە مورادیفی of course.

"May I borrow this book?" "By all means."



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1250 **fight (فایت) شەڕدەکا، شەڕ[3087]، warfare (وۆفێیە) جەنگە[3088]**

**still (ستیڵ) تائێستا، هێمن و مەنگە[3089]**

.1251 **garbage (گابیج)و rubbish (ڕەبیش) هەردوو قومامە[3090]**

**pen pal (پینپاڵ)، pen friend (پینفرێند) هاوڕێ بە نامە[3091]**

---

دەتوانم ئەم کتێبە بە خواستن ببەم؟، بێگومان.

3087 شەڕدەکا= شەڕدەکات. وەك کار، یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

fight→fought→fought

They fought for control of the islands.

ئەوان شەڕیانکرد بۆ کۆنترۆڵکردنی دورگەکان.

One smile, can start a friendship. One word, can end a fight. One look, can save a relationship. One person can change your life.

دەکرێ تەنها یەك زەردەخنە هاوڕێیەتییەك دروستبکات، تەنها یەك وشە شەڕێك کۆتایی پێبهێنێت، تەنها یەك نیگا پەیوەندییەك ڕزگاربکات، تەنها یەك کەس سەراپای ژیانت بگۆڕێت.

3088 In 1898, Nikola Tesla predicted drone warfare.

لەساڵی 1898، نیکۆلا تیسلا پێشبینی جەنگی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی کرد.

3089 سیان لەدیارترین ماناکانی تائێستاو هێمن و مەنگن.

Kiss me if i am wrong but dinosaurs still exist!

ماچم کە ئەگەر هەڵەم، ئەڵێن تائێستا دەیناسور بونی هەیە!

The house was completely still.

ماڵەکە تەواو هێمن بوو.

Fear from still water.

لەئاوی مەنگ بترسە.

3090 قومامە= پاشەڕۆ: خۆڵ و خاشاك.

Can you take out the garbage when you go?

دەتوانیت کاتێك دەڕۆیت، پاشەڕۆیەکە ببەیتەدەرەوە؟

I forgot to take the rubbish out this morning.

ئەم بەیانییە بیرمچوو پاشەڕۆیەکە ببەمە دەرەوە.

3091 هاوڕێ بەنامە: کەسێك کە هاوڕێتە لەوڵاتێکی ترو نامەگۆڕینەوەوە لەنێوانتاندا هەیە بەڵام لەنزیکەوە نەتبینیوە.

I have many pal friends.

چەندین هاوڕێ بەنامەم هەیە.

I've got a pen pal in Australia.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1252. **fivefold (فایڤفەوڵد) چیە؟ پێنج ئەوەندە**[3092]

**premeditated (پریمێدیتەیتید) مانای عەن قەسدە**[3093]

1253. **setback (سێتباك) عائیقە، کەواتە کۆسپە**[3094]

**foetal (فیتڵ)و fetal (فیتڵ) هەردوو هی کۆرپە**[3095]

1254. **understand (ئەندەستاند) چیە؟ واتە تێدەگا**[3096]

**godsend (گۆدسێند) بەمانای دیاریی خودا**[3097]

1255. **sale (سەیڵ)و discount (دیسکاونت) هەردوو تەخفیزە**[3098]

**abortifacient (ئەبۆتیفەیشنت) مانای موجهیزە**[3099]

---

هاوڕێ بەنامەیەکم لەئوسترالیا پەیداکردووەز

3092 Since Srwa set up her website, sales of her artwork have increased fivefold.

لەوەتەی سروە ماڵپەڕەکەی داناوە، فرۆشتنی کارە هونەرییەکانی پێنج ئەوەندە زیادیکردووە.

3093 عەن قەسد= بەئەنقەست= بەمەبەست: پێچەوانەی بەهەڵەو بەڕێکەوت.

The murder was premeditated.

کوشتنەکە بەمەبەست بوو.

3094 There has been a slight setback in front of our plan.

کۆسپێکی بچوك لەبەردەم پلانەکەماندا هەیە.

3095 ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە کۆرپەوە هەبێت. کۆرپەیی.

Some drugs are known to cause foetal damage and should not be taken during pregnancy.

زانراوە کە هەندێك دەرمان دەبنەهۆی زیانی کۆرپەیی (زیانگەیاندن بە کۆرپە)و نابێت لەکاتی دوگیانیدا بەکاربهێنرێن.

When pain medication is used, the fetal heartbeat has to be monitored.

کاتێك دەرمانی ئازار بەکاردەهێنرێت، دەبێت لێدانی دڵی کۆرپەکە چاودێرییبکرێت.

3096 تێدەگا= تێدەگات. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

understand→understood→understood.

I’m sorry, I don’t understand. Can you explain that again?

ببورە، تێناگەم. دەتوانیت جارێکی تر ڕونیبکەیتەوە؟

3097 سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاواش دەخوێنرێتەوە.

The hot weather was a godsend for ice-cream sellers.

کەشوهەوا گەرمەکە دیارییەکی خودا بوو بۆ مۆتەفرۆشەکان.

3098 تەخفیز= (ع: تخفیض)= داشکاندن.

I bought this watch in the January sales.

ئەم سەعاتەم لەداشکاندنەکانی مانگی یەکدا کڕی.

They offer a ten percent discount on travel for students.

ئەوان داشکاندنی لەسەدا 10 پێشکەشدەکەن لەگەشتکردنی فێرخوازاندا.

3099 موجهیز= (ع: مجهض)= لەباربەر: دەرمانێك یان شتێك کەببێتەهۆی لەباربردن.

She used an illegal abortifacient to abort her child.

لەباربەرێکی نایاسایی بەکارهێنا بۆ لەباربردنی منداڵەکەی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1256 **garment (گامەنت) لیباسە، واتە جلوبەرگ**[3100]

**less (لێس) "کەمتر"ە**[3101]**، colorless (کەڵەلەس) بێڕەنگ**[3102]

.1257 **replica (ڕێپلیکە) لێکچوو، بەڵام دەقاودەق**[3103]

**solid (سۆلید) ماددەی ڕەق**[3104]**، clang (کلانن) تەقەتەق**[3105]

.1258 **surf (سێیف) شەپۆلە، هی کەنار دەریا**[3106]

**cousin (کەزن) خاڵۆزا، پورزاو ئامۆزا**[3107]

.1259 **adversary (ئادفەسەری)، foe (فەو)و enemy (ئێنەمی) دوژمن**[3108]

---

3100 The shop sells all kinds of garments.

دوکانەکە هەموو جۆرەکانی جلوبەرگ دەفرۆشێت.

3101 Exercise more and eat less.

وەرزش زیاتربکەو کەمتر بخۆ.

3102 Water and glass are colorless.

ئاوو شوشە بێڕەنگن.

3103 بەمانای لێکچووی دەقاودەق دێت، واتە کۆپییەکی شتێك کە دەقاودەق لەشتەکە بچێت.

There is an exact replica of the Taj Mahal in another country.

لێکچوویەکی دەقاودەقی پەرستگای تاج محەل، لەوڵاتێکی تردا هەیە.

3104 A pyramid is a solid.

هەرەم ماددەیەکی ڕەقە.

3105 The bell made a disturbing clang.

زەنگەکە تەقەتەقێکی بێزارکەری دروستکرد.

3106 ناوێکی نەبزێردراوە. بەمانای شەپۆلی کەناری دەریا دێت.

We were almost deafened by the crash of the surf.

خەریکبوو بەهۆی دەنگی پێکهەڵپژانی شەپۆلی کەنار دەریاکە، کەڕ ببین.

3107 بەمانای خاڵۆزاو پورزاو ئامۆزا دێت. بەپێی سیاقی ڕستە یان پارەگرافەکە دەزانرێت کە مەبەست کامیانە.

I have five cousins.

پێنج ئامۆزا (یان خاڵۆزا یان پورزا یان هەمویان پێکەوە)م هەیە.

3108 هەرسێکیان بەمانای دوژمن دێن و لەم مانایەدا موورادیفن.

He saw her as his main adversary within the company.

ئەوی وەك دوژمنی سەرەکی بینی لەکۆمپانیاکەدا.

The two countries have united against their common foe.

دوو وڵاتەکە لەدژی دوژمنە هاوبەشەکەیان یەکیانگرت.

The sycophant is the worst kind of enemy.

خراپترین جۆری دوژمن ماستاوچییە.

When the enemy can not destroy you, His job is to distract you.

کاتێك دوژمن ناتوانێت لەناوت ببات، ئیشی دەبێتە ڕاکێشانت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

misdemeanor (میسدیمینە"ر")ە بەمانای کەتن[3109]

.1260 sea lion (سیی لایەن) مانای شێری دەریایە[3110]

doorbell (دۆوبێڵ) بەواتای زەنگی دەرگایە[3111]

.1261 tradition (ترەدیشن) نەریت، کەواتە عورفە[3112]

incidentally (ئینسیدێنتلی) مانای بەسودفە[3113]

.1262 physical (فیزیکڵ) چیە؟ واتە جەسەدی[3114]

timeless (تایملەس) نەعتە، مانای ئەبەدی[3115]

.1263 impression (ئیمپرێشن) چیە؟ مانای ئینتیباع[3116]

---

3109 ئەم سپێڵە ئەمەریکییە، بریتانییەکەی misdemeanourە. کەتن: تاوانی بچوك لەفەرهەنگی یاسادا.

In his 13 years as a civil rights leader, Martin Luther King was arrested 30 times, largely for misdemeanors and civil protest violations.

لەماوەی 13 ساڵیدا وەك سەرکردەیەکی مافە مەدەنییەکان، مارتن لوتەر کینگ 30 جار دەستگیرکراوە، دەستگیرکردنەکانی زیاتر بەهۆی کەتن و پێشێلکاریی خۆپیشاندانی مەدەنییەوە بووە.

3110 شێری دەریا: گیاندارێکی دەریاییە، لە فەقمە دەچێت.

Sea lions are very social.

شێری دەریا زۆر کۆمەڵایەتییە.

3111 Most houses in Paraguay don’t have doorbells; instead, visitors quickly clap their hands for a few seconds to announce themselves. This is considered much more polite than knocking on the door.

زۆربەی ماڵەکانی پاراگوای زەنگی دەرگایان نیە، لەبری ئەوە میوان لەکاتی سەرداندا بۆ ماوەی چەند چرکەیەك بەخێرایی بەدەستیان چەپڵە لێدەدەن وەك ئاشکراکردنی خۆیان. لەوێ، ئەمە بە ڕێزداتر دادەنرێت وەك لەدەرگادان.

3112 There's a tradition in our office that when it's somebody's birthday, they bring in a cake for all of us to share.

نوسینگەکەمان نەریتێکی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کاتێك جەژنی لەدایکبونی کەسێك دەبێت، کێکێك دەهێنن و لەنێوان هەمومان‌دا بەشیدەکەن.

3113 بەسودفە= بەرێکەوت.

Incidentally, I got some useful information at the party.

بەرێکەوت هەندێك زانیاریی بەسودم لەئاهەنگەکە دەستکەوت.

3114 جەسەدی= جەستەیی.

She was in constant physical pain.

لەئازارێکی جەستەیی بەردەوامدا بوو.

3115 ئەبەدی: هەمیشەیی، هەتاهەتایی.

The faithful hope to be welcomed into God's timeless kingdom after death.

بڕواداران هیواخوزان پاش مردن، بۆ ناو جیهانە هەتاهەتاییەکەی خودا پێشوازییان لێبکرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**height (هایت) و altitude (ئاڵتیچیوود) هەردوو ئیرتیفاع**[3117]

.1264 **maple (مەیپڵ) ئیسفەندان**[3118]**، chestnut (چێستنەت) کەستانە**[3119]

**archeologist (ئااکیۆلەجیست) شوێنەوارزانە**[3120]

.1265 **counter-intuitive (کاونتەرین چووتیڤ) چاوەڕواننەکراو**[3121]

**relative (ڕێلەتیڤ) خزم**[3122]**، acquaintance (ئەکوەینتنس) ناسراو**[3123]

.1266 **misfortune (میسفۆچن) بەڵا لەگەڵ بەدبەختی**[3124]

**sonar (سەونا) سۆنەرە، بەڵام هی کەشتی**[3125]

---

[3116]ئینتیباع= (ع: إنطباع): وێنەی چەسپاو لەمێشکدا بەرامبەر بە کەسێك یان شتێك.

What is your impression of Sakar's husband?

ئینتیباعت چییە سەبارەت بە مێردەکەی ساکار؟

[3117] ئیرتیفاع= (ع: ارتفاع)= بەرزی.

None of these sculptures was less than three metres in height.

بەرزیی هیچ یەکێك لەم پەیکەرانە لە سێ مەتر کەمتر نەبوو.

We’re flying at an altitude of 40,000 feet.

ئێمە بە بەرزیی 40 هەزار پێ دەفڕین.

[3118] جۆرە درەختێکە.

Most maples can reach anywhere from 10 metres to 45 metres tall.

زۆربەی ئیسفەنددانەکان بەرزییان دەگاتە 10 بۆ 45 مەتر.

[3119] Chestnuts are a good source of amino acids, monounsaturated fatty acids, antioxidants, and vitamin C.

کەستانە سەرچاوەیەکی باشە بۆ ترشە ئەمینی و ترشە چەورییە ناتێرەکان و دژەئۆکسێنەرەکان و ڤیتامین سی.

[3120] The site of the temple was discovered by a group of archeologists.

شوێنی پەرستگایەکە لەلایەن کۆمەڵێك شوێنەوارزانەوە دۆزرایەوە.

[3121] چاوەڕواننەکراو بەمانای پێچەوانەی باو.

Your explanation was very counter-intuitive.

ڕونکردنەوەکەت زۆر چاوەڕواننەکراو بوو.

[3122] Her boyfriend is a distant relative of mine.

کەپڵەکەی خزمێکی دوری منە.

[3123] She was an acquaintance of my family in Slemany.

ئەو ناسراوێکی خێزانەکەم بوو لە سلێمانی.

[3124] It's unfair to take advantage of other people's misfortunes.

ڕەوا نیە بەڵای خەڵکی تر بە هەل وەربگرێت.

You are not the only person to have suffered misfortune in your life.

تۆ تەنها کەس نیت کە گیرۆدەی بەدبەختیی ژیانت بویت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1267. **syllable (سیلەبڵ) فەقەرە، کەواتە برگە**[3126]

**doom (دووم) مانای مەوتە، بەکوردی مەرگە**[3127]

1268. **past (پاست) رابردووە**[3128]**، pest (پێست) هی زیانبەخشە**[3129]

**map (ماپ) دەموچاوە، هەروەها نەخشە**[3130]

1269. **archaeologist (ئاکیۆلەجیست) عالەمی ئاسار**[3131]

**vermin (ڤێمین) بەمانای زیندەوەری زاڕ**[3132]

1270. **large intestine (لاج ئینتێستن) ریخۆڵ ئەستورە**[3133]

---

[3125] بەمانای سۆنەری کەشتی یان ژێردەریایی دێت کە ئامێرێکە بەکاردەهێنرێت بۆ دیاریکردنی شوێنی شتەکانی ژێر ئاو لەرێگەی شەپۆلی دەنگەوە.

Experts used sonar to help locate the area of the ship wreckage.

پسپۆران سۆنەریان بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی ناوچەی پاشماوەی کەشتییەکە.

[3126] There are two syllables in the word silver and three in appetite.

وشەی silver دوو برگەی تێدایە، بەڵام appetite سیانی تێدایە.

[3127]The ordinary soldiers went to meet their doom with great bravery.

سەربازە ئاساییەکان بە ئازایەتییەکی زۆرەوە، رۆیشتن بۆ بینینی مەرگی خۆیان.

[3128] Forget the past.

رابردوو لەبیربکە.

[3129] بەمانای زیندەوەری زیانبەخش دێت.

Most farmers think foxes are pests.

زۆربەی جوتیاران پێیانوایە رێوی زیندەوەری زیانبەخشە.

[3130] مانای یەکەمیان جڵفەیە نەك قەواعیدی.

He don't like his manager's map.

ئەو حەزی لەدەموچاو (چروچاو!!!)ی بەڕێوەبەرەکەی نیە.

The world map is hard for children.

نەخشەی جیهان بۆ منداڵان قورسە.

[3131] عالەمی ئاسار= شوێنەوارزان= شوێنەوارناس.

She wanted to be an archaeologist in her youth.

لەکاتی لاویدا ویستی ببێت بە شوێنەوارناس.

[3132] زیندەوەری زاڕ= زیندەوەری زیانبەخش.

Foxes are considered vermin.

رێوی بە زیندەوەری زیانبەخش دادەنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**red corpuscle (رێد کۆپەسەڵ) خڕۆکەی سورە**[3134]

1271. **sea level (سیی لێڤڵ) مانای ئاستی دەریایە**[3135]

**clock (کلۆك)، register (رێجیستە)، (تۆماردەکا)یە**[3136]

1272. **concert (کۆنسەت) ئاهەنگە، هی مۆسیقایە**[3137]

**abort (ئەبۆت) ماناکەی (لەباردەبا)یە**[3138]

1273. **casualty (کاژوەڵتی) چیە؟ مانای قوربانی**[3139]

**prostitute (پرۆستتیوت)ە واتای سۆزانی**[3140]

1274. **whorehouse (هۆڒهاوس) مەلهایە یا قەحبەخانە**[3141]

---

[3133] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "ریخۆڵ ئەستورە"، ریخۆڵە ئەستورەیە، بەڵام بۆ پاراستنی کێشی بەیتەکە بزوێنی کۆتایی ریخۆڵەکەم لابردووە.

The large intestine is 5 to 6 feet (1.5 to 2 meters) long.

درێژیی ریخۆڵە ئەستورە مەترو نیوێك بۆ دوو مەترە.

[3134] Red corpuscles carry oxygen from our lungs to the rest of our body.

خڕۆکە سورەکان ئۆکسجین لەسییەکانمانەوە دەبەن بۆ بەشەکانی تری جەستەمان.

[3135] The top of Mount Everest is 8,848 m above sea level.

لوتکەی شاخی ئیڤیرست هەشت هەزارو 848 مەتر لەسەروو ئاستی دەریاوەیە.

[3136] تۆماردەکا= تۆماردەکات.

I clocked nearly nine hours of uninterrupted sleep.

نزیکەی نۆ سەعات خەوتنی بەردەوامم تۆمارکرد.

I registered the car in my name.

ئۆتۆمبێلەکەم بەناوی خۆمەوە تۆمارکرد.

[3137] بەمانای ئاهەنگی مۆسیقا دێت. ئاهەنگی مۆسیقا= کۆنسێرت. ئێستا دڵنیابویت کە وشەی کۆنسێرت ئینگلیزییە نەك کوردی؟!

She still does about 100 concerts every year.

ئێستاش هەموو ساڵێك نزیکەی سەد کۆسێرت ئەنجامدەدات.

[3138] لەباردەبا= لەباردەبات.

The coup was aborted.

کودەتاکە لەباربرا.

[3139] قوربانی: کەسێك کە زیانی پێگەیشتووە یان گیانی لەدەستداوە بەهۆی روداوو جەنگ و هتد...

The number of casualties in both wars was high.

ژمارەی قوربانیانی هەردوو جەنگەکە زۆر بون.

[3140] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە پرااستتیوت گۆیدەکەن.

I noticed a couple of prostitutes talking to a young man.

سەرنجمدا دوو سۆزانی قسەیان بۆ پیاوێکی گەنج دەکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**demonstration (دیمەنسترەیشن) خۆپیشاندانە**[3142]

.1275 **ailment (ئەیڵمەنت)، sickness (سیکنەس) هەردوو نەخۆشی**[3143]

**drunkenness (درەەنکننەس) حەتمەن مانای سەرخۆشی**[3144]

.1276 **bossy (بۆسی) بەمانای گوێرەکەو مانگا**[3145]

**betide (بیتاید) یەحدوسو، واتە روودەدا**[3146]

.1277 **anyone (ئێنی وەەن) چیە؟ واتە هیچ کەسێك**[3147]

**erratic (ئیراتیك) نەعتە، بەمانای ناڕێك**[3148]

.1278 **true (تروو) حەقیقی، هەروەها راستە**[3149]

---

3141 مەلها= (ع: ملهى)= قەحبەخانە.

He saw his close friend in a whorehouse.

هاوڕێ نزیکەکەی لەقەحبەخانەیەکدا بینی.

3142دێمنسترەیشن. خۆپیشاندان= موزاهەرە.

Police used violence to end the demonstration.

بۆ کۆتاییپێهێنانی خۆپیشاندانەکە، پۆلیس توندوتیژی بەکارهێنا.

3143 یەکەمیان بەدیاریکراوی بۆ گوزارشتکردن لەنەخۆشییەك بەکاردەهێنرێت کە قورس نەبێت.

Treat minor ailments yourself.

خۆت چارەسەری نەخۆشییە بچوکەکان بکە.

Karzan has a rare sickness.

کارزان نەخۆشییەکی دەگمەنی هەیە.

3144 Most of the arrests were for drunkenness and vandalism.

زۆربەی دەستگیرکردنەکان بەهۆی سەرخۆشی و کاری تێکدەرانەوە بون.

3145 مانایەکی نارەسمییە. کەواتە لەم مانایەدا bossy موڕادیفی cow، calf.

There are many bossies in the Kurdistan region.

هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر مانگای تێدایە.

The wolf attacked the bossy.

گورگەکە پەلاماری گوێرەکەکەی دا.

3146 موڕادیفی happen. یەحدوسو= (ع: يَحدُث)= رودەدا= رودەدات.

I waited with beating heart, not knowing what would betide.

بەدڵێکەوە کە خێرا لێیدەدا چاوەڕێبوم، نەمدەزانی چی رودەدات.

3147 Do you know anyone else who wants a ticket?

ئایا هیچ کەسێکی تر دەناسیت بلیتی بوێت؟

3148 Her heartbeat is a bit erratic, but not dangerously so.

لێدانی دڵی کەمێك ناڕێکە، بەڵام زۆر مەترسیدار نیە.

3149 حەقیقی= راستەقینە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(میدڵ ئیە"ر")ە گوێی ناوەڕاستە[3150] middle ear

.1279 atrium (ئەیتریەم) چیە؟ گوێچکەڵە(ی دڵ)ە[3151]

(ڕایند) قیشرەیە، واتە توێکڵە[3152] rind

.1280 surface (سێیفیس) واتە سەتح، بەکوردی سەڕووو[3153]

(لارینجایتیس) هەوکردن گەروو[3154] laryngitis

.1281 pinkie (پینکی) هەم pinky (پینکی) پەنجە هی توتە[3155]

(سییدی) ئاوەڵناو، مانای پەڕپوتە[3156] seedy

.1282 Where are you from? (وێ"ر" ئار یوو فرەم) مانای "خەڵکی کوێی؟"[3157]

(سینگڵ هانددلی) بەتەنها هەر خۆی[3158] single-handedly

.1283 Take a seat (تەیك ئە سییت) ئیجلیس، واتە دانیشە[3159]

---

She managed to conceal her true feelings.

ئەو توانی هەستە ڕاستەقینەکانی خۆی، بشارێتەوە.

It's not true that I'm going to marry him.

ئەوە ڕاست نیە کە گوایە من بەنیازم شوی پێبکەم.

[3150] The smallest bones in your body are in your middle ear.

بچوکترین ئێسکەکانی جەستەت لەگوێی ناوەڕاستتدان.

[3151] The left atrium receives blood full of oxygen from the lungs.

گوێچەکەڵەی چەپ خوێنی پڕ لەئۆکسجین لەسییەکانەوە، وەردەگرێت.

[3152] They were swarming all over him like ants' on a melon rind.

ئەوان لەهەموو شوێنێکی ئاڵابوون، وەك مێروله لەسەر توێکڵی کاڵەك.

[3153] Dead leaves floated on the surface of the water.

گەڵای مردوو کەوتنەسەر سەرڕووی ئاوەکە.

[3154] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هەوکردن گەروو"، بریتییە لە "هەوکردنی گەروو"ە، بەڵام لەپێناو پاراستنی کێشی شیعرەکە، پیتی یائەکەم لابردووە.

laryngitis isn't a deadly disease.

هەوکردنی گەروو نەخۆشییەکی کوشندە نیە.

[3155] هەردوکیان بەمانای پەنجەتوتە دێن و بەهەمان شێوەش دەخوێنرێنەوە.

Your Pinkie Provides Half Your Hand Strength.

پەنجەتوتەت نیوەی هێزی دەستت دابیندەکات.

Your pinky has an importnant role in the hand.

پەنجەتوتەت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەدەستدا.

[3156] He works in a seedy hotel.

لەهۆتێلێکی پەڕپوتدا کاردەکات.

[3157] خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی تەواوە پێویست بە نمونە ناکات.

[3158] She brought up three children single-handedly.

ئەو بەتەنها هەر خۆی (بەبێ یارمەتیدانی هیچ کەسێك)، سێ منداڵی پەروەردەکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[3160] auditorium (ئۆۆدەتۆریەم) هۆڵ، هی نمایشە

.1284 monotonous (مەنۆتنەس)، boring (بۆورین) هەردوو مومیلە[3161]

renal pelvis (رینەڵ پێلڤیس)ە حەوزی گورچیلە[3162]

.1285 solitary (سۆلیتری) نەعتە، مانای تەنهایە[3163]

shred (شرێد) وەکو کار، "کوتکوتدەکا"یە[3164]

.1286 gather (گاذە) بەمانای کۆدەبێتەوە[3165]

locate (لەوکەیت) بەواتای دەدۆزێتەوە[3166]

.1287 coral (کۆرڵ) مەرجانە، لەگەڵ مەرجانی[3167]

وشەی gym (جیم) مانای هۆڵی لەشجوانی[3168]

---

[3159] Please take a seat – she will be with you in a minute.

تکایە دانیشە، ئەو لەماوەی یەك خولەكدا دێتە لات.

[3160] بەمانای هۆڵی نمایشکردن و پێشکەشکردنی کۆنسێرت و ئەنجامدانی کۆبونەوەو چالاکییە هاوشێوەکانیان دێت.

No smoking in the auditorium.

جگەرەکێشان لەناو هۆڵی نمایشدا قەدەغەیە.

[3161] مومیل= (ع: ممل)= بێتاقەتکەر.

It was a monotonous film.

فیلمێکی بێتاقەتکەر بوو.

The movie was so boring I fell asleep.

فیلمەکە هێندە بێتاقەتکەر بوو کە خەو بردمییەوە.

[3162] The renal pelvis is triangular in shape.

حەوزی گورچیلە لەشێوەی سێگۆشەدایە.

[3163] The solitary goal of the match was scored by the Ronaldo.

تەنها گۆڵی یارییەکە لەلایەن رۆناڵدۆوە تۆمارکرا.

[3164] کوتکوتدەکا= کوتکوتدەکات= پارچەپارچەدەکات: دەیکات بە پارچەپارچەی بچوکەوە.

Shred the carrot.

گێزەرەکە کوتکوتبکە.

[3165] Thousands of people gathered outside the embassy.

هەزاران کەس لەدەرەوەی باڵیۆزخانەکە کۆبونەوە.

[3166] Police are still trying to locate the suspect.

هێشتا پۆلیس لەهەوڵدایە کە گومانلێکراوەکە بدۆزێتەوە.

[3167] مەرجان: زیندەوەرێکی دەریاییە. مەرجانی: رەنگێکە لەنێوان پرتەقاڵی و پەمەیی.

Climate Change Is the Biggest Threat to Corals.

گۆڕانکاریی کەشوهەوا گەورەترین هەڕەشەیە بۆ مەرجان.

Your coral dress is very attractive.

عەزییە مەرجانییەکەت زۆر سەرنجڕاکێشە.

[3168] I go to the gym twice a week.

هەفتەی دوجار دەرۆم بۆ هۆڵی لەشجوانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1288 **evolve (ئیڤۆلْڤ) چیە؟ پەیدادەبیٚ**[3169]

**tympanum (تیمپەنەم) حەتمەن مانای پەردەی گوێ**[3170]

.1289 **secrete (سیکرییت) یوفریزو، واتە دەردەدا**[3171]

**"دەشارێتەوە"ش**[3172]**، pledge (پلێج) بەڵێندەدا**[3173]

.1290 **dine (داین) واتە دەخوا نانی ئێوارە**[3174]

**lemur (لیمە) لەیمورە، جۆرێك گیاندارە**[3175]

.1291 **liable (لایەبڵ) بەرپرس، واتە مەسئولە**[3176]

**breadth (برێدث) پانییە**[3177]**، length (لێننث) مانای "تول"ە**[3178]

.1292 **concentration (کۆنسنترەیشن) تەرکیز، کەسافە**[3179]

---

3169 پەیدادەبیٚ= پەیدادەبێت.

Fish evolved from prehistoric sea creatures.

ماسی لەزیندەوەرگەلی دەریایی پێشمێژووەوە پەیدابووە.

3170 The diseases of tympanum isn't deadly.

نەخۆشییەکانی پەردەی گوێ کوشندە نین.

3171 دەردەدا= دەردەدات.

The toad's skin secretes a deadly poison.

پێستی قورەبۆق ژەهرێکی کوشندە دەردەدات.

3172 واتە هەمان وشە بەمانای "دەشارێتەوە"ش دێت.

The money had been secreted in a Swiss bank account.

ئەوان پارەکەیان لەئەژماری بانکێکی سویسریدا شاردبووەوە.

3173 بەڵێندەدا= بەڵێندەدات.

The new governor pledged to reduce crime.

پارێزگارە نوییەکە بەڵێنیدا تاوان کەمبکاتەوە.

3174 دەخوا نانی ئێوارە= نانی ئێوارە دەخوات.

He was dining with his friends.

ئەو نانی ئێوارەی لەگەڵ هاورێکانیدا دەخوارد.

3175 توزێك لەمەیمون دەچێت.

A Lemur's Tail is Longer than Its Body.

کلکی لەیمور لەجەستەی درێژترە.

3176 I'm happy to install the update on your computer, but if anything goes wrong, I won't be liable.

خۆشحاڵم کە ئەپدەیتەکەم لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزاند، بەڵام هەرشتێك روبدات، من بەرپرس نابم.

3177 The length of this box is twice its breadth.

درێژیی ئەم سندوقە دوو ئەوەندەی پانییەکەیەتی.

3178 تول= (ع: طول)= درێژی.

The length of the bay is approximately 200 miles.

درێژیی کەنداوەکە نزیکەی 200 میلە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

superstition (سووپەستیشن) مانای خورافە[3180]

.1293 venue (ڤێنیوو) واتە شوێن[3181]، avenue (ئاڤەنیوو) جادە[3182]

maternity ward (مەتێینەتی وۆد) قاوشی ویلادە[3183]

.1294 species (سپییشییز) جۆرە، هەم تاکە، هەم کۆ[3184]

confirm (کەنفێیم) بەواتای تەئکیددەکاتۆ[3185]

.1295 compound (کۆمپاوند) چیە؟ مانای ئاوێتە[3186]

is located in (ئس لۆکەیتد ئین) واتە (دەکەوێتە)[3187]

.1296 suck (سەەك)، suck on (سەەك ئۆن) دەمژێ[3188]، suction (سەەکشن)یش مژین[3189]

---

[3179] کەسافە= چڕی

I lost my concentration and fell asleep.

تەرکیزم لەدەستداو خەو بردمیەوە.

The concentration of trees increases with rainfall.

چڕیی درەخت بە بارانبارین زیاددەکات.

[3180] Some scientists view all religion as superstition.

هەندێك لەزاناکان هەموو ئاینەکان وەك خورافە دەبینن.

[3181] The first thing to do is book a venue.

یەکەم شت کە دەبێت بکرێت، حیجزکردنی شوێنێکە.

[3182] برادەرانی ئەمەریکا بە ئاڤەنوو گۆیدەکەن. بە چاوە گەشەکانت سەرنجبدە کە ئەم وشەیە تەنها پیتی یەکەمی لەوشەکەی تر زیاترە.

Couples often stroll along the avenue in the spring.

زۆرجار لەبەهاراندا هاوژینان بەدرێژایی جادەکە، پیاسەدەکەن.

[3183] قاوشی ویلادە= (ع: ردهة الوِلادَة)= قاوشی منداڵبون.

Please wait your wife out of the maternity ward.

تکایە لەدەرەوەی قاوشی منداڵبونەکە چاوەڕێی ژنەکەت بکە.

[3184] هەروەك وشەی fish، ئەم وشەیەش داڕشتەی تاك و کۆیەکەی هەمان شتە.

بۆ گوزارشتکردن لەجۆرە جیاوازەکانی رووەك و گیانداران بەکاردەهێنرێت.

Over a hundred species of insect are found in this area.

زیاتر لە سەد جۆر مێروو لەم ناوچەیەدا دۆزراوەتەوە.

[3185] تەئکیددەکاتۆ = تەئکیددەکاتەوە.

New evidence has confirmed the first witness’s story.

بەڵگەی نوێ، گێڕانەوەی یەکەم شایەتحاڵەکەی تەئکیدکردووەتەوە.

[3186] Sulphur dioxide is a compound of sulphur and oxygen.

دووەم ئۆکسیدی گۆگرد ئاوێتەیەکە لەگۆگردو ئۆکسجین پێکدێت.

[3187] The company is located right in the center of town.

کۆمپانیاکە کتومت دەکەوێتە ناوەندی شارۆچکەکەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**sight (سایت) دەبینێ، هەروەها بینین**[3190]

[.1297] **record (ڕیکۆرد) یوسەجیل، هەمیش تۆمارە**[3191]

**toy (تۆی) لوعبەیە**[3192]**، kite (کایت)یش کۆلارە**[3193]

---

[3188] دەمژێ= دەمژێت.

The baby sucks its thumb.

منداڵەکە پەنجەگەورەی دەمژێت.

I have a picture of Saya sucking on a lollipop.

وێنەیەکی سایەم هەیە کە تێیدا مەساسەیەك دەمژێت.

[3189] The machine works via suction.

مەکینەکە لەڕێگەی مژینەوە کاردەکات.

[3190] دەبینێ= دەبینێت.

The sailors gave a shout of joy when they sighted land.

دەریاوانەکان کاتێك وشکانییان بینی، لەخۆشیدا هاواریانکرد.

You can never cross the ocean until you have the courage to lose sight of the shore.

ئەگەر بوێریی لەدەستدانی بینینی کەنارت نەبێت، هەرگیز ناتوانیت زەریا ببڕیت. واتە ئەگەر کاتێك کەنار زەریات لێ دیارنەما، ترسایت، ئەوە هەرگیز ناتوانیت زەریاکە ببڕیت.

[3191] یوسەجیل= تۆماردەکات.

تۆمار: باشترین و یەکەمین: ژمارەی پێوانەیی. لای خۆمان زیاتر هەر ریکۆردەکە بەکاردەهێنرێت.

The singer recorded a new album.

گۆرانیبێژەکە ئەلبومێکی نوێی تۆمارکرد.

He failed in his attempt to break the record.

ئەو لەهەوڵەکەی بۆ شکاندنی تۆمارەکە "ریکۆردەکە" شکستیهێنا.

[3192] لوعبە: یاریی منداڵان: ئەو شتانەی منداڵ یاری پێدەکات وەك بوکەشوشەو هتد...

Leave daddy's camera alone - it isn't a toy!

واز لەکامێراکەی بابە بهێنە، یاری منالان نیە!

[3193] On windy days the kids fly their kites in the park.

لەڕۆژە بایاوییەکاندا "واتە ئەو رۆژانەی بایان هەیە"، منالەکان کۆلارەکانیان لەپارکەکەدا هەڵدەدەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1298 **turmeric (تیمەریك) چیە؟ زەردەچەوە**[3194]

**win (وین) دەباتەوە**[3195]**، won (وەەن)یش بردەوە**[3196]

.1299 **worship (وێیشیپ) دەپەرستێ، لەگەڵ پەرستن**[3197]

**front room (فرەەنت ڕووم) واتە ژوری دانیشتن**[3198]

.1300 **pilgrimage (پیلگریمیج) حەجە**[3199]**، pilgrim (پیلگریم) واتە حاج**[3200]

**prenuptial (پرینەپشڵ)ە هینی پێش زەواج**[3201]

.1301 **mine (ماین) مینڕێژدەکا، مین، هی من و کان**[3202]

---

3194 ناوێکی نەبژێردراوە.

The oil and turmeric give the chicken a nice yellow-gold color.

ڕۆن و زەردەچەوە رەنگێکی زەردی ئاڵتونیی جوان دەدەن بە گۆشتی مریشك.

3195 یەکێکە لەفەرمانە ناقیاسییەکان. ڕابردوو و ڕابردووی کراوەکەی won.

Which year was it that Italy won the World Cup?

ئەوە چ ساڵێك بووە کە ئیتاڵیا جامی جیهانی بردەوە.

3196 ڕابردوی win. عەینەن وشەی one دەخوێنرێتەوە.

Brzil won the match easily.

بەرازیل یارییەکەی بە ئاسانی بردەوە.

3197 دەپەرستێ= دەپەرستێت.

They all worship the same god.

ئەوان هەمویان هەمان خودا دەپەرستن.

Worship of the old gods still continues in remote areas of the country.

تائێستاش پەرستنی خوداوەندە کۆنەکان لەناوچە دورەکانی وڵاتدا بەردەوامە.

3198 ژوری دانیشتن= ژوری میوان.

The front room of the house must be nicer than others.

ژوری دانیشتنی خانووەکە پێویستە لەوانی تر جوانتر بێت.

3199 I have a chance to go on pilgrimage to Mecca.

هەلێکم هەیە کە بچم بۆ حەج بۆ مەککە.

3200 حاج= حاجی.

Dozens of pilgrims died in the incident.

دەیان حاجی لەڕوداوەکەدا گیانیان لەدەستدا.

3201 ئاوەڵناوە. هینی پێشزەواج= هی پێشهاوسەرگیری.

Prenuptial sexual realtions are illegal.

پەیوەندیی سێکسیی پێشهاوسەرگیری ناشەرعییە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**tree (تریی) درەختە**[3203]**، forest (فۆریست) دارستان**[3204]

[.1302] **rarely (ڕێیەلی)، seldom (سێڵدم) هەردوو بەدەگمەن**[3205]

**roughly (ڕەفلی) ئاوەڵکار، مانای تەقریبەن**[3206]

[.1303] **hammer (هامە) چەکوشە**[3207]**، glove (گلەڤ) دەسکێشە**[3208]

---

[3202] مینڕێژدەکا= مینڕێژدەکات.

All the roads leading to the village had been mined.

هەموو ئەو ڕێگایانەی دەچن بۆ گوندەکە مینڕێژکرابوون.

His English is better than mine.

ئینگلیزییەکەی لە هی من باشترە.

Kurdistan region contains several iron mines.

هەرێمی کوردستان چەند کانێکی ئاسنی تێدایە.

[3203] He fastened the rope to a tree.

گوریسەکەی بە درەختێکەوە بەستەوە.

Broccoli: I look like a tree.
Mushroom: I look just like an umbrella.
Walnut: I look exactly like a brain.
Banana: People are starving!, Let us change the topic please?

برۆکلی: برادەران من لەدرەخت دەچم.
قارچك: من عەینەن چەتر وام.
گوێز: من کتومت لەمێشك دەچم.
مۆز: خەڵك لەبرسا دەمرێ، تکایە با مەوزوعەکە بگۆڕین!

[3204] Much of Scandinavia is covered in dense forest.

زۆرێك لەناوچەی سکاندەناڤیا بە دارستانی چڕ داپۆشراوە.

[3205] هەردوکیان ئاوەڵکارن و بەمەنای بەدەگمەن دێن، بەڵام ئاستیی دەگمەنیی seldom زۆرترە: زۆر بەدەگمەن.

We rarely see each other now.

ئێستا ئێمە بەدەگمەن یەکتر دەبینین.

Now that we have a baby, we seldom get the chance to go to the cinema.

ئێستا کە منداڵێکمان هەیە، زۆر بەدەگمەن هەلی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێت کە بچین بۆ سینەما.

[3206] تەقریبەن= نزیکەی.

There were roughly 200 people there.

نزیکەی 200 کەس لەوێ بون.

[3207] She hit her thumb with the hammer.

ئەو چەکوشەکەی کێشا بە پەنجەگەورەی دەستیدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**after (ئاافتە)، beyond (بیۆند) پاش[3209]، before (بیفۆو) لەپێشە[3210]**

[.1304] **except (ئیکسێپت)، other than (ئەذەذان)، beyond (بیۆند) جگەلە[3211]**

**carcass (کاکەس) بەمانای لاك(ی ئاژەڵە)[3212]**

[.1305] **deadbolt (دێدبەوڵت) واتە قوفڵ، بەڵام بەهێزە[3213]**

**strength (سترێننث) قووەتە، بەکوردی هێزە[3214]**

[.1306] **consume (کەنسیووم) چیە؟ بەکاردەبا[3215]**

---

[3208] Those gloves look nice and warm.

ئەو دەسکێشانە جوان و گەرم دیارن.

[3209] We went swimming after lunch.

ئێمە پاش نانی نیوەڕۆ چوین بۆ مەلەکردن.

The show went on until beyond midnight.

پێشانگایەکە تاوەکو پاش نیوەشەو بەردەوامبوو.

[3210] We learn how to laugh before we learn how to talk.

ئێمە لەپێش ئەوەی فێری قسەکردن بین، فێری پێکەنین دەبین.

[3211] Brazil occupies 47.3% of South America and borders all other countries except Ecuador and Chile.

برازیل لەسەدا 47.3ی ڕوبەری هەموو کیشوەری ئەمەریکای باشوری گرتووەو سنوری لەگەڵ هەموو وڵاتەکانی ئەو کیشوەرەدا هەیە جگە لە ئیکوادۆرو چیلی.

The form cannot be signed by anyone other than the child's parent.

فۆرمەکە نابێت لەلایەن هیچ کەسێکەوە واژۆبکرێت جگەلە دایك یان باوکی منداڵەکە.

Karzan owns nothing beyond his cheap car.

کارزان جگە لەئۆتۆمبێلە هەرزانەکەی هیچ شتێکی تری نیە.

[3212] لاکی ئاژەڵ= جەستەی ئاژەڵی مناردوەبوو یان سەربڕاو.

It was the carcass of a brown animal.

ئەوە لاکی ئاژەڵێکی قاوەیی بوو.

[3213] بەمانای قوفڵی بەهێزی دەرگا دێت.

Buy a new deadbolt for the door.

قوفڵێکی بەهێزی نوێ بکڕە بۆ دەرگایەکە.

[3214] She didn’t even have the strength to stand up.

ئەو تەنانەت هێزی ئەوەی نەبوو بەپێوە بووەستێت.

[3215] بەکاردەبا= بەکاردەبات.

A smaller car will consume less fuel.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

spew (سپیوو) دەڕشێتو، لەگەڵ دەردەدا[3216]

.1307 blender (بلێندە) "خەڵاتە"[3217]، slender (سلێندە) باریك[3218]

dim (دیم) مانای کزە، هەروەها تاریك[3219]

.1308 livestock (لایڤستوك) چیە؟ مەڕوماڵات[3220]

blend (بلێند)و mix (میکس) تێکەڵاودەکات[3221]

.1309 variety (ڤەرایەتی) نەوع، بەکوردییەکەی جۆر[3222]

a plethora of (ئە پلێثەرە ئەڤ) برێك ئێجگار زۆر[3223]

.1310 flavour (فلەیڤە) تامە[3224]، taste (تەیست) تامدەکا، تام[3225]

---

ئۆتۆمبێلێکی بچوکتر سوتەمەنیی کەمتر بەکاردەبات.

3216 دەڕشێتو= دەڕشێتەوە. دەردەدا= دەردەدات. مانای یەکەمیان نافەرمییە.

The drunk student spewed in the classroom.

خوێندکارە سەرخۆشەکە لەپۆلەکەدا ڕشایەوە.

Factory chimneys spewed fumes into the sky.

دوکەڵکێشەکانی کارگەکە دوکەڵیان دەردا بۆ ئاسمان.

3217 لێرەدا مەبەست لەخەڵاتە ئەو ئامێرەیە کە میوەی تێدەکەیت و بۆت دەکات بە شەربەت.

I don't have a blender so I eat fresh fruits.

خەڵاتەم نیە، بۆیە میوەی تازە دەخۆم.

3218 سەرنجبدە ئەم دوو وشەیە یەك وەزنیان هەیە لەڕوی خوێندنەوەوە لەڕوی پێکهاتەشەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازە.

The plant's leaves are long and slender.

گەڵای ڕووەکەکە درێژو باریکن.

3219 سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. دوان لەدیارترین ماناکانی کزو تاریکن (بەڵام زۆر تاریك نا) .

The lamp spread a dim light.

گڵۆپەکە ڕوناکییەکی کزی بڵاوکردەوە.

He sat in a dim corner of the waiting room.

لەسوچێکی تاریکی ژوری چاوەڕوانییەکەدا دانیشت.

3220 مەڕوماڵات: زیندەوەری وەك مانگاو بزن و هتد کە لەکێڵگەدا بەخێودەکرێن.

Grain and livestock markets are quite strong at the moment.

لەئێستادا بازاڕی دانەوێڵەو مەڕوماڵات زۆر بەهێزە.

3221 Blend the sugar, eggs, and flour.

شەکرو هێلکەو ئاردەکە تێکەڵاوبکە.

First mix the butter and sugar together, then add the milk.

یەکەمجار کەرەو شەکرەکە پێکەوە تێکەڵاوبکە، پاشان شیرەکەی بکە بەسەردا.

3222 The lake has more than 20 varieties of fish.

دەریاچەکە زیاتر لە 70 جۆر ماسی تێدایە.

3223 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "برێك ئێجگار زۆر" بریتییە لە "برێکی ئێجگار زۆر"، بەڵام لەبەر پاراستنی کێشی بەیتەکە پیتی یائەکەم لابردووە.

There's a plethora of books about the royal family.

برێکی ئێجگار زۆر کتێب سەبارەت بە خێزانی شاهانە هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**tasteless (تەیستلس) بێتامە**[3226]**، tasteful (تەیستفڵ) بەتام**[3227]

.1311 **sundial (سەندایەڵ) مانای سەعاتی شەمسی**[3228]

**genuinely (جێنیو ئنلی) واتە بەڕاسی**[3229]

.1312 **autism (ئۆۆتیزم) چیە؟ خودتەنهایی**[3230]

**surface mail (سێیفیس مەیڵ) سیستەم پۆستی ئاسایی**[3231]

---

3224 لەسپێلی ئەمەریکیدا پیتی uیەکەی تێدانیە.

We sell 32 different flavours of ice cream.

ئێمە دۆندرمە بە 32 تامی جیاواز دەفرۆشین.

3225 وەك كار بەمانای تامدەكات و وەك ناو بەمانای تام دێت.

An unborn baby can taste what its mother is eating and develop a preference for the foods that she eats.

کۆرپە پێش لەدایکبونی دەتوانێت تامی ئەو شتە بکات کە دایکی دەیخوات و حەزی بۆ ئەو خواردنانە پەیدادەبێت کە دایکی دەیانخوات.

The fruit has a very distinctive taste.

میوەکە تامێکی زۆر جیاوازی هەبوو.

3226 The meat was dry and tasteless.

گۆشتەکە وشك و بێتام بوو.

3227 مورادیفی tastyە .

Thanks, your food was very tasteful.

سوپاس، خواردنەکەت زۆر بەتام بوو.

3228 سەعاتی شەمسی= کاتژمێری خۆرین: لەکۆندا بەکارهێنراوە بۆ دیاریکردنی کات.

The world’s largest sundial is located in India.

گەورەترین کاتژمێری خۆرین لەجیهاندا، لە هندستانە.

3229 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "بەڕاسی" بریتییە لە "بەڕاستی"، بەڵام زەروراتی شیعر تائەکەی پێلابردوم.

She was genuinely pleased when he arrived.

ئەو بەڕاستی دڵخۆشبوو کاتێك گەیشت.

3230 نەخۆشییەکی مێشکیی باوە. لەناو کوردیشدا زیاتر هەر وشەی ئۆتیزمەکە بەکاردەهێنرێت.

In the United States, Autism is more common than childhood cancer, diabetes, and AIDS combined.

لەویلایەتە یەکگرتووەکان، ئۆتیزم لەشێرپەنجەی منداڵ، شەکرەو ئایدز پێکەوە، بەربڵاوترە. واتە ژمارەی توشبوانی ئەم نەخۆشییە لەکۆی توشبوانی ئەو سێ جۆرە نەخۆشییە پێکەوە، زیاترە.

3231 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "سیستەم پۆستی ئاسایی" بریتییە لە "سیستەمی پۆستی ئاسایی"، بەڵام پیتی یائەکەی بەر جادەی زەروراتی شیعر کەوتووە!

سیستەمی پۆستی ئاسایی: ناردنی پۆست لەڕێگەی کەشتی یان شەمەندۆفێرەوە نەك لەڕێگەی فڕۆکەوە.

If you do not write ‘airmail’ on the envelope, the letter will be sent by surface mail.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1313. **fruit (فرووت) میوەیە[3232]، vegetable (ڤێجتەبڵ) سەوزە[3233]**
**stole (ستەوڵ) "دزی"یە[3234]، thief (ثیف) مانای دزە[3235]**
1314. **get (گێت) وەردەگرێ، یەجلوب، یوسبیحو[3236]**
**accomplished (ئەکەمپلیشت) مانای لێهاتوو[3237]**
1315. **creed (کرييد) عەقیدە[3238]، fancy (فانسی) ئەندێشە[3239]**

---

ئەگەر لەسەر زەرفەکە نەنوسیت "پۆستی ئاسمانی"، نامەکە لەڕێگەی سیستەمی پۆستی ئاساییەوە دەنێردرێت.

3232 Don’t eat fruits immediately after meals.

ڕاستەوخۆ دوای ژەمەخواردنەکان میوە مەخۆ.

3233 Vegetables are famous for having high amount if fiber in them.

سەوز بەوە بەناوبانگە کە کەبرێکی زۆر ریشاڵی تێدایە.

3234 کاری ڕابردووە، ڕانەبردووەکەی stealو تەسریفی سێهەمی stolenە.

A guy stole my new smartphone.

کوڕێك مۆبایلە زیرەکەکەمی دزی.

3235 کۆکەی thievesە.

Thieves stole $500,000 worth of computer equipment.

دز بەبەهای پێنج سەد هەزار دۆلار کەرەستەی کۆمپیوتەری دزی.

3236 سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

یەکێکە لەو وشانەی زۆرترین مانایان هەیە. سیان لەدیاترین ماناکانی وەردەگرێ و یەجلوب و یوسبیحون.

وەردەگرێ= وەردەگرێت= receive

یەجلوب= (ع: یجلب)= دەهێنێت= bring

یوسبیحو= (ع: یصبح)= دەبێت= become

لەڕوی ڕێزمانیشەوە یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

get→got→got

بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە gottenیش دەبێتە تەسریفی سێهەم.

She got loads of presents.

ئەو بڕێکی زۆر دیاری وەرگرت.

Run upstairs and get a pillow.

بڕۆ بۆ قاتی سەرەوەو سەرینێك بهێنە.

Don’t get upset.

بێزار مەبە.

3237 موراديفی skilledە.

She's a very accomplished pianist

ئەو پیانۆژەنێکی زۆر لێهاتووە.

3238 عەقیدە: بیروباوەڕ

The law forbids discrimination because of race, color, or creed.

یاساکە جیاکاری بەهۆی ڕەگەز، ڕەنگ یان بیروباوەڕ قەدەغەدەکات.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**religion** (ڕیلیجەن) ئاین[3240]، **dervish** (دێیڤیش) دەروێشە[3241]

[1316]. **sedentary** (سێدنتری) نەعتە، هی دانیشتنە[3242]

**evolution** (ئییڤەلووشن)ە پەرەسەندنە[3243]

[1317]. **score** (سکۆر) واتە 20، هەروەها قەرزە[3244]

**snow** (سنەو) مانای سەلج[3245]، **hail** (هەیڵ) حەتمەن تەرزە[3246]

[1318]. **vacancy** (ڤەیکنسی) شوێنە، بەڵام هی چۆڵە[3247]

---

[3239] ئەندێشە= خەیاڵ

Visiting Mexico was just a passing fancy.

سەردانکردنی مەکسیك تەنها خەیاڵێکی ڕاگوزەر بوو.

[3240] Christianity is the world's largest religion, with over 2.4 billion adherents, about a third of the world's population.

ئاینی مەسیحی گەورەترینە لەجیهاندا. لەئێستادا خاوەنی زیاتر لە دوو ملیارو 500 ملیۆن شوێنکەوتووە کە دەکاتە سێیەکی کۆی دانیشتوانی جیهان.

What is the predominant religion in Turkmenistan?

ئاینی زاڵ لەوڵاتی تورکمانستان چیە؟

(مەسیحی، ئیسلام، بوزی، زەردەشتی) ئیسلام

[3241] بە لێوردبونەوەیەکی کورت لەم وشەیە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر دەروێشەکەی لای خۆمانەو تۆزێك خۆی ناسك کردووەتەوە!

Some of them were whirling round like dervishes.

هەندێکیان وەك دەروێش بەدەوری خۆیان دەسوڕانەوە.

[3242] ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بەدانیشتن و کەمجوڵەییەوە هەبێت.

هی دانیشتن= دانیشتنئامێز

My doctor says I should start playing sport because my lifestyle is too sedentary.

پزیشکەکەم دەڵێت پێویستە دەستبکەم بە وەرزشکردن، لەبەرئەوەی شێوازی ژیانم زۆر دانیشتنئامێزە. واتە جوڵەی کەم تێدایە.

[3243] The theory of evolution isn’t right.

بیردۆزی پەرەسەندن ڕاست نیە.

[3244] Our coach was escorted by a score of policemen.

ڕاهێنەرەکەمان بیست پۆلیسی لەگەڵدا بوو.

Did you pay back your scores?

ئایا قەرزەکانت دایەوە؟

[3245] سەلج= بەفر

Snow was falling heavily as we entered the village.

کە چوینە ناو گوندەکە، بەفر بە لێزمە دەباری.

[3246] These kinds of storms can produce rain and hail.

ئەم جۆرە گەردەلولانە دەکرێ باران و تەرزە دروستبکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**cerebellum (سێرەبێلەم)ە مانای مێشکۆڵە**[3248]

.1319 **slash (سلاش)، slash mark (سلاش ماڵك) واتە خەتی لار**[3249]

**religious (ریلیجس) دینی، هەروەها دیندار**[3250]

.1320 **unite (یوونایت) یەکدەخا**[3251]**، بەبێ e (یەکە)**[3252]

**squash (سکواش)و pumpkin (پەمپکین) هەردوو کولەکە**[3253]

.1321 **landscape (لاندسکەیپ) دیمەن، بەڵام سروشتی**[3254]

---

3247 بەمانای شوێنی چۆڵ دێت.

Let me see if we have a vacancy for tonight.

با سەیرکەم بزانم شوێنی چۆڵمان هەیە بۆ ئەمشەو.

3248 بەشێکی جەستەیە کە دەکەوێتە پشتی دەماخەوە.

The cerebellum coordinates eye movements.

مێشکۆڵە جوڵەکانی چاو رێکدەخات.

3249 خەتی لار= هێڵی لار: /

Where I have to write a slash in this sentence?

لەم رستەیەدا پێویستە هێڵێکی لار لەکوێدا دابنێم؟

Fractions are often written with slash marks, for example 2/3.

زۆرجار کەرتەکان بە هێڵی لار دەنوسرێن، بۆ نمونە 3/2.

3250 دینی= ئاینی.

دیندار= موتەدەین: پابەند بە ئایین.

I study in a religious school.

لەخوێندنگەیەکی ئاینی دەخوێنم.

Her husband is a religious person.

مێردەکەی کەسێکی دیندارە.

3251 یەکدەخا= یەکدەخات.

Our goal is to unite the opposition parties and defeat the president.

ئامانجمان بریتییە لەیەکخستنی پارتەکانی ئۆپۆوسیۆن و بەزاندنی سەرۆك.

3252 واتە وشەی unite بەبێ پیتی e دەبێتە unit (یونیت)کە بەمانای یەکە دێت.

The watt is a unit of electrical power.

یەکەی وزەی کارەبا، واتە.

3253 مانای ئەم دوو وشەیە تۆزقاڵێك جیاوازییان هەیە، بەڵام دەتوانین بڵێین هەر کولەکەن.

Squash is a useful vegetable.

کولەکە سەوزەیەکی بەسودە.

Each pumpkin contains about 500 seeds.

هەر کولەکەیەك نزیکەی 500 ناوکی تێدایە.

3254 بەمانای دیمەنی سروشتی دێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**requirement (ریکوایەمنت)ە مانای پێویستی**[3255]

.1322 **sting (ستینگ) چزووە، هەم پێوەیدەدا**[3256]

**rock the boat (ڕۆك ذە بەوت) واتە كێشە دروستەكا**[3257]

.1323 **overhaul (ئەوفەهۆڵ) یوسڵیح، واتە چاكدەكات**[3258]

**aphid (ئەیفید) ئەسپییە، بەڵام هی نەبات**[3259]

.1324 **virus (ڤایرەس) ڤایرۆسە**[3260]**، viral (ڤایرەڵ) ڤایرۆسی**[3261]

**Hinduism (هیندویزم)ە مانای هیندۆسی**[3262]

---

The landscape was sheathed in ice.

دیمەنە سروشتییەكە بە بەفر داپۆشرابوو.

[3255] The refugees’ main requirements are food and shelter.

پێویستییە سەرەكییەكانی پەنابەرەكان خۆراك و پەناگان.

[3256] پێوەدانی مارو مێروو و ئەو شتانە. یەكێكە لەكارە نائاساییەكان.

sting→stung→stung

The sting of the bee was very tall.

چزوی هەنگەكە زۆر درێژ بوو.

A bee stung me.

هەنگێك پێوەیدام.

[3257] كێشە دروستەكا= كێشە دروستدەكات.

Don't rock the boat until the negotiations are finished.

كێشە دروستمەكە تا دانوستەكان تەواودەبن.

[3258] A mechanic is coming to overhaul the engine.

فیتەرێك بەڕێوەیە بۆ چاككردنی مەكینەكە.

[3259] بەمانای ئەسپێی نەبات دێت. ئەسپێی نەبات: ئەسپێی رووەك: جۆرە مێرویەكی بچوكە، لەسەر خۆشاوی رووەك دەژی.

Aphids have a lot of enemies.

ئەسپێی رووەك ژمارەیەكی زۆر دوژمنی هەیە.

[3260] Vitamin D, commonly known for its role in bone health, also helps make proteins that kill viruses and bacteria, especially in the respiratory tract.

ڤیتامین دی كە بە بونی رۆڵی گرنگ لەتەندروستیی ئێسك ناسراوە، یارمەتیی دروستبونی پرۆتینگەلێك دەدات كە ڤایرۆس و بەكتریا دەكوژێت، بەتایبەت لەڕێرەوی هەناسەداندا.

[3261] Viral diseases are dangerous.

نەخۆشییە ڤایرۆسییەكان مەترسیدارن.

[3262] ئاینێكی بەناوبانگە.

He told me a lot about Hinduism.

سەبارەت بە هیندۆسی، زۆر شتی پێوتم.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.1325 **service (سێرڤیس) قوودداسه، هەروەها خزمەت**[3263]

**ability (ئەبیلەتی)یە وەك power (پاوە) قودرەت**[3264]

.1326 **office (ئۆفیس)، bureau (بیوروە) هەردوو نوسینگە**[3265]

**archipelago (ئاکەپێلەگەو) کۆمەڵەدورگە**[3266]

.1327 **divide (دیڤاید) یوقەسیم، هەم یەنقەسیمو**[3267]

**tendency (تێندنسی) مەیلە، واتە ئارەزوو**[3268]

---

3263 قوودداس: مەراسیمێکی فەرمیی ئاینیی مەسیحییە کە لەکڵێسەدا ئەنجامدەدرێت.

خزمەت= خزمەتگوزاری

On 30 June 1974, six years after King's assassination, a 23-year-old man shot and killed King's mother, Alberta Williams King, while she was playing the organ during a service at Ebenezer Baptist Church.

لە 30-6-1974، شەش ساڵ پاش تیرۆرکردنی مارتن لوتەر کینگ، کوڕێکی تەمەن 23 ساڵ تەقەی لەدایکی مارتن کردو کوشتی کە ناوی ئەلبێرتا ولیامز کینگە. ئەم کوشتنە لەکاتێکدا بوو کە ئەلبێرتا لەقوودداسێك لەکڵێسەی ئێبێنیزەر باپتیست، ئامێری ئۆرگەنی لێدەدا.

Our aim is to provide the best service at the lowest price.

ئامانجمان دابینکردنی باشترین خزمەتگوزارییە بە کەمترین نرخ.

3264 هەردوکیان بەمانای قودرەت دێن. قودرەت= توانا.

The health center serves all patients, regardless of their ability to pay.

سەنتەرە تەندروستییەکە خزمەتی هەموو نەخۆشێك دەکات، بەچاوپۆشین لەتوانای پارەدانیان. واتە خزمەتیان دەکات جا بتوانن پارەبدەن یان نا.

After the accident she lost the power of speech.

پاش رووداوەکە، توانای قسەکردنی لەدەستدا.

3265 Sorry, Karzan’s not in his office right now.

بەداخەوە، کارزان لەئێستادا لەنوسینگەکەی نیە.

Where’s your main bureau?

نوسینگەی سەرەکیت لەکوێیە؟

3266 The archipelago that makes up Japan consists of 6,852 islands.

ئەو کۆمەڵەدورگەیەی ژاپۆن پێکدەهێنێت، لە شەش هەزارو 852 دورگە پێکهاتووە. ئەگەر بڕواش ناکەیت، بیژمێرە!!!

3267 بەمانای یوقەسیم و یەنقەسیمو دێت.

یوقەسیم= (ع: يقسّم)= دابەشدەکات.

یەنقەسیمو= (ع: ينقسمُ)= دابەشدەبێت.

Scientists divide the oceans into zones.

زاناکان زەریاکان بۆ دوو ناوچە دابەشدەکەن.

The book is divided into six sections.

کتێبەکە دابەشدەبێت بۆ شەش بەش.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1328 industry (ئیندەسچری) چیە؟ پیشەسازی[3269]

cadet (کدێت) فێرخوازە، بەڵام سەربازی[3270]

.1329 charity (چارەتی ) چیە؟ دەزگای خێرخوازی[3271]

discrepancy (دیسکرێپنسی) وەك gap (گاپ) جیاوازی[3272]

.1330 charitable (چارەتبڵ) چیە؟ واتە خێرخوازی[3273]

reception (ریسێپشن) حەتمەن مانای پێشوازی[3274]

.1331 commencement (کەمێنسمەنت) دەسپێك، ئاهەنگی دەرچون[3275]

exsanguination (ئێکسانگوەنەیشن) مانای خوێنبەربون[3276]

.1332 hopefully (هەوپفلی) چیە؟ (هیوادارم)ە[3277]

spear (سپییە) واتە رومح، بەکوردی رمە[3278]

---

[3268] I have a tendency to talk too much when I'm nervous.

لەکاتی بێتاقەتبوندا، ئارەزوی زۆر قسەکردنم هەیە.

[3269] This type of software is widely used in industry.

ئەم جۆرە بەرنامەیە بەشێوەیەکی فراون بەکاردەهێنرێت لەپیشەسازیدا.

[3270] بەمانای فێرخوازی خوێندنگەی سەربازی دێت نەك هی مەدەنی.

One of my brothers is a cadet.

یەکێك لەبراکانم فێرخوازی سەربازییە.

[3271] Several charities sent aid to the flood victims.

چەند دەزگایەکی خێرخوازی یارمەتییان نارد بۆ قوربانیانی لافاوەکە.

[3272] هەردوکیان بەمانای جیاوازی دێن. سەرنجبدە وشەی gap چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Police found discrepancies in the two men’s reports.

پۆلیس جیاوازی لەنێوان راپۆرتەکانی دوو پیاوەکەدا دۆزییەوە.

The gap between rich and poor is still widening.

تائێستاش جیاوازیی نێوان دەوڵەمەندو هەژار لەزیادبوندایە.

[3273] There are many charitable groups in the city.

چەندین گروپی خێرخوازی لەشارەکەدا هەن.

[3274] Please leave your key at the reception desk.

تکایە کلیلەکەت لەسەر مێزی پێشوازییەکە جێبهێڵە.

[3275] دەسپێك= سەرەتا. لەم مانایەدا هاومانای start و beginning.

He fainted at the commencement of the training.

لەدەسپێکی راهێنانەکەدا بورایەوە.

[3276] Both children died of exsanguination.

هەردوو منداڵەکە بەهۆی خوێنبەربونەوە گیانیان لەدەستدا.

[3277] Hopefully, I’ll be back home by ten o‘clock.

هیوادارم کاتژمێر 10 لەماڵەوە بم.

[3278] Can you use a spear well?

دەتوانیت رم بەباشی بەکاربهێنیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1333. correlate (کۆرەلەیت) واتە پەیوەندی هەیە[3279]

existence (ئگیزیستنس) بوونە[3280]، exist (ئیگزیست)یش هەیە[3281]

1334. governor (گەڤەنە) حاکم[3282]، governess (گەڤەنەس) دایەن[3283]

judge (جەج) قازییە[3284]، owner (ئەونە"ر")یش خاوەن[3285]

1335. fiddler (فیدلە) چیە؟ کەمانچەژەن[3286]

post-war (پەوستۆو) هی پاش جەن[3287]، pre-war (پرییوۆ) هی پێش جەن[3288]

1336. dilate (دایلەیت) فراوان دەکات و دەبێ[3289]

---

[3279] Poverty and poor housing correlate with a shorter life expectancy.

هەژاری و شوێنی نیشتەجێبونی خراپ پەیوەندییان بە کورتیی سوڕی ژیانەوە هەیە.

[3280] Many people question the existence of God.

زۆر کەسێك پرسیار لەسەر بوونی خودا دەکەن.

[3281] Slavery still exists in many parts of the world.

تائێستاش کۆیلایەتی لەچەندین شوێنی جیهاندا هەیە.

[3282] حاکمی ویلایەت نەك هی دادگا.

Governor Brown refused to answer the question.

حاکم براون رەتیکردەوە کە وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە.

[3283] His governess was very kind.

دایەنەکەی زۆر باش بوو.

[3284] قازی= دادوەر

The judge specifies the number of years to be spent in prison.

دادوەر ژمارەی ئەو ساڵانە دیاریدەکات کە دەبێت لەزینداندا بەسەرببرێت.

[3285] I met the owner of the hotel.

چاوم بە خاوەنی میوانخانەکە کەوت.

[3286] His wife is a skilled fiddler.

ژنەکەی کەمانچەژەنێکی لێهاتووە.

[3287] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە"هی پاش جەن" بریتییە لە "هی پاش جەنگ"، بەڵام پیتی گافەکەی بەر جادەی زەرووراتی شیعر کەوتووە.

هی پاش جەنگ: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندیی بە قۆناغی دوای جەنگەوە بێت.

Post-war Europe is very different.

ئەوروپای پاش جەنگ زۆر جیاوازە.

[3288] هی پێش جەن= هی پێش جەنگ.

Pre-war Iraq was was stronger.

عیراقی پێش جەنگ بەهێزتر بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**promptly (پرۆمپتلی)و prompt (پرۆمپت) دەسبەجێ**[3290]

.1337 **math (ماث) بیرکارییە**[3291]، **history (هستری) مێژوو**[3292]

**become (بیکەەم) "دەبێت"ە**[3293]، **became (بیکەیم) واتە بوو**[3294]

.1338 **mathematics (ماثەماتیکس)**، **maths (ماثس) بیرکاری**[3295]

---

3289 بەمانای "فراواندەکات" و "فراواندەبێت"یش دێت.

This drug will dilate the arteries.

ئەم دەرمانە خوێنبەرەکان فراواندەکات.

My blood vessels have dilated very much so I have to visit a doctor as soon as possible.

بۆرییەکانی خوێنم زۆر فراوانبون، بۆیە پێویستە بەزوترین کات سەردانی پزیشك بکەم.

3290 هەردوکیان بەمانای دەسبەجێ دێن، بەڵام یەکەمیان هاوەڵکارەو دووەمیان هاوەڵناوە.

برادەرانی ئەمەریکا ئەم دوو وشەیە پرامپتلی و پاراامپت گۆدەکەن.

Alexander I of Yugoslavia refused to attend public events on Tuesdays after three family members died on that day of the week. After finally being forced to appear on Tuesday, he was promptly assassinated.

ئەلێکسەندەری یەکەم، پادشای یۆگسلاڤیا، پاش ئەوەی سێ ئەندامی خێزانەکەی لەڕۆژانی سێشەممەماندا گیانیان لەدەستدا، لەو رۆژەی هەفتەدا ئامادەی بۆنە گشتییەکان نەدەبوو. بەڵام دواجار کاتێك ناچارکرا کە لە سێشەممەیەکدا دەربکەوێت، دەسبەجێ تیرۆرکرا.

دەسبەجێ: فەوری، زۆر خێرا.

I want a a prompt reply.

وەڵامێکی فەوریم دەوێت.

3291 Karzan’s good at math and science.

کارزان لەبیرکاری و زانستدا باشە.

3292 History repeats itself.

مێژوو خۆی دوبارەدەکاتەوە.

3293 یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان و رابردووەکەی became.

Next month, she will become a mother.

مانگی داهاتوو دەبێتە دایك.

3294 Margaret Thatcher became the UK's first woman prime minister in 1979.

لەساڵی 1979، مارگرێت تاتچەر بووە یەکەم سەرۆك وەزیرانی ژن لەشانشینی یەکگرتوودا.

3295 I hate mathematics.

رقم لەبیرکارییە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**humidity (هيوومیدتی) مانای شێداری**[3296]

.1339 **subtype (سەبتایپ) لقەجۆر، واتە نەوع فەرعی**[3297]

**non-communicable (نەنکەمیوونیکەبڵ) مانای نامعدی**[3298]

.1340 **intact (ئینتاکت) سەلیمە، پێشیدەڵێین ساخ**[3299]

**encephalitis (ئینکێفەلایتیس) هەوکردن دەماخ**[3300]

.1341 **courser (کۆوسە) راوکەرو ئەسپی خێرایە**[3301]

**meningitis (مێنین جایتیس)ە هینی سەحایا**[3302]

---

I am not clever at maths.

لەبیرکاریدا زیرەك نیم.

[3296] Some plants need warmth and high humidity.

هەندێك رووەك پێویستیان بە گەرمی و شێدارییەکی زۆر هەیە.

[3297] بێگومان مەبەستم لە "نەوع فەرعی" بریتییە لە نەوعی فەرعی.

نەوعی فەرعی= لقەجۆر: جۆری ناسەرەکی، جۆری لاوەکی.

More than 60 subtypes of the virus have been identified.

زیاتر لە 60 لقەجۆر لەڤایرۆس دیاریکراون.

[3298] نامعدی= نەگوازراوە.

Non-communicable diseases are dangerous.

نەخۆشییە گوازراوەکان مەترسیدارن.

[3299] ساخ= ساغ

They found the intact skull of a cow.

کەللـەسەرێکی ساخی مانگایەکیان دۆزییەوە.

[3300] هەروەها بە (ئینسێفەلایتیس)یش گۆدەکرێت.

بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هەوکردن دەماخ" بریتییە لە هەوکردنی دەماخ، بەڵام پیتی یائەکە بەر جادەی زەرووراتی شیعر کەوتووە.

هەوکردنی دەماخ: نەخۆشییەکی مەترسیدارە.

Anyone—from infants to older adults—can get encephalitis.

دەکرێ هەموو کەسێك، هەر لە شیرەخۆرەوە تا گەورەساڵ، توشی هەوکردنی دەماخ ببێت.

[3301] بەمانای راوکەرو ئەسپی خێراش دێت. راوکەرێك کە گیانداری بچوك بەسەگی خێرا، راودەکات.

The courser hunted several rabbits.

راوکەرەکە چەند کەروێشکێکی راوکرد.

The brave knight rode his courser.

سوارە ئازاکە سوار ئەسپە خێراکەی بوو.

[3302] بێگومان مەبەستم لە "هی سەحایا" بریتییە لە "هەوکردنی سەحایا"یە بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە هەوکردنەکەم گۆڕیوە بە "هین".

هەوکردنی سەحایا= هەوکردنی پەردەکانی دەماخ: نەخۆشییەکی مەترسیدارە.

There's more than one cause of meningitis.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1342 candidate (کاندیدەت) کاندید، واتە بەربژێر[3303]

clutch (کڵەچ) کلاجە[3304]، مانای gear (گیە) گێڕ[3305]

.1343 bandager (باندیجە) چیە؟ واتە برینپێچ[3306]

handkerchief (هاننکەچیف) مەندیل[3307]، scarf (سکاالف)ە ملپێچ[3308]

.1344 simple (سیمپڵ) ساویلکە، ئاسان و سادە[3309]

sample (ساامپڵ) نمونە[3310]، prince (پرینس) شازادە[3311]

---

هەوکردنی پەردەکانی دەماخ زیاتر لەهۆکارێکی هەیە.

3303 کاندید= مورەشەح= بەربژێر.

It takes a single one-page form and about 4 minutes to apply to become an official presidential candidate in the US.

داواکاری بۆ بون بە بەربژێرێکی رەسمیی سەرۆکایەتیی ئەمەریکا، تەنها پڕکردنەوەی فۆرمێکی یەکلاپەڕەیی و نزیکەی چوار خولەکی دەوێت.

3304 بێگومان مەبەستم لەکلاج، کلاجی ئۆتۆمبێلو ئامێرە هاوشێوەکانیەتی.

Push the clutch in and put the car into gear.

پاڵ بە کلاجەکە بنێ بۆ ناوەوەو پاشان ئۆتۆمبێلەکە بخەرە گێڕ.

3305 برادرانی ئەمەریکا بە گیر گۆیدەکەن.

Does your car have five or six gears?

ئۆتۆمبێلەکەت پێنج گێڕی هەیە یان شەش؟

3306 In same necessary situations you must act as a bandager.

لەهەندێك حاڵەتی زەروردا، پێویستە وەك برینپێچ کاربکەیت.

3307 مەندیل= دەستەسڕ.

بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: handkerchieves، handkerchiefs.

He took out a handkerchief and dried his face.

دەستەسڕێکی دەرهێناو دەموچاوی وشککردەوە.

3308 بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: scarfs, scarves.

Sorry, the scarf you want, isn't available now.

بەداخەوە، ئەو ملپێچەی تۆ دەتەوێت، ئێستا بەردەست نیە.

3309 He's a very simple young man.

ئەو پیاوێکی گەنجی زۆر ساویلکەیە.

It's simple to find our house.

دۆزینەوەی خانووەکەمان ئاسانە.

I like simple food.

حەزم لەخواردنی سادەیە. (کە پارەمان پێنەبوو مەجبور وابڵێین!!!!)

3310 ئەم وشەیەم بۆیە لەگەڵ simple لەیەك بەیتدا کۆکردەوە، چونکە لەڕوی پێکهاتەوە، تەنها پیتی دووەمیان جیاوازە.

She showed some samples of her work.

هەندێك نمونەی کارەکانی پیشاندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1345 orifice (ئۆریفیس) کونه[3312]، crevice (کرێڤیس) درزه[3313]

loud (لاود)و loudly (لاودلی) بەدەنگی بەرزە[3314]

.1346 indict (ئیندایت)و accuse (ئەکیووز) تۆمەتباردەکا[3315]

detect (دیتێکت)و reveal (ڕیڤیل) ئاشکرادەکا[3316]

.1347 wisdom (ویزدم) حیکمەتە[3317]، shrewd (شروود) بیرتیژە[3318]

---

3311. شازادە= ئەمیر: کوڕ یان خزمی نێرینەی نزیکی پادشا.

If Prince Charles becomes king, he will be the oldest monarch ever crowned in Britain.

ئەگەر شازادە چارلز ببێتە پادشا، ئەوا دەبێتە بەتەمەنترین پادشا کە تاجی پادشایەتی دەخرێتە سەر لەمێژووی بریتانیادا.

3312 Flames were leaping from every orifice of the house.

کڵپەی ئاگر لەهەموو کونێکی ماڵەکەوە پەلاماریدەدا.

3313 زیاتر بەمانای درزی ناو بەرد دێت.

Most of the year the insects are hidden in rock crevices.

لەزۆربەی کاتەکانی ساڵدا، مێرووەکان خۆیان لەناو درزی بەردداشاردووەتەوە .

3314 هەردوکیان لەم مانادایەدا موراديفن و ئاوەڵکارن و بەمانای (بەدەنگی بەرز) دێن.

Could you speak loud?

دەتوانیت بە دەنگی بەرز قسەبکەیت؟

Saya laughed loudly.

سایە بەدەنگی بەرز پێکەنی .

3315 سەرنجبدە وشەی یەکەمیان پیتی cیەکەی ناخوێنرێتەوە.

تۆمەتباردەکا= تۆمەتباردەکات.

He was indicted for vehicular homicide in 1987.

ئەو بە تاوانی کوشتنی پەیوەست بە ئۆتومبێل، تۆمەتبارکرا.

Are you accusing me of lying?

ئایا تۆ من بە درۆکردن تۆمەتباردەکەیت؟

3316 ئاشکرادەکا= ئاشکرادەکات.

Many forms of cancer can be cured if detected early.

زۆرێك لەجۆرەکانی شێرپەنجە دەکرێ چارەسەربکرێن ئەگەر زوو ئاشکرابکرێن.

He was jailed for revealing secrets to the Russians.

بەتۆمەتی ئاشکراکردنی نهێنیی ڕوسەکان، زیندانیکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

provident (پرۆڤیدنت) دانا[3319]، pungent (پەنجنت)یش تیژە[3320]

.1348 ago (ئەگەو) ئاوەڵکار، مانای لەمەوپێش[3321]

gorgeous (گۆرجەس) هاوەڵناو، زۆر سەرنجڕاکێش[3322]

.1349 editor (ئێدیتە) چیە؟ مانای سەرنوسەر[3323]

recovery (ریکەڤەری) شیفائـ[3324]، cure (کیووە) چارەسەر[3325]

.1350 tidings (تایدینز) هەواڵە، بەڵام تاك نا کۆ[3326]

rise (رایز) زیاددەبێ، بەرزدەبێتو[3327]

---

[3317] Local people are questioning the wisdom of spending so much money on the new road.

خەڵکی ناوچەکە پرسیاریان هەیە سەبارەت بە حیکمەتی خەرجکردنی پارەی هێندە زۆر لەڕێگا نوێیەکەدا.

[3318] Faruq is a shrewd businessman.

فاروق سەرمایەدارێکی بیرتیژە.

[3319] We have to be provident.

پێویستە دانا بین.

[3320] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی خواردن یان خواردنەوەیەك بەکاردەهێنرێت کە بۆن یان تامەکەی تیژ بێت.

The pungent odour of garlic disturbs me.

بۆنە تیژەکەی سیر بێزارمدەکات.

[3321] لەمەوپێش= لەمەوبەر.

Her husband died 14 years ago.

مێردەکەی 14 ساڵ لەمەوبەر مرد.

[3322] You look gorgeous in that dress.

تۆ بەو عەزییەوە زۆر سەرنجڕاکێش دەردەکەویت.

[3323] Who is the current editor of Kurdistani Nwe?

سەرنوسەری ئێستای کوردستانی نوێ کێیە؟

[3324] شیفائـ= (ع: شفاء)= چاکبونەوە.

We're sorry to hear you're ill, and wish you a speedy recovery.

بەداخەوەین کە دەبیستین نەخۆشیت، هیوای چاکبونەوەیەکی خێرات بۆ دەخوازین.

[3325] There is still no cure for AIDS.

تائێستا ئایدز چارەسەری نیە.

[3326] وشەکە کۆیە.

I immediately spread the good tidings among my married colleagues.

یەکسەر هەواڵە خۆشەکانم لەناو هاوکارە هاوسەردارەکانمدا بڵاوکردەوە.

[3327] زیاددەبێ= زیاددەبێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1351 covertly (کەڤەتلی) چیە؟ بەنهێنی[3328]

masturbate (ماستەبەیت) دەکا خووەنهێنی[3329]

.1352 stubborn (ستەبەن) ئینکار، واتە عەنیدە[3330]

gastric ulcers (گاستریك ئەڵسەرز) قورحەی مەعیدە[3331]

.1353 plant (پلانت) وەکو کار مانای یەغریسو[3332]

canister (کانیستە) عولبە، بەکوردی قوتوو[3333]

.1354 sticker (ستیکە) "لاسیقە"، بەکوردی لەزگە[3334]

planter (پلانتە) بەمانای خاوەنی کێڵگە[3335]

---

بەرزدەبێتۆ= بەرزدەبێتەوە.

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

rise→ rose→ risen

Sales rose by 20% over the Christmas period.

لەکاتی جەژنی لەدایکبونی مەسیحدا، فرۆشەمەنی بەرێژەی لەسەدا 50 زیادبوو.

Smoke rose from the chimney.

دوکەڵ لەدوکەڵکێشەکەوە بەرزبووەوە.

3328 Terrorists have been operating covertly in Iraq.

تیرۆریستان بەنهێنی لە عیراقدا کاردەکەن.

3329 دەکا خووەنهێنی= خووەنهێنی دەکات= دەستپەڕدەکات.

Both humans and animals masturbate.

مرۆڤ و ئاژەڵیش خووەنهێنی دەکەن.

3330 عەنید= ئینکار= کەڵلـەڕەق. بۆ نمونە وەك ئەو برادەرانەمان کە ئێمە دەڵێین نێرە، ئەوان دەڵێن: ئەییەین بەشوو!!!

Why are you so stubborn?

بۆ ئەوەندە ئینکاریت؟

3331 قورحەی مەعیدە= قورحەی گەدە: نەخۆشییەکی ناسراوی گەدەیە.

It is estimated that 75% of people with stomach ulcers don’t experience any symptoms.

خەمڵێنراوە کە لەسەدا 75ی ئەو کەسانەی قورحەی گەدەیان هەیە، هەست بە هیچ نیشانەیەك ناکەن.

3332 وەك کار بەمانای یەغریسو دێت.

یەغریسو= (ع: یغرس)= دەنێژێت= دەڕوێنێت.

We planted many bushes in our new garden.

چەندین نەمامان لەباخچە نوێیەکەماندا ناشت.

The best time to plant a tree was 20 years ago. The second best time is now. (Chinese).

باشترین کات بۆ رواندنی درەختێك ٢٠ ساڵ لەمەوبەر بوو. دووەم باشترین کات ئێستایە.

3333 Please bring the tea canister to me.

تکایە قوتووە چایەکەم بۆ بهێنە.

3334 There were two different price stickers on the shoes I wanted to buy.

دوو لەزگەی نرخی جیاواز بەو پێڵاوەوە بون کە من ویستم بیکڕم.

3335 بەمانای خاوەنکێڵگە دێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1355. line (لاین) ریزو هێڵ[3336]، lane (لەین) باریکەڕێ[3337]

associate (ئەسەوسیەیت) هاوکار[3338]، pal (پاڵ) واتە هاوڕێ[3339]

1356. chauffeur (شەوفە) سایەقە، واتە شۆفێرە[3340]

appendix (ئەپێندیکس)ە ریخۆڵەکوێرە[3341]

1357. escapade (ئێسکەپەید) چیە واتە سەرکەشی[3342]

feral (فێرڵ) کێوییە، کەواتە وەحشی[3343]

---

He is a rich tea planter.

ئەو خاوەنکێڵگەیەکی چای دەوڵەمەندە.

3336 There was a line of trees on the road.

لەسەر رێگایەکە ریزێك درەخت هەبوو.

The average lead pencil will write a line about 35 miles long or write approximately 50,000 English words.

بەگشتی هەر قەڵەم رەساسێك دەتوانرێت هێڵێك کە درێژییەکەی نزیکەی 56 کیلۆمەتر بێت یان نزیکەی 50 هەزار وشەی ئینگلیزی، پێبنوسرێت.

3337 They're widening the road from two to three lanes .

رێگاکە فراواندەکەن بەوەی کە لەدوو باریکەڕێوە دەیکەن بە سێ.

3338 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئەسەوشیەیت دەیخوێننەوە.

Only close friends and associates were invited.

تەنها هاوڕێ هاوکارە نزیکەکان بانگهێشتکران.

3339 وشەیەکی نارەسمییە. هاومانای friend.

You're my best pal.

تۆش باشترین هاوڕێمی.

3340 Did you know what happened to Osama bin Laden's chauffeur?

ئایا دەزانیت شۆفێرەکەی ئوسامە بن لادن چی بەسەرهات؟

3341. ریخۆڵەکوێرە: ئەو پارچە گۆشتە شێوەلولەییەی بەستراوە بە ریخۆڵەی گیاندارانەوە دەکەوێتە لای راستی جەستەوە. بەفشەی زۆرێك لەزانایان هیچ کارو سودێکی نیەو شا بەتاڵ و ئەو بەتاڵ!!!

Not all animals have an appendix.

هەموو گیاندارێك ریخۆڵەکوێرەی نیە.

3342 When the boys returned from their escapade, they were covered in mud.

کاتێك منداڵەکان لەسەرکەشییەکەیان گەڕانەوە، بەقوڕ داپۆشرابوون.

3343 Feral cats are just as healthy as pet cats.

پشیلەی کێوی وەك هی ماڵی تەندروستە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1358 reckless (ڕێکلەس) ئاوەڵناو بەمانای بێباك[3344]

nutritionist (نیووتریشەنیست) پسپۆڕی خۆراك[3345]

.1359 mountainous (ماونتنەس) نەعتە، مانای جەبەلی[3346]

pre-test (پریتێست) ئیختیبار بەڵام ئەووەلی[3347]

.1360 ransack (ڕانساك) لەگەڵ rob (ڕۆب) تاڵاندەكات[3348]

vegetation (ڤێجیتەیشن)ە بەمانای نەبات[3349]

.1361 princess (پرنسس) شازادە[3350]، royal (ڕۆیەڵ) شاهانە[3351]

evil (ئیڤڵ) "خراپ"ە[3352]، Devil (دێڤڵ) شەیتانە[3353]

---

[3344] وشەی reck بەتەنها بەمانای "گرنگی پێدەدات" دێت. پاشگری lessیش واتە "بەبێ" بچێتە سەر هەر وشەیەك، دەیكات بە ئاوەڵناوو ماناكەشی پێچەوانە دەكاتەوە. واتە مانای حەرفیی ئەم وشەیە "كەسێكە كە گرنگی و گوێ بەشت نادات".

He is a reckless driver.

ئەو شۆفێرێكی بێباكە.

[3345] The doctor advised him to see a nutritionist about his diet.

پزیشكەكە ئامۆژگاریكرد كە پسپۆڕێكی خۆراك ببینێت سەبارەت بە سیستمی خۆراكەكەی.

[3346] ئاوەڵناوە بەمانای جەبەلی دێت. جەبەلی= شاخاوی.

Penjwen is a mountainous region.

پێنجوێن ناوچەیەكی شاخاوییە.

[3347] بەمانای ئیحتیباری ئەووەلی دێت. ئیختیباری ئەووەلی= تاقیكردنەوەی سەرەتایی (نەك سەرەكی).

The car didn't pass in the pre-test.

ئۆتۆمبێلەكە لەتاقیكردنەوە سەرەتاییەكە دەرنەچوو.

[3348] The whole flat had been ransacked.

تەواوی شوقەكە تاڵانكرابوو.

They killed four policemen while robbing a bank.

لەكاتی تاڵانكردنی بانكەكەدا، چوار پۆلیسیان كوشت.

[3349] نەبات= ڕووەك.

The railway track will have to be cleared of vegetation if it is to be used again.

ڕێرەوی هێڵی شەمەندۆفێرەكە پێویستە لەڕووەك پاكبكرێتەوە، ئەگەر بویسترێت بەكاربهێنرێتەوە.

[3350] بەمانای شازادەی مێ دێت نەك نێر، واتە شازادەیەك كە كچ یان ژن بێت. شازادەی مێ: كچ یان ژن یان خزمی مێینەی نزیكی پادشا، یان ژنی شازادە.

Michael Jackson's funeral was the second most-watched ever (31 million people), after Princess Diana's (33.25 million).

ڕێوڕەسمی بەخاكسپاردنی مایكڵ جاكسۆن، دووەم پربینەرترین بووە لەمێژوودا. 31 ملیۆن كەس سەیریان كردووە. یەكەمیش هی شازادە دیانا بوو كە 32 ملیۆن و 250 هەزار كەس سەیریان كردووە.

[3351] The royal family isn't the red line to me.

بەلای منەوە خێزانی شاهانە هێڵی سور نیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

### .1362 giraffe (جیراف) زەڕافە[3354]، elephant (ئێلیفەنت) فیلە[3355]

### vixen (ڤیکسن) ڕێویی مێ[3356]، battery (باتری) پیلە[3357]

### .1363 madness (مادنەس) شێتییە، واتە جنونە[3358]

---

[3352] The evil president was responsible for the deaths of millions of people.

سەرۆکە خراپەکە بەرپرس بوو لەمردنی ملیۆنەها کەس.

[3353] لەکاتێکدا بەمانای شەیتان بەکاردەهێنرێت، پێویستە پیتی یەکەمی بە کەپیتەڵ بنوسرێت و وشەی The ی لەبەردەمدا بێت.

The Devil isn't responsible for all of our bad deeds.

شەیتان بەرپرسی هەموو کارە خراپەکانمان نیە.

[3354] Zoos sell the dung of elephants and giraffes to farmers.

باخچەکانی ئاژەڵان پیسایی فیل و زەڕافە بە جوتیاران دەفرۆشن.

Sloths have more neck bones than giraffes.

Despite the difference in neck length, there are more bones in the neck of a sloth than a giraffe. There are seven vertebrae in the neck of a giraffe, and in most mammals, but there are 10 in a sloth's.

کاتێك دەووترێت بە زلی نیە، بڕوابکە!

ژمارەی بڕبڕەکانی ملی تەمەڵ کە گیانداریکی بچوکە، لە هی ملی زەڕافە زیاترە بەو هەموو شان و شەوکەوتەوە!

هەرچەندە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان درێژیی ملی ئەم دوو گیاندارە، بەڵام ژمارەی بڕبڕەکانی ملی تەمەڵ لە هی زەڕافە زیاترە. ژمارەی بڕبڕەکانی ملی زەڕافەو زۆربەی گیاندارە مەمکدارەکانی تر تەنها حەوتە، بەڵام هی تەمەڵ 10 بڕبڕەیە.

Giraffes are 30 times more likely to get hit by lightning than people.

ئەگەری بەرکەوتنی زەڕافەی داماو بە هەورەبروسکە سێ ئەوەندە لەبەرکەوتنی مرۆڤ بەو دیاردە سروشتییە زیاترە.

[3355] That night the elephant was happy.

ئەو شەوە فیلەکە دڵخۆش بوو.

A male elephant in India, destroyed the wall of Kipak and Lalita Mahato's house. There was a baby in the house who was now buried under the rubble, hurt and crying. The elephant who had started to move away returned to the site upon hearing the baby. He used his trunk to carefully remove the pieces of the rubble from on top of the baby.

سوبحانەڵڵا هندستان ڕوداوەکانیشیان وەك سیناریۆی فیلمەکانیان سەیرو سەمەرەیە!

جارێك فیلێکی نێر لەو وڵاتە هێرشدەکاتە سەر ماڵی ژن و پیاوێك بەناوی کیپاك و لالیتا. پاش ڕوخاندنی دیواری ماڵەکەیان، منداڵێکیان دەکەوێتە ژێر داروپەردوی ماڵەکەو ئازاری پێدەگات و دەستدەکات بە گریان. فیلەکە کە تازە دەستیکردبوو بە دورکەوتنەوە لەماڵەکە، کاتێك گوێی لەگریانی دەبێت، دەگەڕێتەوە بۆ شوێنەکەو بە لوتی، زۆر بەوریاییەوە شتەکانی سەر منداڵەکە لادەبات و لەمردن ڕزگاری دەکات.

[3356] واتە موراديفی female fox.

Yesterday I saw a vixen for the first time in my life.

دوێنێ بۆ یەکەمین جار لەژیانمدا، ڕێوییەکی مێم بینی.

[3357] پیل= باتری.

This alarm clock takes two medium-sized batteries.

ئەم سەعاتی ئاگادارکەرەوەیە دوو پیلی قەبارەمامناوەند (وەسەت) دەخوات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**monkeypox (مەنکیپۆکس)ە ئاوڵەی مەیمونە**[3359]

.1364 **bumblebee (بەمبڵ بیی) واتای هەنگی تەننانە**[3360]

**royalty (ڕۆیەڵتی) مانای ریبحی دانانە**[3361]

.1365 **disembark (دیسیمباك) چیە؟ دادەبەزێ**[3362]

**hypotenuse (هایپۆتنیووز)ە وەتر، واتە ژێ**[3363]

.1366 **retrieve (ریتریێڤ) بەمانای دەهێنێتەوە**[3364]

**wane (وەین) بەواتای دەپوکێتەوە**[3365]

.1367 **mix (میکس)، mixture (میکسچە) هەردوو (تێکەڵە)**[3366]

**typo (تایپەو) هەڵەی چاپ**[3367]**، error (ئێرە"ر")یش هەڵە**[3368]

---

[3358]His madness saved him from the trial.

شێتییەکەی لەدادگاییکردن رزگاریکرد.

[3359] جۆرە نەخۆشییەکی ڤایرۆسییە.

Monkeypox causes fevers, headaches, chills and sweats.

ئاوڵەی مەیمون دەبێتەهۆی تا، سەرئێشە، لەرزو عارەقکردنەوە.

[3360] هەنگی تەننان= هەنگی زیکزیککەرە: جۆرە هەنگێکە.

Bumblebees will not die if they use their sting, whereas honey bees will.

هەنگی زیکزیککەرە ئەگەر چزووەکەی بەکاربهێنێت، نامرێت بەڵام هەنگی هەنگوین دەمرێت.

[3361] بەمانای ریبحی دانان یان نوسینی کتێب و ئاوازو هتد... دێت. ریبحی دانان= قازانجی دانان.

The author lives on her royalties.

نوسەرەکە لەسەر قازانجی دانانەکانی دەژی.

[3362] دادەبەزێ= دادەبەزێت.

They disembarked in The Erbil Airport.

ئەوان لەفڕۆکەخانەی هەولێر دابەزین.

[3363] بەمانای ژێی سێگۆشەی گۆشەوەستاو دێت.

Try to find the length of the triangle's shypotenuse.

هەوڵبدە درێژیی ژێی سێگۆشەکە بدۆزیتەوە.

[3364] We taught our dog to retrieve the ball.

سەگەکەمان فێرکرد کە تۆپەکە بهێنێتەوە.

[3365] By the late 70s, the band's popularity was beginning to wane.

لەکۆتایی حەفتاکاندا ئاستی جەماوەریی تیپەکە دەستیکرد بە پوکانەوە.

[3366] I decided to create a delicious mix of fruits for my guest.

بڕیارمدا تێکەڵەیەکی بەچێژی میوە بۆ میوانەکەم دروستبکەم.

A mixture of different people lives in the city.

تێکەڵەیەکی خەڵکی جیاواز لەشارەکەدا دەژی.

[3367] The article was badly written and full of typos.

وتارەکە خراپ نوسرابوو و پڕ بوو لەهەڵەی چاپ.

[3368] مورادیفی mistakeە.

The letter contains a number of typing errors.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1368 heiress (ئێرەس) میراتگر، بەڵام هینی مێ[3369]

وشەی burl (بێێڵ) ناوە، بەمانای گرێ[3370]

.1369 jay (جەی)و talkative (تۆکەتیڤ) هەردوو زۆربلێ[3371]

dampness (دامپنەس) رتوبەت، پێشیدەڵێین شێ[3372]

.1370 hit the roof (هیت ذە رووف) واتای زۆر توڕەدەبێ[3373]

underpants (ئەندەپانتس)ە بەمانای دەرپێ[3374]

---

نامەکە ژمارەیەك هەڵەی چاپی تێدایە.

According to a Johns Hopkins research team, 250,000 deaths in the United States are caused by medical error each year. This makes medical error the third leading cause of death in the country.

ئەگەر وابزانی روودانی هەڵەی پزیشکی حاڵەتێکی دەگمەنە، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیت، لەکاتێکدا مەفروزە گا تەنها بەسەیرکردنی کەللەیدا بناسیتەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات سەیری ناوچەی حوکمی زاتیی گایەکە بکەیت!

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەك، لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو هەموو شان و شەوکەتەوە، هەموو ساڵێك 250 هەزار حاڵەتی مردن بەهۆی هەڵەی پزیشکییەوە روودەدات! ئەمەش وایکردووە کە هەڵەی پزیشکی ببێتە سێیەم هۆکاری سەرەکیی مردن لەو وڵاتە زلهێزەدا. باشە کاکە؟!

[3369] بەمانای میراتگری مێ دێت. میراتگری نێر heirی پێدەووترێت. بەگشتی پاشگری ess دەچێتە سەر ناوو سیفەتی مێی پێدەدات.

جگە لەو نموونەیە چەندین وشەی تریش هەن: goddess; lioness

میراتگری مێ= ژنەمیراتگر= کچەمیراتگر.

Marrying an heiress was the quickest way to wealth.

هێنانی کچەمیراتگرێك ئاسانترین رێگا بوو بۆ گەیشتن بە سامان.

[3370] The burl in your shirt must be removed. It's unggly.

ئەو گرێیەی لەکراسەکەتدایە پێویستە لاببرێت. ناشرینە.

[3371] زۆربلێ= چەنەباز. jay ناوە بەڵام talkative ئاوەڵناوە.

You are an annoying jay.

تۆ چەنەبازێکی بێزارکەریت.

She's a talkative child.

ئەو منداڵێکی چەنەبازە.

[3372] The dampness in the basement caused an annpying smell.

شێی ژێرزەمینەکە بووەهۆی دروستبوونی بۆنێکی بێزارکەر.

[3373]. لەبەرئەوەی hit یەکێکە لەفەرمانە نائاساییەکان و رابردووەکەی هەر hitە، بۆیە هەمان فەرمانی لێکدراو بەمانای "زۆر توڕەبوو"ش دێت. واتە دارشتەی رابردوو و رانەبردوی یەك شێوەیە.

When she came back home too late, her husband hit the roof.

کاتێك ئەو (ژنەکە) درەنگ گەڕایەوە ماڵەوە، مێردەکەی زۆر توڕەبوو.

[3374] ناوێکی کۆیە نەك تاك.

My underpants are wet.

دەرپێکەم تەڕە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1371 **tag (تاگ) وەکو کار شوێنیدەکەوێ**[3375]

**ماناى little toe (لیتڵ تەو) پەنجەتوتەى پێ**[3376]

.1372 **default (دیفۆوڵت)، negligence (نێگلیجنس) هەردوکیان ئیهمال**[3377]

**fork (فۆوك) ماناى دڕکە، هەروەها چنگاڵ**[3378]

.1373 **convex (کۆنفێکس) قۆقز**[3379]**، concave (کۆنکەیف) روچاڵە**[3380]

**plaster (پلاستە) گەچە**[3381]**، float (فلەوت) ماناى (ماڵە)**[3382]

.1374 **heighten (هایتن) بە واتاى بەرزدەکاتۆ**[3383]

**perspire (پەسپایە) ماناى عارقدەکاتۆ**[3384]

---

3375 Excited children tagged the circus parade to the end of its route.

منداڵانی بەپەرۆش، شوێن کەژاوەی سێرکەکە کەوتن تا کۆتایی ڕێڕەوەکەی.

3376 There’s a pain in my right little toe.

پەنجەتوتەی پێی ڕاستم ئازارێکی تێدایە.

3377 ئیهمال= کەمتەرخەمی.

Karzan didn't respond to any of the letters he received and this default resulted in him receiving a court summons.

کارزان وەڵامی هیچ یەکێك لەو نامانەی نەدایەوە کە وەریگرتبون، ئەم کەمتەرخەمییەش بووەهۆی ئەوەی چەند یاداشتێکی ئامادەبون لەدادگا وەربگرێت.

Negligence is the seed that sprouts regret, but responsibility is the water that nurtures growth.

کەمتەرخەمی ئەو تۆوەیە کە پەشیمانی دەڕوێنێت، بەڵام بەرپرسیارێتی ئەو ئاوەیە کە خۆراك دەدات بە گەشەکردن.

3378 .The plants here have forks on their branches.

لقی ڕووەکەکانی ئێرە، دڕکیان هەیە.

Put the knives and forks on the table.

چەقۆو چنگاڵەکان لەسەر مێزەکە دابنێ.

3379 You have to buy a convex mirror to your car.

پێویستە ئاوێنەیەکی قۆقز بکڕیت بۆ ئۆتۆمبێلەکەت.

3380 The lens was concave and about 2 mm thick.

هاوێنەکان روچاڵ بون و ئەستورییەکەیان نزیکەی دوو میللیمەتر بوو.

3381 The plaster on the walls was cracked.

گەچی دیوارەکان درزیان بردبوو.

3382 ماڵەی ساف و لوسکردنی چیمەنتۆو گەچکاری.

Can you smooth the cement by the float?

دەتوانیت چیمەنتۆیەکە ساف بکەیت بە ماڵەکە؟

3383 بەرزدەکاتۆ= بەرزدەکاتەوە.

The police presence heightened the tension among the crowd.

ئامادەبونی پۆلیس گرژیی لەناو خەڵکەکەدا بەرزکردەوە. واتە زیادکرد.

3384 عارەقدەکاتۆ= عارەقدەکاتەوە.

The journalists and camera crews perspired in the heat as they stood waiting for the president to appear.

لەکاتی وەستان بۆ چاوەڕوانیکردنی دەرکەوتنی سەرۆك، ڕۆژنامەنوسان و تاقمی کامێراکان، لەگەرمان عارەقیانکردەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1375. **drop (درۆپ) دڵۆپە، دەکەوێتەخوارۆ**[3385]

**intriguing (ئینتریگینگ) نەعتە، بەواتای نامۆ**[3386]

1376. **jaw-dropping (جۆودرۆپینن) نەعتە، مانای سەرسوڕهێن**[3387]

**inquisitive (ئینکویزەتیڤ)ە خۆتێهەڵقورتێن**[3388]

1377. **assign (ئەساین) چیە؟ دیاریدەکا**[3389]

**sanctuary (سانچوەری) مەلاز، واتە پەناگا**[3390]

1378. **homepage (هەومپەیج) لاپەڕە، بەڵام سەرەکی**[3391]

**vegetarian (ڤێجەتێریەن)و vegan (ڤیگن) ڕووەکی**[3392]

1379. **gigantic (جایگانتیك) چیە؟ واتە زەبەلاح**[3393]

---

[3385] دەکەوێتەخوارۆ= دەکەوێتەخوارەوە.

As the first drops of rain began to fall, Saya started to run.

کە یەکەم دڵۆپەکانی باران دەستیانکرد بە بارین، سایە کەوتە ڕاکردن.

The apples dropped from the trees.

سێوەکان لەدرەختەکان کەوتنەخوارەوە.

[3386] نەعت= ئاوەڵناو. واتە ئەم وشەیە ئاوەڵناوە بەمانای نامۆ دێت.

She asked me some intriguing questions.

هەندێك پرسیاری نامۆی لێکردم.

[3387] This mountainous region has jaw-dropping scenery.

ئەم ناوچە شاخاوییە دیمەنی سەرسوڕهێنی هەیە.

[3388] خۆتێهەڵقورتێن= فزوڵی.

I asked more questions, but I didn’t want to seem inquisitive.

پرسیاری زیاترم هەیە، بەڵام نەمویست خۆتێهەڵقورتێن دەرکەوم.

[3389] دیاریدەکا= دیاریدەکات.

Have you assigned a day for the interviews?

ڕۆژێکت دیاریکردووە بۆ چاوپێکەوتنەکان؟

[3390] Illegal immigrants sought sanctuary in a local church.

کۆچبەرە نایاساییەکان لەکڵێسەیەکی ناوخۆ، داوای پەناگایان کرد.

[3391] بەمانای لاپەڕەی سەرەکیی ماڵپەڕ دێت.

I visited the company's official website and found the latest news on their homepage.

سەردانی ماڵپەڕی ڕەسمیی کۆمپانیاکەم کردو تازەترین هەواڵەکانم لەلاپەڕەی سەرەکیدا بینی.

[3392] ڕووەکی: ئەو کەسانەی گۆشت ناخۆن.

Our youngest daughter is a vegetarian.

کچە بچوکەکەمان ڕووەکییە.

Vegans get all the protein they need from nuts.

ڕووەکییەکان هەموو ئەو پرۆتینەی پێویستیانە، لەچەرەسات دەستیاندەکەوێت.

[3393] The dinosaur skeleton on display at the museum is gigantic.

ئێسکەپەیکەری ئەو دەیناسۆرەی لەمۆزەخانەکە نمایشدەکرێت، زەبەلاحە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**ئەڤەیلەبڵ)ە بەمانای موتاح[3394] (available**

**[1380]. took off (توکۆف) داکەند[3395]، وشەی wore (وۆ) پۆشی[3396]**

**wined (وایند) بەمانای شەرابی نۆشی[3397]**

**[1381]. late (لەیت) درەنگ[3398]، early (ئێیلی) دێت بەمانای زوو[3399]**

**late کۆچکردووشە[3400]، taciturn (تاسیتێن) کەمدوو[3401]**

**[1382]. spreadsheet (سپرێدشییت) خشتە، کەواتە جەدۆل[3402]**

**humerus (هیوومرەس) ئێسکە، بەڵام هینی قۆڵ[3403]**

---

[3394] موتاح= بەردەست.

Not enough data is available to scientists.

داتای پێویست بەردەست نیە بۆ زانایان.

[3395]کارێکی لێکدراوی رابردووە. رانەبردووەکەی take off.

He took his clothes off in front of the people.

لەبەردەم خەڵکەکەدا جلوبەرگەکەی داکەند.

[3396] وەك وشەی war دەخوێنرێتەوە کە بەمانای جەنگ دێت.

وشەی wore کارێکی رابردووەو رانەبردووەکەی wear.

پۆشی=لەبەرکرد

I wore my new suit to my brother's wedding.

بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیریی براکەم، قاتە نوێکەم لەبەرکرد.

[3397] وایند. کارێکی رابردووە، رانەبردووەکەی wine.

شەرابی نۆشی= شەرابی خواردەوە.

He wined, then went back.

ئەو شەرابی خواردەوە، پاشان گەڕایەوە.

[3398] It's too late, Sorry.

زۆر درەنگە، بەداخەوە!

[3399] If you finish early you can go home.

ئەگەر زوو تەواوبویت، دەتوانیت بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوە.

[3400] She gave her late husband's clothes to charity.

جلوبەرگەکانی مێردە کۆچکردووەکەی بەخشی بە ڕێکخراوی خێراخوازی.

[3401] ئاوەڵناوە بەمانای کەمدوو دێت. کەمدوو بۆ وەسفی کەسێك بەکاردێت کە کەم قسەبکات و حەزی لەزۆرقسەکردن نەبێت.

He's a taciturn person.

ئەو کەسێکی کەمدووە.

[3402] Karzan uses a spreadsheet to record his data.

کارزان خشتە بەکاردەهێنێت بۆ تۆمارکردنی داتاکانی.

[3403] بەمانای ئێسکی قۆڵ دێت. کۆیەکەی humeri.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1383 engagement (ئینگەیجمنت) چیە؟ واتە پێکدادان[3404]

circulatory system (سێکیەلەیتری سیستم) هی سوڕان[3405]

.1384 relevance (ڕێلەڤنس) سیڵە، واتە پەیوەندی[3406]

batter (باتە) لێدەدات، بەڵام بەتوندی[3407]

.1385 fracas (فراکا) چیە؟ دەمەقاڵە[3408]

dominant (دۆمیننت) نەعتە، بەمانای زاڵە[3409]

.1386 sadistic (سەدیستیك) نەعتە، بەمانای سادی[3410]

manual transmission (مانیەڵ ترانزمیشن) واتای گێڕ عادی[3411]

.1387 upcoming (ئەپکەمینن) نەعتە، مانای داهاتوو[3412]

---

My right humerus is broken.

ئێسکی قۆڵی ڕاستم شکاوە.

[3404] The general tried to avoid an engagement with the enemy.

جەنەڕاڵەکە هەوڵیدا خۆی لەپێکدادان لەگەڵ دوژمن بەدووربگرێت.

[3405] مەخسەوی شەریفم لە "هی سوڕان"، بریتییە لەکۆئەندامی سوڕانە.

The circulatory system is responsible for transporting oxygen and nutrients to different parts of the body.

کۆئەندامی سوڕان بەرپرسە لەگواستنەوەی ئۆکسجین و ماددەی خۆراکی بۆ بەشە جیاوازەکانی جەستە.

[3406] سیڵە= (ع: صلة)= پەیوەندی.

What relevance does that point have to the discussion?

ئەو خاڵە چ پەیوەندییەکی هەیە بە مشتومڕەکەوە؟

[3407] بەمانای بەتوندی لێدەدات دێت.

She was battered by her father.

لەلایەن باوکییەوە بە توندی لێیدرا.

[3408] بەڵام لای برادەرانی ئەمەریکا بە فرەیکەس دەخوێنرێتەوە.

Eight people were injured in the fracas.

هەشت کەسە لەدەمەقاڵەکەدا بریندارکران.

[3409] Hold the tool in your dominant hand.

ئامێرەکە بە دەستی زاڵت بگرە. واتە ئەگەر ڕاستلەری بە دەستی ڕاست بیگرەو بە پێچەوانەشەوە.

[3410] ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە چێژ لەئەشکەنجەدانی خەڵك وەربگرێت.

Police arrested the sadistic serial murderer.

پۆلیس فرەبکوژە سادییەکەی دەستگیرکرد.

[3411] I recently learned how to drive a car with a manual transmission.

تازە فێری چۆنیەتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گێرعادی بوم.

[3412] بەمانای داهاتویەك دێت کە نزیك بێت نەك دوور.

The company is eagerly preparing for its upcoming product launch, expecting it to make a significant impact in the market.

کۆمپانیا بەپەرۆشەوە خۆی ئامادەدەکات بۆ دەستپێکردنی بەرهەمی داهاتوی و چاوەڕواندەکات کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت لەبازاڕدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**budding (بەدینن) بەواتای تازپێگەیشتوو**[3413]

**.1388 namely (نەیملی) چیە؟ بەتایبەتی**[3414]

**despise (دیسپایز) لەگەڵ hate (هەیت) رقی لێیەتی**[3415]

**.1389 throw (ثرەو) سازدەکا**[3416]**، threw (ثروو) واتە سازکرد**[3417]

**artificial (ئاتیفیشەڵ)و synthetic (سینثێتیك) دەستکرد**[3418]

**.1390 living room (لیڤینن رووم) چیە؟ ژوری دانیشتن**[3419]

**closure (کلەوژە) مانای غەلق، واتە داخستن**[3420]

**.1391 resurface (ریسێیفیس) واتە دەردەکەوێتۆ**[3421]

---

3413 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "تازپێگەیشتوو" بریتییە لە "تازەپێگەیشتوو"، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، بزوێنەکەم لابردووە.

My sister is a budding genius.

خوشکەکەم بلیمەتێکی تازەپێگەیشتووە.

3414 We need to concentrate on our target audience, namely women aged between 20 and 30.

پێویستە خەجت لەسەر جەماوەری بەئامانجگیراومان بکەینەوە، بەتایبەتی ژنانی تەمەن 20 ساڵ و 30 ساڵ.

3415 She despised her neighbours.

ئەو رقی لەدراوسێکانی بوو.

He hates his job.

ئەو رقی لەئیشەکەی بوو.

3416 سازدەکا= سازدەکات. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

throw→ threw→ thrown

My friends and I decided to throw a party because of our recent achievements.

من و هاورێکانم بریارماندا ئاهەنگێك سازبکەین بەبۆنەی دەسکەوتە تازەکانمانەوە.

3417 رابردووی throwە.

We threw a great party last night.

شەوی رابردوو ئاهەنگێکی گەورەمان سازکرد.

3418 Your flowers are artificial.

گوڵەکانت دەستکردن.

I don’t like synthetic foods.

حەزم لەخۆراکی دەستکرد نیە.

3419 ژوری دانیشتن= ژوری میوان.

The whole family gathered in the living room to play cards.

هەموو خێزانەکە لەژوری دانیشتن کۆبونەوە بۆ یاری وەرەقە.

3420 لەوشەی closeەوە وەرگیراوە.

The closure of Shar Hospital is dangerous.

داخستنی نەخۆشخانەی شار مەترسیدارە.

3421 دەردەکەوێتۆ = دەردەکەوێتەوە.

Srwa resurfaced last week, after spending the past few months doing research in the library.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

reconsider (ریکەنسیدە"ر")ە پیایادەچێتۆ[3422]

.1392 curfew (کێیفیوو) واتە مەنع، بەڵام هی تەجوال[3423]

home (هەوم) بۆ ماڵۆ، هەروەها لەماڵ[3424]

.1393 drone (درەون)، male bee (مەیڵ بیی) هەردوو نێرەی هەنگ[3425]

partygoer (پاتیگەوە"ر")ە بەشداربوی ئاهەنگ[3426]

.1394 president (پرێزیدنت) سەرۆك، بێ p دانیشتوو[3427]

---

پاش بەسەربردنی چەند مانگێك لەلێکۆڵینەوە لەناو کتێبخانەکەدا، سروە جارێکی تر دەرکەوتەوە.

[3422] پیایادەچێتۆ= پێدادەچێتەوە.

He should reconsider his decision to resign.

پێویستە بە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەکەیدا بچێتەوە.

[3423] بەمانای مەنعی تەجوال دێت. مەنعی تەجوال= قەدەغەی هاتوچۆ.

The government imposed a night-time curfew throughout the country.

حکومەت قەدەغەی هاتوچۆی شەوانەی لەسەرتاسەری وڵاتدا سەپاند.

[3424] دوان لەماناکانی بۆ ماڵۆ و لەماڵن.

بۆ ماڵۆ= بۆ ماڵەوە.

They brought the baby home from the hospital on Friday.

ڕۆژی هەینی منداڵەکەیان لەنەخۆشخانەوە هێنایەوە بۆ ماڵەوە.

I'm sorry, he's not home right now.

بەداخەوەم، ئێستا ئەو لەماڵ نیە.

[3425] واتە وشەی drone بەمانای male bee دێت کە ئەمیش بەمانای نێرەی هەنگ دێت.

نێرەی هەنگ= هەنگی نێر.

The drone is smaller than the female bee.

نێرەی هەنگ لەهەنگی مێ بچوکترە.

[3426] All the female partygoers were beautiful.

هەموو خانمە بەشداربووەکانی ئاهەنگەکە جوان بوون.

[3427]. مەبەستم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی president بەمانای سەرۆك دێت، بەڵام ئەگەر پیتی p لەو وشەیە بکەیتەوە، دەبێتە resident (ڕێزیدنت) کە بەمانای دانیشتوو (موقیم) دێت.

The president of France didn’t attend the meeting.

سەرۆکی فەرەنسا ئامادەی کۆبونەوەکە نەبوو.

You know that the 16th president of the United States fought for the freedom of slaves and the Union, but what you didn’t know is that he was a licensed bartender.

ڕەنگە زانیبێتت کە ئەبراهام لینکۆڵن، شانزەهەم سەرۆکی ئەمەریکا، یەکێکە لەدیارترین سەرۆکەکانی ئەمەریکاو لەپێناو نەهێشتنی کۆیلایەتی و یەکێتیی ئەمەریکادا جەنگیوە، بەڵام خوا پێم نەگرێ لەوە دەچێ نەتزانیبێ کە ڕەحمەتی پێش ئەوەی ببێت بە سەرۆکی ئەمەریکا، مەیگێڕێکی خاوەنمۆڵەت بووە لەبارێدا.

How many US presidents have been assassinated? 4

تائێستا چەند سەرۆکی ئەمەریکا تیرۆرکراون؟ 4



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**deputy (دێپیتی) جێگر**[3428]**، palate (پالەت) مەڵاشوو**[3429]

[.1395] **sag (ساگ) لەگەڵ sink (سینک) شۆڕدەبێتەوە**[3430]

**transport (ترانسپۆرت) بەمانای دەگوازێتەوە**[3431]

[.1396] **daddle (دادڵ) واتە یەد، بەکوردی دەستە**[3432]

**span (سپان) سوڕاوۆ، هەروەها (بست)ە**[3433]

[.1397] **subsidy (سەبسدی) کۆمەك، زیاتر هی حوکمەت**[3434]

---

The residents of the new town demonstrated against the new project.

دانیشتوانی شارۆچکە تازەکە لەدژی پرۆژە نوێیەکە خۆپیشاندانیان کرد.

Wanda Jean Allen, a 41-year-old Oklahoma resident, was the first black woman to be executed in the U.S. since 1954. She was convicted of killing her lesbian lover, Gloria Leathers, whom she met in prison. Prior to killing Leathers, Allen was incarcerated for fatally shooting a childhood friend in 1981, the Associated Press reported. She was executed via lethal injection Jan. 11, 2001.

واندا جین ئالینی تەمەن 41 ساڵ، دانیشتویەکی شاری ئۆکلاهۆمای ئەمەریکا بوو، بووەتە یەکەم ژنی ڕەشپێست کە لەساڵی 1954ەوە لەسێدارە بدرێت لەو وڵاتەدا. ئەم ژنە بە کوشتنی ژنەعاشقە هاوڕەگەزخوازەکەی بەناوی گلۆریا لیزەرس، کە لەزینداندا یەکتریان ناسیوە، ئیدانەکراوە. پێش کوشتنی لیزەرس ئالین بەهۆی تەقەکردنی لەهاوڕێیەکی منداڵی، لەساڵی 1981، دەستگیرکرابوو. دواجار لە 11-1-2001 ئەم ژنە ئیعدامکراو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت.

[3428] I'd like you to meet Karzan Ali, my deputy.

پێمخۆشە چاوت بە کارزان عەلی بکەوێت کە جێگرمە.

[3429] برادەرانی ئەمەریکا بە پاڵەت گۆیدەکەن.

مەڵاشوو: بنمیچی دەم

What is the function of the palate?

مەڵاشوو ئیشی چیە؟

[3430] The branch sagged under the weight of the apples.

لقی درەختەکە لەژێر کاریگەریی کێشی سێوەکاندا شۆڕبووەوە.

The sun was sinking behind the palms.

خۆر لەپشتی دارخورماکانەوە شۆڕدەبویەوە.

[3431] The statue was transported to London.

پەیکەرەکە گوازرایەوە بۆ لەندەن.

[3432] Your right daddle is dirty.

دەستی ڕاستت پیسە.

[3433] لەمانای یەکەمیاندا ڕابردووی spinە. سوڕاوۆ= سوڕایەوە.

The plane's propellers were spinning.

پەروانەکانی فڕۆکەکە دەسوڕانەوە.

I used my hand to measure the distance and it was equal to four spans.

دەستم بەکارهێنا بۆ پێوانی مەسافەکە، چوار بست بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**harden** (هادن) رەقدەبێ[3435]، **hardly** (هادلی) بەزەحمەت[3436]

1398. **fracture** (فراکچە) دەشکێ، لەگەڵ دەشکێنێ[3437]

**scare** (سکێیە) دەتۆقێ، هەم دەتۆقێنێ[3438]

1399. **championship** (چامپیەنشیپ) چیە؟ پاڵەوانێتی[3439]

**unity** (یوونەتی) ئیتیحاد، واتە یەکێتی[3440]

1400. **shingle** (شینگڵ) مانای زیخ، بەس هی کەناراو[3441]

---

[3434] بەمانای کۆمەکێك دێت کە زیاتر لەلایەن حوکمەت یان ڕێکخراوەوە دابینبکرێت نەك هی خەڵکی ئاسایی. بێگومان مەخسەوم لە حوکمەت، حکومەتە!

The company received a government subsidy.

کۆمپانیاکە کۆمەکێکی حکومەتی وەرگرت.

[3435] ڕەقدەبێ= ڕەقدەبێت.

It will take about 24 hours for the glue to harden.

بۆ ئەوەی کەتیرەکە ڕەققبێت، نزیکەی 24 سەعاتی پێویستە.

[3436] On April 12, 1888, Alfred Nobel's elder brother Ludvig died in Cannes, France. But newspaper Le Figaro mixed up the brothers and announced Alfred's death on its front page under a rather inflammatory headline: "A man who can hardly be called a benefactor of humanity died yesterday in Cannes. He is Nobel, inventor of dynamite".

لە 12-4-1888 براگەورەکەی ئەلفرێد نۆبڵ کە ناوی لودڤیگ بوو، لەشاری کانی فەرەنسا کۆچیدوایی کرد، بەڵام ڕۆژنامەی لیفیگارۆ ئەم دوو برایەی تێکەڵکردو مردنی ئەلفرێدی لەلاپەڕەی پێشەوەی، لەژێر سەردێڕێکی تاڕادەیەك وروژێنەردا ڕاگەیاند: "ئەو پیاوەی کە بەزەحمەت دەتوانرێت پێیبووترێت چاکەخواز، دوێنێ لە کان کۆچیدوایی کرد. ئەویش نۆبڵە، داهێنەری دینامیت".

[3437] دەشکێ= دەشکێت.

دەشکێنێ= دەشکێنێت.

Two of her ribs fractured.

دوان لەپەراسووەکانی شکان.

He fractured his right leg during training.

لەکاتی مەشقکردندا قاچی ڕاستی خۆی شکاند.

[3438] دەتۆقێ= دەتۆقێت. دەتۆقێنێ= دەتۆقێنێت.

She's very brave - she doesn't scare easily.

زۆر ئازایە، بەئاسانی ناتۆقێت.

Loud noises can scare animals or birds.

دەنگەدەنگی بەرز دەکرێ ئاژەڵ یان باڵندە بتۆقێنێت.

[3439] Greece won the European Championship.

یۆنان پاڵەوانێتیی ئەورووپای بردەوە.

[3440] Despite its public show of unity, the royal family had its share of disagreements just like any other.

سەرباری پیشاندانی یەکێتی لەشوێنە گشتییەکاندا، بەڵام خێزانی شاهانەش وەك هەر خێزانێکی تر بڕێك ناکۆکی تێدایە.

[3441] بەمانای زیخی کەناراو دێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

significantly (سیگنیفیکەنتلی) بەشێوەی بەرچاو[3442]

.1401 nut (نەت) سەمونەیە[3443]، مانای bolt (بەوڵت) بورغو[3444]

frozen food (فرەوزن فوود)ە، خواردنی بەستوو[3445]

.1402 throughout (ثرووئاوت) چیە؟ بەدرێژایی[3446]

quarter-final (کۆوتەفاینەڵ)ە روبعی کۆتایی[3447]

.1403 donor (دەونە) بەخشەرە[3448]، donation (دەونەیشن) پیتاك[3449]

horrible (هۆرەبڵ) لەگەڵ creepy (کرییپی) ترسناك[3450]

---

I like the noise of the waves on the shingle.

حەزم لەدەنگەدەنگی شەپۆلی سەر زیخی کەناراوە.

[3442] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "بەشێوەی بەرچاو" بریتییە لە "بەشێوەیەکی بەرچاو"، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، چەند پیتێکیم لێ لابردووە.

Health problems can be significantly reduced by careful diet.

دەتوانرێت لەرێگەی سیستەمێکی هۆشیارانەی خواردنەوە، بەشێوەیەکی بەرچاو کێشە تەندروستییەکان کەمبکرێنەوە.

[3443] Use a wrench to loosen the nut.

بۆ شلکردنەوەی سەمونەکە، ئیسپانە بەکاربهێنە.

[3444] I need some big bolts to the door.

پێویستم بە هەندێك بورغوی گەورە هەیە بۆ دەرگاکە.

[3445] I don't like frozen foods.

حەزم لەخواردنی بەستوو نیە.

[3446] While your blood pressure naturally fluctuates throughout the day, if it remains high for too long it can and lead to other health problems, such as heart disease, heart attack, and stroke.

هەرچەندە فشاری خوێنت بەدرێژایی رۆژ یاریدەکات، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر بە بەرزی بمێنێتەوە، دەکرێ ببێتەهۆی کێشەی تری تەندروستی وەك نەخۆشیی دڵ، جەڵتەی دڵ و دەماخ.

[3447] روبعی کۆتایی= چارەکی کۆتایی.

Each of the eight teams that reached the quarter-final stage played two matches.

هەر یەکێك لەو هەشت تیپەی گەیشتنە قۆناغی چارەکی کۆتایی، دوو یارییان ئەنجامدا.

[3448] بەخشەر= "ع: متبرع"

Nowadays finding a kidney donor isn't easy.

لەم سەردەمەدا دۆزینەوەی بەخشەرێکی گورچیلە، ئاسان نیە.

[3449] پیتاك= "ع: تبرع": بەخشین

I'd like to make a small donation in my mother's name.

حەزدەکەم بەناوی دایکمەوە پیتاکێکی بچوك بکەم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1404 medication (میدیكەیشن)ە بەواتای دەرمان[3451]

ourselves (ئاوەسێلڤز)ە بەمانای خۆمان[3452]

.1405 spend (سپێند) واتە یومزی، ئەی بەسەردەبا[3453]

carton (كاتن) كارتۆنە[3454]، cardboard (كادبۆرد) مقەبا[3455]

.1406 sneak (سنییك) لەگەڵ leak (لییك) دەزەدەكات[3456]

appetizer (ئاپەتایزە"ر")ە موقەبیلات[3457]

.1407 torment (تۆرمێنت)و torture (تۆرچە) ئەشكەنجەدەدات[3458]

---

[3450] The past is a horrible place to live.

رابردوو شوێنێكی ترسناكە بۆ ژیان.

In our culture, a friendship between an 11-year-old girl and a 36-year-old man is considered creepy.

لەكلتوری ئێمەدا هاوڕێیەتیی نێوان كچێكی تەمەن 11 ساڵ و پیاوێكی تەمەن 36 ساڵ، بە ترسناك لەقەڵەمدەدرێت.

[3451] Are you taking any medications now?

ئایا لەئێستادا هیچ دەرمانێك بەكاردەهێنیت؟

[3452] We ourselves realize that there are flaws in the plan.

ئێمە خۆمان درك بەوە دەكەین كە كەموكورتی لەپلانەكەدا هەیە.

[3453] یومزی= (ع: یمضي)= بەسەردەبا= بەسەردەبات.

ئەی= (ع: أي)= واتە.

واتە ئەم وشەیە بەمانای بەسەردەبات دێت. یەكێكە لەكارە نائاساییەكان.

spend→spent→spent

I want to spend more time with my family.

دەمەوێت كاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەكەمدا بەسەرببەم.

Cats spend about five hours a day grooming themselves.

پشیلە رۆژانە نزیكەی پێنج سەعات تەنها لەپاككردنەوەی خۆیدا بەسەردەبات .

[3454] I bought a carton of eggs.

كارتۆنێك هێلكەم كڕی.

[3455] We made the figures out of cardboard.

كەسایەتییەكانمان لەمقەبا دروستكرد.

[3456] I managed to sneak in through the back door while she wasn't looking.

توانیم لەڕێگەی دەرگای پشتەوە، لەو كاتەی ئەو سەیری نەدەكرد، دزەبكەمە ناوەوە.

Water was leaking from the pipe.

ئاو لەبۆرییەكەوە دزەی دەكرد.

[3457] بە سپێلی appetiserیش دەنوسرێت.

موقەبیلات: خواردنی سەرەتای ژەمەخواردنی سەرەكی.

Its appetizers were very delicious.

موقەبیلاتەكانی زۆر بەچێژ بون.

[3458] The older boys would torment him whenever they had the chance.

كوڕە گەورەترەكان هەركاتێك هەلیان بۆ بڕەخسایە، ئەشكەنجەیان دەدا.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**3459ئاپەتایزە"ر")ە موقەبیلات appetiser**

**.1408 quirky (کوێیکی) ئاوەڵناو، دێت بەمانای سەیر3460**

**distillation (دیستەلەیشن)ە بەمانای تەقتیر3461**

**.1409 try (ترای) هەوڵەدا، هەم تاقیەکاتۆ3462**

**appendix (ئەپێندیکس)و appendage (ئەپێندیج) پاشکۆ3463**

**.1410 imply (ئیمپلای) بەمانای وادەگەیەنێ3464**

**deem (دییم) یەعتەبیر، واتە دادەنێ3465**

**.1411 دەردەکات و کیس پێیان دەڵێن sack (ساك)3466**

**dietician (دایەتیشن)ە پسپۆڕی خۆراك3467**

---

It is claimed that the officers tortured a man to death in a city police station.

بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە کارمەندان لەوێستگەیەکی پۆلیسی شارەکە، ئەشکەنجەی پیاوێکیان داوە تا مردن.

[3459] I don’t like his appetisers.

حەزم لەموقەبیلاتەکانی نیە.

[3460] It's not quirky for people to become ill when they travel.

سەیر نیە نەخۆشکەوتنی خەڵك لەکاتی گەشتکردندا.

[3461] تەقتیر= (ع: تقطیر)= دڵۆپاندن.

The liquid is extracted by distillation.

شلەکە لەڕێگەی دڵۆپاندنەوە دەردەهێنرێت.

[3462] هەوڵەدا= هەوڵدەدات. تاقیەکاتۆ= تاقیدەکاتەوە.

I've tried really hard but I can't convince him to come.

زۆر شێلگیرانە هەوڵمداوە بەڵام ناتوانم قایلی بکەم کە بێت.

Try using a different shampoo.

بەکارهێنانی شامپۆیەکی جیاواز تاقیبکەرەوە.

[3463] There's an appendix at the end of the book with a list of dates.

لەکۆتایی کتێبەکەدا پاشکۆیەك هەیە کە لیستێکی بەروارەکانی تێدایە.

The committee is a mere appendage of the council and has no power of its own.

لیژنەکە تەنها پاشکۆیەکی ئەنجومەنەکەیەو دەسەڵاتی بەسەر خۆشیدا نیە.

[3464] وادەگەیەنێ= وادەگەیەنێت.

The high level of radiation in the rocks implies that they are volcanic in origin.

بەرزیی ئاستی تیشکدانەوە لەتاوێرەکاندا وادەگەیەنێت کە ئەو تاوێرانە لەبنەڕەتدا گڕکانی بون.

[3465] یەعتەبیر= (ع: یعتبر)=دادەنێ= دادەنێت.

The area has now been deemed safe.

ئێستا ناوچەکە بەسەلامەت دانراوە.

[3466] بەمانای دەردەکات (لەکار یان پیشەو هتد...) و کیسیش دێت.

They sacked her for being late.

بەهۆی درنگکەوتنەوە، دەریانکرد.

I bought a sack of potatoes.

کیسێك پەتاتەم کڕی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1412 **secede (سیسید) ئینفیسالْ، بەس کارە نەك ناو**[3468]

**anonymous (ئەنۆنیمس)و unknown (ئەنەون) نەناسراو**[3469]

.1413 **bib (بیب) بەریەخە، واتە مەریەلە**[3470]

**sordid (سۆردید) ئاوەڵناو، مانای چەپەڵە**[3471]

.1414 **busty (بەستی) سنگپڕە**[3472]**، buxom (بەکسم) جسمپڕ**[3473]

---

[3467] بە سپێلی dietitianیش دەنوسرێت. مورادیفی nutritionistە.

I want the dietician to see her.

دەمەوێت پسپۆڕی خۆراکەکە ببینێت.

[3468] مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: ئەم وشەیە بەمانای ئینفیسالْ (ع: انفصال= جیابونەوە) دێت، بەڵام کارە نەك ناو، واتە بەمانای "جیادەبێتەوە" دێت. جیابونەوە لەحکومەت یان وڵات و هاوشێوەیەکانی نەك هی ژن و مێردو ئەو چتانە!

There is likely to be civil war if the region tries to secede from the south.

ئەگەر هەرێمەکە هەوڵبدات لەباشور جیابێتەوە، ئەگەری رودانی جەنگی ناوخۆ دێتەئاراوە.

[3469] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە ئەناانیمس گۆدەکەن. وشەی unknown پێچەوانەی knownە کە بەمانای ناسراو دێت.

The money was donated by an anonymous benefactor.

پارەکە لەلایەن خێرخوازێکی نەناسراوەوە، بەخشرا.

An unknown terrorist group has claimed responsibility for this morning's attack.

گروپێکی تیرۆریستیی نەناسراو بەرپرسیارێتیی خۆی لەهێرشەکەی ئەم بەیانییە راگەیاند.

Tom Cruise once witnessed an unknown pedestrian get hit by a car that fled the scene. He summoned an ambulance, followed it, and paid the victim's $7000 emergency room bill once he discovered she was uninsured. کاتێك سەیری چڕوچاوی تۆم کروز دەکەین، رەنگە هەر لەخۆوە بە سپۆنسەری شەیتان بێژین، کورە ئەو فشەکەرە کەی بەشەرە! بەڵام لەڕاستیدا پیاوێکی چاك و بەخشندەیەو روبعێکی کابرای لای خۆمان فشەکەریش نیە .

جارێك ئەم تۆم کروزە (ئەمەریکییەکە نەك گەرەکەی لای خۆمان) دەبینێت خانمێکی پیادەڕەوێك سەیارە لێیداوەو سەیارەکەش هەڵاتووە. تۆم کروز ئیسعاف بانگدەکات و شوێن ئیسعافەکەش دەکەوێت بۆ نەخۆشخانەو کاتێکیش دەزانێت کە خانمە لێدراوەکە زەمانی تەندروستی نیە، حەفتا وەرەقەی زۆری فریاکەوتن بۆ نەخۆشەکە دەدات.

There are over 10,000 known diseases.

زیاتر لە 10 هەزار نەخۆشیی ناسراو هەن.

[3470] مەریەلە عەرەبییە.

The baby's bib became dirty with milk.

بەریەخەی منداڵەکە بە شیر پیسبوو.

[3471] She discovered the truth about his sordid past.

راستی سەبارەت بە رابردووە چەپەڵەکەی ئاشکراکرد.

[3472] Busty women are more attractive.

ژنی سنگپڕ سەرنجراکێشترە.

[3473] His girlfriend is a buxom lady.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**further (فێیْذە) زیاترە، هەروەها دورتر**[3474]

[.1415] **commend (کەمێند)و praise (پرەیز) ستایشدەکا**[3475]

**gag (گاگ) لەگەڵ silence (سایلەنس) ئەی بێدەنگدەکا**[3476]

[.1416] **crux (کرەەکس) کرۆکە، واتە جەوهەرە**[3477]

**chatter (چاتە) یوسەرسیر، لەگەڵ سەرسەرە**[3478]

[.1417] **bloodbath (بلەدباث) گۆماوە، بەڵام هینی خوێن**[3479]

**expletive (ئیکسپلیتیڤ)، swear word (سوێیە"ر" وێیْد)یش جوێن**[3480]

---

هاورێکچەکەی خانمێکی جسمپرە.

[3474] لەڕوی خوێندنەوەوە، بەحاڵ لەوشەی feather "فێذە" جیاوازە.

Every day she sinks further and further into depression.

ئەو هەموو رۆژێك زیاترو زیاتر لەناو خەمۆکیدا نقومدەبێت.

Leave the main road and cross the bridge, and we live just three houses further on.

رێگا سەرەکییەکە جێبهێڵەو پردەکە تێپەڕێنە، ئێمە تەنها سێ خانوو دورتر لەوێ دەژین.

[3475] ستایشدەکا= ستایشدەکات.

The judge commended her for her bravery.

دادوەر ستایشیکرد بەهۆی ئازایەتییەکەیەوە.

Hanar was praised by the government.

هەنار لەلایەن حکومەتەوە ستایشکرا.

[3476] ئەی= (ع: أي)= واتە. کەواتە مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: ئەو دوو وشەیە بەمانای (بدەنگدەکا) دێن. بێدەنگدەکا= بێدەنگدەکات.

The new law is an attempt to gag political activists.

یاسا تازەکە هەوڵێکە بۆ بێدەنگکردنی چالاکوانە سیاسییەکان.

Successful action can silence the administration's critics.

کاری سەرکەوتوو دەتوانێت رەخنەگرانی ئیدارەکە بێدەنگبکات.

[3477] The crux of the matter is how do we prevent a flood occurring again?

کرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە چۆن رێگری لەڕودانەوەی لافاو بکەین؟

[3478] وەك کار بەمانای یوسەرسیرو وەك ناو بەمانای سەرسەرە دێت.

یوسەرسیر= (ع: يثرثر)= چەنەبازیدەکات= زۆربڵێییدەکات.

سەرسەرە= (ع: ثرثرة)= چەنەبازی، زۆربڵێیی.

She spent the morning chattering to her friends.

بەیانییەکەی بە چەنەبازیکردن بۆ هاورێکانی، بەسەربرد.

His wife's constant chatter annoyed him.

چەنەبازییە بەردەوامەکەی ژنەکەی بێزاریکرد.

[3479] بەمانای گۆماوی خوێن دێت. گۆماوی خوێن: کۆمەڵکوژی.

Both men know the only way ahead to avoid a bloodbath is to get together and start talking again.

هەردوو پیاوەکە دەزانن کە تەنها رێگەی بەردەمیان بۆ خۆلادان لەگۆماوێکی خوێن بریتییە لەوەی پێکەوە کۆببنەوەو گفتوگۆ دەستپێبکەنەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1418. **otherwise (ئەدەوایز) چیە؟ واتە ئەگەرنا**[3481]

**allude (ئەلوود) بەمانای ئاماژەدەدا**[3482]

1419. **period (پیریەد) ماوەیە، سوڕی مانگانە**[3483]

**household (هاوسهەولْد) ناسراو، هەمیش خێزانە**[3484]

1420. **mankind (مانکایند) چیە؟ مرۆڤایەتی**[3485]

**recall (ریکۆڵ) یەتەزەکەر، واتە بیریەتی**[3486]

1421. **influence (ئنفلوەنس) چیە؟ کاریگەری**[3487]

---

[3480] جوێن= جنێو.

The expletives were deleted.

جوێنەکان سڕانەوە.

Most of his speech was swear words.

زۆربەی وتارەکەی جوێن بون.

[3481] You'll have to go now, otherwise you'll miss your bus.

پێویستە ئێستا بڕۆیت، ئەگەرنا پاسەکە لەدەستدەدەیت.

[3482] ئاماژەدەدا= ئاماژەدەدات.

He alluded to the problem but did not mention it.

ئاماژەیدا بە کێشەکە بەڵام باسی نەکرد.

[3483] بەمانای ماوەو سوڕی مانگانەش دێت.

Her work means that she spends long periods away from home.

کارەکەی وادەگەیەنێت کە ماوەگەلێکی زۆر، دور لەماڵەوە، بەسەردەبات.

She has period pains.

ئەو ئازاری سوڕی مانگانەی هەیە.

[3484] Coca-Cola is a household name around the world.

کۆکاکۆلا ناوێکی ناسراوە لەجیهاندا.

By the 1960s, most households had a TV.

بە هاتنی ساڵەکانی 1960ەکان، زۆربەی خێزانەکان تەلەفزیۆنیان هەبوو.

[3485] It is one of the most important events in the history of mankind.

ئەوە یەکێکە لەگرنگترین روداوەکان لەمێژوی مرۆڤایەتیدا.

[3486] As I recall, it was you who suggested this idea.

وەك من بیرمە، تۆ بویت کە پێشنیازی ئەم بیرۆکەیەت کرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

throughout (ثروواوت) مانای لەسەرتاسەری[3488]

.1422 eyewatering (ئایۆوتەرینن) نەعتە، مانای ئێجگار زۆر[3489]

manoeuvre (مەنووڤە)، لەگەڵ maneuver (مەنووڤە) مانۆڕ[3490]

.1423 resentment (ڕیزێنتمەنت) چیە؟ واتە بێزاری[3491]

politburo (پۆلیتبیەرەو) مەکتەب رامیاری[3492]

.1424 thunder (ثەندە) چیە؟ دەگرمێنێت[3493]

flop (فلۆپ) شکست و شکستدەهێنێت[3494]

.1425 commence (کەمێنس) وەك begin (بیگین) دەستپێدەکا[3495]

---

[3487] At that time she was under the influence of her father.

لەو کاتەدا لەژێر کاریگەریی باوکیدا بوو.

[3488] People throughout the country are out of work.

خەڵك لەسەرتاسەری وڵاتدا بێکارە.

[3489] بەم شێوەیەش دەنوسرێت: eye-watering

The oil traders' profits are eyewatering.

قازانجی بازرگانانی نەوت ئێجگار زۆرە.

[3490] مانۆڕ= موناوەرە.

هەردوو وشەکە یەك شتن، بەڵام سپێلی دووەمیان شێوەزاری ئەمەریکییە.

We saw the army on manoeuvres in the mountains.

ئێمە سوپامان بینی لەکاتی مانۆڕدا لەشاخەکان.

[3491] This decision has caused resentment among some teachers.

ئەم بڕیارە، بێزاری لەناو هەندێك مامۆستادا دروستکردووە.

[3492] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە مەکتەب رامیاری بریتییە لە "مەکتەبی رامیاری" بەڵام لەپێناو پاراستنی کێشی بەیتەکە، پیتی یائەکەم لابردووە. مەکتەبی رامیاری= مەکتەبی سیاسی.

But the results of the talks with the party politburo member Mr Azad remained unclear.

بەڵام ئەنجامەکانی گفتوگۆکان لەگەڵ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبەکە، بەڕێز ئازاد، بە ناڕونی مانەوە.

[3493] بەمانای گرماندنی حەقیقی و مەجازیش دێت.

"I never want to see you here again!" he thundered.

ئەو گرماندی:"هەرگیز نامەوێت جارێکی تر بتبینم" .

[3494] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. دوان لەدیارترین ماناکانی "شکست"و "شکستدەهێنێت"ن.

The film was a complete flop.

فیلمەکە شکستێکی تەواو بوو.

Her first book flopped, but her second became a bestseller.

یەکەم کتێبی شکستیهێنا، بەڵام دووەمی بووەیە یەکێك لەپرفرۆشترینەکان.

[3495] دەستپێدەکا= دەستپێدەکات.

Work will commence on the new building immediately.

بەمزوانە کارکردن لەباڵەخانە نوێیەکە دەستپێدەکات.

What time does the concert begin?



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**underscore (ئەندەسکۆر) واتای یوشەدید عەلا**[3496]

.1426 **threefold (ثرییفوڵد) سێهێندە، زەرف و ئاوەڵناو**[3497]

**inappropriate (ئینەپرەوپریەت) مانای نەگونجاو**[3498]

.1427 **attendee (ئەتێندیی) چیە؟ ئامادەبوو**[3499]

**stricken (ستریکن) موساب، بەکوردی توشبوو**[3500]

.1428 **sepsis (سێپسس) بەمانای بۆگەنکردن دەم**[3501]

**lieutenant colonel (لێفتێنەنت کێێنڵ) واتە موقەدەم**[3502]

.1429 **canary (کەنیەری) وەك خۆی، واتە کەناری**[3503]

---

کۆنسێرتەکە سەعات چەند دەستپێدەکات؟

[3496] یوشەدید عەلا= (ع: یشدد علی)= جەختدەکاتەوە لەسەر.

The minister underscored all the progress the government had made in reducing the deficit.

حکومەت جەختیکردەوە لەسەر ئەو هەموو پێشکەوتنەی لەڕوی کەمکردنەوەی کورتهێنانەوە، بەدەستیهێناوە.

[3497] واتە ئەم وشەیە بەمانای سێهێندە دێت و وەك زەرف (ئاوەڵکار)و ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێت.

سێهێندە= سێئەوەندە.

ئاوەڵکار:

Prices have risen threefold.

نرخەکان سێهێندە زیادبون.

ئاوەڵناو:

The threefold increase in production was a great step.

زیادبونی سێهێندە لەبەرهەمهێنان هەنگاوێکی مەزن بوو.

[3498] His comments were wholly inappropriate on such occasion.

لێدوانەکانی تەواو نەگونجاو بون لەبۆنەیەکی ئاوهادا.

[3499] The Show in Erbil attracted nearly 90,000 attendees.

پێشانگاکەی هەولێر نزیکەی 90 هەزار ئامادەبووی راکێشا.

[3500] Iraq is a country stricken by several economic problems.

عیراق وڵاتێکی توشبووە بە چەند کێشەیەکی ئابوری.

[3501] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە بۆگەنکردن دەم بریتییە لە بۆگەنکردنی دەم بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، پیتی یائەکەم نەنوسیوە.

بۆگەنکردنی دەم= بۆگەنکردنی خوێن: حاڵەتێکی تەندروستیی مەترسیدارە.

1 in 5 deaths worldwide is associated with sepsis.

لەهەموو پێنج حاڵەتێکی مردن لەجیهاندا، یەکێکیان پەیوەندی بە بۆگەنکردنی خوێنەوە هەیە.

[3502] موقەدەم: پلەیەکی سەربازییە.

She is a nice lady whose husband is a lieutenant colonel.

خانمێکی باشە، مێردەکەی موقەدەمە.

[3503] کەناری: باڵندەیەکی زەردی بچوکە.

The average life span of a caged canary is 10–15 years.

تێکرای ناوەندیی سوری ژیانی کەناریی لەقەفەزدا 10 بۆ 15 ساڵە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**arithmetic (ئەریثمەتیک) عیلم، هی ژمێرکاری**[3504]

.1430 **integral (ئینتەگرەڵ) چیە؟ بنچینەییە**[3505]

**well-being (وێلبیینن) بەمانای ئاسودەییە**[3506]

.1431 **generally (جێنرڵی) واتە بیسورە عامە**[3507]

**body building (بۆدی بیلْدینن)ە کەمال ئەجسامە**[3508]

.1432 **arsenal (ئاسنەڵ) چیە؟ جبەخانە**[3509]

**excursion (ئیکسکێیشن)و outing (ئاوتینن) سەیرانە**[3510]

.1433 **postpartum (پەوستپاتم) چیە؟ هی پاش ویلادە**[3511]

---

3504 بەمانای عیلمی ژمێرکاری دێت. عیلمی ژمێرکاری= (ع: علم الحساب)= زانستی ژمێرکاری.
I don't like arithmetic.
حەزم لەزانستی ژمێرکاری نیە.

3505 Vegetables are an integral part of our diet.
سەوزە بەشێکی بنچینەیی سیستەمی خۆراکمانە.

3506 We are responsible for the care and well-being of all our patients.
ئێمە بەرپرسیارین لەچاودێریکردن و ئاسودەیی نەخۆشەکانمان.

3507 بیسورە عامە= (ع: بصورة عامة)= بەشێوەیەکی گشتی.
It was generally a positive conversation.
بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆیەکی ئەرێنی بوو.

3508 هەروەها بەمشێوەیەش دەنوسرێت: bodybuilding.
کەمال ئەجسام= لەشجوانی: کۆمەڵێك وەرزش و ڕاهێنانی تایبەت بە لەشجوانی و بەهێزبونی ماسولکەیە.
Bodybuilding is famous in Iraq.
لەشجوانی لەعیراقدا بەناوبانگە.

3509 بەمانای جبەخانە دێت. هەروەها ناوی یانەی ئارسیناڵی ئینگلتەراش بە هەمان سپێڵ دەنوسرێت.

جبەخانە: کۆگای چەك و تەقەمەنی.

The army planned to attack enemy arsenals.

سوپا پلانی هێرشکردنە سەر جبەخانەکانی دوژمنی دانا.

3510 This week's our excursion will be to Ahmedawa.

سەیرانی ئەم هەفتەیەمان بۆ ئەحمەدئاوا دەبێت.

Every year the professor takes her students on an outing to the archives of the Library of Congress.
هەموو هەفتەیەك پرۆفیسۆر خوێندکارەکانی دەبات بۆ سەیرانێك لەناو ئەرشیفی کتێبخانەی کۆنگرێس.

3511 ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە پاش ویلادەوە هەبێت.
پاش ویلادە= پاش لەدایکبون.
Postpartum depression isn't a rare condition.
خەمۆکیی پاش لەدایکبون حاڵەتێکی دەگمەن نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

low-key (لەوکی) ئاوەڵناو بەمانای سادە[3512]

.1434 podcast (پۆدکاست) بەمانای بەرنامەی رادیۆ[3513]

strike down (سترایك داون)ە ئیلغادەکاتو[3514]

.1435 comprehensive (کۆمپریهێنسیڤ) مانای شامیلە[3515]

renal failure (رینەڵ فەیلیە) هینی گورچیلە[3516]

.1436 endure (ئیندیوە) چیە؟ بەرگەدەگرێت[3517]

acquire (ئەکوایە)، obtain (ئەبتەین) دەستیدەکەوێت[3518]

.1437 create (کریەیت) "یوبیدیعو"و "دروستدەکا"یە[3519]

---

3512 The wedding was low-key, with fewer than 30 people attending.

ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکە سادە بوو، کەمتر لە 30 کەس ئامادەی بوو.

3513 بەرنامەی رادیۆ= دەنگەبەرنامە.

The podcast was very useful.

دەنگەبەرنامەکە زۆر بەسود بوو.

3514 ئیلغادەکاتو= ئیلغادەکاتەوە= هەڵدەوەشێنێتەوە. رابردووەکەی struck downە.

In 2005, the Supreme Court in the USA struck down the death penalty for juveniles. Since 1976, 22 defendants had been executed for offenses committed as juveniles.

لەساڵی 2005، دادگای باڵا لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سزای لەسێدارەدانی بۆ نەوجەوانان هەڵوەشاندەوە. پێشتر، لەساڵی 1976ەوە تا ئەو کاتە، 22 کەس بەهۆی ئەنجامدانی تاوان لەتەمەنی نەجەوانیدا، لەسێدارەدرابون.

3515 شامیل= (ع: شامل)= گشتگیر.

A comprehensive study of the death penalty in North Carolina found that the odds of receiving a death sentence rose by 3.5 times among those defendants whose victims were white.

لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەسەر سزای لەسێدارەدان لەویلایەتی کارۆلاینای باکور دەریخستووە کە ئەگەر وەرگرتنی ئەو سزایە لەناو ئەو سکاڵالێکراوانەی قوربانییەکانی دەستیان سپییست بوون، بەرێژەی سێ ئەوەندەو نیو بەرزبووەتەوە.

3516 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە هینی گورچیلە برێتییە لە "سستبونی گورچیلە"، بەڵام لەپێناو پاراستنی کێشی شیعرەکە، سستبونەکەم گۆڕیوە بە هین.

High blood pressure is the second most common cause of kidney failure.

بەرزەفشاری خوێن دووەم باوترین هۆکاری سستبونی گورچیلەیە.

3517 He can’t endure being apart from me.

ناتوانێت بەرگەی جیابونەوە لەمن بگرێت.

3518 The council acquired the land using a compulsory purchase order.

ئەنجومەنەکە زەوییەکەی لەرێگەی بەکارهێنانی فەرمانێکی ناچاریی کڕین، دەستکەوت.

Further information can be obtained from head office.

دەکرێ لەنوسینگەی سەرەکی، زانیاریی زیاتر دەستبخرێت.

3519 بەمانای یوبدیعو و دروستدەکا دێت.

یوبدیعو= (ع: یبدع)= دادەهێنێت.

دورستدەکا= دروستدەکات.

Salah Rasheed created a new kind of music.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

in reality (ئین ڕیالەتی) (لەڕاستیدا)یە[3520]

[1438]. left (لێفت) واتە جێهێشت، هەروەها هی چەپ[3521]

(وازدەهێنێت لە) بەمانای give up (گیڤ ئەەپ)[3522]

[1439]. everyone (ئێڤریوەەن) چیە؟ هەموو کەسێك[3523]

anything (ئێنیثینن) هەرشتێ، لەگەڵ هیچ شتێك[3524]

[1440]. tip-off (تیپۆف) "بەلاغ"ە یا هەواڵلێدان[3525]

creativity (کریەیتیڤەتی) واتە داهێنان[3526]

[1441]. creative (کریەیتیڤ) چیە؟ داهێنەرە[3527]

---

سەڵاح رەشید جۆرێك موزیكی تازەی داهێنا.

Her behaviour is creating a lot of problems.

رەفتاری گەلێك كێشە دروستدەكات.

[3520] Srwa always seems so self-confident, but in reality he's extremely shy.

سروە هەمیشە وادیارە کە زۆر متمانەی بەخۆی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا ئێجگار شەرمنە.

[3521] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

لەمانای یەکەمیاندا رابردووی leave.

Karzan left her country to live in France.

كارزان وڵاتەكەی خۆی جێهێشت بۆ ئەوەی لە فەرەنسا بژی.

She held her left hand.

دەستی چەپی گرت.

[3522] Ronaldo has decided to give up football at the end of this season.

رۆناڵدۆ بڕیاریداوە لەکۆتایی ئەم وەرزەدا واز لەتۆپی پێ بهێنێت.

[3523] "I think everyone should experience defeat at least once during their career. You learn a lot from it." —Lou Holtz

پێموایە هەموو کەسێك لەکاتی پیشەکەیدا دەبێت لانیکەم یەکجار توشی دۆڕان ببێت، زۆر شتی لێوە فێردەبیت.

[3524] هەرشتێ= هەرشتێك.

You can buy anything you want.

دەتوانیت هەرشتێك دەتەوێت بیكڕیت.

"Anyone who has never made a mistake has never tried anything new." —Albert Einstein

ئەو کەسەی هەرگیز هیچ هەڵەیەکی نەکردووە، هەرگیز هیچ شتێکی تازەی تاقینەکردووەتەوە.

[3525] بەلاغ= هەواڵلێدان.

The arrests came after a tip-off from an ordinary citizen.

دەستگیرکردنەکان پاش بەلاغێك هاتن لەلایەن هاوڵاتییەکی ئاساییەوە.

[3526] “Creativity takes courage.” – Henri Matisse.

داهێنان بوێری پێویستە.

[3527] ناویشەو ئاوەڵناویشە.

ناو:

Several creatives are involved in the advertising campaign.

چەند داهێنەرێك بەشدارن لەهەڵمەتی ریکلامەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

ineffectual (ئینیفێکچوەڵ) ناکاریگەرە[3528]

1442. narrative (نارەتیڤ) چیە؟ مانای ریوایە[3529]

ڕوندەکاتەوە amplify (ئامپلیفای)ە[3530]

1443. defeat (دیفییت) سەرکەوتن، یەهزیم، دۆڕانە[3531]

manifestation (مانیفێستەیشن) زهور، "نیشانە"[3532]

1444. ئیلهام لای ئەوان inspiration (ئینسپەرەیشن)[3533]

misconception (میسکەنسێپشن)ە هەڵتێگەیشتن[3534]

1445. old (ئەوڵد) کۆن و پیرە[3535]، young (یەنگ) گەنج و لاوە[3536]

---

ئاوەڵناو:

He is a creative artist.

هونەرمەندێکی داهێنەرە.

[3528] The police were completely ineffectual in this matter.

پۆلیس لەم پرسەدا تەواو ناکاریگەر بوو. واتە هیچ رۆڵێکی کاریگەری نەبوو.

[3529] ریوایە= (ع: رواية)= گێرانەوە.

He's a master of narrative but his writing week.

ئەو مامۆستای گێڕانەوەیە بەڵام نوسینی لاوازە.

[3530] لەم مانایەدا موڕادیفی explainە.

Can you amplify this point please?

تکایە دەتوانیت ئەم خاڵە رونبکەیتەوە؟

[3531] بەمانای سەرکەوتن و یەهزیم و دۆڕان دێت. تەبعەن ئەمە یەکێکە لەسەیرو سەمەرەکانی زمانی ئینگلیزی کە خاوەنی چەند وشەیەکە کە مانای دژبەیەکیان هەیە.

یەهزیم= (ع: يهزم)= دەبەزێنێت.

The defeat of the army was followed by the establishment of constitutional government.

سەرکەوتنەکەی سوپا دامەزراندنی حکومەتێکی دەستوری بەدوادا هات.

They defeated the Italian team and reached the final.

تیپی ئیتاڵیایان بەزاندو گەیشتنە قۆناغی کۆتایی.

The socialist party suffered a crushing defeat in the elections.

لەهەڵبژاردنەکاندا پارتی سۆشیالیست توشی دۆڕانێکی گورچکبڕ بوو.

[3532] بەمانای زهورو نیشانە دێت. زهور= (ع: ظهور)= دەرکەوتن.

Manifestation of the disease often doesn’t occur until middle youth age.

زۆرجار تا تەمەنی تازەلاوی، دەرکەوتنی نەخۆشییەکە رونادات. واتە تا ئەو کاتە نەخۆشییەکە دەرناکەوێت.

This rash can be a manifestation of several things.

ئەم پەڵەیە دەکرێت نیشانەیەك بێت بۆ چەند شتێك.

[3533] He has always been a source of inspiration for me.

ئەو بەردەوام سەرچاوەی ئیلهامە بۆ من.

[3534] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە هەڵتێگەیشتن بریتییە لە "هەڵەتێگەیشتن"، بەڵام بەهۆی کێشی شیعرەکەوە، بزوێنەکەم لابردووە.

There is a popular misconception that too much exercise is bad for health.

هەڵەتێگەیشتنێکی باو هەیە کە گوایە وەرزشکردنی زۆر خراپە بۆ تەندروستی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**mire (مایە)، quagmire (کواگمایە)، swamp (سوامپ) زەلکاو**[3537]

[.1446] **mustard gas (مەستەد گاس) چیە؟ گازی خەردەلە**[3538]

**failure (فەیلیە) فاشل، سستبون، فەشەلە**[3539]

---

[3535] . بەمانای کۆن و پیریش دێت.

Many of the old buildings are still intact.

زۆرێك لەباڵەخانە کۆنەکان تائێستاش بەکەڵك دێن.

My uncle is an old man.

مامم پیاوێکی پیرە.

[3536] We were very young when we met.

کاتێك یەکترمان بینی، گەنج بوین.

[3537] هەرسێکیان بەمانای زەلکاو دێن.

The wheels got stuck in the mire.

تایەکان لەزەلکاوەکەدا چەقین.

In the rainy season the roads become a quagmire.

لەوەرزی باراناویدا ڕێگاکان دەبنە زەلکاو.

Don’t fear, the swamp isn’t deep.

مەترسە، زەلکاوەکە قوڵ نیە.

[3538] گازی خەردەل: گازێکی کوشندەیەو وەك چەك بەکاردەهێنرێت.

If one is exposed to a large amount of mustard gas, The victim can eventually die from it.

ئەگەر کەسێك بەر برێکی زۆر گازی خەردەل بکەوێت، دەکرێت دواجار بەهۆیەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێبهێڵێت!

[3539] فاشل= شکستخواردوو.

فەشەل= شکست: پێچەوانەی سەرکەوتن.

"Failure doesn't mean you are a failure it just means you haven't succeeded yet." —Robert H. Schuller

شکست مانای ئەوە نیە کە تۆ شکستخواردویت، بەڵکو تەنها مانای ئەوەیە کە تا ئێستا سەرکەوتنت بەدەست نەهێناوە.

He died from kidney failure.

بەهۆی سستبونی گورچیلەوە، گیانی لەدەستدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1447. brush (برەەش) كلك(ی ڕێوی)، دەشوا بە فڵچە[3540]

maid (مەید) کارەکەر، کچ[3541]، maiden (مەیدن)یش کچە[3542]

1448. important (ئیمپۆرتنت) گرنگ، واتە موهیمە[3543]

placenta (پلەسێنتە) ویڵاش، یەعنی مەشیمە[3544]

1449. urgent (ئێجنت) ئاوەڵناو، مانای بەپەلە[3545]

future (فیووچە) داهاتوو، ئەی موستەقبەلە[3546]

1450. fortitude (فۆتیچیوود) چیە؟ خۆڕاگری[3547]

immune system (ئیمیوون سیستم) هێنی بەرگری[3548]

---

Their attempt to climb Everest ended in failure.

هەوڵەکەیان بۆ سەرکەوتن بەسەر لوتکەی ئیڤرست، بە شکست کۆتاییهات.

[3540] دوان لەماناکانی کلکی ڕێوی و "دەشوا بەفڵچە"یە.

دەشوا بەفڵچە= بەفڵچە دەشوات= بەفڵچە دەشۆرێت.

Like a cat's, the fox's brush aids its balance, but it has other uses as well.

هەروەکو هی پشیلە، کلکی ڕێوی یارمەتیی هاوسەنگی ئەو گیاندارە دەدات، بەڵام سودی تریشی هەیە.

In a lifetime, the average American spends approximately 38.5 days just brushing their teeth.

تێکڕا هەر هاوڵاتییەکی ئەمەریکی نزیکەی 38 ڕۆژو نیوی تەمەنی بە شۆردنی ددان بەفڵچە بەسەردەبات.

[3541] In California many illegal immigrants work as maids and gardeners.

لە کالیفۆرنیا زۆرێك لەکۆچبەرانی نایاسایی وەك کارەکەرو باخەوان کاردەکەن.

Srwa was a young maid when she first met Karzan.

سروە کچێکی گەنج بوو کاتێك بۆ یەکەمین جار چاوی بە کارزان کەوت.

[3542] In the story, the prince wins the maiden.

لەچیرۆکەکەدا شازادەکە کچەکە دەباتەوە.

[3543] It’s important to clean your teeth at least twice a day. Not doing so can lead to cavities and gum disease.

گرنگە ڕۆژانە لانیکەم دوجار ددانەکانت پاکبکەیتەوە. بەپێچەوانەوە دەکرێ ببێتەهۆی کونبون و نەخۆشیی پوك.

[3544] بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە. زیادکردنی s یان e:

placentas, placentae.

The blood of both mother and baby pass through the placenta, but never mix.

خوێنی هەریەکە لەدایك و کۆرپە بەناو وێڵاشدا دەڕۆن، بەڵام هەرگیز تێکەڵاونابن.

[3545] Many people are in urgent need of food and water.

زۆر کەس پێویستیی بەپەلەیان بە خۆراك و ئاو هەیە.

[3546] ئەی= (ع:أي)= واتە. واتە مەخسەوی شەریف لەم نیوە بەیتە ئەمەیە:

وشەی future بەمانای داهاتوو دێت واتە موستەقبەل.

The future is made of the same stuff as the present.

داهاتوو لەهەمان ئەو شتانە دروستدەکرێت کە ئێستای لێ دروستدەکرێت.

[3547] She showed remarkable fortitude during that period.

لەو ماوەیەدا خۆڕاگرییەکی بەرچاوی پیشاندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1451 execution (ئێکسەکیووشن) ئیعدام، تەنفیزە[3549]

characteristic (کارەکتەریستیك) وەك feature (فییچە) "میزە"[3550]

.1452 immunity (ئیمیوونەتی) پارێزبەندییە[3551]

clobber (کلۆبە) لێدەدات، بەس بە توندییە[3552]

.1453 for good (فۆ گود) چیە؟ بۆ هەمیشە[3553]

common blackbird (کۆمەن بلاکبێێد) مانای رەشیشە[3554]

.1454 contender (کەنتێندە) چیە؟ واتە موونافیس[3555]

---

[3548] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەهینی بەگری بریتییە لەکۆئەندامی بەرگری بەڵام لەپێناو تێکنەچونی کێشی شیعرەکە کۆئەندامەکەم گۆڕیوە بە هین.

Your immune system needs sleep.

کۆئەندامی بەرگریت پێویستی بە خەوتن هەیە.

[3549] بەمانای ئیعدام و تەنفیزیش دێت. ئیعدام= لەسێدارەدان. تەنفیز= (ع: تنفیذ)= جێبەجێکردن.

The two men face execution.

دوو پیاوەکە روبەڕوی لەسێدارەدان دەبنەوە.

Sometimes in the execution of their duty the police have to use firearms.

هەندێجار لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، پۆلیس پێویستە چەکی ئاگرین بەکاربهێنێت.

[3550] میزە= (ع: میزة)= تایبەتمەندی.

Unfortunately a big nose is a characteristic of our family.

بەداخەوە، لوتی گەورە تایبەتمەندییەکی خێزانەکەمانە.

The town's main feature is its beautiful mosque.

تایبەتمەندیی سەرەکیی شارۆچکەکە مزگەوتە جوانەکەیەتی.

[3551] پارێزبەندی= (ع: حصانة).

He was granted immunity from prosecution because he confessed the names of the other spies.

بەهۆی ئەوەی ئیعترافی لەسەر ناوی سیخوڕەکانی تر کرد، ئەو پارێزبەندی لەدادگاییکردن پێبەخشرا. واتە لەدادگاییکردن دەپارێزرێت و تۆمەتی نادرێتەپاڵ.

[3552] بەمانای "بەتوندی لێدەدات" دێت.

If you do that again, I'll clobber you.

ئەگەر جارێکی تر ئەوە بکەیت، بە توندی لێتدەدەم.

[3553] The injury may keep him out of football for good.

رەنگە پێکانەکە بۆ هەمیشە لەتۆپی پێ دوربیخاتەوە.

[3554] رەشیشە= شەحرور= شالور: جۆرە باڵندەیەکە، نێرەکانیان لەمێیەکانیان گەورەترە تەواو رەشن.

Common blackbirds like to sing after rain.

رەشیشە پاش باران حەزدەکات بجریوێنێت.

[3555] موونافیس= (ع: منافس)= رکەبەر.

Now aged 42, he is no longer considered a serious contender for the title.

ئێستا لەتەمەنی 42 ساڵیدا، ئەو چیتر بە رکەبەرێکی گرنگ دانانرێت بۆ نازناوەکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**noose (نووس) قوڵفەی گوریس**[3556]**، rope (ڕەوپ) خودی گوریس**[3557]

**.1455 minimize (مینەمایز) چیە؟ کەمدەکاتەوە**[3558]

**durable (جیورەبڵ) مەتین، واتە پتەوە**[3559]

**.1456 fabulous (فابیلەس) زەخم، لەگەڵ نایابە**[3560]

**fascinating (فاسەنەیتینن)و charming (چامینن) جەزابە**[3561]

**.1457 leapt (لێپت) بازیدا، واتە قەفەزە**[3562]

**paper money (پەیپە مەەنی)یە عوملەی کاغەزە**[3563]

---

[3556] He put his head into the noose.

سەریکردە ناو قوڵفەی گوریسەکەوە.

[3557] بەمانای خودی گوریس واتە گوریس دێت.

There's too much slack in these ropes.

ئەم گوریسانە شلییان زۆر تێدایە.

[3558] دەتوانرێت لەبری پیتی zەکەش s بنوسرێت: minimise

It’s true that some heart problems can be inherited. It’s also true that you can minimize their impact by managing blood pressure and cholesterol through a heart-healthy lifestyle.

ڕاستە هەندێك لەکێشەکانی دڵ دەکرێ لەڕێگەی بۆماوەییەوە بگوازرێنەوە، بەڵام ئەوەش ڕاستە کە دەتوانیت کاریگەرییەکانیان لەڕێگەی کۆنترۆڵکردنی فشاری خوێن و کۆلیسترۆڵەوە کەمبکەیتەوە، ئەمەش لەڕێگەی گرتنەبەری ژیانەشێوازێکی پەیوەند بە تەندروستیی دڵەوە.

[3559] The machines have to be made of durable materials.

پێویستە مەکینەکان لەماددەی پتەو دروستبکرێن.

[3560] زەخم= (ع: ضخم)= زەبەلاح.

The businessman built up fabulous wealth for himself.

سەرمایەدارەکە سامانێکی زەبەلاحی بۆ خۆی پێکەوەنا.

The food was excellent, thank you.

خواردنەکە نایاب بوو، سوپاست دەکەم.

[3561] Your latest book is fascinating.

تازەترین کتێبت نایابە.

In 1983 he wrote a charming book about his father.

لەساڵی 1983، کتێبێکی سەرنجڕاکێشی سەبارەت بە باوکی نوسی.

[3562] قەفەزە= (ع: قفز)= بازیدا. ڕابردووی leap. هەروەها بە leapedیش دەکرێتە ڕابردوو.

She leapt over the fence.

بەسەر دیوارەکەدا بازیدا.

[3563] عوملەی کاغەز= دراوی کاغەز.

The box was full of coins and paper money.

سندوقەکە پڕبوو لەدراوی کانزایی و دراوی کاغەز.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1458. **vertebra (ڤێچەبرە) چیە؟ مانای بڕبڕە**[3564]

**breastbone (برێستبەون) ئێسکە، بەس هینی سەدرە**[3565]

1459. **location (لەوکەیشن)و room (ڕوم) هەردوو (مەکان)ە**[3566]

**immunity (ئیمیوونەتی)یە مانای حەسانە**[3567]

1460. **sincere (سینسیە) چیە؟ ڕاستەقینە**[3568]

**blue whale (بلوو وەیڵ) مانای نەهەنگی شینە**[3569]

1461. **cause (کۆز) لەگەڵ because (بیکۆز) هەردوو لیئەننە**[3570]

---

[3564] بەمانای بڕبڕەی پشت) دێت. جەمعەکەی vertebraeیە.

Ernest Hemingway lived through anthrax, malaria, pneumonia, dysentery, skin cancer, hepatitis, anemia, diabetes, high blood pressure, two plane crashes, a ruptured kidney, a ruptured spleen, a ruptured liver, a crushed vertebra, and a fractured skull.

نوسەری بەناوبانگی ئەمەریکی ئێرنست هێمنگوای لەژیانیدا توشی ئەم نەخۆشی و ڕوداوانە بووەو نەشی کوشتووە: ئەنتراکس، مەلاریا، هەوکردنی سییەکان، سکچوون، شێرپەنجەی پێست، هەوکردنی جگەر، کەمخوێنی، شەکرە، بەرزی فشاری خوێن، دوو ڕوداوی تێکشکانی فڕۆکە، تەقینی گورچیلەیەك، تەقینی سپڵ، تەقینی جگەر، شکانی بڕبڕەیەکی پشت، شکانێك لەکاسەی سەر.

[3565] بەمانای ئێسکی سەدر دێت. ئێسکی سەدر= ئێسکی سنگ. ئێسکی قەفەزەی سنگیشی پێدەووترێت.

The breastbone is longer in men than in women.

ئێسکی سنگی پیاو لە هی ژن درێژترە.

[3566] مەکان= شوێن.

The hotel is in a beautiful location overlooking the lake.

میوانخانەکە لەشوێنێکی خۆشدایەو بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوانێت.

That sofa will take up much room in the flat.

ئەو قەنەفەیە شوێنی زۆر دەگرێت لەشوقەکەدا.

[3567] حەسانە= (ع: حصانة)= پارێزبەندی.

They were granted immunity from prosecution.

پارێزبەندییان لەدادگاییکردن پێبەخشرا.

[3568] Please accept my sincere apologies.

تکایە پۆزشهێنانەوە ڕاستەقینەکەم قبوڵبکە.

[3569] A blue whale — the world's largest animal — has a heart weighing more than 1,000 pounds. A person could easily crawl through the aorta in that sized heart.

کێشی دڵی نەهەنگی شین کە گەورەترین زیندەوەرە لەجیهاندا، نزیکەی 455 کیلگۆکرامە. مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی بەناو شاخوێنبەری دڵێکی وەك قەبارەی هی نەهەنگی شیندا بخشێت.

نەهەنگی شین کە گەورەترین

[3570] لیئەننە= (ع: لأن)= لەبەرئەوەی.

A female's average heartbeat is faster than a male's by almost eight beats a minute. Cause their hearts are usually smaller in size, females need their hearts to beat more to pump the same amount of blood.

بەگشتی لێدانی دڵی ژن لە هی پیاو خێراترە بەڕێژەی نزیکەی هەشت لێدان لەخولەکێکدا. لەبەرئەوەی قەبارەی دڵی ژن بەگشتی لە هی پیاو بچوکترە بۆیە دڵی ژن پێویستی بە لێدانی زیاترە بۆ هەڵدانی هەمان بڕی خوێن.

Heart cancer is very rare because heart cells stop dividing in adulthood, making them more resistant to the sort of mutations that can lead to cancer.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

cause (دەبێتەهۆی)ش[3571]، granny (گرانی)یە نەنە[3572]

.1462 crescent moon (کرێسنت موون) مانای مانگی یەکشەوە[3573]

bind (بایند) یەربوتو[3574]، bound (باوند) بەستەوە[3575]

.1463 tablespoon (تەیبڵسپوون) کەوچك بەڵام هی تەعام[3576]

inspiration (ئینسپەرەیشن) بەمانای ئیلهام[3577]

.1464 manifest (مانەفێست) هەم لیست، هەم پیشاندەدا[3578]

beat up (بییت ئەەپ) یەزرییو، واتە لێدەدا[3579]

.1465 minimise (مینەمایز) چیە؟ کەمدەکاتەوە[3580]

---

شێرپەنجەی دڵ زۆر دەگمەنە، لەبەرئەوەی خانەکانی دڵ لەکاتی پێگەیشتنی مرۆڤدا لەدابەشبون دەوەستن، ئەمەش وادەکات زیاتر ڕێگری بکەن لەو جۆرانەی لادان کە دەکرێ ببنەهۆی شێرپەنجە.

[3571] واتە وشەی cause وەك کار بەمانای "دەبێتەهۆی" دێت.

The accident caused the complete closure of the road.

ڕوداوەکە بووەهۆی داخستنی تەواوەتیی ڕێگاکە.

[3572] موراديفی grandmotherە. نەنە= داپیرە= نەنك= دایەگەورە.

The children were all ears when Granny told them stories.

مندالەکان هەموو گیانیان ببوو بەگوێ کاتێك نەنە چیرۆکی بۆ دەگێڕانەوە.

[3573] The crescent moon is a common feature of the flags of Islamic countries.

مانگی یەکشەوە نیشانەیەکی باوی ئاڵای وڵاتە ئیسلامییەکانە.

[3574] یەربوتو= (ع: یربط)= دەبەستێتەوە.

یەکێکە لەکارە نائاسییەکان.

bind→ bound→ bound

Many straws may bind an elephant.

پوشی زۆر دەتوانێت فیل ببەستێتەوە.

[3575] They bound my arms and legs with rope.

قۆڵ و قاچمیان بە گوریس بەستەوە.

[3576] بەمانای کەوچکی تەعام دێت نەك هی چاو هتد..

کەوچکی تەعام= کەوچکی چێشت.

A typical heart pumps approximately 4 tablespoons of blood with each beat.

دڵی نمونەیی لەهەر لێدانێکدا نزیکەی چوار کەوچکی چێشت، خوێن هەڵدەدات.

[3577] Both poets drew their inspiration from the countryside.

هەردوو شاعیرەکە ئیلهامیان لەدێهاتەوە وەرگرتووە.

[3578] پیشاندەدا= پیشاندەدات.

The flight's passenger manifest contains the president.

لیستی سەرنشینانی گەشتە ئاسمانییەکە سەرۆکی تێدایە.

The shareholders have manifested their intention to sell the shares.

خاوەنپشکەکان ویستیان بۆ فرۆشتنی پشکەکان پیشاندا.

[3579] Her boyfriend got drunk and beat her up.

کەپڵەکەی سەرخۆشبوو و لێیدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**clean (کلیین) و cleanse (کلێنز) پاکدەکاتەوە**[3581]

**.1466 orchestrate (ئۆرکسترەیت)، arrange (ئەرەینج) واتە ڕێکدەخات**[3582]

**apartment (ئەپاتمەنت) شوقە**[3583]**، تەخت، شوقە flat (فلات)**[3584]

**.1467 catch (کاچ) ڕاودەکات، پەجزیبو، توشبوو**[3585]

**hold up (هەوڵد ئەپ) دوادەخات، لەگەڵ پەسنودو**[3586]

---

3580 بە سپێلی minimizeیش دەنوسرێت.

We must minimise the risk of infection.

پێویستە مەترسیی تەنینەوە کەمبکەینەوە.

3581 Clean your finger, before you point at my spots.

پێش ئەوەی ئاماژە بۆ پەڵەکانی من بکەیت، پەنجەت پاکبکەرەوە.

Good Books Cleanse the heart and broaden our horizons.

کتێبی باش دڵمان پاکدەکاتەوەو ئاسۆمان فراواندەکات.

3582 The rebel group orchestrated a coup.

گروپە یاخییەکە کودەتایەکی ڕێکخست.

My secretary will phone you to arrange a meeting.

سکرتێرەکەم تەلەفۆنت بۆ دەکات بۆ ڕێکخستنی چاوپێکەوتنێك.

3583 She pays ￡200 a week for this apartment.

هەفتانە 200 پاوەند دەدات بۆ ئەم شوقەیە.

3584 Bolivia, the world's flattest country.

بۆلیڤیا تەختترین وڵاتە لەجیهاندا.

They want a bigger flat.

ئەوان شوقەیەکی گەورەتریان دەوێت.

3585 یەکێکە لەکارە تەسریف نائاساییەکان:

catch→caught→caught

سیان لەدیارترین ماناکانی وەك کار ڕاودەکات و پەجزیبو و توشبوون.

پەجزیبو= (ع: یَجذِب)= ڕادەکێشێت.

Did you catch any fish?

هیچ ماسییەکت ڕاوکرد؟

Shara whistled sharply to catch the other girl's attention.

شارا بەتوندی فیکەی لێدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی کچەکانی تر.

Karzan caught malaria in Mali, and nearly died.

کارزان لە مالی توشی مەلاریا بوو و خەریکبوو بمرێت.

3586 پەسنودو= (ع: یسند)= ڕادەگرێت. ڕابردووەکەی held up.

Aren't you ready yet? You're holding us all up!

هێشتا حازر نیت؟ تۆ هەمومان دوادەخەیت!

The roof is held up by massive stone pillars.

سەقفەکە بە کۆڵەکەگەلی بەردینی زەبەلاح ڕادەگیرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1468 **seemingly (سییمینلی) چیه؟ واته وادیاره**[3587]

**overalls (ئەوڤەرۆۆڵز) قاتە بەس هینی کارە**[3588]

.1469 **suburban (سەبێیبن) واتە هی دەوروبەر شار**[3589]

**Catch you later (کاچ یوو لەیتە"ر")ە بەنیازی دیدار**[3590]

.1470 **towel (تاوەڵ) خاولییە**[3591]**، trowel (تراوەڵ) "ماڵە"**[3592]

**seize (سییز)و grab (گراب) دەگرێ**[3593]**، crab (کراب) قرژاڵە**[3594]

---

[3587] Zana is standing in the street, seemingly oblivious to the rain.

زانا لەشەقامەکەدا وەستاوە، وادیارە ئاگای لەبارانەکە نیە.

[3588] بەمانای قاتی کار دێت. قاتی کار= قاتی ئیش= بەدلەی ئیش.

His overalls caught in the engine.

قاتی کارەکەی لەمەکینەکە گیرا.

[3589] ئاوەڵناوە. بەمانای هی دەوروبەری شار دێت. بێگومان بەهۆی پاراستنی کێشی شیعرەکەوە، لەبری هی دەوروبەری شار نوسیومە هی دەوروبەر شار.

They live in a suburban area of Shanghai.

ئەوان لەناوچەیەکی دەوروبەری شاری شەنگەهای دەژین.

[3590] لەکاتی خواحافیزیدا بەکاردەهێنرێت.

'I'll give you a call in a couple of days.' 'Okay. Catch you later.'

لەماوەی دوو ڕۆژدا تەلەفۆنێکت بۆ دەکەم. زۆرچاکە. بەنیازی دیدار.

[3591] Don't wipe your grubby hands on my clean towel!

دەستە پیسەکانت بە خاولییە پاکەکەم مەسڕە.

[3592] ماڵەی چیمەنتۆکاری و ئەو چتانە!

سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتێکیان جیاوازە، هەربۆیە لەیەك نیوە بەیتدا کۆمکردنەوە.

I bought a new trowel.

ماڵەیەکی تازەم کڕی.

[3593] دەگرێ= دەگرێت.

Suddenly, he seized my hand.

کتوپڕ دەستی گرتم.

He grabbed his child's arm to stop her from running into the road.

قۆڵی منداڵەکەی گرت بۆ ئەوەی نەیەڵێت ڕابکات بۆ ناو ڕێگاکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1471. **seizure (سییژە) بەمانای دەستبەسەرگرتن**[3595]

**swimming pool (سویمینن پووڵ) حەوزە، هی مەلەکردن**[3596]

1472. **hoe (هەو) مانای {بێڵ}ە**[3597]**، backhoe (باکهەو) حەفارە**[3598]

**rabid (ڕابید) زۆرتوندڕەو، هەروەها هارە**[3599]

1473. **vendor (ڤێندە) چیە؟ فرۆشیارە**[3600]

**windshield wiper (ویندشییڵد وایپە) فڵچەی سەیارە**[3601]

1474. **flank (فلاننك) "خاسیرە"، واتە کەلەکە**[3602]

---

[3594] سەرنجبدە grabو crab هەردوکیان لەچوار پیت پێکدێن و لەڕوی خوێندنەوەشەوە یەك کێشیان هەیەو لەڕوی پێکهاتەشەوە جیاوازییان تەنها پیتی یەکەمە هەربۆیە کردمن بە دراوسێی یەك لەیەك نیوەبەیتدا.

All the shops on the seafront had crab for sale.

هەموو دوکانەکانی بەری دەریاکە، قرژاڵیان هەبوو بۆ فرۆشتن.

[3595] مەخسەوی شەریفم لە دستبەسەرگرتن، بریتییە لەدەستبەسەرداگرتن واتە موسادەرە.

The court ordered the seizure of his assets.

دادگا فەرمانی دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلەکانی دەرکرد.

[3596] بەمانای حەوزی مەلەکردن دێت.

The hotel has its own swimming pool.

میوانخانەکە حەوزی مەلەکردنی تایبەت بەخۆی هەیە.

[3597] She bought herself a hoe and a sickle.

بێڵێك و داسێکی بۆ خۆی کڕی.

[3598] A backhoe will partially dig the graves and the inmates will finish them.

حەفارەیەك بەشێکی گۆڕەکان هەڵدەکەنێت و زیندانییەکان تەواویان دەکەن.

[3599] بەمانای زۆر توندو هاریش دێت.

سەرنجبدە ئەم وشەیە لەشێوەزاری بریتانیدا چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە، بەڵام لە هی ئەمەریکیدا بە "ڕابد" دەخوێنرێتەوە.

هار: توشبوو بە نەخۆشیی هاری.

The attack is believed to have been carried out by a group of rabid anticommunists.

لەو بڕوایەدان هێرشەکە لەلایەن کۆمەڵێك دژەکۆمۆنیستی زۆرتوندڕەوەوە ئەنجامدرابێت.

A rabid dog bit him.

سەگێکی هار گازی لێگرت.

[3600] بە ڤێندۆش دەخوێنرێتەوە.

For the past few months she's been working as a street vendor, selling fruit and vegetables.

چەند مانگێکی کەمە وەك فرۆشیارێکی سەر شەقام کاردەکات، میوەو سەوزە دەفرۆشێت.

[3601] windscreen wiperیشی پێدەووترێت. بەدیاریکراوی بەمانای فڵچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل دێت نەك هی دواوە.

The windshield wiper is one of the important safety devices in an automobile. It is used for cleaning rain, dust and other materials on the windshield.

فڵچەی جامی پێشەوەی ئۆتۆمبێل یەکێکە لەئامێرە گرنگەکانی سەلامەتیی. بەکاردێت بۆ پاککردنەوەی باران، تەپوتۆزو ماددەی تری سەر جامی پێشەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**nectar (نێکته) شیلەیه، بەس هی رووەکه**[3603]

**.1475 go down (گەوداون) یەئفول، لەگەڵ دەدۆڕێت**[3604]

**chose (چەوز) هەڵبژارد**[3605]**، choose (چووز) هەڵدەبژێرێت**[3606]

**.1476 went down (وێنت داون) چیه؟ واته ئەفەله**[3607]

**shoot (شووت) مانای دەکوژێ، تەقەدەکا له**[3608]

**.1477 fluctuate (فلەکچوەیت) چیه؟ یاریدەکات**[3609]

---

[3602] خاسیره= (ع: خاصرة)= کەلەکه.

He put his hand on the dog's flank.

دەستی خستەسەر کەلەکەی سەگەکه.

[3603] بەمانای شیلەی رووەك دێت.

The bee turns nectar into honey.

هەنگ شیلەی رووەك دەگۆڕێت بۆ هەنگوین.

Male mosquitoes only feed on nectar.

بەپێچەوانەی مێیینەکانەوە، نێرینەی مێشولە تەنها لەسەر شیلە دەژی.

[3604] رابردووەکەی went downە.

یەئفول= (ع: یأفل)= ئاوادەبێت.

At what time does the sun go down?

له چ کاتێکدا خۆر ئاوادەبێت.

Last night England went down 4–2 to France.

شەوی رابردوو ئینگلتەرا 4 بە 2 بە فەرەنسا دۆڕا.

[3605] رابردوی chooseە.

He chose a white shirt.

کراسێکی سپی هەڵبژارد.

[3606] Choose an author as you choose a friend.

وەك چۆن هاوڕێ هەڵدەبژێریت، ئاوها نوسەر هەڵبژێره.

[3607] رابردوی go downە.

ئەفەله= (ع: أفل)= ئاوابوو.

The temperature drops when the sun goes down.

کاتێك خۆر ئاوادەبێت، پلەی گەرما دادەبەزێت.

[3608] دوان لەدیارترین ماناکانی وەك کار بریتییه له دەکوژێ و تەقەدەکا له. دەکوژێ= دەکوژێت. تەقەدەکا له= تەقەدەکات له. یەکێکه لەکاره نائاساییەکان:

shoot→ shot→ shot

Police shot one suspect when he pulled a gun on them.

پۆلیس گومانلێکراوێکی کوشت کاتێك دەمانچەی لێ راکێشان.

He shot the bird with his gun.

به دەمانچەکەی تەقەی لەباڵندەکه کرد.

[3609] یاریدەکات بەمانای بەرزونزمدەکات یان کەموزیاددەکات.

Vegetable prices fluctuate according to the season.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێره بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**pail (پەیڵ) مانای سەتڵ[3610]، pale (پەیڵ)یش واتە مات[3611]**

**1478. boardwalk (بۆۆدۆۆك) پیادەڕێ، بەڵام لەتەختە[3612]**

**progeria (پرەوجیەریە) پیربون، هینی پێشوەختە[3613]**

**1479. tenure (تینیە) فەترەیە، بەکوردی ماوە[3614]**

**total (تەوتڵ) "مەجموع"ە، هەمیش تەواوە[3615]**

**1480. read (رِیید) بەمانای دەخوێنێتەوە[3616]**

**stick around (ستیك ئەڕاوند) دەمێنێتەوە[3617]**

**1481. reader (ریێدە) ئوستازی موساعید، خوێنەر[3618]**

---

نرخی سەوزە بەگوێرەی وەرزەکە یاریدەکات.

[3610] Fill the pail with sand.

سەتڵەکە پرکە لە لم.

[3611] سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم دوو نیوەبەیتە هەرچەندە لەڕوی ماناو پێکهاتەوە جیاوازن، بەڵام بە یەك شێوە دەخوێنرێنەوە، هەربۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆمکردنەوە.

She wore a pale blue hat.

شەبقەیەکی شینی ماتی لەسەرکرد.

[3612] بەمانای پیادەڕێی دروستکراو لەتەختە، لەکەنار دەریاو روبارو هتد... دێت.

I bought some gifts on the boardwalk.

هەندێك دیاریم لەسەر پیادەڕێیەکە کڕی.

[3613] بەمانای پیربونی پێشوەخت دێت کە نەخۆشییەکە پێناسەکەی لەناوەکەیەوە دیارە.

Progeria is a rare genetic condition that causes rapid aging in children.

پیربونی پێشوەخت حاڵەتێکی بۆماوەیی دەگمەنە لەمنداڵداو دەبێتەهۆی خێراپیربون.

[3614] The tenure of the US Presidency is four years.

ماوەی سەرۆکایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان چوار ساڵە.

[3615] بەمانای مەجموع و تەواو دێت. مەجموع= کۆ.

The total comes to fifty-four dollars.

مەجموع دەکاتە 44 دۆلار.

It was total chaos because of the transport strike.

بەهۆی مانگرتنی هۆکارەکانی گواستنەوە، پشێوییەکی تەواو بوو.

[3616] یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

read→ read→ read

The more that you read, the more things you will know.

تا زیاتر بخوێنیتەوە، شتی زیاتر دەزانیت.

[3617] If you don't feel like sticking around here, we could find a place to get some coffee.

ئەگەر هەستدەکەیت حەز بەمانەوە لێرە ناکەیت، دەتوانین شوێنێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی هەندێك قاوە بخۆینەوە.

[3618] بەمانای ئوستازی موساعیدو خوێنەر دێت. ئوستازی موساعید= (ع: أستاذ مساعد)= پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

Alan is a Reader in History at Dublin University.

ئالان پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لەزانکۆی دبڵن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

ترییت) دیارییە، دەکا چارەسەر[3619] (treat
[.1482] at all (ئەتۆڵ) ئیتلاقەن، کەواتە هەرگیز[3620]
queue (کیوو) واتە سەف، بەکوردییەکەی ریز[3621]
[.1483] grump (گرەمپ) بەمانای بۆڵەبۆڵدەکات[3622]
pump (پەمپ) یەزوخخو، واتە هەڵدەدات[3623]
[.1484] plank (پلانك) مانای "بەند"ە، لەگەڵ تەختەدار[3624]
a hard situation (ئە هاد سیچوەیشن) رەوشێکی دژوار[3625]
[.1485] snail (سنەیڵ)، escargot (ئیسکاگەو) هەردوکیان لولپێچ[3626]

---

She's an avid reader of historical novels.

ئەو خوێنەرێکی تینوی رۆمانی مێژوییە.

[3619] دوان لەدیارترین ماناکانی "دیاری"و "دەکا چارەسەر"ن. دەکا چارەسەر= چارسەردەکات.

I have a treat for her.

دیارییەکم پێیە بۆی.

It was difficult to treat patients because of a shortage of medicine.

بەهۆی کەمیی دەرمانەوە، چارەسەرکردنی نەخۆشەکان قورس بوو.

[3620] ئیتلاقەن= (ع: إطلاقاً)= هەرگیز= بەهیچ شێوەیەك.

Sharks have the best immunity to diseases that are known to man and deadly diseases like cancer do not affect them at all.

قرش باشترین بەرگریی لەشی هەیە لەدژی ئەو نەخۆشییانەی لای مرۆڤ ناسراون و نەخۆشییە کوشندەکانی وەك شێرپەنجە هەرگیز کاری تێناکات.

[3621] The word "queue" is pronounced the same way when the last 4 letters are removed.

وشەی queue کە بەمانای ریز دێت، وەك دەنگی پیتی q دەخوێنرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەگەر چوار پیتی کۆتاییشی لێبکەیتەوە، هەر بە هەمان شێوە دەخوێنرێتەوە.

If you want tickets you'll have to join the queue.

ئەگەر بلیتت دەوێ، پێویستە بچیتە ناو ریزەکەوە.

[3622] He was grumping about how cold the house was.

سەبارەت بە ساردیی خانووەکە، بۆڵەبۆڵی دەکرد.

[3623] یەزوخخو= (ع:یَضُخّ)= هەڵدەدات.

The heart pumps blood through the body.

دڵ خوێن هەڵدەدات بۆ ناو لەش.

[3624] Encouraging people to shop locally is a main plank of his environment policy.

هاندانی خەڵك بۆ بازارکردنی ناوخۆیی، یەکێکە لەبەندە سەرەکییەکانی سیاسەتە ژینگەییەکەی.

We used a plank to cross the small river.

بۆ پەرینەوە لەرووبارە بچوکەکە، تەختەدارێکمان بەکارهێنا.

[3625] The refugees are in a hard situation, living in camps with little food or water.

پەنابەرەکان لەرەوشێکی دژواردان، لەخێوەتگادا دەژین و خواردن و ئاویان کەمە.

[3626] گیاندارێکی بەناوبانگە. حەلەزۆنیشی پێدەووترێت هەرچەندە لەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە.

هەردوکیان بەمانای لولپێچ دێن، بەڵام دووەمیان زیاتر بۆ خواردنەکەی بەکاردەهێنرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**لێکۆڵینەوە ماناکەی research (ریسێرچ)**[3627]

**.1486 comfortable (کەمفتەبڵ)، comfy (کەمفی) هەردوکیان موریح**[3628]

**penalty shootout (پێنەڵتی شووتاوت) رەکەلاتی تەرجیح**[3629]

**.1487 ever since (ئێڤە سینس) چیە؟ ئەی "لەو کاتەوە"**[3630]

**struck down (سترەك داون)ە ئیلغاکردەوە**[3631]

**.1488 move (مووڤ) یەتەحەرِەك، واتە دەجوڵێت**[3632]

**cut short (کەت شۆت) یەقتەعو، بەکوردی دەبڕێت**[3633]

**.1489 currently (کەرەنتلی) چیە؟ لەئێستادا**[3634]

---

There are over 60,000 species of snails in the world.

زیاتر لەشەست هەزار جۆر لولپێچ هەیە لەجیهاندا.

Even though it sounds weird, I recommend you try escargot.

هەرچەندە شتێکی سەیر دیارە، بەڵام ئامۆژگاریت دەکەم کە لولپێچ تاقیبکەیتەوە. واتە خواردنی تاقیبکەیتەوە.

[3627] A new research reveals how the Nazis targeted transgender people.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئەوەی دەرخستووە کە چۆن نازییەکان کەسانی رەگەزگۆڕاویان کردووەتە ئامانج.

[3628] موریح: حەوێنەر، ئاسودەکەر.

Their car was bigger and therefore more comfortable.

سەیارەکەی ئەوان گەورەتر بوو، بۆیە زیاتر حەوێنەر بوو.

There's also a table and comfy chairs.

مێزو کورسیی حەوێنەریشی لێبوو.

[3629] رەکەلاتی تەرجیح= لێدانی یەکلاکەرەوە "لەیاری تۆپی پێدا".

The players lined up for the penalty shootout, their hearts pounding in their chests.

یاریزانەکان ریزبون بۆ لێدانی یەکلاکەرەوەکە، دڵیان لەناو سنگیاندا بەتوندی لێیدەدا.

[3630] ئەی "لەو کاتەوە"= (ع: أي "لەو کاتەوە")= واتە "لەو کاتەوە". واتە لەبەر زەرووراتی شیعر لەبری وشەی "واتە"، وشەی "أي"م بەکارهێناوە کە عەرەبییە.

We met at a party in 2005 and we've been together ever since.

لەساڵی 2005 یەکترمان بینی، لەو کاتەوە پێکەوەین.

[3631] ئیلغاکردەوە= هەڵوەشاندەوە.

رابردوی strike downە. سەرنجبدە رانەبردووەکەی پیتی c تێدا نیە، کەچی رابردووەکەی تێیدایە کە ئەمەش حاڵەتێکی دەگمەنە. رەنگە بپرسیت بۆچی؟ خۆمگیان: چوزانم، ئەوە دەبێت ئەو پرسیارە لەشکسپیرو ئەوانە بکەیت نەك لەمنی داماو!

The court struck down the law on the grounds that it was unconstitutional.

دادگا یاسایەکەی هەڵوەشاندەوە لەبەرئەوەی نادەستوری بوو.

[3632] Deep rivers move in silence.

روباری قوڵ بەبێدەنگی دەجوڵێت.

[3633] رابردووەکەشی هەر cut shortە، چونکە cut یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

We cut short our vacation when we learned of my mother's illness.

کاتێك بە نەخۆشییەکەی دایکمان زانی، پشووەکەمان بری.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

jump (جەمپ)و leap (لییپ)و hop (هۆپ) هەرسێ بازدەدا[3635]

[.1490] limb (لیم) مانای لقە، هەروەها "پەل"ە[3636]

hypothyroidism (هایپەوثایرۆیدیزم) غودەی تەممەڵە[3637]

[.1491] bloat (بلەوت) یەنتەفیخ، واتە دەئاوسێ[3638]

horseman (هۆسمەن) ئەسپسوار[3639]، horsewoman (هۆسومەن) هی مێ[3640]

---

[3634] Human feces contain metals like gold, silver, and palladium. Scientists are currently trying to figure out how to extract the precious metals from our poop.

پیسایی مرۆڤ کانزای وەك ئاڵتون، زیوو پالادیومی تێدایە. زانایان لەئێستادا لەهەوڵی ئەوەدان کە رێگایەك بدۆزنەوە بۆ دەرهێنانی ئەو کانزا بەنرخانە لەپیساییماندا.

[3635] بازدەدا= بازدەدات. لەشێوەزاری بریتانییدا دارشتەی رابردوو و تەسریفی سێیەمی leap، بریتییە لە leapt. بەڵام لە هی ئەمەریکیدا زیاتر بریتییە لە زیادکردنی ed.

He jumped over the wall and ran off.

ئەو بەسەر دیوارەکەدا بازیداو هەڵات.

The small animals easily leap from a tree to another.

گیاندارە بچوکەکان بەئاسانی لەدرەختێکەوە بۆ یەکێکی تر بازدەدەن.

Look before you leap.

پێش ئەوەی بازبدەی سەیرکە.

He hopped over the fence and ran away.

بەسەر دیوارەکەدا بازیداو هەڵهات.

[3636] بەمانای پەل(ی مرۆڤ یان گیاندار)و لق(ی درەخت) دێت.

ناسکەسەرنجی رێزمانی: ئەو وشانەی بە mb کۆتاییان دێت، پیتی bیەکە ناخوێنرێتەوە. ئەمە یەکێکە لەو جۆرە وشانە.

She sat on a limb of the tree and looked down.

لەسەر لقی درەختێك دانیشت و سەیری خوارەوەی کرد.

The kangaroo uses its tail as a fifth tail.

کەنگەر کلکی وەك پەلی پێنجەم بەکاردەهێنێت.

[3637] غودەی تەممەڵ: یەکێکە لەنەخۆشییە باوەکان.

Hypothyroidism can cause a variety of symptoms, including fatigue, weight gain, sensitivity to cold, and constipation.

غودەی تەممەڵ دەکرێ چەند نیشانەیەکی جیاواز دروستبکات لەوانە: بێتاقەتی، زیادبونی کێش، هەستیاری بە سەرما، قەبزی.

[3638] دەئاوسێ= دەئاوسێت.

Eating too much food can cause your stomach to bloat.

خواردنی زۆر دەکرێ ببێتەهۆی ئەوەی سکت بئاوسێت.

[3639] He was the first to see the horseman in the distance.

یەکەم کەس بوو کە ئەسپسوارەکەی لەدورەوە بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

.1492 **mug (مەگ) ساویلکەیە، پەرداخ، دەموچاو**[3641]

**suspect (سەسپێکت) بەمانای گومانلێکراو**[3642]

.1493 **sulphur (سەلفە)و sulfur (سەلفە) هەردوکیان گۆگرد**[3643]

**comparison (کەمپارەسەن)ە مانای بەراورد**[3644]

.1494 **languish (لانگویش) چیە؟ لاوازدەبێ**[3645]

**blend (بلێند) تێکەڵەو تێکەڵاودەبێ**[3646]

.1495 **provide (پرەڤاید) چیە؟ دابیندەکا**[3647]

---

[3640] بەمانای ئەسپسواری مێ دێت. ئەسپسواری مێ= خانمەئەسپسوار= ژنەئەسپسوار.
She is an experienced horsewoman.
ئەو خانمەئەسپسوارێکی بەئەزمونە.

[3641] سیان لەماناکانی ساویلکەو پەرداخ (هی گەورە نەك بچوك)و دەموچاو(ی مرۆڤ)ن.
Only a mug believes his lies.
تەنها ساویلکە بڕوا بە درۆکانی دەکات.
He was so thirsty that he drank a mug of milk.
هێندە تینوو بوو کە پەرداخێکی گەورە شیری خواردەوە.

I don’t like his mug.

حەزم لەدەموچاوی نیە. ئەشتوانی لەوەرگێرانی ئەم ناسکەڕستەیەدا بفەرمویت: حەزم لەچروچاوی نیە!!!!

[3642] Police have issued a photograph of the suspect.

پۆلیس وێنەیەکی گومانلێکراوەکەی بڵاوکردووەتەوە.
[3643] وشەی یەکەمیان زیاتر بریتانییەو دووەمیان ئەمەریکییە.
Sulphur is essential to all living things.
گۆگرد توخمێکی بنچینەییە بۆ هەموو شتێکی زیندوو.
Sulfur is used to make rubber.
گۆگرد بۆ دروستکردنی لاستیك بەکاردەهێنرێت.
[3644] It is comparison that makes men happy or miserable.
ئەوەی کە مرۆڤ بەختیار یان کلۆڵ دەکات، بەراوردە.
[3645] لاوازدەبێ= لاوازدەبێت.
The prisoner languished.
زیندانییەکە لاوازبوو.
[3646] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.
دوان لەماناکانی تێکەڵەو تێکەڵاودەبێن. تێکەڵاودەبێ= تێکەڵاودەبێت.
His manner was a blend of friendliness and respect.
ڕەفتاری تێکەڵەیەك بوو لەدۆستایەتی و ڕێز.
Oil and water don’t blend.
نەوت و ئاو تێکەڵاونابن.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

expect (ئیکسپێکت) مانای پێشبیندەکا[3648]

.1496 submandibular (سەبماندیبیەلە) هی ژێر فەکی خوار[3649]

comet (کۆمیت) موزەنەب، واتە کلکدار[3650]

.1497 movement (مووڤمەنت) جوڵەیە، لەگەڵ حەرەکە[3651]

pouch (پەوچ) مانای کیسە، واتە تورەکە[3652]

.1498 belittle (بلیتڵ) چیە؟ مانای سوکدەکات[3653]

fledge (فلێج) پەریشو، واتە پەڕدەکات[3654]

---

[3647] دابیندەکا= دابیندەکات.

The hotel provides a shoe-cleaning service for guests.

میوانخانەکە خزمەتگوزاریی پاککردنەوەی پێڵاو بۆ میوانەکان دابیندەکات.

A 100 gram serving of carrots provides an estimated 41,000 calories.

تەنها سەد گرام گێزەر نزیکەی 41 هەزار کالۆری دابیندەکات.

[3648] پێشبینیدەکا= پێشبینیدەکات.

Expect the best, plan for the worst.

پێشبینی بۆ باشترین بکەو پلان بۆ خراپترین دابنێ.

[3649] بێگومان دەبوایە بمنوسیایە هی ژێر فەکی خوارەوە، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە سێ پیتی کۆتاییم لێکردووەتەوە. هی ژێر فەکی خوارەوە= هی ژێر شەویلگەی خوارەوە.

The results indicate that the submandibular gland tumor is bengin.

ئەنجامەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە لووەکەی سەر ڕژێنی ژێر شەویلگەی خوارەوە پاکە.

[3650] کلکدار: تەنێکی ئاسمانیی کلدارەو بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

When the comet is far from the sun, it travels at about 2,000 miles per hour. As it gets closer to the sun, its speed increases. It may travel at over 100,000 miles per hour!

کلکدار کاتێك لەخۆرەوە دورە، بەخێرایی نزیکەی دوو هەزار میل لەسەعاتێکدا دەڕوات، بەڵام کاتێك لێی نزیکدەبێتەوە، دەکرێ خێراییەکەی بگاتە سەروو سەد هەزار میل لەسەعاتێکدا.

[3651] بەمانای جوڵەو حەرەکە "بزوتنەوە" دێت.

He made a sudden movement and frightened the bird.

جوڵەیەکی کتوپری کردو باڵندەکەی تۆقاند.

Activists had infiltrated the student movement.

چالاکوانان دزەیانکردبووە ناو بزوتنەوە خوێندکارییەکەوە.

[3652] She kept her money in a pouch.

پارەکەی لەناو تورەکەیەکدا هەڵگرت.

[3653] سوکدەکات: لەبەهای کەمدەکاتەوە، بەبچوك سەیریدەکات.

“Keep away from people who try to belittle your ambitions. Small people always do that, but the really great make you feel that you, too, can become great.”– Mark Twain

نزیك مەبەرەوە لەو کەسانەی هەوڵدەدەن تموحەکانت سوکبکەن. کەسانی بچوك هەمیشە ئەوە دەکەن، بەڵام مەزنە ڕاستەقینەکان ئەو هەستەت لا دروستدەکەن کە دەتوانیت تۆش ببیتە کەسێکی مەزن.

[3654] پەریشو= (ع: یَریشُ)= پەڕدەکات.

The chicks are expected to fledge in August.

چاوەڕواندەکرێت بێچووەکان لەمانگی ئابدا پەڕبکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1499 "run" (ڕەن) بەمانای بەڕێوەدەبات[3655]

engulf (ئینگەڵف) یەبتەلیع، واتە قوتدەدات[3656]

.1500 go down (گەوداون) چیە؟ واتە یەغرەقو[3657]

interest (ئینتریست) پشك و سوو، لەگەڵ ئارەزوو[3658]

.1501 kindle fire (کیندڵ فایە) ئاگردەکاتۆ[3659]

trial (چرایەڵ) بەڵایە، تاقیدەکاتۆ[3660]

.1502 in the interest of (ئین ذی ئینتریست ئەڤ) واتە لەپێناو[3661]

supine (سووپاین) ئاوەڵناو، مانای ڕاکشاو[3662]

.1503 amateur (ئامەتە) چیە؟ ناپیشەگەرە[3663]

---

[3655] یەکێك لەماناکانی "بەڕێوەدەبات"ە. run یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

run→ ran→ run

Many people don’t care who runs the country.

زۆر کەس گوێ بەوە نادەن کە کێ وڵات بەڕێوەدەبات.

[3656] بەمانای قوتدانی مەعنەوی دێت نەك هی ماددی.

The war is threatening to engulf the entire region.

جەنگ هەڕەشەی قوتدانی تەواوی ناوچەکە دەکات.

[3657] یەغرەقو= (ع: یغرق)= نقومدەبێت. ڕابردووەکەی went downە.

Ten men died when the ship went down.

کاتێك کەشتییەکە نقومبوو، 10 پیاو گیانیان لەدەستدا.

[3658] The trader sold some of its interests.

بازرگانەکە هەندێك لەپشکەکانی فرۆشت.

The interest on the loan is 16% per year.

سوو لەسەر قەرزەکە، لەسەدا 16یە بۆ هەر ساڵێك.

As a biologist, my main interest is human genetics.

وەك پسپۆڕێکی بایۆلۆجی، ئارەزوی سەرەکیم بۆماوەیی مرۆڤە.

[3659] ئاگردەکاتۆ= ئاگردەکاتەوە.

We set up our tents and kindled a fire.

چادرەکانمان جێگیرکردو ئاگرێکمان کردەوە.

[3660] دوان لەماناکانی بەڵاو "تاقیدەکاتۆ"ن. تاقیدەکاتۆ= تاقیدەکاتەوە.

My brothers and I were always a real trial to my parents.

من و براکەم هەمیشە بەڵایەکی ڕاستەقینە بوین بۆ دایکوباوکمان.

We will trial the new drug in several hospitals.

دەرمانە نوێیەکە لەچەند نەخۆشخانەیەك تاقیدەکەینەوە.

[3661] In the interests of your own safety, please do not smoke.

لەپێناو سەلامەتیی خۆتدا، تکایە جگەرە مەکێشە.

[3662] ئاوەڵناوە بەمانای ڕاکشاو دێت بەڵام لەسەر پشت نەك سك.

He always sleeps in a supine position.

ئەو هەمیشە بە شێوازی ڕاکشاو (لەسەرپشت) دەخەوێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**grump (گرەمپ) بەمانای بۆڵەبۆڵکەر**[3664]

.1504 **Noah (نـەوە) واتە نوح[3665]، the Ark (ذی ئاك) کەشتییەکەی**[3666]

**somewhere around (سەمویێرەراوند) مانای نزیکەی**[3667]

.1505 **fiesta (فیێستە) چیە؟ میهرەجانە**[3668]

**balloon (بەڵوون) هەم باڵۆن، هەم میزەڵانە**[3669]

.1506 **femur (فیمە) بەمانای ئێسقانی رانە**[3670]

---

[3663] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (ئامەچەر) گۆیدەکەن.

ناپیشەگەر= هاوی: پێچەوانەی پرۆفیشناڵ، کەسێك بۆ خۆشی چالاکییەك دەکات نەك وەك پیشە.

"Every artist was at first an amateur." – Ralph W. Emerson

هەموو هونەرمەنێك لەسەرەتادا هاوی بووە.

[3664] He's only an old grump - don't listen to him.

ئەو جگە لەپیرەپیاوێکی بۆڵەبۆڵکەر هیچی تر نیە. گوێی لێ مەگرە.

[3665] بێگومان مەخسەوی شەریفم حەزرەتی نوحە سەلامی خودای لەسەر بێت.

You can read the story of Noah in the Quran.

دەتوانیت چیرۆکی نوح لەقورئاندا بخوێنیتەوە.

[3666] بەمانای کەشتیی نوح دێت. هەروەها Noah's arkیشی پێدەووترێت.

What do you know about the Ark?

سەبارەت بە کەشتیی نوح چی دەزانیت؟

[3667] The company's annual profit is somewhere around $70 million.

قازانجی ساڵانەی کۆمپانیاکە نزیکەی حەوت هەزار دەفتەری ناسکە!

[3668] میهرەجان= فیستیڤاڵ: ئاهەنگ.

The fiesta was very crowded.

فێستیڤاڵەکە زۆر قەرەباڵغ بوو.

[3669] A man left Havana in a hot air balloon in 1856 and has been missing ever since.

لەساڵی 1856، پیاوێك لەشاری هاڤانای کوبا بە باڵۆنێکی هەوای گەرم گەشتێکی ئەنجامدا. بەڵام لەوکاتەوە نەبینراوەتەوەو بێسەرو شوێنە.

If the balloon blew up into your face don't be angry because the reason is yourself inflated it so much and gave it more than its normal size.

ئەگەر میزەڵان تەقی بە دەموچاوتدا، توڕە مەبە چونکە هۆکارەکە خۆتی کە هێندە زۆر فوت تێکردووەو قەبارەت زیاد لەحەدی خۆی پێداوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**groin (گرۆین) واتاکەی بەرمیزەڵدانە**[3671]

.1507 **lesbian (لێزبیەن) مێیینەی هاوڕەگەزخوازە**[3672]

**fox (فۆکس)و weasel (وییزڵ) هەردوو فێڵبازە**[3673]

.1508 **gender (جێندە) ڕەگەزە**[3674]**، gander (گاندە) نێرەی قاز**[3675]

**gosling (گۆزلینن) بێچووەقاز**[3676]**، falcon (فۆڵکن) واتە باز**[3677]

---

[3670] ئێسقانی ران= ئێسکی ران

The X ray detected a simple break in his left femur.

ئەشیعە دەریخست کە شکانێکی سادە لەئێسکی رانیی چەپیدا هەیە.

[3671] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

There is a sharp ache in my groin.

ئازارێکی توند لەبەرمیزەڵدانمدا هەیە.

[3672] . مێینەی هاوڕەگەزخواز= ژنی هاوڕەگەزخواز: ژنێك کە لەڕوی سێکسییەوە حەز لەڕەگەزی خۆی دەکات نەك پیاو.

There are many lesbians in the Europe.

ئەوروپا ژمارەیەکی زۆر ژنی هاوڕەگەزخوازی تێدایە.

[3673] ئەم دوو وشەیە لەم مانایەدا موورادیفن. مانای وشەی یەکەمیان مەجازییە.

He is one of the foxes of the party.

ئەو یەکێکە لەفێڵبازەکانی حزبەکە. بێگومان دەتوانرێت بشوترێت یەکێکە لەڕێوییەکانی حزبەکە.

There are many weasels in the market.

بازاڕ ژمارەیەکی زۆر فێڵبازی تێدایە.

[3674] ڕەگەز= جنس

About 1 in 10,000 chickens can change their gender.

لەهەموو 10 هەزار مریشکێك، نزیکەی یەکێکیان دەتوانێت ڕەگەزی خۆی بگۆڕێت.

[3675] سەرنج بدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە لەڕوی فۆرمەوە جیاوازییان تەنها یەك حەرفە بەڵام لەڕوی ماناو خوێندنەوەوە جیاوازیی نێوانیان زۆرە.

The gander is very fat.

قازە نێرەکە زۆر قەڵەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1509. **Good Morning (گود مۆرنینن) مانای (بەیانیت باش)ە**[3678]

**following (فۆلەوینن) حەرفی جەر، واتای "لەپاش"ە**[3679]

1510. **He is still not well. (هی ئس ستیڵ نۆت ویڵ) هێشتا باش نیە**[3680]

**calmness (کامنس) هودوئە، ئەی هێمنییە**[3681]

1511. **shifty (شیفتی) موراویغ، کەواتە زۆرزان**[3682]

**diligence (دیلیجنس)، مانای هەوڵ و تێکۆشان**[3683]

1512. **mock (مۆك) بەمانای گاڵتەدەکات بە**[3684]

---

[3676] برادرانی ئەمەریکا بە گاازلینن گۆیدەکەن.

We saw several beautiful goslings in the spring.

چەند بێچووەقازێکی جوانمان لەناو کانییەکەدا بینی.

[3677] برادرانی ئەمەریکا بە فاڵکن گۆیدەکەن.

باز: باڵندەیەکی گۆشتخۆرە.

The falcon is the fastest animal on the planet. It can reach speed of 200 miles per hour when it rushes toward the prey.

باز خێراترین زیندەوەرە لەسەر زەوی، لەکاتێکدا بەگوڕ بەرەو نێچیرەکەی دەڕوات، خێراییەکەی دەکرێ بگاتە 200 میل لەسەعاتێکدا.

[3678] بۆ سلاوکردن لەبەیانیاندا بەکاردەهێنرێت.

Good morning, students! Are you ready to learn today?

بەیانیتان باش خوێندکاران! ئەمڕۆ ئامادەن بۆ فێربون؟

[3679] واتە ئەم وشەیە وەك حەرفی جەر "ئامرازی پەیوەندی" بەکاردەهێنرێت و بەم شێوەیە بەمانای لەپاش دێت.

Following the dinner, there will be a meeting.

لەپاش ئێوارەخوانەکە، کۆبونەوەیەك ئەنجامدەدرێت.

[3680] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

هێشتا باش نیە: تائێستا باش نیە.

[3681] هێمنی= ئارامی.

Despite the calmness of his voice, I could tell he was angry.

سەرباری هێمنیی دەنگی، دەتوانم بڵێم تورە بوو.

[3682] A shifty lawyer won the case.

پارێزەرێکی زۆرزان کەیسەکەی بردەوە.

[3683] This is a matter that requires the utmost diligence.

ئەمە پرسێکە پێویستی بە ئەوپەری هەوڵ و تێکۆشان هەیە.

[3684] Opposition MPs mocked the government’s decision.

پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن گاڵتەیان بە بڕیارەکەی حکومەت کرد.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**[3685]لەبەرچاوم ونبە! (گێتاوت ئەڤ ماى سایت) Get out of my sight!**

**.1513 شێتۆکە wacky (واکی) هەمیش whacky (واکی)یە[3686]**

**[3687]ۆت دو یو میین)ە مەبەستت چیە؟) What do you mean?**

**.1514 ardor (ئاادە"ر")و ardour (ئاادە) هەردوکیان حەماس[3688]**

**[3689]زۆر زۆر سوپاس (ثانك یو ڤێرى مەچ) Thank you very much**

**.1515 dusk (دەسك) ماناى چیە؟ دەمەوئێوارە[3690]**

**[3691]هۆکارە (کۆز) cause وەك بۆچی؟ (واى) واتە why**

**.1516 Did you get my point? (دد یو گێت ماى پۆینت) لێم تێگەیشتی؟[3692]**

**[3693]overall (ئەوفەرۆڵ) گشتی، لەگەڵ بەگشتی**

---

[3685] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[3686] I have several wacky friends.

چەند هاوڕێیەکی شێتۆکەم هەیە.

How can you live with that whacky man?

چۆن دەتوانیت لەگەڵ ئەو پیاوە شێتۆکەیەدا بژیت؟

[3687] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[3688] یەك وشەن بەڵام سپێڵیان جیاوازە، یەکەمیان سپێڵی ئەمەریکییەو دووەمیان بریتانییە.

حەماس= پەرۆشی.

بە پەرۆشییەکی راستەقینەوە (زۆرەوە) گۆرانییان وت.

[3689] Thank you very much for the gift. It's beautiful.

زۆر زۆر سوپاس بۆ دیارییەکە. جوانە.

[3690] مەخسەوی شەریفم لە"دەمەوئێوارە" زەردەپەرە، واتە ئەو کاتەی ئێوارە کە تازە دەستیکردووە بە تاریکبون.

As dusk fell, we headed back to the hotel.

هەر کە دەمەوئێوارە داهات، رومانکردەوە هۆتێلەکە.

[3691] واتە وشەی why وەك ئامرازی پرسیارکردن بەمانای "بۆچی؟" دێت، وەکوتریش بەمانای هۆکار دێت کە لەم مانایەیاندا موورادیفی cause.ە

Why are you crying?

بۆچی دەگریت؟

They are angry about the why of our decision.

سەبارەت بە هۆکاری بڕیارەکەمان، تورەن.

Breast cancer is the leading cause of death for American women in their 40s.

شێرپەنجەی مەمك هۆکاری سەرەکی مردنی خانمە ئەمەریکییەکانە لەتەمەنی 40 ساڵییاندا.

[3692] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

لێم تێگەیشتی؟= لێم تێگەیشتیت؟= لەمەبەستم تێگەیشتیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1517 **attain (ئەتەین) یەکسیبو، هەمیش "دەگات"ە**[3694]

**squat (سکوۆت) "هیچی وا"و "چیچکەدەکات"ە**[3695]

.1518 **Do you speak English? (دو یو سپییك ئینگلیش) بە هین قسەدەکەی؟**[3696]

**When will you reach? (وێن وڵ یو ڕییچ)ە ئەتو کەی دەگەی**[3697]

.1519 **I don’t know. (ئای دەونت نەو) چیە؟ مانای "نازانم."**[3698]

**I appreciate it. (ئای ئەپرییشیەیت ئت) من پێدەزانم.**[3699]

.1520 **premium (پرییمیەم) نایاب، "قیستی زەمان"ە**[3700]

**swing (سوینن) ئورجوحه، واتە جۆلانە**[3701]

---

[3693] The overall cost of the exhibition was £400,000.

تێچوی گشتیی پێشانگاکە 400 هەزار پاوەند بوو.

What will it cost, overall?

بەگشتی چەندی تێدەچێت؟

[3694] بەمانای یەکسیبو و دەگات دێت. یەکسیبو= (ع: یکسب)= بەدەستدەهێنێت.

“Learning is not attained by chance; it must be sought for with ardour and diligence.” Abigail Adams

فێربون بەڕێکەوت بەدەستناهێنرێت، بەڵکو پێویستە بە پەرۆشی و هەوڵ و تێکۆشان بەدوایدا بگەڕێیت.

He has attained the highest grade in his music exams.

لەتاقیکردنەوەی موزیکدا، گەیشتە بەرزترین پلە.

[3695] چیکچەدەکات: دادەنیشێت بەشێوەی چیچکان نەك چوارمشکی.

She squatted on the ground and warmed her hands by the fire.

چیچکەیکرد لەسەر ئەرزەکەو بە ئاگرەکە دەستەکانی گەرمکردەوە.

You don’t know squat about it.

هیچی وا لەبارەیەوە نازانیت.

[3696] بێگومان مەخسەوی شەریف لە "بە هین قسەدەکەی؟" بریتییە لە "بە ئینگلیزی قسەدەکەیت؟"، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە "ئینگلیزی"یەکەم گۆڕیوە بۆ "هین".

بە ئینگلیزی قسەدەکەی؟= بە ئینگلیزی قسەدەکەیت؟

[3697] ئەتو کەی دەگەی= تو کەی دەگەیت؟= کەی دەگەیت؟

[3698] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

Why did he kill his wife? I don’t know.

بۆچی ژنەکەی خۆی کوشت؟ نازانم.

[3699] ئەمیش خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە بۆ گوزارشتکردن لەتێگەیشتن لەبەهای شتێك و بەرزڕاگرتنی بەکاردەهێنرێت، بەکوردییەکەی خۆمان واتە شتەکە رسواناکات!

من پێدەزانم= پێدەزانم.

Thanks for your coming. I appreciate it.

سوپاس بۆ هاتنت، من پێدەزانم.

[3700] The house is on a premium site.

خانووەکە لەشوێنێکی نایابدایە.

You have to pay your premiums on time.

پێویستە قیستی زەمانەکەت لەکاتی خۆیدا بدەیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1521 **rinse (رینس) واته دەشوات، هەمیش بۆیاخە**[3702]

**utensil (یووتێنسڵ) مانای قاپوقاچاخە**[3703]

.1522 **annoy (ئەنۆی)، displease (دیسپلیز)، tease (تیز) بێزاردەكات**[3704]

**finish (فینیش) هەم finish off (فینیش ئۆف) تەواودەكات**[3705]

.1523 **travesty (ترافەستی) چیە؟ واتە مەهزەلە**[3706]

**people (پیپڵ) كەس بە كۆ، هەمیش خەڵك، گەلە**[3707]

.1 **deivate (دییڤیەیت) یەنحەریف، واتە لادەدات**[3708]

---

[3701] He pushed his child in the swing.

ئەو پاڵی بە منداڵەكەیەوە ناو لەناو جۆلانەكەدا.

[3702] دوان لەدیارترین ماناكانی دەشوات و بۆیاخ (ی قژ)ن.

Let me just rinse my hands.

رێمبدە دەستم بشۆم. هەروەها دەشتوانین بڵێین با دەستم بشۆم.

Brown rinse is suitable for your hair.

بۆیاخی قاوەیی بۆ قژی تۆ گونجاوە.

[3703] قاپوقاچاخ: كەرەستەی چێشتلێنان وەك كەوچك و چەقۆو هتد...

In the drawer was a selection of kitchen utensils - spoons, spatulas and knives.

چەكمەجەكە كۆمەڵێك قاپوقاچاخی چێشتخانەی تێدابوو. وەك كەوچك، كەوگیرو چەقۆ.

[3704] She annoyed him with her stupid questions.

بە پرسیارە بێماناكانی، بێزاریكرد.

The tone of the letter displeased him.

تۆنی نامەكە بێزاریكرد.

Stop teasing the cat!

چیتر پشیلەكە بێزارمەكە.

[3705] You can’t go anywhere until you’ve finished your homework.

ناتوانیت بچیت بۆ هیچ شوێنێك تا ئەركی ماڵەوەت تەواونەكەیت.

Have you finished off that book?

ئەو كتێبەت تەواوكردووە؟

[3706] مەهزەلە= گاڵتەجاڕی.

"It is a travesty of justice when the law is used to crush the innocent and protect the powerful." - Martin Luther King, Jr.

ئەوە گاڵتەجاڕیی دادوەرییە كە یاسا بەكاربهێنرێت بۆ هاڕینی كەسانی بێتاوان و پاراستنی كەسانی بەدەسەڵات.

[3707] لەمانای یەكەمیاندا كۆی person: كەسان.

At least 40 people were killed.

لانیكەم 40 كەس كوژران.

Never judge people by their appearance.

هەرگیز لەرێگەی روخسارەوە، حوكم لەسەر خەڵك مەدە.

A people without the knowledge of their history, origin, and culture is like a tree without roots." - Marcus Garvey

گەلێك زانیاریی نەبێت سەبارەت بە مێژوو و رەچەڵەك و كلتوری، وەك درەختێكی بێرەگ وایە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

revenue (ڕیڤەنیوو) دەخل، بەکوردی داهات[3709]

.1524 go to pot (گەو توو پۆت) چیە؟ وێراندەبێ[3710]

film (فیلْم) فلیمە، هەم وێنەدەگرێ[3711]

.1525 dye (دای) بۆیاخدەکا، لەگەڵ بۆیاخە[3712]

stove (ستەوڤ) زۆپایە، هەمیش تەباخە[3713]

.1526 brought (بڕۆۆت) واتە هێنا[3714]، took (توك) لەبەرکرد، برد[3715]

---

[3708] The plane had to deviate from its normal flight path.

فڕۆکەکە پێویستبوو لەڕێڕەوی ئاسایی فڕینی خۆی، لابدات.

[3709] داهات= قازانج.

Nigeria produces around 50 movies per week, but its revenue might not be able to compete with the likes of Bollywood and Hollywood.

نایجێریا هەموو هەفتەیەك نزیکەی 50 فیلم بەرهەمدەهێنێت، بەڵام داهاتەکەی ناتوانرێت کێبەرکێی پێبکرێت لەگەڵ هی بۆلیوودو هۆلیوود.

[3710] Our old neighborhood has gone to pot.

گەڕەکە کۆنەکەمان وێرانبووە.

[3711] وێنەدەگرێ= وێنەدەگرێت= تەسویردەکات.

Nigeria is one of the largest film producers in the world.

نایجێریا یەکێکە لەگەورەترین بەرهەمهێنەرانی فلیم لەجیهاندا.

Most of the scenes were filmed in a place.

زۆربەی دیمەنەکان لەیەك شوێندا وێنەگیرابون.

[3712] وەك کار بەمانای بۆیاخدەکا (بۆیاخدەکات)و وەك ناو بەمانای بۆیاخ دێت.

You can dye your hair whatever colour you like.

دەتوانیت قژت بە هەر ڕەنگێك بتەوێت، بۆیاخبکەیت.

There are dozens of different dyes.

دەیان جۆر بۆیاخی جیاواز هەیە.

[3713] بەمانای زۆپاو تەباخ (ی چێشتلێنان)یش دێت.

I bought a new stove to the kitchen.

تەباخێکی تازەم بۆ چێشتخانەکە کڕی.

Our old stove isn't working well.

زۆپا کۆنەکەمان، باش ئیشناکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**began (بیگەن) دەستپێکرد**[3716]**، died (دایِد) بەمانای مرد**[3717]

[.1527] **cheap (چیپ) مانای خراپ، چروك، هەرزانە**[3718]

**hunger (هەنگە) برسێتی**[3719]**، hungry (هەننگری) جەوعانە**[3720]

---

[3714] فەرمانی رابردووە. رانەبردووەکەی bring.

He brought a pen to me.

قەڵەمێکی بۆ هێنام.

[3715] کاری رابردووە. رانەبردووەکەی take. دوان لەدیارترین ماناکانی بردو لەبەرکردە.

He took us to the airport.

ئێمەی برد بۆ فڕۆکەخانەکە.

I took a large shirt.

کراسێکی گەورەم لەبەرکرد.

[3716] رانەبردووەکەی begin.

The president begins talks with the prime minister tonight.

ئەمشەو سەرۆك گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆك وەزیران، دەستپێدەکات.

[3717] رانەبردووەکەی die.

“Till when you love your friends? “I was asked. I replied calmly: “I don’t know when I will die!”

پرسیارم لێکرا: تاکەی هاوڕێکانت خۆشدەوێت؟ لەوەڵامدا بەهێمنییەوە وتم: نازانم کەی دەمرم!

[3718]. ئاوەڵناوەو بەمانای خراپ "لەڕوی کوالیتی" و چروك و هەرزان دێت. مانای دووەمیان زیاتر ئەمەریکییە.

The radio you bought to me is cheap.

ئەو رادیۆیەی تۆ بۆت کڕیم، خراپە.

She’s too cheap, doesn’t take a cab.

زۆر چروکە، تاکسی ناگرێت.

The equipment is relatively cheap and simple to use.

کەرەستەکە تاڕادەیەك هەرزانەو بەکارهێنانی ئاسانە.

[3719] "Hunger makes you brave." - Patricia Briggs

برسێتی ئازات دەکات.

According to the World Food Programme, an estimated 9.8 million people died of hunger in 2020.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1528 wasp (واسپ) زەردەواڵە[3721]، مانای bee (بیی) هەنگە[3722]**
**shark (شاك) واتای قرشە[3723]، whale (وەیڵ)یش نەهەنگە[3724]**
**.1529 سیخوڕی چیە؟ espionage (ئێسپیەناژ)ە[3725]**
**indication (ئیندیکەیشن)ە مانای ئاماژە[3726]**
**.1530 bionic (بایۆنیك) چیە؟ ئەلیکترۆنی[3727]**
**I'm fine (ئام فاین) من باشم[3728]، How are you? (هاو ئاڕ یو) چۆنی؟[3729]**

---

بەگوێرەی ڕێکخراوی جیهانیی خۆراك، ژمارەی ئەو کەسانەی تەنها لەساڵی دوو هەزارو بیستدا بەهۆی برسێتییەوە، عومری درێژیان بۆ تۆ جێهێشتووە لەجیهاندا، بە نۆ ملیۆن و هەشت سەد هەزار کەس دەخەملێنرێت.

[3720] جەوعان= (ع: جوعان)= برسی.

I'm hungry.

برسیمە.

[3721] There's a wasps' nest in that old tree.

هێلانەیەکی زەردەواڵە لەناو ئەو درختە کۆنەدا هەیە.

[3722] My arm swelled up when I was stung by a bee.

کاتێك هەنگێك پێوەیدام، قۆڵم ئاوسا.

[3723] Sharks do not have bones.

قرش ئێسکی نیە.
Sharks can smell a single drop of blood in millions of gallons of water. That explains why they might be attracted to swimmers with open wounds.
قرش دەتوانێت لەناو ملیۆنەها گاڵۆن ئاودا بۆنی تەنها یەك دڵۆپە خوێن بکات. بەهۆی ئەمەوە ڕەنگە ئەو مەلەوانانەی برینی کراوە لەجەستەیاندا هەیە، ئەم گیاندارە ترسناکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن.

[3724] Blue whales are the largest and loudest animals in the world.

نەهەنگی شین گەورەترین و دەنگبەرزترین زیندەوەرە لەجیهاندا.

[3725] سیخوڕی= سیخوڕیکردن.
The authorities have arrested several people suspected of espionage.
دەسەڵاتداران چەند کەسێکیان دەستگیرکرد کە گومانی سیخوڕییان لێدەکرێت.
[3726] Dark green leaves are a good indication of healthy roots.
گەڵای سەوزی تێر ئاماژەیەکی باشە بۆ ڕەگی تەندروست.
[3727] The bionic arm is stronger that the real arm.
قۆڵی ئەلیکترۆنی لە هی ڕاستی بەهێزترە.
[3728] خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە ڕستەی تر ناکات.
[3729] ئەمیش خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی تەواوە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1531. **persuade (پەسوەید) چیە؟ رازیدەکا**[3730]

**tackle (تاکڵ) کەرەستەو چارەسەردەکا**[3731]

1532. **ghastly (گاستلی) زۆر خراپ، هەم تۆقێنەرە**[3732]

**Come quickly. (کەمَ کویکلی) ئەی "خێرا وەرە."**[3733]

1533. **spin (سپین) بەمانای دەسوڕێنیتو**[3734]

**buttermilk (بەتەمیڵك) مەخیز، بەکوردییەکەی دۆ**[3735]

1534. **question tag (کوێسچن تاگ) چیە؟ کلکە پرسیارە**[3736]

**riverboat (ریڤەبەوت) بەلەم، بەس هی روبارە**[3737]

1535. **premium (پریمیەم) چیە؟ واتە عەلاوە**[3738]

---

چۆنی؟= چۆنیت؟

[3730] رازیدەکا= رازیدەکات.

My most brilliant achievement was my ability to be able to persuade my wife to marry me. Winston Churchill

درەوشاوەترین دەسکەوتم ئەوە بوو کە توانیم ژنەکەم رازیبکەم شوم پێبکات!

[3731] چارەسەردەکا= چارەسەردەکات.

Prepare the fishing tackle.

کەرەستەی راوەماسییەکە ئامادەبکە.

There are many ways of tackling this problem.

چەندین رێگا هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

[3732] The weather was ghastly.

کەشوهەوا زۆر خراپ بوو.

It was a ghastly crime.

تاوانێکی تۆقێنەر بوو.

[3733] خودی خۆی رستەیەکی تەواوە.

[3734] دەسورێنیتو= دەسورێنێتەوە.

Spin the wheel as fast as you can.

تا ئەتوانیت تایەکە بەخێرایی بسورێنەرەوە.

[3735] ناوێکی نەبژێردراوە.

I don’t like buttermilk so much.

زۆر حەزم لە دۆ نیە.

[3736] چەمکێکی رێزمانیی بەناوبانگە.

In the sentence "It's hot, isn't it?", "isn't it" is a question tag.

لەرستەی "It's hot, isn't it?"، "isn't it" کلکەپرسیارە.

[3737] بەمانای بەلەمی روبار دێت. بەلەمی روبار= روبارەبەلەم: بەلەمێکی گەورەی نەفەرهەڵگرەو بۆ گەشتکردن لەناو روبار بەکاردەهێنرێت.

They saw a big riverboat.

روبارەبەلەمێکی گەورەیان بینی.

[3738] عەلاوە= سەرەموچە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**desperate (دێسپەرەت) یائیس، هەمیش سوتاوە**[3739]

.1536 **setting (سێتینن) مەوقیعە، بەکوردییەکەی شوێن**[3740]

**aneurysm (ئانیەریزم) هی بۆرییەکان خوێن**[3741]

.1537 **idyllic (ئیدیلیك) سیفە، بەمانای خۆشە**[3742]

**corner (کۆۆنە) زاویەیە، بەکوردی گۆشە**[3743]

.1538 **abet (ئەبێت) یوحەڕریز، واتە هاندەدا**[3744]

**lynch (لینچ) دەکوژێت، بەس بەبێ دادگا**[3745]

.1539 **waiter (وەیتە) شاگردە**[3746]**، wait (وەیت) چاوەڕوانی**[3747]

---

Your first premium isn't much.

یەکەم سەرەموچەت زۆر نیە.

[3739] بەمانای یائیس و سوتاو دێت. یائیس= نائومێد.

Time was running out and we were getting desperate.

کات بەسەردەچوو و ئێمەش بێئومێد دەبوین.

I was desperate for a cigarette.

من سوتاو بوم بۆ جگەرەیەکە.

[3740] Cyprus is the perfect setting for a beach holiday.

قوبروس شوێنێکی نایابە بۆ پشویەکی کەنار دەریا.

[3741] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "هی بۆرییەکان خوێن" بریتییە لە "کشانی بۆرییەکانی خوێن"، بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، وشەیەك و پیتێکم لابردووە.

کشانی بۆرییەکانی خوێن: حاڵەتێکی تەندروستیی نەخوازراوە.

Aneurysms can occur anywhere throughout the circulatory system.

کشانی بۆرییەکانی خوێن دەکرێ لەهەر شوێنێکی کۆئەندامی سوڕی خوێندا روبدات.

[3742] Their cottage is in an idyllic rural setting.

کوخەکەیان شوێنێکی خۆشی دێهاتییە.

[3743] There's a great restaurant around the corner.

ڕێستۆرانتێك لەنزیك گۆشەکەدا هەیە.

[3744] هاندەدا= هاندەدات.

His accountant had aided and abetted him in the fraud.

ژمێریارەکەی یارمەتیدابوو و هانیدابوو لەفێڵەکەدا.

[3745] بەمانای دەکوژێت "بەبێ دادگاییکردن" دێت، زیاتر بەمانای کوشتنێك دێت کە بە هەڵواسین ئەنجامبدرێت.

Seventy-six black men and women had been lynched.

حەفتاو شەش پیاوو ژنی رەشپێست بەبێ دادگاییکردن کوژرابون. یان هەڵواسرابون تا مردن "لەسێدارەدرابون".

[3746] He also worked as a waiter during that time.

ئەو لەو کاتەدا وەك شاگردیش کاریکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**pound (پاوند) دراو، کێش ڕەنگە بزانی**[3748]

.1540 **prepare (پریپێیە) چیە؟ ئامادەدەکات**[3749]

**slice (سڵایس) واتە قاش، لەگەڵ قاشدەکات**[3750]

.1541 **fear (فیە) واتە خەوف، بەکوردی ترسە**[3751]

**postmenopausal پاش سنی یەئسە**[3752]

.1542 **vocal chord (ڤەوکڵ کۆۆد) چیە؟ دەنگەژێیە؟**[3753]

**what (ۆت) "چی؟"و "ئەو شتەی"**[3754]**، واتای Who (هوو) "کێ؟"یە**[3755]

---

[3747] There is often a one-hour wait to see a doctor.

زۆرجار سەعاتێك چاوەڕوانی پێویستە تا دکتۆرێك دەبینیت.

[3748] مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە. وشەی pound هەم جۆرێکە لەدراو کە پاوەند یان پاوەن یان جونەیهی ئیستەرلینی پێدەووترێت، هەمیش یەکەیەکی کێشانە کە نزیکەی 454 گرامە.

They stole jewellery valued at 50,000 pounds.

بە بەهای 50 هەزار پاوەند خشڵیان دزی.

My first baby weighed eight and a half pounds at birth.

کێشی یەکەم منداڵم لەکاتی لەدایکبوندا هەشت پاوەندو نیو بوو.

[3749] ئامادەدەکا= ئامادەدەکات.

In time of peace prepare yourself for war.

لەکاتی ئاشتیدا خۆت ئامادەبکە بۆ شەڕ.

[3750] وەك ناو بەمانای قاش و وەك کار بەمانای قاشدەکات دێت.

Give me a slice of that delicious cake.

قاشێك لەو کێکە بەچێژەم پێبدە.

Slice the cucumbers.

خەیارەکان قاشبکە.

[3751] Fear of failure should not stop you trying.

ترس لەشکست پێویستە لەهەوڵدان نەتوەستێنێت.

[3752] پەوستمێنەپۆزڵ. پاش سنی یەئس= (ع: بعد سن اليأس)= پاش تەمەنی نائومێدی: ئاوەڵناوە بۆ وەسفی خانمێك بەکاردەهێنرێت کە گەیشتبێتە پاش تەمەنی نەمانی سوڕی مانگانە.

Forty seven postmenopausal women aged 44 to 67 years were there.

چل و حەوت خانمی پاش تەمەنی نائومێدی کە تەمەنیان 44 بۆ 67 ساڵ دەبوو، لەوێ بون.

[3753] Giraffes have no vocal cords.

زەڕافە دەنگەژێی نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1543. slowly (سلەولی) واتە خاو، بەس ئاوەڵکارە[3756]

paramedic (پارەمێدیك)ە فریاگوزارە[3757]

1544. commander (کەمانده) چیە؟ واتە فەرماندە[3758]

---

3754 What are you doing?

تۆ چی دەکەیت؟

What do you mean?

مەبەستت چیە؟

What we fear doing most is usually what we most need to do.
Tim Ferriss

بەگشتی ئەو شتەی زۆرترین ترسمان هەیە لەئەنجامدانی، ئەوە پێویستترین شتە کە ئەنجامیبدەین .

3755 Who's calling please?

زەحمەت نەبێ کێیە تەلەفون دەکات؟ ئەمە زیاتر لەکاتی یەکەم وەڵامدانەوەی تەلەفونی نەناسراودا دەووترێت.

3756 واتە ئەم وشەیە بەمانای "خاو" دێت، بەڵام ئاوەڵکارە نەك ئاوەڵناو. "بەخاوی"یشی پێدەووترێت.

Could you please speak slowly?

تکایە دەتوانیت خاو قسەبکەیت؟

It does not matter how slowly you go as long as you do not stop.
Confucius

مادام بەردەوامیت لەڕۆشتن و ناوەستیت، چەند خاو بڕۆیت، کێشە نیە.

3757 مەخسەوی شەریف فریاگوزاری خێرایە بۆ نمونە وەك پەرستار کە لەکاتی ڕوداوو حاڵەتی کتوپڕدا فریای بریندار یان نەخۆشی کتوپڕ دەکەوێت. ئەمە دکتۆر ناگرێتەوە.

The paramedic's quick action saved the patient's life.

کاری خێرای فریاگوزارەکە ژیانی نەخۆشەکەی ڕزگاکرد.

3758 Abdullah Al-Barghouthi is a Palestinian leading commander in Hamas' armed wing, the Izz al-Din al-Qassam Brigades. He was arrested for making bombs.
He was detained by Israeli forces and charged with seven different bomb attacks. Following a military tribunal in 2004, Al-Barghouti was sentenced to 67 life sentences resulting from the 67 deaths and about 500 injuries he is said to have caused. In addition, he was given another 5,200 years.
In 2011 it was reported he had spent his entire sentence up to that point in solitary confinement with no visitors allowed.
عەبدوڵا ئەلبەرغوسی فەرماندەیەکی سەرەکیی کەتیبەکانی عیزەدین قەسامە کە باڵی سەربازی حەماسی فەلەستینە. بەهۆی دروستکردنی بۆمبەوە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە دەستگیرکراوەو حەوت تۆمەتی هێرشکردن بە بۆمبی دراوەتەپاڵ .
پاش دادگاییکردنێکی سەربازی لەساڵی 2004، بەهۆی ئەو 67 حاڵەتی کوشتن و نزیکەی 500 بریندارەی ئەم دەیوت بووەتە هۆکاریان، سزای 67 زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا. سەرباری ئەوەش سزای 5200 ساڵ زیندانیشی بەسەردا سەپێنرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

**yard (یاد) حەوشەیە، هەروەها "یاردە"[3759]**

[.1545] **world (وێیڵد) لەگەڵ globe (گلەوب) هەردوکیان عالەم[3760]**

---

لەساڵی 2011ش بڵاوکرایەوە کە عەبدوڵا سەراپای حوکمەکەی تا ئەو کاتە، لەزیندانی تاکەکەسیدا بەسەربردووەو رێگەنەدراوە هیچ میوانێك سەردانی بکات.

[3759] یاردە: یەکەیەکی پێوانەی درێژی و پانییە، یەکسانە بە سێ پێ یان 36 ئینج یان 91سم. بە کورتکراوەیی بە yd دەنوسرێت.

The pupils were playing in the school yard.

قوتابییەکان لەحەوشەی خوێندنگەکەدا یارییان دەکرد.

A cricket pitch is 22 yards long.

درێژیی گۆرەپانی یاریی کریکیت 22 یاردەیە.

[3760] بەڵام برادەرانی ئەمریکا وشەی دووەمیان بە "گلۆوب" گۆدەکەن.

عالەم= جیهان

News of the disaster shocked the world.

هەواڵی کارەساتەکە جیهانی توشی شۆککرد.

“Although the world is full of suffering, it is full also of the overcoming of it” – Helen Keller.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**November (نەوڤێمبە) مانگی تشرینی دووەم[3761]**

[.1546] **steal (ستیڵ) دەدزێ[3762]، steel (ستیڵ) پۆڵایە[3763]**

---

ڕاستە جیهان پڕە لەنەهامەتی و کۆژان، بەڵام پڕیشە لەزاڵبون بەسەریدا.

The world’s heaviest pumpkin weighed more than a ton.
In 2016, Mathias Willemijns of Belgium grew a record-breaking pumpkin that weighed a whopping 2,624.6 lbs (1,190.5 kg). To put that into perspective, his pumpkin weighed roughly the same as a small car. To this day, the pumpkin still holds the Guinness World Record for the heaviest pumpkin in the world.

قورسترین کولەکە لەجیهاندا کێشەکەی تۆنێکی تێپەڕاندووە.
لەساڵی 2016، لەو بەلجیکایەی لای خۆمان، برادەرێك بەناوی ماتیاس ویڵێمینس کولەکەیەکی ریکۆردشکێنی پێگەیاند کە کێشەکەی نزیکەی هەزارو 200 کیلۆگرامی ناسك بوو. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، دەتوانین بێژین، کێشی ئەو کولەکەیە بەقەدەر هی ئۆتۆمبێلێکی بچوك دەبوو. تا ئێستا ئەم کولەکەیە خاوەنی ریکۆردە لەکتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان لەڕوی کێشەوەو هیچ کولەکەیەکی تر نەیتوانیوە شان بدات لەشانی.

We export our goods all over the globe.

کاڵاکانمان بۆ سەراپای جیهان هەناردەدەکەین.

[3761] The factory opened last November.

کارگەکە مانگی تشرینی دووەمی ڕابردوو کرایەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**wheel (ویڵ) پاسکیلە، هەروەها "تایە"[3764]**

[.1547] **chin (چین) چەناگەیە[3765]، neck (نێك) واتە گەردن[3766]**

**decease (دیسییس) لەگەڵ death (دێث) هەردوکیان مردن[3767]**

---

[3762] دەدزیٚ= دەدزێت. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

steal→ stole→ stolen

Please don't steal my pen!

تکایە قەڵەم جافەکەم مەدزە!

How many times has the Mona Lisa been stolen? (1,5,8)

تائێستا چەند جار تابلۆی مۆنالیزا دزراوە؟ یەکجار

[3763] سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە وەك یەك دەخوێنرێنەوە هەرچەندە سپێل و مانایان جیاوازە.

Human Bones are stronger than steel.

ئێسکی مرۆڤ لەپۆلا بەهێزترە.

[3764]. بەمانای پاسکیل و تایەش دێت. بەڵام مانای پاکسیلەکە نارِەسمییە.

My wheel isn't fast.

پاسکیلەکەم خێرا نیە.

My bike needs a new front wheel.

پاسکیلەکەم پێویستی بە تایەیەکی نوێ هەیە بۆ پێشەوە.

[3765] Her chin is very tall.

چەناگەی زۆر درێژە.

[3766] گەردن= مل

When a chiropractor cracks your neck, they risk rupturing your primary vertebral artery, which can lead to a stroke, coma, or death.

کاتێك چارەسەرکارێکی دەستی، ملت دەتەقێنێت، ئەوە مەترسیی تەقینی خوێنبەری سەرەکی بربڕەی پشت دروستدەکات، ئەمەش دەکریٚ جەڵتەی دەماخ، کۆما یان مردنی لێبکەوێتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## [.1548] model (مۆدڵ) هەم مۆدێل، هەم نمایشکار[3768]

## snake (سنەیك) لەگەڵ serpent (سێپینت) دێن بەمانای مار[3769]

---

[3767] سەرنج: وشەی disease کە بەمانای نەخۆشی دێت، لەگەڵ decease هەم لەڕووی پێکهاتەوە، هەم لەڕووی گۆکردنەوە، هەم لەڕوی ماناوە، لەیەکەوە نزیکن.

After your decease, the house passes to your wife.

پاش مردنت، خانووەکەت دەچێت بۆ ژنەکەت. واتە بەر ژنەکەت دەکەوێت.

Death can not stop true love, it can only delay it for a little while.

مردن ناتوانێت عیشق بووەستێنێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت بۆ ماوەیەکی کەم دوای بخات.

Someone posted about Michael Jackson's death with 100% exact details 5 hours before his actual death on Wikipedia. No one paid attention because everyone thought it was a prank. No single detail was ever found about that person.

پێنج سەعاتی ناسك پێش ئەوەی مایکل جاکسۆن عومری درێژی بۆ تۆ جێبهێڵێت، کەسێك بابەتێکی لەسەر مردنی لەماڵپەڕی ویکیپێدیا بلاوکردەوە بە وردەکارییەکی دەقیقی لەسەدا سەدەوە، بەڵام هیچ کەسێك گوێی بەمە نەداو وایانزانی نوسەرەکە رادەبوێرێت. ئینجاکونێ لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کە تائێستا هیچ شتێك سەبارەت بەو کەسە نەدۆزراوەتەوە کە ئەو بابەتەی نوسیوە. بەڕەئی بەندەی موخلیستان ئەو نوسەرە ئەگەر جنۆکە نەبوبێت، رەنگە دختورە تایبەتەکەی بوبێت!!!!!

CVDs are the leading cause of death worldwide. in the United States, one person dies from CVD every 36 seconds; in Australia, it's every 12 minutes.

نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن هۆکاری سەرەکیی مردنن لەجیهاندا. تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەموو 36 چرکەیەك یەك کەس بەهۆی ئەم نەخۆشییانەوە عومری درێژی بۆ تۆ جێدەهێڵێت، لە ئوسترالیاش هەموو 12 خولەکێك کەسێك بەم نەخۆشییانە گیان لەدەستدات.

[3768] برادەرانی ئەمەریکا بە ماادڵ گۆیدەکەن. بەمانای مۆدێل و نمایشکاری جلوبەرگ و هتد.. دێت.

Mitsubishi had to change the name of its Pajero model in Spanish-speaking countries, where it means "wanker."

کۆمپانیای میتسوبیشی ناچاربوو ناوی مۆدێلی ئۆتۆمبێلی پاجیرۆ لەو وڵاتانەدا بگۆڕێت کە بە ئیسپانی قسەدەکەن، چونکە ئەم وشەیە لەو زمانەدا بەمانای "دەستپەڕکەر" دێت.

She isn’t a successful model.

ئەو نمایشکارێکی سەرکەوتوو نیە.

[3769] When snakes are born with two heads, they fight each other for food.

کاتێك مارێکی دووسەر لەدایکدەبێت، هەردوو سەرەکە لەسەر خواردن شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن.

Many animals are able to predict earthquakes to varying levels of success. Yet, snakes are the most reliable, sensing earthquakes from as far as 75 miles away (121 km). They can even sense an earthquake five days before it actually occurs!

When snakes sense an earthquake, they often leave their nests, even if the temperature is too cold.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1549. germ میکرۆبە، واتە جورسومە[3770]

I'm tired today (ئایم تایەد تەدەی) "ئەمڕۆ ماندوم"ە[3771]

1550. one (وەن) "یەك"ە[3772]، two (توو) دوو[3773]، four (فۆڕ) بەمانای چوار[3774]

three (ثریی) واتە سێ[3775]، thousand (ثاوزەند)یش هەزار[3776]

1551. apnoea (ئاپنیە) چیە؟ هەناسەبڕان[3777]

---

زۆر زیندەوەر هەن کە دەتوانن پێشبینی روداوی زەمینلەرزە بکەن بەڵام ئاستی وردیی پێشبینییەکەیان جیاوازە.
مار لەهەموو زیندەوەرەکانی تر زیاتر دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت لەو رووەوە. دەتوانێت لەدووریی 121 کیلۆمەترەوە هەستی پێبکات. لەڕوی کاتیشەوە، مار دەتوانێت 5 رۆژ پێش روداوی هەستی پێبکات. زۆرجار کاتێکیش هەستی پێدەکەن، هێلانەکانیان جێدەهێڵن تەنانەت ئەگەر پلەی گەرماش زۆر نزم بێت.

I don't fear from the serpent.

لەمار ناترسم.

3770 جورسومە= (ع: جُرْثومة)= میکرۆب.

More germs are transferred by shaking hands than by kissing.

ژمارەی ئەو میکرۆبانەی لەڕێگەی تەوقەکردنەوە دەگوازرێنەوە، لەوانە زیاترە کە بەهۆی ماچکردنەوە دەگوازرێنەوە.
کەواتە یان مەیکە یان کە کردت با ماچ بێت!، مەخسەوی شەریفم سڵاوکردنە تەبعەن!

3771 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەهێنانەوە ناکات.

3772 They have only one daughter.

ئەوان تەنها یەك کچیان هەیە.

3773 I'll be out for almost two weeks.

من بۆ ماوەی نزیکەی دوو هەفتە لەدەرەوە دەبم.

3774 She is married with four children.

ئەو هاوسەردارەو چوار منداڵیشی هەیە.

3775 Camels have three lids to protect their eyes from sand.

حوشتر سێ پێڵوی چاوی هەیە بۆ پاراستنی چاوەکانی لەلم.

The human heart beats more than three billion times in an average lifespan.

دڵی هەر کەسێك بەدرێژایی سوری ژیانێکی ئاسایی، زیاتر لە سێ ملیار جار لێدەدات.

3776 وشەی thouیش هەر بەمانای هەزار دێت و جەمعەکەشی هەر thouە.

The group has thousand members.

کۆمەڵەکە هەزار ئەندامی هەیە.

Even a journey of a thousand miles begins with a single step" Chinese proverb

تەنانەت گەشتێکی هەزار میلیش بە تەنها هەنگاوێك دەستپێدەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

House (هاوس) ئەنجومەنە، هی یاسادانان[3778]

.1552 scene (سیین) مانای شوێن، هەروەها دیمەن[3779]

close to، round هەردوو تەقریبەن[3780]

.1553 around (ئەڕاوند) چیە؟ واتە تەقریبەن[3781]

وشەی usually (یووژوەڵی) مانای عومومەن[3782]

---

3777 بەمانای هەناسەبڕان دێت، بەڵام هی کاتی نەك هەمیشەیی. سپێڵی ئەم وشەیە لەشێوەزاری ئەمەریکیدا پیتی ئۆیەکەی تێدا نیە: apnea.

Do you know anything about sleep apnoea?

ئایا هیچ شتێك سەبارەت بە هەناسەبڕانی کاتی نوستن دەزانیت؟

3778 مانای زۆرە بەڵام کاتێك بەم مانایە بەکاردەهێنرێت پێویستە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت لەهەر شوێنێکی رستەدا بێت.

House of the city accepted the proposal.

ئەنجومەنی یاسادانانی شارەکە پێشنیازەکەی پەسەندکرد.

3779 عەینەن وشەی seen (بینراو) دەخوێنرێتەوە.

Evidence was found at the scene of the crime.

بەڵگە لەشوێنی تاوانەکە دۆزرایەوە.

While male porn stars are usually paid around $150 per scene, women performers earn between $600 and $1000 a scene.

لەبەرامبەر هەر دیمەنێکدا، تێکرا هەر پیاوێکی ئەستێرەی پۆرن 150 دۆلاری پێدەدرێت، بەڵام خانمان لەبەرامبەر هەر دیمەنێکدا 600 تا هەزار دۆلاریان دەستدەکەوێت.

3780 کلەوس تو، راوند. هەردوکیان بەمانای تەقریبەن دێن بەڵام وشەی دووەمیان نارەسمییەو زیاتر لەکاتی قسەکردندا بەکاردەهێنرێت نەك نوسین.

تەقریبەن= (ع: تقريباً)= نزیکەی= دەوروبەری.

It’s close to 7 o’clock – we’d better leave now.

سەعات نزیکەی حەوتە، باشتر وایە ئێستا بڕۆین.

We'll be at your house at round nine o'clock, okay?

لەنزیکەی سەعات 9ی شەو لەماڵی تۆ دەبین، باشە؟

3781 تەقریبەن= نزیکەی.

To drain blood from one human, it would take around 1.2 million mosquitoes.

بۆ چۆڕبڕکردنی خوێنی مرۆڤێك لەڕێگەی مژینی مێشولەوە، پێویستمان بە نزیکەی یەك ملیۆن و 200 هەزار مێشولە هەیە.

The library of congress has around 838 miles of bookshelves!

کۆی درێژیی رەفەکانی ناو کتێبخانەی کۆنگرێس لە ئەمەریکا، بێچاوێنی بێ، نزیکەی هەزارو 350 کیلۆمەترە!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1554 **police (پەلیس) شورتەیە، کەواتە پۆلیس**[3783]

**please be seated (پلیز بی سییتید) تکایە ئیجلیس**[3784]

.1555 **wedding (وێدینن) ئاهەنگی هاوسەرگیرییە**[3785]

**cloudy (کلاودی) مانای لێڵ، هەمیش هەورییە**[3786]

.1556 **sweeping (سوییپینن) کەبیرە، بەکوردی گەورە**[3787]

---

[3782] عوموومەن= بەگشتی.

Women usually live longer than men.

بەگشتی ژنان لەپیاوان زیاتر دەژین.

[3783] A woman has been arrested for biting her boyfriend's penis and threatening him with a knife because she believed he was flirting with another woman.Esperanza Gomez, 33, had been drinking beers with her boyfriend on Florida, until 3am on Wednesday.The pair were joined by a female friend at midnight who left shortly afterwards.But Ms Gomez became enraged and accused the man of wanted to sleep with the female friend.Her boyfriend claims she then grabbed him and began 'poking him with a knife' before biting his penis 'out of frustration', according to the police report.The police report also noted that he had red marks on his chest.Gomez was arrested and charged with aggravated assault with a deadly weapon.

15-11-2019

لەو ئەمەریکایەی لای خۆمان، خانمێك بە تاوانی گازگرتن لەچوکی کەپڵەکەی و هەڕەشەکردن لێی بە چەقۆ، دەستگیرکرا. پاڵنەری ئەم کارەشی ئەوە بووە کە لەو بڕوایەدابووە، کەپڵەکەی موغازەلەی کچەهاوڕێیەکی کردووە.

خانمە گازگرەکە کە ناوی ئیسپێرانازا گۆمێزەو تەمەنی 33 ساڵی ناسکە، شەوی چوارشەممەی رابردوو تا سەعات 3ی بەرەبەیان لەماڵەوە، لەویلایەتی فلۆریدا، لەگەڵ کەپڵەکەیدا بیرەیان خواردووەتەوە. لەنیوە شەودا کچەهاوڕێیەك سەردانی کردون و پاش ماوەیەکی کەم رۆشتووە. بەڵام گۆمێز توڕەبووەو کەپڵەکەی بەوە تۆمەتبارکردووە کە ویستویەتی لەگەڵ ئەو کچەهاوڕێیەدا بخەوێت.

کەپڵەکەی دەڵێت، گۆمێز پاش توڕەبونی، گرتویەتی و بە چەقۆیەك تێی کوتیوەو پاشانیش بە توڕەییەوە گازی لەچوکی گرتووە.

راپۆرتی پۆلیس وێڕای زانیارییەکانی سەرەوە، ئاماژەی بەوە داوە کە سنگی کورەکە چەند پەڵەیەکی سوری پێوە بووە.

پاش رووداوەکە گۆمێز دەستگیرکراو تۆمەتی دەستدرێژی بە چەکی کوشندەی ئاڕاستەکراوە.

[3784] تکایە ئیجلیس= تکایە دانیشە. خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

[3785] At Italian weddings, it is not unusual for both the bride and groom to break a glass. The number of shards will be equal to the number of happy years the couple will have.

لەو ئیتالیایەی لای خۆمان، شکاندنی پەرداخە شوشە لەلایەن بوك و زاواوە لەکاتی ئاهەنگی هاوسەرگیری، شتێکی ناباو نیە. بەگوێرەی بیروڕای ئەوان، ژمارەی ئەو پارچانەی لەئەنجامی شکاندنی ئەو شوشەیە دروستدەبن یەکسانە بە ژمارەی ئەو ساڵانەی ئەو ژن و مێردە بە بەختەوەری پێکەوەی بەسەردەبەن.

[3786] بنەڕەتی وشەکە cloud کە ناوەو بەمانای هەور دێت، پیتی y چووەتەسەرو تەقلەیەکی زمانەوانی پێداوەو لەناوەوە کردویەتی بە ئاوەڵناو.

هەوری= هەورین: پێچەوانەی ساماڵ.

I don’t like cloudy days.

حەزم لەرۆژی هەورین نیە.

The water is cloudy. It isn’t fit to drink.

ئاوەکە لێڵە. گونجاو نیە بۆ خواردنەوە.

[3787] It is obvious that sweeping changes are needed in the legal system.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**role (ڕەوڵ) مانای "ڕۆڵ"ە، کەواتە "دەور"ە**[3788]

[.1557] **mitten (میتن) "قوففاز"ە، بەکوردی دەسکێش**[3789]

**smokestack (سمەوکستاك)، chimney (چیمنی) هەردوو دوکەڵکێش**[3790]

[.1558] **housefly (هاوسفلای) مێشە، تایبەت هی ماڵە**[3791]

**broker (بڕەوکە) سیمسارە، واتە دەڵاڵە**[3792]

[.1559] **distress (دیسترێس) ئەلەمە، بەکوردی ئازار**[3793]

**hundred (هەندرەد) واتە سەد**[3794]**، thou (ثاو) مانای هەزار**[3795]

[.1560] **gripping (گریپینن) جەززابە، ئەی سەرنجڕاکێش**[3796]

**adventurer (ئەدڤێنچەرە)یە، بەمانای سەرکێش**[3797]

---

ڕوونە کە گۆڕانکاریی گەورە لەسیستەمی دادوەریدا پێویست.

3788 What is his role in this project?

ڕۆڵی چیە لەم پرۆژەیەدا؟

3789 The mischievous child tore off my mittens.

منداڵە بێزارکەرەکە دەسکێشەکانمی دڕی

3790 The smokestack is away from the houses.

دوکەڵکێشەکە دورە لەخانووەکانەوە.

The chimney was made of bricks.

دوکەڵکێشەکە لەخشت دروستکرابوو.

3791 بەمانای مێش (ی ماڵ) دێت. واتە ئەو جۆرەی لەماڵی مرۆڤدا دەژی.

Houseflies are able to see behind them.

مێشی ماڵ دەتوانێت دواوەی خۆی ببینێت.

3792 He was a wealthy broker.

ئەو دەڵاڵێکی دەوڵەمەند بوو.

3793 بەمانای ئازاری توند دێت نەك ناسکەئازار!

There is distress in my left kidney.

گورچیلەی چەپم ئازارێکی توندی تێدایە.

3794 Watching horror movies can burn up to two hundred calories, the same as a half hour walk.

سەیرکردنی فیلمی ترسناك دەکرێ تا دوو سەد کالۆری بسوتێنێت، ئەمەش یەکسانە بەو بڕە کالۆرییەی نیوسەعات بەپێ ڕۆیشتن دەیسوتێنێت.

3795 جەمعەکەشی هەر thouە.

They paid about sixty-nine thou for it.

ئەوان نزیکەی 69 هەزاریان پێدا.

3796 The book was gripping.

کتێبەکە سەرنجڕاکێش بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1561 **authentic (ئۆۆثێنتیك) چیە؟ راستەقینە**[3798]

**grudge (گرەەج) واتە حیقد، بەکوردی قینە**[3799]

.1562 **abstain (ئەبستەین) چیە؟ وازەهێنێ**[3800]

**crow (کرەو) یەسیحو، ئەی دەقوقێنێ**[3801]

.1563 **enmity (ئێنمەتی) چیە؟ مانای عەداوە**[3802]

**miniature (مینەچە) واتە "بچوککراوە"**[3803]

.1564 **endorsement (ئیندۆۆسمەنت) چیە؟ پەسەندکردن**[3804]

**incarceration (ئینکااسەرەیشن) زیندانیکردن**[3805]

.1565 **clothesline (کلەوذزلاین) چیە؟ تەنافی جلە**[3806]

**heartbeat (هااتبییت) لەگەڵ pulse (پەڵس) لێدانی دڵە**[3807]

.1566 **sultry (سەڵچری) ئاوەڵناو، بەمانای موسیر**[3808]

---

3797 He an was adventurer, living most of his life abroad.

ئەو سەرکێشێك بوو کە زۆربەی ژیانی لەدەرەوە بەسەربردبوو.

3798 He was there and saw what happened, so his is the only authentic account.

ئەو لەوێ بوو و بینی کە چی رویدا، بۆیە تەنها گێرانەوەکەی ئەو راستەقینەیە.

3799 قین: رقی توند

I don't have any grudge against you.

هیچ قینێکم بەرامبەرت نیە.

3800 He abstained from smoking.

وازی لەجگەرەکێشان هێنا.

3801 The cock crowed loudly.

کەڵەشێرەکە بەدەنگی بەرز قوقاندی.

3802 عەداوە= دوژمنایەتی.

She denied any personal enmity towards him.

رەتیکردەوە کە هیچ دوژمنایەتییەکی تایبەتی بەرامبەر ئەو هەبێت.

3803 He likes a miniature version of his father.

ئەو لەنوسخەیەکی بچوککراوەی باوکی دەچێت.

3804 Lucy was relieved to have her boss's endorsement for the project.

لوسی دڵخۆشبوو بە پەسەندکردنی پرۆژەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە.

3805 He was sentenced to five months of incarceration.

بڕیاری زیندانیکردن بۆ ماوەی پێنج مانگی بەسەردا درا.

3806 The wet clothes has frozen on the clothesline.

جلوبەرگە تەڕەکان لەسەر تەنافی جلەکە بەستویەتی.

3807 It was so quiet in the room I could hear my heartbeat.

ژورەکە هێندە زۆر هێمن بوو کە دەمتوانی گوێم لەلێدانی دڵم بێت.

His pulse was weak.

لێدانی دڵی لاواز بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sizeable (سایزەبڵ) گەورە، کەواتە کەبیر[3809]

.1567 degrade (دیگرەید) چیە؟ ریسوادەکات[3810]

endorse (ئیندۆوس) بەمانای پشتگیریدەکات[3811]

.1568 satiated (سەیشیەیتد) ئەشبەع، کەواتە تێرکرد[3812]

precise (پریسایس) "دەقیق"ە، بەکوردییەکەی ورد[3813]

.1569 refraction (ریفراکشن) چیە؟ مانای ئینکیسار[3814]

complexion (کەمپلێکشن) مەزهەر، بەکوردی روخسار[3815]

.1570 uproar (ئەپرۆۆ) چیە؟ هاتوهاوار[3816]

soreness (سۆونەس) وەجەعە، بەکوردی ئازار[3817]

.1571 coercion (کەوێێشن) چیە؟ زۆرلێکردنە[3818]

---

3808 موسیر= (ع: مثیر)= وروژێنەر.

She's a sultry model.

نمایشکارێکی وروژێنەرە.

3809 He has a sizeable house.

خانویەکی گەورەی هەیە.

3810 ریسوادەکات بەمانای "سوکایەتی پێدەکات".

This movie degrades women.

ئەم فیلمە سوکایەتی بە ژنان دەکات.

3811 The prime minister is unlikely to endorse this view.

ئەگەری کەمە سەرۆك وەزیران پشتگیریی ئەم یاسایە بکات.

3812 رانەبردووەکەی satiateە.

This small book doesn’t satiate me.

ئەم کتێبە بچوکە تێرمناکات.

3813 برادەرانی ئەمەریکا بە پرەسایس گۆیدەکەن. مورادیفی exact وaccurateە.

We don't know the precise details of the story yet.

هێشتا وردەکاری دەقیق (ورد)ی چیرۆکەکە نازانین.

3814 شکانەوە

The degree to which the light changes direction is called the angle of refraction.

ئەو پلەیەی روناکی تێیدا ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت پێیدووترێت گۆشەی شکانەوە.

3815 The patient's complexion is pale and weak.

روخساری نەخۆشەکە زەردهەڵگەڕاوو لاواز بوو.

3816 The book caused an uproar in France.

کتێبەکە هاتوهاوارێکی لە فەرەنسا لێکەوتەوە.

3817 There are drugs you can take to ease the soreness.

دەرمان هەیە کە دەتوانیت وەریبگریت بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکە.

3818 He siad the police had used coercion, threats.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**homicide (هۆمیساید) قەتڵە، واتە کوشتنە**[3819]

1572. **biddable (بیدەبڵ) موتیع، ئەی گوێڕایەڵە**[3820]

**misinformation (میسینفەمەیشن) زانیاریی هەڵە**[3821]

1573. **tangible (تانجبڵ) نەعتە، مانای بەرجەستە**[3822]

**paraphernalia (پارەفەنەیلیە) واتە کەرەستە**[3823]

1574. **dissident (دیسیدنت) چیە؟ "هەڵگەڕاوە"**[3824]

**unwarranted (ئەنوۆرەنتید) ئەی بێپاساوە**[3825]

1575. **digestion (دایجێسچن) هەزمە، بەکوردییەکەی هەرس**[3826]

**پرسەنامەیە مانای condolence (کەندەولەنس)**[3827]

1576. **dole out (دەوڵ ئاوت) چیە؟ دابەشدەکا**[3828]

---

وتی پۆلیس هەڕەشەو زۆرلێکردنی بەکارهێناوە.

3819 بەدیاریکراوی بەمانای کوشتنی مرۆڤ دێت.

He was convicted of homicide.

بە تۆمەتی کوشتن ئیدانەکرا.

3820 They were looking for biddable employees who would not cause trouble.

دەگەڕان بۆ کارمەندی گوێڕایەڵ کە کێشە دروستنەکەن.

3821 There's a lot of misinformation about the disease that needs to be corrected.

چەندین زانیاریی هەڵە هەن سەبارەت بە نەخۆشییەکە کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوە هەیە.

3822 بەرجەستە= مەلموس

We need tangible evidence if we're going to take legal action.

ئەگەر بمانەوێت ڕێکاری یاسایی بگرینەبەر، ئەوە پێویستمان بە بەڵگەی بەرجەستە هەیە.

3823 We sell gloves, seeds and other gardening paraphernalia.

ئێمە دەسکێش، تۆو و کەرەستەی تری باخەوانی دەفرۆشین.

3824 هەڵگەڕاوە= مونشەق.

The most famous dissident in that Central American country has fled and is seeking political asylum.

بەناوبانگترین هەڵگەڕاوەی ئەو وڵاتەی ئەمەریکای ناوەڕاست، هەڵاتووەو داوای پەنابەریی سیاسی دەکات.

3825 People need to be protected against such unwarranted intrusions into their private lives by journalists.

پێویستە خەڵك پارێزراو بن لەو دەستوەردانە بێپاساوەی ڕۆژنامەنوسان دەیکەنەسەر ژیانی تایبەتیان.

3826 هەرس: هەرسکردن

Fruits help digestion.

میوە یارمەتی هەرسکردن دەدات.

3827 Dignitaries from all over the world came to offer their condolences.

کەسایەتییە گەورەکان لەسەرتاسەری جیهانەوە هاتن بۆ پێشکەشکردنی پرسەنامەیان.

3828 دابەشدەکا= دابەشدەکات.

I can’t keep doling out money to you kids.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**break (برەیك) پەنتەهیك، ئەی پێشێلدەكا**[3829]

.1577 **gracious (گرەیشەس) ئاوەڵناو، ئەی میهرەبانە**[3830]

**distress (دیسترێس) شیددەیە، واتە تەنگانە**[3831]

.1578 **rebut (ریبەەت) بە واتای پوچەڵدەکاتۆ**[3832]

**scrub (سکرەەب) بەمانای ئیلغادەکاتۆ**[3833]

.1579 **dinnerware (دینەوێ) دەفرە، هینی خواردنە**[3834]

**prostration (پرۆسترەیشن) کڕنوشبردنە**[3835]

.1580 **urchin (ئێچین) منداڵە، بەڵام هی پەڕپوت**[3836]

**scurvy (سکێیڤی) مەرەز، مانای ئەسکەرپوت**[3837]

.1581 **shabby (شابی) بەمانای پەڕپوت و دڕاو**[3838]

---

منالّینە ناتوانم بەردەوام پارەتان بەسەردا دابەشبکەم.

3829 They're breaking the law by employing young children.

بە خستنەسەرکاری منداڵانی بچوك، یاسا پێشێلدەکەن.

3830 ئاوەڵناوە بەمانای میهرەبان دێت.

He was a gracious manager for his employees.

بەڕێوەبەرێکی بەخشندە بوو بۆ کارمەندەکانی.

3831 Kurdistan is in distress.

کوردستان لەتەنگانەدایە.

3832 پوچەڵدەکاتۆ= پوچەڵدەکاتەوە.

She has rebutted charges that she has been involved in any financial malpractice.

ئەو تۆمەتانەی پوچەڵکردەوە کە دەڵێن لەکەمتەرخەمیی دارایی تێوەگلاوە.

3833 ئیلغادەکاتۆ= ئیلغادەکاتەوە= هەڵدەوەشێنێتەوە.

We had to scrub our plans when I lost my job.

کاتێك کارەکەم لەدەستدا، پێویستبوو پلانەکانمان هەڵبووەشێنینەوە.

3834 بە مانای دەفری خۆراکلێنان و خۆراك تێداخواردن دێت.

They bought an 18 piece dinnerware set for the party.

تاقمێك دەفری سپیی خواردنیان بۆ ئاهەنگەکە کڕی کە پێکهاتبوو لە 18 پارچە.

3835 Prostration is one duties of the prayer.

کڕنوشبکردن یەکێکە لەئەرکەکانی نوێژ.

3836 He has an urchin.

منداڵێکی پەڕپوتی هەیە.

3837 بەمانای ئەسکەرپوت دێت کە نەخۆشییەکە بەهۆی کەمی ڤیتامین سییەوە دروستدەبێت.

Scurvy is rare in the United States.

ئەسکەرپوت لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەگمەنە.

3838 Karzan's jacket was old and shabby.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**capybara (کاپیبارە)یە بەراز، هینی ئاو**[3839]

.1582 **sea urchin (سیی ئێیچین) ژیشك، هینی دەریایە**[3840]

**prostrate himself (پرۆسترەیت همسێلف) "کڕنوشدەبا"یە**[3841]

.1583 **demolish (دیمۆلیش) یەدحەز، هەم خاپوردەکا**[3842]

**وشەی mobilize (مەوبەلایز) ئامادەدەکا**[3843]

.1584 **loudspeaker (لاودسپییکە)، tweeter (توویتە) بڵندگۆ**[3844]

**outlandish (ئاوتلاندیش)و exotic (ئیگزۆتیك) نامۆ**[3845]

---

چاکەتەکەی کارزان کۆن و پەڕپوت و دڕاو بوو.

3839 بەمانای بەرازی ئاو دێت کە گیاندارێکی قرتێنەرەو لەئەمەریکای باشور، لەنزیك ئاو دەژی. کاپیباراشی پێدەووترێت کە لەئینگلیزییەکەوە وەرگیراوە.

The average capybara lifespan in the wild is between four to eight years.

بەگشتی سوڕی ژیانی بەرازی ئاو لەسروشتدا، لەنێوان چوار بۆ هەشت ساڵدایە.

3840 بەمانای ژیشکی دەریا دێت. ژیشکی دەریا= ژیشیکی دەریایی.

Some sea urchin species can live for over 100 years.

هەندێك جۆری ژیشکی دەریایی دەکرێ تەمەنی بگاتە زیاتر لەسەد ساڵ.

3841 کڕنوشدەبا= کڕنوشدەبات.

The monk prostrated himself in front of the shrine.

راهیبەکە لەبەردەم مەزارەکەدا کڕنوشیبرد.

3842 یەدحەز= (ع: یدحض)= پوچەڵدەکاتەوە. خاپوردەکا= خاپوردەکات.

He demolished his argument in several minutes.

لەماوەی چەند خولەکێکدا بەڵگەکەی پوچەڵکردەوە.

A number of houses were demolished by Israel.

ژمارەیەك خانوو لەلایەن ئیسرائیلەوە خاپورکران.

3843 هەر لەشێوەزاریی برتانیدا دەشتوانرێت zەکە بکرێت بە s: mobilise.

The government has mobilized several of the army's top combat units.

حکومەت چەند یەکەیەك لەباشترین یەکە جەنگییەکانی سوپای ئامادەکردووە. یان خستووەتە ئامادەباشییەوە.

3844 بڵندگۆ= گەورەکەری دەنگ، موکەبەرەی سەوت.

My microphones and loudspeakers are old.

مایکرۆفۆن و بڵندگۆکانم کۆنن.

I have to buy a new tweeter.

پێویستە بڵندگۆیەکی تازە بکڕم.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1585 ترسناك ماناى formidable (فۆرمیدەبڵ)ە[3846]**

**cardiac arrest (كاردیاك ئەرێست) وەستانی دڵە[3847]**

**.1586 brittle (بریتڵ)، fragile (فراجایڵ) هەردوكیان ناسك[3848]**

**friable (فرایەبڵ)یش[3849]، fawn (فۆن) بێچووەئاسك[3850]**

**.1587 grandeur (گرانجە) گەورەیی، واتە "عەزەمە"[3851]**

**راگرتن ماناى moratorium (مۆرەتۆۆریەم)ە[3852]**

**.1588 maritime (مارەتایم) نەعتە، ماناى دەریایی[3853]**

---

3845 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە ئیگزاتیك گۆدەكەن. نامۆ= سەیر.

Her story seemed so outlandish.

چیرۆكەكەی زۆر سەیر دیارە.

I have some exotic flowers in the garden.

لەباخچەكەدا چەند گوڵێكی نامۆم هەیە.

3846 Assassination is a formidable task.

تیرۆركردن ئەركێكی ترسناكە.

3847 وەستانی دڵ= سەكتەی دڵ.

Each year, 350,000 Americans experience cardiac arrest, when the heart suddenly stops beating, and only around 10% survive.

هەموو ساڵێك 350 هەزار هاوڵاتی ئەمەریكی توشی سەكتەی دڵ دەبن كە تێیدا دڵ كتوپڕ لەلێدان دەكەوێت. تەنها لەسەدا 10ی ئەم توشبوانە لەمردن رزگاریان دەبێت.

3848 بەڵام برادەرانی ئەمەریكا fragile بە فراجڵ گۆدەكەن.

His bones are very brittle.

ئێسكەكانی زۆر ناسكن.

Be careful with that vase – it’s very fragile.

ئاگات لەو ئینجانەیە بێت، زۆر ناسكە.

3849 واتە ئەم وشەیەش بەمانای ناسك دێت. ناسك بەمانای قابیل بۆ شكان بە ئاسانی.

The friable boxes arrived intact.

سندوقە ناسكەكان بە ساخی گەیشتن. واتە نەشكان لەڕێگادا.

3850 Fawns eat milk for the first several months of life.

بێچووەئاسك لەماوەی چەند مانگی یەكەمی ژیانیدا شیر دەخوات.

3851 No words can express the grandeur of that prphet.

هیچ وشەیەك ناتوانێت گوزارشت لەگەورەیی ئەو پێغەمبەرە بكات.

3852 US demands a moratorium on nuclear testing.

ویلایەتە یەكگرتووەكان داوای راگرتنی تاقیكردنەوەی ناووكی دەكات.

3853 He is now Director of the Maritime Transport Bureau.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

preliminary (پریلیمەنەری) واتە بەرایی[3854]

.1589 musket (مەسکیت) عوسکەیە، جۆرێك لەتفەن[3855]

gracias (گراسیاس) سوپاس، کەواتە شوکرەن[3856]

.1590 petrify (پێچریفای) چیە؟ دەتۆقێنێت[3857]

cease (سییس) دەوەستێت، هەم دەوەستێنێت[3858]

.1591 manage (مانیج) بەمانای دەبابەڕێوە[3859]

homogeneous (هەمەجینەس)ە مانای هاوشێوە[3860]

.1592 mobilise (مەوبیلایز) چیە؟ ئامادەدەکا[3861]

drill (دریل) دریلە، هەمیش کوندەکا[3862]

---

ئێستا ئەو بەرێوەبەری نوسینگەی گواستنەوەی دەریاییە.

3854 Preliminary results show that the vaccine is effective, but this has to be confirmed by further medical trials.

ئەنجامە بەراییەکان نیشانیدەدەن کە پێکوتەکە کاریگەرە، بەڵام ئەمە پێویست بە تاقیکردنەوەی پزیشکیی زیاتر جەختبکرێتەوە.

3855 بەمانای عوسکە دێت کە جۆرێکە لەتفەنگ و لەڕابردودا بەکار هێنراوە.

بێگومان مەخسەوی شەریف لەوشەی تفەن لەبەیتەشیعرەکەدا بریتییە لەتفەنگ، بەڵام لەبەر سەرواى بەیتەشیعرەکە پیتی گافەکەم لابردووە.

I hunted a rabbit with a musket two years ago.

دوو ساڵ لەمەوبەر کەروێشکێکم بە عوسکە راوکرد.

3856 Gracias for your help!

سوپاس بۆ یارمەتییەکەت.

3857 The idea of making a speech in public petrified him.

بیرۆکەی وتاردان لەبەردەم خەڵکدا تۆقاندی.

3858 The rain ceased and the sky cleared.

بارانەکە وەستاو ئاسمان رونبووەوە.

The company has decided to cease its operations.

کۆمپانیاکە بڕیاریداوە کارەکانی بووەستێنێت.

3859 دەبابەڕێوە= دەبات بەڕێوە= بەڕێوەدەبات.

He was asked to manage a new department.

داوایلێکرا بەشێکی نوێ بەڕێوەببات.

3860 Iraq isn’t a homogeneous nation.

عیراق نەتەوەیەکی هاوشێوە نیە.

3861 ئامادەدەکا= ئامادەدەکات. بێگومان بە سپێلی mobilizeیش دەنوسرێت.

Our country's in great danger; we must mobilise the whole nation.

وڵاتەکەمان لەمەترسییەکی گەورەدایە، پێویستە تەواوی نەتەوەکەمان ئامادەبکەین. یان بخەینە ئامادەباشییەوە.

3862 وەك ناو بەمانای دریل و وەك کار بەمانای کوندەکا دێت. کوندەکا= کوندەکات. دریل: ئامێری کونکردنی دارو دیوارو ئاسن و هتد...

Do you know how to use a drill?



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1593. **bellow (بێلەو) چیە؟ دەبۆڕێنێت**[3863]

**purr (پێێ) یوخەرخیر، ئەی دەمرخێنێت**[3864]

1594. **apologize (ئەپۆلەجایز) چیە؟ واتە یەعتەزیر**[3865]

**slovenly (سلەڤنلی) پاتاڵ، هەروەها قەزیر**[3866]

1595. **typical (تیپیکڵ) چیە؟ نموزەجییە**[3867]

**marital (ماریتڵ) نەعتە، مانای زەوجییە**[3868]

1596. **achievement (ئەچیيڤمەنت) دەسکەوت، واتە ئینجازە**[3869]

**progressive (پرەگرێسیڤ) پێشکەوتنخوازە**[3870]

1597. **ton (تەون) هەزار کیلۆ، کەواتە "تۆن"ە**[3871]

---

ئایا دەزانیت چۆن دریْل بەکاربهێنیت؟

Drill three holes in the wall for the screws.

سێ کون بکەرە دیوارەکە بۆ سێ برغووەکە.

[3863] The bull bellowed in pain.

گایەکە لەئازاردا بۆڕاندی.

[3864] The cat purred as I touched its head.

کە دەستم دا لەسەری، پشیلەکە مرخاندی.

[3865] یەعتەزیر= (ع: یعتذر)= پۆزشدەهێنێتەوە.

I must apologize to Karzan for my lateness.

بەهۆی دواکەوتنمەوە، پێویستە پۆزش بۆ کارزان بهێنمەوە.

[3866] قەزیر= (ع: قذر)= پیس وچەپەڵ.

You are a slovenly worker.

تو کرێکارێکی پاتاڵیت.

Dara has a handsome face, but his appearance is slovenly.

دارا دەموچاوێکی قوزی هەیە، بەڵام روخساری پیس و چەپەڵە.

[3867] نموزەجی= نمونەیی.

This is a typical day in the life of our village.

ئەمڕۆ رۆژێکی نمونەییە لەژیانی گوندەکەماندا.

[3868] زەوجی= خێزانی.

They've been having marital problems, apparently.

وادیارە کێشەی خێزانییان هەیە.

[3869] "The greatest achievement in life is to help others achieve their goals." - Nelson Mandela

گەورەترین دەسکەوت لەژیاندا بریتییە لەیارمەتیدانی کەسانی تر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

[3870] What we need is a progressive leader.

ئەوەی کە پێویستمانە سەرکردەیەکی پێشکەوتنخوازە.

[3871] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە هەزار کیلۆ، هەزار کیلۆگرامە، بەڵام لەبەر کێشی شیعرەکە گرامەکەم نەنوسیوە.

بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك و بە زیادکردنی s یش. ton, tons.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

one-time (وەنتایم)و onetime (وەنتایم) هەردوكیان "كۆنە"[3872]

.1598 **charm** (چام) مانای سیحرە، بەكوردی جادوو[3873]

**reach** (ریچ) دەگاتە، واتە یەسیلو[3874]

.1599 **teacup** (تیيكەپ) فنجان شای، ئەی كوپی چایە[3875]

**hospice** (هۆسپیس) موستەشفا، "بەس بێهیوایە"[3876]

.1600 **krill** (كرێل) كریلە، جۆرێك لەگیاندار[3877]

**snake charmer** (سنەیك چامە"ر")ە، جادوگەری مار[3878]

.1601 **undue** (ئەندوو) ئاوەڵناو، مانای بێپاساو[3879]

---

The Antarctic blue whale is the biggest of all blue whales. It is also the largest animal on the planet, weighing up to 180 tons (approximately 36 elephants) and reaching up to 30 metres in length. They can consume about 4 ton of krill a day!

نەهەنگی شینی جەمسەری باشور گەورەترین جۆری نەهەنگی شینە. گەورەترین گیانداری سەر زەویشە بەگشتی. كێشەكەی دەگاتە نزیكەی 180 تون (نزیكەی كێشی 36 فیل)و درێژییەكەی دەگاتە نزیكەی 30 مەتر. ئەم جۆرە نەهەنگی شینە هەموو رۆژێك نزیكەی چوار تۆن كریل دەخوات كە گیاندارێكی دەریاییەو لە روبیان دەچێت.

Krill have the ability to shrink their bodies and undergo long periods of starvation.

كریل دەتوانێت لاشەی خۆی بچوكبكاتەوەو بەرگەی ماوەیەكی زۆر برسێتی دەگرێت.

[3872] Salar, a one-time bus driver, is the lead singer of the party.

سالار كە كۆنە سایەقپاسە، گۆرانیبێژی سەرەكیی ئاهەنگەكەیە.

They visited their onetime friends.

سەردانی كۆنەهاورێكانیان كرد.

[3873] He keeps a rabbit's paw as a lucky charm.

چنگە كەروێشكێك هەڵدەگرێت وەك جادویەكی بەختهێن.

[3874] We won't reach Miami until five or six o'clock.

تا سەعات پێنج یان شەش ناگەینە میامی.

[3875] A teacup kissed by Lady Gaga sold in 2011 for $73,700, the proceeds of which were donated to aid victims of the 2011 Tsunami that hit Japan.

گۆرانییەك هەیە دەڵێت، بەدوولا مەست و حەیرانم. ئەم زانیارییەش لەو بابەتەیە، بەدوولا مەست و حەیرانە، لایەكی كەرێتی و لایەكی ئینسانی. لای یەكەمی ئەوپەری كەرێتییە، بەڵام لای دووەمی واتە بەشی دووەمی ئەوپەری ئینسانییە .

لەساڵی 2011 كوپێكی چا كە لێوی كچەگۆرانیبێژی ئەمەریكی لێدی گاگای بەركەوتبوو، بە 73700 دولار واتە حەوت دەفتەرو 37 وەرەقەی ناسك فرۆشرا. ئەمە بەشە كەرێتییەكەیە، بەشە مرۆڤایەتییەكەشی ئەوەیە كە داهاتی كوپەكە بەخشرا بە قوربانیانی رووداوەكەی تسۆنامیی ژاپۆن كە هەمان ساڵ روویدا.

[3876] بەمانای ئەو موستەشفایانە دێت كە نەخۆشی بێهیوان تێدایە، واتە ئەو نەخۆشانەی هیوای چاكبونەوەیان نیە، بەتایبەت هی توشبوانی شێرپەنجە. موستەشفا= نەخۆشخانە.

The hospice aims to ease the sufferings of the dying.

نەخۆشخانەكە ئامانجی سوككردنی نەهامەتییەكانی ئەو كەسانەیە كە هیوای چاكبونەوەیان نیە.

[3877] كرێل: جۆرە گیاندارێكی ئاوییە، لەرووبیان دەچێت.

[3878] جادوگەری مار: ئەو كەسەی لەرێگەی لێدانی موزیكەوە كۆنترۆلی مار دەكات بەمەبەستی سەرنجراكێشانی خەڵك.

One of my friends is a snake charmer.

یەكێك لەهاورێكانم جادوگەری مارە.



بۆ كرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

indefinite (ئین.دێفنەت) دیارینەکراو[3880]

1602. convenient (کەن.ڤینیەنت) نەعتە، ماناکەی گونجاو[3881]

indefensible (ئین.دیفێنسبڵ) واتە بێپاساو[3882]

1603. run out (ڕەن ئاوت) چیە؟ تەواودەبێ[3883]

teem (تییم) یەعوججو، واتە پڕدەبێ[3884]

1604. fervor (فێیڤە"ر")و fervour (فێیڤە"ر") هەردوو حەماسە[3885]

indefatigable (ئیندیفاتیگەبڵ) ماندونەناسە[3886]

1605. might (مایت) مانای "قەد"ە، بەکوردی "ڕەنگە"[3887]

reticent (ڕێتیسنت) کەتوم، واتە بێدەنگە[3888]

1606. rust (ڕەست) ژەنگدەکات، هەروەها ژەنگە[3889]

---

[3879] Exercise gently and avoid putting yourself under undue pressure.

بەنەرمی وەرزشبکەو خۆت لەخستنەژێر فشاری بێپاساو بەدوربگرە.

[3880] The picture has been loaned for an indefinite period to the National Gallery.

وێنەکە بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو بە خواستن دراوە بە گەلەریی نیشتمانی.

[3881] When would be a convenient time to meet ?

چ کاتێك گونجاو دەبێت بۆ کۆبونەوە.

[3882] The law is morally indefensible and in need of reform.

لەڕوی ئەخلاقییەوە، یاساکە بێپاساوە و پێویستی بە چاکسازی هەیە.

[3883] تەواودەبێ= تەواودەبێت.

The milk has run out.

شیرەکە تەواوبووە.

[3884] . پڕدەبێ= پڕدەبێت.

The plaza is teeming with undercover policemen

سەنتەرە بازرگانییەکە پڕدەبێت لەپۆلیسی نهێنی.

[3885] حەماس= پەرۆشی

She kissed him with unusual fervor (fervour).

بە حەماسێکی سەیرەوە ماچیکرد.

[3886] He is an indefatigable campaigner for human rights.

ئەو تێکۆشەرێکی ماندونەناسی مافەکانی مرۆڤە.

[3887] I might be a few minutes late.

ڕەنگە چەند خولەکێکی کەم دوابکەوم.

[3888] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە زۆر کەم قسەبکات.

He is very reticent about his past.

سەبارەت بە ڕابردوی، زۆر بێدەنگە. واتە زۆر کەم قسەی لەسەردەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

sternum (ستێینەم) ئێسکە، بەس هێنی سنگە[3890]
[.1607] frustrate (فرەوسچرەیت) چیە؟ نائومێددەکات[3891]
demolish (دی.مۆلیش) مانای حەپەلوشدەکات[3892]
[.1608] motorbike (مەوتەبایك) مانای دەراجەی ناری[3893]
hospitality (هۆسپیتالەتی) ئەی میوانداری[3894]
[.1609] adequate (ئادیکوەت) لەگەڵ sufficient (سەفیشنت) پێویست[3895]

---

[3889] The door was old and badly rusted.

دەرگاکە کۆن بوو و خراپ ژەنگیکردبوو.

There were large patches of rust on the car.

ئۆتۆمبێلەکە چەند پارچە ژەنگێکی گەورەی پێوە بوو.

[3890] بەمانای ئێسکی قەفەزەی سنگ دێت. مورادیفی breastbone. جەمعەکەی sternums و sterna یە.
The sternum, Shaped roughly like a necktie, it is one of the largest and longest flat bones of the body.
ئێسکی قەفەزەی سنگ کە تارادیەك لەبۆینباخ دەچێت، یەکێکە لەگەورەترین و درێژترین ئێسکە تەختەکان لەلەشدا.
[3891] It frustrates me that I'm not able to put any of my ideas into practice.
ئەوە نائومێدم دەکات کە ناتوانم هیچ یەکێك لەبیرۆکەکانم بخەمە بواری جێبەجێکردنەوە.
Daniel Radcliffe wore the same dirty hat and jacket for six months in order to frustrate paparazzi because the pictures would always look “old” and couldn’t be sold.
کاتێك دەووترێت هێندە زۆڵە رێوی بە شاگرد ناگرێت، مەبەست لێی کەسانی وەك ئەم برادەرەیە.
ئەکتەرێکی بریتانی هەیە بەناوی دانیێڵ رادکلیف. ئەم برادەرە بۆ ماوەی شەش مانگی رەبەق هەمان کڵاوو چاکەتی لەبەردابوو بۆ ئەوەی وێنەگرانی پاپارازی نائومێدبکات، چونکە لەم حاڵەتەدا وێنەکانی هەمیشە "کۆن" دەردەکەون و نافرۆشرێن.
بیلموناسەبە وێنەگرانی پاپارازی ئەو جۆرەن وێنەگرە فریلانسە مشەخۆرانەن کە کەسایەتییە گشتییەکان گیریان خواردووە بەدەستیانەوە هەمیشە بەشوێنیانەوەن و ناوێرێن بە ئازادی دەستێك لەلوتیان بدەن، یەکسە فلَق وێنەیان دەگرن و بڵاویاندەکەنەوە.
[3892] مانایەکی نافەرمییەو زیاتر لەئینگلیزیی بریتانیدا بەکاردەهێنرێت.
بێگومان هەمان وشە بەمانای "پوچەڵدەکاتەوە"و "خاپوردەکات"یش دێت.
Sazan demolished an enormous plateful of chicken.
سازان قاپێکی گەورەی پر لەگۆشتی مریشکی حەپەلوشکرد. واتە هەمووی بەخێرایی خوارد.
[3893] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە مەودەبایك گۆیدەکەن.
دەراجەی ناری= ماتۆڕ
In 2012 a company called Toto created a motorbike that runs on excrement!
لەساڵی 2012 کۆمپانیایەك بەناوی تۆتۆ ماتۆرێکی دروستکرد کە بە پیسایی کاردەکات.
[3894] لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە هاسپیتاڵەدی گۆدەکرێت.
وشەی "ئەی" لەئەسڵدا عەرەبییە "أي"و بەمانای "واتە" دێت و لەبەر کێشی شیعرەکە بەکارمهێناوە. بەکورتی مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی hospitality واتە میوانداری.
Thanks for your great hospitality.
سوپاس بۆ میوانداریيە نایابەکەت.
"True hospitality consists of giving the best of yourself to your guests." - Louisa May Alcott
میوانداریی راستەقینە بریتییە لەبەخشینی باشترینی خۆت بە میوانەکانت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**inessential (ئینەسێنشڵ)ە مانای ناپێویست**[3896]

.1610 **experiment (ئیك.سپێرەمەنت) تاقیکردنەوە**[3897]

**disclosure (دیسکلەوژە) مانای بڵاوکردنەوە**[3898]

.1611 **shed tear (شێد تیە) واتە فرمێسك دەڕێژێ**[3899]

**coin (کۆین) "دراو"ە، هەم دادەڕێژێ**[3900]

.1612 **perfect (پێێفیکت) کامیلە، هەروەها مومتاز**[3901]

---

[3895] پێویست بەمانای کافی. هەردوکیان موڕادیفی enoughن لەم مانایەدا.

Cholesterol is an integral part of every brain cell. Without adequate cholesterol, brain cells die.

کۆلیسترۆڵ بەشێکی بنچینەییە لەسەرجەم خانەکانی مێشکدا. بەبێ کۆلیسترۆڵی پێویست، خانەکانی مێشك دەمرن.

We can prosecute if there is sufficient evidence.

ئەگەر بەڵگەی پێویست هەبێت، دەتوانین سکاڵا بکەین.

[3896] ناپێویست بەمانای نازەروری.

بێگومان بەپێشگری inن دیارە کە پێچەوانەی essentialە. موڕادیفی unnecessaryیە.

I don’t like inessential details.

حەزم لەوردەکاریی ناپێویست نیە.

[3897] وەك ناو بەو مانایە دێت. دەتوانرێت وەك ناوی بژێردراوو نەبژێردراویش بەکاربهێنرێت.

وەك کاریش بەمانای "تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات" دێت.

Some people believe that experiments on animals should be banned.

هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە دەبێت تاقیکردنەوە لەسەر گیانداران قەدەغەبکرێت.

"Experiment is the mother of knowledge." - Benjamin Disraeli

تاقیکردنەوە دایکی زانیارییە.

[3898] ناوێکی بژێردراوو نەبژێردراویشە.

The court ruled to prevent public disclosure of the contents of the documents.

دادگا بڕیاریدا بڵاوکردنەوەی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان بۆ ڕای گشتی، قەدەغەبکات.

[3899] فرمێسك دەڕێژێ= فرمێسك دەڕێژێت. یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. داڕشتەی ڕابردوو و تەسریفی سێیەمیشی هەروەك خۆیەتی و ناگۆڕێت.

She shed a few tears at her daughter's wedding.

لەئاهەنگی هاوسەرگیریی کچەکەیدا، کەمێك فرمێسکی ڕشت.

Dogs shed tears of joy when they reunite with their humans after an extended time part.

سەگ پاش شادبونەوە بە خاوەنەکەی لەدوای دابڕانێکی زۆر، فرمێسکی خۆشی دەڕێژێت. واتە لەخۆشیدا دەگری.

[3900] وەك ناو بەمانای دراو (ی کانزایی نەك کاغەز) دێت و وەك کار بە مانای "دادەڕێژێ" دێت.

دادەڕێژێ= دادەڕێژێت.

The date on the coin is 1789.

ئەو مێژووەی لەسەر دراوەکەیە ساڵی 1789یە.

Who did coin that famous term.

کێ ئەو چەمکە بەناوبانگەی داڕشت؟

[3901] کامیل= (ع: کامل)= تەواو: بێ هەڵەو کەموکورتی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**stool** (ستووڵ) تەپڵەکە، ماناشی بیراز[3902]

[.1613] **disease** (دیزیز) نەخۆشی، کەواتە مەرەز[3903]

**cagey** (کەیجی) وریایە[3904]، بەبێ y قەفەز[3905]

---

مومتاز = نایاب

I made a mistake! Nobody's perfect.

من هەڵەیەکم کرد. هیچ کەسێك کامیل نیە.

when a male penguin falls in love with female penguin, he searches the entire beach to find perfect pebble to present her.

کاتێك پەنگوینێکی نێر عاشقی یەکێکی مێ دەبێت، تەواوی کەناراوەکە دەگەڕێت بۆ ئەوەی چەوێکی نایاب (کە لەلای پەنگوین شتێکی زۆر بەنرخە وەك ئاڵتونی لای خۆمان) بدۆزێتەوە تاوەکو وەك دیاری پێشکەشی بکات.

[3902] بەمانای تەپڵەك و بیرازیش دێت. مەبەستم لەتەپڵەك لێرەدا تەپڵەکی چەرمسات و شیرینی لەسەردانان و هی بەردەم قەنەفەیە نەك تەپڵەکی جگەرە.

بیراز = (ع: براز)= پیسایی. زیاتر لەبواری پزیشکیدا بەم مانایە بەکاردەهێنرێت.

Please bring the three-legged stool to this room.

تکایە تەپڵەکە سێقاچەکە بهێنە بۆ ئەم ژورە.

If you see much of blood in your child's stool, you must take it to the emergency hospital immediately.

ئەگەر لەپیسایی منداڵەکەتدا خوێن زۆر ببینیت، پێویستە دەسبەجێ بیبەیت بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن.

Drinking plenty of fluids, especially water, helps to soften your stool and prevent constipation. Aim for eight glasses of water per day.

خواردنەوەی بڕێکی زۆر شلەمەنی، بەتایبەتی ئاو، یارمەتی نەمکردنی پیساییت دەدات و رێگرد دەبێت لەقەبزی. رۆژانە هەشت پەرداخ ئاو بخۆرەوە.

Believe it or not, around 75% of stool is water!

بڕوادەکەیت یان نا، نزیکەی لەسەدا 75ی پیسایی لەئاو پێکدێت!

[3903] Heart disease is the No. 1 killer of women.

نەخۆشی دڵ یەکەم هۆکاری مردنی خانمانە لەجیهاندا.

Creutzfeldt-Jakob disease is one of the few diseases with no cure and a 100% fatality rate. It is the human equivalent of Mad Cow disease and 70% of people with it die within a year. Nobody has lived past 2.5 years after the symptoms set in.

کرۆتزفێلد جاکوب یەکێکە لەو نەخۆشییە کەمانەی کە هیچ چارەسەرێکی نیەو رێژەی مردن لەناو توشبوانیدا لەسەدا سەدە. ئەم نەخۆشییە ڤێرژنی مرۆیی نەخۆشیی شێتی مانگایەو لەسەدا حەفتای توشبوان لەماوەی یەك ساڵی پاش توشبوندا عومری درێژیان بۆ تۆ جێدەهێڵن. تائێستا هیچ کەسێك دوو ساڵ و نیو دوای دەرکەوتنی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە، بە زیندویی نەماوەتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1614 scruffy (سکرەڤی) چیە؟ پیسوچەپەڵ[3906]**

**sloth (سلەوث) تەممەڵی، هەروەها تەممەڵ[3907]**

**.1615 taste bud (تەیست بەد) مانای گۆپکەی چەشتنە[3908]**

**smell (سمێڵ) مانای شەم، ئەی بۆنکردنە[3909]**

**.1616 boob (بووب)، booby (بووبی)، breast (برێست) هەرسێ واتە مەم[3910]**

---

[3904] مەبەستم لە وریا کەسێکە کە حەزەردەکات و بەزەحمەت زانیاری ئاشکرادەکات.

He's very cagey about his past.

ئەو سەبارەت بە رابردوی زۆر وریایە. واتە حەزەردەکات و رابردوی ئاشکراناکات.

[3905] واتە ئەگەر وشەی cagey پیتی yیەکەی لێبکەیتەوە دەبێتە cage (کەیج) کە بەمانای قەفەز دێت.هەر ئەم وشەیە، بەڵام وەك کار بەمانای "دەخاتە قەفەز"یش دێت.

Most zoos don't keep animals in cages anymore.

زۆربەی باخچەکانی ئاژەڵان چیتر ئاژەڵان لەقەفەزدا راناگرن.

Better to die free than live in a cage.

مردن بە ئازادی باشترە وەك لەژیان لەناو قەفەزدا.

[3906] They live in a scruffy neighbourhood of the city.

ئەوان لەگەڕەکێکی پیسوچەپەڵی شارەکەدا دەژین.

[3907] تەممەڵ: گیاندارێکی مەمکداری بەناوبانگە بە خەوتن و تەممەڵی. زیاتر لە ئەمەریکای باشورو ناوەڕاستدا هەیە.

The report criticizes the government's sloth in tackling environmental problems.

راپۆرتەکە رەخنە لەتەممەڵی حکومەت دەگرێت لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگەدا.

Sloths can take up to a month to completely digest a single leaf. For comparison, it takes the average human 12 to 48 hours to ingest, digest, and eliminate waste from food.

تەممەڵ دەکرێ بۆ هەرسکردنی تەواوەتیی تەنها یەك گەڵا، مانگێکی پێبچێت، لەبەرامبەردا مرۆڤی ئیشقۆڕ بۆ قوتدان و هەرسکردن و فڕێدانی پیسایی خواردن، بەگشتی 12 بۆ 48 سەعاتی پێدەچێت.

[3908] Humans have about 9,000 taste buds, while dogs have only around 1,700.

مرۆڤ نزیکەی نۆ هەزار گۆپکەی چەشتنی هەیە، بەڵام سەگ بە سەگیی خۆی تەنها نزیکەی هەزارو 700ی هەیە.

[3909] بێگومان بەمانای "بۆن"و "بۆندەکات"یش دێت.

شەم= (ع:شَمّ)= بۆنکردن.

Dogs have a very powerful sense of smell.

سەگ هەستێکی زۆر بەهێزی بۆنکردنی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[3910] هەرسێکیان بەمانای مەم دێن. مەم= مەمك.

Most of men like ladies with large boobs.

زۆربەی پیاوان حەزیان لەخانمانێکە کە مەمکیان گەورە بێت.

Her boobies are very attractive.

مەمکی زۆر سەرنجڕاکێشە.

A man is 35% more likely to be diagnosed with prostate cancer than a woman is to be diagnosed with breast cancer.

ئەگەر دەستنیشانکردنی پیاو بە شێرپەنجەی پرۆستات، بەڕێژەی لەسەدا 35 لەتوشبونی ژنان بە شێرپەنجەی مەمك، زیاترە.

[3911] یەکەمیان بەمانای زمانی جەستە واتە پارچەگۆشتەکەی ناودەم دێت، بەڵام دووەمیان بەمانای زمانی قسەکردن وەك زمانی کوردی و ئینگلیزی و هتد... دێت.

Tibetans say hello by sticking their tongues out at each other.

خەڵکی هەرێمی تبت، لەڕێگەی دەرهێنانی زمان لەیەکترەوە، سڵاو دەکەن.

When hunting food, the chameleon’s tongue can go as fast as 95 kilometers per hour.
لەکاتی راوکردنی نێچیردا، حەربا دەتوانێت زمانی بەخێرایی 95 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا بهاوێژێت.

A language dies every 14 days.

هەموو چواردە رۆژێك، زمانێك دەمرێت.

English is the official language of 67 countries.

ئینگلیزی لە 67 وڵاتی جیهاندا، زمانی رەسمییە.

He lifted his glass to his mouth.

پەرداخەکەی بۆ دەمی بەرزکردەوە.

[3912] Crying is how your body speaks when your mouth can't explain the pain you feel.

گریان بریتییە لەچۆنیەتی قسەکردنی جەستەت، لەکاتێکدا دەمت ناتوانێت ئەو ئازارە رونبکاتەوە کە هەستی پێدەکەیت.

The inside of your mouth contains as many bacteria as there are people on Earth.
رەنگە ئەگەر تەنانەت زۆر رۆمانسیش بیت، دوای ئەم زانیارییە چیتر زۆر نەڵێیت: دە بێنە بێنە ئازیزم، دەمەکەو بێنە!!!
ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لەناو دەمی شەریفتدایە، بەقەدەر ژمارەی مرۆڤەکانی سەرزەوییە. ئەگەر بڕواش ناکەیت، بیژمێرە!!!

Mouth Cancer affects 650,000 per year Worldwide.

ساڵانە 650 هەزار کەس لەجیهاندا توشی شێرپەنجەی دەم دەبن.

There are more than 700 different types of bacteria in your mouth. However, most of these bacteria are harmless and actually help to keep your mouth healthy.
ناو دەمی شەریفت زیاتر لە 700 جۆری جیاواز بەکتریای تێدایە، بەڵام خۆشبەختانە زۆربەی ئەم بەکتریایانە بێزیانن و لەڕاستیدا یارمەتی تەندروستمانەوەی دەمت دەدەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1617 heroine بەتەڵ، بەڵام نێر نا، مێ**[3913]

**yellow زەرددەكا، لەگەڵ زەرددەبێ**[3914]

**.1618 signature (سیگنەچە) ئیمزا**[3915]**، seal (سییل)و cachet (كاشەی) مۆر**[3916]

---

The mouth of an elderly man is without teeth, but never without words of wisdom.

دەمی پیاوی بەساڵاچوو بێددانە، بەڵام هەرگیز بێ حیكمەت نیە.

"It is better to keep your mouth closed and let people think you are a fool than to open it and remove all doubt." - Mark Twain

دەمت بە داخراوی بهێڵیتەوەو خەڵك گومانبكەن كە گێلیت، باشترە لەوەی بیكەیتەوەو ئەو گومانە نەهێڵیت!!!

You prove your worth with your actions, not with your mouth.

نرخی خۆت بە كردەوە دەسەلمێنیت نەك بە دەم.

[3913] هێرەوین. بەتەڵ= (ع: بطل). واتە ئەم وشەیە بەمانای پاڵەوان دێت، بەڵام پاڵەوانی مێ واتە خانم نەك پاڵەوانی پیاو. سەرنجبدە ئەم وشەیە پیتی eیەكەی كۆتایی لێبكەیتەوە، دەبێتە heroin كە بەمانای هێرۆین دێت كە یەكێكە لەماددە هۆشبەرەكان. هەردوو وشەكەش وەك یەك دەخوێنرێنەوە.

She was a heroine of the Kurdish Struggle against Saddam's regime.

ئەو خانمەپاڵەوانێكی خەباتی كورد بوو لەدژی رژێمی سەدام.

[3914] یێلەو، بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە یێلەو گۆیەدەكەن. مەعلومە كە ئەم وشەیە وەك ئاوەڵناو بەمانای زەرد دێت، بەڵام وەك فەرمانیش بەكاردەهێنرێت و لەم حاڵەتەدا بەمانای زەرددەكاو زەرددەبێ دێت. زەرددەكا= زەرددەكات. زەرددەبێ= زەرددەبێت.

Can you yellow the wall for the party?

دەتوانیت دیوارەكە بۆ ئاهەنگەكە زەرد بكەیت؟

The old paper yellowed.

رۆژنامە كۆنەكە زەردبوو.

[3915] ئیمزا= واژۆ.

I recognised his signature.

ئیمزاكەیم ناسییەوە.

Handwriting analysis, including the analysis of signatures, can reveal important features of a person's personality.

شیكردنەوەی دەسخەت و ئیمزا دەكرێ تایبەتمەندیی گرنگ سەبارەت بە كەسایەتیی مرۆڤ ئاشكرابكات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**moon (موون) بەمانای مانگ[3917]، sun (صەن) بە واتای خۆر[3918]**

[.1619] **long (لۆنن) واتە درێژ[3919]، pipe (پایپ)، tube (تیووب) بۆری[3920]**

---

3916 The letter had a seal on it.

نامەکە مۆرێکی لەسەر بوو.

The cachet of your office is necessary to believe your documents.

مۆری ئۆفیسەکەت پێویستە بۆ بڕواکردن بە بەڵگەنامەکانت.

3917 The moon was very bright last night.

شەوی ڕابردوو مانگ زۆر گەش بوو.

The moon's average distance from Earth is approximately 238,855 miles.
بەگشتی دووریی مانگ لەزەوییەوە، نزیکەی 238 هەزارو 855 میلە. ئەگەر بڕواش ناکەیت بیپێوە!

3918 The Sun’s diameter is approximately 400 times larger than that of the Moon.
تیرەی خۆر نزیکەی 400 ئەوەندە لە هی مانگ گەورەترە.

After a few minutes the sun will come out.

پاش چەند خولەکێکی کەم خۆر هەڵدێت.

3919 The longest possible duration of the total phase of a solar eclipse is 7 minutes 32 seconds. Unfortunately, the next solar eclipse with a totality approaching 7 minutes won’t occur until June 13, 2132. That eclipse, with a maximum duration of 6 minutes 55 seconds, will be the longest since the 7 minutes 4 seconds of totality experienced June 30, 1973.
درێژترین ماوەی خۆرگیرانی تەواوەتی کە ئەگەری ڕودانی هەبێت، حەوت خولەك و 32 چرکەیە. بەداخەوە خۆرگیرانێکی تەواوەتی کە لەنزیکترین داهاتودا ڕودەدات و ماوەکەی لەحەوت خولەك نزیکدەبێتەوە، تا 13-6-2132 ڕونادات. بێگومان هیچمان ئەو خۆرگیرانە نابینین و هەمومان ئەو کاتە لەژێر خاکداین. ئەو خۆرگیرانە کە ئەوپەڕی ماوەکەی شەش خولەك و 55 چرکەی ناسکە، دەبێتە درێژترین خۆرگیران لە 30-6-1973وە کە تێیدا خۆرگیرانی تەواوەتی ڕویداوەو ماوەکەی حەوت خولەك و چوار چرکە بووە.

He bought a long table for his new office.

مێزێکی درێژی کڕی بۆ ئۆفیسە تازەکەی.

Not only is the Trans-Siberian Railway the longest railroad in Russia, but it’s also the longest one in the world. The journey takes seven days, during which time passengers pass through eight different time zones and cross 3,901 bridges.
هێڵێکی شەمەندۆفێری بەناوبانگ هەیە بەناوی هێڵی ئاسنینی سیبیریا تێپەڕ. ئەم هێڵە نەك تەنها درێژترین هێڵی شەمەندۆفێرە لەسەرتاسەری ڕوسیا، بەڵکو درێژترینە لەسەرتاسەری جیهاندا. کورە جا هێشتا چیت دیوە!. گەشتکردن بەم هێڵەدا حەوت ڕۆژ دەخایەنێت و تێیدا سەرنشینەکان بەناو هەشت ناوچەی سەعاتجیاوازدا دەڕۆن و سێ هەزارو 901 پرد تێدەپەڕێنن!
The longest carrot ever grown in history so far measured around 6 meters long.
درێژترین گێزەر کە تائێستا بەرهەمهێنرابێت، درێژییەکەی نزیکەی شەش مەتر بووە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**frog (فرۆگ) مانای بۆق[3921]، lizard (لیزەد)یش قۆڕی[3922]**

[1620]. **success (سەكسێس)، successful (سەكسێفوڵ) هەردوو سەركەوتوو[3923]**

---

Once Einstein sits next to a man on a long flight. Einstein says, “Let’s play a game. I will ask you a question, and if you don't know the answer, you will pay me only $5; but if I don't know the answer, I will pay you $500". The man agrees and the game proceeds.
Einstein asks the first question, “What is the distance between the Earth and the Moon?”
The man doesn't say a word. He reaches into his pocket, and pulls out $5. He then asks Einstein, “What goes up a hill with 3 legs, but comes down on 4?”.Einstein thinks about it for a long time, but fails to answer the question. Then, he gives the man $500. Einstein then asks, “Well, so what goes up a hill on 3 legs and comes down on 4?”.
The man reaches into his pocket and gives Einstein $5!!!
جارێك ئاینیشتاین لەمیانەی گەشتێكی درێژی ئاسمانییدا لەتەنیشت پیاوێكەوە دادەنیشێت .ئاینیشتاین پێیدەڵێت: با یارییەك بكەین. من پرسیارێكت لێدەكەم، ئەگەر وەڵامەكەت نەزانی، تۆ تەنها پێنج دۆلارم پێدەدەیت، بەڵام ئەگەر من وەڵامی پرسیارەكەی تۆم نەزانی، 500 دۆلارت پێدەدەم.
پیاوەكە رازیدەبێت و یارییەكە دەستپێدەكات. ئاینیشتاین یەكەم پرسیاردەكات: ماوەی نێوان زەوی و مانگ چەندە؟
پیاوەكە هیچ ناڵێت. دەستدەكات بە گیرفانیداو پێنج دۆلار دەردەهێنێت و پێیدەدات. پاشان لە ئاینیشتاین دەپرسێت: ئەوە چیە بە سێ قاچ سەردەكەوێت بەسەر گردێكدا، بەڵام بە چوار دێتە خوارەوە؟
ئاینشتاین ماوەیەكی زۆر بیردەكاتەوە بەڵام ناتوانێت وەڵامی پرسیارەكە بداتەوە. پاشان 500 دۆلاری ناسك دەدات بە پیاوەكە.
دواتر ئاینیشتاین لەپیاوەكە دەپرسێت: زۆر چاكە، كەواتە ئەوە چیە كە بە سێ قاچ سەردەكەوێت بە سەر گردێكدا بەڵام بە چوار دێتە خوارەوە؟
پیاوەكە دەستدەكات بە گیرفانیداو پێنج دۆلاری تری پێدەدات!!!

[3920] A water pipe had burst.

بۆرییەكی ئاو تەقیبوو.

The iron tube isn’t safe for transporting water.

بۆری ئاسن بۆ گواستنەوەی ئاو سەلامەت نیە.

[3921] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە فراگ گۆیدەكەن.

The World's smallest poisonous frog is less than a centimeter long and its skin is 200 times more toxic than morphine.

بچوكترین بۆقی ژەهراوی لەجیهاندا، درێژییەكەی ناگاتە یەك سانتیمەترو پێستەكەی 200 جار لەمۆرفین ژەهراویترە.

[3922] The word "Dinosaur" comes from the ancient Greek and means "terrible lizard".

وشەی Dinosaur لەوشەیەكی كۆنی یۆنانییەوە وەرگیراوە كە بەمانای قۆڕیی ترسناك دێت.


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**ironing board (ئایەنینن بۆرد)ە مێزە، هی ئوتوو**[3924]

.1621 **complainant (کەمپلەینت) چیە؟ سکاڵاکارە**[3925]

**administration (ئەدمینیسترەیشن) پێدان، ئیدارە**[3926]

.1622 **within خیلالە، واتە لەماوەی**[3927]

**in order to (ئین ئۆردە تو)ە مانای بۆ ئەوەی**[3928]

---

[3923] وشەی success بەمانای کەس یان شتی سەرکەوتووش دێت وێڕای مانا سەرەکییەکەی کە سەرکەوتنە. با رونترین بکەمەوە: success و successful هەردوکیان بەمانای سەرکەوتوو دێن بەڵام یەکەمیان ناوە دووەمیان ئاوەڵناوە.

He became a success thanks to hard work.

ئەو بەهۆی کارکردنی قورسەوە، بووە کەسێکی سەرکەوتوو.

Behind every successful woman is herself!

لەپشت هەموو ژنێکی سەرکەوتووەوە، خۆی هەیە!

[3924] بە مانای مێزی ئوتوو دێت.

I have to buy an ironing board.

پێویستە مێزێکی ئوتوو بکڕم.

[3925] سکاڵاکار= (ع: مدعي).

The judge made it clear that he thought the complainant was the truthful witness and that the case should continue.

دادوەر رونیکردەوە کە پێیوایە سکاڵاکارەکە شایەتحاڵێکی راستگۆیەو کەیسەکە پێویستە بەردەوام بێت.

[3926] ئیدارە= (ع: إدارة)= بەڕێوەبردن.

The pain-relieving effects of paracetamol occur within 30-60 minutes of administration of the oral tablets. The effects last for three to four hours.

کاریگەرییە ئازارهێورکەرەوەکەی پاراستۆڵ لەماوەی 30 تا 60 خولەك پاش پێدانی حەبەکە لەڕێگەی دەمەوە دەستپێدەکات و بۆ ماوەی سێ بۆ چوار سەعاتی ناسك بەردەوام دەبێت.

She has little experience in administration.

ئەو ئەزمونێکی کەمی لەبەڕێوەبردندا هەیە.

[3927] I will be back within an hour.

لەماوەی سەعاتێکدا دەگەڕێمەوە.

[3928] Understand yourself in order to understand others better.

لەخۆت تێبگە بۆ ئەوەی باشتر لەکەسانی تر تێبگەیت.

"In order to be irreplaceable, one must always be different." - Coco Chanel

بۆ ئەوەی جێگەت پرنەکرێتەوە، پێویستە هەمیشە جیاواز بیت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1623 treasure (چرێژه) گەنجینە، کەواتە "کەنز"ە[3929]

fever (فیڤە) مانای تا[3930]، وشەی chill (چیڵ) "لەرز"ە[3931]

.1624 barter (باتە) بەمانای ئاڵوگۆڕکردن[3932]

conversation (کۆنڤەسەیشن)ە گفتوگۆکردن[3933]

.1625 thought (ثۆوت) بەمانای بیریکردەوە[3934]

crosswalk (کرۆسوۆك) مەمەڕ، هی پیادەڕەوە[3935]

---

3929 Knowledge is a treasure you can always carry with you.

زانیاری گەنجینەیەکە دەتوانیت هەمیشە لەگەڵ خۆتدا هەڵیبگریت.

"There is more treasure in books than in all the pirate's loot on Treasure Island." - Walt Disney

ئەو گەنجینانەی لەناو کتێبدا هەن، لەهەموو ئەو گەنجینانە زیاترە کە چەتەکانی "دورگەی گەنجینە" بەتاڵانیان بردووە.

3930 Besides drinking plenty of fluids, also drink grapefruit juice to reduce fever.

سەرباری خواردنەوەی بڕێکی زۆر شلەمەنی، شەربەتی لیمۆی بەهەشتیش بخۆرەوە بۆ دابەزاندنی تا.

I woke up with a fever this morning.

ئەم بەیانییە بە تاوە خەبەرم بووەوە.

Most fevers caused by a virus last for 3 to 4 days, although some can last as little as 1 day, and others, such as one caused by Dengue fever, can last up to 10 days or more.

زۆربەی تاکان کە هۆکارەکەی ڤایرۆسن، ماوەی سێ بۆ چوار رۆژ دەخایەنێت، هەندێکیشیان تەنها رۆژێك دەخایەنێت. جۆری تریش هەیە وەك تای ئێسکشکێن دەکرێ 10 رۆژ یان زیاتریش بخایەنێت.

3931 مەخسەوی شەریفم لە لەرز، برای تایە!. ئەم وشەیە زیاتر بەشێوەی کۆ بەکاردەهێنرێت نەك تاك.

The disease begins abruptly with chills, headaches, and dizziness.

نەخۆشییەکە کتوپڕ بە لەرزو ژانەسەرو سەرەسوڕێ دەستپێدەکات.

Pneumonia can cause fever, chills, cough, shortness of breath, and chest pain.

هەوکردنی سی دەکرێ ببێتەهۆی تا، لەرز، کۆکە، تەنگەنەفەسی و سەرەسوڕێ.

3932 مەخسەوی شەریفم لەئاڵوگۆڕکردن لێرەدا بریتییە لەموقایەزە واتە گۆڕینەوەی شمەك و خزمەتگوزاری بە شمەك و خزمەتگوزاریی بەبێ بەکارهێنانی پارە.

Some communities still rely on barter as a means of trade.

تائێستاش هەندێك کۆمەڵگا هەن پشت بە ئاڵوگۆڕکردن دەبەستن وەك هۆکارێکی بازرگانی.

3933 گفتوگۆکردن= گفتوگۆ

The phone call interrupted our conversation.

تەلەفۆنەکە گفتوگۆکەی بڕین.

"The reading of all good books is like conversation with the finest minds of past centuries." - René Descartes

خوێندنەوەی گشت کتێبە باشەکان وەك گفتوگۆکردن وایە لەگەڵ جوانترین عەقڵەکانی سەدەکانی رابردوو.

3934 رابردووي think.

She thought very carefully before answering.

پێش وەڵامدانەوە، زۆر بەوردی بیریکردەوە.

"If you only read the books that everyone else is reading, you can only think what everyone else is thinking." - Haruki Murakami in Norwegian Wood

فەخامەتی جەنابت ئەگەر تەنها ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە کە هەموو کەسێکی تر دەیخوێننەوە، ئەوا تەنها دەتوانیت بیر لەو شتانە بکەیتەوە کە هەموو کەسێکی تر بیری لێدەکاتەوە. بەکوردییەکەی خۆمان دەبیتە کۆپی پەیست.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1626 **want (ۆۆنت) یوریدو، واتە دەیەوێت**[3936]

**abscond (ئەبسکۆند)و escape (ئیسکەیپ) بەمانای هەڵدێت**[3937]

.1627 **plan (پڵان) وەکو کار، پلاندادەنێت**[3938]

**frighten away (فرایتن ئەوەی) مانای راودەنێت**[3939]

.1628 **weight (وەیت) مانای "کێش"ە**[3940]**، بێ t دەکێشێ**[3941]

---

[3935] ئەم وشەیە ئەمریکییە، بریتانییەکەی crossingو pedestrian crossingە.
بەمانای مەمەری پیادەڕەو دێت. مەمەڕی پیادەڕەو: شوێنی پەڕینەوەی پیادەڕەو لەسەر شەقام.
I almost ran down an old man in a crosswalk.
خەریکبوو لەپیاوێکی پیر بدەم لەشوێنی پەڕینەوەی پیادەڕەوەکە. (لێدانی سەیارە نەك بە تێلاو هتد!!!)
[3936] What do you want for your birthday?
بۆ جەژنی لەدایکبونەکەت چیت دەوێت؟
“If you want to lift yourself up, lift up someone else.” — Booker T. Washington
ئەگەر دەتەوێت خۆت بەرزبکەیتەوە، کەسێکی تر بەرزبکەرەوە.
[3937] Two prisoners absconded last night.
شەوی رابردوو دوو زیندانی هەڵهاتن.
The canary has escaped from the cage.
کەنارییەکە لەقەفەزەکە هەڵهات.
[3938] Maria didn’t plan to kill Fiona. It was an accident.
ماریا پلانی دانەنا بۆ کوشتنی فیۆنا. تەنها ڕێکەوت بوو.
“You cannot expect victory and plan for defeat.” — Joel Osteen
ناتوانیت چاوەڕوانی سەرکەوتن بکەیت لەکاتێکدا پلان بۆ شکست دابنێیت.
[3939] The loud noise frightened away the birds from the trees.
ژاوەژاوە بەرزەکە باڵندەکانی سەر درەختەکەی راونا.

[3940] کێش بەمانای وەزن. ئەم وشەیە عەینەن وشەی wait دەخوێنرێتەوە کە بەمانای "چاوەڕوانی، چاوەڕێدەکات" دێت.

I have to exercise to keep my weight down.

بۆ ئەوەی کێشم بە دابەزیوی بهێڵمەوە، پێویستە وەرزش بکەم.

The weight of the Great Pyramid of Giza is estimated to be around 6 million tons. Constructed over 4,500 years ago, this ancient marvel remains one of the most massive man-made structures ever built.

کێشی هەرەمی گەورەی جیزە لە میسر، بە نزیکەی شەش ملیۆن تۆ دەخەمڵێنرێت. ئەم هەرەمە سەیرە کە زیاتر لەچوار هەزار ساڵ لەمەوبەر دروستکراوە، وەك یەکێك لەگەورەترین بینا مرۆڤکردەکان بە درێژایی مێژوو، ماوەتەوە.

[3941] واتە ئەگەر وشەی weight پیتی t ایەکەی لێبکەیتەوە دەبێتە weigh (وەی) کە بەمانای "دەکێشێ" دێت. دەکێشێ= دەکێشێت.

She weighs herself every day.

هەموو رۆژێك خۆی دەکێشێت.

Weigh your words before you speak them. Once they are said, they can only be forgiven, not forgotten.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**drag (جراگ) لەگەڵ pull (پوڵ) ئەی رادەکێشێ**[3942]

[.1629] **light (لایت) وەکو کار، روناکدەکاتۆ**[3943]

**shrink (شرینك) یەسغورو، بچوکدەکاتۆ**[3944]

[.1630] **sit down (ست داون) یەجلیس، لەگەڵ دانیشە**[3945]

**occupation (ئۆکیپەیشن)و profession (پرەفێشن) پیشە**[3946]

---

قسەکانت بکێشە پێش ئەوەی بیانفەرمویت. چونکە هەر وتران، تەنها دەتوانرێت چاوپۆشییان لێبکرێت بەڵام لەبیرناکرێن.

[3942] هەردوکیان بەمانای "رادەکێشێ" دێن. رادەکێشێ= رادەکێشێت.

We have to drag the sofa to the other side of the room.

پێویستە قەنەفەکە رابکێشین بۆ لاکەی تری ژورەکە.

Mom! Karzan's pulling my hair!

دایە!، کارزان قژم رادەکێشێت!

[3943] روناکدەکاتۆ= روناکدەکاتەوە.

"Light tomorrow with today." — Elizabeth Barrett Browning

سبەینێ بەمرۆ روناکبکەرەوە.

[3944] بەمانای یەسغورو و بچوکدەکاتۆ دێت.

یەسغورو= (ع: یصغر)= بچوکدەبێتەوە.

بچوکدەکاتۆ= بچوکدەکاتەوە.

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

shrink→ shrank→ shrunk

Your sweater will shrink if you wash it at too high a temperature.

ئەگەر لەپلەی گەرمیی زۆر بەرزدا چاکەتەکەت بشۆیت، بچوکدەبێتەوە.

We want to expand the business, not shrink it.

دەمانەوێت بازرگانییەکەمان فراوانبکەین، نەك بچوکی بکەینەوە.

Ninety minutes of sweating can temporarily shrink the brain as much as one year of aging.

نەوەد خولەك عارەقکردنەوە دەکرێ بەقەدەر ساڵێکی تەواو پیربون، مێشك بەشێوەیەکی کاتی بچوکبکاتەوە.

[3945] . یەجلیس= (ع: یجلس)= دادەنیشێت. رابردووەکەی sat downە.

He sat down beside the fire.

لەتەنیشت ئاگرەکەوە دانیشت.

"Don't sit down and wait for the opportunities to come. Get up and make them." — Madam C.J Walker

دامەنیشەو چاوەڕێی هاتنی هەل مەکە کە بێت. بەڵکو هەستەو خۆت دروستیبکە.

Come in and sit down.

وەرە ژورەوەو دانیشە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.1631 **condiment (كۆندمنت) چیه؟ واتە بەهارات**[3947]

**buff (بەەف) وەك ئاوەڵناو، مانای زەردی مات**[3948]

.1632 **size (سایز)و magnitude (ماگنیتیوود) هەردوو قەبارە**[3949]

**lazy (لەیزی) تەمەڵە**[3950]**، active (ئاکتیڤ) بەکارە**[3951]

.1633 **immunize (ئیمیەنایز) واتای بەرگریدەدات بە**[3952]

**believe (بلییڤ) بەمانای بڕوادەکات بە**[3953]

---

[3946] هەردوکیان بەمانای پیشە دێن واتە لەم مانایەدا موورادیفن.

Fishing is the most dangerous occupation in America.

مەترسیدارترین پیشە لە ئەمەریکا راوەماسییە.

Romania recognizes witchcraft as a legal profession.

رۆمانیا جادوو وەك پیشەیەکی یاسایی، دەناسێنێت.

[3947] “Failure is the condiment that gives success its flavor.” — Truman Capote

شکست ئەو بەهاراتەیە کە تام بە سەرکەوتن دەدات.

[3948] I don’t like buff cars.

حەزم لەئۆتومبێلی زەردی مات نیە. واتە حەزم لەو رەنگە نیە لەئۆتومبێلدا.

[3949] برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە ماگنەتوود گۆدەکەن.

Over 80% of women wear the wrong bra size.

زیاتر لەسەدا 80ی خانمان، ستیانی قەبارە هەڵە، لەبەردەکەن.

You don’t understand the magnitude of the problem.

تۆ لەقەبارەی کێشەکە تێناگەیت. واتە تۆ نازانیت چەندە گەورەیە.

[3950] He is a lazy worker.

کرێکارێکی تەمەڵە.

[3951] بەکار=چالاك

At 84 he's still quite active.

لەتەمەنی 84 ساڵیشدا هێشتا تەواو بەکارە.

[3952] There is still no vaccine to immunize people against the virus.

تائێستاش هیچ پێکوتەیەك نیە کە بەرگری بدات بە مرۆڤ لەدژی ڤایرۆسەکە.

[3953] You shouldn’t believe everything you read.

نابێت بڕوا بە هەموو شتێك بکەیت کە دەیخوێنیتەوە.

"Believe you can and you're halfway there." — Theodore Roosevelt



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1634 **sister (سیستە) واتە خوشك**[3954]**، brother (برەدذە) برایە**[3955]

**nephew (نێفیو) برازا یا خوشکەزایە**[3956]

.1635 **monarch (مۆنەك)و Rex (ڕێکس) هەردوکیان "شا"یە**[3957]

**niece (نییس) برازایە، یان خوشکەزایە**[3958]

.1636 **word (وێید)دەنگۆو وشە**[3959]**، speech (سپییچ)یش وتار**[3960]

---

بڕوابکە بەوەی کە دەتوانیت، نیوەی ڕێگاکەت بڕیوە.

3954 Sara and Saya are sisters.

ساراو سایە خوشکن.

3955 I have two brothers.

من دوو برام هەیە.

Cleopatra was the child of two siblings — and she married two of her brothers.

تۆ تەماشا ئەم کافرصانییە!!!

کلیۆپاتر کە یەکێکە لەشاژنە دیارەکانی میسری دێرین، مندالّی خوشك و برایەك بووە. خۆشی هاوسەرگیری لەگەڵ دوان لەبراکانیدا کردووە.

3956 بەمانای برازا یان خوشەزای نێر دێت. وشەی nieceیش بەمانای خوشکەزا یان برازای مێ دێت.

My old nephew lives in Erbil.

برازا (یان خوشکەزا) گەورەکەم لەهەولێر دەژی.

3957 برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە مانەك گۆدەکەن. شا= پادشا.

وشەی Rex پاش ناوی پادشاکە بەکاردەهێنرێت و پێویستە پیتی یەکەمی کاپیتەڵ بێت.

The monarch has always attended the official opening of Parliament.

پادشا هەمیشە ئامادەی کردنەوەی رەسمیی پەرلەمان بووە.

Hussein Rex wasn’t brutal.

شا حسێن دڕندە نەبوو.

3958 بەمانای خوشکەزا یان برازای مێ دێت.

I have three nieces.

من سێ خوشکەزا (یان برازا)م هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**rider (ڕایدە) ڕاکیبە، دێش بەمانای سوار**[3961]

**.1637 second (سێکەند) چرکەیە، هەروەها دووەم**[3962]

---

[3959]. دەنگۆ= ع: (شائعة). واتە ئەم وشەیە لەیەکێك لەماناکانیدا موورادیفی rumor ە.

There’s a word that they are divorcing.

دەنگۆیەك هەیە کە ئەوان جیادەبنەوە.

There are two spellings of this word.

ئەم وشەیە دوو سپێلی هەیە.

The word "uncopyrightable" is one of the longest English words that can be written without repeating a letter.

وشەی uncopyrightable یەکێکە لەدرێژترین وشەکانی ئینگلیزی کە پیتی دووبارەی تیدا نیە.

[3960] He presented a speech at my brother's wedding.

لەئاهەنگی هاوسەرگیریی براکەمدا، وتارێکی پێشکەشکرد.

[3961] بەمانای ڕاکیب و سواریش دێت. ڕاکیب= (ع: راكب)= سەرنشین.

She is a very good and experienced rider.

ئەو سوارێکی زۆرباش و بەئەزموونە.

The bus contains 21 riders.

پاسەکە 21 سەرنشین لەخۆدەگرێت.

[3962] بەمانای چرکەو دووەمیش دێت.

Mosquitoes can mate while flying for as little as 15 seconds.

ئەگەر تائێستا خوێنمژی ڕۆمانسیت نەبیستووە، ئەوا ئێستا دەیبیستیت کە مێشولەیە!

ئەم زیندەوەرە دەتوانێت لەکاتی فڕینیشدا سێکس بکات، بەڵام ماوەی ئەم جۆرە سێکسە کەمەو تەنها 15 چرکەیە.

A nanometre is about as much as your nails grows every second.

نانۆمەترێك بریتییە لەنزیکەی ئەو بڕەی نینۆکمان لەماوەی یەك چرکەدا درێژدەبێت.

Every 40 seconds, someone in the United States has a stroke.

هەموو 40 چرکەیەك کەسێك لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەڵتەی دەماخ لێیدەدات.

Michael Jackson's funeral was the second most-watched ever (31 million people), after Princess Diana's (33.25 million).

ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی مایکڵ جاکسۆن، دووەم پڕبینەرترین بووە لەمێژوودا. 31 ملیۆن کەس سەیریان کردووە. یەکەمیش هی شازادە دیانای بریتانیا بوو کە 32 ملیۆن و 250 هەزار کەس سەیریان کردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی mist (میست)و haze (هەیز) دێن بەمانای تەم[3963]

.1638 musketeer (مەسکەتیە) سەرباز، هی عوسکەلەشان[3964]

psychologist (سایکۆلەجیست)ە مانای دەروونزان[3965]

.1639 absolute (ئابسەلووت) موتڵەق، واتە رەهایە[3966]

sibling (سیبلین) ماناکەی خوشکوبرایە[3967]

.1640 till (تیڵ) لەگەڵ until (ئەنتیڵ) هەردوو هەتاکو[3968]

---

[3963] وشەی یەکەمیان چۆن دەنوسرێت ئاوهاش دەخوێندرێتەوە.

Gradually the mist cleared and the sun began to shine.

بەشێوەیەکی تەدریجی "پلەبەپلە" تەمەکە رونبووەوەو خۆر دەرکەوت.

The car disappeared in the haze.

ئۆتۆمبێلەکە لەناو تەمدا ونبوو.

[3964] بەمانای سەربازێك دێت کە عوسکەی پێبێت.

عوسکە: جۆرێکە لەتفەنگ و لەڕابردودا بەکارهێنراوە.

My grandfather was a brave musketeer.

باپیرم سەربازێکی عوسکەلەشانێکی ئازا بوو.

[3965] دەروونزان= دەروونناس

There are more than 400 distinct phobias well recognized by psychologists.

زیاتر لە 400 جۆر فۆبیا (ترسی نائاسایی)ی جیاواز هەیە کە لەلایەن دەروونناسانەوە دانی پێدانراوە.

[3966] Which of these countries is an absolute monarchy?

(Britain, Saudi Arabia, Netherlands, Sweden)

سیستەمی کام لەم وڵاتانە پاشایەتیی رەهایە؟

{بریتانیا، سعودیە، هۆڵەندا، سوید} سعودیە

[3967] I have four siblings: three brothers and a sister.

چوار خوشك و برام هەیە: سێ براو یەك خوشك.

[3968] هەتاکو= هەتاوەکو= تاکو= تاوەکو= هەتا= تا

We waited till six thirty for you.

هەتاکو سەعات 6:30 چاوەڕێمانکردیت.

The ticket is valid until March.

بلیتەکە هەتاکو مانگی سێ دەخوات.

What was illegal in Great Britain from 1803 until 1967?

(cigarettes, euthanasia, slavery, abortion)

لەساڵی ١٨٠٣ هەتاکو ١٩٦٧ کام لەمانە لە بریتانیای مەزن قەدەغە بووە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bean (بیین) فاسۆلیایە، bead (بیید) مانای مورووو**[3969]

**.1641 gold (گەوڵد) مانای زێڕە**[3970]**، golden (گەوڵدن) زێڕین**[3971]

**sunset (سەنسێت) غوروبە، واتە خۆرنشین**[3972]

**.1642 dry run (جرای ڕەن) چیە؟ واتە پرۆڤە**[3973]

**human body (هیومەن بۆدی) جەستەی مرۆڤە**[3974]

---

{جگەرە، کوشتنی بەسۆز، کۆیلایەتی، لەباربردنی منداڵ} لەباربردن

Cubans were prohibited from owning cell phones until 2008.

تا ساڵی 2008، هاوڵاتیانی کوبا بۆیان نەبووە مۆبایلیان هەبێت.

3969 سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوەبەیتە لەڕوی پێکهاتەو خوێندنەوەشەوە تەنها پیتی کۆتاییان جیاوازە، بۆیە کردمن بە دراوسێ.

Beans are an excellent source of plant protein.

فاسۆلیا سەرچاوەیەکی نایابە بۆ پرۆتینی رووەکی.

That shop had very beautiful beads.

ئەو دوکانە موررووی زۆر جوانی هەبوو.

3970 زێڕ=ئاڵتون

The price of gold reached its peak during the last winter.

نرخی زێڕ لەزستانی رابردودا گەیشتە لوتکە.

3971 . زێرین= ئاڵتونی.

I bought a golden ring to my wife.

ئەڵقەیەکی ئاڵتونیم بۆ ژنەکەم کری.

In which US state can we find the Golden Gate Bridge?
(Nevada, California, Alaska, New Jersey)

پردی دەروازەی ئاڵتونی لە چ ویلایەتێکی ئەمەریکادایە؟
(نیڤادا، کالیفۆرنیا، ئەلاسکا، نیو جێرسی) کالیفۆرنیا

3972 غوروب= (ع: غروب)= خۆرنشین= خۆرئاوابون.

Shortly after sunset we stared the jouerny.

ماوەیەکی کەم پاش خۆرنشین، گەشتەکەمان دەستپێکرد.

3973 Let's a dry run.

با پرۆڤەیەك بکەین.

3974 جەستەی مرۆڤ= لاشەی مرۆڤ

What percentage of the human body is water? 66

ئاو لەسەدا چەندی چەندی جەستەی مرۆڤ پێکدەهێنێت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1643 remarkably (ریماکەبلی) بەشێوەی بەرچاو[3975]

شتێك buoyant (بۆیەنت) بێ دەکەوێتە سەر ئاو[3976]

.1644 pin (پین) مانای قاچە، هەروەها دەمبوس[3977]

lexicographer (لێکسیکۆگرەفە) واتە فەرهەنگنوس[3978]

.1645 constantly (کۆنستنتلی) واتە بیستیمرار[3979]

past year (پاست ییە) حەتمەن مانای ساڵی پار[3980]

.1646 harvest (هاڤیست) حەسادە، واتە دروێنە[3981]

---

[3975] مەبەستم لە "بەشێوەی بەرچاو" بریتییە لە "بەشێوەیەکی بەرچاو" بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر چەند پیتێکم لابردووە.
بەشێوەیەکی بەرچاو: زۆر

Cells related to _________ divide remarkably faster than other cells in the human body.
hair

دابەشبونی ئەو خانانەی پەیوەندییان بە.....وە هەیە بەشێوەیەکی بەرچاو لە هی خانەکانی تری جەستەی مرۆڤ، خێراترە. موو

[3976] ئاوەڵناوە بۆ وەسفی شتێك بەکاردێت کە قابیلی کەوتنە سەر ئاو بێت واتە نقوم نەبێت بۆ نمونە چیلکە.

Cork is buoyant.

تەپەدۆر سەرئاودەکەوێت. لەبەر ئاسانتێگەیشتن ئاوەڵناوەکەم گۆڕیوە بۆ کار.

[3977] دوان لەماناکانی وەك ناو، قاچ (ی مرۆڤ) و دەمبوسن. واتە لەمانای یەکەمیاندا موراديفی legو هەر لەم مانایەدا زیاتر بە شێوازی کۆ بەکاردەهێنرێت.

My mother’s pins are shaky.

قاچەکانی دایکم لەرزۆکن.

The seamstress often uses pins.

بەرگدروو زۆرجار دەمبوس بەکاردەهێنێت.

The smallest bone in the human body is about the size of:
(the head of a pin, a grain of rice, an eyelash, a grain of sand) a grain of rice

قەبارەی بچوکترین ئێسك لەلەشی مرۆڤدا بەقەدەر کام لەمانە دەبێت؟
(سەری دەمبوس، دەنکە برنجێك، تاڵەبرژانگێك، دەنکە لمێك) دەنکە برنجێك.

[3978] فەرهەنگنوس= قاموسنوس

He is a skilled lexicographer.

فەرهەنگنوسێکی کارامەیە.

[3979] ئاوەڵکارە. بیستیمرار= (ع: بإستمرار)= بەردەوام، بە بەردەوامی.

Your skin is the largest organ on your body. On average, your skin weighs about six pounds, and its job is to protect you from infections and germs. Throughout your life, your skin will change constantly, and will regenerate itself approximately every 27 days.

پێستی شەریفت گەورەترین ئەندامی جەستەتە. بەگشتی کێشی پێستت نزیکەی دوو کیلۆگرام و 750 گرامی ناسکەو ئەرکی پاراستی جەنابتە لەنەخۆشی و میکرۆب. بەدرێژایی ژیان پێستت بەردەوام دەگۆڕێت و نزیکەی هەموو 27 رۆژێك، جارێك خۆی تازەدەکاتەوە.

[3980] ساڵی پار= ساڵی رابردوو

Costs have been reduced by 20% over the past year.

لەماوەی ساڵی رابردوودا تێچووەکان بەرێژەی لەسەدا 20 زیادیانکردووە.

[3981] حەساد= (ع: حصاد)= دروێنە

Harvest time is hot.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

peregrine falcon (پێرەگرەن فۆلکن) مانای شەهێنە[3982]

.1647 marigold (ماری گەوڵد) چیە؟ گۆڵەشەستپەڕە[3983]

creature (کریچە) کائین حەی، ئەی زیندەوەرە[3984]

.1648 living (لیڤینن) مانای حەی، بەکوردی زیندوو[3985]

without respite (ویذاوت رێسپایت)ە واتە بێپشوو[3986]

.1649 sailfish (سەیڵفیش) ماسیی چارۆکەدارە[3987]

bactrian (باکچریەن) حوشتر، هی دووکۆپارە[3988]

.1650 gal (گاڵ) مانای کچە، کەواتە فەتات[3989]

---

کاتی درووێنە گەرمە.

[3982] The peregrine falcon can fly at an altitude of over 3500 feet .

شەهێن دەتوانێت لەبەرزایی زیاتر لە سێ هەزارو 500 پێ (هەزارو 668 مەتر)دا بفڕێت.

Capable of exceeding 186 miles per hour, what is the fastest creature in the animal kingdom? (peregrine falcon, cheetah, black marlin)

خێراترین زیندەوەری ناو شانشینی زیندەوەران کە دەتوانێت بەخێرایی زیاتر لە 186 میل لەسەعاتێکدا بڕوات کام لەمانەیە؟ (شەهێن، چیتا، ماسی مارلینی رەش) شەهێن

[3983] Marigolds have been used in traditional medicine.

گوڵەشەستپەڕ لەنوژداریی کلاسیکیدا بەکارهێنراوە.

[3984] کائین حەی= (ع: كائن حي)= زیندەوەر

Rainforests are filled with amazing creatures.

دارستانە باراناوییەکان پڕن لەزیندەوەری سەرسوڕهێن.

[3985] حەی= (ع: حي)= زیندوو

A living dog is better than a dead lion.

سەگێکی زیندوو لەشێرێکی مردوو باشترە.

[3986] هەروەها بە (ویذاوت رێسپیت)یش دەخوێنرێتەوە.

بێپشوو= بەبێ پشوو

We worked for hours without respite.

چەند سەعاتێك بێپشوو کارمانکرد.

[3987] Growing up to 59 feet (18 meters) long, which is the world's largest living fish? (sailfish, whale shark)

گەورەترین ماسیی زیندوو واتە کە قڕ نەبوبێت چ جۆرە ماسییەکە؟ بۆ زانیاریی زیاتر درێژییەکەشی دەگاتە نزیکەی 18 مەتر. (ماسیی چارۆکەدار، قرشی نەهەنگی)

Sailfish are considered the fastest fish in the sea, reaching top speeds of 70 miles per hour.

ماسیی چارۆکەدار بە خێراترین جۆری ماسی دادەنرێت لەدەریادا. لوتکەی خێراییەکەی دەگاتە 70 میل لەسەعاتێکدا.

[3988] بەمانای حوشتری دووکۆپارە دێت.

Bactrian can drink up to fifty-seven litres of water in one go.

حوشتری دووکۆپارە دەتوانێت بە یەکجار نزیکەی 57 لیتر ئاو بخواتەوە.

[3989] فەتات= (ع: فتاة)= کچ

She is an attractive gal but isn't smart.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**عیبارەی refrain from (ریفرەین فرۆم) واتە ناکات[3990]**

.1651 **instant (ئینستنت) نەعتە، مانای فەورییە[3991]**

**fatty acid (فاتی ئاسید)ە ترشە چەورییە[3992]**

.1652 **social (سەوشڵ) چیە؟ کۆمەڵایەتی[3993]**

**valour (ڤاڵە) هەم valor (ڤالەر) ئەی ئازایەتی[3994]**

.1653 **jaw (جۆ) شەویلگەیە، بە عەرەبی فەك[3995]**

**border (بۆدە) بەمانای سنوری ها لەتەك[3996]**

.1654 **fog (فۆگ) مانای زوباب، بەکوردییەکەی تەم[3997]**

---

کچێکی سەرنجڕاکێشە، بەڵام زیرەك نیە.

[3990] وشەی fromەکە بە (فرەم)یش دەخوێنرتەوە.

Please refrain from talking during the lecture.

تکایە لەکاتی موحازەرەکەدا قسە مەکە.

[3991] فەوری= دەسبەجێ:

There is no instant cure for this condition.

ئەم حاڵەتە هیچ چاکبونەوەیەکی فەوری نیە.

[3992] ترشە چەوری= ترشی چەوری

Which is a good source of omega-3 fatty acids?
(Sardineh, Chicken, Beef, Pig)

کام لەمانە سەرچاوەیەکی باشە بۆ ترشە چەورییەکانی ئۆمێگا3؟
(ماسیی ساردین، گۆشتی مریشك، گۆشتی مانگ، گۆشتی بەراز) ماسیی ساردین

[3993] Which are NOT social insects?
(Ants, Bees, Termites, Butterfles)

کام لەم مێروانە زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتی نیە؟
(مێرولە، هەنگ، پەپولە، مێرولەی سپی) پەپولە

© TIMLEG 2024 Imprint

[3994] هەمان وشەن، بەڵام یەکەمیان سپێلی بریتانییەو دووەمیان ئەمەریکییە.

Saving the child was a true display of valor (valour).

رزگارکردنی منداڵەکە پیشاندانێکی راستەقینەی ئازایەتی بوو.

[3995] برادەرانی ئەمەریکا بە "جاا" گۆیدەکەن. فەك= (ع: فَكّ)= شەویلگە.

Jaws of some animals are very strong.

شەویلگەی هەندێك لەگیانداران زۆر بەهێزە.

[3996] سنوری ها لەتەك= سنوری هەیە لەگەڵ

Which country borders South Korea?
(China, Pakistan, North Korea, Malaysia)

کام لەم وڵاتانە سنوری لەگەڵ کۆریای باشوردا هەیە؟
(چین، پاکستان، کۆریای باکور، مالیزیا) کۆریای باکور

© TIMLEG 2024 Imprint



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**third (ثێرد) سێیەمە[3998]، first (فێیست) واتە یەکەم[3999]**

.1655 **populous (پۆپیلەس) نەعتە، مانای موزدەحیم[4000]**

**sterile (ستێرایڵ) نەزۆك، کەواتە عەقیم[4001]**

.1656 **نەمر خالیدە، واتە immortal (ئیمۆۆتڵ)[4002]**

**وشەی husk (هەسك)و hull (هەڵ) هەردوکیان توێکڵ[4003]**

.1657 **pronoun (پرەوناون) زەمیر، بەکوردی جێناو[4004]**

---

[3997] برادەرانی ئەمەریکا بە فاالگ گۆیدەکەن. زوباب= (ع: ضباب)= تەم.

It took several hours for the fog to lift.

رەوینەوەی تەمەکە چەند سەعاتێکی خایاند.

[3998] This is her third marriage.

ئەمە سێیەم هاوسەرگیرییەتی.

The third heaviest organ is the brain which is having an average weight of 1500g.

سێیەم قورسترین ئەندامی جەستەی مرۆڤ دەماخە کە بەگشتی کێشی هەزارو 500 گرامە.

English is the third most spoken native language in the world, after Mandarin Chinese and Spanish.

زمانی ئینگلیزی سێیەم گەورەترین زمانی جیهانە لەڕوی زۆریی ژمارەی ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن. ڕاستەوخۆ دوای چینیی ماندارین و ئیسپانی دێت.

[3999] This is my first visit to Slemany.

ئەمە یەکەم سەردانمە بۆ سلێمانی.

Ronaldo is the first man to score at 5 different World Cups.

یەکەم یاریزان لەمێژودا کە توانیویەتی لە پێنج مۆندیالی جیاوازدا گۆڵ تۆماربکات، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆیە.

What is the first letter of the Greek alphabet? Alpha

یەکەم پیتی ئەبجەدیی یۆنانی چی پێدەووترێت؟ ئەلفا

[4000] موزدەحیم= قەرەباڵغ. لێرەدا مەخسەوی شەریفم لە قەرەباڵغ برییتییە لەدانیشتوانی زۆر.

Which of these countries is the most populous?

(Indonesia, Russia, India,  USA)

کام لەم وڵاتانە لەوانی تر قەرەباڵغترە واتە دانیشتوانەکەی لە هی ئەوانی تر زیاترە؟

(ئیندۆنوسیا، ڕوسیا، هندستان، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا) هندستان

© TIMLEG 2024 Imprint

[4001] One of the side effects of the drug could be to make men sterile.

یەکێك لەکاریگەرییە لاوەکییەکانی دەرمانەکە ئەوەیە کە ڕەنگە پیاوان نەزۆك بکات.

[4002] Which animal is in theory biologically immortal?

(Immortal jellyfish, Immortal bee, Immortal fly)

کام لەم زیندەوەرانە لەڕوی تیۆریی زیندەزانییەوە نەمرە واتە بەگوێرەی بیردۆزەکان نامرێت؟

(چرای دەریای نەمر، هەنگی نەمر، مێشی نەمر) چرای دەریای نەمر

[4003] The girls peeled the husks (hulls) off the corn.

کچەکە توێکڵی گەنمەشامییەکەی پاککرد. واتە توێکڵەکەی لێکردەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

congruent (کۆنگروەنت) هاوتا، هەروەها گونجاو[4005]

.1658 was born (وەز بۆڕن) چیە؟ لەدایکبوو[4006]

get up (گێت ئەپ) هەڵدەستێ، ئەی یەستەیقیزو[4007]

.1659 exhibit (ئیگزیبیت) چیە؟ نمایشدەکا[4008]

swim (سویم) یەسبەحو، ئەی مەلەدەکا[4009]

.1660 slavery (سلەیڤری) چیە؟ واتە ئیسترقاق[4010]

---

4004 جێناو= راناو

What type of word is "hastily"?
(Adverb, Pronoun, Preposition)

وشەی hastily لەزمانی ئینگلیزیدا چ جۆرێکە؟
(ئاوەڵکار، جێناو، ئامرازی پەیوەندی) ئاوەڵکارەو بەمانای "بەپەلە" دێت.

Here you should use a plural pronoun.

لێرەدا دەبێت جێناوی کۆ بەکاربهێنیت.

4005 بەمانای "هاوتا"و "گونجاو" دێت. هاوتا= هاوشێوە.

His version was congruent with all the other witnesses' accounts.

گێڕانەوەکەی ئەو هاوتای گێڕانەوەکانی هەموو شایەتحاڵەکانی تر بوو. واتە هاوشێوەی ئەوان بوو.

Their values are not congruent.

نرخەکانیان گونجاو نیە.

4006 In which English town was William Shakespeare born?
(New Milton, Billingham, Southwell, Stratford-upon-Avon)

ولیەم شکسپیر لەکام لەم شارانەی ئینگلتەرا لەدایکبووە؟
(نیو میڵتۆن، بیلینگهام، ساوزوێڵ، ستراتفۆرد ئەپەون ئاڤۆن) ستراتفۆرد ئەپەون ئاڤۆن

4007 یەستەیقیزو= (ع: یستیقظ)= هەڵدەستێت لەخەو= لەخەو هەڵدەستێت. بێگومان لەبەر زەروراتی شیعر لەبری "هەڵدەستێت لەخەو" تەنها نوسیومە "هەڵدەستێ".

We didn’t get up until lunchtime.

ئەو تا نانی نیوەڕۆ هەڵنەسا لەخەو.

4008 نمایشدەکا= نمایشدەکات

Her paintings have been exhibited all over the world.

تابلۆکانی لەسەرتاسەری جیهاندا کراون.

4009 سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.
یەسبەحو= (ع: یسبح)= مەلەدەکا= مەلەدەکات
یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

swin→ swam→ swum
I swam two miles this morning.

ئەم بەیانییە دوو میل مەلەمکرد. واتە دوو میلم بڕی بە مەلەکردن.

What bird can swim but not fly?
(Penguin, Eagle, Stork)

چ باڵندەیەك دەتوانێت مەلەبکات بەڵام ناتوانێت بفڕێت؟
(پەنگوین، هەڵۆ، حاجی لەقلەق) پەنگوین.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**shank (شانك) لەمرۆڤدا دێت بەمانای لاق**[4011]

.1661 **bactrian camel (باکچریەن کامەڵ) حوشتر دوو کۆپار**[4012]

**flew (فلوو) "فڕی"یە، بە عەرەبی تار**[4013]

.1662 **wintertime (وینتەتایم) چیە؟ کاتی شیتایە**[4014]

**abolishment (ئەبۆلیشمەنت)ە مانای "ئیلغا"یە**[4015]

.1663 **tire (تایە) یەتعەبو، یوتعیبو، تایە**[4016]

---

4010 ئیسترقاق= (ع: استرقاق)= کۆیلایەتی

Slavery still exists in many parts of the world.

تائێستاش کۆیلایەتی لەزۆر شوێنی جیهاندا بونی هەیە.

What happened right after the American Revolution (1775-1783) in the northern states?

(Women's suffrage, Abolishment of slavery, Prohibition of alcohol, No fault divorce)

راستەوخۆ پاش شۆڕشی ئەمەریکا (1775-1783)، چی لەویلایەتەکانی باکوری ئەو وڵاتەدا رویدا؟

(پێدانی مافی دەنگدان بە ژنان، هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی، قەدەغەکردنی خواردنەوە کهولییەکان، رێدان بە تەڵاقی بێهەڵە) هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی

4011 Don’t look at her naked shanks.

سەیری لاقە روتەکانی مەکە.

4012 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "حوشتر دوو کۆپار" بریتییە لە "حوشتری دوو کۆپارە"، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعرە دوو پیتم لێ لابردووە.

Bactrian camels are the only land mammals capable of drinking salt water without any ill effects.

حوشتی دوو کۆپارە تەنها زیندەوەری وشکانییە کە دەتوانێت ئاوی سوێر بخاتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کاریگەرییەکی خراپی لەسەر هەبێت.

4013 تار= (ع: طار)= فڕی

رابردووی flyیە کە یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

fly→ flew→ flown

What passenger jet airliner can fly faster than the speed of sound?

چ جۆرە فڕۆکەیەکی فوکەرەی نەفەر هەڵگر دەتوانێت خێراتر لەدەنگ بفڕێت؟ کۆنکۆرد

4014 کاتی شیتا= کاتی شیتاء= (ع: وقت الشتاء)= کاتی زستان

Like most beach resorts in the wintertime, it's almost deserted.

هەروەك زۆربەی هاوینەهەوارە کەناراوییەکان، ئەویش تەقریبەن چۆڵە.

In which country are the world’s 10 coldest cities located?

(United States, Canada, Russia, Sweden)

Russia is home to 10 cities whose wintertime temperatures are regularly well below zero. Many of them are in Siberia.

دە ساردترین شار لەجیهاندا دەکەوێتە کام لەم وڵاتانەوە؟

(ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کەنەدا، روسیا، سوید) روسیا

روسیا وڵاتی ئەو 10 شارەیە کە پلەی گەرمایان لەکاتی زستاندا بەشێوەیەکی بەردەوام لەخوار سفرەوەیە.

4015 ئیلغا= ئیلغاء= (ع: الغاء)= هەڵوەشاندنەوە.

The workers insisted on the abolishment of the old laws.

کرێکارەکان سور بوون لەسەر هەڵوەشاندنەوەی یاسا کۆنەکان.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**area (ئێیەریە) ناوچە، ڕووبەرو کایە**[4017]

**[1664.] regime (ڕەیژییم) ڕیجیمە، هەم مانای ڕژێم**[4018]

**region (رییجن) ناوچەیە، هەروەها هەرێم**[4019]

---

[4016] یەتعەبو= (ع: یَتعبُ)= ماندودەبێت.

یوتعییو= (ع: یُتعبُ)= ماندوودەکات.

I tire fast.

من خێرا ماندوودەبم.

Don't tire yourself out before the race.

پێش پێشبڕکێیەکە خۆت ماندوو مەکە.

He was driving so fast that his car tire exploded.

ئەوەندە بەخێرایی لێیدەخوڕی، تایەی ئۆتۆمبێلەکەی تەقی.

[4017] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئێریە گۆیدەکەن. کایە= بوار

The country has a large industrial area.

وڵاتەکە ناوچەیەکی گەورەی پیشەسازی هەیە.

The approximate area of the Amazon rainforest is 6.7 million km².

ڕووبەری دارستانی باراناویی ئەمازۆن نزیکەی شەش ملیۆن و 700 هەزار کیلۆمەتر دوجایە.

Software is not really my area of expertise.

سۆفتوێر بواری ڕاستەقینەی پسپۆڕیی من نیە.

[4018] ڕیجیم: پلانێکی تایبەتی خواردن و وەرزشکردنە بەمەبەستی باشکردنی ئاستی تەندروستیی مرۆڤ.

ڕژێم:  حکومەتێك کە بە دادپەروەری حوکم ناکات یان تۆ تاقەتی چڕوچاویت نیە.

Patients have to carry out a strict regime.

نەخۆش پێویستە ڕیجیمێکی توند جێبەجێبکات.

The regime assassinated most of its opponents.

ڕژێم زۆربەی نەیارەکانی تیرۆرکرد.

[4019] The country has a large industrial area.

وڵاتەکە ناوچەیەکی گەورەی پیشەسازی هەیە.

He lives in one of China's autonomous regions.

ئەو لەیەکێك لەهەرێمە خۆڕێبەرییەکانی چین، دەژی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1665 behavior (بیهەیڤیە) سولوك، واتە رەفتارە**[4020]

**administrative (ئەدمینەسترەتیڤ) هینی ئیدارە**[4021]

**.1666 instantaneous (ئینستنتەینیەس) مانای فەورییە**[4022]

**operation (ئۆپەرەیشن)ە نەشتەرگەرییە**[4023]

**.1667 hill (هیڵ) مانای گردە**[4024]**، mountain (ماونتین) کێوە**[4025]

**lipstick (لیپستیك) واتای سوراوی لێوە**[4026]

**.1668 dolt (دەوڵت) مانای ئەبلەهـ، کەواتە گێلە**[4027]

**turbid (تێیبید) "عەکیر"ە، بەکوردی لێڵە**[4028]

---

[4020] ئەم سپێڵە ئەمەریکییە. بریتانییەکەی behaviour، واتە پیتی یووی تێدایە.

He was notorious for his violent and threatening behavior.

بەهۆی رەفتارە هەڕەشەئامێزو توندەکەیەوە، ناوبانگی خراپی هەیە.

Entomology is the science that studies insects)

ئێنتۆلۆمۆجی بریتییە لەو زانستەی لێکۆڵینەوە لەسەر مێرووەکان دەکات.

[4021] ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە ئیدارەوە هەبێت.

هینی ئیدارە= هی ئیدارە= ئیداری= کارگێری.

The job is mainly administrative.

کارەکە بە شێوەیەکی سەرەکی کارگێڕییە.

[4022] I want an instantaneous response.

وەڵامێکی فەوریم دەوێت.

[4023] First human heart transplant operation conducted by Dr. Christiaan Barnard on Louis Washkansky, was conducted in…

(1967, 1968, 1958, 1922)

یەکەم نەشتەرگەریی چاندنی دڵی مرۆڤ لەلایەن برادەرێکەوە بەناوی د.کریتیان بارناردەوە ئەنجامدرا بۆ پیاوێك بەناوی لویس وەشکانسکی. ئەم نەشتەرگەرییە لە چ ساڵێکدا ئەنجامدرا؟ 1967

[4024] From the top of the hill, we can see our house.

لەلوتکەی گردەکەوە دەتوانین خانووەکەمان ببینین.

[4025] کێو= شاخ

Kurdistan region has several high mountains.

هەرێمی کوردستان چەند شاخێکی بەرزی تێدایە.

[4026] Most lipstick contains fish scales.

سوراوی لێو، زۆربەیان پولەکەی ماسی لەپێکهاتەیاندا هەیە.

[4027] That dolt didn't realize the danger he was in.

ئەو گێلە درکی بەو مەترسییە نەکرد کە تێیدایە.

[4028] عەکیر= (ع: عکر)= لێڵ



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**1669.** **clear (کلییە) روون و ساف، پاکدەکاتەوە**[4029]

**shorten (شۆۆتن) یەقسورو، کورتدەکاتەوە**[4030]

**1670.** **theatre (ثیتە) مەسرەحە، واتە شانۆیە**[4031]

**pigment (پیگمەنت) مانای سیبغ، بەکوردی بۆیە**[4032]

**1671.** **thumb (ثەم) پەنجەگەورە**[4033]**، elbow (ئێلبەو) ئەنیشکە**[4034]

**Scorpio (سکۆپیەو) مەولود، هی بورج دوپشکە**[4035]

---

The water is very turbid, it’s not drinkable.

ئاوەکە زۆر لێڵە، بۆ خواردنەوە ناشێت.

[4029] There’s a clear spring near that tree.

لەنزیك ئەو درەختە، کانییەکی روونی لێیە.

Our new television has a very clear picture.

تەلەفزیۆنە نوێکەمان وێنەیەکی زۆر روونی هەیە.

She has a very clear skin.

پێستێکی زۆر سافی هەیە.

It took several hours to clear the road after the accident.

پاککردنەوەی رێگاکە پاش رووداوەکە، چەند سەعاتێکی پێچوو.

[4030] یەقسورو= (ع: يَقصُر)= کورتدەبێتەوە.

In winter, the days shorten.

لەزستاندا رۆژ کورتدەبێتەوە.

Double consonants shorten the vowel sound before them (ex: miss, bell).

جوتەپیتی هاوشێوەی نەبزوێن دەنگی بزوێنی پێش خۆیان کورتدەکاتەوە. واتە ئەو وشانەی دوو پیتی نەبزوێنی هاوشێوەی لەپاڵیەکیان تێدایەو پێش دوو پیتەکە، پیتێکی بزوێن هەیە، ئەو پیتە بزوێنە بەکورتی دەخوێنرێتەوە نەك درێژ.

[4031] سپێڵی ئەم وشەیە لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بەم شێوەیەیە: theater.

The White House has its own movie theater. It seats 42 people.

کۆشکی سپی شانۆی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ فلیم. جێگای 42 کەسی تێدا دەبێتەوە.

[4032] The artist Sandy Lee uses natural pigments in her work.

هونەرمەند ساندی لی بۆیەی سروشتی بەکاردەهێنێت لەکارەکانیدا.

[4033] سەرنجبدە پیتی bیەکەی ناخوێنرێتەوە.

The baby is sucking its thumb.

منداڵەکە پەنجەگەورەی دەمژێت.

[4034] There is a continual ache in my right elbow.

ئەنیشکی راستم ئازارێکی بەردەوامی تێدایە.

[4035] کۆیەکەی Scorpios.

بێگومان دەبوو ئەم نیوەبەیتەم بەم شێوەیە بنوسیایە: "Scorpio لەدایکبوی کەلووی دوپشکە"، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر چەند دەسکاری و دەمکارییەکم تێدا کردووە!!. وشەی "لەدایکبوو" و کەلووەکەم کردووە بە عەرەبی و پیتی یائی نێوان بورج و دوپشکەکەم لابردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1672. **pious (پایەس) "تەقی"یە، ئەی لەخواترسە**[4036]

**copper (کۆپە) نوحاسە، بەکوردی مسە**[4037]

1673. **seclusion (سیکلووژن) چیە؟ واتە دابڕان**[4038]

**legislative (لێجەسلەتیڤ)ە هی یاسادانان**[4039]

1674. **intricate (ئینچریکەت) سیفە، واتای ئاڵۆزە**[4040]

**muzzle (مەزڵ) لەحەیوان، مانای قەپۆزە**[4041]

1675. **clumsy (کڵەمزی) ئاوەڵناو، بەمانای بێباك**[4042]

**قرشی نەهەنگی واتای whale shark (وەیڵ شاك)**[4043]

1676. **erosion (ئیرەوژن) چیە؟ واتە داخوران**[4044]

**plateau (پلاتەو) هەزبەیە، بەکوردییەکەی بان**[4045]

---

My birthday is 5 November so I'm a Scorpio.

ڕۆژی لەدایکبونم 5ی 11یە. کەواتە من یەکێکم لە لەدایکبوانی بورجی دوپشك.

[4036] He was a pious man.

پیاوێکی لەخواترس بوو.

[4037] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کاپە"ر" گۆیدەکەن.

Copper is a mineral and an element essential to our everyday lives.

مس کانزاو توخمێکی بنچینەییە بۆ ژیانی ڕۆژانەمان.

If one's breasts are transformed into iron or copper in the dream, it means loss of a child.

ئەگەر کەسێك لەخەودا بینی مەمکی بووە بە ئاسن یان مس ئەوە منداڵێك لەدەستدەدات.

[4038] دابڕان بەمانای دورەپەرێزبون لەخەڵك

They enjoyed ten days of peace and seclusion.

ئەوان 10 ڕۆژی ئارامی و دابڕانیان بەخۆشی بەسەربرد.

[4039] The new assemblies will have no legislative power.

ئەنجومەنە نوێیەکان دەسەڵاتی یاسادانانیان نابێت.

[4040] The riddle was intricate, and it took hours to solve.

مەتەڵەکە ئاڵۆز بوو. حەلکردنی، چەند سەعاتێکی خایاند.

[4041] بەمانای قەپۆز "ی ئاژەڵ" دێت.

The dog is white with a black muzzle and ears.

سەگە سپییە، بەڵام قەپۆزو گوێی ڕەشە.

[4042] بێباك بەمانای کەمتەرخەم.

A clumsy waiter spilled wine all over her new skirt.

شاگردێکی بێباك هەموو شەرابەکەی ڕشت بەسەر تەنورە نوێیەکەیدا.

[4043] Whale sharks are not whales, they are sharks.

قرشی نەهەنگی نەهەنگ نیە، قرشە.

[4044] The area suffers badly from coastal erosion.

ناوچەکە خراپ بەدەست داخورانی کەناراوییەکانییەوە دەناڵێنێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1677 **sycophant (سیکەفەنت) چیە؟ مەراییکەره**[4046]

**aide (ئەید) وەك assistant (ئەسیستنت) یاریدەدەره**[4047]

.1678 **froze (فرەوز) جەمەدە، بەکوردی بەستی**[4048]

**bit (بیت) مانای عەززە، کەواتە گەستی**[4049]

.1679 **manual work (مانیوەڵ وێیك) چیە؟ کاری دەستی**[4050]

**carpet (کاپیت) واتە فەڕش**[4051]**، spun (سپەن)یش رستی**[4052]

.1680 **perforate (پێیفەرەیت) چیە؟ واتە یەسقوبو**[4053]

**tired (تایەد) تەعبانە، بەکوردی ماندوو**[4054]

---

[4045]پلاتەو. کۆکەی plateaux، بەڵام لەشێوەزاری ئەمەریکیدا زیاتر بە زیادکرنی s کۆدەکرێتەوە.

بان= (ع: هضبة): بە روبەرێك دەووترێت کە لەدەشت بەرزترەو لەگرد نزمترە.

The largest and highest plateau in the world is the Tibetan Plateau.

گەورەترین و بەرزترین بان لەجیهاندا بانی تبتە.

[4046] مەراییکەر= ماستاوچی

The prime minister is surrounded by sycophants.

سەرۆك وەزیران بە ماستاوچی دەوردراوە.

[4047] He was assassinated by his own aide.

لەلایەن یاریدەدەرەکەی خۆیەوە تیرۆرکرا.

He was a skilled assistant bank manager.

یاریدەدەرێکی لێهاتووی بەڕێوەبەری بانك بوو.

[4048] The lake froze.

دەریاچەکە بەستی.

[4049] عەززە= (ع:عَضَّ)= گەستی= گازلێگرت.

The dog bit him.

سەگەکە گەستی.

[4050] People in manual work have a lower life expectancy.

ئەو کەسانەی کاری دەستی دەکەن سوری ژیانیان کەمترە.

[4051] My bedroom carpet is green.

فەڕشی ژوری نوستنەکەم سەوزە.

[4052] She spun a pair of nice gloves to her husband.

جوتێك دەسکێشی جوانی بۆ مێردەکەی رست.

[4053] یەسقوبو= (ع: یثقب)= کونەدکات.

A broken rib had perforated her lung.

پەراسویەکی شکاو سی کونکردبوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1681. term (تێیم) مەرج و ماوە، هەمیش زاراوە[4055]

appropriate (ئەپرەوپریەت)ە واتای گونجاوە[4056]

1682. stroke (سترەوك) جەڵتەی مێشك[4057]، heart attack (هات ئەتاك) هی دڵ[4058]

---

4054 I'm very tired.

من زۆر ماندوم.

4055 The terms of the company are very hard.

مەرجەكانی كۆمپانیاكە زۆر قورسن.

Karzan's term as chairman expired last month.

مانگی رابردوو ماوەی كارزان وەك سەرۆك، بەسەرچوو. واتە ماوەی سەرۆكایەتییەكەی بەسەرچوو.

What does the term 'patrician' signify?

زاراوەی پەتریشەن ئاماژەیە بۆ چی؟

4056 Sport clothes are not appropriate for a wedding.

جلوبەرگی وەرزشی گونجاو نیە بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری.

If you have heart disease, you should exercise just as much as someone who does not have heart disease. But understand the risks; some activities may not be appropriate for you now.

ئەگەر نەخۆشیی دڵت هەیە، هەر دەبێت بەقەدەر ئەو كەسانەی نیانە، وەرزشبكەیت. بەڵام مەترسییەكانیشی بزانە. هەندێك چالاكی هەن رەنگە گونجاو نەبن بۆ تۆ لەم كاتەدا.

4057 جەڵتەی مێشك= جەڵتەی دەماغ= جەڵتەی دەماخ.

Over half of stroke deaths occur in women.

زیاتر لەنیوەی حاڵەتەكانی مردن بەهۆی جەڵتەی دەماخەوە، لەژندا رودەدەن.

Owning a cat can reduce the risk of heart attacks and strokes by more than a third.

هەبونی پشیلە، مەترسیی جەڵتەی دڵ و جەڵتەی دەماغ بەرێژەی زیاتر لەیەك لەسەر سێ، كەمدەكات.

British actor Gareth Jones died of a heart attack while performing in a live televised play in 1958 – in which his character was scripted to have a heart attack. The rest of the cast improvised around his death and finished the play.

لەساڵی 1958 ئەكتەرێكی بریتانی بەناوی گارس جۆنز، لەگەرمەی نواندنی لەشانۆگەرییەك كە راستەوخۆ لەتەلەفزیۆنەوە پەخشدەكراو بەپێی سیناریۆكە دەبوو جەڵتەی دڵ لێیبدات، هەر بەراستی و بەبێ سوعبەت جەڵتەی دڵ لێیداو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. برادەرانی تری كاستەكە بەشێوەیەكی ئیرتیجالی لەدەوری مەرگەكەی، شانۆگەرییەكەیان تەواوكرد.

4058 كە ئەڵێم هی دڵ مەبەستم جەڵتەی دڵە واتە ئەم وشە لێكدراوە بەمانای جەڵتەی دڵ دێت.

In 1984, British comedian Tommy Cooper had a heart attack and died on live television. The audience all assumed it was part of his act and laughed, applauded during his final moments.

لەساڵی 1984، كۆمیدیاكاری بریتانی، تۆمی كوپەر، لەگەرمەی نمایشێكی راستەوخۆی تەلەفزیۆنیدا، جەڵتەی دڵ لێیداو عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشت. جەماوەر وایانزانی ئەو جەڵتەو مردنە بەشێكە لەنواندنەكەی، بۆیە لەدواساتەكانی ژیانیدا، جەماوەرەكە دەستیانكرد بەپێكەنین و چەپڵەلێدان. بێگومان نوسخەی ئینگلیزیی ئیدیۆمی "ئاخ گونی قومری!" لە دوو روداوی ئاوهاوە هاتووە!



بۆ كرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**rose (ڕەوز)و flower (فلاوە) هەردوو مانای گوڵ[4059]**

.1683 **clockwise (کلۆکوایز) بیتتیچاهـ میلی کاتژمێر[4060]**

**monitor (مۆنیتە) شاشە، هەروەها چاودێر[4061]**

.1684 **body (بۆدی) جەستەو تەن، دەستە، هەم تەرمە[4062]**

---

One-third of first heart attacks are fatal, and another third result in permanent damage to the heart.

سێیەکی حاڵەتەکانی جەڵتەی دڵ کوشندەن و سێیەکی تریان زیانێکی هەمیشەیی لەدڵ دەدەن.

[4059] He gave me a bunch of red roses.

چەپکێك گوڵی سوری پێشکەش کردم.

Every rose has its thorn.

هەموو گوڵێك دڕکی خۆی هەیە.

Come and smell these flowers.

وەرە، بۆنی ئەم گوڵانە بکە.

Happiness is to hold flowers in both hands: (Japanese proverb)

بەختەوەری بریتییە لەگرتنی گوڵ بە هەردوو دەست.

[4060] بیتتیچاهـ میلی کاتژمێر= بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر. پێچەوانەکەی anticlockwiseە.

Venus is the only planet to spin clockwise.

زوهرە تەنها هەسارەیە کە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر دەسوڕێتەوە.

Please turn the key clockwise.

تکایە کلیلەکە بە ئاڕاستەی میلی کاتژمێر بسوڕێنە.

[4061] She was staring at her computer monitor.

چاوی بڕیبووە شاشەی کۆمپیوتەرەکەی.

UN monitors will remain in the country to supervise the elections.

چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەوڵاتەکەدا دەمێننەوە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکان.

[4062] برادەرانی ئەمەریکا بە "بادی" گۆیدەکەن. بەمانای جەستە (لەش)و تەن و دەستە (هەیئە)و تەرم دێت.

Human teeth are the only part of the body that cannot heal themselves.

ددانی مرۆڤ تەنها بەشی جەستەیە کە ناتوانێت خۆی چاکبکاتەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**solid (سۆڵید) واتە ڕەق[4063]، soft (سۆفت) مانای نەرمە[4064]**

[.1685] **slacken (سلاکن) شلدەبێ، هەم شلدەکاتۆ[4065]**

**bud (بەدد) بورعومە، بەکوردی چرۆ[4066]**

---

Laughter relaxes the whole body. A good, hearty laugh relieves physical tension and stress.

پێکەنین تەواوی جەستە دەحەوێنێتەوە. پێکەنینێکی باش و تەندروست، گرژیی جەستەیی و فشاری دەرونی هێوردەکاتەوە.

The moon is a celestial body.

مانگ تەنێکی ئاسمانییە.

He is an active member of a professional health body.

ئەو ئەندامێکی چالاکی دەستەیەکی تەندروستیی پیشەگەرە.

Police found the man's body in the room.

پۆلیس تەرمی پیاوەکەی لەژورەکە دۆزییەوە.

[4063] لەشێوەزاری ئەمریکیدا بە "ساڵید" گۆدەکرێت.

The statue has a solid concrete base.

پەیکەرەکە بنکەیەکی کۆنکرێتیی ڕەقی هەیە.

Liquid and solid waste isn't collected in the same place.

پاشەڕۆی شل و ڕەق لەهەمان شوێن، کۆناکرێتەوە.

[4064] لەشێوەزاری ئەمریکیدا بە "سافت" گۆدەکرێت.

She has a soft voice.

دەنگێکی نەرمی هەیە.

Sleeping on a bed that is too soft can be bad for your back.

خەوتن لەجێگەیەك کە زۆر نەرم بێت، دەکرێ بۆ پشت خراپ بێت.

[4065] شلدەبێ= شلدەبێت= شلدەبێتەوە.

شلدەکاتۆ= شلدەکاتەوە.

The rope holding the sail slackened.

ئەو گوریسەی چارۆکەکەی گرتووەتە، شلبووە.

Slacken the reins or you'll hurt the horse's mouth.

جڵەوەکە شلبکەرەوە، ئەگینا ئازاری دەمی ئەسپەکە دەدەیت.

[4066] Her lips are fragile as rose buds.

لێوی وەك چرۆی گوڵ ناسکە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1686 **hastily (هەیستلی) چیە؟ مانای بەپەلە**[4067]

**slacker (سڵاکە) کەسولە، واتە تەمبەڵە**[4068]

.1687 **mobile (مەوبییڵ) مۆبایل، هەمیش گەڕۆکە**[4069]

**sail (سەیڵ) شیراعە، واتە چارۆکە**[4070]

.1688 **moth (مۆث) مۆرانەیە**[4071]**، flea (فلیی) مانای کێچە**[4072]

**cockroach (کۆکرِەوچ) سیسرکە**[4073]**، beetle (بییتڵ) قالۆنچە**[4074]

.1689 **happiness (هاپینەس) چیە؟ بەختەوەری**[4075]

**the odds of (ذە ئۆدز ئەڤ)ە واتە ئەگەری**[4076]

---

4067 Banaz blushed and hastily lowered her eyes.

بەناز لەشەرما سورهەڵگەڕاو بەپەلە چاوی داخست.

4068 ناوە نەك ئاوەڵناو.

Those slackers have gone home early again.

ئەو تەمبەڵانە دیسان زوو رۆشتونەتەوە.

4069 ئەو خوێندنەوەیەی لەپاڵ وشەکەدا نوسیومە ئەمریکییە، برادەرانی بریتانیا بە "مەوبایڵ" گۆیدەکەن. بۆیە شێوازی خوێندنەوەی ئەمریکیم لەبەیتەکەدا بەکارهێناوە چونکە لەگەڵ کێشی شیعرەکەدا دەگونجێت.

Have you got my mobile number?

ژمارەی مۆبایلەکەمت وەرگرتووە؟

Mobile libraries are useful for far villages.

کتێبخانەی گشتیی گەڕۆك بەسودە بۆ گوندە دورەکان.

4070 "I can't change the direction of the wind, but I can adjust my sails to always reach my destination." —Jimmy Dean

ناتوانم ئاڕاستەی با بگۆڕم بەڵام دەتوانم چارۆکەکانم بەشێوەیەك بگونجێنم کە هەمیشە بگەمە شوێنی مەبەست.

4071 Did you know that the moth has no stomach?!

ئایا زانیوتە کە مۆرانە گەدەی نیە؟!

4072 Fleas can lift objects 150 times heavier than their own body weight.

کێچ دەتوانێت شتگەلێك بەرزبکاتەوە کە قورستربێت لە 150 ئەوەندەی کێشی لەشی خۆی.

4073 A cockroach can live several weeks with its head cut off.

سیسرك دەتوانێت چەند هەفتەیەك پاش لێکردنەوەی سەری، بژی.

4074 Most beetles only live for a year.

زۆربەی قالۆنچەکان تەنها یەك ساڵ دەژین.

4075 “Happiness can be found even in the darkest of times if one only remembers to turn on the light.” — Albus Dumbledore

بەختەوەری دەکرێت تەنانەت لەتاریکترین کاتدا بدۆزرێتەوە ئەگەر کەسێك تەنها ئەوەی لەبیربێت کە چۆن روناکییەکە هەڵدەکات.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

1690. **merely (میەلی) زەرفە، مانای تەنهایە**[4077]

**hope (هەوپ) هیواداره، هەمیش هیوایە**[4078]

1691. **mean (میین) خراپ، چروك، هەژارو واتە**[4079]

**exercise (ئێکسەسایز) وەرزش، "وەرزشدەکات"ە**[4080]

1692. **protect (پرەتێکت) چیە؟ دەپارێزێ**[4081]

---

[4076] The odds of being infected from a contaminated needle are 1 in 300.

ئەگەری توشبون لەدەرزی پیسبووەوە، یەك لەسەر 300ە.

[4077] ئاوەڵکار "زەرفی مەکان"ەو بەمانای تەنها دێت.

“Your present circumstances don’t determine where you go; they merely determine where you start.” — Nido Qubein

بارودۆخی ئێستات ئەوە دیاریناکات کە بۆ کوێ دەڕۆیت، تەنها ئەوە دیاریدەکات کە لەکوێوە دەستپێدەکەیت.

[4078] وەك کار بەمانای "هیوادارە"و وەك ناو بەمانای "هیوا" دێت.

We hope that more women will decide to join the course.

هیوادارین کە ژنانی زیاتر بریاری پەیوەندیکردن بە زنجیرەوانەکەوە بدەن.

What are your hopes and dreams for the future?

هیوا و خەونت بۆ داهاتوو چیە؟

[4079] چوار لەماناکانی واتەو خراپ و چروك و هەژارن. وەك کار یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

mean→meant→meant

Don’t be so mean to her!

ئەوەندە خراپ مەبە لەگەڵیدا!

He’s too mean, doesn’t buy a present for his wife.

ئەو زۆر چروکە، دیاری بۆ ژنەکەی ناکرێت.

She walked briskly through the mean and dirty streets.

بەخێرایی بەناو شەقامە هەژارو پیسەکاندا رۆیشت.

The red light means ‘Stop’.

گڵۆپی سور واتە بووەستە.

[4080] وەك ناو بەمانای وەرزش و وەك کار بەمانای "وەرزشدەکات" دێت.

Most people need to do more exercise.

زۆربەی خەڵك پێویستیان بە ئەنجامدانی وەرزشی زیاترە.

It’s important to exercise regularly.

گرنگە بەشێوەیەکی بەردەوام وەرزشبکەیت.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

dog (دۆگ) سەگ و کەسە، دێش بەمانای پێ[4082]

.1693 marsupial (ماسووپیەڵ) چیە؟ تورەکەدار[4083]

wounded (ووندد) جەریحە، واتە بریندار[4084]

.1694 internee (ئینتێینی) چیە؟ دەستبەسەرکراو[4085]

internal (ئینتێنڵ) نەعتە، مانای هی هەناو[4086]

.1695 internment (ئینتێیمەنت) چیە؟ واتە ئیعتیقاڵ[4087]

rake (ڕەیك) میجرەفە، بەکوردی چنگاڵ[4088]

---

[4081] دەپارێزی= دەپارێزێت.

The cover protects the machine from dust.

بەرگەکە مەکینەکە لەتەپوتۆز دەپارێزێت.

[4082] برادەرانی ئەمەریکا بە داگ گۆیدەکەن. وەك ناو بەمانای سەگ و کەس و پێ دێت.

Hitler killed his dog with a cyanide capsule.

هیتلەر سەگەکەی بە گولاجێکی سیانید کوشت.

You won, you are a lucky dog.

تۆ بردتەوە، تۆ کەسێکیت بەختت هەیە. ئەم مانایە ناڕەسمییە.

Your dogs are very big.

پێکانت زۆر گەورەن. لێرەدا وشەی dogs بەمانای feet دێت بەڵام سلانگە واتە جلفەیە نەك ڕەسمی.

[4083] تورەکەدار بەمانای ئەو گیاندارانەی بێچووەکانیان لەتورەکە یان گیرفانێکی جەستەیاندا هەڵدەگرن، وەك کەنگەر. وشەکە هەم ناوە، هەم ئاوەڵناو.

The study sheds light on the genetic differences between placental and marsupial mammals.

لێکۆڵینەوەکە تیشکدەخاتەسەر حیاوازییە جینییەکانی نێوان گیاندارە مەمکدارە وێلاشییەکان و تورەکەدارەکان.

[4084] A wounded soldier told us the total story.

سەربازێکی بریندار تەواوی چیرۆکەکەی پێوتین.

[4085] دەستبەسەرکراو بەمانای دەستگیرکراو

One of their demands was release of internees.

یەکێك لەداواکارییەکانیان ئازادکردنی دەستبەسەرکراوەکان بوو.

[4086] هی هەناو= هەناوی

His internal organs were injured.

ئەندامەکانی هەناوی برینداربون.

[4087] Mandela was released after 27 years' internment.

ماندێلا پاش دەستگیرکردنی بۆ ماوەی 27 ساڵ، ئازادکرا.

[4088] چنگاڵی کۆکردنەوەو ڕاماڵینی گژوگیان نەك هی شوتیخواردن!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1696 **liaison (لیەیزۆن) چیە؟ واتە عیلاقە**[4089]

**slug (سلەگ) گوللـەیە، تەممەڵ، (بوزاق)ە**[4090]

.1697 **lame (لەیم) ئەعرەجە، بەکوردییەکەی شەل**[4091]

**assortment (ئەسۆرتمەنت) لەگەڵ collection (کەڵێکشن) کۆمەڵ**[4092]

.1698 **coax (کەوکس) چیە؟ قایلدەکا**[4093]

**intern (ئینتێین) بەمانای دەستبەسەردەکا**[4094]

.1699 **gill (گیڵ) هەناسەکێش، بەس هینی ماسی**[4095]

---

The rake of the garden is very old.

چنگاڵی باخچەکە زۆر کۆنە.

[4089] عیلاقە= پەیوەندی

There is forceful liaison between the army and police.

پەیوەندیی بەهێز لەنێوان سوپاو پۆلیسدا هەیە.

[4090] بەمانای گوللـەو تەممەڵ و بوزاق دێت بەڵام مانای یەکەمیان نارەسمییە. بوزاق= هێلکەشەیتانۆکە: زیندەوەرێکی بچوکی جەستە نەرموشلە.

The poor guy wound up with a slug in his stomach.

کورە داماوەکە بەهۆی بەرکەوتنی گوللـەیەك بە سکییەوە، بریندار‌بوو.

Her husband is an old slug.

مێردەکەی تەممەڵێکی پیرە.

Slugs and snails are very important. They provide food for all sorts of mammals, birds, slow worms, earthworms, insects and they are a part of the natural balance.

هێلکەشەیتانۆکەو لولپێچ زۆر گرنگن. خۆراك بۆ هەموو جۆرەکانی زیندەوەرە مەمکدارەکان، باڵندەکان، کرمە خاوەکان، کرمی زەوی و مێرووەکان دابیندەکەن و بەشێکن لەهاوسەنگیی سروشت.

[4091] I have a lame dog.

سەگێکی شەلم هەیە.

[4092] This shop has a good assortment of goods.

ئەم دوکانە کۆمەڵێکی باش کاڵای هەیە.

In 2001 she published a collection of essays.

لە 2001 کۆمەڵێك وتاری بڵاوکردەوە.

[4093] قایلدەکا= قایلدەکات

We had to coax Alan into going to school.

پێویستبوو ئالان قایلبکەین بڕوات بۆ خوێندنگە.

[4094] دەستبەسەردەکا= دەستبەسەردەکات. دەستبەسەرکردن بەمانای دەستگیرکردن

Many foreigners were interned for the duration of the war.

چەندین کەسی بیانی لەماوەی جەنگەکەدا دەستبەسەرکران.

[4095] بەمانای هەناسەکێش(ی ماسی) دێت.

هەناسەکێشی ماسی: ئەو دوو ئەندامەی لەهەردوو تەنیشتی ماسیدا هەن و لەڕێگەیانەوە هەناسەدەدات. هەروەها بەمانای هەناسەکێشی گیاندارە ئاوییەکانی تریش دێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

conch (کۆنچ) گوێچکەماسی[4096]، eel (ئییڵ)یش مارماسی[4097]

.1700 feature (فییچە) بەمانای فلیم"ی درێژ"[4098]

rep (ڕێپ) واتای مەندوب، لەگەڵ وتەبێژ[4099]

.1701 cubic (کیووبیك) موکەعەب، واتە سێجایە[4100]

black mamba (بلاك مامبە)یە ڕەشەمامبایە[4101]

.1702 evenly (ئییڤەنلی) چیە؟ بە یەکسانی[4102]

marital status (مارێتڵ ستەیتس) باری خێزانی[4103]

.1703 spread (سپرێد) یەنتەشیر، لەگەڵ یەنشورو[4104]

---

Fish take in oxygen through their gills.

ماسی لەرێگەی هەناسەکێشەکانییەوە ئۆکسجین وەردەگرێت.

[4096] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەگوێچکەماسی زیندەوەرەکەیە نەك گوێچکەی ماسی.

بەڵام لای برادەرانی زۆنی زەرد (ئەمەریکا)، بەم دوو شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

There are many dolphins, fish and conches in the sea.

ژمارەیەکی زۆر دۆلفین، ماسی و گوێچکەماسی لەدەریادا هەن.

[4097] Eels' blood is poisonous.

خوێنی مارماسی ژەهراوییە.

[4098] The feature starts at eight o'clock.

فیلمە درێژەکە سەعات هەشت دەستپێدەکات.

[4099] بەمانای مەندوبی فرۆشتن و وتەبێژ دێت.

مەندوبی فرۆشتن= نوێنەری فرۆشتن

وتەبێژ: نوێنەر

Drug reps sell medicines to physicians and hospitals.

مەندوبانی دەرمان، دەرمان بە پزیشك و نەخۆشخانەکان دەفرۆشن.

You need to speak to the students' rep.

پێویستە قسە بۆ وتەبێژی خوێندکارەکان بکەیت.

[4100] There are about 1.5 billion cubic kilometres of water on Earth – that's 1.5 billion trillion litres, or 800 trillion Olympic swimming pools.

زەوی نزیکەی یەك ملیارو 500 ملیار کیلۆمەتر سێجا ئاوی تێدایە، واتە یەك ملیارو نیو ترلیۆن لیتر یان بەقەدەر 800 ترلیۆن حەوزی مەلەکردنی یاریی ئۆلۆمپی.

[4101] ڕەشە مامبا= مامبای ڕەش: یەکێکە لەکوشندەترین جۆرەکانی مار.

Black mambas are among the fastest snakes in the world.

مامبای ڕەش یەکێکە لەخێراترین جۆرەکانی مار لەجیهاندا.

[4102] The profits will be split evenly between the three of us.

قازانجەکان بە یەکسانی لەنێوان هەرسێکماندا دابەشدەکرێت.

[4103] Could I ask you about your marital status?

دەتوانم سەبارەت بە باریی خێزانیت، پرسیارت لێبکەم؟

[4104] یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. ڕابردوو تەسریفی سێیەمیشی هەروەك خۆیەتی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**brachium (برەیکیەم) عەزود، بە کوردی بازوو**[4105]

1704. **spread (سپرێد) ئینتەشەر، لەگەڵ نەشەرە**[4106]

**numerator (نیوومەرەیتە) بەمانای "سەرە"**[4107]

1705. **crimson (کریمزن) قورمزی، واتە سوری تێر**[4108]

**salty (سۆڵتی) هەم saline (سەیلاین) دێن بەمانای سوێر**[4109]

1706. **scheming (سکیمینگ) نەعتە، مانای فێڵبازە**[4110]

**gas (گاس) مانای غازە، بەکوردی گازە**[4111]

1707. **bulky (بەڵکی) "کەتە"یە، هەروەها گەورە**[4112]

---

یەنتەشیر= (ع: ینتشر)= بڵاودەبێتەوە.

یەنشورو= (ع: ینشر)= بڵاودەکاتەوە.

Fire quickly spread through the building.

ئاگر بەخێرایی بەناو باڵەخانەکەدا بڵاوبووەوە.

If all of Erath's water was evenly spread over the Earth's surface it would have a depth of 3,700 metres.

ئەگەر هەموو ئاوی زەوی بە یەکسانی بەسەر روی زەویدا بڵاوبکرێتەوە، ئەوا قوڵیی ئاوەکە 3700 مەتر دەبێت.

[4105] عەزود= (ع: عضد)= قۆڵ.

The doctor examined my brachium.

دکتۆر پشکنینی بۆ قۆڵم ئەنجامدا.

[4106] کاری spread یەکێکە لەکارە نائاساییەکان. رابردوو رانەبردوشی هەر وەك خۆیەتی بەبێ گۆڕان.

ئینتەشەر= (ع: انتشر)= بڵاوبووەوە.

نەشەرە= (ع: نشر)= بڵاوکردەوە.

The fire spread very rapidly because of the strong wind.

بەهۆی با توندەکەوە، ئاگرەکە زۆر بەخێرایی بڵاوبووەوە.

Don’t spread your plans.

پلانەکانت بڵاومەکەرەوە.

[4107] سەرەی کەرت لەبیرکاریدا.

In the fraction ¾, 3 is the numerator.

لەکەرتی ¾دا، سێ سەرەیە.

[4108] The leaves turn crimson in autumn.

گەڵاکان لەپایزدا قورمزی هەڵدەگەڕێن.

[4109] %97 of the Earth's water is salty.

لەسەدا 97ی ئاوی زەوی، سوێرە.

Human tear is saline.

فرمێسکی مرۆڤ سوێرە.

[4110] She is a clever, scheming woman, skilled at lying.

ئەو ژنێکی زیرەك و فێڵبازە، لەدرۆکردندا کارامەیە.

[4111] Water is the second most common molecule in the universe. The most common is hydrogen gas.

ئاو دووەم بەربڵاوترین گەردە لەگەردوندا. یەکەم بەربڵاوترینیش گازی هایدرۆجینە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**revolution (ریڤەلووشن)ە بەمانای سەورە**[4113]

.1708 **cover (کەڤە) غیلافە، هەم دادەپۆشێ**[4114]

**third (ثێێد) مانای سولسە، ئەی یەك لەسەر سێ**[4115]

.1709 **outlook (ئاوتلۆك) چیە؟ مانای تێڕوانین**[4116]

**foetus (فییتەس) کۆرپەیە، کەواتە جەنین**[4117]

.1710 **disfigure (دیسفیگە) چیە؟ دەشێوێنێ**[4118]

**seed (سیید) مانای "تۆوە"، لەگەڵ دەچێنێ**[4119]

---

[4112] Karzan is a bulky man.

کارزان پیاوێکی کەتەیە.

Could you carry bulky equipments.

ئایا دەتوانیت کەلوپەلی گەورە هەڵبگریت؟

[4113] سەورە= (ع: ثورة)= شۆڕش.

The French Revolution changed France from a monarchy to a republic.

شۆڕشی فەرەنسا، وڵاتەکەی لەشانشینەوە گۆڕی بۆ کۆماری.

[4114] غیلاف= (ع: غلاف)= بەرگ.

دادەپۆشێ= دادەپۆشێت.

I read the magazine from cover to cover.

گۆڤارەکەم لەبەرگەوە بۆ بەرگ خوێندەوە.

Karzan covered his face with his hands.

کارزان دەموچاوی بە دەستەکانی داپۆشی.

[4115] سولس= (ع: ثلث)= یەك لەسەر سێ= سێیەك.

بێگومان وشەی third بەمانای سێیەمیش دێت. fourth وfifth وsixth وseventh و هتد... هەمویان وێرای چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەمەکە، بەمانای چواریەك و پێنجیەك و شەشیەك و حەوتیەك و هتد.. یش دێن.

A third of these jobs are held by women.

سێیەکێکی ئەم کارانە ژنان دەیگرنەدەست.

[4116] He has a positive outlook on life.

تێروانینێکی ئەرێنی هەیە بۆ ژیان.

He has a positive outlook on life.

تێروانینێکی ئەرێنی سەبارەت بە ژیان هەیە.

[4117] The foetus is not at risk from the medication.

دەرمانەکە مەترسیی بۆ سەر کۆرپەکە نیە.

[4118] دەشێوێنێ= دەشێوێنێت.

This part of the old town has been disfigured by ugly new buildings.

ئەم بەشەی شارۆچکە کۆنەکە بەهۆی باڵەخانەی ناشرینی نوێوە شێوێندراوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1711. **holy (هەوڵی)و sacred (سەیکرید) هەردوکیان پیرۆز**[4120]

**tribe (ترایب)و clan (کلان) دێن بەمانای هۆز**[4121]

1712. **chinchilla (چینچیڵە) چیە؟ حەتمەن چینچیلە**[4122]

**bribe (برایب) رەشوەیە، واتە بەرتیلە**[4123]

1713. **chalkboard (چۆکبۆرد)، blackboard (بلاکبۆرد) هەردوو "سەبورە"**[4124]

---

[4119] دەچێنێ= دەچێنێت.

I bought a packet of sunflower seeds.

پاکەتێك تووی گوڵەبەڕۆژەم کڕی.

Winter is a great time to seed wheat.

زستان کاتێکی نایابە بۆ چاندنی گەنم.

[4120] The soldiers deliberately defiled all the holy places.

سەربازەکان بە ئەنقەست هەموو شوێنە پیرۆزەکانیان شێواند.

This area is sacred to the Muslims.

ئەم ناوچەیە بەلای موسڵمانەکانەوە پیرۆزە.

[4121] They met a tribe eating dead animals.

هۆزێکیان بینی کە گیانداری مردویان دەخوارد.

Are the whole clan coming to visit you for Christmas?

ئایا هەموو هۆزەکە لەجەژنی لەدایکبونی مەسیحدا دێن بۆ سەردانت؟

[4122] چینچیلە: گیاندارێکی قرتێنەری بچوکی ئەمریکای باشورە بە مەبەستی سودوەرگرتن لەفەرووەکەی بەخێودەکرێت.

Chinchillas are very agile animals.

چینچیلە گیاندارێکی زۆر سوکەڵەیە.

[4123] ناوێکی بژێردراوە.

He was accused of taking bribes from wealthy businessmen.

ئەو بە وەرگرتنی بەرتیل لەبازرگانە دەوڵەمەندەکان تۆمەتبارکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**cross (کرۆس) دەپەڕێتۆ، خاچ، دەبڕێ، تورە**[4125]
.1714 **invention (ئینڤێنشن) چیە؟ واتە داهێنان**[4126]
**wide (واید) "عەریز"ە، بەکوردییەکەی پان**[4127]
.1715 **rush (ڕەەش) بەپەلەدەڕوا، هەروەها شاڵاو**[4128]

---

[4124] سەبورە= (ع: سبورة)= تەختەڕەش: ئەو تەختە یان بۆردە ڕەشەی مامۆستا بە تەباشیر لەسەری دەنوسی بەمەبەستی فێرکردن. ئێستا باوی نەماوە.

Srwa cleaned the chalkboard for the teacher.

سروە سەبورەکەی بۆ مامۆستاکە پاککردەوە.

My daughter has a blackboard in her bedroom.

کچەکەم سەبورەیەکی هەیە لەژوری نوستنەکەیدا.

[4125] دەپەڕێتۆ = دەپەڕێتەوە.

He was hit by a car when he tried to cross over the road near Shar Hospital.

کاتێك هەوڵیدا لەنزیکەی نەخۆشخانەی شار بەسەر ڕێگەکەدا بپەڕێتەوە، ئۆتۆمبێلێك لێیدا.

She wears a gold cross around her neck.

ئەو خاچێکی ئاڵتونی لەمل دەکات.

Cross the bridge and turn right.

پردەکە ببڕە، پاشان بەلای ڕاستدا پێچبکەرەوە.

She gets cross when her husband goes out drinking.

کاتێك مێردەکەی دەڕواتە دەرەوە بۆ خواردنەوە، ئەم تورە دەبێت.

[4126] The Irish philosopher and chemist Robert Boyle, 300 years ago, listed inventions he hoped science would achieve one day. Astonishingly, we have accomplished over half of them.

سێسەد ساڵ لەمەوبەر، فەیلەسوف و کیمیازانی ئێرلەندی، ڕۆبێرت بۆیڵ، چەند داهێنانێکی لەلیستێکدا نوسی کە هیواخوازبوو ڕۆژێك بێت جیهان بەدەستیان بهێنێت. ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە کە زیاتر لەنیوەی ئەو داهێنانانەمان هێناوەتەدی.

[4127] عەریز= (ع: عريض)= پان.

The door is very wide.

دەرگاکە زۆر پانە.

[4128] مانای زۆرە. دوان لەماناکانی "بەپەلەدەڕوا" و "شاڵاو"ن بەڵام شاڵاوی کتوپڕ.

شاڵاو= هێرش.

A small girl rushed past her.

کچێکی بچوك بەپەلە بەدوایدا ڕۆشت.

Prepare for a rush by the enemy.

ئامادەبە بۆ شاڵاوێکی کتوپڕ لەلایەن دوژمنەوە.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**observable (ئەبزێڤەبڵ)ە، بەمانای بەرچاو**[4129]

.1716 **smell (سمێڵ) وەکو کار، بۆنی لێدێ**[4130]

**hamlet (هامڵەت) دێی بچوك، واتە کوێرەدێ**[4131]

.1717 **journey (جێێنی) هەم trip (تریپ) دێن بەمانای گەشت**[4132]

**understood (ئەندەستود) فەهیم، بەکوردی تێگەشت**[4133]

.1718 **shrew (شروو) ژنێکە زماندرێژ بێ**[4134]

**rode (ڕەود) واتە سواربوو، ride (ڕاید)یش سواردەبێ**[4135]

.1719 **gobble (گۆبڵ) چیە؟ هەڵدەلوشێ**[4136]

---

4129 After the marriage we noticed an observable change in his behavior.

پاش هاوسەرگیرییەکە، هەستمان بە گۆڕانکارییەکی بەرچاو کرد لەڕەفتاریدا.

4130 بۆنی لێدێ= بۆنی لێدێت.

Consuming as little as 15 milligrams of elemental tellurium can cause a person's sweat and breath to smell like garlic for eight months.

بەکاربردنی 15 میللیگرام لەتوخمی تێلوریۆم دەکرێ ببێتەهۆی ئەوەی عارەق و هەناسەی مرۆڤ بۆ ماوەی هەشت مانگ بۆنی وەك سیری لێبێت.

4131 He lives in a hamlet.

ئەو لەکوێرەدێیەك دەژی.

4132 My next journey is to China.

گەشتی داهاتوم بۆ چینە.

Did you enjoy your trip to Erbil?

چێژت لەگەشتەکەت بینی کە بۆ هەولێر ئەنجامتدا.

4133 رابردوی understandە.

فەهیم= (ع: فَهِمْ)= (ع: فهِمَ)= تێگەشت= تێگەیشت.

She doesn't understand English.

ئەو لەئینگلیزی تێناگات.

4134 بەمانای ژنی زماندرێژ دێت.

His wife is an ugly shrew.

ژنەکەی زماندرێژێکی ناشرینە.

4135 رابردوو و رانەبردوی هەمان کارن.

سواردەبێ= سواردەبێت.

I rode my bike to work.

سوار پاسکیلەکەم بوم بەرەو کار.

4136 هەڵدەلوشێ= هەڵدەلوشێت: زۆر بەپەلە دەخوات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

shroud (شراود) مانای کفنه، هەم دادەپۆشێ[4137]
.1720 ئاڵۆزی واتای complexity (کەمپلێکسەتی)یە[4138]
فائیدە مانای utility (یووتیلەتی)یە[4139]
.1721 contact (کۆنتاکت) پەیوەندی و هاوێنەی چاوە[4140]
slush (سلەش) بەفرێکە، نیمچەتواوە[4141]
.1722 honey (هەنی) عەسەلە، بەکوردی هەنگوین[4142]
kingdom (کیندەم)و realm (رێڵم) هەردوو شانشین[4143]
.1723 jinn (جینن) جنۆکەیە[4144]، ogre (ئەوگە) واتە دێو[4145]

---

She gobbled her dinner.

نانی ئێوارەی هەڵلوشی.

[4137] دادەپۆشێ= دادەپۆشێت.

I fear from shrouds.

لە کفن دەترسم.

He was shrouded with a blanket.

بە بەتانییەك داپۆشرابوو.

[4138] Doctors spend their whole lives trying to understand the complexities of the body's systems.

پزیشکان هەموو ژیانیان لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەئاڵۆزییەکانی کۆئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بەسەردەبەن.

[4139] فائیدە= سود

The utility of this substance has been proven in a series of tests.

زنجیرەیەك تاقیکردنەوە سودی ئەم ماددەیەی سەلماندووە.

[4140] مانای دووەمیان نافەرمییە.

There is very little contact between the two tribes.

دوو هۆزەکە پەیوەندییەکی زۆر کەم لەنێوانیاندا هەیە.

I take out my contact.

هاوێنەی چاوەکەم لێکردەوە.

[4141] بەمانای بەفری نیمچەتواوە واتە بەفراو دێت.

I like slush too much.

زۆر حەزم لەبەفراوە.

[4142] The bee turns nectar into honey.

هەنگ شیلە دەگۆڕێت بۆ هەنگوین.

[4143] Nigeria has more English speakers  than the United Kingdom.

ژمارەی ئەو کەسانەی لە نایجێریا بە ئینگلیزی قسەدەکەن لە هی شانشینی یەکگرتوو زیاترە.

The king of the realm is very merciful.

پادشای شانشینەکە زۆر بەبەزەییە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

grape (گرەیپ)ترێیە[4146]، apple (ئاپڵ) مانای سێو[4147]
[.1724] fig (فیگ) مانای هەنجیر، بە عەرەبی تین[4148]
test (تێست) ئیمتیحانە، لەگەڵ پشکنین[4149]
[.1725] go down (گەوداون) چیە؟ دادەبەزێت[4150]

---

[4144] بێگومان ئەم وشەیە لەوشەی (جنّ)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە. ئەم وشەیە کۆکەی هەر خۆیەتی بەبێ هیچ دەسکارییەك. دەشتوانرێت بە زیادکردنی sیش کۆبکرێتەوە.

Can Jinn fall in love with you?

ئایا جنۆکە دەتوانێت عاشقت ببێت.

[4145] دێو: ئەو بونەوەرە زەبەلاحەی مرۆڤ دەخوات لەناو حیکایەت و چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا.

Suddenly an ogre appeared.

کتوپڕ دێوێك دەرکەوت.

[4146] Grape juice helps to promote digestion.

شەربەتی ترێ یارمەتی باشکردنی پرۆسەی هەرسکردن دەدات.

[4147] The habit of eating apples reduce the risk of stroke.

خووی خواردنی سێو، مەترسیی توشبون بە جەڵتەی دەماخ کەمدەکات.

[4148] چۆن دەنوسرێ، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

Due to its high water content, mashed figs acts as an excellent skin cleanser and helps in preventing and curing acne.

بەهۆی ئەو ڕێژە زۆر ئاوەی تێیدایە، هەنجیری بەهەریسەکراو وەك پاککەرەوەیەکی نایابی پێست کاردەکات و یارمەتی بەرگرتن لەزیپکەو چارەسەرکردنی دەدات.

[4149] ئیمتیحان= تاقیکردنەوە.

Life is the most difficult exam. Many people fail because they try to copy others, not realizing that everyone has a different question paper.

ژیان قورسترین تاقیکردنەوەیە. زۆر کەس بۆیە شکستدەهێنن چونکە هەوڵدەدەن هی کەسانی تر کۆپیبکەن و بێئاگان لەوەی کە هەرکەسەو وەرەقەی پرسیارەکەی لەوی تر جیاوازە.

The doctor said I needed to have a blood test.

پزیشکەکە وتی پێویستە پشکنینێکی خوێن ئەنجامبدەم.

[4150] ڕابردووەکەی went downە.

His income went down last year.

ساڵی ڕابردوو داهاتەکەی دابەزی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**break (برەیك) یەنفەجیر، هەڵدەكا، دەبڕێت**[4151]

.1726 **devour (دیڤاوە) چیە؟ حەپەلوشدەكا**[4152]

**foster (فۆستە) یوڕەببی، ئەی بەخێودەكا**[4153]

.1727 **user (یووزە) موستەخدیم، ئەی بەكارهێنەر**[4154]

**cirrhosis (سیڕەوسیس) مانای تەشەموع جگەر**[4155]

.1728 **juror (جورە) موحەللیف، واتە سوێندخۆرە**[4156]

**network (نێتوێیك) شەبەكە، بەكوردی تۆڕە**[4157]

.1729 **teenager (تیینەیجە) چیە؟ واتە هەرزەكار**[4158]

---

[4151] یەكێكە لەكارە نائاساییەكان:

break→ broke→ broken

یەنفەجیر= (ع: ینفجرْ)= (ع: ینفجرُ)= دەتەقێت.

هەڵدەكا= هەڵدەكات.

The balloon broke.

میزەڵانەكە تەقی.

We were keen to get back to the hotel before the storm broke.

سوربوین لەسەر ئەوەی كە پێش ئەوەی گەردەلولەكە هەڵبكات، بگەڕێینەوە بۆ میوانخانەكە.

Their teeth are sharp enough to break the skin.

ددانیان هێندە تیژە كە پێست ببڕێت.

[4152] حەپەلوشدەكا= حەپەلوشدەكات: دەخوات بەشێوەی خێراو پەرۆش بە پاروی گەورە.

The young cubs devoured the deer.

بێچووەشێرەكان ئاسكەكەیان حەپەلوشكرد.

[4153] یوڕەببی= (ع: یُربِّي)= (بەخێودەكا)= بەخێودەكات.

They have fostered over 60 children during the past ten years.

لەماوەی 10 ساڵی رابردودا زیاتر لە 60 منداڵیان بەخێوكردووە.

4154 Facebook is the world’s most-used social platform in 2024, with over 3 billion global active users.

فەیسبوك گەورەترین سەكۆی كۆمەڵایەتیی ساڵی 2024ە لەڕوی زۆری بەكارهێنانەوە، زیاتر لە سێ ملیار بەكارهێنەری چالاكی هەیە.

[4155] بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "تەشەموع جگەر" بریتییە لە "تەشەموعی جگەر"ە.

تەشەموعی جگەر= بونبەمۆمی جگەر: نەخۆشییەكی كوشندەیە.

The most common cause of cirrhosis is alcohol consumption.

باوترین هۆكاری بونبەمۆمی جگەر بەكاربردنی خواردنەوەی كهولییە.

4156 بەمانای سوێندخۆری دەستەی دادگا دێت.

The jurors reached a unanimous verdict.

سوێندخۆرەكان گەیشتنە بڕیارێك كە هەمویان كۆكن لەسەری. واتە بڕیارەكە كۆی دەنگی لەسەرە.

[4157] People use an average of 6.6 different social networks each month.

خەڵك مانگانە بەگشتی شەش تۆڕی كۆمەڵایەتی بەكاردەهێنن.

[4158] 54% of teenagers in the U.S. say it would be hard to give up social media.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**intern (ئینتێین) پزیشکە، بەڵام مەشقکار**[4159]
.1730 **positive (پۆزەتیڤ) چیە؟ مانای ئەرێنی**[4160]
**negative (نێگەتیڤ) عەکسی، واتە نەرێنی**[4161]
.1731 **adjust (ئەجەەست) چیە؟ دەگونجێنێ**[4162]
**account for ە ئەی پێکدەهێنێ**[4163]
.1732 **treaty (ترییتی) چیە؟ پەیماننامە**[4164]
**programme (پرەوگرام) حەتمەن مانای بەرنامە**[4165]
.1733 **warden (وۆدن) موراقیب، بەکوردی چاودێر**[4166]
**rooster (رووستە) مانای دیك، واتە کەڵەشێر**[4167]

---

لەسەدا 54ی هەرزەکارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڵێن واز هێنان لەتۆڕی کۆمەڵایەتی قوسە.
4159 بەمانای پزیشکی مەشقکار دێت.
پزیشکی مەشقکار: ئەو پزیشکەی ساڵێکە خوێندنی تەواوکردووەو لەنەخۆشخانە کاردەکات.
He was an intern working the emergency room at a county hospital.
ئەو پزیشکێکی مەشقکار بوو کە کاری لەهۆڵی فریاکەوتنی نەخۆشخانەیەکی هەرێمێك دەکرد.
4160Most teenagers say social media has had neither a positive nor negative effect on themselves.
زۆربەی هەرزەکاران دەڵێن میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەریان هەیە.

4161 Around 32% of teenagers in the U.S. say social media has had a negative impact on people their age – though only 9% believe this applies to themselves.
نزیکەی لەسەدا 32ی هەرزەکارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەڵێن میدیای کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر کەسانی تەمەنی ئەوان هەیە، هەرچەندە لەسەدا نۆیان لەو بڕوایەدان کە ئەم زانیارییە بەسەر خۆیاندا جێبەجێدەبێت.
4162 دەگونجێنێ= دەگونجێنێت.
Adjust your language to the age of your audience.
زمانی خۆت بگونجێنە لەگەڵ تەمەنی جەماوەرەکەت.
4163 پێکدەهێنێ= پێکدەهێنێت.
Female users account for 35.7% of global X users.
بەکارهێنەرانی مێینە لەسەدا 35.7ی کۆی بەکارهێنەرانی تۆڕی ئێکس پێکدەهێنن لەجیهاندا.

4164 پەیماننامە= موعاهەدە.

We've signed a treaty with neighbouring states to limit emissions of harmful gases.

ئێمە پەیماننامەیەکمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ ئیمزاکردووە بۆ سنوردارکردنی دەردانی گازی زیانبەخش.
4165 I heard a really interesting programme on the radio this morning.
ئەم بەیانییە لەڕادیۆوە گوێم لەبەرنامەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو.
4166 The warden of the prison signed the release.
چاودێری زیندانەکە ئازدکردنەکەی ئیمزاکرد.


**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

1734. **dawn (دۆن) ماناى فەجرە، ئەی بەرەبەیان**[4168]

**extensive (ئیك.ستینسیڤ)ە واتای فراوان**[4169]

1735. **topmost (تۆپمەوست) چیە؟ بەرزترین**[4170]

**passenger (پاسینجە) حەتمەن ماناى سەرنشین**[4171]

1736. **variant (ڤێریەنت)، various (ڤێریەس) هەردوكیان جیاواز**[4172]

**different (دیفرەنت)یش هەروا**[4173]**، restroom (رێست رووم)ە میرحاز**[4174]

---

4167 هەروەها cock و cockerelیشی پێدەووترێت.

Roosters eat small insects and worms.

كەڵەشێر مێروی بچوك و كرم دەخوات.

4168 نەچی بچی وابزانی ئەم وشەیە بە داون دەخوێنرێتەوە چونكە وانیە!

We woke at dawn.

لەبەرەبەیاندا لەخەو هەستاین.

4169 Her knowledge of music is extensive.

زانیاریی ئەو سەبارەت بە موزیك فراوانە.

4170 We couldn't reach the apples on the topmost branches.

نەمانتوانی بگەینە ئەو سێوانەی بە بەرزترین لقەكانەوە بون.

4171 Neither the driver nor the passengers were hurt.

نە شۆفێرەكەو نە سەرنشینەكان زیانیان پێنەگەیشت.

4172 He showed us variant types of cellphones.

چەند جۆرێكی جیاواز مۆبایلی پیشانداین.

He's been suffering various aches and pains for years.

ساڵانێكە بەدەست ئازارو ژانی جیاوازەوە دەناڵێنێت.

4173 واتە ئەمیش بەماناى جیاواز دێت.

We're reading a different book this week.

ئەم هەفتەیە كتێبێكی جیاواز دەخوێنینەوە.

4174 میرحاز= (ع:مرحاض)= ئاودەست. بەماناى ئاودەستێك دێت كە لەشوێنە گشتییەكانی وەك رێستۆرانتدا بێت نەك هەموو ئاودەستێك. بە rest roomیش دەنوسرێت.

But a funny thing happened on the way to the restroom.

بەڵام لەكاتی رۆیشتندا بۆ ئاودەستەكە، شتێكی پێكەنیناوی رویدا.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1737. rest (ڕێست)واتە پشوو، هەم پشوودەدات[4175]
lose "لووز" یەخسیرو، ئەی لەدەستدەدات[4176]
1738. watch (وۆچ) وەکو کار مانای سەیرەکات[4177]
exacerbate (ئیگزاسەبەیت)ە خراپتردەکات[4178]
1739. lost (لۆست) لەدەستیدا، دۆڕاندو فەوتاند[4179]
burnt (بێێنت) واتە سوتا، هەروەها سوتاند[4180]

---

[4175]. واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای "پشوو" و "پشوودەدات" دێت.

You look exhausted! Why don't you take a rest?

شەتەك دياريت، بۆچى پشوويەك وەرناگريت؟

The doctor told him that he should rest for a few days.

پزيشكەكە پێيوت كە پێويستە بۆ ماوەى چەند رۆژێكى كەم پشووبدات.

[4176] يەكێكە لەكارە نائاساييەكان:

lose→ lost→ lost

يەخسيرو= (ع: يخسر)= لەدەستدەدات.

He lost his seat in the election.

لەهەڵبژاردنەكەدا كورسييەكەى لەدەستدا.

[4177] سەيرەكات= سەيردەكات.

YouTube viewers watch over 1 billion hours of video each day.

بينەرانى يوتيوب هەموو رۆژێك سەيرى زياتر لە يەك مليار سەعات ڤيديۆ دەكەن.

[4178] During the time of the Spanish Inquisition, Pope Innocent VIII condemned cats as evil and thousands of cats were burned. Unfortunately, the widespread killing of cats led to an explosion of the rat population, which exacerbated the effects of the Black Death.

لەسەردەمى دادگاكانى پشكنينى ئيسپانيادا، پاپا ئينۆسێنتى هەشتەم پشيلەى وەك خراپەكارێك ئيدانەكردو هەزاران پشيلە سوتێنران.بەداخەوە كوشتنى بەربڵاوى پشيلەكان بووەهۆى تەقينەوەى ژمارەى جرج، ئەمەش كاريگەرييەكانى پەتاى مەرگى رەشى خراپتركرد.

[4179] رابردووە. رانەبردووەكەى loose.

She lost her husband to cancer two years ago.

دوو ساڵ لەمەوبەر، مێردەكەى بەهۆى شێرپەنجەوە، لەدەستدا.

The team lost three games in a row.

تيپەكە سێ ياريى لەسەريەكى دۆڕاند.

You lost all that food because you are not a good cook.

تۆ ئەو هەموو خۆراكەت فەوتاند چونكە چێشتلێنەرێكى باش نيت.


بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

**.1740** **airport (ئێپۆرت) چیە؟ فڕۆکەخانە**[4181]

**annually (ئانیوەڵی) حەتمەن مانای ساڵانە**[4182]

**.1741** **divulge (دایڤەڵج) بەمانای ئاشکرادەکات**[4183]

**observe (ئەبزێیڤ) یولاحیز، چاودێریدەکات**[4184]

**.1742** **bracket (براکیت) کەوانە، دێش بەواتای جۆر**[4185]

**plenty (پلێنتی)و ample (ئامپڵ) هەردوو مانای زۆر**[4186]

**.1743** **duty (جیوتی) واتە ئەرك، هەروەها باجە**[4187]

---

[4180] رابردووەو رانەبردووەکەی burn. burn بە زیادکردنی edیش دەکرێتە رابردوو.

Several parts of the building burnt.

چەند بەشێکی باڵەخانەکە سوتا.

I burnt all his old letters.

هەموو نامە کۆنەکانیم سوتاند.

[4181] The plane landed at Heathrow Airport.

فڕۆکەکە لەفڕۆکەخانەی هیسرۆ نیشتەوە.

[4182] Approximately 40,000 people are bitten by cats in the U.S. annually.

ساڵانە نزیکەی 100 هەزار کەس لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەلایەن پشیلەوە گازیان لێدەگیرێت.

[4183] The Pentagon refused to divulge what type of plane it was.

پنتاگۆن رەتیکردەوە جۆری فڕۆکەکە ئاشکرابکات.

[4184] دوان لەدیارترین ماناکانی "یولاحیز"و "چاودێریدەکات"ە.

یولاحیز= (ع: یلاحظ)= سەرنجدەدات.

It was observed that 40 percent of patients had high blood pressure.

سەرنجدرابوو کە لەسەدا 40ی نەخۆشەکان بەرزەفشاری خوێنیان هەیە.

The police have been observing his movements.

پۆلیس چاودێری جوڵەکانی کردووە.

[4185] جۆر بەمانای فیئە.

What does the figure in brackets refer to?

ئەو ژمارانەی لەناو کەوانەکاندان ئاماژەن بۆ چی؟

Most of our students are in the 18–22 age bracket.

زۆربەی خوێندکارەکانمان لەجۆری تەمەنی (فیئەی عومریی) 18 بۆ 22 ساڵن.

[4186] Don't bring any food, we've brought plenty.

هیچ خواردنێك مەهێنە، ئێمە زۆرمان هێناوە.

You’ll have ample time for questions later.

دواتر کاتێکی زۆرت دەبێت بۆ پرسیار.

[4187] برادەرانی ئەمەریکا بە دوتی گۆیدەکەن.

I promise I will do my duty.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

bus (بەس) مانای پاسە[4188]، garage (گەراژ) گەراجە[4189]

[.1744] actually (ئاکچوەڵی) چیە؟ "لەڕاستیدا"یە[4190]

on time (ئۆن تایم) ماناکەی "لەکات خۆیدا"یە[4191]

[.1745] hold up (هەوڵد ئەپ) چیە؟ بەرگەدەگرێ[4192]

trail (چرەیڵ) ڕێڕەوو شوێنپێی هەڵدەگرێ[4193]

[.1746] stomach (ستەمەك) مانای ورگ، هەروەها گەدە[4194]

---

بەڵێندەدەم کە ئەرکەکەم جێبەجێدەکەم.

There's a high duty on alcohol.

باجێکی زۆر لەسەر مادده کهولییەکان هەیە.

[4188] دەنگی "س"ی ئەم وشەیە نە وەك سینی کوردی ناسك و کاڵە، نەوەك "ص"ی عەرەبی تۆخ و قوڵە. لەنێوان ئەو دوانەدایە.

Please excuse me for arriving late, the bus was delayed.

تکایە بمبورە بۆ درەنگ گەیشتن. پاسەکە دواکەوتبوو.

[4189] If you're near the garage, could you check to see if the car's ready?

ئەگەر لەنزیك گەراجەکەیت، دەتوانیت سەیرێك بکەیت تا بزانیت ئاخۆ ئۆتۆمبێلەکە ئامادەیە؟

4190 Your body actually has two brains.

لەڕاستیدا جەستەت دوو دەماخی هەیە.

4191 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "لەکات خۆیدا" بریتییە لە "لەکاتی خۆیدا"، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، پیتی یائەکەم لابردووە.

The plane arrived on time.

فڕۆکەکە لەکاتی خۆیدا گەیشت.

4192 The stomach can hold up to 4 pounds of food at one time.

گەدە دەکرێ بەرگەی تا چوار پاوەند (زیاتر لە یەك کیلۆگرام و 800 گرام) خۆراك بگرێت لەیەك کاتدا.

4193 The hound found the trail of the rabbit.

سەگی ڕاوەکە ڕێڕەوی کەروێشکەکەی دۆزییەوە.

Police trailed the gang for several days.

پۆلیس بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك شوێنپێی باندەکەی هەڵگرت.

[4194] Your stomach is very big.

ورگت زۆر گەورەیە.

The stomach is the widest part of the digestive system. It digests food, it also stores it.

گەدە فراوانترین بەشی کۆئەندامی هەرسە. خۆراك هەرسدەکات و خەزنیشیدەکات.

Despite sharing a stomach, two-headed snakes will fight each other for food.

ماری دووسەر هەرچەندە یەك گەدەیان هەیە بەڵام لەسەر خواردن، شەڕ لەگەڵ یەکتر دەکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**numeral (نیوومرِڵ) عەددی، هەمیش (عەدەد)ە**[4195]

[.1747] **arm (ئاڵم) بەمانای قۆڵ**[4196]**، forearm (فۆوڕئاڵم)یش باسك**[4197]

**gazelle (گەزێل)و deer (دییە) هەردوکیان ئاسك**[4198]

[.1748] **tiger (تایگە) بەبرە، بەکوردی بەورە**[4199]

---

ئیحتیمالی هەیە ئەم عادەتە قۆڕە لەمرۆڤەوە فێربوبن چونكە مەعلومە پێشینانی مرۆڤی ئیشقۆڕ نەك هەر بەوتە بەڵكو بە عەمەل سەلماندویانەو وتویانە: برامان برایی بەڵام بەخوا لەسەر یەك پارچەزەوی بێفەڕ مەناعەتم نیە حەفتاوپێنجییەكت تیا خاڵی بكەمەوە!!!

[4195] بەمانای عەددی و عەدەدیش دێت. عەددی= ژمارەیی. عەدەد= ژمارە.

This language uses a different numeral system that I have never seen before.

ئەم زمانە سیستەمێكی ژمارەیی جیاواز بەكاردەهێنێت كە پێشتر هەرگیز نەمبینیوە.

I couldn't read the large numerals the teacher wrote on the board today.

نەمتوانی ئەو ژمارە گەورانە بخوێنمەوە كە مامۆستاكە ئەمڕۆ لەسەر تەختەكە نوسی.

[4196] قۆڵ= بازوو

He had a tattoo on his left arm.

ئەو تاتۆیەكی هەبوو لەسەر قۆڵی چەپی.

[4197] His right forearm is stronger.

باسكی ڕاستی بەهێزترە.

[4198] ئیمانم نەچێ وشەی یەكەمیان لە "غزال"ی عەرەبییەوە وەرگیراوە كە لەعەرەبیشدا هەر بەمانای ئاسك دێت.

سەرنجبدە وشەی deer عەینەن وشەی dear دەخوێنرێتەوە كە بەمانای ئازیز دێت.

وشەی deer لەكاتی كۆكردنەوەیدا هەروەك خۆی دەمێنێتەوەو گۆڕانی بەسەردا نایەت.

Cheetahs are trying to eat gazelles.

چیتا هەوڵدەدات ئاسك بخوات.

He can run like a deer and jump like a kangaroo.

دەتوانێت وەك ئاسك ڕابكات و وەك كەنگەر بازبدات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**cloud (کلاود) سەحابە، کەواتە هەورە**[4200]

.1749 **tax (تاکس) زەریبە، بەکوردی باجە**[4201]

**makeup (مەیکئەپ) ئارایشت، واتە ماکیاجە**[4202]

.1750 **base (بەیس) واتە بنکە، لەگەڵ تفت و بن**[4203]

**توانای بینینە، ماناکەی vision (ڤیژن)**[4204]

.1751 **cemetery (سێمەچری) چیە؟ مانای گۆڕستان**[4205]

**stripe (سچرایپ) شریتە، واتە خەتی پان**[4206]

.1752 **snappy (سناپی) خێرایە**[4207]**، snappish (سناپیش) دڕە**[4208]

---

4199 بەبر = (ع: ببر)= بەور.

وشەی tiger بەمانای بەور بەگشتی دێت، بەڵام tigress بەمانای بەوری مێ دێت بەتایبەتی.

Tiger cubs are born blind.

بێچوی بەور بە کوێری لەدایکدەبێت.

4200 Clouds form from water in the sky.

هەور لەئاو دروستدەبێت لەئاسماندا.

4201 هەروەها یەکێك لەماناکانی dutyش هەر باجە.

They're increasing the tax on cigarettes.

باج لەسەر جگەرە زیاددەکەن.

4202 Who's doing your makeup for the wedding?

کێ ماکیاجت بۆ دەکات بۆ ئاهەنگەکە؟

4203 The United States Navy has a base in San Diego.

هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا بنکەیەکیان هەیە لە سان دیگۆ.

This liquid is a base.

ئەم شلەیە تفتە.

There is a hole in the base of the tree.

بنی درەختەکە کونێکی تێدایە.

4204 Tigers have excellent night vision and can see 6x better than humans in the dark.

بەور توانای بینینێکی نایابی هەیە لەشەودا. دەتوانێت شەش ئەوەندە باشتر لەمرۆڤ ببینێت لەتاریکیدا.

4205 His father is buried in the cemetery on the hill.

باوکی لەگۆڕستانەکەی سەرگردەکە دەنێژرێت.

4206 The width and pattern of zebra stripes vary widely by species.

پانی و شێوازی شریتی کەری کێوی بەگوێرەی جۆرەکانی ئەم گیاندارە، زۆر جیاوازە.

4207 مورادیفی fastو quickە.

Srwa is a snappy employee; she finishes assignments very quickly.

سروە کارمەندێکی خێرایە، ئەرکەکانی زۆر بەخێرایی تەواودەکات.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**dense (دێنس) مانای دەبەنگ، هەروەها چڕە**[4209]

.1753 **judicial (جوودیشەڵ) چیە؟ واتە قەزایی**[4210]

**abnormal (ئابنۆرمەڵ) مانای عەکسی ئاسایی**[4211]

.1754 **house officer (هاوسۆفیسە) پزیشك مەشقکار**[4212]

**experiment (ئیك.سپێرەمەنت) دەکا ئیختیبار**[4213]

.1755 **resistance (ریزیستنس) چیە؟ واتە بەرگری**[4214]

**density (دێنستی) کەسافە، بەکوردی چڕی**[4215]

.1756 **contraception (کۆنترەسێپشن) مەنعی دوگیانبون**[4216]

---

4208 I have a snappish dog.

سەگێکی دڕم هەیە.

4209 بەمانای دەبەنگ واتە stupid و "چڕ"یش دێت.

There are some really dense people in our class.

لەپۆلەکەماندا هەندێکی کەسی زۆر دەبەنگ هەیە.

The city's dense population creates problems for the government.

دانیشتوانە چڕەکەی شار کێشەگەل بۆ حکومەت دروستدەکات.

4210 Tom takes judicial proceedings against his father.

تۆم رێکاری قەزایی دەگرێتەبەر لەدژی باوکی.

4211 واتە بەمانای نائاسایی دێت.

My parents thought it was abnormal for a boy to be interested in ballet.

باوکم پێیوابوو شتێکی نائاساییە کە کوڕ حەزی لەسەمای بالێ بێت.

4212 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "پزیشك مەشقکار" بریتییە لە "پزیشکی مەشقکار" بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە پیتی یائەکەم لابردووە.

پزیشکی مەشقکار: ئەو پزیشکەی ساڵێکە خوێندنی تەواوکردووەو لەنەخۆشخانە کاردەکات. internیشی پێدەووترێت.

He was a house officer working the emergency room at a county hospital.

ئەو پزیشکێکی مەشقکار بوو کە کاری لەهۆڵی فریاکەوتنی نەخۆشخانەیەکی هەرێمێك دەکرد.

4213 دەکا ئیختیبار= تاقیکردنەوەدەکات= تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات.

The school is experimenting with new teaching methods.

خوێندنگەکە بە شێوازە نوێکانی فێرکردن تاقیکردنەوە ئەنجامدەدات.

4214 There has been strong resistance to the proposed tax increases.

بەرگرییەکی بەهێز هەیە لەدژی پێشنیازی زیادکردنی باج.

4215 The area has a high population density.

ناوچەکە چڕییەکی زۆری دانیشتوانی هەیە. واتە زۆر قەرەباڵغە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

abnormality (ئابنۆرماڵەتی) ماناکەی تێکچون[4217]

.1757 grueling (گرووڵین) نەعتە مانای شەتەککەر[4218]

outrank (ئاوتڕانك) مانای سەردەکەوێ بەسەر[4219]

.1758 ocelot (ئۆسەلۆت) چیە؟ پڵنگی قەزەم[4220]

fruitful (فرووتفڵ) ئاوەڵناو، مانای بەبەرهەم[4221]

.1759 snowflake (سنەوفلەیك) چیە؟ چلورەی بەفر[4222]

receptacle (ڕیسێپتەکڵ)ە ماناکەی دەفر[4223]

.1760 freshwater (فرێشۆوتە) چیە؟ هی ئاوی شیرین[4224]

سەرنجڕاکێشە مانای interesting (ئینچرەستین)[4225]

.1761 دارستان غابە واتە jungle (جەنگڵ)ە[4226]

---

4216 مەنعی دوگیانبون= ڕێگرتن لەدوگیانبون= بەرگرتن لەدوگیانبون= مەنعی حەمل.

The pill is a popular method of contraception.

حەب ڕێگایەکی بەربڵاوە بۆ ڕێگرتن لەدوگیانبون.

4217 A number of tests are available for detecting foetal abnormalities.

ژمارەیەك پشکنین بەردەستە بۆ دەرخستنی تێکچونەکانی کۆرپە.

4218 شەتەککەر: زۆر ماندوکەر

I Spent a gruelling day.

ڕۆژێکی شەتەککەرم بەسەربرد.

4219 سەردەکەوێ بەسەر= سەردەکەوێت بەسەر.

Georgia outranks other states in the production of Vidalia onions– known as the sweetest onions in the world.

ویلایەتی جۆرجیا لەڕوی بەرهەمهێنانی پیازی ڤایدالیا کە بە شیرینترین جۆری پیاز ناسراوە لەجیهاندا، بەسەر ویلایەتەکانی تری ئەمریکادا سەرکەوتووە.

4220 جۆرە پشیلەیەکی کێوییە.

An Ocelot can travel at speeds of up to 38 miles per hour.

پڵنگی قەزەم دەتوانێت بە خێرایی تا 38 میل لەسەعاتێکدا ڕابکات.

4221 Today’s meeting was more fruitful than last week’s.

کۆبونەوەکەی ئەمڕۆ لەهینەکەی هەفتەی ڕابردوو بەبەرهەمتر بوو.

4222 چلورەی بەفر= چلورەی بەفرین: چلورەی دروستبوو لەبەفر.

The snowflakes on the tree are very beautiful.

چلورە بەفرینەکانی سەر درەختەکە زۆر جوانن.

4223 The tourists are given four separate receptacles for their rubbish.

گەشتیارەکان چوار دەفریان پێدەدرێت بۆ پاشماوەکانیان.

4224 ئاوەڵناوە.

Freshwater Crocodiles can reach speeds of up to 18 km/hr.

تیمساحی ئاوی شیرین دەکرێ خێراییەکەی بگاتە نزیکەی 18 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا.

4225 The story is very interesting to me.

چیرۆکەکە زۆر سەرنجڕاکێشە بەلامەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

heart transplant (هاات چرانسپلانت) چاندنی دڵە[4227]

.1762 savanna (سەڤانە) دەشتی پڕ گژوگیایە[4228]

scientist (سایەنتیست) عالیم، واتە زانایە[4229]

.1763 incorruptible (ئینکەرەپتەبڵ) بە واتای "پاك"ە[4230]

benevolent (بەنیڤەلەنت)ە بەمانای "چاك"ە[4231]

.1764 comprise (کەمپرایز) چیە؟ پێکدەهێنێ[4232]

gain (گەین) بەمانای بەدەستدەهێنێ[4233]

.1765 misrule (میسڕووڵ) حکومەت بەڵام هینی بەد[4234]

freeze (فرییز) دەبەستێ، واتە یەتەجەممەد[4235]

.1766 free (فری) چیە؟ ئازاددەکات[4236]

---

4226 lions are called the king of the jungle.

شێر پێیدەووترێت پادشای دارستان.

4227 His only chance of survival was a heart transplant.

تەنها هەل بۆ رزگاربونی، چاندنی دڵ بوو.

4228 هەروەها بە سپێلی savannahش دەنوسرێت. بەمانای دەشتی پڕ گژوگیایەك دێت کە درەختی هیچ تێدا نەبێت یان زۆر کەمی تێدا بێت، بەتایبەت دەشتەکانی ئەفریقا.

The savanna is full of predators.

دەشتە پڕ گژوگیاکە پڕە لەزیندەوەری ڕاوکەر.

4229 The two scientists used very different experimental methods.

دوو زاناکە دوو شێوازی تاقیکردنەوەی زۆر جیاوازیان بەکارهێنا.

4230 پاك بەمانای ناگەندڵ و نابەرتیلخۆرو ئەو شتانە نەك پاکی دور لەچڵك و هتد...

Burkina Faso means “land of incorruptible people” in the Mossi language.

لەزمانی مۆسیدا بورکینا فاسۆ بەمانای خاکی کەسانی پاك دێت.

4231 چاك= باش

His benevolent uncle paid for her to have music lessons.

مامە چاکەکەی پارەی بۆدا بۆ ئەوەی وانەی موزیك بخوێنێت.

4232 پێکدەهێنێ= پێکدەهێنێت.

Italian students comprise 60 percent of the class.

خوێندکارە ئیتاڵییەکان لەسەدا 60ی پۆلەکە پێکدەهێنن.

4233 Ghana was the first African country to gain independence from colonial rule in 1957.

غانا یەکەم وڵاتی ئەفریقییە کە سەربەخۆیی لەدەسەڵاتی ئیستیعماری بەدەستهێناوە، ئەویش لەساڵی 1957 بوو.

4234 بەمانای حکومەتی بەد واتە خراپ دێت. حکومەتی خراپ بەمانای حوکمڕانیی خراپ.

She blamed her country's economic collapse on 40 years of communist misrule.

تۆبالی دارمانی ئابوریی وڵاتەکەی خستەمل 40 ساڵ حوکمڕانیی خراپی کۆمۆنیستەکان.

4235 Water freezes at a temperature of 0°C.

ئاو لەپلەی سفری سەدیدا دەیبەستێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

entomology (ئینتەمۆلەجی) عیلمی حەشەرات[4237]

1767. clove (کلەوڤ) مێخەکە، واتە قەرەنفول[4238]

bloom (بلوم) زەهرەیە، بەکوردییەکەی گوڵ[4239]

1768. build (بیڵد) دروستدەکا، built (بیڵت) دروستکرد[4240]

sulphurous (سەلفرەس) نەعتە، مانای هی گۆگرد[4241]

1769. dismal (دیزمەڵ) نەعتە، مانای زۆر خراپ[4242]

rap (ڕاپ) لێدەدا، تۆمەت، لەگەڵ راپ[4243]

---

[4236] Liberia was founded by freed American slaves in 1847 and is Africa's oldest republic.

لیبێریا لەلایەن کۆیلەی ئەمریکی ئازادکراوەوە دامەزرێنراوە لەساڵی 1847و کۆنترین کۆمارە.

4237 عیلمی حەشەرات= (ع: علم الحشرات)= مێروزانی= مێروناسی.

Do you know anything about entomology?

هیچ شتێك سەبارەت بە مێروزانی دەزانیت؟

[4238] Cloves contain fiber, vitamins, and minerals.

مێخەك ریشاڵ و ڤیتامین و کانزای تێدایە.

[4239] زیاتر بەمانای گوڵێك دێت کە بۆ جوانی پەروەردەدەکرێت.

هەردوو وشەی roseو flowerیش بەمانای گوڵ دێن.

I saw an exotic bloom in his garden.

گوڵێکی ناوازەم بینی لەباخچەکەیدا.

He gave me a bunch of red roses.

چەپکێك گوڵی سوری پێشکەش کردم.

Come and smell these flowers.

وەرە، بۆنی ئەم گوڵانە بکە.

[4240] ڕانەبردوو و رابردوی هەمان کارن.

The pyramids of Meroe in Sudan are older than those of ancient Egypt and were built by the Kingdom of Kush.

هەرەمەکانی مەروی لە سودان لەهینەکانی میسری دێرین کۆنترەو لەلایەن شانشینی کوشەوە دروستکراون.

[4241] The sulphurous smell filled the room.

بۆنی گۆگرد ژورەکەی پرکرد.

[4242] His acting was dismal, wasn't it?

نواندنەکەی زۆر خراپ بوو. وا نەبوو؟

[4243] لێدەدا= لێدەدات. راپ: موزیکی راپ.

She rapped the table to get everyone's attention.

لەمێزەکەی دا بۆ ئەوەی سەرنجی هەموان رابکێشێت.

He always said he was jailed on a bum rap.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1770 rap (ڕاپ) یەنتەقیدو، کە کار بێ نەك ناو[4244]

fully (فولی) ئاوەڵکار بەمانای تەواو[4245]

.1771 heart disease (هات دیزیز) چیە؟ نەخۆشیی دڵە[4246]

"چرچولۆچی"یە مانای wrinkle (رینکڵ)ە[4247]

.1772 water (وۆتە) ئاودەدات، هەروەها ئاوە[4248]

---

هەمیشە دەیوت بە تۆمەتی هەڵە زیندانیکراوە.

He is a rap star.

ئەو ئەستێرەیەکی راپە.

[4244] واتە وەك کار بەمانای "یەنتەقیدو" دێت. بێگومان هەر وەك کار مانای تریشی هەیە.

یەنتەقیدو= (ع: ینتقد)= رەخنەدەگرێت لە

The judge rapped the police.

دادوەر رەخنەی لەپۆلیس گرت.

[4245] Kawthar has not fully recovered from the disease.

کەوسەر تەواو چاکنەبووەتەوە لەنەخۆشییەکە.

[4246] In 2022, 702,880 people died from heart disease in the United States. That's the equivalent of 1 in every 5 deaths.

لەساڵی 2022، تەنها لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا 702 هەزارو 880 کەس بەهۆی نەخۆشیی دڵەوە مردون، ئەمەش یەکسانە بەیەك لەسەر پێنجی کۆی هەموو حاڵەتەکانی مردن لەو وڵاتەدا.

[4247] Her face was a mass of wrinkles.

دەموچاوی یەك پارچە چرچولۆچییە.

[4248] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە (وادەر) گۆیدەکەن.

I've asked my neighbour to water the plants while I'm away.

داوام لەدراوسێکەم کردووە کە کاتێك لەماڵ نەبوم، رووەکەکان ئاوبدات.

Ice cubes look white due to oxygen and other impurities. If the water is boiled before it's frozen, the resulting ice cubes will be clear.

رەنگی قاڵبەسەهۆڵ بەهۆی ئۆکسجین و خڵتەوە سپییە. خۆ ئەگەر ئاو پێش ئەوەی بیبەستێت، بکوڵێنرێت، ئەوا رەنگی سەهۆڵەکە رون واتە شەفاف دەبێت نەك سپی.

In school, we were taught that most (specifically, 71 percent) of the planet’s surface is covered in water. While that’s true, humans can use only 0.007 percent of that water, according to National Geographic. That’s because only about 2.5 percent of Earth’s water is fresh water, and only 1 percent of that is accessible. The rest makes up glaciers and snowfields.

کاتێك لەخوێندنگە بوین ئەوە فێرکراوین کە زۆربەی روی زەوی (بەدیاریکراوی لەسەدا 71ی) بە ئاو داپۆشراوە. هەرچەندە ئەم ناسکەزانیارییە راستە، بەڵام ئێمەی مرۆڤ دەتوانین تەنها لەهەزاردا حەوتی ئەو ئاوە بەکاربهێنین.

ئەزانی لۆ؟

لەبەرئەوەی تەنها نزیکەی لەسەدا دوو و نیوی ئاوی زەوی، سازگارەو تەنها لەسەدا یەکی ئەوەش، دەستمان پێیڕادەگات. ئەوی تری لەڕووباری بەستەڵەك و کێڵگەی بەفرین پێکهاتووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**uncommon (ئەنكۆمەن) دەگمەن[4249]، common (كۆمەن)یش باوە[4250]**

.1773 **entire (ئنتایە) نەعتە، بەمانای تەواو[4251]**

**footwear (فوتوێ)، حیزائـە، بەكوردی پێڵاو[4252]**

.1774 **program (پرەوگرام) چیە؟ بەرنامەیە[4253]**

**biography (بایۆگرەفی)یە ژیاننامەیە[4254]**

.1775 **or so (ئۆۆ سەو) تەقریبەن، واتە نزیكەی[4255]**

**"بومەی ئەسمەر"ە tawny (تۆۆنی) ماناكەی[4256]**

.1776 **taxi (تاكسی) لەگەڵ cab (كاب) هەردوكیان تاكسی[4257]،**

---

[4249] برادەرانی ئەمەریكا بە ئەنكامەن گۆیدەكەن.

Violent crimes against the elderly are fortunately uncommon.

خۆشبەختانە تاوانی توندوتیژی لەدژی بەساڵاچوان دەگمەنە. واتە كەم رودەدات.

[4250] برادەرانی ئەمەریكا بە كامەن گۆیدەكەن. باو= بەربڵاو.

This disease is four times more common in boys than in girls.

ئەم نەخۆشییە چوار ئەوەندە زیاتر لەناو كوڕاندا بەربڵاوە وەك لەكچان.

[4251] The entire staff agreed.

تەواوی ستافەكە قایلبون. واتە گشت كارمەندەكان قایلبون.

[4252] Be sure to wear the correct footwear to prevent injuries to your feet.

دڵنیابەرەوە لەلەپێكردنی پێڵاوی گونجاو بۆ ئەوەی رێگرییكەیت لەبریندداربونی پێیەكانت.

[4253] My computer has a program which corrects my spelling.

كۆمپیوتەرەكەم بەرنامەیەكی تێدایە كە سپێڵەكانم راستدەكاتەوە.

[4254] The bird photographer Eric Hosking lost an eye to a tawny owl while trying to photograph it. His biography was titled An eye for a bird.

وێنەگری باڵندە، ئێریك هۆسكینگ لەپێناو كوندەپەپویەكی رەشتاڵەدا چاوێكی لەدەستدا لەكاتی وێنەگرتنیدا. ژیاننامەكەی بە ناونیشانی "چاوێك لەپێناو باڵندەیەكدا"یە.

[4255] They raised two hundred dollars or so for charity.

نزیكەی 200 دۆلاریان بۆ كاری خێرخوازی كۆكردەوە.

[4256] بومەی ئەسمەر= كوندەپەپوی رەشتاڵە: جۆرە كوندەپەپویەكە. tawny owelیشی پێدەووترێت.

Do you know anything about tawnies.

هیچ شتێك دەزانیت سەبارەت بە كوندەپەپوی رەشتاڵە؟



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

دوگیانی حەتمەن مانای pregnancy (پرێگنەنسی)[4258]

.1777 خەلیت، تێکەڵە واتە mishmash (میشماش)ە[4259]

Everything is fine (ئێڤریثینن ئز فاین)ە "هەموو شتێ باش"ە[4260]

.1778 reassure (ریی شووە) واتە دڵنیادەکاتۆ[4261]

renew (ڕینیوو) بەمانای تازەدەکاتۆ[4262]

.1779 rehearsal (ڕەهێیسڵ) چیە؟ واتە پرۆڤە[4263]

human brain (هیوومەن برەین) دەماخ مرۆڤە[4264]

.1780 king cobra (کینن کەوبرە) کۆبرا، بەڵام هی مەلیك[4265]

---

4257 I took a taxi from the station to the hotel.

تاکسییەکم لەوێستگەکەوە گرت بۆ هۆتێلەکە.

It'll save time if we go by cab.

ئەگەر بە تاکسی بڕۆین، کاتمان بۆ دەگەڕێتەوە.

4258 Most women feel sick in the mornings during their first months of pregnancy.

زۆربەی ژنان لەکاتی مانگە سەرەتاییەکانی دوگیانییاندا توشی هێڵنجدان دەبن.

4259 The magazine is a mishmash of jokes, stories, and serious news.

گۆڤارەکە تێکەڵەیەکە لەنوکتە، چیرۆك و هەواڵی جدی.

4260 هەموو شتێ باشە= هەموو شتێك باشە. خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

4261 دڵنیادەکاتۆ= دڵنیادەکاتەوە.

Teachers reassured anxious parents.

مامۆستایان دایك و باوکە نیگەرانەکانیان دڵنیاکردەوە.

4262 The average adult's skin weighs around 8 pounds. Your skin is the largest organ in your body and renews itself every 28 days.

بەگشتی کشێی پێستی کەسێکی پێگەیشتوو نزیکەی هەشت پاوەندە. پێستی شەریفت گەورەترین ئەندامە لەجەستەتداو هەموو 28 رۆژێك خۆی تازەدەکاتەوە.

4263 We only had three days of rehearsal.

تەنها سێ رۆژ پرۆڤەمان هەبوو.

4264 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "دەماخ مرۆڤ" بریتییە لە "دەماخی مرۆڤ" بەڵام بەهۆی زەروراتی شیعرەوە، پیتی یائەکەم لابردوو.

The human brain can store an estimated 2.5 petabytes of data. That's the equivalent of three million hours of TV shows.

ئەو برە زانیارییەی دەماخی مرۆڤ دەتوانێت خەزنی بکات، بە دوو پێتابایت و نیو دەخەمڵێنرێت. ئەمەش هاوتای سێ ملیۆن سەعات بەرنامەی تەلەفزیۆنییە.ئەگەر برواش ناکەیت، ئەوە ئەرزو ئەوە گەز، بچۆ بیپێوە!

4265 بەمانای کۆبرای مەلیك دێت کە جۆرە مارێکە.

The king cobra is the longest of all venomous snakes.

کۆبرای مەلیك درێژترین جۆری گشت مارە ژەهراوییەکانە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**ریخۆڵەییە واتە enteric (ئینتێریك)**[4266]

.1781 **determine (دیتێیمن) چیە؟ دەدۆزێتەوە**[4267]

**diminish (دیمینیش) مانای کەمدەبێتەوە**[4268]

.1782 **bubonic plague (بیووبۆنیك پلەیگ) تاعونی نەزفی**[4269]

**affect (ئەفێکت) بەمانای یوئەسیرو فی**[4270]

.1783 **visit (ڤیزیت) یەزورو، وەك ناو سەردانە**[4271]

**visitor (ڤیزیتە"ر")و guest (گێست)، caller (کۆڵە) میوانە**[4272]

---

4266 ریخۆڵەیی= هی ریخۆڵە.

Your gut has its own brain, known as the enteric nervous system. It controls digestion and is so complex that it's often called the "second brain."

رێڕەوی هەرسکردنت دەماخی تایبەت بەخۆی هەیە کە بە کۆئەندامی دەماری ریخۆڵە ناسراوە. ئەم دەماخە هەرسکردن کۆنترۆڵدەکات و هێندە ئاڵۆزە کە زۆرجار پێیدەووترێت دەماخی دووەم.

4267 The police never determined the cause of death.

پۆلیس هەرگیز هۆکاری مردنەکەی نەدۆزییەوە.

4268 As people approach old age, their energies may diminish.

هاوکات لەگەڵ نزیکبونەوەی مرۆڤ لەتەمەنی پیری، دەکرێ وزەیان کەمبێتەوە.

4269 تاعونی نەزفی: جۆرە تاعونێکی بەکتریاییە. تاعونی دەبلی-شی پێدەووترێت.

Bubonic plague killed millions of Europeans during the Middle Ages.

تاعونی نەزفی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ملیۆنان هاوڵاتی ئەورووپی کوشتووە.

4270 یوئەسیرو فی= (ع: يؤثر في)= کاردەکاتەسەر.

The divorce affected every aspect of her life.

جیابونەوەکە کاریکردەسەر هەموو لایەنێکی ژیانی.

4271 واتە وەك کار بەمانای "یەزورو" و وەك ناو بەمانای "سەردان" دێت.

یەزورو= (ع: يزور)= سەرداندەکات.

Which cities did you visit in Spain?

سەردانی چ شارێکت کرد لە ئیسپانیا؟

Your visit to me was very wonderful.

سەردانەکەت بۆ لای من زۆر نایاب بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1784 **elongate (ئیلۆنگەیت) چیە؟ درێژکۆلە**[4273]

**evade (ئیڤەید) بەمانای خۆدەدزێتۆ لە**[4274]

.1785 **adherence (ئەدهیرەنس) چیە؟ واتە ئیلیتزام**[4275]

**in conclusion (ئین کەنکلووژن) مانای سەرەنجام**[4276]

.1786 **conflict (کۆنفلیکت) ناکۆکی، کەواتە سیراع**[4277]

**elevation (ئێلەفەیشن)ە مانای ئیرتیفاع**[4278]

.1787 **atoll (ئاتۆڵ) بەمانای دورگەی مەرجانی**[4279]

**prosperity (پرۆسپێرەتی) خۆشگوزەرانی**[4280]

---

4272 هەرسێکیان بەمانای میوان دێن. وشەی "سەردانکەر" زۆر نابوتە بۆیە نەمنوسی!

The museum attracts large numbers of visitors.

مۆزەخانەکە ژمارەیەکی زۆر میوان رادەکێشێت.

She said good night to her guests.

بە میوانەکانی وت شەوشاد.

The hall was full of callers.

هۆڵەکە پڕ بوو لەمیوان.

4273 The fish has an elongate body.

ماسییەکە جەستەیەکی درێژکۆلەی هەیە.

4274 خۆدەدزێتو لە= خۆدەدزێتەوە لە.

Shakespeare almost went to jail for evading taxes.

شکسپیر بەهۆی خۆدزینەوە لە باج خەریکبوو زیندانیبکرێت.

4275 ئیلتیزام= پابەندبون.

The strength of a nation lies in the adherence of its people to its laws.

بەهێزیی هەر وڵاتێك بەندە بە پابەندبونی خەڵکەکەی بە یاساکانییەوە.

4276 سەرەنجام بەمانای دواجارو لەکۆتاییدا.

In conclusion, I would like to thank you all.

لەکۆتاییدا پێخۆشە سوپاسی هەموتان بکەم.

4277 There was a lot of conflict between him and his father.

ناکۆکییەکی زۆر لەنێوان ئەوو باوکیدا هەبوو.

4278 ئیرتیفاع= بەرزی

Mount everest’s elevation is not constant.

بەرزیی شاخی ئێڤرست جێگیر نیە.

4279 The atoll was threatened by rising sea levels.

دورگە مەرجانییەکە لەژێر هەڕەشەی بەرزبونەوەی ئاستی دەریادا بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

incumbent (ئینکەمبنت) چیە؟ "هی ئیستا"یە[4281] .1788

fort (فۆرت) مانای قەلعە، واتە قەڵایە[4282]

Don't worry (دەونت وەری) مانای نیگەران مەبە[4283] .1789

scorpion (سکۆرپیەن) دوپشك، واتە عەقرەبە[4284]

translate (چرانزلەیت) چیە؟ وەردەگێریت[4285] .1790

He's coming soon (هییز کەمینن سوون) بەمزوانە دێت[4286]

دەزانم، ئەعلەم، واتە I know (ئای نەو)ە[4287] .1791

exam (ئیگزام) بەمانای تاقیکردنەوە[4288]

---

[4280] The Maldivian flag consists of a green rectangle in the middle with a crescent moon on it, enclosed by a red rectangle. The red represents the sacrifice of the people who lost their lives protecting the country, the green represents peace and prosperity, and the crescent moon represents Islam.
ئاڵای ماڵدیف پێکهاتووە لەلاکێشەیەکی سەوز کە هیلالێك لەناویدایە، ئەمیش لەناو لاکێشەیەکی سوردایە. سورەکە گوزارشت لەقوربانیدانی ئەو خەڵکە دەکات کە لەپێناو پاراستنی وڵاتەکەدا ژیانیان لەدەستداوە. سەوزەکەش گوزارشت لەئاشتی و خۆشگوزەرانی دەکات و هیلالەکەش گوزارشت لە ئیسلامدەکات.

[4281] The incumbent president faces problems which began many years before he took office.
سەرۆکی ئێستا روبەڕوی کێشەگەلێك دەبێتەوە کە چەندین ساڵ پێش ئەوەی پۆستەکە بگرێتەدەست، دروستبووە.

[4282] The troops besieged the fort.

سەربازەکان ئابڵوقەی قەڵاکەیان دا.

[4283] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[4284] Scorpions can survive a year without food.

دوپشك دەتوانێت یەك ساڵ بەبێ خواردن بژی.

[4285] بە چرانسلەیت-یش دەخوێنرێتەوە.

Can you translate this for me?

دەتوانیت ئەمەم بۆ وەربگێریت؟

[4286] بەمزوانە دێت: ئەو بەمزانە دێت. خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

[4287] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1792. **I’m cold (ئایم کەوڵد) چیە؟ مانای "سەرمامە"**[4289]

**conclusion (کەنکلووژن) ئاکام، واتە ئەنجامە**[4290]

1793. **I'm hungry (ئایم هەهننگری) واتە برسیمە**[4291]

**I'm not busy (ئایم نۆت بیزی) "من مەشغوڵ نیم"ە**[4292]

1794. **Have you arrived? (هاڤ یو ئەڕایڤد) ئایا گەیشتوی؟**[4293]

**I'm good, and you? (ئایم گود، ئاند یو) من باشم، تۆ کوی؟**[4294]

1795. **How was the movie? (هاو وەز ذە موڤیی) فیلمەکە چۆن بوو؟**[4295]

**hatchling (هاچلینن) مانای فەرخ، بەکوردی بێچوو**[4296]

1796. **I have a question. (ئای هاڤ ئە کوێسچن) "لەدەییە سوئال."**[4297]

**independence (ئیندیپێندەنس)ە مانای ئیستقلال**[4298]

---

4288 موڕادیفی test.

Life is the most difficult exam. Many people fail because they try to copy others, not realizing that everyone has a different question paper.

ژیان قورسترین تاقیکردنەوەیە. زۆر کەس بۆیە شکستدەهێنن چونکە هەوڵدەدەن هی کەسانی تر کۆپیبکەن و بێئاگان لەوەی هەرکەسەو وەرەقەی پرسیارەکەی لەوی تر جیاوازە.

Did you get a good mark in the exam?

ئایا لەتاقیکردنەوەکەدا پلەیەکی باشت بەدەستهێنا؟

4289 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

4290 I soon came to the conclusion that she was lying.

هەر زوو گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ئەو درۆدەکات.

4291 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

4292 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

من مەشغول نیم= من سەرقاڵ نیم= سەرقاڵ نیم.

بێگومان برادەرانی ئەمریکا وشەی not بە "نات" گۆدەکەن.

4293 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

4294 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

من باشم، تۆ کوی؟= من باشم تۆ چۆنیت؟

4295 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

4296 The mother cared for her new hatchling.

دایکەکە چاودێریی بێچووە تازەکەی کرد.

4297 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

لەدەییە سوئال= (ع: لديّ سؤال)= پرسیارێکم هەیە.

4298 ئیستقلال= سەربەخۆیی.

Mexico gained its independence from Spain in 1821.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

.1797 Is this yours? (ئز ذیس یۆوز) واتە ئەمە هی تۆیە؟[4299]
mayfly (مەیفلای) مانای مێشی مایۆیە[4300]
.1798 How far is it? (هاو فااریزت) واتە چەند دورە؟[4301]
angry (ئاننگری) غازیب، بەکوردی تورە[4302]
.1799 bullion (بولیەن) دارشتە، هی زێر یا زیوە[4303]
It's half past 10 (ئیتس هااف پاستێن) سەعات 10و نیوە[4304]
.1800 You're beautiful (یۆو بیووتیفڵ) واتە تۆ جوانی[4305]
on the second floor (ئۆن ذە سێکند فلۆق) لەقاتی سانی[4306]
.1801 lead to (لیید توو) ماناکەی "دەبێتەهۆی"یە[4307]

---

مەکسیك لەساڵی 1821 سەربەخۆیی لەئیسپانیا بەدەستهێنا.

[4299] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

[4300] مێشی مایۆ: جۆرە مێرووەکە لەنزیك ئاو دەژی و سوڕی ژیانی زۆر کورتە. چەند ناوێکی تریشی هەیە لەوانە: حۆریی ئاو، مێشی رۆژانە هتد...

ئەم وشەیە هەروەك وشەی fly بە دوو شێوە کۆدەکرێتەوە: بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك واتە mayfly، هەروەها بە زیادکردنی پیتی یش کە دەبێتە mayflies.

The mayfly was born in the morning and died at dusk the same day.

مێشی مایۆکە لەبەیانیدا لەدایکبوو و ئێوارەی هەمان رۆژ مرد.

Mayflies are sensitive to water pollution, so their presence or absence can be a good indicator of the health of a water body.

مێشی مایۆ هەستیارە بە پیسبونی ئاو، بۆیە بون یان نەبونی، دەکرێت ئاماژەدەرێکی باش بێت لەسەر تەندروستیی ئاو.

[4301] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

[4302] غازیب= (ع: غاضب)

I don't understand what he's angry about.

تێناگەم کە ئەو لە چی تورەیە.

[4303] بەمانای دارشتەی زێر یان زیو دێت.

The goldsmith melted down the bullion to make jewelry.

زەرەنگەرەکە دارشتەکەی تواندەوە بەمەبەستی دروستکردنی خشڵ.

[4304] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

[4305] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

تۆ جوانی= تۆ جوانیت.

[4306] لەقاتی سانی= لەقاتی "ثاني"= لەقاتی دوو= لەنهۆمی دووەم.

Our office is on the second floor.

نوسینگەکەمان لەنهۆمی دووەمە.

[4307] رابردووەکەی led to.

Liver failure led to her father's death.

سستبونی جگەر بووەهۆی مردنی باوکی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**(ویرارِ یو گەوینن) Where are you going? "بۆ کویێ دەڕۆی"یە**[4308]

.1802 **(ئارِیوو هەنگری) Are you hungry? واتە "برسیتە؟"**[4309]

**(یۆو ڤێری سمات) You're very smart "زۆر زیرەکیت"ە**[4310]

.1803 **مافی مەدەنی واتە civil right (سیڤڵ ڕایت)**[4311]

**(ئارِیوو "شوۆر")ە واتە دڵنیایت؟ Are you sure?**[4312]

.1804 **(گرەیت بریتن) Great Britain بریتانیای عوزما**[4313]

**(ئیندێفینەتڵی) indefinitely تا غەیر موسەمما**[4314]

.1805 **(ئیك.سپۆوتە) exporter چیە؟ هەناردەکارە**[4315]

**(فرێش وۆتە) freshwater مانای ئاوی سازگارە**[4316]

---

[4308] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.
بۆ کویێ دەڕۆی؟= بۆ کوێ دەڕۆیت؟
[4309] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.
[4310] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.
[4311] Civil rights include freedom, equality in law and in employment, and the right to vote.
مافە مەدەنییەکان ئازادی، یەکسانی لەیاساو هەلیکارو مافی دەنگدان لەخۆدەگرێت.
"Civil rights are not civil if they are limited to the majority." – Ricardo Lagos
مافە مەدەنییەکان مەدەنی نین ئەگەر سنورداربکرێن بۆ زۆرینە.
[4312] خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.
[4313] بریتانیای عوزما= بریتانیای مەزن.
Great Britain played a major role in both World Wars.
بریتانیای مەزن رۆڵێکی گەورەی گێڕا لەهەردوو جەنگە جیهانییەکەدا.
In the 18th century, Great Britain banned the cultivation of potatoes in royal gardens, believing they caused leprosy. This bizarre belief lasted for several years.
لەسەدەی 18هەمدا بریتانیای مەزن چاندنی پەتاتەی لەباخچە شاهانەکاندا قەدەغەکرد، چونکە بڕوایان وابوو کە دەبێتەهۆی گولی. ئەم بڕوا سەیرە ماوەی چەند ساڵێك بەردەوامبوو.
[4314] تا غەیر موسەمما= تا کاتێکی نادیار.
We can't stay here indefinitely.
ناتوانین تا کاتێکی نادیار لێرە بمێنینەوە.
[4315] Japan is a major exporter of cars.
ژاپۆن هەناردەکارێکی سەرەکیی ئۆتۆمبێلە.
Kazakhstan, despite being a relatively obscure nation to many, is the largest exporter of uranium in the world. The country provides nearly 40% of the global supply of this vital component for nuclear energy.
کازاخستان هەرچەندە بەلای زۆرێك لەخەڵکەوە، وڵاتێکی ناسراو نیە، بەڵام گەورەترین هەناردەکاری یۆرانیۆمە لەجیهاندا. نزیکەی لەسەدا 40ی یۆرانیۆمی پێویست بۆ جیهان، کە پێکهاتەیەکی گرنگی وزەی ناوکییە، ئەم وڵاتە دابینیدەکات.

[4316] ئاوی سازگار= ئاوی شیرین
80% of all the freshwater on earth is frozen.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1806 **birth (بێیث) ویلادە، ئەی لەدایکبون**[4317]

**"ئێوارە باش"ە Good afternoon (گود ئافتەنوون)**[4318]

.1807 **dreamt (جرێمت) چیە؟ خەوبینی**[4319]

**confection (کەنفێکشن) حەتمەن مانای شیرینی**[4320]

.1808 **keg (کێگ) بەرمیلە، بەڵام بچوکە**[4321]

**lightweight (لایتوەیت) ئاوەڵناو، بەمانای سوکە**[4322]

.1809 **high (های) مانای دڵخۆش، هەروەها بەرزە**[4323]

---

لەسەدا 80ی هەموو ئاوی شیرینی سەرزەوی، ئاوی بەستووە.

[4317] He only weighed 2 kilos at birth.

لەکاتی لەدایکبوندا تەنها دوو کیلۆ بوو.

August has the highest percentage of births.

زۆرترین ڕێژەی لەدایکبون لەمانگی ئابدایە.

At birth, humans have around 270 bones. As they grow, some of these bones fuse together, leaving adults with 206 bones.

لەکاتی لەدایکبوندا مرۆڤ نزیکەی 270 ئێسکی هەیە، بەڵام کاتێك گەورەدەبێت هەندێك لەم ئێسکانە یەکدەگرن و بەوەش ژمارەی ئێسکەکان لەمرۆڤی پێگەیشتودا دەبێتە 206.

[4318] بۆ سڵاوکردن بەکاردەهێنرێت لەبەیانیاندا، بۆ تاك و کۆ.

Good afternoon, friends!

بەیانیتان باش هاوڕێیان.

[4319] رابردوی dreamە.

Dreamt is the only word that ends in mt.

وشەی dreamt تەنها وشەیە لەزمانی ئینگلیزیدا کە بە mt کۆتاییدێت.

I dreamt about you last night.

شەوی ڕابردوو خەوم بەتۆوە بینی.

[4320] She sells confections.

ئەو شیرینی دەفرۆشێت.

[4321] بەمانای بەرمیلی بچوك دێت، زیاتر ئەوانەی بۆ هەڵگرتنی بیرەو خواردنەوە کهولییەکانی تر بەکاردەهێنرێن.

They bought a keg of beer for the party.

بەرمیلێك بیرەیان کڕی بۆ ئاهەنگەکە.

[4322] The device is lightweight, and easy to use.

ئامێرەکە سوکەو بەکارهێنانی ئاسانە.

Though it appears massive, the Eiffel Tower is actually quite lightweight for its size. The entire structure weighs about 10,100 tons, which is relatively light considering its height (1,083 feet). If melted down, the iron would only fill a 125-foot square space.

تاوەری ئیفڵ هەرچەندە شتێکی زەبەلاح دیارە، بەڵام لەڕاستیدا کێشی بەراورد بە قەبارەکەی زۆر سوکە. کێشی تەواوی تاوەرەکە نزیکەی 10 هەزارو 100 تونە، کە ئەمەش تاڕادەیەك سوکە بەراورد بە بەرزییەکەی کە هەزارو 83 پێیە. ئەم تاوەرە ئەگەر بتوێنرێتەوە، ئاسنەکەی تەنها ڕوبەری 125 پێ دوجا دەگرێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

display (دیسپلەی) نمایش، کەواتە عەرزە[4324]

[.1810] structure (سچرەکچە) چیە؟ واتە پێکهاتە[4325]

speak (سپییك) ماناکەی "قسەدەکات"ە[4326]

---

[4323] مانای زۆرە، دوان لەماناکانی دڵخۆش و بەرزن. واتە لەمانای دووەمیاندا موراديفی happyیە.

He was so high after winning the race.

ئەو پاش بردنەوەی پێشبڕکێکە زۆر دڵخۆش بوو.

The house is surrounded by a high fence.

خانووەکە بە دیوارێکی بەرزە دەورەگیراوە.

This is the highest mountain in the world.

ئەمە بەرزترین شاخە لەجیهاندا.

Giraffes have the highest blood pressure of any land animal, needed to pump blood all the way to their brain through their long necks. Their blood pressure is about double that of a human's!

زەڕافە بەراورد بە هەر گیاندارێکی تری وشکانی، بەرزترین فشاری خوێنی هەیەو پێویستە خوێنهەڵبدات بۆ دەماخ لەڕێگەی ملە درێژەکەیەوە. فشاری خوێنی ئەم گیاندارە نزیکەی دوو ئەوەندەی هی مرۆڤە.

Titan, Saturn’s largest moon, has mountains that reach over 10,000 feet in height. The strange thing is, they're made of ice and solid methane instead of rock.

تیتان کە گەورەترین مانگی هەسارەی زوحەلە، شاخگەلێکی تێدایە کە بەرزییەکەیان دەگاتە نزیکەی سێ هەزارو 50 مەتر. سەیرەکە لەوەدایە کە ئەم شاخانە لەسەهۆڵ و میسانی ڕەق پێکهاتون.

[4324] عەرز= (ع: عرض)= نمایش.

The fireworks display was very beautiful.

نمایشی یارییە ئاگرینەکان زۆر جوان بوو.

[4325] The structure of this protein is complex.

پێکهاتەی ئەم پرۆتینە، ئاڵۆزە.

[4326]یەکێکە لەکارە نائاساییەکان.

speak→spoke→spoken

"Can I speak to Karzan please?"

تکایە دەتوانم قسە لەگەڵ کارزان بکەم؟

First think, and then speak.

سەرەتا بیربکەرەوە، دواتر قسەبکە.

Speaking without thinking is shooting without aiming.

قسەکردن بەبێ بیرکردنەوە، تەقەکردنە بەبێ ئامانج.

Think today and speak tomorrow.

ئەمڕۆ بیرکەرەوەو بەیانی قسەبکە.

Speak of the devil and he will appear.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

1811. **fetch (فێچ) وەکو کار، دەهێنێتەوە**[4327]

**recognize (ڕێکەگنایز) واتە دەناسێتەوە**[4328]

1812. **the dark (ذە داك) تاریکی، کەواتە زەڵام**[4329]

**perpetual (پەپێچوەڵ) نەعتە، مانای بەردەوام**[4330]

1813. **attacker (ئەتاکە) چیە؟ واتە هێرشبەر**[4331]

**essence (ئیسنس) کرۆکە، کەواتە جەوهەر**[4332]

1814. **I love you (ئای لەڤ یو) واتە ئەنا ئوحیببوك**[4333]

---

سەبارەت بە شەیتان قسەبکە، دەردەکەوێت.

Speak less and listen more.

کەمتر قسەبکەو زیاتر گوێبگرە.

[4327] واتە وەك کار نەك ناو، بەمانای "دەهێنێتەوە" دێت.

I have to fetch my mother from the station.

پێویستە دایکم لەوێستگەکە بهێنمەوە.

[4328] I didn’t recognize you in the party.

لەئاهەنگەکەدا نەمناسیتەوە.

[4329] زەڵام= (ع: ظلام)= تاریکی.

I've always been afraid of the dark.

هەمیشە لەتاریکی ترساوم.

Cats can see in the dark.

پشیلە دەتوانێت لەتاریکیدا ببینێت.

[4330] بەردەوام= هەمیشەیی.

The perpetual noise of the machine disturbed me.

دەنگەدەنگی بەردەوامی مەکینەکە بێزاریکردم.

[4331] بەمانای هێرشبەر (پەلاماردەر) بەگشتی و هێرشبەری یاریی فوتبۆڵیش دێت.

The attacker kicked him in the stomach.

هێرشبەرەکە شەقی لەسکی هەڵدا.

The attacker scored three goals.

هێرشبەرەکە سێ گۆڵی تۆمارکرد.

The killer bees are known for their aggressive behavior. They can pursue an attacker for over a mile.

هەنگی کوشندە بە ڕەفتارە دوژمنکارەکانی ناسراوە. ئەم جۆرە هەنگە دەکرێت بۆ ماوەی زیاتر لەیەك میل شوێن پەلاماردەرەکەی بکەوێت. واتە شوێن ئەو مرۆڤ یان زیندەوەرە بکەوێت کە پەلاماریدەدات.

To defeat an attacker, one must first understand their motives.

بۆ ئەوەی پەلاماردەرێك ببەزێنیت، سەرەتا پێویستە لەپاڵنەرەکانی بگەیت.

[4332] The essence of his argument is that capitalism cannot succeed.

کرۆکی مشتومڕەکەی ئەوەیە کە دەڵێت سەرمایەداری سەرکەوتوو نابێت.

[4333] خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە ڕستەی تر ناکات.

ئەنا ئوحیببوك= (ع: أنا أحبّك)= من خۆشمدەوێیت= خۆشمدەوێیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**talon (تالەن) میخلەبە، بەکوردی چڕنوك**[4334]

.1815 **leg (لێگ) بەواتای قاچ**[4335]**، thigh (ثای) بەمانای ران**[4336]

**temple (تیمپڵ) پەرستگا، هەروەها لاجان**[4337]

.1816 **ear (ئیە) ئوزونە، بەکوردی گوێیە**[4338]

**hand (هاند) بە واتای دەست**[4339]**، foot (فوت) مانای پێیە**[4340]

---

4334 زیاتر بەمانای چرنوکی باڵندە دێت نەك هی گیاندار.
میخلەب= (ع: مخلب)= چرنوك.

A falcon uses its talons to catch prey.

باز چرنوك بەکاردەهێنێت بۆ راوکردنی نێچیر.

4335 چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. قاچ: لەئەژنووە بۆ خوارەوە. پێموایە وشەی قاچ راستترە وەك لەلاق بۆ ئەم وشەیە.

My legs were tired after so much walking.

پاش بەپێرۆشتنێکی زۆر، قاچەکانم زۆر ماندوبون.

4336 Then I felt his hand on my thigh.

دواتر هەستمکرد دەستی لەسەر رانمە.

4337 لاجان= لاجانگ: نێوان گوێ و چاو لەسەردا.

This temple is very old.

ئەم پەرستگایە زۆر کۆنە.

Is it bad to rub your temples?

ئایا خوراندنی لاجانت خراپە؟

4338 ئوزون= (ع:أُذُن)= گوێ.

The child whispered something in her mother's ear.

منداڵەکە شتێکی چرپاند بە گوێی دایکیدا.

4339 A scientist cracked his knuckles on one hand for over 50 years to prove it did not cause Arthritis.

زانایەك بۆ ماوەی زیاتر لەنیو سەدە جومگەی پەنجەکانی دەستێکی تەقاند بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە تەقاندنی پەنجە نابێتەهۆی نەخۆشی هەوکردنی جومگەکان.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

1817. add up (ئاد ئەپ) بەمانای کۆدەکاتەوە[4341]

diminish (دیمینیش) واتە کەمدەکاتەوە[4342]

1818. dry cough (جرای کۆف) کۆکەیە، بەس هێنی وشکە[4343]

sister-in-law (سیستەرین لۆ)یە، براژن، ژنخوشکە[4344]

1819. pill (پیڵ) بەمانای حەپ[4345]، capsule (کاپسل) گوڵاجە[4346]

---

[4340] بەمانای پێ وەك ئەندامە ناسراوەکەی جەستەو پێ وەك یەکەی درێژی دێت. ئەم وشەیە تاکەو جەمعەکەی feetە، بەڵام ئەگەر بەمانای یەکە درێژییەکە بەکاربهێنرێت، ئەوا سەرباری feet، بە خودی footیش کۆدەکرێتەوە، عەینەن وشەی sheepو fishو هتد...

He stepped on my foot.

بەسەر پێمدا هەنگاوی نا.

Smallest crocodile species is Dwarf Crocodile which can reach 5 foot in length and weigh up to 40-70 pounds.

بچوکترین جۆری تیمساح، تیمساحی قەزمە، کە درێژییەکەی دەگاتە پێنج پێ و کێشی دەگاتە 40 تا 70 پاوەند.

4341 I'm not very good at adding.

لەکۆکردنەوەدا زۆر باش نیم.

if you add up all the numbers from 1 to 100 consecutively (1 + 2 + 3...) it totals 5050

ئەگەر سەرجەم ژمارەکان لەیەك بۆ 100، یەك بەدوای یەك کۆبکەیتەوە، ئەنجامەکەی دەکاتە 5050.

[4342] These drugs diminish blood flow to the brain.

ئەم ماددە هۆشبەرانە ڕۆشتنی خوێن بۆ دەماخ کەمدەکەنەوە.

[4343] بەمانای کۆکەی وشك دێت نەك تەڕ.

His dry cough lasted for several days.

کۆکە وشکەکەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو.

Certain species of parrots can mimic a human dry cough, confusing their owners into thinking they're sick.

توتیش بەشی خۆی سەگە!

هەندێك جۆری توتی هەیە کە دەتوانێت لاسایی کۆکەی وشکی مرۆڤ بکاتەوە، بەوەش سەر لەخاوەنەکەی دەشێوێنێت و ئەو بڕوایەی لا دروستدەکات کە نەخۆشە.

[4344] بەمانای براژن و ژنخوشکیش دێت. کۆیەکەی sisters-in-lawە.

I have three sisters-in-law.

سێ براژنم هەیە.

My sister-in-law is a teacher.

ژنخوشکەکەم مامۆستایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**freezer (فریزه) سەهۆڵدان[4347]، fridge (فریج) سەلاجە[4348]**

[.1820] **left-handed (لێفتهاندد) ئەعسەر، واتە چەپلەرە[4349]**

**wonder (وەندە) بەمانای سەرسوڕهێنەرە[4350]**

[.1821] **shoot (شووت) هەڵدەدا، کەواتە یەرمی[4351]**

**"شوێنم کەوە"یە مانای Follow me (فۆڵەو می)[4352]**

[.1822] **adept (ئەدێپت) ماهیرە، واتە کارامە[4353]**

**proclamation (پرۆکڵەمەیشن) ئەی بەیاننامە[4354]**

[.1823] **room temperature (ڕووم تێمپرەچە) پلەی گەرمای ژور[4355]**

---

4345 My mother takes three or four pills a day.

دایکم لەڕۆژێکدا سێ یان چوار حەپ دەخوات.

4346 I eat three capsules daily.

ڕۆژانە سێ گولاج دەخۆم.

4347 تەبعەن مەبەستم لەسەهۆڵدان، فریزەری سەلاجەیە.

Put the water in the freezer.

ئاوەکە بخەرە ناو سەهۆڵدانەکەوە.

4348 سەلاجە= بەفرگرە. موورادیفی refrigeratorە.

Don't forget to put the milk back in the fridge.

بیرت نەچێت کە شیرەکە بکەیتەوە ناو بەفرگرەکە.

4349 Are you left-handed?

تۆ چەپلەریت؟

4350 سەرسوڕهێنەر: شتی سەرسوڕهێنەر

We spent a week visiting the wonders of Ancient Greek civilization.

هەفتەیەکمان لەسەردانکردنی سەرسوڕهێنەرەکانی شارستانێتیی یۆنانی دێرین بەسەربرد.

4351 هەڵدەدا= هەڵدەدات.

It's your turn. Shoot the dice!

سەرەی تۆیە. زارەکە هەڵدە.

4352 خۆی لەخۆیدا ڕستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە ڕستەی تر ناکات.

4353 She's very adept at dealing with the media.

زۆر کارامەیە لەمامەڵەکردن لەگەڵ میدیادا.

4354 The authorities issued a proclamation forbidding public meetings.

دەسەڵاتداران بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا کۆبونەوەیان لەشوێنە گشتییەکان قەدەغەکردووە.

4355 Keep the food at room temperature.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**South Africa (ساوث ئافریکە) ئەفریقای باشور**[4356]

**.1824 octopus (ئۆکتەپەس) چیە؟ مانای ئەختەبوت**[4357]

**nostril (نۆسترڵ) مەنخەرە، واتە کونی لوت**[4358]

**.1825 Be careful (بی کێفڵ) چیە؟ واتە وریابە**[4359]

**matchbox (ماچبۆکس) عولبە، بەس هی سیقابە**[4360]

**.1826 گەشتی ئاسمانی بە واتای flight (فلایت)**[4361]

**"روناکیی رەش"ە مانای blacklight (بلاکلایت)**[4362]

**.1827 breed (برييد) سولالە، بەکوردی "تیرە"**[4363]

**defamation (دێفەمەیشن)ە مانای تەشهیرە**[4364]

---

خواردنەکە لەپلەی گەرمای ژوردا هەڵبگرە. واتە با شوێنەکەی لەپلەی گەرمای زور بەرزتر نەبێت.

[4356] Our correspondent in South Africa sent this report.

پەیامنێرمان لەئەفریقای باشورەوە ئەم راپۆرتەی نارد.

[4357] ئەختەبوت= هەشتپەل= هەشتپێ: زیندەوەرێکی ناسراوە.

I saw an octopus yesterday.

دوێنێ هەشتپێیەکم بینی.

[4358] برادەرانی ئەمەریکا بە ناسترِڵ گۆیدەکەن. ئەگەر بەچاوی کەوانتەرکرینەوە لەم وشەیە وردبینەوە رەنگە بگەینە ئەو قەناعەتەی کە لە noseەوە وەرگیرابێت کە بەمانای لوت دێت.

کونی لوت= کونەلوت.

The smell of gunpowder filled his nostrils.

بۆنی باروت کونەلوتی پرکرد.

[4359] Be careful – the floor’s slippery.

وریابە، ئەرزەکە خزە.

[4360] بەمانای عولبەی سیقاب دێت. عولبەی سیقاب= (علبة ثقاب)= قوتوی شقارتە.

I found a matchbox next to the fire.

قوتووە شقارتەیەکم لەنزیك ئاگرەکە دۆزییەوە.

[4361] گەشتی ئاسمانی وەك گەشت بە فڕۆکەو کەشتی ئاسمانی و هتد...

I'll never forget my first flight.

هەرگیز یەکەم گەشتی ئاسمانیم بیرناچێتەوە.

[4362] روناکیی رەش= روناکیی سەروو وەنەوشەیی.

Cats urine glows under a blacklight.

میزی پشیلە لەژێر روناکیی رەشدا دەدرەوشێتەوە.

[4363] Small dogs usually live longer than larger breeds.

بەگشتی سەگی بچوك لەتیرەی سەگە گەورەکان زیاتر دەژی.

[4364] تەشهیر= ناوزراندن.

She sued the magazine for defamation.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1828. hug (هەگ) بەمانای باوەشدەکات بە[4365]

broth (برۆث)، consommé (کەنسۆمەی) هەردوکیان شۆربە[4366]

1829. hang (هانن) هەڵدەواسێ[4367]، hangman (هاننمان) جەلادە[4368]

prison (پریزن) زیندانە[4369]، free (فریی) ئازادە[4370]

1830. flight (فلایت) تەیەران، کەواتە فڕین[4371]

accelerator (ئەکسێلەرەیتە) پایدەری بەنزین[4372]

---

بە تۆمەتی ناوزڕاندن، سکاڵای لەسەر گۆڤارەکە تۆمارکرد.

4365 They hugged each other when they met at the station.

کاتێك لەوێستگەکە یەکتریان بینی، باوەشیانکرد بە یەکتردا.

4366 هەردوکیان بەمانای شۆربە دێن بەڵام consommé زیاتر بەمانای شۆربەی رون دێت نەك خەست.

He drank a cup of warm broth when he felt sick.

کە هەستیکرد نەخۆشە، کوپێك شۆربەی گەرمی خواردەوە.

She carefully drank the hot consommé.

بەوریاییەوە شۆربە گەرمەکەی خواردەوە.

4367 فەرمانەو بەهەردوو مانای هەڵواسینی شتی ئاسایی و هەڵواسینی ئیعدامکردنیش دێت. رابردووەکەی hungە. هەڵدەواسێ= هەڵدەواسێت.

In the nineteenth century it was common to hang criminals.

لەسەدەی نۆزدەهەم هەڵواسینی تاوانباران شتێکی باو بوو.

She hung her clothes outside to dry.

جلەکانی لەدەرەوە هەڵواسی، بۆ ئەوەی وشکبنەوە.

4368 مەبەستم لەجەلاد لێرەدا بریتییە لەو کەسەی سزای لەسێدارەدن جێبەجێدەکات.

The hangman was a fat man.

جەلادەکە پیاوێکی قەڵەو بوو.

4369.He spent most of his life in the prison.

زۆربەی ژیانی لەزیندان بەسەربرد.

4370. لێرەدا مەبەستم لەوشەی ئازاد، پێچەوانی زیندانییە.

After spending 30 years in the prison, now he is a free person.

پاش بەسەربردنی 30 ساڵ لەزیندان، ئێستا ئەو کەسێکی ئازادە.

4371 The long flight made the birds tired.

فڕینە درێژخایەنەکە باڵندەکانی ماندوکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1831. fencer (فێنسە) موسایف، واتە شمشێرباز[4373]

exceptional (ئیکسێپشنەڵ)ە بەمانای مومتاز[4374]

1832. سیحی تەندروست، healthy (هێڵثی) کەواتە[4375]

spay (سپەی) بەمانای "نەزۆکدەکات"ە[4376]

1833. پرۆسە مانای operation (ئۆپەرەیشن)ە[4377]

It's my turn (ئیتس مای تێن)ە ئەی "سەرەی منە"[4378]

1834. adolescent (ئادەلێسنت) چیە؟ مانای هەرزەکار[4379]

object (ئۆبجێکت) ئامانجە، هەم شت و بەرکار[4380]

---

4372 پایدەری بەنزین: جێپێی خێراکردنی ئۆتۆمبێل.

Slowly press the accelerator.

بە هێواشی قاچ بنێ بە پایدەری بەنزینەکەدا.

4373 موسایف= (ع: مسایف)= شمشێرباز.

She trains daily to become a skilled fencer.

ئەو رۆژانە راهێناندەکات بۆ ئەوەی ببێتە شمشێربازێکی لێهاتوو.

4374 مومتاز= نایاب.

He is an exceptional student.

خوێندکارێکی نایابە.

4375 سیحی= (ع: صحي)= تەندروست.

مەبەستم لەم نیوەبەیتەشیعرە ئەمەیە: وشەی سیحی بەکوردی تەندروستەو بە ئینگلیزی healthyیە.

She's a normal, healthy child.

منداڵێکی ئاسایی و تەندروستە.

4376 The vet will spay the cat next week.

هەفتەی داهاتوو پزیشکە ڤێتەرنەرییەکە پشیلەکە نەزۆکدەکات.

4377 The military operation was not successful.

پرۆسە سەربازییەکە سەرکەوتوو نەبوو.

4378 ئەی= (ع: أي)= واتە.

خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە، بۆیە پێویست بە رستەی تر ناکات.

4379 بەمانای کەسێك دێت کە تەمەنی لەنێوان 12 بۆ 18 ساڵ بێت.

AIDS is now the leading cause of death among adolescents in Africa.

لەئێستادا ئایدز هۆکاری سەرەکی مردنی هەرزەکارانی ئەفەریقیایە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## 1835. log (لۆگ) تۆماردەکا، سیجل، مورەدار[4381]

## motto (مۆتەو)، slogan (سلەوگن) هەردوکیان شیعار[4382]

---

[4380] بەمانای ئامانج و شت و بەرکار (ی ڕێزمان)یش دێت. لەمانای دووەمیاندا موراديفی thing.

The object of the game is to improve children’s math skills.

ئامانجی یارییەکە باشکردنی ئاستی لێهاتوویی منداڵانە لەبیرکاریدا.

Loving someone you don't see everyday is not a bad thing. It's just a proof that love is not in sight but in the heart.

خۆشویستنی کەسێك کە هەموو ڕۆژێك نایبینیت، شتێکی خراپ نیە، کتومت بەڵگەی ئەوەیە کە خۆشەویستی لەچاودا نیە، بەڵکو لەدڵدایە.

It’s fair to say that Edison was one of the world’s most notorious intellectual property thieves. Of the 1,093 things he smashed a patent on, he stole most of them from real geniuses like Nikola Tesla, Wilhelm Rontgen and Joseph Swan – the latter of whom originally invented the lightbulb!

ئەگەر بێژین ئەدیسۆن یەکێك بووە لەبەدناوترین دزەکانی شتی فکری، ئەوا هیچ ستەمێکمان لێنەکردووە. زۆربەی ئەو هەزارو 93 شتەی مافی داهێنانیان دراوە بەم برادەرە، هی خۆی نەبووە، بەڵکو لە بلیمەتە ڕاستەقینەکانی وەك نیکۆلا تێسلاو ویلهێلم ڕۆنتگن و جۆزێف سوانی دزیوە. سوان داهێنەری ئەسڵیی گڵۆپی کارەباییە کە ئەدیسۆن پێی بەناوبانگە.

Scientists are studying plants, animals, even inanimate objects.

زانایان لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووەك، زیندەوەر، تەنانەت شتی بێگیانیش دەکەن.

In the sentence "He hunted the fox", the word "fox" is the object of the verb "hunted".

لەرستەی (ئەو ڕێوییەکەی ڕاوکرد)، وشەی (ڕێوی)، بەرکارە بۆ کاری "ڕاوکرد".

[4381] برادەرانی ئەمەریکا بە لاگ گۆیدەکەن. تۆماردەکا= تۆماردەکات.

سیجل= (ع: سجل)= تۆمار. بەتایبەتی بەمانای تۆماری گەشتی فڕۆکە یان کەشتی دێت.

مورەدار: پارچەی ئەستوری درەختی براوەی ئامادەکراو بۆ سوتاندن.

All phone calls are logged.

هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان تۆماردەکرێن.

The ship's log is full of important data.

تۆماری کەشتییەکە پڕە لەزانیاریی گرنگ.

Running along the beach, she stumbled on a log and fell on the sand.

لەکاتی ڕاکردن لەکەناراوەکەدا، قاچی هەڵکەوت لەمورەدارێك و کەوت بەسەر لمەکەدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1836. **captain (کاپتن) کاپتنە، هەروەها نەقیب**[4383]
**near (نیە) نزیکە، کەواتە قەریب**[4384]
1837. **tweezers (تووێزەز) میلقاتە، واتە موکێشە**[4385]
**captivating (کاپتیڤەیتینن)ە سەرنجڕاکێشە**[4386]
1838. **stallion (ستالیەن) ئەسپ، واتە حیسانە**[4387]

---

[4382] وشەی یەکەمیان لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بە مادەو گۆدەکرێت. هەردوکیان ناوێکی بژێردراون، motto بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: زیادکردنی s و esیش.

هەروەها وشەی catchwordیش هەر بەمانای شیعار دێت.

شیعار= (ع: شعار)= دروشم.

What was the catchword of the demonstration?

دروشمی خۆپیشاندانەکە چی بوو؟

Her motto is “Work hard, play hard”

دروشمەکەی بریتییە لە "شێلگیرانە کاربکە، شێلگیرانە یاریبکە".

The slogan of the campaign is "Yes, We Can”.

دروشمی هەڵمەتەکە بریتییە لە "بەڵێ، ئێمە دەتوانین".

[4383] دوان لەدیارترین ماناکانی کاپتنی تیپی وەرزشی و نەقیبە کە پلەیەکی سەربازی و ئەمنیی بەناوبانگە.

He was chosen to be the team captain.

بە کاپتنی تیپەکە هەڵبژێردرا.

He listened carefully to the captain’s instructions.

بە وریاییەوە گوێی لەڕێنماییەکانی نەقیبەکە گرت.

4384 Which planet is the nearest from the sun?

چ هەسارەیەك نزیکترینە لەخۆرەوە؟

[4385] لەشێوەزاری ئەمریکیدا دەشتوانرێت ئێسەکەشی پێوەنەبێت: tweezer.

I lost my tweezers.

موکێشەکەم ونکرد.

4386 Her voice was very captivating.

دەنگی زۆر سەرنجڕاکێش بوو.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

waked up (وەیکت ئەپ) "لەخەو هەستاو هەستان"ە[4388]

.1839 eloquent (ئێلەکوەنت) چیە؟ زمانپاراوە[4389]

horse (هۆرس) مانای ئەسپە[4390]، hose (هەوز) سۆندە(ی ئاو)ە[4391]

.1840 autumn (ئۆوتەم) پایزە[4392]، winter (وینتە) زستانە[4393]

---

[4387] بەدیاریکراوی بەمانای ئەسپێك دێت کە تەواو گەشەیکردووەو بۆ وەچەخستنەوە بەخێودەکرێت نەك ئەسپ بە گشتی.

حیسان= (ع: حصان)= ئەسپ

Where did you buy this excellent stallion?

ئەم ئەسپە نایابەت لەکوێ کڕی؟

[4388] ڕابردوی wake upە. بەمانای "لەخەوهەستا"و "لەخەوهەستان" دێت.

لەخەوهەستان= لەخەوهەستاند= خەبەرکردنەوە.

Karzan usually wakes up early.

کارزان بەشێوەیەکی گشتی زوو لەخەوهەڵدەستێت.

Take a few minutes for deep breathing when you wake up to reduce stress and start your day with a calm mindset.

کاتێك لەخەوهەڵدەستیت، بۆ ماوەی چەند خولەکێك هەناسەی قوڵ هەڵمژە بۆ ئەوەی فشاری دەرونی کەمبێتەوەو ڕۆژەکەت بە عەقڵیەتێکی ئارامەوە دەستپێبکەیت.

Please wake me up early tomorrow.

تکایە سبەینێ زوو لەخەو هەڵمسێنە. واتە زوو خەبەرم بکەرەوە.

Some people dream of success while others wake up and work hard at it.

هەندێ کەس خەون بە سەرکەوتنەوە دەبینن، هەندێکی تریش لەخەو هەڵدەستن و شێلگیرانە کاری لەسەردەکەن.

[4389] She was an eloquent speaker.

قسەکەرێکی زمانپاراو بوو.

[4390] Horses can sleep both lying down and standing up.

ئەسپ دەتوانێت بەهەردوو شێوازی پاڵکەوتن و بەپێوەش بخەوێت.

The farmer fed his horse a fresh apple.

جوتیارەکە سێوێکی تازەی دا بە ئەسپەکەی.

[4391] The old man watered the garden by a long hose.

پیاوە پیرەکە باخچەکەی بە سۆندەیەکی درێژ ئاودا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**summer (سەمەر) هاوینە[4394]، stand (ستاند) وەستانە[4395]**

[.1841] **even (ئیڤن) ئێوارە، هەروەها "تەخت"ە[4396]**

**unlucky (ئەنلەکی)، luckless (لەکلەس) هەردوو بەدبەختە[4397]**

---

[4392] سەرنجبدە پیتی ئێنەکە ناخوێندرێتەوە.

I'm starting a new job in the autumn.

لەپایزدا کارێکی نوێ دەستپێدەکەم.

Next autumn we'll go back to Kurdistan.

پایزی داهاتوو دەگەڕێینەوە بۆ کوردستان.

Autumn shows us how beautiful it is to let things go.

پایز پیشانماندەدات کە ڕێدان بە ڕۆیشتنی شتەکان چەند جوانە!

[4393] Birds migrate south in winter.

لەزستاندا باڵندەکان کۆچدەکەن بۆ باشور.

[4394] We spent a long, hot summer.

هاوینێکی درێژو گەرممان بەسەربرد.

[4395] مەبەستم لەوەستان، وەستانە لەسەرپێ.

Our stand for an hour, made us very tired.

وەستانمان بەپێوە بۆ ماوەی سەعاتێك، زۆری ماندووکردین.

[4396] لەمانای یەکەمیاندا موراديفی evening.ە

We are about 1 cm taller in the morning than in the even.

باڵای ئێمەی مرۆڤ لەبەیانیدا نزیکەی یەك سانتیمەتر زیاترە وەك لەئێوارە.

Find an even place to work on.

شوێنێکی تەخت بدۆزەرەوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین.

[4397] She is beautiful but unlucky.

ئەو جوانە، بەڵام بەدبەختە.

The luckless defender wounded twice in the match.

بەرگریکارە بەدبەختەکە لەیارییەکەدا دوجار بریندار بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1842. **ox (ئۆکس) لەگەڵ bull (بوڵ) هەردوکیان گایە**[4398]

**calf (کاڤ) گوێرەکەیە**[4399]**، cow (کاو)یش مانگایە**[4400]

1843. **conscience (کۆنشنس) زەمیرە، بەکوردی ویژدان**[4401]

**noble (نەوبڵ)، nobleman (نەوبڵمەن) هەردوو خانەدان**[4402]

1844. **show (شەو) دەسەلمێنێ، هەم پیشاندەدا**[4403]

---

[4398] مورادیفی یەکترن. وشەی یەکەمیان بە oxen "ئۆکسن" کۆدەکرێتەوە.

The ox lowered its horns and charged.

گایەکە شاخەکانی نزمکردەوەو هێرشیهێنا.

My father has three fat oxen.

باوکم سێ گای قەڵەوی هەیە.

Bulls are colorblind to red.

گا رەنگکوێرە بەرامبەر بە رەنگی سور.

[4399] کۆکەی calvesە. سەرنج بدە پیتی lەکەی ئەم وشەیە بێدەنگە واتە ناخوێنرێتەوە.

How many more calves will she be able to bear?

ئەو دەتوانێت چەند گوێرەکەی تر بەخێوبکات؟

[4400] We saw the cow suckling her calves.

ئێمە مانگاکەمان بینی شیری دەدا بە گوێرەکەکانی.

[4401] My conscience would really bother me if I wore a semi-naked suit.

ئەگەر قاتێکی نیمچەڕوتم لەبەرکردایە، ویژدانم زۆر ئازاری دەدام.

[4402] هەردوکیان بەمانای خانەدان دێن بەڵام یەکەمیان ئاوەڵناوەو دووەمیان ناوە. nobleman جەمعەکەی noblemenە.

خانەدان بە عەرەبییەکەی خۆمان پێیدەووترێت (نَبیل) کە زۆر لەئینگلیزییەکەوە نزیکە، بۆیە پێموایە ئەم وشە ئینگلیزییە لەعەرەبییەوە وەرگیرابێت.

He was a generous, noble man.

پیاوێکی بەخشندەو خانەدان بوو.

We bury our noblemen there.

ئێمە خانەدانەکانمان لەوێ دەنێژین.

[4403] دەسەلمێنێ= دەسەلمێنێت. پیشاندەدا= پیشاندەدات.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

show (شەو) پێشانگاشە[4404]، lam (لام) لێدەدا[4405]

.1845 far (فا"ر")و faraway (فارەوەی) هەردوکیان دوورە[4406]

celery (سێلەری) کەرەوز[4407]، radish (رادیش)یش تورە[4408]

.1846 pharmacist (فامەسست) چیە؟ واتە دەرمانساز[4409]

---

Science shows that the egg came before the chicken.

زانست دەیسەلمێنێت کە هێلکە پێش مریشك هاتووە.

The children proudly showed me their presents.

منداڵەکان بە شانازییەوە دیارییەکانیان پیشاندام.

[4404] واتە هەمان وشە، بەمانای پێشانگاش دێت.

There were some amazing cars at the show.

لەپێشانگەیەکەدا هەندێك ئۆتۆمبێلی سەرسوڕهێن هەبون.

[4405] موراديفی hit، بەڵام لێدانی lam توندە.

If you steal my money, I’ll lam you.

ئەگەر پارەکەم بدزیت، لێت دەدەم.

[4406] هەروەها distant وremoteیش بەمانای دوور دێن.

We hope to see you in the not too distant future.

هیواداریین لەداهاتویەکدا تۆ ببینین کە زۆر دوور نەبێت.

Let’s go to a faraway place, this weekend.

پشوی ئەم ئەم هەفتەیە، با برۆین بۆ شوێنێکی دوور.

We can walk to my house from here. It isn’t far.

دەتوانین لێرەوە بەپێ برۆین بۆ ماڵمان، دوور نیە.

They live in a remote region of Kurdistan.

ئەوان لەناوچەیەکی دووری کوردستان دەژین.

[4407] Celery with butter is a popular snack for kids.

کەرەوز لەگەڵ رۆنەکەرە، سوکەژەمێکی باوە بۆ منداڵان.

[4408] Radishes may be planted in the spring or fall.

تور دەکرێ لەبەهار یان پایزدا، بروێنرێت.

[4409] One of my sisters is a pharmacist.

یەکێك لەخوشکەکانم دەرمانسازە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**wizard (ویزەد) لەگەڵ witch (ویچ) هەردوو جادوباز**[4410]

[.1847] **distant (دیستەنت)و remote (ریمەوت) هەردوو واتە دوور**[4411]

**South America (ساوث ئەمێریکە) ئەمریکای باشور**[4412]

[.1848] **cue (کیوو) داری بلیارد، لەگەڵ ئاماژە**[4413]

---

[4410] وشەی magician بەمانای جادوباز دێت بەگشتی. wizard بە مانای جادوبازی پیاو دێت، witchیش بەمانای جادوبازی ژن دێت.

سەرنجبدە وشەی دووەمی نیوەبەیتەکە لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتێکی لەوشەی which زیاترەو لەڕوی گۆکردنیشەوە، هەروەك وەك ئەو وشەیە دەخوێنرێتەوە.

جادوباز= جاوگەر= "ع: ساحر".

They hired a magician to come and do magic and he was really terrific.

جادوگەرێکیان بەکرێگرت بۆ ئەوەی بێت و جادوو بکات، بەڕاستی نایاب بوو.

The wizard screamed.

جادوگەرەکە قیژاندی.

The central character of the story is a malevolent witch.

کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە ژنەجادوگەرێکی قینلەدڵە.

[4411] هەروەها far و faerawayیش بەمانای دوور دێن.

We hope to see you in the not too distant future.

هیواداریـن لەداهاتویەکدا تۆ ببینین کە زۆر دوور نەبێت.

Let’s go to a faraway place, this weekend.

ئەم کۆتایی هەفتەیە، با بڕۆین بۆ شوێنێکی دوور.

We can walk to my house from here. It isn’t far.

دەتوانین لێرەوە بەپێ بڕۆین بۆ ماڵمان، دوور نیە.

They live in a remote region of Kurdistan.

ئەوان لەناوچەیەکی دووری کوردستان دەژین.

[4412] South America separated from Africa 200 million years ago.

دوو سەد ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ئەمریکای باشور لەئەفریقا جیابووەتەوە.

The biggest country in South America is Brazil with a population of 205 million.

گەورەترین وڵات لەئەمریکای باشور، برازیلە کە دانیشتوانەکەی 205 ملیۆن کەسە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**phrase (فرەیز) عیبارە، ئەی دەستەواژە**[4414]

.1849 **نیمچەڕستەیە واتای clause (کلۆز)ە**[4415]

**affectionate (ئەفێکشنەت)ە مانای بەسۆزە**[4416]

.1850 **worm (وێیم) بەمانای سوك، هەروەها کرمە**[4417]

**ice cream cone " ئایسکریم کەون"ە مانای دۆندرمە**[4418]

.1851 **warm (ۆۆم) مانای گەرمە، وەك کار گەرمەکا**[4419]

---

4413 بەمانای داری بلیاردو ئاماژە "تەلمیح"یش دێت.

داری بلیارد= داری یاریی بلیارد: ئەو دارەی یاریزانانی ئەو یارییە بەکاردەهێنن بۆ لێدانی تۆپەکان.

I think my cue is short.

پێموایە داری بلیاردەکەم کورتە.

Dogs and humans are the only two species that depend on each other for visual cues.

تەنها دوو جۆر زیندەوەر کە لەڕێگەی ئاماژەی بینینەوە پشت بە یەك دەبەستن، سەگ و مرۆڤن.

4414 لەڕێزماندا دەستەواژە لەوشە گەورەترەو لەنیمچەڕستە بچوکترە.

The sentence contains a hard phrase, I don’t understand it.

ڕستەکە دەستەواژەیەکی قورسی لێی تێناگەم.

4415 The teacher explained what a clause is in grammar class.

مامۆستاکە لەوانەی ڕێزماندا ڕونیکردەوە کە نیمچەڕستە چیە؟

4416 Her father is very affectionate towards her.

باوکی زۆر بەسۆزە بەرامبەری.

4417 بەمانای کەسی سوك و کرم دێت.

Don't be such a worm. You don't have to lie to me.

هێندە سوك مەبە، پێویستە درۆم بۆ نەکەیت.

Peaches can help remove worms from the intestines.

دەکرێ قۆخ یارمەتی نەهێشتنی کرم بدات لەڕیخۆڵەکاندا.

4418 Who wants an ice cream cone?

کێ دۆندرمەی دەوێت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**feel (فیێل) یەشعورو، واتە هەستەکا**[4420]

[1852] **garbage can (گاربیج کان) سندوق، بەس هی پاشەڕۆ**[4421]

**honest (ئۆنیست) سادیقە، بەکوردی راستگۆ**[4422]

[1853] **slave (سلەیڤ)و thrall (ثرۆڵ) هەردوکیان "بەندە"**[4423]

**grin (گرین)و smile (سمایل) بەمانای خەندە**[4424]

---

[4419] بەمانای گەرم و گەرمەکا"= گەرمدەکا" دێت. بەڵام هێندە گەرم نا کە بسوتێنێت. گەرمدەکا= گەرمدەکات.

Those gloves look nice and warm.

ئەو دەسکێشانە جوان و گەرم دیارن.

You're so cold - come and warm your hands by the fire.

زۆر سەرماتە، وەرە دەستەکانت بە ئاگرەکە گەرمکەرەوە.

[4420] یەشعورو= (ع: یشعر)= هەستەکا= هەستدەکات.

I’m feeling a little better today.

هەستدەکەم ئەمڕۆ کەمێك باشترم.

[4421] وشەیەکی لێکدراوی ئەمەریکییە نەك بریتانی. بەمانای سندوقی پاشەڕۆ دێت.

سندوقی پاشەڕۆ: ئەو دەفرە گەورە نایلۆنەی لەبەردەم ماڵان یان بیناکاندا دادەنرێت و پاشەڕۆی تێدەکرێت، واتە براگەورەی سەبەتەی خۆڵە!

The garbage can is full of beer bottles.

سندوقی پاشەڕۆکە پڕە لەبوتڵی بیرە.

[4422] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئاانیست گۆیدەکەن. بێگومان پیتی hەکە ناخوێنرێتەوە.

He was a hard-working honest man.

ئەو پیاوێکی ماندونەناسی راستگۆ بوو.

[4423] بەندە= کۆیلە، عەبد

He treats his mother like a slave.

ئەو وەك کۆیلە مامەڵە لەگەڵ دایکیدا دەکات.

In the past there were many thralls in Africa.

لەڕابردودا ژمارەیەکی زۆر کۆیلە لەئەفریقا هەبون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1854 send (سێند) یورسیلو، مانای دەنێرێ[4425]
pick up (پیك ئەپ) یەلتەقیت، واتە هەڵدەگرێ[4426]
.1855 peak (پییك) لوتکەیەو دەگاتە لوتکە[4427]
gull (گەڵ) مانای نەورەس، لەگەڵ ساویلکە[4428]

---

[4424] هەردوکیان بەمانای خەندە (زەردەخەنە) دێن بەڵام یەکەمین بۆ گوزارشتکردن دێت لەزەردەخەنەیەك کە کردنەوەی دەمی لەگەڵدا بێت، بەڵام دووەمیان بەمانای زەردەخەنە بەگشتی دێت.

“Oh, I’m fine”, Sakar replied with a smile.

ساکار بە زەردەخەنەیەکەوە وەڵامی دایەوە: ئۆو، من باشم.

He came into the room with a friendly grin.

بە خەندەیەکی دۆستانەوە هاتەژوورەوە.

[4425] یورسیلو= (ع: یرسلُ)= دەنێرێ= دەنێرێت.

سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

send→ sent→ sent

Srwa sent some pictures of the wedding.

سروە هەندێك وێنەی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی نارد.

[4426] یەلتەقیت= (ع: یلتقط)= هەڵدەگرێ= هەڵدەگرێت.

He picked up the letter and read it.

نامەکەی هەڵگرت و خوێندییەوە.

[4427] وەك کار بەمانای "دەگاتە لوتکە" دێت. وەك ناویش بەمانای لوتکە دێت و مورادیفی top.ە
The evening rush hour reaches its peak between 5 and 6 pm.
قەرەباڵغیی ئێوارە لەنێوان سەعات 5 بۆ 6، دەگاتە لوتکە.

As the concentration of Viagra in the blood typically peaks 60 minutes after taking the drug, the effects are strongest around this time. Therefore, it is best to take Viagra around 1 hour before any sexual activity. It is possible to take Viagra with or without eating.
ئێوەش وەك برام وان، لەبەرئەوەی چڕیی ڤیاگرا لەناو خوێندا بەشێوەیەکی گشتی، پاش سەعاتێکی ناسك لەبەکاربردنی دەرمانەکەوە، دەگاتە لوتکە، بۆیە کاریگەرییەکانی، پاش ئەو سەعاتە دەگاتە بەهێزترین ئاست. جا بۆیە باشترین کات بۆ بەکاربردنی ڤیاگرا بریتییە لەسەعاتێکی ناسك پێش چالاکی سێکسی. بۆیە نەچی بچی وەك زۆربەی دەرمانەکانی تر هەرکاتێك تاقەتت بوو بیخۆیت، چونکە بۆ نمونە لەبازاڕدا بیخۆیت، ئەوا خوا پێم نەگرێ ئەگەری هەیە زەربەیەك لەخۆت یان کەسێکی تر بدەیت (مەبەستم زەربەی ڕۆمانسییە تەبعەن !!!)
ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلوماتی عمومیش ئەم دەرمانە دەتوانرێت لەگەڵ خواردن و بەبێ خواردنیش، بەکارببرێت.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1856. **pick (پیك)، pickax (پیكاكس) هەردوكیان "پاچ"ە**[4429]
**lake (لەیك) هەروەكو loch (لۆك) مانای دەریاچە**[4430]
1857. **secret (سیكرەت) سیرییە، واتە نهێنی**[4431]
**hymen (هایمەن) بەمانای پەردەی كچێنی**[4432]

---

[4428] نەورەس= كاكاتۆ: جۆرێك باڵندەی ئاوییە، زیاتر لەنیوەگۆی باكوری زەویدا هەیە.
There are over 50 species of gulls found worldwide, ranging in size, coloration, and habits.
زیاتر لە 250 جۆر نەورەس لەجیهاندا دۆزراونەتەوە كە لەقەبارەو رەنگ و خودا جیاوازن.

Surely he's not such a gull that he would believe her ridiculous story.
بێگومان هێندە ساویلكە نیە كە باوەڕ بە چیرۆكە بێماناكەی بكات.

[4429] وشەی pickax بەو سپێڵە زیاترئەمەریكییە، سپێلی شێوەزاری بریتانی pickaxe.

There are some picks and shovels in the farm.

كێڵگەكە هەندێك پاچ و خاكەنازی تێدایە.

He murdered two innocent people with the pickax.

دوو كەسی بێتاوانی بە پاچ كوشت.

[4430] برادەرانی ئەمەریكا وشەی دووەمیان بە لاك گۆدەكەن.
These plants are found in fresh water lakes and rivers .
ئەم رووەكانە لەناو ئاوی سازگاری دەریاچەو روبارەكاندا دەبینرێن.
There are 117 million lakes on Earth.
سەرزەوی 117 ملیۆن دەریاچەی تێدایە.
Those who drowned in the loch were children.
ئەوانەی لەدەریاچەكە نقومبون، منداڵ بون.

[4431] بەمانای نهێنی دێت. وەك ناوو وەك ئاوەڵناویش واتە بە عەرەبییەكەی خۆمان بەمانای (سر)و (سري)یش دێت.

وەك ناو: نهێنی (ع: سرّ)

There are two secrets to success: 1. Never tell everything you know. 2.......

سەركەوتن دوو نهێنی هەیە: 1. هەرگیز هەموو ئەو شتانەی دەیانزانیت، بە هەموو كەس مەڵێ. 2......

وەك ئاوەڵناو: نهێنی= (ع: سري)

In 2006, three people tried to sell Coca Cola's secret new product to Pepsi. Pepsi proceeded to report them to Coca-Cola and the FBI!

لەساڵی 2006 سێ كەس هەوڵیاندا بەرهەمی نوێی نهێنیی كۆكاكۆلا بە كۆمپانیای پیپسی بفرۆشن. لەبەرامبەردا پیپسیش خودی كۆكاكۆلاو نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدراڵیی ئەمەریكای لێ ئاگاداركردەوە!


بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1858. **public (پەبلێك) ئاشكرا، هەروەها عامە**[4433]
**newspaper (نیووسپەیپە"ر")ە مانای رۆژنامە**[4434]
1859. **blot (بلۆت) بە مانای پەڵە(ی مەرەكەب)**[4435]
**بارِ واتاكەی tavern (تاڤن) لەگەڵ pub (پەب)**[4436]
1860. **distance (دیستنس) مەسافە، كەواتە دوری**[4437]
**economy (ئیكۆنەمی)یە مانای ئابوری**[4438]

---

4432 In 2002, physicians noted that the hymen of a Taiwanese woman would grow back even after several hymenectomies.

لەساڵی 2002 پزیشكان سەرنجیاندا كە پەردەی كچێنیی خانمێكی تایوان، تەنانەت پاش چەند نەشتەرگەرییەكی لابردنی پەردەی كچێنی، دروستدەبێتەوە.

4433 عام= گشتی

He works in the public sector.

لەكەرتی گشتیدا كاردەكات.

After their quarrel he asked him a public apology.

پاش دەمەقاڵەكەیان، داوای پۆزشهێنانەوەیەكی ئاشكرای لێكرد. واتە داوای لێكرد لەبەردەم خەڵكدا پۆزشی بۆ بهێنێتەوە نەك بەتەنها لەلای خۆی.

He has a political public scandal.

ئابڕوچونێكی سیاسیی ئاشكرای هەیە.

4434 Americans throw away 44 million newspapers a day.

هاوڵاتیانی ئەمریكا هەموو رۆژێك 44 ملیۆن رۆژنامە فرێدەدەن.

If you don't read the newspaper, you're uninformed. If you do read the newspaper, you're misinformed!

ئەگەر رۆژنامە نەخوێنیتەوە،بێئاگایت، ئەگەر بیشیخوێنیتەوە، چەواشەكراویت!

4435 بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە بڵات گۆیدەكەن.

There is an ink blot on your shirt.

كراسەكەت پەڵەیەكی مەرەكەبی پێوەیە.

4436 موورادیفی bar. بارِ= مەیخانە.

Do you go to the old pub?

دەچیت بۆ بارە كۆنەكە؟

The tavern is closed.

بارەكە داخراوە.

4437 What's the distance between Madrid and Barcelona?

دوریی نێوان مەدریدو بەرشەلۆنە چەندە؟



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1861. **cell (سێڵ) خەلییە، بەکوردی خانە**[4439]

**tissue (تیشوو) نەسیجە، کەواتە شانە**[4440]

1862. **shame (شەیم) مانای شەرمە، شەرمەزارەکات**[4441]

**compare (کەمپێیە) حەتمەن بەراوردەکات**[4442]

---

4438 The US economy isn’t powerful.

ئابوریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەهێز نیە.

In Venice, Italy, the entire economy is uniquely dependent on water. Businesses rely on boats for transportation of goods, garbage collection, and even ambulances, creating a "floating economy" unlike anywhere else.

شاریی ڤینیسیای ئیتاڵیا، تەواوی ئابورییەکەی، بەشێوەیەکی ناوازە، پشت بە سەر ئاو دەبەستێت. کۆمپانیاکان لەم شوێنەدا، پشت بە بەلەم دەبستن بۆ گواستنەوەی کاڵاو کۆکردنەوەی پاشەڕۆو تەنانەت بۆ گواستنەوەی ئۆتۆمبێلی فریاگوزاریی سەرەتاییش، بەمەش "ئابورییەکی سەرئاو"ی دروستکردووە کە لە هیچ شوێنێکی تردا وێنەی نیە.

4439 خەلییە= (ع: خليّة)= خانە.

The doctors discovered cancerous cells in his body.

پزیشکەکان خانەگەلی شێرپەنجییەکان لەجەستەیدا دۆزییەوە.

At least once a day your immune system destroys a cell that would have become cancer if it lived.

کۆئەندامی بەرگریت رۆژانە لانیکەم یەکجار، خانەیەك لەناودەبات کە ئەگەر بژیایە، دەبوو بە شێرپەنجە.

The human egg cell is the largest cell in the human body, visible to the naked eye, while the sperm cell is the smallest.

خانەی هێلکەی مرۆڤ گەورەترین خانەیە لەجەستەی مرۆڤدا، بەشێوەیەك کە دەتوانرێت بە چاوی رووت (واتە بەبێ ئامێری مایکرۆسکۆپ) ببینرێت. لەبەرامبەردا سپێرم (تۆوی پیاو) بچوکترین خانەیە لە لەشی مرۆڤدا.

4440 The human body is made up of different types of tissue.

جەستەی مرۆڤ لەچەندین جۆر شانەی جیاواز پێکدێت.

Tissues are groups of cells that work together to do a job in the body.

شانە بریتییە لەکۆمەڵێك خانە کە پێکەوە کاردەکەن بەمەبەستی بەجێگەیاندنی کارێك لەجەستەدا.

4441 وەك ناو بەمانای شەرم و وەك کار بە مانای "شەرمەزارەکات" دێت.

شەرمەزارەکات= شەرمەزاردەکات

How could you do such a thing? Have you no shame?

چۆن دەتوانیت شتی وابکەیت؟ شەرمت نیە؟

She shamed her family.

خێزانەکەی شەرمەزارکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[1863]. fact (فاكت) حەقیقەت، واتە راستییە[4443]

headquarters (هێیدکۆرتەز) مەکتەب، ی رەئیسییە[4444]

[1864]. expert (ئێکسپێیت) پسپۆڕ[4445]، nescient (نێسیەنت) نەزان[4446]

suspicion (سەسپیشەن)و doubt (داوت) هەردوكیان گومان[4447]

---

4442 بەمانای "بەراوردەكات" دێت.

It's fun to compare old photos with new ones.

شتێكی خۆشە وێنەی كۆن بە هی تازە بەراورد بكەیت.

The police compared the suspect's fingerprints with those found at the crime scene.

پۆلیس پەنجەمۆری گومانلێكراوەكەی بەو جێپەنجانە بەراوردكرد كە لەشوێنی تاوانەكە دۆزراونەتەوە.

Don't compare yourself to others. You have no idea what their journey is all about.

خۆت بە كەسانی تر بەراورد مەكە، چونكە تۆ هیچ شتێك سەبارەت بە گەشتەكەیان نازانیت.

When we compare ourselves to others, we lose sight of the beauty of our own unique journey.

كاتێك ئێمە خۆمان بە كەسانی تر بەراورددەكەین، توانای بینینی جوانییەكانی گەشتە ناوازەكەی خودی خۆمان لەدەستدەدەین.

I am not a product of my circumstances. I am a product of my decisions. Don't compare your journey with others. Stephen R. Covey

من بەرهەمی بارودۆخی خۆم نیم. بەڵكو بەرهەمی بڕیارەكانی خۆمم. گەشتی خۆت بە هی كەسانی تر بەراورد مەكە.

I never compare myself to anyone. I just do the best I can. Nicole Kidman

هەرگیز خۆم بەراورد ناكەم بە هیچ كەسێكی تر. تەنها باشترین ئەوە دەكەم كە لەتوانامدایە.

Don't compare your beginning to someone else's middle.Jon Acuff

سەرەتای خۆت بە ناوەڕاستی كەسێكی تر بەراورد مەكە.

4443 No decision will be made until we know all the facts.

هیچ بڕیارێك نادرێت تاكو هەموو راستییەكان نەزانین.

4444. بە مانای مەكتەبی رەئیسی دێت. مەكتەبی رەئیسی= ئۆفیسی سەرەكی= نوسینگەی سەرەكی. HQش وەك كورتەكەی بەكاردەهێنرێت.

The company's headquarters is in Amsterdam.

نوسینگەی سەرەكیی كۆمپانیا لە ئەمستردامە.

4445 He's a world expert on marine mammals.

ئەو پسپۆڕێكی جیهانییە لەبواری زیندەوەرە مەمكدارە دەرياييەكان.

4446 مواردیفی ignorant.

I have some nescient friends.

هەندێك هاوڕێی نەزانم هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1865. **member (مێمبە) ئەندامە، هەروەها چوکە**[4448]

**tiny (تاینی) ئاوەڵناو، زۆر زۆر بچوکە**[4449]

1866. **monkey (مەننکی) مەیمونە، donkey (دۆننکی) گێل و کەر**[4450]

---

[4447] Police suspicions were confirmed when the stolen thing was found in his flat.

گومانەکانی پۆلیس راستدەرچون، کاتێك شتە دزراوەکە لەشوقەکەیدا دۆزرایەوە.

I have some doubts about his ability to do the job.

سەبارەت بە توانای ئەو بۆ ئەنجامدانی ئیشەکە، هەندێك گومانم هەیە.

[4448] بەمانای ئەندام (ی رێکخراوو پارت و هتد..)و ئەندام (ی جەستە)و چوك (penis)یش دێت.

Saudi Arabia, a member of the U.N. Human Rights Council, punished 2,000 people with the death penalty since 1985.

سعودیە کە ئەندامێکی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، لەساڵی 1985ەوە، زیاتر لە 2000 کەسی لەسێدارەداوە.

The human body is made up of many members.

جەستەی مرۆڤ لەژمارەیەکی زۆر ئەندام پێکدێت.

His member is very large.

چوکی زۆر گەورەیە.

[4449] واتە ئاوەڵناوە بە مانای زۆر زۆر بچوك دێت.

The cat has several tiny kittens.

پشیلەکە چەند بێچووە پشیلەیەکی زۆر زۆر بچوکی هەیە.

[4450] ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە، لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازە بۆیە لەیەك بەیتەشیعردا کۆمکردنەوە. بەڵام سەبارەت بە دەنگ نەچی بچی وابزانی لەسەر یەك وەزنن، چونکە وا نیە.

برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە داانکی گۆدەکەن. ئەم وشەیە بەمانای کەر "گوێدرێژ"و کەسی گێلیش "stupid" دێت، بەڵام مانای دووەمیان هەروەك لەزمانی کوردیشدا بەکاردەهێنرێت، مانایەکی جلفە واتە سلانگە نەك رەسمی.

I have a likeable monkey.

من مەیمونێکی رۆحسوکم هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

goat (گەوت) مانای بزن[4451]، ewe (یوو) بە واتای مەڕ[4452]

1867. jail (جەیڵ) مانای سجن، واتە زیندانە[4453]

وشەی ram (ڕام) ڕامە، هەمیش بەرانە[4454]

1868. also (ئۆۆڵسەو) هەروەها، واتە کەزالیك[4455]

---

My father has a donkey.

باوکم کەرێکی هەیە.

You are a donkey.

تۆ کەریت (کەسێکی گێلیت).

4451. لەسەر کێشی وشەی "کەوت" دەخوێنرێتەوە.

They beheaded their old goat.

بزنە پیرەکەیان سەربری.

4452 وەك وشەی you دەخوێندرێتەوە.

Ewes have great memories.

مەڕ یادگایەکی نایابی هەیە.

4453 مورادیفی prisonە.

97% of rapists in the U.S. never spend a day in jail for their crime.

لەسەدا 97ی لاقەکارانی ئەمەریکا، تەنها ڕۆژێکیشیان بەهۆی ئەو تاوانەوە، لەزیندان بەسەرنەبردووە.

He spent most of his life in the prison.

زۆربەی ژیانی لەزیندان بەسەربرد.

4454 وەك ناو بەمانای ڕام (ی کۆمپیوتەرو مۆبایل و هاوشێوەکانی)و بەرانیش دێت. لەحاڵەتێکدا ئەگەر بەمانای ڕامی ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان بەکاربهێنرێت پێویستە هەمیشە هەر سێ پیتەکە بە کاپیتەڵ بنوسرێت، چونکە کورتکراوەیە هی random access memoryیە.

I bought a new mobile with 8 GB of RAM.

مۆبایلێکی تازەم کڕی کە ڕامەکەی هەشت گێگابایتە.

Wild rams weigh about 200 pounds.

کێشی بەرانی کێوی دەگاتە زیاتر لە 90 کیلۆگرام.

4455 کەزالیك= (ع: کذلك)= هەروەها.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**participant (پاتیسیپنت)ە مانای موشاریك**[4456]

[.1869] **goggles (گۆگڵز) نەززارە، واتە چاویلکە**[4457]

**pup (پەپ) لەگەڵ puppy (پەپی) هەردوکیان تولکە**[4458]

[.1870] **ureter (یوریتە) چیە؟ واتە بۆریی میز** [4459]

**buzz (بەز) دەنگۆیە، لەگەڵ ویزەویز** [4460]

[.1871] **idol (ئایدڵ) واتە بت**[4461]**، God (گۆد)یش خودایە**[4462]

---

She's a photographer and also writes books.

ئەو وێنەگرەو هەروەها کتێبیش دەنوسێت.

[4456] موشاریك= (ع: مشارك)= بەشداربوو.

She has been an active participant in the discussion.

ئەو بەشداربویەکی چالاکە لەگفتوگۆکەدا.

[4457] بەمانای چاویلکەی پاراستن لەخۆرو ئاوو هتد.. دێت.

نەززارە= (ع: نظارة)= چاویلکە.

I forgot my goggles, so I couldn’t see clearly underwater.

چاویلکەکەم بیرچوو، بۆیە ناتوانم لەژێرئاودا بەڕونی ببینم.

[4458] موراديفن. مەخسەوم لەتولکە لێرەدا، تولکەی سەگ واتە بێچوی ئەو زیندەوەرەیە.

Our dog has just had four puppies.

سەگەکەمان تازە چوار تولکەی بووە.

The pups are very lovely.

تولکەکان زۆر دڵگیرن.

[4459] The ureter is a tube that connects the kidney to the bladder.

بۆریی میز بریتییە لەبۆرییەك کە گورچیلە بە میزەڵدانەوە دەبەستێتەوە.

[4460] مانای دووەمیان سلانگە نەك رەسمی.

The latest buzz from Hollywood talks about their divorce.

تازەترین دەنگۆ لەهۆلیوودەوە باس لەجیابونەوەیان دەکات.

I heard a buzz and then saw the plane in the distance.

گوێم لەویزەویزێك بوو، دواتر فڕۆکەکەم لەدورەوە بینی.

[4461] The unbelievers worship idols.

بێباوەڕەکان بت دەپەرستن.

[4462] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گاد گۆیدەکەن.

Do you believe in God?

بڕوات بە خودا هەیە؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**seabed (سیيبێد) بەمانای بنی دەریایە**[4463]

1872. **giggle (گیگڵ) "زەحیك"ە، ئەی پێکەنینە**[4464]

**basis (بەیسیس) ئەساسە، واتە بنچینە**[4465]

1873. **ambulance (ئامبیەلەنس) چیە؟ سەیارەی ئیسعاف**[4466]

**suppository (سەپۆزیتەری) دێت بەمانای شاف**[4467]

1874. **epistle (ئیپیسڵ) چیە؟ واتە ریسالە**[4468]

**oatmeal (ئەوتمیل) ئاردە، بەڵام هی گاڵە**[4469]

1875. **stage (ستەیج)، organize (ئۆڕگنایز) هەردوو رێکدەخات**[4470]

**وشەی disaster (دیزاستە) مانای کارەسات**[4471]

---

[4463] The ship has been lying on the seabed for more than 50 years.

کەشتییەکە بۆ ماوەی زیاتر لەپەنجا ساڵ لەبنی دەریاکەدا کەوتووە.

[4464] زیاتر بەمانای پێکەنینی قاقا دێت نەك ناسکەپێکەنین.

زەحیك= (ع: ضحك)= پێکەنین.

“Catch me if you can”, she said with a giggle.

ئەو بە پێکەنینێکی قاقاوە وتی: ئەگەر دەتوانیت بمگرە.

[4465] Their claim had no basis in fact.

بانگەشەکەیان هیچ بنچینەیەکی نەبوو لەڕاستیدا. واتە درۆ بوو.

[4466] سەیارەی ئیسعاف= ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری.

I called an ambulance.

داوای ئۆتۆمبێلێکی فریاگوزاریم کرد.

[4467] The pharmacist explained how to properly use the suppository.

دەرمانسازەکە چۆنیەتی بەکارهێنانی راستی شافەکەی رونکردەوە.

[4468] ریسالە= (ع: رسالة)= نامە.

He wrote an epistle to his friend describing his travels.

نامەیەکی نوسی بۆ  هاوڕێکەی کە تێیدا باسی گەشتەکانی دەکاتز

[4469] بەمانای ئاردی گاڵ دێت.

Did you eat any food made of oatmeal?

ئایا هیچ خواردنێکی دروستکراو لەئاردی گاڵت خواردووە؟

[4470] They organized a meeting between the teachers and students.

کۆبونەوەیەکیان لەنێوان مامۆستایان و قوتابییەکاندا رێکخست.

Activists staged a protest outside the parliament.

چالاکوانان نارەزایەتییەکیان لەدەرەوەی پەرلەمان رێکخست.

[4471] This is one of the worst natural disasters to befall the area.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1876. smell (سمێڵ) مانای بۆن، وەك كار بۆندەكا[4472]

at what time? (ئات وَت تایم) واتە لە چ كاتێكا؟[4473]

1877. مەنتیقە چیە؟ واتە neighbourhood (نەیبەهود)[4474]

vain (فەین) لەخۆبایی، هەروەها بێسود[4475]

1878. vein (فەین) وەریدە، واتە خوێنهێنەر[4476]

brother-in-law (برەدەرینلۆ)یە ژنبراو هێوەر[4477]

---

ئەمە یەكێكە لەخراپترین كارەساتە سروشتییەكان كە بەر ئەم ناوچەیە كەوتبێت.

4472 وەك ناو بەمانای "بۆن"و وەك كار بەمانای "بۆندەكا" دێت. بۆندەكا= بۆندەكات.

The smell of a skunk can be detected by a human a mile away.

بۆنی دەڵەك دەكرێ لەدوری یەك میلەوە، لەلایەن مرۆڤەوە هەستی پێبكرێت.

Come and smell these flowers.

وەرە بۆنی ئەم گوڵانە بكە.

4473 لە چ كاتێكا؟ = لە چ كاتێكدا؟

At what time does the movie start?

فیلمەكە لە چ كاتێكدا دەستپێدەكات؟

4474 مەنتیقە= ناوچە.

They live in a poor neighbourhood.

ئەوان لەناوچەیەكی هەژاردا دەژین.

4475 He is a vain doctor.

ئەو دكتۆرێكی لەخۆباییە.

Her attempt to save her drowning son was vain.

هەوڵەكەی بۆ رزگاركردنی منداڵە نقومبووەكەی، بێسود بوو.

4476 مەبەستم لێرەدا لەخوێنهێنەر بۆری یان دەماری خوێنهێنەرە واتە ئەو بۆری و دەمارانەی خوێن لەبەشە جیاوازەكانی لەشەوە دەبەن بۆ دڵی شەریفت!.

ناسكەسەرنج: ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی vian (لەخۆبایی، بێسود) هەردوكیان لەچوار پیت پێكهاتون و عەینەن یەكیش دەخوێنرێنەوە واتە مەگەر درۆزن لەیەكیان جیابكاتەوە. لەڕوی پێكهاتەشەوە، تەنها پیتی پێشكۆتاییان جیاوازە.

She felt the blood racing through her veins as they kissed.

لەكاتی یەكترماچكردنیاندا، ئەو (خانمەكە) هەستیكرد خوێن بەگوڕ بەناو خوێنهێنەرەكانیدا دەڕوات.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1879. set down (سێت داون) چیە؟ واتە دابەزان[4478]

push (پوش) پاڵپێوەنان[4479]، pull (پوڵ)یش راکێشان[4480]

1880. Geometry (جیۆمەتری) چیە؟ مانای ئەندازە[4481]

private (پرایڤت) بەواتای تایبەت، سەربازە[4482]

1881. while (وایڵ) ماوەیە[4483]، moment (مەومنت)یش ساتە[4484]

---

[4477] ژنبرا= برای ژن. هێوەر= برای مێرد.

He doesn't like his brother-in-law.

ئەو حەزی لەژنبراکەی نیە. واتە تاقەتی چڕوچاوی نیەو بەینیان خۆش نیە.

She has a handsome brother-in-law.

ئەو هێوەرێکی قۆزی هەیە. (تەبعەن حەددی نەبێ لەڕوی جەنابتا!)

[4478] دابەزان= دابەزاند. بێگومان بەمانای "دادەبەزێنێت"یش دێت، چونکەی رانەبردوی set هەروەك خۆیەتی.

The driver set the man down at the station.

شۆفێرەکە پیاوەکەی لەوێستگەکە دابەزاند.

[4479] پاڵپێوەنان: پاڵنان.

The push against the car finally got it rolling.

دواجار پاڵنان بە سەیارەکە وای لێکرد بڕوات.

[4480] His strong pull finally got the rope to release.

دواجار راکێشانە بەهێزەکەی وای لەگوریسەکە کرد، بکرێتەوە.

[4481] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە جیالمەتری گۆیدەکەن.

ئەندازە= هەندەسە: یەکێکە لەدوو لقە سەرەکییەکەی ماتماتیك.

Actually I don't understand the laws of geometry well.

لەڕاستیدا باش لەیاساکانی ئەندازە تێناگەم.

[4482] واتە هەم بەمانای تایبەت دێت، هەم بەمانای سەرباز.

An employee spends an average of 1.5 to 3 hours a day on private activities at work.

هەر کارمەندێك تێکڕا رۆژانە لەگەرمەی کاردا، سەعات و نیوێك بۆ سێ سەعات بە کاری تایبەتەوە بەسەردەبات.

During the American Civil War, Generals were 50% more likely to die in combat than privates.

لەکاتی جەنگی ناوخۆی ئەمەریکادا، ئەگەری کوژرانی جەنەڕاڵەکان لەشەڕدا، بەڕێژەی لەسەدا 50 لەسەربازەکان، زیاتر بووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**time (تایم) مانای جار، هەروەها کاتە**[4485]

[1882]. **doorknob (دۆرنۆب) چیە؟ دەسکی دەرگا**[4486]

**happen (هاپن)، play out (پلەی ئاوت) هەردوو روودەدا**[4487]

---

[4483] ماوە= فەترە

We chatted for a while.

بۆ ماوەیەك دەمەتەقێمان كرد.

[4484] . سات= " ع: لحظة"

Could you wait a moment?

دەتوانیت ساتێك چاوەرێ بكەیت؟

[4485] You blink a total of 4,200,000 times a year on average. That's 12,000 times a day!

فەخامەتی جەنابت ساڵانە بەگشتی چوار ملیۆن و 200 هەزار جار چاودەتروكێنیت، واتە 12 هەزار جار بۆ هەر رۆژێك. ئەگەر بڕواش ناكەیت بیژمێرە!

The first time I saw you, my heart whispered: that's the one.

یەكەم جار كە تۆم بینی، دڵم چرپاندی بەگوێمداو وتی: خۆیەتی!

He wants to spend more time with his family.

دەیەوێت كاتی زیاتر لەگەڵ خێزانەكەیدا بەسەربەرێت.

[4486] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە دۆرناب گۆیدەكەن.

The child broke the doorknob.

منداڵەكە دەسكی دەرگاكەی شكاند.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[1883]. put on (پوت ئۆن) بەمانای لەبەردەکاو کرد[4488]
got away (گۆت ئەوەی) هەرەب، بەکوردی رایکرد[4489]
[1884]. spare (سپێیە)، extra (ئێکسترە) هەردوکیان "زیادە"[4490]
matter (ماتە)، material (مەتیریەڵ) بەمانای ماددە[4491]

---

[4487] موراديفی take place (تەيك پلەيس)ن.

رودەدا= رودەدات. وشەی play out زیاتر لەشێوەزاری ئەمەریکیدا بەکاردەهێنریت.

The film's story has played out in real life.

چیرۆکی فیلمەکە لەژیانی راستەقینەدا رویداوە.

A funny thing happened in the office today.

ئەمرۆ شتێکی پێکەنیناوی لەنوسینگە رویدا.

Major changes are taking place in society.

گۆرانکاری سەرەکی لەکۆمەڵگەدا رودەدات.

[4488] بەمانای لەبەردەکاو لەبەرکرد دێت، چونکە دارشتەی کاری put هەروەك خۆیەتی.
لەبەردەکا= لەبەردەکات.

He puts on red shirts for every party.

بۆ هەموو ئاهەنگێك کراسی سور لەبەردەکات.

He took off his old clothes and put on a new sweater and trousers.

جلوبەرگە کۆنەکەی داکەندو چاکەتێکی نوێ و پانتۆڵی لەبەرکرد.

[4489] هەرەب= (ع: هربْ= هربَ)= رایکرد.

The three men got away in a stolen car.

سێ پیاوەکە بە ئۆتۆمبێلێکی دزراو رایانکرد.

[4490] وشەی سپێر کە زۆرجار لای خۆشمان بەکاریدەهێنین بۆ تایەو شتی تر، هەر ئینگلیزییەکەیە.

Do you have a spare tyre?

تایەیەکی زیادەت پێیە؟

He punished the class by giving them extra work.

سزای پۆلەکەی دا لەرێگەی پێدانی ئیشی زیادەوە.


بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1885 handsome (هانسەم)و dashing (داشینن) هەردوو مانای قۆز[4492]**

**traitor (ترەیتە) ناپاکە[4493]، loyal (لۆیەڵ)یش دڵسۆز[4494]**

**.1886 some (سەم) واتە " بَعْض" بە کوردی هەندێ[4495]**

**contest (کۆنتێست) سیباقە، یانی پێشبڕکێ[4496]**

---

[4491] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە "مادە" گۆدەکەن. لەم مانایەدا موردیفی substance.

The structure and properties of matter aren't good.

پێکهاتەو تایبەتمەندییەکانی ماددەکە باش نین.

In English, multiple adjectives are supposed to be listed in the following order: Quantity, Opinion, Size, Age, Shape, Color, Origin, Material and purpose.

لەئینگلیزیدا ریزبەندی نوسینی ئاوەڵناوەکان بەم شێوەیە دەبێت: بڕ، بۆچون، قەبارە، تەمەن، شێوە، رەنگ، بنەڕەت واتە ئەسڵ، ماددە، مەبەست.

The leaves were covered with a strange sticky substance.

گەڵاکان بە ماددەیەکی لینجی سەیر داپۆشرابون.

[4492] He is really handsome.

بەڕاستی قۆزە. واتە زۆر قۆزە.

He is a dashing actor.

ئەو ئەکتەرێکی قۆزە.

[4493] ناپاك= خائین.

The government arrested some traitors.

حکومەت چەند ناپاکێکی دەستگیرکرد.

[4494] She's very loyal to her friends.

زۆر دڵسۆزە بۆ هاورێکانی.

[4495] هەندێ= هەندێك

One day, you'll be just a memory for some people. Do your best to be a good one.

رۆژێك دێت دەبێتە یادگاری بۆ هەندێ کەس. هەموو ئەوەی لەتواناتدایە بیکە بۆ ئەوەی ببیتە یادگارییەکی باش.

[4496] I only entered the contest for fun.

من تەنها بۆ خۆشی چومەناو پێشبڕکێکەوە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**.1887 width (ویدث) مانای Error! Bookmark not defined.، بەکوردی پانی[4497]**

**martyr (ماتە) شەهیدە[4498]، victim (ڤیکتیم) قوربانی[4499]**

**.1888 lobster (لۆبستە) چیە؟ کوللـەی دەریایە[4500]**

---

In every contest, there comes a moment that defines who you truly are.

هەموو پێشبڕکێیەك ساتێکی تێدایە کە تێیدا پێناسەی راستەقینەی تۆ دەکات.

Victory belongs to those who refuse to quit the contest.

سەرکەوتن بۆ ئەو کەسانەیە کە رەتیدەکەنەوە پێشبڕکێیەکە جێبهێڵن.

The most challenging contest is the one between your goals and your excuses.

تەحەددائامێزترین پێشبڕکێ ئەو پێشبڕکێیەیە کە لەنێوان ئامانج و بیانووەکانتدایە.

4497 هەروەها بە (ویتث)یش دەخوێنرێتەوە.

The depth of the lake is dangerous.

قوڵیی دەریاچەکە، مەترسیدارە.

The needle is seven times smaller than the width of a human hair.

دەرزییەکە حەوت ئەوەندە لەپانیی موی مرۆڤ، بچوکترە.

The width of a blue whale's tail can reach up to 25 feet (7.6 meters).

پانیی کلکی نەهەنگی شین دەکرێ بگاتە نزیکەی 25 پێ.

The width of the human field of vision is about 190 degrees horizontally, allowing us to see almost half of the world around us without moving our eyes.

پانیی مەودای بینینی مرۆڤ بەشێوەی ئاسۆیی نزیکەی 190 پلەیە، بەمەش دەتوانین نزیکەی نیوەی جیهانی دەوروبەرمان ببینین بەبێ ئەوەی چاو بجوڵێنین.

4498 We have five martyrs.

پێنج شەهیدمان هەیە.

"It is the cause, not the death, that makes the martyr." Napoleon Bonaparte

ئەوەی شەهید دروستدەکات هۆکارە نەك مردن.

4499 واتە چۆن دەنوسرێت، هەر ئاواش دەخوێنرێتەوە.

The new drug might help save the lives of cancer victims.

دەرمانە نوێیەکە دەکرێ یارمەتی رزگارکردنی ژیانی قوربانیانی شێرپەنجە بدات.

People who consider themselves victims of their circumstances will always remain victims unless they develop a greater vision for their lives. —Stedman Graham

ئەو کەسانەی خۆیان بە قوربانی بارودۆخەکەیان دادەنێن هەمیشە وەك قوربانی دەمێننەوە تا ئەو کاتەی تێڕوانینێکی مەزنتر بۆ ژیانیان دروستدەکەن.

The victim was knifed in the chest.

قوربانییەکە بە چەقۆ لەسنگی درابوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

pimp (پیمپ) مانای دەڵاڵ[4501]، pump (پەمپ) ترومپایە[4502]

[1889]. together (تگێذە) چیە؟ واتە پێکەوە[4503]

detach (دیتاچ) بەمانای لێدەکاتەوە[4504]

[1890]. broke (برەوك) "شکاند"ە هەمیش "شکا"یە[4505]

---

[4500] قرژاڵی دەریاشی پێدەووترێت.

A male lobster's bladder is in its heads, and when male lobsters fight, they squirt each other in the face with urine.

میزەڵدانی نێرینەی کوللەی دەریا لەسەریدایە. کاتێکیش دوو نێرینەی ئەم زیندەوەرە شەڕدەکەن، میز دەگرنە دەموچاوی یەکتر!

[4501] لێرەدا مەبەست لەوشەی دەڵاڵ، دەڵاڵی خراپە واتە ئەو کەسانەی بە پارە ئافرەتی لەشفرۆش بۆ پیاوی ناپیاو رێکدەخەن یان بەپێچەوانەوە. بەزمانە جڵفەکە پێی دەووترێت گەواد. مورادیفی pander.

Some bad figures have their own panders.

هەندێك لەکەسایەتییە خراپەکان، دەڵاڵی تایبەت بەخۆیان هەیە.

Uday Saddam had many pimps.

عودەی سەدام چەندین دەڵاڵی هەبوو.

[4502] ئەم وشەیە لەگەڵ pimp نەك هەر لەرووی پێکهاتەوە بەڵکو ئەگەر بەچاوی مشتەری و نارەسمییەوە لێی وردبینەوە، لەڕوی واتاشەوە لەیەکەوە نزیکن. بۆ نمونە کاتێك بە ترومپا نەوت لەبەرمیلێکەوە دەکەیتە ناو دەبەیەکی پێنج لیتری، ئەمە خۆی لەخۆیدا دەڵاڵییە بۆ دەبەکە!، بەڵام دەڵاڵییەکی تەکنیکی و شەریفانە!!!! کەواتە ترومپاش جۆرە دەڵاڵێکە بۆیە بەدوری مەزانە ئەم دوو شەیە لەبنەڕەتدا یەکێکیان لەوی تریان وەرگیرابێت!

The pump is powered by a small electric motor.

ترومپاکە بە ماتۆڕێکی بچوکی کارەبایی ئیشدەکات.

4503 They've decided to spend more time together.

بڕیارمانداوە کاتی زیاتر پێکەوە بەسەربەرین.

4504 Don't detach the coach from the train.

عەرەبانەکە لەشەمەندۆفێرەکە مەکەرەوە.

[4505] کاری رابردووەو بەمانای "شکا" و "شکاند"یش دێت. رانەبردووەکەی break.

The vase fell on the floor and broke.

ئینجانەکە کەوتەسەر زەوی و شکا.

The child broke the window.

منداڵەکە پەنجەرەکەی شکاند.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

"کەسی بێزراو"ە مانای pariah (پەڕایە)[4506]

1891. broken (برەوکن) شکاوە، لەگەڵ شکێنراو[4507]

outcast (ئاوتکاسـت) مەنبوز، بەکوردی بێزراو[4508]

1892. wicked (ویکید) شەریرە، واتە خراپەکار[4509]

celebrity (سەلێبرەتی)یە بەمانای ناودار[4510]

1893. celeb (سەلێب) مەشهورە، بەکوردی ناودار[4511]

---

[4506] موراديفی outcastە. سەرنجی وشەی outcast بدە کە لەوشەی out "دەرەوە"و cast "هەڵدەدات، فڕێدەدات" پێکهاتووە. واتە ئەگەر مانای هەریەکێك لەو دوو وشەیە بزانیت کە لێی دروستکراوە، زەحمەتە مانای وشە لێکدراوەکەت بیربچێتەوە.

After her divorce she was treated as an outcast by her family.

پاش جیابونەوەی، لەلایەن خێزانەکەیەوە وەك کەسێکی بێزراوێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرا.

Ten years ago he was a pariah.

دە ساڵ لەمەوبەر، کەسێکی بێزراو بوو.

[4507] My watch is broken, can you fix it?

سەعاتەکەم شکاوە، دەتوانیت چاکی بکەیتەوە؟

Can you mend this broken chair?

دەتوانیت ئەم کورسییە شکێنراوە چاکبکەیتەوە؟

[4508] موراديفی pariahیە. ناون نەك ئاوەڵناو واتە بە مانای کەسی بێزراو دێن.

She was a political outcast after the Party expelled her in 1982.

پاش دەرکردنی لەپارتەکە لەساڵی 1982، بووە کەسێکی بێزراوی سیاسی.

[4509] شەریر= (ع: شریر)= خراپەکار.

Of course, in the end, the wicked witch gets killed.

بێگومان دواجار ژنەجادوگەرە خراپەکارەکە کوژرا.

[4510] هەروەها celeb (سەلێب)یش هەمان مانای هەیە، بەڵام وشەیەکی نارەسمییەو لەبنەڕەتدا لەوشە رەسمییەکە وەرگیراوە.

She loves to read about the lives of celebrities.

ئەو حەزی لەخوێندنەوەی ژیانی ناودارانە.

A number of celebs attended the party.

ژمارەیەك ناودار ئامادەی ئاهەنگەکە بوون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**catchword (کاچوێرد) دروشمە، کەواتە شیعار**[4512]

[.1894] **come back (کەمباك)و go back (گەوباك) دەگەڕێتەوە**[4513]

**heave (هیڤ) یەتەقەییەئـ، ئەی دەرشێتەوە**[4514]

[.1895] **strange (سترەینج) غەریبە، بەکوردی نامۆ**[4515]

**flame (فلەیم) کلْپەیە، بەبێ e، درۆ**[4516]

---

4511 Everyone wanted a selfie with the celeb.

هەموو کەسێك دەیویست سێلْفی لەگەڵ ناودارەکەدا بگرێت.

4512 هەر سێ وشەی catchword، motto، slogan بە مانای دروشم دێن. هەرسێکیان ناوێکی بژێردراون، motto بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: زیادکردنی s وes یش.

شیعار= (ع: شعار)= دروشم.

What was the catchword of the demonstration?

دروشمی خۆپیشاندانەکە چی بوو؟

Her motto is “Work hard, play hard”

دروشمەکەی بریتییە لە "شێلگیرانە کاربکە، شێلگیرانە یاریبکە".

The slogan of the campaign is "Yes, We Can”.

دروشمی هەڵمەتەکە بریتییە لە "بەڵێ، ئێمە دەتوانین".

4513 Srwa left me, and there’s nothing I can do to persuade her to come back.

سروە جێیهێشتم و هیچ شتێك نیە کە بتوانم بیکەم بۆ ئەوەی قایلی بکەم بگەڕێتەوە.

Do you think you'll ever go back to Kurdistan?

پێتوایە هەرگیز دەگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟

4514 یەتەقەییەئـ= (ع: یتقیَّأ)= دەرشێتەوە.

He drank too much then heaved.

زۆری خواردەوە، دواتر ڕشایەوە.

4515 oddیش هەمان مانای هەیە. نامۆ: سەیر.

She was holding an extremely odd weapon.

ئەو چەکێکی زۆر سەیری هەڵگرتبوو.

I had a very strange dream last night.

شەوی رابردوو خەوێکی زۆر سەیرم بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1896 **odd (ئۆد)و uncanny (ئەنکانی) بەمانای نامۆ**[4517]

**trash (تراش) قومامە، واتە پاشەڕۆ**[4518]

.1897 **intrusive (ئینترووسیڤ) چیە؟ مانای فزوڵی**[4519]

**depth (دێپث) واتە عومق، بەکوردی قوڵی**[4520]

.1898 **lung (لەنگ) ڕیئەیە، بەکوردییەکەی سی**[4521]

---

[4516] واتە flame خۆی بەمانای کڵپە"ی ئاگر" دێت بەڵام بەبێ e کە دەکاتە flam "فلاَم"، بەمانای lie "درۆ" دێت.

Smoke and flames were pouring out of the burning factory.

دوکەڵ و کڵپەی ئاگر لەکارگە سوتاوەکەوە هەڵدەقولاَن.

His flam isn’t acceptable.

درۆکەی قابیلی قبوڵ نیە.

[4517] هەردوکیان بەمانای نامۆ دێن بەڵام دووەمیان نامۆو سەیرترە. نامۆ= غەریب، سەیر.

Her father was an odd man.

باوکی پیاوێکی سەیر بوو.

Meeting you here, was an uncanny coincidence.

بینینی تۆ لێرە، ڕێکەوتێکی سەیر بوو.

[4518] Americans make up roughly 5% of the world's population, but generate nearly 40% of the world's total trash.

ئەمەریکییەکان نزیکەی لەسەدا پێنجی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنن، بەڵام نزیکەی لەسەدا 40ی کۆی هەموو پاشەڕۆی جیهان دروستدەکەن.

[4519] فزوڵی= خۆهەڵقورتێن.

She didn’t reply his intrusive questions.

وەڵامی پرسیارە فزوڵییەکانی نەدایەوە.

[4520] پێچەوانەی width (ویدث)ە کە بە مانای پانی دێت.

The depth of the lake is dangerous.

قوڵیی دەریاچەکە، مەترسیدارە.

The needle is seven times smaller than the width of a human hair.

دەرزییەکە حەوت ئەوەندە لەپانیی موی مرۆڤ، بچوکترە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

psychological (سایکەلۆجیکڵ) بەمانای نەفسی[4522]

1899. seat (سییت) مانای قونە، هەروەها کورسی[4523]

wrote (ڕەوت) کەتەبە، بەکوردی نوسی[4524]

1900. turkey (تێیکی) تورکیایە، هەروەها قەلە[4525]

torch (تۆۆچ) وەکو ناو، لایت، مەشخەڵە[4526]

---

[4521] Diesel fumes are more carcinogenic than cigarettes and cause lung cancer, according to the World Health Organization.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دوکەڵی گاز (واتە سوتەمەنی کارپێکەری ئۆتۆمبێلی گاز) لەجگەرە شێرپەنجەییترەو دەبێتەهۆی توشبون بە شێرپەنجەی سی.

[4522] نەفسی= دەرونی.

What was the patient's psychological state?

دۆخی دەرونیی نەخۆشەکە چۆن بوو؟

[4523] دوان لەدیارترین ماناکانی کورسی و قونن.

When trying out the bike, I had to stop often because my seat was sore.

لەکاتی تاقیکردنەوەی پاسکیلەکە، پێویستبوو زۆرجار بووەستم چونکە قونم ئازاری هەبوو.

I've booked three seats for tonight.

سێ کورسیم بۆ ئەمشەو حیجزکردووە.

[4524] کەتەبە= (ع: كَتَبَ)= نوسی.

She wrote an essay on My Family.

وتارێکی لەسەر خێزانەکەم نوسی.

[4525] بەمانای تورکیاو قەلیش دێت. ئەگەر بەمانای تورکیا بەکاربهێنرێت پێویستە هەمیشە پیتی یەکەمی بە کاپیتەڵ بنوسرێت، چونکە ناوی وڵاتە.

Turkey is an important country.

تورکیا وڵاتێکی گرنگە.

I don't like the meat of turkey.

حەزم لەگۆشتی قەل نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1901. **torch (تۆۆچ) وەکو کار، گڕبەردەدا لە**[4527]

**rinse (ڕینس) بەمانای ئاوڕادەدات لە**[4528]

1902. **place (پلەیس) مانای شوێن، لەگەڵ دادەنێ**[4529]

**sink (سیننك) یەحفیرو، ئەی هەڵدەکەنێ**[4530]

1903. **take place (تەیك پلەیس) یەحدوس، واتە روودەدا**[4531]

---

[4526] وەك كار بەمانای "گڕبەردەدات لە"و وەك ناو بەمانای لایت (ی دەستی)و مەشخەڵیش دێت.

Rioters torched several cars.

ئاژاوەگێران گڕیایان بەردایە چەند ئۆتومبێلێك.

Can you buy a new torch to me?

دەتوانیت لایتێكی تازەم بۆ بكڕیت؟

She has carried a torch with her right hand.

بەدەستی ڕاستی، مەشخەڵێكی هەڵگرتووە.

[4527] وەك كار بەمانای "گڕبەردەدات لە"و وەك ناو بەمانای لایت (ی دەستی)و مەشخەڵیش دێت.

He accidentally torched his shirt while cooking.

لەكاتی چێشتلێنانادا بەرێكەوت گڕی بەردایە كراسەكەی.

[4528] Let me rinse my hands.

ڕێگەم بدە ئاوڕابدەم لەدەستم.

[4529] وەك كار بەمانای دادەنێ (دادەنێت) و وەك ناو بەمانای شوێن دێت. واتە وەك كار موراديفی put ە.

She placed a big apple in front of me.

سێوێكی گەورەی لەبەردەم مندا دانا.

This place is not fit for human habitation.

ئەم شوێنە بۆ نیشتەجێبونی مرۆڤ، گونجاو نیە.

4530 sink→ sank→ sunk

He sank a well to the village.

بیرێكی هەڵكەند بۆ گوندەكە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**project (پرۆجێكت) وەكو كار، ماناى هەڵدەدا**[4532]

.1904 **cranky (كرانكى) بەماناى سەريعولغەزەب**[4533]

**scut (سكەەت) واتاى كلك، (بەڵام هى ئەرنەب)**[4534]

.1905 **though (ذەو) ماناى وە ئين، واتە هەرچەندە**[4535]

**daffodil (دافەديڵ) نێرگز، بەڵام هى زەردە**[4536]

.1906 **eminence (ئێمينەنس) تەللـە، بەكوردى گردە**[4537]

---

4531 هەروەها play out وhappen يش بە هەمان مانا دێن.

يەحدوس= (ع: يحدث)= رودەدا= رودەدات.

The film's story has played out in real life.

چيرۆكى فيلمەكە لەژيانى راستەقينەدا رويداوە.

A funny thing happened in the office today.

ئەمرۆ شتێكى پێكەنيناوى لەنوسينگە رويدا.

Major changes are taking place in society.

گۆرانكارى سەرەكى لەكۆمەڵگەدا رودەدات.

4532 90 percent of the projected missiles will hit their target.

لەسەدا 90ى موشەكە هەڵدراوەكان ئامانجەكانيان دەپێكن.

4533 سەريعولغەزەب= (ع: سريع الغضب): ئاوەڵناوە بۆ وەسفى كەسێك بەكاردەهێنرێت كە خێرا تورە ببێت يان بێزاربێت.

My father is cranky man.

باوكم پياوێكە كە خێرا تورە دەبێت.

4534 بەماناى كلكى ئەرنەب دێت. بەماناى كلكى ئاسكيش دێت.

كلكى ئەرنەب= كلكى كەروێشك.

The rabbit's white scut disappeared into the tall weeds.

كلكە سپييەكەى كەروێشكەكە لەناو گيا بەرزەكاندا ونبوو.

4535 وە ئين= (ع: وإن)= هەرچەندە.

The tongue breaks bone, though itself has none.

زمان ئێسك دەشكێنێت، هەرچەندە خۆى هيچ ئێسكێكى نيە.

4536 بە ماناى نێرگزى زەرد دێت.

There are various types of daffodils.

نێرگزى زەرد چەند جۆرێكى جياوازى هەيە.

4537 تەلل= (تلّ)= گرد.

From the eminence, we could see the whole valley.

لەگردەكەوە، دەتوانين تەواوى شيوەكە ببينين.



بۆ كڕينى تازەترين چاپى PDFى ئەم كتێبەو ريكلامكردن لەسەر چاپى فريى داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤايبەرى نوسەر 07701393984

**prosthetic (پرۆستێتیك) نەعتە، مانای دەستکردە**[4538]

1907. **deity (دەی یتی) ئیلەهـ، بەکوردی خواوەند**[4539]

**average (ئاڤریج) ئاوەڵناو، مانای مامناوەند**[4540]

1908. **science (سایەنس) زانستە، کەواتە عیلمە**[4541]

**torrential (تەرێنشڵ) غەزیر، واتە بەلێزمە**[4542]

1909. **circuit (سێیکیت) مانای سوڕ، کەواتە "دەورە"**[4543]

**hunk (هەننك) پارچەیەك، بەڵام هی گەورە**[4544]

1910. **lissome (لیسەم)و svelte (سڤێلت) هەردوو رەشیقە**[4545]

**pitcher (پیچە) سوراحی، واتە ئیبریقە**[4546]

1911. **contentment (کەنتێنتمەنت) چیە؟ واتە قەناعەت**[4547]

**provisional (پرەڤیژنەڵ) بەمانای مۆقەت**[4548]

---

4538 He learned to walk with a prosthetic leg.

فێری رۆیشتن بوو بە لاقێکی دەستکرد.

4539 ئیلەهـ= (ع: إله)= خواوەند.

Zeus is a famous Greek deity.

زیۆس خواوەندێکی یۆنانیی بەناوبانگە.

4540 They have an average-size garden.

باخچەیەکی قەبارە مامناوەندیان هەیە.

4541 Space travel is one of the wonders of modern science.

گەشت بۆ بۆشایی ئاسمان، یەکێکە لەسەرسوڕ هێنەکانی زانستی هاوچەرخ.

4542 I woke to the sound of torrential rain.

بە دەنگی بارانی بەلێزمە خەبەرم بووەوە.

4543 The light bulb won't work without a complete electrical circuit.

گڵۆپی کارەبایی بەبێ سوڕێکی تەواوی کارەبا کارناکات.

4544 بە مانای پارچە(ی گەورە) دێت نەك بچوك.

He ate a hunk of bread with butter.

پارچەیەك نانی بە کەرەوە خوارد.

4545 The cat's lissome body helped it to jump easily.

جەستە رەشیقەکەی پشیلەکە یارمەتیدا کە بە ئاسانی بازبدات.

The actress had a svelte body.

ژنەئەکتەرەکە جەستەیەکی رەشیقی هەبوو.

4546 I could drink a pitcher of water.

توانیم سوراحییەك ئاو بخۆمەوە.

4547 Contentment is more important than wealth.

قەناعەت زۆر لەسامان گرنگترە.

4548 مۆقەت= کاتی

This is a provisional government.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1912. site (سایت) مانای شوێنە، هەروەها ماڵپەڕ[4549]

quill (کویڵ) ڕیشەیە، واتە قەڵەمپەڕ[4550]

1913. sight (سایت) دیمەنە، slight (سلایت) مانای کەم[4551]

grieve (گرییڤ) خەمدەخوا، grief (گرییف) واتە خەم[4552]

1914. pulmonary (پوڵمەنری) نەعتە، مانای هی سییە[4553]

liquidation (لیکوەدەیشن) مانای تەسفیە[4554]

---

ئەمە حکومەتێکی کاتییە.

[4549] The house is built on the site of a former prison.

خانووەکە لەشوێنی زیندانێکی پێشودا دروستدەکرێت.

Visit my site to read all details.

بۆ خوێندنەوەی هەموو وردەکارییەکان، سەردانی ماڵپەڕەکەم بکە.

[4550] ڕیشە= (ع: رِیشَة)= قەڵەمپەڕ: قەڵەمی دروستکراو لەپەڕی باڵندە. quill penیشی پێدەووترێت.

She wrote a letter with a quill.

نامەیەکی نوسی بە قەڵەمپەڕ.

[4551] The sight from the top is wonderful.

دیمەنەکە لەلوتکەوە، سەرسوڕ هێنە.

She had a slight headache.

سەرئێشەیەکی کەمی هەبوو.

[4552] یەکەمیان ناوەو دووەمیان کارە. مەبەستم لەوشەی "خەم" لێرەدا خەفەتەو مەبەستم لە "خەمدەخوا"، "خەفەت دەخوات"ە.

ناسکەسەرنج: ئەم دوو وشەیە لەڕوی خوێندنەوەوە یەك کێشیان هەیە.

He is still grieving his wife.

ئەو تائێستاش خەفەت بۆ ژنەکەی دەخوات.

Her grief at her son's death was terrible.

خەفەتی ژنەکە بۆ مەرگی کوڕەکەی، سەخت بوو.

[4553] برادەرانی ئەمەریکا بە پوڵمەنێری گۆیدەکەن. ئاوەڵناوەو بۆ وەسفی شتێك بەکاردەهێنرێت کە پەیوەندی بە سییەوە هەبێت. بە خودی (سی)ش دەووترێت lung.

They said she had pulmonary embolism and 7 days later, she died.

وتیان، داخرانی بۆرییەکانی خوێنی سی هەبووەو حەوت ڕۆژ دواتر گیانی لەدەستدا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1915. anthem (ئانثەم) سروده، کەواتە نەشید[4555]

postal (پەوستڵ) نەعتە، مانای (هی بەرید)[4556]

1916. innate (ئینەیت) ئاوەڵناو، مانای غەریزی[4557]

executive (ئیگزێکیەتیڤ) واتای تەنفیزی[4558]

1917. deposit (دیپۆزیت) چیە؟ واتای وەدیعە[4559]

distribution (دیستریبیوشن) مانای تەوزیعە[4560]

1918. wreath (رییث) بەمانای تاجەگوڵێنە[4561]

fiery (فایەری) زۆرگەرم، ئەی ئاگرینە[4562]

1919. وشەی bum (بەەم) رەدیئـ، واتە خراپە[4563]

dishwasher (دیشۆشە) مانای غەسالەی قاپە[4564]

---

[4554] تەسفیە= (ع: تَصْفِيَة)= پاکتاوکردن.

Liquidation proceedings began last week.

هەفتەی رابردوو رێکارەکانی پاکتاوکردن دەستپێکرد.

[4555] We sang the national anthem at school.

لەقوتابخانە سرودی نیشتمانیمان وت.

[4556] هی بەرید= هی پۆستە= بەریدی= پۆستەیی.

Postal workers are currently on strike.

کارمەندانی پۆستە لەئێستادا لەمانگرتندان.

[4557] Children have an innate ability to learn language.

منداڵ توانایەکی غەریزی هەیە بۆ فێربونی زمان.

[4558] تەنفیزی= جێبەجێکار= هی جێبەجێکردن.

The executive committee made the final decision.

لیژنەی جێبەجێکار بڕیاری کۆتایی دا.

[4559] وەدیعە= بارمتە.

We ask for one month’s rent in advance, plus a deposit of $500.

داوای یەك مانگ کرێی پێشەکی و بارمتەیەك بە بڕی 500 دۆلار دەکەین.

[4560] تەوزیع= دابەشکردن.

The distribution of masks was organized by volunteers.

دابەشکردنی دەمامك لەلایەن خۆبەخشانەوە رێکخرا.

[4561] بەگشتی ئەو وشانەی بە w دەستپێدەکەن و دوای wیەکە، پیتی r دێت، دەبلیوەکە ناخوێنرێتەوە واتە بێدەنگە.

This Christmas we are placing wreaths on the graves of our heroes.

ئەم جەژنی کریسمسە تاجەگوڵێنە لەسەر گۆڕی پاڵەوانەکانمان دادەنێین.

[4562] She gave a fiery speech to the crowd.

وتارێکی ئاگرینی دا بۆ جەماوەر.

[4563] He was upset about his bum luck.

بەهۆی بەختە خراپەکەیەوە، بێزار بوو.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1920. cocoon (کەکوون) قۆزاخە، واتە شەرنەقە[4565]

kick (کیك) هەڵدەدا لە، هەروەها شەقە[4566]

1921. haematoma (هیمەتەومە)یە وەرەمی خوێنین[4567]

binoculars (بینۆکیەڵەز)ە بە مانای دوربین[4568]

1922. sword (سۆوَد) مانای سەیفە، بەکوردییەکەی شیر[4569]

sizable (سایزەبڵ) گەورە، کەواتە کەبیر[4570]

1923. photograph (فەوتەگراف) چیە؟ وێنەدەگرێت[4571]

shut up (شەەت ئەەپ) یوسکیتو، هەم بێدەنگدەبێت[4572]

---

4564 غەسالەی قاپك غەسالەی قاپشتن.

I put the dirty plates in the dishwasher.

قاپە پیسەکانم ختسەناو غەسالەی قاپشتنەکە.

4565 A cocoon is a safe place for the insect to grow.

قۆزاخە شوێنێکی سەلامەتە بۆ گەورەبونی مێروو.

4566 I kicked the ball as hard as I could.

بەوپەڕی تواناموە، لەتوپەکەم هەڵدا.

He gave the ball a strong kick.

شەقێکی توندی لەتۆپەکە هەڵدا.

4567 لەسپێڵی ئینگلیزیی ئەمەریکیدا پیتی a یەکەمی تێدا نیە.

وەرەمی خوێنین: لویەك کە لەخوێن پێکهاتبێت نەك گۆشت و چەوری و هتد...

Is a hematoma serious?

ئایا وەرەمی خوێنین مەترسیدارە؟

4568 The binoculars helped us watch the game from a distance.

دوربینەکە یارمەتیداین لەبینینی یارییەکە لەدورەوە.

4569 شیر = شمشێر

Samurai warriors have used swords.

جەنگاوەرانی ساموورای، شمشێریان بەکارهێناوە.

4570 I have a sizable house there.

خانویەکی گەورەم هەیە لەوێ.

4571 Let me photograph you.

ڕێمبدە وێنەت بگرم.

4572 بەمانای (یوسکیتو) و (بێدەنگدەبێت) دێت.

یوسکیتو= (ع: يُسكِتُ)= بێدەنگدەکات.

My dad never stops talking. It's impossible to shut him up!

باوکم هەرگیز لەقسەکردن ناوەستێت، مەحاڵە بێدەنگ بکرێت.

Shut up for a moment and listen to me.

ساتێك بێدەنگبە (دەمت داخە)و گوێم لێبگرە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1924. **buffalo (بەفەڵەو) جاموس، بەکوردی گامێش**[4573]

**گۆشت ماناکەی meat (مییت) لەگەڵ flesh (فلێش)**[4574]

1925. **talented (تالەنتید) نەعتە، مانای بەهرەدار**[4575]

**once (وەنس) یەکجارە**[4576]**، twice (توایس) واتە دوجار**[4577]

1926. **thrice (ثرایس) سەلاس مەڕات، بەکوردی سێجار**[4578]

---

[4573] . بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە. هەروەك خۆی بەبێ گۆڕان، هەروەها بە زیادکردنی es یش.

Buffalo can run up to 35 miles per hour.

گامێش دەتوانێت بەخێرایی 35 میل لەسەعاتێکدا رابکات.

Buffalo is considered one of the most dangerous mammals in Africa.

گامێش بە یەکێك لەمەترسیدارترین گیاندارە مەمکدارەکان دادەنرێت لەئەفریقیادا.

[4574] Vegetarians don't eat animal flesh.

ڕووەکییەکان گۆشتی ئاژەڵ ناخۆن.

Meat is the natural source of Vitamin B12.

گۆشت سەرچاوەی سروشتیی ڤیتامین بی 12یە.

Rabbit meat is rich in omega-3 fatty acids, high in protein and low in calories.

گۆشتی کەروێشك دەوڵەمەندە بە ترشە چەورییەکانی ئۆمێگا 3و بڕێکی زۆر پرۆتینی تێدایەو کالۆری کەمە.

Red meat is rich in iron, vitamins B12, and zinc

گۆشتی سور دەوڵەمەندە بە ئاسن، ڤیتامین بی 12و زینك.

The carnitine in red meat can increase heart disease risk.

ترشی ئەمینیی کارنیتین لەگۆشتی سوردا دەکرێ مەترسیی توشبون بە جەڵتەی دڵ زیادبکات.

[4575] He is a talented young musician.

موزیکژانێکی گەنجی بەهرەدارە.

[4576] Exercise till you sweat once a week.

هەفتانە یەکجار هێندە وەرزشبکە تا عارەقدەکەیتەوە.

[4577] The post comes twice daily.

پۆستەکە ڕۆژانە دوجار دێت.

The reason you can't get chickenpox twice is because the virus never leaves your body.

هۆکاری ئەوەی کە هەرگیز دوو جار توشی نەخۆشی ئاوڵە نابیت، ئەوەیە کە ڤایرۆسە سەبەبکارەکە پاش ئەوەی بۆ یەکەمین جار توشتدەکات، هەرگیز لەجەستەت ناچێتەدەرەوە.

[4578] سەلاس مەڕرات= (ثلاث مرات)= سێجار.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[4579] apology (ئەپۆڵەجی)یە مانای ئیعتیزار

.1927 talent (تالەنت) بەهرەیە، واتە مەوهیبە[4580]

admirer (ئەدمایەرە)یە مانای موعجیبە[4581]

.1928 set up (سێت ئەپ) ئەسسەسە، واتە دامەزران[4582]

beam (بییم) زەردەخەنە، بەس هی فراوان[4583]

.1929 bow (باو) واتای قەوسە، بەکوردی کەوان[4584]

shield (شییڵد) مانای تورس، کەواتە قەڵغان[4585]

.1930 salt shaker (سۆڵتشەیکە) لەگەڵ salt cellar (سۆڵت سێلە) خوێدان[4586]

equidistant (ئێکویدیستنت)ە ئەی دوری یەکسان[4587]

---

His life was saved by a same monk thrice.

سێ جار ژیانی لەلایەن هەمان قەشەوە رزگارکرا.

[4579] ئیعتیزار= پۆزشهێنانەوە.

I accepted your apology.

پۆزشهێنانەوەکەتم قبوڵکرد.

[4580] She showed a talent for acting at an early age.

هەر لەمنداڵییەوە بەهرەیەکی لەبواری نواندندا پیشاندا.

[4581] موعجیب= هەوادار.

Many admirers waited in the rain just to see their hero.

چەندین هەوادار لەبەر باراندا چاوەڕێبون، تەنها بۆ ئەوەی پاڵەوانەکەیان ببینن.

[4582] ئەسسەسە= (أسّس)= دەمەزران= دامەزراند.

They set up their own party.

حزبی تایبەت بە خۆیان دامەزراند.

[4583] بەمانای زەردەخەنەی فراوان واتە گەورە دێت.

He looked at her girlfriend with a beam on his face.

بە زەردەخەنەیەکی فراوانەوە سەیری کچەهاوڕێکەی کرد.

[4584] Can you use the arrows and bow?

دەتوانیت تیرو کەوان بەکاربهێنیت؟

[4585] تورس= (ع: ترس)= قەڵغان.

He raised his shield to block the attack.

قەڵغانەکەی بەرزکردەوە بۆ ئەوەی هێرشەکەی بەرنەکەوێت.

The knight raised his shield to protect himself from his enemy's sword.

بۆ خۆپاراستن لەشمشێری دوژمن، سوارەکە قەڵغانەکەی بەرزکردەوە.

[4586] The salt shaker was empty, so he refilled it.

خوێدانەکە هیچی تێدا نەبوو، بۆیە پڕیکردەوە.

She placed the salt cellar next to the tomato.

خوێدانەکەی لەتەنیشت تەماتەکەوە دانا.

[4587] The two houses are equidistant from the park.

دوو خانووەکە دوری یەکسانن لەپارکەکەوە. واتە دوریی نێوان هەردوو خانووەکە لەگەڵ پارکەکە بەقەدەر یەکن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1931 **reflex (ریفلێکس) مانای کاردانەوە**[4588]

**conversely (کۆنڤێیسلی) واتە بەپێچەوانەوە**[4589]

.1932 **shellfish (شێلفیش) چیە؟ گوێچکەماسییە**[4590]

**virology (ڤایرۆلەجی) ڤایرۆسناسییە**[4591]

.1933 **national (ناشنەڵ) بەمانای نیشتمانییە**[4592]

**morning wood (مۆونین ود) هەستان، هی بەیانییە**[4593]

.1934 **delight (دیلایت) چیە؟ خۆشی و شادییە**[4594]

**involuntary (ئینڤۆلەنچری) لائیرادییە**[4595]

.1935 **abdicate (ئابدیکەیت) واتە وازدێنێ لەعەرش**[4596]

**paunch (پۆونچ) مانای ورگە، بە عەرەبی کیرش**[4597]

---

[4588] The doctor tested his knee reflex with a small hammer.

پزیشکەکە بە چەکوشێکی بچوك، کاردانەوەی ئەژنۆی تاقیکردەوە.

[4589] She loves spicy food; conversely, her brother avoids it.

حەزی لەخواردنی توونە، بەپێچەوانەوە، براکەی خۆی لێ بەدور دەگرێت.

[4590] گوێچکەماسی: زیندەوەرێکی ئاویی بەناوبانگە.

She is allergic to shellfish.

هەستیاری بە گوێچکەماسی هەیە.

[4591] ڤایرۆسناسی= ڤایرۆسزانی: زانستی لێکۆڵینەوە لەڤایرۆس و ئەو نەخۆشییانەی دروستیدەکەن.

She studies virology at the university.

ئەو لەزانکۆ ڤایرۆسزانی دەخوێنێت.

[4592] The national museum has a new exhibit.

مۆزەخانەی نیشتمانی نمایشێکی نوێی هەیە.

[4593] بەمانای هەستانی بەیانی دێت.

هەستانی بەیانی: حاڵەتێکی فسیۆلۆجییە بەهۆیەوە پیاو لەکاتی هەستان لەخەودا دەبینێت چوکی خۆنەویستانە رەپبووە.

Morning wood is often a sign of healthy blood circulation.

هەستانی بەیانی زۆرجار نیشانەیەکە بۆ سوڕی تەندروستی خوێن.

[4594] The children played with delight in the snow.

منداڵەکان بە خۆشی و شادییەوە لەناو بەفرەکەدا یارییان کرد.

[4595] لائیرادی= خۆنەویستانە.

Involuntary muscle movements are part of the body's natural response.

جوڵە خۆنەویستەکانی ماسولکە بەشێکن لەکاردانەوەی سروشتیی لەش.

[4596] وازدێنێ لەعەرش= لەعەرش وازدەهێنێت: دەستبەرداری عەرشی پاشایەتی دەبێت.

King Alfonso abdicated in favour of his eldest son.

شا ئەلفۆنسۆ وازی لەعەرشی پاشایەتی هێنا لەبەرژەوەندی گەورەترین کوڕی.

[4597] What a big paunch you have!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1936 best (بێست) باشترینە، هەم دەبەزێنێت[4598]

blink (بلینک) بەمانای چاودەتروکێنێت[4599]

.1937 soap (سەوپ) سابونە[4600]، soup (سووپ)یش شۆربەیە[4601]

suckle (سەکڵ) ماناکەی "شیردەدات بە"یە[4602]

.1938 sweet (سوییت) خۆش، شیرین، لەگەڵ شیرینی[4603]

---

چ ورگێکی گەورەت هەیە!

[4598] The best boyfriend isn't the best-looking, the funniest, or the richest. It's the one that makes sure you know he loves you.

باشترین کوڕەکەپڵ بریتی نیە لەجوانترین روخسار، یان هەزەلەیترین یان دەوڵەمەندترین کوڕ! بەڵکو بریتییە لەو کەسەی دڵنیاتدەکات کە بەڕاستی خۆشی دەوێیت.

“Love is the best medicine for all kinds of pain in the world but there is no medicine in the world for the pain given by Love.” – Mano.

خۆشەویستی باشترین دەرمانە بۆ گشت جۆرە ئازارێك لەجیهاندا، بەڵام ئەو ئازارەی خودی خۆشەویستی دروستیدەکات، هیچ دەرمانێکی نیە لەجیهاندا.

He bested his opponent in just two rounds.

لەماوەی تەنها دوو گەڕدا رکەبەرەکەی بەزاند.

[4599] Rabbits only blink 10 times an hour.

کەروێشك لەهەر سەعاتێکدا تەنها 10 جار چاو دەتروکێنێت.

[4600] سەرنج بدە ئەم دوو وشەی ئەم نیوەبەیتە لەڕوی فۆرمەوە تەنها پیتێکیان جیاوازە، بەڵام لەڕوی ماناو خوێندنەوەوە، زۆر جیاوازن.

The average human body contains enough Sulphur to kill all the fleas on the average dog, enough carbon to make 900 pencils, enough fat to make seven bars of soap and enough water to fill a 50-liter barrel.

جەستەی مرۆڤێکی ئاسایی گۆگردی هێندە تێدایە کە بەشی کوشتنی هەموو کێچەکانی سەر جەستەی سەگێکی ئاسایی دەکات. کاربۆنی ناو جەستەش بەشی دروستکردنی 900 قەڵەم رەساس دەکات. چەورییەکەشی بەشی دروستکردنی حەوت سابون دەکات. ئاوەکەشی بەشی، پڕکردنی بەرمیلێکی 50 لیتری دەکات.

[4601] کەواتە کاتێك لەڕێستورانتێك دانیشتویت و کابرا دەڵێ سوپێکت بۆ بێنم، نەچی بچی نەزانی مەبەستی چیە، ئەوە هەر شۆربەکەی خۆمانە بەڵام تۆزێك خۆی موسەقەف کردووە!

That soup smells delicious - what's in it?

ئەو شۆربەیە بۆنی خۆشە، چی تێدایە؟

[4602] We watched the cow suckling her calves.

مانگایەکمان بینی شیریدەدا بە گوێرەکەکانی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dish (دیش) مانای صەحن، هەروەها سینی**[4604]

[.1939] **yourself (یۆوسێڵف) نەفسوکە، بەکوردی خۆتە**[4605]

**قۆری ماناکەی teapot (تیپۆت) و pot (پۆت)ە**[4606]

[.1940] **food (فوود) غیزائە، یانی خۆراکە**[4607]

**پشت و هی دواوە، هەردوکیان back (باك)ە**[4608]

---

[4603] She has a sweet voice.

ئەو دەنگێکی خۆشی هەیە.

The tea was too sweet.

چایەکە زۆر شیرین بوو.

No cake, thanks. I'm trying to avoid sweets.

کێکم ناوێت، سوپاس. هەوڵدەدەم لەشیرینی دوربکەومەوە.

[4604] دوان لەدیارترین ماناکانی صەحن (ی سەتەلایت)و سینین.

Please rotate the dish.

تکایە صەحنەکە بسورێنە.

She placed a large dish in front of me.

ئەو سینییەکی گەورەی لەبەردەمم دانا.

[4605] نەفسوکە= (ع: نفسكَ)= خۆت.

Did you make the dress yourself?

ئەو عەزییە خۆت دروستتکرد؟

[4606] دووەمیان بەمانای قۆری دێت بە گشتی، بەڵام یەکەمیان بەمانای قۆریی چا دێت بە تایبەتی.

Is there any tea left in the pot?

ئایا قۆرییەکە هیچ چای تێدا ماوە؟

I have a big teapot.

قۆرییەکی گەورەی چام هەیە.

[4607] خۆراك= خواردەمەنی.

Italy's highest court ruled in 2016 that stealing small amounts of food to stave off hunger is not a crime.

لەساڵی 2016 دادگای باڵای ئیتاڵیا بڕیاریدا کە دزینی بڕی کەم لەخۆراك بۆ نەهێشتنی برسێتی، تاوان نیە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

[1941] fauces (فۆوسییز) حولقومە، بەکوردی گەروو[4609]
hypocrite (هیپەکریت) ناوە، بەمانای دوڕوو[4610]
[1942] roar (ڕۆو) دەنەڕینێ، هەروەها نەڕە[4611]
demonstrator (دێمنسترەیتە) خۆپیشاندەرە[4612]
[1943] mansion (مانشن) واتە کۆشك[4613]، castle (کاسڵ) قەڵایە[4614]
raw (ڕۆو) مانای کاڵ و نەشارەزایە[4615]

---

[4608] وەك ناو بە مانای پشت و وەك ئاوەڵناو بە مانای پشت دێت.
هی دواوە= هی پشتەوە: پێچەوانەی هی پێشەوە.
The back seat of the car is very dirty.
کورسیی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە زۆر پیسە.

Human beings are the only living things which sleep on their backs.

مرۆڤ تەنها زیندەوەرە کە دەتوانێت لەسەر پشتی بخەوێت.
[4609] حولقوم= (ع: حلقوم)= گەروو.
The fauces is an important part of the body.
گەروو بەشێکی گرنگی جەستەیە.
[4610] ناوە نەك ئاوەڵناو.
He was also a hypocrite.
ئەو دووڕووش بوو.

[4611] The lion roar is dangerous.

نەڕەی شێر ترسناکە.
'Get out of my house!' he roared.
نەڕاندی و وتی: لەماڵەکەم بچۆرەدەرەوە.

[4612] Police arrested several of the demonstrators.

پۆلیس چەند کەسێکی لەخۆپیشاندەرەکان دەستگیرکرد.

[4613] He told me he owned a mansion in Erbil.

پێیوتم کۆشکێکی لەهەولێر هەیە.

[4614] In addition to his flat in London, he has a villa in Italy and a castle in Scotland.

سەرباری شوقەکەی لە لەندەن، لەئیتالیا ڤێلایەك و لەسکۆتلەندا قەڵایەکی هەیە.

[4615] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ڕا گۆیدەکەن.
When you consume raw eggs, you only get 51% of the proteins that the egg contains. You are better off eating cooked eggs where you can get 91% of its benefits.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1944. **night owl (نایت ئاوڵ) چیە؟ واتە شەوبێدار**[4616]

**dead (دێد) مردووە**[4617]**، مانای deed (دیید)یش کار**[4618]

1945. **row (ڕەو) مانای سەفە، بەکوردی ڕیزە**[4619]

**شەکرە واتاکەی diabetes (دایەبیتیز)ە**[4620]

---

کاتێك هێلکە بە کاڵی دەخۆیت، تەنها لەسەدا 51ی ئەو پرۆتینەت پێدەگات کە لەهێلکەکەدایە، بەڵام کاتێك بە کوڵاوی دەیخۆیت، لەسەدا 91یت پێدەگات.

People can become ill after eating raw or undercooked meat.

دەکرێ خەڵك پاش خواردنی گۆشتی کاڵ یان باشنەکوڵاو، نەخۆشبکەون.

He's still a raw worker.

ئەو تائێستاش کرێکارێکی نەشارەزایە.

[4616] شەوبێدار: کەسێك حەزی لەوەیە لەشەودا نەخەوێت و بەئاگابێت.

My husband's a night owl, but I like to be in bed by 10 o'clock.

مێردەکەم شەوبێدارە، بەڵام من حەزدەکەم لەسەعات 10وە لەجێگادا بم.

[4617] پێچەوانەی alive.

Male penguins have been observed having sex with other male penguins, having sex with dead penguins, and having sex with unwilling female penguins. When this was discovered in 1912, it was considered too lewd to publish.

هەرچەندە بە شکڵ پەنگوین زیندەوەرێکی زۆر بەریٓ دیارە، بەڵام ئەویش بەتایبەتی نێرەکانیان بەشی خۆیان سەگن. دەرکەوتووە کە نێرینەی ئەم زیندەوەرە سێکس لەگەڵ نێرینەی ترو پەنگوینی مردوو، تەنانەت پەنگوینێك کە پێیشی ڕازی نەبێت دەکات. کاتێك لەساڵی 1912 ئەم زانیارییە دەرکەوت، بە شتێکی هێندە زۆر ناشرین لەقەڵەمدرا کە بڵاونەکرایەوە.

In the autumn I rake up the dead leaves.

لەپایزدا گڕ بەردەدەمە گەڵا مردووەکان.

[4618] سەرنجبدە deadو deed تەنها یەك پیتیان جیاوازە.

She's always helping people and doing good deeds.

ئەو هەمیشە یارمەتی خەڵك دەدات و کاری باش دەکات.

[4619] سەف= (ع: صفّ)= ڕیز.

They built a row of hotels.

ئەوان ڕیزێك هۆتێلیان دروستکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1946. eyelid (ئايليد) جەفنە، ئەی پێڵوی چاوە[4621]

bridegroom (برایدگرووم) عەریس، بەکوردی زاوا[4622]

1947. illicit (ئیلیسیت) چیە؟ نایاسایە[4623]

consolation (کۆنسەلەیشن)ە، دڵنەواییە[4624]

1948. fluent (فلووەنت) ئاوەڵناو، زمانپاراوە[4625]

---

4620 Diabetic retinopathy is an eye condition that causes vision loss and blindness. This can occur to people who have diabetes. This is also the number one leading cause of blindness in adults from the United Kingdom.

نەخۆشکەوتنی تۆڕنیەی پەیوەست بە شەکرە، نەخۆشییەکی چاوە کە دەبێتەهۆی لەدەستدانی توانای بینین و کوێربون. ئەم حاڵەتە دەکرێ لەو کەسانەدا روبدات کە شەکرەیان هەیە. ئینجاکونێ هەر بۆ مەعلوماتی عمومی، ئەم نەخۆشییەی چاو یەکەم هۆکاری سەرەکیی کوێربونی کەسانی پێگەیشتووە لەشانشینی یەکگرتوو بەو هەموو شان و شەوکەت و پێشکەوتن و تەنەکەلۆجیایەوە!

بۆیە مەردی خوا بە واز لەشیرینیی زۆرو بیبسی بێنە.

خۆ ئەگەر فشەت بەم ناسکەزانیارییە دێت، ئەوا تەنها بۆ ماوەی سێ خولەکی ناسك بە هەردوو دەستت چاوت بگرە!

Doctors can detect health conditions such as diabetes and high blood pressure during a sight test. The doctor can detect this by observing the blood vessels in your retina.

Our retina is said to be a good predictor of the health of blood vessels throughout our body's system.

پزیشکان دەتوانن لەرێگەی پشکنینی توانای بینینەوە چەند نەخۆشییەکی وەك شەکرەو بەرزەفشاری خوێن ئاشکرابکەن. ئەمەش لەرێگەی چاودێریکردنی مولولەکانی خوێنی ناو تۆڕنیەوە دەبێت.

تۆڕنیەی چاو پێشبینیکەرێکی باشە بۆ تەندروستیی بۆرییەکانی خوێن لەجەستەدا.

Onions increase the insulin in the body and also treat diabetes by controlling the sugar levels in the blood.

پیاز رێژەی ئینسۆلین لەلەشدا زیاددەکات و لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکر لەخوێندا، چارەسەری نەخۆشی شەکرە، دەکات.

4621 Call the doctor if your eyelid is swollen.

تەلەفۆن بۆ دکتۆر بکە ئەگەر پێڵوی چاوت ئاوساوە.

4622 موراديفی groom.

The bridegroom was late for the ceremony.

زاوا درەنگکەوت لەئاهەنگەکە.

The bride and the groom took more than one hundred pictures.

بوك و زاوا زیاتر لەسەد وێنەیان گرت.

4623 I don't like illicit activities such as money laundering and counterfeiting

حەزم لەچالاکیی نایاسایی وەك سپیکردنەوەو ساختەکردنی پارە نیە.

4624 The only consolation for the team is that they get a chance to play the game again.

تەنها دڵنەوایی بۆ تیمەکە ئەوەیە کە هەلی دوبارەیاریکردنەوەیان هەیە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

(گرووم) groom، مەیتەری ئەسپە، هەم زاوا[4626]

1949. chariot (چاریەت) عەرەبە، بەڵام هی ئەسپە[4627]

impediment (ئیمپێدیمەنت) ماناکەی کۆسپە[4628]

1950. nipple (نیپڵ) حەلەمە، واتە گۆی مەمك[4629]

tummy (تەمی) هەم belly (بێلی) دێن بەمانای سك[4630]

1951. mummy (مەمی) واتە ئومم، بەکوردی دایکە[4631]

رقی لێبیەتی، مانای dislike (دیسلایك)ە[4632]

---

4625 ئاوەڵناوە بەمانای زمانپاراو دێت. زمانپاراو= بەلیغ.

He's a fluent presenter.

ئەو پێشکەشکارێکی زمانپاراوە.

4626 مەیتەری ئەسپ: ئەو کەسەی کاری خواردنپێدان و پاککردنەوەو چاودێریکردنی ئەسپ، دەکات.

He works as a groom in a field.

ئەو لەکێڵگەیەکدا وەك مەیتەری ئەسپ کاردەکات.

She helped the groom fix his tie.

یارمەتی زاواکەی دا بۆینباخەکەی چاکبکات.

4627 بە مانای عەرەبەی ئەسپ دێت. عەرەبەی ئەسپ= عەرەبانەی ئەسپ و عەرەرەبانە.

Horses pulled the chariot across the field.

چەند ئەسپێك عەرەبانەکەیان راکێشا بەناو کێڵگەکەدا.

4628 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە ئیمپێدەمەنت گۆیدەکەن.

The lack of funds is a major impediment to research.

نەبونی پشتگیریی دارایی کۆسپێکی سەرەکییە لەبەردەم لێکۆڵینەوەدا.

4629 Some people have more than two nipples.

هەندێك کەس زیاتر لەدوو گۆی مەمکیان هەیە.

4630 وشەی یەکەمیان زیاتر لەلایەن منداڵانەوە بەکاردەهێنرێت.

"I'm hungry," Karzan said, patting her tummy.

کارزان دەستیدا لە سکی و وتی: "برسیمە".

Azad was lying on his belly.

ئازاد لەسەر سك راکشابوو.

4631 ئەم وشەیە زیاتر لەلایەن منداڵانەوە بەکاردەهێنرێت لەکاتی قسەکردن لەگەڵ دایکیاندا.

I want to go home, Mummy.

دایکە، دەمەوێت بڕۆم بۆ ماڵەوە.

4632 Why do you dislike her so much?



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.1952** **lightning (لایتنین) چیە؟ هەورەبروسکە**[4633]

**broom (برووم) میکنەسە، بەکوردی گسکە**[4634]

**.1953** **nowadays (ناوەدەیز) چیە؟ لەم سەردەمەدا**[4635]

**urge (ئێیج) مانای حەزە، وەك كار هاندەدا**[4636]

**.1954** **encourage (ئینکەریج) چیە؟ واتە هاندەدا**[4637]

**occur (ئەکێێ) یوجەدو، لەگەڵ رودەدا**[4638]

---

بۆچی هێندە زۆر رقت لێیەتی؟

4633 Men are stuck by lightning 7 times more than women.

ژمارەی لێدانی هەورەبروسکە لەپیاوان، حەوت ئەوەندە لەلێدانی لەژنان زیاترە. ئای پیاو چەندە داماوی!

4634 She grabbed the broom and started sweeping the floor.

گسکەکەی گرت بە دەستەوە کەوتە گسکدانی ئەرزەکە.

4635 ئاوەڵکارە.

Nowadays people are rarely shocked by the sex they see on television.

لەم سەردەمەدا خەڵك بە بینینی سێکس لەتەلەفزیۆنەوە، بەدەگمەن شۆکدەبن. عەجەب کافرصانییەکە!

4636 وەك ناو بەمانای حەز دێت، بەڵام حەزی زۆر، وەك كاریش بەمانای (هاندەدا) دێت. هاندەدا= هاندەدات. وەك كار موراديفی encourageە.

He could no longer resist the urge to go and see Sakar.

چیتر نەیتوانی بەرگەی حەزی رۆیشتن و بینینی ساکار بگرێت. واتە رۆشت بۆ بینینی.

The president urged other countries to lift the trade restrictions.

سەرۆك وڵاتانی تری هاندا بۆ لابردنی کۆت و بەندە بازرگانییەکان.

Japanese firms encourage their dozy workers to sleep on the job.

کۆمپانیا ژاپۆنییەکان هانی کارمەندە خەواڵووەکانیان دەدەن لەکاتی کاردا بخەون.

4637 هاندەدا= هاندەدات. موراديفی urgeە.

The president urged other countries to lift the trade restrictions.

سەرۆك وڵاتانی تری هاندا بۆ لابردنی کۆت و بەندە بازرگانییەکان.

Japanese firms encourage their dozy workers to sleep on the job.

کۆمپانیا ژاپۆنییەکان هانی کارمەندە خەواڵووەکانیان دەدەن لەکاتی کاردا بخەون.

4638 یوجەدو= (ع: یوجد)= هەیە. رودەدا= رودەدات.

Violence seems to occur in every society.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1955. bite (بایت) گازدەگرێ لە، هەروەها گازە[4639]

crucial (کرووشڵ) ئاوەڵناو، چارەنوسسازە[4640]

1956. dick (دیك) قەزیبە، بەکوردی چوکە[4641]

confined (کەنفایند) نەعتە، تەسك و بچوکە[4642]

1957. bark (باك) دەوەڕێ، هەم توێکڵی دار[4643]

حەتمەن وەڕینیش[4644]، radar (رەیداا"ر")ە رادار[4645]

---

دیارە کە توندوتیژی لەهەموو کۆمەڵگایەکدا هەیە.

The explosion occurred at 5:30 a.m.

تەقینەوەکە سەعات 5:30ی بەیانی رویدا.

[4639] گازدەگرێ لە= گازدەگرێت لە.

He bites his fingernails.

گاز لەنینۆکەکانی پەنجەی دەگرێت.

The dog’s bite left a mark on his arm.

گازی سەگەکە نیشانەیەکی لەقوڵیدا جێهێشت.

The saltwater crocodile has the most powerful bite of any animal, with a force of about 3,700 pounds per square inch (psi). This bite is strong enough to crush bones with ease.

گازی تیمساحی ئاوی سوێر بەراورد بە هی هەر گیاندارێکی تر، بەهێزترینە، هێزی ئەم گازە نزیکەی هەزارو 680 کیلۆگرامە لەسەر روبەری تەنها یەك ئینچ دوجا. گازی ئەم زیندەوەرە هێندە بەهێزە کە دەتوانێت زۆر بە ئاسانی ئێسك بهاڕێت.

4640 واتە ئاوەڵناوە بەمانای چارەنوسساز دێت.

It's a crucial decision.

بریارێکی چارەنوسسازە.

Crucial decisions are often the hardest to make, but they are the ones that shape your future.

زۆرجار بریارە چارەنوسسازەکان، سەختترین بریارن، بەڵام هەر ئەو بریارە سەختانەن کە داهاتوت دیاریدەکەن.

[4641] قەزیب= (ع: قضیب)= چوك= کێر.

His dick is not normal in size.

چوکی ئاسایی نیە لەڕوی قەبارەوە.

[4642] واتە ئەم وشەیە نەعت (ئاوەڵناو)ە بەمانای تەسك و بچوك دێت.

The room was windowless and confined.

ژورەکە بێپەنجەرەو تەسك و بچوك بوو.

[4643] Rabbits are vegetarians; they eat leafy plants and bark.

کەروێشك رووەکخۆرە. رووەکی گەڵادارو توێکڵی دار دەخوات.

A dog barked at her.

سەگێك لێی وەڕی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1958. park (پاك) مەلعەبە، ئەی یاریگایە[4646]

please (پلیز) هەم یورزی، هەمیش تکایە[4647]

1959. antelope (ئانتیلەوپ) ئاسك، کەواتە زەبی[4648]

dromedary (جرۆمەدری) حوشتر، بەس هی عەرەبی[4649]

1960. nobody (نەوبەدی) چیە؟ واتە هیچ کەسێك[4650]

sponge (سپەنج) ئیسفنجە، دێش بەمانای کێك[4651]

---

[4644] واتە بێگومان هەمان وشە بەمانای (وەڕین)یش دێت.

Dog bark doesn't fear me.

وەڕینی سەگ نامترسێنێت.

[4645] Radar is a necessary device.

رادار ئامێرێکی پێویستە.

[4646] مەلعەب= "ملعب"= یاریگا

There is no baseball park in Slemany city.

شاری سلێمانی یاریگای بەیسبۆڵی تێدا نیە.

[4647] یورزی= (ع: یرضي)= رازیدەکات.

She did everything she could to please him.

کچەکە هەموو ئەوەی لەتوانایدا بوو کردی بۆ ئەوەی کوڕەکە رازیبکات.

Sit down, please.

تکایە دانیشە.

[4648] زەبی= (ع: ظبي)= ئاسك.

We saw an antelope at the zoo.

لەباخچەی ئاژەڵەکاندا ئاسکێکمان بینی.

[4649] بەمانای جۆرە حوشترێك دێت کە پێیدەووترێت حوشتی عەرەبی.

Dromedaries live in hot, dry places.

حوشتری عەرەبی لەشوێنگەلی گەرم و وشکدا دەژی.

[4650] "Nobody can go back and start a new beginning, but anyone can start today and make a new ending." – Maria Robinson

هیچ کەسێك ناتوانێت بگەڕێتەدواوەو سەرەتایەکی نوێ دەستپێبکات، بەڵام هەموو کەسێك دەتوانێت ئەمڕۆ دەستپێبکات و کۆتاییەکی تازە دروستبکات.

[4651] بەمانای ئیسفنج و کێکیش دێت، بەڵام کێکی ئیسفنجی نەك هەموو جۆرە کێکێك.

The baby ate a slice of the sponge.

منداڵەکە قاشێك لەکێکە ئیسفنجییەکەی خوارد.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1961 **help (هێڵپ) یارمەتی، ئەی موساعەدە**[4652]

**gastric (گاستریك) ئاوەڵناو، مانای هی گەدە**[4653]

.1962 **fell (فێڵ) سەقەتە، بەکوردییەکەی کەوت**[4654]

**coincidence (کەوینسدنس)ە بەمانای ڕێکەوت**[4655]

.1963 **we (ویی) مانای ئەحنو، بەکوردی ئێمە**[4656]

**وشەی tent (تێنت) چادر، کەواتە خێمە**[4657]

.1964 **sponger (سپەنجە) توفەیلی، واتە مشەخۆر**[4658]

---

Put your wet sponge in the microwave for 2 minutes to kill 99% of the bacteria.

ئیسفەنجە تەڕەکەت بۆ ماوەی دوو خولەك لەناو فرنی کارەباییدا دابنێ، لەسەدا 99ی بەکتریاکانی ناوی دەکوژێت.

[4652] Do you need any help?

پێویستت بە هیچ یارمەتییەك هەیە؟

[4653] Gastric cancer is a deadly disease.

شێرپەنجەی گەدە نەخۆشییەکی کوشندەیە.

[4654] یەکێکە لەکارە نائاساییەکان و ڕانەبردووەکەی fall.

سەقەتە= (سقط)= کەوت.

The book fell from his hands.

کتێبەکەی لەدەست کەوت.

[4655] ڕێکەوت= سودفە.

It was sheer coincidence that we were staying in the same hotel.

مانەومان لەهەمان میوانخانە، تەواو ڕێکەوت بوو. واتە بە هیچ شێوەیەك پلانی بۆ دانەنرابوو.

[4656] وەك وشەی wee دەخوێنرێتەوە کە بەمانای میزو زۆربچوکیش دێت.

Why do we close our eyes when we pray, cry, kiss, and dream? Because the most beautiful things in life are not seen but felt only by the heart.

بۆچی کاتێك ئێمە دەپاڕێینەوە، دەگرین، خەون دەبینین، ماچدەکەین، چاومان دادەخەین؟ لەبەرئەوەی جوانترین شتەکانی ژیان بەچاو نابینرێن بەڵکو تەنها بەدڵ هەستیان پێ دەکرێت.

[4657] سەرنج بدە ئەم وشەیە چۆن دەنوسرێت ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. ئەڵێی کوردییە!!!. تەبعەن لەم جۆرە وشانەمان زۆرە لەزمانی ئینگلیزیدا.

Rain dampened the tent.

باران خێمەکەی تەڕکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**extremely (ئیکسترییملی) دێت بەمانای زۆر**[4659]

[1965.] **gaze (گەیز) چاوتێبڕین، ناوو فەرمانە**[4660]

**restaurant (ڕێسترۆنت) مەتعەمە، واتە چێشتخانە**[4661]

[1966.] **tall (تۆوڵ) مانای بەرزە، هەمیش درێژە**[4662]

**steep (ستییپ) زۆر گران، هەروەها لێژە**[4663]

---

[4658] توفەیلی= (ع: طفيلي)= مشەخۆر.

These people are spongers and aren’t chancing their arm.

ئەم کەسانە مشەخۆرن و خۆیان ناخەنە مەترسییەوە.

[4659] لەم مانایەدا موڕادیفی veryیە.

She's extremely beautiful.

ئەو زۆر جوانە.

[4660] واتە وەك ناو بەمانای "چاوتێبڕین"و وەك فەرمان (کار) بەمانای "چاوی تێدەبڕێت" دێت.

His innocent gaze doesn’t disturb me.

چاوتێبڕینە پاکەکەی بێزارم ناکات.

Don't gaze at people like that - it's rude.

بەو شێوەیە چاو مەبڕە خەڵك، ئەوە چەقاوەسوییە.

[4661] بەڵام برادەرانی ئەمریکا بە ڕێسترانت گۆیدەکەن.

There's a restaurant in Japan, using monkeys as waiters.

لە ژاپۆن چێشتخانەیەك هەیە مەیمون وەك شاگرد بەکاردەهێنێت (نەك مرۆڤ).

[4662] My new house is near from several tall buildings.

خانووە تازەکەم لەچەند باڵەخانەیەکی بەرزەوە نزیکە.

He's tall and thin.

ئەو درێژو لاوازە.

[4663] The car price was steep.

نرخی ئۆتۆمبێلەکە زۆر گران بوو.

The hill was too steep.

گردەکە زۆر لێژ بوو.

Hotel prices are steep at $300 for a room.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1967. **magician (مەجیشن) ساحیر، واتە جادوباز**[4664]

**womanizer (ومەنایزە"ر")ە بەمانای مێباز**[4665]

1968. **indebted (ئیندێتید) مەدیون، واتە قەرزدار**[4666]

**fire (فایە) ئاگرە، دەردەکا وەك کار**[4667]

1969. **guy (گای) مانای ڕەجول، بەکوردی پیاوە**[4668]

---

نرخی هۆتێل زۆر گرانە، سێ سەد دۆلارە بۆ هەر ژورێك.

[4664] هەروەها هەردوو وشەی wizard وwitchیش بەمانای جادوباز دێت، بەڵام ناسکەجیاوزییان هەیە.

They hired a magician to come and do magic and he was really terrific.

ئەوان جادوگەرێکیان بەکرێگرت بۆ ئەوەی بێت و جادوو بکات، بەڕاستی نایاب بوو.

The wizard screamed.

جادوگەرەکە قیژاندی.

The central character of the story is a malevolent witch.

کەسایەتیی سەرەکیی چیرۆکەکە ژنەجادوگەرێکی قینلەدڵە.

[4665] بە سپێڵی womaniserیش دەنوسرێت.

He was a gambler, a womanizer, and a drunk.

ئەو قومارکەرو مێبازو سەرخۆش بوو.

[4666]. سەرنجبدە ئەم وشەیە پیتی bیەکەی ناخوێنرێتەوە. لەوشە کوردییەکەشدا پیتی داڵەکە ئەوەندە بەناڕەحەتی دەخوێنرێتەوە، هەر نەخوێنرێتەوە باشترە!!!

Iraq is one of the indebted countries.

عیراق یەکێکە لەوڵاتە قەرزدارەکان.

[4667] وەك ناو بەمانای ئاگرو وەك کار بەمانای دەردەکا (دەردەکات) دێت.

Love is a fire that I never want to extinguish.

عیشق ئەو ئاگرەیە کە من هەرگیز نامەوێت بیکوژێنمەوە.

The company is reducing its workforce by firing 500 employees.

کۆمپانیاکە لەڕێگەی دەرکردنی 500 کارمەندەوە، ژمارەی هێزی کاری کەمدەکاتەوە.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

**step (ستێپ) خەتوەیە، واتە هەنگاوە**[4669]

[1970]. **astute (ئەسچیووت) ئاوەڵناو، بەمانای لێزان**[4670]

**carpenter (کاپنتە) دارتاش، بە ناوو فەرمان**[4671]

[1971]. **subject (سەیجێکت) بکەرە، هەروەها بابەت**[4672]

**pack (پاك) لەگەڵ packet (پاکیت) هەردوکیان پاکەت**[4673]

---

[4668] موراديفى man.

He's a really nice guy.

ئەو پیاوێکی زۆر باشە.

[4669]. چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. ئەم جۆرە وشانە خوا دایناوە بۆ تەممەڵەکان.
خەتوە= (خطوة)= هەنگاو.

What's the next step in the process?

هەنگاوی داهاتووی پرۆسەکە چیە؟

[4670] He was politically astute, and was soon appointed to a number of powerful committees in the party.

ئەو لەڕوی سیاسییەوە لێزان بوو و هەرزوو لەژمارەیەك لەلیژنە بەهێزەکانی حزب، دامەزرێنرا.

[4671] واتە ئەم وشەیە بەمانای "دارتاش" کە ناوە و بەمانای "دارتاشیدەکات" کە فەرمانە، دێت.

My father was a carpenter.

باوکم دارتاش بوو.

He carpentered for several years before becoming a teacher.

پێش بونی بەمامۆستا، چەند ساڵێك دارتاشی کرد.

[4672] هەروەها theme وtopicیش بەمانای بابەت دێن.

"Karzan" is the subject of the sentence "Karzan threw the ball."

لەڕستەی کارزان تۆپەکەی هەڵدا، "کارزان" بکەرە.

Our subject for discussion is poverty.

بابەتی گفتوگۆکەمان بریتییە لەهەژاری.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1972. beret (بێرەی) بێرییە[4674]، backpack (باكپاك) جانتای پشت[4675]

block (بلۆك) بلۆكە[4676]، brick (بریك) مانای خشت[4677]

1973. believer (بیلیڤە) چیە؟ مانای بڕوادار[4678]

wall (وۆڵ) حائیتە، بەکوردی دیوار[4679]

1974. theme (ثیم) لەگەڵ topic (تۆپیك) هەردوو بابەتە[4680]

---

[4673] Can you buy a pack of gum to me, please?

تکایە دەتوانیت پاکەتێك بنێشتم بۆ بکڕیت؟

Please burn your packet and leave smoking.

تکایە پاکەتەکەت بسوتێنەو واز لەجگەرەکێشان بهێنە.

[4674] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە بەرەی گۆیدەکەن. بێری: جۆرە شەپقەیەکە.

Please put your beret on the desk.

تکایە بێرییەکەت لەسەر مێزەکە دابنێ.

[4675] جانتای پشت= جانتاپشت.

Her backpack must contain necessary things.

پێویستە جانتاپشتەکەی، شتگەلی پێویستی تێدابێت.

[4676] The wall is made of concrete blocks.

دیوارەکە لەبلۆکی کۆنکرێتی دروستکراوە.

[4677] My old house was made of red bricks.

خانووە کۆنەکەم لەخشتی سور دروستکرابوو.

[4678] Believers enter the paradise.

بڕواداران دەچنە بەهەشت.

[4679] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە واڵ گۆیدەکەن.

حائیت= (ع: حائط)= دیوار.

The walls in this apartment are so thin you can hear just about every word the neighbours say.

دیوارەکانی ئەم شوقەیە هێندە باریکن کە دەتوانیت گوێت لەزۆربەی هەرەزۆری ئەو قسانە بێت کە دراوسێکان دەیکەن.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**parrot (پارەت) توتییە[4681]، گێزەر carrot (کارەت)ە[4682]**

[1975]. **skin (سکین) توێکڵە، دێش بەمانای پێست[4683]**

**سنگ ماناکەی thorax (ثۆراکس)، breast (برێست)[4684]**

[1976]. **leather (لێذە) مانای جیلد، بەکوردی چەرمە[4685]**

**shyness (شاینەس) خەجەلە، کەواتە شەرمە[4686]**

---

[4680] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا وشەی دووەمیان بە تاپیك گۆدەکەن. بێگومان وشەی subjectیش بەمانای بابەت دێت.

The theme of the conference was the changing role of women in modern society.

بابەتی کۆنگرەکە گۆڕینی رۆڵی خانمان بوو لەکۆمەڵگەی هاوچەرخدا.

The corruption is a popular topic these days.

گەندەڵی بابەتێکی باوی ئەم رۆژانەیە.

[4681] Parrots parents name their chicks, and the names follow them for life.

داك و بابی توتی ناو لەبێچووەکانیان دەنێن و ئەو ناوەش بەدرێژایی ژیانیان پێوەیان دەمێنێتەوە.

[4682] سەرنجبدە ئەم دوو وشەیەم بۆیە لەیەك نیوەبەیتدا کۆکردەوە چونکە لەڕوی خوێندنەوەوە یەك کێشیان هەیە لەڕوی پێکهاتەشەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازە.

Cucumber juice mixed with carrot, spinach, and lettuce will help enrichment hair.

شەربەتی خەیاری تێکەڵکراو لەگەڵ گێزەرو سپێناخ و کاهوو، یارمەتی بەهێزکردنی قژ دەدات.

[4683] Lemons smoothen skin.

لیمۆ پێست سافدەکات.

The skin of an apple is usually red or green.

بەگشتی توێکڵی سێو سور یا سەوزە.

[4684] مواردیفی chestە.

Your thorax is very hairy.

سنگت زۆر توکاوییە.

The dagger entered his breast.

خەنجەرەکە چووەناو سنگییەوە.

[4685] The car seats were made with real leather.

کورسییەکانی ئۆتۆمبێلەکە لەچەرمی راستەقینە دروستکرابون.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1977. **crisis (کرایسیس) قەیرانە[4687]، dilemma (دایلێمە) مەئزەق[4688]**

**vivid (ڤیڤید) زۆر روونە، دێش بەمانای زەق[4689]**

1978. **shy (شای) لەگەڵ timid (تیمید) هەردوکیان شەرمن[4690]**

**black panther (بلاك پانثە"ر")ە مانای رەشەپڵن[4691]**

---

4686 I overcame my shyness.

من بەسەر شەرمەکەمدا زاڵبوم.

4687 قەیران= ئەزمە. کۆکەی crisesە.

The country's leadership is in crisis.

سەرکردایەتیی وڵات لەقەیراندایە.

4688 بە (دیلێمە)ش دەخوێنرێتەوە.

مەئزەق= (ع: مأزق)= تەنگژە.

تەنگژە: دۆخێك کە تێیدا پێویستە ئەو کەسەی تێیکەوتووە، بژاردەیەکی قورس هەڵبژێرێت و بڕیارێکی قورسی لەسەر بدات.

She faces the dilemma of disobeying her father or losing the man she loves.

ئەو ڕووبەڕوی تەنگژەی بێگوێییکردنی باوکی یان لەدەستدانی ئەو پیاوەی خۆشیدەوێت، دەبێتەوە.

4689 واتە وەك خۆی دەخوێنرێتەوە. ئاوەڵناوە بەمانای زۆر روون و زەقیش دێت.

He had a vivid picture of her in his mind.

وێنەیەکی زۆر روونی ئەوی لەمێشکدا بوو.

He was wearing a vivid pink shirt.

ئەو کراسێکی پەمەیی زەقی لەبەردابوو.

4690 He was a shy, quiet man.

ئەو کەسێکی بێدەنگ و شەرمن بوو.

I was a timid child.

من منداڵێکی شەرمن بووم.

4691 بێگومان مەخسەوی شەریفم لە "رەشەپڵن" بریتییە لە (رەشەپڵنگ)، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، پیتی گافەکە بەر جادە کەوتووە.

بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: بەبێ هیچ گۆڕانکارییەك و بە زیادکردنی sیش بۆ سەر وشەی دووەمیان.

Black panther have an amazing sense of smell.

ڕەشەپڵنگ هەستێکی بۆنکردنی سەرسوڕهێنی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[1979] **rabbit (ڕابیت) كەروێشكە**[4692]**، lion (لایەن) واتە شێر**[4693]

**doe (دەو) ئاسك و كەروێشك، بەڵام مێ نەك نێر**[4694]

[1980] **livelihood (لایڤلیهوود) چیە؟ واتە بژێوی**[4695]

**hare (هێیە) لەگەڵ puss (پوس) كەروێشكی كێوی**[4696]

[1981] **fatness (فاتنەس) سیمنەیە، واتە قەڵەوی**[4697]

**aardvark (ئاادڤاك) بەمانای بەرازی زەوی**[4698]

---

[4692] Rabbits are so delicate animals that they can die of fright. Children younger than 12 should not have rabbits as pets.

كەروێشك زیندەوەرێكی هێندە ناسك و هەستیارە، دەكرێ لەترسا بمرێت. منداڵانی خوار تەمەن 12 ساڵ پێویستە ئەم زیندەوەرە، وەك زیندەوەری ماڵی ڕانەگرن.

Hares are similar to rabbits but there are several key differences.

كەروێشكی كێوی لەكەروێشك(ی ئاسایی) دەچێت، بەڵام چەند جیاوازییەكی گرنگی هەیە.

[4693] The male ostrich can roar just like a lion.

حوشترملی نێر دەتوانێت كتومت وەك شێر بنەڕێنێت.

[4694] بەمانای ئاسكی مێ و كەروێشكی مێش دێت.

The doe is very fat.

كەروێشكە مێیەكە زۆر قەڵەوە.

I saw a doe running.

ئاسكێكی مێم بینی ڕایدەكرد.

[4695] Fishing is the main source of livelihood for many people in the area.

سەرچاوەی سەرەكیی بژێویی زۆرێك لەخەڵكی ناوچەكە ڕاوەماسییە.

[4696] I saw a brown hare in the forest.

كەروێشكێكی كێویی قاوەییم بینی لەدارستانەكەدا.

[4697] The doctor warned him about the health risks of excessive fatness.

پزیشكەكە سەبارەت بە مەترسییە تەندروستییەكانی قەڵەویی زۆر، ئاگاداریكردەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ڕیكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1982. **mammy (مامی) دایەیە[4699]، daughter (دۆوتە) واتە کیژ[4700]**

**sharp (شاپ) مانای توندە، دێش بەمانای تیژ[4701]**

1983. **sunglasses (صەنگلاسیز) عەینەك، بەڵام هی هەتاو[4702]**

**blunt (بلەنت) کولدەکا، کول و راشکاو[4703]**

---

4698 بەرازی زەوی: گیاندارێکی مەمکداری ئەفەریقییەو لوتی درێژەو گوێی گەورەیە. لەژێر زەویدا دەژی و خواردنی سەرەکیی، مێرووەکانە.

Aardvarks can eat 50,000 to 60,000 ants and termites in one night.

بەرازی زەوی دەتوانێت لەماوەی تەنها شەوێکدا 50 هەزار بۆ 60 هەزار مێرولەو مێرولەی سپی بخوات.

4699 هاومانای mother، بەڵام ئەم وشەیە زیاتر لەکاتی بانگکردندا بەکاردەهێنرێت.

I want to go home, Mummy.

دایە، دەمەوێت بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە.

4700 کیژ= کچ

Karzan and Sakar have a daughter and three sons.

کارزان و ساکار کچێك و سێ کوڕیان هەیە.

4701 دوان لەدیارترین ماناکانی وەك ئاوەڵناو، "توند"و "تیژ"ە.

I felt a sharp pain in my back.

هەستم بە ئازارێکی توند کرد لەپشتمدا.

Don't cut yourself with that sharp knife.

بەو چەقۆ تیژە خۆت نەبڕی.

4702 بەمانای چاویلکەی هەتاو دێت.

چاویلکەی هەتاو= عەینەکی شەمسی: چاویلکەی پاراستن لەتیشکی خۆر.

My sunglasses are very old.

چاویلکە هەتاوییەکەم زۆر کۆنە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1984. shades (شەیدز) عەینەکە، بەس هی هەتاوە[4704]

bludgeon (بلەجن) کوتەکە، واتە هیراوە[4705]

1985. ring (رینگ) عەسابە، ئەڵقەو حەلەبە[4706]

tablet (تابلەت) مانای قورس، کەواتە حەبە[4707]

---

4703 وەك كار بەمانای كولدەكاو وەك ئاوەڵناو بەمانای كول و راشكاو دێت.

كولدەكا= كولدەكات.

Onion blunts a knife.

پیاز چەقۆ كولدەكات.

Sharpen all your blunt knives.

هەموو چەقۆ كولەكانت تیژبكە.

Karzan's blunt words about her face, hurted her.

قسە راشكاوەكانی كارزان سەبارەت بە دەموچاوی ئەو (ژنەكە)، ئازاریدا.

4704 بەمانای چاویلكەی هەتاو دێت. وشەیەكی نارەسمییە.

She was wearing a black leather jacket and shades.

چاكەتێكی رەشی چەرمی لەبەردەكردو چاویلكەی هەتاوی دەكردە چاوی.

4705 Police fired tear gas and used bludgeons to disperse the demonstrators.

پۆلیس گازی فرمێسكرێژی تەقاندو كوتەكی بەكارهێنا بۆ بڵاوپێكردنی خۆپیشاندەرەكان.

4706 گرنگترین ماناكانی ئەم وشەیە ئەڵقەو حەلەبە "سەكۆی وەرزشكردن"و عەسابە "باند"ە.

Sometimes, the only way to catch an uncatchable woman is to offer her a wedding ring.

هەندێك جار تەنها رێگا بۆ گرتنی خانمێك كە ناگیرێت، پێشكەشكردنی ئەڵقەیەكی هاوسەرگیرییە.

The two wrestlers entered the ring.

دوو زۆرانبازەكە چوونەناو حەلەبەكەوە.

The police arrested the drug ring.

پۆلیس باند"عەسابە"ی ماددە هۆشبەكارەكانی گرت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1986 lock (لۆك) مانای قوفل، هەم قوفڵدەكا[4708]

ban (بان) بەمانای قەدەغەدەكا[4709]

.1987 kitchen (كیچن) مەتبەخە، واتە چێشتخانە[4710]

fortune (فۆۆچن) لەگەڵ wealth (وێلث) هەردوو سامانە[4711]

---

[4707] قورس= (ع: قرص)= حەب.

She took a couple of headache tablets.

ئەو دوو حەبی سەرئێشەی خوارد.

I've taken a couple of pills, but my headache still hasn't gone.

جوتێك حەبم خواردووە بەڵام هێشتا سەرئێشەكەم لانەچووە.

[4708] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا بە لاك گۆیدەكەن. وەك ناو بەمانای قوفڵ و وەك كار بەمانای "قوفڵدەكا" دێت.

قوفڵدەكا= قوفڵدەكات= بەقوفڵ دایدەخات.

If the lock has frozen up, try lubricating it with oil.

ئەگەر قوفڵەكە بەستویەتی، هەوڵبدە بە رۆن چەوری بكەیت.

Don't forget to lock the door when you go out.

بیرت نەچێت، پێش ئەوەی بچیتە دەرەوە، دەرگاكە قوفڵبكەیت.

[4709] قەدەغەدەكا= قەدەغەدەكات.

She was banned from driving for two years.

ئەو لێخورینی ئۆتۆمبێلی بۆ ماوەی دوو ساڵ لێقەدەغەكرا.

[4710] Victorian families often kept hedgehogs in kitchens as a form of pest control, as they eat insects.

لەكۆندا خێزانەكانی ڤیكتۆریا زۆرجار ژیژكیان بەخێوكردووەو وەك قرکەری مێرووەكان لەچێشتخانەكان، بەكاریان هێناوە چونكە ئەم زیندەوەرە مێروخۆرە.

[4711] She inherited a large fortune from her grandmother.

سامانێكی زۆری لەنەنكییەوە بۆ مایەوە.

In 2002, the comptroller of the City of New York estimated the impact of 9/11 on the city's wealth to be US$30.5 billion.

لەساڵی 2002، چاودێری دارایی شاری نیۆرك، كاریگەریی هێرشەكانی 11ی سێپتەمبەری لەسەر سامانی شارەكە بە 30 ملیارو 500 ملیۆن دۆلار، خەملاند.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

1988. **riches (ریچز) سامانە، کەواتە سەروەت**[4712]

**immigration (ئیمیگرەیشن)ە بەمانای هیجرەت**[4713]

1989. **upkeep (ئەپکییپ) چیە؟ سازدانەوە**[4714]

**drink (جریننك) دەخواتۆ، لەگەڵ خواردنەوە**[4715]

1990. **locker (لۆکە) "خیزانە"، واتە دۆڵابە**[4716]

**incidence (ئینسدنس) مانای نیسبەی ئیسابە**[4717]

---

[4712] His skills have brought him riches beyond belief.

لێهاتوییەکانی سامانێکی بۆ پەیداکردووە کە لەسەروو باوەڕپێکردنەوەیە. واتە زۆر زۆرە.

[4713] هیجرەت= (هجرة)= کۆچکردن

The prime minister denied that the new visa requirements were part of a hidden agenda to reduce immigration.

سەرۆك وەزیران رەتیکردەوە کە پێویستییە تازەکانی پەیوەست بە ڤیزا، بەشێك بن لە کارنامەیەکی شاراوە بۆ کەمکردنەوەی کۆچکردن.

[4714] سازدانەوە= (ع: صیانة).

The upkeep of a big house can be expensive.

سازدانەوەی خانویەکی گەورە دەکرێ زۆری تێبچێت.

[4715] دەخواتۆ= دەخواتەوە.

drink→ drank→ drunk

You should drink plenty of water.

دەبێت ئاو زۆر بخۆیتەوە.

What's your favourite drink?

خواردنەوەی دڵخوازت چیە؟

[4716] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە لاکە"ر" گۆیدەکەن.

خیزانە= (ع: خزانة)= دۆڵاب.

We had several hours to wait for our train, so we left our bags in a locker, and went to look around the town.

چەند سەعاتێکمان لەبەردەستدا بوو بۆ چاوەڕوانیکردنی شەمەندۆفێرەکە، بۆیە جانتاکانمان لەدۆڵابێکدا جێهێشت و رۆشتین بۆ گەڕان لەدەوربەری شارۆچکەکە.

[4717] نیسبەی ئیسابە= (نسبة الإصابة)= رێژەی توشبون.

Since the early 1970s the incidence of breast cancer has increased by about 1% per year.

لەسەرەتای ساڵەکانی 1970کانەوە، رێژەی توشبون بە شێرپەنجەی مەمك، ساڵانە نزیکەی لەسەدا یەك زیادیکردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1991 **chicken (چیکن) بەمانای گۆشتی مریشکە**[4718]

**dry (جرای)و arid (ئارید) هەردوکیان وشکە**[4719]

.1992 **tail (تەیڵ) واتە كلك**[4720]**، feather (فێزە"ر")یش "پەڕ"ە**[4721]

**wet (وێت) مانای موبتەل، بەكوردی تەڕە**[4722]

.1993 **fall (فۆوڵ) خەریفە، پایز کەواتە**[4723]

**decimate (دێسیمەیت) مانای "لەناودەبات"ە**[4724]

---

[4718] There's an Obama Fried Chicken (OFC) in China.

لە چین خواردنگەیەك هەیە بەناوی گۆشتی مریشكی سورەوەكراوی ئۆباما!

[4719] بەڵام برادەرانی ئەمەریكا وشەی دووەمیان بە ئێرید، گۆدەکەن.

Apricot oil is great for dry, irritated skin because of its high content of fatty acids and vitamin A.

رۆنی قەیسی نایابە بۆ پێستی وشك و سوربووەوە چونكە بڕێكی زۆر ترشە چەورییەكان و ڤیتامین ئەی تێدایە.

The desert is so arid that nothing can grow there.

بیابان هێندە وشكە كە هیچ شتێك ناتوانێت تێیدا گەشەبكات.

[4720] Kangaroo use their tails for balance.

كەنگەر كلكی بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی، بەكاردەهێنێت.

[4721] سەرنجبدە ئەم وشەیە تەنها eیەكی لەوشەی father زیاترە.

The bird has grey feathers.

باڵندەكە پەڕی خۆڵەمێشی هەیە.

[4722] چۆن دەنوسرێت، هەر ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

I’ve washed your shirt but it’s still wet.

كراسەكەتم شۆردووە، بەڵام هێشتا تەڕە.

[4723] وشەی دووەمیان لەم مانایەدا زیاتر ئەمەریكییە نەك بریتانی.

I'm starting a new job in the autumn.

لەپایزدا دەستدەكەم بە كارێكی نوێ.

Next fall we'll go back to Kurdistan.

پایزی داهاتوو ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ كوردستان.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.1994 swept (سوێپت) گسکدا، sweep (سوییپ) گسکەدا[4725]

waste (وەیست) پاشەڕۆ، بەفیرۆدەدا[4726]

.1995 goose (گووس) قازو هی مێ، لەگەڵ ساویلکە[4727]

glasses (گلاسەز)عەینەکە، واتە چاویلکە[4728]

.1996 puffin (پەفین) پەفەنە، جۆرێك باڵندە[4729]

prosperous (پرۆسپەرەس) غەنی، ئەی دەوڵەمەندە[4730]

.1997 present (پریزنت) مانای زۆر، موزاریع یەکیان[4731]

---

[4724] The disease decimated the village.

نەخۆشییەکە گوندەکەی لەناوبرد.

[4725] رابردوو و رانەبردوی هەمان کارن.

گسکەدا= گسکدەدات.

Srwa swept the path in front of the house.

سروە ڕاڕەوی بەردەم خانووەکەی گسکدا.

[4726] سەرنج بدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی paste تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی خوێندنەوەشەوە یەك وەزنیان هەیە.

بەفیرۆدەدا= بەفیڕۆدەدات.

Animals generate 30 times more waste than humans which is 1.4 billion tons every year.

گیانداران 30 ئەوەندە لەمرۆڤایەتی، پاشەڕۆیان زیاترەو پاشەڕۆی ساڵانەیان ملیارێك و 400 ملیۆن تۆنە.

Why do you waste all this money on entertainment trips?

بۆچی ئەم هەموو پارەیە لەگەشتی سەرگەرمیدا بەفیڕۆدەدەیت؟

سەرنج بدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی paste تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی خوێندنەوەشەوە یەك وەزنیان هەیە.

[4727]واتە ئەم وشەیە بەمانای قاز بەگشتی و قازی مێ و کەسێك دێت کە ساویلکە بێت. جەمعەکەی geese.

The goose is swimming in the pond.

قازەکە "یان قازە مێیەکە" لەناو گۆماوەکەدا مەلەدەکات.

He’s a goose, believing all kinds of people.

ئەو کەسێکی ساویلکەیە، بروا بە هەموو جۆرە کەسێك دەکات.

[4728] I need my glasses to read this book.

بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە پێویستم بە چاویلکەکەمە.

[4729] مەبەستم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: ئەو وشەیە بەمانای پەفەن دێت کە جۆرە باڵندەیەکە. توتیی دەریاشی پێدەووترێت.

The puffin's feathers are black and white.

پەڕی توتیی دەریا ڕەش و سپییە.

[4730] وردتر بڵێین بەمانای دەوڵەمەندێك دێت کە سەرکەوتنی لەگەڵدا بێت واتە دەوڵەمەندی سەرکەوتوو.

In a prosperous country like this, no one should go hungry.

لەوڵاتێکی دەوڵەمەندی وەك ئەمە نابێت هیچ کەسێك برسی بێت.

[4731] بێگومان دەبوو بنوسم present (پریزنت) مانای زۆرە، موزاریع یەکێکیانە، بەڵام لەبەر زەروراتی شیعر، دەسکاری و دەمکاریم تیاکردووەو هەندێك پیتم لابردووە!



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**respiratory (ریسپیرەتری)یە، هی هەناسەدان**[4732]

.1998 **dacha (داچە) خانوی گوند، بەس هی روسیایە**[4733]

**ئیمپراتۆری مانای empire (ئێمپایە)**[4734]

.1999 **noise (نۆیز) زەجیجە، ئەی دەنگەدەنگە**[4735]

**tight (تایت) مانای توندە، هەروەها تەنگە**[4736]

.2000 **crochet (کرەوشەی) دەچنێ، هەروەها چنین**[4737]

**hedge (هێج) سیاجە، بەکوردی پەرژین**[4738]

.2001 **barefoot (بێیەفوت) چیە؟ پێپەتییە**[4739]

---

مەبەستم لەنیوەبەیتەکە ئەمەیە: ئەم وشەیە مانای زۆرە، یەکێك لەماناکانی بریتییە لەموزاریع.

موزاریع= (ع: مضارع) = رانەبردوو.

Simple present is most common tense in English.

رانەبردوی سادە باوترین دارِشتەیە لەزمانی ئینگلیزیدا.

4732 The lungs are the main respiratory organs.

سییەکان ئەندامی سەرەکیی هەناسەدانن.

4733 بەمانای خانوی گوندو دەوروبەری شارەکانی روسیا دێت= داشە.

My grandparents have a dacha outside the city.

باپیرو نەنکم داشەیەکیان هەیە لەدەرەوەی شار.

4734 The empire lasted for hundreds of years.

ئیمپراتورییەکە سەدان ساڵ بەردەوامبوو.

4735 The engine's making funny noises.

مەکینەکە دەنگەدەنگێکی سەیر دروستدەکات.

4736 بەمانای توند (پێچەوانەی شل)و تەنگ (تەسك) دێت.

I can't untie the knot - it's too tight.

ناتوانم گرێیەکە بکەمەوە. زۆر توندە.

My shoes were so tight.

پێڵاوەکانم زۆر تەنگ بون.

4737 پیتی t یەکە ناخوێندرێتەوە. دەچنێ= دەچنێت.

She had crocheted the shawl herself.

کچەکە خۆی شاڵ"سەرشان"ەکەی چنیبوو.

She learned the art of crochet from her grandmother.

ئەو لەنەنکییەوە فێری هونەری چنین بوو.

4738 A bird built a nest in the hedge.

باڵندەکە هێلانەیەکی لەناو پەرژینەکەدا دروستکرد.

4739 The barefoot child ran through the grass.



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2002. kitchenware (کیچنویّیه"ر")ە، هێنی چێشتخانه[4741]

international (ئینتەناشنەڵ)ە نێودەوڵەتییه[4740]

respiration (ڕێسپیرەیشن)ە هەناسەدانه[4742]

2003. package (پاکیج) پاکەتە، هەروەها بەستە[4743]

post office (پەوست ئۆفیس) مانای نوسینگەی پۆستە[4744]

2004. geese (گییس) مانای قازە، بەڵام تاك نا کۆ[4745]

stretch (ستریّچ) بەواتای خۆدەکێشێتو[4746]

2005. figure (فیگە) شەخسیەت، شێوەو ژمارە[4747]

---

منداڵە پێپەتییەکە بەناو گژوگیاکەدا رایکرد.

هەروەها بەمانای (بەپێی پەتی)ش دێت.

They ran barefoot along the wet beach.

ئەوان بەدرێژایی کەنار دەریاکە کە تەڕ بوو، بەپێی پەتی رایانکرد.

4740 She was the boss of a large international company.

ئەو بەڕێوەبەری گەورەکۆمپانیایەکی نێودەوڵەتی بوو.

4741 مەخسەوی شەریفم لە "هێنی شێشتخانە" بریتییە لە کەرەستەی چێشتخانە وەك چەقۆو چنگاڵ و قاپ و هتد...

My favorite kitchenware is my wooden spoon.

کەرەستەی چێشتخانەی دڵخوازی من، کەوچکە دارینەکەمە.

4742 Exercise increases your rate of respiration.

وەرزشکردن ڕێژەی هەناسەدانت زیاددەکات.

4743 She put the gift in a small package.

دیارییەکەی خستەناو پاکەتێکی بچوکەوە.

The government has announced a package of measures to assist affected areas.

حکومەت بەستەیەك ڕێکاری ڕاگەیاند بەمەبەستی یارمەتیدانی ناوچە بەرکەوتووەکان. لەم مانایەدا زۆرجار هەر وشە ئینگلیزییەکە بەکاردەهێنرێت و دەووترێت پاکێج.

4744 The post office is closed on Sundays.

نوسینگەی پۆستە ڕۆژانی یەکشەممان دادەخرێت.

4745 تاکەکەی goose. جەمعی تەکسیر تەنها لەعەرەبیدا نیە، لەئینگلیزیشدا هەیە.

The goose is swimming in the pond.

قازەکە لەناو گۆماوەکەدا مەلەدەکات.

I saw three nice geese in the river.

سێ قازی جوانم لەناو ڕووبارەکە بینی.

4746 خۆدەکێشێتو = خۆدەکێشێتەوە.

Muhammed sat up in bed, yawned, and stretched.

محەمەد لەسەر جێگەی نوستنەکەی هەستاو باوێکشیداو خۆیکێشایەوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**dough (دۆو) هەویرە، هەروەها پارە**[4748]

2006. **bank teller (بانىك تێڵە)، teller (تێڵە) ئەمین سندوقە**[4749]

**market (ماکیت) بازاڕە، کەواتە سوقە**[4750]

2007. **consort (کەنسۆوت) هاوژینە، بەس هی پاشایە**[4751]

**hurry (هەری) خێراکەو "پەلەدەکا"یە**[4752]

---

[4747] بەمانای شەخسیەت و شێوەو ژمارەش دێت.

شەخسیەت= "شخصية"= کەسایەتی: کەسێکی گرنگ یان دیار.

Several leading figures resigned from the party.

چەند کەسایەتییەکی سەرەکی وازیان لەحزب هێنا.

The actress had a beautiful figure.

کچەئەکتەرەکە شێوەیەکی جوانی هەبوو.

I am not sure how much to pay, but I have a figure in mind.

دڵنیانیم کە دەبێت چەند بدەم بەڵام ژمارەیەکم لەمێشکدایە.

[4748]. لەمانای دووەمیاندا مورادیفی moneyیە، بەڵام مانایەکی نارەسمییە.

Making bread dough isn’t easy.

دروستکردنی هەویری نان، ئاسان نیە.

Dough can’t buy the love.

پارە ناتوانێت خۆشەویستی بکڕێت.

[4749] The bank teller counted my money.

ئەمین سندوقەکە پارەکەی ژماردم.

He gave the cash to the teller.

پارە نەختینەکەی دا بە ئەمین سندوقەکە.

[4750] Leonardo DaVinci used to buy caged animals at the market just to set them free.

لیۆناردۆ داڤینشی وا ڕاهاتبوو کە زیندەوەری لەقەفەزنراوی لەبازاڕ دەکڕی تەنها بۆ ئەوەی ئازادیان بکات.

[4751] بەدیاریکراوی بەمانای هاوژین (مێرد یان ژن)ی پادشایەك دێت کە لەحوکمدا بێت.

The king was assassinated in front of his consort.

پادشا لەبەردەم هاوژینەکەیدا تیرۆرکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2008. primal (پرایمەڵ) نەعتە، مانای ئەساسی[4753]

aquarium (ئەکوێیەریەم)ە، حەوزە، هی ماسی[4754]

2009. futile (فیوودڵ) ئاوەڵناو، مانای بێسودە[4755]

uncountable (ئەنکاونتبڵ) غەیرو مەعدودە[4756]

2010. brook (بروک) جۆگەیە، کەواتە جەدوەل [4757]

neigh (نەی) حیلە"ی ئەسپ"، وەکو کار یەسهەل[4758]

2011. insular (ئینسیەلە) نەعتە، مانای داپڕاو[4759]

---

4752 بەمانای "خێراکە"و "پەلەدەکا" دێت.

پەلەدەکا= پەلەدەکات.

If we hurry, we'll get there in time.

ئەگەر پەلەبکەین، لەکاتی خۆیدا دەگەینە ئەوێ.

Please hurry, the train is about to leave.

تکایە خێراکە، شەمەندۆفێرەکە خەریکە دەڕوات.

4753 ئەساسی= بنچینەیی.

The primal resources of our nation must be protected.

پێویستە داهاتە بنچینەییەکانی نەتەوەکەمان بپارێزرێن.

4754 بەمانای حەوزی ماسی دێت.

بە دوو شێواز کۆدەکرێتەوە: زیادکردنی s و گۆڕینی وشەکە بۆ aquaria.

The aquarium is full of colorful fish.

حەوزی ماسییەکە پڕە لەماسیی ڕەنگاوڕەنگ.

4755 لەپێناو کێشی شیعرەکە شێوازی خوێندنەوەی ئەمریکیم لەپاڵدا نوسیوە، ئەگینا لەشێوەزاری بریتانیدا بە (فیووتایڵ) دەخوێنرێتەوە.

It was futile to continue the negotiations.

بەردەوامبون لەسەر دانوستانەکان بێسود بوو.

4756 غەیرو مەعدود= (غيرُ معدود)= نەبژێردراو.

Words like "electricity", "blood", and "happiness" are uncountable.

وشەگەلی وەک electricity، blood و happiness نەبژێردراون.

4757 A brook runs past the house.

جۆگەیەك بە بەردەم ماڵەکەدا دەڕوات.

4758 وەك ناو بەمانای حیلەی ئەسپ و وەك کار بەمانای یەسهەل دێت. یەسهەل= (ع: يَصْهَل)= دەحیلێنێت.

A loud neigh erupted from the horse as it escaped.

هەر کە ئەسپەکە هەڵات، حیلەیەکی بەرزی لێدەرچوو.

The horses neigh when they see their owner.

ئەسپ کاتێك خاوەنەکەی دەبینێت، دەحیلێنێت.

4759 The islanders lived an insular life, away from modern cities.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

stream (سچرییم)و torrent (تۆرنت) هەردوكیان لێشاو[4760]

2012. sonic (سۆنیك) سەوتییە، بەكوردی دەنگی[4761]

balance (باڵنس) تەوازون، واتە هاوسەنگی[4762]

2013. alone (ئەلەون) وەحیدەن، ئەی "بەتەنها"یە[4763]

takeaway (تەیكئەوەی) مەتعەم خواردن خێرایە[4764]

2014. partridge (پاتریج) حەجەلە، بەكوردی كەوە[4765]

sturdy (ستێیدی) مەتین، واتە پتەوە[4766]

2015. sorry (سۆری) چیە؟ بەداخەوە[4767]

pedestrian (پیدێستریەن)ە پیادەڕەوە[4768]

2016. brown (براون) بوننییە، ئەی قاوەییە[4769]

---

دانیشتوانی دورگەكە ژیانی دابڕاوی دوو لەشارە مۆدێرنەكانیان بەسەربرد.

[4760] She replied with a stream of excuses.

بە لێشاوێك بیانوو وەڵامیدایەوە.

The rain came down in torrents.

بارانەكە بە لێشاو باری.

[4761] Bats use sonic waves to find food.

شەمشەمەكوێرە شەپۆلی دەنگی بەكاردەهێنێت بۆ دۆزینەوەی خۆراك.

[4762] I lost my balance and fell on my face.

هاوسەنگیم لەدەستداو لەسەرڕوو كەوتم.

[4763] وەحیدەن= (ع: وحیداً)= بەتەنها.

She lives alone.

ئەو بەتەنها دەژی.

[4764] بێگومان دەبوو لەبری (مەتعەم خواردن خێرایە) بنوسم (مەتعەمی خواردنی خێرایە) بەڵام لەبەر كێشی شیعرەكە دوو پیتی یائم كردووە بەژێرەوە!

مەتعەمی خواردنی خێرا= خواردنگەی خواردنی خێرا (فاست فود).

Let's get a takeaway for dinner tonight.

با بۆ نانی ئێوارەی ئەمشەو، خواردنگەیەكی خواردنی خێرا پەیدابكەین.

[4765] حەجەل= (ع: حجل)= كەو.

The bill of the partridge is very attractive.

دەنوكی كەو زۆر سەرنجڕاكێشە.

[4766] I bought a sturdy table for my office.

مێزێكی پتەوم بۆ نوسینگەكەم كڕی.

[4767] Sorry, I will be late.

ببورە، دوادەكەوم.

[4768] Many streets are reserved for cyclists and pedestrians.

زۆرێك لەشەقامەكان تایبەتن بە پاسكیلسوارو پیادەڕەو.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**quintessential (کوینتیسێنشڵ) نمونەییە**[4770]

**.2017 florist (فلۆریست) زەهھار، واتە گوڵفرۆش**[4771]

**fragrant (فرەیگرەنت) نەعتە، بەمانای بۆنخۆش**[4772]

**.2018 ailing (ئەیلینن) مەریزە، واتە نەخۆشە**[4773]

**zealous (زێلەس) ئاوەڵناو، مانای پەرۆشە**[4774]

**.2019 badass (باداس) نایابە، هەم شەڕانییە**[4775]

**in a hurry (ئین ئە هەەری)یە، بەئاسانییە**[4776]

**.2020 dustpan (دەستپان) لەقفاتە، واتە خۆلڕێژە**[4777]

**It's delicious (ئیتس دیلیشەس) واتە بەچێژە**[4778]

---

4769 بوننی= (ع: بنّي)= قاوەیی.

I bought a brown bag.

جانتایەکی قاوەییم کڕی.

4770 Her kindness makes her a quintessential neighbor.

باشییەکەی دەیکات بە دراوسێیەکی نمونەیی.

4771 زەهھار= (ع: زهّار)= گوڵفرۆش.

بێگومان وشەی (زهّار) بەمانای گوڵچێن "ئەو کەسەی گوڵ دەچێنێت"یش دێت، بەڵام مەخسەوی شەریفم لێرەدا گوڵفرۆشەکەیە.

The florist arranged the flowers beautifully.

گوڵفرۆشەکە گوڵەکانی بەجوانی ڕێکخستبوو.

4772 The garden was full of fragrant flowers.

باخچەکە پڕ بوو لەگوڵی بۆنخۆش.

4773 He's visiting his ailing father.

سەردانی باوکە نەخۆشەکەی دەکات.

4774 We have many zealous political activists.

ئێمە ژمارەیەکی زۆر چالاکوانی سیاسی پەرۆشمان هەیە.

4775 That's a badass jacket you're wearing.

ئەو چاکەتەی لەبەریدەکەیت، نایابە.

He has a badass friend.

هاوڕێیەکی شەڕانی هەیە.

4776 ئەم مانایە نافەرمییە.

You won't beat him in a hurry.

بەئاسانی نایبەزێنیت.

4777 لەقفاتە= (لَقَّاطَة)= خۆلڕێژ: ئەوەی لەماڵدا پاش گسکدانی کلاسیکی خۆڵ و خاشاکی گسکدراوی تێدەکرێت.

لەڕاستیدا زۆرێك لەخۆلڕێژەکان تۆزێك لەدەستی پانکەرەوەی سواڵکەرەکان دەچن. هەمیشە ئەم لێکچواندنەت لەبیربێت بۆ ئەوەی مانای ئەم وشەیەت بیرنەچێتەوە.

Can you hand me that dustpan, please?

تکایە دەتوانیت ئەو خۆلڕێژەم پێبدەیت؟



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2021. smelt (سمێڵت) ئیشتەممە، ئەی "بۆنیکرد"ە[4779]
skin doctor (سکین دۆکتە"ر")ە پزیشکی جیلدە[4780]
2022. tusk (تەسك) مانای ناب، بەکوردی کەڵبە[4781]
stroke (سچرەوك) بەواتای دەستدەهێنێت بە[4782]
2023. endowment (ئینداومەنت) بەهرە، واتە مەوهیبە[4783]
parallel (پارەلێل) نەعتە، مانای تەریبە[4784]
2024. starch (ستاچ) نەشائە، واتە نیشاستە[4785]
in equal measure (ئین ئییکوەڵ مێژە) بە هەمان ئاستە[4786]
2025. scissors (سیزەس) میقەسە، واتە مقەستە[4787]
bodily (بۆدەلی) نەعتە، مانای هی جەستە[4788]
2026. smashed (سماشت) لەناوبرد، هەم زۆر سەرخۆشە[4789]

---

4778 خۆی لەخۆیدا رستەیەکی تەواوە.

4779 ئیشتەممە= (ع: اِشْتَمَّ)= بۆنیکرد.

He smelt the flowers in the garden.

بۆنی گوڵەکانی کرد لەباخچەکەدا.

4780 پزیشکی جیلد= پزیشکی پێست.

I need to see a skin doctor for this rash.

بۆ ئەم پەڵەیە، پێویستە پزیشکێکی پێست ببینم.

4781 The elephant has a long tusk.

فیلەکە کەڵبەیەکی درێژی هەیە.

4782 He lifted her face and stroked her hair.

دەموچاوی بەرزکردەوەو دەستیهێنا بە قژیدا.

4783 The artist had a natural endowment for painting.

هونەرمەندەکە بەهرەیەکی سروشتی هەبوو لەوێنەکێشاندا.

4784 The streets are parallel.

شەقامەکان تەریبن.

4785 He eats a lot of starch.

ئەو نیشاستە زۆر دەخوات.

4786 The movie was funny and sad in equal measure.

فلیمەکە بە هەمان ئاست پێکەنیناوی و خەمناك بوو.

4787 میقەس= (ع: مِقَصّ)= مقەست.

The scissors are in the top drawer.

مقەستەکە لەچەکمەجەکەی سەرەوەدایە.

4788 هی جستە= جەستەیی.

They didn't cause him any bodily harm.

هیچ زیانێکی جەستەییان پێنەگەیاند.

4789 بێگومان لەمانای یەکەمیاندا رابردوی smashە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**unpalatable (ئەنپالەتەبڵ) مانای ناخۆشە**[4790]

[2027.] **give birth to (گیڤ بێیث تو) چیە؟ "منداڵ"ی دەبێ**[4791]

**smash (سماش) وردوخاشدەکات و دەبێ**[4792]

[2028.] **smash (سماش)، smash-up (سماش ئەپ) روداوی مرور**[4793]

**roommate (روممەیت) شەریکی غورفەیە، هاوژور**[4794]

[2029.] **genteel (جێنتیڵ) ئەنیقە، واتە شیکپۆشە**[4795]

**square (سکوێیە) مەیدان، دوجاو چوارگۆشە**[4796]

---

Police say they have smashed a crime ring.

پۆلیس دەڵێت بەنادێکی تاوانکاریی لەناوبردووە.

She was too smashed to remember her own address.

ئەوەندە مەست بوو، ناونیشانی خۆی لەبیرنەمابوو.

[4790] The medicine was unpalatable, but I had to swallow it.

دەرمانەکە زۆر ناخۆش بوو، بەڵام پێویستبوو قوتیبدەم.

[4791] منداڵی دەبێ= منداڵی دەبێت.

رابردووەکەی gave birth to.

My sister gave birth to a girl yesterday.

خوشکەکەم دوێنێ کچێکی بوو.

[4792] مانای زۆرە، دوانیان "وردوخاشدەکات"و "وردوخاشدەبێت"ە.

Rioters had smashed all the windows.

ئاژاوەگێران هەموو پەنجەرەکانیان وردوخاشکردبوو.

Several cups fell to the floor and smashed.

چەند کوپێك کەوتنە سەر زەویەکەو وردوخاشبون.

[4793] هەردوکیان بەمانای رودوای مرور دێن. بەدیاریکراوی بەمانای روداوێکی مرور دێت کە پێکدادان تێیدا رویدابێت نەك تەنها وەرگەڕان.

رودوای مرور= روداوی هاتوچۆ.

She called the police after the smash.

پاش روداوی هاتوچۆکە تەلەفۆنیکرد بۆ پۆلیس.

He hasn't driven since his smash-up two years ago.

لەکاتی روداوی هاتوچۆکەی دوو ساڵ لەمەوبەرەوە، ئۆتۆمبێلی لێنەخوڕیوە.

[4794] شەریکی غورفە= (ع: شريك غرفة)= هاوژور.

Karzan was my roommate during our first year at college.

لەیەکەم ساڵماندا لەکۆلێژ، کارزان هاوژورم بوو. (واتە پێکەوە لەیەك ژوردا بوین).

[4795] She is a genteel old lady.

ئەو خانمێکی پیری شیکپۆشە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2030. **desertion (دیزێیشن) چیە؟ واز هێنانە**[4797]

**gentle (جێنتڵ) بەمانای نەرم و نیانە**[4798]

2031. **partner (پاتنە) هاوکارو، شەریك، هاوژینە**[4799]

**rainbow (ڕەینبەو) مانای پەلكەزێرینە**[4800]

2032. **growth (گرەوث) گەورەبون، بە مانای گەشە**[4801]

---

[4796] برادەرانی ئەمەریکا بە سکوێر گۆیدەکەن. بەمانای مەیدان "گۆڕەپان"و دوجاو چوارگۆشەش دێت.

She lives near Hanover Square.

ئەو لەنزیك گۆڕەپانی هانۆڤەر دەژی.

The square of 7 is 49.

دوجای حەوت، 49یە.

Square is a shape with four equal sides and four 90° angles.

چوار گۆشە بریتییە لەشێوەیەك کە چوار لای یەکسان و چوار گۆشەی نەوەدی هەیە.

[4797] His desertion of the team surprised everyone.

واز هێنانی لەیانەکە هەموانی توشی سەرسوڕمان کرد.

[4798] My mother was a gentle, loving person.

دایکم کەسێکی نەرمونیان و مەحبوب بوو.

[4799] شەریك= هاوبەش

We are three partners, I have to know their opinion too.

ئێمە سێ شەریکین، پێویستە بۆچونی ئەوانیش بزانم.

Please choose a partner for the dance.

تکایە هاوکارێك هەڵبژێرە بۆ سەمایەکە.

Discuss your worries with your partner.

لەگەڵ هاوژینەکەتدا گفتوگۆ سەبارەت بە نیگەرانییەکانت بکە.

[4800] The sun came out and we saw a rainbow.

خۆر دەرکەوت و پەلكەزێرینەیەکمان بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

share (شێیە) بەشدەکا، هەروەها بەشە[4802]

.2033 cub (کەب) بێچووی ورچە، هەم هێنی گورگە[4803]

pot (پۆت)و potbelly (پۆتبێلی) هەردوکیان ورگە[4804]

.2034 lamb (لام) مانای بەرخە، هەم گۆشتی بەرخە[4805]

---

4801 گەورەبون= گەشەکردن= گەشە.

The pain you feel today is the strength you feel tomorrow. For every challenge encountered there is opportunity for growth.

ئەو ئازارەی ئەمڕۆ دەیچێژی، دەبێتە ئەو هێزەی سبەینێ هەستی پێدەکەیت. هەموو بەرەوداچونەوەیەك کە ڕوبەڕوی بویتەوە، هەلێکە بۆ گەشەکردن و گەورەبون .

4802 بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە شێر گۆیدەکەن. بەشدەکا= بەشدەکات.

بەش= (ع: حصة).

I have an office that I share with some other teachers.
نوسینگەیەکم هەیە، لەگەڵ هەندێك مامۆستای تردا بەشمکردووە. واتە ئەوانیش لەو ئۆفیسەدا کاردەکەن.

The total income is $100, so our share is $20.

کۆی داهاتەکە سەد دۆلارە. بۆیە بەشی ئێمە 20 دۆلارە.

4803 هەروەها بەمانای بێچوی شێرو پڵنگ و ڕێویش دێت.

Can you near from the lion cub?

دەتوانیت لەبێچووە شێرەکە نزیکببیتەوە؟

The wolf cub played with its mother's tail.

بێچووە گورگەکە یاری بە کلکی دایکی کرد.
4804 وشەی pot بەمانای ماریواناو مەنجەڵ و ئینجانەش دێت.
وشەی paunchیش بەمانای ورگ دێت.

Your big pot isn’t healthy.

ورگە زلەکەت تەندروست نیە.

He has a massive potbelly.

ئەو ورگێکی گەورەی هەیە.

What a big paunch you have!

چ ورگێکی گەورەت هەیە!

4805 We saw a lamb being born.

بەرخێکمان بینی لەکاتی لەدایکبونیدا.

Lambs are born around 145 days (or about 4.5 months) after the ewe falls pregnant.
بەرخ پاش 145 ڕۆژ (نزیکەی چوار مانگ و نیو) لەئاوسبونی مەڕ، لەدایکدەبێت.

Lambs can walk just minutes after they are born.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**lighter (لایته) بەلەمە، هەروەها چەرخە**[4806]

[.2035] **light (ڵایت) روناکی، هەم کاڵە، هەم سوك**[4807]

**compact (کەمپاکت) سەیارە، بەڵام هی بچوك**[4808]

[.2036] **valuable (ڤالیەبڵ) سەمین، واتە بەنرخە**[4809]

**contemporary (کەنتیمپەری)یە، مانای هاوچەرخە**[4810]

[.2037] **pleasant (پلێزنت) واتە خۆش**[4811]**، بەبێ L جوتیار**[4812]

---

بەرخ تەنها چەند خولەکێك پاش لەدایکبونی، دەتوانێت بەپێ بڕوات.

I like lamb so much.

زۆر حەزم لەگۆشتی بەرخە.

[4806] The lighter transported coal along the river.

بەلەمەکە بەناو روبارەکەدا، خەلۆزی گواستەوە.

Pleage give me your lighter.

تکایە چەرخەکەتم پێبدە.

[4807] سیان لەماناکانی روناکی و کاڵ و سوکن.

Light was streaming in through the open door.

روناکی لەرێگەی دەرگا کراوەکەوە، بڵاودەبویەوە.

Light energy is very quick and travels faster than anything. The light speed is equal to 186,282 miles per second.

وزەی روناکی زۆر خێرایەو لەهەموو شتێکی تر خێراتر تێدەپەڕێت. خێرایی روناکی یەکسانە بە 186 هەزارو 282 میل لەچرکەیەکدا. ئەگەر بڕواش ناکەیت بیپێوە!!!

You look nice in light colours.

تۆ بە رەنگی کاڵەوە جوان دەردەکەویت.

You can carry this bag – it's fairly light.

دەتوانیت ئەم جانتایە هەڵبگریت، تارادەیەك سوکە.

[4808] بەمانای رێکەوتننامەش دێت.

[4809] سەمین= (ع: ثمین)= بەنرخ.

The country's most valuable commodities include tin and diamonds.

دوان لەبەنرخترین کاڵاکانی وڵاتەکە تەنەکەو ئەڵماسن.

[4810] بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە کەنتیمپەرێری گۆیدەکەن. مورادیفی modernە.

The museum contains 6,000 contemporary artworks.

مۆزەخانەکە شەش هەزار کاری هونەریی هاوچەرخ لەخۆدەگرێت.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**destitute (دێستیچیووت)، pauper (پۆوپە) هەردوکیان هەژار**[4813]

[.2038] **uncountable (ئەنکاونتبڵ) مانای بێشومار**[4814]

**impoverished (ئیمپۆڤریشت) نەعتە، بەواتای هەژار**[4815]

[.2039] **shoot (شووت) ماناکەی (وێنەدەگرێ)یە**[4816]

---

[4811] He spent a pleasant afternoon reading a book.

عەسرێکی خۆشی بەخوێندنەوەی کتێبێکەوە، بەسەربرد.

[4812] واتە ئەگەر وشەی 1. pleasant، پیتی Lەکەی لێبکەیتەوە دەبێت بە peasant "پێزنت" کە بەمانای جوتیار (بەتایبەتی جوتیاری هەژار) دێت.

Most villagers are peasants.

زۆربەی گوندنشینەکان جوتیارن.

[4813] بەڵام لای برادەرانی ئەمەریکا وشەی یەکەمیان بە دێستەتووت و دووەمیان بە پاپە"ر" گۆدەکرێت.

وشەی destitute ئاوەڵناوە بەمانای هەژار دێت و بۆ وەسفی کەسێك بەکاردەهێنرێت کە زۆر هەژار بێت، نە پارەی هەبێت، نە ماڵ، نە خواردن، نە تەرەماش! بەڵام pauper ناوە بەمانای هەژار دێت، ئەمیش هەژاری ئاسایی نا بەڵکو زۆر هەژار. وشەی impoverishedیشمان هەیە کە ئاوەڵناوە بەمانای زۆر هەژار دێت. poorیش بەمانای هەژار دێت بەگشتی.

Everywhere he went, people were destitute.

هەموو ئەو شوێنانەی ئەو بۆیان رۆیشت، خەڵکەکەی هەژار بون.

Middle East contains many paupers.

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەیەکی زۆر هەژاری تێدایە.

Omer Chawsheen was an impoverished actor.

عومەر چاوشین ئەکتەرێکی زۆر هەژار بوو.

[4814] بێشومار واتە زۆر زۆر. بێگومان هەمان وشە بەمانای نەبژێردراویش دێت. پێچەوانەی countableە.

[4815] بەدیاریکراوی بەمانای "زۆر هەژار" دێت.

برادەرانی ئەمریکا بە ئیمپاڤەشیت گۆیدەکەن.

Omer Chawsheen was an impoverished actor.

عومەر چاوشین ئەکتەرێکی زۆر هەژار بوو.

[4816] مانای زۆرە، لەوانە: وێنەدەگرێ، تەقەدەکات لە، دەکوژێت، هەڵدەدات.

وێنەدەگرێ= وێنەدەگرێت.

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

shoot→ shot→ shot.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

capture (کاپچە) (دەگرێت)و (بەدیل دەگرێ)یە[4817]

.2040 decrease (دیکرییس) کەمدەکا، لەگەڵ کەمدەبێ[4818]

grasp (گرااسپ)و grip (گریپ) بەمانای دەگرێ[4819]

.2041 organ (ئۆگەن) ئۆرگەنە، هەمیش "عوزوو"ە[4820]

wake up (وەیك ئەپ) یوقیز، "یەستەیقیزوو"ە[4821]

---

The movie was shot in New Zealand.

فلیمەکە لە نیوزیلەندا وێنەیگیراوە.

[4817] مانای زۆرە، دوانیان "دەگرێت"و "بەدیلدەگرێ"یە.

بەدیلدەگرێ= بەدیلدەگرێت.

Two of the soldiers were killed and the rest were captured.

دوان لەسەربازەکان کوژران و ئەوانی تر بەدیلگیران.

The town was captured after a siege lasting ten days.

پاش ئابلۆقەدانێك کە 10 رۆژی خایاند، شارەکە گیرا.

[4818] کەمدەکا= کەمدەکات. کەمدەبێ= کەمدەبێت.

They want to decrease their reliance on oil.

دەیانەوێت پشتبەستنیان بە نەوت کەمبکەن. واتە زۆر پشت بە نەوت نەبەستن.

The number of people who have the disease has decreased significantly in recent years.

ژمارەی ئەو کەسانەی نەخۆشییەکەیان هەیە لەم ساڵانەی دواییدا کەمبوون. واتە ژمارەکە دابەزیوە.

[4819] دەگرێ= دەگرێت. هەردوکیان بەمانای "دەگرێت" دێت بیلامانێ!، بەڵام گرتنی gripەکە توندترە. بێگومان وشەی holdیش بەهەمان مانا دێت.

Could you hold my bag for me?

دەتوانیت جانتاکەم بۆ بگریت؟

I grasped his arm firmly.

بەتوندی قۆڵیم گرت.

The woman moved closer to the president, gripping her arm tightly.

ژنەکە لەسەرۆك نزیکبووەوەو قۆڵی بەتوندی گرت.

[4820] بەمانای عوزوو و ئۆرگەنیش دێت کە ئامێرێکی موزیکە.

عوزوو= (ع: عضو)= ئەندام

The liver is an important organ.

جگەر ئەندامێکی گرنگە.

Can you play the organ?

دەتوانیت ئۆرگەن لێبدەیت؟

[4821] یوقیز= (ع: یوقظ)= بەئاگادەهێنێتەوە= خەبەردەکاتەوە= لەخەوهەڵدەستێنێت.

یەستەیقیزوو= (ع: یستیقظ)= لەخەوهەڵدەستێت.

He always wakes up early.

ئەو هەمیشە زوو لەخەوهەڵدەستێت.

Don’t wake me up early.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.2042 **blueish (بلووش) مەیلەوشین، کەواتە شینباو**[4822]

**name (نەیم) ناودەنێ، دێش بەمانای ناو**[4823]

.2043 **named (نەیمد) هەم ناونا، هەمیش بەناوی**[4824]

**otter (ئۆتە) ڕێوی و سەگ، بەڵام هی ئاوی**[4825]

.2044 **hold (هەوڵد) بەمانای یوجری، هەم دەگرێت**[4826][4827]

---

زوو خەبەرم مەکەرەوە.

[4822] بە سپێلی blueishیش هەر ڕاستە.

Her face had a blueish spot.

دەموچاوی پەڵەیەکی شینباوی پێوەبوو.

[4823] وەك ناو بەمانای ناو دێت و وەك کار بەمانای ناودەنێ (ناودەنێت) دێت.

When I listen to my heart it whispers your name.

کاتێك گوێ بۆ دڵم دەگرم، ناوی تۆم بۆ دەچرپێنێت.

We named our first son Muhammed.

یەکەم کوڕمان ناونا محەمەد.

[4824] بێگومان لەمانای یەکەمیاندا ڕابردوی کاری nameە.

He was named after his father.

بەناوی باوکییەوە ناونرا.

A village named Marottichal in India is addicted to chess after one man taught everyone how to play 50 years ago to stop excessive alcohol use and gambling which has now all declined to almost nothing.

لەهندستان گوندێك هەیە بەناوی مارۆتیچاڵ کە خەڵکەکەی ئاڵودەبوی یاری شەترەنجن. پەنجا ساڵ لەمەوبەر پاش ئەوەی پیاوێك بەمەبەستی نەهێشتنی بەکاربردنی زۆری ئەلکهول و قورمارکردنی بێشومار، کە لەو گوندەدا باو بوو، فێری شەترەنجی کردن، لەئەنجامدا خویان بە شەترەنجەوە گرت و ئێستا ڕێژەی خواردنەوەو قومارکردن لەو گوندە هێندە پاشەکشەی کردووە کە لەسفرەوە نزیکە.

[4825] مەبەستم لەم نیوە بەیتەیە ئەمەیە: وشەی otter بەمانای ڕێوی ئاوی یان سەگی ئاوی دێت. هەردوکیان یەك گیاندارن بەڵام دوو ناوی جیاوازیان هەیە.

The otter was so nice.

سەگە ئاوییەکە (ڕێوییە ئاوییەکە) زۆر جوان بوو.

[4826] یوجری= (ع: یجري)= ئەنجامدەدات.

یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

hold→ held→ held



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

rip off (ڕیپ ئۆف) "دەدزێت"ە، بەبێ off (ئۆف) دەدڕێت[4828]

.2045 depot (دیپەو) هەم وێستگە، هەمیش کۆگایە[4829]

current (کەڕنت) بەمانای تەزوو و ئێستایە[4830]

.2046 small (سمۆوڵ) بچوکە، هەروەها کەمە[4831]

---

In April, the president held talks with Chinese leaders.

مانگی نیسان، سەرۆك گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەکانی چیندا ئەنجامدا.

Could you hold my bag for me?

دەتوانیت جانتاکەم بۆ بگریت؟

4827 یەکێکە لەکارە نائاساییەکان:

hold→held→held

In April, the president held talks with Chinese leaders.

لەمانگی نیسان، سەرۆك گفتوگۆی لەگەڵ سەرکردەکانی چین ئەنجامدا.

4828 مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی rip off کە فرەیزەڵ ڤێربە بەمانای (دەدزێت) دێت، بەڵام ئەگەر offەکەی لێبکەیتەوە دەبێت بە rip کە بەمانای دەدڕێت دێت.

Somebody had come in and ripped off the TV.

کەسێك هاتبوو و تەلەفزیۆنەکەی دزیبوو.

The curtain ripped from top to bottom.

پەردەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دڕابوو.

4829. بە "دیپەو"یش دەخوێنرێتەوە. سەرنج بدە لەهەردوو حاڵەتەکەدا پیتی tیەکە ناخوێنرێتەوە.

بەمانای وێستگە"ی پاس یان شەمەندۆفێر"و کۆگا "مخزن" دێت.

The bus depot isn't large.

وێستگەی پاسەکە گەورە نیە.

Smoking in the fuel depot is dangerous.

جگەرەکێشان لەکۆگای سوتەمەنیدا مەترسیدارە.

4830 Who is the current editor of the Kurdistani Nwe?

سەرنوسەری ئێستای کوردستانی نوێ کێیە؟

Metals like copper conduct electrical current well.

کانزاکانی وەك مس، تەزوی کارەبا بەباشی دەگەیەنێت.

4831 The smallest dinosaur ever discovered is only 16 inches long.

بچوکترین دەیناسور کە تائێستا دۆزراوەتەوە، درێژییەکەی تەنها 16 ئینجە (نزیکەی 40سم و نیو).

Naegleriasis is a near-fatal disease caused by a small amoeba. It is quite rare but out of 450 cases in the last 60 years, only 7 have survived. It is essentially a brain-eating amoeba that is transmitted via contaminated water.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**tub (تەب) مانای تەشتە، هەمیش بەلەمە**[4832]

.2047 **great (گرەیت) گەورەیە، هەروەها مەزن**[4833]

**stepmother (ستێپمەذە) ژنباب، واتە باوەژن**[4834]

.2048 **kid (کید) گاڵتەدەکا، منداڵ و "کار"ە**[4835]

---

نەخۆشییەك هەیە بەناوی هەوکردنی ئەمیبی سەرەکیی پەردەکانی دەماخ و مێشك کە تاڕادەیەکی زۆر کوشندەیە. هۆکاری ئەم نەخۆشییە هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە ئەمیبایەکی بچوکە. نەخۆشییەکە تاڕادەیەکی زۆر دەگمەنە بەڵام کێشەکە لەکوشندەییەکەیدایە. لەکۆی ئەو 450 حاڵەتی توشبونەی لەماوەی 60 ساڵی رابردودا رویداوە، تەنها حەوت کەسیان عومری درێژیان بۆ تۆ جێنەهێشتووە. هۆکاری مردنەکە ئەمیبایەکی دەماخخۆرە کە لەرێگەی ئاوی پیسەوە دەگوازرێتەوە.

Only a small number of people were affected.

تەنها ژمارەیەکی کەم خەڵك توشبون.

[4832] دوان لەماناکانی بەلەم و تەشتن. بەلەمی کۆن کە هێواش دەڕوات. مانای دووەمیان نارەسمییە.

Your tub is vey heavy.

تەشتەکەتان زۆر قورسە.

That tub doesn’t reach the coast.

ئەو بەلەمە ناگاتە کەنارەکە.

[4833] That is a great mountain.

ئەوە شاخێکی گەورەیە.

Piramerd is a great poet.

پیرەمێرد شاعیرێکی مەزنە.

[4834] Dreaming stepmother indicates that the dreamer will get to know that one of his/her friends or someone in his/her family is ill or is dead

بینینی باوەژن لەخەودا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەوبینەکە هەواڵی ئەوەی پێدەگات کە یەکێك لەهاورێکانی یان ئەندامێکی خێزانەکەی نەخۆشە یان مردووە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**railroad (ڕەیلڕەود) مانای هێڵی قیتارە**[4836]

[2049]. **unfold (ئەنفەوڵد) بەمانای بڵاودەکاتۆ**[4837]

**child (چایڵد) منداڵە، children (چیڵدرەن)یش، بەکۆ**[4838]

---

[4835] واتە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە.

گاڵتەدەکا= گاڵتەدەکات.

The kid is more pretty than the goat.

کار لەبزن جوانترە.

I have only a child.

تەنها یەك منداڵم هەیە.

He took the kids to the park.

ئەو منداڵەکانی برد بۆ پارکەکە.

Don’t get mad – I was only kidding.

شێت مەبە، تەنها گاڵتەمکردو هیچی تر. واتە بەڕاستم نەبوو.

[4836] هێڵی قیتار= هێڵی شەمەندۆفێر.

There’s no any railroad in Kurdistan Region.

هەرێمی کوردستان هیچ هێڵێکی شەمەندۆفێری تێدا نیە.

[4837] بڵاودەکاتۆ= بڵاودەکاتەوە.

He unfolded the map.

نەخشەکەی بڵاوکردەوە.

[4838] بێگومان مەخسەوی شەریفم لەم نیوەبەیتە ئەمەیە: وشەی child بەمانای منداڵ دێت، وشەی childrenیش بەهەمان شێوە منداڵە، بەڵام کۆیە نەك تاك، واتە بەمانای منداڵان دێت.

I have only a child.

تەنها یەك منداڵم هەیە.

The children are playing outside.

منداڵەکان لەدەرەوە یاریدەکەن.

The war has left thousands of children as orphans.

جەنگەکە هەزاران منداڵی بە هەتیوی جێهێشت.

In 2019, 1.2 million children fell ill with TB globally. Child and adolescent TB is often overlooked by health providers and can be difficult to diagnose and treat.

تەنها لەساڵی 2019 یەك ملیۆن و 200 هەزار منداڵ، لەجیهاندا توشی نەخۆشیی سیل بون. زۆرجار دابینکارانی ڕاژەی تەندروستی، سیلی منداڵ و نەوجەوانان، پشتگوێ دەخەن. دیاریکردن و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە لەم دوو توێژەدا شتێکی ئاسان نیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.2050 headache (هێدەیك) ژانەسەر[4839]، backache (باكەیك) پشتئێشە[4840]**

**problem (پرۆبلەم) هاوكێشە، هەروەها كێشە[4841]**

**.2051 saucer (سۆوسە) ژێرپیاڵە[4842]، sauce (سۆوس) بەمانای ساس[4843]**

**ringer (رینگە) بە واتای قاریعی ئەجراس[4844]**

**.2052 heaviness (هێڤینەس) قورسی[4845]، heavy (هێڤی) واتە قورس[4846]**

---

[4839] ژانەسەر= سەرئێشە. لەهەردوو وشەی head "سەر"و ache "ئازار" پێكهاتووە.

Only one child in 40,000 is found to have a brain tumor causing the headache.

لەكۆی 40 هەزار منداڵ، دەركەوتووە تەنها یەكێكیان لویەكی مێشكی هەبووە كە سەرئێشەی دروستكردووە.

[4840] لەهەردوو وشەی back "پشت"و ache "ئازار" پێكهاتووە.

I suffer from a severe backache.

من بە دەست پشتئێشەیەكی توندەوە دەناڵێنم.

[4841] وشەی troubleیش بەمانای كێشە دێت.

She gave us 20 mathematical problems to solve.

ئەو بیست هاوكێشەی بیركاری پێداین بۆ ئەوەی شیكاریان بكەین.

Don’t solve your emotional problems by eating more.

كێشە سۆزدارییەكانت بە خواردنی زۆرتر، چارەسەر مەكە.

Love is the answer to all of life’s troubles.

خۆشەویستی وەڵامی سەرجەم كێشەكانی ژیانە.

[4842] لەشێوەزاری ئەمەریكیدا بە (ساسە"ر") دەخوێنرێتەوە.

I spilled some tea into my saucer.

هەندێك چام كردە ناو ژێرپیاڵەكەم.

[4843] برادەرانی ئەمەریكا بە ساس گۆیدەكەن.

I bought a sweet sauce.

ساسێكی شیرینم كری.

[4844] قاریعی ئەجراس= (ع: قارع الأجراس)= زەنگلێدەر.

The doorbell ringer turned out to be my aunt.

دەركەوت كە زەنگلێدەری دەرگاكە پورمە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**issue (ئیشوو) دەردەکا، ئەنجام، کێشە، پرس**[4847]

[2053]. **detachment (دیتاچمەنت) چیە؟ واتە کەتیبە**[4848]

**doctor (دۆکتە) دکتۆرو یوخسی، تەبیبە**[4849]

---

4845 I felt the heaviness of the wet blanket.

هەستم بە قورسیی بەتانیەکە کرد.

4846 Bend your knees when lifting heavy objects.

لەکاتی بەرزکردنەوەی شتگەلی قورسدا، ئەژنۆت بچەمێنەرەوە.

The heaviest human ever recorded was Jon Brower Minnoch (1941-1983) from the United States. At his peak, he weighed approximately 1,400 pounds (635 kilograms).

قورسترین مرۆڤ لەمێژودا برادەرێك بووە بەناوی جۆن برۆوەر مینۆچ کە خەڵکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بووە. کێشی ئەم برادەرە لەکاتی ئەوپەڕی زۆریدا گەیشتووەتە نزیکەی 635 کیلۆگرام. مینۆچ لە 1941 لەدایکبووەو لە 1983 عومری درێژی بۆ تۆ جێهێشتووە.

4847 وەك کار بەمانای دەردەکاو وەك ناو بەمانای ئەنجام وکێشەو پرس (قەزیە، دۆز) دێت.

دەردەکا= دەرکات.

The office issues permits on Tuesday and Thursday mornings.

نوسینگەکە بەیانیانی سێشەممەو پێنجشەممە ڕێپێدان دەردەکات.

The issue of the argument wasn't positive.

ئەنجامی گفتوگۆکە ئەرێنی نەبوو.

Don't worry about who will do it - that's just a side issue.

نیگەران مەبە سەبارەت بەوەی کە کێ ئەو شتە دەکات، ئەوە جگە لەکێشەیەکی لاوەکی، هیچی تر نیە.

On the issue of education the party is united.

لەسەر پرسی پەروەردە، حزبەکە یەکگرتووە. واتە لەو مەسەلەیەدا بۆچونی جیاوازی تێدا نیە.

4848 کەتیبەی سەربازی نەك هی دەرگاو پەنجەرە!

A military detachment was sent to the area.

کەتیبەیەکی سەربازی نێردرا بۆ ناوچەکە.

4849 برادەرانی ئەمەریکا بە داکتە"ر" گۆیدەکەن. وەك ناو بەمانای دکتۆرو تەبییش دێت. تەبیب= (ع: طبیب)= پزیشك. واتە بەمانای دکتور (هەڵگری بڕوانامەی دکتورا)و پزیشکیش دێت. وەك کورتکراوەش زۆرجار dr لەبری بەکاردەهێنرێت لەنوسیندا.

وەك کاریش یەکێك لەماناکانی "یوخسی"یە. یوخسی= (ع: يخصي)= دەخەسێنێت. بەڵام بەمانای خەساندنی گیاندار دێت نەك هی مرۆڤ.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

**.2054 parent (پێرنت) داك یا باب[4850]، son (سەن) کوڕو رۆڵە[4851]**

**empty (ئێمپتی) برسی، خاڵی، هەم چۆڵە[4852]**

---

Today, Doctor Karzan will present a lecture about economy.

ئەمرۆ دکتۆر کارزان موحازەریەك سەبارەت بە ئابوری پێشکەش دەکات.

It is possible to only have high blood pressure in the doctor's office and it is called "White Coat Syndrome".

ئەگەری ئەوە هەیە کەسێك تەنها لەنوسینگەی پزیشك فشاری خوێنی بەرز بێت، ئەم حاڵەتە پێیدەووترێت سیندرۆمی چاکەتسپی.

You have to doctor your cat.

پێویستە پشیلەکەت بخەسێنیت.

[4850] داك= دایك. باب= باوك. ئەم وشەیە وەك تاك بەمانای دایك یان باوك دێت و بە کۆش (parents) بەمانای دایك و باوك دێت.

Tutankhamun's parents were brother and sister.

دایك و باوکی توت عەنج ئامون کە یەکێکە لەفیرعەونە بەناوبانگەکانی میسری دێرین، خوشك و برا بوون.

You are a successful parent.

تۆ دایك (یان باوك بەپێی سیاقی قسەکە)ی سەرکەوتویت.

[4851] هەروەك وشەی sun دەخوێنرێتەوە کە بەمانای خۆر دێت.

Her son Karzan was born in 1983.

کارزانی کوڕی، ساڵی 1983 لەدایکبووە.

What's your name, son?

رۆڵە، تۆ ناوت چیە؟

[4852] هەروەها وشەی vacant (ڤەیکنت)یش بەمانای چۆڵ دێت.

Her husband is more fierce than empty tigers.

مێردەکەی لەپڵنگی برسی شەڕانیترە.

Don't eat bananas on an empty stomach; combining them with a bit of protein will help to normalize the insulin response caused by the sugar in the banana.

مۆز بە سکی خاڵی مەخۆ، تێکەڵکردنی لەگەڵ کەمێك پرۆتین یارمەتی ئاساییکردنەوەی وەڵامدانەوەی ئەو ئینسۆلینە دەدات کە لەئەنجامی شەکری ناو مۆزەکە دروستبووە.

I need an empty house to hire.

پێویستم بە خانویەکی چۆڵ هەیە بەکرێی بگرم.

The hospital has no vacant beds.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.2055 **peril (پێرەڵ) خەتەرە، واتە danger (دەینجە)**[4853]

**tacky (تاکی) ئاوەڵناو، ماناکەی لینجە**[4854]

.2056 **hard (هاد) دژوار، پتەو، خراپ، هەم رەقە**[4855]

**stork (ستۆوْك) بەمانای حاجی لەقلەقە**[4856]

.2057 **travel (چراڤڵ) گەشتدەکا، هەروەها یەمشی**[4857]

**zebra (زێبرە) مانای کەر، بەڵام هی وەحشی**[4858]

---

نەخۆشخانەکە تەختی چۆڵی نیە. واتە هەموو بێدەکانی نەخۆشیان تێدایە.

4853 هەردوکیان بەمانای خەتەر (مەترسی) دێن، بەڵام وشەی دووەمیان مەترسییەکەی گەورەترە.

"Never was anything great achieved without danger." - Nicolas Chamfort

هەرگیز هیچ شتێکی مەزن بەبێ مەترسی بەدەست نەهێنراوە.

They put their own lives in peril to rescue their friends.

ژیانی خۆیان خستە مەترسییەوە بۆ رزگارکردنی هاورێکانیان.

4854 The paint’s still slightly tacky.

تائێستا بۆیاخەکە کەمێك لینجە.

4855 I had hard luck.

بەختێکی خراپم هەبوو.

Diamonds are the hardest natural substance.

رەقترین ماددەی سروشتی ئەڵماسە.

We live in a hard situation.

لەدۆخێکی دژواردا دەژین.

Heating the clay makes it hard.

گەرمکردنی قور، پتەوی دەکات.

4856 Storks nest in trees.

حاجی لەقلەق هێلانە لەناو درەخت دروستدەکات.

4857 گەشتدەکا= گەشتدەکات.

یەمشی= (ع: يمشي)= دەروات.

It costs less if you travel at the weekend.

ئەگەر لەپشوی کۆتایی هەفتەدا گەشت بکەیت، کەمتری تێدەچێت.

The fastest elevator in the world is located in the Shanghai Tower: it travels at 65 km/h to reach the 118th floor in 55 seconds.

خێراترین ئاسانسوار لەجیهاندا لەناو تاوەری شەنگەهایدایە. ئەم ئاسانسوارە بە خێرایی 65 کیلۆمەتر لەسەعاتێکدا دەڕوات و لەماوەی 55 چرکەدا دەگاتە نهۆمی 118هەم.

4858 بەمانای کەری وەحشی دێت. کەری وەحشی= کەری کێوی.

Zebras can sleep standing up.

کەری کێوی دەتوانێت بەپێوە بخەوێت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**.2058 dash (داش) مانای داشە، هەمیش رادەکات**[4859]

**match (ماچ) شقارتەیە، لەگەڵ موبارات**[4860]

**.2059 turn (تێین) یەلتەفیت، لۆفە، هەم "سەرە"**[4861]

**round trip (راونتریپ) واتە گەشتی دوسەرە**[4862]

**.2060 hardy (هادی) ئاوەڵناو، مانای بەهێزە**[4863]

**table (تەیبڵ) خشتەیە، هەروەها مێزە**[4864]

---

4859 دوان لەگرنگترین ماناکانی داش (–)و (رادەکا)یە. رادەکا= رادەکات.

Please put a dash in a suitablie place of the sentence.

تکایە داشێك لەشوێنێکی گونجاوی رستەکە، دابنێ.

He dashed after his father.

رایکرد بەدوای باوکیدا.

4860 موبارات= (ع: مبارات)= یاریی وەرزشیی پشبڕکێئامێز.

We won the match.

یارییەکەمان بردەوە.

I bought a box of matches yesterday.

دوێنێ قوتویەك شقارتەم کڕی.

4861 یەلتەفیت= (ع: یلتفت)= ئاوڕدەداتەوە.

سەرە= نۆرە

The mugger turned and fled before I could see his face.

پێش ئەوەی بتوانم دەموچاوی ببینم، دزەکە ئاوڕیدایەوەو هەڵهات.

Slow down the speed in the turn.

لەلۆفەکەدا خێرایی کەمبکەرەوە.

It's your turn to do the dishes!

سەرەی تویە کە قاپ و قاچاخەکان بشۆیت.

4862 گەشتی دوسەرە= گەشتی چون و گەڕانەوە.

My round trip takes three hours.

گەشتە دوسەرەکەم سێ سەعات دەخایەنێت.

4863 Camels are hardy creatures.

حوشتر بونەوەرێکی بەهێزە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.2061 trench (ترێنچ) سەنگەرە، هەروەها چاڵە[4865]

polio (پەولیەو) شەلەل، هینی ئەتفالە[4866]

.2062 coup (کوو) کودەتایە، واتە ئینقیلاب[4867]

abnormality (ئەبنۆماڵەتی) مانای ئیزتیراب[4868]

.2063 gland (گلاند) غوددەیە، بەکوردی رژێن[4869]

---

4864 تەیبڵ. بەمانای خشتە "جەدۆل"و مێزیش دێت.

The table below shows the results of the experiment.

خشتەکەی خوارەوە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە پیشاندەدات.

The food was served on long tables.

خواردنەکە لەسەر مێزی درێژ پێشکەشکرا.

4865 بەمانای سەنگەرو چاڵ (ی درێژو تەسك)یش دێت.

The soldier went directly to the trenches.

سەربازەکە راستەوخۆ چوو بۆ سەنگەرەکان.

The workers dug a trench for gas lines.

کرێکارەکان چاڵێکیان بۆ هێڵەکانی گاز هەڵکەند.

4866 بەمانای شەلەلی ئەتفال دێت.

شەلەلی ئەتفال= (ع: شلل الأطفال)= ئیفلیجیی منداڵ: جۆرە نەخۆشییەکە.

The ministry of health will start a polio vaccination programme, next month.

مانگی داهاتوو وەزارەتی تەندروستی بەرنامەیەکی کوتانی تایبەت بە ئیفلیجیی منداڵ، دەستپێدەکات.

4867 کودەتا= (ع: انقلاب)

The president fears a military coup.

سەرۆك لەکودەتای سەربازی دەترسێت.

4868 ئیزتیراب= (ع: اضطراب)= تێکچون.

An increasing number of tests are available for detecting foetal abnormalities.

ژمارەیەکی زۆر پشکنین بەردەستە بەمەبەستی ئاشکراکردنی تێکچونگەلی پەیوەست بە کۆرپە.

4869 چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەڵام برادەرانی ئەمەریکا بە گلاند گۆیدەکەن.

Exercise increases efficiency of your sweat glands.

وەرزشکردن چوستیی رژێنەکانی عارەق زیاتردەکات.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

grill (گریڵ) "یەشوی"یە، هەروەها برژێن[4870]

.2064 seem (سیپم) مانای دیارە، کەواتە یەبدو[4871]

fossil (فۆوسڵ) موتەحەجیر، مانای بەبەردبوو[4872]

.2065 brawny (برۆونی) بەمانای بەهێزو زلە[4873]

slack (سلاك) لەگەڵ loose (لووس) هەردوکیان "شل"ە[4874]

.2066 roofless (رووفلەس) ئاوەڵناو، مانای بێسەقفە[4875]

golfer (گۆڵفە) بەواتای لاعیبی گۆڵفە[4876]

---

[4870] یەشوی= دەبرژێنێت.

برژێن: ئەو رووە کانزاییەی سەر فڕن یان هەر ئامێرێکی تری لێنان، کە لەرێگەی گەرمبونییەوە، خۆراکەکەی سەری دەبرژێنرێت یان لێدەنرێت.

هەروەها broilerیش بەمانای برژێن دێت.

My dad is grilling chicken in the back yard.

باوکم لەحەوشەی پشتەوە، گۆشتی مریشك دەبرژێنێت.(تەبعەن بێئێوە ناخۆش!).

Put the fish on the grill.

ماسییەکە بخەرەسەر برژێنەکە.

Cooking this will take 10 to 15 minutes in the broiler.

لێنانی ئەمە 10 تا 15 خولەکی پێویستە لەناو برژێنەکەدا.

[4871] یەبدو= (ع: یبدو)= دیارە.

It seems that the bars close early here.

دیارە بارەکانی ئێرە زوو دایدەخەن.

[4872] موتەحەجیر= (ع: مُتَحَجِّر)= بەبەردبوو.

The oldest fossils on earth date back to 400 million years ago.

کۆنترین بەبەردبووەکان، مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ 400 ملیۆن ساڵ لەمەوبەر.

[4873] His brawny arms frightened the child.

قۆڵە بەهێزو زلەکانی منداڵەکەی تۆقاند.

[4874] کەواتە وشەی سلاك کە لەزمانی کوردیدا بەکاری دەهێنین، (بۆ نمونە دەڵێین برغۆکە سلاك بووە)، لەبنەڕتدا ئینگلیزییە.

These tent ropes are too slack - they need tightening.

ئەم گوریسانەی چادرەکە زۆر شلن، پێویستیان بە توندکردنەوە هەیە.

There were some loose wires hanging out of the wall.

چەند وایەرێکی شل لەدەرەوەی دیوارەکە هەڵواسرابون.

[4875] بێسەقف= بێبنمیچ.

After the accident I saw a roofless church.

پاش روداوەکە، کڵێسەیەکی بێبنمیچم بینی.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2067. **style (ستایڵ) ئوسلوب، بەکوردی شێواز**4877
**feat دەسکەوتە، کەواتە ئینجاز**4878
2068. **symbol (سیمبڵ) سیمبولە، کەواتە ڕەمزە**4879
**وشەی debt (دێت)و loan (لەون) هەردوکیان قەرزە**4880
2069. **twelve (تویڵڤ) دوانزەیە**4881**، eleven (ئیلێڤن) دەعەش**4882
**black market (بلاك ماكیت)ە بازاڕ، هینی ڕەش**4883
2070. **temblor (تیمبڵە) چیە؟ زەمینلەرزە**4884
**fissure (فیشە) مانای شەق، بەکوردی درزە**4885

---

4876 لاعیبی گۆڵف= یاریزانی گۆڵف.

A good golfer needs patience and skill.

یاریزانی باشی گۆڵف پێویستی بە ئارامگرتن و كارامەیی هەیە.

4877 Most of her films have a documentary style.

زۆربەی فیلمەكانی شێوازێكی بەڵگەنامەییان هەیە.

4878 بەدیاریكراوی بەمانای دەسكەوتی گەورە دێت.

The Eiffel Tower is a remarkable feat of engineering.

تاوەری ئیفل دەسكەوتێكی بەرچاوە لەبواری ئەندازیاریدا.

4879 A heart shape is the symbol of love.

شێوەی دڵ، ڕەمزە بۆ خۆشەویستی.

4880 سەرنجبدە وشەی debtەكە، پیتی بییەكەی، ناخوێنرێتەوە.

The national debt of America goes up by a shocking 3 million dollars every minute.

هەموو خولەكێك (خولەك نەك سەعات و ڕۆژ!!!) قەرزی نیشتمانیی ئەمەریكا سێ ملیۆن دۆلار واتە 300 دەفتەری ناسك زیاددەكات، بەڵام سەرباری ئەوەش، فیلی ساحەكەیەو كەس ناتوانێت شان با لەشانی!

She's working in a centre to try to pay off her debts.

لەهەوڵێكدا بۆ دانەوەی قەرزەكانی، ئەو لەسەنتەرێك كاردەكات.

The loan must be repaid within a specified period.

پێویستە قەرزەكە لەماوەیەكی دیاریكراودا، بدرێتەوە.

4881 There are twelve months in a year.

ساڵێك لە 12 مانگ پێكدێت.

4882 دەعەش= (ع: دعش)= یانزە= یازدە.

There are eleven girls in my class and ten boys.

پۆلەكەم 11 كچ و 10 كوڕی تێدایە.

4883 بەمانای بازاڕی ڕەش دێت.

They bought the medicine on the black market.

دەرمانەكەیان لەبازاڕی ڕەشدا كڕی.

4884 The temblor woke everyone in the house.

زەمینلەرزەكە هەموو ئەو كەسانەی خەبەركردەوە كە لەخانووەكەدا بوون.

4885 شەق= (ع: شقّ)= درز.



**بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

2071. agency (ئەیجنسی) ئاژانس، واتە وەکالە[4886]

scut (سکەت) بەمانای کلکی غەزالە[4887]

2072. magnet (ماگنەت) موگناتیس، سەرنجڕاکێشە[4888]

trouble (ترەبڵ) موشکیلە، کەواتە کێشە[4889]

2073. eager (ئییگە) موشتاقە، واتە پەرۆشە[4890]

tangy (تانگی) ئاوەڵناو، مانای مێخۆشە[4891]

2074. angle (ئاننگڵ) گۆشەیە[4892]، angel (ئەینجل) پەری[4893]

bully (بولی) نایابە، لەگەڵ سەرسەری[4894]

---

The old tree had a wide fissure in its trunk.

درزێکی فراوان لەقەدی درەختە پیرەکەدا هەبوو.

4886 She works for a travel agency.

کار بۆ ئاژانسێکی گەشتیاری دەکات.

4887 کلکی غەزال= کلکی ئاسك.

We saw the deer's brown scut disappear into the woods.

بینیم کلکە قاوەییەکەی ئاسکەکە لەناو دارەکاندا ونبوو.

4888 A magnet has a north pole and a south pole.

موگناتیس جەمسەری باکورو باشوری هەیە.

Flowers are a magnet for bees.

گوڵ بۆ هەنگ سەرنجڕاکێشە. واتە یەکێکە لەشتە سەرنجڕاکێشەکانی هەنگ.

4889 Love is the answer to all of life's troubles.

خۆشەویستی وەڵامی سەرجەم کێشەکانی ژیانە.

4890 The children were very eager to open their presents.

منداڵەکان زۆر پەرۆش بون بۆ کردنەوەی دیارییەکانیان.

4891 The lemonade was tangy.

لیمۆکە مێخۆش بوو.

4892 Can you find the angles of the triangle without a ruler.

دەتوانیت بەبێ راستە، گۆشەکانی سێگۆشەکە بدۆزیتەوە؟

4893 پەری= فریشتە. سەرنج بدە ئەم دوو وشەیەی ئەم نیوە بەیتە لەڕوی فۆرمەوە تەنها دوو پیتی کۆتاییان جێگۆڕکێ کراوە. بەڵام لەڕوی ماناو گۆکردنەوە، ئەرزو ئاسمانیان فەرقە.

Each of us has a pair of unseen angels on the shoulder.

هەر یەکێك لەئێمە جوتێك پەری نەبینراو لەسەر شانی هەیە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

.2075 **condition (کەندیشن) مەرج و نەخۆشی و دۆخە**[4895]

**peach (پییچ) ژنی زۆرجوان، هەروەها قۆخە**[4896]

.2076 **currency (کەڕنسی) عوملە، بەکوردی دراو** [4897]

**beach (بییچ) ساحیلە، واتە کەناراو**[4898]

.2077 **runt (ڕەەنت) قەزەمە، ئەی کورتەبنە**[4899]

---

[4894] سەرسەری= شەقاوە. بێگومان مەبەستم لەسەرسەری و شەقاوە، کەسی سەرسەری و شەقاوەیە.

It takes courage to confront a bully.

روبەڕوبونەوەی سەرسەری بوێری دەوێت.

He did a bully work.

کارێکی نایابی کرد.

[4895] مەرج= شەرت.

Darling, the love is conditions and promises. It’s moments of enjoyment, moments of crying.

ئازیز، دڵداری شەرت و پەیمانە. ساتێ شادییە، ساتێ گریانە.

People suffering from this condition should not smoke.

ئەو کەسانەی گیرۆدەی ئەم نەخۆشییەن نابێت جگەرەبکێشن.

A donkey is capable of hearing another donkey from a distance of 60 miles in proper desert conditions. This is possible because of their large ears.

کەر لەدۆخی گونجاوی بیاباندا، دەتوانێت سەرەی کەرێکی تر لەدوریی نزیکەی سەد کیلۆمەترەوە ببیستێت. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە گوێیان زۆر گەورەیە.

[4896] مانای یەکەمیان نافەرمییە.

سەرنجبدە ئەم وشەیە لەگەڵ وشەی beach لەڕوی پێکهاتەوە تەنها پیتی یەکەمیان جیاوازەو لەڕوی گۆکردنیشەوە یەك كێشیان هەیە.

Peach tea is used as a kidney cleanser in China.

لە چین، چای قۆخ وەك پاككەرەوەی گورچیلە بەكاردەهێنرێت.

He couldn't take his eyes off the peach who had just walked into the room.

نەیتوانی چاوی بگرێ لەبەرامبەر ئەو ژنە زۆر جوانەی ئێستا چووە ژورەكە.

[4897] The local currency is the Swiss franc.

دراوی ناوخۆ فرانكی سویسرییە.

[4898] ساحیل= (ع:ساحل)= كەناراو: كەناری ئاو، وەك كەناری دەریا یان روبار.

A 2-headed dolphin was discovered on a beach in Turkey in 2014.

ساڵی 2014، دۆلفینێكی دوسەر لەكاناراوێكی توركیا دۆزرایەوە.



بۆ كڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم كتێبەو ریكلامكردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**female (فیمەیڵ) ئیمرەئە، بەکوردی ژنە**[4900]

.2078 **magnetic (ماگ.نێتیك) جەززاب، موگناتیزییە**[4901]

**landmine (لاندماین) واتە مین، بەڵام ئەرزییە**[4902]

.2079 **paste (پەیست) پەیستەکا، هەروەها مەعجون**[4903]

**puberty (پیووبەتی) مانای سیننی باڵقبون**[4904]

.2080 **shell (شێل) توێکڵە، هەمیش هاوەنە**[4905]

---

[4899] The bully called him a runt.

شەقاوەکە پێیوت قەزەم.

[4900] بێگومان بەمانای مێ و مێینەش دێت. ئەگەر وابزانیت ئەم وشەیە تەنها بەمانای مێ و مێینە دێت و بەمانای ژن نایەت، ئەوا دیارە گا بە گونا دەناسیتەوە!

ئیمرەئە= (ع: إمرأة)= ژن: ژن بەمانای فراوانەکەی تەنها بەمانای مێینەی شوکردوو.

She was the first female to become President.

یەکەم ژن بووە کە بووە بە سەرۆك.

[4901] جەززاب= (ع: جذّاب)= سەرنجڕاکێش. لەم مانایەدا هاومانای attractiveە.

The new president of the party has a magnetic personality.

سەرۆکە نوێیەکەی حزب، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی هەیە.

Iron, steel, nickel, and cobalt are magnetic metals.

ئاسن، پۆڵا، نیکل و کۆباڵت کانزای موگناتیزین.

[4902] بەمانای مینی ئەرزی دێت. مینی ئەرزی= مینی زەمینی.

An estimated 80 million landmines are still buried worldwide.

ژمارەی ئەو مینە زەمینییانەی تائێستاش لەژێر زەویدا ماون لەجیهاندا، بە 80 ملیۆن دەخەمڵێنرێت.

[4903] مەعجون= دۆشاو، هەویر.

پەیستەکا= پەیستدەکات.

There is enough fluoride in a tube of toothpaste to kill a small child. Make sure you encourage your little one to spit out their paste after brushing.

هەر بۆکسێکی هەویری ددان، هێندە توخمی فلۆری تێدایە کە بەشی کوشتنی منداڵێك دەکات. بۆیە منداڵە بچوکەکەت هانبدە کە پاش دانشتن بە فڵچە، مەعجونەکە تفبکاتەوە.

Copy the text and paste it in a Word document.

تێکستەکە کۆپی بکەو لەفایلێکی وێرددا پەیستی بکە.

[4904] سیننی باڵقبون= تەمەنی باڵقبون.

At puberty, girls begin to menstruate.

لەتەمەنی باڵقبوندا کچان دەکەونە سوڕی مانگانە.

[4905] Never buy eggs with cracked shells.

هەرگیز هێلکەی توێکڵ درزبردوو مەکڕە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

خۆلادەدا لە، دەردەکا shun (شەن)ە[4906]

.2081 somersault (سەمەسۆڵت) تەقلە، بەناوو فەرمان[4907]

cooler (کووڵە"ر")و stir (ستێێ) هەردوکیان زیندان[4908]

.2082 election (ئیلێکشن) چیە؟ هەڵبژاردنە[4909]

leak (لیيك) ماناى كون، دزەكردنە[4910]

.2083 cool (کووڵ) فێنکییە، فێنك، ئارامە[4911]

---

A shell burst only yards away from us.

لەدوریی تەنها چەند یاردێك لەئێمەوە، هاوەنێك تەقییەوە.

4906 Shun fattening foods if you want to lose weight.

ئەگەر دەتەوێت کێشت دابەزێنیت، خۆت لەخواردنی چەور لابدە.

The community shunned the family after the scandal.

پاش ئابڕوچونەکە، کۆمەڵگەکە خێزانەکەی دەرکرد.

4907 وەك ناو بەماناى "تەقلە"و وەك فەرمان بەماناى "تەقلەلێدەدات"، دێت.

تەقلە= سەرمەقولات.

هەرچەند سەردێنم و سەردەبەم پێموایە "سەرمەقولات"ە کوردییەکەو "سەمەسۆڵت"ە ئینگلیزییەکە، یەکێکیان لەوى تریانەوە وەرگیرابێت چونکە لەیەکەوە نزیکن. ئینجاکونێ بۆیە هەر عەیبیشە لەمەودوا ماناى ئەم وشەیەت بیربچێتەوە.

Do you want to see me do a somersault?

دەتەوێت بمبینیت سەرمەقولاتێك لێبدەم؟

The acrobats somersaulted across the stage.

پاڵەوانەکان لەسەر شانۆکە تەقلەیان لێدا.

4908 He spent eight years in the cooler.

هەشت ساڵی لەزینداندا بەسەربرد.

Life in stir is a tragedy.

ژیان لەزیندان مەرگەساتە.

4909 The government is expected to call an election very soon.

چاوەڕواندەکرێت حکومەت بەمزوانە داواى هەڵبژاردن بکات.

4910 وەك ناو بەماناى کون (بەتایبەتى کونى بچوك) و دزەكردن دێت.

There is a leak in the ceiling.

بنمیچەکە کونێکی تێدایە.

The Justice Department was investigating security leaks.

وەزارەتی داد لێکۆڵینەوەی لەدزەکردنەکانی پەیوەست بە ئاسایش دەکرد.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

وشەی pyjamas (پیجامەز) قات و بیجامە[4912]

.2084 quiet (کوایەت) هادیئە، واتە هێمنە[4913]

ordeal (ئۆۆدیەڵ) بەڵا، کەواتە میحنە[4914]

.2085 hoodlum (هوودلەم) موجریمە، واتە تاوانکار[4915]

nurse (نێیس) مانای دایەن لەگەڵ پەرستار[4916]

---

[4911] فێنك: نه گەرم و نه سارد.

The best time to water your plants is during the cool of morning.

باشترین کات بۆ ئاودانی رووەکەکانت کاتی فێنکیی بەیانیانە.

It was a cool day.

رۆژێکی فێنك بوو.

She seemed cool and confident.

وا دەردەکەوێت کە کەسێکی هێمن و متمانەبەخۆیە.

[4912] . ناوێکی کۆیە.

My blue and white pyjamas are dirty.

قات و بیجامە شینەکەم پیسە.

[4913] She spoke in a quiet voice so as not to wake him.

بە دەنگێکی هێمن قسەیکرد بۆ ئەوەی خەبەری نەکاتەوە.

[4914] She was subjected to a terrible six-day ordeal.

توشی بەڵایەکی تۆقێنەر بوو کە شەش رۆژی خایاند.

[4915] بەتایبەت تاوانکارێك کە ئەندامی باندێکی تاوانکاری بێت.

He was a hoodlum but later left bad deeds.

ئەو تاوانکار بوو بەڵام دواتر وازی لەکاری خراپ هێنا.


بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

2086. hood (هود) بۆنیتە، هەروەها گەڕەك[4917]

mattress (ماتریس) حەشییە، بەکوردی دۆشەك[4918]

2087. home (هەوم) نیشتمانە، هەروەها ماڵە[4919]

crater (کرەیتە) حوفرە، بەکوردی چاڵە[4920]

2088. room (ڕووم) ژووری نوستن، هەروەها ژورە[4921]

---

[4916] In 1986, nurse Sandra Clarke could not stay with a patient who asked her to stay. When she returned, the patient had died alone. In 2001, she was a key in starting No One Dies Alone, a program where volunteers sit with terminal patients who have no one else. The program is now world-wide.

لەساڵی 1986 نەخۆشێك داوای لەپەرستارێك بەناوی ساندرا کلارك کرد لەلای بمێنێتەوە بەڵام ئەم نەیتوانی لەلای بمێنێتەوە. دواتر پاش ئەوەی گەڕایەوە بۆلای بینی کە نەخۆشەکە بەتەنهاو بەبێکەسی مردووە . "ئەم ڕوداوە زۆر کاریکردە سەر ئەم پەرستارە بۆیە " لەساڵی 2001 بووە کارەکتەرێکی سەرەکی لەدەستپێکردنی پرۆگرامێکی پەیوەندیدار بەناوی "هیچ کەسێك بەتەنها نامرێت". لەڕێگەی ئەم بەرنامەیەوە کەسانی خۆبەخش بەدیار ئەو نەخۆشانەوە دەمێننەوە کە نەخۆشی کوشندەیان هەیەو هیچ کەسێکیان نیە بەدیاریانەوە. ئێستا ئەم بەرنامەیە سەرتاسەری جیهانی گرتووەتەوە.

Sometimes babies love their nurses more than mothers.

هەندێجار مناڵان دایەنەکیان لەدایکیان خۆشتر دەوێت.

[4917] بەمانای بۆنیت "ی سەیارە"و گەڕەك دێت. بەنیسبەت مانای دووەمەوە، دیارە ئەم وشەیە هەر neighborhoodەکەیە بەڵام لەشێوەقسەکردنی جڵفە واتە سلانگدا بەشی پێشەوەیان لێکردووەتەوە. وەك چۆن لای خۆمان حەمەڕەشی دەکەن بە ڕەشە!!!

Can you raise your car’s hood pleas?

زەحمەت نەبێ دەتوانیت بۆنیتی سەیارەکەت بەرزبکەیتەوە؟

She lives in a wealthy hood of Slemany.

ئەو لەگەڕەکێکی دەوڵەمەندی سلێمانی دەژی.

[4918] The mattress is too heavy to carry alone.

دۆشەکەکە زۆر قورسە بۆ هەڵگرتن بە تەنها کەسێك.

[4919] I tried to call him, but he wasn't at home.

هەوڵمدا تەلەفۆنی بۆ بکەم، بەڵام لەماڵ نەبوو.

My home is Kurdistan.

نیشتمانی من کوردستانە.

[4920] With a good telescope, you can see craters on the moon.

بە تێلێسکۆپێکی باش، دەتوانیت چاڵی سەر مانگ ببینیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**bra (برا) ستیانە[4922]، skirt (سکێیت) تەنورە[4923]**

.2089 **chamber (چەیمبە) غورفە، بەکوردی ژورە[4924]**

**faucet (فۆسیت) لەگەڵ tap (تاپ) هەردوو سونبورە[4925]**

.2090 **black (بلاك) رەشپێستە، هەمیش ئەسوەدە[4926]**

---

[4921] بەمانای ژور بەگشتی و ژوری نوستنیش دێت.

Our main room is very large.

ژورە سەرەکییەکەمان زۆر گەورەیە.

Go tidy your room, or you can't watch TV tonight.

بڕۆ ژوری نوستنەکەت رێکبخە، ئەگینا ئەمشەو سەیری تەلەفزیۆن ناکەیت.

[4922] What size bra do you wear?

ستیانی قەبارە چەند لەبەردەکەیت؟

Four hundred underwear-related injuries are recorded in Britain every year. In 1999, two women were killed in London when a massive bolt of lightning hit the metal underwiring in one of their bras and acted as a conductor.

هەموو ساڵێك لەو بریتانیایەی لای خۆمان، چوار سەد حاڵەتی بریندار‌بونی پەیوەند بە جلوبەرگی ژێرەوە رودەدات. لەساڵی 1999ش، لەو لەندەنەی لای خۆمان، دوو خانم پاش ئەوەی تەوژمێکی توندی هەوربروسکە دای لەتەلی ناو ستیانەکەیان، ئەو تەلە رۆڵی گەیەنەری کارەبای بینی بۆ جەستەیان و بەو هۆیەوە عومری درێژیان بۆ تو جێهێشت.

[4923] She wore a white blouse and a plain black skirt.

ئەو بلوسێکی سپی و تەنورەیەکی رەشی سادەی لەبەرکرد.

[4924] The meeting chamber was very nice.

ژوری کۆبونەوەکە زۆر جوان بوو.

[4925] سونبور= (ع: صُنْبور)= بەلۆعە.

I turned on the kitchen faucet to wash the dishes.

بەلۆعەی چێشتخانەکەم کردەوە بۆ ئەوەی قاپەکان بشۆم.

The bathroom tap has a small drip.

بەلۆعەی حەمامەکە دڵۆپەیەکی بچوك دەکات.

[4926] ئەسوەد= (ع: أسود)= رەش.

He bought an expensive black jacket.

چاکەتێکی رەشی گرانی کڕی.

You can't see a black cat in a dark room.

ناتوانیت لەژوری تاریکدا پشیلەی رەش ببینیت.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

gastric ulcer (گاستریك ئەڵسە) قورحە، هی گەدە[4927]

[2091]. yellow (یَلەو) ئەسفەرە، کەواتە زەردە[4928]

stone (ستەون) یەرجومو، هەروەها بەردە[4929]

[2092]. perception (پەسێپشن) مانای هەستپێکردنە[4930]

allocation (ئالەکەیشن)ە دابەشکردنە[4931]

[2093]. mucus (میووکەس) چڵم، کەواتە موخات[4932]

---

He had a black mother and a white father.

ئەو دایکێکی رەشپێست و باوکێکی سپیپێستی هەبوو.

[4927] بەمانای قورحەی گەدە دێت کە نەخۆشییەکی باوە.

She was diagnosed with a gastric ulcer after complaining of persistent stomach pain.

پاش سکاڵاکردنی لەئازارێکی بەردەوام لەسکیدا، توشبونی بە قورحەی گەدە، دەستنیشانکرا.

Stress doesn't cause gastric ulcers.

فشاری دەرونی نابێتەهۆی توشبون بە قورحەی گەدە.

It is estimated that 75% of people with gastric ulcers don't experience any symptoms.

بەگوێرەی خەمڵاندنەکان، لەسەدا 75ی ئەو کەسانەی قورحەی گەدەیان هەیە، هەست بە هیچ نیشانەیەك ناکەن.

[4928] I don't wear yellow shirts.

کراسی زەرد لەبەرناکەم.

The World Health Organization (WHO) estimates there are roughly 200,000 cases of yellow fever globally each year.

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ژمارەی ئەو کەسانەی ساڵانە توشی نەخۆشی تای زەرد دەبن لەجیهاندا بە نزیکەی 200 هەزار کەس دەخەمڵێنێت.

[4929] یەرجومو= (ع: یَرجُمُ)= بەردباراندەکات.

The statue was carved out of stone.

پەیکەرەکە لەبەرد داتاشرابوو.

Possible causes of kidney stones include drinking too little water, exercise (too much or too little), obesity, weight loss surgery, or eating food with too much salt or sugar.

ئەو هۆکارانەی کە دەکرێ بەردی گورچیلە لەجیسمی شەریفتدا دروستبکەن بریتین لە: ئاوخواردنەوەی زۆر کەم، وەرزشکردنی زۆر زۆر یان زۆر کەم، قەڵەوی، نەشتەرگەریی دابەزاندنی کێش و خواردنی ئەو خۆراکانەی برێکی زۆر خوێ یان شەکریان تێدایە.

Rioters blocked the roads and stoned the vehicles.

ئاژاوەگێران رێگاکانیان داخست و ئۆتۆمبێلەکانیان بەردبانکرد.

[4930] هەستپێکردن= ئیدراك.

Azad's perception was altered by the alcohol he had drunk.

بەهۆی ئەو ئەلکهولەی خواردبویەوە، هەستپێکردنی ئازاد گۆڕابوو.

[4931] The city's new resource allocation plan was made public last week.

هەفتەی رابردوو پلانی نوێی دابەشکردنی داهات، ئاشکراکرا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

dunk (دەننك) پەغمیسو، ئەی نوقمدەکات[4933]

.2094 pet (پێت) زیندەوەری ماڵی، نەك کێوی[4934]

هەروەها "ماڵی"ش[4935]، fox (فۆکس)ە ڕێوی[4936]

.2095 fanciful (فانسیفڵ) وەهمی، واتە خەیاڵی[4937]

domestic (دەمێستیك) ناوخۆ، هەروەها ماڵی[4938]

.2096 gorge (گۆۆج) لەگەڵ throat (ثرەوت) هەردوکیان گەروو[4939]

---

[4932] This drug reduces mucus production.

ئەم دەرمانە ئاستی بەرهەمهێنانی چڵم دادەبەزێنێت.

[4933] She dunked a biscuit in her coffee.

پسکیتێکی لەناو قاوەکەیدا نقومکرد.

[4934] سەرنجبدە چۆن دەنوسرێت، ئاوهاش دەخوێنرێتەوە. بەمانای زیندەوەری ماڵی دێت.

They have several pets.

ئەوان چەند زیندەوەرێکی ماڵییان هەیە.

Americans spend more money on pets yearly than Germany spends on its entire defense budget.

ئەو پارەیەی ئەمەریکییەکان ساڵانە لەزیندەوەری ماڵیدا خەرجیدەکەن، لەکۆی تەواوی بودجەی بەرگریی ئەڵمانیا زیاترە.

[4935] واتە هەر وشەی pet وەك ئاوەڵناو بەمانای (ماڵی)ش دێت.

Theodore Roosevelt had a pet hyena, Its name was Bill, and it was a present from the Ethiopian emperor. Roosevelt was famous for his many pets, including a one-legged rooster, a badger, a pony, and a small bear.

دیارە تیۆدۆر ڕوزڤڵت کە یەکێکە لەدیارترین سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆر بەتاڵ بووە. ئەم برادەرە کەمتیارێکی ماڵی هەبوو کە ناوی بیڵ بوو. ئیمپراتۆری ئەسیوپیا بە دیاری پێشکەشی کردبوو. ڕەحمەتی بەوە بەناوبانگ بوو کە ژمارەیەکی زۆر زیندەوەری ماڵی هەبوو، لەوانە کەڵەشێرێکی یەکقاچ، چالگێك، ماینێکی قەزەم و ورچێکی بچوك.

[4936] 10,000 foxes live in London.

لەندەن دە هەزار ڕێوی تێدا دەژی.

A fox can run up to a speed of 30 miles an hour.

ڕێویش بەشی خۆی سەگە!
دەتوانێت بە خێرایی 30 میل لەسەعاتێکدا ڕابکات.

[4937] The movie is based on a fanciful story.

فیلمەکە لەچیرۆکێکی خەیاڵییەوە، وەرگیراوە.

[4938] US foreign and domestic policy isn’t clear.

سیاسەتی دەرەوەو ناوخۆی ئەمریکا، ڕون نیە.

The cat is a common domestic animal.

پشیلە ئاژەڵێکی ماڵیی بەربڵاوە.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

**nose (نەوز)و sneezer (سنییزە) بەمانای کەپوو**[4940]

[2097.] **uterus (یووترەس) لەگەڵ womb (ووم)، هەردوو منداڵدان**[4941]

**suffering (سەفەرینن) موعانات، بەکوردی کۆژان**[4942]

---

[4939] هەردوکیان بەمانای گەروو دێن. مەبەستمان لەوشەی گەروو لێرەدا، قورگە.

ئەگەر بەچاوی کەوانتەرکرینەوە لەوشەی gorgeو ئینگلیزی و "قورگ"ی کوردی وردبینەوە، رەنگە بگەینە ئەو بۆچونەی کە دەکرێ ئەم دوو وشەیە، یەکێکیان لەوی تریانەوە وەرگیرابێت.

There is a sharp ache in my gorge.

قورگم (گەرووم) ئازارێکی توندی تێدایە.

Onion is an immediate cure for fever, common cold, cough, sore throat, allergies, etc. A mixture of onion juice and honey can cure these problems easily.

پیاز چارەسەرێکی خێرایە بۆ تا، هەڵامەت، کۆکە، گەروی سوتاوە، چەند جۆرێك هەستیاری و هتد... تێکەڵەی شەربەتی پیازو هەنگوین دەکرێ بەئاسانی چارەسەری ئەم کێشانە بکات.

[4940] noise بەمانای کەپوو دێت بەگشتی، بەڵام sneezer تەنها بەمانای کەپووی مرۆڤ دێت نەك کەپووی زیندەوەرانی تر. بێگومان sneezer بەمانای کەسێکیش دێت کە بپژمێت، واتە بکەری sneeze. کەپوو= لوت.

She made plastic surgery on her nose to straighten it.

نەشتەرگەرییەکی جوانکاری کرد بۆ راستکردنەوەی لوتی.

Your thumb is the same length as your nose. true or false?

درێژیی پەنجەگەورەی دەستی شەریفت بەقەدەر درێژیی لوتتە. راستە یان هەڵەیە؟ راستە

Your ears and nose continue growing throughout your entire life.

گوێچکەو لوتی شەریفت بە درێژایی ژیانت لەگەشەکردن ناوەستن.

هەر بۆیە سەد رەحمەت لەپێشینان کە فەرمویانە: پیاو کە پیربوو لوتیشی زل دەبێت!

Your sneezer is very big.

لوتت زۆر گەورەیە.

[4941] هەردوکیان هاومانان و بەمانای منداڵدان دێن. سەرنجبدە پیتی bیەکە ناخوێنرێتەوە.

The uterus is shaped like an upside-down pear.

شێوەی منداڵدان لەهەرمێی هەڵگەڕاوە دەچێت.

My question is: How a mother’s health can affect the baby in the womb?

پرسیاری من ئەمەیە: چۆن تەندروستیی دایك دەتوانێت کاریگەری لەسەر منداڵ دروستبکات لەناو منداڵداندا.



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

[4942] کۆژان= موعانات= (ع: معاناة).

The suffering of the refugees after the war was very hard.

کۆژانی پەنابەرەکانی پاش جەنگ، زۆر سەخت بوو.



**بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984**

# دیارترین سەرچاوەکان


1. https://www.almaany.com/
2. https://dictionary.cambridge.org/dictionary/
3. https://www.ldoceonline.com/
4. www.thefreedictionary.com
5. www.onekind.org
6. www.factslides.com
7. www.boredpanda.com
8. www.lolwot.com
9. www.reddit.com
10. www.wonderslist.com
11. www.softschools.com
12. www.weird-facts.org




بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

# والی عەلی

- کتێبنوس و وەرگێڕی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی و ڕۆژنامەنوس و ڕەخنەگری زمانەوانی و ریکلامسازو بلۆگەر.
- ساڵی چاپ (لەدایکبون): 1978
- شوێنی لەدایکبون و دانیشتن و خەوتنیش: سلێمانی
- نوسەری کتێبی "هیلاری کلینتۆن.. چیرۆکی گەیشتن بە لوتکەی شاژنێکی سەرکردە".
- وەرگێڕی کتێبی "کۆندی.. چیرۆکی سەرکەوتنی کۆندۆلیزا رایس".
- وەرگێڕی کتێبی "ڕەوشت"ی د.عەلی وەردی.
- نوسەری کتێبی ئینگلیزینامەی والی کە تایبەتە بە فێربونی ئینگلیزی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرو رستەی دوزمانەوە.
- نوسەری کتێبی عەرەبینامەی والی کە تایبەتە بە فێربونی عەرەبی بە شێوەیەکی جیاوازو ناباوو لەڕێگەی شیعرو رستەی دوزمانەوە.
- وەرگێڕانی هەزاران ماددەی ڕۆژنامەوانی لەئینگلیزی و عەرەبییەوە بۆ کوردی.
- ئیمەیڵ: walikurdistan@gmail.com

فایبەرو وەتسئەپ:

07701393984



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ فایبەری نوسەر 07701393984

## بۆ سودمەندبونی زیاتر لەبابەتە زمانەوانی و مەعریفەوانییەکانم:

### ئینستاگرام

@WALI203203

### یوتیوب

Wali Ali

@wali999



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

# تیکتۆک

# تیکتۆک2

بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ڕیکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

# تێلیگرام

@WALI456

# سناپچات

Wali Ali

wali2050



بۆ کرینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984

## فەیسبوك

## فەیسبوك2



بۆ کڕینی تازەترین چاپی PDFی ئەم کتێبەو ریکلامکردن لەسەر چاپی فریی داهاتوو، نامەبنێرە بۆ ڤایبەری نوسەر 07701393984